# با پرد دروست کەین نەک دیوار

# با پرد دروست کەین نەک دیوار

□

نووسین: ئێنڤێر دیولیمان ـ لیلیان یورت
وەرگێڕان: ئیبراهیم ساڵحڕاد

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی کتێبی تیشک
٢٠٢٠ی زایینی

# با پرد دروست کەین نەک دیوار


نووسین:
**ئێنڤێر دیولیمان ـ لیلیان یورت**

وەرگێڕان:
**ئیبراهیم ساڵحڕاد**

دیزاین:
**ڕێبوار**

**١٠٠٠ بەرگ**

**لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی کتێبی «تیشک»**
**ژمارە (٣)**

دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
www.govartishk.com



سەرجەم مافەکانی ئەم بەرهەمە بۆ گۆڤاری تیشک پارێزراوە.

"Published in agreement with (c) Humanist forlag 2020. All rights reserved"


Adresse: Humanist forlag AS, Postboks 9076 Grønland, 0133 Oslo, Norway

## پێڕست

پێشەکیی نووسەرەکانی کتێبەکە بۆ چاپی کوردی.......... ١٥
پێشەکیی وەرگێر.......... ١٧
پێشەکی.......... ٢١
بەشی یەکەم
فێرکردن- راهێنان لەسەر مافەکانی مرۆڤ، تیگەیشتنی فرەکولتووری و چۆنیەتیی بەڕێوەبردن و چارەسەر کردنی کێشەکان.......... ٢٥
زانستێک کە لە حاڵی گەشەو پەرەسەندن دایە.......... ٢٩
چەند وتەیەکی گرنگ.......... ٣١
بەشی دووهەم
چەند ڕوانگەیەکی پەروەردەیی و پێداگۆگیک.......... ٣٥
چۆنیەتیی راهێنانەکان لە باری رێکخستنو پراکتیکەوە.......... ٣٨
تەمەن.......... ٣٩
گروپ.......... ٣٩
کات.......... ٣٩
چ پێویستە؟.......... ٣٩
پیادە کردنی راهێنانەکان.......... ٤٠

باس‌و لێدوان................................................................................................ ٤٠
چ فێر بووین‌و چۆنی بەکار دێنین؟...................................................................... ٤١
ڕۆڵی مامۆستا................................................................................................ ٤١
لێوەشاوەیی دەرس وتنەوە.................................................................................. ٤١
دەرس گوتنەوە بە شێوەی تیمی ........................................................................ ٤٣
ژینگەی فێربوون.............................................................................................. ٤٣
ڕاهێنانی زۆر و جۆراوجۆر.................................................................................. ٤٤
ژووری کۆرسەکە.............................................................................................. ٤٦
کاری گرووپی................................................................................................. ٤٦
وانەوتنەوە .................................................................................................... ٤٧
پلینۆم......................................................................................................... ٤٩
کاتێک کێشەمان بۆ دروست دەبێ .................................................................... ٥٣
هەندێک ڕێنوێنی بۆ مامۆستا............................................................................ ٥٤
لەمەڕ هەڵبژاردنی ڕاهێنانەکان .......................................................................... ٥٤
پۆلەکە / ژوورەکە............................................................................................ ٥٤
کاری گروپی.................................................................................................. ٥٤
دەرس‌وتنەوە ................................................................................................... ٥٥
سەبارەت بە پلێنۆم......................................................................................... ٥٥

**بەشی سێهەم**

هەندێک مەشق‌و ڕاهێنانی تایبەت بۆ زاخاوی مێشک، پێدانی وزەی ئەرێنی‌و دابینکردنی ئاسایش‌و متمانەو گەشبینی لەنێو بەشدارانی کۆرسەکەدا................................................ ٥٧
یەکترناسین................................................................................................... ٥٧
ناو و تۆپ .................................................................................................... ٥٨
ناوی خۆ وتن‌و جووڵە لەخۆ نیشان دان ............................................................. ٥٨
ناوهێنانی یەکتر ............................................................................................. ٥٩
جێگایەکی گرینگ ........................................................................................... ٥٩
وڵاتی من..................................................................................................... ٦٠
چاوەڕوانیەکان‌و یاساو ڕێوشوێنەکانی پێکەوە بوون ................................................ ٦٠
چ چاوەڕوانیەکمان هەیە؟ ............................................................................... ٦٠
ڕێوشوێنەکانی پێکەوە بوون ............................................................................. ٦١

دابەشبوون بەسەر چەند گروپدا ........................................................ ٦٢
چەنــد ڕاهێنانو چالاکی دیکە بۆ قســەو بــاس پێکەوە کردنو هاندانی قوتابیان تا بتوانن لەســەر بابەتەکان پێکەوە وتوویژ بکەن.................................................. ٦٤
یادداشتەکانی ڕۆژانە.................................................. ٦٤
ڕۆژنامەی دیواری.................................................. ٦٤
قاوەخانەی دیالۆگ.................................................. ٦٤
پڕکردنەوەو شارژ کردنەوەی باتری.................................................. ٦٦
سڵاو لێک کردن.................................................. ٦٦
شەست خولەک بەرانبەرە لەگەڵ یەک کاتژمێر.................................................. ٦٨
جێگای تایبەت لە نێو ڕیزدا.................................................. ٦٩
با هەڵی کردوە.................................................. ٦٩
دەست لە شانی یەکتر دان.................................................. ٧٠
خانوو، ماڵ یان بوومەلەزرە.................................................. ٧٠
دایکو منداڵ، فیلو دارخورما.................................................. ٧١
فیگوری دایکو منداڵ.................................................. ٧٢
فیگوری فیل.................................................. ٧٢
دارخورما.................................................. ٧٢
ڕاهێنانی فیگورەکان.................................................. ٧٢
دەست لە ئەرزدان.................................................. ٧٣
نابینا.................................................. ٧٤
دانسو موزیک.................................................. ٧٤
ماشێنێکی ئینسانی.................................................. ٧٥

## بەشی چوارەم

مافەکانی مرۆڤ.................................................. ٧٧
بنچینە ئیتیکییەکانی مافەکانی مرۆڤ.................................................. ٨١
کورتەیەک لە مێژووی مافەکانی مرۆڤ.................................................. ٨٢
ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانو مافە جیهانیو نێونەتەوەییەکانی مرۆڤ.................................................. ٨٥
پەسند کرانی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ.................................................. ٨٩
چ مافێک؟.................................................. ٨٩
بەڵگەنامەکان و ئەرکەکانی دەوڵەت.................................................. ٩١

چۆنیەتیی پاراستن و پارێزگاری کردن لە ماف و ئازادی‌یەکانی مرۆڤ........................................ ۹۴
پاراستن و پارێزگاری کردن لە ماف و ئازادی‌یەکان لە ئاستی نیشتیمانی ونەتەوەیی‌دا ............. ۹۴
کۆمەڵگای مەدەنی............................................................................................................. ۹۹
میدیاکان......................................................................................................................... ۱۰۱
بازرگانی و کار و کاسبی...................................................................................................... ۱۰۲
ئەرکی تاکەکەس سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ ........................................................................ ۱۰۴
پاراستنی نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ................................................................................... ۱۰۶
سیستەمی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان .............................................................................. ۱۰۷
میکانیزمە قانوونی‌یەکان.................................................................................................... ۱۰۷
زەخت و گوشاری سیاسی ................................................................................................ ۱۰۹
کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ....................................................................... ۱۱۰
ئەنجوومەنی ئاسایش.......................................................................................................... ۱۱۰
شووڕای مافەکانی مرۆڤ..................................................................................................... ۱۱۱
ئامرازو میکانیزمەکانی دیکە.................................................................................................. ۱۱۳
کەندو کۆسپەکانی سەر ڕێ................................................................................................. ۱۱۴
سیستەمە ناوچەیی‌یەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ................................................................ ۱۱۵
دادگای نێونەتەوەیی سزادان (ICC)...................................................................................... ۱۱۷
رێکخراوە غەیرەدەوڵەتی‌یەکان............................................................................................... ۱۱۸
دەستتێوەردانی ئینسانی لە کاروباری نێوخۆی وڵاتان‌دا........................................................... ۱۱۸
مافەکانی مرۆڤ لە گەشە سەندنو چوونە پێش دان.................................................................. ۱۲۰
گرینگترینی ئەو خاڵانەی پێویستە بۆ دەرس وتنەوە لەسەر مافەکانی مرۆڤ لەبەرچاو
بگیردرێن.......................................................................................................................... ۱۲۳
مەشقو ڕاهێنانەکانی پێوەندیدار بە فێربوونی مافەکانی مرۆڤەوە.............................................. ۱۲۷
بایەخی ئینسانی/جیهانی بوون و نێونەتەوەیی بوونی مافەکانی مرۆڤ ....................................... ۱۲۷
پێداویستی‌یە سەرەتایی‌یەکانمان/ناساندنی مافەکانی مرۆڤ ...................................................... ۱۳۴
هەسارەیەکی تازە/ناساندنی مافەکانی مرۆڤ............................................................................ ۱۳۸
دۆزینەوەی داوەکان/عەداڵەت و بێ عەداڵەتی ........................................................................ ۱۴۴
با زۆرتر سەبارەت بە عەداڵەت بدوێین/بناخەی مافەکانی مرۆڤ بریتیە لە عەداڵەت ................. ۱۴۵
زانیاری‌یەکانی پێشوومان سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ/ناساندنی مافەکانی مرۆڤ...................... ۱۴۸
کام لە مافو ئازادی‌یەکان پێشێل کراوە؟/مافو ئازادی‌یە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ........................ ۱۵۱

پانتۆمیم لەسەر مافەکانی مرۆڤ/ماف و ئازادیەکانی ........................................................................ ١٥٢

خوێندنەوەی ڕۆژنامەکان بە چاویلکەی مافەکانی مرۆڤ/ئاشـــنا بوونی زۆرترو باشتر لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ.................................................................................................................................. ١٥٤

مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتی مندا/مێژووی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتی مندا ................................ ١٥٦

ئەرکی سەر شانی دەوڵەتە/چۆن پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافی مرۆڤ، ئاڵوگۆڕ لە دەوڵەتەکاندا پێک دێنن؟ ................................................................................................................. ١٦٤

پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە ئاستی میللی یان دەوڵەتدا.................................................... ١٦٥

دەوڵـــەتو ئەکتەرەکانی دیکەی چالاک لەو بوارەدا/چـــۆن ئەکتەرە نەتەوەیی‌یەکان مافەکانی مرۆڤ بەڕێوە دەبەن؟ ................................................................................................................. ١٦٥

بە تەنیا لە بەرامبەر دەوڵەتدا/سەبارەت بە دادگای ئوروپا بۆ مافەکانی مرۆڤ.......................... ١٦٩

شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی وەزعی مافەکانی مرۆڤ/مافە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ........................ ١٧٢

کێبەرکێی ڕێبوس لەسەر ئازدی بەیان/ئازادی بەیان ......................................................... ١٧٤

ئازادیی بەیان چی‌یە؟/ئازادی بەیان................................................................................. ١٧٧

دێو بێتە بەر تاوێ لێک هەڵدەوەشێ/ئازادی بەیان.......................................................... ١٨٢

ئایا دەبێ ئیزنی ئەوە بدرێ کە هەرچی بمانەوێ/سنوورەکانی ئازادیی بەیانو دەربڕین............. ١٨٥

منیش دەمەوێ لە بڕیاردانda بەشدار بم/بەشداری لە پرۆسەی سیاسی‌دا.............................. ١٨٨

کۆمەڵگای مەدەنی/کۆمەڵگای مەدەنی............................................................................ ١٩١

کۆڕو کۆمەڵو ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان/کۆڕو کۆمەڵو ڕێکخراوە جۆراجۆرەکانی داکۆکی‌کار لە مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ ................................................................................................. ١٩٦

تێکۆشـــەری ڕێگای مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ/چالاکانو تێکۆشەرانی ڕێگای دابین کردنی مافەکانی مرۆڤ.................................................................................................................................. ١٩٩

مافەکانی منداڵان/مافەکانی منداڵان............................................................................... ٢٠١

خۆزگە توانیبام لەو بارەوە لەگەڵ کەســـێک قســـەو دەردی دڵم کردبا/پاراستنی منداڵ لە بەرامبەر توندوتیژیو ملهوڕی‌دا............................................................................................... ٢٠٥

مافەکانی ژنان/مافەکانی ژنان........................................................................................ ٢١١

ژنو پیاو/یەکسانی و بەرانبەریی ژن و پیاو......................................................................... ٢١٤

جێندەر/زانیاری وەدەست هێنان سەبارەت بە جێندەر......................................................... ٢١٦

ژیانی تایبەتیو خسووسی/مافەکانی ژنان ......................................................................... ٢٢٠

مافی هێمۆفیلییەکان/مافەکانی هێمۆفیلییەکان ................................................................. ٢٢٦

ڕێگام دەدەن بێمە ژوور؟/مافی ئاوارەو پەنابەران................................................................ ٢٢٨

کاتێک ئایین‌و داب‌و نەریتەکان لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ دەکەونە نادەبایی/پەیوەندیی نێوان مافەکانی مرۆڤ، دین‌و کولتوورو فەرهەنگ ........ ٢٣٥
دەربارەی بەجیهانی بوون/بەجیهانی بوون و گلۆباڵیزاسیۆن ........ ٢٣٨
دنیا لە گوندێکی بچکۆڵەدا/مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکان ........ ٢٤٢
دەستوێڕاگەیشتن بە دەواو دەرمان/تەندروستی، بەجیهانی بوون‌و جیاوازیدانان‌و هەڵاواردن، قەزاوەتی بێجێ‌و پێشوەخت ........ ٢٤٧
ئاشنایەتی لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان/ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ........ ٢٥٤
شەڕی عادڵانە/مافەکانی مرۆڤ، شەڕ، دەست‌تێوەردانی ئینسانی ........ ٢٥٨
تێرمۆمێتری مافەکانی مرۆڤ لە قوتابخانەکاماندا/مافەکانی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەماندا ........ ٢٦٤

**بەشی پێنجەم**

لێک تێگەیشتنی فرەفەرهەنگی و کولتووری ........ ٢٦٩
مەبەست لە تێگەیشتنی فرەکولتووری چیە؟ ........ ٢٧١
کۆمەڵگای فرەکولتووری ........ ٢٧١
کولتوور ........ ٢٧٤
دینامیکی بوونی کولتوور ........ ٢٧٧
ناسنامەو شوناس و چۆنیەتیی دروست بوونی ........ ٢٧٨
ناسنامەو ژینگەی کۆمەڵایەتی ........ ٢٨١
ئاوارەکان‌و چۆنیەتیی دروست بوونی ناسنامە ........ ٢٨٣
گەشەو پەرەئەستاندن لە کۆمەڵگایەکی فرەکولتووریدا ........ ٢٨٥
پێکگەیشتنی کولتوورەکان ........ ٢٨٥
ئیتنۆسێنتریزم‌و نیسبیەتی فەرهەنگی‌و کولتووری ........ ٢٨٧
وێکچوونە کولتووری‌یەکان ........ ٢٩٠
جیاوازی‌یە کولتووری‌یەکان‌و ئاکامەکانیان ........ ٢٩١
کۆمەڵگایەکی دەوڵەمەندتر ........ ٢٩٣
کاتێک کولتوورەکان لە بەرامبەریەک دەوەستنەوە ........ ٢٩٤
کۆمەڵگای مۆدێرن‌و کۆمەڵگای سوننەتی ........ ٢٩٥
ڕێزگرتن لە جیاوازی‌یەکان ........ ٢٩٩
داب‌ونەریتە کولتووری‌و ئایینی‌یەکان‌و پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ ........ ٣٠١
قەزاوەتی پێشوەخت‌و بیرکردنەوەی کلێشەیی ........ ٣٠٦
ئێمەو ئەوان ........ ٣٠٨

جیاوازیدانان ........................................................ ٣١٠
ئاوێته بوون.......................................................... ٣١٢
کاتێک فرەکولتووری دەبێته پێشهاتێکی حاشاهەڵنەگر ........................ ٣١٦
ئەو خاڵانەی کە لە کاتی وانە گوتنەوە لەســەر بابەتی فرەکولتووری و تێگەیشــتنی فرەفەرهەنگیدا پێویستە پشتگوێ نەخرێن.................................................. ٣١٧
ڕاهێنانەکانی بەشی پێنجەم.............................................. ٣٢١
تێگەیشتنی فرەکولتووری ................................................ ٣٢١
کۆمەڵگای فرەکولتووری/کۆمەڵگای فرەکولتووری .............................. ٣٢١
نۆرویژ وەک کۆمەڵگایەکی فرەکولتووری/کۆمەڵگای فرەکولتووری نۆرویژ............. ٣٢٣
کولتوور چی‌یە؟/کولتوور چیە، فرەکولتووری چیە ................................ ٣٢٦
تۆ زۆر گەورەو بەنرخی/ناسنامەو شوناس ...................................... ٣٢٩
شوناس ............................................................... ٣٣١
ناسنامە/نیشــاندانی ئەو ڕاستی‌یەی کە گەلێک فاکتۆر پێکەوە لە دروست کردنی ناسنامەی مرۆڤدا ڕۆڵ دەگێڕن .............................................................. ٣٣١
وێکچوون یا وێکنەچوون/وێکچوونەکان‌و جیاوازی‌یەکان.............................. ٣٣٤
بایەخەکان/نرخو بایەخەکان.............................................. ٣٣٦
من دەتوانم هەڵبژێرم/ناسنامەو ئازایەتی.................................... ٣٤٠
دیالۆگ/دیالۆگ، بەڵگەهێنانەوەو چۆنیەتیی دروست کردنی مانا...................... ٣٤٥
هەڵوێست گرتن/هەڵوێست گرتن............................................ ٣٥٠
پرسیارو وەڵام سەبارەت بە کۆمەڵگای سونەتی‌و کۆمەڵگای مۆدێرن/ئاشنا بوون لەگەڵ جیاوازی‌یەکانی نێوان کۆمەڵگای سونەتی‌و کۆمەڵگای مۆدێرن .................................. ٣٥٣
ئەم یا ئەو یا هەر دووکیانسەبارەت بە دووکولتووری بوون ............................ ٣٥٦
لاوانی ئاوارەو پەرنابەر/ناسنامەو کولتوور، جیاوازی‌یە کولتووری‌یەکان.................. ٣٥٨
وەزعی تایبەتی کچانی ســەر بە بنەماڵە موهاجیرو ئاوارەو پەنابەرەکان/شارەزابوون لەگەڵ ئەوەی کە پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ لەژێر هەر بیانوویەکە دابێ، قبووڵ ناکرێ......................... ٣٦١
من هەڵگری کولتوورم/کولتوورو ناسنامە.......................................... ٣٦٤
ئاوارەکان/پەنابەران‌و ئەو منداڵانەی بەتەنیا لە ئاوارەیی‌دا دەژین .......................... ٣٦٦
بە هۆی ئاوارەیی‌یەوە چی لەدەست دەدەین/ئاشنا بوون لەگەڵ گیروگرفتەکانی ئاوارەیی ......... ٣٧٠
سەردانی کەمپێکی پەنابەران/ئاشنا بوون لەگەڵ پەنابەران‌و گیروگرفتەکانیان...................... ٣٧٢
بارنگە/ئاخافتنێکی جیا لە هی خۆمان.............................................. ٣٧٧

من بەرپرسایەتی وەئەستۆ دەگرم/لاوانی ئاوارەو گیروگرفتەکانیان ............................................ ٣٨٠
ئیدۆلی من/ڕۆڵی ئیدۆل و قارەمان لە ژیانی مرۆڤەکاندا................................................................ ٣٨٤
کاریگەریی ڕاگەیەنەگشتییەکان لەسەر ڕەفتارو هەڵسوکەوتی خەڵک/ڕۆڵی مێدیاکان لە دروست کردنی بیرکردنەوەی چەندپاتەکراو و بڕیاردانی بێجێو پێشوەخت لە نێوخەڵکدا .......................... ٣٨٧
گوێگرتن لە بەسەرهاتی خەڵکانی تر/تێگەیشتن لە کەسانی دیکەو هاودەردی نیشان دان لەگەڵیان.......................................................................................................................... ٣٩١
چۆن لە کولتوورەکانی تر تێدەگەین؟/کولتوور رێلەتیفیزمو ئیتنۆسێنتریزم ................................... ٣٩٤
ئەستێرە دەبێتە هەڤاڵی ئەستێرە/دروست بوونی گروپ ........................................................... ٣٩٦
یەکەم خوێندنەوە (خوێندنەوەیەکی سەرپێیی)/تەعەسوب و دەمارگرژی، بڕیاردانی پێشوەخت........................................................................................................................ ٣٩٨
بیرکردنەوە کلێشەیییەکان یا ئەو وێنانەی لە زەینمان دان/بڕیاری پێشوەخت و بێجێ، بیرکردنەوە و وێنە چەندپاتەکراوەکان.................................................................................................. ٤٠٠
خالید و بیۆرن/قەزاوەتی بێجێ، دەمارگرژی، تەعەسووب، بیرکردنەوەی کلێشەیی......................... ٤٠٥
ئێمەو ئەوان/دروست کردنی گروپ، سەر بە گروپ بوون، ژیان لە نێو گروپدا. ئێمەو ئەوان، خۆمانو ئەوانی تر........................................................................................................................ ٤٠٧
جیاوازیدانانو هەڵاواردن/جیاوازیدانان ................................................................................. ٤١٠
یاسای جۆراوجۆر/زۆرایەتی و کەمایەتی ............................................................................... ٤١٣
تێگەیشتنی شتەکان/جیاوازیدانانو هەڵاواردن......................................................................... ٤١٦
ناوی ئەو کەسانە بزانین کە بۆ نانخواردنی ئێوارە بانگهێشتن کراون/جیاوازیدانانو بڵاوکردنەوەی بیرۆکە کلیشەییەکان........................................................................................................... ٤١٨
پێگەی کۆمەڵایەتی/پێگەی کۆمەڵایەتی ............................................................................... ٤٢٢
وێکهەڵکردن/وێکهەڵکردن .................................................................................................... ٤٢٥
جیاوازیەکان تا کوێ دەکرێ تەحەممول بکرێن؟ .................................................................. ٤٢٨
سنووری تۆلێرانسە لە کوێ تەواو دەبێ؟/تۆلێرانسەو سنوورەکانی، تا کوێ جیاوازی تەحەممول دەکرێ؟ ......................................................................................................................... ٤٢٨
ئێمە بەیاننامەی تایبەتی خۆمان بۆ لێک تێگەیشتنی فرەکولتووری ئامادەو پەسند دەکەین/ لێکتێگەیشتنی فرەکولتووری.................................................................................................... ٤٣١

## بەشی شەشەم

کێشەو ئیدارەی کێشەکان ..................................................................................................... ٤٣٣
کێشە چیە؟........................................................................................................................... ٤٣٥

ئایا کێشەکان تەنیا هەر لایەنی نەرێنییان هەیە؟................................................................ ٤٣٨
لایەنی ئەرێنیی کێشەکان.................................................................................. ٤٣٩
دەتوانین هەڵبژێرین.......................................................................................... ٤٤٢
قۆناخەکانی پەرەسەندنی کێشەکان ...................................................................... ٤٤٣
گفتوگۆ یان پێکەوە قسەکردن.............................................................................. ٤٤٦
بایەخو گرنگیی هەستەکان................................................................................... ٤٥١
چۆنیەتیی مامەڵەو هەڵسوکەوت لەگەڵ کێشەکان...................................................... ٤٥٢
کێشەو پەلامار.................................................................................................... ٤٥٧
لەبڕی هەڵاتن، بەرپرسایەتی وەئەستۆ بگرە ............................................................... ٤٥٩
ئەو خاڵانەی پێویســـتە لە کاتی دەرس گوتنەوە سەبارەت بە چۆنیەتیی مامەڵەو هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ کێشەکاندا، لەسەریان بدوێین بریتیین ................................................... ٤٥٩
ڕاهێنانەکانی پێوەندیدار بە چۆنیەتیی مامەڵەو ئیدارە و هەڵسوکەت کردن لەگەڵ کێشەکان‌دا ٤٦٣
کێشەکان بەشێکن لە ژیانی واقعیی رۆژانەمان/کێشە چیەو واتەی کێشە چ مانایەکی هەیە؟.... ٤٦٣
ئایا کێشەکان تەنیا هەر لایەنی نەرێنی‌یان هەیە؟/کێشەکان ........................................ ٤٦٦
درەختی کێشە/باسێکی کورت بۆ تێگەیشتن لە کێشەکان............................................ ٤٦٩
کێشەو پەلامار/کێشەوپەلامار............................................................................. ٤٧٢
گوێگرتن/کۆمیونیکاشیۆن‌و قسە کردن پێکەوە.......................................................... ٤٧٦
کۆمیۆنیکایشیۆنی دوو لایەنە/دیالۆگ.................................................................... ٤٧٩
دروســـت کردنی شتێک بەیەکەوە/کۆمیۆنیکاسیۆن‌و قســـەو گفتوگۆ لە نێو گروپ دا، لە نێو کۆمەڵە خەڵکێکدا.................................................................................................. ٤٨١
کورسیەکان/هاوکاری ........................................................................................ ٤٨٤
ئاڵاسوورەکان/قسە کردن لەسەر ئەوە کە چۆن دژکردەوە لە خۆمان نیشان دەدەین.............. ٤٨٨
چوار قۆناخەکانی ڕقهەستان‌و تورە بوون/قسە کردن لەسەر چۆنیەتیی نیشاندانی دژکردەوەو هەست‌و سۆزی خۆمان..................................................................................................... ٤٩٠
سەبارەت بە توورەبوون/قسەکردن لەسەر هەست وسۆز و چۆنیەتی توورەبوونمان.............. ٤٩٣
پەلامارو خۆلالیدان/ئاشنا بوون لەگەڵ هەست‌و سۆزو دژکردەوەکانمان .......................... ٤٩٥
تکنیک‌و هونەری وتوویژ کردن‌و بدەوبســـتان/چۆن بە شـــێوەیەکی شـــیاو پێداویستییەکانی خۆمان دابین بکەین؟............................................................................................... ٥٠١
دژکردەوەی زنجیرەیی/چۆن کێشەکان گەورە دەبن...................................................... ٥٠٤
پێچەڵاوپێچی گەشە کردنی کێشەکان/ئیدارەی کێشەکان.............................................. ٥٠٧

ئێمە دەتوانین هەڵبژێرین/چۆنیەتیی ئیدارە کردنی کێشەکان ........................................ ٥١٠
یەک هەلومەرج - سێ ئاڵترناتیف/چۆنیەتیی ئیدارەکردنی کێشەکان.............................. ٥١٢
قۆناخەکانی ئیدارەکانی کێشەکان/ئیدارەی کێشەکان ........................................ ٥١٤

**بەشی حەوتەم**

تیئاتر لە وانە وتنەوەدا.................................................................................. ٥٢١
ئۆگۆستۆبۆڵو تیئاتری چەوساوەکان.................................................................. ٥٢٤

**بەشی هەشتەم**

ئاکتڤیزم یان ئەنجام دانی چالاکیی جۆراوجۆر بۆ پارێزگاری لە ماف و ئازادیەکانی مرۆڤ........ ٥٢٧
زانیاری سەبارەت بە کێشەکە............................................................................ ٥٢٨
لێکۆڵینەوە بە شێوەی پرسیار کردن.................................................................. ٥٢٩
نامە نووسین ................................................................................................ ٥٣٠
وتار نووسین بۆ رۆژنامەکان............................................................................ ٥٣٠
بەشداری کردن لە باسو لێدوان لەسەر کێشەو مەسەلە جۆراوجۆرەکان ............................ ٥٣١
خۆپێشاندان................................................................................................ ٥٣١
یارمەتیدانی گروپو دەستەو تاقمە لاوازو کەم دەسەڵاتو بێدەسەڵاتەکان ........................ ٥٣٢
پشتیوانی کردن لەو رێکخراوە جۆراوجۆرانەی کار بۆ مافەکانی مرۆڤ دەکەن .................. ٥٣٢
دامەزراندنی رێکخراو یان وەرێخستنی پرۆژەیەکی تایبەت بە خۆت.............................. ٥٣٣

**بەشی نۆهەم**

هەڵسەنگاندنی پرۆژەکە ................................................................................ ٥٣٧
هەڵسەنگاندنی زارەکی بە شێوەی پلینۆم.......................................................... ٥٣٩
هەڵسەنگاندنی کۆرسەکە بە نووسراوە.............................................................. ٥٣٩

**پاشکۆکان**

بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ ............................................................... ٥٤١
کۆنڤانسیۆنی مافەکانی منداڵ........................................................................ ٥٤٨
سەرچاوەکان ................................................................................................ ٥٥١

## پێشەکیی نووسەرەکانی کتێبەکە بۆ چاپی کوردی

ئێستا کە کتێبی "با پرد دروست کەین نەک دیوار" بە کوردییش بڵاودەبێتەوە و دەست دەکەوێ، کارێکی باش و جێگای خۆشحاڵییە. بەو بۆنەیەوە سپاسی ئیبراهیم ساڵح راد، عەبدوڵڵا حیجاب، عەلی لالە و ناسر موڕادی و دەزگای کتێبی گۆڤاری تیشک دەکەین، کە زەحمەت و ماندووبونێکی زۆریان دەگەڵ وەرگێڕان و ئامادە کردنی کتێبەکە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی بە زمانی کوردی کێشاوە. زۆر سپاس!

کتێبی "با پرد دروست کەین نەک دیوار" نیشانی داوە کە کتێبێکی زۆر بەکەڵک و پڕبایەخە. ئەو کتێبە لە ئاستی نێونەتەوەییدا ئیعتیبار و ناوبانگێکی زۆری وەدەست هێناوە و تا ئێستا بۆ سەر گەلێک زمانی دیکە وەرگێڕدراوە. ژمارەیەکی زۆر لە پەیمانگا و زانکۆکان لە نۆرویژ، "با پرد دروست کەین نەک دیوار"، وەک بەشێک لە مەنهەج و بابەتەکانی خوێندن بەکار دەبەن و ژمارەیەکی زۆریش لە مامۆستایان و چالاکانی دیکەی بواری مافەکانی مرۆڤ، بە شێوەیەکی زیندوو و ڕۆژانە لە کار و تێکۆشانیاندا، کەڵکی لێ وەردەگرن.

ئێمە لەو بڕوایەداین کە گرنگترین هۆکار بۆ سەرکەوتنی کتێبەکە، بریتیە لەو ڕاستییە کە ئەو کتێبە هەوڵ دەدا گرنگترینی ئەو نرخ و بایەخانە پەرە پێ بدا کە ئیدی ئەمڕۆ بە ڕاستی پتر لە هەرکاتێکی دیکە پێویستیمان پێیان هەیە. ئاخر ئێستا زیاتر لە هەر وەختێکی تر، ئەوە گرنگە کە منداڵان و لاوان بڕوا بەوە بێنن کە دەکرێ کۆماڵگاکانمان بە شێوەیەکی باش پەرە پێ بدەین. بۆیە زۆر گرنگە کە ئامرازی ئەوتۆیان بخەینە بەر دەست کە بتوانن لە ڕێگای ئەوانەوە پردان لە نێوان

ئینسانەکاندا دروست کەن و ئەو دیوارانەش بڕوخێنن کە ئەوان لێک جیا دەکەنەوە.

بۆ هەموو ئەو کەسـانەی کە کتێبەکە دەخوێننەوە و بـە تایبەتی بۆ ئەوانەی کە وەک کتێبی دەرسی لە بواری پەروەردە و فێرکردندا بەکاری دێنن، داوای سەرکەتن دەکەین.

Enver Djuliman

Lillian Hjorth

ژولای ۲۰۲۰

## پێشەکیی وەرگێڕ

لەنێوان ساڵەکانی ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٤ی زایینیدا، لە پڕۆژەیەکی هاوبەشی نێوان وەزارەتی دەرەوەی نۆرویژ، ئیدارەی کاروباری پەنابەران و ڕێکخراوی نۆرویژی هێلسنکی بۆ مافەکانی مرۆڤ، وەک وەرگێڕ واتە دیلمانج کارم دەکرد.

ئەودەم خەڵکێکی زۆر لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە وەک پەنابەر روویان دەکردە نۆرویژ و کەمپەکان هەر جمەیان دەهات. هیچ کۆنە ساختمانێک نەمابوو نەکرێتە کەمپ، بەو حاڵەش هەر جێگا نەبوو.

مەبەست لەو پرۆژەیە، بریتی بوو لە ئاشناکردنی ئەو پەنابەرانە بە مافەکانی مرۆڤ، پێکەوەژیانی بە ئاشتی لە کۆمەڵگایەکی دێمۆکراتیک و فرەفەرهەنگیدا و هەروەها ڕاهێنانیان لە سەر چۆنیەتیی چارەسەرکردن و ئیدارە و هێنانەخواری ئاستی کێشەکان. بە واتایەکی دیکە ئەوان کە لە ناوچە شەڕلێدراوەکانەوە هاتبوون، لە فەرهەنگیکی دوگم و پڕ لە توندوتیژی و تەعەسوب و خۆبەحەقزانی و بیر تەسکیی سیاسی و مەزهەبی و ئیدئۆلۆژیکیدا گەورەببوون، دەبوایە سەرلەنوێ ساز بکرێنەوە، پرۆگرامەکۆنەکانی نێو کامپیۆتێری زەینیان بسڕدرێنەوە و پرۆگرامی تازەیان لە جێ دامەزرێنرێ تا بۆ ژیانێکی تازە ئامادەبن.

لە کۆمۆنی هۆرداڵ نزیک گاردەمۆن واتە فرۆکەخانەی ئۆسلۆ، خاچی سووری نۆرویژ خاوەنی ناوەندێکی گەشتیارییە بۆ ئەو کەس و بنەماڵانەی توانای سەفەریان نییە و خاچی سوور بە ئیمکاناتی خۆی ئەوخەڵکە دێننە ئەو شوێنە و سەیران و چالاکیی جۆراوجۆریان بۆ ڕێکدەخەن. لەو ماوەیەدا

بەشێک لەو ناوەندە گەورە گەشتیارییە، خرابووە خزمەت ئەو پڕۆژەیە.

هەر هەفتەی کۆمەڵێک کوڕ و کچ لەولاوانەی لە کەمپەکاندا دەژیان، دەهێنرانە هۆردال و دەخرانە ژێر بەرنامەیەکی پەروەردەییی چڕوپڕ. باشترین مامۆستاکان و شارەزایانی مافەکانی مرۆڤ و دیمۆکراسی و چۆنیەتیی چارەسەرکردنی کێشەکان لە شوێنە جۆراوجۆرەکانەوە دەهاتن و دەرسیان دەگوتەوە. کاری من ئەوە بوو کە دەبوایە ڕاستەوخۆ هەرچی مامۆستا لە زاری دەهاتەدەر تەرجومەی بکەم بۆ سەر زمانی بەشدارانی کۆرسەکان یا قسە و پرسیار و تێبینیەکانی ئەوان تەرجومەبکەمەوە بۆ مامۆستاکان. بەشدارانی کۆرسەکان جاری وا بوو کوردبوون، جاری وابوو خەڵکی وڵاتانی ئێران و ئەفغانستان و جاری واش بوو خەڵکی وڵاتانی عەرەبی بوون. هەمیشە کلاسەکان تێکەڵاوێک بوون لەوانە. دەرسەکان بە شێوەی تیئاتر و پێداگۆگی موشارەکەتی دەوترانەوە. لە پێشدا مامۆستاکان کورتەیەک لە تیئوری و باس و بابەت و زاراوەکانیان پێشکەش دەکرد و دواتر ئەو تیئوری و کۆنسێپتانەیان بە شێوەی عەمەلی و بە بەشداریی قوتابییەکان نمایش دەکران و ژیانیان وەبەردەنرا. لە پێداگۆگیدا دەڵێن باشترین شێوەی فێربوون، فێرکردنە. بەڕاستی من بۆخۆم بە ئەندازەیەکی زۆر لەو کۆرسانە فێربووم. چاویلکەیەکی دیکەم بۆ تەماشاکردنی ژیان و دەوروبەر وەرگرت. ئارەزووم بوو ڕۆژێک بێت ئەو ماتریالە بە کوردییش هەبێت و ئێمەش لە پەروەردە و فێرکردنی خۆماندا بەکاری بەرین.

بەخۆشییەوە چەندساڵ دواتر بەرێوەبەرانی پڕۆژەکە هەموو ئەو ماتڕیالەیان کۆکردەوە و لە دووتوێی کتێبێکدا بە ناوی "با پرد دروست کەین نەک دیوار" بڵاویان کردەوە. کتێبەکە لە میدیاکانی نۆرویژ و ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردندا پێشوازیی گەرمی لێ کرا. هەر زوو وەرگێڕدرایە سەر بەشێکی بەرچاو لە زمانەکانی وەک ڕووسی و ئینگلیسی و سێربی و چینی و. . . . دواتر گەلێک خەڵاتی جۆرواجۆری وەرگرتن وەک خەڵاتی شورای ئوروپا و یونسکۆ.

من کە لە گەڵ نوسەرەکانی کتێبەکە شانازیی هاوکاریی چەند ساڵەم هەبوو، هەروەها لە مێژیش بوو خەوم بەوەوە دەدی ئەو ماتڕیالە بە کوردی هەبێت، دەستبەجێ بڕیارم دا بیکەمە کوردی. بەڵام بە هۆی ئەوەی کە کتێبی دیکەم لەبەر دەستا بوون بۆ وەرگێران و وەختی بەتاڵیشم نەبوو، کارەکە کەمێک دواکەوت. دیارە چەند فەسڵم هەر زوو تەرجومەکردبوون و بەرێز کاک عەلی لالە کاری لە سەرکردبوون. دواتر تەشویقی کردم کە کارەکە تەواوکەم. ساڵی ٢٠١٣ بڕیارم دابوو بۆ ساڵرۆژی شەهیدبوونی نەمر دوکتور قاسملوو تەوای کەم. بە خۆشییەوە کتێبەکە لە کاتی خۆیدا تەواو بوو. بەڵام بەداخەوە سەرەڕای هەوڵی زۆر، جێگایەک نەبوو یارمەتی بە بڵاو بوونەوەی کتێبەکە بکات.

ئەمساڵ گۆڤاری پڕ پرستیژی تیشک پڕۆژەیەکی وەرێخست بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب بە کوردی. بە خۆشییەوە هەر زوو بڵاو کردنەوەی کتێبەکەیان خستە نێو بەرنامەی کاری خۆیان. بەو بۆنەیەوە پڕبەدڵ سپاسی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری تیشک بە گشتی و بەتایبەتی برا و

هاوڕێی خۆشەویستم کاک ناسری موڕادی دەکەم بۆ زەحمەت و ماندوبونیان. هەروەها سپاسی ئەو هاوڕێیانەی ناوخۆ دەکەم کە وەک بەشێک لە هاوکارانی گۆڤاری تیشک، لەباری ڕێنوس و زمانەوانییەوە بە کتێبەکەدا چونەتەوە . سپاسی بەشی دیزاینی گۆڤار و کتێبی تیشک دەکەم لە چاپ و دیزاینی کتێبەکەدا ئەرکیان لەسەر شان بووە.

نوسەرانی کتێبەکە بریتین لە Enver Djuliman & Lillian Hjortn هەردووکیان لە بەناوبانگترین مامۆستایانی ئەو بوارەن کە کتێبەکەی بۆ ئامادە کراوە. خاتوو لیلیان ئێستا سەرۆکی ئەکادیمیی فێرکردنی مافەکانی مرۆڤە لە نۆرویژ و لە ناوەندە جۆراوجۆرەکانی پەروەردەدا لە نیوخۆ و دەرەوەی نۆرویژ، سەرپەرستیی گەلێک پرۆژەی فێرکردنی مافەکانی مرۆڤ دەکات.

کتێبەکە نۆ فەسڵە. سێ بواری مافەکانی مرۆڤ، لێک تێگەیشتنی فەرهەنگەکان و چۆنیەتیی ئیدارە و چارەسەری کێشەکان دەگرێتەخۆ. بێجگە لە باسە تیئوریکییەکان ٩٧ ڕاهێنان و مەشقیشی لەخۆ گرتووە کە مامۆستایان دەتوانن بەکاری بێنن. کتێبەکە دەتوانێ لە هەموو ئاستەکاندا، لە قوتابخانەکان، زانکۆکان، ئیدارە دەوڵەتییەکان، کلاس و دەورە جۆراوجۆراوەکانی ڕاهێنانی پۆلیس، ئەفسەرانی هێزی پێشمەرگە، کادر و پەروەردەی تەشکیلاتی و حیزبیدا کەڵکی لێ وەرگیردرێ.

شایانی باسە کە کاک عەلی لالە زەحمەتێکی زۆری لە گەڵ ساخکردنەوەی تێکستە دەستنوسەکانی من و دەسەر یەک کردنەوەیان و تایپ کردنیان کێشاوە. سپاسی دەکەم. بەڕێز کاک عەبدوڵڵا حیجاب بەرپرسایەتیی بەراوەرد کردنی دەقە کوردییەکەی کتێبەکەی لەگەڵ دەقە نۆرویژییەکە و کۆنترۆڵی کەیفیەتی وەرگێرانەکەی لە ئەستۆ بووە. زۆر سپاسی دەکەم.

ئامانجی گەورەی دوکتور قاسملوو، دێمۆکراسی بوو. جەوهەری دێمۆکراسی بریتییە لە وێک هەڵکردن و پێکەوە حەوانەوە. هەموو هەوڵی دوکتور قاسملوو ئەوەبوو کە لە نێو پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و ئێراندا پردان دروست کات. سەرەنجام لە ڕێگای ڕووخاندنی دیوارەکانی نێوان گەلی کورد و دەوڵەتی مەرکەزیدا گیانی لەدەست دا. ئەو دەیزانی ئەودیوارانە زۆر سەخت و بڵندن، بەڵام ئەوەشی دەزانی هیچ ڕێی دیکەمان نییە بێجگە لە کار و تێکۆشان بۆ ڕووخاندنی ئەو دیوارانە. بۆیە لەڕێگای دروستکردنی ئەو پردەدا ئامادەبوو هەموو خەتەرێک قەبووڵ بکات. بە بڕواوە ڕێی ئەو کارەی گرتەبەر و سەرەنجام گیانیشی لەسەر دانا. شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو، بە مانای بێ ئیعتبار بوونی ئەو بیر و فەرهەنگ و ستراتێژییە نییە، ڕاست نیشانەی ئەوەیە کە ئەو دیوارە سەخت و ئەستوورە، بەڵام هەر دەبێت تێک بشکێ و لە جێگای ئەو پرد دروست بێ. بۆیە ئەمڕۆ دوکتور قاسملوو بووەتە سەمبولی ئەو پردە کە پێویستە لە نێوان بزووتنەوەی کورد و دەوڵەتی ناوەندیدا دروست بێت.

هەر بۆیە لە سی و یەکەمین ساڵی شەهیدبوونیدا، جارێکی دیکەش وەرگێڕانی ئەم کتێبە پێشکەش دەکەم بە گیانی پاکی دوکتور قاسملووی نەمر. خۆشحاڵم کە ئێستا ئەو کتێبە لە

کوردســـتاندا بە کوردی بڵاو دەبێتەوە. کار بۆ بردنە پێشی ئیدەکانی قاسملووی نەمر، هەزاران شکڵ و شـــێوە لەخۆ دەگرن، بڵاوکردنەوەی بیری دێمۆکڕاســـی، مافەکانی مرۆڤ، پلۆڕالیزمی سیاســـی و فەرهەنگی و تۆڵێرانســـە و لە یەک قســـەدا مۆدێرنیتە و ئینلایتنمێت، یەکێک لە کاریگەرترینی ئەو ڕێگایانەیە.

ئیبڕاهیم ساڵح ڕاد (لاجانی)

ژولای ٢٠٢٠

## پێشەکی

ئەو کتێبە ئەزموونی دە ساڵ کار و دەرس وتنەوەی ئێمە لەسەر مافەکانی مرۆڤ، تێگەیشتنی فرەکولتووری و چۆنیەتیی ئیدارە و بەرێوەبردنی کێشەکانی لە پشتە. ئێمە لە ڕەوتی کارکردنمان لە کۆمیتەی نۆروێژی هێلسینگفۆرس‌دا، گەلێک پرۆگرامی خوێندن و فێربوونمان پەرەپێداون. تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە لاوان، خوێندکاران، ئاوارەکان، مامۆستایان، ڕۆژنامەنووسان و کاربەدەستانی دەوڵەتی، لە گەلێک شوێنی وەک باڵکان، ڕوسیەی سپی، ڕوسیە، وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و نۆروێژدا لە و پرۆگرامانەدا بەشدارییان کردوە و کەڵکیان لێوەگرتوون.

ئێمە چالاکانی بواری مافەکانی مرۆڤین. مافەکانی مرۆڤ ئەو نرخ و بایەخانەن کە هەموو دەوڵەتەکانی دنیا بە هی خۆیانیان دەزانن. جەوهەری مافەکانی مرۆڤ لەسەر ئەو ئەسڵە دامەزراوە کە هەموو مرۆڤەکان بایەخی ئینسانیی وەک یەکیان هەیە و کەس نابێ لەبەر ڕەنگی پێست، زمان، ڕەگەز، دین، ئیتنیسیتەت، میللیەت، سێکسلۆلیتەت، بیروباوەڕی سیاسی، ڕەنگی قژ و تایبەتمەندیی دیکەی لەو چەشنە، جیاوازی و هەڵاواردنی لەگەڵ بکرێ.

وا دێتە بەرچاو کە مافەکانی مرۆڤ، تێگەیشتنی فرەکلتووری و چارەسەری هێمنانەی کێشەکان، گرنگترینی ئەو لێوەشاوەیی و سەرچاوانە بن کە لە سەردەمی بە جیهانی بوون‌دا، مرۆڤەکان و کۆمەڵگاکان پێویستی‌یان پێیان هەیە. ئێمە لە دنیایەک‌دا دەژین کە پتر لە هەر کاتێکی دیکە پێویستیمان بە یەکتری هەیە. ئەگەر ئاشتیمان دەوێ، دەبێ هەموو پێکەوە وەدەستی بێنین. یانی ئاشتی و سوڵح و هێمنی و پەرەسەندن دەبێ هەمووان بگرێتەوە دەنا سەر ناگرێ.

لە کاتی دەرس گوتنەوە بە لاوان و مێرمنداڵان دا، زوو بۆمان دەرکەوت کە وانەوتنەوە بە شێوەی کلاسیک، واتە قسە کردن بۆ قوتابییەکان و هێنانە گۆڕی باسە تێئۆرییە سەخت و قورسەکان، مێتۆدێکی باش و سەرکەوتوو نیە. ئەگەر مەبەستمان ئەوەیە لاوەکان، قوتابییەکان، منداڵان و مێرمنداڵان، زانیاری و لێوەشاوە هەڵسوورِ بن، پێویستە لە بواری مافەکانی مرۆڤ و تێگەیشتنی فرەکولتووری و چۆنیەتیی چارەسەری کێشەکاندا زانیاری وەدەست بێنن، وا باشە مەیدانی پراکتیزە کردنی ئەو بابەتانەیان بۆ پێک بێ و بۆ خۆیان رۆڵێکی چالاک لەو پرۆگرامانەدا بگێرن کە بۆ فێر بوونی ئەو مەبەستانە ئامادە کراون. ئێمە لە رەوتی کاری خۆماندا بۆمان دەرکەوت کە ئەو شێوەیە، مێتۆدێکی سەرکەوتووە. لەو مێتۆدەدا پێداگۆگی بەشداری کردن و چالاکیی بە کردەوە، دەوری سەرەکی دەبینێ. هەر بۆیەشە ئێمە لە کردەوەدا توانیمان گەلێک مەشق و راهێنان پەرەپێبدەین کە لەواندا پێداگۆگی بەشداری کردنی بەکردەوە نێوەرۆکی پرۆگرامەکانی فێربوونە. بە درێژایی ئەو ساڵانەی کە لەو بوارەدا کارمان کردوە، ئیدە و چالاکیو رِوانگەکانی خۆمانمان کۆ کردوونەتەوە، پەرەمان پێداون و دەوڵەمەندترمان کردوون. ئێمە لە ئەزموونی خۆمان و هاوکارەکانمان لە نۆرویژ و وڵاتانی دیکەدا فێر بووین. مادده دەرسییەکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، شوڕای ئۆرووپا، رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی و زۆر رێکخراو و ئەکتەری دیکەی چالاکی ئەو مەیدانەمان کۆ کردوونەتەوە و دامانرِشتوونەتەوە و لەگەڵ بەرنامەکانی خۆماندا گونجاندوومانن.

چەند ساڵ لەمەوبەر بۆمان دەرکەوت ئێمە کە لە راستیدا خەزێنەیەکی گەورەی زانست و زانیاری و ماتریاڵی کار کردن لەسەر مافەکانی مرۆڤ و تێگەیشتنی فرەکولتووری و چۆنیەتیی چارەسەر کردنی هێمنانەی کێشەکانمان لەبەر دەست دایە کە دەکرێ خەڵک و کەسانی دیکەش کەڵکیان لێوەرگرن. ئەو راهێنانانەی لەو کتێبەدا هاتوون، دەکرێ لە هەلومەرجی جۆراوجۆردا بەکار بێن. ئەو راهێنانانە دەتوانن ببنە سەرچاوە، بۆ مامۆستایانی قوتابخانەکانی قۆناخەکانی ناوەندی و ئامادەیی کەڵکیان لێوەرگرن. لەوەش زیاتر ئەو راهێنانە دەکرێ بۆ قۆناخەکانی خوێندنی گەورەساڵان و پەروەردە کردنی رێبەرانی لاو کەڵکیان لێوەرگیرێ و لە کۆرس و خولە جۆراوجۆرەکانی پێوەندیدار بەو بابەتانەدا بەکار ببرێن.

ئەزموونی کاری ئێمە ئەوە نیشان دەدا کە ئەو شێوازە لە کار و دەرس وتنەوە، زۆر زیندووە و ئاکامی باش بەدەستەوە دەدا و جیاوازیی زۆری لەگەڵ شێوە باوەکانی وانە گوتنەوە هەیە. وەک یاسەمین یەکێک لە فێرخوازەکانی بەشدار لەو پرۆگرامانەدا دەڵێ: "ئەوە قوتابخانەیەکی تەواو جیاوازە لەو قوتابخانانەی کە من تا ئیستا دیتوومن".

بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەو کتێبە کارێکی زۆر کراوە. زۆرن ئەو کەسانەی لەو بارەوە پێویستە زۆر سوپاسیان بکەین. لە پێشدا پێویستە سوپاسی هاوکارانمان لە کۆمیتەی نۆرویژی هێلسینگفۆرسدا بکەین کە بە سەخاوەتەوە رِوانگە و بۆچوون و ئەزموونەکانی خۆیانیان لەگەڵ بەش

کردووین و بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵانەی پێکەوە کارمان کردوە لە هیچ پشتیوانی و هاوکاری و هاوپێوەندی و یارمەتی‌یەک بۆ سەرکەوتن لە کارەکانمان‌دا درێخی‌یان نەکردوە.

لە دڵەوە سوپاسی ماریا ریکلێڤ دەکەین کە ڕوانگە و ئەزموون و بۆچوونەکانی خۆی لەمەڕ باس و راهێنانەکانی پێوەندیدار بەو بەشەی کتێبەکە کە تایبەت بە چارەسەری کێشەکانە لەگەڵ بەش کردووین. هەروەها سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەین کە بە کتێبەکەدا چوونەوە و زۆر سرنج و بیروڕای بەکەڵکیان سەبارەت بە کتێبەکە و چۆنیەتیی دارشتنی بابەتەکان دا بە ئێمە. زۆر سوپاس بۆ گودن بۆڕنسن، ئێریک کلێڤن، ئینگە ئەیدسڤۆگ، ماریت هارنسن، گونار م-کارلسن، لۆڤە لێن برێنەکۆمار، کریستی لۆڤتووسنەی‌و هەروەها ئیگنەر دافواڵە.

بەو حاڵەش دەبێ بڵێین کە ئەوە نووسەرانی ئەو کتێبە ئێمەین کە لە بەرامبەر نێوەرۆک و هەموو لایەنە جۆراوجۆرەکانی کتێبەکەدا بەرپرسیارین.

ئۆسلۆ، هاوینی ۲۰۲۰



**Enver Djuliman**

Enver is in charge of human rights educationin and an expert on Western Balkans in Norwegian Helsinki committee.

Enver is an activist, author and has been worked with Norwegian Helsinki committee since 1996. After graduating from Law studies in Sarajevo, he obtained a two-year education about intercultural understanding in Oslo. He spent a semester studying human rights and democracy at Nansen School, a Norwegian Academy in Lillehammer.

Enver founded Human Rights and Peacebuilding educational programs in Norwegian Helsinki committee . He established programs in Norway, the Russian Federation, Ukraine, Belarus, the South Caucasus and the Western Balkans.

He is also the author of Building bridges and not walls and Reconciliation, signs along the road. His books have been translated to many languages. His articles on human rights and peace building have been published in Norwegian media outlets. In addition to being the person responsible for education, as of year of 2018 he is also the appointed Senior Adviser for the Western Balkans in Norwegian Helsinki committe.

https://www.nhc.no - Email: ed@nhc.no - Phone: +47 90 55 92 02



**Lillian Hjorth**

Lillian is a political scientist with more than twenty years of experience in teaching human rights, multicultural understanding and conflict management for different target groups in the Western Balkans, in Bulgaria, Russia, Belarus, USA, Burundi, India and Norway. Before she became a leader of the Human Rights Academy, she worked for ten years in the Norwegian Helsinki Committee and three years in the Ministry of Local Government and Labor. Lillian has also been worked in Bjørknes International College where she has taught international relations. She has published several books, including Build Bridges, Not Walls - 97 Exercises in Human rights, multicultural understanding and conflict management (2007) and Human rights and activism (2015). She has been a board member of the DARE network (Democracy and Human Rights Education in Europe) which consists of 48 organizations in 22 countries. She has been main board member of the Human-Ethical Association, as well as head of the international committee in Norwegian non-fiction writers and translators association(NFFO)

lillian@mr-akademiet.no - Frivillighetshuset, Kolstadgata 1, 0652 Oslo, Norway
+47 970 65 530

## (١)

# فێرکردن ــ ڕاهێنان لەسەر مافەکانی مرۆڤ، تێگەیشتنی فرەکولتووری و چۆنیەتیی بەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی کێشەکان

ڕۆژانــە دووســەدهەزار مرۆڤ دێنە دنیاوە. ئــەوان لە کاتی لەدایکبوون و هاتنە ســەر دنیایان دا، هیــچ بارگەیەکیان بە کۆڵەوە نیە. هیچ زمان، کولتوور و مۆراڵ و دین و مەزهەب و زانیاری‌یەکیان پێ نیە. لە ماوەیەکی کەمی زەمانی دا، بە جۆرێک ئاراســتە دەکرێن کە دەبنە مامۆســتا، جووتیار، پۆلیس، سیاســیکار، دایکو باوکو ڕۆڵی دیکەی لەو چەشــنە وەئەستۆ دەگرن. ئەوان لە سەرەتادا هــەر بە ئەندازەی منداڵانی دەورانی چاخی بەردین زانیاری‌یان ســەبارەت بە تیئۆریی نیســبیەت، جینۆتکنۆلۆژیو مافەکانی مرۆڤ هەیە. واتە ئەوان لە سەرەتادا وەک پەڕەیەکی سپی وان کە هیچی لێ نەنووسرابێ. ئەوان هەموو شتێک دەبێ فێر بن.

Inge Eicsvaag مامۆستاو نووسەری بەناوبانگی نۆرویژی لەو بارەوە دەڵێ مرۆڤەکان بە پێچەوانەی ئاژەڵەکانــەوە، دێنە ســەر رووی دنیا بۆ ئەوەی فێر بنو لە پرۆســەیەکی دیاریکــراودا ببنە مرۆڤ. ئاژەڵەکان بەپێی سروشتی خۆیان بە ڕۆتینێکی تایبەتدا تێدەپەڕن، بەڵام مرۆڤ دەبێ هەموو شتێک فێــر بــێو لە رەوتێکی کۆمەڵایەتیو لە نێو کۆمەڵدا پێ بگا. زیندەوەرانی تر چۆن دێنە ســەر دنیا هەر واش دەمێننەوە. ئەوان لە پێشــدا نەخشەی گەشەسەندنو چوونە پێشیان بەپێی پرۆگرامێکی دیاریکــراو دانراوە. ئەگــەر ڕووناکیو ئاو و خواردەمەنیان پێ بگا، شانســێکی زۆریان هەیە کە ببنە ئەو شــتە کە بەپێی سروشتی خۆیان، جینەکانیان بۆیان دیاری کردوون. بێچوە پشیلەیەک دەبێتە

پشـــیلەو بەرخۆڵەیەکیش دەبێتە مەڕ. بەڵام مرۆڤ کە لەدایک بوو ئەگەر لەنێو مرۆڤەکانی دیکەو لە کۆمەڵدا نەژی، نابێتە مرۆڤ. ئاخر ئەوە مرۆڤەکانی دیکەو کۆمەڵگان کە شوێن لەسەر ئێمە دادەنێن و دەمانکەن بەوە کە هەین. هەر نەوەیەک لە ئێمە دەبێ ســـەرلەنوێ فێر بێ کە ئەوە بە دەســـت خۆمانە کە بمانەوێ منداڵەکانمان چ فێر بن؟ واتە ئێمە دەتوانین ئەو زانیاریو شـــارەزایی چاپوکیو لێوەشاوەییانە دیاری بکەین کە منداڵەکانمان پێویستییان پێیان هەیە.

دەوتـــرێ کە مرۆڤی مۆدێرن لە باری تێکنۆلۆژییەوە تا رادەیەکی زۆر بەرچاو چۆتە پێش. بەڵام ئاســـتی پێشـــکەوتنی مرۆڤ لە باری ئەخلاقییەوە لە ژێر پرســـیار دایە. هەر ئەو چەرخە کە مرۆڤ بـــۆ یەکەم جار تێیدا پێی نایە ســـەر مانگ، خوێناویترین دەورانی مێژووی مرۆڤایەتیشـــە. هەرگیز لە رابردوودا ئێمە هێندەمان لە هاونەوعەکانی خۆمان بەدەســـتی خۆمان نەکوشـــتوون. کە واتە زۆر مەترســـیدارە کە مرۆڤ بتوانێ ئاوا لە باری تێکنۆلۆژیو کەڵـــک وەرگرتن لە تێکنۆلۆژییەوە بڕواتە پێش، بەڵام لە باری ئەخلاقیو ویژدانییەوە پەرە نەســـتێنێو گەشـــە نەکا. بەو پێیە لەســـەردەمی بەجیهانی بوون دا، گرنگترین شـــت ئەوەیە کە منداڵەکانمان بەجۆرێک پەروەردە کەین کە بتوانن کۆمەلگایەکی هاوسان و پڕ لە ئاشتیو تەبایی دروست کەن.

هەر بۆیە ئێمە پێمان وایە کە قوتابخانەکانو ئەو شوێنانەی دیکە کە خەڵک بەگشتیو بە تایبەتی لاوانو منداڵانو مێرمنداڵانیان تێدا پەروەردە دەکرێن، ناتوانن لە باری بایەخو نرخە ئینسانییەکانەوە، بێلایـــەن بن. بەپێچەوانەوە ئەو جـــۆرە دامودەزگایانەو هەموو ناوەندە پەروەردەییەکان پێویســـتە قورســـایی زیاتر بخەنە سەر بایەخە ئینســـانییەکانو ئاورێکی زیاتریان لێ بدەینەوە. پێویستە هەوڵ بدرێ ئەو بایەخە ئینســـانییە هاوبەشـــانە لەنێو کۆمەڵدا و لەنێو تاک بـــە تاکی مرۆڤەکاندا بەهێز بکرێـــن. چونکە تەنیا لە ڕێگای پـــەروەردە کردنی مرۆڤەکان بەو بایەخە بەرزە ئینســـانیانەوەیە کە دەتوانین کۆمەڵگەیەکی عادڵانەو ئینسانی دروست بکەین. چۆن منداڵەکانمان پێویستیان بەوەیە کە خوێندنەوەو نووسین فێر بن، هەر ئاواش پێویستییان بەوەیە کە لێوەشاوەییو زانیاریی پێویستیش وەدەســـت بخەن بۆ ئەوەی بتوانن لە پرۆسەی دێمۆکڕاسیدا بەشـــدار بنو کۆمەڵگایەکی هاوسانو پێشکەوتوو بنیات بنێن. ئەو بابەتانەی لەو کتێبەدا هاتوونەتە بەرباس، لەو جۆرە زانستو زانیارییانەن کە بۆ مەبەســـتێکی لەم جۆرە پێویســـتن. بناخەی ئەو بۆچوونەش لەســـەر ئەوە دامەزراوە کە ئێمە مرۆڤەکان هاوکووفین و ئەو شتە هاوبەشانەی لەگەڵ یەکتر هەمانن، زۆر زۆرترن لەو جیاوازییانەی کە لە نێوانماندا هەن.

بۆچی ئێمە لەسەر ئەوە ساغ بووینەتەوە کە مافەکانی مرۆڤ، تێگەیشتنی فرەکولتووریو چۆنیەتیی ئیدارە کردنو چارەسەر کردنی کێشەکان لە یەک کتێبدا بخەینە بەرباسو لێکۆڵینەوە؟ وەڵامی ئەو پرسیارە زۆر سادەو ڕوونە. هەموو ئەو بابەتانە کە لەو کتێبەدا هاتوون، بەجۆرێک تەواوکەری یەکترنو هەرکامیان لە گۆشـــەیەکەوە ئەوەمان فێر دەکەن کە چۆن ئێمە مرۆڤەکان دەتوانین کۆمەڵگایەکی

هاوسان کە لەوێدا هاوکووف بوونی مرۆڤەکانو هاووڵاتیان دەستەبەر کرابێ، دروست کەین.

مافەکانــی مرۆڤ ئەو پرەنســیپو بایەخانەن کە هاووڵاتیان، کۆمەڵو کاربەدەســتانی دەوڵەتو تاکەکان پێویستە ڕێزیان لێ بگرنو لە هەڵسوکەوتو ژیانی ڕۆژانەدا وەبەرچاویان بگرن. پاش ئەوەی کە لە ١٠ی دیســامبری ١٩٤٨دا، ڕێکخــراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤی پەســند کرد، بۆ یەکەم جار لە ئاســتی دنیادا دەوڵەتەکان لەســەر ئەو پرنسیپە ئەخلاقی‌یە بنەڕەتی‌یانە کە بۆ هەموو مرۆڤایەتی، بۆ هەموو مرۆڤەکانو بۆ هەموو ولاتەکانو نەتەوەکان هاوبەشن، ڕێککەوتــن. بەم جۆرە ئــەم نۆرمو پرنســیپە بنەڕەتیانە بوون بە گەورەترین کۆڵەکەی هاوبەشــی ئەخلاقیی نێوان هەموو مرۆڤەکانو کۆمەڵگا ئینسانی‌یەکان. جەوهەری ئەو مەسەلەیەش بریتی‌یە لە هاوکووف بوونی مرۆڤەکانو یەکسانی نێوان ئەوان، بێ وەبەرچاو گرتنی ئەوە کە ئەوان کێنو لە کوێ دادەنیشنو کام پێشینەیان هەیە. لەبەر ئەوەش کە مرۆڤەکان هەموویان هاوکووفن و لەگەڵ یەکتر بەرانبەرو یەکســانن، مافی وەک یەکیشیان هەیە. فەلسەفەی مافەکانی مرۆڤ ڕاست لەو بۆچوونەوە سەرچاوە دەگرێ.

دەوڵەتەکان لە ڕێگای ئەندام بوونیان لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان‌دا و لە ڕێگای پەســند کردنی پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافەکانی مرۆڤەوە، ئەرکی ئەوە دەخەنە سەر شانی خۆیان کە مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ، بەم جۆرە کە لە پەســند کراوە نێونەتەوەیی‌یەکان‌دا هاتوون، بۆ هەموو هاووڵاتیانی خۆیان دابینو دەستەبەر بکەن. بەم جۆرە دەتوانین بڵێین کە:

مافەکانــی مرۆڤ ئەو مافانەن کە بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵ دەبێ لەبەر چاو بگیردرێنو ئەرکی سەر شانی دەوڵەتەکانیشە کە ئەو مافو ئازادی‌یانە بۆ هەموو هاووڵاتیانو بۆ هەموو تاکەکان دابینو دەستەبەر بکەن.

مافەکانی مرۆڤ ئەرکی قەزاییو قانوونی دەخەنە ســەر شانی دەوڵەتو کاربەدەستانی دەوڵەت. بەڵام هەر لەو کاتەش‌دا ئەرکی ئەخلاقی دەخەنە ســەر شــانی ئێمە تاکەکانی نێو کۆمەڵگاش. ئەو مەبەستە لە بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان‌دا بەڕوونی ئیشارەی پێ‌کراوە. مافەکانــن ئازادی دەدەنە مرۆڤەکان بەڵام لە هەمان کاتیش‌دا بەرپرســایەتیمان دەخەنە ســەر شان. ئاخر هەر بەو جۆرە کە داوا دەکەینو چاوەڕوانیمان هەیە ڕێز لە مافو ئازادی‌یەکانمان بگیردرێ، پێویســتە ئەوەش بزانین کە ئەرکی ســەر شانمانە ریز لە مافو ئازادیی کەسانی دیکەش بگریــن. بەو پێیە مافەکانی مرۆڤ فێرمان دەکەن ڕێز لە مافو ئازادیی کەســانی دیکە بگرینو لەو ڕێگایەشەوە تۆلێرانسە و هاوپەیوەندیش لەنێو مرۆڤەکان‌دا دەخوڵقێنن.

هەموو مرۆڤەکان بە ئازادی لەدایک بوونو لە باری ئابڕووو کەرامەتو مافەکانیانەوە لەگەڵ یەک بەرابــەرن. هەموویان خاوەنی عەقڵو ویژدانو دەبێ بــە گیانێکی برایانە لەگەڵ یەکدا بجووڵێنەوە. ئەوە لە ماددەی یەکەمی ڕاگەیەنراوی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا پێداگری لەسەر کراوە .

ئــەوە کە دەڵێین مافەکانـــی مرۆڤ جیهانین بەو مانایە نیە کە نێوەرۆکیان نارِوونە. ئەو مافانە لە راســـتیدا گرنگترین نرخو بایەخە ئینسانییەکانیان لە خۆیاندا هەڵگرتووەو سنوور بۆ هەڵسوکەوتو رەفتــاری مرۆڤ دیاری دەکەن. هەر بۆیەشـــە مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ هەر چەشـــنە چەوســانەوە، جیاوازیدانـــان، هەڵاواردنو وێکهەڵنەکردنو پێکەوە نەحاوانەوەیەک، تەنانەت ئەگەر بە ناوی دینو کولتووریشەوە ئەنجام بدرێن دەکەونە دژایەتی.

جەوهەری مافەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە شـــکۆی ئینسانیی مرۆڤەکان بەهیچ جۆر نابێ بشکێنرێو بخرێنـــە ژێر پێ. هەر بۆیە رێز گرتن لەوە کە مافی ئـــەوەت هەبێ جیاواز بیو لە هەمان کاتیشدا رێزدانـــان بۆ فرەرِەنگیی و فرە کولتووریو ئینســـانی، بە دوو رووی یەک ســـکە دەژمێردرێن. هەڵە لەوەدا نیە جیاواز بی، بەڵکوو ئەوە هەڵەیە کە لە کاتی جیاواز بوونتدا، بە شێوەیەکی نا دادپەروەرانە هەڵســـوکەوتت لەگەڵ بکرێ. کە واتە دەتوانین بڵێین کە مافەکانی مرۆڤ ئەو پرنیســـپو چوارچێوە قەزاییو ئەخلاقییانەن کە بۆ هەموو کۆمەڵگا ئینسانییەکان هاوبەشن. ئەوان ئەو بایەخە مۆدێرِنانەن کە بۆ کۆمەڵگا فرەفەرهەنگیو فرەکولتوورییەکان پێویســـتن. واتە ئەو کۆمەڵگایانەی کە تا دێ پتر لە دنیای هاوچەرخدا شکڵ دەگرن. جارێ هێشتاش سنوورە ئەخلاقیو ئیتنیکییەکانی مرۆڤەکان لە چوارچێـــوەی ئەو وڵاتو دەوڵەتو دینو کولتوورانە تێنەپەرِن، کە ئەوان پێیانەوە پایبەندن. ئەوەش چ لە ئاستی وڵاتێکدا و چ لە ئاستی نێونەتەوەییدا زۆر جار دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی شەرِو ئاژاوەو کێشـــەو پەلامار. بۆیە جیهانی بوونی مافەکانی مرۆڤو بایەخە ئینسانییە هاوبەشەکان ، دەتوانن لەو چوارچێوەیەو لەو چاڵە کە تێی کەوتووین رزگارمان بکاو بناخەو چوارچێوەیەکی گشـــتی دروســـت کەن کە هەموومان پێکەوە لە نێویدا بحاوێینەوە.

قانوونو یاسا هیچ دەردێکی ئێمە چارەسەر ناکەن ئەگەر لەلایەن خەڵکەوە پەیرِەویان لێ نەکرێ. بۆیە ئەگەر دەمانەوێ فەرهەنگو کولتوورێکی زیندوو بۆ وەبەرچاو گرتنو رێز گرتنی مافەکانی مرۆڤ دروست کەین، تێگەیشتنی فرەکولتووریو زانیاری سەبارەت بە چۆنیەتیی ئیدارە کردنی کێشەکان، دەتوانن ببنە میکانیزمێکی بەکەڵکو لەو رێگایەدا یارمەتی دەرمان بن. ئاخر زانیاریی لەو چەشـــنەو چاپوکیو لێوەشاوەییەکی ئەوتۆ، توانای ئێمە بۆ بەشداری لە پرۆسەی ژیانی دێمۆکرِاتیکدا دەباتە سەر کە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگری کۆمەڵگای هاوچەرخە.

تێگەیشـــتنی فرەکولتووری، ئەو بابەتەیە کە باس لە ژیانو هەڵســـوورِانو چالاکی مرۆڤ لە نێو کۆمەڵدا دەکا و ئەو پرۆســـەیەیە کە لەسەر پێوەندییە کۆمەڵایەتییە ئینسانییەکان شوێندانەرە. ئەگـــەر فێر بین ســـەبارەت بـــەو کارو دژکردەوانە بدوێین کـــە لە ژیانی رۆژانەمـــاندا لە پێوەندی لەگەڵ کەســـانی دیکەدا بۆمان دێنە پێشو بە جۆرێک دروســـتمان دەکەن، دەتوانین باشـــیش لە کەســـانو خەڵکانی دیکە تێبگەین. ئەگەر لەوە تێبگەین کە چۆن مرۆڤەکان دەبنە گروپو دەستەو تاقمی جۆراوجۆرو کام پێوانەو رێوشـــوێن بۆ ئەو کارە بەکار دەبەن، بە ئاســـانیش لەوە دەگەین کە

چـــۆن خەڵک جیاوازی لەگەڵ یەکتر دەکەن، هەڵاواردن بـــە یەکتر ڕەوا دەبینن‌و قەزاوەتی بێجێ‌و پێشوەخت سەبارەت بە یەکتر دەکەن.

زانیاری‌و تێگەیشـــتنێکی لەو چەشـــنە، توانای ئێمە بۆ بینینی مرۆڤەکان وەک تاک، نەک وەک بەشـــێک لە کولتوورو فەرهەنگێک یا بەشـــێک لە گرووپێک دەباتە سەر. لەوەش زیاتر ئەو زانیاری‌و لێوەشاوەیی‌یە، واتە تێگەیشتنی فرەکولتووری وامان لێ‌دەکا نەرمتر بین‌و باشتر لە دیاردەو ڕووداوەکان تێبگەین و بەرامبەر خۆمان‌و کەسانی دیکەی دەوروبەرمان کراوەتر بین.

مەبەســـت لە ڕووبەـــڕوو بونەوە لەگەڵ کێشـــەکان ئەوەیە کە فێر بین بتوانیـــن ژیانی خۆمان‌و پێوەندی‌یەکانمان لەگەڵ کەســـانی دیکە لە کۆمەڵدا بەڕێـــوە بەرین. ئەو بابەتە بۆمان دەردەخا کە کێشـــە شتێکی سروشتی‌و بەشێکی جیا نەکراوە لە بوون و ژیانمانە. لەوەش زیاتر ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە کێشـــەکان دەتوانن ببنە ســـەرچاوەی چوونە پێش‌و ســـەرکەوتن‌و پەرەسەندن. ئێمە زیاتر پێمان وایە کە کێشـــەکان ئاکامـــی نەرێنیان بەدواوەیە، بەڵام ئەگەر بتوانین بە شـــێوەیەکی دروســـت‌و بەجێ لەگەڵیان ڕووبەڕووبینەوە و چارەســـەریان کەین، دەبنە سەرچاوەی چوونە پێش‌و گەشەسەندنمان چ وەک تاک‌و چ وەک کۆمەڵ. جەوهەری ئەو بابەتە ئەوەیە کە فێرمان دەکا بزانین ڕەفتارو هەڵسوکەوت‌و قسەو کردەوەکانمان چ ئاکامیان بەدواوەیە. بۆیە دەبێ بە جۆرێک ڕەفتار بکەین کە بتوانین ئاکامی ڕەفتارو کارو کردەوەکانمان بخەینە ئەســـتۆو فێر بین کە هەڵســـوکەوتەکانمان کۆنترۆڵ‌و ئیدارە بکەینو بە ئاگاهی‌و وشیارییەوە بجووڵێینەوە. لە حاڵێکی ئاوادا زانیاری‌و لێوەشاوەیی سەبارەت بە ئیدارەی کێشەکان، بۆمان دەبێتە ئامرازێک کە لە ژیانی ڕۆژانەمان لە نێو کۆمەڵ داو لە پێوەندی‌یەکانمان، یارمەتیمان دەدا تا بە شێوەیەکی پەسندو ژیرانەو هەڵسەنگێندراو لەگەڵ کەسانی دیکەدا هەڵسوکەوت بکەین.

بەو حاڵەش ئەو بابەتانە بێلایەن نین. مەبەست لەوان ئەوەیە کە بتوانن شوێن لەسەر مرۆڤەکان دانێـــن‌و بە جۆرێکیان پەروەردە کەن کە هاوکووف بوون‌و یەکســـان بوونی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر ببێتە بەشـــێک لە سروشـــتی کەســـایەتیی ئەوان. بە فێر بوونی ئەو زانیاری‌یە، ئێمە هەم لە دنیای مەوجـــوودو دیـــاردە جۆراوجۆرەکانی حاڵی دەبین، هەم لەوەش تێدەگەین کە دەبێ چۆن بێ‌و بە چ ئاراستەیەکدا بڕواتە پێش.

## زانستێک کە لە حاڵی گەشەو پەرەسەندن دایە

دەتوانیـــن بڵێین کە خوێنـــدن‌و فێربوونی مافەکانی مرۆڤ، تێگەیشـــتنی فرەکولتووری‌و چۆنیەتیی چارەســـەر کردنی کێشـــەکان تا ڕادەیەکـــی زۆر بابەتێکی نوێ‌یە. کەچی بەو حاڵەشـــەوە دەبینین ئەو بابەتە دەرســـی‌یە بەخێرایی لە گەشـــەکردن‌و پەرەســـەندن دایە. بۆ یەکەم جار لە نێوەڕاستی دەیەی هەشـــتای چەرخی ڕابـــردوو دابوو کە خوێندن‌و فێربوونی مافەکانـــی مرۆڤ وەک بابەتێکی

ئەکادمیک خۆی دەرخست. واتە لە هەلومەرجێکدا کە بایەخی مافەکانی مرۆڤ لە پێوەندی لەگەڵ پەرەپێدانی دیمۆکراسیو ئاشتی لە ئاستی نێونەتەوەییدا کەوتە سەر زارو زمانان. لەو دەمەوە تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر ئەکتەری دەوڵەتیو غەیرە دەوڵەتی بۆ پەرەپێدانی خوێندنو فێربوونی مافەکانی مرۆڤ بە مەبەستی بردنە پێشی تۆلێرانسە، پێکەوە حاوانەوەو نرخو بایەخە هاوبەشەکانی مرۆڤ هاتوونەتە مەیدان. ئەوان هەرکامیان بە نۆرەی خۆیان لە ڕێگای تایبەت بەخۆیاندا تێدەکۆشن بایەخی ئینسانیو پێکەوە حەوانەوەو پێکەوە ژیانی بە ئاشتیانە پەرە پێ بدەن.

ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، شووڕای ئۆرووپاو یەکیەتیی ئۆرووپا لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا خاوەنی سیاسەتی تایبەت بەخۆیانو بەرنامەو پرۆگرامی تایبەتیان بۆ کار کردن لەو بوارەدا داڕشتووە. مەودای نێوان ساڵەکانی ۲۰۰۴-۱۹۹۴ لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بە دەیەی خوێندنو فێربوونی مافەکانی مرۆڤ دەست نیشان کرا. دواتر لە ساڵی ۲۰۰۵دا ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دە ساڵی دوای ئەو ماوەیەشی بە دەیەی پرۆگرامی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ خوێندنو فێربوونی مافەکانی مرۆڤ دیاری کرد. بەم جۆرە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەرکی خستە سەر شانی دەوڵەتەکان کە لەو ماوەیەدا خوێندنو فێربوونی مافەکانی مرۆڤ لە قوتابخانەکانو لەنێو چینو توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵدا پیادە بکەن.

The international community has increasingly expressed consensus on thefundamental contribution of human rights education to the realization of human rights. Human rights education aims at developing an understanding of our common responsibility to make human rights a reality in every community and in cocity at large. In this sense it contributes to the long term prevention of human raghts abuses and violent conflicts, the promotion of equality and sustainable development and enhancemen people's participation in decision-makimg processes within democracy a demomocratic system.3

دەبێ بگوترێ کە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بایەخێکی زۆر بەو ژینگەو مێتۆدانەش دەدا کە پێویستە بۆ خوێندنو فێربوونی مافەکانی مرۆڤ کەڵکیان لێوەردەگیرێ.

Human rigts education goes beyond cognitive learning and includes the social and emotional development of all those involved in the learning and teaching and teaching prosess. It aims at developing a culture of human rights. Where human rights are pracised and lived within the sckool community and through interaction with the surrounding community.4

جیا لەوە گەلێک ڕێکخراوی غەیرە دەوڵەتییش خوێندنو فێرکردنی مافەکانی مرۆڤیان بە

یەکێــک لە مەیدانەکانی کارو چالاکیەکانی خۆیان دانــاوەو زۆر مێتۆدو پرۆگرامی تایبەتیان بۆ ئەو مەبەستە ئامادە کردوون. ئەو ڕێکخراوانە لە کارو تێکۆشانی خۆیاندا چ لە ناوچە شەڕ لێدراوەکانداو چ لە ڕێژیمە چەوســێنەرو زۆردارەکاندا و چ لە شارە گەورەو مودێڕنو فرەکولتووریەکانی دنیادا، خوێندنو فێر کردنی مافەکانی مرۆڤ، بە یەکێک لە ئەرکەکانی خۆیان دادەنێن. کارو تێکۆشانی ئەو هەموو ڕێکخراوانە لەو بوارەدا بۆتە هۆی هاتنە کایەی شێوەو مێتۆدی تازەی پێداگۆگیو پەروەردەیی لە پێوەندی لەگەڵ چۆنیەتی خوێندنو فێر کردنی مافەکانی مرۆڤدا. یەکێک لەو مێتۆدانە بریتیە لە مێتۆدی پێداگۆگیی بەشداری کردن. واتە فێربوونو خوێندنی مافەکانی مرۆڤو بایەخە ئینسانیەکان لە ڕێگای بەشداری کردنی چالاکانە لە باسو پرۆگرامە دەرسیەکاندا. ئەزموونەکان ئەوە دەردەخەن کــە مرۆڤەکان لە ڕێگای خوێندنەوەو لەبەرکردنی باســە تیئــۆریو نەزەریەکانەوە، ناتوانن وەک پێویست فێر بن، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی زیندوو و چالاک لە باسو پرۆگرامە دەرسیەکان بەشدار بن، گفتوگۆیان لەسەر بکەنو نێوەرۆکی بابەتەکان بەکردەوە بکەنە ئەزموونی زیندووی ژیانی خۆیان، زۆر باشتر فێر دەبن. لەخۆڕا نیە دەگوترێ: چۆن فێر دەبی، بە ڕادەی ئەوە گرنگە کە چ فێر دەبی.

## چەند وتەیەکی گرنگ

مەبەســت لەو کتێبە ئەوەیە کە بتوانێ زانســتو زانیاری ســەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ پەرەپێبداو چاپوکیو لێوەشاوەیی کۆمەڵایەتیی پێویستیمان بۆ ژیانو ڕەفتار کردن لە کۆمەڵدا تێدا بخوڵقێنێ. کاتێــک کار لەگەڵ لاوانو مێرمنداڵان دەکەین زۆر گرنگە لە گۆشــەنیگایەکی ئەرێنییەوە بڕوانینە ئەوانو بۆ ژیان لە داهاتوودا پەروەردەیان بکەین. ئەو زانستو زانیاریو لێوەشاوەییانەیان بدەینێ کە بەکەڵکیان دێ. زۆر گرنگە بە چاوێکی ڕوونو لە گۆشەنیگایەکی بەرزەوە بڕوانینە داهاتوو. ڕەوڕەوەی مێژوو هەر بۆ پێشەوە دەڕواو مرۆڤ تا دێ پتر بەسەر کەندو کۆسپەکانی سەر ڕێگای چوونە پێشی خــۆیدا زاڵ دەبێ. ئەگــەر چاو بە مێژووی دوورو درێژی مرۆڤدا بگێڕیــن بۆمان دەردەکەوێ کە هەمیشە پێشــکەوتن هەبووەو پەرەسەندن لە گۆڕێ دابووە. دووسەد ساڵ لەمەوبەر باسی سەرەکی ئەوە بوو کە داخوا ڕۆژێک کۆیلەتی کۆتایی پێ دێ یان هەر درێژەی دەبێ. ئێستا ئەگەر بە عەینەکی ئەمڕۆوە ســەیری ئەو باسە بکەین، وەک باســێکی زۆر بێمانا دێتە بەر چاومان. ئاڵوگۆڕێکی دیکەی قووڵ لەو بارەوە، ئەو ئاڵوگۆڕەیە کە لە وەزعی ژناندا هاتۆتە گۆڕێ، ئاخر تەنیا سەد ساڵ لەمەوبەر، لە هیچ وڵاتێکدا ئەو بەشە لە حەشیمەتی دنیا کە نیوەی مرۆڤایەتی پێک دێنن، مافی دەنگدانیان نەبوو. ئەمرۆ ئەگەر دیاردەیەکی لەم چەشنەش هەبێ، زۆر دەگمەن دێتە بەرچاو. ئەمڕۆ تا دێ ژنان لە لایەنە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵی پترو گەورەتر دەگێڕن. بەتایبەتی ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا ژنان لە کاروباری ئابووریو سیاســیدا بەشــداریی چالاکانەیان هەیە. هەر لەو بارەوە دەتوانین زۆر نموونەی دیکەش بێنینەوە.

ئێستا تا دێ ژمارەی ئەو کەسانەی تەمەنێکی زۆرتر دەکەن، پتر دەبێ. لەو چەند دەیەی دوایی‌دا ژمارەی مەرگ‌و مردنی منداڵان تا نیوەی خۆی کەم بۆتەوە. هەرگیز لە سەرتاسەری مێژوودا ژمارەی ئەو منداڵانەی دەچنە قوتابخانە، بە ئەندازەی ئەو سەردەمەی ئێستا زۆر نەبووە. ساڵی ۱۹۷۴ ژمارەی ولاتانی خاوەن دێمۆکراسی دنیا ۴۱ وڵات بوو. ئەمڕۆ ژمارەیان گەیوەتە نزیکەی ۱۵۰ وڵات. ژمارەی ئەو کەســانەی کە لە ئاکامی شەڕو کێشە چەکداری‌یەکان‌دا دەکوژرێن ئێستا لە چاو رابردوو کەمتر بۆتەوە. ئێستا ئیدی هیواو ئومێد بە کەم بوونەوەی شەڕو کێشە خوێناوی‌یەکان زۆر بووە.

هەرچەند پێشــکەوتنی گەورەو بەچاو رووی داوەو روو دەدا، بەو حاڵەش زۆر گیروگرفتی گەورە بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە. هەژاری، جیاوازیدانان‌و هەڵاواردن، نەخۆشیی جۆراوجۆر، پیس بوونی ژینگە، تیرۆریزم، چەوسانەوەو ستەم‌و زوڵم‌و زۆری لە ژێر سێبەری رێژیمە دژی گەلی‌یەکان دا، تەنیا بەشێک لەو گیروگرفتانەن کە مرۆڤایەتیی هاوچەرخ لەگەڵیان دەستەویەخەیە. با ئەوەش بڵێین ئەوە کە بە شێوەیەکی گشتی رەوتی رەوشی مافی مرۆڤ‌و ژیان بەرەو باشی دەچێ، هیچ لە دەردو ئازارو ژان‌و ناڕەحەتییەکانی ئەو کەس یان کەســانە کەم ناکاتەوە کــە وەک تاک یا گرووپ کەوتوونەتە بەر پەلامار یان لێرەولەوێ دەکەونە بەر پەلامار یا لە هەژاری‌و موحتاجی‌و دەست تەنگی‌و نەداری‌دا ژیان بەسەر دەبەن.

کاتێک مرۆڤەکان یا کۆمەڵگا ئینسانی‌یەکان، پاش هەوڵ‌و کۆشش‌و ماندووبوونێکی زۆر هەندێک ســتانداردو پێوانە بۆ ژیان دروســت دەکەن‌و بەو ئامانجە دەگەن، دەســبەجێ ئامانج‌و پێویســتیی دیکە دێنە کایەو خۆیان نیشــان دەدەن. ئاخر پێشــکەوتن‌و پەرەســەندن هەرگیز تەواو نابێ‌و هەر پێشکەوتنێک، پێشکەوتنێکی دیکەی بەدوادا دێ.

دروســت کردنــی کولتــوورو فەرهەنگــی مافەکانی مرۆڤ، یەکێــک لەو بــوارە گرنگانەیە کە کۆمەڵگایەک دەتوانێ بۆ دابینکردنی ئاشتی، عەداڵەت‌و پەرەسەندن سەرمایەگوزاریی تێدا بکا. بەڵام جیاوازی‌یەکەی لەوە دایە کە بە پێچەوانەی نەوت‌و گازو ماســی‌و سامانە سروشتی‌یەکانی دیکە کە سروشــت پێی داوین، کولتووری مافەکانی مرۆڤ دەبێ لەلایەن خۆمان‌و بە دەست خۆمان دروست بکرێ‌و پەرەی پێ بدرێ. پەرەسەندنی ئەرێنی لەو بوارەدا لەخۆڕا روو نادات.

لە سەرەتاوە وتمان کاتێک مرۆڤ دێتە سەر دنیا، ئەگەر لەنێو مرۆڤەکانی دیکەو لە نێو کۆمەڵ‌دا گەشە نەکاو گەورە نەبێ نابێتە مرۆڤ. ئاخر ئێمە مرۆڤەکان شوێن لەسەر یەکتر دادەنێین. هەر بۆیە بەرپرســایەتیمان بەرانبەر بە یەکتر لەسەر شانە. بۆ رزگار کردنی دنیا، کردەوە گەورە بەڵام بە ژمارە کەمەکان نین کە کاریگەرن، بەڵکوو بۆ مەبەســتێکی لەو چەشنە دەبێ بایەخ بە کردەوەی بچووک بەڵام لە ئاستێکی بەرین‌و بەربڵاو و زۆرو سیستەماتیک‌دا بدەین.

ناوی کتێبەکەمان ناوە "با پرد دروســت کەین نەک دیوار." ئەو ناونیشــانە بۆخۆی ئەوەمان بۆ دەردەخا کە ئێمە دەبێ بە جۆرێک رەفتار بکەین کە بتوانین داهاتووی خۆمان بەدەســتەوە بگرین‌و

بەو جۆرەی کە دەمانەوێ شـــکڵ بە ژیان بدەین. مرۆڤایەتی لە سەرتاســـەری مێژووی خۆیدا پردو دیواری دروست کردوون‌و دوایە تێکی داونەتەوە. لە کاتێکدا ئاڵمانی‌یەکان لە ساڵی ١٩٨٩دا دیواری بێرلین‌یان وەک سیمبولی شەڕی سارد ڕووخاند، بەڵام چەند ساڵ دواتر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دیوارێکـــی درێژتـــرو گەورەتر هەڵچنرا. هیچ گومانی تێدا نیە کە ئـــەو دیوارەش ڕۆژێک دادەتەپێ‌و نامێنێ. کەس نازانێ ئەوە کەی روو دەدا. بەڵام یەک شت ڕوونە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو کارە لەخۆڕا روو نادا. ئەو جۆرە دیوارانە تەنیا کاتێک دەڕووخێن کە مرۆڤەکان شتێکی لەو چەشنە بخوازن. واتە کاتێک ئەوە روو دەدا کە لە پێش‌دا زۆر کەس بێنە مەیدان‌و لەو ڕێگایەدا لە نێوان مرۆڤەکان‌دا پردان دروســـت کەن. ئێمە هیوادارین ئەو کتێبە یارمەتی بە دروســـت کردنی پردان لە نێوان مرۆڤەکان و کۆمەڵگا ئینسانیەکان بکات.

*ئەگەر شتێکم بۆ باس کەی، ڕەنگە وەبیرم نەمێنێ*
*ئەگەر پێشانم دەی، قەت لەبیرم ناچێ*
*ئەگەر بەشداری لە کارێکدا بکەم،*
*زۆر چاکیش لێی حاڵی دەبم و تێی دەگەم.*

## (٢)
## چەند ڕوانگەیەکی پەروەردەیی و پێداگۆگیک

هۆمانیـــزم بناخەی باسو روانگـــەو بابەتەکانی ئەم کتێبـــە پێک دێنێ. ئـــازادیو بایەخدار بوونو بەرپرســـایەتی بە گرنگتریـــن کۆڵەکەکانی هۆمانیزم لەقەڵەم دەدرێـــن. ئامانجی هۆمانیزم بریتیە لە گەشەپێدانی هەموو لایەنی کەسایەتیی مرۆڤو پەرەسەندنی مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی گشتی.

باسو بابەتەکانی ئەم کتێبە لەسەر ڕوانگەیەکی هۆمانیستی دارێژراون. ئازادی، بەعیزەت بوون و بایەخدار بوونو بەرپرسایەتی ،جەوهەری هۆمانیزم پێک دێنن کە ئامانجەکەی بریتیە لە پەرەپێدانی کەسایەتیی مرۆڤو پەرەسەندنی هەمەلایەنەی مرۆڤایەتی.

مێتۆدی ئەو کارە ئەوەیە کە لە کاتی دەرسگوتنەوەدا هەموو بەشدارانی کلاس، بە چاوێکی وەک یەک ســـەیر دەکرێـــن. هەموویان خاوەن بایەخی وەک یەکن. کەچی لـــە هەمان کاتدا جیاوازیو پێداویستییە تایبەتیو خسووسییەکان دەبینرێنو بایەخیان دەدرێتێو وەردەگیرێن. هەوڵ دەدرێ هەموو کەس وەک خۆی وەرگیرێ، هەموو کەسێک بەو جۆرە کە هەیەو بەگوێرەی ئەو هەلومەرجە کـــە تێی دایە ببینـــرێ. کەس لەوانی دیکە زیاتر نیە. کەس لەوانی دیکـــە بەرزتر نیە. تەنانەت ئەو کەسە کە مامۆستاشە، یان ئەو کەسە کە ڕێبەرایەتیی گروپ یان کلاسەکەشی بەئەستۆوەیە لەگەڵ بەشـــدارەکانی دیکە هاوئاستو هاوبایەخە. لەو جۆرە مێتۆدەدا مامۆستا تەنیا ڕۆڵی ڕێکخەری هەیە. واتە ئەرکی هاوئاهەنگ کردنو ڕێکخستنی کاروبارەکانی بەئەستۆوەیە. بەم جۆرە دەتوانین بڵێین کە لەو جۆرە کارەدا، پێداگۆگیی بەشـــداربوونو بەشداری کردن، میتۆدی هەرە بنەڕەتییە بۆ فێربوونو

پەروەردە کردن. واتە بەشـــداربوون لە چالاکیو کارو بەرنامەو پرۆگرامە جۆراوجۆرە دیاریکراوەکاندا، شێوەی هەرە زیندووی فێربوونو پەروەردە بوونە. لەو شێوازەی دەرسگوتنەوەیە دا، گفتوگۆ، دیالۆگ، باسوخـــواس، کارکردن پێکەوە، قســـە کردن بەیەکەوەو کۆمیۆنیکاســـیۆن رۆڵی بنەڕەتی دەگێڕن. ئـــەوە لە کاتێک دایە کە قســـە کردنـــی یەکلایەنە، وتاردانی یەکلایەنـــەو دوانو دەرس گوتنەوەی یەکلایەنە لەلایەن مامۆســـتاوە، بایەخی کەمتری پێدەدرێ. بەشـــداران پێکەوە فێر دەبن، لە گروپدا فێـــر دەبن، بە کاری هەرەوەزی، بـــەکاری بەکۆمەڵ، بە چالاکیو تێکۆشـــانی بەکۆمەڵ فێر دەبن. ئەزموون، لێزانی، لێوەشاوەییو زانیاریی هەمووان کەڵکی لێوەردەگیرێ. بەشداران زانیاریو ئەزموونو تاقیکردنەوەکانیان دەگۆڕنەوەو لە کاتی دەرس خوێندندا کەڵکیان لێوەردەگرن.

ئەم جۆرە شـــێوازە لەسەر بناخەی ئەو ڕوانگەیەوە دامەزراوە کە دەڵێ فێربوونو پەروەردە بوون، پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتین. بە گوێرەی ئەو بۆچوونە زانیارییەکان، بایەخەکان، بەرپرسایەتیو ڕوانگەو هەڵسوکەوتو رەفتارەکان، زۆرتر لە ئاکامی بەشداریو چالاکیو کاری بەکۆمەڵو گشتی دا دروست دەبنو دەبنە بەشـــێک لە وجوودی مرۆڤ نەک بەتەنیا لە ئاکامی کاری تاکەکەســـیدا. بەشـــدارنی ئەم جۆرە کلاســـانە، ئەم جۆرە فێرگانە، کەسێکن کە لە حاڵی چالاکی دان، لە هەمان کاتدا ئەوان کەسێکن لە وەزعێک واتە بارودۆخێکو هەلومەرجێک دانو دەبێ ئاواش سەیر بکرێن.

هەر کەســـەی بە گوێرەی ئەزموونو تاقیکردنەوەکانی خۆی تەماشـــای دنیا دەکا. هەر بۆیە لەو جۆرە مێتۆدەدا لەو شێوازەی دەرســـگوتنەوەیەدا لە پێداگۆگیی فێربوونی بەکۆمەڵو دەستەجەمعی دا، بایەخـــی زۆر بەوە دەدرێ کە ڕوانگەو بۆچوونو گۆشـــەنیگاکانی هەمووان وەبەرچاو بگیردرێن، وەربگیرێـــنو ببینرێن. بەم جۆرە هاوپەیوەندییەکی ئەرێنی دروســـت دەبێ. بەشـــدارانی فێرگەکە پێوەنـــدی پێکـــەوە پەیدا دەکەن، لێکتـــر فێر دەبنو یەکتـــر فێر دەکەنو پێکـــەوەش فێر دەبنو زانیارییەکانیـــان لەگـــەڵ یەکتر دەگۆڕنەوە. بەم جۆرە فێربوون روو دەدا، پەروەردە بوون دروســـت دەبێو شـــکڵ دەگرێ. قوتابییەکان، فێرخوازەکان توانای باسو دوانو دیالۆگیان لەگەڵ یەکتر زۆر دەبێو وشـــیاریی ئەوە پەیدا دەکەن کە هەموویان لەســـەریانە تێبکۆشن یارمەتی بە یەکتر بکەنو یەکتر فێر کەنو بارودۆخێک دروست کەن کە یارمەتی بە فێربوونی هەمووان بکات. زۆر گرنگە کە بەشـــداران یەکتر بناسنو بە شێوەیەکی باش ئاشنایەتی لەگەڵ یەکتر پەیدا بکەن. بۆیە باشتر وایە ئەم شـــێوە فێربوونە، واتا ئامانج لە فێربوونی بەکۆمەڵ، ئەوەیە مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر ئاشـــنا بنو ســـەبارەت بە یەکتر ناســـیاوی پەیدا بکەن و کولتوورو فەرهەنگی یەکتر بناسن. بە واتایەکی دیکە باشتر وایە لە هەلومەرجە فرەکولتوورییەکاندا کەڵک لەم مێتۆدە وەربگیرێ.

بۆ ئەوەی بەشـــێوەیەکی زۆر باش کەڵـــک لەم پێداگۆگییە وەرگیرێ، بـــاسو بابەتو تەنانەت شـــێوازی کارو ماتریالەکانی دەرسگوتنەوەش وا باشە بۆ بەشـــداران بێگانە نەبنو لەگەڵ ئەزموونو هەلومەرجی ئەوان بێنەوە. بۆ گەیشتن بەم مەبەستە، دەبێ هەندێک خاڵ وەبەرچاو بگرینو پێیان

لەســـەر داگرین. هەموو ئەو شتانەی باسمان کردن پێویستە بکرێنە بەشێک لە نێوەرۆکی ڕاهێنانو مەشقو چالاکی‌یەکان.

بۆ ڕوون بوونەوەی زیاتر، ئەو مەسەلەیە کەمێک زیاتر شی دەکەینەوە. دەرس گوتنەوە پێویستە بە جۆرێک بێ کە بەشـــدارەکان بە هەموو هەســـتو وجوودی خۆیانەوە تێیدا بەشدار بنو هەستی پێ بکەن. واتە دەبێ ڕاهێنانو چالاکی‌یەکان هێندە زیندوو بن کە بەشـــدارەکان ببنە بەشـــێک لە ڕاهێنانەکان. جا ئەوە چ کاری گروپی بێ، چ لیکۆڵینەوە بێ، چ ڕۆڵ گێڕانو کاری شـــانۆیی بێ، چ دیالۆگو باسو گفتوگۆ بێ، چ باس کردنو لێدوان بێ یان چالاکی‌یەکی دیکە بێ، هیچ لە گرنگیو بایەخی ئەو مەسەلەیە کەم ناکاتەوە.

لایەنێکی دیکەی زۆر گرنگ لەو بوارەدا ئەوەیە کە ئەم جۆرە مێتۆدە زۆر پێ لەســـەر پێویستیی کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونو تاقیکردنەوەی بەشداربووەکان دادەگرێ. واتە ئەزموونو زانیاری‌یەکانی خوێندکارەکان لە کاتی دەرســـگوتنەوەدا کەڵکی لێوەردەگیرێو بە شێوەیەکی چالاک بەکار دەبرێ. ئاخـــر کاتێک قوتابی‌یـــەک دەبینێ کە ئەزموونو زانیاری‌یەکەی ئەو دەبێتە بەشـــێک لە نێوەرۆکی باســـەکە، بە ئاســـانیش شـــتی تازە فێر دەبێو توانای تێگەیشـــتنی لەو باسو بابەتانە کە باســـیان لێدەکرێ، زۆرتر دەبێ.

هەر لێرەدا پێویســـتە باس لە مەســـەلەیەکی دیکەش بکەین کە زۆر گرنگە، ئەویش ئەوەیە کە ئەم جۆرە پێداگۆگی‌یە بایەخی زۆر بەوە دەدا کە باسو بابەتو نێوەرۆکی دەرســـەکان، لە حەقیقەت سەرچاوە بگرنو لەگەڵ ڕاستی‌یەکانی ژیانو هەلومەرجی ڕاستەقینەی ژیانی بەشداربووەکاندا بێنەوە. واتە بابەتەکانو قســـەو باسەکان، پێویستە لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی بەشداربووەکاندا لێک گرێ بدرێنو هی ســـەردەمی ئێســـتا بنو دوور نەبن لە ڕاســـتی‌یەکانی ڕۆژگار. هەر لـــەو پەیوەندی‌یەدا خاڵێکی دیکەش زۆر گرنگە. ئەویش ئەوەیە کە باسو بابەتەکانو شێوەی کارەکان پێویستە ڕووەو داهاتوو بن. واتە مرۆڤەکان، بەشـــداربووەکان بۆ داهاتوو بۆ ژیان لە ساڵانی داهاتوودا، پەروەردە کەنو هێزو تواناو ڕوانگەو لێوەشـــاوەیی ئەوەیان بداتێ کە بتوانن بە پیر داهاتووەوە بڕۆنو بەشداریی تێدا بکەنو تێیدا بژین. ڕاستە پێویستە باس لەباسو بابەتە ناخۆشەکانی وەک ڕاسیزم، هەڵاواردن، بەرچاوتەنگی، شەڕ، کێشـــەکان، برســـێتی، هەژاریو قاتیو قڕی بکەین، بەڵام هیچ کاتێک نابێ نائومێد بینو گەشبینی لەدەست بدەین. زۆر گرنگە بە هیواو هومێدەوە، بە گەشبینی‌یەوە بڕوانینە داهاتوو. زۆر گرنگە بڕوامان بەوە هەبێ کە چەرخی مێژوو بەرەوپێش دەڕواو ئاڵوگۆڕ بە قازانجی مرۆڤایەتی ڕوو دەدات.

بـــەو جۆرە ئەگەر لە کاتی دەرســـگوتنەوەدا ئەو باسو ڕوانگانەمان وەبەرچاو گرتن، کلاســـەکە، پۆلەکە دەبێتە کلاســـێکی زیندوو. بەشداربووەکان باشتر لە بابەتەکان تێدەگەنو باسەکان بۆ ئەوان دەبنە شتێکی پڕ ماناو نزیک لە ژیانیان. لەوەش زیاتر بەشداربووەکان هەست دەکەن کە بەشداربوون لەم کلاســـانەدا دەبێتە هۆی ئەوەی باشتر خۆیان بناسنو ناسنامەی فەرهەنگیو کولتووریی خۆیان

پەرەپێبدەن و پتر تواناو لێوەشاوەییەکانیان وەگەڕ بخەن.

ئەم جۆرە پـــەروەردە کردنە دەبێتە هۆی خەملاندنی هەموو لایەنەی کەســـایەتیی ئەوان. ئاخر مرۆڤەکان ئەو دەم کامڵ دەبن کە بۆچوونیان لەســـەر کەســـایەتیی خۆیان لەو ناسینەوە سەرچاوە دەگرێ کە خۆیان لەســـەر خۆیانیان هەیە، نەک لەو پێناســـانەوە کە کەســـانی دیکە بۆیان دەکەن. کەســـێک کە لە خۆی دڵنیایە، خۆی باش دەناسێو بڕوای بەخۆیەو دەزانێ کێیە، دەشتوانێ لەسەر خۆیو ژیانی خۆی بڕیار بداو ڕێگای خۆی دیاری بکا.

دەگوتـــرێ کە ئەرکی قوتابخانـــە ئەوەیە کە منداڵان بۆ ژیان لە داهاتـــوودا پەروەردە بکا. بەڵام ئەوەش گرنگە کە لاوێکی چواردە، پازدە ســـاڵە هەر بۆئەوە ناچێتە قوتابخانە، تا گەورە بێ. ئەو بۆیە دەچێتە قوتابخانە تا بۆ ئێستا، بۆ ژیان لەو سەردەمەدا پەروەردە بێو فێر بێ ژیانی ڕۆژانەی خۆی لە نێو کۆمەڵدا بەرێتە سەرو لێوەشاوەیی ئەوەی هەبێ بتوانێ بە شێوەیەکی دروست بژی.

## چۆنیەتیی ڕاهێنانەکان لە باری ڕێکخستنو پراکتیکەوە

کتێبەکە ٩٧ ڕاهێنانی تێدایە. هەموو ڕاهێنانەکان وەک یەک ڕێکخراون. لە سەرەتادا باس لەو بابەتە دەکرێ کە ڕاهێنانەکە دەیەوێ کاری لەسەر بکات. بۆ نموونە، بابەتەکانی وەک کۆمەڵگای فرەکولتووری، مافەکانی منداڵ، گلۆبالیزاسیۆنو شەڕو کێشەکان. دواتر باس لەوە دەکرێ کە مەبەستو ئامانج لەم باسەو لەم ڕاهێنانە چیە. بۆ نموونە ئایا مەبەست ئەوەیە کە لەگەڵ زاراوەی فرەکولتووری ئاشنا بین، ئایا مەبەســـت ئەوەیە کە ئاگاداریو زانیاری ســـەبارەت بە دیاردەی فرەفەرهەنگیو فرەکولتووری لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا وەدەســـت خەین. ئایا مەبەست ئەوەیە دەریخەین منداڵان لە هەلومەرجێکی ناســـک دانو پێداویستییان بە پاراستنی تایبەتو ســـرنجی تایبەت هەیە. ئایا مەبەست ئەوەیە کە ســـەبارەت بە بەجیهانی بوونو هۆکارەکانیو شـــوێنەوارەکانی ئاشنایەتی پەیدا بکەین. ئایا مەبەست ئەوەیە حاڵی  بین کە کێشەکان ئیمکانی ئەوەش دروست دەکەن کە هێزو تواناکان بۆ گەشەسەندنو پەرەســـەندن وەگەڕ بکەون. دواتر تێکســـتێکی دیکە دێ ، مەبەست ئەوەیە کە ئەوە دەرخەین ئەو بابەتە تا چ ڕاددەیەک لەگەڵ ڕاستییەکانو حەقیقەتەکان دێتەوە. جاری وایە تێکستەکە پێناسەی گرینگی گرتوونەتە خۆ. جاری وایە زۆر زانیاری بەکەڵکو ڕوونکردنەوە لە تێکســـتەکەدا هاتوون کە مامۆستا دەتوانێ لە کاتی باس لەسەر بابەتەکانو ڕاهێنانەکان دا بەکاریان بێنێ.

دواتر ڕاهێنانەکە باس دەکرێو ئەوە ڕوون دەکرێتەوە کە چۆن بەکردەوە جێبەجێ دەکرێ. لێرە بەکورتی باس لەوە دەکرێ کە ڕاهێنانەکە چۆن بەڕێوە دەچێ، چۆن ڕێکدەخرێ. مامۆســـتا دەتوانێ خۆی ئەوە بدۆزێتەوە کە ئایا پێویســـتە لە پێشـــدا ئامادەیی بۆ بکرێ یا ڕاست دەست بە جێبەجێ کردنـــی ڕاهێنانەکـــە بکرێ. ئەوەش ڕوون کراوەتەوە کە ڕاهێنانەکە لە چ پێک هاتوە، چ کەرەســـەو پێداویستییەکی دەوێو لە چەند بەش دروست بووە.

## تەمەن

زۆربەی ڕاهێنانەکان وا داڕێژراون کە لەگەڵ منداڵانی تەمەن ١٤ تا ١٥ساڵیو بەرەوسەرتر بێنەوە. دیارە بەشێکی زۆری ڕاهێنانەکان بە کەمێک دەسکاری‌یەوە، دەکرێ بۆ کار کردن لەگەڵ منداڵانی کەم‌تەمەنتر لەوەش بەکار بێن. شـایانی باسـە کە بەشـێکی بەرچاوی ئـەو ڕاهێنانانە دەکرێ بۆ گەورەساڵانو خوێندکارانی دوا قۆناخەکانی خوێندنیش کەڵکیان لێوەرگیرێ.

ئێمـە هەر ئـەو ڕاهێنانانەمان بـۆ دەرس گوتنەوە بـە ڕۆژنامەنووسـەکان، کارمەندانی دەزگا جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتو گەورەسـاڵانی تر بەکارهێناونو هەموو جاریش ئاکامو سـەرکەوتنی زۆر باشیشمان وەدەست هێناوە.

## گروپ

بۆ دابەزاندن و جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکان وا باشـە قەوارەی گروپەکە لە نێوان ١٥ تا ٢٠ کەس بێ. لە پۆلێکی ١٥ تا ٢٠ کەسـیدا هەموو بەشـدارەکان جێگای پێویسـتیان وەدەست دەکەوێو دەرفەتو شانسـی ئەوەشـیان بۆ دەڕەخسـێ کە لە کاتی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکاندا ڕوانگەو بیـرو بۆچوونەکانیـان بێننە گۆڕ. بەم جۆرە ڕا و بۆچوونی جۆراوجۆر دروسـت دەبنو لەگەڵ یەکتر لێکدەدرێنو بارودۆخی پێویسـت بۆ فێر بوون دروست دەبێ. دیارە زۆربەی ڕاهێنانەکان دەکرێ بە گروپی ١٥ تا ٣٠ کەسییش پیادە بکرێن.

## کات

بۆ جێبەجێ کردنو بەڕێوەبردنی ڕاهێنانەکان بە شـێوەیەکی گشـتی لـە ٣٠ خولەکەوە تا چەند سـەعات کات پێویسـتە. بەڵام چەندایەتیی ژمارەی بەشداربووەکانو ئەوە کە مامۆستا چۆن دەرس دەڵێتەوەو چۆن پۆلەکە بەڕێوە دەباو چۆن ڕاهێنانەکان پیادە دەکا، فاکتۆرێکی گرنگە کە بەگوێرەی ئەوەش وەختی پێویسـت بۆ کارەکە ئاڵوگۆڕی بەسـەردا دێ. جاری وایە ڕاهێنانێک کە چاوەڕوان دەکرێ بە سـەعاتێک تەواو دەبێ، دوو سـەعات کات دەبا. ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە هەندێک جار بەشداربووەکان بە عیشقو هەستێکی زۆرو بەرزەوە لە ڕاهێنانەکاندا بەشدار دەبنو توانایی‌یەکی زۆر بۆ باسو گفتوگۆ کردنو دوان لەسەر بابەتو نێوەرۆکی وانەکان لە خۆیان نیشان دەدەن. باشتر وایە وەختێکـی زۆر بۆ پیادە کردنی ڕاهێنانەکان تەرخان بکرێ، نابێ کەمیی وەخت ببێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی ڕاهێنانەکان بەباشی جیبەجێ نەکرێن.

## چ پێویستە؟

لایەنێکی زۆر گرنگی سـەرکەوتنی کاری وانەگوتنەوە ئەوەیە ئیمکاناتی ماددیو تکنیکی پێویسـت

بۆ ئەو کارە دابین کرابێ. بۆ پیادەکردنی زۆربەی ڕاهێنانەکان پێویستیمان بە ژوورێکی تا ڕادەیەک گەورە هەیە. ژوورێک کە بتوانین پلێنۆمی تێدا بگرین. واتە بەشداربووەکانی پۆلەکە بتوانن پێکەوە لە دەوری یەک دانیشنو باسو گفتوگۆ لەگەڵ یەکتر بکەنو جێگا بۆ بەشداریو چالاک بوونی هەموویان هەبێ. دیارە ئەگەر لە پەنا ژوورە گەورەکە چەند ژووری بچکۆڵەی دیکەشمان هەبن بۆ کاری گروپیو مەشق کردن، شتێکی زۆر باشە. بەڵام ئەگەر ئیمکانی ئەوە نەبوو، دەکرێ چالاکییە لاوەکییەکان لە دەرەوەی ژوورە سەرەکییەکەش ئەنجام بدرێن.

زۆر گرنگە پێش دەسپێکردنی ڕاهێنانەکان کەلوپەلو کەرەسەی پێویست وەک قەڵەمو دەفتەر، تەختە ڕەشە، قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ، وەرەقەی سپیی لەسەرنووسین، کامپیۆتێرو شتی دیکەی پێویست کە پێیان دەگوترێ هۆیەکانی فێرکردن، لە پۆلەکەدا ئامادە کرابن. بۆ پیادە کردنی ڕاهێنانەکان پێویستیمان بە کەلوپەلو کەرەسەی زۆر نیە. زۆربەیان بە ئیمکاناتێکی زۆر کەمەوە جێبەجێ دەکرێن. دیارە جاری وایە لە کاتی پیادە کردنی هێندێک لە ڕاهێنانەکاندا، ئەگەر کامپیۆتێرو پرۆژۆکتۆر، ئینتەرنێت، کتێبو ڕۆژنامە، گۆڤارو نامیلکەی پێویست لەبەردەستدا بن بۆ کەڵک لێوەرگرتن شتێکی زۆر باشە. پێویستە مامۆستا بزانێ کە بۆ پیادە کردنی هەر ڕاهێنانێک چ پێویستەو لە پێشدا بیری لەوە کردبێ کە ئامادەی بکا.

## پیادە کردنی ڕاهێنانەکان

چۆنیەتیی پیادە کردنی هەر ڕاهێنانێک زۆر بەجوانی ڕوون کراوەتەوە. لە سەرەتای دەسپێکردنی هەر ڕاهێنانێکدا وا باشە مامۆستا بە کورتی ڕوون کاتەوە کە مەبەست لەو ڕاهێنانە چیەو بەشداربووان دەبێ چ بکەن. دواتر چالاکییە سەرەکییەکان دەست پێدەکەن. چوارچێوەی چالاکییەکان زۆر بەرینە. باسو گفتوگۆ، کاری گروپی، لێکۆڵینەوە، دۆزینەوەو کۆکردنەوەی زانیاری، باسو لێدوان، ڕۆڵ گێڕانو یا تێکەڵاوێک لەمانەو زۆر شێوەو مێتۆدی دیکەی فێربوون دەگرێتەوە.

## باسو لێدوان

پاش ئەوەی کە ڕاهێنانەکە بەڕێوەچوو، بەشداربووان بە شێوەی پلێنۆم دەکەونە باسو لێداون لەسەر نێوەرۆکی بابەتەکەو ئەو شتانەی کە فێری بوون. لەو پێوەندییەدا دەکرێ بەشداربووەکان بە مەبەستی ڕوون بوونەوەو فێربوونی زیاتر، پرسیاری جۆراجۆر بێننە گۆڕێ. لەو بارەوە لە کۆتایی هەر ڕاهێنانێکدا کۆمەڵێک پرسیار ساز دەبن کە دەکرێ لە کاتی باسو لێدوانەکاندا کەڵکیان لێوەرگرێن. دیارە مامۆستا دەتوانێ سەرپشک بێ کە ئایا لەو پرسیارانە کەڵک وەرگرێ یان پرسیاری دیکە بۆخۆی بێنێتە گۆڕێو یان هەندێک لەو پرسیارانە بخاتە پشت گوێ کە لێرەدا هاتوون.

## چ فێر بووین‌و چۆنی بەکار دێنین؟

پاش ئەوەی کە بەشدارانی کۆرسەکە پێکەوە بابەتەکەیان خستە بەرباس‌و لێدوان‌و پرسیارەکانیان شی کردنەوە، زۆر گرنگە کە مامۆستا بابەتەکە کورت کاتەوە، ئاکام لە قسەو باسەکان وەرگرێ، ڕوانگەی هەموو بەشداربووەکان لێک نزیک کاتەوەو پوختەی باسەکە هەڵێنجێ. لێرەدا هونەر ئەوەیە کە باسەکان نێوەرۆکی بابەتەکان، وانەکان، هەموو ئەو لێدوانە جۆراوجۆرەکان کە لە کاتی ڕاهێنانەکەدا دێنە گۆڕێ، لەگەڵ ڕاستی‌یەکانی ژیانی ڕۆژانە، هەلومەرجە جۆراوجۆرەکانی ژیان‌و کارو ئەو بارودۆخانە کە ڕەنگە لە دوارۆژدا بۆ بەشداربووەکان بێنە گۆڕێ، لێکگرێ بدرێن.

چۆن ئەو شتە بەکار بەرین کە لێرەدا، لەم ڕاهێنانەدا فێری بووین؟ لەو بارەوە، بە مەبەستی ئەوەی کە بتوانین ڕێ پێشانی مامۆستا بدەین‌و نێوەرۆکی ڕاهێنانەکە پوخت کەینەوە، هاتووین پێنج خاڵی سەرەکیمان دەسنیشان کردوە کە ئێمە لەو پێوەندیەدا بە گرینگیان دەزانین. بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەو شتەیە کە چۆن مامۆستا پاش باس‌و لێدوانەکان‌و هاتنە گۆڕی پرسیارو وەڵامەکان، ئاکامی لێ وەردەگرێ‌و کاکڵەی دەرسەکە یان ڕاهێنانەکە دەخاتە بەردەست بەشداربووەکان.

## ڕۆڵی مامۆستا

ڕۆڵی مامۆستا بریتیە لە بەرنامەڕێژی بۆ وانەوتنەوەو ئیدارە کردنی کلاسەکەو پیادە کردنی ڕاهێنانەکان. مامۆستا دەبێ بە وەبەرچاوگرتنی ئاستی بەشداربووەکان‌و ئەزموون‌و تواناکانیان ڕاهێنانەکان هەڵبژێرێ، خشتەی وانەکان دیاری بکا، ئامرازو کەلوپەلی پێویست بۆ پیادە کردنی دەرسەکە ئامادە بکا. بە کورتی ئەو دەبێ هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی وانەکەو تەواو بوونی ڕاهێنانەکە، کلاسەکە ڕێبەری بکا، پۆلەکە بەڕێوە بەرێ‌و هاوئاهەنگی لە نێوان بەشداربووەکان‌دا دروست بکا.

## لێوەشاوەیی دەرس وتنەوە

بۆ ئەوەی کەسێک مافەکانی مرۆڤ، تێگەیشتنی فرەفەرهەنگی‌و ئیدارە کردنی کێشەکان وەک دەرس بڵێتەوە، پێویست ناکا پسپۆڕی ئەو بوارە بێ. دیارە ئەگەر مرۆڤ لەو بوارانەدا خوێندبێتی‌و شارەزایی تیئۆریکی لەسەر بابەت‌و مەسەلە جۆراوجۆرەکانی ئەو بوارانەدا هەبێ، زۆر باشترە، بەڵام زۆر پێویست نیە. گرنگ ئەوەیە کە ئەو کەسەی کە دەرس دەڵێتەوە بایەخ بە دنیای دەوروبەرو ئەو کۆمەڵگایە بدات کە تێیدا دەژی. بەو حاڵەش پێشنیارت پێدەکەین کە لە پێوەندی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ، تێگەیشتنی فرە فەرهەنگی‌و ئیدارە کردنی کێشەکان دا، ئەو بابەتانە بخوێنەوە کە سەبارەت بەوان لە بەشە جیاجیاکانی کتێبەکەدا هاتوون. دیارە زۆر باشترە ئەگەر مامۆستا بتوانێ لەو بوارانەدا بخوێنێتەوەو زانیاری‌و ئاستی تیئۆریکی خۆی زۆرتر بەرێتە سەر.

ڕاهێنانەکان زۆرو جۆراوجۆرن. بۆ پیادە کردنی هێندێک لەوان پێویستیمان بە زانیاری زیاتر

سـەبارەت بە مافەکانی مرۆڤو تێگەیشـتنی فرەکلتووریو ئیدارە کردنی کێشـەکان هەیە. لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان لێک جیاوازنو ئەزموونو پێشـینەی جیاوازیان هەیە، رەنگە هەندێک مامۆسـتا، یان هەندێک کەس، باشـتر لە کەسـێکی دیکە بتوانن ئەم یا ئەو راهێنان چاکترو سـەرکەوتوانەتر پیادە بکەن. وەک مامۆسـتا زۆر زوو بـۆت دەردەکەوێ کە پیادە کردنی کام راهێنان پێویسـتیی بەزانیاریو لێوەشاوەییەکی زیاترو تایبەتی هەیە کە پێت وایە تۆ نیتە. لە حاڵەتێکی ئاوادا تۆ دەتوانی سەبارەت بەو بابەتە بخوێنیتەوەو ئاستی زانیاریو تێگەیشتنی خۆت لەسەر مەسەلەکە بەریە سەرێ. رێگایەکی دیکەش ئەوەیە کە تێبکۆشـی شانۆیەک سەبارەت بە چۆنیەتیی پیادە کردنی راهێنانەکە ئامـادە بکەیو هەر لە سـەرەتاوە تا کۆتایی لە بیری خۆتدا نەخشـەی بۆ بکێشـیەوەو خۆت بۆ جێبەجێ کردنی ئامادە بکەی.

بەو پێیە دەتوانی ئامادەیی ئەوەت هەبێ کە ئەگەر مەسەلەیەک لە کاتی پیادە کردنی راهێنانەکەدا هاتە پێش، قسـەو باسی لەسەر بکەیو ڕوونکردنەوەو شـیکردنەوەی زۆرترت بۆی هەبێ. پەندێکی پێشینیان هەیە کە دەڵێ تەمرین کردنو کاری بەردەوام لەسەر شتێک، دەمانکاتە وەستا لەو بوارەدا (هەر عەقڵەی لە خەسـارێک). ئەوە لە پێوەندی لەگەڵ دەرس گوتنەوەش دا هەر راسـتە. جاری یەکەم کە دەسـت دەکەی بە دەرس گوتنەوەو پیادە کردنی راهێنانێک رەنگە زۆر پرسیارو مەسەلە بێنە پێش کە تۆ پێشبینییت نەکردبنو ئامادەیی تەواوت سەبارەت بە وان نەبێ. رەنگە بۆخۆت ئەو هەستەت تێدا پەیدا بێ کە وەڵامەکانت بەو جۆرە پرسیارانە، پڕ بە پێستی خۆیان نین. بەڵام لەبیرت بێ ئەوە کارەسـات نیە. ئەوە بـەو مانایە نیە کە تۆ لە کارەکەتدا سـەرکەوتوو نەبووی. ئەو جۆرە ئەزموونانـە فێرت دەکەنو ناچارت دەکەن بیر بکەیەوەو بەدوای وەڵامی شـیاودا بگەڕێی. ئەمەش وات لێـدەکا کە تۆ لەگەڵ کارەکەت دا، لەگەڵ وانە وتنەوەکەدا گەورە بی، پوختە بیو جاری دواتر باشتر وەڵام دەیەوەو بە لێوەشاوەییەکی زۆرترەوە لەگەڵ هەلومەرجەکان بەرەوڕوو بی. تا ئەزموونو تاقیکردنەوە پتر وەدەست بێنی، لە وانەگوتنەوە دا باشتر دەبیو چۆنیەتیی دەرس وتنەوەکەت باشترو زیندووترو سرنجڕاکیشتر دەبێ.

مامۆسـتایەکی باش ئەو کەسـەیە کە لە ڕەوتی کارو درەس گوتنەوەدا پێگەیوەو پوختە بووەو لێوەشـاوەییو شـارەزایی وەدەست هێناوە. مامۆسـتایەکی ئاوا لە کاتی وانە وتنەوەدا لەنێو دەریای زانیاریو شـارەزاییەکانی خۆیدا دەکەوێتە مەلەو بەشدارانی کورسەکەش هان دەدا کە ئەوانیش لەگەڵی وەمەلە کەونو سەوڵی لەگەڵ لێدەن. باشترین ڕێگا بۆ سەرکەوتن لە کاتی دەرس وتنەوەدا ئەوەیە کە بەگوێرەی ئەو بایەخو نۆرمو پرەنسیپانە رەفتارو هەڵسوکەوت بکەی کە ڕاهێنانەکان پێیان لەسەر دادەگرنو، لەوەش زیاتر مەبەست لە دەرسەکە ئەوەیە کە قوتابییەکان فێری ئەوان بن.

زۆر جار دەگوترێ کە مرۆڤەکان ئەو شـتانە ناکەن کە پێیان دەڵێین بیکەن، بەڵکوو ئەو شـتانە دەکەن کە ئێمە ئەنجامیان دەدەین. خەڵک جیاوازن، هەر بۆیە هەر مامۆسـتایەش شێوازو مێتۆدی

تایبەتـــی خۆی بـــۆ دەرس وتنەوەو پیادە کردنـــی ڕاهێنانەکان هەیە . هەر مامۆســـتایەک تەنیا لە پرۆسەیەکی درێژخایەنو لە ئاکامی کارو دەرس گوتنەوەی زۆردا پوختەو شارەزا دەبیٚو دڵنیایی ئەوە لە خۆی وەدەست دێنیٚ کە بە چەشنێکی باشو زیندوو دەرس دەڵێتەوە.

## دەرس گوتنەوە بە شێوەی تیمی

ئەم جۆرە دەرس گوتنەوەیە نەک هەر بۆ بەشداربووانی کلاسەکە، بەڵکوو بۆ مامۆستاش زۆر خۆشو ســـەرنج ڕاکێشە. کاتێک چەند مامۆســـتا پێکەوە بە شـــێوەی تیمی کار دەکەنو هاوکاریی یەکتر دەکەن، دەرفەتی ئەوەیان بۆ دەڕەخســـیٚ کە زانیاری‌یەکانیان سەبارەت بە نێوەرۆکی بابەتەکان زۆر کەنو ئەزموونی زیاتریش وەدەســـت بێننو لە یەکتری فێر بن. بەو حاڵەش دەتوانین بڵێین کە ئەم شێوەکارە، واتە دەرسگوتنەوە لەسەر بناخەی پێداگۆگیی بەشداری کردن دا، پێویستی بە هێزو تواناو لێوەشـــاوەیی‌یەکی زۆر هەیەو مامۆســـتا دەخاتە بەر تاقیکردنەوەیەکی گەورە. ئاخر لەو شێوە دەرس گوتنەوە دا، مامۆستا نەک هەر دەبیٚ زۆر چالاکانە دەرس بڵێتەوە، دەبیٚ بۆ ماوەیەکی زۆریش لەگەڵ خوێندکارەکان وەمێنیٚو بۆ فێر بوونو گەشەسەندنو چوونە پێشی هەموو لایەنە ببێتە ئیلهامدەریان.

کاتێک کۆرســـێک چەند ڕۆژ یان چەند هەفتە درێژە دەکێشـــیٚ، وا باشە چەند مامۆستا پێکەوە کۆرســـەکە بەڕێوە بەرن. لە وەزعێکی ئاوادا ئەوان دەتوانن بەرپرسایەتی‌یەکانو کارو ڕاهێنانەکان لە نێـــوان خۆیان‌دا بەش کەن. ڕوونە دوو مامۆســـتا کە پێکەوە کار دەکـــەن، دەتوانن ببنە تەواوکەری یەکتر، یارمەتیدەرو پشتیوانی یەکتر بۆ ڕاپەڕاندنی هەرچی باشتری ئەرکەکان.

کاتێک دوو مامۆســـتا کە زانیـــاریو ئەزموونی جۆراوجۆریان هەیەو پێکـــەوە دەرس دەڵێنەوە، کۆرســـەکە دەوڵەمەندترو سرنجڕاکێشـــترو زیندووتر دەکەن. تیمێک مامۆستا کە بۆ ماوەیەکی درێژ پێکـــەوە کار دەکەن، دەتوانن پتر لە یەکتر دڵنیا بنو لە تواناو لێوەشـــاوەییو زانیاری‌یەکانی یەکتر لەکاتی وانە گوتنەوەدا کەڵک وەرگرن. ئەمەش کۆرسەکە هەم بۆ مامۆستاکانو هەم بۆ خوێندکارەکان سرنجڕاکێشتر دەکات.

## ژینگەی فێربوون

بۆ ئەوەی دەرس گوتنەوە بە جۆرێکی باش بڕواتە پێش، پێویستە ژینگەیەکی فێربوونی ئەوتۆ دروست کەین کە بەشـــداربووەکان بتوانن بە شێوەیەکی چالاکو وەک یەکو کاراو زیندوو، لە دەرسەکان‌دا بەشدار بنو تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن. واتە پێویستە کەشێک دروست بکەین کە دیالۆگ، فێربوون، هاوکاری، بڕوابەخۆ بوون، هەست بە بەرپرسایەتی کردنو هەستی سەربەخۆیی لە بەشداربووەکان‌دا پتر پێک بێنیٚو هەوایەک دروست کات کە ببێتە یارمەتیدەری فێربوونو پەروەردە بوون.

واتە دەبیٚ فەزایەک دروست کەین کە بەشداربووەکان هەست بەوە بکەن وەردەگیرێن، ڕێزیان لیٚ

دەگیرێ‌و بەچاوێکی پڕ لە حورمەت‌و بایەخەوە تەماشا دەکرێن. کاتێک بەشداربووەکان دڵنیا بن کە ڕێزو حورمەتیان دەگیرێ، بە چاوی پڕ بایەخەوە سەیر دەکرێن‌و بەگەرمی‌و خۆشەویستی‌یەوە ئامێزیان بۆ دەکرێتەوە، بۆ فێربوون‌و لێک تێگەیشـــتن‌و گۆڕینەوەی ئەزموون‌و بەســـەرهات‌و زانیاری‌یەکانیش پتر دەکرێنەوەو ئامادەیی زۆرتریان بۆ گەشەســـەندن تێدا دەخولقێ. مامۆستایەک کە گوێ دەگرێ، کراوەیە، ڕێز لە قوتابی‌یەکان دەگرێ‌و بڕوایان تێدا دەخولقێنێ، بۆخۆشـــی ڕێزو حورمەتی زۆرتر لە لای بەشـــداربووەکان وەدەست دێنێ‌و کەش‌وهەوایەکی لەبارو گونجاویش بۆ فێربوون‌و چوونە پێشی ئەوان دروست دەکات.

لەوەش زیاتر گرنگە کە مامۆســـتا هەر لەو کاتەدا کە بەبڕشت‌و شێلگیرە، ڕەوانبێژو بەگفتولفت‌و ڕووخۆش‌و دەم بە بزەش بێت. مامۆســـتا پێویســـتە ئەو هەست‌و شوورو شـــەوقە لە قوتابی‌یەکان‌دا بخولقێنێ کە بۆخۆیان بەشـــێک لە بەرپرســـایەتیی فێربوون‌و چوونە پێشی خۆیان وەئەستۆ بگرن. هەروەها زۆریش گرنگە کە بەشـــدارانی کۆرســـەکە یەکتر تەشـــویق کەن لە پرۆســـەی فێربوون‌و گەشەسەندنی خۆیان دا و لە ڕەوتی چوونە پێشی کاری ڕۆژانەی کۆرسەکەدا یارمەتیی یەکتر بدەن.

مامۆستای باش ئەو کەسەیە کە قوتابی‌یەکان هان بدات تا باس‌و دیالۆگ بکەن، لەسەر باس‌و بابەتی دەرســـەکان بدوێن‌و نەزەرو بۆچوونەکانی خۆیان بڵێن، بەشـــێوەیەکی ڕەخنەگرانە سەیری باسەکان‌و مەســـەلەکان بکەن‌و لەخۆڕاو چاوبەستە شـــت قبووڵ نەکەن، دیاردەو ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکان بدەنە بەر نەشتەری بیری تیژو ڕەخنەگرانە. لەوەش زیاتر قوتابی دەبێ فێر بێت بە چەشنێکی زانستی‌و ڕاسیۆناڵ بەڵگە بێنێتەوەو باســـەکانی خۆی سیســـتەماتیک‌و ژیرانە بێنێتە گۆڕێ. زۆر گرنگە قوتابی فێر بێ کە لەسەر ڕوانگەو بۆچوونەکانی خۆی ڕاوەستێ‌و بەڵگەو دۆکیۆمێنتیان بۆ بێنێتەوەو بە چەشنێکی دروست‌و ژیرانە داکۆکیان لێ بکا. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە نیشانەیەکی گەورە بوون‌و گەشەسەندن ئەوەیە کە بتوانی ڕوانگەو بیروبۆچوونەکانت بگۆڕی‌و خۆت بەڕۆژو ســـەردەمیانە بکەی. مامۆستایان‌و ڕێبەرانی باش ئەوانەن کە دیالۆگ دەکەن، مەسەلە گرنگەکان دەخەنە بەر باس، زەوق و شەوقێک لە گوێگران‌و قوتابیانی خۆیان‌دا ساز دەکەن‌و قوتابی‌و خوێندکاران‌و بەشدارانی کۆرسەکانی خۆیانیان خۆش دەوێن‌و لەخەمیان دان‌و بەرامبەر ئەوان دڵســـۆزن. ئەو ڕێبەرو مامۆســـتایانەی ئامـــادەن لەخۆیان مایە دانێن‌و زانیاری‌و لێوەشاوەیی‌و شارەزایی‌یەکانی خۆیان لەگەڵ خەڵکانی دیکە و خوێندکارەکانیان بەش بکەن، لەولاشـــەوە لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆردا ئەو مایەدانانە لە خۆیانیان بۆ قەرەبوو دەبێتەوەو بە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆر خەڵات وەردەگرنەوە. بەم جۆرە هەموو پتر فێر دەبن.

## ڕاهێنانی زۆر و جۆراوجۆر

ژمارەی ئەو ڕاهێنانەی کە لە ماوەی کۆرسەکەدا کاریان لەسەر دەکرێ‌و ڕادەی جۆراوجۆریی ئەوان بەســـتراوەتەوە بەوە کە بەشدارانی کۆرســـەکە کێن، ئامانجی سەرەکیی کۆرسەکە چیەو چەندەمان

کات بۆ دەرس گوتنەوەو جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکان هەیە.

مامۆستایەک کە ڕاهێنانەکانی نێو کتێبەکە دەکاتە بناخەیەک بۆ درەس گوتنەوەی خۆی لە پۆلێک دا، دەتوانێ چەند ڕاهێنان هەڵبژێرێو لەگەڵ بەرنامەو پلانی خۆی بیانگونجێنێو دەکاریان بکات. بەڵام مامۆستایەکی تر کە کۆرسێکی چەند ڕۆژە یان چەند هەفتە لەو بارەوە بەڕێوە دەبات، دەتوانێ ژمارەیەکی زۆرتر لە ڕاهێنانەکان هەڵبژێرێو تێکەڵاوێک لە وان بەکار بێنێ تا زانیارییەکی بەرینترو شارەزاییەکی قووڵتر سەبارەت بە بابەتی دەرسەکان بداتە بەشدارانی کۆرسەکە. بۆ ئەوەی بتوانین کە تێکەڵاوێکی باش لە ڕاهێنانەکان لە دەرس گوتنەوەدا بەکار بەرین / دەکار بکەین، پێویستە بە شێوەیەکی ڕوون گەڵاڵەمان بۆ کۆرسەکە دارشتبێ و ئامانجی کۆرسەکەش ڕوونو دیار بێت.

بۆ نموونە ئایا مەبەستی من لەم کۆرسە چیە؟ دەمەوێ چ ئامانجێک وەدی بێنم؟ ئەگەر مامۆستا ئاشنایەتیو ناسیاویی پێشتری لەسەر بەشداربووەکانی کۆرسەکە نەبێ، وا باشە پێش دەستپێکردنی کۆرسەکە زانیاریی پێویستیان لەسەر وەدەست بێنێ. ئایا مەسەلەیەکی تایبەت هەیە کە مامۆستا پێویستە لەبەرچاوی بگرێ؟ ئەگەر مامۆستا بەشداربووەکانی کۆرسە بناسێو زانیاریی پێویستی لەسەریان هەبێو ئامانجی کۆرسەکەشی بۆ ڕوون بێ، دەتوانێ باشتر ڕاهێنانەکان هەڵبژێرێو تێکەڵاویان بکاو لە کاتی جێبەجێ کردنو دابەزاندنیان دا باشترو کاراتر هەڵسووڕێ. ئەگەر بەشدارانی کۆرسەکە لە پێشدا یەکتر ناناسنو یەکەم جارە یەکتر دەبینن، وا باشە ڕۆژەکانی یەکەم کاتێک بۆ ئەوە تەرخان بکرێ کە ناوی یەکتر فێر بنو خۆیان بە یەکتر بناسێننو ڕاهێنان لەسەر ئەوە بکەن کە ناوی یەکتر فێر بنو زانیاریی پێویست لەسەر خۆیان بدەنە یەکتر. ئەوە لەو بارەوە گرنگە کە بەشدارانی کورسەکە دەتوانن هەر لە سەرەتاوە بەجۆرێک دەست پێبکەن کە بتوانن پێکەوە لەسەر باسو بابەتەکانی کۆرسەکەدا لەگەڵ یەکتر بدوێن. زۆر باشە ناوبەناو تین و تاقەت بدەیە بەشداربووەکان، باسێک یان مەسەلەیەک یان مەبەستێک بخەیە بەرباس کە قوتابییەکان شارژ بکاتەوە، باترییەکانیان پر کاتەوەو هێزو گوڕو تینیان بۆ بەشداریو چالاک بوون لە پرۆسەی دەرسەکاندا پێ بدا. زۆر جار وا باشە دەرس گوتنەوە بە باسێک، یان نوکتەیەک دەست پێ بکەن کە قوتابییەکان بخاتە نێو مەیدانی دەرسەکەوەو هێزو تواناکانیان بۆ بەشداری لە دەرسەکەدا کۆ کاتەوە سەریەک. ئەمە کەشێک لە کلاسەکەدا دەخوڵقێنێ کە بەشدارانی کۆرسەکە هەستی هاوبەشیان سەبارەت بە نێوەرۆکی باسەکان لەلا دروست دەبێ. زۆر جار بابەتە وزە بەخشەکان کاتێک بەکار دەبەین کە بمانەوێ پێ لەسەر بایەخو گرینگیی باسێک یان مەسەلەیەک داگرین.

پاش ئەوەی مامۆستا ئەزموونی پێویستی دەرسگوتنەوەی وەدەست هێناو لەگەڵ ڕاهێنانەکان ئاشنا بوو، دەتوانێ بۆخۆی ئەوە دەست نیشان بکات کە کام ڕاهێنان بۆ کام مەبەست باشەو لە کام بارودۆخدا دەکرێ کەڵکی لێوەرگیرێ. وا باشە ئەو ڕاهێنانانەی لە کردەوەدا سرنجڕاکێشو سەرکەوتوو

دێنە دەرو ئامانج دەپێکن، لە بەرنامەو پرۆژەکانی دواتریش‌دا دەکار بکرێن. بەرەبەرە راهێنانی تازەش بە سەرجەمی ئەو راهێنانەوە زیاد بێ کە کەڵکیان لێوەرگیراوەو زۆر جار بەڕێوە براون.

## ژووری کۆرسەکە

بۆ پیادە کردنی زۆربەی راهێنانەکان پێویستیمان بە ژوورێکی تا رادەیەک گەورە هەیە. ژوورێک کە لەوێدا بتوانین هەم بە شـێوەی پلێنۆم باس‌و بابەتەکان بخەینە بەرباس‌و لێدوان، هەم کاری گروپی بکەین‌و مەیدانمان بۆ کارو راهێنانی فیزیکی‌و هەڵسـوکەوت‌و جووڵانەوەی پێویسـت لەبەردەسـت دابێ. باش وایە لەسـەرەتادا بەشـدارانی کلاسەکە بە شێوەی ناڵە ئەسپ لە دەوری یەکتر دانیشن‌و مامۆستاش لە لای پێشەوەیان بێ‌و هەموویان روویان لە مامۆستا بێ. جا ئەوە چ بە دانیشتنەوە بێ یان بە راوەستانەوە بێ، زۆر لە ئەسڵی مەسەلەکە ناگۆڕدرێ.

مێزو شـتی لەو جۆرە کە دووری‌و نێوانی فیزیکی دەخەنە نێو بەشـداربووەکانەوە پێویست نین. دیارە کاتێک مامۆسـتا بۆ ماوەیەکی درێژ قسـە دەکات‌و بابەتێک ڕوون دەکاتـەوەو قوتابی‌یەکان دەبێ یادداشت‌و تێبینی بنووسـنەوە، مێزی نووسین پێویستە. بەکارهێنانی دانیشتنی ناڵە ئەسپی، یان وەسـتانی ناڵە ئەسپی لە کلاس دا، بۆ ئەوە باشە کە نزیکایەتی‌و گەرمی‌و دۆستایەتی‌و هەستی هاوبەش‌و هاوبایەخی لەنێو بەشـداربووەکانی کۆرسـەکە لەگەڵ یەکترو لەگەڵ مامۆستادا دروست کەین. جگە لەوە ئەگەر کورسـی‌یەکان بەشـێوەی ناڵەئەسـپی لە دەوری یەکتر دانرابن، لە کاتی پێویسـتدا، بۆ نموونە ئەگەر کاری گروپی بکەین، ئاسـانتر دەتوانین ئاڵوگۆڕ لە جۆری رێکخستنی کلاسەکەدا دروست کەین یان لە کاتێکدا کە دەمانەوێ مەیدان بۆ تەمرین‌و راهێنانە فیزیکی‌یەکان خۆش کەین، ئاسـانتر دەتوانین کورسـیەکان بگوێزینەوە. پێویسـتە هەمیشـە دوای تەواو بوونی راهێنانەکان‌و تەمرینە فیزیکی‌یەکان، کۆرسـەکان بخەینە حاڵەتی جاران‌و وەک خۆی بە شـێوەی ناڵەئەسـپی رێکیان خەینەوە. بەتایبەت ئەگەر بەشدارانی کلاسەکە بیانەوێ پێکەوە قسە بکەن یان گفتوگۆ لەسەر مەسەلەیەک بکەن باشتر وایە کورسیەکان بەم جۆرە دانرابن کە باسمان لیکرد.

## کاری گروپی

لـە پیادەکردنی زۆربەی راهێنانەکان‌دا کاری گروپی رۆڵێکـی زۆر گرنگی هەیە. کاری گروپی بۆیە باشـە کە بەشـدارانی کلاسـەکە هەلی ئەوەیان بۆ دەڕەخسێ پێکەوە قسـە بکەن، گوێ لە یەکتر بگرن‌و باشـترو کراوەتر بە بڕوای زۆرترەوە، شـتی دڵیان لەگەڵ یەکتر باسکەن. لە گروپی بچکۆڵەدا کۆمنیۆکاسـیۆن باشترەو هەستی هاوپەیوەندی‌و هاوکاری‌و هاودەردیی لەنێو بەشداربووەکان‌دا زووتر دروست دەبێ. لە گروپی بچکۆڵەدا دەتوانین لە یەک کات‌دا لەسەر زۆر بابەت بدوێین‌و کار بکەین. لە گروپی بچکۆڵەدا باشـتر ئاکام وەردەگرین، زووتر ئامانج دەپێکین‌و دەسکەوتەکانمان زۆرتر دەبن.

بـــۆ کاری گروپی، گروپێکی ئیدەئاڵ، ئەو گروپەیە کە لە چوار کەس پێک هاتبێ. لە گروپێکی چوار کەســـی دا، هەموو بەشـــداران هەلی ئەوەیان بۆ پێک دێ کە بەشێوەیەکی چالاک کار بکەن، کاراو هەڵسووڕ بن‌و خەللاقییەت‌و تواناکانیان دەرخەن.

پێویســـتە مامۆستا بەڕوونی ئەوە بۆ بەشـــداربووەکانی گروپەکە ڕوون کاتەوە کە ئامانج لە کاری گروپی چیەو بۆچی ئەم جۆرە کار دەکەین؟ ئایا پێویســـتە یادداشـــت هەڵگرن؟ ئایا گروپەکە دەبێ خۆی بۆ پێشـــکەش کردنی باســـێک ئامادە بکات؟ پێویســـتە ئەوەش ڕوون کەینەوە کە گروپەکە چەندەی کات هەیە بۆ ئامادەو پێشـــکەش کردنی باســـەکەی. پاش ئەوەی گروپەکان دابەش کران، کارو ئەرکەکانیان دەسنیشان کرا، ڕێنوێنی‌و زانیاریان درایە، پرسیارو وەڵامەکان هاتنە گۆڕ، مەسەلە ناڕوونەکان ڕوون کرانەوە، پێویســـتە ئەوەش ڕوون کەینەوە کە ئایا هەموو شـــتێک لە جێگای خۆی دایەو بەگوێرەی پلان دەڕواتە پێش.

زۆر بـــاش دەبـــێ ئەگەر گروپەکان ئاکامـــی کارو زەحمەتەکانی خۆیان لە پلێنۆمدا پێشـــکەش بە بەشـــداربووەکان بکەن. مامۆســـتا پێویستە بەشـــدارانی کۆرســـەکە هان بدا کە هەموویان چالاکانە لە پێشـــکەش کردنی کارو ئاکامی کاری گروپەکانیان‌دا بەشـــداری بکەن‌و ڕاپۆرتی کارو چالاکی‌یەکانیان پێشـــکەش بکەن. دیـــارە زۆر جار یەک یان دوو کەس لە بەشـــداربووەکانی گروپێـــک ئاکامی کاری هاوبەشـــی گروپەکە پێشـــکەش دەکەن. بەڵام وا باشە بەشداربووانی گروپەکەش ئەگەر بیانەوێ نەزەرو بیرو بۆچوونی خۆیان دەرببڕن یان ئەگەر شتێکی زیادیان هەیە  بیخەنە بەرچاو. مامۆستا دەبێ کات بۆ ئەوە بێڵێتەوە کە بتوانێ هەڵسەنگاندنی خۆی لەسەر کاری گروپەکە دەربڕێ. تاقیکردنەوە ئەوە دەردەخا کە گروپەکان وەختێکی زۆرتریان بۆ ڕاپۆرت دان پێویســـتە لەوەی کە چاوەڕوان دەکرێ. ئەوەش نابێ بە شـــتێکی خراپ دابنرێ. کاتێـــک گروپێک کاتێکی زۆر بۆ ڕاپۆرت دان‌و پێشـــکەش کردنی ئاکامی کارەکەی خۆی بەکار دێنێ، نیشانەی ئەوەیە کە پرۆسەی فێربوون دەڕواتە پێش‌و فێربوون ڕوودەدات. بەشداربووەکانی گروپەکە بۆیە وەخت زۆر بەکار دەبەن، چونکە خوێندوویانەتەوە، خۆیان ئامادە کردوە، زۆر سەرچاوە گەڕاون‌و زانیاری زۆریان کۆ کردۆتەوەو دەیانەوێ ئەو زانیاری‌یانە لەگەڵ بەشداربووەکانی کلاسەکە بەش بکەن‌و نیشانیش بدەن کە فێر بوون‌و دەیانەوێ بڕۆنە پێش‌و زۆرتر گەشە بکەن.

## وانەوتنەوە

دەرس گوتنەوە هەمیشـــە بەشـــێکی گرنگی ڕاهێنانەکانە. وانەوتنەوەیەکی ســـەرکەوتوو بریتی‌یە لە دەرســـگوتنەوەیەک کە زانیاریی نـــوێ بداتە قوتابی، پێوەندیی بابەتـــەکان بەیەکەوە ڕوون کاتەوەو ڕاهێنانەکان لەگەڵ ڕاستی‌یەکانی ژیان پێکەوە گرێ بدا. ئەگەر لە کاتی وانەوتنەوەدا مامۆستا بتوانێ قوتابی‌یەکان هان بدا تا چالاکانە لە باســـەکەدا بەشـــدار بن‌و ڕوانگەو بۆچوون‌و ئەزموونەکانی ئەوان لەگەڵ باسەکە تێکەڵ بکا، دەرسەکە زیندووترو سەرنجڕاکیشتر دەبێ.

کاتێک مامۆستا دەیەوێ سەبارەت بە بابەتێک دەرس بڵێتەوە، زۆر گرنگە لە پێشدا خۆی ئامادە بکا. تا باشـتر خۆت ئامادە کردبێ، باشـتر لە خۆتو تواناکانی خۆت ئاگادار دەبیو سەرەنجام باشتر دەتوانی دەرسـەکە بڵێیەوە. ئەوەش گرنگە کە قسەو باسەکانت لە چوارچێوەی بابەتە دیاریکراوەکە نەڕۆنـە دەر. تێکەڵاو کردنـی زۆر باسو بابەتو هێنانەوەی زۆر ئیدەو بیروڕای جۆراوجۆر، لە کاکڵی مەسـەلەکەت دوور دەخاتەوەو زیان بە دەرسـەکە دەگەیەنێ. وا باشترە ئەزموونو تاقیکردنەوەکانی خۆت بۆ دەوڵەمەند کردنی بابەتەکە بەکار بێنی.

قوتابیەکان زۆریان حەز لێیە ئەزموونە باشو خراپەکانی مامۆستای خۆیان گوێ لێ بێ. داستانو حیکایەتـی جۆراوجۆری دیکەش سـەبارەت بە مرۆڤەکان، بەو مەرجەی لە ژیانی راسـتەقینەو لە راسـتیەکان نیزیک بن، دەتوانن سـرنجی قوتابیەکان بۆ گوێگرتن لە دەرسەکە راکێشن. وا باشە وشـەو زاراوە گرنگەکان هەڵبژێریو بە شـێوەیەکی جوانو بە خەتێکی گەورە بیانووسـییەوەو بە دەرودیوارەکانی پۆلەکەوە هەڵیانواسی. جیا کردنەوەی وشەو زاراوە گرنگەکانو کار کردنی بەکۆمەڵ لەسـەریان، هەمیشە ئاکامی باشی بەدواوە دەبێ. لە کاتی باس لەسەر بابەتەکانو زاراوەو دەستەواژە گرنگەکان، وا باشـە بە شـێوەیەکی زیندوو چاو ببڕینە قوتابیەکانو بە دەنگێکی بەرزو ڕوون قسـە بکەین. بە جۆرێک کە بەشدارانی کۆڕسەکە لێمان حاڵی بنو لە مەبەستەکانمان تێبگەن. بۆ ئەوەی سـرنجی قوتابیەکان باشتر راکێشی وا باشە لە کاتی دەرس وتنەوەدا بە نێو پۆلەکەدا بجووڵێیتەوەو بەشـە جیاجیاکانی لەشیشت بۆ ئەدا کردنی باشتری وشەکانو ماناکانیان بەکار بێنی. لەو ڕێگایەوە چاکتر دەتوانی مەبەسـتەکانت دەرببڕی. ئەوەش گرنگە کە وشـە گرنگەکان لەسەر تەختەڕەش بە جوانیو ڕێکوپێکی بنووسـی. بەکارهێنانی موزیک، فیلم، ڤیدیـۆ، پاوەرپۆینتو تەکنۆلۆژیی دیکەی لەم چەشنە زۆر بەکەڵکەو دەرسەکە زیندووتر، دەوڵەمەندترو کاریگەرتر دەکا. بەڵام لەبیرمان نەچێ کە ئەگەر زۆریش ئەو شـتانە لە کاتی دەرسـوتنەوەدا بەکار بێنین، بایەخی خۆیان وەک ئامرازێکی یارمەتیدەر لەدەسـت دەدەن. ئەو شـتانە تەنیا دەبـێ وەک ئامرازێکی یارمەتیـدەر بەکار بەرینو بەس. چونکە ئەگەر لەڕادەبەدەر لەو شـتانە کەڵک وەرگریـن، نێوەرۆکی بابەتەکە لە نێو تەمومژی تیکنۆلۆژییەکەو چۆنیەتیی بەکارهێنانیدا دەشاردرێتەوەو لە مەبەست دوور دەکەوینەوە.

قوتابیـەکان بایەخی زۆرتر بە قسـەو باسو دیالـۆگو گفتوگۆی راسـتەوخۆ لەنێوان خۆیانو مامۆستاکانیاندا دەدەن. ئاخر لەو ڕێگایەوە باشتر فێر دەبن. ئاخر دیالۆگی زیندووی نێوان مرۆڤەکان لە فێربوونو گەشە پێدانی ئەواندا رۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێ. ئەگەر کەڵک لە پاوەرپۆینت وەردەگری، لە یەک لاپەڕەدا، زۆر خاڵو بابەت کۆ مەکەوە. وانەوتنەوە وا باشـە لە نیوسـەعات زۆرتر نەکێشێ. ئەگەر لەوە زیاتر تێپەڕی وا باشە بکرێتە دووبەشو پشووی لە بەیندا بێ یان وا باشە بە جۆرێک لە جۆران باتری بەشدارانی کۆرسەکە پڕ بکرێتەوە. ئەگەر وەخت هەبوو، وا باشە قوتابیەکان لە کۆتایی دەرسەکەدا کورتەیەک لەسەر ئەو شتانە بنووسن کە مامۆستا باسی لەسەر کردووە.

## پلینۆم

یەکێک لە لایەنە گرنگەکانی هەر کام لە ڕاهێنانەکان بریتیە لەو پێوەندیيە ئینسانیانەی لە کاتی کار کردنی پێکەوە لە نێوان قوتابیەکاندا پێک دێن. واتە ئەو دیالۆگو وتووێژەی قوتابیەکان لە کاتی ڕاهێنانەکاندا لەگەڵ یەکتری دەکەن، بایەخێکی زۆری پەروەردەیی هەیە. چونکە لە کاتی گفتوگۆکاندا ماناو لێکدانەوەکان، بیرو بۆچوونو ڕوانگەکان، بەڵگەو لایەنگرییەکان دەردەکەونو ئاڵوگۆڕ دەکرێن. لە ئاکامدا فێربوونو گەشە کردنو پێگەیشتن ڕوو دەدەن.

زۆربەی ڕاهێنانەکان چ لە سەرەتاو چ لە نیوەڕاستو چ لە کۆتاییەکانیاندا دیالۆگو گفتوگۆیان تێدایە. بەو جۆرە گفتوگۆ کردنو باسو لێدوان لە بابەتەکان، لە کاتی ڕاهێنانەکاندا بەشێکی سروشتیی دەرسەکانە. لە کۆتایی هەر کام لە ڕاهێنانەکاندا قوتابیەکان بەشێوەی پلینۆم کۆدەبنەوەو باسو گفتوگۆ لەسەر بابەتە دەرسییەکان دەکەنو ئەزموونو ڕوانگەو بۆچوونەکانی خۆیان دەگۆڕنەوەو بەم جۆرە دەرسەکان دەوڵەمەندترو زیندووتر دەبن.

کتێبەکەو ڕاهێنانەکان وا داڕێژراون کە قوتابیو مامۆستاکان دەتوانن لەسەر هەموو بابەتەکان پێکەوە قسەو باس بکەن. وەک دەزانین لە ڕوانگەی مافەکانی مرۆڤەوە، هەموو مرۆڤەکان بەرابەرن، خاوەنی کەرامەتو ویژدانو شعوورن. هەر بۆیە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین تا ئەو جێیەی دەکرێ بە شێوەیەکی دروستو شیاو بڕیار بدەینو کێشەو گیرو گرفتەکان چارەسەر بکەین، پێویستە کۆمەڵگا هەلومەرجێک بخولقێنێ کە لەوێدا بەشێوەیەکی ئازادو کراوەو لە بارودۆخێکی پلۆرالیستیدا، بکرێ ڕوانگەو بیروبۆچوونەکانمان دەربڕین.

هیچ وەختێک ڕاگەیەنە گشتییەکان نەیانتوانیوە ڕاستییەکان بە هەموو تاڵیو شیرینیو لایەنە چاکو خراپەکانیەوە وەک ئێستا نیشان بدەن. ئەمڕۆ منداڵانو لاوان زانیارییان سەبارەت بە دنیای دەوروبەری خۆیان هەیە. ئاگاداری فەرهەنگو کولتوورو ژیانی گەلانو میللەتانی دوورو نیزیکن. ئاگاداری شەڕو کێشە جۆراوجۆرەکانی ئەمڕۆی دنیان. ئاگاهیو وشیارییان سەبارەت بەراسیزمی نوێ، جیاوازیدانان، هەڵاواردن، توندوتیژی، جینایەت، عیشقو خۆشەویستیو سیکسۆالیتێت هەیە. هەر بۆیە ئێمە لەو بڕوایە داین کە پێویستە لاوان، مێرمنداڵانو منداڵان ڕێگایان پێبدرێ ڕوانگەو زانیاریو بۆچوونەکانی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ ئەو بابەتانەدا دەرببڕنو ئەزموونەکانی خۆیان بکەنە وشە. زۆر گرنگە ئەوان دەرفەتیان پێ بدرێ قسەو گفتوگۆ بکەن. هیچ کاتێک، تەنانەت لە کاتی ناکۆکییەکانیشماندا نابێ لە باسو موناقەشەو دیالۆگی ئازاد بترسین.

دیارە هەندێک باسو بابەتی ئەوتۆ هەن کە قسە کردن لەسەریان زۆر جار زەحمەتە. بەڵام ئەگەر قسەیان لەسەر نەکەینو بیانشارینەوەو لێیان نەدوێین، بە زەحمەتترو پڕمەترسیترو ئاڵۆزتر دەبن. لە ئەفسانە نۆروێژییەکاندا دەبینین کە هەر کات دێوەکان دێنە بەر تاوێو تیشکی خۆریان بەر دەکەوێ، لێک بڵاو دەبن. ئەوەش هەر وایە. مەسەلە ئاڵۆزو بەزەحمەتەکانیش، گرێ کوێرەکانیش

هەر کات کەوتنە بەرباس‌و لێکۆڵینەوەو موناقەشە، دەکەونە سەر رەوتی چارسەر کران.

باس‌و موناقەشەو دیالۆگی ئازاد بەو مانایە نیە کە مرۆڤ لە کاتی باس‌و موناقەشە کردن‌دا پێویست ناکا ڕێز لە یەکترو سنوورەکانی یەکتر بگرێ. ئازادی هەمیشە بەرپرسایەتیی بەدواوەیە. هەر بۆیە زۆر گرنگــە فێر بیـــن لە فەزایەکی پڕ لە ڕێزو حورمەت‌دا، پێکەوە باس و دیالۆگ بکەین. تەنیا ئەو کاتە دەتوانین کە لاوان‌و منداڵەکانمان بخەینە سەر ڕاستەڕێی ژیان و لە کۆمەڵگایەکی دێمۆکراتیک‌دا بۆ ژیـــان ئامادەیان کەین، کە ئەوان بە جیـــددی بگرین‌و بڕواو متمانەیان پێ بکەین. زۆر گرنگە باس‌و گفتوگۆکان بە شـــێوەیەکی دروســـت‌و بەجێ ڕێبەری بکرێن. لەو بارەوە وا باشـــە قوتابی و مامۆستا جیاوازیی نێوان دیالۆگ و موناقەشـــە بزانن. موناقەشـــە بریتی‌یە لە بەڵگـــەو ئەرگۆمێنت هێنانەوە، بەو مەبەســـتە کە لایەنی بەرامبەر بێنیە ســـەر نەزەری خۆت. بەڵام مەبەســـت لە دیالۆگ بریتی‌یە لـــەوە کە ئەزموون‌و ڕوانگە جۆراوجۆرەکان لەگەل یەکتـــر بگۆڕینەوە تا کۆمەک بە ڕوون بوونەوەی یەکتـــر بکەین‌و لایەنە نادیارەکانی باســـەکەمان بۆ دەرکەون. گوێ گرتـــن، فێر بوون‌و ئاڵوگۆڕ پێک هاتن جەوهەری دیالۆگ پێک دێنن. کەچی لە موناقەشـــەدا هەروەک لە پڕوپاگەندەش‌دا هەر وایە، مەبەســـت ئەوەیە کە لایەنی بەرانبەر قانع بکەین تا ڕوانگەو نـــەزەرو بۆچوونەکانی ئێمە قبووڵ بکا. بەڵام مەبەســـت لە بردنە پێشـــی دیالۆگ ئەوەیە کە حاڵی بین‌و باشتر لە کێشەکە تێبگەین. ئەگەر لە موناقەشـــەدا مەبەستمان ئەوەیە بەســـەر بەرامبەرەکەمان‌دا زاڵ بین‌و لێی بەرینەوە، لە دیالۆگ‌دا زۆرتر بۆ ئەوە تێدەکۆشـــین کە بەســـەر ئەو قەزاوەتە نابەجێ‌و ئەو وێنە ناڕاســـتەدا زاڵ بین کە لە زەینی خۆمان‌دا لە بەرامبەرەکەمانمان دروســـت کردونە. دیالۆگ‌و موناقەشە پڕۆسەیەکن کە دەبنە مایەی گەشـــەپێدان‌و پەرەسەندنمان. بەشێوەیەکی گشتی دەبێ ئێمە فێر بین زۆرتر دیالۆگ بکەین تا موناقەشـــە. ناڵێم باس‌و بابەتەکان نەخەینە بەر موناقەشـــە، بەڵام وا باشترە مەبەستمان لە قسەو باسەکان ڕوون بوونەوەو فێربوون‌و چوونە پێش بێ تا یەکتر لە مەیدان دەرکردن.

"ئەگەر باشـــتر لە لایەنی بەرامبەرمـــان تێبگەین، قووڵتریش لە خۆمـــان حاڵی دەبین‌و ڕادەی دەرک‌و تێگەیشـــتنمان لە وەزعی خۆمان دەچێتە ســـەرتر. مەبەســـتمان لەو قســـەیە ئەوە نیە کە مەســـەلەکە ئاسان کەینەوە. ئەگەر شتێکم پێ دروست بێ، پێویستە تا دوا سات لەسەری سوور بم. واتە مەبەست ئەوە نیە هەر وا سووک‌و ئاسان دەست لە ڕوانگەو بیروبۆچوونەکانی خۆمان بەردەین. بەڵکوو دەبێ تەنیا ئەو کاتە دەست لە بیروبۆچوونەکانی خۆمان هەڵگرین کە لایەنی بەرانبەر بەڵگەو ئەرگۆمێنتی زۆر بەهێزی بەدەستەوە بێ کە بتوانێ بناخەی بیرکردنەوەی ئێمە بگۆڕێ‌و قەناعەتمان پێ بێنێ. دەبێ چاک بزانین کە ئێمە ئەزموونی خۆمانمان هەیەو کەسانی دیکەش ئەزموونی خۆیان هەیـــە. ئەگەر ئێمە لە جێگای ئەوان بوایەیـــن‌و ئەو ئەزموونانەمان هەبان کە ئەوان هەیانن، ئێمەش هەر وەکوو ئەوان بیرمان دەکردەوە. بۆیە زۆر گرنگە هەوڵ بدەین لە چۆنیەتیی بیرکردنەوەی لایەنی بەرانبەر تێبگەین‌و تا ئەو جێگایەی دەکرێ لە ڕوانگەو بۆچوونەکانی نزیک بینەوە. ئەوەش نەک لەبەر

ئـــەوەی کە بێ رەخنەو بێ ئەولاو ئـــەولا ڕوانگەکانی ئەو قبووڵ بکەین، بەڵکوو بۆ ئەوەیە وێنەیەکی ڕوونترو باشترو واقعیترمان لە حەقیقەتەکە دەست کەوێ“ (Inge Eidsvåg)

بۆ ئەوەی بەشـــدارانی کۆرســـەکە لەگەڵ یەکتر بکەونە باس‌و موناقەشەو دیالۆگێکی بەکەڵک، وا باشە مامۆستا هانیان بدا کە بەشداریی چالاکانە لە ڕاهێنانەکان‌دا بکەن، پرسیار بێننە گۆڕو ڕوانگەو بیروبۆچوونەکانی خۆیان لەسەر بابەتەکان دەربڕن.

بۆ مەبەستێکی لەو چەشنە پێویستە بارودۆخێکی پڕ لە متمانەو فەزایەکی پڕ لە ڕێزو حورمەت دروســـت کەین کە هەموو لەوێدا هەســـت بە بوونی خۆیان‌و ئەمنییەت‌و ئاســـایش بکەن تا بتوانن بەشـــێوەیەکی کراوەو ئازادو دوور لە ترس‌و نیگەرانی بەشـــداری باســـەکان‌و ڕاهێنانەکان بن. ئەگەر کەشـــێکی لەبار وئەرێنی و پڕ لە ئاســـایش‌و ئەمنییەت‌و ڕێزو حورمەت بێ، بەشـــدارانی کۆرسەکە کەڵکێکی زۆرتر وردەگرن‌و باشتر فێر دەبن.

پێویســـتە بزانین کە بەشێوەیەکی گشتی قوتابی‌یەکان ئەزموون‌و زانیاری‌یەکی زۆریان سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ‌و تێگەیشـــتنی فرەکولتووری‌و چۆنیەتیی چارەســـەر کردنی کێشەکان هەیە کە بۆخۆیان لێی ئاگادار نین. بۆیە زۆر گرنگە کە تەشویقیان کەین لەو بارەوە بە ئەزموون‌و زانیاری‌یەکانی خۆیان نێوەرۆکی دەرس‌و ڕاهێنانەکان دەوڵەمەندتر بکەن.

وا باشـــە بەشدارانی کۆرســـەکە هان بدرێن کە لە پلینۆمەکان‌دا چالاک‌و زیندوو بن‌و بە بەڵگەو ئیســـتیدلالی بەهێز ڕوانگەکانیان بێننە گۆڕ. بۆیە پێویســـتە لە کاتی وەڵامدانەوە بە پرسیارەکان دا، بە بەڵێ یان نەخێر گوتن وەلامەکان تەواو نەکەن. ئەو جۆرە وەڵامدانەوەیە بایەخێکی ســـنووورداری بۆ فێربوون‌و گەشـــە کردن هەیەو نابێتە هۆی هەڵدانی کۆمەڵایەتی‌و زانســـتیی قوتابی‌یەکە. ئەگەر قوتابی‌یەک یان فێرخوازێک وەڵامی بەو جۆرە دایەوە، وا باشـــە مامۆســـتا پرسیاری زۆرتری لێ بکاو ناچاری بکا قســـەو باســـەکانی درێژ کاتەوە. بۆ نموونە دەکرێ لێی بپرســـین ئەتۆ بۆ مەسەلەکە ئاوا دەبینی؟ بۆچی وا بیر دەکەیەوە؟ ئەو ڕوانگەیەی تۆ لە چیەوە ســـەرچاوە دەگرێ؟ ئایا دەتوانی زیاتر مەسەلەکەمان بۆ ڕوون کەیەوە؟ ئەگەر قوتابی‌یەکە دیسانیش هەر وەقسە نەهات‌و لەوە زیاتر قسەی نەکرد، پێویســـتە مامۆستا ڕاست پێی بڵێ کە وەڵامی بەڵێ یان نەخێر لە لای بەشدارانی کۆرسەکە بایەخێکی زۆری نیە.

لە کاتی قســـەو باس‌و دیالۆگ‌و گفتوگۆکان‌دا نابێ لەوە بترســـین کە کەسێک یان چەند کەس بێدەنگن. جاری وایە بێدەنگی نیشانەی ئەوەیە کە ئەو کەسە یان ئەو قوتابیانە پێویستیان بە وەختە بـــۆ ئەوەی بیر بکەنەوەو ئاکامی بیرکردنەوەکانیـــان فۆرمۆڵە بکەن. ئەگەر حاڵەتی ئاوا هاتە پێش، وا باشـــە مامۆستا درێژە بە باسەکە بدا، لایەنەکانی دیکەی بابەتەکە شی بکاتەوەو گیروگرفتەکە زۆرتر بخاتە بەر ڕووناکایی تا قوتابی‌یەکان چاکتر بتوانن لە باسەکە تێبگەن‌و وەریگرن.

هەندێک جاران مامۆستا دەبێ زیرەکی لە خۆی نیشان بداو کارێکی وا بکا تا هەموو قوتابیەکان

لە باســەکان‌دا بەشــداری بکەن. بۆیە دەکرێ لەلایەکەوە بە ڕیز دەســت پێ بکاو بەم جۆرە هەموو بەشــدارانی کۆرســەکە ناچار بکا لە باس‌و موناقەشــەکان‌دا بەشــدار بن. جاری واشە دەبینین کە قوتابی‌یەک وەخت‌و جێگایەکی کەمی وەدەســت دەکەوێ لە نێو پۆلەکەدا. ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە قوتابیی وا هەن جێگاو وەختێکی زۆر بۆ خۆیان لە نێو پۆلەکەدا وەدەســت دەخەن. لە بارودۆخێکی ئــاوادا مامۆســتا دەبێ روو بکاتە ئەم جۆرە قوتابیانەو ناچاریان کات وەقســە بێــن‌و ڕوانگەو نەزەرو بۆچوونەکانیان دەربڕن.

شــێوە کارێکــی دیکەش هەیە کە دەکرێ لەو جــۆرە حاڵەتانەدا کەڵکــی لێوەرگیرێ. ئەویش ئەوەیــە کە پۆلەکە بکەینە گروپی بچووک بچووک کــە قوتابی‌یەکان لەو گروپە بچکۆلانەدا پێکەوە مەســەلەکان بخەنە بەر بــاس. لە وەزعێکی ئاوادا هەموو قوتابی‌یەکان هــەل‌و دەرفەتی ئەوەیان بۆ دەرەخسێ بەشداری لە قسەو باسەکان‌دا بکەن.

جــاری وایە باس‌و گفتوگۆکان لە ڕێــرەوی خۆیان لا دەدەن‌و هیــچ پێوەندی‌یەکان بە بابەتی کۆرســەکەوە نامێنێ. بۆیــە ئەگەر حاڵەتێکی ئاوا هاتە پێش، مامۆســتا دەبێ جڵەوی بابەتە بگرێتە دەســت‌و نەیەڵێ بەشدارانی کۆرســەکە لە چوارچێوەی مەبەستی دیاریکراو بڕۆنە دەرو بکەونە سەر باســێک کە پێوەندی‌یەکی بە بابەتەکەوە نیە. بۆ نموونە مامۆســتا دەتوانێ بڵێ ئەو باســە، شتێکی سرنجڕاکێشــە، بەڵام لە چوارچێوەی بابەتەکەی ئێمەدا نیە، بۆیە هیچی دیکە لەسەر ئەو مەسەلەیە قســە ناکەین. ئەگەر پێتان خۆش بێ دەتوانین لە کاتی پشــوودا پێکەوە زۆرتر لەســەر ئەو بابەتە قســە بکەین. بەڵام ئێســتا وەختی دەرسەو نابێ کاتەکەمان بەو شــتەوە بکووژین. هەموو جارێش کە پلینۆمەکە هاتە کۆتایی، وا باشــە مامۆســتا پوختەی باســەکە کورت کاتەوەو کاکڵی دەرسەکە سەرلەنوێ بگێڕێتەوە و بە قوتابی‌یەکانی بڵێتەوە.

جاری وایە پێویســتە مامۆســتا لەگــەڵ قوتابی‌یەک یان چەند کەس لــەوان بەرەوڕوو بێ. جاری وایە قوتابی‌یەک پرســیاری نابەجێ دەکا، یا شــتی وا دەپرسێ مامۆستا نازانێ مەبەستی ناوبراو لەو جۆرە پرســیارانە چیە. لە وەزعێکی ئاوادا پێشنیار دەکەین کە مامۆستاش پرسیارەکە لە قوتابی‌یەکە بکاتەوەو بڵێ مەبەســتت لەو پرســیارە چیە؟ دەتوانی نموونەیەک بێنیەوەو زیاتر پرسیارەکەت ڕوون کەیەوە؟ یان دەکرێ لە قوتابی‌یەکانی تر بپرسین کە ئایا ئەوان لە مەبەستی ناوبراو دەگەن؟

جاری واشە باس‌و گفتوگۆکان زۆر گەرم دەبن. ئەوە سروشتی‌یە. مرۆڤەکان ئەگەر هەست بکەن لە ژینگەیەکی ئەمین‌و کراوەو جێگای متمانە دان، پێیان خۆشــە قسەو دەردی دڵەکانیان‌و ڕوانگەو بۆچوونەکانیان هەڵڕێژن. هەروەها لەبەر ئەوە کە خەڵک جیاوازن‌و ئەزموون‌و پێشینەی جیاوازیشیان هەیە، ڕوانگەی جۆراوجۆریشــیان دەبێ. جاری واشــە بیرو بۆچوونە جیاوازو جۆراوجۆرەکان لەگەڵ هەســت‌و ســۆزو ئیحساســاتێکی توند تێکەڵاون تا ئەو جێیەی باس‌و موناقەشــەکان لە کۆنترۆڵ‌و

چوارچێـــوە ناچنـــەدەرو ناکەونە خانەی هێرش‌و پەلاماری شەخســـی‌یەوە، نابێ لەوە بترســـین کە تێمپەراتور واتە پلەی گەرمای باسەکان زۆر دەچێتە سەر.

## کاتێک کێشەمان بۆ دروست دەبێ

ئەگەر مامۆستا بتوانێ ژینگەیەکی پڕ لە ڕێزو حورمەت، ئەمنییەت‌و ئاسایش‌و متمانە بۆ فێربوون لە نێو بەشدارانی کۆرسەکەدا پێک بێنێ، زۆر کەم هەڵدەکەوێ کە کێشەو ناکۆکی لە نێو قوتابیەکان‌دا ســـەر هەڵبدا. بەو حاڵەش نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە هەمیشـــە شانســـی ئەوە هەیە کە ناکۆکی‌و کێشـــە لە نێو بەشـــدارانی کۆرسەکەدا ســـەر هەڵبدا. کاتێک ئەو ناکۆکی‌و کێشانە دەگەنە حاڵەتی شـــەڕو ململانەیەکی توند، پێویســـتە مامۆســـتا ڕۆڵی ڕێبەرایەتی بگرێتە دەست‌و تواناکانی خۆی بۆ ڕێبەرایەتی‌و ئیدارە کردنی کۆرسەکە نیشان بدا. زۆر پێویستە لە بارودۆخێکی ئاوادا مامۆستا بەڕوونی‌و بەشـــێوەیەکی جیددی لەگەڵ بەشـــدارانی کۆرسەکە بدوێ‌و بۆیان ڕوون کاتەوە کە بە هیچ جۆر لە کەس قبووڵ ناکرێ شەڕو ئاژاوە بنێتەوەو یاساوڕێسا دیاریکراوەکان بخاتە ژێر پێ.

ئەگەر کێشـــەکە، کێشـــەی شەخســـیی نێوان دوو کەس، یان چەن کەس بوو، پێویست ناکا لـــە پلێنـــۆم یان لە حزووری ئەوانی دیکەدا بیخەینە بەرباس. مامۆســـتا وا باشـــە داوا لە هەردوو لایەنی کێشـــەکە بکا کە ڕێزی بەشـــدارانی دیکەی کۆرســـەکە بگرن‌و لە حزووری ئەوان‌دا کێشە شەخسی‌یەکانیان لەگەڵ یەکتر باس نەکەن‌و قەولیان پێبدا کە پاش تەواو بوونی دەرسەکە بەتەنیا لەگەڵیان دانیشێ‌و بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەک بۆ ئیدارە یان بنبڕکردنی کێشەکەیان یارمەتییان بـــدا. دیارە ئەوەش پێوەندیی بە ڕادەی جیددی بوونی کێشـــەکەوە هەیـــە. ئەگەر گیروگرفتەکە پێوەندیـــی بەوەوە هەیە کە قوتابیەک یان چەند قوتابی لـــە چۆنیەتیی دەرس وتنەوەکە ناڕازین، پێویســـتە مامۆســـتا لە پلێنۆم‌دا مەســـەلەکە بخاتە بەر باس. لە هەلومەرجێکی ئاوادا قوتابیەکان فێر دەبن‌و دەرفەتی ئەوەیان بۆ دەرەخســـێ کە کێشـــەو ناتەباییەکـــە بکەنە هەلێک بۆ فێربوون‌و گەشەسەندن. ئاخر هەمیشە کێشە ئەگەر بەشێوەیەکی دروست ئیدارە بکرێ، سەرچاوەی فێربوون‌و گەشە کردنە.

ئەگەر ڕەوشـــەکە ئاڵۆز بوو، مامۆســـتا نابێ هەڵچیی و پێویســـتە هەمیشـــە ئارام‌و لەســـەرەخۆ بجووڵێتـــەوە. ئەو قوتابیانەی کە لایەنێکی کێشـــەکە نین‌و لەو پێوەندی‌یـــەدا بێلایەنن، گوێ لەوی دەگرن‌و لـــە ئارام کردنەوەی بارودۆخەکەدا یارمەتی دەکەن. ئەگەر پێویســـت بێ مامۆســـتا دەبێ بەڕوونـــی داوا لـــە قوتابیەکان بکا کە پێویســـتە ئاگاداری خۆیان بن‌و لە چوارچێوەی دیســـیپلین‌و یاساوڕێسا دیاریکراوەکان نەچنە دەر.

بەو جۆرە هەلومەرجێک دێتە پێش کە بتوانرێ کێشـــەکە بە شێوەیەکی دروست بخرێتە بەر باس‌و چارەســـەر بکرێ. شایانی باسە کە مامۆستا پێویستە ئەوە ڕوون کاتەوە کە جیاوازیی بیروڕا

شـــتێکی سروشتی‌یە. هەر بەو جۆرە کە پێمان خۆشە بە بیرو بۆچوونی خۆمانەوە، خەڵک ڕێزمان لـــێ بگرێ. پێویســـتە ئاواش ڕێز لە خەڵکانی تر بگرین‌و ئـــەوە بزانین کە خەڵکانی دیکەش مافی ئەوەیان هەیە خاوەنی بیروبۆچوونی تایبەت بە خۆیان بن. لەوەش زیاتر پێویستە بزانین کە کاتێک جیاوازیی بیروڕا لە نێوانمان‌دا دروست دەبێ، وا باشە جیاوازی‌یەکەو ناتەباییەکە بەجیددی بگرین. چونکە دەتوانێ ببێتە شانســـێک بۆ فێر بوون‌و گەشـــە کردنی زۆرترمان. مامۆستا پێویستە داوا لە هەردوو لایەنی کێشـــەکە بکا کە مەبەســـتو ڕوانگەکانی خۆیان بەڕوونی بۆ یەکتر باس کەن تا هەر دوو لا باشـــتر لە یەکتری تێ‌بگەن. هەردوو لای کێشـــەکە پێویستە کات‌و ئیمکانی ئەوەیان بدرێتـــێ کە بیرو بۆچوونەکانی خۆیان دەربڕن‌و مەبەســـتەکانیان ڕوون کەنەوە. هیچ کامیان نابێ قســـەیان پێ ببڕدرێ. ئەگەر لەو حاڵەتەدا هەر دوو لا هەســـتیان کرد کە ڕێزیان لێ‌دەگیرێ، زۆر وێدەچێ بە شێوەیەکی جوان‌و مەعقووڵیش ڕەفتار بکەن. ئەو دەم ڕەنگە بە شێوەیەکی ئوسوولییش بجووڵێنەوەو بەڵگە بۆ بۆچوونەکانیان بێننەوە کە بتوانن ڕەزامەندیی کەسانی دەوروبەریان وەدەست بێنن.

### هەندێک ڕێنوێنی بۆ مامۆستا:

### لەمەڕ هەڵبژاردنی ڕاهێنانەکان:

* ئامانجی دەرسەکە دیاری بکە.
* ئەو ڕاهێنانە هەڵبژێرە کە لەگەڵ قوتابیەکان، تەمەنیان‌و ئاستی تێگەیشتنیان‌و قەبارەی کۆرسەکە دێنەوە.
* وا باشە ڕاهێنانە جۆراوجۆرەکان تێکەڵاوی یەکتری بکەی.
* وا باشە پێش دەستپێکردنی دەرسەکە بە ڕاهێنانێک دەست پێ بکەن کە ببێتە هۆی یەکترناسینی قوتابیەکان.
* جارجار باتریی قوتابیەکان پڕ کەرەوە.

واتە هێندێک ڕاهێنان‌و چالاکی بکەن کە قوتابیەکان بێنێتەوە سەرحاڵ بە تایبەتی لە کاتی دەست پێکردنی باسەکان دا،

لە کاتی دەســـت نیشـــان کردنی خاڵێکی گرنگ دا، لە کاتێک‌دا کە قوتابیەکان ماندوو و هیلاک دیارن.

### پۆلەکە / ژوورەکە

لە سەرەتادا وا باشە قوتابیەکان لەسەر شکڵی ناڵە ئەسپ لە دەوری یەکتر دانیشن.

کاری گرووپی

* زۆر بەڕوونی چاوەڕوانیەکان لە هەر کام لە گروپەکان ڕوون کەوە. واتە بۆیان دەست نیشان بکە کە چ چاوەڕوانیەکت لێیان هەیە.
* ئەو وەختە دەست نیشان بکە کە ئەوان ئەرکەکانیانی تێدا جێبەجێ دەکەن. واتە کاتیان بۆ دیاری بکە.
* کاتێک گروپەکە کار دەکا چاوەدێریان بکە.
* لەبیرت بێ وەختی تەواو بدە بە هەر کام لە گروپەکان تا ڕاپۆرتی خۆیان بدەنەوە.
* تێکۆشە هەموو بەشدارانی کۆرسەکە تەشویق کەی کە لە گروپەکاندا بەشدرا بنو هەموو ئەندامانی گروپەکەش هان دە تا چالاک بن.

## دەرسوتنەوە

* چاک خۆت بۆ دەرس وتنەوە ئامادە بکە.
* لە سەر یەک یان دوو شت بدوێ. باس لەسەر زۆر شت کردن لە یەک دەرسدا وانەکەت لێ تێک دەداو کاریگەریت نابێ.
* لە ئەزموونو تاقیکردنەوەکانی خۆت کەڵک وەرگرەو لە دەرس وتنەوەدا بەکاریان بێنە.
* بە زمانێک قسە بکە کە قوتابیەکان لێت تێبگەن.
* لە ڕەشنووسو تێکنۆلۆژی هاوچەرخو مۆدێڕن بۆ ناردنی پەیامو بابەتەکەت کەڵک وەرگرە.
* بەڕوونیو بە دەنگی بەرز قسە بکە. لە کاتی قسە کردندا بە چاوان پێوەندی لەگەڵ قوتابیەکان بگرە. لە لەشی خۆت بۆ گەیاندنی بابەتەکەت بە قوتابیەکان کەڵک وەرگرە.
* لەسەر هەست بە کە ڕەنگە قسەکانت دژکردەوەی قوتابیەکانیان بەدوادا بێ.
* تێکنۆلۆژیی هاوچەرخ بەکار بێنە، بەڵام نابێ لەڕادەبەدەر بێ. ئەودەم جەوهەری بابەتەکە ون دەبێ.
* ئەگەر دەرسێک لە نیو کاتژمێر پتر بکێشێ وا باشە بکرێتە دوو بەشو پشوویەکی کورتیان لەنێودا بێ.

## سەبارەت بە پلێنۆم

* فەزایەکی پڕ لە ڕێزو حورمەتو متمانە بۆ هەموو بەشدارانی کۆرسەکە دروست کە. بە جۆرێک کە پێیان خۆش بێ گوێ بگرن. ئەگەر هەست بە متمانەو ڕێزو حورمەت بکەن، بە دڵێکی ئاواڵەو بیرێکی کراوەوە بەشداریی باسەکان دەکەن.
* هەموو بەشدارانی کۆرسەکە بۆ بەشداریی چالاکانە لە دەرسەکەدا هان بدە.
* قوتابیەکان هان دە کە ڕوانگەو بیروبۆچوونەکانی خۆیان لەسەر بابەتەکان بێننە بەرباس.

* لە بێدەنگی مەترسە.
* ئەوانەی کەمتر قسە دەکەن، روویان تێکەو وەقسەیان بێنەو چالاکیان کە.
* هەمیشە لە کۆتایی راهێنانەکان‌دا پوختەیەک لە بابەتەکە بۆ بەشداران سەر لە نوێ باس کەوە.

## (٣)

## هەندێک مەشقو ڕاهێنانی تایبەت بۆ زاخاوی مێشک، پێدانی وزەی ئەرێنیو دابینکردنی ئاسایشو متمانەو گەشبینی لەنێو بەشدارانی کۆرسەکەدا

لە پێوەندی لەگەڵ خوێندنو فێربوونی مافەکانی مرۆڤ، فرەکولتووریو چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی و چارەسەری کێشەکاندا، گەلێک کورتە مەشقو ڕاهێنانی جۆراوجۆرمان هەن کە دەتوانن لە بردنە پێشی کارەکانماندا یارمەتیمان بدەن. هەر بۆیە لە کاتی دەرس وتنەوەو بەڕێوەبردنی ڕاهێنانەکاندا، نابێ ڕۆڵو نەخشی ئەو کورتە تەمرینانە بەکەم بگرین. ئەو جۆرە ڕاهێنانانە دەبنە مایەی بە کۆمەڵایەتی بوونی قوتابیەکان، شادیو زەوقو خۆشحاڵی لە نێو قوتابیەکان دا دروست دەکەنو نێوەرۆکی وانەکانو راهێنانە جۆراوجۆرەکان دەوڵەمەندتر و ڕەنگاورەنگتر دەکەن. بۆیە داوا لە مامۆستایانی بەڕێز دەکەین کەڵک لەو ڕاهێنانانە وەرگرن و لە بردنی پێشی ئەرکەکانیاندا بەکاریان بێن.

**یەکترناسین**

کاتێک قوتابیەکان لەپێشدا یەکتریان نەدیوەو، بەتایبەتی کاتێک کە بڕیار وایە چەند ڕۆژ پێکەوە لە جێگایەک بمێننەوە، باشتر وایە کە لەگەڵ یەکتر ئاشنا بن. بۆیە پێویستە مامۆستا کاتی پێویست بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بکات. وا باشە ئەو ڕاهێنانانە لە سەرەتای دەست پێکردنی کۆرسەکەدا جێبەجێ بکرێ.

قوتابیەکان لەســـەر شێوەی ناڵە ئەســـپ لە دەوری یەکتر دادەنیشن. ئەوانەی لە تەنیش یەکتر دادەنیشـــن پێکـــەوە دەبنە جووتێک. ئەگەر لـــە ئاکامدا یەکێک لە قوتبایـــەکان بەتەنیایی مایەوە، پێویســـتە مامۆســـتا ببێتە پارتنەری ناوبراو. قوتابیەکان بۆ ماوەی پێنج خولەک لەگەڵ یەکتر قسە دەکەن. لەو ماوەیەدا پێویستە تا ئەو جێگایەی دەکرێ زانیاری لەسەر یەکتر پەیدا بکەن. بۆ نموونە ناویان چیە؟ خەڵکی کوێن؟ لە کوێ کار دەکەن؟ لە کام زانکۆ دەرس دەخوێنن؟ حەزیان لە چیە؟ حەزیان لێیە بۆ کام وڵات سەفەر بکەن؟ پێیان خۆشە گوڵ بدەن بە کێ؟ یان حەز دەکەن دەگەڵ کێ ئێوارەیەک لەو دەرەوە واتە لە ریستۆرانێک نان بخۆن؟

پاش ئەو پێنج خولەکە دەســـت دەکەن بە ناساندنی یەکتر بە باقیی قوتابیەکان. کاتێک یەکێک لە قوتابیەکان یەکێکی تر دەناسێنێ پێویستە ئەوەی کە دەناسێنرێ هەستێتە سەر پێ. بەڵام ئەوەی کە قســـە دەکا وا باشە لە جێگای خۆی دانیشێ. پێویســـتە پاش ناساندنی هەر کەسێک ئەوانی تر چەپڵەیەکی گەرمی بۆ لێدەن. ئەگەر ژمارەی قوتابیەکان لە ١٨ کەس زۆرتر بێ، وا باشە ڕاهێنانەکە بکرێتە دوو قۆناخ کە پشوویەکیان لە نێوان دا هەبێ.

## ناو و تۆپ

هەموو بەشـــدارانی کۆرسەکە بەشێوەی بازنەیەک لە دەوری یەکتر و ڕوو لە یەکتر ڕادەوەستن. ئەو کەسەی تۆپەکەی پێیە ناوی خۆی دەڵێو تۆپەکە بۆ یەکێکی دیکە داوێژێ. ئەو کەسەش کە تۆپەکە دەگرێتەوە بە هەمان شـــێوە ناوی خۆی دەڵێو تۆپەکە بۆ کەســـێکی تر داوێ. بەو جۆرە ڕاهێنانەکە درێژەی دەبێ تا هەموو بەشدارانی کۆرسەکە نۆرەیان دێو ناوی خۆیان دەڵێن.

لـــە قۆناخی دووهەمی ڕاهێنانەکەدا ئەو قوتابیەی تۆپەکەی پێیە ناوی خۆی دەڵێ پاشـــان لە حاڵێکدا کە ناوی یەکێکی دیکە لە بەشـــدارانی کۆرســـەکە دێنێ، تۆپەکەشـــی بۆ داوێ. بەم جۆرە ڕاهێنانەکە درێژە دەکێشێ تا نۆرەی هەموو قوتابیەکان دێ.

## ناوی خۆ وتنو جووڵە لەخۆ نیشان دان

هەموو قوتابیەکان بە شـــکڵی بازنە لە دەوری یەکتر ڕادەوەســـتن. یەکێک لە قوتابیەکان ناوی خۆی دەڵـــێو جووڵەیەکی  دیاریکراو لە خۆی نیشـــان دەدا. دواتر ئەو کەســـەی تەنیشـــتی ناوی ناوبراو دەڵێتەوەو هەمان جووڵە دووبارە دەکاتەوە کە ئەو کردوویەتی. دوای ئەوە هەر ئەو کەسە ناوی خۆی دەڵێو جووڵەیەکی تایبەتی لە خۆی نیشـــان دەدات. کەســـی تەنیشتی ئەویش هەر بەو جۆرە ناو و جووڵەی ئەو دوو کەســـەی پێش خۆی دوبارە دەکاتەوەو پاشان ناوی خۆی و جوڵەیەکی تایبەتیش لەخۆی نیشـــان دەدا. بەو جۆرە ڕاهێنانەکە دەڕواتە پێش. ئەو ڕاهێنانانە زۆر خۆشـــن و قوتابیەکان زۆریان پێ خۆش دەبێ. پێویســـتە ڕێگا بدرێ قوتابیەکان تا ڕادەیەک شۆخی لەگەڵ یەکتر بکەنو

بەشێوەیەکی جوان لاسایی یەکتریش بکەنەوە. ئەو کەسەی کە پێویستە لە کۆتاییدا ناوی هەمووان بڵێتەوە و جووڵەکانیان دووبارە بکاتەوە مامۆستایە.

## ناوهێنانی یەکتر

هەموو قوتابیەکان بە شێوەی بازنە لەسەر کورسی لە دەوری یەکتر دادەنیشن، بەڵام یەکێک لەوانی کە شتێکی نەرمو بچکۆڵە، بۆ نموونە تۆپەڵە کاغەزێکی لەنێو دەست دایە، لە نێوەڕاستی بازنەکە لەسەر کورسیەک دادەنیشێ. یاریەکە بەو جۆرە دەست پێدەکا کە ئەو کەسەی لە نێوەڕاستی بازنەکە دانیشتوە ناوی یەکێک لە قوتابیەکان دێنێ و دەستبەجێ تێدەکۆشێ بەو شتەی کە لە دەستی دایە بەسەری داکێشێ. ئەو کەسەش تێدەکۆشێ بە هێنانی ناوی یەکێکی دیکە لە قوتابیەکان زوو خۆی رزگار کا، بۆ ئەوەی ئەو کەسەی کە لە نێوەڕاستی بازنەکە دایە بەسەری دانەکێشێ. لێرەدا ئەو کەسەی کە جاری دووهەم ناوی دێ پێویستە دەست هەڵێنێ و خۆی نیشان بدا تا ئەوانی دیکە بزانن مەبەست کێیە. ئیستا ئەو کەسەی کە لە نێوەڕاست دایە دەست دەکا بە لێدانی ئەو کەسە. واتە بەو تۆپە کاغەزە کە لە دەستی دایە بەسەری ئەو کەسەی دادەکێشێ کە دەستی هەڵێناوە. ئەویش بۆ نەجات دانی خۆی هەوڵ دەدا ناوی یەکێکی دیکە لە بەشداربووانی کۆرسەکە بەدەنگی بەرز بێنێ تا خۆی لە گورزی ئەو کەسە بپارێزێ کە خەریکە بەسەری دادەکێشێ. وا باشە ئەو کەسە کە خەریکە لێی دەدرێ هەرچی زووتر ناوی کەسێکی دیکە هاوار بکا تا خۆی ڕزگار کا و لێی نەدرێ. بەو جۆرە ڕاهێنانەکە دەڕواتە پێش. هەر کاتێک ئەو کەسەی کە لە نێوەڕاست لەسەر کورسی دانیشتوە توانی گورز لە کەسێک بوەشێنێ پێش ئەوەی ناوی یەکێکی دیکە بڵێ، ئەوە ئەو کەسە گورزی بەرکەوتووە دەچێتە سەر کورسیەکەو ڕۆڵی ئەو کەسە دەگێڕێ کە پێشتر لەسەر کورسیەکە بوو. ئەو ڕاهێنانەنە وا باشە کاتێک ئەنجام بدرێ کە قوتابیەکان ماوەی چەند ڕۆژ لەگەڵ یەکتر بووبن.

## جێگایەکی گرینگ

بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ڕاهێنانە نەخشەیەکی جیهانمان پێویستە لەگەڵ دەرزییەکی دروومان یان هەر دەرزییەکی لەو چەشنە. ئەو ڕاهێنانانە بۆ گروپێک گونجاوە کە بەشداربووەکانی لە وڵاتانی جۆراوجۆرەوە یان لە شار و ناوچەوی جۆراوجۆرەوە هاتبن. هەرکام لە قوتابیەکان دەبێ لە ماوەی یەک تا دوو دەقیقەدا جێگایەک لەسەر نەخشەکە دەست نیشان کەن کە بۆ ئەو گرنگ و پڕ بایەخە، یان بایەخێکی تایبەتی لەلای ئەو هەیە. ناوبراو دەبێ بەکورتی ئەوەش ڕوون کاتەوە کە بۆچی ئەو جێگایە بۆ ئەو گرنگیو بایەخی تایبەتیی هەیە. پاش ئەوەی هەموو بەشدارانی کلاسەکە تەواو بوون پێویستە هەرکام لەوان ناوی ئەو شوێنەی کە بۆیان گرنگە لەسەر پارچە وەرەقێک بنووسن و بە دەرزی لەسەر نەخشەکە لە شوێنی خۆیدا قایمی کەن. بەو جۆرە ڕاهێنانەکە دەڕواتە پێش و

گەرموگوڕی‌یەکی زۆر بە کلاسەکە دەبەخشێ. هەرکام لە قوتابیەکان دەرفەتی ئەوەیان بۆ دەلوێ کەمێک سەبارەت بە خۆیان و پێشینەی خۆیان بۆ یەکتر بدوێن.

### وڵاتی من

ئەم ڕاهێنانەش بۆ گروپێک باشە کە لە وڵاتانی جۆراوجۆرەوە هاتبن. مامۆستا قوتابیەکان بەسەر چەند گروپدا دابەش دەکا. بە گوێرەی ئەو وڵاتانەی کە لێیەوە هاتوون. واتە ئەوانەی لە یەک وڵاتەوە، لە یەک شارەوە هاتوون پێکەوە دەبنە یەک گروپ. گەورەیی و بچووکیی ڕادەی گروپەکان هیچ گرنگی‌یەکی نیە. هەرکام لە گروپەکان بۆ ماوەی ۲۰ خولەک خۆیان ئامادە دەکەن تا وڵاتەکەی خۆیان بناسێنن. بۆ ئەو مەبەستە کەڵک لە وێنە، نەخشە، وشە و دەستەواژەو ئامڕازو شتی دیکەی لەو چەشنە وەردەگرن. یان لەسەر وەرەقەیەکی گەورە، گرینگترین زانیاریەکانی پێوەندیدار بەو مەسەلەیەوە دەنووسنەوە. ئەو بابەتانەی لەو پێوەندی‌یەدا پێویستە سەرنجیان بدرێتێ بریتیین لە جوغرافیا، مێژوو، سروشت، سەرچاوە سروشتی‌یەکان، هونەرو مۆسیقاو کولتوور، سروشت و ئاو و هەوا و کشتوکاڵ و بازرگانی و ژمارەی دانیشتوان، کەسانی ناودار و هتد. بەشدارانی دیکەی کۆرسەکە دەرفەتی ئەوەیان پێ دەدرێ پرسیار بکەن‌و لەو بوارانەدا نەزەرو ڕوانگەکانی خۆیان بێننە گۆڕ.

### چاوەڕوانیەکان‌و یاساو ڕێوشوێنەکانی پێکەوە بوون

### چ چاوەڕوانیەکمان هەیە؟

ئەگەر ماوەی کۆرسەکە چەند ڕۆژ بخایەنێ، وا باشە مامۆستا لە سەرەتای کۆرسەکەدا کاتێک بۆ وشیار کردنەوەی قوتابیەکان لە پێوەندی لەگەڵ ڕێوشوێنەکانی پێکەوە بوون‌و ئەو چاوەڕوانی‌یانە کە لێیان دەکرێ تەرخان بکات.

هەرکام لە قوتابیەکان پرسیارنامەیەکی دەدرێتێ کە ئەو پرسیارانەی تێدا هاتوون و پێویستە قوتابی وەڵامیان داتەوە:

* چ چاوەڕوانیەکم لە دەرس و بابەتەکە هەیە؟ هاتووم چ فێر بم؟
* چ چاوەڕوانیەکم لە خۆم هەیە؟
* چ چاوەڕوانیەکم لە کلاسەکەو لە گروپەکەم، لە هاوکلاسیەکانم، لە ئەندامانی گروپەکە هەیە؟
* چ چاوەڕوانیەکم لە مامۆستا هەیە؟

بەشداربووەکانی کلاسەکە وا باشە بەجۆرێکی هێندە جوان بنووسن‌و وەڵام دەنەوە کە ئەوانی دیکە بتوانن خەتەکەیان بخوێننەوەو حاڵی بن. بەڵام وا باشە کەس ناوی خۆی لەسەر پرسیارنامەکە نەنووسێ. لە حاڵێکدا کە قوتابیەکان دە دەقیقە وەختیان دەدرێتێ تا بنووسن، مامۆستاش چوار وەرەقەی گەورە ئامادە دەکا.

هــەرکام لەو پرســیارانە دەبێتە ســەر تیتری یەکێک لــەو وەرقە گەورانە. پاشــان قوتابیەکان پرســیارەکان‌و وەڵامەکانیان دەخوێننەوەو لەو شــوێنە لەســەر وەرەقە گەورەکە قایمی دەکەن کە بە جۆرێک وەڵامی پرســیارەکە دەداتەوە. پاشــان وەڵامەکان بە دەنگی بەرز لەلایەن مامۆســتا یان یەکێــک لــە قوتابیەکان دەخوێنرێتەوە. بەم جــۆرە قوتابیەکان لەو ڕێگایــەوە چاوەڕوانیەکانیان لە خۆیان، لە مامۆســتاکەیان، لە گروپەکەیان‌و لە هاوپۆلەکانیان ڕوون دەکەنەوە. هەر بەو جۆرە بۆیان ڕوون دەبێتەوە کە ڕادەو ئاســتی سەرکەوتن‌و چۆنییەتی کۆرسەکە تا ئەندازەیەکی زۆر بە خۆیانەوە بەستراوەتەوە. دەکرێ ئەو پرسیارنامانەو وەڵامەکانیانیان تا کۆتایی کۆرسەکە بە دیواری پۆلەکەوە بە هەڵواسراوی بمێننەوە تا قوتابیەکان جارجار بگەڕێنەوە سەریان و خاڵە گرنگەکانیان وەبیر بێنەوە.

## ڕێوشوێنەکانی پێکەوە بوون

ئەگەر قوتابیەکان بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک پێکەوە لە جێگایەک دەمێننەوە واباشە مامۆستا وەختێک دیاری کات تا قوتابیەکان پێکەوە لەگەڵ مامۆســتا لەســەر هەندێک خاڵ‌و ڕێوشوێنی هاوبەش بۆ پێکــەوە بوون‌و ژیانی بە کۆمــەڵ ڕێک کەون. زۆر گرنگە هەموو قوتابیــەکان دوای باس‌و وتووێژو بەشداریی چالاکانە لەسەر ڕێوشوێنە هاوبەشەکان ڕێک کەون. ئاخر کاتێک هەموو بەشداری بکەن، هەمووشیان بەرپرسایەتی بۆ جێبەجێ کردن‌و وەبەرچاوگرتنی ئەو ڕێوشوێنانە دەگرنە ئەستۆ. لەوەش زیاتر ئەگەر یاسا و ڕێوشوێنی ڕوون و زەق و ئاشکرامان بۆ کار و پێکەوە بوون هەبێ، کەمتر کێشەو ناکۆکی و بێ سەرەوبەرەییمان بۆ دێتە پێش. هەروەها پرۆسەی فێربوونیش باشتر دەڕواتە پێش.

قوتابیەکان چەند دەقیقەیەک کاتیان دەدرێتێ تا بیر بکەنەوە. وا باشە دوو دوو پێکەوە لەو بارەوە قســە بکەن . یانی پێکەوە لەســەر ئەوە بدوێن کە پێیان باشە کام یاسا و قانوون‌و ڕێوشوێن بەسەر کلاس‌و چۆنیەتیی کاری جەمعی‌و ژیانی پێکەوەیان دا زاڵ بێ. مەبەســت لەو یاســایانە ئەوەیە کە پرۆسەی دەرس وتنەوەو فێربوون‌و پەروەردە بوون بە باشترین شێوە بڕواتە پێش. پاشان قوتابیەکان هەموویان پێشنیارو ڕوانگەو مەبەستەکانی خۆیان گەڵاڵەو فۆرمۆلە دەکەن‌و دواتر بە شێوەی پلێنۆم لەگەڵ یەکتری باس دەکەن. هەر کات گروپەکە لەســەر یاســایەک، خاڵێک یا ڕێوشــوێنێک ڕێک کەوتن، بە گەورەیی لەســەر تەختە ڕەش یان لەســەر وەرەقەیەکی گەورە دەینووسنەوە. بەم جۆرە ئەو یاســاو ڕێوشوێنانەی پەسند دەکرێن، دەبنە پەیماننامەو بەڵێنن کە جێبەجێ کردنیان بۆ هەموو بەشدارانی کۆرسەکە دەبێتە ئەرک. پاشان وا باشە پەیماننامەکە بەڕوونی بە گەورەیی بنووسرێتەوەو بە دیواری پۆلەکەدا هەڵواسرێ تا قوتابیەکان لەبەرچاویان بێ‌و خاڵەکانی لەبیر نەکەن، گەڵاڵەیەکی پێشنیاری بۆ ئەو ڕێوشوێنانەی کە پێویستە قوتابیەکان لەسەری ڕێکەون.

* ڕێزی یەکتر بگرن.
* لە کاتی دیاریکراودا لەسەر کلاسی ئامادە بن. بەوەخت وەرنە سەر کلاس.

* کاتێک مامۆستا دەرس دەڵێتەوە گوێ بگرنو لەگەڵ یەکتر قسە مەکەن.
* ئەگەر بتەوێ قسە بکەی دەست هەڵبڕە.
* موبیلەکەت بکوژێنەوە.
* قسە لەسەر باسو بابەتەکان دەکەین نەک لەسەر کەسەکان.
* زۆر گرینگە کاری دروست بە شێوەیەکی دروستو لە کاتی گونجاو دا ئەنجام بدەین.
* مافی ئەوەمان هەیە بپرسین. هیچ پرسیارێک عەیب یا بێ مانا نیە؟
* دەشێ لە وەڵامی پرسیارێکدا چەند ئەڵترناتیڤی ڕاست هەبن. واتە تەنیا یەک وەڵامی دروست نیە. ڕەنگە پرسیارێک چەند وەڵامی دروستی هەبن.
* هەمـــوو مافی ئەوەیان هەیە کە لە ڕاهێنانێکدا بەشـــداری نەکەن کە بە شـــێوەیەک لەگەڵ روحیەو ڕوانگەی ئەوان دا نایەتەوە، یان بە جۆرێک حەزیان لێ نیە. لە باسو لێدوان لەسەر بابەتێکی دیاریکراودا بەشداری بکەن.

مەنتـــق و عەقڵی ســـەلیم بەکار بێنە. ئەگەر قوتابیەکان بۆ چەنـــد ڕۆژ پێکەوە بمێننەوە یان لە جێگایەکی هاوبەش بژین تا کۆڕســـەکەیان تەواو دەبێ وا باشە لەسەر هەندێک ڕێوشوێنی دیکەش ڕێککەون وەک:

* هەمـــوو قوتابیەکان پێوســـیتە نانی بەیانی بخۆن و بێنە ســـەر کلاس تـــا ئێنێرژییان هەبێو چالاکانە لە کاروباری دەرسەکان دا بەشدار بکەن.
* زۆر گرنگە موراعاتی وەزعی خەڵکی دیکەش بکەین کە لەو شوێنە دەژین.
* پاش سەعات ١٢ی نیوەشەو پێویستە بێدەنگ بین.

### دابەشبوون بەسەر چەند گروپدا

چۆنیەتیی دابەش کردنی قوتابیەکان بەسەر چەند گروپی تایبەتیدا، شوێنەواری ڕاستەوخۆی لەسەر شـــێوەی فێربوونو چوونە پێشی کلاسەکەو چۆنیەتیی دەرسەکانو بەکۆمەڵایەتی بوونی قوتابیەکان هەیە. جاری وایە قوتابیەکان  بۆخۆیان بەســـەر چەند گروپدا دابەش دەبنو لەو بارەوە پێویستییان بە هاوکاریو ڕێنوێنیی مامۆستا نیە. تەنیا ئەوەندە بەسە کە مامۆستا قەبارەی گروپەکان دیاری بکات تەواوە. بۆ نموونە ئەوە کە گروپێک چەند کەس بێ. جاری واشـــە مامۆســـتا پێویستە بە شارەزاییو تێبینیی وردو تایبەتیەوە قوتابیەکان بەسەر چەند گروپدا دابەش بکات.

بۆ نموونە هەندێک جار وا باشـــترە ئەو قوتابیانەی کە یەکتر ناناســـن پێکەوە ببنە یەک گروپ. جاری واشـــە پێویســـتە مامۆستا ئەو کەســـانە لێک هەڵبڕێ کە بەشـــیوەیەکی سروشتی هەمیشە پێکەوەنو لەگەڵیەکتر کار دەکەن. لەوەش زیاتر پێویســـتە مامۆســـتا نەیەڵێ گروپەکان بەجۆرێک دابەش بن کە هەرچی زیرەکەکانن بچنە گروپێکەوەو ئەوانی کەمتر زیرەکیشـــن، یان لاوازن بچنە

گروپێکەوە.

ئەگەر نەتوانین قوتابیەکان بە چەشنێکی دروستو حیسابی ڕێک خەین گیروگرفتی زۆرمان بۆ دێتە پێش. ئەزموونەکان ئەوە نیشان دەدەن کە قوتابیەکان پێیان خۆشە لەگەڵ کەسانی جۆراوجۆر کار بکەن تا ئەوەی کە هەمیشە هەر لەگەڵ یەک یان چەند کەسی دیاریکراو دا کاری گروپی بەڕێوە بەرن.

## ٢+٢=٤

شێوەیەکی زۆر سادە بۆ دروست کردنی گروپ ئەوەیە کە داوا لە قوتابیەکان بکەی لەگەڵ ئەو کەسەی لای دەستیانەوە پێکەوە ببنە گروپێک. واتە دو کەسی نزیک یەک دەبنە جووتێکو ئەو جار دوو کەسەکەی دیکەی هاوسێشیان لەگەڵیان ڕێک دەکەونو بەم جۆرە دەبنە گروپێکی چوار کەسی. ئەو جۆرە دابەش بوونە زۆر خێرا جێبەجێ دەبێ. بەتایبەتی ئەو مێتۆدە زۆر باشە ئەگەر قوتابیەکان پێشتر یەکتر نەناسن یان ئاشنایەتیان لەگەڵ یەکتر نەبێ.

## ١،٢،٣،٤،٥ -١،٢،٣،٤،٥ -١،٢،٣،٤،٥

زۆر جار وایە کە ئەوانەی یەکتر دەناسن، لە نزیکی یەکترەوە دادەنیشن. بۆیە پێویستە جارجار مامۆستا بەجۆرێک قوتابیەکان دابەش بکا کە ئەوانەی زۆرتر پێکەوەن، هەمیشە نەکەونە لای یەک. دەکرێ ئەو کارە بەجۆرێک ئەنجام بدرێ کە وەک شتێکی سوتفە تەماشا بکرێ. واتە قوتابیەکان نەزانن کە ئەوە بەپێی بەرنامەی لەپێشدا داڕێژراو ئەو دابەش بوونە هاتۆتە ئاراوە. لە حاڵێکی ئاوادا ئەوانەی کە زۆر لەگەڵ یەکتر ئاشنا نین، بە شێوەیەکی زۆر چاک کار پێکەوە دەکەنو دەبنە گروپێک. ئەو جۆرە دابەش کردنە بەم جۆرەی خوارەوەیە:

یەکەم کەسی ڕیزەکە واتە یەکەم کەس کە لە لای پێشەوەی ناڵەئەسپەکە دانیشتوە هاوار دەکا١، دووهەم کەس کە لە دوای ئەو دێ هاوار دەکا ٢، سێهەم کەس هاوار دەکا ٣. ئیتر بەم جۆرە دەڕواتە پێش تا ئەو جێیەی کە مامۆستا پێی وایە بەسە. بۆ نموونە ٥. کاتێک کەسی ژمارە ٥ هاواری کرد ٥، ئەوی دوای ئەو ژمارەی ١ دەڵێ. کەسی دوای ئەو ژمارە ٢ و دواتریش ژمارە ٣و بەم جۆرە پرۆسەکە دەڕواتە پێش. پاشان کە هەموو قوتابیەکان تەواو بوون، مامۆستا داوایان لێ دەکا کە قوتابیەکان بەگوێرەی ئەو ژمارانەی کە بۆیان بووە، بەسەر گروپی جۆراوجۆردا بەش بنو لێک کۆبنەوە. واتە ژمارە یەکەکان لەگەڵ یەکترو ژمارە دوەکان لەگەڵ یەکترو ژمارە سێیەکان لەگەڵ یەکترو هتد... پێکەوە ڕێککەون. ئەم شێوەیە میتۆدێکی سەرکەوتوویەو هەموو قوتابیەکان بەجۆرێکی زۆر باش لێک دەداو لەگەڵ یەکتریان تێکەڵاو دەکا.

دیارە ڕێگای دیکەش زۆرن بۆ دابەشکردنی قوتابیەکان بەسەر گروپی جۆراوجۆردا. وەک ئەوەی

کە لەســـەر پارچە کاغەزێک ژمارەی گروپە جۆراوجۆرەکان بنووسین و پاشان قوتابیەکان بەگوێرەی ئەو گروپانە دابەش بکەین. جاری واشـــە مامۆســـتا پێویستە ســـتراتێژیی دیکەی بۆ دابەش کردنی قوتابیەکان هەبێ. بۆ نموونە ئەوە کە هەر گروپە چەند ژن یان پیاوی تێدا بن، چەند کەسی خەڵکی شارێکی تێدا بن، چەند کەسی سەر بە قوتابخانەیەکی تێدابن، یان چەند کەسی تێدابن کە بەیەک زمانی هاوبەش قسە بکەن.

## چەند ڕاهێنان‌و چالاکی دیکە بۆ قسەو باس پێکەوە کردن‌و هاندانی قوتابیان تا بتوانن لەسەر بابەتەکان پێکەوە وتوویژ بکەن.

### یادداشتەکانی ڕۆژانە

کاتێک کۆرسەکە چەند ڕۆژ دەخایەنێ‌و قوتابیەکان بۆ ماوەیەک پێکەوە دەمێننەوە، وا باشە مامۆستا داوایان لێ بکا کە ڕۆژانە یادداشت هەڵبگرن‌و لە دەفتەرێکدا یادداشتەکانیان سەبارەت بە چۆنیەتیی گوزەران‌و فێربوون‌و ئەو مەسەلانی تر کە پیوەندییان بە کۆرسەکەوە هەیە تۆمار بکەن.

چی فێر بوون؟ کام ئەزموونی تازەیان وەدەســـت هێناوە؟ هاوڕێ تازەکانیان؟ چ شتێک بۆ ئەوان گرینگە؟ و بابەتی دیکەی لەم چەشنە.

دەبێ بگوترێ کە پێویســـتە مامۆســـتا بە قوتابیەکان بڵێ کە دەفتەری یادداشـــتەکانی ڕۆژانە، شـــتێکی تەواو شەخسی‌و تایبەتەو کەس حەقی نیە بێ ئیزنی خاوەنەکەی بیخوێنێتەوە. دەکرێ لە کۆتایی کلاسەکەدا وەک ســـەرچاوەیەکی زانیاری بۆ هەڵسەنگاندنی کۆرسەکەو چۆنیەتییەکەی لەو دەفتەرانە کەڵک وەرگرین کە قوتابیەکان یادداشتەکانی خۆیانیان تێدا تۆمار کردوون.

### ڕۆژنامەی دیواری

لە ســـەرەتای دەست پێکردنی کۆرسەکەدا مامۆستا وا باشـــە وەرەقەیەکی گەورە بە دیواری ژووری پۆلەکەوە هەڵواســـێ‌و داوا لە قوتابیەکان بکا کە شـــتی تێدا بنووســـن. وەک شیعر، وێنە، پەخشان، قســـەی نەستەق، گاڵتەوگەپ. لەو ڕێگایەوە قوتابیەکان دەتوانن هەستەکانی خۆیان دەربڕن‌و لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ مامۆستا پیوەندی بگرن‌و کۆمیونیکاسیۆن بکەن.

### قاوەخانەی دیالۆگ

کاتێک هەست دەکرێ کە پێویستە مەسەلەیەک لە گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە قسەی لەسەر بکرێ، لەو مێتۆدە کەڵک وەردەگرین. مامۆســـتا قوتابیەکان بەســـەر چەند گروپی بچکۆڵەدا دابەش دەکا و داوایان لێ دەکا هەر گروپە لە دەوری مێزێک دانیشـــن وەک ئەوەی کە چۆن خەڵک لە قاوەخانە، پێکەوە دادەنیشـــن. هەر گروپە لایەنێکی بابەتەکە دەخەنە بەر باس‌و لێکۆڵینەوەو قســـەی لەســـەر

دەکەن. دەبێ لەپێشـــدا مامۆستا ئەوە ڕوون کاتەوە کە قوتابیەکان لەسەر چ بابەتێک قسە دەکەنو هەر گروپە کام لایەنی مەسەلەکە لێک دەداتەوە.

شـــایانی باســـە کە قاوەچی، بەهیـــچ جۆر ئەو میزە بەجـــێ نایەڵێ کە بـــۆی دیاریکراوە. بەڵام قوتابیەکانی دیکەی گروپەکە پاش پێنج خولەک قســـە کردن، هەڵدەســـتن و دەچنە لای یەکێکی دیکە لە گروپەکانو نەزەرو ڕوانگەی خۆشـــیان سەبارەت بەو لایەنەی مەسەلەکە دەر دەبڕن کە ئەو گروپە کاری لەســـەر دەکا. بەم جۆرە هەر کام لە قوتابیەکان چەند جار جێگای خۆی بەجێ دێڵێو لە هەموو گروپەکان دا بەشداری دەکات.

ئەو کەسە کە وەک قاوەچی دەمێنێتەوە لەسەریەتی نەزەرو باسو ڕوانگەکانی هەموو بەشدارەکانی گروپەکەی خۆی کۆ کاتەوەو فۆرمۆلەیان بکاتو وەک ڕێگاچارەیەک بۆ چارەســـەری کێشـــەکە یان گیروگرفتەکە پێشکەشـــی هەموو کلاســـەکە واتە قوتابیەکانی بکات. بەم جـــۆرە هەموو قوتابیەکان لە چارەســـەری کێشەکەدا بەشدارییانکردوە. شایانی باســـە کە ئاکامی کاری گروپەکان لە پلێنۆمدا پێشکەش دەکرێ.

کافە دیالۆگ شێوازێکی زۆر باشە بۆ ڕێکخستنی کارەکانو بەشداری پێکردنی هەموو قوتابیەکان لە چارەســـەریو دۆزینەوەی ئەڵترناتیڤەکاندا. بەم جۆرە قوتابیەکان خەلاقییەت لە خۆیان نیشـــان دەدە نو ڕوانگـــەو بۆچوونی جۆراوجۆری تازە دێننە بەرباس. ماوەی ئەم ڕاهێنانە بەســـتراوەتەوە بە چۆنیەتیی ئیدارە کردنی مامۆستاوە. وا باشە مامۆستا زۆر وریا بێ و نەیەڵێ قوتابیەکان وەخت بەفیڕۆ بدەنو لە چوارچیوەی بابەتەکە بڕۆنە دەرەوە.

پێویســـتە مێزەکانی قاوەخانەکەش کەمێک لێک دوور بن تا گروپەکان بتوانن بە ئارامی و دوور لە موزاحەمەتی یەکتر کارەکەیان بەڕێوە بەرن.

میکرۆفۆن بۆ پێشگیری کردن لە وەخت بەفیڕۆدان و موزاحەمەت دروست کردن بۆ کەسانی تر

لـــە کاتی وانە گوتنەوە لە هەر پۆلێکدا واباوە کـــە هەر کام لە قوتابیان بەقەدیەک وەختیان بۆ بـــاسو هێنانە گۆڕی نەزەرەکانیان هەبێ. کە چی هەمیشـــە وا نیـــە. هەندێک کەس ئەو قاعیدەیە وەبەرچاو ناگرنو زۆر لە ئەندازەی خۆیان زیاتر قسە دەکەن. لەو حاڵەتانەدا وا باشە مامۆستا لەگەڵ قوتابیەکان پێکەوە بڕیار بدەن کە پێویستە قوتابیەکان پێکەوە بڕیار بدەن کە پێویستە ئەوان لە کاتی قســـە کردندا چەندە لە میکرۆفۆن کەڵک وەرگرن. ئەگەر میکرۆفۆنی ڕاســـتەقینەش لەبەر دەست دا نەبوو، قوتابیەکان دەکرێ شـــتێکی تر لە ســـەر فۆرمی میکرۆفۆن بە دەســـتەوە بگرن، بۆ نموونە کاغەزێکی لوولدراو، ئینجا قســـەکانیان بکەن. پاش ئەوەی کە ئەو چەند خولەکەی کە بۆیان دیاری کراوە قســـەیان کرد، میکرۆفۆنەکەیان لێ وەردەگیرێتەوەو دەدرێتە کەســـێکی تر. بەم جۆرە ڕێگا لە بەفیڕۆدانی وەخت دەگیرێ.

ئەگەر دەرکەوت کە وەخت زۆر کەمەو کەسانی واش هەن کاتی خۆیان وەبەرچاو ناگرنو وەختی

زۆرتـــر بەکار دێنن، دەکرێ لەو تکنۆلۆژیانە کەڵک وەرگرین کە کاتەکان دیاری دەکەن‌و پاش تەواو بوونـــی کاتی دیاریکراو، زەنگ لێ دەدەن یان بە جۆرێک ئاگادارمان دەکەنەوە کە وەختەوەکە تەواو بووە. مەبەست لەو کارە ئەوەیە کە بە باشترین شێوە لە کات کەڵک وەرگرین‌و هەندێک ڕێوشوێن‌و پرەنســیپ بۆ ئەو مەبەســتە دیاری بکرێن. بەم جۆرە هەموو قوتابیـــەکان وەک یەک کاتیان وەبەر دەکەوێ‌و لە ئاکام دا دەتوانن ڕوانگەکانی خۆیان بە باشـــترین شـــێوە فۆرمۆلە بکەن و فێریش دەبن لە وەخت بە شێوەیەکی دروست کەڵک وەرگرن.

## پڕکردنەوەو شارژ کردنەوەی باتری

ئەو جۆرە ڕاهێنانانە زیندوو، فیزیکی‌و شادی بەخشن‌و کاتێکی زۆر کەمیش دەگرن. ڕاهێنانێکی لەو جۆرە نابێ لە دە خولەک زیاتر بگرێ. ئەو ڕاهێنانانە زۆرتر وەک پشـــوویەک لە نێوان دەرســـەکان‌دا بەکار دەبرێن. مەبەست ئەوەیە کە قوتابیەکان بێنەوە سەرەخۆ و وزە وەرگرنەوەو وەڕەز نەبن. لەوەش زیاتر دەبێ بزانین کە ئەو ڕاهێنانانە، کەشـــێکی ئەرێنی لە کلاســـەکەدا پێک دەهێنن‌و بەشـــدارانی کلاســـەکە لێکتر نزیک دەکەنەوەو هەســـتی هاوپۆلی‌و دۆســـتایەتی‌و ڕەفیقایەتی لە نێوان ئەوان دا دروست دەکەن. بەو حاڵەش دەبێ وریا بین‌و بە پێخۆر کەڵکیان لێوەرگرین. ئەگەر بە ڕادەیەکی زۆر لەو جۆرە ڕاهێنانانە کەڵک وەرگرین بایەخی خۆیان لەدەست دەدەن‌و وەک بەفیڕۆدانی وەخت دێنە حیســـاب. لەوەش زیاتر قوتابیەکان وای لێک دەدەنەوە کە کلاســـەکە، یان کۆرسەکە جیددی نیەو زۆرتر وەک جۆرێک لە یاری کردن دێتە بەر چاو.

لەو جۆرە ڕاهێنانانە کەڵک وەردەگرین تا :

* ڕۆژەکەمان بە شێوەیەکی خۆش و سەری حاڵ و دروست دەست پێبکەین.
* قوتابیەکان لەگەڵ یەکتر ئاشنا بکەین‌و دەرفەت بۆ بەکۆمەڵایەتی بوونیان بخولقێنین.
* پـــاش ماوەیەک دەرس وتنەوەو کاری تیئۆریک، پشـــوویەک بدەین تا قوتابیەکان ماندوویان بحەسێتەوە.
* لەو ڕێگایەوە دەرسێک، بابەتێک باشتر ڕوون کەینەوە یان گیروگرفتێک چارەسەر کەین.

## سڵاو لێک کردن

ئەم ڕاهێنانە بۆ تواندنەوەی سەهۆڵی نێوان قوتابیەکان کەڵکی لێوەردەگیرێ. لە کاتێکدا کە قوتابیەکان لەگەڵ یەک ئاشنا نین‌و یەکتر ناناسن، لەو ڕاهێنانە بۆ ئاشنا بوونیان لەگەڵ یەکتر لەم مێتۆدە کەڵک وەردەگرین. ڕاهێنانەکە بریتیە لەوەی کە بە شـــێوەی جۆراوجۆر قوتابیەکان سڵاو لە یەکتر دەکەن. دەزانین کە خەڵکی شوێنە جۆراوجۆرەکان دنیا بە شێوەی جیاجیا سڵاو لە یەکتر دەکەن. ئەوەش بۆ

ئەو جیاوازی‌یە کولتووری‌و فەرهەنگی‌یانە دەگەڕێتەوە کە لە نێوان خەڵکی ناوچەکانی دنیادا هەیە.

مامۆستا چەند کۆپیەک لەو جەدوەلەی سەرەوە ئامادە دەکات. پاشان بە مەقەسەت دەیانبڕێت و پارچە کاغەزەکان دەخاتە قاپێکەوە. بە جۆرێک کە هەر قوتابیەی سڵاوێکی بەر کەوێ واتە پارچە وەرەقەیەکی بدرێتێ. دواتر مامۆستا داوا لە قوتابیەکان دەکا کە هەر کام لەوان بێن‌و پارچە وەرەقەی خۆیان هەڵگرن‌و بە شیوەی بازنەیی لە دەوری یەکتر ڕاوەستن.

ڕاهێنانەکە بەو جۆرە دەڕواتە پێش کە قوتابیەکان بەو شێوەی کە لە کاغەزەکەدا نووسراوە، سڵاو لە هاوڕێکانیان دەکەن. هەر قوتابیەی جارێک بە نۆرە.

- سڵاو بکە بە جۆرێک کە سێ کەڕەت هەر دوو ڕوومەتی ئەو کەسە ماچ کەی کە دەتەوێ سڵای لێ بکەی.

- سڵاو بکە بە جۆرێک کە دوو کەڕەت هەر دوو ڕوومەتی ئەو کەسە ماچ کەی کە دەتەوێ سڵاوی لێ بکەی.

- بە جۆرێک سڵاو بکە کە ژن‌و پیاو سڵاو لێک دەکەن بێ ئەوەی دەستیان بەر یەک بکەوێ.

- بە جۆرێک سڵاو بکە کە چوار جار هەر دوو ڕومەتی ئەو کەسە ماچ کەی کە دەتەوێ سڵاوی لێ بکەی.

- دەستەکانت پێکەوەنێ‌و بە شێوەی پاڕانەوە لە بەرامبەر ئەو کەسەدا راوەستە کە دەتەوەێ سڵاوی لێ بکەی‌و بەرەولای بچەمێوە.

- بە کەپۆ یان لووت سڵاو بکە.

- زۆر بە گەرمی‌و لە ڕێگای باوەش لیدان‌و لە ئامێزگرتنی بەرامبەرەکەتەوە سڵاو بکە.

- لە ڕیگای تەوقەیەکی توندو گەرم سڵاو بکە،

- لە ڕێگای ڕاوەستانی تۆزێک دور لە بەرامبەرەکەت‌و تەوقەیەکی ئاساییەوە سڵاو بکە.

هەر قوتابیەک پیویستە ناوی خۆی بڵێ‌و بڕواتە پێش بۆ سڵاو کردن بەو جۆرەی کە بۆی دیاری کراوە لەو کەسەی کە دەبێ سڵاوی لێ بکات. واتە لە بەرامبەرەکەی.

پاش ئەوەی قوتابیەکان هەموو بە نۆرەی خۆیان سڵاویان کرد، لەسەر شکڵی ناڵە ئەسپ لە دەوری یەکتر کۆ دەبنەوە. پاشان مامۆستاش ئەم پرسیارانە دێنێتە گۆڕێ.

* ئەم ڕاهێنانانە چیمان پێشان دەدا؟ (جیاوازیە فەرهەنگی‌یەکان)

* هەندێک لەو شێوەی سڵاو کردنانە تایبەتی هەندێک وڵاتی تایبەتیە. ئایا دەتوانن دەست نیشانی ئەو وڵاتانە بکەن کە خەڵکەکەیان بەو جۆرە سڵاو دەکەن؟ وا باشە ئەو کەسانەی کە خۆیان بەو جۆرە سڵاویان کردوە لە پێشدا نەزەری خۆیان دەربڕن واتە باشترە ئەوان لە پێشدا وەڵامی پرسیارەکە بدەنەوە.

- ســـڵاو بکە بە جۆرێک کە سێ کەڕەت هەر دوو ڕوومەتی بەرامبەرەکەت ماچ کەی. ( بلژیک، هولەن، سێربستان)

- سڵاو بکە بە جۆرێک کە دوو کەڕەت هەر دوو ڕوومەتی بەرامبەرەکت ماچ بکەی (پورتوگالی، ئیسپانیا، بۆسنیا، کرۆاتیا)

ـ ســـڵاو بکـــە بە جۆرێک کە چوار کەڕەت هـــەر دوو ڕوومەتەکانـــی بەرامبەرەکەت ماچ کەی. (فەرانسە).

- بە جۆرێک ســـڵاو بکە کە ژنو پیاو سڵاو لێک دەکەن بێ ئەوەی دەستیان بەر یەک بکەوێ. (سومالی)

- بە جۆرێک سڵاو بکە کە دەستەکانت بخەیتە سەر یەک و بەرامبەر بە بەرامبەرەکەت بچەمێوە. (ژاپۆن)

- بە لووت سڵاو بکە (ئەسکیموکان)

- سڵاو کردن بە شکڵی باوەشێکی گەرمووو گەورە لە یەکتری دان. (ئاڵمانی، نۆروێژی)

- ســـڵاو کردن بە شـــێوەی تەوقەیەکی ئاســـاییو نیو میتر دوور راوەســـتان لە برامبەرەکەت (ئینگلیستان)

پاشـــان قوتابیەکان لە شـــێوەی پلێنـــۆم دا لە دەوری یەکتـــر کۆ دەبنەوەو لەســـەر ئەو جۆرە جیاوازی‌یە فەرهەنگی‌یانە پێکەوە قســـە دەکەن. بۆ نموونە لەســـەر ئەو مەبەستانە پرسیار دەکەنو وەڵام وەردەگرنەوە:

- تا چ ڕادەیەک ئەو جۆرە سڵاو کردنانە گشتی دێنە بەرچاو؟ ئایا هەموو ئەسکیموکان بەو جۆرە سڵاو دەکەن؟

- ئایا هەموو ئاڵمانیەکان بە توندی لە کاتی سڵاودا دەست دەگوشن؟

- کام جۆرە سڵاو کردن لە ڕوانگەی تۆوە زۆر خۆشە؟ کامیان خۆش نیە؟

- ئایا وا هەبووە کە بە شیوەیەکی نادروست سڵاوت لە کەسێک کردبێ؟

وا باشـــە مامۆســـتا بەوردی لەو بارەوە قسە بۆ قوتابیەکان بکاو ئەوە ڕوون کاتەوە کە هەمیشە وا نیە هەموو ئەوانەی لە وڵاتێکدا یان لە کولتوورێکدا دەژین وەک یەک ســـڵاو بکەن یان یەک جۆرە ڕەفتاریان هەبێ.

## شەست خولەک بەرانبەرە لەگەڵ یەک کاتژمێر

هەمیشە باس لە گرینگیو بایەخی کات دەکەین. زۆر لە سەر زاراوەی کات قسە دەکرێ. بەڵام داخوا مەبەست لەو قسەیە چیە کە دەگوترێ وەخت گرنگ و پڕبایەخە؟

هەموو قوتابیەکان لەسەر کورسیەکانی خۆیان دادەنیشنو مامۆستاش ئەم داخوازیانەیان لێ دەکا:

١ـ قوتابییان ســەعاتەکانی خۆیان لە زووترین کاتدا لە دەســت دەردێنن، یان موبیلەکەیان لە گیرفان دەردێنن‌و دەیخەنە لاوە.

٢ـ هەموویان هەڵدەســتنە سەر پێ‌و چاوەکانیان دەنووقێنن. گرنگ ئەوەیە قوتابیەکان لە ماوەی دیاریکراودا ئەو کارە ئەنجام بدەن. بۆ نموونە لەو ماوەدا کە ماۆســتا دەڵێ یەک، دوو، سێ، واتە لەو ماوەیەدا قوتابیەکە دەبێ هەستابێتە سەر پێ‌و چاوی نوقاندبێ.

پاشان قوتابیەکان لەبەر خۆیانەوە تا شەست چرکە دەژمێرن‌و هەرکات زانیان شەست چرکەکەیان ژماردوە لەسەر کورسیەکانیان دادەنیشنەوە.

٣ـ پاش ئەوەی دانیشتنەوە لەسەر جێگاکانی خۆیان، ئەو جار چارەکانیان دەکەنەوە. شایانی باسە کە پێویستە قوتابیەکان لە کاتی بەڕێوەبردنی ڕاهێنانەکەدا ، تەواو بێدەنگ بن‌و بێدەنگی بپارێزن.

مەبەســت لەو ڕاهێنانە ئەوەیە کە قوتابیەکان بۆیان دەرکەوێ کە ئێمە مرۆڤەکان تێگەیشــتنی جیاوازمــان لە وەخــت هەیە. حاڵی بوون و دەرکمان لە تێپەڕینی کات وەک یەک نیە. تەنانەت کە ئەگەر ئێمە خاوەنی یەک پاشــخانی فەرهەنگی‌و کولتووریش بین، تێگەیشتنی جیاوازمان لە کات‌و زەمان هەیە.

## جێگای تایبەت لە نێو ڕیزدا

مەبەست لەو ڕاهێنانە ئەوەیە کە شوێن‌و مەوقعییەتی مرۆڤ لە نێو هاواڵ‌و هاوکارانی‌دا ڕوون کاتەوە. بابەتەکە پێوەندیی بە هاوکاری‌و هاوسۆزی‌یەوە هەیە.

قوتابیەکان بەڕیز لەدوای یەکتر رادەوەســتن. مامۆســتا دیاریی دەکات کە کێ لە دوای کێ لە ڕیزەکەدا ڕاوەســتێ. بۆ نموونە دەکرێ بەگوێرەی باڵابەرزیی قوتابیەکان ڕیزەکان دیاری بکرێن. واتە ئەوانــەی باڵابەرزن لە ڕیزێکدا بن‌و ئەوانەش کەمتــر باڵابەرزن لە ڕیزێک دابن. یان دەکرێ تەمەن بکرێتە معیارو پێوانە. یان ژمارەی پێڵاو. لە کاتی ڕاهێنانەکەدا قوتابیەکان بۆیان نیە شــت بنووسن. هەرکات گروپەکان تەواو دەبن‌و ڕیزی خۆیان جیا کردەوە، پێویســتە مامۆستا نەتیجەکان کۆنترۆڵ بکات تا بزانێ کە داخوا ڕاســتە یان نا؟ پاشــان قوتابیەکان دەتوانن ڕادەی هاوکاری کردنی خۆیان لەگەڵ یەکتر ڕوون کەنەوەو لەو بارەوە قســە بکەن. بۆ نموونە باس لەوە بکەن کە کەی زەحمەت بوو کە ڕیزەکان پێکەوە دروست کەن؟ بۆچی؟ ئایا گروپەکان پێویتسیان بە ڕێبەرێک بوو بۆ ئەوەی هاوئاهەنگیان لەنێودا پێک بێنێ؟ ئایا قوتابیەکان پێویستیان بە ڕێبەرێک بوو کە هاوئاهەنگیان بکا؟ ئایا بەبێ قسە کردن پێکەوە دەکرێ پێکەوە هاوکاری بکەین؟ چی لەو ڕاهێنانە فێبووین؟

## با هەڵی کردوە

هەموو قوتابیەکان بە شــکڵی بازنەیەک لەســەر کورسی لە دەوری یەکتر دادەنیشن. یەکێک لەوان

لە نێوەڕاستی بازنەکەدا ڕادەوەستێ. هەر کات ئەو کەسەی کە لە نێوەڕاستی بازنەکە دایە وتی با هەڵدەکا بۆ ئەو کەسانەی کە بۆ نموونە پێڵاوی فووتباڵیان لە پێ دایە، پێویستە هەموو ئەوانەی پێڵاوی فوتباڵیان لە پێ دایە هەڵسنەسەر پێ‌و بگەڕێن‌و کورسیەکی خاڵی بدۆزنەوەو لەسەری دانیشن. ئەو کەسەی ناتوانێ کورسی بەتاڵ بدۆزێتەوەو لەسەری دانیشێ، دەبێ بچێتە نێوەڕاستی بازنەکەو هاوار کا ئێستا با بۆ ئەو کەسانە هەڵدەکا کە بۆ نموونە گوارەیان لەگوێ دایە، قایشی پانتۆڵەکەیان یان شاڵوارەکەیان فلانە جۆرە، پێڵاویان فلانە ڕەنگە، عەینەکیان لە چاو دایەو هتە.

بەم جۆرە ڕاهێنانەکە دەڕواتە پێش‌و قوتابیەکان کاتێکی خۆش لەگەڵ یەکتردا دەبەنە سەر.

## دەست لە شانی یەکتر دان

هەموو قوتابیەکان بە شێوەی بازنەیی لە دەوری یەک ڕادەوەستن‌و ڕوو لە لای نێوەڕاستی بازنەکە دەکەن. یەکێک لە قوتابیەکان لە دەرەوەی بازنەکە لە پشتەوە دەوەستێ. ئەو قوتابیەی لە دەرەوەی لای پشتی ئەوانی تر وەستاوە کاری ئەوە دەبێ کە دەست لە شانی یەکێک لەو قوتابیانە بدات کە لە نێو ڕیزەکە دا ڕاوەستاوە. ئەو کەسەی دەست لە شانی دەدرێ دەبێ هەرچی زووتر لە ڕیزەکە بێتە دەرەوەو بە دەوری بازنەکەدا بخولێتەوەو هەر چی زووتریش بگەڕێتەوە سەر شوێنی خۆی. ئەوەی کە دەستیشی لە شانی ئەو داوە ئەویش بە پێچەوانەی کەسەکەی دیکە کاتێک لە نیوەی ڕێگا دەگەنە یەک ڕادەوەستن‌و سڵاوێک لە یەکتر دەکەن‌و ناوی یەکتر دەڵێن. ئەگەر سڵاویان لێک کردو ناوی یەکتریان گوت، دەتوانن درێژە بە ڕاکردنەکەیان بە دەوری بازنەکەدا بدەن. ئەو کەسەی کە ئاخر کەس دەگاتێ‌و جێگایەکی لە نێو ڕێزەکەدا بۆ نەماوە دەچێتە دەرەوەو لە پشتەوەڕا یەکێک لە قوتابیەکانی نێو ڕیزەکە دیاری دەکات و دەستێکی لە شانی دەدا. بەم جۆرە یاریەکە دەڕواتە پێش.

## خانوو، ماڵ یان بوومەلەزرە

قوتابیەکان لە نێو گۆڕکی ژوورەکە ڕادەوەستن. دەبنە چەند گرووپی سێ نەفەری. دوو کەس لە قوتابیەکان دەستی یەکتر دەگرن‌و پاشان دەستەکانیان بەرز دەکەنەوە بە جۆرێک کە وەک ئەوەی کە خانوویەک دروست بکەن. کەسی سێهەم لە گروپەکەدا دەچێتە ژێرە خانووەکە بەجۆرێک کە دەستی دوو کەسەکانی دیکە لەسەر سەری دەبن. واتە دەچێتە بن دەستەکانی دوو کەسەکەی دیکە کە خانوویان بۆ بە دەستەکانیان دروست کردوە. وردە وردە ئەو دوو کەسە دەستەکانیان نەوی دەکەن بە جۆرێک کە بتوانن چاک ئەو کەسە بپارێزن کە لە نێو خانووەکە دایە. بەو جۆرە چەندین و چەندان لەو خانووانە دروست دەکەن. سەرەنجام یەکێک لە بەشداربووەکان بە تەنیا لە نێو ژوورەکەدا دەمێنێتەوە کە ژمارەیەکی بەرچاوی خانووی بە دەوروبەرەوە هەن. ئێستا ئەرکی

ئەو کەســـە ئەوەیە کە هاوار بکات "خانوو" "مرۆڤ" یان "بوومەلەرزە". ئەگەر هاوار بکات "خانوو"، ئەوانەی کە خانووەکانیان بە دەستەکانیان دروست کردوون، دەستەکانیان هەر پێکەوە دەبن، بەڵام بەرەبەرە دەســـتەکانیان بەرز دەکەنەوەو ئەو کەســـە جێ دێڵن کە لە خانووەکە دایەو کەسێکیتر دەدۆزنەوە تا پارێزگاریی لێ بکەن. هەر کاتێکی ناوبراو هاواری کرد مرۆڤ، ئەوە ئەو کەســـانەی لە ژێر خانوەکان دان، وردە وردە دێنە دەرو تێدەکۆشن خانوویەکی تر بۆخۆیان بدۆزنەوە. ئەگەر ناوبراو هاواربکات بوومەلەرزە، ئەوە هەموو خانوەکان تێک دەڕووخێنو بەشـــداربوەکان تێدەکۆشن خانووی تازە هەر بەو جۆرە دروست بکەنو کەسانی تازەش بۆ دانیشتن لە خانوەکانیاندا بدۆزنەوە. ئەو جار ئەو کەسەی کە پێشتر لە نێو چەقی بازنەکەدا دانیشتبوو دێتە دەرو دەبێتە یەکێک لەو قوتابیانەی کە لە ڕیزەکەدا ڕادەوەســـتن. پاشـــان تێدەکۆشـــێ جێگایەک بۆخۆی وەک مرۆڤ یان وەک خانوو بدۆزێتەوە. ئێســـتا ئەو قوتابیەی کە ئاخر کـــەس دەمێنێتەوەو جێگای نیە ببێت خانوو یان مرۆڤ، دەچێتە نێوەڕاســـتی بازنەکەو بەو شیوەی پێشـــی هاوار دەکات "خانوو" مرۆڤ" یان "بوومەلەرزە". یاریەکە بەو شێوەیە دەڕواتە پێش. ئەم ڕاهێنانە کاتێکی زۆرتری دەوێ تا قوتابیەکان حاڵی دەبنو فێـــر دەبن کە دەبێ چ بکەن. بەڵام ئەگەر حاڵی بوونو فێربوون چۆن یاریەکە بەرنە پێش، زۆریان پێ خۆش دەبێ.

## دایکو منداڵ، فیلو دارخورما

لەو ڕاهێنانەدا قوتابیەکان فیگۆڕی جۆراوجۆر دەگرن. هەموو بەشـــداربووەکانی کۆرسەکە بە شێوەی بازنە لە دەوری یەکتر ڕادەوەستنو ڕوو دەکەنە کەسێک کە لە نێوەڕاستی بازنەکە دایە و هاوار دەکا دایکو منداڵ یان فیلو دارخورما و لە هەمان کاتیشدا ئیشـــارە دەداتە یەکێک لە بەشداربووەکانی نێو ڕیزەکە کە لە دەوری وەســـتاون. ئەو کەســـەی کە ئیشـــارەی پێکراوە، لەگەڵ دوو کەســـە لە هاوســـێکانی خۆی تێدەکۆشن فیگۆڕێک دروست کەن. ئەگەر نەتوانن لەو ماوەیەدا کە ئەو کەسەی لەنێوەڕاستی بازنەکە دایە تا دە دەژمێرێ ئەوان فیگۆرەکە دروست کەن، ئەو کەسەی کە دەکەوێتە نێوەڕاستی سێ کەسەکە، دەبێ بچێتە نێو بازنەو داوا لە یەکێکی تر بکات واتە ئیشارە بە کەسێکی تازە بکات تا فیگۆرەکە لەگەڵ هاوسێکانی خۆی دروست بکا.

پێش ئەوەی یاریەکە دەســـت پێ بکا وا باشـــە مامۆستا ئەوە بۆ قوتابیەکان ڕون کاتەوە کە چۆن فیگۆرەکان دروســـت دەکرێن. ئـــەوە دەتوانێ ئەو فیگورە جۆراوجۆرانە لەبـــەر چاوی قوتابیەکان بە بەشـــداریی سێ قوتابی دروســـت بکات، تا ئەوانیش لێی فێر بن. هەر کات قوتابیەکان فێر بوون کە خێرا و بێهەڵە فیگۆرەکان دروســـت کەن، وا باشـــە ڕاهێنانەکە دەست پێ بکا. ئەگەر ئەو فیگورانە تەواو بوون، دەکرێ مامۆســـتا داوا بکات کە فیگۆری دیکە دروســـت کەن بـــو نموونە دووچەرخە، ماتۆرسیکل، قەتار، فڕۆکە، ماشێن و هتد.

## فیگوری دایکو منداڵ

ئەو کەسە کە ئیشارەی پێ دەکرێ ئەو فیگورە دروست کات، شکڵی دایکێک نیشان دەدا کە خەریکی چێشت لێنانە و کەوچک لە مەنجەڵ وەردەدا. دەکرێ بەدەستێکی شکڵی مەنجەڵ بکێشێتەوەو دەستەکەی تریشی بکاتە کەوچک لە مەنجەڵەکەی وەربدا. قوتابیەکەی تەنیشتیشی دەکرێ لەسەر چۆک دانیشێو قامکی بمژێو بەو جۆرە شکڵی منداڵەکە نمایش بکا کە لە لای دایکیەوە دانیشتوە.

## فیگوری فیل

ئەو کەسەی ئەو فیگورە دەکێشێتەوە بە دەستێکی لووتی فیلەکە لەسەر ڕووخساری خۆی دروست دەکا و بەرزی و نزمی پێ دەکا. دوو قوتابیە هاوسێکەشی بەدەستەکانیان گوێکانی فیلەکە دروست دەکەنو لەلای چەپو ڕاستی سەری فیلەکەوە ڕایاندەگرن.

## دارخورما

ئەو کەسەی ئەو فیگورە دروست دەکا بە هەر دوو دەستی تێدەکۆشێ شکڵی دارخورمایەک نیشان بدات. دوو هاوڕێکەشی هەوڵ دەدەن لە هەر دوو لای دارخورماکەوە دەستەکانیان بە جۆرێک ئاراستە بکەن کە گەڵای چەماوەی دارخورماکە پێشانی قوتابیەکان بدەن.

## ڕاهێنانی فیگورەکان

بەشداربووەکان دوو بازنە دروست دەکەن. یەک لەنێو ئەوی تردا. بەڵام پێویستە ژمارەی ئەو کەسانەی بازنەکان پێک دێنن وەک یەک بێ. بەشداربووەکانی هەر دوو بازنەکان ڕووبەڕووی یەک دەوەستن. بەڵام وا باشە یەک میتر مەودایان لەگەڵ یەکتر هەبێ. ئەوانەی لە بازنەی ژوورەوەدان تەواو بەبێدەنگی ڕادەوەستن. بەڵام ئەوانەی کە لە بازنەی دووهەم دان، بە دەستو قاچو سەرو دەموچاو تێدەکۆشن شکڵی ئەوانی دیکە دروست کەن. هەر کاتێک یەکێک لە بەشداربوەکان توانی شکڵی یەکێک لە بەشداربووەکانی بازنەکەی دیکە بکێشێکتەوە دەچێ وێنەی بەشداربووەکەی دیکەی دراوسێی ئەو دەکێشێتەوە. بەم جۆرە دەڕواتە پێش تا وێنەو شکڵی هەموو ئەوانە دروست دەکا کە لە بازنەکەی ژوورەوەدان.

ئەوانەی کە دروست کراون دەبێ ڕەق ڕاوەستن تا بەشدارێکی دیکە دێو بە جۆرێکی دیکە شکڵیان دەکێشێتەوە. پاش پێنج خولەک بەشداربووەکان جێگاکەیان دەگۆڕنەوە. بەجۆرێک کە ئەوانەی لە بازنەی نێوەوە دان، ئەو جار دێنە بازنەکەی تر و ئەو جار ئەوان وێنەی ئەوانی تر دروست دەکەن.

پاش ئەوەی قوتابیەکان بەم جۆرە کاریان کرد، ئەو جار وەختی ئەوەیە کە بکەونە هەڵسەنگاندنی چۆنیەتیی کارەکانی خۆیان.

چ هەستێکیان هەبوو لە کاتێکدا کە دەبوایە شکڵی کەسانی دیکە دروست کەن؟ ئەو دەم کە ئەوانی تر شکڵی ئەوانیان دەکێشایەوە چ هەستێکیان لەلا پێکهاتبوو؟ زۆرترین کاتیان بۆ چی بەکار دەهێنا؟ ئایا ئاسانترە شکڵی کەسانی دیکە دروست کەی یان کەسانی دیکە شکڵی تۆ دروست کەن؟ بۆ؟ چی فێر بووین؟

مەبەست لەو ڕاهێنانە ئەوەیە کە ئەوە دەرخەین کە مرۆڤەکان لە ڕێگای پێکەوە کار کردنیو هاوکاری کردنی یەکتر شوێن لەسەر یەک دادەنێنو شکڵ بە ناسنامەو کەسایەتیی یەکتر دەدەن. واتە یەکتر دروست دەکەن. ئێمە هەمیشە لە ژێر کاریگەریو شوێنەواری کەسانی دیکە داین. دەتوانین بڵێین کە تا ڕادەیەکی زۆر "بەرهەم"ی ئەوانی دیکەین. واتە بەرهەمی ئەو کەسانەین کە بە دەوروبەرمانەوەن. هەر بۆیە زۆر گرنگە ئاگامان لە یەکتر بێ. هەر بۆیە پێویستە تێکۆشین کاریگەری باش و ئەرێنی لەسەر یەکتر دابنێین. ئەو ڕاهێنانە دەکرێ لە پیوەندی لەگەڵ ئەو بابەتانەدا جێبەجێ بکرێ کە پیوەندییان بە ناسنامەو هەوییەتو ئەو باسانەوە هەیە کە لە کۆمەڵگا فرەکولتووریو فرەفەرهەنگی‌یەکان دەدوێن.

## دەست لە ئەرزدان

١ـ لەپێشدا دەبێ مامۆستا ئەوە بۆ قوتابیەکان ڕوون کاتەوە کە ئەوان دەتوانن تەنیا ٩ شوێنی لەشیان بە ئەرزێوە بنوسێنن. وەک هەردوو قاچەکان، هەر دوو دەستەکان، هەر دوو ئانیشکەکان و هەر دوو ئەژنۆکانو نێوچاوانیان. هەریەک لەوان ژمارەی خۆیان هەیە لە یەکەوە تا نۆ.

٢ـ قوتابیەکان لە نێوەڕاستی ژوورەکەدا ڕادەوەستن. مامۆستا ژمارەیەک لەنێوان یەک تا نۆ دا دەڵێ بۆ نموونە ژمارەی شەش. داوا دەکا کە بەشداربووەکان بە خاڵی ژمارە شەشی لەشیان بە حەرزێوە بنووسێنن . مامۆستا ئەوە دوو جار دووبارە دەکاتەوەو داوا دەکا لە یەکێک لە ژمارەکانی نێوان یەک تا نۆ بۆ بە حەرزێوە نووساندن کەڵک وەرگرن.

٣ـ ئێستا قوتابیەکان پارتنەرێک بۆخۆیان دەدۆزنەوە. ئینجا ژمارەیەک لە نێوان دوو تا هەژدە هەڵدەبژێرن. ئەوجار قوتابیەکان گروپێکی ئینسانی دروست دەکەن، تێدەکۆشن بەگوێرەو بە ئەندازەی داواکاریەکانی مامۆستاکەیان دەست لە زەوی‌یەکە بدەن یان بە حەرزێوە بنووسێنن. دوو جار ئەمە دووبارە دەکەنەوە.

٤ـ ئەو جار بەشداربووان گروپێکی گەورەتر دروست دەکەن. بۆ نموونە چوار، یا نۆ کەس. هەوڵدەدەن کە بەشێوەی گروپێکی ئینسانی بە حەرزێوە بنووسێن. سەختترین حاڵەت ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە گرووپەکەدا بتوانن پێکەوە لە خاڵیکی دیاریکراودا بە حەرزێوە بنووسێن.

لە کۆتایی دا قوتابییەکان پێویستە ڕاهێنانەکە شی کەنەوە. بەشداربووەکان چۆن بیریان دەکردەوە کـــە دەبوایە خۆیان بکەنە پرد یا "قوربانی" بۆ ئەوانیترا چۆن ئەو ئەرکە گرانو قورســـانەیان بەڕێوە دەبـــردن؟ چۆن مرۆڤ لە حاڵەتی ئاوادا دەتوانێ ئیدەو ڕوانگەو بۆچوونەکانی خۆی بۆ کەســـانی نێو گروپەکەی بێنێتە گۆڕێ تا کارەکان باشتر بڕۆنە پێش. ئاخۆ هەمووان مافی قسە کردن و رادەربڕین و بەشداری لە بڕیاردانیان دا هەبووە؟ ئەو ڕاهێنانە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە چۆن دەبێ بڕیاری هاوبەشو تێگڕایی بدەین. لەو بارەوە پێویســـتە فێر بین ڕۆڵی جۆراوجۆر وە ئەســـتۆ بگرین. تەنانەت هێندێک جار پێویستە ببینە "قوربانی"ی ئەوانیتر. بەتایبەتی کە ناچارین ئەرک و پێسپێراوی قورس لەگـــەڵ ئەوانیتر بەڕێوە بەرین. دەبێ بزانین کە پێویســـتە توانایـــی خۆراگری و ئەرک وەخۆگرتنو بەرپرسایەتی لەخۆنیشان دان بە ڕادەیەکی زۆر لە خۆماندا بەرینە سەر.

### نابینا

هەموو قوتابیەکان بە شـــێوەی بازنەیەک لەســـەر ئەرز لە دەوری یەک دادەنیشن. یەکێک لەوان لە نێوەڕاست بازنەکەدا بە چاوبەستراوی یان بە چاونووقاوی دادەنیشێ. وای دادەنێین کە ئەو کەسێکی نابینایە. لە پێش ئەو کەســـە شـــتێک دانراوە، بۆ نموونە کلیلێک. ئەوانەی کە لە دەوری ئەو کەسە دانیشتوون یەک لەدوای یەک بە دزی‌یەوە دەست دەبەنو کلیلەکەی لێ دەدزن. دەبێ بگوترێ کە ئەو کەســـەی چاوبەســـتراوە بەهیچ جۆر نابێ چاوی بکاتەوەو ببینێ. هەر بەو جۆرە کەسیش مافی ئـــەوەی نییە دەنگە دەنگو قیژەقیژ بـــکات. هەروەها نابێ لە یەک کاتدا چەند کەس پیکەوە هەوڵ دەن کلیلەکەی لێ بدزن. چونکە لەو حاڵەتانەدا یاریەکە مانای خۆی لەدەست دەدا.

هەر کات کەســـە چاوبەســـتراوەکە هەســـتی کرد کە یەکێک خەریکە لێی نزیـــک دەبێتەوەو کلیلەکەی لێ دەدزێ، دەبێ ئیشارە بە جیهەتی ئەو کەسە بکات. ئەودەم ئەو کەسەش لەسەریەتی بکشـــێتەوەو بڕواتەوە جێگای خۆیو نۆبە بدات بە کەسێکی دیکە کە بۆ دزینی کلیلەکە خۆی تاقی بکاتەوە. هەر کەس بتوانێ کلیلەکە ببات بەبێ ئەوەی خاوەنەکەی بزانێ ئەوە نۆرەی دێ بچێ ڕۆڵی کابرای نابینا ببینێ. بەم جۆرە یاری‌یەکە دەڕواتە پێش.

### دانسو موزیک

ئەم ڕاهێنانە موزیکی لەگەڵ دایە. قوتابیەکان بە شکڵی بازنەیەک لەسەر ئەرز دادەنیشنو مامۆستاش موزیکیان بۆ لێدەدا. هەموو قوتابیەکان پێوســـتە بێدەنگ بنو گوێ بگرن. دوایە مامۆســـتا دەچێتە لای قوتابیەکانو ئیشارە بۆ لای یەکێکیان دەکا و هەڵیدەستێنێتە سەر پێ. دواتر مامۆستا هەوڵدەدا قوتابییەکە وەســـەما خات. بۆ ئەو مەبەستە لە بەری دەســـتی کەڵک وەردەگرێو تێدەکۆشێ بەری دەســـتی بە جۆرێک لە نێو چاوانی قوتابییەکە نزیک کاتەوە، واتە نزیک ۱۰ ســـانتیمەتر. مامۆســـتا

بەری دەستی خۆی بەجۆرێک وەجووڵە دەخات کە شوێن لەسەر قوتابیەکان دانێ بە چەشنێک کە پێکەوە بکەونە سەما.

دواتر مامۆستا بەرەبەرە دەتوانێ داوا لە چەند کەس لە قوتابیەکانی دیکەش بکا کە بێنە نێو مەیدانی دانسەکەو سەرچۆپی بگرنو لەگەڵ ئەوانی تر پێکەوە سەما بکەن. شایانی باسە ئەوانەی دانیشتوونو تەماشا دەکەن مافی ئەوەیان هەیە هەڵسنو بێنە نێو شاییەکەو سەرچۆپی وەرگرن.

دوای ماوەیەک مامۆستا و قوتابیەکان پێکەوە لەسەر ئەو ڕاهێنانە قسە دەکەن. لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە ڕوون بێتەوە کە مرۆڤەکان شوێن لەسەر یەکتر دادەنێننو کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە. واتە ئەو کەسانەی بەدەوروبەرمانەوەن یان لەگەڵیان دەژین، کاریگەریو شوێنەواریان لەسەر ئێمە هەیە.

## ماشێنێکی ئینسانی

مەبەست لەو ڕاهێنانە ئەوەیە کە نیشان بدەین مرۆڤەکان پێکەوە بەستراوەنەتەوە. هەر لەبەر ئەوەشە پێویستە و ناچارن پێکەوە هاوکاری بکەن، پێکەوە هاوئاهەنگیو کۆمیونیکاسیۆنو پرس وڕا بکەن تا بتوانن بە ئامانجە هاوبەشەکان بگەن. ئەم ڕاهێنانە ئەوەمان بۆ دەردەخا کە ئێمە بە کاری گەلەکۆمەو بەیەکەوە دەتوانین بەرهەمێکی زۆر زیاتر لەوە بەدەستەوە بدەین کە بە تەنیا بۆمان دەکرێ.

هەموو قوتابیەکان لە ڕێزێکدا لە نێوەڕاستی ژوورەکەدا ڕادەوەستن. مەشقەکە ئەوەیە کە پێکەوە بتوانن ماشێنێکی ئینسانی دروست بکەن. قوتابیی یەکەم بەوەدەست پیدەکا کە جووڵەیەک ئەنجام دەدا بۆ نموونە سەری بۆ پێشەوەو بۆ دواوە دەجووڵێنێ. نابراو بە درێژایی ڕاهێنان سەری دەجووڵێنێو کارەکەی خۆی درێژە دەدا. لە هەمان کاتدا کە ئەو جووڵەیە ئەنجام دەدا، دەنگێکیش بە هەوای جووڵەکە دروست دەکا. واتە لەگەڵ سەرجووڵانەکەیدا ئاوازێکی تایبەتیش یان دەنگێکی تایبەتیش بە هەوای ئەو جووڵەیە وەدەردەنێ. ئینجا کەسێ دوای ئەو تێدەکۆشێ جووڵەیەک لە خۆی نیشان دا و جۆرە دەنگێک وەدەربنێ کە لەگەڵ جووڵەو دەنگی ئەو کەسەی پێشوو بێتەوە. بەو جۆرە کەسی سێهەمیش هەروا. ڕاهێنانەکە دەڕواتە پێش تا هەموو قوتابیەکان دەکەونە جووڵەو دەنگەدەنگ لەسەر هەواو جووڵەی کەسی یەکەم. مامۆستا وا باشە هاوئاهەنگیی تەواو پێک بێنێو قوتابیەکان هان بدا کە هەموویان جووڵەو دەنگەکانیان وەک یەکو بەیەک ئەندازەو وەک یەک بن.

سەرەنجام ئەگەر تەماشا بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە قوتابیەکان ماشێنێکیان دروست کردوە کە لەسەریەک ڕیتم دەجووڵێو دەنگی لێ دێو بە یەک ئاقاردا دەڕواتە پێشو بەگوێرەی

بەرنامەیەکی دیاریکراو دەنگەکەی بەرزو نزم دەبێتەوە. ئەگەر ماشێنەکە کەوتە سەر ڕیتمی خۆی، مامۆستا دەتوانێ بە ئاسانی هیدایەتی بکات. بۆ نموونە خێراییەکەی زیاد کا یان ڕادەی بەرزیو نزمی دەنگەکەی ڕێکووپێک بکات.

## (٤)
## مافەکانی مرۆڤ

مافەکانی مرۆڤ چنە؟ لێـــرەدا بەوردی چەمکی (مفهوم) مافەکانی مرۆڤ ڕوون دەکەینەوە. لەوەش زیاتر هەوڵدەدەین نیشان بدەین کە مافەکانی مرۆڤ هەر لەو کاتەدا کە پرنسیپو نۆرمی ئەخلاقیین، وەک ڕێوشـــوێنی یاســایی و قەزاییش دێنـــە ئەژمار. هەروەها چاوێکیش بە مێـــژووی پەیدا بوونو گەشەســـەندنی مافەکانیدا دەگێڕێن. لەو پێوەندییەدا بەجێیە بگوترێ کە پەسند کرانی بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ لەساڵی ١٩٤٨دا، پاش کۆتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی، بە خاڵی وەرچەرخان دادەنرێ. بە پەســـند کرانی بەیاننامـــەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، مافەکانی مرۆڤ بە جیهانی بوون. دەوڵەتەکان و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ئەرکدار کران کە کار بۆ ڕێزگرتن و دەستەبەر کردنـــی ئەو مافانـــە هەوڵبدەن. هەروەها بەوردییـــش ئەو میکانیزمانە دەخەینەیـــە بەر باس کە بۆ پاراســـتنو پەرەپێدانی مافەکانی مرۆڤ کەڵکیان لێوەردەگیردرێو ئەوەش ڕوون دەکەینەوە کە ئەو میکانیزمانە چۆن کار دەکەن. چونکە لەلایەک ئەو مافانە لەســـەر کاغەز قسەو وشەی جوانن، بەڵام پێویستە بزانین کە لە کردەوەدا لە دنیای واقعدا چۆن وەبەرچاو دەگیردرێن.

ڕوونکردنـــەوەی نێوەرۆکی مافەکانی مرۆڤ لەلایەک کارێکی ســـادەیەو لە لایەکی دیکەشـــەوە مەســـەلەیەکی ئاڵۆزە. ئەوەش بەســـتراوەتەوە بەوە کە لە کام ڕوانگەوە تەماشـــای مافەکانی مرۆڤ دەکەین. ئێســـتا بە هێنانەوەی نموونەیەک لە واقعییەتی ژیانی ڕۆژانەمان تێدەکۆشـــین گرنگترین مافەکانی مرۆڤ دەست نیشان کەین.

ئامـــارەکان ئـــەوە دەردەخەن کە لە هـــەر دەقیقەیەکدا ۱۵۰ مندال دێنە ســـەر رووی زەویو لەدایک دەبن. هەندێک لەوان لە ئۆرووپاو هەندێکی دیکەیان لە ئاسیا، ئەفریقاو ئۆسترالیا یا ئەمریکا لەدایک دەبن. هێندێکیان پێستیان قاوەییە، هەندێکیان پێستیان سپیو هەندێکیان پیستیان زەردە، هی واشـــیان هەیە پێستیان سوورە. هەندێکیان کوڕو هێندێکیان کچن. بێ وەبەرچاوگرتنی ئەوەی کـــە ئەوان لـــە کوێ لە دایک دەبن، لـــە چ هەلومەرجێکـــدا دەژینو گەورە دەبـــن، هەموویان بە جۆرێک ناسکنو پێویستیان بە پێڕاگەیشتنو بەخێو کردنو سەرپەرستی کردن هەیە. واتە هەموویان پێویســـتییان بەو سەرپەرســـتی کردنو پیڕاگەیشـــتنە هەیە کە لەلایەن دەوروبەرەکەیانەوە بۆیان دابینو دەستەبەر دەکرێ. بە واتایەکی دیکە هەموو ئەو منداڵانە پێویستییان بە تواناو لێوەشاوەییو شـــارەزاییو ئیمکاناتی گەورەکانیانە کە پێداویستییەکانی ژیانو گەشەو پەروەردە بوونیان بۆ دابین بکەن. چونکە هیچ منداڵێکی ســـاوا ناتوانێ بێ خواردنو پێداویستییە سەرەتاییەکانی دیکەی ژیان، بژی.

واتە ئەو منداڵانە بۆ ئەوەی نەمرن پێویســـتییان بە هاوکاریو یارمەتیو سەرپەرەستیی بنەماڵەو دایـــکو باوکیان هەیە. بەو حاڵەش هەر چەند ئەو منداڵانە وەک کوتمان ناســـکن، بەڵام لە هەمان کاتدا هەڵگری تواناو هێزو بەهرەیەکی زۆری سروشـــتیین. هەموویان تواناو لێوەشـــاوەیی ئەوەیان تێدایە کە فێر بنو لەگەڵ کەندو کۆســـپەکانی ســـەر ڕێگای گەشەو هەڵدانیان ململانێ بکەن. واتە هێـــزو توانایەکـــی زۆر لە هەر کام لەو منداڵانەدا هەیە، بۆ ئەوەی وەمێننو لەنێو نەچن. ئەوەی پێی دەڵێیـــن ململانێو هەوڵو خەبات بۆ نەمـــردنو مانەوە. واتە ئەگەر هەلومەرجێکی باشو لەباریان بۆ دابین بکرێ، هەموویان شانســـی ئەوەیان هەیە بە شێوەیەکی سروشتی گەشە بکەن، پەروەردە بن، ببنە کەسانی بەکەڵکو سەرچاوەی خێرو بەرەکەت بۆ کۆمەڵگاو گەلو وڵاتەکەیان.

وەک دەبینین لە دنیای ئەمڕۆدا ئەو منداڵانە هەلو دەرفەتو شانسی وەک یەکیان بۆ دەستەبەر ناکرێ. یەکێک لە گرنگترین هۆیەکانی ئەو مەسەلەیە ئەوەیە کە ئەو مندالانە لە وڵاتانی جۆراوجۆردا لەدایـــک دەبن، گەورە دەبنو پێدەگەن. چونکە هەلومەرجی ژیانو گەشـــەو هەڵدانی ئەو منداڵانە لـــە وڵاتێکەوە بـــۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە. هەندێـــک لەو منداڵانە لەو وڵاتانـــەدا لەدایک دەبن کە سیســـتەمێکی سیاسیی دێمۆکڕاتیکیان هەیە، ئاشتیو ئاســـوودەییان تێدایە، ڕەفاهـ و ئیمکاناتو پێداویســـتیە ســـەرەتاییەکانی ژیانو گوزەرانو پەروەردە بوونیان بۆ هاووڵاتیانی خۆیان دەســـتەبەر کردوە. لەو وڵاتانەدا تا ڕادەیەکی زۆر بۆ هەموو منداڵەکان، ئیمکاناتی گەشەو هەڵدانو پەروەردەبوون دابیـــن کراوە. هەرچەند تەنانەت لـــەو وڵاتانەشدا جیاوازی لە نێوان خەڵکـــدا هەیەو چینو توێژە کۆمەڵایەتیەکان بە چەشـــنێکی وەک یەک دەســـتیان بە ئیمکانات ڕاناگا، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر، زۆربـــەی هەرە زۆری خەڵک ئیمکاناتو پێداویســـتییە بنەڕەتیەکانی ژیانیان لەبەر دەســـت دایەو هەلومەرجێکی باشیان بۆ رەخساوە تا وەک هاووڵاتی بەختەوەرو کامەڕان ژیان بەسەر بەرن.

بەڵام هێندێک منداڵ لەو وڵاتو ناوچانەدا لەدایک دەبن کە گیرۆدەی دەســتی شەڕو هەژاریو کێشەی جۆراوجۆرن. دەستیان بە خواردنو ئاوی خواردنەوەی خاوێنو ئیمکاناتی سەرەتایی دیکەی ژیان ڕاناگا. هەندێکیان تەنانەت جێگایەکی ئەوتۆشــیان نیە کە ژیانی تێدا بەرنە ســەر. هەندێکیان جیاوازیــان دەگەڵ دەکرێو هەڵاواردنیان پێ ڕەوا دەبینرێ. دەرفەتو ئیمکاناتی ئەوەیان نادرێتێ تا وەک هاووڵاتیانی دیکەیان لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتو کۆمەڵگاکەیاندا بەشداری بکەن. زۆر لەو منداڵانە دەرفەتی ئەوەیان نیە بڕۆنە قوتابخانەو بخوێننو گەشــە بکەن. هەندێکیان لە ژێر سێبەری ئیستیبدادو سەرەڕۆیی‌دا دەژینو ناتوانن بە ئازادی بیروڕاو نەزەرو عەقیدەی خۆیان دەرببڕنو بەیان بکەن. هێندێکیان لە ناوچە پڕ کێشەو شەڕ لێدراوەکان‌دا دەژین. یان ناچارن بۆ نەجات دانی ژیانیان ڕا بکەن، شوێنی ژیانو زێدو وڵاتی خۆیان بەجێ بێڵنو ئاوارە بن، یان دەست دەدەنە چەکو دەچنە بەرەکانی شــەڕ. ڕوونە ئەو منداڵانەی لە هەلومەرجێکی ئاوادا لەدایک دەبن ئیمکاناتێکی کەمیان بۆ گەشــەو هەڵدانو پەروەردە بوون هەیە. هەر بۆیە ناشتوانن لە دواڕۆژدا بە شێوەیەکی باشو ئەرێنی لە کاروباری وڵاتەکەیان‌دا بەشــدار بنو ڕۆڵی بەکەڵکو کاریگەر بگێڕن. هەروەک وتمان هەر چەند ئەو منداڵانە لە ســەرەتای لەدایک بوونیان‌دا بە شێوەیەکی سروشتی تواناو بەهرەو هێزێکی زۆریان بۆ فێر بوونو گەشەو هەڵدانو بوون بە سەرچاوە تێدایە، بەڵام بەهۆی جیاوازیی نێوان ژینگەی ئەو دەوڵەتانەی تێیدا گەورە دەبن، دەرفەتو ئیمکاناتو شانســی جیاوازیان بۆ ژیانو گەشــەو هەڵدانو پەروەردە بوون بۆ پێک دێ.

ئێستا با بزانین ئەو داستانەی سەرەوە چۆن مەسەلەی مافەکانی مرۆڤمان بۆ ڕوون دەکاتەوە؟

ئەو کورتە باســە وێنەیەکی واقعیو ڕاستەقینەمان لە وەزعی ئێستای دنیا نیشان دەدا. وەزعێک کە یاسای مافی مرۆڤ تێدەکۆشێ ئاڵوگۆڕی بەسەر دابێنێ. ئامانج ئەوەیە کە ژیانێکی شیاوی مرۆڤ بۆ هەموو مرۆڤەکان دابینو دەســتەبەر بکرێ. یەکێک لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی مافی مرۆڤ ئەوەیــە کە هەموو مرۆڤەکان دەگرێتەوەو بێ جیاوازی پارێزگاریی لە هەموو ئینســانەکان دەکا. بێ وەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە ئەوان ڕەنگی پێستیان چیە؟ کام پێشینەیان هەیە؟ کوڕ یان کچن؟ یەک بایەخی ئینســانی‌یان هەیە. واتە جەوهەری مافەکانی مرۆڤ ئەوەیــە کە هەموو مرۆڤەکان خاوەنی بایەخی ئینســانیی وەک یەکن. مافەکانی مرۆڤ ئەرکیان ئەوەیە کە ئەو بایەخە ئینســانییە کە لە هەموو ئینســانەکان‌دا هەیە، بپارێزن. ئەوەش تەنیا کاتێک ئیمکانی هەیە کە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو بایەخە ئینســانیە، نەشــکێنو نەخرێتە ژێر پێ. چونکە تەنیا لە حاڵەتی ڕاگرتنو پاراستنی ئەو بایەخە ئینســانییە دایە کە وجوودو بوونی مرۆڤو مرۆڤایەتی مانا پەیدا دەکا. واتە مافەکانی مرۆڤ لایەنــە بنەڕەتی‌یەکانی ئەو بایەخە ئینســانییە دەپارێزن کە بۆ مانەوەی مرۆڤ پێویســتنو نابێ لە هیچ هەلومەرجێکدا پێشــێل بکرێن. چونکە پێشێل کرانی ئەوان دەبێتە هۆی پێشێل کرانی بایەخە ئینســانییەکان. ئەوەش مافی دەستڕاگەیشــتن بە خواردن دەگرێتەوە، ئازادی دەگرێتەوە، جیاوازی

لەگەڵ نەکران دەگرێتەوە، مافی بەشــداری کردن لە کاروبــاری کۆمەڵدا دەگریتەوە، دابین بوونی پێداویســتییە بنەڕەتییەکانی ژیان کە لە برســیەتی و تینویەتی دەمانپارێزن دەگرێتەوە. بە کورتی مافەکانی مرۆڤ تێدەکۆشن پێداویستییە بنەڕەتییەکانی ژیانی مرۆڤەکان دابین بکەن.

هەر ئەو داســتانەی ســەرەوە ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە کێ دەبێ ئەرکی پاراستنو بەرەوپێش بردنو دابینو دەستەبەر کردنی مافەکانی مرۆڤ وەئەستۆوە بگرێ. دەوڵەت دەبێ ئەو ئەرکە جێبەجێ بــکا. بۆ؟ چونکە مرۆڤەکان لە چوارچێوەی خاکی دەوڵەتەکاندا لەدایک دەبنو دەژینو دەمرن. هەر بۆیە ئەوە کاربەدەســتانی دەوڵەتەکانن کە لە پەیوەندی لەگەڵ پاراســتنو دابین کردنی مافەکانی مرۆڤدا بە بەرپرس دادەنرێن. کە واتە مافەکانی مرۆڤ ئەو مافو ئازادییانەن کە دەوڵەت دەبێ بۆ هەموو مرۆڤەکان وەک تاک، وەک هاووڵاتی وەبەرچاویان بگرێو دەستەبەریان بکات.

پاشــان ئەو داستانەی ســەرەوە ئەوەشــمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە هەر چەند مافەکانی مرۆڤ جیهانیینو هەموو مرۆڤەکان بێ جیاوازی دەگرێتەوە بەڵام بەداخەوە هێشتا وەزعەکە بە جۆرێک نیە کــە لە هەموو جێگایەکی ئەم دنیایەدا ئەو مافانە بۆ هەموو مرۆڤەکان دابین بکرێن. واتە مرۆڤایەتی لە پێناسە کردنو دەست نیشان کردنو ڕوون کردنەوەی چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤدا پێشکەوتنی زۆری وەدەســت هێناوە، بەڵام بۆ جێبەجێ کردنو دابینو دەستەبەر کردنی ئەو مافو ئازادییانەی کە بە مافەکانی مرۆڤ ناســراون، هێشــتاش ڕێگایەکی دوورو درێژی لە پێش دایە. هەر بەو جۆرە ئەو وێنەیەی لە دنیای ئەمڕۆ پێشــانمان دا، زۆر لایەنی مافو ئازادییەکانی مرۆڤیشــمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

مافەکانی مرۆڤ ئەو مــافو ئازادییانەن کە مرۆڤەکان وەک تاک هەیانن، واتە مافەکانی مرۆڤ مافــی تاکەکانە لــە هەمان کاتدا مافەکانی مرۆڤ ئەرکی دەوڵەتەکانــن. واتە ئەگەر لەلایەک مافو ئازادی دەدەنە تاکەکان، لە لایەکی دیکەشــەوە ئەرک دەخەنە ســەر شانی دەوڵەتو کاربەدەستانی دەوڵەت.

بیرۆکەیەکی زۆر سادەو مەبەســتێکی زۆر جوانە، بەڵام جێبەجێکردن، دابین کردنو دەستەبەر کردنی ئەو مافو ئازادییانە کارێکی هێندە ســووکو ئاســان نییە. بۆیە دەتوانین بڵێین مافەکانی مــرۆڤ هەم مێژووییnو هەم ســەردەمیانەن. هەر لەو کاتەدا کە وەســیلەو ئامــرازن بۆ ئەمڕۆ، بۆ داهاتووش ئامانجن. واتە ئامانجی ئیستاو سبەینێمانن.

مافەکانی مرۆڤ ئەو ئەرکو بەرپرســایەتییانە دەست نیشان دەکەن کە کاربەدەستانی دەوڵەت بەرامبەر بە تاکەکانو هاووڵاتیان دەکەوێتە ســەر شــانیان. ئەرکی ســەر شــانی دەوڵەتە کە بێ وەبەرچاوگرتنی هەر چەشنە جیاوازییەک، هەڵسوکەوتو ڕەفتار لەگەڵ تاکەکانو هاووڵاتیان بکات. واتە مرۆڤەکان، تاکەکان بێ وەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ڕەنگی پێستیان چییە؟ بە چ زمانێک دەدوێن؟ ژنــن یان پیاو؟ کام پێشــینەیان هەیە؟ کام مەوقعییەتی کۆمەڵایەتیــان هەیە؟ کام بیرو عەقیدەی

سیاسـی یا مەزهەبی یا ئایینی‌یان هەیە؟ خاوەنی چ شـتێکن؟ پێویسـتە لەلایەن کاربەدەسـتانی دەوڵەتـەوە وەک یەک ڕەفتاریان لەگەڵ بکرێ. جەوهەری مافەکانی مرۆڤ ئەوەیە. کاربەدەسـتان ئەرکی سەر شـانیانە کە پێداویستی‌یە سـەرەتایی‌یەکانی ژیانی خەڵک وەک خواردن، ئەمنییەت‌و ئاسایش، ئیمکاناتی خوێندن‌و پەروەردەو فێر بوون‌و لەش ساخی بۆ هەموو هاووڵاتیان دابین بکەن. لەوەش زیاتر بەرپرسـایەتیی ئەوەشـیان لەسەر شـانە کە هەلی کارو ئیمکانی کەڵک وەرگرتن لە زانسـت‌و زانیاری‌و کولتوورو فەرهەنگ بۆ هەموو تاکەکان واتە هاووڵاتیان بڕەخسـێنن. جگە لەوە ئەرکی سەرشـانی کاربەدەسـتانە کە ئازادیی دین‌و مەزهەب‌و عەقیدە، ئازادیی بەیان‌و پێک هێنانی کۆڕو کۆبوونەوەو ڕێکخراوی سیاسی‌و سینفی بۆ هەموو هاونیشتمانان پێک بێنن‌و دەرفەتی ئەوەش دروست کەن تا تاکەکان بتوانن لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکەیان‌دا بەشداری بکەن.

## بنچینە ئیتیکی‌یەکانی مافەکانی مرۆڤ

جەوهەری مافەکانی مرۆڤ بریتی‌یە لە پاراسـتنی بایەخی ئینسانیی مرۆڤەکان. بۆ ئەو مەبەستەش واتە بۆ دەسـتەبەر کردنی بایەخی ئینسانیی مرۆڤ، پێویستە پێداویستی‌یە بنەڕەتی‌یەکانی ئینسان دەسـتەبەر بکرێن. ئەوەش کە دەگوترێ مافەکانی مرۆڤ جیهانیین، هەر لەو ڕاسـتی‌یەوە سەرچاوە دەگرێ. ئاخر هێندێک پێداویسـتی هەن کە بۆ هەموو مرۆڤەکان بێ جیاوازی گرنگن‌و دەبێ بۆیان وەبەرچـاو بگیردرێـن. لە بەر ئەوەی کە هەموو مرۆڤەکان وەک یەکن، کە واتە بایەخی ئینسـانی‌و هاوبایەخ بوونی مرۆڤەکان کاکڵی چەمکی مافەکانی مرۆڤ پێک دێنن. بەو پێیە بۆمان دەردەکەوێ کە مافەکانی مرۆڤ سەرچاوەو بنچینەی ئیتیکی‌و ئەخلاقیشیان هەیە.

مافی ژیان لەوەڕا سـەرچاوە دەگرێ کە ژیان ستاندن لە کەسێک، خۆی لە خۆیدا کردەوەیەکی نـاڕەواو دوور لە ئەخلاقە. بۆیە کوشـتنی خەڵک بە کردەوەیەکی ناپەسـند لەقەڵەم دەدرێ. مافی دەستڕاگەیشـتن بە خواردن‌و خۆراک لەوەوە سـەرچاوە دەگرێ کە بەبێ خواردن مرۆڤ ناژی‌و لە ئـاکامدا ناتوانـێ زاوزێش بکات. هەر بۆیە دەستڕاگەیشـتن بە خۆراک بۆ هەمـوو مرۆڤەکان وەک یەک پێویسـتە. مافی ئازادی بەیان‌و ڕادەربڕین لەوەیڕا سـەرچاوە دەگرێ کە بەستنی زاری خەڵک کردەوەیەکی ناپەسندو نارەوایە. هەر بۆیە سانسۆڕ کردنی خەڵک‌و سەرکوت کردنی ئەوان بەجۆرێک کە نەتوانن بە ئازادی ڕوانگەو بیروباوەڕی خۆیان لەسـەر پرسەکان دەرببڕن، کارێکی نائەخلاقی‌یە. مافـی ئەوە کە جیاوازیـت دەگەڵ نەکرێ، لەوەڕا سـەرچاوە دەگرێ کـە جیاوازیدانان لە نێوان تاکەکان‌و هەڵاواردنیان خۆی لە خۆیدا کردەوەیەکی ناعادڵانەیە. هەر بۆیە ناپەسـندو نائەخلاقیشە. هـەر بۆیە ڕێز گرتن لە بایەخی ئینسـانیی مرۆڤەکان لەلایەک‌و وەبەرچـاو گرتنی ئەوە کە هەموو مرۆڤەکان یەکسانن لەلایەکی دیکەوە بە کاکڵی مافەکانی مرۆڤ دەژمێردرێن.

ئایا دەتوانین بڵێین مافی مرۆڤ بریتی‌یە لە بچووکترین بنەمای هاوبەشـی ئەخلاقی لە ئاسـتی

جیهانی‌دا که هەموو مرۆڤەکان دەگرێتەوە؟ هەندێک کەس هەن لایەنگری ئەو قسەیەن. کەسانی واش هەن کە لەگەڵ ئەو بۆچوونە نین‌و دەڵێن نۆرم‌و پرەنسیپە ئەخلاقی‌یەکان بەگوێرەی زەمان‌و مەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێ. ئێمە لێرەدا ناچینە نێو ئەو باسەوە چونکە بە دوای مەبەستێکی دیکەداین. لەسەر یەک دەتوانین بڵێین کە ئەمڕۆ مافی مرۆڤ لە لایەن هەموو کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکانەوە لە ئاستی دنیادا ڕێزو بایەخی بۆ دادەنرێ. هەر بەو جۆرە لە ئاستی جیهانییش‌دا وەک پرنسیپێکی ئەخلاقیی هاوبەش پشتیوانیی لێ‌دەکرێ.

ئەو پرنسیپو بایەخە ئەخلاقی‌یانەی باسمان کردن بە جەوهەری مافی مرۆڤ بەحیساب دێن. لەلایەک وەک بنچینەی ئەو مافو ئازدی‌یانە دادەنرێن کە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی لەلایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەیی‌یەوە بۆ هەموو مرۆڤەکان بەفەرمی ناسراون. لەلایەکی دیکەشەوە جێبەجێ کردن‌و دەستەبەر کردنی ئەو مافو ئازادی‌یانە، بە ئەرکی سەر شانی دەوڵەت دانراوە. ئەرکێک کە دەوڵەت لە بەرامبەر بردنە پێش‌و جێبەجێ کردن‌و پیادە کردنی‌دا بەپێی قانوون بەرپرسیارە. سیستەمی جیهانی‌و نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ لەسەر ئەو بناخەی سەرەوە دامەزراوە. مرۆڤەکان وەک تاک خاوەن مافن‌و دەوڵەتیش بەرپرسی دابەزاندنی ئەو بنەماییە. لە سەردەمی ئێستادا هەموو ئینسانەکان لە چوارچێوەی دەوڵەت‌دا دەژین. بۆیە ئەوە دەوڵەتەکانن لەسەریانە ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرن‌و بۆ دابین‌و جێبەجێ کردنیان هەنگاو هەڵگرن. بەگوێرەی ئەو بنەمایە کاربەدەستانی دەوڵەت دەبێ لانیکەمی ئەو پرنسیپانە دابین بکەن کە لە ڕێگای ئەوانەوە ئیمکانی ژیانێکی شیاوی مرۆڤ بۆ هاووڵاتیانیان دەستەبەر بێ. دەبێ ئەوەش بڵێین کە مافەکانی مرۆڤ دەسەڵاتی کاربەدەستانیش سنووردار دەکەن. واتە کاربەدەستان ناتوانن بە کەیفی خۆیان‌و بەشێوەیەکی ڕەهاو موتڵەق لە دەسەڵاتی خۆیان کەڵک وەرگرن. مافەکانی مرۆڤ سنوور بۆ ئەو دەسەڵاتەی ئەوان دادەنێن.

لە یەک ڕستەدا دەتوانین بڵێین کە مافەکانی مرۆڤ ئەو مافو ئازادی‌یانەن کە تاکەکان لەو دەوڵەتەدا کە تێی‌دا دەژین دەبێ بۆیان وەبەرچاو بگیرێ.

## کورتەیەک لە مێژووی مافەکانی مرۆڤ

مێژووی مافەکانی مرۆڤ بە ڕاددەی مێژووی مرۆڤایەتی دوورو درێژە. لە هەموو قۆناخەکانی مێژوودا خەڵک بە دژی بێعەداڵەتی‌و زوڵم‌و زۆرداری خەباتیان کردوە. لە هەموو سات‌و کاتەکاندا مرۆڤەکان بۆ ژیانێکی باشترو کامەڕانتر تێکۆشاون. هەمیشە خەڵک بە دژی دەسەڵاتدارانی زاڵم ڕاوەستاون‌و لە پێناوی ئازادیی خۆیان‌دا هەوڵیان داوە. دیارە مافەکانی مرۆڤ بە قۆناخی جۆراوجۆردا تێپەڕ بوون تا بەو جۆرەی ئەمڕۆ بوونەتە ئەرک بەسەر شانی دەوڵەتەکانەوە. لە سەرەتادا مافەکانی مرۆڤ زۆرتر وەک ڕاو بیروبۆچوون لە گۆڕێ‌دا بوون دواتر ئەو ئیدەو بۆچوونانە شکڵی داخوازیان بەخۆوە گرت. واتە هێندێک دەستەو تاقم‌و تاکەکەس ئەو بیرو ئیدانەیان بە شێوەی داخوازی بەرز کردنەوەو

کردیانن بە ئامانجی خەباتو تێکۆشانی خۆیان. سەرەنجام ئەو ئیدەو بیروبۆچوونانە لە ڕەوتی گەشە کردنی خۆیاندا چوونە پێشو بەم جۆرە دەرهاتن کە ئەمڕۆ دەبینین بوون بە ئەرک بەسەر شانی دەوڵەتەکانەوەو وەک سیستەمێکی حقووقیو قانوونی لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا کاریان پێ‌دەکرێ.

یەکێک لە سەرەکیترین میتۆدو ئامرازەکانی مافەکانی مرۆڤ هەر لە کۆنەوە تا ئێستا ئەوە بووەو هەیە کە داوا لە کاربەدەستانو دەسەڵاتداران بکرێ کە دەسەڵاتی خۆیان بە باشترین شێوە بە قازانجی خەڵکو بۆ خزمەت بە خەڵک بەکار بێنن. واتە دەسەڵاتداران مافی ئەوەیان نیە کەڵکی خراپ لە دەسەڵاتی خۆیان وەرگرن. لە چوارهەزار ساڵ لەمەوبەرەوە ئەو داوایە لە قانوونی حامورابی‌دا هاتووە. قانوونێک کە بە کۆنترین یاسا دادەنرێ کە مرۆڤ کاتی خۆی لە عێراقی ئەمڕۆدا بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵ دایناوە. لە یاساکانی حامورابی‌دا هاتووە کە دەسەڵات دەبێ کۆنترۆڵو چاوەدێری بکرێ.

"با عەدالەت لە سەرتاسەری ئەم وڵاتەدا جێگیر بێو نەیەڵێ بەهێزەکان بێ‌هێزەکان بچەوسێننەوە. با عەدالەت وڵات ڕووناک کاتەوەو بۆ خێرو بەرژەوەندیی خەڵک جێگیر بێ". هەرچەند بیرۆکەی مافی مرۆڤ لە زۆر شوێنو لە زۆر قۆناخی گەشە کردنی مێژووی فەلسەفەدا بەرچاو دەکەوێ، تا ڕادەیەکی زۆر ئەوە تەنیا دەسەڵاتداران بوون کە لە ڕێگای چەوساندنەوەی خەڵکەکانیانو ساز کردنی شەڕو کێشەی جۆراوجۆر بۆیان، مێژووی مرۆڤایەتیان شکڵ پێداوە.

پێ‌بەپێی پەرەسەندنە تکنیکی و ئابووریو سیاسی‌یەکان، ئاڵوگۆڕ لە چۆنیەتیی دەسەڵاتدارێتیی نێو کۆمەڵیش‌دا پێک هاتوە. تا هاتوە خەڵکێکی زۆرترو دەستەو تاقمی بەرینتر داوای ئازادیو مافە ڕەواکانی خۆیانیان کردوە. هەر بەو جۆرە تا هاتوە دەسەڵاتدارانیش زۆرتر ناچار بوونە گوێ بۆ داخوازەکانی خەڵک ڕاگرنو مافو ئازادی‌یەکانیان وەبەرچاو بگرن.

یەکەمین بەڵگەنامە کە مافەکانی تاک لە بەرامبەر دەسەڵاتداران‌دا پێناسە بکات، بریتیە لە بەیاننامەی مافەکان (Magna carta Liberta) کە لە ساڵی ١٢١٥ لە بریتانیادا بڵاو کرایەوە. ئەو بەڵگەنامە گەورەیە لە لایەن ئەشرافەکانو پیاوە ئایینی‌یەکانەوە بە دژی کەڵکی خراپ وەرگرتنی پاشا لە دەسەڵات ئیمزا کرا. لەو بەڵگەنامەیەدا داوا لە شا دەکرێ کە قانوون وەبەرچاو بگرێو دەست لە زیادەڕۆییو سەرەڕۆیی هەڵبگرێ. هەروەها بەڵگەنامەکە ناوی ژمارەیەک لە مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤیش دێنێ کە پێویستە ڕێزیان لێ بگیردرێ. وەک مافی هاونیشتمانیان بۆ خاوەندارێتیی زەویو ملک و ماش، مافی یەکسان لە بەرامبەر قانوون‌داو هەروەها باس لەوەش کراوە کە هاووڵاتی ناچار نەکرێ باج وماڵیاتێکی زۆر بدا کە لە توانای‌دا نەبێ. هەرچەند شا گوێی نەدایە ئەو بەیاننامەیە، بەڵام بەڵگەنامەکە نفووزو ئیعتبارێکی زۆری پەیدا کردو لە دەرفەتی جۆراوجۆر لەلایەن خەڵکەوە بۆ فشارو پاڵەپەستۆ خستنە سەر شا کەڵکی لێ‌وەردەگیراو لە پێوەندی لەگەڵ هەوڵدان بۆ سنووردار کردنی دەسەڵاتی شادا، ئیشارەی پێدەکرا.

لە سەدەکانی شازدەو هەڤدەهەم دا، ژمارەیەک فەیلەسووف لە ئوروووپا، بۆ نموونە (John Locke 1632-1740) کە خەڵکی ئینگلیســـتان بوو، بیرۆکەی "مافە سروشتی‌یەکانی مرۆڤ"یان هێنایە گۆڕ. مافە سروشتی‌یەکان ئەو مافو ئازادی‌یانەن کە بۆ هەموو ئینسانەکان بێ ئەوەی سرنج بدرێتە ئەوە کە خەڵکی کوێن، ســـەر بە چ دەســـتەو تاقمێکی کۆمەڵایەتیین، بە چ زمانێک قسە دەکەن، ژنن یا پیاو، کام دین یا مەزهەبیان هەیە، بە فەرمی دەناســـرێن. جەوهەری ئەو بیرۆکەیە بریتی‌یە لەوە کە مرۆڤ لەبەر ئەوەی وەک ئینسان دێتە سەر زەوی، خاوەن ئەو مافو ئازادی‌یانەیە، نەک لەبەر ئەوەی ســـەر بە چ چینو توێژێکی کۆمەڵایەتی‌یە. ئەو بیرۆکەیەی لۆک بۆ پەرەسەندنی مافەکانی مرۆڤ لە سەردەمی ڕێنێسانس‌دا بایەخێکی زۆری هەبوو. ناوبراو گوتی کە هەموو مرۆڤەکان بە ئازادی لەدایک دەبن، مافی وەک یەکیان هەیەو بەرابەرن. لۆک لە هێنانە گۆڕی بیرۆکەی دەوڵەتی قانوون‌دا ئەوەی هێنایە بەر باس کە پێویســـتە کۆمەڵ بەگوێرەی یاســـاو قانوون ڕێکبخرێو بەڕێوە ببردرێ، نەک بە زەوقو ســـەلیقەی دەســـەڵاتداران. لەوەش زیاتر ناوبراو گوتی قانوونو یاساکان دەبێ کاربەدەستانو دەسەڵاتدارانیش بگرنەوە. واتە نابێ لە کۆمەڵگادا کەس لە سەرەوەی قانوونو یاسا بێ.

لە ساڵی ۱۶۶۸دا ئەو بیرۆکەیە لە ئینگلیستان بە کردەوە جێبەجێ کرا. لەو ساڵەدا لەبەر ئەوەی شا کەڵکی خراپی لە دەسەڵاتی خۆی وەرگرتبوو لەسەر تەختی پاشایەتی وەلا نرا. ساڵێک دواتریش پارلەمان قانوونێکی پەسند کرد کە بەگوێرەی ئەو، ئیتر شا حەقی نەبوو دەست لە کاروباری پارلەمان وەردات. ئەم قانوونە بە "The Bill of Rights" ناسراوە.

ئەم یاسایە هەڵپەساردنو وەلانانی قانوونە پەسند کراوەکانی بێ ئیزنو پرس‌وڕا گۆڕینەوە لەگەڵ پارلەمان لە شـــا قەدەغە کرد. لەوەش زیاتر بەشـــێکی زۆر لە مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤی پێناســـە کردبوون کە گرینگترینی ئەوان ئازادیی بەیانو دەربڕینی بیروڕا بوو.

بیرۆکەکانـــی پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ کە لە ســـەردەمی ڕێنســـانس‌دا هاتنە کایەوە، لە فەڕانســـەی چەرخی حەڤـــدەش‌دا ئیعتیبارێکی زۆرو نفووزێکی گەورەیـــان بۆخۆیان پەیدا کرد. لەو سەردەمەدا بە گشـــتی بێزاریو ناڕەزایەتی‌یەکی زۆر بەرامبەر سیاسەتی چەوسێنەرانەی شاو چینی ئەریستۆکراتی لە نێو خەڵک دا، بەتایبەتی بە دژی ئەوماڵیاتە زۆرەی لە خەڵک وەردەگیرا لەگۆڕێ دابوو. لە ئاکامدا شۆڕشی فەڕانسە لە ساڵی ۱۷۸۹ی زایینی‌دا سەری هەڵدا. دروشمی شۆڕش بریتی بوو لە "ئازادی، یەکســـانیو برایەتی" هەروەها خەڵک بە ئیلهام وەرگرتن لە بیرو بۆچوونەکانی لۆک، داوای ئەوەیـــان هێنا گۆڕێ کە دەوڵەت پێویســـتە ئازادیی دینو مەزهەب، ئەمنییەتو ئاسایشـــی قەزایی، مافی بەڕێوە بردنی کارو پیشـــە بە شێوەیەکی ئازادانەو هەروەها مافی خاوەندارێتیی مڵکو زەویو خانووبەرە بۆ هاووڵاتیان دابینو دەستەبەر بکات.

لە "بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤو هاووڵاتیان"دا کە وەک یەکێک لە ئاکامەکانی شـــۆڕش پەسند کرا، هاتبوو کە "مرۆڤ بە ئازادی لەدایک دەبێ، بە ئازادی دەژیو دەبێ مافو ئازادی‌یەکانی دەستەبەر

بکرێن". هەر لەو پەیوەندی‌یەدا ئیدەو بیرو بۆچوونی تازە سەبارەت بە چۆنیەتیی پەیوەندیی نێوان هاووڵاتیان‌و دەسەڵاتداران هاتنە کایەوە. بۆ نموونە پرنسیپی وەک یەک بوونی هاووڵاتیان لە بەرامبەر قانووندا، جێگای ئەو سیستەمە کۆنەی گرتەوە کە ئیمتیازی زۆری بە چینی ئەریستۆکرات‌و ئەشرافزادەکان دەدا. هەرچەند دواتر شۆڕشی فەڕانسە ڕێگایەکی پێچەوانەی گرتە بەرو بوو بە هۆی هاتنە کایەی توندو تیژی‌و تۆقاندن‌و سەرکوت‌و زەبرو زەنگ‌و ئیعدام وکوژرانی هەزاران کەس‌و ڕاپەڕینی خوێناویی جۆراوجۆر، بەڵام بەیاننامەی شۆڕشی فەڕانسە بۆ مافەکانی مرۆڤ‌و هاووڵاتیان، کاریگەریەکی گەورەو بەرچاوی لەسەر گەشەسەندنی بیری سیاسی لە هەموو ئۆرووپادا دانا.

لە کۆتاییەکانی چەرخی حەڤدەهەمدا بیرۆکەو ئیدەکانی پەیوەندیدار بە مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤەوە گەیشتنە ئەمریکاش. لە ساڵی ١٧٧٦ی زایینی‌دا زۆربەی کۆلۆنیەکانی بریتانیا لە ناوچەکانی باکووری ئەمریکادا سەربەخۆیی خۆیانیان لە ئیمپراتۆریی بریتانیا ڕاگەیاند. دواتر لە بەیاننامەی سەربەخۆیی ئەمریکادا بەشێکی بەرچاو لە مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ ڕەنگیان دایەوەو پێناسە کران. لە ساڵی ١٧٩١ی زایینی‌دا یاسای بنەڕەتی ئەمریکا ئاڵوگۆڕی بە سەردا هات. بە ئیلهام وەرگرتن لە شۆڕشی فەڕانسە بەشێکی زۆر لە مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ لە یاسای بنەڕەتی ئەمریکادا جێگایان بۆ کرایەوەو لەوەش زیاتر هەندێک یاساو قانوونی دیکەش بەو قانوونانەوە زیاد بوون تا بتوانن مافو ئازادی‌یەکانی هاووڵاتیان دەستەبەر بکەن.

بەم جۆرە ئەم بەڵگەنامە فەڕانسەوی‌و ئەمریکاییانە کە لە پەیوەندی لەگەڵ مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤدا بڵاو کرانەوە، دواتر نفووزو پرستیژو ئیعتیبارێکی گەورەی نێونەتەوەیی‌یان وەدەست هێنا. هەر بۆیە دواتر مافەکانی مرۆڤ لە زۆربەی هەرە زۆری یاسا بنەڕەتی‌یەکانی وڵاتە ئۆرووپایی‌یەکان‌دا جێگایان بۆ کرایەوە. بۆ نموونە یاسای بنەڕەتی نۆرویژ کە لە ساڵی ١٨١٤دا پەسند کرا، مافو ئازادی‌یە بنەڕەتیەکانی هاووڵاتیانی تێدا دەستەبەر کرا. گرینگترینی ئەو مافو ئازادی‌یانەی لە یاسای بنەڕەتیی نۆرویژدا بۆ هاووڵاتیان وەبەرچاو گیرا، بریتی بوون لە ئازادیی ڕا دەربڕین، ئازادیی کارو کاسبی‌و بازرگانی‌و مافی خاوەندارێتیی زەوی‌و مڵک و خانووبەرە. لەوەش زیاتر لە یاسای بنەڕەتی نۆرویژدا ئەوەش هاتوە کە هیچ هاووڵاتییەک بێ بڕیاری دادگا نابێ سزا بدرێ. بەو حاڵەش هەرچەند هێندێک وڵات ئەوەیان قبووڵ کردبوو کە مافو ئازادی‌یە بنەڕەتی‌یەکانی مرۆڤ وەک بەشێک لە قانوونی ئەساسیی خۆیان پەسند بکەن، هێشتاش مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ نەببوون بە جیهانی. واتە ئیعتبارێکی جیهانی‌و گەردوونی‌یان نەبوو. یانی هێشتاش کەشێک پێک نەهاتبوو کە ئەو مافو ئازادی‌یانە بۆ هەموو مرۆڤەکانی سەر زەوی بەفەرمی بناسرێن.

## ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان‌و مافە جیهانی‌و نێونەتەوەیی‌یەکانی مرۆڤ

پڕۆسەی بەجیهانی بوون و نێونەتەوەیی بوونی مافەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی مۆدێرن و هاوچەرخ

بە پەسند کرانی بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە لە ساڵی ١٩٤٨ی زایینی دا، دەستی پێکرد. واتە بە پەسند کرانی ئەو بەیاننامەیە، مافەکانی مرۆڤ سەنگایی و مەشرووعییەتێکی نێونەتەوەیی‌و جیهانی‌یان پەیدا کرد.

شەڕی دووهەمی جیهانی و پێکهاتنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بوون بە هۆی پەسند کرانی بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ. لە شەڕی دووهەمی جیهانی‌دا پتر لە پەنجا ملیۆن کەس گیانیان لەدەست دا. ژمارەیەکی زۆر شار و گوند و ناوچە و تەنانەت وڵاتیش بەتەواوی وێران بوون. ئاڵمانی نازی لەو شەڕەدا بێجگە لەوەی کە هێرش‌و پەلاماری کردە سەر زۆر وڵاتی دیکە و داگیری کردن، دەستی دایە قڕ کردن و کوشتن و بڕین و لەنێو بردنی هەندێک گروپ و دەستە و تاقمی جۆراوجۆریش لەنێو خەڵکدا وەک جوولەکەکان، قەرەچەکان، هۆمۆسێکسوڵەکان، کەم ئەندامان. هەروەها نازی‌یەکان بە چاوی سووک و کەم بایەخیشەوە تەماشای هەندێک دەستە و تاقمی دیکەی کۆمەڵایەتی‌یان دەکرد.

بە واتایەکی دیکە لە سێبەری حکوومەتی نازی‌یەکان‌دا جیاوازیدانان‌و هەڵاواردن لە نێو هاووڵاتیان دا، لەلایەن کاربەدەستانەوە تا ئاستی سیاسەتێکی ڕەسمی‌و پرۆژەیەکی دەوڵەتی کاری پێدەکرا. بۆ نموونە لە یاساکانی Nurmborglovene کە لە ساڵی ١٩٤٥دا پەسند کرابوون، هاتبوو کە: "هاوسەرگیری لە نێوان جوولەکەکان‌و هاووڵاتیانی بەڕەگەز ئاڵمانی و خزمە هاوخوێنییەکانیان‌دا قەدەغەیە. هەر کەسێک بە پێچەوانەی ئەم یاسایە ڕەفتار بکا، زیندانی دەکرێ."

لە شەڕی دووهەمی جیهانی‌دا شەش ملیۆن جوولەکە لەنێو بران. زۆربەی ئەوان لە ئۆردووگاکانی نازی‌یەکاندا، کە بەتایبەت بۆ قڕ کردن و ژینۆسایدی جوولەکەکان دروستیان کردبوون، گیانیان لەدەست دا. دەبێ بگوترێ کە جگە لە جوولەکەکان، خەڵکانی دیکەی سەر بە کەمایەتی‌یەکان و هەروەها دەستە و تاقمەکانی دیکەی سەر بە ئۆپۆزیسیۆنیش لەو ئۆردووگایانەدا دەکوژران و لە نێو دەبران. دواتر ئەم ئۆردووگایانە بوون بە سیمبوولی شەڕ و ژینۆساید و وێرانی و دڕندەیی نازی‌یەکان و وەک مووزەخانەی تاوان و جینایەتەکانی ئاڵمانی نازی مانەوە.

بەم جۆرە ئەزموونی تاڵی سەردەمی شەڕ، کاربەدەستان و خەڵکی وڵاتانی جۆراوجۆری هێنایە سەر ئەو قەناعەتە کە بۆ پێشگیری لە شەڕ و بۆ دابین کردنی ئەمنییەت و ئاسایش لە ئاستی دنیا دا، پێویستە ڕێکخراوێکی نێونەتەوەیی پێک بێ.

سەرەنجام لە مانگی ژوئەنی ١٩٤٥ی زایینی دا، ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ئەمریکا دامەزرا. لە کۆنفرانسی سانفرانسیسکۆدا کە لایەنە سەرکەوتووەکانی شەڕ دەستی باڵایان لە باس و گفتوگۆکان‌دا هەبوو، چوارچێوە و ئامانج و ئەرکە بنەڕەتی‌یەکانی ئەو ڕێکخراوە کەوتنە بەر باس‌و پەسند کران. لە سەرەتای کار دا، دامەزرێنەرانی ڕێکخراوەکە بەتایبەت لایەنە سەرکەوتووەکانی شەڕ، زۆر گوێ‌یان نەدەدایە مافەکانی مرۆڤ. دەبێ بگوترێ کە هەر لەو کۆنفرانسەدا نوێنەرانی گەلێک

ڕێکخراوی غەیرە دەوڵەتییش ئامادە بوون. نوێنەرانی ئەو ڕێکخراوانە دەگەڵ نوێنەرانی ژمارەیەک لە وڵاتە بچووکەکان، پێکەوە کەوتنە کار و باس و وتووێژێکی چڕوپڕیان دەست پێکرد بۆ ئەوەی بتوانن هەلومەرجێک پێک بێنن کە مەسەلەی مافەکانی مرۆڤیش ببێتە یەکێک لە باسە سەرەکی‌یەکانی کۆنفرانسەکە.

جگە لە هەوڵ و تێکۆشانی ئەو ڕێکخراوە غەیرە دەوڵەتی‌یانە، بڵاوبوونەوەی ئەو ڕاپۆرتانەش کە لە پەیوەندی دەگەڵ ڕووداوەکانی سەردەمی شەڕدا ئامادە کرابوون، دەوڵەتەکانی ناچار کرد کە مەسەلەی پاراستن و بەرەوپێش بردنی مافەکانی مرۆڤ وەک یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەست نیشان بکەن.

بڵاوبوونەوەی هەواڵ و ڕاپۆرتی ئەو جینایەت و تاوان و کۆمەڵکوژی‌یانەی کە لە کاتی شەڕی دووهەمی جیهانی‌دا ڕوویان دابوو، بوو بە هۆی کرانەوەی چاو و گوێی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و پێکهاتنی هاودەنگی‌یەکی بەرین سەبارەت بە پاراستنی ماف و ئازادی‌یەکانی مرۆڤ. دواتر کۆدەنگی‌یەکی گەورە لەسەر ئەوە هاتە ئاراوە کە پێویستە مافەکانی مرۆڤ بکەوێتە سەرشانی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی کە توانا و دەسەڵاتی ئەوەی هەبێ پێش بە پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤ بگرێ و یاسا و قانوون و پەیماننامەی جۆراوجۆریش بۆ پاراستن و پەرەپێدان و دەستەبەر کردنی مافەکانی مرۆڤ پەسند بکات و دەوڵەتەکان بەرعۆدە بکات تا ئەو یاسا و قانوون و پەیماننامانە بەڕێوە بەرن. بەو پێیە ئیتر لەمەودوا ئەو دەورانە بەسەر چوو کە کاربەدەستانی دەوڵەتێک بە مەیلی خۆیان تاوان و جینایەت و ژینۆساید و کوشت و کوشتار بەرانبەر خەڵکی وڵاتی خۆیان ئەنجام دەن و وڵاتانی دیکە و کۆمەڵگای نێونەتەوەییش حەقی ئەوەیان نەبێ پێش بەو کارە بگرن. لەوەش زیاتر بەگوێرەی پەیماننامەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، وڵاتان و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی نەک هەر ماف بەڵکوو ئەرکی سەرشانیانە کە بەرانبەر پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤ لە هەموو کەلێن و قوژبنێکی ئەم دنیایەدا دژکردەوەی پێویست لە خۆیان نیشان دەن. مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کە لە ساڵی ١٩٤٥ی زایینی‌دا پەسند کرا، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان پێویستە بۆ جێگیر کردنی ئاشتی‌و تەبایی و دابین و دەستەبەر کردنی مافەکانی مرۆڤ کار بکات. بەڵام لە پەیوەندی لەگەڵ نێوەرۆکی مافەکانی مرۆڤ و ئەوەی کە ئەو مافانە چ دەگرنەوە، کەم و زۆر لە مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان‌دا باسێک نەکراوە. دواتر لێژنەیەکی تایبەتی بۆ پێناسە کردنی مافەکانی مرۆڤ بە وردی لەو ڕێکخراوەدا پێک هات.

ئەو لێژنەیە لە هەژدە ئەندام پێک هاتبوو کە لە وڵاتانی جۆراوجۆرەوە هاتبوون و نوێنەرایەتیی کولتوور و دین و مەزهەب و ڕوانگە جیاجیاکانیان دەکرد (٩). پاش دوو ساڵ کار و وتوێژی چڕوپڕ هەموو ئەندامانی لێژنەکە لەسەر بەیاننامەیەک هاوڕابوون واتە بە کۆمپرۆمیس گەیشتن کە لە ١٠ی دیسامبری ١٩٤٨دا بڵاو کرایەوە و بە ناوی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ ناسرا. شارەزایان لەسەر

ئـــەو بڕوایەن کە ئەم بەیاننامەیە بە گرنگترینی ئەو بەڵگەنامەو دۆکیۆمێنتانە دادەنرێ کە تا ئێســـتا ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان پەسندی کردوون.

لە ســـەرجەمی پەنجاو شەش وڵات کە ئەو دەم ئەندامی ڕێکخراوەکە بوون، چلو هەشت ئەندام دەنگیان بە بەیاننامەکە دا. هەشت وڵات خۆیان لە دەنگدان بە بەیاننامەکە بوارد. بەڵام هیچ وڵاتێک بە دژی بەیاننامەکە دەنگی نەدا.

بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ لە ســـی مادده پێک هاتووە. ئەو ماددانە مافە جیاجیاکانی مرۆڤ پێناســـە دەکەن. بەو جۆرە مافەکانی مرۆڤ بوونە بەشێک لە یاسای نێونەتەوەیی و ئیعتباری جیهانییان پەیدا کرد. بۆ یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، مرۆڤ توانی هەندێک یاســـا و قانوون دانێ بۆ ئەوەی دەوڵەتەکان بەگوێرەی ئەوان لەگەڵ هاووڵاتیان هەڵسوکەوت بکەن.

بەو جۆرە مەسەلەی دەســـتتێوەردان لە مافی خاوەنداریەتی نیشتمانی دەوڵەتەکاندا هاتە گۆڕ. هەلومەرجێک هاتە کایەوە کە چۆنیەتیی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری دەوڵەتەکان لەگەڵ هاونیشتمانانی خۆیاندا، ئیتر شتێک نەبوو کە وڵاتانی دیکە و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بەرامبەری بێتەفاوەت  و بێ لایەن بن و کاریان بەسەریەوە نەبێ.

(Micheline R Ishay) لە کتێبی History of Human Rights کە لە ساڵی٢٠٠٤دا بڵاو کراوەتەوە دەنووســـێ: هەر چوونە پێش و سەرکەوتنێکی مافی مرۆڤ لە مێژوودا قۆناخێکی بەدوادا هاتووە کە مافەکانی مرۆڤ تێیدا تووشـــی پاشەکشە بوونە، بۆ نموونە شۆڕشی فەرانسە. شۆڕش مەسەلەی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤی هێنایە بەر باس و داوای دابین کردن و دەستەبەر کردنی ئەوانی کرد. بەڵام وەک دیتمان پاشـــتر شـــۆڕش بەپێچەوانەی ئەمانجەکانی چووە پێشو لە ئاکامدا دەورانێک دەستی پێکرد کە پڕ بوو لە سەرکوت و زەبروزەنگ و تۆقاندن و پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ. ئەوە لەبەر ئەوەیە کە هێزە کۆنەپەرســـتەکان هەمیشـــە لە هەوڵی ئەوە دان کە پێش بە چوونە پێشـــی ڕەوتی ئازادیی مرۆڤ بگرن و پێشکەوتن و پەرەسەندنی کۆمەڵ لەگەڵ کەندوکۆسپ بەرەوڕوو بکەن. بەڵام لەسەریەک ڕەوتی مێژوو بە قازانج و بەرژەوەندیی پێشکەوتنی کۆمەڵ و ئازادیی مرۆڤ دەڕواتە پێش. هەر نەوەیەک کە دێتە ســـەر دنیا لەسەر بناخەی دەســـکەوت و پێشکەوتنەکانی نەوەکانی دیکەی پێش خۆی، تێدەکۆشێ ژیانی خۆی خۆشتر بکات و ئەو کۆسپ و هەوراز و هەڵدێرانە تەخت بکات کە لە سەر ڕێگای بەرەو پێشچوون دان. بەو پێیە تا دێ مرۆڤ بەرە و ئازادیی زیاتر دەڕوا. هەر بەو جۆرە تا دێ پتریش دەسەڵاتدارانی زاڵم و سەرەڕۆ جێگایان پێ لێژ دەکرێ.

ئەو ماف و ئازادییانەی لە بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ داهاتوون، تێگەیشـــتنی بەرینی مرۆڤایەتی لەو پێشکەوتن و پەرەسەندنە دەردەخەن کە بە درێژایی مێژوو، بە قازانجی مرۆڤ ڕووی داوە. ئەو ماف و ئازادییانە بەو شێوە مۆدێڕنەی کە لە سیستەمی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا پێناسە کراون، نوێنەرایەتیی ئیدەو ڕوانگە و بیرە هەرەبەرز و پێشکەوتووەکان دەکەن کە تا ئێستا مێژوو لە

پەیوەندی لەگەڵ مافو ئازادی‌یەکانی ئینسان‌دا بەخۆیەوە دیون.

## پەسند کرانی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ

نوێنەری ئەمریکا لە کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤدا پێشنیاری کرد کە بەندی یەکەم لە جاڕنامەکە بەم جۆرە بێ: "...all men are created equal" هەر بەو جۆرەی کە لە ڕاگەیەنراوی سەربەخۆیی ئەمریکا لە ساڵی ١٧٧٦دا هاتووە. بەڵام نوێنەری هیندستان کە ژن بوو لەو لێژنەکەدا بەو دەستەواژەیە رازی نەبوو. داوای کرد "all men" ئاڵوگۆڕی بەسەر دابێ بۆ ئەوەی ماناکەی ڕوونتر بێتەوە. ئەو وتی ئەدی ژنان چی؟ ئەو جۆرە دارشتنە وا مانا دەکرێتەوە کە هەر تەنیا پیاوان بگرێتە خۆ. هەروەها نوێنەری یەکیەتیی سۆڤیەتی لەگەڵ بەکارهێنانی وشەی "created" رازی نەبوو، چونکە ئەو جۆرە دارشتنە ئیشارەی بە خوای خالەق دەکرد. ئەو کات سۆڤیەتەکان هەوڵیان دەدا یەکیەتیی سۆڤیەت کۆمەڵگایەکی غەیرە دینیو غەیرە مەزهەبی بێ. هەر بۆیە نەیاندەتوانی بەڵگەنامەیەکی ئاوا بە هۆی ڕوانگە ئیدەئۆلۆژیکی‌یەکانیانەوە ئیمزا بکەن. پاش باس‌و گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر ئەوە ساغ بوونەوە کە بەم جۆرەی خوارەوە بەندی یەکەمی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ دارێژرێ:

"All human beigns are born free and equal in dignity and rights"

## چ مافێک؟

بەندی یەکەم و دووهەمی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، بناخە و جەوهەری ئەو ئیدەو بیرۆکەیە دەگرێتەخۆ کە کۆشکی بڵیندی ماف و ئازادی‌یەکانی مرۆڤی لەسەر بنیات نراوە. ئەوەش لەسەر بنەمای دوو بایەخی مەزن وەستاوە. یەکیان بریتی‌یە لەوە کە هەموو مرۆڤەکان خاوەنی بایەخی ئینسانیین و ئەو بایەخە ئینسانییە هیچکات نابێ ژێرپێ بخرێ. دووهەمیش ئەوەیە کە هەموو مرۆڤەکان یەکسانن و بایەخی وەک یەکیان هەیە. واتە هاوبایەخن. بەندی یەکەمی بەیاننامەکە دەڵێ "هەموو مرۆڤەکان بە ئازادی لەدایک دەبن، هاوبایەخن و وەک ئینسان مافی وەک یەکیان هەیە".

بەندی دووهەمی جاڕنامەکە ئەو مەسەلەیە باشتر ڕوون دەکاتەوە و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە هەموو مرۆڤەکان بێ وەبەرچاو گرتنی هەرچەشنە جیاوازی‌یەکی وەک پێشینە، ڕەگەز، زمان، ڕەنگی پێست، دین و مەزهەب، بیرو باوەڕی سیاسی، پێگەی کۆمەڵایەتی، نەتەوە، ئیتنیسیتی، خاوەنداریەتی، یان چۆنیەتی و شوێنی لەدایک بوون، هەموو ئەو ماف و ئازادی‌یانەی کە لە بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا هاتوون دەیانگرێتەوە. ئەو بیرۆکەیە نێوەرۆکی ئەو پرنسیپە گرنگەی مافەکانی مرۆڤ ڕوون دەکاتەوە کە دەڵێ مرۆڤەکان نابێ جیاوازی و هەڵاواردنیان لەگەڵ

بکرێ. دواتر بەندەکانی سێ  تا ژمارە سێ، بە وردی ئەو ماف و ئازادی‌یانەی مرۆڤ دەخەنە بەرباس کە بەیاننامەکە بە حەقی هەموو مرۆڤەکانیان دەزانێ و داوای وەبەرچاو گرتن و دەستەبەر کردنیان لە دەوڵەتەکان بۆ هەموو هاووڵاتیان و ئەو کەسانە کە دەکەونە چوارچێوەی سنوورەکانیان دەکا.

زۆر جار ماف و ئازادی‌یەکانی مرۆڤ دەکرێنە دوو بەش. ماف و ئازادی‌یە سیاسی و مەدەنی‌یەکان. هەروەها ماف و ئازادی‌یە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری‌یەکان. بەشی یەکەم ئەو ماف و ئازادی‌یانە دەگرنەوە کە پێیان دەگوترێ ئازادی‌یەکانی مرۆڤ. ئەوەش زۆرتر ئەو مافانەن کە لە سەردەمی رێنێسانس و رەوشەنگەری‌دا هاتنە گۆڕێ. بەشی دووهەمی مافەکانیش ئەو مافانەن کە پێیان دەگوترێ مافە تەناهیەکان مرۆڤ. واتە ئەو مافانەی تەناهی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری بۆ مرۆڤەکان دابین دەکەن. ئەو مافانە زۆرتر ئەو مافانە دەگرنەوە کە بزووتنەوەی کرێکاری هەر لە سەرەتای دەست پێکرانی شۆڕشی پیشەسازی‌یەوە لە چەرخی هەژدە و نۆزدەوە لە پێناو وەدیهێنانیان‌دا خەباتی کردوە.

مافە مەدەنی‌یەکان ئەو مافانەن کە ژیان، ئازادیی دین و مەزهەب، ئەمنییەتی قەزایی و حقووقی، ژیانی تاکەکەسی، ژیانی بنەماڵەیی، ئازادیی ڕا دەربڕین، ئازادیی پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوە، ئازادیی پێکهێنانی کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی و سینفی و پیشەیی و ئازادیی سەفەر و هاتوچۆ دەپارێزن.

مافە سیاسی‌یەکان ئەو مافانەن حەق بە هاووڵاتیان دەدەن لە کاروباری کۆمەڵگای خۆیان و چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیان‌دا، لە چوارچێوەی قانوون‌دا بەشدار بن و بتوانن لە پرۆسەی سیاسی‌دا کاریگەر بن و مافی هەڵبژاردن و خۆکاندید کردنیان هەبێ.

مافە ئابووری‌یەکان، ئەو مافانەن کە مافی هەبوونی کار، مافی پێکهێنانی کۆڕ و کۆمەڵی پیشەیی و نەقابی، مافی مانگرتن و خۆپیشاندان و ڕێپیوان بۆ دەستەبەر کردنی ژیانێکی شیاو بۆ هەموو هاووڵاتیان دەپارێزن.

مافە کۆمەڵایەتی‌یەکان، ئەو مافانەن کە مافی بیمەی بێکاری، بیمەی نەخۆشی، بیمەی پەککەوتەیی و بیمەی دەورانی پیری دەپارێزن. ئەو مافانەن کە کاتێک مرۆڤ بە هۆیەکی دیاریکراو کە دەکەوێتە دەرەوەی توانا و ئیرادەی خۆی، ناتوانێ کار بکات و پێداویستی‌یەکانی خۆی و بنەماڵەکەی دابین بکات، کۆمەڵگا و دەوڵەت ئەرکی سەرشانیانە کە پارێزگاریی لێ بکەن و ئیمکاناتی ژیان و بەڕێوەچوونی بۆ دابین و دەستەبەر بکەن.

مافە کولتووری‌یەکان، ئەو مافانەن کە مافی خوێندن، مافی بەشداری و کەڵک وەرگرتن لە ژیانی کولتووری و فەرهەنگی کۆمەڵگا و مافی وەدەستهێنانی زانست و زانیاری دەپارێزن. ئەو مافە کۆپیرایتیش دەپارێزێ. واتە مافی ئەو کەسانەی کاڵا و شوێنەوارە هونەری و ئەدەبی و زانستی و تێکنۆلۆژی‌یەکان بەرهەم دێنن دەپارێزێ.

## بەڵگەنامەکان و ئەرکەکانی دەوڵەت

هەرچەند پەسەند کرانی بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، بە قۆناخێکی گرنگ لە مێژووی پەرەسەندنی مافەکانی مرۆڤ دادەنرێ، بەوحاڵەش دەتوانین ئەو بەیاننامەیە تەنیا بە سەرەتای دەستپێکردنی کار و تێکۆشانی سیستەماتیک بۆ بەرەوپێش بردن و دەستەبەر کردنی مافەکانی مرۆڤ دابنێین. چونکە ئەودەم مەودایەکی زۆر لە نێوان قسە و باسەکانی سەر کاغەز و واقعییەتەیەکانی سەر ڕووی دنیا لە پەیوەندی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا لە گۆڕێدا بوو.

لایەنی هەرە بەهێزی بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ ئەوە بوو کە ئەو بەیاننامەیە لە ئاکامی گفتوگۆیەکی چڕوپڕدا وەدەست هاتبوو. لەو گفتوگۆیانەدا نوێنەرانی فەرهەنگ و کولتوور و ئایین و وڵات و ناوچە جۆراوجۆرەکانی دنیا ، لە سەر ئیدەئالە هاوبەشەکان پێک گەیشتبوون. نێوەرۆکی ئەو ئیدەئالە بەرزە هاوبەشانە ئەوە دەست نیشان دەکات کە دەوڵەتەکان چۆن دەبێ هەڵسوکەوت و ڕەفتار لەگەڵ هاووڵاتیانی خۆیان بکەن و ڕێز لە ماف و ئازادییەکانیان بگرن. لەوەش زیاتر کاتێک ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەیاننامەکەی پەسند کرد، سیگناڵێکی دیاری بۆ هەموو دەوڵەتەکانی ئەندام و هاوپەیمان نارد کە زۆر گرنگە ڕێز بۆ ئەو ماف و ئازادییانە دانێن و بۆ جێبەجێ کردن و بەرەوپێشبردنیان بەرپرسیار بن.

بەو پێیە بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ بوو بە دوکومێنت یا بە واتەیەکی تر بە بەڵگەیەکی سیاسیی گرنگ و پڕبایەخ دادەنرێ. ئیتر لێرە بە دواوە بەڕێوەبردن و وەبەرچاوگرتنی بەیاننامەکە وەک پێوانەیەک بو ڕادەی ئیعتیبار و پرستیژی دەوڵەتەکان لە نێو کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا بەکار دەهات. واتە ئەو دەوڵەتانەی کە نێوەرۆکی ئەو ماددانەیان دەخستە ژێر پێ کە لە بەیاننامەکەدا هاتبوون، لە نێو کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا پرستیژیان دەکەوتە ژێر پرسیار. بەو حاڵەش وەک بەیاننامەیەکی نێونەتەوەیی، بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤیش وەک هەموو بەیاننامەیەکی هاوچەشنی خۆی، تەنیا بایەخ و هێزی ئەخلاقی و سیاسیی هەبوو. واتە بەیاننامەکە لە باری قانوون و دادوەرییەوە هیچ ئەرکێکی نەدەخستە سەر دەوڵەتەکان تا بە قانوون ناچاریان بکا بەندەکانی بەڕێوە بەرن.

بۆیە لێژنەی مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەبوایە درێژە بە کارەکانی خۆی بدا و ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ بەو جۆرە کە لە بەیاننامەکەدا هاتبوون بە شکڵ و شێوەی بەڵگەنامە و پەیماننامەی نێودەوڵەتی دابڕێژێ و بە پەسندی دەوڵەتەکانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی بگەیەنێ. بەم جۆرە پەیماننامەکانی مافی مرۆڤ واتە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکان پەسند کران. کۆنڤانسیۆن واتە پەیماننامە، دوکومێنتێکی نێودەوڵەتییە کە هەر کات دەوڵەتێک ئیمزای کرد، بەشێوەیەکی قانوونی ئەرکی دەکەوێتە سەر شان تا نێوەرۆک و بەندەکانی کۆنڤانسیۆنەکە وەبەرچاو بگرێ. کاتێک دەوڵەتەکان کۆنڤانسیۆن یان پەیماننامەیەک ئیمزاو پەسند دەکەن، مانای وایە کە بە شێوەیەکی یاساییش ئەوە قبووڵ دەکەن کە پەیماننامەکە بەڕێوە بەرن. لەوەش زیاتر بە

ئیمــزا کردنی پەیماننامەکە دەوڵەتەکان ئەوەش دەگرنە ئەســتۆ کە ناوبەناو زۆرتر هەر چوار ســاڵ جارێک ســەبارەت بە چۆنیەتیی هەوڵدانیان بۆ پیادە کردنی کۆنڤانسیۆنەکە، راپۆرت بە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بدەن.

شــەڕی ســارد و چۆنیەتیی پەیوەندی‌یەکانی نێــوان بەرەی رۆژهەڵات و بــەرەی رۆژئاوا واتە ئەمریکا و ســۆڤیەت لە نێوان ســاڵەکانی ۱۹۵۰ تا ۱۹۶۰ی زایینی دا، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بارودۆخی سیاســیی دنیــا دانا و مەیدانی کار و تێکۆشــانی رێکخــراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی لە ئاســتی نێونەتەوەیی‌دا تەنگەبەر کردەوە. لە ئاکامدا کاری کۆمیســیۆنی مافەکانی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش لەگەڵ کەندوکۆســپ و تەنگوچەڵەمەی جۆراوجۆر بەرەوڕوو بوو. بەم جۆرە ماوەی هەژدە ساڵی کێشا تا کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان توانی لە ساڵی ۱۹۶۶ی زایینــی‌دا پەیماننامەی مــاف و ئازادی‌یە مەدەنی و سیاســی‌یەکان و پەیماننامەی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی‌یەکان پەســند بکا. دیســانیش بۆ ئەوەی ئەو دوو کۆنڤانســیۆنە ئیعتباری یاســایی و قانوونی پەیدا بکەن و وەک پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی بناســرێن، دەبوایە ژمارەیەکی پێویست لە دەوڵەتەکان جێبەجێکردنیان وەئەستۆی خۆیان بگرن. بۆیە دیسانیش وەختێکی زۆرتری کێشــا تا ئەو دوو کۆنڤانســیۆنە ئیعتباری یاســایی و قانوونیان وەدەســت هێنا. بەم جۆرە لە ساڵی ۱۹۷۳ی زایینی یانی پاش ئەوەی کە ســی‌و پێنج وڵاتی ئەندامی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان پەیماننامەکەیان ئیمزا کردن و بەرعۆدە یان بوون، کۆنڤانســیۆنەکان حوکمی یاسایی و قانوونی‌یان پەیدا کرد. بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و ئەو دوو کۆنڤانســیۆنانە، بەســەر یەکەوە پێیان دەگوتــرێ "The international Bill of rights" ئەو بەڵگەنامانە بە جەوهەر و نێوەرۆکی سیســتەمی نێونەتەوەیــی مافەکانی مرۆڤ دادەنرێن کە لەو دەمەوە تا ئێســتا گەشــەی کــردوە و بۆتە چرا و رێگا نیشــاندەری دەوڵەتەکان و کۆڕ و کۆمەڵە جۆراوجــۆرەکان. لە پەیوەندی لەگەڵ بردنە پێش و پەرەپێدان و دابین و دەستەبەر کردنی مافەکانی مرۆڤدا ئەمڕۆ پتر لە ۱۵۵ وڵات لە ئاستی دنیادا ئەو دوکومێنتانەیان ئیمزا کردووە و پێملی جێبەجێ کردنیان بوونە.

پەسند کران و راگەیاندنی بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا هێز و بایەخێکی ئەخلاقی و سیاسیی زۆر و بەرچاوی هەیە. بێجگە لەوە کۆنڤانسیۆنەکانیش واتە پەیماننامە نێونەوتەوەیی‌یەکانی مافی مرۆڤیش ئەرکی قانوونی و یاســایی دەخەنە ســەر شانی دەوڵەتەکان کە نیوەرۆک و بەندکانی بەیاننامەکە وەبەرچاو بگرن و بە شێوەی سیاسەت و پڕۆژەی کار بۆ جیبەجێ کردنیان تێبکۆشن.

لە ساڵی ۱۹۴۸ی زایینی بەدواوە تا ئێستا رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان جگە لەو بەیاننامە و کۆنڤانسیۆنانەی کە لە سەرەوە باسمان کردن، ژمارەیەکی زۆر بەیاننامە و کۆنڤانسیۆنی جۆراوجۆری دیکەی بە مەبەستی پاراستن و دابین کردنی هەندێک ماف و ئازادی دیاریکراو یان دەستەبەر کردن

و پاراســـتنی مافەکانی هەندێک دەستە و تاقم و گروپی تایبەتی ئامادە و پەسند کردوون. جیا لەوە لە ئاســـتی ناوچە جیاجیاکانی دنیاش‌دا گەلێک پەیماننامە و کۆنڤانســـیۆنی ناوچەیی ســـەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ ئامادە و پەسند کراوون. وەک کۆنڤانسیۆنەکانی ئۆرووپا، ئەمریکا، ئەفریقا و تەنانەت رۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش. لەو بارەوە یەکیەتی ئورووپا کۆنڤانسیۆنێکی تایبەتی سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ بۆ وڵاتانی ئۆرووپایی پەسند کردوە. کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپایی مافەکانی مرۆڤ بایەخێکی زۆری هەیە. بەگوێرەی ئەو پەیماننامەیە هەمو هاووڵاتیانی نیشـــتەجێی وڵاتانی ئۆرووپا دەکەونە ژێر یەک چەتـــری پارێزگاریی قانوونی. واتە بەندەکانی کۆنڤانســـیۆنی ئۆرووپایـــی مافەکانی مرۆڤ بۆ هەموو هاووڵاتیانی نیشـــتەجێی ئۆرووپا چ فینلاندی بن، ســـوئێدی بن، دانمارکی بن، یان ئەڵمانی و هتد، وەک یەک ئیعتباریان هەیە. خاڵی هاوبەشی نێوان هەموو ئەو پەیماننامە و کۆنڤانسیۆنە ناوچەیی‌یانە ئەوەیە کە هەموویان ئەو ماف و ئازادی‌یانەی کە لە بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ‌دا هاتوون بە سەرمەشق و سەرچاوەی ئیلهامی خۆیان دادەنێن.

تا ئێســـتا رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان پتر لە ســـەد بەڵگەنامە و پەیماننامەی جۆراوجۆری سەبارەت بە ماف و ئازادی‌یەکانی مرۆڤ پەسند کردوون. گرینگترینی ئەوان بریتیین لە:

* کۆنڤانسیۆنی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پێشگرتن و خاشەبڕ کردنی تاوانی ژینۆساید و لەنێوبردنی بەکۆمەڵ (١٩٤٨).

* کۆنڤانسیۆنی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە ئاوارەکان (١٩٥١).

* کۆنڤانســـیۆنی نێونەتەوەیی رێکخـــراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ســـەبارەت بە قەدەغە بوون‌و ریشەکێش کردنی هەرچەشنە جیاوازیدانان‌و هەڵاواردنێک (١٩٦٥).

* کۆنڤانســـیۆنی نێونەتەوەیـــی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ســـەبارەت بـــە مافە مەدەنی‌و سیاسی‌یەکان (١٩٦٦)

* کۆنڤانســـیۆنی نێونەتەوەیـــی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ســـەبارەت بـــە مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌یەکان (١٩٦٦).

* کۆنڤانسیۆنی نێونەتەوەیی قەدەغە کردن‌و لەنێو بردنی هەرچەشنە جیاوازیدانان‌و هەڵاواردنێک بەرامبەر بە ژنان. (١٩٧٩)

* کۆنڤانســـیۆنی نێونەتەوەیـــی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ســـەبارەت بـــە قەدەغە بوونی ئەشـــکەنجەو هەر جۆرە سزاو رەفتارو کردەوەیەکی دیکەی غەیرە ئینسانیی تێکەڵ بە سووکایەتی‌و بەکەم گرتن (١٩٨٤).

* کۆنڤانســـیۆنی نێونەتەوەیی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ســـەبارەت بە مافەکانی منداڵان. (١٩٨٩).

## چۆنیەتیی پاراستن و پارێزگاری کردن لە ماف و ئازادی‌یەکانی مرۆڤ

پەرەســـەندن و پیادە کردنی مافەکانی مرۆڤ بە ســـێ قۆناخدا تێدەپەڕێ. لەپێش‌دا کۆنڤانســـیۆن و پەیماننامـــە نێونەتەوەیی‌یەکانـــی مافی مرۆڤ لەلایەن ڕێکخـــراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە ئامادە و پەسند دەکرێن. ئەو پەیماننامانە ئەو ئەرکانە دەسنیشان دەکەن کە دەخرێنە سەر شانی دەوڵەتەکانی ئەندام. پاشان دەوڵەتەکان پێویستە ئەو پەیماننامە و کۆنڤانسیۆنانە ئیمزا و قبووڵ کەن و بۆ جێبەجێ کردنیان بەرعۆدە بن. بەم شـــێوەیە دەوڵەتەکان ڕەزامەندیی خۆیان ســـەبارەت بە جێبەجێ کردن و پیادە کردنی پەیماننامەکان رادەگەیەنن. قۆناخی سێهەمیش بریتی‌یە لەوەی کە دەولەتەکانی ئەندام هەنـــگاو بۆ جێبەجێ کـــردن و پیادە کردنی پەیماننامەکان هەڵدەگرن. واتە ئەو ماف و ئازادی‌یانەی کە بۆ هاووڵاتیانو تاکی هاونیشتمانی لە پەیماننامەکان‌دا دەسنیشان کراون، وەبەرچاو دەگرن و بۆ پیادە کردنیان دەست بەکار دەبن.

بۆ ئەوەی کۆنڤانســـیۆنەکان ئیعتیبار و پرســـتیژێکی نێونەتەوەیی پەیدا بکەن، لە پێشـــدا دەبێ ژمارەیەکـــی پێویســـت لە دەوڵەتەکان ئیمـــزا و قبووڵی بکەن. تەنیا لە حاڵەتێکـــی ئاوا دایە کە ئەو پەیماننامانـــە حوکمی قانوونی پەیدا دەکەن. کە واتە ڕێکخـــراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکانـــی دیکە ئەرکێکی گرنگ و پڕبایەخیان لە پێناســـە کردن و دەسنیشـــان کردنی مافەکان‌دا لەســـەر شـــانە. بەڵام ئەرکی دەوڵەتەکان بریتی‌یە لەوە کە بەرپرسایەتیی پیادە کردن و جێبەجێ کردنی ئەوان بگرنە ئەســـتۆ. تاکەکان و هاووڵاتیان خاوەن مافن و دەوڵەتەکانیش ئەرکی جێبەجێ کردن و وەبەرچاو گرتنی ئەو ماف و ئازادی‌یانەیان دەکەوێتە سەر شان.

## پاراستن و پارێزگاری‌کردن لە ماف و ئازادی‌یەکان لە ئاستی نیشتیمانی ونەتەوەیی‌دا

باشـــترین و دڵنیاترین ڕێگە و مێتۆد بۆ وەبەرچاوگرتـــن و پیادەکردنی ماف و ئازادی‌یەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە دەوڵەت ئەو ماف و ئازادی‌یانەی کە لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا بۆ مرۆڤ بەڕەسمی ناسراون، لە یاســـا و قانوونەکانی وڵاتدا جێگیریان بکات. زۆربەی وڵاتان هەر بۆخۆیان لە بنەڕەتڕا خاوەنی یاســـای بنەڕەتی و کۆمەڵە یاسا و ڕێسایەکن کە لەوێ‌دا بەشـــێوەیەکی زۆر باش زۆربەی ئەو ماف و ئازادیانـــە وەبەرچـــاو گیراون و جێیان بۆ کراوەتەوە. بۆ ئەو ولاتانە زۆر ئاســـانە کە کۆنڤانســـیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافی مرۆڤ ئیمزا و قبووڵ بکەن و بەرپرسایەتیی پیادە کردنیان وەئەستۆ بگرن. زۆر وڵاتی واش هەن کە پێویستە ئاڵوگۆڕێکی زۆر و بەرچاو بە سەر سیستەمی سیاسی و دەستوور و قانوونـــە بنەڕەتی‌یەکانی خۆیان‌دا پێـــک بێنن، تا بتوانن لەگەڵ پەیماننامـــە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافەکانی مرۆڤدا هاوئاهەنگیان تێدا پێک بێنن.

پێش ئەوەی وڵاتێک بیهەوێ هەر پەیماننامە یان کۆنڤانســـیۆنێک واژۆ و قبووڵ بکا، پێویســـتە لە نزیکەوە لێکۆڵینەوە ســـەبارەت بەوە بکات کە ئەو کۆنڤانســـیۆنە چ ئەرکێکی دەخاتە سەر شان و

بۆ پیادە کردن و جێبەجێ کردنی، پێویستی بە چ میکانیزم و ئیمکاناتێک هەیە و بە چ شێوەیەک دەکرێ بەندەکانی جێبەجێ بکات. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دەوڵەتەکان بۆ مەبەستێکی لەو چەشنە ناچار دەبن ئاڵوگۆڕ بەسەر دەستوور و یاسا و قانوونەکانیان دابێنن تا لەگەڵ کۆنڤانسیۆن و پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافی مرۆڤدا بێنەوە و ناتەبایی‌یان نەبێت.

لە ساڵی ١٩٧٠ی زایینی‌دا کاتێک نۆرویژ کۆنڤانسیۆنی قەدەغە بوونی هەر چەشنە فۆرم و شێوەیەکی جیاوازیدانانی رەگەزیی ئیمزا و قبووڵ کرد، ناچار بوو یاسا و قانوونەکانی خۆی لەگەڵ بەندەکانی ئەم پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەدا رێک بخا. ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی کە پاراگرافێکی نوێ بە یاسای سزادانی ئەو وڵاتەوە زیاد بێ.

لە زۆربەی وڵاتەکاندا کۆنڤانسیۆنەکانی مافی مرۆڤ راستەوخۆ بەگوێرەی قانوون، لە یاسا گشتی‌یەکانی ئەو وڵاتانەدا جێیان بۆ دەکرێتەوە و هاونیشتمانان دەتوانن راستەوخۆ لە دادگاکاندا بۆ دیفاع لە خۆیان بەکاریان بێنن. بەڵام هەمیشەش ئاوا نیە.

پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسی‌یەکان و پەیماننامەی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی‌یەکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کە لە ساڵی ١٩٧٣ی زایینی‌دا حوکمی یاساییان پەیدا کردبوو، لە ساڵی ١٩٩٩ی زایینی‌دا پاش ئەوەی کە پارلمانی نۆرویژ بە گوێرەی یاسایەکی تایبەتی ئەو پەیماننامانە و کۆنڤانسیۆنی ئوروپایی مافەکانی مرۆڤی بە بەشێک لە یاساکانی نۆرویژ قبووڵ کردن، بوون بە بەشێک لە سیستەمی دادوەریی نۆرویژ و حاڵەتێکی قانوونیان بۆ جێبەجێ کردن بەخۆوە گرت.

بەو حاڵەش دەبێ بگوترێ کە پێش ئەوەی یاسا و مافەکانی مرۆڤیش لە پارلمانی نۆرویژدا پەسند بکرێن، کاربەدەستانی نۆرویژ بەشێوەیەکی گشتی هەوڵیان دەدا کە ماف و ئازادی‌یەکانی مرۆڤ وەبەرچا بگرن و لە کردەوەدا جێبەجێیان بکەن.

پێویست ناکا وڵاتەکان هەموو چەشنە ئیمکاناتێکی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی کۆنڤانسیۆنەکان، پێش ئیمزا کردن و قبووڵ کردنیان ئامادە بکەن. گرینگ ئەوەیە کە تێکۆشن لە ماوەیەکی دیاریکراودا بەستێنێکی لەبار بۆ دامەزراندن و جێبەجێ کردنی پەیماننامەکان درووست بکەن. بۆیە زۆر گرینگە دەوڵەتەکان هەوڵی واژووکردنی کۆنڤانسیۆنەکان بدەن و بەرپرسایەتیی رەچاوکردن و بوژاندنەوەیان بگرنە ئەستۆ. ئەو وەختە چاوەڕوانکراوە کە دەوڵەتێک بۆ جێبەجێ کردنی کۆنڤانسیۆنێک پێوسیتی پێیەتی، بەگوێرەی جۆری ماف و ئازادی‌یەکان دەگۆڕدرێ.

چاوەڕوان دەکرێ کە کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی و سیاسی‌یەکان پاش ئیمزا کران و قبووڵ کردن لەلایەن دەوڵەتەوە دەسبەجێ حاڵەتی جێبەجێ کردن بەخۆیەوەی بگرێ. بەڵام ناکرێ چاوەڕوانیەکی لەو چەشنەمان لە دەوڵەت هەبێ کە بە هەمان خێرایی و لە هەمان ماوەی چاوەڕوانکراودا پاش ئیمزا کردن، قبووڵ کردن، مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی‌یەکان جێبەجێ بکات. دوایین

بەستێنی ئامادە کردن بۆ جێبەجێ کردنی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی‌یەکان وەختێکی زۆرتری دەوێ و پێویستی بە وەگەڕخستنی سەرچاوە و سەرمایە جۆراوجۆرەکانی وڵاتە تا بتوانرێ وەک پێویست قوتابخانە و نەخۆشخانە دروست بکرێ. دیارە بۆ دەستەبەرکردنی ئازادیی دین و مەزهەب و عەقیدە پێویستی‌یەکی لەو جۆرە لە گۆڕێدا نیە. زۆر جاری واش هەیە دەوڵەتەکان بەشێک یان چەند بەش لە کۆنڤانسیۆنێک هەڵدەپەسێرن و بەفەرمی ڕادەگەیەنن کە ناتوانن ئەو بەندە یان ئەو بەندانەی پەیماننامەکە وەبەرچاو بگرن یا پیادەیان بکەن. بەو حاڵەش کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ئەوە قبووڵ دەکا. مەبەست ئەوەیە کە ژمارەیەکی هەرچی زۆرتر وڵاتان هان بدرێن تا کۆنڤانسیۆنەکان ئیمزاو قبووڵ بکەن. بەو جۆرە کۆنڤانسیۆنەکانی مافەکانی مرۆڤ دەبنە پەیماننامەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتەکان ئەرکدار دەکەن تا وەبەرچاویان بگرن و کاریان پێ بکەن. جا با لە سەرەتاش‌دا دەوڵەتەکان نەتوانن هەموو کۆنڤانسیۆنەکە بەشێوەیەکی تەواو پیادە بکەن.

وەک پێشتریش وتمان مرۆڤەکان وەک تاک خاوەنی ماف و ئازادی‌یەکانن و دەوڵەتەکان و کاربەدەستانی دەوڵەتیش ئەو ئەرکەیان دەکەوێتە سەر شان کە ئەو ماف و ئازادی‌یانە بۆ ئەوان دابین و دەستەبەر بکەن. بە واتایەکیتر ئەوە تەنیا کاربەدەستانی دەوڵەتن کە سەبارەت بە وەبەرچاونەگرتن و پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ بە بەرپرس دادەنرێن. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەو مەبەستە با نموونەیەک بێنینەوە. ئەگەر پیاوێک لەلایەن چەند کەسێکەوە لەسەر جادە لێی بدرێ، خۆی لە خۆیدا لە یەکەم روانین‌دا ئەوە بە پێشێل کرانی مافی مرۆڤ ناژمێردرێ. ناکرێ دەوڵەت بە بەرپرسی هەموو ئەو جۆرە ڕەفتار و کار و کردەوانە دابنرێ کە لە پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان‌دا خۆیان نیشان دەدەن. بەڵام ئەگەر ئەو پیاوەی کە لە سەرەوە باسمان کرد لەلایەن کارمەند، یا کاربەدەستێکی دەوڵەتەوە بۆ نموونە پۆلیس لێی بدرێ، ئەوە ئەو کارە بە پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤ دەژمێردرێ. ئەوەش لە بەر ئەوەیە کە لە حاڵەتی دووهەم‌دا ئەو کەسەی پەلاماردەرە، کاربەدەستێکی دەوڵەتە. لە زۆر وڵاتی دنیا دا، کاربەدەستانی دەوڵەت لە کاتی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان‌دا کەڵکی خراپ لە دەسەڵات و پێگەی فەرمیی خۆیان وەردەگرن و لە ئاکامدا بە شێوەیەکی بەربڵاو و زەق ماف و ئازادی‌یەکانی مرۆڤ ژێرپێ دەخرێ بۆ نموونە لە کاتی گرتن و زیندانی کردن‌دا پێشێل دەکەن. تەنانەت لە وڵاتێکی وەک نۆرویژیش‌دا زۆر جار پۆلیس بەوە تاوانبار کراوە کە لە کاتی جێبەجێ کردنی مەئمووریەت و ئەرکەکانی‌دا کەڵکی خراپی لە دەسەڵاتی خۆی وەرگرتووە و توندوتیژیی بەکار هێناوە. توندوتیژی‌یەک کە پێی دەوترێ توندوتیژیی پۆلیس. دەتوانین ئەو نموونەیەی کە لە سەرەوە هێنامانەوە ئاڵۆزتری بکەین. دەوڵەت نەک ئەرکی ئەوەی لەسەر شانە کە بۆخۆی ماف و ئازادی‌یەکانی مرۆڤ پێشێل نەکا، بەڵکوو بەرپرسایەتیی ئەوەشی لەسەر شانە کە ڕێز لە ماف و ئازادی‌یەکانی مرۆڤ بگرێ، بیانپارێزێ و بۆ پەرەپێدان و بەرەوپێش بردنیشیان تێبکۆشێ. بەو پێیە کاربەدەستانی دەوڵەت لەسەریانە کە هەلومەرجێک پێک بێنن کە ئەمنییەتی حقووقی و قەزایی

بۆ هەموو هاووڵاتیان بە شـــێوەیەکی کاریگەر دابین و دەســـتەبەر بکەن. بۆ نموونە ئەگەر کەسێک شـــکایەت یا سکاڵا لە کەسێکی دیکە بکا کە پەلاماری داوە، پۆلیس و دادگاکان لەسەریانە بەدوای مەســـەلەکەدا بڕۆن و بۆ ســـزادانی پەلاماردەر هەنگاوی پێویســـت هەڵگرن. چونکە بە دوادا چوون، لێکۆڵینەوە و گەڕان بە دوای دۆزینەوەی تاوانبار و سزادانی بۆخۆی سیگناڵێکی گرنگە بۆ پێشگرتن لە روودانی پەلاماری تازە. هەر بۆیە کاربەدەســـتان دەبێ بەرپرســـایەتی و خەمی ئەوەش وەئەستۆ بگـــرن کە بە ئەندازەی پێویســـت پۆلیس لە جادەکان هەبێ و هاتووچـــۆ بکا تا بتوانێ ئەمنییەت و ئاســـایش بۆ هاووڵاتیان دابین بکات. کە واتە بۆ دابین و دەســـتەبەر کردنی ئەمنییەت و ئاســـایش، دەوڵەت دەبێ هەموو میکانیزمو ئیمکاناتێکی پێویست تەرخان بکا تا هاووڵاتیان لە ئارامی و هێمنی و ئاسایشـــی تەواودا بژین. پێکهێنانی ئەمنییەتی قەزایی و حقووقی، وەگەڕخســـتن و بەڕێوەبردنی پرۆژەی جۆراوجۆر بە مەبەســـتی پێشـــگرتن لـــە بەلاڕێ داچوونـــی لاوەکان و هەروەها خوڵقاندنی روحییەتێکی دێموکراتیک و پێشـــکەوتنخوازانە و ئینسانی لە نێو هاووڵاتیان‌دا لە ڕێگای پەروەردە و فێرکردن و بارهێنانەوە، بەشـــێک لەو سیاسەتانەن کە دەوڵەت دەتوانێ بۆ مەبەستێکی لەو چەشنە دەکاریان بکا. لەوەش زیاتر هەر کاتێک ڕوون ببێتەوە و دەرکەوێ کە ماف و ئازادی‌یەکانی کەسێک یان تاقمێک پێشـــێل کراون، دەبێ دەوڵەت تێکۆشێ  خەسارەت بۆ قوربانی یان قوربانیەکان دابین بکا وقەرەبوو بکرێنەوە.

کە واتە: دەوڵەت بەرپرسایەتیی ئەوەی لەسەر شانە کە ڕێز لە ماف و ئازادی‌یەکانی مرۆڤ بگرێ، ئەو ماف و ئازادی‌یانە بپارێزێ و بۆ پەرەپێدان و بەرەپێش بردنیان بە هەموو تواناوە هەوڵ بدا.

ئەگەر کەسێک، پێی وایە ماف و ئازادی‌یەکی ئەو پێشێل کراوە، پێویستە سکاڵا بکا و مەسەلەکەی بەرێتە دادگا. ئەگەر ناوبراو لە دادگادا دۆڕاندی دوای ئەوەی کە کێشەکەی خۆی بردە پێش دادگای هەرە بەرزی وڵات و ســـکالاکەی بە ئاکامی دڵخوازی خۆی نەگەیشـــت، دەتوانێ شـــکایەت بەرێتە بەردەم ئۆرگانـــە تایبەتی‌یەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان یـــان دادگا نێونەتەوەیی‌یەکان. بۆ نموونـــە دەتوانێ بە دژی دەوڵەتەکەی خۆی شـــکایەت بەرێتە بەردەم  دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ. تا بتوانێ راســـتەوخۆ دەوڵەت یان کاربەدەستانی دەوڵەت یان ئۆرگانێکی دەوڵەتی سەبارەت بە پێشـــێلکاریی مافەکانی مرۆڤ بە بەرپرس دابنرێن، ئیمکانی پەلکێش کردنی دەوڵەت بۆ دادگا و بردنەوە و ســـەرکەوتن لە دادگادا زۆرتر دەبێ. تا ئێســـتا زۆر جار نۆرویژ سەبارەت بە پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤ، لە دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکان مرۆڤ دا، شـــکایەتی لێ کراوە و ناچار بووە بچێتە بەردەم دادگای ستراســـبۆرگ. هەر لە ئاکامی ئەوەش‌دا ناچار بووە ئاڵوگۆڕ بەسەر زۆر لایەنی یاسا و ڕێساو چۆنیەتیی پراکسیسی خۆیدا لەو بوارانەدا بێنێ کە بە هۆی ئەوانەوە پەلکێشی دادگای ناوبراو کراوە.

دژوارە بتوانین ئەوە نیشان بدەین کە کاربەدەستانی دەوڵەت بۆ پێشگیری لە سەرهەڵدانی جورم

و تاوان ئەرکی ســەر شــانی خۆیان جێبەجێ نەکردووە. ئاخر ئەوە دژوارە کە بە بەڵگەوە لە دادگادا بیســەلمێنێ کە کاربەدەستان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لاوان و مێرمنداڵان بەرە و تاوان و جورم و جینایەت پاڵ پێوەنێن، تەنیا لەبەر ئەوەی کە ئەوان لەو بوارەدا بەشــێوەیەکی پاسیڤ دەجووڵێنەوە و سیاســەتێکی چالاکیان لە پەیوەندی لەگەڵ لاوان‌دا نیە تا بتوانن پێش بە ســەرهەڵدانی جورم و تاوان لەنێو ئەوان‌دا بگرن.

ئەگەر لە گۆشــەنیگایەکی دوورەوە تەماشــای مەســەلەکە بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو پرۆگرام و پرۆژانەی کاربەدەستانی دەوڵەت بۆ پێشگیری لە سەرهەڵدانی جورم و تاوان لە نێو لاوان‌دا بەڕێوەیان دەبەن، لە یەکەم روانین‌دا وەک هەنگاو هەڵێنان بۆ بردنە پێشی مافەکانی مرۆڤ لە قەڵەم نادرێن. زۆر گرینگە کە هەموو ئەوانەی دەسەڵاتی رەسمی‌یان بەدەستەوەیە و بە نوێنەرایەتیی دەوڵەت کار دەکــەن، زانیاری‌یان ســەبارەت بە ماف و ئازادی‌یەکانی مرۆڤ هەبێ. پۆلیس، کاربەدەســتانی ئیدارەی منداڵپارێز، مامۆستایان، دوکتورەکان، بەڕێوەبەرانی ئیدارە و دامودەزگا و فەرمانگە دەوڵەتی و حکوومەتی‌یەکان، کارمەندان و بەڕێوەبەرانی زیندانەکان، کارمەندانی نەخۆشــخانە ڕەوانی‌یەکان، مامۆســتایانی باخچەکانی ســاوایان و بەکورتی هەموو ئەوانەی کاربەدەستی دەوڵەتن و بۆ دەوڵەت کار دەکەن، پێویســتە زانیاری‌یان لەســەر مافەکانی مرۆڤ هەبێ تا بتوانن لە کاتی کار کردن‌دا رێز لــەو ماف و ئازادی‌یانە بگرن و بیانبەنە پێش و جێبەجێشــیان بکــەن. هەر بۆیە ئەوەش گرنگە کە هەموو لاوان و منداڵان و مێرمنداڵان لە قوتابخانەدا فێری ئاشــنایەتی لەگەڵ ماف و ئازادی‌یەکانی مرۆڤ بکرێن، بەدەرس بیانخوێنن و زانســت و زانیاریی پێویســت سەبارەت بەوان وەدەست بێنن. جیــا لەوە کۆمەڵانی خەڵکیش پێویســتە ســەبارەت بە ماف و ئازادی‌یەکانی مــرۆڤ فێر بکرێن و ئاشــنایەتی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ پەیدا بکەن. کاربەدەســتانی دەوڵەت دەتوانن میکانیزم و ڕێگا و مێتــۆدی جۆراوجۆر بەکار بێنن بۆ بردنە پێــش و وەبەرچاوگرتنی مافەکانی مرۆڤ. بۆ نموونە بە پێکهێنانی دامودەزگای جۆراوجۆر کە سەرپەرەســتی و چاوەدێــری بەڕێوەچوونی مافەکانی مرۆڤ بکــەن، دەتوانن لەو بوارەدا هەنگاو هەڵبێنن. دامەزراندنی ئیدارەی چاوەدێری لە مافەکانی منداڵان، دامەزراندنی ئیدارەی چاوەدێری بۆ نەهێشــتنی جیاوازیدانان و هەڵاواردن، دامەزرادنی دامودەزگا و ناوەندی تایبەت بۆ چاوەدێریی مافەکانی مرۆڤ، دامەزراندنی ئیدارەی تایبەت بە چاوەدێری کردنی ئینتەرنێت، دامەزراندنی دەزگای تایبەتی بۆ چاوەدێری کاروباری پۆلیس، تەنیا بەشێک لەو کارانەن کە کاربەدەستانی دەوڵەت دەتوانن لە ڕێگای ئەوانەوە بۆ باشتر کردنی وەزعی مافەکانی مرۆڤ هەنگاو هەڵگرن.

لــە دنیای ســەردەمی ئێمەدا کە ســەردەمی بەجیهانی بوونە، زۆر گرنگە کــە دەوڵەتەکان لە ئاســتی نێونەتەوەییشدا سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ بەرپرســایەتی بخەنە سەر شان. واتە جگە لە بەرپرســایەتیی میللی و نەتەوەیی و نیشــتمانی لە پەیوەندی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا دەوڵەتەکان

پێویستە بەرپرسایەتیی نێونەتەوەییش قبووڵ بکەن. کاتێک دەوڵەتەکانی دیکە ماف و ئازادی‌یەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن، کاربەدەستانی دەوڵەت پێویستە رەخنەیان لێ بگرن. هەروەها ئەوەش گرنگە کە هاوکاریی بازرگانی لەگەڵ ئەو وڵاتانە نەکرێ کە بە شـێوەیەکی توندو زەق و بەرچاو مافەکانی مرۆڤ پێشـێل دەکەن. لەو رێگایەوە دەوڵەتەکان دەتوانن ئەو سـیگناڵە بنێرن کە پێشـێل کرانی مافەکانـی مرۆڤ لە ئاسـتێکی بەرین و سیسـتەماتیک‌دا کارێکە کە ئـەوان دووریی لێ دەکەن و بۆیان قبووڵ ناکرێ. زۆر وڵات هەن کە لە ئاسـتی دنیادا کارێکی کاریگەر و بەرچاو بۆ بردنە پێش و وەبەرچاوگرتـن و پەرەپێدانی مافەکانی مـرۆڤ دەکەن. ئەوان لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دا، لـەو بارەوە رۆڵی چالاک دەگێڕن و لە رێکخـراوە نێونەتەوەیی‌یەکانی پەیوەندیدار بە پەرەپێدان و بەرەوپێـش بردنـی مافەکانی مرۆڤ دا چالاک و هەڵسـووڕن و لەو رێگایـەوە بۆ بە هێز کردنی مەوقعییەتی ماف و ئازادی‌یەکانی مرۆڤ تێدەکۆشن. هەروەها لە رێگای سیاسەتی دەرەوەی خۆیان و ئەو پرۆژە جۆراوجۆرانەی کە بۆ یارمەتیدان بە وڵاتانی دیکە بەڕێوەیان دەبەن، داوای وەبەرچاگرتن و بەرەوپێش بردنی ماف و ئازادی‌یەکانی مرۆڤ دەکەن. لە کاتی هاوکاری و پێوەندیی گرتن لەگەڵ وڵاتانـی دیکە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا داوای ئەوەیان لێ دەکەن کە کار بۆ باشـتر کردنی وەزعی مافەکانی مرۆڤ بکەن.

نۆرویـژ یەکێـک لەو وڵاتانەیە کە لـە کاتی هـاوکاری و یارمەتیدانی وڵاتانـی دیکە لە بوارە جۆراوجۆرەکان‌دا، داوای ئەوەیان لێ دەکا کە کار بۆ باشتر کردنی وەزعی مافی مرۆڤ بکەن. واتە ئەو داوایە وەک پێشـمەرج بۆ دانی یارمەتی و هەرچەشنە هاوکاری‌یەکی دیکە بەو وڵاتانە بەکار دێنێ. هەروەها لەو بارەوە مێتۆدێکی دیکەش هەیە کە کاربەدەسـتانی وەزارەتی دەرەوە بۆ بردنە پێشـی مافەکانی مرۆڤ لە ئاسـتی نێونەتەوەیی‌دا کەڵکی لێوەردەگرن. ئەویش بریتیە لە دیالۆگ سەبارەت بـە مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ ئەو وڵاتانەی لە پەیوەندی لەگەڵ ریزگرتن و وەبەرچاوگرتنی مافەکانی مرۆڤدا پەریزێکی خاوێنیان نیە.

لەو وتوویژ و دیالۆگانەدا کاربەدەستانی هەر دوو لا، بەوردی لەسەر مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ و چۆنیەتیی باشتر کردنی وەزعی مافەکانی مرۆڤ پێکەوەدەوێن و هەوڵدەدەن رێگاچارەیەکی هاوبەش بۆ باشتر کردنی وەزعی مافەکانی مرۆڤ لەو وڵاتەدا بدۆزنەوە.

### کۆمەڵگای مەدەنی

دەسـتەواژەی "کۆمەڵگای مەدەنی" ئەو زاراوەیەیە کە هەر کاتێک باس لە دێمۆکراسی و مافەکانی مـرۆڤ دەکـرێ، دێتە بەرگوێ. مەبەسـت لە کۆمەڵـگای مەدەنی ئەو هێز و لایـەن و ئەکتەرانە دەگرێتەوە کە لە کۆمەڵگادا بوونیان هەیە، بەڵام سـەر بـە حکوومەت و دەوڵەت نین. بە واتایەکی دیکە بەشـێک نین لە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا. بەشێک لە گرنگترین ئەکتەرەکانی کۆمەڵگای مەدەنی

بریتییـــن لە ڕێکخـــراوە غەیرە دەوڵەتی‌یەکان واتە NGOیەکان. زۆر جـــار بەو ڕێکخراوانە دەگوترێ ڕێکخـــراوە ئازادەکان. چونکە ئەوان لە دەربڕینی بیـــروڕاو ڕوانگەکانی خۆیان‌دا ئازادن و هەروەها بە ئازادییش، بێ گوێ دانە ئەوەی کە دەوڵەت چی پێ خۆشـــە یان نا، چالاکی‌یەکانیان بەڕیوە دەبەن. واتە ســـەربەخۆ لە دەوڵەتن. زۆربـــەی ڕێکخراوە غەیرە دەوڵەتی‌یەکان لەلایەن کەســـانی چالاک و هەڵسووڕەوە بۆ پەرەپێدان و بەرەوپێش بردنی مافەکانی مرۆڤ دادەمەزرێن. لە زۆرترین حاڵەتەکان‌دا ئەو جۆرە ڕێکخراوانە ڕۆڵی وتەبێژی گروپ و دەستە و تاقمە لاواز و بێدەسەلاتەکانی وەک ئاوارەکان، منداڵان، ژنان، زیندانیان، کەم‌ئەندامان، کەسانی خاوەن پێداویسیتی‌یە تایبەتی‌یەکان و هی دیکەی لەو چەشـــنە دەگێڕن. یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوانە ئەوەیە کە بتوانن لە ڕێگای چالاکی و هەڵسووڕانی جۆراوجۆرەوە، دەوڵەت و کاربەدەستانی دەوڵەت بخەنە ژێر زەخت و گوشار، تا بۆ باشتر کردنی وەزعی  ژیان و ماف و ئازادی‌یەکانی ئەو دەستە و تاقم و گروپانە هەنگاو هەڵگرن.

ئـــەو ڕێکخراوانە لە نێو کۆمەڵ‌دا پشـــتیوانی‌یەکی بەرینیان لێ دەکـــرێ و هەرکامیان لە بواری چالاکی‌یەکانی خۆیان‌دا، خاوەنی لێوەشاوەیی و زانست و زانیاری‌یەکی زۆرن. لە وڵاتە دێمۆکراتیەکان‌دا کاربەدەســـتان نرخ و بایەخێکی زۆر بۆ کار و تێکۆشـــانی ئەو ڕێکخراوانە دادەنێن و گوێ بۆ ڕوانگە و بیروڕا و بۆچوونەکانیان رادەدێرن. هەمیشـــە دیالۆگێکی چڕوپڕ سەبارەت بە مەسەلە ئاکتوێلەکانی نێو کۆمەڵ لە نێوان کاربەدەستان و ئەو ڕێکخراوانەدا هەیە. لە زۆر وڵات‌دا ئەو ڕێکخراوانە لە لایەن دەوڵەتەوە پشتیوانیی ئەخلاقی و مەعنەوی و ماددی‌یان لێ دەکرێ.

ڕێکخـــراوە غەیرە دەوڵەتی‌یەکان، لە کاروبار و تێکۆشـــانی خۆیـــان‌دا ئامانجی جیاوازیان هەیە و هـــەر بەو جۆرە لە کار و تێکۆشـــانیان‌دا ڕێگە و مێتۆد و شـــێوازی جیاجیاش بـــەکار دێنن. ئەگەر لەلایـــەک دەتوانن ڕێنوێنی و یارمەتیی تایبەتی بدەنە کەســـانی دیاریکراو. لەلایەکی دیکەشـــەوە دەتوانن پێشـــنیار و گەلاڵە و بەرنامەی تایبەت ســـەبارەت بە باشتر کردنی وەزعی مافەکانی مرۆڤ پێشکەشی کاربەدەستان بکەن. لەوەش زیاتر دەتوانن چاوەدێری چۆنیەتیی وەزعی مافەکانی مرۆڤ لە بوارە جیاجیاکان‌دا بکەن و لە هەر جێیەک پێویســـت بێ کاربەدەســـتان ئاگادار کەنەوە. هەر بەو پێیە دەتوانن لە پەیوەندی لەگەڵ بابەت و مەســـەلە جۆراوجۆرکان‌دا زانیاریی پێویست بە خەڵک و ڕاگەیەنە گشـــتی‌یەکان بدەن. تا لەو ڕێگایەوە زەخت و گوشارێکی زیاتر بکەوێتە سەر کاربەدەستان تا بۆ ڕێزگرتن و وەبەرچاوگرتنی مافەکانی مرۆڤ خێراتر و باشـــتر هەنگاو بنێن. بەشـــێکی زۆر لەو ڕێکخراوانـــە بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری و وشـــیاری لە بـــوارە جۆراوجۆرەکانی مافی مرۆڤدا کارێکی گـــەورە و بەرچاو لە نێو کۆمەڵ‌دا ئەنجـــام دەدەن. بەڕێوەبردنی چالاکـــی و کۆکردنەوەی ئیمزا بە دژی کارکردن بە منداڵان و پێشـــێل کرانی مافەکانی ژنان، دوو نموونەی بچووکن کە هەندێک لەو ڕێکخراوانـــە بەڕێوەیان دەبەن. جیا لەوە هەندێک لەو ڕێکخراوانەی پشـــتیوانیی ماددی و مەعنەوی ئەکادمیک لەو کەس و لایەنانە دەکەن کە لە وڵاتانی دیکەدا بۆ دابین و دەستەبەر کردنی مافەکانی

مرۆڤ تێدەکۆشن. ئەگەر بمانەوێ ناوی بەشێک لەو ڕێکخراوە غەیرە دەوڵەتی‌یانە بێنین کە لە پێناو باشتر کردنی وەزعی مافی مرۆڤدا کار دەکەن دەبێ باس لەو ڕێکخراوانە بکەین کە بۆ مافەکانی منداڵان، کەمئەندامان، ژنان، بێکاران، شەڕلێدراوەکان، ئاوارەکان و زیندانیان کار دەکەن. هەندێک لەو ڕێکخراوانە سەر بە تۆڕێکی نێونەتەوەیین و لە ئاستێکی گەورەتردا کار بۆ مافەکانی مرۆڤ دەکەن. وەک ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی کە پتر لە دوو ملیۆن ئەندامی هەن.

لەو وڵاتانەدا کە لە ئاستێکی بەرین و بەربڵاودا پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤ ڕوو دەدا، کاربەدەستان کار و چالاکیەکانی ئەو جۆرە ڕێکخراوانە بە هەڕەشە و مەترسی لەسەر خۆیان و دەسەڵاتی حکوومەت دەبینن. هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەو ڕێکخراوانە لە پەیوەندی لەگەڵ پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤدا ڕەخنە لە کاربەدەستان دەگرن. هەر بۆیە لە زۆر وڵاتان‌دا چالاکان و تێکۆشەرانی ڕێگای مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ ڕاونان و گرتن و زیندان و تەنانەت کوشتن و ئیعدامیش بەرەوڕوو دەبن. لە هەلومەرجێکی لەو چەشنەدا کە لە وڵاتێک‌دا چالاکانی ڕێگای مافەکانی مرۆڤ دەکەونە بەر پەلامار و ماشێنی سەرکوتی دەوڵەت، زۆر گرنگە لەلایەن ڕێکخراوە مرۆڤدۆست و غەیرە دەوڵەتی‌یەکان لە دەرەوەڕا هاوپەیوەندییان لەگەڵ نیشان بدرێ و پشتیوانیان لێ بکرێ. ئەو هاوپەیوەندی و پشتیوانی‌یە دەکرێ بە شێوەی جۆراوجۆرو لە ڕێگای جیاوازەوە پێشان بدرێ.

## میدیاکان

میدیا ئازاد و سەربەخۆکان، بە یەکێک لە گرنگترین دامودەزگا و دامەزراوەی نێو کۆمەڵگا دێمۆکراتیک و پێشکەوتووەکان لە قەڵەم دەدرێن. هەر بۆیەشە ڕۆڵێکی گرنگ و پڕبایەخیان لە پاراستن و بەرەوپێش بردنی ماف و ئازادی‌یەکانی مرۆڤدا هەیە. ڕاگەیەنە گشتی‌یە ئازاد و سەربەخۆکان گەلێک ئەرکی گرنگ لە کۆمەڵ‌دا بەڕێوە دەبەن. وەک گەیاندن و بڵاوکردنەوەی زانیاری، هێنانە گۆڕی باس و موناقەشەی جۆراوجۆر لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو کێشە و مەسەلانە کە لە کۆمەڵ‌دا لەگۆڕێ دان، لەقاودان و ئاشکرا کردنی پێشێلکرانی ماف و ئازادی‌یەکانی مرۆڤ، دەست نیشان کردنی وەزعی دژواری چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک و بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرت و هەواڵ و ڕێپۆرتاژ و باس و بابەت و بەدواداچوونی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە کێشە و ڕووداوەکانی نێو کۆمەڵ.

هەمیشە لە ڕێگای تەلەفزیۆن، ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانەوەیە کە تاکەکان، هاونیشتمانان و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان، لە پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤ لێرە و لەوێ ئاگادار دەبن. لەخۆڕا نیە کە دەگوترێ لە کۆمەڵگا ئازاد و دێمۆکراتیکەکان‌دا مێدیاکان پارێزەری قازانج و بەرژەوەندی‌یەکانی هاونیشتمانیانن و لە هەر جێیەک ببینن دەوڵەت ماف و ئازادی‌یەکانی هاووڵاتیان پێشێل دەکا و کەڵکی خراپ لە دەسەڵات وەردەگرێ یان ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ ناکا، لێی لە هەڵا دەدەن و دەنگی ناڕەزایەتی و بێزاریی خەڵک بەرز دەکەنەوە. کاتێک ڕاگەیەنە گشتی‌یەکان مەسەلەیەک

دەخەنە بەر زەرڕەبینی باســـی خۆیان، زەخت وگوشار دەکەوێتە سەر کاربەدەستان تا سەبارەت بەو کێشەیە کارێک بکەن. بەو جۆرە بوار بۆ پێکهاتنی ئاڵوگۆڕی ئەرێنی پێک دێ.

لە زۆر وڵاتدا کاری رۆژنامەنووســـی و هەواڵدەری یا نووســـین و بڵاوکردنەوەی وتار و ریپۆرتاژ سەبارەت بە پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ، چالاکی‌یەکی سەخت و دژوار و پڕمەترسی‌یە. کاربەدەستانی سەرەڕۆ لەو وڵاتانەدا حەزیان لێ نیە کە بە شێوەیەکی ئەرێنی بکەونە بەر زەرەبینی مێدیاکان و بە خراپە باسیان بکرێ. هەر بۆیە هەموو جۆرە ڕێگایەکی غەیرە قانوونی بۆ پێشگرتن لەو کارە دەگرنە بەر. ســـاڵانە ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەنووس و ژۆرنالیستەکان لێرە و لەوێی ئەو دنیایەدا دەکوژرێن. ژمارەیەکـــی زۆریش لەوان هەمیشـــە لە وڵاتانی جۆراوجۆردا تەنیا بـــە تاوانی ئەوە کە رەخنەیان لە سیاسەتەکانی کاربەدەســـتان گرتوە زیندانی دەکرێن. لە ساڵی ٢٠٠٦دا هەشتاویەک رۆژنامەنووس و پێنج مێدیاکار کووژراون و پتر لە هەزار و چوارســـەد رۆژنامەنووســـیش کەوتوونەتە بەر پەلامار و هەڕەشە.

## بازرگانی و کار و کاسبی

بازرگانەکان و هەموو ئەوانەی بەجۆرێک خەریکی کار و کاســـبی و بازرگانی و کڕین و فرۆشـــتن و بەرهەمهێنانـــی کالا و خزمەتگوزاری‌یە جۆراوجۆرەکانن، رۆڵ و نفووزێکی زۆریان لە کۆمەڵدا هەیە و دەتوانن لە نفووز و رۆڵی خۆیان بۆ بەرەوپێش بردنی ماف و ئازادی‌یەکانی مرۆڤ کەڵک وەرگرن.

لە پێش هەموو شـــتێکدا دامودەزگا ئابووری و بازرگانیەکان پێویســـتە کرێکاران و کارمەندانی خۆیان بپارێزن و کەشـــێکی باش ئارامیان لە شـــوێنی بۆ دابین بکەن. هەروەها پێویستە ڕێگا بدرێ کە کرێکاران و کارمەندان بە ئازادی بتوانن رێکخراوە پیشەیی‌یەکانی خۆیان دامەزرێنن و راستەوخۆ لە ڕێگای ئەوانەوە شـــوێنەوار لەســـەر چۆنیەتیی ژینگە و هەلومەرجی کارو ژیانیان دانێن. لەوەش زیاتر کارگـــە و کۆمپانیا و دامودەزگا ئابووری‌و بازرگانی‌یەکان دەبێ بە تەواوی لە پەیوەندی لەگەڵ وەبەرچاوگرتن و پیادە کردنی ماف و ئازادی‌یەکانی مرۆڤدا هاوکاریی کاربەدەستانی دەوڵەت بکەن و ئەوەش بەوە دەکرێ کە بە گوێرەی پرنســـیپ و ســـتانداردەکانی مافی مرۆڤ کاروباری کارگە و کۆمپانیا و ناوەندەکانی کار و کاسبی خۆیان بەڕێوە بەرن.

لە سەردەمی ئێستادا زۆر کۆمپانیا و شەریکەی جۆراوجۆر هەن کە نەک هەر لە وڵاتێکدا، بەڵکوو لە زۆر وڵاتـــاندا کار و چالاکی‌یان هەیە. بەو جۆرە کۆمپانیایانـــە دەوترێ کۆمپانیای فرەنەتەوەیی. ئـــەم کۆمپانییانە لەو وڵاتانەدا کالا و خزمەتگوزاری بەرهەم دێنن کە هێزی کار و کەرەســـەی خاو و تێچوون هەرزانە، بەڵام بەرهەمەکانیان لەو شـــوێنانە دەفرۆشـــن کە خەڵک گرانتر لێیان دەکڕن. زۆربەی ئەو شـــیرکەت و کۆمپانیانە نفووز و ئیعتبار و دەســـەڵاتێکی زۆریان هەیە و ســـەرچاوەی جۆراوجۆریان لەبەردەست دان. ئەمڕۆ لە سەرجەمی سەد ئۆکۆنۆمیی گەورە کە لە دنیادا هەن، پتر لە

نیوەیان ئەو کۆمپانیا فرەنەتەوەیی‌یانەن کە باسمان کردن و باقی‌یەکەشیان دەوڵەتەکانن. لە کاتێکدا زۆربەی وڵاتان بەشێوەی جۆراوجۆر لە ژێر کۆنترۆڵێکی دیمۆکراتیک دان، هیچ کۆنترۆڵێک بەسەر ئەو کۆمپانیا گەورە و فرەنەتەوەیی‌یانەدا بەڕێوە ناچێ. ئامانجی سەرەکی ئەوان وەدەست هێنانی قازانج وبەرژەوەندی زۆرترە، لە هەر ڕێگایەک کە بۆیان بلوێ. واتە هێزی دینامیزم و مۆتیڤاشۆنی سەرەکیی ئەو کۆمپانیانە، تەنیا پەیدا کردنی پووڵ و پارەیە. بەداخەوە دەرکەوتووە کە ئەوەش لە زۆربەی حاڵەتەکان‌دا لەسەر حیسابی پێشێل کرانی ماف و ئازادی‌یەکانی مرۆڤ ئیمکانی هەیە.

لەم ساڵانەی دواییدا هەم ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و هەم گەلێک کۆڕ و کۆمەڵی بەشەردۆستیی دیکە ئاوڕیان لەو گیروگرفتانە داوەتەوە. هەر بۆیە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٩٩دا، ڕێکخراوێکی تایبەتیی بە ناوی "Global Compact" بۆ کار کردن لەسەر ئەو مەسەلەیە پێک هێنا. ئەو ڕێکخراوە بریتی‌یە لە ژمارەیەکی زۆر کارگە و کارخانە و کۆمپانیای جۆراوجۆر کە لە ئاستی دنیادا تۆڕێکی هاوپەیوەندی‌یان بۆ بردنە پێشی بایەخە ئەخلاقی و مافەکانی مرۆڤ لە پەیوەندی لەگەڵ کاروباری خۆیان‌دا پێک هێناوە. مەبەستی سەرەکیی ئەو ڕێکخراوە ئەوەیە کە زانیاری و وشیاری سەبارەت بەو بەرپرسایەتیە لە نێو خاوەن کارگە و کۆمپانیەکان‌دا بڵاو کاتەوە کە سەبارەت بە بردنە پێشی ماف و ئازادی‌یەکانی مرۆڤ دەکەوێتە سەرشانیان.

ئەمڕۆ زۆر لە کۆمپانیا و کارگە گەورەکان ئەوە دەزانن کە سەبارەت بە بردنە پێشی مافەکانی مرۆڤ ئەرک و بەرپرسایەتی‌یان بەئەستۆوەیە. هەر بۆیە هەندێک لەوان بەڵگەنامەی تایبەت بە خۆیان لەو بارەوە ئامادە کردوە کە لە بردنە پێشی کاروباری ڕۆژانەیان‌دا وەک چرای ڕێگانیشاندەر بەکاری دەبەن.

ئەو کۆمپانیانەی کە لەو وڵاتانەدا کار دەکەن کە بە شێوەیەکی بەرین مافەکانی مرۆڤیان تێدا پێشێل دەکرێ، پێویستە بەجۆرێک کاروباری خۆیان ڕێک خەن کە یارمەتی بە باشتر بوونی وەزعی مافەکانی مرۆڤ بکا. بۆ نموونە دەتوانن بە کاربەدەستانی ئەو وڵاتانە ڕاگەیەنن کە ئەوان بەو مەرجە سەرمایەگوزاری لە وڵاتەکانی ئەوان‌دا دەکەن کە گەندەڵی و فەسادی جۆراوجۆر خەباتی لەگەڵ بکرێ. یان دەتوانن داوای ئازادیی زیندانیانی سیاسی و عەقیدەتی بکەن. دەتوانن ڕاگەیەنن کە ئەوان بەو مەرجە سەرمایەگوزاری دەکەن کە کاربەدەستانی دەوڵەت ئازادیی پێکهێنان و تێکۆشانی ڕێکخراو و سەندیکا پیشەیی و سینفی‌یەکان دەستەبەر بکەن. دەتوانن بە کاربەدەستانی ئەو وڵاتانە ڕاگەیەنن کە ئەوان بەو مەرجە لەو وڵاتانەدا سەرمایەگوزاری دەکەن کە شکەنجە کۆتایی پێ بێ. ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە کە کۆمپانیاکان دەبوایە بۆ خۆیان ڕێزگرتن و پەرەپیدانی مافەکانی مرۆڤیان بە یەکێک لە ئەرکەکانی خۆیان دانابوایە. بۆ نموونە نەدەبوایە بەهیچ جۆر ڕێگا بە کاری منداڵان درابوایە. لەوەش زیاتر پێویستە کۆمپانیاو کارگە و کارخانەکان ئەساسی کاری خۆیان لەسەر ئەوە دانێن کە مافە سینفی و پیشەیی‌یەکانی کرێکار و کارمەندەکانیان بەفەرمی بناسن و ئازادیی بەیان

و مانگرتن و رادەربڕین و پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوە وخۆپێشاندان و چالاکی‌یە سەندیکاییی‌یەکانی دیکەیان بۆ دەستەبەر بکەن.

زۆرن ئەوانەی دەڵێن کە کارگە و کۆمپانیا نێونەتەوەیی‌یەکان نابێ لەو وڵاتانەدا کە بە شێوەیەکی بەرین مافی مرۆڤ پێشێل دەکرێ، کار و چالاکی بەڕێوەبەرن. چونکە کار و چالاکی بەڕێوەبردن و سەرمایەگوزاری کردن لەو جۆرە وڵاتانەدا ئیعتبار و مەشرووعییەت بە کاربەدەستانی ئەو وڵاتانە دەبەخشێ. هەندێک کەسیش لەسەر ئەو بڕوایەن کە دەکرێ کارگە و کۆمپانیاکان لەو وڵاتانەدا کار و چالاکیی خۆیان دەست پێبکەن، بەڵام مەرجیان ئەوەیە کە سەبارەت بە وەزعی مافەکانی مرۆڤ و پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ لەو وڵاتانەدا ڕەخنە لە دەسەڵاتداران بگرن. ئەوان لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەو کارگە و کۆمپانیانە، یان هەموو ئەکتەرەکانی دیکەی نێو بازاڕی کار و کاسبی کە خاوەنی نفووز و ئیعتبار و هێزن و دەکرێ لەو نفووز و ئیعتبارەی خۆیان بۆ باشتر کردنی ڕەوشی مافی مرۆڤ کەڵک وەرگرن. ئەوان دەتوانن لە هەندێک هەلومەرجدا پێش بە ئەشکەنجە بگرن و تەنانەت گیانی خەڵکیش نەجات بدەن. بەتایبەتی لەو جێیانەدا کە چالاکانی دیکەی مافی مرۆڤ دەنگیان زۆر ناڕوا دەستیان بە هیچ کوێ ڕاناگا.

### ئەرکی تاکەکەسی سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ

هەرچەند ڕێز گرتن و بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ لە پێش هەر کەسێکدا ئەرکی دەوڵەتە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە ئێمەش وەک تاک، وەک مرۆڤ و وەک هاووڵاتی ناتوانین لەو بارەوە کار و ئەرک بەئەستۆوە بگرین. هەموو ئینسانەکان هەر کام بەگوێرەی توانا و وەزعی خۆیان دەتوانن لە بەرەوپێش بردنی مافەکانی مرۆڤدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبێ.

ڕاستە دەبێ هەمیشە پێ لەسەر ئەوە دابگرین کە ئەوە دەوڵەتەکانن ئەرک و بەرپرسایەتیی دابین کردن و دەستەبەر کردنی مافەکانی مرۆڤیان لەسەر شانە. بەڵام دەبێ لەبیرمان بێ کە دەوڵەت لە سەرجەمی ئەو ئینسانانە پێک دێ کە هاووڵاتی ئەو دەوڵەتەن. بەم جۆرە ئەوە ئینسانەکانن بە کۆبوونەوە لە دەوری یەک و لە چوارچێوەی سنوورەکانی دەوڵەتدا، یەکەیەکی گەورەتر دروست دەکەن. هەر بۆیە وەک تاکیش هەموو ئێمە مەیدانی ئەوەمان هەیە کە بەشێوەیەکی ئەرێنی شوێنەوار و کاریگەریی خۆمان لەسەر پەرەپێدان و بەرەوپێش بردنی مافەکانی مرۆڤ دانێین.

لەسەرەتادا ئەوە تاکەکان بوون کە لە پەیوەندی لەگەڵ ماف و ئازادی‌یەکانی مرۆڤدا کەوتنە بیرکردنەوەی فەلسەفی و توانیان ڕوانگەو بیروبۆچوونەکانیان لەو بارەوە بەشێوەی قسە و ئیدەو وتار و کتێب داڕێژن. هەروەها بەدرێژایی مێژووش ئەوە هەر ئینسانەکان بوون کە چ وەک تاکو چ بە شێوەی بە کۆمەڵ کار و خەباتیان بۆ مافەکانی مرۆڤ کردوە. هەروەها هەر لە ئاکامی کار و تێکۆشانی ئەوانیش دایە کە ئەمڕۆ دەبینین ئەو مافانە وەک بەشێک لە یاسای نێودەوڵەتی ناسراون

و کاریان پێدەکرێ.

هەر بۆیە هەر کام لە ئێمە کارێکی زۆرمان بۆ بردنە پێش و دابین و دەستەبەر کردنی مافەکانی مرۆڤ لە دەست دێ. بۆ نموونە دەتوانین مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ دۆست و ئاشنا و نزیکانی خۆمان بێنینە بەرباس. لە قوتابخانە، لە شوێنی کار، لە ماڵەوە، لە هەر هەلومەرجێکدا کە دێتە پێش دەتوانین باس و گفتوگۆ لەمەڕ چۆنیەتیی وەبەرچاوگرتن و دەستەبەر کردنی ئەو مافانە بکەین. دەتوانین وتار و بابەت لەو بارەوە بۆ گۆڤار و ڕۆژنامەکان بنووسین. دەتوانین یارمەتی و پیتاک و کۆمەگ بۆ ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان کۆ کەینەوە. دەتوانین بە دژی پێشێکرانی مافەکانی مرۆڤ لێرەولەوێ لە مانگرتن و خۆپێشاندان و ڕێپێوانەکاندا بەشدار بین. دەتوانین چالاکیی جۆراوجۆر بۆ وشیار کردنەوەی خەڵک سەبارەت بە ماف و ئازادییەکانی ژنان، کەمئەندامان، منداڵان، نەخۆشەکان، زیندانییەکان و هتد... بەڕێوە بەرین. لەوەش زیاتر ئەگەر پێمان خۆشە لەو بارەوە وەختێکی زۆرتر دانێین، دەتوانین ببینە ئەندامی کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی پارێزگاری لە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ. وەک دەنگدەریش لەو بارەوە بەرپرسایەتیمان لەسەر شانە. پێویستە لە هەڵبژاردندا دەنگ بەو حیزب و لایەن و لیستە و کەسانە بدەین کە بایەخ بە مافەکانی مرۆڤ دەدەن. هەر لەو پەیوەندییەدا وەک بەکارهێنەری کاڵا و بەرهەمە جۆراوجۆرەکانیش، بەرپرسایەتیمان لەسەر شانە. خۆ لە خۆڕا نیە دەگوترێ "جیهانی بیر بکەوە، بەڵام ناوچەیی و مەحەللی ڕەفتار بکە". ئەوە لە پەیوەندی لەگەڵ شێوەی ڕەفتاری ئێمە وەک بەکارهێنەری کاڵاکان دەتوانێ زۆر ڕاست بێ. بۆنموونە دەکرێ ئێمە ئەو کاڵا و خزمەتگوزارییانە کە دەزانین بە کاری منداڵان بەرهەم هاتوون نەکڕین، دەتوانین ئەو کاڵا و کەلوپەل و شتومەکانە کە لەو وڵاتانە بەرهەم هێنراون کە بە ڕادەیەکی بەرین ماف و ئازادییەکانی مرۆڤیان تێدا پێشێل دەکرێ، بایکۆت بکەین.

وەک ئینسان ئێمە لە نێو کۆمەڵدا دەژین هەر بۆیە ژیانمان بەسراوەتەوە بە ژیانی کەسانی دیکە و تەنانەت زۆر جار شتێک لە ژیانی کەسانی دیکەش کە لە دەوروبەرمانن، لە دەستی ئێمە دایە. وەختێک دەزانین کە ئێمە لەگەڵ کەسانی دیکەدا نەبێ ناتوانین بژین و ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە بتوانین کاریگەریمان لەسەر ژیانی کەسانیتر هەبێ، مانای وایە لەو حاڵەتەدا هەم دەسەڵاتمان بەسەر کەسانی دیکەدا هەیە و هەم بەرپرسایەتیمان بەرامبەریان لەسەر شانە.

واتە ژیان لە نێو خەڵک و لەگەڵ خەڵکدا هەم دەسەڵاتمان دەداتێ و هەم بەرپرسایەتیمان بۆ درووست دەکات. بۆ نموونە دەسەڵات و توانا و هێزی ئەوەمان هەیە ژیانی خەڵکی دیکە تێک دەین. هەر بۆیە بەرپرسایەتیی ئەوەشمان لەسەر شانە کە ئەو کارە نەکەین و ڕێز بۆ ژیانی کەسانی دیکە دانێین. بەرپرسایەتیی ئەوەمان لەسەر شانە نەیەڵین لە ئاکامی کار و ڕەفتار و قسە و کردەوەکانی ئێمەدا خەڵکانی دی کە لە دەوروبەرمانن زیان و زەرەریان وێبکەوێ. ئێمە ئازادین کە بۆ خۆمان

هەڵبژێرین و چمان پێ خۆشــە بیکەین بەڵام ئەرکی ئەوەشمان لەسەر شانە بەرامبەر قسە و کار و کردەوە و ئاکامەکانیان بەرپرسایەتی قبووڵ کەین. لەگەڵ ئەوەدا کە ئێمە دەتوانین لە ئازادیی خۆمان بۆ داوا کردنی مافەکانمان کەڵک وەرگرین، بەڵام هەر لەو کاتەدا بەرپرســایەتیی ئەوەشــمان لەسەر شــانە کە ڕێز لە ماف و ئازادی‌یەکانی کەسانی دیکە بگرین. لەوەش زیاتر هەر کاتێک دەبینین کە ماف و ئازادی‌یەکانی کەســێک یان کەســانێک یان گروپ و دەستە و تاقمێک پێشل دەکرێ، یان جیاوازی و هەڵاواردنیان دەرحەق دەکرێ، پێویستە لەسەرمان دژکردەوە لە خۆمان نیشان بدەین.

بــێ گومان تاقمێک لە مرۆڤەکان بەو مەرجەی بە وردی بیریان لێ کردبێتەوە و بە هەموو هێز و توانایانەوە هەڵســوورێن، دەتوانن دنیا بگۆڕن. ڕاستی‌یەکەشی ئەوەیە کە ئەوە تا ئێستا هەر ئەوان بوون توانیویانە ئاڵوگۆڕ دروست بکەن.

Margret Mead

## پاراستنی نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ

لە باسەکانی پێشوودا بۆمان دەرکەوت کە دەوڵەتەکان گرنگترین کار و ئەرک سەبارەت بە پاراستن و بەرەوپێش بردنی مافەکانی مرۆڤ بەڕێوە دەبەن.

Torkel Opsahl کە پســپۆڕی یاســا و قانوونی نێودەوڵەتی‌یە ئەو مەبەســتە بــەم جۆرە ڕوون دەکاتەوە "پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافەکانی مرۆڤ، لەپێش هەموو شــتێکدا ئەرک دەخەنە ســەر دەوڵەتەکان کە لە قانوون و یاســاکانی وڵاتەکانیاندا ماف و ئازادی‌یەکانی مرۆڤ بەڕەســمی بناسن و جێبەجێیان بکەن. لەو پەیوەندی‌یەدا یاسا و قانوونە نێودەوڵەتی و نێونەتەوەیی‌یەکان بەپێی سروشــتی خۆیان دەکەونە دوای ئەوان". ســەرەڕای ئەوەش زۆر ڕێکار و میکانیزمی جۆراوجۆر لە ئاستی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی‌دا لە گۆڕێ دان کە شوێن لەسەر دەوڵەتەکان دادەنێن، هانیان دەدەن و جاری واشە تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا ناچاریان دەکەن کە ڕێز بۆ ماف و ئازادی‌یەکانی مرۆڤ دابنێن. بەگوێــرەی قانوونی نێودەوڵەتی، کۆمەڵگای نێونەتەوەیی مافــی ئەوەی هەیە لە پەیوەندی لەگەڵ پێشــێل کرانی ماف و ئازادی‌یەکانی مرۆڤدا ڕەخنە لــە دەوڵەتەکان بگرێ. تەنانەت ئەگەر پێویست بێ وەختێک دەوڵەتێک ئەرکەکانی خۆی سەبارەت بە ڕێز گرتنو وەبەرچاو گرتنی مافەکانی مرۆڤ بەڕێوە نابا، کۆمەڵگای نێونەتەوەیی حەقی ئەوەی هەیە بەشێوەی دیکەش دژکردەوە لە خۆی نیشان بدا.

لە کۆنفرانســی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ کە لە ڤیەننای پایتەختی ئۆتریش لە ســاڵی ١٩٩٣ی زایینی‌دا پێک هات و لە ســەرجەمی دووسەد دەوڵەت، سەد و حەفتاو یەک دەوڵەت تێی‌دا بەشدار بوون، بەشدارانی کۆنفرانسەکە بە گشتی پێیان لەسەر ئەوە داگرت کە "مافەکانی مرۆڤ پێوانەیەکن بۆ مەشرووعییەت لە نێو کۆمەڵگای نێونەتەوەیی‌دا".

لێرەدا هەوڵ دەدەین بە کورتی باس لە هەندێک لەو میکانیزمانە بکەین کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە ڕێگای بەکارهێنانی ئەوانەوە تێدەکۆشێ دەوڵەتەکان هان بدا ڕێز لە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ بگرن و بەرە و پێشەوەیان بەرن. ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکەوێتە ڕیزی هەرە پێشەوە. دوای ئەوەش باس لەو میکانیزمە ناوچەیییانە دەکرێن کە بۆ ڕێز گرتنو بەرەوپێش بردنی مافەکانی مرۆڤ لە ناوچە جیاجیاکانی دنیادا پێک هاتوون. هەر لەو پەیوەندییەدا، باسێکیش لە ڕۆڵی ڕێکخراوە غەیرە دەوڵەتییەکان دەکەین. لە کۆتاییدا دوو میکانیزمی دیکەش کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ پەرەپێدانی مافەکانی مرۆڤ لە ئاستی دنیادا بەکاریان دێنێ، دەخەینە بەر لێکۆڵینەوە. ئەوانیش بریتیین لە دادگای سزادانی نێونەتەوەیی و دەست تێوەردانی مرۆڤدۆستانە لە کاروباری نێوخۆی وڵاتان دا.

## سیستەمی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان

ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ژمارەیەک میکانیزم و ڕێکاری جۆراوجۆر بۆ هاندانی دەوڵەتەکان بۆ ڕێز گرتن و وەبەرچاگرتن و بەرەپێش بردنی مافەکانی مرۆڤ، بەکار دێنێ. ئەو میکانیزمانە پێ بە پێی پەرەسەندنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ وەڵامدانەوە بە پێویستیی لە گۆڕێ دابوونی سیستەمێک بۆ چاوەدێری بەسەر بەڕێوەچوونو پیادەکرانی کۆنڤانسیۆنەکاندا پێک هاتوون. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە سیستەمی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە پەیوەندی لەگەڵ کار بۆ ماف و ئازادییەکانی مرۆڤدا، بە سیستەمێکی ئاڵۆز دادەنرێ. ئەو سیستەمە بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی کەڵک لە میکانیزمە قەزاییو حقووقی و سیاسی و دیپلۆماسییەکان و تەنانەت ڕێکار و شێوازی دیکەش وەردەگرێ.

## میکانیزمە قانوونییەکان

پێشتر باسمان کرد کە کاتێک دەوڵەتەکان کۆنڤانسیۆنەکانی مافەکانی مرۆڤ ئیمزا و قبووڵ دەکەن، بەپێی قانوون ئەرکی ئەوەش دەگرنە ئەستۆ کە ناوبەناو ڕاپۆرت سەبارەت بە چۆنیەتیی پیادە کردنی ئەو کۆنڤانسیۆنانە لە وڵاتەکانیاندا بە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بدەن. ئەو ڕاپۆرتانە لەو ئۆرگانە تایبەتییانەدا کە لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بۆ تاوتوێ کردنی ئەو ڕاپۆرتانە پێک هاتوون، دەخرێنە بەرباس و لێکۆڵینەوە. ئەو دامەزراوانە پێیان دەوترێ ئۆرگانەکانی پەیماننامە یا کۆنڤانسیۆنەکان.

ئەو ئۆرگانانە بە جۆرێکی دیکەش وەک کۆمیتەی دژی ئەشکەنجە، کۆمیتەی مافەکانی منداڵ و هتد ناو دەبردرێن. ئەو کۆمیتانە لە کەسانی پسپۆڕ و سەربەخۆ پێک هاتوون کە ڕاپۆرتەکان شی دەکەنەوە. لایەنە بە هێز و لاوازەکانیان دەست نیشان دەکەن. قامک دەخەنە سەر ئەو لایەنانەی کە

لە راپۆرتەکەدا جێی رەخنەن. هەروەها ئەو لایەن‌و مەسەلانەش کە پێویستە کاری زۆرتریان لەسەر بکرێ و باش بکرێن یان چاکسازیان تێدا پێک بێ، بە دەوڵەتەکان رادەسپێردرێن.

دیارە ئەو کۆمیتە و ئۆرگانانە، رووی کار و قسەیان تەنیا لەو دەوڵەتانەیە کە کۆنڤانسیۆنەکان واتە پەیماننامەکانیان قبووڵ‌و ئیمزا کردوون. بەڵام بەشێکی بەرچاو لە کۆنڤانسیۆنەکان رێگا دەدەن کە رێکخراوە مرۆڤدۆستە غەیرە دەوڵەتی‌یەکانیش لە پەیوەندی لەگەڵ وەزعی مافەکانی مرۆڤدا لە گۆشەنیگای خۆیانەوە راپۆرتیان بۆ رەوانە بکەن. لەوەش زیاتر ئەو رێکخراوە نادەوڵەتی‌یانە دەتوانن لە کۆبوونەوەی کۆمیتەکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان‌دا کە راپۆرتەکان تاوتوێ دەکرێن، ئامادە بن و روانگە و بۆچوونەکانی خۆیان لەسەر مەسەلەکان بێننە بەرباس. لەو رێگایەوە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەتوانێ وێنەیەکی باشتر و هەمەلایەنەتری لە سەرجەمی وەزعەکە وەدەست بکەوێ. دەبێ بگوترێ کە ئەو کۆمیتانە بە جۆرێک کار دەکەن کە لەگەڵ دەوڵەتەکان نەکەونە حاڵەتی دەستەویەخە بوون. ئەوان تێدەکۆشن "دیالۆگێکی خەللاق"یان لەگەڵ دەوڵەتەکان‌دا هەبێ. دیارە لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان‌دا کە دواتر باسی دەکەین، میکانیزم و دامەزراوەی سیاسیی ئەوتۆش هەن کە کاریان ئەوەیە لەو پەیوەندی‌یەدا ئەگەر پێویست بێ "دیالۆگێکی رەخنەگرانە"یان لەگەڵ دەوڵەتەکان‌دا هەبێ. ئەو دیالۆگە خەللاقە، بە لایەنی هەر گرنگ‌و ئەرێنیی کار بۆ دابین و دەستەبەر کردنی مافەکانی مرۆڤ دادەنرێ کە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەرێوە دەبات. بەڵام بەهۆی ئەو هەموو کێشەو ئاڵۆزی‌یانەی لە ئاستی دنیادا هەن‌و لە راگەیەنە گشتی‌یەکان‌دا باس‌و گفتوگۆیان لەسەر دەکرێ، ئەو کارە گرنگ‌و پرپایەخە زۆر بەکەمی دەبینرێ. هەر بۆیە زۆر گرنگە بزانین لە هەموو دەوڵەتەکاندا، کەسان و دامودەزگای تایبەت هەن کە بەشێوەیەکی هەمیشەیی و کۆنکرێت کار لەسەر ئامادە کردنی ئەو راپۆرتانە دەکەن. لە هەمان کات‌دا زۆر کەس و لایەنی پسپۆر و شارەزاش لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان‌دا هەن کە راپۆرتەکان شی دەکەنەوەو هەڵیاندەسەنگێنن و لایەنە ئەرێنی‌و نەرێنی دەردەخەن. بەو جۆرە کار بۆ باشتر کردنی وەزعی مافی مرۆڤ لە هەموو وڵاتان‌دا دەرواتە پێش. لەوەش زیاتر ئیمکان و رێگا و دەرفەتی ئەوەش هەیە کە تاکەکەس یا بە واتایەکی دیکە هاووڵاتی یان گروپێک لە هاووڵاتیان کە پێیان وایە مافیان پێشێل کراوە، سکاڵا بەرنە بەر ئەو کۆمیتانەی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و داوای پێراگەیشتن و لێپرسینەوە بکەن. لەو بارەوە کۆمیتەی پەیوەندیدار یان کۆمیتەیەکی تایبەتی بەو کارە، بە سکاڵاکە رادەگا و بریاری پێویستی لەسەر دەدا. دەبێ بگوترێ کە بەگوێرەی یاسا، دەوڵەتەکان ئەرکی سەر شانیانە، ئەو بریارانەی لە ئاکامی ئەو جۆرە سکاڵایانە دادەدرێن، وەبەرچاو بگرن.

نموونەیەک بۆ روون بوونەوەی ئەو مەسەلەیە دێنینەوە. چوارکەس لە دایک‌و باوکان سکاڵایەکیان بە دژی دەوڵەتی نۆرویژ سەبارەت بە ماددەی دەرسی مەسیحییەت، دین و روانگەکانی ژیان، واتە KRL بۆ رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەرز کردەوە. ئەو سکاڵایە لە ساڵی ٢٠٠٤دا لە

کۆمیتەیەکـــی تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان‌دا تاوتـــوێ کراو دەرکەوت کە وتنەوەی ئەو دەرسە لە قوتابخانەکان‌دا بەپێچەوانەی بەندی ١٨ی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی و سیاسی‌یەکانە کە دەوڵەتی نۆرویژ ئیمزای کردوە. لە ئاکامدا نۆرویژ بڕیار و ڕاســپاردەکانی ئەو کۆمیتەیەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی لەســەر ئەو بابەتە قبووڵ کردن‌و ئاڵوگۆڕی پێویســتی لە نێوەرۆک و شێوەی وتنەوەی ئەو ماددە دەرســی‌یەدا پێک هێنا. بەجۆرێک کە ئیتر ناتەبایی لەگەڵ کۆنڤانســیۆنەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤدا نەبێ.

## زەخت و گوشاری سیاسی

ئەمڕۆ لە ئاســتی دنیادا گیروگرفتی زۆر گەورە لە پەیوەندی لەگەڵ ڕەوشـــی مافەکانی مرۆڤدا لە گۆڕێ دان. ئەمەش لە ئاکامی سیاسەتی ئەو وڵاتانە سەرچاوە دەگرێ کە بە وشیاری‌یەوە مافەکانی مرۆڤ پێشـــێل دەکەن‌و ناشـــیانەوێ ئاڵوگۆڕ بەسەر ئەو سیاســـەتانەی خۆیان دابێنن. هەندێک لەو دەوڵەتانە ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆڕو ســـەرەڕۆیانەن کە جیاوازیدانان‌و هەڵاواردن بە دژی گەلان‌و گروپە نەتەوەیی‌و زمانی‌و ئیتنیکی‌و مەزهەبی‌یەکان بەڕێوە دەبەن. یان شـــەڕو ســـەرکوت‌و زەبروزەنگ بۆ سەرکوت کردن‌و بێدەنگ کردن‌و لەنێوبردنی ئەوان بەکار دەبەن. خەڵک شکەنجە دەکەن، چالاکانی سیاســـی‌و مەدەنی‌و تێکۆشەرانی ڕێگای مافەکانی مرۆڤ بێ سەروشـــوێن دەکەن، دەیانکووژن یان بەشـــێوەی دیکە مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ دەخەنە ژێر پێ. بـــەم جۆرە ئەوە وەزعێکی زۆر دژوارو سەخت بۆ کاری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان پێک دێنێ.

زۆر لـــەو وڵاتانەی کە بەو جۆرە بە پێشـــێلکەری مافەکانی مرۆڤ دادەنرێن، کۆنڤانســـیۆنەکانی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیـــان ئیمزاو قبووڵ نەکردوون. واتە نەبوونەتە لایەنێکی هاوپەیمانی ئەو پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یانە. زۆریشن ئەو دەوڵەتانەی کە ئەو کۆنڤانسیۆنانەیان ئیمزاو قبووڵ کردوون، بـــەڵام لە کردەوەدا بەڕێوەیان نابەن‌و وەبەرچاویان ناگرن لەو حاڵەتانەدا ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان تێدەکۆشێ فشـــارو پاڵەپەستۆی سیاسی بخاتە سەر ئەو دەوڵەتانە تا ناچاریان بکا ئاڵوگۆڕ بەسەر پراکسیسی خۆیان دا بێنن.

گرینگترینـــی ئەو ئۆرگانانەی کە لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتـــووەکان‌دا دەتوانن لەو حاڵەتانەدا، فشارو پاڵەپەستۆ بخەنە سەر دەوڵەتەکان، بریتیین لە کۆڕی گشتی، ئەنجوومەنی ئاسایش‌و شووڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان. خاڵی هاوبەشـــی نێوان هەرسێک لەو ئۆرگانانە ئەوەیە کە ئەوان سەڵاحییەت‌و دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە بڕیارنامە واتە Resolution دەر بکەن. ئەو بڕیارنامانە بە وتەو ڕوانگەو بۆچوونی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بەحیساب دێن. ئەو بڕیارنامانە زانیاریی پێویستیان ســـەبارەت بەو وەزعـــە تێدایە کە بڕیارنامەکەی لەســـەر دەەرچووە. هەروەها لـــە بڕیارنامەکەدا ئەو راســـپاردەو پێشـــنیارانەش کە دەوڵەتی پەیوەندیدار لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەو ئەکتەرەکانی دیکەی

پەیوەندیدار بە مەسەلەکەوە بۆ چارەسەری وەزعەکە، پێویستە وەبەرچاویان بگرن، دەستنیشان کراوە. بەو جۆرە ئەو بریارنامانە نەک هەر بۆ ئەو دەوڵەتە دەنێرن کە بە پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ دادەنرێ، بەڵکوو روو لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیش دەکەن کە دەبێ لەو بارەوە بەرپرسایەتی وەئەستۆ بگرێ. مەبەست لەو کارەش ئەوەیە کە ڕووناکایی بخرێتە سەر کێشەکەوزەخت و گوشارێکی زۆرو بەربڵاو، لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا بۆ گۆڕینی دۆخەکەو چاک کردنی بە لای باشی‌دا بێنێتە کایەوە.

## کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان

کۆڕی گشتی بە بەرزترین ئۆرگانی بەڕێوەبەر لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان‌دا دادەنرێ. لەو ئۆرگانەدا هەموو وڵاتانی ئەندام نوێنەری خۆیان هەیە کە خاوەنی دەنگی وەک یەکن. بەگوێرەی ماددەی دەیەمی مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، کۆڕی گشتی دەسەڵاتو سەڵاحییەتی هەیە کە هەموو ئەو باسو کێشەو بابەتو مەسەلانە کە دەکەونە چوارچێوەی ئەرکو بەرنامەکانی، تاوتوێ بکاو لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوان‌دا راسپاردەو پێشنیارو بڕیارنامە پەسند بکاو بە دەوڵەتەکانی بسپێرێ بۆ جێبەجێ کردن. کۆڕی گشتی دەتوانێ بڕیار لەسەر دەست پێکردنی لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لەسەر مەسەلەیەک دەر بکا، دەتوانێ راسپاردەو پێشنیار گەڵاڵەو پرۆگرامی جۆراوجۆر سەبارەت بە چۆنیەتیی کارو تێکۆشان بۆ دابین کردنو دەستەبەر کردنی مافەکانی مرۆڤ پەسند بکا. لەوەش زیاتر کۆڕی گشتی سەڵاحییەتو دەسەڵاتی هەیە کە مافی تازە بە سەرجەمی مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤەوە زیاد بکات. واتە دەتوانێ لە پەیوەندی لەگەڵ لایەنە جۆراوجۆرەکانی مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ‌دا، بەیاننامەو پەیماننامەو کۆنڤانسیۆنی تازەش پەسند بکا.

دەبێ بگوترێ کە بڕیارنامەکانی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەرکی حقووقی‌و یاسایی ناخەنە سەر دەوڵەتەکانی ئەندام. بەڵام کاتێک بڕیارنامەیەک بە تێکڕای دەنگ لە کۆڕی گشتی‌دا پەسند دەکرێ بەتایبەتی ئەگەر دەنگی موخالیفی لە بەرامبەردا نەبووبێ مانای سیاسی‌و ئەخلاقی‌و دیپلۆماسیی زۆر گەورەی هەیە.

## ئەنجوومەنی ئاسایش

ئەنجوومەنی ئاسایش لە پێنج دەوڵەت کە ئەندامی هەمیشەیین لەگەڵ دە دەوڵەتی دیکە کە هەر دوو ساڵ جارێک هەڵدەبژێردرێن، پێک دێ. ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش بریتیین لە فەڕانسە، بریتانیا، ئەمریکا، رووسیەو چین. بەگوێرەی مەنشووری نەتەوەیەکگرتووەکان ئەرکی هەرە سەرەکیی ئەنجوومەنی ئاسایش بریتییە لە پاراستنو سەقامگیر کردنو بەرەوپێش بردنی ئاشتی‌و ئاسایش‌و ئەمنییەت لە جیهان‌دا. بۆیە ئەنجوومەنی ئاسایش واتە شووڕای ئەمنییەت، سەلاحییەتو دەسەڵاتی هەیە کە هەموو جۆرە کێشەو ململانێو ناتەبایی‌یەک کە مەترسیی ئەوەی تێدا بێ ببێتە

هۆی سەرهەڵدانی شەڕو کێشەو ناسەقامگیریی نێونەتەوەیی تاوتوێ بکات.

زۆرتر وایە کە پێشێلکرانی زەقو بەرچاوی مافو ئازادییەکانی مرۆڤ لە جێیەک دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشەی نێونەتەوەیی. هەروەها زۆر جار ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیارنامەی ئەوتۆ پەسند دەکات کە ئاکامی راستەوخۆیان بۆ سەر وەزعی مافی مرۆڤ بەدواوەیە. بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ جێگیرکردنو پاراستنی ئاشتی لە وڵاتێک یا ناوچەیەکدا دەستپێشخەری دەکا، ئەو راستییە باشتر خۆی نیشان دەدا. لەو بارەوە دەتوانین ئۆپەراسیۆنەکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پاراستنو جێگیر کردنی ئاشتی لە کۆنگۆ، لیبریا، تیمووری رۆژهەڵاتو زۆر شوێنی دیکە، بەنموونە بێنینەوە. لەوەش زیاتر ئەنجوومەنی ئاسایش تێدەکۆشێ تا پەیماننامەکانی ئاشتی لەنێوان وڵاتەکاندا جێبەجێ بکرێن. لە هەموو ئەو هەلومەرجانەدا هێزەکانی پارێزەری ئاشتی دەتوانن وێڕای چاوەدێری کردنی وەزعی مافەکانی مرۆڤ، راپۆرتیشیان سەبارەت بە چۆنیەتیی وەزعی مافی مرۆڤو رادەی پێشێل کرانی ئەوان لەو ناوچانەدا کە کاری تێدا دەکەن، بۆ رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئامادە بکەن.

هەروەها شووڕای ئەمنییەت تواناو سەڵاحییەتی ئەوەی هەیە کە دادگا یا مەحکەمەی تایبەت بۆ سزادانی تاوانباران لەو وڵاتو ناوچانەدا دامەزرێنێ کە گیرۆدەی دەستی شەڕو کێشەو ئەکتەرە خۆجێیەکانیان بۆخۆیان لەو بارەوە ناتوانن کارێکی لەو چەشنە بکەن. وەک دیتمان کاتی خۆی ئەنجوومەنی ئاسایش دادگای تایبەتی بۆ سزادانی ئەو کەسانە کە لە رواندا و یوگوسلاڤیای پێشوودا تاوانیان بە دژی خەڵک ئەنجام دابوو، دامەزراند. هەروەها ئەنجوومەنی ئاسایش دەسەڵاتو توانای ئەوەی هەیە کە تاوانباران یائەو کەسانەی قەتڵوعامو ژینوسایدیان ئەنجام داوە، یا بە پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤ تاوانبارن، بە دادگای نێونەتەوەیی سزادان، وەک ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٤٨ی زاییینیدا دامەزرا، بناسێنێ. ئەو جۆرە دادگایانە رەنگە وەک پێویست نەبنە هۆی باشتر بوونی وەزعی مافەکانی مرۆڤ، بەڵام هەرچۆنێک بێ بە ئامرازێکی باشو کاریگەر بۆ پێشگرتن لە پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤ بەحیساب دێن. راکێشانی تاوانبارانو پێشێلکەرانی مافەکانی مرۆڤ بۆ بەردەمی ئەو دادگایانەو مەحکەمەو سزادانیان بۆ بردنە پێشی پرۆسەی ئاشتی لەو وڵاتانەدا کە ئەو جۆرە تاوانانەیان تێدا ئەنجام دراوە، خۆی لە خۆیدا کارێکی گرنگە. لەوەش زیاتر دادگایی کردنو سزادانی تاوانباران وەک ئامرازێک بۆ پێشگیری لە پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤ، لە درێژخایەندا کاریگەریی خۆی دەبێ.

## شووڕای مافەکانی مرۆڤ

ئەگەر مافەکانی مرۆڤ تەنیا یەکێک لەو بوارانەیە کە کۆڕی گشتیو ئەنجوومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کاری لەسەر دەکەن، ئەرکی هەرە سەرەکیی شووڕای مافەکانی مرۆڤ بریتیە

لەوەی کە بە وەزعی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتانی دنیادا رابگا. ئەو شـــووڕایە ســـاڵی ٢٠٠٦ی زایینی دامەزرا و جێگای کۆمیســـیۆنی مافەکانی مرۆڤی لەو رێکخراوەدا گرتەوە. شـــووڕای مافەکانی مرۆڤ لـــە چلو حەوت ئەندام پێک دێ کە لە هەموو ناوچـــە جۆراوجۆرەکانی دنیاوە دیاری دەکرێن. ئەو شووڕایە بەشێوەیەکی ئاسایی هەر ساڵەی سێ جار کۆ دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر پێویست بێو قەیرانێک بێتە پێشەوە دەتوانێ کۆبوونەوەی نائاسایی پێک بێنێ. هەر بۆیە شووڕای مافەکانی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە ئەکتەرێکی گرنگی نێونەتەوەیی بۆ پێشگیری کردن لە پەرەسەندنی کێشەو پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەحیساب دێ. ئەو شووڕایە دەتوانێ لەگەڵ سەرهەڵدانی کێشـــەکاندا زوو بێتە مەیدانەکەو وەزعەکە هەڵسەنگێنێو بە نوێنەرایەتیی کۆمەڵگای جیهانی بڕیاری پێویست دەرکاو نەیەڵێ کێشەکان بەرەو ئاڵۆزیی زیاترو بەئاقارێکدا بڕۆنە پێش کە ئاکامی خراپو نالەباریان لێ بکەوێتەوە.

بڕیار وایە ئەم شـــووڕایە سیســـتەمێکی جیهانیی کاریگەر بۆ هەڵســـەنگاندنی ناوبەناوی وەزعی مافەکانـــی مرۆڤ لە وڵاتـــە جۆراوجۆرەکانی دنیـــادا پێک بێنێ. بەگوێرەی ئەو سیســـتەمە وەزعی مافەکانی مرۆڤو سیاســـەتەکانی وڵاتانی ئەندام لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، لە پەیوەندی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ لەو شـــووڕایەدا دەخرێنە بەرباس. ئەگەر ئەو سیســـتەمە جێ بگرێو بتوانێ بە ئامانجەکانی بگاو بەگوێرەی مەبەســـت کار بکا، دەتوانێ گیروگرفتی وڵاتانی ئەندام لە پەیوەندی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا بدۆزێتەوەو ڕێگا چارەش بۆ باشتر کردنی وەزعەکە بە وان نیشان بدات.

شـــووڕای مافەکانی مرۆڤ دەتوانێ ئەو پرۆســـەدیرە تایبەتییانەی کـــە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانو لەسەر مەسەلە جیاجیاکان پێویستن، وەگەڕ بخات. لە دۆخی ئێستادا رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کەڵک لە پتر لە چل پرۆسەدیری لەم چەشنە وەردەگرێ. یەکێک لە گرینگترینی ئەو رێکار یا پرۆسەدیرو میکانیزمانە کە شووڕای مافەکانی مرۆڤ کەڵکـــی لێ وەردەگرێ، بریتیە لە دیاریکردنی راپۆرتێری تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە لە وەزعی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتیک یان لە پێوەندیی لەگەڵ بابەتێکدا. زۆر جار ئەو راپۆرتێرە تایبەتییانە کەســـێکی دیاریکراونو جاری واشە لە گرووپێکی شارەزای ئەو بوارە پێک هاتوون. هەندێک لەو راپۆرتێرانە یان گروپانە لێکۆڵینەوە لەســـەر وەزعی مافی مرۆڤ لە وڵاتێک یـــان ناوچەیەکی جوغرافیایی تایبەتیدا دەکەن. یان لەســـەر بابەتێکی تایبەتی بۆ نموونە وەک کاری منداڵان یان ئەشکەنجە کار دەکەن. تا ئێســـتا گروپی تایبەت بۆ ئامادە کردنی راپۆرت لەسەر وەزعی مافەکانی مرۆڤ لە ئەفریقای باشوور، شـــیلی، ئەفغانستان، یوگسلاڤیای پێشـــوو، عێراق، ئێران، بورما، ناوچە فەلەســـتینییەکان، رواندا، ســـوودان، سوریا، کۆنگۆو هەندێک شـــوێنی دیکەش پێک هاتوون. زۆر جاری واشە ئەو گروپانە یان راپۆرتێرە تایبەتییانە لەســـەر مەسەلەیەک یان بابەتێکی دیاریکراو کارو لێکۆڵینەوە دەکەن. ئەوەش مەســـەلەیەک یان بابەتێک کە ژمارەیەکی زۆر لـــە مرۆڤەکان بێ وەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە کام

وڵات دان، دەگرێتەوە. لەو دە ساڵەی دواییدا، ئەو بابەتو مەسەلانەی گروپو ڕێپۆرتێری تایبەتیان بۆ دیاری کراوەو لێکۆڵینەوەی پێویستیان لەسەر ئەنجام دراوە، بریتیین لە:

* لەشفرۆشیی منداڵان.
* فرۆشتن و پۆرنۆگرافیی منداڵان.
* ئاوارەکانی نێوخۆ.
* مافی دەستوێڕاگەیشتن بە خواردەمەنی.
* مافی گەشەکردن.
* تێکۆشەرانی ڕێگای مافەکانی مرۆڤ.
* مافی هەبوونی خانووبەرەو شوێنی ژیان.
* مافو ئازادی‌یە سەرەتایی‌یەکانی مرۆڤ.
* ئازادیی بەیانو ڕادەربڕین.

ڕاپۆرتێرە تایبەتی‌یەکانو ئەو گروپە تایبەتی‌یانەی لەو بوارانەدا کارو لێکۆڵینەوە دەکەن، زانیاری‌یەکانیان دەدەنە شووڕای مافەکانی مرۆڤو لەسەر بناخەی ئەو زانیاری‌یانەی کە شووڕای مافەکانی مرۆڤ لەو ڕێگایانەوە پێی دەگەن، شووڕای مافەکانی مرۆڤ پێشنیارو ڕاسپاردەی پێویست بۆ وڵاتە پەیوەندیدارەکان دەردەکا، یان ڕەخنەو گازەندەی خۆیانیان لەسەر پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤ ئاراستە دەکا. لێرەش‌دا ئامانجی سەرەکی هەر ئەوەیە کە لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا فشارو پاڵەپەستۆ بکەوێتە سەر دەوڵەتەکان تا پراکسیسی خۆیانو سیاسەتەکانیان لە پەیوەندی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا بگۆڕنو بۆ چاک کردنی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ هەنگاو باوێژن.

## ئامرازو میکانیزمەکانی دیکە

لە ساڵەکانی ١٩٩٠ی زایینی‌دا کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کە ئێستا بۆتە شووڕای مافەکانی مرۆڤ، ڕێوشوێنو میکانیزمی تازەی بۆ کار کردن لەسەر مافەکانی مرۆڤ گرتنە پێش. بۆ پاراستنو باشتر کردنی وەزعی مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ، ئەو شووڕایە قورسایی خستە سەر ئەوە کە بە شێوەیەکی کاریگەر ڕێنوێنیو هاوکاریی تکنیکی بە وڵاتەکانی ئەندام بدات. بۆ نموونە ڕەنگە هەندێک وڵات پێویستیان بە هاوکاریو شارەزایی لە پەیوەندی لەگەڵ چۆنیەتیی گونجاندنی مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ یاساو ڕێساکانی وڵاتەکانیان‌دا هەبێ، بەڵام ڕەنگە وڵاتی دیکە هەبن کە پێویستیان بەوە هەبێ لە پەیوەندی لەگەڵ مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤدا بۆ کردنەوەی کۆرسو خولی جۆراوجۆر، بۆ قازیو دادوەرو موحامیو پۆلیسو کاربەدەستانی زیندانو دامودەزگا دەوڵەتی‌یەکانی دیکە یارمەتی‌یان بدرێ.

لە ساڵی ١٩٨٣ی زایینی‌یەوە ناوەندی ژێنێڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ،

بە گرینگترین ئۆفیسی ئەو ڕێکخراوە لە پەیوەندی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا بەحیساب دێ. لە ساڵی ١٩٩٣ی زایینیدا کۆڕی گشـــتی بڕیاریدا کە هەوڵو تێکۆشـــانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بـــۆ باشـــتر کردنی وەزعی مافی مرۆڤ زیاتر بـــکا. هەر بۆیە کۆمیســـاریایەکی تایبەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ دامەزراند. ئەو کۆمیســـاریایە کارو چالاکییەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی سەبارەت بـــە مافەکانی مرۆڤی پێ ئەســـپێردراوە. هەر بۆیە بەڕێوەبردنی ئـــەو ناوەندەش لە ژێنێڤدا کە کارو چالاکییەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ ڕێک دەخا، کەوتە سەر شانی ئەو کۆمیسارییایە.

کۆمیســـاریای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ، دەتوانێ ســـەربەخۆ، تەنانەت بەبـــێ لەگۆڕێ دابوونی بڕیارنامەی ئەنجوومەنی ئاسایشـــیش ئەگەر لە جێگایەک پێویســـت بێ لە پەیوەندی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا دەستپێشـــخەری بکاو کارو چالاکی ئەنجام بدات. تا ئێستا ئەو کۆمیسارییایە لە زۆر ناوچەو شوێنی دنیادا ئۆفیسو ناوەندی تایبەتی خۆی کردوونەتەوە. ئەو ناوەندانە ئەرکیان ئەوەیە کە لە لایەک چاوەدێریی چۆنیەتیی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لەو ناوچانەدا بکەنو لە لایەکی دیکەشەوە یارمەتیو هاوکاریی تکنیکی بۆ باشتر کردنی وەزعی مافەکانی مرۆڤ بە وڵاتەکان بدەن کە پێویستیان پێی هەیە. بۆ نموونە کۆمیسارییای ناوبراو ئەو جۆرە ئۆفیسانەی لە وڵاتانی وەک یوگسلاویای پێشوو، ئەفریقای باشوور، کۆلۆمبیاو کامبۆجدا کردوونەتەوە.

## کەندو کۆسپەکانی سەر ڕێ

سیستەمی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان گەلێک گیروگرفتو ناتەبایی لەنێو هەناوی خـــۆیدا هەڵگرتوون. لەلایەک ناوەندی ڕێکخراوە نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ ئەرکێکی زۆرو بەرینو گرنگی لەسەر شانە، لەلایەکی دیکەشەوە ئیمکاناتێکی کەمی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی لە بەر دەست دایە. هەر بۆیە ژمارەی کارمەندەکانی ئەو ناوەندە لە چاو ئەو ئەرکانەی کە دەبێ ئەو ناوەندە بەڕێوەیان بەرێ، زۆر کەمە. گیرو گرفتێکی دیکە کە سیستەمی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ بەدەســـتیەوە دەناڵێنێ، بریتییە لە ناتەبایی نێوان پڕاگماتیزمی سیاسی لەلایەکو پرنسیپە ئەخلاقییەکانو بایەخە ئینسانییەکانی مافی مرۆڤ لەلایەکی دیکەوە. ئاخر نابێ لەبیرمان بچێ کە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕێکخراوێکە کە تا ڕادەیەکی زۆر قازانجو بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتانـــی ئەندامـــی خۆی وەبەرچاو دەگرێ. هـــەر بۆیە ئەو جیاوازیو ناتەباییانەی لە سیاســـەتی نێونەتەوەییدا، لەســـەر مەســـەلە جۆراوجۆرەکان لەگۆڕێ دان، لەو ڕێکخـــراوەشدا ڕەنگ دەدەنەوە لێرەشدا دەوڵەتەکان لەســـەر بنەمای قازانجو بەرژەوەندییە سیاسیو ئیدەئۆلۆژییە هاوبەشەکانیان لە یەکتر نزیک دەبنەوە، هاوکاریی یەکتر دەکەنو بەسەر دەستەو تاقمو گروپی جۆراوجۆرو تەنانەت ناتەباو ناڵێک لەگەڵ یەکتردا دابەش دەبن.

یەکێـــک لەو هێڵانەی کە وڵاتەکانی ئەندامی ڕێکخراوەکـــە لێک جیا دەکاتەوە بریتی‌یە لەوەی کـــە هەندێک لەو وڵاتانە بە وڵاتـــە دەوڵەمەندەکان دادەنرێن‌و هەندێکیشـــیان بە وڵاتانی لە حاڵی گەشەکردن‌و پەرەسەندن لەقەلەم دەدرێن. ئەو وڵاتانەی لە حاڵی پەرەسەندن دان، ویست‌و ئیرادەی خۆیان بۆ باشـــتر کردنی ڕەوشـــی مافەکانی مرۆڤ لە چوارچێوەی سنوورەکانیان‌دا دەردەبڕن، بەڵام ڕەخنە لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان دەگرن کە لەو بارەوە بە ئەندازەی پێویســـت هاوکاری‌و یارمەتی‌یان نادەن. لەولاشـــەوە وڵاتە دەوڵەمەندەکان وەدوای قازانج‌و بەرژەوەندی‌یەکانی خۆیان دەکەون‌و ئەگەر گەیشـــتنە جێگایەک کـــە بەرژەوەندیی ئەوانی تێدا نەبێ، هەموویـــان وەک یەک ئامادەیی ئەوەیان تێدا نیە کە یارمەتی‌و هاوکاریی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان بکەن. هەر بۆیە لە کاتی باس‌و وتووێژو دیالـــۆگ‌و بیروڕا گۆڕینەوەکان‌دا، زۆرتر بە زمانی ڕێئاڵپۆلیتیک‌و بازاڕو مامەلە لەگەڵ یەکتر دەدوێن تا بە زمان‌و ئەدەبیاتی ئیدەئالە بەرزو پڕبایەخەکانی قازانج‌و بەرژەوەندی‌یە هاوبەشەکانی مرۆڤایەتی.

لەلایەکی دیکەشـــەوە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لـــەو دەوڵەتانە پێک هاتووە کە ئەندامی ئەو ڕێکخراوەن. ڕوونە هەندێک لەو دەوڵەتانە نفووزو تواناو هێزو دەســـەڵاتی زۆرتریان لەوانی دیکە هەیـــە. هەر بۆیە زۆر جار ڕوودەدا کە ڕێکخـــراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ تێکنەدان‌و ئاڵۆزنەکردنی پەیوەندی‌یەکانی خۆی لەگەڵ کاربەدەســـتانی هەندێک لە دەوڵەتەکان، ناچار دەبێ لە کاتی ڕەخنە گرتن‌دا لێیان سەبارەت بە پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤ تۆنی دەنگی زۆر بێنێتە خوارێ.

یەکێک لەو مەســـەلانەی کە بوو بە هۆی گۆڕینی کۆمیســـیۆنی مافەکانی مرۆڤ بە شـــووڕای مافەکانـــی مرۆڤ ئەوە بـــوو کە لە کۆمیســـیۆنی مافەکانی مرۆڤ‌دا فـــەزای ڕێئالپۆلیتیک زاڵ بوو. واتە لـــە پراکتیک‌دا زۆرتر قازانج‌و بەرژەوەندی‌یە سیاســـی‌یەکانی دەوڵەتـــان وەبەرچاو دەگیران تا مـــاف‌و ئازادی‌یەکانی مرۆڤ. هەر بۆیە کۆمیســـیۆنی مافەکانی مرۆڤ ڕەخنەی ئەوەی لەســـەر بوو کە دەگوترا پراگماتیزمی سیاســـی بەســـەری‌دا زاڵە. بۆ نموونە ئەو کۆمیســـیۆنە هەرگیز نەیتوانی بۆ لێکۆڵینـــەوە لە وەزعی مافەکانی مرۆڤ لە چین‌و بەتایبەتی لە تەبـــەت‌دا، کە بێگومان گیروگرفتی زۆر گەورە لە پەیوەندی لەگەڵ پێشـــێل کرانی مافەکانی مرۆڤ لەوێ‌دا لەگۆڕێ دایە، گرووپێک یان ڕێپۆرتێرێکی تایبەتی دیاری بکات. بە دامەزراندنی شـــووڕای مافەکانی مرۆڤ لە جیاتی کۆمیسیۆنی ناوبراو، ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لێبڕاوە لەمەوبەدوا زیاتر قورســـایی کاری خۆی بخاتە ســـەر مەسەلەی بردنە پێشی مافەکانی مرۆڤ، تا وەبەرچاوگرتنی تێبینی‌یە سیاسی‌یەکان. تێپەڕینی زەمان دەریدەخات کە ئایا شووڕای مافەکانی مرۆڤ لەو ئەرکەی خۆی‌دا سەرکەوتوو دەبێ یا نا.

### سیستەمە ناوچەیی‌یەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ

جگە لە سیســـتەمی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، گەلێک سیســـتەمی ناوچەیی بۆ پاراســـتنی مافەکانـــی مرۆڤ هەن. لە ئۆرووپادا زۆرن ئەو ڕێکخـــراوە نێودەوڵەتی‌یانەی کە بۆ بەرەوپێش بردن‌و

دابینو دەســـتەبەر کردنی مافەکانی مرۆڤ کار دەکەن. بە مەبەستی باشتر کردنی هەرچی زۆرتری پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، وڵاتە ئۆرووپاییەکان لە ساڵی ۱۹٥۰ی زایینیدا کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپایی مافەکانـــی مرۆڤیان لەنێو خۆیاندا پەســـند کرد. هەر بەو جۆرە بە مەبەســـتی بایەخدانی زۆرتر بە جێبەجێو دەســـتەبەر کردنی مافەکانی مرۆڤ، ئەو وڵاتانە دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤیشـــیان دامەزراند. دامەزراندنی ئەم دادگایە وەک دامەزراوەیەکی نێونەتەوەیی بۆ پێراگەیەشـــتن بە پێشـــێل کرانـــی مافەکانـــی مرۆڤ بە هەنگاوێکی گرنگی جیهانی بۆ پاراســـتنی مافەکانی مرۆڤ دادەنرێ. بە دامەزرانی ئەم دادگایە هەر هاووڵاتییەکی نیشـــتەجێ لە یەکێک لە وڵاتەکانی ئەندامی شـــووڕای ئۆرووپادا دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخسا کە راستەوخۆ بە دژی دەوڵەتەکەی خۆی کە پێی وابێ مافەکانی پێشـــێل دەکا، ســـکاڵا بەرێتە بەر دادگاکە. دیارە بۆ ئەوەی ســـکاڵایەک لە دادگای ئۆرووپادا بێتە بەر لێکۆڵینەوە، پێویســـتە لە پێشدا هەموو پرۆســـەی خۆی لە سیستەمی دادوەریی وڵاتی ناوبراودا تێپەڕێنـــێ. ئەگەر هاووڵاتییەکە بە ئاکامەکانی ئەو پرۆســـەیە رازی نەبـــێو پێی وابێ کە مافەکانی پێشێل کراون، ئەو جار دەتوانێ سکاڵاکە بۆ دادگای ئۆرووپا بەرز کاتەوە. بڕیارەکانی دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، بۆ هەموو وڵاتانی ئۆرووپا کە ئەندامی شووڕای ئۆرووپان حوکمی قانوونیان هەیەو دەبێ بەڕێوە بچن .

ئەگەر شووڕای ئۆرووپا بە مەبەستی بەرەوپێش بردنی وەزعی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتانی ئۆرووپاییدا کەڵک لە ئامرازو میکانیزمە یاساییو دادوەریەکان وەردەگرێ، رێکخراوی ئاسایشو هاوکاریی ئۆرووپا بۆ بردنە پێشی مەبەستێکی لەو چەشنە میکانیزمو میتۆدو سیاسەتە جۆراوجۆرەکان بەکار دێنێ. واتە رێکخراوی ئاسایشو هاوکاریی ئۆرووپا لە ڕێگای بەکارهێنانی دیپلۆماسی، دامەزراندنی ئەنیستیتۆی تایبەتیو ناوبژی کردنو ئامرازو میتۆدی دیکەی لەو چەشـــنە، بۆ بردنە پێشو دەســـتەبەر کردنی مافەکانی مرۆڤ تێدەکۆشـــێ. بـــە پێچەوانەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانو شـــووڕای ئۆرووپا، رێکخراوی ئاســـایشو هاوکاریـــی ئۆرووپا، لە پەیوەندی لەگەڵ ئـــەرکو بەرنامەکانیدا تەنیا بڕیاری سیاســـی دەرکا. واتە ئەو راســـپاردانە بە دەوڵەتەکانی ئەندام ڕادەگەیەنێ کە لە یاساو قانوونو ڕێسا جۆراوجۆرەکاندا نەهاتوون.

"EU" واتـــە یەکیەتیـــی ئۆرووپاش رۆڵێکی زۆر گرینگ لە ســـەقامگیرکردنو بەرەوپێش بردنی ئەمنیەتی قەزاییو حقووقی، دێمۆکراسیو مافەکانی مرۆڤدا دەگێڕێ. بۆنموونە ئەو وڵاتانەی بیانەوێ ببنە ئەندامـــی یەکیەتیی ئۆرووپا، مەرجی ئەوەیان بۆ دادەنرێ کە مافەکانی مرۆڤ، دێمۆکراســـیو ئەمنییەتی حقووقیو قەزایی هاووڵاتیان دەستەبەر بکەن.

لـــە دەرەوەی ئۆرووپاشدا دەتوانین رێکخراوی دەوڵەتەکانی ئەمریـــکاو یەکیەتیی ئەفریقا وەک دوو رێکخراوی گرنگ کە کار بۆ بەرەوپێش بردنی مافەکانی مرۆڤ دەکەن، ناو بەرین. سیســـتەمی ئەمریکایی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ۱۹٤۸ی زایینی دا، لەلایەن رێکخراوی دەوڵەتەکانی

ئەمریکاوە دامەزرا. دواتر کە کۆنڤانسیۆنی ئەمریکایی مافەکانی مرۆڤ، لە ساڵی ١٩٧٨ی زایینیدا پەسند کراو کەوتە قۆناخی جێبەجێ کردنەوە، لە ئەمریکاش لەسەر شێوەی مۆدێلی شووڕای ئۆرووپا سیستەمێک بۆ ڕاگەیشتن بە سکاڵای هاووڵاتیان بە دژی دەوڵەتەکان دامەزرا. لەو سیستەمەدا دادگای مافەکانی مرۆڤ کە بڕیارەکانی بۆ هەموو ئەندامانی ڕێکخراوی وڵاتە ئەمریکایییەکان حوکمی قانوونییان هەیە، بە بەرزترین ئۆرگانی قەزاییو قانوونی دادەنرێ.

لە ساڵی ١٩٨١ی زایینیدا ڕێکخراوی یەکیەتی لە پێناو ئەفریقادا بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤو گەلانی پەسند کرد. ئەو بەیاننامەیە لە ساڵی ١٩٨٦ی زایینیدا حاڵەتی قانوونیی بەخۆیەوە گرت. لەو ڕێکخراوەدا کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ بە بەرزترین ئۆرگان دادەنرا کە ئەرکی بریتی بوو لە چاوەدێری بەسەر جێبەجێ کردنی بەندەکانی بەیاننامەکەدا لە لایەن وڵاتانی ئەندامەوە. لە ساڵی ٢٠٠٢ی زایینیدا ئەو ڕێکخراوە هەڵوەشاو ڕێکخراوی یەکیەتیی ئەفریقا جێگای گرتەوە. یەکیەتیی ئەفریقاش خاوەنی دادگایەکی بەرزە کە سەڵاحییەتی هەیە لە پەیوەندی لەگەڵ پێشێل کردنی مافو ئازادییەکانی مرۆڤدا حوکم دەربکاو بڕیاری قەزایی بدات.

## دادگای نێونەتەوەیی سزادان (ICC)

دەوڵەتەکان بۆ گرتنو دادگایی کردنی ئەو کەسانەی لە کاتی شەڕو کێشەکان دا، بەشێوەیەکی زەقو سیستەماتیک مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن، وەک پێویستە بەرپرسایەتی وەئەستۆ ناگرن یان جاری وایە تەنانەت خۆش لە کارێکی لەو چەشنە دەبوێرن. ئەمەش بەنۆرەی خۆی شەڕو کێشەکان بەرینترو قووڵترو تەنانەت درێژتریش دەکاتەوە. لەوەش زیاتر وەزعێک پێک دێنێ کە کار بۆ دروست کردنی ئاشتیو تەباییو سەقامگیر کردنی ڕێککەوتنەکان سەختو دژوار بکات.

بە مەبەستی لێکۆڵینەوەو گرتنو سزادانی ئەو کەسانەی لە کاتی شەڕو کێشەکاندا بەشێوەیەکی بەرین مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن، قەتڵوعام بەڕێوە دەبەنو تاوانی جۆراوجۆر ئەنجام دەدەن، لە ساڵی ١٩٩٨ی زایینیدا دادگایەکی نێونەتەوەیی دامەزرا. بارەگای ئەو دادگایە لە شاری Haag لە وڵاتی هولەندایە.

دادگای هاگ تەنیا دەتوانێ بەو تاوانانە ڕابگا کە لەسەر خاک، یان لەلایەن هاووڵاتیانی ئەو دەوڵەتانەوە ئەنجام دراون کە بەڕەسمی ڕایانگەیاندوە پەیڕەوی لە یاساو بڕیارو قانوونو حوکمەکانی دادگاکە دەکەن. بەو پێیە دەتوانین بڵێین کە ئەو دادگایە بە جۆرێک بە تەواوکەری دادگاکانی وڵاتە جۆراوجۆرەکان دادەنرێ. واتە ئێستاشی لەگەڵ بێ ئەوە دەوڵەتەکانن کە بەرپرسایەتیی سەرەکییان بۆ گرتنو سزادانی ئەو کەسانە لەسەر شانە کە تاوانی وەک قەتڵوعامو پێشێل کردنی بەربڵاوی مافەکانی مرۆڤ ئەنجام دەدەن. تەنیا لە حاڵێکدا کە کاربەدەستانی دەوڵەتەکان نەیانەوێ یان تواناو ئیمکاناتو دەسەڵاتو سەڵاحییەتی بەڕێوە بردنی دادگاو مەحکەمەیەکی یاساییو دادپەروەرانە

ودوور لە گەندەلییان نەبێ، پێویستە دادگای نێونەتەوەیی سزادان، بە کێشەو کەیسەکانی ئەو جۆرە تاوانانە ڕابگا.

## ڕێکخراوە غەیرەدەوڵەتی‌یەکان

هەروەهـــا دەبێ بگوتـــرێ کە زۆر ڕێکخـــراوی غەیرەدەوڵەتیش لە ئاســـتی نێونەتەوەیی‌دا چالاکو هەڵســـووڕن کە ڕۆڵێکی زۆر گرنگ لە پەیوەندی لەگـــەڵ بەرەوپێش بردنو دابین کردنی مافەکانی مرۆڤدا دەگێڕن. گرینگترینو بەناوباگترینی ئەو ڕێکخراوانە بریتیین لە ئامنیســـتی ئەنتەرناشـــنال، واتـــە ڕێکخراوی لیبوردنـــی نێونەتەوەیی، ڕێکخـــراوی ماددەی ١٩، چاوەدێـــری مافەکانی مرۆڤو ڕێکخراوی هێلســـینکفۆرس بۆ مافەکانی مرۆڤ. جیا لەوە ســـەندیکا جۆراوجۆرەکان، کلیساو ناوەندە ئایینیو مەزهەبی‌یەکان، ڕێکخراوە بەشەردۆستەکان کە کۆمەگو یارمەتیی جۆراوجۆر بە لێقەوماوان دەگەیەنن هەمیشە بەجۆرێک لە بواری کارو تێکۆشان بۆ مافەکانی مرۆڤیش‌دا چالاکو هەڵسووڕن.

ئەو ڕێکخراوانـــە لە کۆبوونەوەکانی ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی ڕێکخـــراوی نەتەوەیەکگرتووەکانو ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکانی دیکە لە پەیوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤ‌دا، بە مەبەســـتی شـــوێندانانو باشـــتر کردنـــی کار بۆ پاراســـتنی مافەکانی مرۆڤ بەشـــداری دەکەن. ئەوان لـــەو کۆبوونەوانەدا نوێنەرایەتیـــی رایەڵکەیەکـــی بەرینی نێونەتەوەیی دەکەن کە بۆ پاراســـتنی مافەکانی مرۆڤ هەوڵ دەدەن. ئەو ڕێکخراوانە زانیاری ســـەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ بڵاو دەکەنەوە، راســـپاردەو پێشنیاری جۆراوجۆر بۆ وەبەرچاو گرتنو دەســـتەبەر کردنی مافەکانی مرۆڤ بە دەوڵەتەکانو کاربەدەســـتانو لایەنە پەیوەندیدارەکان دەدەن، زەخت و گوشـــار دەخەنە ســـەر کاربەدەستانی دەوڵەتەکان، پێشێل کرانـــی مافەکانـــی مرۆڤ لێرەولەوێ لەقـــاو دەدەن. بەم جـــۆرە لەو ڕێگایەوە کار بـــۆ کارا کردنی سیســـتەمی پاراســـتنی مافەکانی مرۆڤ دەکەن. زۆر جاری وایە لە پەیوەندی لەگەڵ بابەت، کەیس یا مەسەلەیەک‌دا چەندین ڕێکخراوی غەیرەدەوڵەتیش هاوکاریو هاوئاهەنگی لەگەڵ یەکتر دەکەن. لەو ڕێگایەوە دەتوانن هێزێکی گەورەو کاریگەر بۆ راوەستان لە بەرامبەر دەوڵەتەکان‌دا دروست کەنو توانای خۆیان بۆ دیفاع لە مافەکانی مرۆڤ نیشان بدەن. ئەم دیاردەیە زۆرتر پێی دەوترێ کۆمەڵگای مەدەنـــی نێونەتەوەیی. بە واتایەکـــی تر هاوپێوەندیی کۆمەڵگای مەدەنی لە ئاســـتی نێونەتەوەیی‌دا لەگەڵ یەکتر بەم شێوەیە خۆی نیشان دەدا.

## دەستتێوەردانی ئینسانی لە کاروباری نێوخۆی وڵاتان‌دا

هەندێک جاران هەلومەرجێک دێتە پێش کە کاربەدەستانی دەوڵەتێک راستەوخۆ بە بەرپرسی پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤ، یان هەوڵ دان بۆ پێشـــگیری لە پێشـــێل کرانی مافەکانی مرۆڤ دادەنرێن. شەڕەکانی کرواتیاو بۆسنیاهەرزەگۆڤینا لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٩٠ی زایینی‌دا، قەتڵوعامی بەرینی

خەڵک لە ڕواندا لە ساڵی ١٩٩٤ی زایینیدا، شەڕی کۆسۆڤۆ لە ماوەی نێوان ساڵەکانی ١٩٩٩-١٩٩٨ی زایینیو هەروەها شەڕی نێوخۆ لە سوودانو سوریەو یەمەن و زۆر شوێنی دیکە لەو ساڵانەی دواییدا دەکرێ وەک نموونەیەک لەو هەلومەرجانە لە قەڵەم بدرێن کە بەشێوەیەکی بەرین مافەکانی مرۆڤیان تێدا پێشێل کراوەو لە ئاکامدا بوونە هۆی لەدەست دانی گیانی هەزاران کەس لە خەڵکی سڤیل و لە مەترسی کەوتنی گیانی دەیان هەزار کەسی دیکەش. زۆرن ئەو کەسانەی لەو بڕوایە دان کە لە حاڵەتی سەرهەڵدانی وەزعێکی لەو چەشنەدا کۆمەڵگای نێونەتەوەیی پێویستەو ئەرکی سەر شانیەتی بەشێوەیەکی نیزامی بۆ ڕاوەستاندنی ئەو جۆرە قەتڵوعامو تاوانە بەرینانە دەستپێشخەری بکاو هەنگاوی پێویست هەڵگرێ.

مەبەست لە دەست تێوەردانی ئینسانی ئەوەیە کە ژمارەیەک دەوڵەت تا پێش بە قەتڵوعامو پێشێل کرانی بەرینی مافەکانی مرۆڤ بگرن، بەشێوەی عەسکەری دەست لە کاروباری نێوخۆی وڵاتێک یا چەند وڵات وەردەن. دەست تێوەردانی ئینسانی لە کاروباری نێوخۆی وڵاتێکدا مەسەلەیەکی جێگای باسو موناقەشەیە. چونکە ئەو کارە پرنسیپێکی گرنگی یاسای نێودەوڵەتی کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەسەری ڕێک کەوتووە، واتە مافی حاکمییەتی نیشتمانیی دەوڵەتەکان دەخاتە ژێر پرسیار.

لایەنگرانی تێزی دەست تێوەردانی ئینسانی دەڵێن لە کاتێکدا کە کاربەدەستانی دەوڵەتێک خەڵکی سڤیل دەدەنە بەر پەلامارو قەتڵوعامیان دەکەن یان نایانەوێو ناتوانن لە بەرامبەر کوشتارو پەلاماردا، پارێزگارییان لێ بکەن، ناکرێ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی هەڵوێستێکی پاسیڤی هەبێ. ئەوان لەسەر ئەو بڕوایەن کە لە وەزعێکی ئاوادا کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بەرپرسایەتیی ئەخلاقی بۆ پێشگیری کردن لە ڕوودانی کارەساتی ئینسانی دەکەوێتە سەرشان. لەوەش زیاتر ئەوان دەڵێن ئەگەر لە کاتی پێویست دا، هێزو دەسەڵات نەخەینە پشتی سەری مافەکانی مرۆڤ بۆ پیادە کردنو جێبەجێ کردنیان، ئەوە کە دەگوترێ ئەو مافانە خسڵەتێکی نێونەتەوەییان هەیە، وەک دروشمێکی بێ نێوەرۆک دێتە بەرچاو. زۆر کەسیش لە شارەزایان لەسەر ئەو بڕوایەن کە بەکارهێنانی دەست تێوەردانی ئینسانی بە مانای هاتنە کایەی قۆناخێکی پڕمەترسی لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا دەژمێردرێ. ئەو کارە ئەسڵی حەقی حاکمییەتی نیشتمانیی وڵاتان دەخاتە ژێر پێو لەوەش زیاتر ڕەنگە وەک ئامرازێک بۆ بردنە پێشی ڕێئاڵپۆلیتیکو قازانجو بەرژەوەندییە سیاسییەکان، کەڵکی لێوەرگرێ. کێ بڕیار دەدا کە دەستتێوەردانی ئینسانی پێویستە؟ ئاخر لە وەزعی ئێستای دنیادا لە ئاستی نێونەتەوەییدا هیچ ئۆرگانێکی بێلایەنو سەربەخۆو سەلاحییەتدار کە بتوانێ بڕیارو هەڵسەنگانێکی لەو چەشنە بکا نابینرێ. ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان خۆی لەخۆیدا ئۆرگانێکی سیاسییە. لەوەش زیاتر ئەو ئەنجوومەنە هەندێک وڵاتی تێدان کە حەقی ڤیتۆیان هەیە. بەم جۆرە دەبینین ئەمڕۆ پرەنسیپی حەقی حاکمییەتی نیشتمانی بۆتە جێگای باسو

گفتوگۆیەکی زۆر.

چەند ســاڵ لەمەوبــەر هەیئەتێکی نێونەتەوەیی بۆ هەڵســەنگاندنو دەستنیشــان کردنی ئەو هەلومەرجــە کە دەوڵەتەکان تێیدا بە شــێوەیەکی بەریــن مافەکانی مرۆڤ پێشــێل دەکەن یان ویســتو توانا بۆ پارێزگاری لەو مافانە لە خۆیان نیشان دەدەن دیاری کرا. سەرئەنجام ئەو هەیئەتە نێونەتەوەیی‌یە لە دوا ڕاپۆرتی خۆیدا گەیشــتە ئەو ئاکامە کە دەوڵەتان بەرپرســایەتیی پاراســتنی هاووڵاتیانیان لەســەر شانە. ئەوە کە پێی دەگوترێ "The responsibility to protect". بەو مانایە کە جەوهەری پرەنســیپی حەقی حاکمییەتی نیشتمانی بەرپرسایەتی دەخاتە سەر شانی دەوڵەت. لەو بارەوە گرنگترین بەرپرســایەتیش کە دەکەوێتە سەر شــانی هەر دەوڵەتێک ئەوەیە کە ئەمنییەتو ئاسایش بۆ هاووڵاتیانی خۆی دەستەبەر بکات. بەم جۆرە ئەو هەیئەتە نێونەتەوەیی‌یە سەرەنجام بەو ئاکامە گەیشــت کە لە هەلومەرجێکدا کە خەڵکی مەدەنیو بێدیفاع دەکەونە بەر پەلامارو تووشی قاتوقڕیو بێ‌پەنایی دەبنو هیچ کەسو لایەنێک نیە بیانپارێزێ، پێویستە پرەنسیپی دەستتێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتاندا بخرێتە لاوە. جا ئەوە چ ئەو دەوڵەتە بۆخۆی بەرپرســی هاتنە کایەی وەزعێکی لەو چەشــنە بێت، یان تواناو ئیرادە بۆ پاراســتنی خەڵکەکە لە پەلامارو قاتوقڕی لەخۆی نیشــان نەدا، هیچ لە مەســەلەکە ناگۆڕێ. واتە لە هەر دوو حاڵدا، کۆمەڵگای نێونەتەوەیی پێویستە بەشێوەیەکی چالاکو کاریگەر هەڵوێست بگرێ. مەبەست ئەوەیە کە بەرپرسایەتیی پاراستنی خەڵکی بێدیفاعو مەدەنی بگرێتە ئەســتۆ. کوفی ئەننان سکرتێری پێشووی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەو مەسەلەیە بەم جۆرە بەیان دەکات:

"ئەگەر دەست تێوەردانی ئینسانی بە هێرشو پەلامارێکی ناڕەوا بۆ سەر پرەنسیپی دەستێوەرنەدان لــە کاروباری نێوخۆی دەوڵەتان بزانیــن، چۆن دەتوانین وڵامی روانداو ســریلانکا بدەینەوە؟ چۆن دەتوانین وەڵامی ئەو پێشێلکاری‌یە بەرینەی مافەکانی مرۆڤ کە بەشێوەیەکی سیستەماتیک هەموو ئەو بایەخو پرەنسیپانە دەخاتە ژێر پێ کە مرۆڤایەتیی هاوبەشمانی لەسەر دامەزراوە، بدەینەوە؟"

## مافەکانی مرۆڤ لە گەشە سەندنو چوونە پێش دان

مافەکانی مرۆڤ شتێک نین کە ئاڵوگۆڕیان بەسەردا نەیە. ئەو ماف و ئازادی‌یانە لە ئاکامی پرۆسەیەکی مێژوویــی درێژخایەن‌دا وەدەســت هاتوونو بەردەوامیش لە حاڵی پەرەســەندنو چوونە پێش دان. راســتە هێشــتاش زۆریان ماوە بە شێوەی شــیاو پیادەو جێبەجێ بکرێن، بەڵام بەردەوام جێگای داکۆکی و پارێزگاری لێ کردنن. تا ئێستا توانیومانە لە پەیوەندی لەگەڵ پێناسەو دەسنیشان کردنی ماف و ئازادی‌یەکاندا، هەنگاوێکی گەورە هەڵێنینەوە. جگە لەوە هەروەک باســمان کرد، تا ئێســتا زۆربەی هەرە زۆری دەوڵەتانی دنیاش ئەو ماف و ئازادی‌یانەیان پەســند و واژۆ و قبووڵ کردوون و بۆ جێبەجێ کردنو دابین کردنیان بەرپرسایەتی‌یان وەئەستۆ گرتووە.

ئێستا زۆرتر قسە لەسەر ئەوە دەکرێ کە لە چ ڕێگایەکەوەو بە چ میکانیزمێک ئەو مافو ئازادی‌یانە پێویستە پیادەو جێبەجێ بکرێن. میکانیزمە قەزایی‌و حقووقی‌یەکان، میکانیزمە سیاسی‌یەکان یا میکانیزمە ئابووری‌و نیزامی‌و عەسکەری‌یەکان یان هەموویان؟

سەرەڕای ئەوەی کە دەبینین مێژووی پەرەسەندنی مافەکانی مرۆڤ لەسەر یەک ئەرێنی و روو لە گەشە بووە، بەڵام بەو حاڵەش هێشتاش گەورەترین گرفتی مافی مرۆڤ لە ئاستی جیهانیدا کە مرۆڤ لەگەڵی روبەروویە، برسێتیی خەڵکە. هەرچەند لە سەرتاسەری مێژوودا خەڵکی دنیا بە ئەندازەی ئەمڕۆ سەروەت‌و سامان‌و عیلم‌و زانست‌و زانیاری‌یان لەبەر دەست دانەبووە، کەچی هێشتاش یەک ملیاردو نیو ئینسان زۆر بە کەمی دەستیان بە خواردن ڕادەگا. بۆیە ئەرکی سەرشانمانە کار بۆ بنبڕکردن‌و لەنێوبردنی ئەو برسێتی‌یە بکەین کە بۆتە هۆی ئەوەی بەشێکی زۆر لە خەڵکی دنیا لە ژیانێکی شایانی مرۆڤی ئەم سەردەمە بێبەش بن . لە هەمان کات‌دا کە پێویستە بۆ دابین‌و دەستەبەر کردنی مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ بۆ هەموو مرۆڤەکانی سەر ڕووی زەوی کارو خەبات بکەین، دەبێ نێوەرۆکی ئەو مافو ئازادی‌یانەش بخەینە بەر باس و تاوتوێ کردنی هەمێشەیی‌و بەردەوام.

ئەو مافو ئازادی‌یانە ئەمڕۆ بوونەتە بەشێک لە واقعییەتی ژیانی مرۆڤایەتی. هەربۆیە لە حاڵی گەشەو پەرەسەندنیش دان. ئەوەش هەندێک پرسیارو دیلیما دروست دەکەن کە پێویستە وەڵامیان بدرێتەوە. یەکێک لەو دیلیماو پرسیارانە بریتی‌یە لە ناتەبایی نێوان مافە جۆراوجۆرەکان لەگەڵ یەکتر. بۆ نموونە هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە بە ئازادی بیروڕای خۆی دەربڕێ. بەڵام هەر لەو کاتەدا هەموو کەسێکیش ئەو مافەی هەیە کە نەکەوێتە بەر قسەو پللارو توانج‌و هەڵسوکەوتی ڕاسیستی. بۆیە دەبینین لەنێوان ئەو دوو مافەدا ناتەبایی‌و دڕدۆنگی هەیە. کامیان دروستە؟ چاپ‌و بڵاو کردنەوەی کاریکاتێر لە حەزرەتی محەممەد پێغەمبەری موسوڵمانان لە ساڵی ٢٠٠٦دا بوو بەهۆی سەرهەڵدانی باس‌وخواسێکی گەرم کە ئاخۆ لە پەیوەندی لەگەڵ دین‌دا، سنوورەکانی ئازادیی بەیان‌و دەربڕینی بیروڕا تا کوێ دەچن؟ ئاخۆ وا باشە ڕێز گرتن لە ئایینی کەسانی دیکە ئازادیی بەیان‌و دەربڕینی بیروڕا سنووردار بکات؟ یا دەبێ ڕێگا بدرێ کە هەرچی پێت خۆشە بیڵێی‌و دەریبڕی؟ لەلایەکی دیکەوە ئەمڕۆ زۆربەی کۆمەڵگا جۆراوجۆرە ئینسانی‌یەکان، کۆمەڵگای فرەکولتوورین. باشە ئەگەر مافەکانی مرۆڤ ناتەبایی‌و ناکۆکی‌یان لەگەڵ دین‌و کولتوورەکان‌دا لێ پەیدا بوو چی؟ ئاخۆ دروستە کە ڕێگا نەدرێ نیقاب لە مەدرەسەدا بەکار ببرێ؟ سەبارەت بە حیجاب چی؟ ئیتر ئێستا کاربەدەستانی فەڕانسە لە قوتابخانەکان‌دا ڕێگای بەکارهێنانی نادەن؟ ئەوە کە دایک‌و باوک‌و کەس‌و کار هاوسەر بۆ کوڕو کچەکانیان بدۆزنەوەو دەستنیشانی بکەن چی؟ ئەدی ڕوانیمان بۆ ژن دەبێ چۆن بێ؟

هەر بەو جۆرە خەبات بە دژی تیرۆریزمیش مافەکانی مرۆڤی خستۆتە ژێر فشارو قورسایی خۆی. ئەوەتا لە زۆر وڵات دا دەبینین دەوڵەت کۆنترۆڵ‌و چاوەدێریی خۆی بەسەر هاووڵاتیان‌دا توندتر دەکا.

ئازادیی هاتووچۆ بەرتەسک دەبێتەوە. دامودەزگا ئەمنییەتی‌یەکانی دەوڵەت کاری خۆیان بەربڵاوترو توندتر دەکەن. ئێستا زۆر کەس لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئێمە لە ژێر ناوی خەبات بە دژی تیرۆریزمدا ئەو نرخو بایەخە بنەڕەتی‌یانە دەخەینە ژێر پێ کە پێویستە لەسەرمان بیانپارێزین. کامیان راستە؟ سنوورەکانی ئەم کارە تا کوێ دەڕۆن؟ ئەو پرسیارانەی سەرەوە تەنیا بەشێک لەو پرسیارانەن کە وەڵامێکی ڕوونو ئاشکرامان لانی کەم لە ئێستادا بۆ ئەوان پێ نییە. رەنگە باشترین ڕێگا ئەوە بێ کە بەردەوام سەبارەت بەو دیلیماو ناتەبایی‌یانە قسە بکەین؟ ئایا کۆمەڵگای ئێمە سبەینێ چ وەڵامو ئاکامێک لەو باسو پرسیارانەی ئەمڕۆی ئێمە وەردەگرێ؟ باسو موناقەشەو لێدوانی ئازادو زیندوو نیشانەی لەگۆڕێدابوونی فەزایەکی پلۆرالیستی‌یە کە خۆی لە خۆیدا یارمەتی بە بەرەپێش چوونی مافەکانی مرۆڤ دەکا.

لەلایەکی دیکەشەوە باسو گفتوگۆی بەردەوام لەسەر مافو ئازادی‌یەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی کە مافەکانی مرۆڤ نەبنە حەقیقەتێکی عیلمیی موتڵەقو ئیدەئۆلۆژی‌یەکی تایبەتی. جیا لەوە دەبێ بڵێین کە مافەکانی مرۆڤ وەک بوارێکی عیلمیش بۆخۆی لە حاڵی گەشەو بەرەوپێش چوونو پەرەسەندن دایە، گەشەو پەرەسەندنێک کە ئەویش بە نۆرەی خۆی کاریگەریی بیر کردنەوەی ئەخلاقیو قەزایی لە سەرە. رەنگە ئێمە لە باسو لێدوان لەسەر ئەو دێلیمایانەدا، نەتوانین بگەینە ئاکامێکی ڕوون. بەڵام ئەوە بەو مانایەش نیە کە هەرگیز وەڵاممان دەست ناکەوێو ناتوانین لەسەر ئەو بابەتو مەسەلانە بە تەوافوق بگەین. هەر ئێستا بۆ هەر کام لەو پرسیارانە زۆر وەڵام هەنو تا دێ وەڵامی زۆرتریش پەیدا دەبن. دووسەد ساڵ لەمەوبەر باسو خواسێکی گەرموگۆڕ سەبارەت بەوە لەگۆڕێ دابوو کە ئاخۆ کۆیلەتی کارێکی دروستە یان نا؟ کە چی ئەوەتا ئەمڕۆ دەبینین کە قەدەغەبوونی کۆیلایەتی لەسەرتاسەری دنیادا پشتیوانیی لێ دەکرێو هیچ کەس نیە بە کارێکی نادروستی لەقەڵەم نەدا. سەد ساڵ لەمەوبەر کاتێک مەسەلەی مافی ژنان بۆ دەنگ دان هاتە گۆڕ، باسو خواسو لێدوانێکی بەرینی لەنێو کۆمەڵ‌دا لێکەوتەوەو حەساسیەتێکی زۆریشی پێک هێنا. بەڵام ئەمڕۆ وەزعێک هاتۆتە پێش کە ئیتر مافی ژنان بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنو بۆ دەنگ دانو خۆکاندید کردن بە شتێکی زۆر ئاسایی دەزانرێ. یا خەتەنە کردنی کچان چی؟ راستە هێشتاش ئەو دیاردەیە لە هەندێک کولتووردا بەڕێوە دەچێ، بەڵام بە شێوەیەکی بەرین وەک پێشێل کرانی مافی مرۆڤ بەحیساب دێو لە سەرتاسەری دنیاش‌دا لەلایەن بیروڕای گشتی‌یەوە مەحکووم دەکرێ.

هەر ئێستا هەندێک کەیسو بابەت هەن ڕوونی دەکەنەوە کە پەرەسەندنی مافەکانی مرۆڤ بە ئاقارێکی دڵخوازدا دەڕواتە پێش. بۆ نموونە هاودەنگیو تەوافوقێکی بەرین لانیکەم لە ئۆرووپا دا، سەبارەت بە قەدەغە بوونی حوکمی ئیعدام لەگۆڕێ دایە. هەموو ئەندامانی یەکیەتیی ئۆرووپا لەسەر ئەوە کۆدەنگن کە سزای ئیعدام قەدەغە بکرێو بەڕێوە نەچێ. هەر بەو جۆرە مافو ئازادی‌یەکانی

هۆمۆفیلەکانیش خەریکە بەرەبەرە لەنێو کۆمەڵگاکان‌دا جێی خۆیان دەکەنەوە. هەر بۆیە دەبێ دڵنیا بین کە بەشێکی زۆری ئەو پرسیارو دیلیمایانەی ئەمڕۆ لە پەیوەندی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا لەگۆڕێ دان، ڕۆژێک دێ چارەسەر بن‌و وەڵامی خۆیان وەرگرنەوە. ئێستا ئەرکی ئێمە ئەوەیە بە ئازادی سەبارەت بە هەموو ئەو کێشەو بابەتانە قسەو لێکدانەوەو باس‌و گفتوگۆ پێکەوە بکەین. هەر کاتێک گەیشتینە ئەو ئاکامە کە باس‌و گفتوگۆیەکی لەو چەشنە، بۆمان دژوارو سەختە، پێویستە بگەڕێینەوە سەر نێوەرۆک‌و جەوهەری مافەکانی مرۆڤ. واتە جەوهەری ئینسانیی مرۆڤەکان‌و هاوبایەخ بوونی ئینسانەکان لەگەڵ یەکتر. ئەوە کە دەگوترێ لە هەموو مرۆڤەکان‌دا بایەخێکی ئینسانی هەیە کە دەبێ بپارێزرێ‌و نەخرێتە ژێر پێ. هەروەها ئەوەش کە دەگوترێ مرۆڤەکان هەموویان هاوبایەخن. لە هەر جێیەک کە هەست دەکەین هەندێک کەس یان کۆمەڵە کەسێک بەجۆرێک ڕەفتاریان دەگەڵ دەکرێ کە بایەخی ئینسانیی ئەوان بەهێند ناگیرێ، ئەوە دەبێ بزانین لەو جێیە مافی مرۆڤ پێشێل دەکرێ‌و لەسەرمانە بەرامبەری بێدەنگ نەبین.

## گرینگترینی ئەو خاڵانەی پێویستە بۆ دەرس وتنەوە لەسەر مافەکانی مرۆڤ لەبەرچاو بگیردرێن:

* بناخەی ئەخلاقیی ماف‌و ئازادی‌یە ئینسانی‌یەکان بریتیە لە بایەخی ئینسانیی مرۆڤەکان. هاوبایەخ بوونی ئەوان لەگەڵ یەکتر.

* مافەکانی مرۆڤ ئەو ماف‌و ئازادییانەن کە پێویستە بۆ هەر هاووڵاتی‌یەک لەو دەوڵەتەدا کە دەژی وەبەرچاو بگیردرێن‌و دابین‌و دەستەبەر بکرێن. وەک مافی ژیان، بەرانبەری لە بەرامبەر قانوون، ئازادیی بەیان‌و دەربڕینی بیروڕا، ئازادیی دین‌و مەزهەب، مافی خوێندن‌و فێر بوون، مافی دەستڕاگەیشتن بە کەرەسەو ئیمکاناتی ڕەفاهی، ئەمنییەت، ئاسایش‌و هتد. لەو نێوەدا شتێک هەیە کە بە جەوهەری مەسەلەکە لە قەڵەم دەدرێ. ئەویش بریتیە لە پرەنسیپی قەدەغەبوونی هەڵاواردن‌و جیاوازیدانان. بەومانایە کە هەموو مرۆڤەکان، بێ وەبەرچاو گرتنی هەر چەشنە جیاوازی‌یەکی وەک ڕەگەزو ڕەنگی پێست، زمان، مەوقعییەتی کۆمەڵایەتی، خاوەنداریەتی، پێشینە، دین‌و مەزهەب، ئیتنیک، نەتەوە، تەمەن، قەدوباڵاو کەم‌ئەندام بوون یان ساخ‌و سڵامەت بوون‌و هتد... مافی وەک یەکیان هەیە.

* بیرۆکەی مافەکانی مرۆڤ مێژوویەکی کۆنی هەیە. هەر لە زۆر قەدیمەوە داوا کراوە کە کاربەدەستان مافی ئەوەیان نەبێ بە کەیفی خۆیان لە دەسەڵات کەڵک وەرگرن. واتە داوایان لیکراوە کە ماف‌و ئازادی‌یە بنەڕەتی‌یەکانی هاووڵاتیان وەبەرچاو بگرن. بەڵام بۆ یەکەم جار جارنامەکانی مافی مرۆڤ وەک ئەرکێکی قانوونی لە شۆڕشی فەڕانسە لە ساڵی ١٧٨٩و لە شۆڕشی ئەمریکا لە ساڵی ١٧٧٦ دا، جێبەجێ کردنیان بە دەوڵەت ئەسپێردرا. بەو جۆرە دواتر بەرەبەرە مافەکانی مرۆڤ لە یاسای

بنچینەیی زۆربەی دەوڵەتەکان دا، جێگایان بۆ کرایەوە.
* ئەو کوشـــتو کوشـــتارو تاوانو جینایەتانەی لە کاتی شـــەڕی دووهەمی جیهانـــیدا ڕوویان دا، بوون بە هۆی دامەزرانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان. کوشـــتو کوشـــتاری خەڵکی بێدیفاع لە ئۆردووگاکانی نازی دا، کوشـــتنو هەڵاواردنو جیاوازیدانانی سیســـتەماتیک بە دژی جوولەکەکان، قەرەجەکان، هۆمۆفیلەکانو هەندێک دەســـتەو گروپی دیکە لەلایەن نازیەکانەوە بەگرینگترین هۆ دادەنرێـــن کە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی هان دا تا پاراســـتنی مافەکانی مرۆڤ بە یەکێک لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی خۆی بزانێ.
* کۆمیســـیۆنی مافی مرۆڤی ڕێکخـــراوی نەتەوەیەکگرتوەکان کە لە هەژدە ئەندام کە نوێنەرایەتیی هەموو ناوچەکانی دنیایان دەکرد پێک هاتبوو. لە ماوەی دوو ســـاڵ کاری چڕوپڕو بەردەوامدا توانی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ ئامادە بکا. ئەو جاڕنامەیە لە ۱۰ی دیســـامبری ۱۹۴۸ی زایینی لەلایەن کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە پەسند کرا.
ئـــەو جاڕنامەیە لـــە ۳۰ ماددە پێک هاتووە کە بەســـەر دوو کاتەگۆریدا دابـــەش دەکرێن. یەکەم مافە مەدەنیو سیاســـییەکان، دووهـــەم مافە ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکان. بە پەســـند کـــرانو ڕاگەیاندنی بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن ڕێکخروای نەتەوەیەکگرتووەکانەوە مافەکانی مرۆڤ تایبەتمەندییەکی جیهانییان بەخۆوە گرت. بەو مانایە کە وەک چەترێکی هاوبەش بێ وەبەرچاوگرتنی هەر چەشنە جیاوازییەک، پارێزگاری لە هەموو مرۆڤەکان بکەن.
* لە ســـاڵی ۱۹۶۶ی زایینیدا کۆنڤانسیۆنی مافە سیاســـیو مەدەنیو کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووریو کۆمەڵایەتـــیو فەرهەنگییەکانـــی ڕێکخـــراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە لایەن کۆڕی گشـــتیی ئەو ڕێکخراوەوە پەسند کران. کۆنڤانســـیۆن، پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتییە کە حوکمی قانوونی هەیەو ئەرکی قەزایی وقانوونوونی دەخاتە سەر شانی ئەو دەوڵەتانەی کە قبووڵو ئیمزایان کردوە. ئەمڕۆ پتر لە ســـەد کۆنڤانسیۆنو بەڵگەنامەو دۆکیۆمێنتی نێونەتەوەیی هەن کە لە پەیوەندی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ لە ئاستی نێونەتەوەییدا کاریان پێ دەکرێ.
* کار بۆ مافەکانی مرۆڤ بە سێ قۆناخدا تێدەپەڕێ:
۱ـ ئامادە کردنی دۆکیۆمێنتو بەڵگەنامەکان.
۲ـ ئیمزاو قبووڵ کردنی ئەو بەڵگەنامانە لەلایەن دەوڵەتەکانەوە.
۳ـ جێبەجێ کردنو پیادەکردنی پەیماننامەو بەڵگەنامەو دۆکیۆمێنتە جۆراوجۆرەکان.
بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە ئەمڕۆ گیروگرفتەکانی مرۆڤ لە پەیوندی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا ئەو گیروگرفتانەن کە پەیوەندییان بە قۆناخی جێبەجێ کردنو پیادە کردنی ئەو مافانەوە هەیە.
* دەوڵەتەکان بە بەرپرســـی ســـەرەکی بۆ ڕێزگرتنو وەبەرچاوگرتنیو پاراستنو بەرەوپێش بردنی

مافەکانی مرۆڤ دادەنرێن. ئەو میتۆدو ئامرازو شـێوازانەی بۆ دەستەبەر کردنی ئەو مافو ئازادی‌یانە بـەکار دێن، بریتیین لە هاوئاهەنگ کردنی یاسـاو قانوونەکانی وڵاتـان لەگەڵ مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤو کۆنڤانسـیۆنەکانی مافی مرۆڤ، دەسـتەبەر کردنی ئەمنییەتی قەزاییو سـەروەریی یاسـا، بەدواداچوونو لێکۆڵینەوەی دەزگای دادوەری سـەبارەت بە پێشـێل کرانـی مافەکانی مرۆڤو ئەو پەلامارو تاوانانەی کە لەو پێوەندی‌یەدا روو دەدەن، دامەزراندنی سیستەمی جۆراوجۆر بۆ چاوەدێری کردن بەسـەر بەڕێوە چوونو جێبەجێ کردنی ئەو مافو ئازادی‌یانەدا. بەتایبەتی گرتنە پێشـی ئەو میکانیزمانـەی کە دەسـتەو تاقمو گروپـە لاوازو بێ‌هێزەکان، لە بەرامبەر پەلامارو پێشـێل کرانی مافەکانی مرۆڤدا دەپارێزن. دەبێ بگوترێ کە بڵاو کردنەوەی زانسـتو زانیاریو هوشیاریو ئاگاهی سـەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ بەنۆرەی خۆی بە کارێکی گەورەو گرنگ بۆ دابینو بەرەوپیش بردنی مافەکانی مرۆڤ دەژمێردرێن.

* جیا لە دەوڵەت، زۆر ئەکتەری دیکەش لە نێو کۆمەڵدا دەتوانن کار بۆ دابینو دەستەبەر کردنی مافەکانـی مرۆڤ بکـەن. گرینگترینی ئەو ئەکتەرانە بریتیین لە ڕێکخـراوە غەیرە دەوڵەوتی‌یەکان، ڕاگەیەنە گشـتی‌یەکان، کەرتـی تایبەتیو بازرگانو دووکانو کارگـەو کارخانەو یەکەکانی بەرهەم هێنانو لەوەش زیاتر تەنانەت تاکەکەسەکانیش.

* هەروەها لە ئاسـتی نێونەتەوەییـش‌دا زۆر میکانیزمی جۆراوجۆرمان هەن کە کار بۆ پاراسـتنی مافەکانی مرۆڤ دەکەن. بۆ نموونە لە باری یاسـاییو قانوونی‌یەوە ئۆرگانە تایبەتی‌یەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، پەیماننامەو کۆنڤانسـیۆنی جۆراوجۆر سـەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ پەسـند دەکەن. هەر بەو جۆرە دەوڵەتەکانی ئەندام ئەرکیان لەسـەر شانە کە لە پەیوەندی لەگەڵ جێبەجێ کردنی کۆنڤانسیۆنەکان‌دا ڕاپۆرت بدەنەوە کۆمیتە تایبەتی‌یەکانی ڕێکخراوی نەتەوەییەکگرتووەکان. هەروەها کۆڕی گشـتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش دەتوانێ بڕیارنامەی سیاسی سەبارەت بـە وەزعی مافەکانی مرۆڤ لـە جێیەک دەر بکا. هەر بەو پێیە ئەنجوومەنی ئاسایشـی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، شـووڕای مافی مرۆڤی ڕێکخـراوی نەتەوەیەکگرتووەکانو گەلێک ڕێکخراوی نێونەتەوەیی دیکە دەتوانن بڕیارنامەو لێدوانو بەیاننامەو سـەنەدو بەڵگەنامە سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ دەرکەن یان بڵاو بکەنـەوە. لەوەش زیاتر ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەتوانێ لە ڕێگای یارمەتی‌یە فەننیو تکنیکیو زانسـتی‌یەکانەوە ، لە ڕێگای ئۆپەراسـیۆنەکانی پاراسـتنو سەقامگیر کردنی ئاشـتی‌یەوەو لە ڕێگای بەکارهێنانی پرەنسیپی دەست تێوەردانی نێونەتەوەیی‌یەوە بۆ بردنە پێشی مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ کار بکەن.

* جگە لەوە لە ئاسـتی ناوچە جیاجیاکانی دنیاش‌دا گەلێک سیستەم بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دامەزراون. گرینگترینی ئەوان بریتی‌یە لە سیسـتەمی ئۆرووپایی بۆ مافەکانی مرۆڤ. شـایانی باسە شـووڕای ئۆرووپا لەو بارەوە کۆنڤانسیۆنێکی تایبەتی بۆ مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ پەسند کردووە کە

لـــە هەموو وڵاتانی ئەندامدا کاری پێدەکرێ‌و دادگایەکیشـــی بە نـــاوی دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مـــرۆڤ لەو پێوەندی‌یەدا دامەزراندوە کە بڕیارەکانـــی لەلایەن هەموو ئەندامانی یەکیەتیی ئۆرووپاوە جێبەجێ دەکرێن.

* مافەکانـــی مرۆڤ گرنگن. لـــە ڕێگای ئەوانەوە دەتوانین هەم داوای مـــافو ئازادی‌یەکانی خۆمان بکەین‌و هەم پاریزگارییش لە مافو ئازادیی خەڵکانی دیکە بکەین. بۆیە دەبێ دیفاعیان لێ بکرێ.

## مەشقو ڕاهێنانەکانی پێوەندیدار بە فێربوونی مافەکانی مرۆڤەوە

### بایەخی ئینسانی

ڕاهێنانی ٥٢ـ٥٠

**بابەت:** مەبەست لە بایەخی ئینسانیو جیهانی بوونی مافەکانی مرۆڤ چیە؟

**ئامانج:** فیربوونو وەرگرتنی زانیاریو ئاگاهی سەبارەت بەوە کە بایەخی ئینسانی بە بناخەو جەوهەری مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ دادەنرێ. ئایا تا ئیستا بیرت لەوە کردۆتەوە کە مەبەست لە بایەخی ئینسانی چیە؟

کاتێک بە شێوەیەکی ناعادلانە ڕەفتارمان لەگەڵ دەکرێ، یان کاتێک دەبینین یا دەبیسین کە کەسانی دیکە بە شێوەیەکی ناعادلانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێ، هەستێکی تایبەتی سەبارەت بەو بێعەداڵەتی‌یە لە ناخو ویژدانمان‌دا دروست دەبێ. ئەوە ئەو بایەخە ئینسانی‌یەیە کە ویژدانمان دەرکی دەکاو بە هەموو وجوودمانەوە هەستی پێدەکەین.

لە بارودۆخێکی ئاوادا هەستی هاودەردیو سیمپاتی لەگەڵ ئەو کەسەی کە بێعەداڵەتیی لەگەڵ کراوە سەرتاسەری لەشمان دادەگرێو هانمان دەدا تا هاوپێوەندیو پشتیوانیی خۆمانی بۆ نیشان دەین. بەم شێوەیە خۆمان لەو کەسەدا دەبینینەوە. هەر بەو جۆرە کاتێک دەبینین کەسێک لە مەینەتبەشیو وەزعێکی زۆر سەختو دژواردا کە بە ژیانێکی شیاوی مرۆڤ نازانرێ دەژی، کە بایەخێکی نیە، هەست دەکەین ئەو بایەخە ئینسانی‌یە پێشێل کراوە. لە ئاکامدا هەستو هاودەردیو هاوپێوەندی‌مان سەبارەت بەو کەسە لەلا دروست دەبێ. ئەو بایەخە ئینسانیە بە بنچینەی مافەکانی

مرۆڤ دادەنرێ. لەبەر ئەوەی هەموو مرۆڤەکانیش ئەو بایەخە ئینسانی‌یەیان تێدایە، مافەکانی مرۆڤ بە شتێکی جیهانی بەحیساب دێن‌و هەموو مرۆڤەکان دەگرنەوە. واتە سەرەڕای ئەوە کە ئێمە لە باری کولتووری، رەگەز، نەتەوە، پێگەی کۆمەڵایەتی، رەنگی پێســـت، تەمەن، شوێنی ژیان‌و شتی دیکەوە لێـــک جیاوازین، خاوەنی مافی ئینســـانی وەک یەکین. دەتوانین بڵێیـــن جەوهەر مافەکانی مرۆڤ بەجۆرێـــک لە هەموو دین‌و کولتوورەکان‌دا بەرچاو دەکـــەوێ. بە واتایەکی دیکە نێۆرۆکی مافەکانی مرۆڤ بە باشترین شێوە لەو یاسایەدا خۆی نیشان دەدا کە وەک پێوانەیەک بۆ هەڵسوکەوت کردنی مرۆڤـــەکان لەگەڵ یەکتر بەکار دێ. بەو جۆرەی کە پێت خۆشـــە خەڵـــک رەفتارت لەگەڵ بکەن، هـــەر ئاواش رەفتار لەگەڵ ئەوان بکە. ئەو پرەنســـیپە ئەخلاقی‌یە لـــە جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤیش‌دا گونجێنراوە. با بزانین دەتوانین پێناسەی بایەخی ئینسانی بکەین؟

## ڕاهێنان

ئـــەم ڕاهێنانە تێکەڵاوێکە لە باس‌و گفتوگۆ، کاری گرووپـــی، بیرکردنەوەی بەکۆمەڵ، تاوتوێ کردنی بەکۆمەڵ بە شکڵی پلینۆم‌و پاشان دەرس وتنەوە لەسەر بابەتەکە. ئەم ڕاهێنانە کاری زۆری دەوێ‌و دەتوانرێ لەسەرەتا یان لە نێوەڕاست یان لە کۆتایی کۆرسەکەدا ئەنجام بدرێ.

کاتی پێویست: ١ تا ٣ کاتژمێر.

## چیمان بۆ جێبەجێکردنی ڕاهێنانەکە پێویستە؟

ژوورێکی گەورە کە ئیمکانی ئەوەمان هەبێ لەوێدا کاری گرووپی بکەین، وەرەقی گەورەی نووسین‌و قەڵەمی تایبەتی دەوێ کە بتوانین بە خەتی گەورە مەبەســـتەکان لەسەر کاغەز بنووسین. هەروەها قەڵەم‌و کاغەزی ئاساییشـــمان پێویستە. کۆپیەکمان بۆ هەر کام لە بەشدارانی کۆرسەکە لە بەیاننامە جیهانیی مافەکانی مرۆڤ دەوێ.

ئامادەکاری: خۆ ئامادە کردنی مامۆســـتا بۆ باســـێکی تێروتەسەل لەســـەر بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ‌و بەتایبەت مەســـەلەی بایەخە ئینســـانی‌و جهیانی بوونی مافەکانی مرۆڤ. هەر لەو پێوەندی‌یەدا زۆر باش دەبێ کە بەشدارانی کۆرسەکەش لەو بارەوە خۆیان ئامادە کردبێ.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ ڕاهێنانەکە دەکرێ بەوە دەســـت پێ بکا کە مامۆســـتا یان ڕێبەری کۆرسەکە بە کورتی باسێک‌و پێناســـەیەک لە مافەکانی مرۆڤ بکا. وەک ئەوە کە مافەکانی مرۆڤ ئەو ماف‌و ئازادی‌یانەن کە ئێمە هەموو مرۆڤەکان بێ‌جیاوازی، بەهۆی ئەوە کە ئینسانین دەگرنەوە. بۆنموونە: هەموومان مافی ئەوەمان هەیـــە کە بە ئازادی عەقیدەو بیروڕای خۆمان دەربڕیـــن. هەمووومان مافی ئەوەمان هەیە ئازادانە لە

کاروباری سیاسیدا بەشداری بکەین، هەمووما‌ن مافی ئەوەمان هەیە کە خواردنو جلوبەرگو دەواو دەرمانی پێویستو خوێندنو مەدرەسەمان بۆ دابین بکرێ، هەمووما‌ن مافی ئەوەمان هەیە بەئازادی دینو مەزهەبی خۆمان هەڵبژێرینو ڕێوڕەسمە ئایینیو مەزهەبییەکانمان بەڕێوە بەرین... هەر بەو جـۆرە دەکرێ بەکورتی باس لە مافەکانی دیکـەش بکەین. وەختێک دەڵێین کە هەموو مرۆڤەکان مافی وەک یەکیان هەیە مەبەستمان ئەوەیە کە نابێ کەس جیاوازیدانانو هەڵاواردنی لەگەڵ بکرێ. بناخەی ئەخلاقیو ئیتیکیی مافی مرۆڤ، لەو ڕوانگە ئینسانییەوە سەرچاوە دەگرێ کە دەڵێ هەموو مرۆڤەکان هاوبایەخو هەموویان لە باری ئینسانییەوە نرخی وەک یەکیان هەیە.

لە درێژەی ڕاهێنانەکەدا پتر مەسەلەی بایەخی ئینسانی کە بە جەوهەری مافی مرۆڤ بەحیساب دێ، شی دەکەینەوە.

٢ـ داوا دەکەین هەرکام لە بەشـدارانی کۆرسـەکە بیر بکەنەوەو تایبەتمەندییەک لە خۆیاندا بدۆزنەوە کە پێیان وایە باشـترین خەسـڵەت و تایبەتمەندییە کە لە کەسـایەتیی ئەواندا هەیە. دڵفراوانی، هاوڕێی باش، کارکەرێکی باش، یارمەتیدەر، دەستگرتنی کەسانیتر و زۆر خووخدەی دیکە. پاشـان داوا بکەین هەر کام لە بەشـدارانی کۆرسـەکە لەو تایبەتمەندییە بدوێن کە بۆ خۆیان بە باشـترین تایبەتمەندیی خۆیانی دادەنێن. پاشان مامۆستا کۆمەڵە پرسیارێکی وەک ئەو پرسیارانەی خوارەوە ئاراستەی بەشداربووان دەکات.

ـ ئـەو تایبەتمەندییـەی کە ئێوە پێتان وایە تایبەتمەندییەکی زۆر زۆر باشـە، لە کەسـانی دیکەشدا بۆی دەگەڕێنو ئەگەر لە کەسانێکی دیکەدا هەبێت بایەخو نرخو ڕێزی بۆ دادەنێن؟

ـ مەبەستمان چیە کاتێک دەڵێین ئێمە ڕێز لە خۆمانو لە کەسانی دیکە دەگرین؟

ـ ئایا ئەگەر کەسانێک پەیدا بنو تایبەتمەندیی باشیان هەبێ کە جیاواز بن لە تایبەتمەندییەکانی ئێمە دیسـانیش پێویستە ڕێزیان لێبگرین؟ واتە ئەگەر هات و کەسانێک تایبەتمەندیی باش، بەڵام جیاواز لە تایبەتمەندیی ئێمەیان هەبوو، شیاوی ڕێز لیگرتنن یان نا؟

ـ ئایا هەموو مرۆڤەکان جیگای ڕێزو حورمەتن؟ بۆ؟

[دەکرێ بەشـدارانی کلاسەکە لەسـەر ئەو مەسـەلانە ڕوانگەو بیروڕای جیاوازیان هەبێ. بۆیە مامۆسـتا لە پێشـدا دەبێ ئەوە ڕوون کاتەوە کە لەو پێوەندییەدا پێویستە ڕێز لە هەموو ڕوانگەکان بگیردرێ. زۆر جار هەندێک کەس ڕەفتارو کردەوەی خراپو ناپەسـندو نەشـیاو لە خۆیان نیشـان دەدەن. پێویسـتە مامۆستا ئەو مەسـەلەیە ڕوون بکاتەوە کە بۆ هەندێک کەس کردەوەی ناپەسند ئەنجام دەدەن. وا باشـە مامۆسـتا ئەوە ڕوون کاتەوە کە بەشـێوەیەکی سروشـتی ئێمە مرۆڤەکان زەمینەو تواناو زەرفییەتو پۆتانسـیەلی ئەوەمان تێ دایە کە هەم کارو کردەوەی باشو شـیاو، هەم کارو کردەوەی ناپەسندو نەشیاو لە خۆمان نیشان بدەین.

ئەو هەلومەرجو ژینگەیەی کە دەوری ئێمەی داوە وامان لێ دەکەن کە هەندێک کەس، تاوانو

جینایەت ئەنجام دەن‌و ببنە تاوانبارو هەندێک کەسیش تووشی وەزعێکی لەو چەشنە نەبن. چونکە بەپێی سروشتی خۆمان هەموومان زەمینەو زەرفییەتی ئەوەمان تێدایە کە خراپە یان چاکە بکەین. دەتوانین بڵێین کە هیچ مرۆڤێکمان پێ شک نایا کە هەموو وجوودی هەر خراپە بێت. بە واتایەکی دیکە هیچ ئینسانێک نیە کە بەپێی سروشت تەنیا هەر خراپ بێ‌و بەس. بۆیە زۆر گرنگە ئێمە فێر بین تا جیاوازی لەنێوان ئینسانەکان‌و رەفتارو کارو کردەوەکانیان‌دا دانێین. وەختێک دەڵێین کە کەسێک خراپە، مانای وایە کە ئەو کەسە هەموو وجوودی ئاوێتەیەکە لە خراپەو ئیتر ناتوانرێ ئاڵوگۆڕی بەسەر دابێ. بەڵام وەختێک دەڵێین کە ناوبراو کردەوەو ڕەفتاری نەشیاو و خراپ‌و ناپەسند لە خۆی نیشان دەدا، مانای وایە دەکرێ ئاڵوگۆڕی بەسەر دابێ‌و رەفتارو هەڵسوکەوتەکانی بگۆڕدرێن. لە مێژوودا زۆر ئەو کەسانەی کە کارو کردەوەی زۆر خراپ‌و ناپەسندیان کردوە واتە دەرکەوتووە کە ئاڵوگۆڕی زۆریان بەسەردا هاتوەو بوون بە کەسانی باش‌و سەرچاوەی خێرو چاکە. ئەگەر ئێمە لەسەر ئەو مەسەلەیە بە کۆدەنگی گەیشتین دواتر هەموومان‌و گشت بەشدارانی کۆرسەکەش بەو قەناعەتە دەگەین کە بە ڕێزەوە ڕەفتار لەگەڵ تەنانەت ئەو کەسانەش بکەین کە کارو کردەوەی نەشیاو و ناپەسندیان ئەنجام داوە. هەڵوێستێکی لەو چەشنە لە ڕوانگەی ئەخلاقی‌یەوە بە هەڵوێستێکی دروست بەحیساب دێ. ئەگەر بەم جۆرە بڕوانینە مەسەلەکە دەرفەت، شانس‌و هەلومەرجی ئەوەش زۆرتر پێک دێ کە مرۆڤەکان بە ئاڕاستەی چاکەو کردەوەی دروست‌و خێردا بڕۆنە پێش].

٣ـ دواتر مامۆستا کلاسەکە بەسەر چەند گروپی بچکۆڵەدا دابەش دەکا. داوایان لێدەکا هەر گروپە بە گوێرەی ئەزموون‌و بیرو بۆچوونەکانی خۆیان پێناسەی "بایەخی ئینسانی" بکەن‌و ئەوەش ڕوون بکەنەوە کە مەبەست لەو دەستەواژەیە چیە کە دەڵێ "پێویستە ڕێز لە بایەخی ئینسانیی مرۆڤ بگیردرێ" (١٥ تا ٢٠ خولەک).

٤ـ گروپەکان کۆدەبنەوەو بە شێوەی پلینۆم دەست دەکەن بە پێشکەش کردنی تێبینی‌و ڕوانگەکانی خۆیان سەبارەت بەو پرسیارەی کە داوایان لێکرا بوو وەڵامی دەنەوە. بۆ نموونە دەکرێ وەڵامەکان بەم شێوەیە دارێژرابن.

[مەبەست لە بایەخی ئینسانی ئەوەیە کە هەموو مرۆڤەکان بە هۆی ئەوەی کە مرۆڤن، خاوەنی نرخ‌و بایەخن. مەبەست لەوەش کە دەڵێین پێویستە بایەخی ئینسانیی مرۆڤەکان بپارێزرێ‌و ڕێزی لێ بگیردرێ بریتیە لەوە کە ڕێز بۆ لایەنە جەستەیی، فیزیکی، ماددی، مەعنەوی، سایکۆلۆژی، کۆمەڵایەتی‌و رووحی‌و ئەخلاقی‌یەکانی مرۆڤ دابنێین. لەسەر ئەو بناخەیە مامۆستا دەتوانێ بۆ گەرمتر بوونی باسەکان، پرسیاری جۆراوجۆر لە قوتابیان بکات. بۆ نموونە دەتوانێ بپرسێ کە ئایا بایەخی ئینسانی شتێکە کە ئێمە وەک تاک، دەتوانین لەسەر ئەوە بڕیار بدەین کە کەسێکی تر خاوەنی ئەو بایەخەیە یان نا؟ واتە ئایا ئێمە سەڵاحییەتی ئەوەمان هەیە بڕیار لەسەر ئەوە بدەین کە فڵانە یان فیسارە کەس خاوەنی بایەخی ئینسانی نیە؟]

٥ـ دیسـان بەشدارانی کۆرسـەکە بەسـەر چەند گروپدا دابەش دەبنەوە. ئەوجار ئەو گروپانە بەشێوەی دەستەجەمعی دەکەونە کار کردن لەسەر دۆزینەوەی ئەو ئیدەئۆلۆژیو کولتوورو ڕوانگانەی کـە ئەو بایەخە ئینسـانی‌یە لە هەندێک کەس بەگوێرەی بۆچوونی خۆیـان وەردەگرنەوە. واتە ئەو ئیدەئۆلۆژیو کولتوورو بۆچوونە سیاسـی‌یانە دەدۆزنەوە کە بەگوێرەی ئەوان هەندێک لە مرۆڤەکان بایەخی ئینسـانی‌یان نیە. دوایە ئەوە تاوتوێ دەکەین کە ئەو جۆرە بۆچوونانە چ ئاکامێکیان بەدواوە بووە؟ هەر کام لە گروپەکان وەڵامەکانیان لەسەر کاغەزی گەورە بە خەتی گەورە دەنووسن. (٤٥ـ٣٠ دەقیقە).

٦ـ دیسان هەموو گروپەکان پێکەوە کۆ دەبنەوەو بە شکڵی پلێنۆم تێبینیو ڕوانگەو بۆچوونەکانیان لەگەڵ یەکتر دەخەنە بەر باسو لێکۆڵینەوە.

٧ـ پاش ئەمە مامۆسـتا دەتوانێ دەرسێکی چڕوپڕ سـەبارەت بە بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ پێشکەش بە کۆڕسەکە بکات. دواتر ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە ئامانجی ئەم بەیاننامەیە ئەوەیە کە وەک چەترێکی هاوبەش ئەو مافو ئازادی‌یانە بۆ هەموو مرۆڤەکانی سەر ڕووی زەوی بەڕەسمی بناسرێنو لەلایەن دەوڵەتەکانەوە دابینو دەستەبەر بکرێن. (٤٥ـ٣٠ خولەک)

لێرەدا زۆر گرنگە مامۆسـتا بەوردی نێوەرۆکی بەندەکانی بەیاننامەکە بۆ بەشـدارانی کۆڕسەکە شی بکاتەوە.

٨ـ دواتر هەر کام لە گروپەکان ئەرکیان پێ دەسپێردرێ کە لە بەیاننامەکەدا ئەو بەندو خاڵانەی کە بەجۆرێک باس لە بایەخی ئینسانی دەکەن لە بەیاننامەکەدا بدۆزنەوە. (١٥ خولەک).

ئەو شـتەی لەم ڕاهێنانەدا فێری بووینو تێدەکۆشـین لەبیری نەکەین بریتیە لە: پاراسـتنو بەرەوپێش بردنی بایەخی ئینسانیی مرۆڤەکان لە ڕێگای دابین کردنی مافو ئازادی‌یە ئینسانی‌یەکان بـۆ هەمووان. مێژووی دوورو درێژی مرۆڤ لەسـەر ڕووی زەوی فێری ئەوەی کردووین کە ئەرکی سـەر شانمانە کەرامەت وبایەخی ئینسـانیی مرۆڤەکان بپارێزینو دەسـتەبەری بکەین. پێویستە بزانین کە لە هەر جێیەک جیاوازیو هەڵاواردن بەرامبەر کەسـێک یان هەندێک گروپو دەسـتەو تاقم بەڕێوە دەچێو مافو ئازادی‌یە ئینسـانی‌یەکانیان وەبەرچاو ناگیردرێن، ئەوە لەو جێیە بایەخی ئینسانی پێشێل دەکرێ. جیا لەوە هەژاریو برسیەتیو قاتیو قڕییش دەبنە هۆی ئەوە کە مرۆڤەکان نەتوانن ژیانێکی شیاوی پڕبایەخیان هەبێ. دەبێ ئەوەش بزانین کە هەمیشە پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤ لە سـەرەتادا لە ئاسـتێکی بچـووکدا ڕوو دەداو دوایە بەرەبەرە پەرە دەسـتێنێو دەچێتە ئاستێکی گەورەو کارەسات خوڵقێن. بۆیە ئەرکی سەر شانمانە کە هەر کات دەبینین یان دەبیسین کە ئینسـانەکان چ وەک تاکو چ بە کۆمەڵ دەکەونە بەر پەلامار، ئەشـکەنجە دەکرێن، جیاوازیو هەڵاواردنیان لەگەڵ دەکرێ، یا بەشێوەیەکی پڕ لە سووکایەتی ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرێ، بێدەنگ نەبین. ئەوە ئێمەو دەوڵەتین کە دەتوانین ڕێز لە بایەخی ئینسانیی مرۆڤەکان بگرین. بەداخەوە دەبێ

بگوترێ بەولای دیکەش‌دا، ئەوە هەر ئێمە مرۆڤەکان‌و دەوڵەتین کە دەتوانین ئەو بایەخە ئینسانی‌یە بخەینە ژێر پێ. پێوەندیی بەوەوە هەیە کامیان هەڵدەبژێرین.

بەشێوەیەکی ئەرێنی بیر بکەوە.

بە شێوەیەکی ئەرێنی قسە بکە.

بە شێوەیەکی ئەرێنی ڕەفتار بکە.

دەبینی ژینگەی دەوروبەرت دەگۆڕێ‌و دەوروبەرت ئەرێنی دەبێ.

بیر لە بایەخی ئینسانی بکەوە. هاوبایەخ بوونی مرۆڤەکان بە باشترین شێوە لەو پێوانە ئەخلاقی‌یەدا خۆی دەنوێنێ کە لە زۆربەی دین‌و کولتوورەکان‌دا بەکار دێ‌و دەڵێ بەو جۆرە کە دەتەوێ ڕەفتارت لەگەڵ بکرێ، تۆش ئاوا ڕەفتار لەگەڵ کەسانی دیکە بکە. ئەگەر شتێکت بۆ خۆت پێ خۆش نیە، بۆ کەسانی دیکەشت نەوێ‌و ئەگەر پێت خۆش نیە بێعەداڵەتی‌و ڕەفتاری ناڕەوات لەگەڵ بکرێ تۆش ئەوە لەگەڵ کەسانی دیکە مەکە. ئەو بیرۆکە ئەخلاقی‌یە بە بنچینەو سەرچاوەی بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ کە لە ١٠ دیسامبری ١٩٤٨ی زایین‌دا لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە پەسند کرا، دادەنرێ.

* ماددەی یەکی بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ دەڵێ:

"هەموو مرۆڤەکان بە ئازادی لەدایک بوون‌و لە باری ئابڕوو و کەرامەت‌و مافەکانیانەوە لەگەڵ یەک بەرابەرن. هەموویان خاوەنی عەقڵ‌و ویژدانن‌و دەبێ بەگیانێکی برایانە لەگەڵ یەکتر بجووڵێنەوە". (پەسندکراوی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان).

**هیندویزم:** ئەمە سەرجەمی هەستی هاوبەشە! ئەگەر بێعەداڵەتی‌و توندوتیژیان بەرانبەرت بەکار هێنا تۆ ئەو کارە لەگەڵ کەسانی دیکە مەکە. مرۆڤ نابێ بۆخۆی بە جۆرێک ڕەفتار لەگەڵ خەڵکی دیکە بکات کە بۆخۆی پێی خۆش نیە ڕەفتارێکی لەو جۆرەی لەگەڵ بکرێ. ئەوە جەوهەری ئەخلاقە. (Mahabharata Xlll-114.8)

**تاویزم:** قازانج‌و بەرژەوەندی‌یەکانی دراوسێکەت وەک قازانج‌و بەرژەوەندی‌یەکانی خۆت تەماشا کە. زیان‌و زەرەری دراوسێ‌کەشت بە زیان‌و زەرەری خۆت بزانە. (Tai Shang Ying Pien)

**کۆنفسیۆس:** شتێک کە خۆت حەزت لێ نیە خەڵک بەرامبەر تۆ بیکەن، تۆش بەرامبەر خەڵکی دیکە مەیکە. (وتوێژەکان ٢٣و ١٥)

**یەهوودیەت:** ئەو شتەی کە تۆ پێت ناخۆش‌و ناڕەوایە، خۆت بەرامبەر خەڵکانی دیکە ئەنجامی مەدە. ئەوە قانوونی هەرە سەرەکی‌یە، باقیی شتەکانی دیکە شی کردنەوەی ئەو ئەسڵەن. (Talmud, Shabbat 3id)

**مەسیحییەت:** هەر چی ئەو شتەی کە پێتان خۆشە خەڵکانی تر بەرامبەر ئێوە بیکەن، ئێوەش بەرامبەر کەسانی دیکە جێبەجێی بکەن. چونکە ئەو ئەسڵە لە یەک کات‌دا قانوون‌و پێغەمبەرانی

پێکەوە ئاوێتە کردوون. (Matteus 7:12)

**ئیسلام:** هیچ کەس لە ئێوە ئیماندار نیە تا ئەو کاتەی کە ئەو شتەی بۆخۆی پێ خۆشە بۆ براکەی خۆشی ئارەزووی نەکات. (Sunna 40 ahadith of Al-nawawi 13)

**ئەفلاتوون:** "پێویستە بە جۆرێک لەگەڵ خەڵک هەڵسوکەوت بکەم کە خۆم پێم خۆشە خەڵکیش ئاوا لەگەڵ من بجووڵێنەوە".

**ئیمانوئێل کانت:** هەمیشە بەجۆرێک ڕەفتار بکە کە ئەو پرەنسیپەی بۆ ڕەفتار کردن پەیڕەوی لێ دەکەی بتوانرێ ببێتە بناخە بۆ قانوونێکی گشتی.

## باسی جۆراوجۆر

هەرچەند بەگوێرەی کۆنڤانسیۆنو پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافی مرۆڤ هەموو مرۆڤەکان خاوەنی مافو ئازادیی وەک یەکن، ئایا لە کردەوەدا ئەو شتە جێبەجێ کراوە؟ هەوڵ دەن تێکۆشن کەسانێک یان هەندێک دەستەو تاقمو گروپ بدۆزنەوە کە بە پڕبایەختر لەوانی تر تەماشا بکرێن. هەوڵدەدەن نموونە بۆ ئەوە بێننەوە کە چۆن دەوڵەت یا کەسانی دیکە، تەنانەت خۆمان بایەخی ئینسانیی کەسانی دیکە پێشێل دەکەین.

## بۆ فرەڕەنگیی باسەکان:

هەمیشە ئێمە خۆمانو کەسانی دیکە بەجۆرێک دابەش دەکەین. ئایا خۆت لەلایەن کەسانی دیکەوە بەسەر چ دەستەیەکدا دابەش دەکرێیت؟ ئەوە وامان لێ دەکا کە وەک تاکە کەس ڕەفتار لەگەڵ کەسانی دیکە نەکەین. بەڵکوو وەک کەسێکی سەر بە گروپو دەستەو تاقمێکی دیاریکراو سەیری ئەو کەسە بکەین. ئایا قەت هەستت کردوە یان خۆت دیتووتە کە بایەخی ئینسانیی خۆت یان هی کەسانی تر لە ماڵەوە لە قوتابخانە یان لە گەڕەک یان لە جێگایەکی دیکەدا پێشێل کرابێت؟

## پێشەکیی بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ

بەم هۆیەوە کە بەڕەسمی ناسینی ئابڕوو و کەرامەتی زاتیی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیو، مافی وەک یەکو حاشا لێ نەکراوی ئەوان، بناغەی ئازادی، دادپەروەریو ئاشتی لە جیهاندا پێکدێنێ،

بەم هۆیەوە کە وەبەرچاونەگرتنو سووکایەتی کردن بە مافەکانی مرۆڤ، کردەوەی دڕندانەی ئەوتۆیان بەدواوە بووە کە ویژدانی مرۆڤایەتییان ئازارداوە و، پێکهێنانی جیهانێک کە تیایدا مرۆڤ لە بیروڕا دەربڕیندا سەربەست و، لە ترسو هەژاری بە دوور بن، وەک بەرزترین ئارەزووی مرۆڤ ڕاگەیەندراوە،

بەم هۆیەوە کە پێویســـتە مافەکانی مرۆڤ لە لایەن دەســـەڵاتدارەتیی قانوونەوە پشـــتیوانییان لێبکرێ تا مرۆڤ ناچار نەبێ لە دژی ستەمو بێدادی وەک دواچارە پەنا بباتە بەر یاخیبوون،

بەم هۆیەوە کە پەرەگرتنی پێوەندیی دۆستانەی نێوان نەتەوەکان دەبێ پشتی بگیرێ،

بەم هۆیەوە کە گەلانی نەتەوەیەکگرتووەکان جارێکی دیکە بڕوای خۆیان بە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤو ئابڕوو و کەرامەتو بایەخی تاکەکانی مرۆڤو، بەرابەریی مافەکانی ژنانو پیاوان، لە پەیمانی نەتەوەیەکگرتووەکاندا ڕاگەیاندۆتەوەو، بڕیاریان داوە یارمەتیی پێشـــکەوتنی کۆمەڵایەتی بدەنو، لە بەر ڕووناکایی ئازادیی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتردا باشترین هەلومەرج بۆ ژیان پێک بێنن،

بەم هۆیەوە کـــە دەوڵەتانی ئەندام بەڵینیان بەخۆ داوە بە هاوکاریی نەتەوەیەکگرتووەکان کار بۆ ڕێزگرتنی هەمەلایەنە و چاودێریی مافەکانی مرۆڤو ئازادییە بنچینەییەکان بکەن،

بـــەم هۆیـــەوە کە تێگەیشـــتنی هاوبەش لە بارەی ئەم مـــافو ئازادییانە بۆ ئـــەوەی بە تەواوی بەڕێوەبچن، گرنگییەکی تایبەتی هەیە،

کۆڕی گشـــتی ئەم جاڕنامە جیهانییەی مافی مرۆڤ وەک ئامانجی هاوبەشـــی هەموو خەڵکانو میللەتان ڕادەگەیەنێ تا هەموو تاکەکانو ســـەرجەمی بنیاتو ئۆرگانەکانی کۆمەڵگە، هەموو دەم ئەم جاڕنامەیەیـــان لە بەرچاو بێو هەوڵ بدەن بە هۆی فێرکردنو ڕاهێنانەوە، ڕەچاوکردنو بەڕێوەبردنی ئەم مافو ئازادییانە پەرە پێ بدەنو، بە دیاریکردنی ڕێوشـــوێنی نەتەوەییو نێونەتەوەیی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ڕێگا بۆ بەرەســـمی ناسرانو باشـــتر بەڕێوەچوونیان چ لە نێو خەڵکی وڵاتانی ئەندامو چ لە نێو خەڵکی ئەو سەرزەوییانەدا کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەوان دان، دابین بکەن.

## پێداویستی‌یە سەرەتایی‌یەکانمان

## ڕاهێنانەکانی ٧٥ــ٥٠

**بابەت:** مافەکانی مرۆڤ

**ئامانج:** مەبەست لەو ڕاهێنانانە بریتیە لەوە کە تێبگەین کە هەموو مرۆڤەکان هەندێک پێداویستیی هاوبەشیان هەن کە بەبێ ئەوان ناتوانن بەشێوەیەکی شیاو بژینو ژیانێکی باشیان هەبێ. یەکێک لە ئامانجەکانی مافی مرۆڤ ئەوەیە کە مرۆڤەکان لە سەرتاسەری دنیادا بتوانن دەستیان بە پێداویستیە بنەڕەتی‌یەکانیان ڕابگا.

ئێمە مرۆڤەکان لە بوارەکانی زمان، نەتەوە، ئیتنیسیتە، دین، ڕەنگی پێست، شوێنی لەدایک بوونو فەرهەنگو کولتوورو دابو نەریتەوە جیاوازیمان لە نێوان دایە. ئێستا ئەگەر بە جۆرێکی دیکە باسی کەینو بڵێین ئێمە مرۆڤەکان لە چیدا پێکەوە هاوبەشـــین، واتە پێداویستیە هاوبەشەکانمان چین؟ دەبینین کە جیاوازی‌یەکانمان تـــا ڕادەیەکی زۆر کەمڕەنگ دەبنەوە. چونکە هەموومان بێ‌وەبەرچاو گرتنی ئەو جیاوازی‌یانەی کە لە ســـەرەوە باسمان کردن، بۆ ئەوەی ژیانێکی باشو شیاوی مرۆڤمان

هەبـێ، وەک یەک پێویســـتیمان بە خواردن، جلو بەرگ، خانوو و شـــوێنی ژیانو حەوانەوە هەیە. لەوەش زیاتر هەمووومان پێویستمان بەوەیە کە هەست بە ئازادی، ئەمنییەتو ئاسایش بکەین.

جگە لەوانە هەمووشمان پێویستیمان بەوەیە تا دەرفەتو مەیدانو شانسی ئەوەمان بۆ دابین بکرێ تا بتوانین خۆمان گەشـــە پێ بدەینو بڕوینە پێش. ئەگەر لە کۆمەڵگایەکدا خەڵک، هەلومەرجێکی ئەوتۆیان بۆ دابین بکرێ کە دەستیان بە پێداویستی‌یەکانیان ڕابگا، ئەوە ئەو کۆمەڵگایە کۆمەڵگایەکی باشـــە. بەپێچەوانەکەشـــیەوە هەر ڕاســـتە. ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکدا مرۆڤەکان بە ڕاددەی پێویست دەســـتیان بە خواردەمەنی، ئاوی خواردنەوەی خاوێن، جلوبەرگو پێداویســـتیە تەندروســـتی‌یەکان ڕانەگاو هەســـت بە ئازادیو ئەمنیەتو ئاســـایش نەکەنو دەرفەتو شانســـی خوێندنو فێر بوونو هەڵدانو گەشـــە کردنیان بۆ پێک نەیە، ئەوە ئیمکانی گەورە لە گۆڕێ دایە تا ئەو کۆمەڵگەیە بەرەو شەڕو کێشەو ئاژاوەو ململانێ بڕوا.

## ڕاهێنانو چالاکی

ئەم چالاکی‌یە پێش هەر شـــتێک کارێکی گروپی‌یە. بابەتەکە بەشـــێوەی باسو گفتوگۆو دیالۆگ لە پلێنۆمێکی هاوبەش‌دا دەڕواتە پێش. سەرەنجام دەتوانرێ بە موحازرەیەک یان باسێکی تێرو تەسەل سەبارەت بە نێوەرۆکی بابەتەکە لەلایەن مامۆستاوە کۆتایی پێ بێت.

**کات:** یەکونیو تا سێ کاتژمێر.

ئەو شتانەی بۆ ڕاهێنانەکە پێویستن: کاغەزی گەورەی لەسەر نووسین. تووش یان قەڵەم بۆ نووسین بەخەتی گەورە، کۆپیەک لە بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ بۆ هەرکام لە بەشـــداران. باسێکی تێروتەسەلو ئامادەکراو سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤو مێژووی بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤو چۆنیەتیی ئامادەو پەسند کردنی ئەو بەیاننامەیە.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ بەشـــدارانی کۆرسەکە بە ســـەر چەند گروپدا دابەش دەکرێن. دواتر هەرکام لەو گروپانە تێدەکۆشن ئەو پێداویستی‌یە بنەڕەتیانە کە بۆ ژیانێکی باش بۆ ئینسانەکان پێویستن، دەستنیشان بکەن. ئەوان ئەو پێداویســـتی‌یانە بە خەتی گەورە لەســـەر کاغەزێکی گەورە دەنووسنەوە. (٢٠ تا ٣٠ خولەک).

مامۆستا دەتوانێ داوا بکا کە ئەم کارە لە وەختێکی زۆر کەمتریش‌دا جێبەجێ بکرێ. بەڵام دەبێ لەپێشدا ئەو مەسەلەیەی لەگەڵ قوتابیەکان هێنابێتە بەرباس.

٢ـ پاشان مامۆستا داوا لە هەر کام لە گروپەکان دەکا کە ئەو پێداویستی‌یە بنەڕەتی‌یانە باس کەن کە ئەوان دۆزیویانەتەوە. مامۆســـتا هەمووان لەسەر تەختەڕەش دەنووسێتو دواتر هەموو

پێداویستی‌یە هاوبەشەکانی مرۆڤ بەسەر سێ دەستەدا دابەش دەکا:

١ـ  پێداویستی‌یە ماددی‌یەکان.

٢ـ پێداویستی‌یە مەعنەوی‌و غەیرە ماددی‌یەکان.

٣ـ ئەو پێداویستی‌یانەی پێوەندی‌یان بە کۆمەڵگاوە هەیە. (لەو بارەوە تەماشای هێلکاری‌یەکە بکە).

دوای ئەوەی هەموو پێداویستی‌یەکان ڕێکخران، گروپەکان باس‌و گفتوگۆیان لەسەر دەکەن. مامۆستا لەو قۆناخەدا زۆرتر کاری ئەوە دەبێ کە ئەو ئاکامانە دەست نیشان کات یان لەسەر تەختە بنووسێتەوە کە گروپەکان بەدەستیەوە دەدەن.

* ئاکامەکانی دابین‌و دەستەبەر کرانی پێداویستی‌یە ماددی‌یەکانی مرۆڤ چن؟

وەڵام ئەوەیە کە ئەگەر پێداویستی‌یە ماددی‌یەکانی مرۆڤ لە جێیەک دابین بکرێن مانای ئەوەیە کە لەو کۆمەڵگەیەدا ڕەفاهـ هەیە.

ئێستا پرسیار ئەوەیە کە چ ڕوو دەدا ئەگەر پێداویستیە ماددی‌یەکانی مرۆڤ دەستەبەر نەکرێن؟ وەڵام ئەوەیە کە لە هەر جێ‌یەک پێداویستیە ماددی‌یەکانی مرۆڤ دابین نەکران، بەو مانایەیە کە لەو شوێنەدا هەژاری هەیەو برسیەتی‌و قاتوقڕی هەیە.

* چ روو دەدا ئەگەر پێداویستی‌یە غەیرە ماددی‌یەکانی مرۆڤ لە جێگایەک دابین نەکرێن؟ وەڵام ئەوەیە لە هەر جێگایەک پێداویستی‌یە غەیرە ماددی‌یەکانی مرۆڤ دابین‌و دەستەبەر نەکران، مانای ئەوەیە کە لەو کۆمەڵگەیەدا ئازادی نیەو مەیدان بۆ هەڵدان‌و گەشەسەندن‌و پیشکەوتنی تاکەکەس‌و دەستەو تاقم‌و گروپە جۆراوجۆرەکان لە گۆڕێدا نیە.

* چ ڕوودەدا ئەگەر ئەو پێداویستی‌یە جۆراوجۆرانەی مرۆڤ دەستەبەر نەکرێن کە پێوەندی‌یان بە کۆمەڵ‌و ژیانی مرۆڤ لە کۆمەڵدا هەیە؟ وەڵام ئەوەیە کە هەر کات ئەو پێداویستی‌یانە دابین نەکران، مانای وایە کە لەو کۆمەڵگایەدا ئەمنییەت‌و ئاسایش‌و سەبات‌و سەقامگیری نییە.

٣ـ پاشان مامۆستا ئاکامی باسەکان ئەوا لێکدەداتەوە:

ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکدا پێداویستی‌یەکانی مرۆڤ دابین بکرێن، ئیمکانێکی زۆر بۆ ئەوە هەیە کە ژیان لەو کۆمەڵگایەدا ژیانێکی باش بێت. هەر بۆیە تا ڕادەیەکی زۆر ئەو کۆمەڵگایە ئاشتی‌و ئارامیی تێدا جێگیرە. ئەگەر لە جێگایەک پێداویستی‌یەکانی مرۆڤ دابین نەکرێن، دەبێ بزانین کە ئیمکانی زۆر بۆ ئەوە لەگۆڕێ دایە کە ئەو کۆمەڵگایە بەرەو نائارامی، کێشەو ململانێ، ئاژاوەو ناسەقامگیری‌و تەنانەت شەڕو توندوتیژی بڕواتە پێش. بۆیە دەبێ بزانین کە هەم پێداویستی‌یە ماددی‌یەکان، هەم پێداویستی‌یە غەیرە ماددییەکان‌و هەم پێداویستی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکانی مرۆڤ بایەخو گرنگیان هەیە. هەرکام لەوان لایەنێکی پێداویستی‌یەکانی

مرۆڤ دابین دەکەن. هەر کات یەکێک لەوان دابین نەکران، زەمینەی سەرهەڵدانی نائارامی، توندوتیژی، کێشەو ململانێو تەنانەت شەڕو ئاژاوە پێک دێ. بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ بەجۆرێک داڕێژراوە کە کاتەگۆریەکانی مافەکانی مرۆڤ لەخۆ بگرێ. واتە هەموو ئەو پێداویستی‌یانەی کە لە سەرەوە وەک پێداویستی بۆ ژیانێکی ئینسانی باسمان لێکردن، لە بەیاننامەکەدا جێگایان بۆ کراوەتەوە.

٤ـ لێرەدا مامۆستا باسێکی تێروتەسەل سەبارەت بە بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ پێشکەش دەکا. لەو باسەدا مامۆستا ڕووناکی دەخاتە سەر ئەو پێداویستی‌یانەی کە بە پێداوسیتی‌یە بنەڕەتی‌و سەرەکیەکان دەژمێردرێن‌و بێ ئەوان مرۆڤ ناتوانێ ژیانێکی باش‌و شیاوی مرۆڤی هەبێ. (١٠ تا ٣٠ خولەک)

٥ـ ئەو گروپانەی پێشتر پێک هاتبوون دیسان لە دەوری یەک کۆ دەبنەوە. پاشان هەموو گروپەکان کار لەسەر بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ دەکەن‌و ئەو بەندو ماددانە دەدۆزنەوە کە باسی ئەو پێداویستی‌یە جۆراوجۆرانە دەکەن کە پێشتر گروپەکە دەستنیشانی کردبوون. پێداویستی‌یەکانی مرۆڤ‌و ئەو ماددانە لە بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ کە ئەو پێداویستی‌یانە دەگرنەوە، پێکەوە بە خەتی گەورە لەسەر هەمان کاغەز دەنووسرێن. دەکرێ ڕەنگی نووسینەکانیان جیاواز بێ. واتە پێداویستی‌یەکان‌و ماددە جۆراوجۆرەکان کە ئەو پێداویستی‌یانە دابین دەکەن وا باشە بە ڕەنگی جیاواز بنووسرێن تا باشتر بێنە بەرچاو.

* سەرەنجام لە کۆتایی‌دا هەموو گروپەکان پێکەوە لە دەوری یەک کۆدەبنەوەو بەشێوەی پلینۆم ئەو ئاکامانە پێشکەش دەکەن کە هەرکامیان لە گروپی خۆیان‌دا پێی گەیشتوون. لێرەدا مامۆستا دەرفەتی ئەوەی بۆ دێتە پێش کە بە وردی بەندەکانی بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ بخوێنێتەوەو یەک یەک باسیان لەسەر بکات. بەجۆرێک کە بەشداران لەگەڵ نێوەرۆکی بەیاننامەکە ئاشنا بکرێن.

## چی لەو ڕاهێنانە فێر بووین؟

هەموو مرۆڤەکان هەندێک پێداویستیی بنەڕەتی‌یان هەن کە بۆ هەموویان هاوبەشن. بۆ ئەوەی وەک مرۆڤ ژیانێکی باشمان هەبێ، پێویستە پێداویستی‌یە ماددی‌یەکانی وەک خواردن‌و خواردنەوە، جلوبەرگ، شوێنی ژیان‌و حەوانەوەو پێداویستی‌یە غەیرە ماددی‌یەکانی وەک ئازادی‌و ئەمنییەت‌و ئاسایش‌و ئەو پێداویستی‌یانەشمان کە پێوەندی‌یان بە ژیان لە کۆمەڵدا هەیە وەک ئارامی‌و سەبات‌و سەقامگیری‌و ئاشتی‌و... بۆ دابین بکرێن. مافەکانی مرۆڤ بەجۆرێک داڕێژراون کە هەموو ئەو ماف‌و ئازادی‌یە جۆراوجۆرانە بۆ مرۆڤەکان، بێ وەبەرچاو گرتنی هیچ جیاوازی‌یەک بەفەرمی بناسن.

## ڕاهێنانێکی تر
## بزنە کوێرە

**بابەت:** فێر بوون‌و ڕاهێنان لەسەر ئەوەی کە ئێمە مرۆڤەکان جیاوازین، بەڵام هاوبایەخین‌و مافی وەک یەکمان هەیە.

**ئامانج:** فێر بین کە هەبوونی جیاوازی نەک هەر جێگای مەترسی نیە بەڵکوو شتێکی ئەرێنی‌و تەنانەت پێویستیشە.

**کات:** ٣٠ خولەک.

١ـ داوا لە هەموو بەشدارانی کۆرسەکە بکە لە دەوری یەک کۆبنەوەو بازنەیەک پێک بێنن. پاشان داوا بکە کە ئاخۆ کامیان حەز دەکا ببێتە بزنە کوێرە. پەڕۆیەک لە چاوی ببەستێ بە چەشنێک کە نەتوانێ ببینێ.

٢ـ ئەو کەسەی کە چاوی بەستراوە، لە نێوەڕاستی بازنەکەی دابنێ و داوای لێ کە چەند جار بە دەوری خۆیدا بسووڕێتەوە. دوایە بیبە لای یەکێک لە بەشدارەکان‌و ڕێگا بدە بە هۆی دەست دان لە قژو رووخساری‌و جلوبەرگیان بیانناسێتەوەو ناویان بڵێ. وا باشە ئەو کەسانەی کە ناوبراو دەستیان لێ‌دەدا لەگەڵ ئەو دۆستو هاوڕێ‌یەکی نزیک نەبن، بۆ ئەوەی چالاکی‌یەکە باشتر مەبەستی خۆی بپێکێ.

٣ـ درێژە بە چالاکی‌یەکە بدەن هەتا هەرکام لە بەشدارانی کۆڕسەکە جارێک دەبنە بزنە کوێرەکە.

باس‌و گوتوبێژ سەبارەت بەم چالاکی‌یە.

* بۆچی ئەم چالاکی‌یەمان بەڕێوە برد؟
* چۆن دەتانزانی کە کێ کێ‌یە؟ واتە چۆن یەکترتان بەچاوبەستراوی دەناسیەوە؟
* چ دەبوو ئەگەر هەندێک لە ئێوە ڕەنگی پێست یان ڕەنگی چاوی جیاواز بوایە؟
* چ دەبوو ئەگەر هەمووی ئێوە یەک جۆرە لووت، گوێ، چاو، روخسار، قەدو باڵاتان هەبوایە؟
* بۆچی سەرەڕای ئەو جیاوازی‌یانەشمان پێویستە مافی وەک یەکمان هەبێ؟

لە دنیای ئەمڕۆدا بە ئەندازەی پێویست سەرچاوەی ماددی‌و مەعنەویمان لەبەر دەست دان کە بتوانن هەموو پێداویستی‌یەکانی مرۆڤەکان دابین‌و دەستەبەر بکەن. بەڵام چاوچنۆکی‌و تەماعی زۆر لێ ناگەڕێ ئەو کارە جێبەجێ بێت. Mahathma Ghandi

لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوودا زۆرن ئەو منداڵانەی لە هەلومەرجێکی سەختو دژواردا دەژین..

## هەسارەیەکی تازە
## ڕاهێنانی ٥٠ تا ٥٧

**بابەت:** کورتەیەک لەسەر مافەکانی مرۆڤ.

**ئامانج:** ڕوونکردنەوەی ئەوە کە بۆ دابین کردنی مافەکانی مرۆڤو دروست کردنی کۆمەڵگایەکی باش چ یاساو ڕێسایەک پێویستە؟

دەرخستنی ئەوە کە مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ بەو یاساو ڕێسایە دادەنرێ کە لە ڕێگای ئەوانەوە دەمانەوێ کۆمەڵگایەکی باشو پێشکەوتوو دروست کەین. هەمیشە پێمان وایە کە یاساو ڕێساو ڕێو شوێنەکان شتێکن کە مەیدانی کارو چالاکیو ڕەفتارو کردەوەمان بەرتەسک دەکەنەوە. بەڵام کاتێک کە بە وردی لەو مەسەلەیە دەکۆڵینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە لە ڕاستی‌دا هەبوونی ڕێوشوێنو یاساوڕێساو قانوون، بۆ پاراستنی مرۆڤەکانو دابین بوونی عەدالەتو دادپەروەری زۆر پێویستن. لە سەرتاسەری مێژووی مرۆڤایەتی‌دا لە هەموو قۆناغەکانی پەرەسەندن‌داو لە هەموو کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان‌دا یاساو ڕێساو ڕێوشوێنی جۆراوجۆر سەبارەت بە چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی خەڵک لە کۆمەڵ‌دا هەبوون، ئاخر ئەگەر ڕێگا بدرێ خەڵک هەر چیەک بکەن کە خۆیان ئارەزوویانەو حەزیان لێ‌یە، ئەودەم ئەو کەسانە زۆرتر قازانج دەکەن کە خاوەن دەسەڵاتو ئیمتیازاتن. لە هەلومەرجێکی ئاوادا ئەو شتەی بە قازانجی دەسەڵاتدارانە، نەک ئەو شتەی کە لە قازانجو بەرژەوەندیی کۆمەڵ دایە، جێبەجێ دەبێ.

بۆیە یاساو ڕێساو قانوونو ڕێوشوێنە جۆراوجۆرەکان بۆ دابینو دەستەبەر کردنی عەدالەت، ئاشتیو هێمنیو خێروخۆشی بۆ کۆمەڵ پێویستن. هەندێک فەیلەسووف بەو جۆرە یاساو ڕێسایانە کە کۆمەڵیان لەسەر بەڕێوە دەچێ دەڵێن "ڕێککەوتننامەی کۆمەڵایەتی". بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتننامەیە تاکەکانی نێو کۆمەڵ بە دەست هەڵگرتن لە بەشێکی کەم لە ئازادیی خۆیان، هەلومەرجێک دروست دەکەن کە کۆمەڵ ئاسایشو ئەمنییەتیان بۆ دابین بکاتو پارێزگاری‌یان لێ بکا. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئێمە چ یاساو ڕێسایەکمان دەوێ؟

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە.

چالاکی‌یەکە بە کاری گروپی دەست پێ دەکاتو پاشان ئاکامی کاری گروپەکان لە کۆبوونەوەیەک‌دا کە بە شێوەی پلێنۆم پێک دێ پێشکەش دەکرێ. دواتر مامۆستا لەو بارەوە وانەیەکی تێروتەسەل وەک باس پێشکەش بە بەشداران دەکا. لە کۆتایی‌دا سەرلەنوێ هەرکام لە گروپەکان بۆ کاری گروپی کۆ دەبنەوە. ڕێگای ئەوەش هەیە کە هەر گروپە بۆخۆی بەتەنیا کار بکا. بەڵام وا باشە پێکەوە چالاکی‌یەکە بەڕێوە بەرن.

**کات:** ٣ کاتژمێر.

چیمان بۆ جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە پێویستە: ژوورێکی گەورە کە دەرفەتی ئەوەمان بۆ بڕەخسێنێ لەوێ‌دا بتوانین کاری گروپی بکەین. کاغەزی گەورە بۆ لەسەر نووسین. تووش یان قەڵەمی ئەستووری ڕەنگاوڕەنگ بۆ نووسین. قەڵەمو کاغەزی ئاسایی بۆ لەسەر نووسین. کۆپیەک لە بەیاننامەی جیهانیی

مافەکانی مرۆڤ بۆ هەر یەک لە بەشدارانی کۆڕسەکە.

ئامادەکاری: باســێک ســەبارەت بە مێژووی مافەکانی مرۆڤو چۆنیەتیی ئامادە کردنو پەسند کرانی مافەکانی مرۆڤو نێوەرۆکی بەیاننامەکە. (٢٠ تا ٤٠ خولەک)

## جێبەجێ کردن:

١ـ مامۆســتا بەشدارەکانی کۆرسەکە بەســەر چەند گروپدا دابەش دەکاو ئەرکیان بۆ دیاری دەکاو ئەوەیان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە پێویستە چ بکەن: کارەساتێک بەسەر دنیادا دێ و لە ئاکامدا هەرچی ئاسەواری ژیانە نامێنێ. ئێوە لەنێو هەموو ئەو خەڵکەدا کە لەسەر ڕووی زەوی بوونەو شانسی ئەوەتان هەبووە کە لەو کارەســاتە قوتار و بێ و بە ســواری مووشەکێک بۆ هەســارەیەکی دیکە بڕۆن. ئەو هەســارەیەش تا ڕادەیەکی زۆر وە زەوی دەچێ و هەمان هەلومەرجی بەســەردا زاڵە. پڕە لە شاخو داخ، چۆمو ڕووبار، دەریاو ئۆقیانووسو دەریاچە، دەشتو چۆڵو بیابانو لێڕەوار. هەمان ئەتمۆسفێری کە لە ســەر زەوی ئیمکانی هەناســەدانمان پێ دەدا لەو هەسارە تازەش‌دا هەیە. سروشتێکی جوان، گیــاو گوڵو جەنگەڵو بــاغو باغاتو میوەو میوەجاتــی زۆری لێیەو پڕە لــە دارودرەختو ئاژەڵو زیندەوەری جۆراوجۆر. تەنیا شتێک کە لەوێدا وەبەرچاو ناکەوێ ئینسانە. واتە مرۆڤ تا ئێستا لەوێ نەژیاوە. بۆیە ئێوە هەوەڵین کەســن کە لەسەر ئەو هەســارەیە دەنیشنەوەو دەست بە ژیان دەکەن. ئێوە دەســت دەکەن بە دروســت کردنو ڕێکخستنی کۆمەڵگایەکی ئینســانی کە لەو هەسارەیەدا دەبــێ بژیو بڕواتە پێــش. ئەرکی ئێوە ئەوەیە کە بــۆ بەڕێوەبردنو چوونە پێشو پاراســتنی ئەم کۆمەلگا تازەیە لەســەر دە یاساو ڕێساو ڕێوشوێن ڕێککەون. ئەو دە یاساو ڕێسایە پێویستە بۆ هەموو مرۆڤەکانی سەر ئەو هەسارەیە وەک یەک بن. واتە هەمووان بگرنەوە. بەجۆرێک کە ژیانێکی باش بۆ هەموو دانیشتووانی سەر هەسارەکە دابین بکرێن. زۆر گرنگە کە بەشدارانی گروپەکان لەسەر یاساو ڕێوشوێنە هاوبەشــەکان بەکۆدەنگی بگەن. پاشان پێویستە ئەو یاسایانەی لەسەریان ڕێک دەکەون لەســەر وەرەقەیەکی گەورە بە خەتی گەورە بیاننووســنەوە. هەرگروپەش دەتوانێ بۆخۆی ناوێک بۆ ئەو هەسارەیە دابنێ کە لە سەری دەنیشنەوە. (٣٠ خولەک)

٢ـ هەمــوو گروپــەکان لــە دەوری یەک کۆ دەبنەوەو بە شــێوەی پلێنۆم ئەو یاســاو قانوونو ڕێوشوێنانەی دایاناون تاوتوێ دەکەن. لەوەش زیاتر هەر گروپە ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە بۆچیو لەســەر چ بناخەیەک ئەو ڕێساو یاســایانەی داناون. وا باشە مامۆستا لە کاتی باسەکان‌دا کراوە بێ، پرسیار بکا، ئەگەر پێویست بێ زانیاریو ڕێنوێنیی زۆرتر بدات. وێدەچێ گروپەکان هەندێک خاڵیان هەڵبژاردبن کە ئەوانی دیکەش بەجۆرێک باســیان لێ کردبن. بۆ ئەوەی کاتەکە بە شــتی لاوەکیو دووپات بوونەوە لەدەســت نەچێ، واباشــە مامۆســتا داوا لە گروپەکان بکات تا تەنیا باس لەو یاساو ڕێســایانە بکەن کە زۆریان بۆ گرنگن یان گروپەکانی دیکە باســیان لێ نەکردوون. زۆر گرنگە ڕێگا

بدرێ گروپەکان ڕوانگەو بۆچوونەکانی خۆیان سەبارەت بەو ڕێساو یاسایانە کە خۆیان هەڵیانبژاردوون دەربڕن. هەر بەو جۆرە پێویستە کاتی ئەوەشیان بدرێتێ کە ڕوانگەکانی خۆیان سەبارەت بەو یاساو ڕێسایانە کە گروپەکانی تر بە گرنگیان دەزانن بێننە بەرباس.

٣ـ مامۆستا بەدرێژی باسێکی تێرو تەسەل سەبارەت بە مێژووی مافەکانی مرۆڤو چۆنیەتیی پەسندکردنی بەیاننامەی جیهانی لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە پێشکەش دەکا. هەر لەو کاتەدا کۆپیەک لە بەیاننامەکە بەسەر هەرکام لە بەشداربووەکان‌دا دابەش دەکات. (٢٠ تا ٤٥ خولەک)

٤ـ بەشدارانی کۆرسەکە سەرلەنوێ کارەکەیان بەشێوەی گروپ وەک پێشتر درێژە دەدەن. ئەم جار گروپەکان پێویستە بگەڕێن تا وێکچوون لە نێوان بەندەکانی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤو ئەویاساو ڕێسایانەدا بدۆزنەوە کە هەر کام لە وان بۆ هەسارەکەی خۆیانیان داناون.

کام لە بەندەکانی بەیاننامەکە وەڵامی ئەو یاساوڕێسایانە دەدەنەوە کە ئەوان بۆ هەسارەکەی خۆیان وەبەرچاویان گرتوون؟

دواتر هەر گروپە ژمارەی ئەو ماددانەی بەیاننامەکە لە تەنیشت ئەو یاساو ڕێسایانە بە خەتێکی گەورەو جوان دەنووسن کە ئەوان بۆ هەسارەکەی خۆیانیان داناون. (٣٠ خولەک)

٥ـ کاتێک هەموو گروپەکان کاری خۆیان تەواو کرد، سەرلەنوێ لە دەوری یەک کۆ دەبنەوەو ئاکامی کارەکانیان بە شێوەی پلینۆم پێشکەش دەکەن. گومانی تێدا نیە کە بەشێکی زۆری ئەو یاساو ڕێسایانەی کە گروپەکان بۆ هەسارەکەی خۆیانیان داناون، لەگەڵ بەندەکانی بەیاننامەی جهیانیی مافەکانی مرۆڤ یەک دەگرنەوە. لێرەدا دەرفەتێکی باش دێتە پێشەوە کە بەندەکانی بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ بخوێنرێنەوەو بکەونە بەرباس. مەبەست لەو کارەش ئەوەیە کە بەشدارانی کۆرسەکە هەرچی باشتر لەگەڵ بەندەکانی بەیاننامەکە ئاشنایەتی پەیدا بکەن.

## چی فێر بووین؟

مافەکانی مرۆڤ ئەو بایەخو نۆرمانەن کە بۆ هەموو کۆمەڵگا ئینسانی‌یەکانی سەر ڕووی زەوی هاوبەشن. بەشدارانی ئەم کۆرسەش بۆ ئیدارەو بەڕێوە بردنی کۆمەڵگا ئینسانی‌یەکانی سەر هەسارەکەی خۆیان بەشێکی زۆر لەو بایەخو نۆرمە هاوبەشانەیان هەڵبژاردبوون کە بەجۆرێک لە بەندەکانی بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا ڕەنگ دەدەنەوە. کاتێک لە ١٠ی دیسامبری ساڵی ١٩٤٨ی زایینی دا بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە پەسند کرا، بۆ یەکەم جار مافەکانی مرۆڤ وەک بایەخێکی جیهانی دەرکەوتن. واتە وەک نۆرمو بایەخی هاوبەشی هەموو کۆمەڵگا ئینسانیەکانی سەر رووی زەوی جێبەجێ کردنو پیادە کردنیان بە ئەرکی دەوڵەتەکان دانرا.

بەپەسند کردنو راگەیاندنی ئەم بەیاننامەیە، ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەرکی خستە سەر شانی هەموو دەوڵەتەکانی ئەندامی ڕێکخراوەکە تا کار بۆ جێبەجێ کردنو بەرەوپێش بردنو پاراستنی ئەم مافو ئازادی‌یانە بکەن کە لە بەیاننامەکەدا هاتوون. لەوەش زیاتر پەسند کرانی ئەم بەیاننامەیە لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە خەسڵەتێکی جیهانیو نێونەتەوەیی بە مافەکانی مرۆڤ بەخشی. جگە لەوە بەیاننامەکە بوو بە بناخەیەک بۆ هەموو ئەو مافو ئازادی‌یانەی مرۆڤ کە لەودەمەوە تا ئێستا لە چوارچێوەی پەیماننامەو کۆنڤانسیۆنە جۆراوجۆرەکان دا، بە پەسندی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی گەیونو پەرەیان سەندوە.

مافەکانی مرۆڤ بە بەردی بناخەی مەوجوودییەتی ئینسان دادەنرێن. هەروەها مافەکانی مرۆڤ ئەو شتەن کە ئێمەیان کردۆتە ئینسان. «کوفی ئەنان، سکرتێری گشتیی پێشووی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان.»

## بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە باسەکە:

مافەکانی مرۆڤ دەتوانن ببنە سەرچاوەی ئیلهام بۆ دروست کردنی ئیتیکی مافەکانی مرۆڤ. واتە دەتوانن وەک پێوانەیەک بۆ راستیو دروستیی ڕەفتارو کارو کردەوەو چۆنیەتیی هەڵسوکەوتمان لەگەڵ یەکتر، ڕێنوێنیمان بکەن. هەر بەو جۆرە کە یاساورێسای تایبەتیمان بۆ ژیانو گوزەران لەسەر هەسارە تازەکە ڕێکخستن، دەتوانین یاساو ڕێساو ڕێوشوێنی گونجاویش بۆ هەڵسوکەوتی دروست لەگەڵ یەکتری دانێین.

لێرەدا وا باشە مامۆستا داوا لە بەشدارانی کۆرسەکە بکا تا ببنە چەند گروپو هەر گروپە بە نۆرەی خۆی، هەر بەو جۆرە کە یاساو ڕێسا یان بۆ ژیانو گوزەران لەسەر هەسارە تازەکە دانان ئاواش لیستەیەک لەو ئەرکانە بگرن کە مرۆڤەکان بەرامبەر بە یەکتر دەکەوێتە سەر شانیان. وا باشە مامۆستا داوا لە بەشدارانی کۆرسەکە بکا کە "بەیاننامەی جیهانیی ئەرکەکان" ئامادەو پەسند بکەن. بەجۆرێک کە لەگەڵ بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا بێتەوە. بۆ نموونە مافی ژیان ئەرکی ئەوەمان دەخاتە سەر شان کە ڕێز لە ژیانی کەسانی دیکە بگرین. چونکە بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ لە ٣٠ مادده پێک هاتووە وا باشە هەرکام لە گروپەکانیش لەسەر پێنج تا دە مادده کار بکەن. بەجۆرێک کە بۆ هەر ماددەیەک ئەرکێک دەستنیشان بکەن.

## بەرینتر کردنەوەی باسەکە

## هەندێک ڕێسا بۆ پاراستنی عەداڵەت

١ـ وەک مامۆستا داوا لە بەشدارانی کۆرسەکە بکە کە ئەوە ڕوون کەنەوە بۆ چی مرۆڤ پێویستی بە دانانی ڕێساو قانوونو ڕێوشوێن هەیە. مەبەست لە یاساکانو ئامانج لە دانانی ئەوان چیە؟ ئێمە بۆ ڕێکخستنی ژیان لە نێو بنەماڵەدا بۆ ژیانو گوزەران لە گەڕەکێکدا، هەروەها بۆ ئیدارەکردنی تیپێکی

یارییش، پێویستیمان بەوە هەیە کە لەسەر هەندێک یاساو ڕێوشوێن ڕێک کەوین. وا باشە مامۆستا ڕێگا بدا کە هەموو بەشدارەکانی دەورەکە ڕوانگەو نەزەرو بیرو بۆچوونەکانی خۆیان سەبارەت بەو مەسەلەیە بێننە بەرباس. پاش ئەوە مامۆستا وەڵامی قوتابیەکان لەسەر کاغەزێکی گەورە بەڕوونیو بە خەتێکی جوان دەنووسێتەوە. سەرەنجام پێویستە وەڵامەکان لەژێر دوو ناو نیشانی سەرەکیدا، واتە "عەداڵەت"و "پاراستن"دا کۆ بکرێنەوەو داڕێژرێن.

٢ـ مامۆستا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە هەموو ئەو شتانەی قوتابیەکان باسیان کردوون. پێوەندییان بە دوو بیرۆکەی گەورەوە هەیە بە ناوی عەداڵەتو پاراستن. بۆ نموونە بۆ یاری کردن هەندێک ڕێوشوێن دادەنێین تا عەداڵەت بۆ هەموو لایەک دەستەبەر بکرێ. مەبەست لەو یاساو ڕێوشوێنانەش کە لەماڵەوە بەڕێوەیان دەبەین ئەوەیە کە ماڵ پاکو خاوێنو ڕێکوپێک بێو ژینگەیەکی شیاوی ژیانو گوزەران بێ. لەو ڕێگایەوە تەندروستیو ڕەفاهی بنەماڵە دەپارێزینو دەستەبەری دەکەین. لە کاتی قوتابخانە، یاساو ڕێساو ڕێوشوێنە جۆراوجۆرە گشتییەکانی زاڵ بەسەر مەدرەسەو پۆلەکەماندا یارمەتیمان دەدەن کە فێر بین ئەو ڕێوشوێنو یاساو ڕێسایانەش کە لە گەڕەک دا، پەیڕەویان لێدەکەین، دەبنە هۆی ئەوەی گەڕەکەکەمان خاوێن ڕاگیرێو لە بەرامبەر تاوانو جنایەتو کردەوەی نەخوازراودا بیپارێزین. لە گۆڕێدا بوونی یاساو ڕێساو ڕێوشوێنی باش، یارمەتیمان دەدەن تا باشتر لەگەڵ یەک بژین، سنوورو چوارچێوەکانی خۆمانو مەیدانی کردارو ڕەفتارمان بناسین. هەبوونی یاساو ڕێوشوێنی باش بۆ ڕێکخستنی پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکان زۆر پێویستنو هانمان دەدەن تا ئەرکو بەرپرسایەتییەکانمان بەرامبەر یەکتر بەجیددی بگرین.

وا باشە مامۆستا داوا لە قوتابیەکان بکا تا چەند نموونەیەک لەو یاساو ڕێسایانە باس کەن کە لە بەرامبەر کارەساتو ڕووداوی دڵتەزێندا دەمانپارێزن. دەکرێ قوتابیەکان باس لەو ڕێوشوێنو یاسایانە بکەن کە ئەوان لە ماڵی خۆیاندا ڕۆژانە پەیڕەویان لێ دەکەن. هەر بنەماڵەیەک هەندێک ڕێوشوێنی هەن کە منداڵەکانیان دەبێ پەیڕەویان لێ بکەن. دەکرێ بپرسین کە چۆن پەیڕەوی کردنی ئەو ڕێوشوێنانە دەبێتە هۆی پاراستنی منداڵەکان؟ منداڵەکان لە پێوەندی دەگەڵ ئەو یاساو ڕێوشوێنانەدا کە دەبێ پەیڕەویان لێ بکەن پێویستیان بە چی هەیە؟ پێویستە لە جەوهەرو فەلسەفەی بوونی ئەوان تێ بگەن.

٣ـ مامۆستا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە مافەکانی مرۆڤ بۆ پاراستنی مرۆڤو دابین کردنی عەداڵەت هاتوونە کایەوە. پاشان بەشدارەکانی کۆڕسەکە بەسەر چەند گروپی بچکۆڵەدا دابەش دەکات. داوایان لێ دەکات کە بەندەکانی بەیاننامەکە بخوێننەوە، ئەو ماددانە کە جێبەجێ کردنیان دەبێتە هۆی وەبەرچاوگرتنی عەداڵەتو ئەو ماددانەش کە دابین کردنیان دەبێتە مایەی پاراستنی مرۆڤ دەست نیشان بکەن. (١٠ تا ٢٠ خولەک).

٤ـ سەرەنجام بەشدارەکانی کۆڕسەکە، هەموو گروپەکان لە دەوری یەک کۆدەبنەوەو ئاکامی کارو

لێکۆڵینەوەکانیان بە شکڵی پلێنۆم لەگەڵ یەکتر باس دەکەن. هەر گروپە بە نۆرە ئاکامی کارەکەی خۆی پێشکەش دەکاتو دوایەش دەکرێ هەموو پێکەوە نێوەرۆکی باسەکان تاوتوێ بکەن.

## دۆزینەوەی داوەکان

**بابەت:** عەداڵەتو بێعەداڵەتی

**ئامانج:** بەکردەوە عەداڵەتو بێعەداڵەتی تاقی کەوە.

قەت وا هەیە ناوبەناو بەقووڵی بیرمان کردبێتەوە کە: ئەوە بێعەدالەتی‌یە؟

چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

چالاکی‌یەکی خۆشو سـرنج ڕاکێشەو دەتوانرێ لە ژوورەوەو لە دەرەوە ئەنجام بدرێ. بەشداران دەبنە سێ گروپو بە دوای چەند غەرغەرەی شاردراودا دەگەڕێن تا بیاندۆزنەوە. پاشان کۆ دەبنەوەو بەشێوەی پلینۆم پێکەوە باسو گفتوگۆ لەسەر بابەتە پێوەندیدارەکان دەکەن.

**کات:** ۳۰ خولەک

**پێداویسـتی:** سێ غەرغەرەی ڕەنگاوڕەنگ، یەکێک لە غەرغەرەکان لە ڕەنگی ژینگەی دەوروبەر بێ.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

۱ـ مامۆستا سـێ غەرغەرە واتە بەکرەی داوەدەزووی ڕەنگاوڕەنگی هەن. لە هەرکام لەوان بیست تا سی داوەدەزوو دەقرتێنێو لە دەوروبەردا دەیانشارێتەوە. ئەگەر بکرێ باشترە داوەکان لە دەرەوە بشـارێتەوە. دوو جۆر لەو داوە دەزووانە وا باشـە لە ڕەنگێک بن کە زۆر زەقو دیارو بەرچا بن. بۆ نموونە سـوور یا زەرد بن، بەڵام ڕەنگی ئەوەی تریان پێویستە زۆر وەک ڕەنگی ژینگەی دەوروبەر بێ.

۲ـ مامۆسـتا بەشدار بووەکان دەکاتە سـێ گروپ. هەر گروپە بە دوای دۆزینەوەی یەکێک لە ڕەنگەکان‌دا دەگەڕێن.

۳ـ وەختێکی دیاریکراو دەدرێتە گروپەکان تا ئەرکەکەی خۆیان لەو ماوە دیاریکراوەدا بەڕێوەبەرنو سـەری وەخت بگەڕێنەوە لای مامۆستا. (۵ خولەک باشە) نابێ هێندەیان وەخت بدرێتێ کە بتوانن هەموو داوە دەزووەکان بدۆزنەوە.

۴ـ پاش هاتنەوەی هەموو گروپەکان مامۆستا داوا دەکا کە بزانێ هەر گروپەو چەند داوە دەزووی دۆزیوەتـەوە. دیـارە ئەو گروپە کێبەرکێکـە دەباتەوە کە ژمارەیەکی هەرچـی زۆرتر داوە دەزووی دۆزیونەتەوە. شانسـی ئەوە زۆرە کە ئەو گروپە بیباتەوە کە بە دوای ئەو داوە دەزووانەدا گەڕاوە کە ڕەنگێکی زەقو بەرچاویان هەیەو بە ئاسانیو لە دوور ڕا دەکەوێتە بەرچاوان.

## باس‌و گفتوگۆ لەسەر چالاکی‌یەکە:

* ئەو گروپەی کە بردوویانەتەوە، چ هەســـتێکیان هەیە؟ چ هەستێکت دەبێ ئەگەر سەر بەو گروپە بی کە بردووتەوە؟
* گروپەکانی تر چ هەستێکیان هەیە؟ ئەتۆ چ هەستێکت دەبێ ئەگەر سەر بە یەکێک لە گروپەکانی تر بیت؟
* کام گروپ زۆرترین داوە دەزووی دۆزیوەتەوە؟ بۆچی؟
* ئەگەر سەرلەنوێ یاری‌یەکە بکەینەوە تۆ حەزت لێیە لەگەڵ کام گروپ بی؟ بۆچی؟
* ئایا ئەو یاری‌یە بێعەداڵەتی‌یەکی تێدایە؟ چی؟
* بیر لە هەموو ئەو یاری‌یانە بکەنەوە کە ئێوە دەیانزانن. چ شـــتێک دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەوان یاری‌یەکـــی عادڵانـــە بن؟ "بۆ نموونە فووتبـــاڵ‌و تۆپی پێ. هەموو تیپەکان ژمـــارەی یاریزانەکانیان بەقەدەر یەکە. یاساو ڕێساکانیش بۆ هەمووان وەک یەکن... وانیە؟"
* ئایا ئامادەی لە یاری‌یەک کە یاساکانی بۆ هەموو لایەک وەک یەک نین بەشداری بکەی؟

## تۆ چی فێر بووی؟

عەداڵەت ئەوە دەگرێتە خۆ کە مرۆڤەکان ئیمتیازو حەقی نابەجێ‌و ناڕەوایان بەســـەر یەکتردا نەبێ‌و بەشـــێوەیەکی ناڕەوا هەڵســـوکەوتیان لەگەڵ نەکرێ. واتە بێ هۆیەکی پاکانە بۆکراو، پشتیوانیان لێ نەکرێ.

## با زۆرتر سەبارەت بە عەداڵەت بدوێین

**بابەت:** بناخەی مافەکانی مرۆڤ بریتیە لە عەداڵەت.

**ئامانج:** دانی زانیاری‌و وشـــیاری سەبارەت بەوە کە پێویستە وەبەرچاوگرتنی عەداڵەت، پێوانەی هەر چەشنە ڕەفتارو هەڵسوکەوتێکی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر بێ. ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستی‌یە کە بناخەو فەلسەفەی مافەکانی مرۆڤ لەسەر پیادە کردنی عەداڵەت دامەزراوە.

کەس نیە لە ژیانی‌دا هەست بە عەداڵەت‌و بێعەداڵەتی نەکردبێ. زۆر جار شتێکمان بەسەر هاتوە یا دیتوە کە زانیومانە ئەوە بێعەداڵەتی‌یە، هەر بەهەمان شێوە ڕەنگە زۆر جار شتی دیکەشمان دیتبێ یان بیســـتبێ یان بەســـەر خۆمان هاتبێ کە بە عەداڵەتمان لە قەڵەم دابێ. بەتایبەتی ئەومەسەلەیە لە تەمەنی منداڵی‌دا زۆر گرنگە. منداڵ ڕادارێکی زۆر هەســـتیاری ســـەبارەت بە بێعەداڵەتی هەیە. لەبەر ئەوەی بۆخۆی بێ‌هێزەو لەگەڵ گەورەکانیش ســـەروکاری هەیەو ناچارە بەقســـەیان بکاو ئەو یاســـاو ڕێســـایانە بەڕێوە بەرێ کە ئەوان دایانناون، هەندێک جار زوو هەست بە بێعەداڵەتی دەکات. هەموومان تەمەنی منالیی خۆمان لەبیرە کە بچکۆڵەو بێدەسەڵات بووین‌و ناچار بووین زۆر شت کە لە

ناخەوە دەمانزانی بێعەدالەتی‌یە، قبووڵ بکەین. بۆیە زۆر گرنگە لە کاتی هەڵسوکەوت‌و ڕەفتار لەگەڵ منداڵان‌دا پرەنسیپی وەبەرچاوگرتنی عەدالەت ڕەچاو بکەین. پاش ڕوودانی ئەو کارە دڵتەزێنانەی لە شـــەڕی دووهەمی جیهانی‌دا ڕوویان دا، کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤی پەســـند کرد. گرنگترین پرنســـیپ کە لە کاتی پەسند کرانی بەندەکانی بەیاننامەکەدا ڕەچاو کراوە، بریتییە لە عەدالەت. چونکە هەموو مرۆڤەکان بایەخی ئینسانی‌یان هەیەو هاوبایەخن، بۆیە پێویســـتە بەشـــێوەیەکی عادلانە ڕەفتاریان لەگەڵ بکـــرێ. بۆیە نابێ هەڵاواردن‌و جیاوازیدانانیان لەگەڵ بکرێ. هەموویان خاوەن مافی وەک یەکن. بەداخەوە ســـەرەڕای ئەوەش کە هەموومان دەزانین بێعەدالەتی دروست نیە، بەوحاڵەش هێشتاش چ لە وڵاتی خۆمان، چ لە وڵاتانی دیکەو چ لە ئاســـتی نێونەتەوەیی‌دا، دەبینین کە لە ڕادەیەکـــی بەرین‌دا بێعەدالەتی‌و جیاوازیدانان‌و هاڵاواردن‌و ئاپارتاید بەڕێوە دەچێ. بەداخەوە لەو بوارەدا مەودایەکی بەرین‌و گەورە لە نێوان قســـەو کردەوەدا بەرچاو دەکەوێ. هەر بۆیە زۆر گرنگە کە نەوەکانی ئێستاو دوارۆژ فێر بن داوای عەدالەت‌و کارو خەبات بۆ سەقامگیر کردنی عەدالەت بکەن.

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

چالاکی‌یەکە بە بیرکردنەوەی قووڵ‌و هەمە لایەنە ســـەبارەت بە بابەتەکە دەســـت پێدەکا. پاشـــان قوتابیەکان کاری گروپی لەســـەر بابەتەکە دەکەن‌و دواتر ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانیان بە شـــێوەی پلێنـــۆم لەگەڵ یەکتر دەخەنە بەرباس. دەتوانین لە ڕێگای ئەم ڕاهێنانەوە واتە بەم مێتۆدی کارەوە، زاراوەکانی وەک ئازادی، ئاشتی، وێک هەڵکردن‌و تۆلێرانس، پێکەوە ژیان‌و باقیی ئەو زاراوانەی تر کە پێوەندی‌یان بە مافی مرۆڤەوە هەیە، شرۆڤە بکەین. وەک پڕۆژەیەکی درێژخایەنتر گروپەکان دەتوانن لە ڕێگای ئەم ڕاهێنانەوە بەم شـــێوازی کارەوە، زۆر زاراوەی دیکەش پێکەوە شرۆڤەو تاوتوێ بکەن. دواتر دەتوانن هەموو ئەو وشـــەو زاراوانە لە قامووســـێکی تایبەت بە مافی مرۆڤ دا لەلای خۆیان کۆ کەنەوە. کات: یەک‌و نیو کاتژمێر.

**پێداویســـتی:** پارچە کاغەزی گەورەی لەسەر نووسین لەگەڵ قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ واتە تووش بۆ نووسین.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

۱ـ لە پێشـــدا مامۆســـتا داوا لە قوتابیەکان دەکا کە ســـەبارەت بە چەمکی عەدالەت‌و بێعەدالەتی بیربکەنەوە. پرســـیاریان لێ دەکا عەدالەت چیـــە؟ بێعەدالەتی چیە؟ وەڵامەکان بە کورتی‌و بەجوانی لەســـەر تەختەڕەش دەنووســـێتەوە. دەتوانرێ وەڵامەکان لەسەر کاغەزی گەورەش بنووسرێتەوەو بە دیوارەکانی پۆلەکەدا هەڵواسرێن. (۵ تا ۱۰ خولەک)

٢ـ دواتر مامۆســـتا داوا لە قوتابیەکان دەکا تا چەنـــد گروپی بچکۆڵە پێک بێنن. هەر گروپە بە جیا بۆخۆی پێناســـەیەکی عەداڵەت دەکاو پێناسەکەی لەسەر کاغەزێکی گەورە بە خەتێکی جوانو ڕێکوپێک دەنووسێتەوە. (٥ خولەک)

٣ـ هەموو پێناسەکان بە دیواری ژووری پۆلەکەوە هەڵدەواسرێن. دواتر مامۆستا داوا لە قوتابیەکان دەکا تا لەنێو هەموو پێناســـە جۆراوجۆرەکاندا پێناســـەیەک هەڵبژێرن کە هەموویان کۆدەنگییان لەســـەری هەیە. پێناســـەیەک کە بەجۆرێ تێکەڵاوێک بێ لە ئیدەو بۆچوونو ڕوانگە دروستەکانی هەموو گروپەکان.

٤ـ دواتـــر جارێکی دیکەش پێناســـە هاوبەشـــەکەو پێناســـەکانی دیکە بە دیـــواری پۆلەکەوە هەڵدەواسینەوە.

## تاوتوێ کردنو گفتوگۆ

* ئایا عەداڵەت گرنگە؟
* ئایا لە ژیانی خۆتدا هەلومەرجێکت لەبیرە کە هەســـتت بە عەداڵەت کردبێ بەرامبەر بە خۆت؟ ئایا نموونەیەکت پێ شک دێ کە لە ژیانت جارێک بێعەداڵەتییت لەگەڵ کرابێ؟
* چ شتێک بێعەداڵەتی پێک دێنێ؟
* هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بێعەداڵەتی چن؟
* چۆن بێعەداڵەتی هەست پێدەکرێ؟ مرۆڤ کە بێعەداڵەتیی لەگەڵ کرا چ هەستێک دایدەگرێ؟
* ئایا ئیمکانی هەیە کە بتوانرێ هەمیشە عەداڵەت دەستەبەر بکرێ؟
* چـــۆن دەتوانی بۆ جێبەجێ کردنی عەدالەت لە قوتابخانەدا، لە گەڕەکدا، لە وڵاتدا، لە ئاســـتی دنیادا تێبکۆشین؟

٥ـ پاشـــان مامۆســـتا ماددەی دووهەمی بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مـــرۆڤ بۆ قوتابیەکان دەخوێنێتـــەوە. لەو بەندەدا هاتووە کـــە مافەکانی مرۆڤ بۆ هەموو مرۆڤـــەکان بێوەبەرچاو گرتنی هەر چەشـــنە جیاوازییەکی وەک ڕەنگی پێســـت، زمان، ڕەگەز، نەتەوە، مەوقعییەتی کۆمەڵایەتی، شـــوێنی ژیان، پێشینەو هتد وەک یەکن. مافەکانی مرۆڤ ئەو پرەنسیپە بنەڕەتییانەن کە دەوڵەتو کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەسەریان ڕێک کەوتوون تا کۆمەڵگایەکی هاوچەرخو پێشکەوتووی ئینسانی لەسەر بنیات بنێین. واتە بە پێوانەی لەگۆڕێدا بوونی کۆمەڵگایەک دادەنرێن کە شیاوی مرۆڤ بێ.

## ئەو شتەی کە فێری بووین بریتییە لە:

هەمـــوو مرۆڤـــەکان دەزانن مانـــای عەداڵەت چیە. بەتایبەتـــی منداڵان ڕادارێکی هەســـتیاریان بۆ خویندنەوەی ئەو باســـە هەیە. عەداڵەت لەوەڕا ســـەرچاوە دەگرێ کە هەموو مرۆڤەکان هاوبایەخنو

هەر بۆیە پێویستە بێ جیاوازی ڕەفتارو هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێ، ڕێزیان لێ بگیردرێو شانسو دەرفەتی وەک یەکیان بدرێتێ. کەس نابێ ئیمتیازی زیاتری هەبێ. ئەرکی سەر شانی هەموومانە کە لە کردارو هەڵسانو دانیشتنو ڕەفتارماندا عەداڵەت ڕەچاو کەینو تێکۆشین تا عەداڵەتو دادپەروەری لە کۆمەڵگادا جێبەجێ بێ.

ئەو فەلسەفەیەی مافەکانی مرۆڤی لەسەر راوەستاوە بریتیە لە عەداڵەتو نێوەرۆکی بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ کە دەوڵەتەکانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەری ڕێککەوتوون، بریتییە لە هەوڵ دان بۆ پیادە کردنی عەداڵەتو دادپەروەری لە ئاستی دنیا دا. کە واتە هەوێنی بەیاننامەی جهانیی مافەکانی مرۆڤ بریتیە لە عەداڵەت.

## بازرگانیی عادلانە

ئەمڕۆ بازرگانیی عادڵانە بابەتێکە کە خەڵکێکی زۆر لە دنیادا قسەو باسی لەسەر دەکەن. مەبەست ئەوەیە کە دەبێ وڵاتە دەوڵەمەندو سەنعەتی‌یەکان بە نرخێکی شیاو، بەرهەمە کشتوکاڵی‌یەکانو کەرەسەی خاوی وڵاتانی دنیای سێهەم بکڕن، تا خەڵکی ئەو وڵاتانە واتە ئەوانەی ئەم کاڵایانە بەرهەم دێنن خۆیانو بنەماڵەکانیان لەسەر بەرهەمی زەحمەتو ماندووبوونیان بژین. بەداخەوە لە زۆر شوێنی دنیادا ئەمڕۆ وەزعەکە وا نیە. وڵاتە سەنعەتی‌یە دەوڵەمەندەکان بە نرخێکی هەرزان کەرەسەی خاو لەو وڵاتانە دەکڕنو کەلوپەلو کاڵا سەنعەتی‌یەکانی خۆشیان بە نرخێکی زۆر گرن بەوان دەفرۆشن. هەربۆیە دەبێ لەبیرمان بێ بازرگانیی عادڵانە دەبێتە هۆی بەرەوپێش چوونی مافەکانی مرۆڤو هاوپێوەندی لە نێوان گەلانو میللەتانو وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا پێک دێنێ.

## زانیاری‌یەکانی پێشوومان سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ

**بابەت:** مافەکانی مرۆڤ

**ئامانج:** مەبەست لەو ڕاهێنانە ئەوەیە کە باسێکی تێرو تەسەل لەسەر مافەکانی مرۆڤ بکەینو قوتابیەکان وشیار کەینەوە کە هەرکاممان کەمو زۆر کەمێک زانیاریمان لەسەر مافەکانی مرۆڤ هەیە.

زۆر کەس لەسەر ئەو بڕوایەن کە مافەکانی مرۆڤو باس لەسەر ئەوان، شتێکی ئاڵۆزو قورسە کە تەنیا سیاسەتمەدارەکان، خەڵکانی ئەکادیمیو لێکۆڵەرەکان دەتوانن باسیان لەسەر بکەن. بەڵام وەختێک کەمێک وردتر بیر بکەینەوە دەبینین کە مافەکانی مرۆڤ شتێکن کە پێوەندیان بە واقعییەتەکانی ژیانی ڕۆژانەمانەوە هەیەو تا ڕادەیەکی زۆر سەبارەت بەوان زانیاریو ئاگاهیمان هەیە، تۆ چ سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ دەزانی؟

### چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

لەم چالاکی‌یەدا بەشداربووەکان وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە کە ئاراستەیان دەکرێن. پاشان لە پلێنۆمێک‌دا پێکەوە کۆ دەبنەوەو سەبارەت بە باسەکان گفتوگۆو وتوویژ لەگەڵ یەک دەکەن‌و ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکان پێشکەشی پلێنۆمەکەیان دەکەن.

ئامانج ئەوەیە کە بەشداربووەکان لە ڕێگای ئەم چالاکی‌یانەوە بتوانن زانیاری لەسەر مافەکانی مرۆڤ پەیدا بکەن.

**کات:** یەک کاتژمێر.

**پێداویستی:** تەختەڕەش یان کاغەزی گەورەی لەسەر نووسین، تووش واتە قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ بۆ نووسین لەسەر پارچە کاغەزە گەورەکان. قەڵەمو کاغەزی ئاسایی بۆ بەشداربووەکان. هەروەها واباشە کۆمەڵێک پرسیاریش لە پێشدا سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ ئامادە بکەین‌و لە کاتی خۆی‌دا بەسەر بەشداربووەکانیدا دابەش کەین تا وەڵامیان بدەنەوە یا کاریان لەسەر بکەن.

### ئامادەکاریی پێشوەخت:

زۆر گرنگە پرسیارەکان لەپێش‌دا ئامادە بکەین‌و بە ئەندازەی ژمارەی بەشداربووەکانی کۆرسەکە کۆپیمان لەوان لەبەردەست دابێ.

### جێبەجێ کردن:

١ـ مامۆستا پرسیارەکان ئاراستەی بەشداربووەکان دەکات. دەکرێ پرسیارەکان لەسەر تەختەڕەش بنووسێتەوە، یان بەدەنگی بەرز بیانخوێنێتەوە یان بە نووسراوە بەسەر قوتابیەکانیان‌دا دابەش بکات.

٢ـ بەشداربووەکانی کۆرسەکە بە ژوورەکەدا دەسوورێنەوەو پرسیارەکان لە یەکتری دەکەن. ئەوانەی کە پرسیارەکان وەڵام دەدەنەوە، دەتوانن ئیمزای خۆیان لە ژێر وەڵامەکان بدەن. بەو جۆرە بەشداربووەکان زانیاری‌یەکانیان سەبارەت بە بابەتەکە لەگەڵ یەکتر بەش دەکەن‌و لە یەکتر فێر دەبن. ئەڵترناتیڤی دیکەش ئەوەیە کە هەریەکەیان بەتەنیا بۆخۆی وەڵام بداتەوەو پاشان وەڵامەکانیان لەگەڵ یەکتر دابەش کەن، یان بەدەنگی بەرز بۆ یەکتریان بخوێننەوە. (٢٠ خولەک)

٣ـ لەم قۆناخەدا هەموو بەشداربووەکانی کۆڕسەکە بەشێوەی پلینۆم لە دەوری یەک کۆدەبنەوە. مامۆستا پرسیارەکان ئاراستەی بەشداربووەکان دەکاو ئەوانیش تێدەکۆشن وەڵامیان دەنەوە. مامۆستا وەڵامی پرسیارەکان زۆر بەکورتی، بەشێوەیەک لەسەر تەختە ڕەشە یان لەسەر کاغەزێکی گەورە دەنووسێتەوە. پاشان داوا لە بەشداربووەکان دەکا تا وەڵامەکانی یەکتر شرۆڤە بکەن. گومانی تێدا نیە کە هەموو قوتابیەکان وەک یەک وەڵامی پرسیارەکان نادەنەوە. هەندێکیان ڕەنگە زانیاری‌یان لەوانی دیکە زۆرتر بێت. بۆیە ڕەنگە بۆ هەر پرسیارێک وەڵامی جۆراوجۆر هەبن. لەوەش زیاتر ڕەنگە

بۆ هەندێک لە پرسیارەکان وەڵامێکی ڕاستو دروستمان دەست نەکەوێ.

**ئەوەی لێرەدا فێری بووین بریتیە لە:**

کاتێک بەوردی بیردەکەینەوە دەزانین کە زانیاری‌یەکی زۆرمان لەسەر مافەکانی مرۆڤ هەیە. ئاخر مافەکانی مرۆڤ هەموو لایەنەکانی ژیانی ئێمە دەگرنەوە، مافەکانی مرۆڤ پێوەندی‌یان بە ڕاستی‌یەکانی ژیانو واقعییەتەکانی نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی‌یەوە هەیە. ئێمەش خۆمان بەشێکین لەو واقعییەتانە.

**پرسیارەکان:**

* مافەکانی مرۆڤ چنە؟
* ناوی وڵاتێک بڵێ کە لەوێدا مافی مرۆڤ پێشێل بکرێ؟
* بەڵگەنامە یان دوکۆمێنتێک ناو بەرە کە پارێزگاری لە مافەکانی مرۆڤ بکات.
* ناوی گروپێک مرۆڤ بەرە کە بۆ لەنێوبردنیان کار کرابێ.
* ئایا دەتوانی ناوی گەلێک یا کۆمەڵە خەڵکێک بەری کە لە وڵاتەکەیاندا بەهۆی ئەوە کە ئیتنیسیتەی جیاوازیان هەیە، مافەکانیان پێشێل دەکرێن؟
* ئایا دەتوانی ناوی وڵاتێک بەری کە لەوێدا گروپێک لە خەڵک بە هۆی دینو مەزهەبی جیاوازەوە لە مافەکانیان بێبەش کرابن؟
* ناوی وڵاتێک بەرە کە لەوێدا گەلانو گروپە ئینسانیە جۆراوجۆرەکان لەگەڵ یەک لە کێشە دان؟
* ناوی ڕێکخراوێک بەرە کە بۆ مافەکانی مرۆڤ کار دەکا.
* ناوی فیلمێک یان کتێبێک بەرە کە سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ بدوێ.
* لە چ وڵاتێکدا مرۆڤ ئەشکەنجە دەکرێ؟
* ناوی وڵاتێک بێنە کە لەوێدا وەزعی مافەکانی مرۆڤ بەرەو باشی چووبێ.
* ناوی وڵاتێک بێنە کە خەڵک مافی کۆچ کردنیان بۆ دەرەوە نیە.
* ناوی مافێکی مرۆڤ بەرە کە تۆ لە ماڵێ یان لە قوتابخانە لێت زەوت کرابێ.
* ناوی مافێکی مرۆڤ بەرە کە جار جار ژنان لێی بێبەش دەکرێن.
* کەس دەناسی کە خەبات بۆ مافەکانی مرۆڤ بکا؟ یا بە هۆیەوە ناوبانگی دەرکردبێ؟
* چ مافێکی مرۆڤت پێ شک دێ کە دەبوایە بۆ هەموو منداڵانی سەر ڕووی دنیا دابینو دەستەبەر کرابا؟
* ئایا دەتوانی ناوی گەل یا میللەتێک بەری کە ڕێگای نادرێ دەوڵەتی خۆی پێک بێنێ؟
* ئایا دەتوانی ناوی وڵاتێک بەری کە لەوێدا هەڵاواردنو جیاوازی لەگەڵ بەشێک یان گروپێک لە خەڵک بکرێ؟

* دەتوانی ناوی مافێکی مرۆڤ بەری کە دایکو باوکت هەیانە بەڵام تۆ ئەو مافەت نیە؟
* ناوی مافێکی مرۆڤ بەرە کە هەمیشە بۆت لەبەرچاو گیراوە.
* کام مافی مرۆڤ بۆ تۆ زۆر گرنگە؟ لەژێر پێنانی کام مافی مرۆڤ دژکردەوەی تۆی بەدوادا دێ؟
* کام لە مافو ئازادییەکان پێشێل کراوە؟

**بابەت:** مافو ئازادییە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ.

**ئامانج:** تێگەیشتنی باشتر لە مافو ئازادییەکانی مرۆڤ لە گۆشەنیگایەکی ترەوە.

هیچ رۆژێک نیە زانیاریمان لە ڕێگای ڕادیۆ، رۆژنامەو تەلەفزیۆنو ڕاگەیەنە گشتییەکانی دیکەوە سەبارەت بە پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤ پێ نەگا. بۆ نموونە هەواڵمان پێ دەگا کە منداڵان لە ئەفریقا گیرۆدەی دەستی برسیەتین. دەبینین کە لێرەولەوێی دنیادا خەڵک دەگەڵ ڕاسیزمو هەڵاواردنو جیاوازیدانان بەرەوڕوون. گوێمان لێ دەبێ کە لە فڵانە وڵاتدا خەڵک شکەنجە دەکرێن یان دەبیستین خەڵک لە وڵاتی خۆیان ئاوارە دەبنو لە وڵاتانی دیکەدا داوای پەنابەری دەکەن، کەچی مافی پەنابەرییان نادرێتێ. بەم جۆرە دەبینین کە پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤ لە ئاستێکی بەرین لە وڵاتی خۆمانو لە وڵاتانی دیکەدا لەگۆڕێ دایە.

## کامانەن ئەو مافو ئازادییانەی پێشێل دەکرێن؟

## شێوەی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

لەو چالاکیەدا بەشدارانی کۆرسەکە بەشێوەی گروپ پێکەوە کار دەکەن. ئەو گروپانە داستانو حیکایەتی جۆراوجۆر سەبارەت بە پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤ دروست دەکەنو دواتر لە پلێنۆمدا کە هەموویان لە دەوری یەک کۆدەبنەوە، ئەو داستانانە پێشکەش یەکتر دەکەن.

**کات:** ٤٥ خولەک.

**پێداویستی:** ژوورێکی گەورە کە بۆ کاری گروپی دەست بدا. کۆپیەک لە بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ بۆ هەر کارم لە بەشداربووەکان.

## زانیاریی پێشوەخت:

بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ڕاهێنانە وا باشە بەشداربووەکانی کۆڕسەکە پێشتر لەگەڵ بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ ئاشنایەتیان پەیدا کردبێت.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ مامۆستا مەبەستی ئەو ڕاهێنانە بۆ قوتابیەکان ڕوون دەکاتەوە کە بریتیە لە ئاشنا بوونی باشتر لەگەڵ بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤو نێوەرۆکی بەندەکانی. بۆیە واباشە هەرکام لە

بەشــداران کۆپیەکی بەیاننامەکەیان لەبەردەست دابێ. پاشان مامۆستا داستان یا حیکایەتێک باس دەکاو داوا لە بەشــداران دەکات کە ڕوونی کەنەوە لەو داســتانەدا کام مافی مرۆڤ پێشــێل کراوە. دیارە ئەو داســتانە پێشتر لەلایەن خودی مامۆستاوە ئامادە کراوە. دەکرێ حیکایەتەکە بەم جۆرەی خــوارەوە بێ: ماریا ڕۆژنامەنووســە. وتارێکی لە ڕۆژنامەیەکدا نووســیوە کە بۆتە هۆی توورە بوونی کاربەدەستێکی نەناسراو، بەڵام خاوەن دەسەڵات. ڕۆژی دوایە ماریا لەلایەن چەند کەسی نەناسراوەوە دەڕفێندرێ. ناوبراو لێی دەدەن‌و لە شوێنێکی نادیار زیندانی دەکرێ‌و کەس نازانێ لە چ جێگایەکە. دواتر شــکەنجەش دەکرێ‌و بۆ چەند مانگ ئاوا بێ سەروشوێن دەمێنێتەوە. قوتابیەکان دەست بەرز دەکەنەوەو وەڵام دەدەنەوە کە لەم حکایەتەدا کام بەندی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ پێشــێل کراوە. لێرەدا ڕێگا بە قوتابیەکە دەدرێ کە بەدەنگی بەرز ئەو بەندەی بەیاننامەکە بخوێندرێتەوە کە ناوبراو پێی وایە لێرەدا خراوەتە ژێرپێ. بە جۆرێک کە بەشداربووەکان لەگەڵ نێوەرۆکی ئەو بەندەی بەیاننامەکە باشتر ئاشنا بن.

٢ـ دواتر مامۆســتا بەشــداربووەکانی کۆرســەکە دەکاتە چەند گروپ‌و داوایان لێ دەکا کە بڕۆن حکایەت یان داستانی لەو جۆرە لە گروپی خۆیان‌دا دروست کەن کە لەوان‌دا مافەکانی مرۆڤ پێشێل کرا بن. ئەگەر ژمارەی بەشــداربووەکان کەم بوو دەکــرێ هەر قوتابیە بۆخۆی حکایەتێک لەو بارەوە دروست کات. وا باشە قوتابیەکان حکایەت‌و داستانی وا باس کەن کە زۆر لە واقعییەتەوە نزیک بن. شتێک کە پێوەندیی بە ژینگەو کۆمەڵگای خودی خۆیانەوە هەبێ باشترە. (١٥ تا ٣٠ خولەک)

٣ـ هەموو گروپەکان کۆ دەبنەوەو داســتانەکانی خۆیان بەشــێوەی پلێنۆم بۆ یەکتر دەگێڕنەوە. گروپێــک حکایەتەکــەی دەگێڕێتەوەو گروپێکی دیکە ئەوە ڕوون دەکاتــەوە کە لەو حیکایەتەدا چ مافێک پێشێل کراوە.

## چی فێر بووین:

لێــرەدا لەگەڵ ماف و ئازادیــە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ لە ڕوانگەیەکی نزیکترو واقعیترەوە ئاشــنا بووین. ئەگەر ئێمە وشیاری یا زانیاریمان سەبارەت بە پێشێل کرانی ئەو مافانە، یا لەسەر مافەکان هەبێ، دەتوانین بۆ پاراســتن‌و دەستەبەر کردنیشیان باشتر کار بکەین. واتە هەبوونی زانیاری لەسەر ماف‌و ئازادی‌یەکانی مرۆڤ‌و چۆنیەتیی پێشێل کرانی ئەوان یارمەتیمان دەدات کە باشتر بتوانین بۆ پاراستن‌و دابین کردنی ئەو ماف‌و ئازادی‌یانە کارو خەبات بکەین.

## پانتۆمیم لەسەر مافەکانی مرۆڤ

**بابەت:** مافەکانی مرۆڤ.

**ئامانج:** ئاشنایەتی پەیدا کردن لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ‌و تێپەڕاندنی کاتێکی خۆش.

چۆن چوار لاو، بێ بەکارهێنانی هیچ جۆرە دەنگێک بەشـــوودانی زۆرملی نمایش دەکەن؟ چۆن پەنابەرێک لە نمایشـــێکی بێدەنگدا وەزعی پەنابەرێک کە پەنای نادرێتێ نیشـــان دەدا؟ لەو بارەوە دەکرێ زۆر کورتەشـــانۆی جۆراوجۆر دروســـت بکرێن کە هەرکامیان گۆشـــەیەکی پێشـــێل کرانی مافەکانی مرۆڤ نیشـــان دەن. جارجار پاش ئەو هەموو تیئۆریو باسە جیددیيانەی لە کۆرسێکدا دەکرێن، خۆشە دەرفەتیش بە کەمێک پێکەنین بدەین. بەکارهێنانی لەشو جووڵەی لەش دەتوانێ کاناڵێک بێ بۆ دربڕینو بەیان کردنی مەبەستەکان.

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

ئەو چالاکیيە دەبێتە مایەی خۆشـــحاڵیی بەشداربووەکانی کۆرسەکەو زۆریان پی خۆش دەبێ. لەو ڕاهێنانەدا قوتابیەکان ناچارن کە خەللاقییەت لە خۆیان نیشان دەنو چالاکیی بەدەنی ئەنجام دەن. بۆیە وا باشە ئەو جۆرە چالاکییە پاش دەرسە تیئۆرییەکانو ماندووبوونی قوتابیيەکان بەڕێوە بچن. لێرەدا دەکرێ لەجیاتی بەکارهێنانی بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، کۆنڤانســـیۆنی مافەکانی منداڵ یان دوکیۆمێنتی دیکەی مافەکانی مرۆڤ بەکار بەرین. کات: ٤٥ خولەک

**پێداویســـتی:** پێش ئەنجامدانی ئەم چالاکیيە پێویستە بەشدارانی کۆرسەکە زانیارییان لەسەر بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ هەبێ. واتە وا باشـــە لە پێـــشدا لەگەڵ بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ ئاشنا بووبن.

## ئامادەکاریی پێشوەخت:

لیســـتەیەک لە ماددە جیاجیاکانی بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ ئامادە دەکرێ تا گروپەکان کاری لەســـەر بکەن. ماددەکانـــی ٢،١٢،١٤،١٦،١٧،١٨،١٩،٢٠،٢٤ و٢٥ی بەیاننامەکە لەگەڵ ئەم جۆرە چالاکیەدا دێنەوە.

## جێبەجێ کردن:

بەشدارانی کۆرسەکە دەبنە چەند گروپ. هەر گروپە کار لەسەر ماددەیەک لە ماددەکانی بەیاننامەکە دەکەن. هەر گروپە نمایشـــێکی بچووک بەبێ بەکارهێنانی دەنگ لەســـەر نێوەرۆکی ئەو ماددەیەی بەیاننامەکە ئامادە دەکا کە بۆی دانراوە. لەو نمایشەدا وەزعێک نیشان دەدرێ کە مافی مرۆڤ پێشێل دەکرێ. نابێ گروپەکان لە نێوەرۆکی ئەو ماددانەی بەیاننامەکە ئاگادار بن کە بۆ هەرکامیان دیاری کراوە. واتە هیچ گروپێک نابێ بزانێ گروپەکەی تر لەســـەر چ ماددەیەکی بەیاننامەکە کار دەکەن. لەوەش زیاتر ئەگەر بکرێ لە کاتی تەمرینو ڕاهێناندا هەر گروپە لە ژوورێکی تایبەتی دابێ یا لانی کەم مەودای نێوانیان زۆر بێ تا پەی بە کاری یەکتر نەبەن. (١٥ تا ٢٥ خولەک)

٢ـ دواتر هەموو گروپەکان کۆدەبنەوەو بە شکڵی ناڵەئەسپ لە دەوری یەکتر دادەنیشن بەجۆرێک کـــە هەرکام لە بەشـــداران بزانێ لە ژوورەکەدا چ ڕوو دەدا. پێویســـتە لێـــرەدا بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ بە ئەندازەی پێویست کۆپی کرابێ‌و لەبەر دەستی بەشداربووەکان‌دا هەبێت تا بتوانن کەڵکی لێ وەرگرن.

٣ـ پاشـــان هەر گروپە پانتۆمیمەکەی خۆی نیشـــان دەدا. لەو کاتەدا گروپەکانی دیکە دەبێ بیر بکەنەوەو تێکۆشـــن ئەوە بدۆزنەوە کە ئەو نمایشـــە باس لە پێشێل کرانی چ ماددەیەکی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ دەکا؟ ئەوانەی کە پێیان وایە وەڵامەکەیان دۆزیوەتەوە بە هێواشی دەست بەرز دەکەنەوە، بەڵام هیچ ناڵێن. لێرەدا ئەرکی مامۆستا ئەوەیە کە پێ لەسەر ئەوە دابگرێ کە دەبێ ڕێگا بدرێ گروپەکە نمایشەکەی تەواو کات‌و کەس حەقی نیە کارەکەیان لێ تێک دا.

٤ـ سەرەنجام مامۆستا داوا لە یەکێک لە قوتابیەکان‌و گروپەکان کە دەستیان هەڵبڕیوە دەکا تا ئەو بەندە لە بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ بخوێنێتەوە کە پانتۆمیمەکەی لەسەر ئامادە کراوە. ئەگەر گروپەکانی تر بە وەڵامی ئەو ڕازی نەبوون، گروپێکی تر یان بەشداربوویەکی تر قسە دەکا، یا نـــەزەری خۆی دەڵێ. بەوجـــۆرە ڕاهێنانەکە دەڕواتە پێش. بەڵام گرنگە کە گروپەکان لە کاتی وەڵام دانەوەدا ئاماژە بە ماددەیەکی بەیاننامەکە بکەن‌و لەسەر ڕا هەموو ماددەکە بخوێنێتەوە.

## خوێندنەوەی ڕۆژنامەکان بە چاویلکەی مافەکانی مرۆڤ

**بابەت:** ئاشنا بوونی زۆرترو باشتر لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ

**ئامانج:** دانی زانیاری بە بەشداربووەکانی کۆڕسەکە سەبارەت بەوە کە ئەوە مافەکانی مرۆڤن شکڵ بە کۆمەڵگای ئێمەو کۆمەڵگاکانی دیکە دەدەن. دەرخستنی نرخو بایەخی مافەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا.

مافەکانی مرۆڤ شـــکڵ بە ژیانی ڕۆژانەی ئێمە دەدەن. زۆربەی ئەو شتانەی ئەنجامیان دەدەین بەجۆرێک پێوەندی‌یان بە مافەکانی مرۆڤەوە هەیە. یا ئەو مافانەمان بۆ دەســـتەبەر کراون‌و کەڵکیان لێ وەردەگرین یان مافەکان لە حاڵی دابین بوون‌و دەستەبەر کردن دان‌و خەریکە جێ دەکرێن. یان ڕەنگە ئەو ماف‌و ئازادی‌یانە بەجۆرێک بخرێنە ژێر پێ. ئەگەر بە چاویلکەی مافەکانی مرۆڤەوە سەیری دەوروبەرو کۆمەڵگاکەمان بکەین، زۆر شـــتمان لەو بارەوە بۆ ڕوون دەبێتەوە. ئایا هەرگیز بیرت لەوە کردۆتەوە کە ئەگەر ئێوارەیەکی زرەدەپەڕ لە بەر هەتاو لە کەناری دەریا خۆت وەبەر خۆر دەی ئەوە کەڵکـــت لە وەختی ئازادی خۆت وەرگرتووە؟ ئاخر هەمـــوو کەس مافی کەڵک وەرگرتن لە وەختی ئازادی خۆی هەیە. هەموو کەس مافی پشوودان وحەسانەوە و ژیانی تایبەتیی خۆی هەیە. یا کاتێک کە ســـەفەر بۆ وڵاتێکی دیکە دەکەی ئەوە کەڵک لە ئازادیی هاتوچۆ کە مافی هەموو هاووڵاتی‌یەکە وەردەگری. ئازادیی هاتوچۆ و ئازادیی ســـەفەر بۆ وڵاتانی دیکە وەک یەکێک لە مافەکانی مرۆڤ لە قەڵەم دەدرێ.

بــە چاویلکەی مافەکانی مرۆڤ تەماشــای گۆڤارو ڕۆژنامەکان بکە تا بــۆت دەرکەوێ لە کوێ مافەکانی مرۆڤ وەبەرچاو دەگیرێن؟ لەچ جێیەک دەخرێنە ژێر پێ؟ لە کوێو چۆن کارو خەبات بۆ دابینو دەستەبەر کردنی ئەو مافو ئازادییانە بەڕێوە دەچێ؟

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی چالاکییەکە:

ڕاهێنانەکە بەشــێوەی کاری گروپی دەست پێ دەکاو پاشان گروپەکان کۆ دەبنەوەو لە پلێنۆمێکی هاوبەشدا ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانیان پێشکەش دەکەن.

**کات:** ٤٥ تا ٦٠ خولەک.

**پێداویســتی:** کاغەزی گەورەی لەســەر نووســین، قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ بۆ پێ نووسین، چەند مەقەستی چکۆڵە، چەسپی ئاویو کۆمەڵێک ڕۆژنامە.

جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە

١ـ مامۆســتا بەشدارانی کۆرسەکە بەسەر چەند گروپدا دابەش دەکا. هەر گروپەی تێدەکۆشێ بە نۆرەی خۆی هەواڵو ڕێپۆرتاژو وتارو بابەت لەســەر مافەکانی مرۆڤ بدۆزێتەوە. ئەو وتارو هەواڵو بابەتانە پێویستە سەبارەت بەم مەسەلانەی خوارەوە بدوێن:

ا. دابین بوونی مافەکانی مرۆڤ.

ب. پرۆسەی باشتر کردنی مافەکانی مرۆڤ.

ج. پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤ.

بەشدارانی کۆرسەکە پێویستە کەڵک لە هەموو هۆشو فانتازیی خۆیان بۆ دۆزینەوەی ئەو جۆرە بابەتانە وەرگرن. نموونەکان، هەواڵەکان، بابەتو ڕێپۆرتاژەکان بە مقەست دەبڕینو بە چەسپی ئاوی لەســەر کاغەزێکی گەورەیان دەچەسپێنین. زۆر باش دەبێ ئەگەر قوتابیەکان بتوانن ناوی ئەو بەندە لە بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤیش کە لەگەڵ بابەتەکە دێتەوە بنووسن. ٢٠ تا ٣٠ خولەک

٢ـ دواتــر هەرکام لــە گروپەکان ئاکامی کارو لکۆڵینەوەکانی خۆیــان لە پلینۆمێکی هاوبەشدا پێشکەشی یەکترو باسو گفتوگۆیەکی چڕوپڕ لەسەر بابەتەکان دەکەن.

ئەو شتەی لێرەدا فێری بووین بریتییە لە: مافەکانی مرۆڤ پێوەندییەکی قووڵو بەرینو هەموو لایەنەیــان لەگەڵ کۆمەڵگای ئێمە هەیە. هەر بۆیە پێوەندییەکی نزیکیش لەگەڵ ژیانی ئێمە پەیدا دەکەن. بەشــێکی زۆری ئەو کارو ڕووداوە ئەرێنیانەی لە کۆمەڵدا دەیانبینین بە ئاکامی جێبەجێ بوونو دابین کرانی مافەکانی مرۆڤ دادەنرێن. هەموو ئەو شتە نیگەتیڤانەش کە لە کۆمەڵگادا دێنە پێش، یان بەرچاو دەکەون، ئاکامی ڕاســتەوخۆی وەبەرچــاو نەگیرانو جێبەجێ نەکرانی مافەکانی مرۆڤــن. لەوەش زیاتر هەموو ئەو پرۆژەو کارو گەڵاڵەو بەرنامانەی بەجۆرێک لە کۆمەڵدا دەبینرێن، هەوڵو کۆششی ئێمەن بۆ باشتر بوونی وەزعی مافەکانی مرۆڤ.

دەتوانین بڵێین کە ئەوە مافەکانی مرۆڤ حەقیقەتو ڕاســتی‌یەکانی ژیانی ئێمە دیاری دەکەن. چ پیادە بوونو جێبەجێ بوونیانو چ پێشێل کرانیان ئاکامی ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانو چارەنووسی ئێمە وەک تاکو لەسەر ئەو کۆمەڵگایە هەیە کە تێی‌دا دەژین.

## مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتی من‌دا

**بابەت:** مێژووی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتی من‌دا

**ئامانج:** ئاشــنا بــوون لەگەڵ چۆنیەتیی بەرەو پێشــچوونی مافەکانی مرۆڤو کەســانێک کە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو مافو ئازادی‌یانە لە وڵاتەکەمان‌دا کارو خەباتیان کردوە.

ئایــا لەو وڵاتەدا کــە ئێمەی تێدا دەژین هەموو منداڵان مافی ئەوەیــان هەیە بچنە قوتابخانە؟ بخوێنن؟ دەستیان بێبەرامبەر وەخزمەتگوزاری‌یە پزشکیو تەندروستیو لەش ساخی‌یەکان رادەگا؟ ئایا لاوان پاش ئەوەی تەمەنیان گەیشتە ١٨ ساڵ دەتوانن لە هەڵبژاردندا بە ئازادی بەشداری بکەنو تەنانەت خۆشیان بۆ نوێنەرایەتیی پارلەمان کاندید بکەن؟

ئایا کرێکاران هەلومەرجێکی باشــیان بۆ ژیانو کار کردن لە شــوێنی کاردا بۆ دابین کراوە؟ ئایا کرێــکاران لە کاتی بێکاری‌دا بیمەی بێکاری وەردەگرن؟ ئایــا کرێکاران، کارمەندانو خەڵکی دیکە لە کاتی نەخۆشــی‌دا بیمەی نەخۆشــی وەردەگرن؟ ئایا خەڵک دەتوانن بــۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بە دژی سیاســەت یان بەرنامەیەکی دەوڵــەت، ئازادانە بۆ ڕاگەیەنە گشــتی‌یەکان ڕوانگەکانی خۆیان دەربڕن؟ ئایا خەڵک لە کاتی ناڕەزایەتی بەرامبەر سیاسەتێکی حکوومەت‌دا دەتوانن ئازادانە مانگرتنو خۆپێشاندان بەڕێوە بەرن؟ ئایا خەڵک ئازادن کارو چالاکیی سیاسیو مەدەنی بەڕێوە بەرنو لە هەر حیزبو ڕێکخراوێکی سیاسیو سینفی‌دا کە بیانەوێ، کارو چالاکی بکەن؟ وەڵامی ئەو پرسیارانە زۆر لایەنی ژیانی کۆمەڵگامان بۆ ڕوون دەکەنەوە. ڕەنگە بەشێکی زۆر لەو مافو ئازادیە جۆراوجۆرانەمان بۆ دەســتەبەر کرابن. ئەوە لە ئاکامی کارو خەباتی خەڵکێکی زۆر دایە کە ئێمە ئێســتا کەڵک لەو مافو ئازادی‌یانە وەردەگرین. چ لە ئاستی وڵاتی خۆمانو چ لە ئاستی دنیادا هەوڵو کۆششێکی زۆر ئەنجام دراوە تا ئەو مافو ئازادی‌یانە جێیان گرتووە. زۆرن ئەو کەسانەی لە مێژوودا بە خاتری کارو خەبات بۆ مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ ناوبانگیان دەرکردوە. مێژووی کوردســتان پڕیەتی لەو کەســە گــەورەو خەباتکارانە کە لە پێناو ئازادیو مافە نەتەوایەتیو ئینســانی‌یەکانی ئێمە خەباتیان کردوە. ئێمە نەوەی ئێســتا قەرزداری کارو خەباتی نەوەکانی پێشــووین. لەو بارەوە زۆرن ئەو کەسانەی لەو ڕێگایەدا تەنانەت گیانی خۆشــیان فیدا کردوە. ڕاســتی‌یەکەی ئەوەیە کە لە ئاکامی کارو خەباتو تێکۆشانی ئەو خەڵکانە دایە کە مافی مرۆڤ لە مێژوودا چۆتە پێشو پەرەی سەندوەو ئەوەتا هەر وا لە حاڵی گەشەسەندنی ڕۆژلەڕۆژ زیاتریش دایە.

ڕاستە لە ڕوانگەیەکی مێژووی‌یەوە چوونەپێشی مافەکانی مرۆڤ ئەرێنی دێتە بەرچاو، بەڵام وەک

دەبینین هێشتاش لە زۆر وڵاتدا، کارێکی بەرچاو بۆ ڕێز گرتن لە مافەکانی مرۆڤو دابین کردنیان نەکراوە. لەو بارەوە چ لە ئاستی دنیاو چ لە ئاستی وڵاتی خۆماندا ڕێگایەکی زۆر لەپێشە. بەڵام نابێ ماندوو بین. کارو خەبات بۆ دابین کردنو بردنە پێشی مافەکانی مرۆڤ، مانا بە ژیانمان دەدات. خەباتێکی ئەوتۆ ژیانی خۆمانو کۆمەڵگاکەمانو نەوەکانی داهاتووش خۆش دەکا.

## چۆنیەتیی جێبەجێ کرانی چالاکییەکە:

چالاکییەکە بەشێوەی کاری گروپی دەڕواتە پێش. قوتابیەکان دەبنە چەند گروپو دەچن لەسەر ئەو بابەتە کار دەکەن. دەکرێ بەشێوەی کاری پرۆژەیەش ئەنجام بدرێ. یانی بەشداران بڕۆن لەو بارەوە تەحقیقو لێکۆڵینەوە بکەن. دیارە کاری پرۆژەیی وەختێکی زۆرتری دەوێو بۆ ئەوە ڕەنگە قوتابخانەیەک کە لەسەر ئەم مەسەلەیە کار دەکا باشتر بێ تا بۆ کۆرسێک کە دەبێ لە ماوەیەکی کەمدا تەواو بێت. جیا لەوە کاری پرۆژەیی کارو ماندوو بوونی زۆرتر دەخوازێو قوتابی ناچار دەکا کە بڕوات بۆخۆی لەسەر پرۆژەکەی کارو لێکۆڵینەوە بکات.

## کات: لە یەک کاتژمێرەوە تا یەک حەوتوو.

**پێداویستی:** کاغەزو قەڵەم، کاغەزی گەورەو قەڵەمی تووش بۆ نووسین. هەندێک سەرچاوە تا قوتابیەکان بۆ دۆزینەوەی زانیاری کەڵکیان لێ وەرگرن وەک کتێبو گۆڤارو ڕۆژنامە، کتێبخانە، ئینتەرنێت.

ئامادەیی پێشوەخت: بەشدارانی کۆرسەکە پێویستە لە پێشدا هەندێک زانیارییان لەسەر مافو ئازادییەکانی مرۆڤو بەتایبەتی ئاشنایەتییان لەگەڵ بەندەکانی بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا هەبێت.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ مامۆستا بەشدارانی کۆرسەکە بە سەر چەند گروپی بچکۆڵەدا دابەش دەکات. ئەو گروپانە ئەرکیان ئەوەیە کە تەحقیقو لێکۆڵینەوە لەسەر چۆنیەتیی پەرەسەندنی مافەکانی مرۆڤ، بەتایبەتی لە وڵاتانی خۆیاندا بکەن. دەکرێ گروپێک لەوان لەسەر ئەو مەبەستە، لە ئاستی دنیادا کار بکات. ئەوە بەستراوەتەوە بە ڕادەی ژمارەی بەشداربووەکانی کۆرسەکەو ئاستی تواناو شارەزایی ئەوان. هەروەها مامۆستا دەکرێ داوا بکا کە قوتابیەکان لەسەر یەک بابەت، یەک لایەنی مافەکانی مرۆڤو بۆ نموونە مافەکانی منداڵان، کەمئەندامان، یان ئازادیی بەیان، کارو لێکۆڵینەوە بکەن. بەجۆرێکی دیکەش دەکرێ مامۆستا داوا لە گروپەکان بکات کە هەر یەکەیان سەبارەت بە بابەتێک یان لایەنێکی مافو ئازادییەکان کارو لێکۆڵینەوە بکەن. بۆ نموونە گروپی یەکەم کار لەسەر مافە ئابوورییەکان، گروپی

دووهەم کار لەســـەر مافەکانی ژنان، گروپی سێهەم لەسەر قەدەغەبوونی ئەشکەنجە، کاری منداڵان، ئاوارەکان، مافەکانی گەلو نەتەوە بندەستەکان، ئازادییە سیاسیو مەدەنییەکان بکەن. یان دەتوانن کار لەسەر چۆنیەتیی دروست بوونو شکڵ گرتنی دامەزراوە جیاجیاکان لە وڵاتی خۆیان یان وڵاتانی دیکەدا بکەن. وەک چۆنیەتیی دروست بوونی پارلەمان، سیستەمی خوێندنو پەروەردە، نەخۆشخانەو دامەزراوە تەندروستییەکان، ڕادیۆو تەلەفزیۆنو ڕۆژنامەکان، دەتوانن کار لەسەر هەموو ئەو ڕووداوانە بکەن کە بوونەتە هۆی باشتر بوونی وەزعی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتەکانیاندا، شۆڕشەکان، ڕاپەڕینەکان، ئاڵوگۆڕە سیاســـییەکان، شەڕو کێشـــە ناوچەییو نێوخۆییەکانو زۆر ڕووداوی دیکەش هەموویان دەتوانن ببنە کەرەسەو سووژەی کار لەسەر کردن. قوتابیەکان دەتوانن ئاکامی باسو لێکۆڵینەوەکانی خۆیان بە قســـە، بە وتار بە وێنەو فیلمو بەشـــێوەی چیرۆکو حکایەت، نامیلکەی بچووک، گۆرانیو شیعر، یان تێکەڵاوێک لەوانە لە پلێنۆمێکدا پێشکەش بکەن.

٢ـ لـــە کۆتایی ڕاهێنانەکەدا وەک وتمان قوتابیـــەکان کۆ دەبنەوەو ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانی خۆیان بە شێوەی پلینۆم لەگەڵ یەکتر باس دەکەن.

**لێرەدا ئێمە فێر بووین کە:**

ئەگـــەر لە وڵاتێـــک وەزعی مافەکانی مرۆڤ باشـــە، ئەوە هەروا ئاســـان لەخۆڕا پێـــک نەهاتووە. بەپێچەوانەوە ئاکامی زەحمەتو ماندوو بوونی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکە کە ســـاڵانێکی دوورودرێژ کارو خەباتیان بۆ کردووە. چونکە کۆمەڵ لە حاڵی پێشـــکەوتنو پەرەســـەندن دایە، لەســـەر یەک مافەکانی مرۆڤیش لە حاڵی پێشکەوتنو پەرەسەندنی بەردەوام دان. هەمیشە وایە کاتێک کۆمەڵ گەیشتە قۆناخێکو بەو مافو ئازادیو داخوازییانە گەیشت کە ماوەیەک کارو خەباتی بۆ کردوون، سەرلەنوێ پێداویستیی دیکە دێنە کایەو خەڵک داخوازی دیکە دێننە گۆڕو بۆ وەدەست هێنانیان تێدەکۆشـــن. بەم جۆرە پێشکەوتن ڕوو دەداو مافەکانی مرۆڤیش گەشە دەکەن. بۆ ئەوەی لەوەش بگەین کە ئەمڕۆ بۆچی وەزعی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتەکەماندا کەمێک باشترە وا باشە سەفەرێک بە مێژوودا بـــۆ دواوە بگەڕێینەوەو لاپەڕەکانی مێژووی ئەو چەند دەیەی وڵاتەکەمان هەڵدەینەوە، جا ئەو دەم بۆمان دەردەکەوێ کە بۆ پێک هاتنی ئەو وەزعەی ئەمڕۆ نەوەکانی پێشووتر چەندەیان خەباتو فیداکاری کردوە. ئەوە لە ئاســـتی دنیاشدا هەر ڕاســـتە. ئەگـــەر مێژووی ئەم یەک دوو چەرخەی مرۆڤایەتی تەماشا کەین بۆمان دەردەکەوێ لە هەموو وڵاتەکاندا خەباتو تێکۆشانێکی زۆر لـــە گـــۆڕێدا بووە بۆ مافو ئازادییەکانی مرۆڤو ئەو پێشـــکەوتنەی ئەمڕۆ بە پرۆســـەیەکی درێژخایەندا تێپەڕیوە. هەر بەو جۆرە ئێســـتاش هەر وایە، چ لە ئاستی دنیا داو چ لە ئاستی هەر وڵاتێکدا زۆرن ئەوانەی بێوچان بۆ بردنە پێشـــی مافو ئازادییەکانی مرۆڤ تێدەکۆشـــن. کەسو دەســـتەو تاقمو گروپی وا هەن هەموو تەمەمنیان بۆ کارو تێکۆشـــان لە پێناوی ئازادیو مافەکانی

مرۆڤدا تەرخان دەکەن.

زۆر جار دەبینین کە هەندێک کەس، بەهۆی کارو چالاکی‌یەکانیان بۆ دابین کردنی مافەکانی مـــرۆڤ، بە هۆی ئەوە کە ڕەخنە لە کاربەدەســـتانی وڵاتەکانیان ســـەبارەت بـــە مافەکانی مرۆڤ دەگرن، یان زوڵمو ســـتەمو بێعەداڵەتیی کاربەدەســـتان لەقاو دەدەن ناچـــار دەبن وڵاتی خۆیان بەجێ بێڵنو داوای پەنابەری لە وڵاتانی دیکە دەکەن. بەڕاستی هەندێک لەو کەسانە بە قارەمانی ڕێگای خەبات بۆ مافەکانی مرۆڤ دێنەئەژمار. ئەو جۆرە کەســـانە ژیانی خۆیان دەکەنە دەسمایەی خەباتو بەربەرەکانی بە دژی ســـتەمو چەوســـانەوەو بێعەداڵەتی. هەر بۆیە دەکەونە بەر پەلامارو ســـەرکوتو زەبروزەنگو شاڵاوی پۆلیسو کاربەدەســـتان. هەندێک لەو کەسانە لە وڵاتانی دیکەدا پەنایـــان دەدرێتیو پارێزگاریان لێ دەکرێ. ئەو کەســـانە جێگای ڕێـــزن. هەر لە وڵاتی خۆماندا ڕەنگە زۆر کەس بژین کە بەو هۆیەوە ناچار بوون وڵاتی خۆیان بەجێ هێشتبێ. بۆیە زۆر بەجێ‌یە کە لە شـــوێنەکانی کارو ژیانو خوێندندا تووشـــیان دەبین، وەبیرمان بێتەوە کە ئەوانە بەجۆرێک تێکۆشەری ڕێگای مافو ئازادی‌یەکانو هەر بۆیە ناچار بوون وڵاتو زێدو نیشتمانی خۆیان بەجێ بێڵن.

**ڕاهێنانی دیکە بۆ وردبوونەوەی زیادتر لەم بابەتەدا:**

**سەفەرێکی درێژ لە پێوەندی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا.**

١ـ مامۆســـتا باس لەوە دەکا کـــە بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ (١٩٤٨)و کۆنڤانســـیۆنی مافەکانی منداڵ (١٩٨٩) لە ڕوانگەیەکی مێژوویی‌یەوە بە دوکۆمێنتێکی تازە دادەنرێن.

٢ـ مامۆستا داوا لە قوتابیان دەکا لیستەیەک لەو کەسانە کە زانیاری‌یان سەبارەت بە چۆنیەتیی مافەکانی منداڵان هەیە، ئامادە بکەن. قوتابی‌یەکان دەچن هەتا چۆنیەتیی باری ژیانی منداڵان بۆ نموونە لە سەد ساڵ لەمەوبەردا لەو کەسانە بپرسن. دەکرێ ئەو پرسیارە لەدایکو باوکیان، داپیرەو باپیرە یا تەنانەت ئەم دراوسێ‌یانەیان کە تەمەنیان بەرەو ژوور چووە، بکەن. وا باشە پێشوەخت لەو بارەوە هەندێک پرسیار ئامادە بکرێن تا قوتابیەکان بۆ پرسیار کردن بەکاریان بێنن.

٣ـ باشـــتر وایە ئەو کەسانەی کە وتووێژیان لەگەڵ کراوە، دەعوەت بکرێن بێنە کلاسەکە یان کۆڕسەکەو لە نزیکەوە ئەزموونو تاقیکردنەوەو زانیاری‌یەکانیان بۆ بەشداربووەکان بگێڕنەوە. یان لە بەر دەمی بەشـــداربووەکاندا پرسیارەکانیان لێ بکرێ تا باقیی بەشداربووەکان گوێ‌یان لە وەڵامی ئەوان بێت. ئەگەر لەیەک کاتدا چەند کەس لەوانەی کە پرســـیاریان لێدەکرێ لە کلاســـەکەدا ئامادە بوون، وا باشـــە بۆ وەڵامدانەوەی پرســـیارەکان پێشـــتر لە نێو خۆیاندا هاوئاهەنگی دەگەڵ یەکتر بکەن.

٤ـ پاش ئەوەی وتووێژەکان تەواو بوون، مامۆستا داوا لە قوتابیان دەکا تا وەڵامی پرسیارەکان

لەگەڵ نێوەرۆکی بەندەکانی کۆنڤانسیۆنی مافەکانی منداڵان بەراورد بکەن.

بۆ لێدوان:

* ئایا پێشتر ڕێز لە مافەکانی منداڵان دەگیرا؟

* لە زەمانی پێشوودا کام لە مافەکانی منداڵان پشت گوێ خرابوون ؟

* ئایا حەزت لێ بوو لەو سەردەمەدا ژیابای کە باسی لێکرا؟

* ئایا لەودەمەوە تا ئێستا زۆر شت بە قازانجی منداڵان، لاوان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە؟ ئایا وەزع باشتر بووە یان خراپتر بووە؟

* ئایا شـــوێنێک هەیە ئەمڕۆ لە دنیادا کە وەزعی ژیانو گوزەرانی منداڵان لەوێدا وەک ئەو سەردەمە قەدیمی‌یانە بێ کە باسیان لێکرا؟

پیادەکردنی یاساو قانوونە نێونەتەوەیی‌یەکان ئەرکی سەر شانی دەوڵەتە. (٦٣-٥٨)

بابەت: چۆن بەیاننامە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافی مرۆڤ، ئاڵوگۆڕ لە دەوڵەتەکان‌دا پێک دێنن؟

ئامانج: وەدەست هێنانی زانیاری سەبارەت بەوە کە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانو ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکانـــی دیکە بەیاننامـــەو ڕێککەوتننامە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندیـــدار بە مافەکانی مرۆڤ ئامادەو پەســـند دەکەنو بەرپرســـایەتیی دەوڵەتەکانیش بریتیین لـــەوە کە ئەو بەڵگەنامە نێونەتەوەیی‌یانە جێبەجێو پیادە بکەن.

کاتێـــک باس لە مافـــی مرۆڤ دەکرێ، زۆرتر باس لە پێشـــێل کرانـــی مافەکانی مرۆڤ دێنە پێشەوە. وا باوە کە ڕاگەیەنە گشتی‌یەکان پتر هەواڵو باس‌وخواسی کێشەو هەراو شەڕو ئاژاوە بڵاو دەکەنەوە. بەو حاڵەش دەبێ بزانین کە هەمو ڕۆژێ کارو تێکۆشـــانێکی بەرچاو بۆ باشـــتر کردنی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ بەڕێوە دەچێ. ئەمەش بۆخۆی مافەکانی مرۆڤ دەباتە پێشەوە. یەکێک لە گرینگترینی ئەو ئەکتەرانەی کە لە ئاســـتی دنیادا لە پشتی ئەو کارو تێکۆشانەوە بووە کە بۆ مافی مرۆڤ ئەنجام دەدرێ، ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە. پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافی مرۆڤ، لەو ڕێکخراوەدا پەسند دەکرێن. دواتر دەوڵەتەکان پاش ئیمزا کردنو قبووڵ کردنیان، بەرپرسایەتیی جێبەجێ کردنو پیادە کردنی ئەوان وەئەستۆ دەگرن. پرسیار ئەوەیە کە ئەو پرۆسەیە چۆن دەڕواتە پێـــش؟ وەختێک دەوڵەتێک پەیماننامەیەکـــی نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ واژۆ و قبووڵ دەکا، چ دەگەیەنـــێ؟ ئەو کارە لە کردەوەدا چ بەرپرســـایەتی‌یەک دەخاتە ســـەر دەوڵەت؟ جیاوازیی نێوان بەیاننامەو ڕاگەیەنراوەکان لەگەڵ پەیماننامەو کۆنڤانســـیۆنەکان لەچـــی دایە؟ چۆن ئەو بەڵگەنامە نێونەتەوەیی‌یانە کاریگەری لە سەر ژیانی ڕۆژانەو واقعییەتەکانی ژیانی کۆمەڵ دادەنێن؟

**جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:**

ئەم چالاکی‌یە بەشـــێوەی باسو گفتوگۆ لە نێوان مامۆســـتاو بەشداربووەکانی کۆرسەکەدا دەڕواتە

پێش. مامۆستا لە پێش‌دا کورتە باسێک سەبارەت بە بابەتەکە پێشکەش دەکا. پاشان گرنگترین چەمکە پێوەندیدارەکان بەو باسە شی دەکاتەوە. زۆر گرنگە کە مامۆستا ئەو مەسەلەیە کە چۆن پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکانی ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان دەبنە هۆی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە دەوڵەتەکان‌دا، ڕوون کاتەوە.

**کات:** ٤٥ تا ٦٠ خولەک

**پێداویستی:** تەختەڕەشەو گەچ یا کاغەزی گەورەو قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ بۆ نووسین.

ئامادەکاریی پێشوەخت: مامۆستا دەبێ زانیاریی تێروتەسەل سەبارەت بە چۆنیەتیی شوێن دانانی پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافی مرۆڤ لەسەر دەوڵەتەکان هەبێ. وا باشە لەو بارەوە لەپێش‌دا خۆی حازر کردبێ.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ مامۆستا پرسیار دەکا کە ئایا لە دنیای ئەمڕۆدا ئیمکانی هەیە منداڵێک لە دەرەوەی دەوڵەتێک‌دا لەدایک بێ؟ واتە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە دنیای ئەمڕۆ لە دەوڵەتەکان پێک هاتووەو یاساوڕێسا نێونەتەوەیی‌یەکانیش لەسەر بنچینەی ئەو ڕاستی‌یە دامەزراون. (زۆر باشە کەڵک لە نەخشەی سیاسیی دنیا وەرگرێ). دەزانین پتر لە حەوت ملیار کەس لەسەر ڕووی زەوی دەژین. هەموو ئەو خەڵکانە لە چوارچێوەی دەولەتەکان‌دا لەدایک بوون. دەوڵەتەکان لەلایەن کاربەدەستانیان واتە پارلەمان‌و حکوومەتەوە بەڕێوە دەبردرێن. حکوومەتەکان لەڕێگای بەڕێوەبردنی هەندێک سیاسەت‌و ڕێساو یاسا هاووڵاتیان ئیدارە دەکەن.

٢ـ مامۆستا درێژە بەباسەکەی دەدا:

کاتێک کاربەدەستانی دەوڵەتێک پەیماننامەیەکی نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ ئیمزاو قبووڵ دەکەن، مانای ئەوەیە کە ئەوان بەرپرسایەتەیی ڕێز لێ گرتن، وەبەرچاو گرتن‌و پیادە کردنی بەندەکانی پەیماننامەکەش دەگرنە ئەستۆ. پاشان مامۆستا دەپرسێ کە چۆن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کۆنڤانسیۆنێک، پەیماننامەیەکی نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ ئامادەو پەسند دەکا؟ وەڵامی پرسیارەکەش بەو جۆرە دەداتەوە:

دەوڵەتەکان لە ئاکامی باس‌و دیالۆگ‌و وتووێژێکی هەمەلایەنەدا کە هەموو دەوڵەتەکان بەشداریی تێدا دەکەن، کۆنڤانسیۆنەکە ئامادە دەکەن. پاشان دوای کارو تاوتوێ کردنێکی زۆرو بنەڕەتی، بەجۆرێک کە ڕوانگەو بۆچوونەکانی هەموویانی تێدا جێ کرابێتەوە لەسەر فۆرم‌و نێوەرۆکی بەندەکانی پەیماننامەکە بە کۆدەنگی دەگەن. کاتێک پەیماننامەکە ئیمزا دەکەن، بەو مانایەیە کە لەسەر فۆرم‌و نێوەرۆکی پەیماننامەکە بە کۆدەنگی گەیشتوون. بۆیە پەیماننامەکە بە ئاکامی کۆمپرۆمیسی نێوانیان‌و گەورەترین کۆڵەکەی هاوبەشی نێوانیان لەقەڵەم دەدرێ.

**بەڵگەنامە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافەکانی مرۆڤ بەسەر دوو جۆری سەرەکی‌دا دابەش دەکرێن: بەیاننامەکان‌و کۆنڤانسیۆنەکان یا پەیماننامەکان.**

بەیاننامەیەکـــی ڕێکخـــراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەســـەر مافەکانی مرۆڤ، تەنیـــاو تەنیا حوکمی سیاسی‌و ئەخلاقیی هەیەو بەس، بەڵام ئیمزاو قبووڵ کردنی هەرکام لە کۆنڤانسیۆنەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەرکی قانوونی‌و بەرپرســـایەتیی قەزاییش دەخاتە سەر دەوڵەت. بەجۆرێک کە دەبێ بەندەکانی ئەو کۆنڤانسیۆنە جێبەجێ‌و پیادە بکات. هەر بۆیە لە زۆر حاڵەت‌دا بەپێی یاسایەک کە لە پارلەمانی وڵاتەکەوە دەردەچێ، کۆنڤانســـیۆنەکان دەبنە بەشـــێک لە سیستەمی قانوونیی ئەو وڵاتە.

کاتێک دەوڵەتێک کۆنڤانســـیۆنێکی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئیمزاو قبووڵ دەکا، دەبێ هەموو یاســـاو ڕێساکانی وڵات بەجۆرێک دارێژنەوە کە ناتەباییان لەگەڵ بەندەکانی ئەو کۆنڤانسیۆنەدا نەبێ. بە واتەیەکی دیکە جەوهەرو نێوەرۆکی بەیاننامەو کۆنڤانسیۆنەکان سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ لە یاساوڕێســـاو سیســـتەمی دادوەری‌و قەزایی دەوڵەتەکە دا ڕەنگ دەدەنەوە، پاش ئـــەوەش دیالۆگێکی بـــەردەوام لە نێوان ئەو دەوڵەتەو ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان‌دا ســـەبارەت بە چۆنیەتیی بردنە پێش‌و پیادە کردنی کۆنڤانســـیۆنەکە هەر درێژەی دەبێ. دەوڵەتەکە پێویســـتە ناوبەنـــاو ڕاپۆرتێکی تێروتەســـەل لەمەڕ چۆنیەتیـــی کار کردن بۆ پیادە کـــردن‌و جێبەجێ کردنی کۆنڤانسیۆنەکە بە ئۆرگانە چاوەدێرەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بدا. هەر چوار ساڵ جارێک کاربەدەســـتانی دەوڵەتەکان ڕاپۆرتی خۆیان ســـەبارەت بە هەوڵ‌و کۆششەکانیان بۆ جێبەجێکردنی کۆنڤانسیۆنەکە پێشکەش بە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکەن. ئۆرگانە پسپۆڕو چاوەدێرەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانیـــش بەنـــۆرەی خۆیـــان بەوردی بە ڕاپۆرتـــەکان‌دا دەچنـــەوەو لایەنە بەهێزو لاوازەکانیان دەستنیشان دەکەن‌و لە هەر کوێ پێویست بێ، بۆ باشتر بوونی چۆنیەتیی چوونە پێشی پرۆســـەی کارەکە ڕوانگەو ڕەخنەو بۆچوونەکانی خۆیان دەردەبڕن. لەوەش زیاتر ئەگەر پێویست بێ یارمەتیـــی جۆراوجۆر، بەتایبەتی لە باری تکنیکی‌و شـــارەزایی‌یەوە بە دەوڵەتەکان دەکەن تا بتوانن باشتر کۆنڤانسیۆنەکان پیادەو جێبەجێ بکەن.

**ئەو شتەی لێرەدا فێری بووین بریتی‌یە لە:**

لە پێوەندی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا زۆرتر باس لە پێشێل کرانی ئەوان دەکرێ. زۆر بە کەمی باسێک لەو کارو چالاکی‌و پڕۆژەو بەرنامە جۆراوجۆرانە دەکرێ کە لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا بۆ بردنە پێشی مـــافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ بەڕێوە دەچن. بۆیە زۆر گرنگـــە کە باس لەوەش بکەین ئەمڕۆ زۆربەی دەوڵەتەکانی دنیا کۆنڤانســـیۆنە جۆراوجۆرەکانی مافەکانی مرۆڤیان پەسندو ئیمزا کردوون. ئەمە بەو مانایەیە کە ئەوان بەرپرســـایەتیی دابین‌و جێبەجێ کردنی بەندەکانی ئەو کۆنڤانسیۆنانەیان وەئەستۆ

گرتووە. ئەوە مانایەکی دیکەش دەبەخشێ. ئەویش بریتیە لەوە کە دەوڵەتەکان ئەوەیان قبووڵ کردوە کە تێدەکۆشـــن یاساوڕێسا نەتەوەییەکانیان واتە سیستەمی قەزاییو دادوەریی وڵاتەکانیان لەگەڵ کۆنڤانســـیۆنە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ هاوئاهەنگ بکەن. لەوەش زیاتر کاریگەریی لەو جۆرە ئەو مانایەشـــی هەیە کە هەموو ئەو کەســـانەی وەک کاربەدەســـتی دەوڵەت کار دەکەن، وەک پۆلیس، کاربەدەستانی نێو زیندانەکان، دادگاکان، وەزارەتخانە جۆراوجۆررەکانو هتد، دەبێ لە کردەوەدا ڕێز لەو مافو ئازادییانە بگرن کە لە کۆنڤانسیۆنەکاندا هاتوونو دەستەبەریان بکەن. هەر بۆیە دەوڵەت لەســـەریەتی بە شـــێوەی جۆراوجۆر زانیاری لەســـەر مافەکانی مرۆڤو بەندەکانی کۆنڤانسیۆنەکان بداتە کاربەدەســـتانی خۆی تا لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیـــاندا بەجۆرێک کار نەکەن کە ببێتە هۆی پێشـــێل کرانی مافەکانی مـــرۆڤ. ئەمەش بۆخۆی هەنگاوێکی گەورەیە بۆ پێشـــەوە. هەر بەو جۆرە دەوڵەت ئەرکی ئەوەشـــی لەسەر شانە کە بەردەوام سەبارەت بە مافو ئازادییەکانی مرۆڤ زانیاری بە هاووڵاتیان بدا.

لە ماوەی شەســـت حەفتا ســـاڵی ڕابردوودا مافەکانی مرۆڤ پەرەیان سەندووە، ئەو پێشکەوتنو پەرەسەندنە بە سێ قۆناخدا تێپەڕیوە:

١ـ قۆناخـــی دانانی یاساوڕێســـاکان (ئامـــادە کردنو پەســـند کردنی بەیاننامەو کۆنڤانســـیۆنە نێونەتەوەییەکانی مافەکانی مرۆڤ.

٢ـ قۆناخی قبووڵ کردنو ئیمزا کرانی پەیماننامەو بەیاننامە جۆراوجۆرەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن دەوڵەتەکانەوە.

٣ـ قۆناخی پیادەکردنو جێبەجێ کردنی کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکان لەلایەن دەوڵەتەکانەوە.

## هەندێک زانیاری سەبارەت بە بەیاننامەو کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ

هەر ڕاگەیەنـــراو یان بەیاننامەیەکی ڕێکخـــراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەســـەر مافەکانی مرۆڤ بە بەڵگەنامەیەکی سیاســـیو ئەخلاقیی زۆر گرنگ دادەنرێو دەوڵەتەکان ناچارن لە سیاســـەتو کارو هەڵوێســـتەکانیاندا سەرنجی بدەنێو حیســـابی بۆ بکەن. کاتێک دەوڵەتێک بەفەرمی لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتـــووەکاندا دەنـــگ بە بەیاننامە یـــا ڕاگەیەنراوێک دەدا، بەو جۆرە ســـیگناڵ بۆ هەموو دەوڵەتەکانی دیکە دەنێرێ کە پشتیوانی لە جەوهەرو نێوەرۆکی بەیاننامەکە دەکات. چۆن لە ژیانی شەخســـیو پێوەندیی نێوان مرۆڤـــەکاندا زۆر گرنگە کە مرۆڤ خاوەنی قســـەی خۆی بێو قەولو بەڵێنییەکانی جێبەجێ بکا، لە ئاســـتی نێونەتەوەییو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیشدا هەر وایە. ئەگەر مرۆڤ قســـەیەک بکاو بەپێچەوانەی ئەو قســـەیەش ڕەفتار بکا، پرســـتیژو ئیعتیباری خۆی لەدەســـت دەدا. هەر بەو جۆرە بۆ دەوڵەتەکانیش ڕاســـتە. ئەگەر دەوڵەتێک لە ئاستی نێونەتەوەییدا دەنگ بە بەیاننامەیـــەک یان ڕاگەیەنراوێکی نەتەوەیەکگرتووەکان لەســـەر مافەکانی مرۆڤ بداو لە

کــردەوەش‌دا بەپێچەوانەوە ڕەفتار بکا، ئیعتیباری خۆی لەدەســت دەداو لە ئــاکام‌دا وڵاتانی دیکە پێوەنــدیو هاوکاری‌یەکانــی خۆیانی لەگەڵ کــەم دەکەنەوە یان دەپچڕێنن، بــەڵام بەپێچەوانەی ڕاگەیەنراوەکان، کۆنڤانسیۆنەکانی مافی مرۆڤ، حوکمی یاساو قانوونیان هەیەو بەرپرسایەتیی قانوونی دەخەنە ســەر شانی دەوڵەت. واتە ئەگەر دەوڵەتێک ئەو کۆنڤانسیۆنانەی ئیمزاو قبووڵ کرد، لە باری قەزایی‌یەوە، لە باری قانوونی نێودەوڵەتی‌یەوە بەرپرســە تا بەندەکانی کۆنڤانســیۆنەکەش جێبەجێ بکات. دیارە ئەو کارە بە پرۆسەیەکی تایبەتی دا دەڕوا. بۆ نموونە لەپێش‌دا پارلەمانی ئەو وڵاتە دەبێ کۆنڤانســیۆنەکە پەسند بکات تا بکەوێتە حاڵی جێبەجێ کردنەوە. کاتێک دەوڵەت کۆنڤانسیۆنەکەی ئیمزاو پەسندو قبووڵ کرد ئیتر ئەرکی دەکەوێتە سەر شان کە:

١ـ پەیڕەوی لە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافی مرۆڤ بکات. بە شێوەیەکی ئاسایی ئەوەش بەوە جێبەجێ دەبێ کە کۆنڤانسیۆنەکان لە یاساو قانوونەکانی وڵاتەکەدا جێگایان بۆ بکرێتەوە.

٢ـ ناوبەناو هەر چوار ساڵ جارێک سەبارەت بە چۆنیەتیی کار بۆ جێبەجێ کردنی کۆنڤانسیۆنەکە، ڕاپۆرتی تەواو پێشکەشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بکا.

جــار جار دەوڵەتەکان ئەوەش قبــووڵ دەکەن کە نوێنەرانی ڕێکخــراوی نەتەوەیەکگرتووەکان یــان ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکانی دیکە بۆ لێکۆڵینەوەو ڕاپۆرت ئامادە کردن ســەبارەت بە وەزعی مافەکانی مرۆڤ سەردانی وڵاتەکانیان بکەن. شایانی باسە دەوڵەتەکان لە کاتی قبووڵ کردنو ئیمزا کردنی کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافی مرۆڤدا، حەقی ئەوەیان پێدەدرێ کە لە هەلومەرجی تایبەتی‌دا وەک هاتنە گۆڕی شــەڕو کێشــە خۆیــان لە جێبەجێ کردنی بەند یــان چەند بەندی کۆنڤانســیۆنەکە ببوێرن. بەمە دەوترێ Derogation. هەر بەو جۆرە مافی ئەوشــیان هەیە لە کاتی ئیمزاو قبووڵ کردنی کۆنڤانســیۆنەکەدا ڕاگەیەنن کە بەرپرسایەتیی بەڕێوەبردنی بەندێک یان چەند بەند لە پەیماننامەکە وەئەستۆ ناگرن.

## چۆن پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەر دەوڵەتەکان کاریگەر دەبن؟

بەڵگەنامەکانــی نەتەوەیەکگرتووەکان مەشــرووعیەتی نێونەتەوەیی‌یان هەیە. هەر بۆیە دەوڵەتەکان ناچارن ســەرنجیان بدەنێ. ئەو بەڵگەنامانە یان بەشــێوەی بەیاننامە یا بە شــێوەی کۆنڤانســیۆن ئامادەو پەســند دەکرێــن. دواتر لەلایەن پەرلەمانی وڵاتەکانەوە پەســند دەکرێنو کاربەدەســتان لەســەریانە وەبەرچاویان بگرن. بەڵام پەســند کردن، ئیمزاو قبووڵ کردنی کۆنڤانسیۆنەکان ئەرکی قانوونیو قەزایی دەخاتە ســەر شــانی دەوڵەت کە ئەو پەیماننامانە بەڕێوە بەرێ. بۆ ئەوەش دەوڵەت کۆنڤانســیۆنەکان لە یاســاکانی وڵاتدا جێ دەکاتەوەو پاشــان هەر چوار ســاڵ جارێک سەبارەت بــە چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی کۆنڤانســیۆنەکە ڕاپۆرت بە ڕێکخــراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەدا.

ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش بە نۆرەی خۆی ئەگەر پێویســـت بێ ڕێوشـــوێنو ڕاسپاردەکانی خۆی بۆ باشتر بەڕێوە چوونی کۆنڤانسیۆنەکە لە ئیختیاری دەوڵەتی ناوبراو دادەنێ.

## پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە ئاستی میللی یان دەوڵەتدا. دەوڵەتو ئەکتەرەکانی دیکەی چالاک لەو بوارەدا

**بابەت:** چۆن ئەکتەرە نەتەوەیی‌یەکان مافەکانی مرۆڤ بەڕێوە دەبەن؟ (٦٧-٦٠)

**ئامانج:** فێربوون لەسەر ئەوە کە جێبەجێو پیادەکردنی مافەکانی مرۆڤ پێش هەموو شتێک ئەرکی ســـەر شانی کاربەدەستانی دەوڵەتە. پاشان ئەکتەرەکانی دیکەش لەو بارەوە ئەرکیان دەکەوێتە سەر شان.

پێش هەر کەسێکی تر ئەوە کاربەدەستانی دەوڵەتن کە بۆ پیادە کردنی مافەکانی مرۆڤ ئەرکیان دەکەوێتە سەر شان. بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە ئەکتەرەکانی دیکە لەو بارەوە بەرپرسایەتی‌یەکیان نیە. ڕاگەیەنە گشـــتی‌یەکان، ڕێکخراوە غەیرە دەوڵەتی‌یـــەکان، کارگەو کارخانەو دامەزراوە ئابووریو بازرگانی‌یەکانو تەنانەت تەک تەکی ئینســـانەکانیش لـــە پێوەندی لەگەڵ ڕێز گرتن، دابین کردنو بەرەوپێش بردنی مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤدا بەرپرسیارنو دەتوانن ڕۆڵی کاریگەر بگێڕن.

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

ئەم چالاکی‌یە بەشـــێوەی باسو دیالۆگێکی کراوە لە نێوان مامۆستاو بەشدارانی کۆڕسەکەدا بەڕێوە دەچێ. دەکرێ فێرخوازەکان بەســـەر چەند گروپدا دابەش بنو ئەو گروپانەو مامۆستاکەیان پێکەوە لەسەر بابەتەکە باسو دیالۆگ بکەن. زۆر گرنگە گفتوگۆکان ئاواڵاو کراوە بن.

**کات:** ٤٥ خولەک تا سێ کاتژمێر.

**پێداویستی‌یەکان:** تەختەڕەشو گەچ یا کاغەزی گەورەو قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ بۆ نووسین.

ئامادەکاریی پێشوەخت: وا باشە مامۆستا خۆی بۆ باسێکی چڕوپڕو تێروتەسەل لەسەر چۆنیەتیی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتەوە ئامادە کردبێت.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ مامۆستا باسەکەی بەو پرسیارە دەست پێ دەکا کە کێ بەرامبەر پاراستنو پەرەپێدانی مافەکانی مرۆڤ لە هەر وڵاتێکدا بەرپرســـیارە؟ دواتر وەڵامی ئەو پرسیارە بەم جۆرە دەداتەوە کە: پێش هەر کەس دەوڵەت لەو بارەوە ئەرکی دەکەوێتە ســـەر شـــان. مافەکانی مرۆڤ ئەو مافو ئازادی‌یانەن کە بەگوێرەی قانوون پێویستە دەستەبەر بکرێن. هەر بۆیە ئەرکی دەوڵەتە کە ئەو بەرپرسایەتی‌یە بەڕێوە بەرێ. پاشان مامۆستا بەوردی باس لەو ڕێگاو شێوازو مێتۆدانە دەکا کە دەوڵەت لە ڕێگای ئەوانەوە

دەتوانیّ مافو ئازادی‌یەکانی هاوولاّتیان دابین‌و دەستەبەر بکات بۆ نموونە:

یاساو قانوون: ئەرکی سەر شانی پارلمان ئەوەیە کە لە یاساو قانوونەکانی ولاّت‌دا جیّگا بۆ کۆنڤانسیۆنە نیّونەتەوەیی‌یەکانی مافی مرۆڤ بکاتەوە. یان یاساو قانوونەکانی ولاّت بەجۆریّک داڕێژریّ کە لەگەلّ کۆنڤانسیۆنە نیّونەتەوەیی‌یەکان هاوئاهەنگ بن. دەسەلاّتی بەڕیّوەبەرییش واتە حکوومەتیش بە هەموو دامودەزگاکانیەوە پیّویستە تیّکۆشیّ گیان وەبەر یاساکان بنیّ‌و بەکردەوە جیّبەجیّ‌یان بکات.

دەسەلاّتی قەزایی‌و دادوەری: لە هەر جیّ‌یەک و لە هەر کاتیّکدا مافو ئازادی‌یەکانی خەلّک بە گشتی یان کۆمەلّە خەلّکیّک یان تاکەکەسیّک بکەونە بەر پەلامارو پیّشیّل کران، کاربەدەستانی دەزگای قەزایی‌و دادوەری پیّویستە لیّکۆلّینەوەی لەسەر بکەن‌و بەدواداچوونی بۆ بکەن. پۆلیس پیّویستە لەو بارەوە لیّکۆلّینەوە بکات، پەروەندەکەی ڕەوانەی دادگا بکات‌و دادگاش بڕیاری خۆی لەسەر بدات. هەر چەشنە پەلامارو پیّشیّل کرانی مافو ئازادی‌یەکانی تاکەکەس، یان گروپیّک لە خەلّک دەبیّ مەحکووم بکریّ.

* دامەزراندنی ئەو بنیات‌و دامودەزگا جۆراوجۆرانەی کە چاوەدیّری پاراستن‌و وەبەرچاو گرتنی مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ دەکەن. بۆ نموونە ئیدارەی پاریّزگاری لە مافەکانی مندالاّن، ئیدارەی پاریّزگاری لە مافەکانی ژنان، ئیدارەی خەبات بە دژی جیاوازیدانان‌و هەلاّواردن‌و هتد.

* بلاّو کردنەوەی زانیاری‌و وشیاری لەسەر مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ. بەتایبەتی دانی زانیاریی پیّویست لەسەر مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ بە دامودەزگاو بنیاتە جۆراوجۆرەکانی دەولّەت‌و کاربەدەستانی حکوومەت. زۆر گرنگە لە قوتابخانەکانیش‌دا مافەکانی مرۆڤ وەک دەرس بگوتریّتەوە.

* دەولّەت پیّویستە خۆشی ڕیّز لە مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ بگریّ. بەومانایە کە دامودەزگا دەولّەتی‌یەکان، پیّویستە بەگویّرەی ستاندارەکانی مافی مرۆڤ لەگەلّ هاوولاّتیان هەلّسوکەوت‌و ڕەفتار بکەن. لەوەش زیاتر لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆشیان‌دا پیّویستە ڕیّز لە مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ بگرن‌و بەگویّرەی ئەوان بجوولّینەوە.

٢ـ مامۆستا دریّژە بە پرسیارەکانی دەداو دەلّیّ: بیّجگە لە دەولّەت کامانەن ئەو ئەکتەرانەی دیکە کە دەتوانن کار بۆ پیّشخستنی مافەکانی مرۆڤ بکەن؟ چۆن دەتوانن کاریّکی لەو چەشنە بەڕیّوە بەرن؟

* میّدیاکان: ئەوان دەتوانن پاریّزەری سەرەکی مافو ئازادی‌یەکانی هاوولاّتیان بن. مافەکان بخەنە بەر باس‌و لیّدوان، پیّشیّل کرانی مافو ئازادی‌یەکان لەقاو دەن، گیروگرفت‌و کەموکووڕی‌یەکانی ژیانی هاوولاّتیان لە ڕیّگای هەوالّ‌و وتارو ڕیّپۆرتاژەوە نیشان دەن. بیروڕای گشتی لەسەر مەسەلەو کیّشەکان ئاگادار کەن‌و هتد.

* ڕیّکخراوە غەیرە دەولّەتی‌یەکان: بنیاتی پاریّزگاری لە مندالاّن، خاچی سوور، ڕیّکخراوی لیّبووردنی نیّونەتەوەیی، یەکیەتیی کریّکاران، یەکیەتیی مامۆستایان، ڕیّکخراوەکانی داکۆکی لە

مافەکانی ژنانو هتد. لەو بارەوە چ دەکەن؟ دەتوانن چ بکەن؟

* کارگەو کارخانەکان و ناوەندە ئابووریو بازرگانییەکانیش، بە ڕێز گرتن لە مافو ئازادییەکانی مرۆڤو دابین کردنی مافو ئازادییەکانی کرێکارانو کارمەندەکانیان دەتوانن کار بۆ بەرەوپێش بردنی مافەکانی مرۆڤ بکەن.

* تاکە کەسەکان: ئێمەش وەک تاکەکەس دەتوانین کارێکی زۆر بۆ پێشخستنی مافی مرۆڤ بکەین. بۆ نموونە لە ڕێگای ڕێز گرتن لە مافو ئازادییەکانی خەڵکانی تر، لە ڕێگای لەقاودانی پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤ، لە ڕێگای نووسینی وتارو بابەتی جۆراوجۆر بۆ ڕاگەیەنە گشتییەکانو بە تایبەتی ڕۆژنامەکان لە سەر کێشەو کەموکوورییەکانی نێو کۆمەڵ، لە ڕێگای بەشداری کردن لە مانگرتن، ڕێپێوانو خۆنیشاندانو میتینگو کۆبوونەوە جەماوەرییە بەرینەکان لە پێوەندی لەگەڵ ناڕەزایەتی دەربڕین سەبارەت بە پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤ داو هتد.

بۆ لێدوانی زۆرتر:

بۆچی کاربەدەستانی دەوڵەت لە پێوەندی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا بە گرنگترین ئەکتەر دادەنرێن؟

ئایا دەتوانین بڵێین کە ئەکتەرە جۆراوجۆرەکان، تەواوکەری کاری یەکترن؟ چۆن؟

## لێرەدا فێر بووین کە:

کاربەدەستانی دەوڵەت لە کۆمەڵدا دەسەڵاتی سیاسییان بەدەستەوەیە ئەوان لە ڕێگای دانانو پەسند کردنی یاسا جۆراوجۆرەکانەوە شوێنەوار لەسەر ژیانو چارەنووسی خەڵک دادەنێن. هەروەها ئەوە کاربەدەستانی دەوڵەتن کە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەیییەکانی مافی مرۆڤ پەسند، ئیمزاو قبووڵ دەکەنو لەو ڕێگایەوە بەرپرسایەتیی پیادە کردنو جێبەجێ کردنی ئەوان دەگرنە ئەستۆ. هەر بۆیەش خەڵک و بیروڕای گشتیو قانوونو کۆمەڵگای جیهانییش، دەوڵەتەکان بە بەرپرسی دابینو دەستەبەر کردنی مافو ئازادییەکانی مرۆڤ دەزانن. بەڵام جگە لە دەوڵەت ئەکتەری دیکەش هەن کە لەو مەیدانەدا ڕۆڵ دەگێڕن. وەک ڕاگەیەنە گشتییەکان، ڕێکخراوە غەیرە دەوڵەتییەکان، کارگەو بنیاتە ئابووریو بازرگانییەکان. هەر کام لەوانەش ڕۆڵو دەسەڵاتی جۆراوجۆریان لەو پێوەندییەدا هەیە. هەر کام لەوان دەتوانن لە ڕێگای خۆیانەوەو بە شێوازی خۆیان شوێن لەسەر کۆمەڵ دانێنو بۆ بردنە پێشی مافەکانی مرۆڤ هەوڵ بدەن. پێویستە ئەوەش بزانین کە ئێمەش مرۆڤەکان وەک تاک لە زۆر بوارەوە دەتوانین کار بۆ بەرەوپێش بردنی مافو ئازادییەکانی مرۆڤ بکەین.

## چالاکیی زیاتر:

بەشدارانی کۆرسەکە دەتوانن بەسەر چەند گروپدا دابەش بن. هەر گروپە دەتوانێ لەسەر یەکێک

لــەو ئەكتەرانەی كە باســمان كــردن، كارو لێكۆڵینەوە بكا. بۆ نمونە ئــەو ئەكتەرە چ دەكا؟ چۆن كار دەكا؟ لــە كام بواردا ڕۆڵی زۆرتر دیارە؟ بۆ نموونە گروپێــك دەتوانێ دامەزراوێكی حكوومەتی هەڵبژێــرێ‌و بزانێ دامەزراوی ناوبــراو چۆن كار بۆ پەرەپێدانی مافەكانی مــرۆڤ دەكا؟ یا دەتوانن ڕێكخراوێكــی پارێزگاری لە مافەكانی مرۆڤ دیاری كەن‌و ناوبراو بە چ شــێوەیەک دیفاع لە مافو ئازادی‌یەكانی مرۆڤ دەكات؟ بۆ نموونە ڕێكخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، خاچی ســووری جیهانی، مانگی سوور. دەكرێ یەكێک لە گروپەكانیش تاكەكەس بۆ كار لەسەر كردن هەڵبژێرن. سەرەنجام دەتوانن هەموو گروپەكان لە پلێنۆمێكدا ئاكامی باس‌و لێكۆڵینەوەكانیان پێشــكەش یەكتر بكەن‌و زانیاری‌یەكانیان لەگەڵ یەكتر بەش كەن.

### دیسانیش چالاكیی زۆرتر:

دەكرێ بەشدارانی كۆرسەكە بە سەر چەند گروپدا دابەش بكرێن‌و هەر گروپە سەبارەت بە یەكێك لــە گیروگرفتەكانی پێوەندیــدار بە مافەكانی مرۆڤەوە كارو لێكۆڵینەوە بــكات؟ بۆ نموونە گروپێك دەتوانێ مەســەلەی ئاوارەو پەنابەران هەڵبژێرێ‌و یان مەسەلەی مافەكانی منداڵان، ژنان، كرێكاران یان مافەكانی كەم‌ئەندامان هەڵبژێرێ‌و كاریان لەســەر بكات. قوتابیەكان دەتوانن لەســەر ئەوە كار بكەن كە چۆن دەوڵەت یا ئەكتەرەكانی تر، بۆ دابین‌و جێبەجێ كردنی مافی ئەو دەســتەو گروپانە كار دەكەن. دەتوانن بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا بگەڕێن:

❊ یاساكان لەو بارەوە چ دەڵێن؟

❊ ئایا ئێستا بۆ پاراستنی ئەو مافانە یان مافی ئەو بەشە لە هاووڵاتیان دامودەزگایەكی دەوڵەتی دروست كراوە؟



❊ ئایا ڕێكخراوی تایبەت بۆ كارو تێكۆشــان لەو بــوارەدا دامەزراون؟ ئەگەر هــەن چــۆن كارو چالاكی دەكەن؟

❊ ڕاگەیەنــە گشــتی‌یەكان لەو بوارانەدا چ دەكــەن؟ چۆن ئەركی خۆیان بەرێوە دەبەن؟

ئەركــی ســەرەكی بــۆ دابین كردنی مافەكانــی مرۆڤ دەكەوێتە سەر شانی دەوڵەت.

## بە تەنیا لە بەرامبەر دەوڵەتدا
## ٧٢_٧٣

**بابەت:** دادگای ئۆرووپایی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ستراسبورگ

**ئامانج:** دانی زانیاریو وشیاری لەسەر دادگای ئۆرووپایی مافەکانی مرۆڤ لە ستراسبورگ. نیشاندانی ئەوە کە تاکەکەسیش دەتوانێ لەو دادگایەدا سکاڵا لە دژی دەوڵەت بەرز کاتەوە. نیشاندانی ئەو دەرفەتە لە دادگای ئۆرووپایی مافی مرۆڤدا کە هاووڵاتی دەتوانێ بەگوێرەی قانوون دەوڵەتەکەی خۆی ڕاکێشێتە دادگا.

کاتی خۆی وڵاتە ئۆرووپاییەکان ڕۆڵێکی چالاکیان لە ئامادەو پەسند کردنی بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بینی. بەڵام ئامادەو پەسند کردنی کۆنڤانسیۆنەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ وەختێکی زۆری کێشا. هەر بۆیە وڵاتانی ئۆرووپای ڕۆژئاوا نەیاندەویست هیچی دیکە لەو بارەوە چاوەڕوان بمێننەوە. سەرەنجام ئەو وڵاتانە کە لە چوارچێوەی شووڕای ئۆرووپادا لەگەڵ یەکتر هاوکارییان دەکرد کەوتنە بیری ئەوەی کە کۆنڤانسیۆنێکی تایبەت بەخۆیان سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ ئامادەو پەسند بکەن. سەرەنجام کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپایی مافەکانی مرۆڤ لە رۆژی ٤ی نۆڤەمبری ساڵی ١٩٥٠ی زایینیدا لەلایەن وڵاتانی ئەندامی شووڕای ئۆرووپاوە پەسند کرا. بەو جۆرە هەموو وڵاتانی ئەندامی شووڕای ئۆرووپا ئەرکی ئەوەیان خستە سەر شان کە کۆنڤانسیۆنەکە قبووڵ بکەنو بەرپرسایەتیی پیادە کرانی وەئەستۆ بگرن. بەو پێیە ئەوان دەبوایە هەوڵ بدەن یاساوڕێساو قانوونەکانی وڵاتەکانی خۆیان لەگەڵ نێوەرۆکی بەندەکانی کۆنڤانسیۆنەکە هاوئاهەنگ بکەن. بە مەبەستی دەستەبەر کردنو جێبەجێ کرانو پیادە کردنی کۆنڤانسیۆنەکە لەلایەن وڵاتانی ئەندامەوە، شووڕای ئۆرووپا، دادگای ئۆرووپای بۆ مافەکانی مرۆڤی دامەزراند. بەگوێرەی ئەسڵە پەسند کراوەکانی شوڕای ئۆرووپا ئەگەر هاووڵاتیەکی یەکێک لە وڵاتانی ئەندامی شووڕای ئۆرووپا پێی وابێ کە مافو ئازادییەکانی لەلایەن دەوڵەتەکەی خۆیەوە پێشێل کراون، دەتوانێ سکاڵا بەرێتە بەر دادگای ستراسبورگ. تەنیا یەک مەرج بۆ ئەو کارە لەگۆڕێ دایە. ئەویش ئەوەیە کە ناوبراو پێویستە لەپێشدا سکاڵاکەی بەرێتە بەر سیستەمی دادوەریی وڵاتەکەی خۆی. پاش تێپەڕاندنی هەموو پرۆسە پێویستەکان، ئەگەر بە ئاکامی بڕیاری دادگای بەرزی وڵاتەکەی خۆی ڕازی نەبوو، دەتوانێ سکاڵاکەی بۆ دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ بەرز کاتەوە. جا ئەگەر لە ئاکامی دادگادا دەوڵەتەکە دۆڕاندنی دەبێ ئاڵوگۆڕ بەسەر یاساو قانوونو پراکسیسی خۆی دابێنێ. واتە پێویستە قانوونەکانی خۆی لەگەڵ بڕیارەکانی دادگاکە هاوئاهەنگ بکات.

### چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی چالاکییەکە:

لەسەرەتادا مامۆستا باسێکی تێروتەسەل سەبارەت بە بابەتەکە پێشکەش بە بەشدارانی کۆڕسەکە

دەکات. پاشـــان بەشداران بەشێوەی گروپی کارو لێکۆڵینەوە لەســـەر بابەتەکە دەکەن. لە کۆتاییدا گروپەکانواتە فێرخوازەکان کۆ دەبنەوەو ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانیان بەشـــێوەی پلێنۆم پێشکەش بەیەکتری دەکەن. ئەگەر مامۆستا بیهەوێ قوتابیەکان کارێکی قووڵو هەمەلایەنە لەسەر مەسەلەکە بکەن، وا باشـــە چەند ڕۆژ پێشـــتر باسەکەی پێشکەشی بەشـــداربووەکان بکاتو وەختیان بداتێ تا بڕۆن لەســـەر بابەتەکە کارو لێکۆڵینەوە بکەن. بەوجۆرە گروپەکان دەتوانن ماوەیەکی زۆرتر بەدوای لێکۆڵینەوەکانیاندا بگەڕێن. لەو ڕێگایەوە زانیارییەکی زۆر کۆ دەکەنەوەو دواتر دەتوانن لە پلینۆمە هاوبەشەکەیاندا ئەو زانیارییانە لەگەڵ یەک دابەش بکەن.

**کات:** دوو کاتژمێر

**پێداویســـتی:** ژوورێکی گەورە کە ئیمکانـــی ئەوەمان بداتێ کاری گروپی تـــێدا بەڕێوە بەرین. کۆپیەک لە کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپایی مافەکانی مرۆڤ بۆ هەر کام لە بەشداران.

ئامادەکاریی پێشـــوەخت: وا باشە مامۆســـتا خۆی بۆ پێشکەش کردنی باسێکی تێرو تەسەلو پڕ لە زانیاری ســـەبارەت بە کۆنڤانســـیۆنی ئۆرووپایی مافەکانی مرۆڤ ئامادە بکات. شایانی باسە کە لە باســـەکەدا پێویستە مامۆستا ئاوڕێکی باشیش لە دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ بداتەوەو قسەی لەســـەر بکات. ئەگەر بکرێ بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەســـەر نەخشـــی دادگای ستراســـبورگ چەند نموونەیەک باس بکرێن. واتە چەند کەیس کە لە دادگای ستراسبورگدا خراونەتە بەرباسو بڕیاریان لەسەر دراوە، وەک نموونە باس بکرێن.

جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ مامۆستا باسێکی تێروتەسەل لەسەر کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپایی مافەکانی مرۆڤو دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ پێشکەش بە بەشدارانی کۆرسەکە دەکات.

٢ـ بەشـــدارنی کۆرســـەکە دەبنە چەند گـــروپو هەر گروپە لەســـەر کەیســـێک کە لەلایەن هاووڵاتییەکـــی یەکێک لە وڵاتانی ئۆرووپاییەوە، وەک ســـکاڵا بـــە دژی دەوڵەتێکی ئۆرووپایی بۆ دادگای ئۆرووپا بەرز کراوەتەوە کار دەکەن. وا باشە کەیسەکانو وڵاتەکانیش جۆراوجۆر بن. مامۆستا دەتوانێ یارمەتیی قوتابیان بدا تا زانیاریی پێویست لەو بارەوە بدۆزنەوە. دەکرێ کەڵک لە ئینتەرنێت وەرگیرێ.

گروپەکان وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە دەدەنەوە:

❋ لایەنەکانی ئەم کەیسە کێن؟

❋ سکاڵاکە لەسەر چییەو ڕووی لەکام دەوڵەتە؟

❋ بڕیاری دادگا چیە؟

❋ ئایا دەوڵەت بەوە تاوانبار کراوە کە پەیماننامەی ئۆرووپایی مافەکانی مرۆڤی پێشێل کردوە؟

❋ بڕیاری دادگا چ ئاکامێکی بۆ دەوڵەتی ناوبراو بەدواوەیە؟

*بڕیاری دادگا چ ئاکامێکی بە قازانجی ئەو کەسە بەدواوەیە کە سکاڵای کردوە؟

۴ـ سەرەنجام گروپەکان لە دەوری یەک کۆ دەبنەوەو ئاکامی لێکۆڵینەوەکانیان لە پلێنۆمێکی هاوبەشدا پێشکەش دەکەن.

بۆ باسو لێدوان:

* بۆچی پەیماننامەی ئۆرووپایی مافەکانی مرۆڤ بۆ وڵاتانی ئۆرووپایی بایەخو گرنگی‌یەکی زۆری هەیە؟

* پێوەندیی نێوان کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤو دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ چی‌یە؟

* ئایا بڕیاری دادگای ستراسبورگ بۆ وڵاتانی ئۆرووپایی حوکمی قانوونیان هەیە؟ ئەوە مانای چیە؟

* ئایا لاوازی‌یەک لە کاروباری دادگای ستراسبورگدا بەرچاو دەکەوێ؟

* چ لەو باسانە فێر بووین کە گروپەکان لە پلێنۆمدا پێشکەشی یەکتریان کرد؟

* ئایا هیچ دادگای نێونەتەوەیی دیکەمان بۆ ڕاگەیشتن بە پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤ هەن؟ تۆ زانیاری‌یەکت لەسەر ئەوان هەیە؟

## لێرەدا فێر بووین کە:

کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپایی مافەکانی مرۆڤ، مافو ئازادی‌یە بنەڕەتی‌یەکانی مرۆڤ بەرەسمی دەناسێ. ئەو مافو ئازادی‌یانەی لەو کۆنڤانسیۆنەدا هاتوون، بەرپرسایەتیی قانوونی دەخەنە سەر شانی دەوڵەتەکانی ئەندامی شووڕای ئۆرووپا. واتە دەوڵەتەکانی ئەندام لە شووڕای ئۆرووپادا لەسەریانە ئەو مافو ئازادی‌یە بنەڕەتی‌یانەی کە لەو پەیماننامەیەدا هاتوون، بۆ هەموو هاووڵاتیانی خۆیان دەستەبەر بکەن. بۆ جێبەجێ کردنی ئەو مەبەستەش دادگای ئۆرووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ دامەزراوە. هەموو ئەو کەسانەی لە وڵاتانی ئەندامی شووڕای ئۆرووپادا دەژین، دەتوانن ئەگەر مافو ئازادی‌یەکانیان پێشێل بکرێن، بەدژی دەوڵەتی خۆیان، سکاڵا بەرنە بەردەم دادگای ستراسبورگ. جیا لەوە تاکەکەسەکان، دەستەو تاقمو گروپە جۆراوجۆرو ڕێکخراوەکانیش دەتوانن شکایەتێکی لەو چەشنە بە دژی دەوڵەتەکانیان بەرز کەنەوە.

دادگای ستراسبورگ یەک مەرجی بۆ لێکۆڵینەوە لە سکاڵا هەیە. ئەویش ئەوەیە کە لە پێشدا پێویستە ئەو سکاڵایە، هەموو پرۆسە یاسایی‌یەکانی خۆی لە دادگاکانی ئەو دەوڵەتەدا کە شکایەتەکە ڕووی لەوە تێپەڕاندبێ. بۆ نموونە ئەگەر کەسێک بیەوێ لە نۆرویژ شکایەتی خۆی بەرێتە بەردەم ئەو دادگایە، پێویستە سکاڵاکەی لە دادگای بەرزی وڵاتی نۆرویژدا، خرابێتە بەر لێکۆڵینەوەو سەرەنجام دۆڕاندبی. جا ئەو دەم سکاڵاکەی لە دادگای ستراسبورگ دەکەوێتە بەر

لێکۆڵینـــەوە. دەبێ بگوترێ کـــە بڕیارەکانی دادگای ئۆرووپا بۆ وڵاتانی ئەندامی شـــووڕای ئۆرووپا حوکمی قانوونی‌یان هەیەو دەبێ بەڕێوەی بەرن. ئەو مافو ئازادی‌یانەی لە کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپایی مافەکانـــی مـــرۆڤدا هاتوون، هەموو هاووڵاتیانـــی وڵاتانی ئەندامی شـــووڕای ئۆرووپا بێ‌جیاوازی دەگرنەوە.

## شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی وەزعی مافەکانی مرۆڤ.

**بابەت:** مافەکانی مرۆڤ

**ئامانج:** هەڵسەنگاندنی وەزعی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتی خۆمان لە ژێر ڕۆشنایی بەندەکانی بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا.

هەرچەند بەشـــێکی زۆر لە خەڵکی وڵاتەکەمان لە وەزعێکی باش‌دا بەســـەر دەبەن، بەڵام ئەگەر بەوردی بڕوانینە مەســـەلەکە دەبینین کە هێشتاش زۆرن ئەو کەسانەی لە هەلومەرجێکی نالەباردا دەژین. زۆر کەس دەبینین لە شـــەقامەکان‌دا سواڵ دەکەن. زۆرن ئەوانەی گیرۆدەی دەستی ماددە ســـڕکەرەکان بوون. زۆر جار لە ڕاگەیەنە گشتی‌یەکان‌دا گوێمان لێ دەبێ کە نەخۆشەکان لە بنکەو بنیاتە تەندروستی‌یەکان‌دا خزمەتگوزاریی پێویستیان بۆ دابین ناکرێ. زۆر جار دەبینین کە کەسانی پیرو بەســـاڵاچوو خزمەت ناکرێن. زۆر بنەماڵە هەن کە خاوەن منداڵن‌و کاسبکاری ماڵیان لەدەست داوە، یان دایکیان بە تەنیا سەرپەرســـتییان دەکات‌و ناتوانێ پێداویستی‌یەکانیان بۆ دابین بکات. زۆر جـــار دەبینین‌و گوێمان لێ دەبێ کە کەســـانی وا هەن بێ دادگایی کران لـــە زیندان‌دا ڕاگیراون‌و چارەنووسیان ڕوون نیە. لەوەش زیاتر جاری وایە دەبینین کە بەداخەوە لە زیندانەکان‌دا شکەنجەش بەڕێـــوە دەچێ. زۆر دەبینین کە ژنـــان توندوتیژی‌یان لەگەڵ دەکرێ‌و تەنانەت دەکوژرێن. بە چاوی خۆمـــان دەبینین کە منداڵان لەســـەر جادەکان ناچار کار بکەن. دەبینیـــن کە چالاکانی مافەکانی مـــرۆڤو ڕۆژنامەنووســـەکان، لە هەلومەرجێکی دژواردا کارو چالاکیەکانیـــان بەڕێوە دەبەن. باس لە هەبوونی گەندەڵی دەکرێ‌و زۆر شـــتی دیکەش. جا ئەگەر وەزعەکە لە وڵاتی خۆمان‌دا وابێ، ئەدی هەلومـــەرج لە وڵاتانی دیکەدا دەبێ چۆن بـــێ؟ با بێین هەلومەرجی مافی مرۆڤ بخەینە بەر باس‌و لێکۆڵینەوە.

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی چالاکی‌یەکە:

ڕاهێنانەکە بەوە دەســـت پێ‌دەکات کە بەشـــداربوانی کۆڕســـەکە دەبنە چەند گـــروپ. هەر گروپە تێدەکۆشـــێ کار لەســـەر لایەنێکی ئەو مافو ئازادی‌یانە بکات کە لە بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مـــرۆڤدا هاتوون. واتە هەر گروپێک بابەتێک بـــۆ کارو لێکۆڵینەوە هەڵدەبژێرێ، بۆ نموونە مافەکانی ژنان، وەزعی تەندروســـتیی خەڵک، پەروەردەو فێرکردن، کاری منداڵان، هەژاری، شـــکەنجەو هتد.

پاشان گروپەکان ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانیان بە شێوەی پلێنۆم پێشکەشی یەکتر دەکەن.

**پێداویستی:** ژوورێکی گەورە کە بۆ کاری گروپی دەست بدا، قەڵەمو کاغەز بۆ لەسەر نووسین، کاغەزی گەورەو قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ بۆ نووسینەوەی ئاکامی لێکۆڵینەوەکان بە خەتی جوانو گەورە لەسەر کاغەزە گەورەکان بەجۆرێک کە دواتر بتوانین بە دیوارەکانی ژوورەکەدا هەڵیانواسین.

**زانیاریی پێشوەخت:** وا باشە بەشدارانی کۆڕسەکە پێشتر لەگەڵ بەندە جۆراوجۆرەکانی بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ ئاشنا بووبن. هەروەها دەبێ ئەوەش بزانن کە کام ئەکتەر بەرپرسی دابینو دەستەبەر کردنی ئەو مافانەیە کە لە بەیاننامەکەدا هاتوون.

**ئامادەکاری:** لەلای ڕاستی کاغەزێکی گەورە خەتێکی گەورە خەتێکی ئەستوونی دەکێشینەوە کە دێتە سەر خەتێکی دیکەی ئاسۆیی. هەردوو خەتەکە بەسەر ١ تا ٥ خاڵدا بە مەودای وەک یەکەوە دابەش دەکەین. لەلای خوارەوەی خەتە ئاسۆیی‌یەکە بەندەکانی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ دەنووسینو لە سەر خەتە ئەستوونی‌یەکەش نمرە بەو مافو ئازادی‌یانە دەدەین کە باسیان لێدەکەین.

بەو جۆرە ڕادەی وەبەرچاوگیرانی ئەو مافو ئازادی‌یانە هەڵدەسەنگێنین. بۆ کارێکی لەو چەشنە وا باشە لە بەندەکانی ٥، ١٢، ١٤، ١٦، ١٧، ١٨، ١٩، ٢٠، ٢٢، ٢٤، ٢٦ی بەیاننامە جیهانیی مافەکانی مرۆڤ کەڵک وەرگرین.

## چۆنیەتیی وەزعی مافی مرۆڤ لە نمرەی پێویست بەندەکانی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ

دەبێ بگوترێ کە بە ئەندازەی ژمارەی گروپەکان هێلکارییەکی لەو جۆرە دەکێشینەوە تا هەر گروپە بتوانێ بەشێوەی سەربەخۆ کار لەسەر بابەتەکە بکات.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

چالاکی‌یەکە دەکرێ بە چەند شێوە جێبەجێ بکرێ. بەگوێرەی ژمارەی بەشدارانی کۆڕسەکە، مامۆستا فێرخوازەکان بەسەر چەند گروپدا دابەش دەکا. دەکرێ هەر گروپە کار لەسەر چەند بەند لە بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ بکا. گروپەکان بەگوێرەی ڕادەی دابین کرانی ئەو بەندانەی کە کاریان لەسەر دەکەن نمرەیان پێدە دەن. باشترین نمرە بریتییە لە پێنج.

دەبێ قوتابیان زۆرتر سەرنج بدەنە ڕادەی پیادە کرانی ئەو مافو ئازادی‌یانە نەک ئەوە کە لە یاساو قانوونەکاندا تا چەند جێگایان بۆ کراوەتەوە. لێرەدا گرنگ ئەوەیە بە کردەوە تا چ ڕادەیەک پیادە دەکرێن. لەسەر ئەو بناخەیەی خوارەوە نمرەو وەزعەکەشی دەکەینەوە:

**نمرەی ٥:** هەموو ئەندامانی کۆمەڵ لەم مافە کەڵک وەردەگرن.

**نمرەی ٤:** زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵ کەڵک لەو مافە وەردەگرن.

**نمرەی ۳:** نزیکەی نیوەی ئەندامانی کۆمەڵ لەو مافە کەڵک وەردەگرن.

**نمرەی ۲:** تەنیا بەشێکی کەم لە ئەندامانی کۆمەڵ لەم مافە کەڵک وەردەگرن.

**نمرەی ۱:** تەنیا دەسەڵاتداران لەم مافە کەڵک وردەگرن.

۲ـ دواتر گروپەکان ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانیان بەشێوەی پلێنۆم پێشکەش یەکتر دەکەن. زۆر گرنگە گروپەکان کاتی پێویستیان بدرێتێ تا ئەوە ڕوون کەنەوە کە لەسەر چ بناخەیەک ئەو نمرەیان داوە. دوای ئەوە هەرکام لە گروپەکان یان هەرکام لە بەشدارانی پلێنۆمەکە دەتوانێ پرسیارو ڕوانگەو لێکدانەوەکانی خۆی بێنێتە گۆڕێ. مامۆســتا دەتوانێ بە دانی زانیاریو ڕێنوێنیی پێویست، یارمەتی بە چوونە پێشی باسەکان بکات. ئەگەر هاتو لە ئاکامی باسو لێدوانەکاندا، زۆر لایەنی مەسەلەیەک ڕوون بوونەوەو لە ئاکامدا ئەو گروپە دەســکاریی ئەو نمرەیەی کرد کە پێشتر لەسەری بە کۆدەنگی گەیشتبوون، پێویستە ڕێگای لێ نەگیرێ.

## لێرەدا فێربووین کە:

مافەکانی مرۆڤ دەکرێ وەک پێوانەیەک بۆ دەرخســتنی چۆنیەتیی ژیان لە کۆمەڵگایەک دا بەکار ببرێن. بۆ نموونە ئایا تا چ ڕادەیەک مافو ئازادیيەکان بۆ چینو توێژە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵ دابین کراون؟ ئەگەر بە چاویلکەی مافی مرۆڤ بڕوانینە کۆمەڵگاکەمان، بەشی زۆری ئەو گیروگرفتانە باشــتر دەبینین کە وڵاتەکەمانو کۆمەڵگاکەمان بە دەستیانەوە گیرۆدەن. کام لایەنی ژیانی کۆمەڵ جێگای ڕەزامەندیيە؟ بۆ ژیان لە هەندێک وڵاتدا خۆشترو باشترە؟ بۆ کەیفیەتی ژیان لە هەندێک وڵاتدا لەســەرێترە؟ بۆ خەڵــک لە هەندێک وڵاتدا ناچار دەبن زێــدو وڵاتی خۆیان بەجێ بێڵنو سەری خۆیان بۆ وڵاتانی دیکە هەڵگرن؟ دەتوانین بە پێوانەی مافەکانی مرۆڤ وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینــەوە. واتە لە ڕێگای ڕادەی وەبەرچاوگیرانی مافو ئازادیيەکانی مرۆڤەوە دەتوانین کەیفیەتو ئاستی ژیان لە هەر کۆمەڵگایەکدا دەسنیشان بکەین.

## کێبەڕکێی ڕێبووس(Rebus ) لەسەر ئازادیی بەیان

**بابەت:** ئازادیی بەیان

**ئامانج:** وەرگرتنی زانیاری ســەبارەت بە چۆنیەتیی پاراستنی ئازادیی بەیان. ڕوونکردنەوەی ئەوە کە جەوهەری ئازادیی بەیان بریتیە لە ئازادیی کۆمیونیکاشــۆن وباسو لێدوانو دیالۆگ. دەرخســتنی بایەخی ئازادیی بەیان لە ژیانی مرۆڤ وکۆمەڵگایەکی باشو پێشکەوتوودا.

ئایا تا ئێســتا قەت بیــرت لەوە کردۆتەوە کە چۆن زانیاری وەدەســت دێنی؟ چۆن فێر دەبی؟ کــە گــوێ دەگرین فێر دەبین. کاتێک قســەش دەکەین خەڵکی دیکە لێمان فێــر دەبن. ئەوە بە نێــوەرۆکو کاکڵــی ئازادیی بەیانو ئازادیــی ڕادەربڕین لەقەڵەم دەدرێ. کە واتــە ئەوە کە ڕێگات

هەبێ لە دیالۆگێکی ئازادو کراوەدا بەشدار بی، بە جەوهەری ئازادیی بەیان دادەنرێ. جگە لەوە بەشێوەیەکی سروشتی مرۆڤ کە دێتە سەر ڕووی دنیا بۆ ژیانو بەرەپێش چوونی خۆی پێویستی بە کۆمونیکاشۆنو پێوەندی گرتن لەگەڵ دنیای دەوروبەری خۆی هەیە. تەنیا لەو ڕێگایەوە دەتوانێ زانیاری‌یەکی تێروتەسەلی لەسەر ژینگەو واقعییەتەکانی دەوروبەری خۆی هەبێ.

پێشکەوتنی زانستی لە ئاکامی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی تیئۆریک و دیاردە جۆراجۆرو ناتەباکاندا ڕوو دەدات. ئاخر تەنیا کاتێک کە ڕەخنەمان لێ دەگیرێو یەکێک پێمان دەڵێ کە فلانە کارەو فیسارە ئیشەمان کەموکووڕیی تێدایە، دەرفەتمان بۆ ڕاست کردنەوەی ئەو هەڵەیە بۆ دروست دەبێ. ئەوە لە ئاکامی خوێندنەوە، لێکۆڵینەوە، کۆکردنەوە، وەرگرتنو ناردنو تاقیکردنەوەو دیسان تاقیکردنەوەی زانیاری دایە کە مرۆڤایەتی بۆی دەرکەوتووە تەمەنی گەردوون نزیکەی چواردە میلیارد ساڵە. هەر بەو جۆرەو لەو ڕێگایەوە بۆمان دەرکەوتووە کە ئەو ژیانەی ئەمڕۆ ئێمە لەسەر زەوی دەیبینین لە ئاکامی پرۆسەیەکی گەشە سەندنو تەکامولێکی دوورو درێژدا، گەیوەتە ئەم پلەیە. لە هەر کارێکی زانستی‌دا پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆرو ئەزموونو تاقیکردنەوەی چەندین جارە دەگەینە حەقیقەتو ڕاستیی مەسەکەمان بۆ دەردەکەوێ. بۆیە دیالۆگو بەڵگە هێنانەوەی لۆژیکیو ژیرانە، بە دژی بڕوا و بیرۆکەیەک یان بە لایەنگری لەو بیرۆکە، بە بەردی بناخەی کاری زانستیو لێکۆڵینەوەی ئەکادمیک لەقەڵەم دەدرێ. بەبێ هەبوونی ئازادیی بەیانو ئازادیی ڕادەربڕین، مەیدانی ژیانو پەرەسەندنی مرۆڤو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەرتەسک دەبێتەوە. دەتوانین بڵێین هەموو ئەو تێکنۆلۆژیە مۆدێڕنو پێشکەوتووەی ئەمڕۆ لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکاریان دێنین وەک موبایل تەلەفۆن، ڕادیۆ، تلفزیۆن، ڕۆژنامە، ئینتەرنێت، ئۆتۆمۆبیل، شەمەندەفەر، فڕۆکە وکەشتی بە بەرهەمی ئازادیی بەیانو ڕادەبڕین دادەنرێن. هەر بەو جۆرە ئازادیی بەیان پێشمەرجی پێشکەوتنو پەرەسەندنی زانستیشە. پێشکەوتنی زانستییش بە هێزی پاڵنەری پێشکەوتنی مرۆڤو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەژمێردرێ و ئەوەش بە نۆرەی خۆی ئامرازی دروست کردنی کۆمەڵگایەکی باشترو ئینسانی‌ترە.

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

ئەم چالاکی‌یە خۆشو سرنجڕاکێشە قوتابیەکان بەشێوەی گروپی کار دەکەن. هەر گروپە چەند Rebus دروست دەکا. دوایە وشەکان بە جۆرێک تێک دەکرێنەوە کە ببنە ڕستەیەکی مانادار.

**کات:** ٤٥ تا ٦٠ خولەک.

**پێداویستی:** ژوورێکی گەورە بۆ کاری گروپیو قەڵەمو کاغەزی ئاسایی.

**ئامادەکاریی پێشوەخت:** واباشە مامۆستا چەند کۆمەڵە وشەی ئامادە کردبن کە پێکەوە بکرێنە ڕستەیەکی مانادار. باشترە وشەکان پێوەندی‌یان بە ئازادیی بەیانو ڕادەربڕینەوە هەبێت.

**جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:**

١ـ بەشدارانی کۆڕسەکە بەسەر چەند گروپدا دابەش دەکرێن. گروپەکان ئەرکیان ئەوە دەبێ کە ڕێبووسێک دروست بکەن کە سەرەنجام وەڵامدانەوە بەو وشانە بێت کە مامۆستا مەبەستیەتی. وا باشە وشەکان بە ئەندازەی ژمارەی گروپەکان بن‌و هیچ کام لە گروپەکانیش زانیاری‌یان لەسەر ئەو وشەیە نەبێ کە لەلای گروپەکانی دیکەیە. دواتر هەموو ئەو وشانە بەجۆرێک دەخرێنە پاڵ یەک کە ڕستەیەکی مەنتقی‌و پڕ مانایان لێ دروست بێ. وا باشە ئەو ڕستەیە بەجۆرێک پێوەندیی بە ئازادیی بەیانەوە هەبێ. وەک ئەم ڕستەیە: بۆ دروست کردنی کۆمەڵگایەکی باش، پێویستیمان بە ئازادیی بەیانە.

٢ـ پاش ئەوەی کە هەر کام لە گروپەکان ڕێبووسەکەی خۆیان تەواو کرد، لەگەڵ گروپێکی دیکە دەیگۆڕینەوە. دواتر هەرکام لە گروپەکان وەڵام بەو ڕێبووسە دەداتەوە کە لە گروپەکەی تری وەرگرتووە. واتە تێدەکۆشێ وەڵامی بۆ پەیدا کا. (٥ تا ١٥ خولەک)

٣ـ کاتێک هەموو گروپەکان وەڵامی پرسیارەکانیان دایەوەو توانیان وەڵامی ڕێبووسەکەی خۆیان پەیدا بکەن، وشەکان لەسەر تەختەڕەشەکە دەنووسنەوە. دواتر تێدەکۆشن پێکەوە بە ڕاوێژو گفتوگۆ کردن لەگەڵ یەک لەو وشانە، ڕستەیەکی مانادار دروست کەن.

**بۆ لێدوان:**

* گروپەکان چۆن توانیان کاری خۆیان بەرنە پێش؟ چۆن توانیان ڕێبووس دروست کەن. چەند کەس لە بەشدارانی گروپەکە لە باس‌و کارەکان‌دا چالاکانە بەشداریان کرد؟ ئایا لە کاتی کاردا بەشدارانی گروپەکە دیالۆگیان پێکەوە هەبوو؟ چۆن بەڵگەیان بۆ داکۆکی لە ڕوانگەکانی خۆیان دەهێنایەوە؟

* ئاخۆ واهەبووە بیروبۆچوونی کەسێک ڕەدبکرێتەوە؟ بۆچی؟

* چۆن گروپەکان توانیان وەڵام بۆ ڕێبووسەکانی گروپەکانی دیکە بدۆزنەوە؟

چەند کەس لە بەشداربووەکان پێشنیاریان هەبوو؟ چەند کەس لەوان چالاکانە بەشداربوون؟ ئایا دیالۆگێکی کراوەو زیندوویان لەگەڵ یەکتر هەبوو؟ چ کۆمیۆنیکاشیۆنێکیان پێکەوە هەبوو؟ داخوا را و ڕوانگەکانی هیچ کەس ڕەد کرانەوە؟ بۆ؟

* چۆن توانیتان ڕستەکە دروست کەن؟ ئایا دیالۆگ‌و گفتوگۆتان پێکەوە دەکرد؟ ئایا پێشنیاری دیکە هەبوو کە ڕستەکە بە جۆرێکی دیکە بنووسرێ؟ چۆن سەرەنجام بە کۆدەنگی گەیشتن؟

* ئایا لە ژیانی ڕۆژانە لە کۆمەڵدا مرۆڤ دەبێ هەر بەو جۆرە بۆ چارەسەری کێشەو مەسەلەو کەموکووڕی‌یەکان کەڵک لە دیالۆگ‌و باس‌و وتووێژی ئازادو کراوە وەرگرێ؟ ئایا دەکرێ هەر بەو جۆرەش لە ژیانی ڕۆژانەدا پاکانە بۆ نەزرەو ڕوانگەکانمان بکەین؟

* ئایا بە لە گۆڕێدا بوونی ڕوانگەو بیروبۆچوونی جۆراوجۆرەوە باشتر دەتوانین بە چارەسەرێکی ڕاستو دروست بگەین؟ ئایا بۆ چارەسەری کێشەیەک باشترە پێشنیارو گەلاڵەو بەرنامەی جۆراوجۆرمان لەبەر دەست دابن یان تەنیا هەر یەک ڕێگاچارە؟ بۆچی؟
* بۆچی گرینگە کە هەموو لایەنەکانی بەشداری مەسەلەکە ڕوانگەو بیروبۆچوونی خۆیان لەسەر بابەتەکە دەرببڕن؟ گرنگیی ئازادیی بەیان لەچی دایە؟
* پێشێل کرانی ئازادیی بەیان چ ئاکامێکی بەدواوە دەبێ؟

لێرەدا فێر بووین کە تەنانەت بۆ بەڕێوە بردنی کارێکی گروپی بە مەبەستی دۆزینەوەی وەڵامی پرسیارێک، پێویستیمان بەوەیە کە لەگەڵ یەکتر هاوکاریو دیالۆگو گفتوگۆو کۆمیونیکاشۆن بکەین. جا ئەگەر بۆ کارێکی سادەی لەو چەشنە هەبوونی دیالۆگ هێندە گرنگو پێویست بێ، ڕوونە بۆ چارەسەری گیرو گرفتە کۆمەڵایەتیو سیاسیو فەرهەنگیو ئابووریەکان زۆر زۆر پێویستترە. لەوەش زیاتر دەبێ بزانین کە لە کاتی چارەسەری کێشەیەکدا، زۆر گرنگە ڕوانگە جۆراوجۆرەکان، بیروبۆچوونی دژبەیەک یا هاوڕا بێنە گۆڕو هەر لایەک باس لەسەر بەڵگەکانی خۆی بکا. بۆیە دیالۆگو گفتوگۆ زۆر پڕ بایەخە. هەروەها دەبێ لەبیرمان بێ کە بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک یان وەڵامێکی دروست یان گەیشتن بە ڕاستییەک، ڕەنگە پێوسیت بێ زۆر ڕێگاو شێوەو میتۆد تاقی کەینەوەو زۆر جار تووشی شکستو ناکامی بینو تێهەڵچینەوە. زۆر جار هەڵە بکەینوبە کاری گەلەکۆمە وبە گفتوگۆو دیالۆگ دەتوانین ڕێگاچارەی باشترو ئەڵتەرناتیڤی چاکتر بدۆزینەوە. چونکە زۆر ڕوونە کە کۆمەڵە کەسێک دەتوانن باشتر لە یەک کەس بیر بکەنەوە. هەر بۆیە زۆر گرنگە ڕێگا بدرێ هەموو قسان بکەن و تێگرا ڕاو و بۆچوونەکانی خۆیان بێننە بەرباس. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە هەموو مافی ئەوەیان هەبێ گوێیان لێ بگیردرێ. ئەگەر ئەڵتەرناتیڤی جۆراجۆر لە گۆڕێ دابن، مرۆڤ دەتوانێ لێکدانەوەی باشترو قووڵترو هەمەلایەنەتری هەبێ. لە حاڵێکی ئاوادا مرۆڤ دەتوانێ دوای لێکدانەوە، باشترین ڕێگاچارە هەڵبژێرێو ئەوانی تر بخاتە لاوە.

سەرەڕای هەموو ئەوانەش هەبوونی ئازادیی بەیان بە مەرجی سەرەکی بۆ گەشە کردنی مرۆڤو پەرەسەندنی کەسایەتیی ئینسان لە قەڵەم دەدرێ. کەسێک کە بتوانێ بە ئازادی ڕاو و بیرو باوەڕەکانی دەرببڕێو لەو ڕێگایەوە شوێن لەسەر ژیانی خۆیو کۆمەڵگا دابنێ، هەستێکی بەرزو متمانەیەکی زۆرتری بەخۆی تێدا دروست دەبێ.

## ئازادیی بەیان چییە؟ (۶۷ـ۶۵)

To speak is not an easy thing, to remain silent is dangerous… can cki ca, kalilu Tera & abidasan: Edition Edilis 2002.

**بابەت:** ئازادیی بەیان.

**ئامانج:** شارەزابوون لەسەر گرنگترین لایەنەکانی ئازادیی بەیان.

ئازادیـــی بەیـــانو دەربڕین یەکێک لـــە گرنگترینی مافەکانی مرۆڤە. چونکـــە تەنیا لە ڕێگای باسو لێـــدوانو گفتوگۆو دیالۆگێکی کـــراوەو ئازاد، لە ڕێگای هێنانە گۆڕی ڕوانگـــەو بیروبۆچوونو بەڵگە جۆراوجۆرو ناتەباکان لەگەڵ یەکتر لەسەر بابەتێک باشتر دەتوانین گیروگرفتەکان چارەسەر کەینو کۆمەڵگای خۆمان ڕێک خەین. هەرچەند ڕاســـتی‌یە سیاسیو کۆمەڵایەتی‌یەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێ، بەڵام بەو حاڵەشەوە ئەوانیش وەک حەقیقەتو ڕاستی‌یە عیلمیو زانستی‌یەکان لە ڕێگای باسو دیالۆگو لێدوانی ئازادو کراوەوە باشتر دەردەکەون. بەو مانەیە کە بە بیر کردنەوەی دەستەجەمعیو قسەو باسو لێدوانی هەمە لایەنە لەسەر کێشە سیاسیو کۆمەڵایەتی‌یەکان، باشتر دەتوانین ڕێگاچارە بۆ کێشـــەکان بدۆزینەوە. ئەوەش دەزانین کە هەموو مرۆڤـــەکان خاوەن مافو ئازادیی وەک یەکن. هەر بۆیە هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە لەســـەر ئەو مەســـەلەو کێشـــانەی کە بەجۆرێک کۆمەڵ لەگەڵیان بەرەوڕوویە نەزەرو بیرو بۆچوونی خۆی دەربڕێ. بەڵام مەبەست لە ئازادیی بەیان هەر ئەوە نیە کە بتوانین وەک تاک لە لای خۆمانەوە نەزەرو بیرو بۆچوونەکانمان دەربڕین. ئازادیی بەیان مافی ئەوەمان پێدەدا کە ئازادیو دەرفەتی ئەوەمان بدرێتێ لە ڕێگای ڕاگەیەنە گشتی‌یەکانی وەک ڕادیۆ، ڕۆژنامـــە، تەلەفزیۆن، ئینتەرنێتو هی دیکەوە زانیـــاریو ڕوانگەو بیرو بۆچوونەکانمان بڵاو کەینەوەو زانیارییش لەسەر زانستو دیاردەو بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان وەرگرین.

لایەنێکـــی دیکەی ئازادیی بەیان بریتیە لـــەوە کە ئێمە مافی ئەوەمان هەبێو دەرفەتی ئەوەمان بۆ دابین بکرێ کە بەئازادی ســـەبارەت بەو مەســـەلانەی پێوەندی‌یان بە ژیانو گوزەرانو چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی کاروباری کۆمەڵەکەوە هەیە،داوای زانیاری لە کاربەدەستان بکەین.

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

لەو چالاکی‌یەدا بەشـــداربووەکان لەسەرەتادا ڕوانگەو بیروبۆچوونی خۆیان لەسەر بابەتەکە دەردەبڕن. پاشان بەسەر چەند گروپدا دابەش دەبن. دواتر گروپەکان کۆ دەبنەوەو ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانیان بەشێوەی پلێنۆم پێشکەشی یەکتر دەکەن.

**کات:** کاتژمێرونیوێک.

**پێداویستی:** کاغەزی گەورەو قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ لە ســـەرەتادا مامۆســـتا داوا لە قوتابیەکان دەکات کە بیر بکەنەوە ئەگەر ڕێگایان نەدرێ لەسەر مەسەلەو کێشەیەک کە زۆر بۆیان گرنگە قسە بکەن چ هەستێکیان تێدا دروست دەبێ؟

پـــاش ماوەیەکی زۆر کورت لە یەک خولەکدا داوا لە قوتابیـــەکان دەکەین هەرکامیان زۆر بە

کورتیو بەشێوەیەکی کۆنکرێت وەڵامی خۆی پێشکەش بە بەشداربووەکانی دیکە بکات.

٢ـ مامۆستا باسێکی کورتو پوخت لەسەر ئەوە دەکا کە ئازادیی بەیان، یەکێک لە ئازادی‌یە هەرە گرنگو بنەڕەتی‌یەکانی مرۆڤە. دواتر ماددەی ١٩ی بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ بۆ بەشداربووەکان دەخوێنێتەوە. لەو ماددەیەدا هاتووە کە هەموو کەسێک مافی دەربڕینی بیرو بۆچوونەکانی خۆیو ئازادیی بەیانی هەیە. ئەو مافە ئەوە دەگرێتەوە کە هەموو کەسێک حەقی هەیە بە ئازادیو بێ دەست تێوەردانی کەسو لایەنەکانی دیکە بۆچوونەکانی خۆی بێنێتە گۆڕ، زانیاری وەرگریو بنێریو لە ڕێگای ئامرازەکانی پێوەندی گرتنەوە، ئیدەو بیرو بۆچوونەکانی، تەنانەت بێ وەربەرچاوگرتنی سنوورەکانیش بڵاو بکاتەوە". کە واتە گرنگترین لایەنەکانی ئازادیی بەیان بریتیین لەوە کە:

* هەموو کەس ئازادانە بتوانێ بیرو بۆچوونەکانی خۆی دەربڕێ. (ئازادیی بیرورا)

* هەموو کەس مافی ئەوەی هەبێ کە بتوانێ بە ئازادی زانیاریو بیرۆکەکانی بنێرێ، یان زانیاریو بیرۆکە جۆراوجۆرەکان وەربگرێ (ئازادیی بەیانو ئازادیی ئاڵوگۆڕی زانیاری. ئەمەش دەکرێ لە ڕێگای نووسین یان فۆرمو دەربڕینە هونەری‌یەکانەوە جێبەجێ بکرێ. دیارە دەزانین کە بڵاوکردنەوەی زانیاری، وەرگرتنو ناردنی زانیاری تەنیا لە ڕێگای ئامرازەکانی چاپو بڵاوکردنەوەو ڕاگەیەنە گشتی‌یەکانەوە ئیمکانی هەیە. هەر بۆیە لێرەدا ئازادیی ڕاگەیاندن بایەخێکی زۆر پەیدا دەکا. واتە ئەوە کە ڕاگەیەنە گشتی‌یەکان لە ناردنو بڵاوکردنەوەی زانیاری‌یەکان‌دا ئازادو سەربەخۆ بنو خەڵکیش بەئازادی بتوانێ کەڵکیان لێ وەربگرێ. ئەمە ئازادیی چاپو بڵاوکردنەوەو ئازادیی ڕۆژنامەگەریو قەدەغەبوونی سانسۆڕیش دەگرێتەوە.

لایەنێکی دیکەی ئازادیی بەیان بەگوێرەی بەندی ١٩ی بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ بریتیە لەوە کە:

بۆ ئاڵوگۆڕی زانستو زانیاری هیچ سنوورێک لەگۆڕێ‌دا نیە. ئەمەش مانای وایە کە بێ وەبەرچاو گرتنی سنووری دەوڵەتەکان دەکرێ لە ڕێگای کەناڵە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندیو ڕاگەیاندنەوە، زانیاری وەرگرێو بنێرێ.

٤ـ دواتر مامۆستا بەشداربووەکان بە سەر چەند گروپ‌دا دابەش دەکا، یەکێک لەو گروپانە تێدەکۆشی کار لەسەر ئازادیی بەیان لە کۆمەڵ‌دا بکا. ئەوی تریان لەسەر ئازادیی بەیان لە قوتابخانەداو هەر بەو جۆرە گروپێکی تریش بۆ نموونە لەسەر ئازادیی بەیان لە وڵاتێکی دیاریکراودا کار دەکەن. گروپەکان ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانیان بە خەتێکی جوانو ڕێکوپێک بە کورتی لەسەر کاغەزی گەورە دەنووسن. واباشە گروپەکان تێکۆشنو لەسەر ئەو مەسەلانە کار بکەن.

* بەشێوەیەکی کۆنکرێت ئازادیی بەیان چۆن لە تەلەفزیۆن‌دا، لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان‌دا ،لە ڕادیۆدا ،لە شانۆو تیئاتردا، لەشێوەی پۆشینی جلوبەرگ‌دا خۆی نیشان دەدا؟ لەو بارەوە وەزعی

دڵخواز چیە؟ ئایا وەزعی ئازادیی بەیان لە سێبەری حكوومەتێكی دیكتاتۆرو سەرەڕۆدا چۆنە؟

* مەبەست لە چەمكی "كۆمەڵگای كراوە" چیە؟ ئایا ئەو چەمكە پێوەندی‌یەكی بەوە هەیە كە ئێمە ئازادانە بتوانین زانیاری وەربگرین؟ لێرەدا ڕۆڵی دابین بوونی ئاڵوگۆڕی ئازادانەی زانیاری چیە؟ بۆ ناردن‌و وەرگرتنی زانیاری پێویستیمان بە چ ئامرازێک هەیە؟ بۆ نموونە لە قوتابخانەدا لە ڕێگای كۆبوونەوەكانی شووڕای قوتابیان، ڕۆژنامە دیواری‌یەكان، كۆبوونەوەی هاوبەشی پۆلەكان‌و هتد، دەتوانین زانیاری لەگەڵ یەكتر بگۆڕینەوە. لە ئاستی كۆمەڵدا ئەو پێداویستی‌یەمان لە ڕێگای ڕۆژنامەو گۆڤارو ڕاگەیەنە گشتی‌یەكان، هەواڵدەرو ڕۆژنامەنووسەكان، لە ڕێگای كۆنفرانسە چاپەمەنی‌یەكانی كاربەدەستان‌و بڵاوبوونەوەی باس‌و خواسەكانی نێو پارلەمان‌و شووڕای وەزیران‌و دامودەزگا حكوومەتی‌یەكانی دیكەوە بۆ دابین دەبێت.

* بۆچی مافی وەرگرتن‌و ناردنی ئازادانەی زانیاری بایەخێكی زۆری هەیە؟

* دەتوانن ناوی هەندێک دەوڵەت بێنن كە لە ئێستادا یان لە ڕابردوودا ئازادیی بەیانیان تێدا پێشێل كرابێ؟

* چۆن دەكرێ ئازادیی بەیان لە كۆمەڵدا سنووردار بكرێ؟ (٣٠ خولەک)

٥ـ سەرەنجام گروپەكان كۆ دەبنەوەو ئاكامی باس‌و لێكۆڵینەوەكانیان بە شێوەی پلێنۆم پێشكەش دەكەن.

## لێدوانی زۆرتر:

* چۆن دەكرێ بیرو بۆچوونە جۆراوجۆرەكان لە كۆمەڵدا، لە قوتابخانەدا، خۆیان نیشان بدەن‌و بێنە گۆڕێ؟
* بۆچی مافی ناردن‌و وەرگرتنی زانیاری بە یەكێک لە لایەنە گرنگەكانی ئازادیی بەیان دەژمێردرێ؟
* زۆر جار گوێمان لێ دەبێ كە فڵان كۆمەڵگا كراوەیە یان فڵانە كۆمەڵگا كۆمەڵگایەكی داخراوە. مەبەست لەو دوو چەمكە چی‌یە؟ دەتوانی بۆ هەركامیان نموونەیەک باس كەی؟
* لەو وڵاتانەدا كە دێموكڕاسی نیە، تاقمێكی كەم، دەسەڵاتی بڕیاردانیان بەدەستەوەیەو ئازادیی بەیانیش لەگۆڕێدا نیە. بۆچی دیكتاتۆرەكان لە ئازادیی بەیان دەترسن؟

## فێر بووین كە:

ئازادیی بەیان یەكێک لە ئازادی‌یە بنەڕەتی‌یەكانی مرۆڤە. تەنیا لە كاتێكدا هەست بە ئازادی دەكەین كە بتوانین بە ئازادانە نەزەرو بیرو بۆچوونەكانی خۆمان سەبارەت بەو بابەت‌و كێشەو مەسەلانە بەیان بكەین كە لە كۆمەڵدا لە گۆڕێدان‌و پێوندی‌یان بە ژیان‌و گوزەران‌و چارەنووسی ئێمەوە هەیە.

ئازادیی بەیان هەم مافی دەربڕینی ئازادانەی بیروبۆچوونەکانمان دەپارێزێ، هەم پارێزگاری لە نێوەرۆکی دەربڕینەکانیشمان دەکات. بۆ ئەوەی لە کۆمەڵدا ئازادیی بەیان دابین‌و دەستەبەر بکرێن، دەوڵەت دەبێ هەلومەرجێک پێک بێنێ کە هەم تاکەکەسەکان‌و هەم دامودەزگاو دامەزراوە جۆراوجۆرەکان، بە ئازادانە بتوانن بیرو بۆچوونەکانیان دەربڕن.

ئازادیی بەیان هەر ئەوە نیە کە بتوانین ئازادانە لە ڕێگای قسە کردن‌و نووسینەوە بیرو ئیدەکانمان دەربڕین، بەڵکو لە ڕێگای کەڵک وەرگرتن لە هەر چەشنە ئامرازو ئامێرو شێوازێکی تر کە ئیمکانی هەبێ، دەکرێ خۆمان و ئیدەکانمان بەیان بکەین. دەتوانین لە ڕێگای تیئاتر، فیلم، شیعر، گۆرانی‌و مۆسیقا، وتار، چیرۆک، داستان، ڕۆمان، لە ڕێگای ڕۆژنامە، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن. یوتیب، فەیسبووک، تەنانەت لە ڕێگای شێوەی پۆشینی جلوبەرگ‌و چۆنیەتیی حەرەکەتەکانی لەش‌و ئەنجامدانی کارو کردەوەی جۆراوجۆریشەوە ئیدەو بیرۆکەو عەقیدەکانمان دەربڕین. لەو پێوەندی‌یەدا مەسەلەیەکی دیکەش گرنگە. ئەویش ئەوەیە کە ئازادیی بەیان مافی وەرگرتن‌و ناردن‌و بڵاوکردنەوەی زانیارییش دەگرێتەوە. لەو وڵاتانەدا کە ئازادیی ئاڵوگۆڕی زانیاری نیە، جێگاو دەرفەتێک بۆ ڕەخنەو دەربڕینی نارەزایەتی نیشاندانیش نیە. هەر بۆیە لەو کۆمەڵگایانەدا وەزعی مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ بە گشتی زۆر خراپە. ئاخر مرۆڤ بە تەنیا وەک تاک ناتوانێ زانیاریی بەسەر هەموو شتێکدا هەبێ. بۆیە پێویستە زانیاری‌و ئاگاهی بە شێوەی ئازاد دەستاودەست بکرێن. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کە ڕادەی هەبوونی ئازادیی بەیان لە هەر وڵاتێکدا، پێوانەیەکە بۆ چەندایەتی و چۆنییەتی دۆخی مافەکانی مرۆڤ بە گشتی لەو وڵاتەدا. لەخۆڕا نیە دەگوترێ کە کۆمەڵگایەکی دێمۆکڕاتیک کۆمەڵگایەکی کراوەیەو کۆمەڵگایەکی نادێمۆکڕاتیک‌و دیکتاتۆر لێدراویش، کۆمەڵگایەکی داخراوە. بە مانایەکی تر، ئازادیی بەیان جەوهەری دێمۆکڕاسیە.

## باس‌و لێدوانی زۆرتر

دەتوانن بەشدارانی کۆرسەکە پێکەوە زانیاری لەسەر هەندێک لەو وڵاتانە کۆ کەنەوە کە لە ڕابردوودا یان هەر ئێستا ئازادیی بەیانیان تێدا پێشێل دەکرێ. بۆ نموونە ئاخۆ لەو وڵاتانەدا چ کتێبێک قەدەغەیە؟ نیشاندانی کام فیلم قەدەغەیە؟ بۆچی؟ ئایا لە کام وڵاتدا ڕۆژنامەنووسی کارێکی پڕمەترسی‌یە؟

## لە کۆتایی ئەم ڕاهێنانەدا پێویستە ئەوەش ڕوونکەینەوەکە:

هەموو کەس مافی وەدەست هێنان‌و ناردنی زانیاریی هەیە. بەڵام لە هەندێک بوارو هەلومەرجی تایبەتی‌دا ناکرێ هەموو جۆرە زانیاری‌یەک بڵاو بێتەوە. بۆیە لە وەزعێکی ئاوادا مافی وەدەست

هێنانی زانیاری بەرتەســک دەبێتەوە. ئەگەر بڵاو بوونەوەی زانیاری‌یەک ئەمنییەت‌و ئاسایشی نەتەوەیی بخاتە مەترســی‌یەوە، یان تەواویەتیی خاکی وڵات لە مەترسی بخا، یان ببێتە هۆی ســەرهەڵدانی ئاژاوەو جورم‌و جنایەت، یان زیان بە تەندروستی‌و ئەخلاقیاتی کۆمەڵ بگەیەنێ یان ماف‌و ئازادی‌یەکانی کەســانی تر بخاتە ژێر پێ دەکرێ خۆ لە بڵاوکردنەوەی ئەو زانیاریە ببوێرین.

## دێو بێتە بەر تاوێ لێک هەڵدەوەشێ (٦٧ـ٦٥)

**بابەت:** ئازادیی بەیان

**ئامانج:** ڕوون کردنەوەی ئەو ڕاســتی‌یە کە ئازادیی بەیان جەوهەری دیمۆکراســی‌و مافەکانی مرۆڤ پێک دێنێ.

لە ئەفسانەکان‌دا دێو هەمیشە ڕۆڵێکی سەرەکیی هەیە. گیانلەبەرێکی گەورە، دزێو، بەدفەڕو شەیتانسفەتە. زۆر جــار مرۆڤی گەورەو تەنانەت منداڵانیش دەخوات. لە تاریکایی جەنگەڵ‌و دارســتانەکان‌دا دەژی‌و تووشــی هەر کەسێک بێ پەلاماری دەدا. جگە لە یەک شت لە هیچ شتێک ناترسێ، ئەویش تیشکی خۆر واتە هەتاو نەبێ. هەر کاتێ ڕووناکایی و هەتاوی وێکەوێ لێک بڵاو دەبێ. ئەو داستانە بچکۆڵە، بەباشترین شێوە ڕۆڵی ئازادی بەیانمان لە کۆمەڵگادا پێ نیشان دەدا. تەنیا لە کاتێک‌دا کە گیروگرفت‌و کەموکووڕی‌و ســەختی‌و دژواری‌یەکان، زوڵم‌و بێعەداڵەتی‌یەکان بکەونە بەر ڕەخنەو باس‌و لێکۆڵینەوەو هەڵســەنگاندنی هەموو لایەنە، ڕێگاچارەیان بۆ پەیدا دەبێ‌و مەترسی‌یەکانیان کەم دەبنەوە. هەر بۆیە ڕۆژنامەنووسەکان، ژۆرنالیستەکان ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان لە کۆمەڵ‌دا هەیە. ڕۆڵی ئەوان وەک ڕۆڵی خۆر لەو داستانەی سەرەوە دایە. ئەوان لە ڕێگای وتارو هەواڵ‌و ڕێپۆرتاژو نووسینەکانیانەوە تیشک دەخەنە ســەر لایەنە نێگەتیڤەکانی وەزعی کۆمەڵگاو زوڵم‌و ستەم‌و بێعەداڵەتی‌یەکان لەقاو دەدەن‌و لە ئاکام‌دا سرنجی بیروڕای گشــتی‌و تەنانەت کاربەدەستانیش بۆ لای مەسەلەکان ڕادەکێشن‌و بەم جۆرە بواری هەنگاو هەڵێنانەوە بۆ گۆڕین‌و باشتر کردنی دۆخەکە دەخوڵقێنن. ئەوە کارێکە ئێمەش، وەک هاووڵاتی‌و وەک تاکەکەس دەتوانین لە ڕێگای نووسینی وتارو بابەتی جۆراوجۆر بۆ ڕۆژنامەکان ئەنجامی بدەین.

## چونیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

ئەم ڕاهێنانە بەشێوەی کاری گروپی ئەنجام دەدرێ. پاشان گروپەکان ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانیان بەشــێوەی پلێنۆم پێشــکەش دەکەن. لە کۆتایی ڕاهێنانەکەدا بەشــداربووەکان دەبێ چالاکانە لە باســەکان‌دا بەشدار بن. هەربۆیە پێویســتە فێرخوازەکان لێکۆڵینەوەیەکی زۆریان لەسەر بابەتەکان کردبێ. ئەگەر ئەم ڕاهێنانە لە ماوەیەکی بەردرێژدا بۆ نموونە لە ماوەی هەفتەیەک‌دا کاری لەســەر بکرێ ئاکامی باشتری دەبێ.

**وەخت:** یەکونیو تا سێ کاتژمێر.

**پێداویستی:** کاغەزو قەڵەم، تووش، مەقەست، چەسپی ئاوی، ڕۆژنامەو گۆڤارو ئینتەرنێت.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ مامۆستا فێرخوازەکان بەسەر چەند گروپدا دابەش دەکات. هەرکام لە گروپەکان تێدەکۆشن یەکێک لەو باسو بابەتە گرنگانە هەڵبژێرن کە لە کۆمەڵدا جێگای باسو لێدوانن. وەک گەندەڵی، بێکاری، هەژاری، پێشێل کرانی مافەکانی ژنان، گیروگرفتەکانی کەمئەندامان، کاری منداڵان لەسەر شەقامەکانو هتد..

گروپەکان تێدەکۆشن لە ڕێگای جۆراجۆرەوە زانیاری وەدەست بخەنو ئەو بابەتە پێناسە بکەن کە کاری لەسەر دەکەن. پاشان ئەو هۆکارانە دەدۆزنەوە کە بوون بە هۆی ئەوەی باسو گفتوگۆ لەسەر ئەو مەسەلەیە لەنێو کۆمەڵدا سەرهەڵبدا. لەو پێوەندی‌یەدا پێویستە بەڵگە بۆ ڕوانگەو بیروبۆچوونەکانیان بێننەوە. واتە چ بە موخالیف یان بە موافق لەسەر بابەتەکە قسە بکەن، پێویستە فاکتو بەڵگەی بەهێز بێننەوە. یانی تێکۆشن لە ڕێگای بەڵگەهێنانەوەی دروست ڕوانگەکانیان بەرنە پێش بۆ نمونە دەتوانن ئاوا دەست پێ بکەن:

کەی ئەو باسە هاتۆتە گۆڕ؟ کێو لەلایەن چ کەسێکەوە هێنراوەتە بەرباس؟ مەبەست لە هێنانە گۆڕی ئەو باسە لە نێو کۆمەڵدا چیە؟ ئایا ڕۆژنامەنووسەکان زۆرتر قسەی لەسەر دەکەن یان کەسانی تر؟ پێشینەی ئەم مەسەلەیە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ؟ ئایا باسو گفتوگۆ لەسەر ئەم مەسەلەیە بۆتە هۆی ڕوون بوونەوەی خەڵک لەسەر بابەتەکە؟ ئایا ئەو باسە بۆتە هۆی ئەوەی کە سەرنجی بیروڕای گشتیی خەڵک بۆ لای مەسەلەکە ڕاکێشرێ؟ ئایا تا ئێستا لە ژێر فشاری بیروڕای گشتی‌داو لە ئاکامی هاتنە بەر باسی ئەم مەسەلەیەدا، کاربەدەستان هەنگاوێکیان بۆ چارەسەریی ئەم گیروگرفتە هەڵگرتووە؟ گروپەکان بۆ کار لەسەر ئەم پرسیارانە دەتوانن لە کتێبو ڕۆژنامەو گۆڤارو ڕاگەیەنە گشتی‌یەکانو بەتایبەت ئینتێرنێت کەڵک وەرگرن. (٦٠ تا ٩٠ خولەک)

٢ـ سەرەنجام هەموو گروپەکان لە دەوری یەک کۆدەبنەوەو ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانیان بەشێوەی پلێنۆم پێشکەشی یەکتر دەکەن. وا باشە لە پلێنۆمەکەش‌دا ئاکامی لێکۆڵینەوەکانیان لەگەڵ یەکتر بخەنە بەرباسو گفتوگۆیەکی ڕێکوپێک.

## بۆ باسو لێدوان:

* ڕاهێنانەکە چۆن بوو؟
* بۆچی ئازادیی بەیان گرنگیی بۆ کۆمەڵ هەیە؟
* ئایا لە ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکەدا زانیاری‌یەکی تازەت وەدەست هێنا کە پێشتر نەتدەزانی؟

* بایەخی ئەوە کە خاوەن نەزەرو بۆچوونە جیاکان ڕوانگەکانی خۆیان دەربڕن، چی‌یە؟
* بۆ خاوەن بیروڕاکان تەنیا بەوە ڕازی نابن لە کەشـــی خۆمانەدا ڕوانگەکانیان باس بکەن؟ واتە بۆ پێیان خۆشە ڕوانگەکانیان بڵاو بنەوە؟
* ئایا نموونەیەکتان پێ شک دێ کە هاتنە گۆڕی باسێک لە میدیاکان‌دا، لە کۆمەڵدا بووبێتە هۆی دروست بوونی ئاڵوگۆڕ لەو پێوەندی‌یەدا؟
* لە هەندێک وڵاتدا ڕۆنامەنووســـان ڕاو دەنرێن، دەگیرێن‌و دەکووژرێن. بۆچی کاربەدەستانی ئەم وڵاتانە ئاوا هەڵسەکەوت لەگەڵ ئەوان دەکەن؟

## لێرەدا فێر بووین کە:

ئازادیـــی بەیان‌و دەربڕین یەکێک لە لایەنە هەرە گرنگ‌و جەوهەری‌یەکانی مافەکانی مرۆڤە. چونکە تەنیـــاو تەنیا لە هەلومەرجێک‌دا کە خەڵک بتوانن بە ئازادی نەزەرو بیروڕاکانیان دەربڕن، بە ئازادی زانیـــاری وەرگرن، بە ئازادی بەدوای وەدەســـت هێنانی زانیاری‌دا بگەڕێـــن، دەتوانن بە ئازادانەش ڕەخنە لە کاربەدەســـتان‌و سیاسەتەکانیان بگرن. تا کەموکووڕی‌و گیروگرفتەکان نەبینرێن‌و نەکەونە بەر ڕەخنەو ڕێگاچارەیان بۆ دەســـت نیشـــان نەکرێ، ئاڵوگۆڕی باش لە کۆمەڵدا ڕوو نادا. هەر بۆیە زۆربەی ڕۆژنامەنووســـەکان کارێکی زۆر گرنگ‌و پڕ بایەخ بە قازانجی کۆمەڵ دەکەن. ئەوان تیشکی ڕووناکی دەخەنە سەر گیروگرفتەکان‌و کەم‌و کووڕی‌یەکان. بێعەداڵەتی و زووڵم‌و ستەم‌و چەوسانەوەو جیاوازیدانان‌و هەڵاواردن لەقاو دەدەن. هەر بۆیە زۆر کەس لەوان گیانیان دەکەوێتە مەترســـی‌یەوە. ئەوان بۆ ئاشـــکرا کردنی نابەرابەری‌و زوڵم وبێعەداڵەتی، مایە لە گیان‌و ژیانیان دادەنێن. ســـاڵ نیە بـــە دەیان ڕۆژنامەنووس، هەواڵنێرو ڕێپۆرتێر لێرەولەوێی ئـــەم دنیا پان‌و بەرینەدا بە هۆی ئەو کارە پڕبایەخەوە کە بۆ مرۆڤایەتی دەیکەن، گیانیان تێدا نەچێ. دەگیردرێن، زیندانی دەکرێن، دەکووژرێن، بێ‌سەرو شوێن دەکرێن. تاوانی ئەوان ئەوەیە کە زوڵم‌و ستەم‌و بێعەداڵەتی‌و جیاوازیدانان‌و هەڵاواردن‌و پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤ لەقاو دەدەن.

ســـاڵی ٢٠٠٦ی زایینی، ٨١ ژۆرنالیست‌و ٥ میدیاکار کوژراون‌و ١٤٠٠ کەس لەوان کەوتوونەتە بەر پەلامار. تازە دەتوانین بڵێین کە ئەوە تەنیا گۆشەیەکی وێنەکە دەردەخا.

## بۆ فێر بوونی زیاتر:

* وتارێک سەبارەت بە بابەتێک کە بۆخۆت بۆت گرنگە بنووسەو بۆ یەکێک لە ڕۆژنامەکانی بنێرە.
* ڕۆژنامەیەکـــی دیواری کە لـــەوێ‌دا قوتابیەکان ڕوانگەو بیرو بۆچوونەکانیان ســـەبارەت بە ژیانی ڕۆژانەیان لە قوتابخانەدا بخەنە بەرباس، دروست کەن. کام لایەنی ژیان‌و خوێندن لە قوتابخانەکەمان‌دا باشە؟ کام لایەنی باش نیەو دەبێ باشتر بکرێ؟

**بۆ فێربوونی زیاتر:**

هەوڵ دەن ناوی ڕۆژنامە نووسێک کە وتار، ڕیپۆرتاژ یان بابەتێکی نووسی بێ کە کاربەدەستان پێیان خۆش نەبووبێو لەئاکامدا ڕاویان نابێ، یان گرتبێتیان یان زیندانیان کردبێ، پەیدا بکەن. لەو بارەوە دەتوانن زانیاری لە ماڵپەڕی ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکانی وەک ئامنێستیو هیومەن رایتسۆچ، خاچی سوورو کۆڕو کۆمەڵە چالاکەکانی دیکەی بواری مافی مرۆڤدا وەدەست بێنن.

سانسۆڕ چیە؟ ئایا تا ئێستا بیستووتە کەسێک یان شتێک سانسۆڕ بکرێ؟

**ئایا دەبێ ئیزنی ئەوە بدرێ کە هەرچی بمانەوێ بتوانین بەیانی بکەین یان دەری بڕین؟**

**بابەت:** سنوورەکانی ئازادیی بەیانو دەربڕین

(٦٧ـ ٦٥ ٢ ٧٦ـ٧٥)

**ئامانج:** ڕوونکردنەوەی ئەو مەسەلە کە لە پێوەندی لەگەڵ ئازادیی بەیاندا هەندێک دێلیما، گرێوگۆڵو ناتەبایی لەگۆڕێ دان. بڵاوبوونەوەی چەند کاریکاتێر لە حەزرەتی موحەممەد (د.خ) لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٦ی زایینیدا باسو گفتوگۆیەکی گەرمی سەبارەت بە سنوورەکانی ئازادیی بەیانو بەرپرسایەتی‌یەک کە لەو پێوەندی‌یەدا هەیە، لێ ساز بوو.

هەندێک کەس دەڵێن: "هەموو شەڕێک لە سەرەتاوە بە قسە دەست پێدەکا". بۆیە قسەکان چ لە ڕێگای ڕاگەیەنەکانەوە، یان چالاکانی سیاسی، یان لەلایەن کەسایەتیەکی ئەکادیمیکەوە بڵاوببنەوە، پێویستە سنوورێکیان بۆ دیاری بکرێ. لەوەڕایە کە دەڵێن ناکرێ هیچ سنوورێک بۆ ئازادیی بەیان نەبێت. لەوەش زیاتر دەڵێن ئازادیی بەیان بەرپرسایەتیی لەگەڵ دایەو بەرپرسایەتیشی بەدواوەیە.

هەرچۆنێک بێ نابێ بێ ئەوەی پێویست بێ، ببینە مایەی تەحریک کردنو تووڕە بوونی خەڵک. زۆر کەسیش لەسەر ئەو بڕوایەن کە سنووەردار کردنی ئازادیی بەیان دەبێتە هۆی ئەوەی کە ناعەداڵەتی‌یەکان، چوارچێوە نەخوازراوە کۆمەڵایەتی‌یەکانو گیروگرفتە جۆراوجۆرەکان بەدەست لێنەدراوی بمێننەوەو چارەسەر نەکرێن. ئازادیی بەیان بە گرنگترینی ئەو مافو ئازادی‌یانە دادەنرێ کە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی کراوەو ئازاد پێویستن. واتە کۆمەڵگایەک کە لەسەر بناخەی دابینو دەستەبەر کردنی مافەکانی مرۆڤ دامەزرابێ. بەڵام بەو حاڵەشەوە ئایا ئەو ئیزنەمان هەیە هەموو شتێک بڵێین؟ هەموو قسەیەک بکەین؟ ئایا نابێ هیچ سنوورێک بۆ ئازادیی بەیانو ڕادەربڕین هەبێ؟ ئایا سنووردار بوونی ئازادیی بەیان، ئاکامی نەرێنی لێ ناکەوێتەوە؟

**چۆنیەتیی جێبەجێ بوونی ڕاهێنانەکە:**

بەشداربووەکانی کۆڕسەکە لەسەرەتادا بەشێوەی کاری گرووپی پێکەوە کار دەکەن. دواتر ئاکامی کارو

لێکۆڵینەوەکانیان بەشێوەی پلێنۆم لەگەڵ یەکتر باس دەکەن.

**کات:** ٤٥ خولەک.

**پێداویستی:** قەڵەمو کاغەزی ئاسایی.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ لەپێشدا مامۆستا پێناسەیەکی ئازادیی بەیان دەکات. لەوەش زیاتر پێویستە دڵنیا بێت کە هەموو بەشدارانی کۆرسەکە لە ماناو نێوەرۆکی ئازادیی بەیان تێگەیشتبن. دواتر بەشدارانی کۆرسەکە دەبنە چەند گروپ. یەک یان چەند گروپ لە وان، وێڕای پێناسەکردنی ئازادیی بەیان، دیفاع لە هەبوونی ئازادیی بەیان، بێ هیچ قەیدو مەرجێک دەکەن. واتە بەڵگە بۆ پێویستیی ئازادیی بەیان بەشێوەیەکی بێسنوور، دێننەوە. یەک یان چەند گروپی دیکەش بەڵگە بۆ سنووردار کردنی ئازادیی بەیان دێننەوە.

زۆر گرنگە هەر کام لە گروپەکان بۆ بردنە پێشی ڕوانگەکانی خۆیان کەڵک لە بەڵگەو دەلیلی کۆنکرێت وەرگرن. باشتر وایە نموونەی ڕوون بێننەوە. (١٥ تا ٣٠ خولەک).

٢ـ دواتر گروپەکان لە دەوری یەکتر کۆ دەبنەوەو ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانیان بە شێوەی پلێنۆم پێشکەش دەکەن. گروپەکان جارێ تەنیا گوێ لە یەکتر دەگرنو ئیجازەیان نیە، قسەو گفتوگۆ لەسەر ڕوانگەو بۆچوونەکانی یەکتر بکەن. واتە لێرەدا گرنگ ئەوەیە کە ئەوان گوێ لە قسەکانی یەکتر بگرن.

٣ـ لە کۆتاییدا گروپەکان، نەتیجەگیری لە ئیشەکانیان دەکەن. لێرەدا مامۆستا بەشداربووەکانی کۆرسەکە، ئازاد دەکا تا ڕوانگەو بۆچوونەکانی خۆیان سەبارەت بە کارو لێکۆڵینەوەکانی یەکتر، بێننە بەرباس. لەو قۆناخەدا هەموو بەشداربووەکان وەک تاک لە باسەکاندا بەشداری دەکەن نەک وەک گروپ. پێویستە هەموو لایەک بۆ بەشداری لە باسەکاندا هان بدرێن.

## بۆ لێدوان:

* بۆچی ئازادیی بەیان بە جەوهەری دێمۆکراسی لە قەڵەم دەدرێ؟
* لایەنە نەرێنییەکانی بەرتەسک کردنەوەی سنوورەکانی ئازادیی بەیان چین؟
* لایەنە ئەرێنییەکانی ئازادیی بەیان بە شێوەیەکی بێسنوور چین؟
* ئایا ئازادیی بەیان لە وڵاتەکەی ئێمەدا سنووردارە؟

## لێرەدا فێر بووین کە:

ئازادیی بەیان بە جەوهەری کۆمەڵگایەکی ئازادو دێمۆکراتیک دادەنرێو لە ڕێگای یاساو قانوونەوە

پارێزگاری لێ دەکرێ. بەو حاڵەش لە زۆر وڵاتدا، سنوور بۆ ئازادیی بەیان دادەنرێ. قسەو بەیانێک کە ڕاسیسزمو ڕەگەزپەرەستی پەرە پێ بدەن، ڕێگایان پێ نادرێ. دیارە کۆدەنگییەکی تەواو سەبارەت بە سنووردار کردنی ئازادیی بەیان لەگۆڕێدا نیە. بۆیە باشترین ڕێگا ئەوەیە کە مەسەلەی ئازدیی بەیان لە کۆمەڵدا هەمیشە قسەو باسی لەسەر بکرێ. واتە ئەو دیلیمایە بەوە چارەسەر دەکرێ کە بەشێوەیەکی بەردەوام لایەنە ئەرێنی و نەرێنی ئازادیی بەیانو بەرتەسک کردنەوەی چوارچێوەی ئازادیی بەیان، باسو وتووێژیان لەسەر بکرێ.

## ئازادیی بەیانو ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان

لە ماددەی نۆزدەهەمی کۆنڤانسیۆنی مافە سیاسیو مەدەنییەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا باس لە سنووردار کردنی ئازادیی بەیان کراوە. لەو ماددەیەدا هاتووە کە: ئازادیی بەیان گەلێک ئەرکمان دەخاتە سەر شان بۆیە پێویستە پارسەنگی ئازادیی بەیان بە بەرپرسایەتییەک کە لەو بارەوە دەکەوێتە سەر شانمان ڕابگرین. ئەوەش بەوە جێبەجێ دەبێ کە لە هەندێک حاڵەتدا، لە پێوەندی لەگەڵ هەندێک مەسەلەدا ئازادیی بەیان سنووردار بکرێ. دیارە ئەوە قانوونە کە دەبێ ئەو حاڵەتو بوارانە دەست نیشان کات کە بەجۆرێک ئازادیی بەیان بەرتەسک دەکەنەوە وەک:

* ڕێز گرتنو لەوەبەرچاوگرتنی مافو ئازادییەکانی کەسانی دیکە.

* پاراستنی ئەمنییەتو ئاسایشی نەتەوەیی، نەزمی گشتیی کۆمەڵ، وەبەرچاو گرتنی تەندروستیی گشتیو بایەخە ئەخلاقییەکانی نێو کۆمەڵ.

## هەندێک زانیاری سەبارەت بە ئازادیی بەیان.

دەستووری نۆرویژ ئازادیی بەیان دەپارێزێ. بەڵام قانوونە جەزاییەکانی ئەو وڵاتە ئازادیی بەیان سنووردار دەکەن. واتە هەر کردەوەیەک "کە ببێتە هۆی بڵاوبوونەوەی ڕقو تووڕەیی، ڕاونان وسوکایەتی بە دژی کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک بەهۆی ڕەگەزو بیرو باوەڕی ئایییو مەزهەبی و ڕەنگی پێست، یان بنەچینەی نەتەوەییو ئیتنیکییەوە" قەدەغەیە. ئەم قانوونە لە بەندی چوارەمی کۆنڤانسیۆنی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ قەدەغە کردنی هەر چەشنە هەڵاواردنو جیاوازیدانانێکەوە، سەرچاوە دەگرێ. بەگوێرەی یاساکان، هەر دەوڵەتێک ئەو کۆنڤانسیۆنە ئیمزا بکا، پێویستە بەرپرسایەتیی جێبەجێ کردنیشی بە ئەستۆوە بگرێ. واتە دەبێ ڕابگەیەنێ کە هەرچەشنە کارو کردەوەیەک کە ببێتە هۆی بڵاوبوونەوەی ڕەگەزپەرەستی یا ڕقو بێزاریی لە کۆمەڵە خەڵکێکی تایبەت، یا بڵاوبوونەوەی توندوتیژی بە دژی کەسێک یان کۆمەڵە کەسێکی دیکە بە هۆی دینو مەزهەبو زمانو ئیتنیستیەوە، قەدەغەیە. جگە لەوە دەوڵەت پێویستە هیچ چەشنە پشتیوانییەکی سیاسیو ئابووری لەو کەسو تاقمو دەستەو گروپانە کە کارو کردەوەی لەو جۆرە بەڕێوە دەبەن نەکا.

بــۆ فێر بوونی زۆرتر: پاییزی ســاڵی ۲۰۰۵ی زایینی یەکێک لــە رۆژنامەکانی دانمارک چەند کاریکاتێرێکی حەزرەتی محەممەد (د.خ) بڵاو کردنەوە. ساڵێک دواتریش گۆڤارێکی نۆروێژی هەمان کاری دووپات کردەوە. بەپێی بیروڕاو عەقیدەی موسوڵمانان کێشانەوەی وێنەی پێغەمبەر بە کارێکی نادروست دادەنرێ. بۆیە بڵاوکرانەوەی وێنەکانی حەزرەتی محەممەد بوو بە هۆی هەڵخرانی تووڕەیی بەشــێکی زۆر لە موسوڵمانان لە سەرتاســەری دنیای ئیسلامدا. لەو پێوەندی‌یەدا بە دەیان‌و سەدان هەزار کەس لێرەو لەوێ دەستیان کرد بە خۆپیشاندان‌و ڕێپێوان‌و ناڕەزایەتی دەربڕین. پتر لە دووسەد کە س کووژران‌و لە زۆر شوێن سەفارەتخانەکانی نۆروێژو دانمارک کەوتنە بەر پەلامارو ئاگریان تێبەر درا. ئەم کارە باس‌و خواسێکی گەرمو بەتینی لە سەرتاسەری دنیادا سەبارەت بە ئازادی بەیان هێنایە گۆڕ. تۆ لەو پێوەندی‌یەدا چ دەڵێی؟ ئایا ڕێزگرتن لە دین‌و مەزهەبی کەســان‌و خەڵکانیتر، پێویستە ببێتە هۆی بەرتەسک بوونەوەی ئازادیی بەیان؟ ئایا دەکرێ لە هەندێک حاڵەتدا تەنانەت ڕەخنە لە دین‌و مەزهەب‌و پیاوانی ئایینیش بگرین؟

## سانسۆڕ چیە؟

## خۆسانسۆری چیە؟

Lars Gule سەرۆکی پێشووی Human- etisk forbund لە نۆروێژ دەڵێ:

"داوا کردنی ڕێزگرتن لە حەقی هەبوونی هەر چەشنە عەقیدەو مەزهەبێک داخوازێکی ڕەواو جێگای ڕێزە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە هەر عەقیدەو مەزهەبێک جێگای ڕێز بێ."

تۆ لەو بارەوە دەڵێی چی؟

## منیش دەمەوێ لە بڕیاردان‌دا بەشدار بم

۶۶-۷۶

**بابەت:** بەشداری لە پرۆسەی سیاسی‌دا.

**ئامانج:** لێکدانەوەی گرنگی‌و بایەخی بەشداری کردن لە پرۆسەی کاروباری سیاسی‌دا.

هەندێک کەس دەڵێن کە "خەڵک شیاوی ئەو سیاسەتمەدارانەن کە هەیانن". واتە ئاستی وشیاری‌و ئاگاهیــی هەر میللەتێک لەو کەس‌و حاکمانەڕا دەردەکەوێ کە بە ســەر ئەو میللەتەدا حکوومەت دەکــەن. ئەو قســەیە حەقیقەتێکی تێدایە. لە کۆمەڵگایەکی دێمۆکڕاتیکدا ئەوە خەڵکی ئاســایین کــە دیاری دەکەن کێ کۆمەڵگا بەڕێوە بەرێ؟ کێ حکوومەت بەدەســتەوە بگرێ؟ چۆن کاروباری حکوومەت بەڕێوە بچێ؟ ئەرکی ئێمە هاووڵاتیان ئەوەیە دەنگ بەو سیاســەتمەدارانە بدەین کە ڕێز لــە مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ دەگرن‌و بۆ دابین‌و دەســتەبەر کردنیان تێدەکۆشــن. نەک ئەوە کە دەنگ بە کەســانێک بدەین کە دەســەڵات بە قازانجی خۆیان‌و هەندێک دەســتەو تاقمی دیکە لە

کۆمەڵدا بەکار بێنن. یەک شت ڕوونە: ئەگەر کەڵک لە حەقی دەنگدانی خۆت وەرنەگری، هیچ شانسێکت بۆ شوێن دانان لەسەر پرۆسەی سیاسی نیە. ئەگەر بۆخۆمان لە پرۆسەی سیاسی‌دا بەشداری نەکەین‌و ڕەخنە نەگرین‌و تێنەکۆشین لە هەموو کاناڵەکانی گۆڕەپانەکە بە قازانجی چوونە پێشی بیرو بۆچوونەکانمان کەڵک وەرگرین، ناشتوانین گلەیی ئەوە بکەین کە بۆ فلان یان فیسارە سیاسەتمەدار یان کاربەدەستی حکوومەتی وا دەکاو وا دەڕوا. ئەگەر دەمانەوێ کۆمەڵ بگۆڕین دەبێ بەشداری لە پرۆسەی سیاسی‌دا بکەین. چونکە بەبێ بەشداری کردن لە پرۆسەکەدا ناتوانین هیچ کاریگەرییەکمان هەبێ.

گەورەترین هەڵە ئەوەیە کە دانیشین‌و دەست لەسەر دەست دانێین. ئەوە هەڵەیەکی قەرەبوو نەکراوەیە. ئاخر بە بەشداری کردنمان لە پرۆسەی سیاسی‌دا لانیکەم دەتوانین تۆزێک با زۆر کەمیش بێ، وەزعەکە بەرەو باشی بەرین.

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی چالاکی‌یەکە:

ئەو چالاکی‌یە بەشێوەی کاری گروپی جێبەجێ دەکرێ. پاشان گروپەکان کۆ دەبنەوەو ئاکامی کارەکانیان بەشێوەی پلێنۆم پێشکەش دەکەن.

**وەخت:** ٤٥ خولەک.

**پێداویستی:** قەڵەمو کاغەز.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ مامۆستا بەشدارنی کۆرسەکە بەسەر چەند گروپدا دابەش دەکاو داوایان لێ‌دەکا کە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە: چۆن‌و لە چ ڕێگایەوە ئێمە مرۆڤەکان وەک تاک دەتوانین تەئسیر لەسەر کۆمەڵگاکەمان دانێین؟

هەرکام لە گروپەکان لەنێو خۆیان‌دا پێکەوە باس‌و موناقەشە لەسەر ئەم بابەتە دەکەن. دواتر وەڵامەکانیان لەسەر کاغەزێکی گەورە دەنووسنەوە. بۆ وەڵام دانەوە بەو پرسیارە دەتوانن بۆ نموونە ئەم باس‌و بابەتانە بۆ کارو لێکۆڵینەوە لەسەر کردن هەڵبژێرین. چۆن کاریگەریمان لەسەر بنەماڵەکان هەبێ؟ چۆن شوێن لەسەر قوتابخانەکەمان دابنێین؟ چۆن کاریگەریمان لەسەر ژینگەی دەوروبەرمان هەبێ؟ چۆن شوێن لەسەر پرۆسەی سیاسی دابنێین؟

بۆ بەشداری کردن لە پرۆسەی سیاسی‌دا زۆر ڕێگا هەن کە قوتابیەکان دەتوانن باسیان لێ بکەن وەک: نووسین بۆ ڕۆژنامەکان. بەشداری کردن لە کۆڕو کۆبوونەوە سیاسی‌یەکان‌دا، کار کردن لە ڕێکخراوە پیشەیی‌و جەماوەری‌یەکان‌دا، ناڕەزایەتی دەربڕین لە ڕێگای خۆپێشاندان‌و بەڕێوەبردنی مانگرتن‌و دەست لەکارکێشانەوە، کەڵک وەرگرتن لە حەقی دەنگدان‌و بەشداری لە هەڵبژاردن دا،

کار کردن لە حیزبێکی سیاسیدا و هتد. (کات ١٥ تا ٢٠ خولەک)

٢ـ گروپـــەکان ئاکامـــی کارو لێکۆڵینەوەکانیان بە شـــێوەی پلێنۆم پێشـــکەش دەکەن. ئەگەر دەرکەوت کە لە کاتی پێشـــکەش کردنی باســـەکانیاندا نەیانتوانی هەموو لایەنەکانی باسەکە ڕوون کەنەوە، پێویستە مامۆستا کەموکووڕییەکانیان بۆ قەرەبوو بکاتەوە.

٣ـ مامۆســـتا دیسان داوا لە بەشدارەکانی کۆرســـەکە دەکا کە سەرلەنوێ بەسەر چەند گروپدا دابـــەش بنەوە. ئەو جار ئەرکی گروپەکان ئەوەیە کە تێبکۆشـــن لـــە بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا ئەو بەندو ماددانە بدۆزنەوە کە پارێزگاری لە مافی بەشداری کردنی هاووڵاتیان لە پڕۆسەی سیاســـیو بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتو کۆمەڵدا دەکـــەن. ماددەکانی ١٩،٢٠و ٢٧ بە گرینگترینی ئەو ماددانە دەزانرێن کە لە بەیاننامەی جیهانیی مافەکان مرۆڤدا پارێزگاری لە حەقی بەشـــداریی هاووڵاتیان لە پڕۆسەی سیاسیو بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا دەکەن.

## باسو لێدوانی زیاتر

* لەبەرچـــی دەربڕینـــی نەزەرو بیروڕا ســـەبارەت بە گیروگرفتەکانی نێو کۆمـــەڵ کارێکی گرنگو پڕبایەخە؟

* بۆچی وا باشـــە تا ئەو جێیەی دەکرێ ژمارەیەکی هەرچی زیاتر خەڵک تێبکۆشـــن شوێن لەسەر کاروباری کۆمەڵ دانێن و بەشداریی تێدا بکەن؟

* ئایا بڕیار دانی بەکۆمەڵ باشتر نیە لەوە کە کاربەدەستان بە تەنیا لەسەر مەسەلە جۆراوجۆرەکان بڕیار بدەن؟ بۆچی؟

* کام گروپو دەســـتەو تاقم لە کۆمەڵدا پێویســـتیان بە یارمەتیو هاندانو پشـــتیوانییە تا بتوانن لە پڕۆســـەی سیاســـیو بەڕێوەبردنی کارو بارو ئیدارە کردنی کۆمەڵدا بەشـــداری بکەن؟ تا نەزەرو بیروڕاکانیان دەربڕن؟ (منداڵان، بەســـاڵاچووەکان، کەمئەندامان، ئـــاوارەکانو هتد) چۆن دەتوانرێ یارمەتی بەوان بکەین تا ڕوانگەو بیرو بۆچوونەکانیان بگاتە کاربەدەستان، تا بتوانن سەرنجی بیروڕای گشـــتی بۆ لای خۆیان ڕاکێشـــن؟ ئایا نموونەیەکت هەیە کە ئـــەوان بەجۆرێک لەو بارەوە یارمەتی درابن؟

## لێرەدا فێر بووین کە:

هەریەک لە ئێمە وەک تاک، وەک هاووڵاتی دەرفەتی ئەوەمان هەیە شـــوێن لەسەر کۆمەڵگاکەمان دانێین. لە ســـەرەتاشدا مرۆڤ بە شـــێوەی تاکەکەس کەوتە بیرکردنەوە لەسەر ئازادیو مافەکانی مرۆڤ. دواتر ئەو بیرو بۆچوونو فەلســـەفانە لە وتارو کتێبو تێکســـتی جۆراوجۆردا دارێژرانو بڵاو بوونەوە. بەدرێژایی مێژوو تاکە کەسەکانو گروپو دەستەو تاقمە جۆراوجۆرەکان لە ڕێگای خەباتو

بەربەرەکانیو تێکۆشانی بەردەوام بەشێوەی جۆراوجۆر بە دژی زوڵمو ستەمو بێعەداڵەتیو سەرەڕۆیی توانیویانــە مافەکانی مرۆڤ بەرنە پێش. بەجۆرێک کە ئەمڕۆ ئەوەتــا دەبینین ئەم مافو ئازادی‌یانە وەک قانوون ئەرکو بەرپرســایەتی دەخەنە ســەر شــانی دەوڵەتو کاربەدەســتان تا بۆ وەبەرچاو گرتنو دەســتەبەر کردنیان هەنگاو هەڵگرن. ئەگەر ئەو خەبــاتو بەربەرەکانی‌یە مێژوویی‌یە نەبوایە نە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەگەیشــتە ئێرەو نە بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤیش پەسندو بڵاو دەکرایەوە. بەو حاڵەشەوە ئێستاش مرۆڤایەتی ڕێگایەکی دوورو درێژی بۆ بردنە سەری ئاستی دابین کردن و دەستەبەربوونی مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ لەپێش دایە.

گرینگترین کار کە بۆ باشتر کردنی وەزعی کۆمەڵ بەڕێوە دەچێ ،ئەو کارانەن کە بە شێوەیەکی ئاســایی خەڵکی ئاســایی ڕۆژانە لە ڕێگای بیر کردنەوەو کارو چالاکی‌یە ئاسایی‌یەکانیان ،لە شوێنی کارو ژیانی ئاسایی خۆیان‌دا، بە بەشداری کردنیان لە کاروباری ئاسایی کۆمەڵ‌دا، بەڕێوەیان دەبەن.

دێمۆکڕاســی بێ کەم‌وکووڕی نیە. بەڵام بە باشترین سیستەم بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵ دادەنرێ. مێژووی مرۆڤایەتی تا ئێستا سیستەمێکی لەوە باشتری بۆ ئیدارە کردنی کۆمەڵ دانەهێناوە.

## کۆمەڵگای مەدەنی

۶۷_۶۶، ۶۴

**بابەت:** کۆمەڵگای مەدەنی

**ئامانج:** دانی زانیاری ســەبارەت بە کۆمەڵگای مەدەنــیو ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی کۆمەڵگای مەدەنی لە ئاستی نەتەوەییو نێونەتەوەیی‌دا.

کاتێک لەســەر دێمۆکڕاســیو مافەکانی مرۆڤ قســە دەکەین، زۆر گوێمان لە چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی دەبێ. زۆر دەبیسین کە کۆمەڵگای مەدەنی لە بەرامبەر کاربەدەستانی دەوڵەت‌دا، بە پارێزەری سەرەکی مافو ئازادییەکانی هاونیشتمانان دەژمێردرێ. ئەوە بە مانای ئەوەیە کە کۆمەڵگای مەدەنی کاربەدەســتانی دەوڵەت لە پێوەندی لەگەڵ ماف و ئازادی‌یەکانی مرۆڤ‌دا دەخاتە ژێر زەرەبینو لە هەر کوێ پێویست بێ ڕەخنەیان لێ دەگرێ. واتە هەر چەشنە پێشێل کردنێکی مافو ئازادی‌یەکانی هاووڵاتیان لەقاو دەداو لەم ڕێگایەوە ڕۆڵێکی داهێنەرانە و ئەرێنیو کاریگەر لە پاراستنو بردنە پێشی کۆمەڵــگادا دەبینێ. لەوەش زیاتر کۆمەڵگای مەدەنی دەتوانێ هەموو چینو توێژو لایەنو دەســتەو تاقمو گروپە جۆراوجۆرەکان بۆ بەشــداریو شــوێن دانان لە کارو باری کۆمەڵ‌دا وەگەڕ بخا. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە کۆمەڵگای مەدەنی چیە؟

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

ئەم ڕاهێنانە خۆشو سەرنجڕاکێشە. بەشدارانی کۆڕسەکە بە گوێرەی هەندێک کاتاگۆری دیاریکراو،

دەبنە گروپی جۆراوجۆر. پاشـــان هەرکام لە گروپەکان بە کورتی پێناسەیەکی خۆیان دەکەن‌و دواتر پێکەوە لەمەڕ کۆمەڵگای مەدەنی باس‌و گفتوگۆ دەکەن.

**کات:** ٤٥ خولەک.

**ژوور:** ژوورێکی گەورە کە بۆ هەندێک چالاکیی فیزیکی دەست بدا.

**ئامادەکاریی پێشـــوەخت:** وا باشـــە هەندێک کوتە کاغەز لەپێش‌دا ئامادە کرابن کە ناوی هەویەت‌و ناسنامە جۆراوجۆرەکانی لەسەر نووسرابێ. جگە لەوە زۆر گرینگە باسێکی تێرو تەسەلیش سەبارەت بە ڕۆڵی هەویەت‌و نەخشی ناسنامە لە ژیانی مرۆڤ‌دا ئامادە کرابێ تا لە کاتی پێویست دا پێشکەش بە بەشدارانی کۆڕسەکە بکرێ.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ مامۆســـتا نێوەرۆکی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی‌و ماناو مەبەســـت لە ڕێکخراوە غەیرە دەوڵەتی‌و کۆڕو کۆمەڵە غەیرە دەوڵەتی‌یەکان ڕوون دەکاتەوە. پاشـــان بەشدارانی کۆڕسەکە پێناسەیەکی نوێ وەردەگرن‌و ناوی ئەو پێناســـەیەی کە هەڵیانبژاردوە لەســـەر ســـنگی خۆیان هەڵدەواســـن. وا باشە قوتابیەکان بەســـەر پێناســـە جۆراوجۆرەکان‌دا دابەش بکرێن. دیارە ئەگەر کەسێک حەزی لێ نەبێ بچێتە ژێر ناونیشـــانی پێناســـەیەکی دیارکـــراوەوە، نابێ زۆری لێ بکرێ. واتە ناکرێ شوناســـێکی نەخوازراو بە سەر کەس‌دا بسەپێنین.

٢ـ قوتابیەکان بەگوێرەی ئەو پێناسەیەی کە وەریانگرتووە، گروپ گروپ دەبن.

٥ تا ٦ خولەک.

پاش دروست بوونی گروپەکان مامۆستا چاو دەگێڕێ تا کۆنترۆڵێک بکاو بزانێ چەند گروپ پێک هاتوون. بەشێوەیەکی ئاسایی وا باشە چوار گروپی جیاجیا پێک هاتبن.

١ـ دەســـەڵاتی سیاســـی ـ "ئەو کەس‌و لایەن‌و هەویەتە جۆراوجۆرانەی بەجۆرێک نوێنەرایەتیی دەوڵەت‌و حکوومەت‌و کاربەدەستانی وڵات دەکەن.

٢ـ دەسەڵاتی ئابووریـ ئەو شوناس و کەس‌و لایەنانەی کە نوێنەرایەتیی دەسەڵاتداریەتیی ئابووریی وڵات دەکـــەن وەک خاوەن کارگەو کارخانـــەو کۆمپانیاکان، بەڕێوەبەرانی بانکـــەکان، بازرگانەکان، خاوەن مڵکە گەورەکان، بەڕێوەبەرایەتیی پڕۆژە ئابووری‌و پیشەیی‌یەکان".

٣ـ دەســـەڵاتداریەتیی ئایینیـ ئەو کەســـانەی نوێنەرایەتیی دەســـەڵاتداریەتیی ئایین‌و مەزهەبە جۆراوجۆرەکان دەکەن وەک ئاخوندەکان، مامۆستا ئایینی‌یەکان، ڕێبەرانی ئایینی و دین‌و مەزهەب‌و تەریقەتە جۆراوجۆرەکان.

٤ـ بێدەســـەڵاتەکانـ ئـــەو کەس‌و لایەن‌و دەســـتەو تاقمانە کە نوێنەرایەتیـــی ئەوانە دەکەن، لە کۆمەڵ‌دا هیچ دەســـەڵاتێکیان بەدەستەوە نیە. دیارە دەکرێ جێگا بۆ هەویەت‌و گروپی دیکەش لە

چالاکیەکەدا وەبەرچاو بگرین. بەڵام مەبەستی ئێمە ئەوەیە کە ڕۆڵی سەرەکیی ئەو چوار هەویەتە بنەڕەتی‌یە لە کۆمەڵدا نیشان بدەین. مامۆستا دەبێ نەیەڵێ قوتابیەکان هەویەتێک هەڵبژێرن کە لە ژێر ئەم چوار هەویەتە ئەسڵی‌یەدا جێگای نەبێتەوە. دوایە مامۆستا لە هەرکام لە بەشدارەکانی کۆڕسەکە دەپرسێ لەبەر چی ئەو گروپەیان هەڵبژراد کە چوونە پاڵیەوە؟ چ شتێکی هاوبەشیان لەگەڵ یەکتر هەیە؟ چ پێوەندی‌یەکیان لەگەڵ گروپەکانی دیکەدا هەیە؟ چ نەخشێک لە کۆمەڵدا داگێڕن؟ دواتر مامۆستا نەخشی ئەو گروپە کە لە کۆمەڵدا دەسەڵاتی سیاسیی بەدەستەوەیە ڕوون دەکاتەوە. مەیدانی کارو بەرپرسایەتی‌یەکانی دەست نیشان دەکاو باسی ئەو کاناڵو ئامرازانەش وەک پۆلیسو سوپا کە بۆ بردنە پێشی دەسەڵاتی خۆی بەکاریان دێنێ دەکات.

دواتر مامۆستا داوا لە بەشدارانی گروپی دووهەم دەکا کە سەبارەت بە ڕۆڵو نەخشی خۆیان لە کۆمەڵدا قسە بکەن. بۆ زانیاریو ڕوون بوونەوەی زیاتر مامۆستا قسە لەسەر ئەوە دەکا کە ئەم گروپە کاڵاو خزمەتگوزاری‌یە جۆراوجۆرەکان، سەروەتو سامانو قازانج بەرهەم دێنن، هەر بۆیە بەشی دەسەڵاتی ئابووری وڵاتیان بەدەستەوەیە.

پاشان گروپی سێهەم خۆی دەناسێنێ. ئەوانە ڕێبەرانی دینو مەزهەبە جۆراوجۆرەکانن کە دەسەڵاتی ڕووحیو مەعنەویان بەسەر خەڵکدا هەیە. سەرەنجام مامۆستا داوا لە بەشدارانی گروپی چوارەم دەکا کە خۆیان بناسێننو ئەوە ڕوون کەنەوە کە بۆچی ئەو هەویەتەیان هەڵبژاردوە؟ وا باشە مامۆستا بەدرێژی ڕۆڵو دەوری ئەو گروپە لە کۆمەڵدا ڕوون کاتەوە. ئەوانە ئەو دەستەو تاقمو چینو توێژانەن کە نە دەسەڵاتی سیاسی، نە دەسەڵاتی ئابووریو نە دەسەڵاتی ئایینی‌یان لە کۆمەڵدا بەدەستەوە نیە. بە واتایەکی تر ئەوانە ئەو چینو توێژو دەستەو تاقمانەن کە لە کۆمەڵدا لە وەزعێکی سەختو دژواردا دەژین. هەر بۆیەش پێویستیان بە یارمەتیو هاوکاریو پشتێوانیی کۆمەڵگا هەیە. هەرکات ئەو دەستەو تاقمە جۆراوجۆرە بێ‌دەسەڵاتانەی نێو کۆمەڵ خۆیان ڕێکخستو ڕێکخراو و کۆڕکۆمەڵی سەربەخۆ و غەیرەدەوڵەتی‌یان بۆ بەرگری لە قازانجو بەرژەوەندی‌یەکانی خۆیان پێک هێنا، پێیان دەوترێ "کۆمەڵگای مەدەنی".

٣ـ پاشان مامۆستا لەسەر تەختە ڕەش وێنەی بازنەیەکی گەورە دەکێشێتەوە بەجۆرێک کە کۆمەڵگا نیشان بدات. بازنەکە دەکاتە چوار بەش. لە هەرکام لەو بەشانەدا جێگای ئەم گروپو دەستەو تاقمانە دەکاتەوە.

* ئەو دامودەزگا جۆراوجۆرانەی نوێنەرایەتیی دەسەڵاتی سیاسی دەکەن.
* ئەو دامودەزگاو کارگەو کۆمپانیایانەی نوێنەرایەتیی دەسەڵاتی ئابووری دەکەن.
* ئەو دامەزراوە جۆراوجۆرانەی نوێنەرایەتیی دەسەڵاتی ئایینی دەکەن.
* ئەو لایەنو دامودەزگاو ڕێکخراوانەی نوێنەرایەتیی کۆمەڵگای مەدەنی دەکەن. پێویستە مامۆستا ئەوە ڕوون کاتەوە کە کۆمەڵگای مەدەنی بۆ بردنە پێشی مەبەستەکانی خۆی پێویستی

بە هاوکاریی دەسەڵاتەکانی دیکەی نێو کۆمەڵ هەیە. بەڵام یەک شت ڕوونە. ئەویش ئەوەیە کە کۆمەڵگای مەدەنی ئەگەر بیەوێ شوێن لەسەر کۆمەڵگاو دەسەڵاتەکانی دیکەی نێو کۆمەڵ دانێ، پێویستە خۆی ڕێک بخات. تەنیا لەو ڕێگایەوە کۆمەڵگای مەدەنی دەتوانێ داواکاری‌یەکانی بێنێتە گۆڕو بۆ باشتر کردنی وەزعی مافی مرۆڤ تێکۆشێ. ئەوە پێی دەوترێ ئاکتیڤیزم. واتە کارو هەوڵو خەباتو تێکۆشانو چالاکی نواندن بۆ دەستەبەر کردنی مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤو پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵدا.

## بۆ باسو لێدوانی زۆرتر:

* ناوی چەند ڕێکخراو بەرە کە نوێنەرایەتیی کۆمەڵگای مەدەنی دەکەن.
* بۆچی خەڵک ڕێکخرا وو کۆڕوکۆمەڵی جۆراوجۆر بۆ بەرگری لە مافو ئازادی‌یەکان خۆیان دادەمەزرێنن؟
* ناوی چەند ڕێکخراو بەرە کە کار بۆ مافەکانی مرۆڤ دەکەن؟ لە ئاستی دنیادا لەو بارەوە کام ڕێکخراو چالاکن؟ لە ئاستی وڵاتەکەی خۆماندا چەند ڕێکخراوی لەو جۆرەمان هەن؟
* هەندێک کۆڕو کۆمەڵ کە کار بۆ مافەکانی مرۆڤ دەکەن، ئاماد نین هیچ چەشنە یارمەتی‌یەکی ماڵی لە دەوڵەتو بنکەو بنیاتە ئابووری‌یەکان وەرگرن. بۆ چی وا دەکەن؟ نەزەری تۆ لەو بارەوە چی‌یە؟
* ئایا پێت با شە ئێمە وەک تاک ببینە ئەندامی کۆروکۆمەڵە جۆراوجۆرەکانی لایەنگری مافی مرۆڤو لەنێویاندا کار بکەین؟ یان پشتیوانیان لێ بکەین؟ بۆ؟
* بایەخی هەبوونی کۆمەڵگای مەدەنیی چالاک بۆ دەوڵەت لە چی دایە؟ واتە لەو بارەوە دەوڵەت چ قازانجێک دەکا؟
* بۆچی لەو سەردەمەدا پێویستیمان بە کۆمەڵگایەکی مەدەنیی جیهانی هەیە کە سەرتاسەری دنیا بە مەیدانی کارو چالاکی‌یەکانی خۆی بزانێ؟

## لێرەدا فێر بووین کە:

لە ئاخرو ئۆخری سەدەی هەژدەوە تا ئەمرۆ بەشێک لە کۆمەڵگادا پەرەی سەندوەو پێگەیوە کە پێی دەگوترێ کۆمەڵگای مەدەنی. ئەو بەشە هەر وا لە گەشەکردنی بەردەوام دایە. ئەمانجی ئەو بەشە لە کۆمەڵ ئەوەیە کە بەشێوەی جۆراوجۆر شوێن لەسەر دەسەڵاتداریەتی سیاسیو ئابووری دانێ. کۆمەڵگای مەدەنی بۆ خۆی لە رایەڵکەیەکی بەرینی ڕێکخراو و کۆڕو کۆمەڵی جۆراوجۆر کە هەر کامیان بەشێوەی خۆیو لە بوارێکدا کار بۆ مافەکانی مرۆڤ دەکەن، پێک دێ. هەندێک لەو گروپانە خۆیان بۆ کار لە بوارێکدا تەرخان کردوە. واتە کارو چالاکی‌یەکانیان لە بوارێکی تایبەتی‌دا

بەڕێوە دەبەن. لەبەر ئەوەی ئەو ڕێکخراوانە لە دەوڵەت ســـەربەخۆن، پێیان دەوترێ ڕێکخراوە غەیرە دەوڵەتیـــیەکان. یـــان NGO کان. (Governmental Organizations-Non) ئەو ڕێکخراوانە بە ئازادی کارو چالاکییەکانیان بەڕێوە دەبەن. ڕەخنە لە سیاسەتو کارو کردەوەکانی دەوڵەتو کاربەدەستانی دەوڵەت دەگرن. لە سەردەمی ئێستادا کۆڕوکۆمەڵەجۆراوجۆرەکانی لایەنگرو پارێزەری مافەکانی مرۆڤ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بێ وەبەرچاوگرتنی سنوورەکان ڕایەڵکەی پشتیوانیو هاوپێوەندی نیشان دان لەگەڵ یەکتر پێک دێنن. بەو جۆرە مەیدانێکی باشـــترو بەرینترو گەورەتر بۆ کارو چالاکییەکانیان لە ئاستی نێونەتەوەییدا دروست دەکەن. ئەمەش بۆتە هۆی دروست بوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنیی گەورەو بەرین کە سەرتاسەری دنیای هاوچەرخی گرتۆتەوەو وەک فاکتۆرێکی کاریگەر لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا شـــوێن دادەنـــێ. فاکتۆرێک کە ئیتر وای لێ هاتووە دەوڵەتـــەکان ناتوانن نەیبینن‌و حیسابی بۆ نەکەن.

مەبەســـت لە ئازادیی تێکۆشـــانی ڕێکخراوەیـــی بریتییە لە حەقی پێک هێنانو تێکۆشـــان لە ڕێکخراوە سیاســـیو مەدەنیو پیشـــەییو جەماوەرییەکاندا بۆ دیفاع لە مافو ئازادییەکانو بردنە پێشی قازانجو بەرژەوەندییە ڕەواکانمان.

## شوناس و ناسنامە جۆراوجۆرەکان:

ـ ئەندامانـــی پارلەمان، ســـەرۆک وەزیر، وەزیرەکان، قازییەکان، ژەنەڕاڵو ئەفســـەرەکان، پۆلیســـ خـــاوەن کارخانە، خاوەن کۆمپانیاو شـــیرکەتەکان، بازرگانەک، ســـەرۆک بانکەکان، خاوەن هۆتێلو ڕێستۆرانە گەورە، خاوەن ئەکش، جووتیار، مەلا، ئاخوند، پریست، شێخو قەشە، ئیمام، منداڵ، ژنان، خانەنشـــین،هاوڕەگەزخواز، ئاوارە، پەنابەر، جندە، کەمئەند، چالاکـــی مەدەنی، چالاکی مافی مرۆڤ ڕۆژنامەنووس، شانۆگەر، نووسەر، مێدیاکار، فێمێنیست، دووکاندار، کرێکار، مامۆستا، شوفیر



## کۆڕو کۆمەڵو ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان

**بابەت:** کۆڕو کۆمەڵو ڕێکخراوە جۆراجۆرەکانی داکۆکیکار لە مافو ئازادییەکانی مرۆڤ.

**ئامانج:** ئاشنا بوونی زیاتر لەگەڵ کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکانو چۆنیەتیی کارو تێکۆشانی ئەوان.

هەر چەند دابینو دەستەبەر کردنی مافەکانی مرۆڤو ڕێز گرتن لێیان پێش هەر کەسو لایەنێکی-تر، ئەرکی سەر شانی دەوڵەتە، زۆر ڕێکخراوی غەیرە دەوڵەتییش هەن کە لەو بوارەدا ڕۆڵێکی زۆر چالاکو گەورە دەگێڕن. ئەو کۆڕو کۆمەڵە غەیرە دەوڵەتییانە لە زۆر بواری جۆراوجۆردا کار دەکەن. بۆ نموونە هەواڵو ڕیپۆرتاژ بۆ لە قاودانی پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ لێرەولەوێ بڵاو دەکەنەوە، جلوبەرگو خواردەمەنیو دەواو دەرمان بۆ خەڵکی ئاوارەو شەڕلێدراو یان کارەسات لێدراو کۆ دەکەنەوە، یارمەتی بە هەژارانو خەڵکی موحتاجو دەستکورت دەدەن، بە دژی هەڵاواردنو جیاوازیدانان ڕادەوەستن، لە کۆبوونەوە ئیعترازییە جۆراوجۆرەکاندا، لە خۆپێشاندانو مانگرتنە جەماوەرییەکاندا بەشدارای دەکەن. نموونەی ئەو جۆرە ڕێکخراوانە لە هەموو وڵاتاندا زۆرن. وەک ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، خاچی سووری جیهانی، ئەو کۆڕوکۆمەڵانەی بەرگری لە مافەکانی کرێکاران، منداڵان، ژنان، ئاوارەکانو هتد دەکەن.

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

**کات:** ۱۰ خولەک یان زیاتر

**پێداویستییەکان:** دەستڕاگەیشتن بە کتێبخانە، ئینتەرنێت، یان سەردانی یەک یان چەند ڕێکخراو کە کار بۆ مافەی مرۆڤ دەکەن.

۱ـ داوا لە قوتابیان دەکەین کە ئەو ڕێگایانەی بۆ پێک هێنانی ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵدا کەڵکیان لێوەردەگرین، بژمێرن. ڕوونە هەندێک لەوان لەو پێوەندییەدا باس لە ڕۆڵی ڕێکخراوە غەیرە دەوڵەتییەکان دەکەن. لە حاڵەتێکی ئاوادا پێویستە داوا لە قوتابیەکان بکەین کە ئەگەر ناوی هەر ڕێکخراوێکی تایبەتی کە کار بۆ مافی مرۆڤ دەکا بێنن، پێویستە ئەوەش ڕوون کەنەوە کە ئەو ڕێکخراوە چ دەکاو چۆن کار دەکا. ئەگەر هیچ کام لە قوتابیەکان باسێکی لەوچەشنەی نەهێنا گۆڕ، مامۆستا بۆخۆی دەپرسێ کە ئایا مەبەست لە ڕێکخراوێکی غەیرە دەوڵەتی چیە؟ NGOکان چن؟ چ ڕۆڵێک دەگێڕن؟ مامۆستا لایەنە جۆراوجۆرەکانی وەڵامی قوتابییەکان لەسەر تەختەڕەش بە خەتێکی جوان دەنووسێ. واتە تایبەتمەندییەکانی ڕێکخراوە غەیرە دەوڵەتییەکان لەسەر تەختەڕەش دەنووسێ. بۆ نموونە بەو جۆرەی خوارەوە:

- ئەو ڕێکخراوانە سەربەخۆن، حکوومی نین.
- ئەو ڕێکخراوانە خۆبەخشانە کار دەکەن.
- ئەو ڕێکخراوانە ئەندامو لایەنگرو پشتیوانیان هەن.

ـ ئەو ڕێکخراوانە بەشێوەی جۆراوجۆر بۆ بەڕێوەبردنی چالاکی‌یەکانیان پارە کۆدەکەنەوە (حەقی ئەندامەتی وەردەگرن، یارمەتی لە دەوڵەت یا لە خەڵک وەردەگرن، پووڵ کۆ دەکەنەوەو هتد)

٢ـ مامۆستا باسی ئەوە دەکا کە زۆرن ئەو ڕێکخراوە غەیرە دەوڵەتی‌یانەی کار بۆ مافەکانی مرۆڤ دەکـــەن. هەر بۆیە ئەرکەکانیشـــیان جۆراوجۆرن، بەڵام دەتوانین ئەو ئەرکانـــە کە ئەوان بەڕێوەیان دەبەن، لەو خاڵانەدا پوختە کەینەوە:

* چاوەدێری ڕەوشی مافی مرۆڤ لە نێوخۆو دەروەی وڵاتدا دەکەن‌و لەو بارەوە ڕاپۆرت‌و هەواڵ ئامادەو بڵاو دەکەنەوە.

* ڕێنوێنی، پشـــتیوانی، کۆمـــەگ‌و هاوکاری قەزایی‌و حقووقی‌و قانوونی بۆ هەژاران‌و کەســـانی فەقیرو بێ ئیمکانات دابین دەکەن.

* هەندێکیان لەسەر گیروگرفتێک یان لە بوارێکی تایبەتی‌دا کار دەکەن. وەک مافەکانی مناڵان، ژنان، کەم‌ئەندامان، پەنابەران، شکەنجە، ئازادیی بەیان، زیندانیان‌و هتد.

* زۆرتر لە نێو خەڵک‌و لەســـەر شەقام‌و شوێنە گشـــتی‌یەکان‌دا، کارو چالاکی‌یەکانیان ئەنجام دەدەن.

* لە رایەڵکە نێونەتەوەیی‌یەکان‌دا ئەندامن.

* زانیاری‌و وشـــیاری ســـەبارەت بەمافەکانی مرۆڤ یان لەسەر بوارێکی تایبەتی ئەو مەیدانە دا، بڵاو دەکەنەوە.

* هەندێک جار پرۆژەی تایبەتی کورت خایەن یان درێژخایەن لەمەڕ گروپێک یان مەســـەلەو بابەتێک وەرێ‌دەخەن وەک: ئەشکەنجە، ئاوارەکان، لەش‌فرۆشی، پۆرنۆگرافیی مناڵان‌و هتد.

* کارو پرۆژەو چالاکی تایبەتی ڕوو لە کاربەدەســـتانی دەوڵەت‌و بۆ شـــوێن دانان لەسەر ئەوان‌و بڕیارو سیاسەتەکانیان ئەنجام دەدەن.

لێرەدا وا باشە مامۆستا داوا لە بەشدار بووەکان بکا کە ئەوانیش نموونەی دیکە لەو بارەوە بێننەوە. دەکرێ پرســـیاریان لێ بـــکا ئایا هیچ کەس لەوان ئەزموون‌و تاقیکردنـــەوەی لەو جۆرەی هەیە کە بۆخۆی لە یەکێک لەو ڕێکخراوانەدا کاری کردبێ؟ ئەگەر ئەزموونی لەو چەشنەی هەیە، بیگێڕێتەوە. دەکرێ مامۆستا بۆ گەرمتر بوونی باسەکە هەندێک پرسیاری دیکەش بێنێتە گۆڕێ وەک:

* بە چ شـــێوەیەک ڕێکخراوە غەیـــرە دەوڵەتی‌یەکان دەبنە هۆی بەهێزبوونی دێمۆکراســـی لە کۆمەڵ‌دا؟

٣ـ داوا لە قوتابی‌یەکان بکە لەســـەر یەکێک لـــەو گیروگرفتانەی کە پێوەندیی بەمافی مرۆڤەوە هەیەو لە کۆمەڵ‌دا زۆر زەق‌و بەرچاوەو پێویســـتە کاری لەســـەر بکرێ، ڕێکخراوێک پێک بێنن. بۆ نموونە ئەویندراری، هەژاری، بێکاری، نەبوونی خزمەتگوزاری‌یە تەندروستی‌یەکان، مافەکانی منداڵان، گەندەڵـــی‌و هتـــد. دواتر قوتابیەکان بکە بـــە چەند گروپ. هەر گروپە بە نۆرەی خۆی تێدەکۆشـــێ

ڕێکخراوێکی غەیرە دەوڵەتی بۆ کار کردن لەسەر یەک لەو مەسەلانە دامەزرێنێ. پێویستە ئەو ڕێکخراوە ناوێکی هەبێ، پلانو بەرنامەی کاریی ساڵانەو چەند ساڵانەی هەبێو ئەو ڕێگاو مێتۆدانەش دەستنیشان کات کە دەیەوێ کاریان پێ بکا. ٣٠ تا ٤٥ خولەک.

٤ـ سەرئەنجام گروپەکان کۆ دەبنەوەو ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانیان بەشێوەی پلێنۆم لەگەڵ یەکتر باسو پێشکەش دەکەن.

## فێر بووین کە:

ڕێکخراوە غەیرە دەوڵەتیو خێرخوازو مرۆڤدۆستەکان کارێکی گرنگو پڕبایەخ لە کۆمەڵدا دەبەنە پێش. ڕەخنە لە دەوڵەتو سیاسەتو کاربەدەستانی دەوڵەت دەگرنو لەو ڕێگایەوە وشیاریان دەکەنەوەو کەموکووڕیو کەمتەرخەمی‌یەکانیان دەستنیشان دەکەن. هاوارو ناڵەو بێزاریو تووڕەییو ئیعترازی خەڵک دەگەیەننە کاربەدەستان. لەوەش زیاتر ئەو ڕێکخراوانە مەیدانو کاناڵو دەرفەتی جۆراوجۆر بۆ تاکەکەسەکان دەخولقێنن تا کار بۆ مافەکانی مرۆڤ بکەن. دەبێ بگوترێ کە لە وڵاتە دێمۆکراتیکەکاندا کاربەدەستانی دەوڵەت سەرنج دەدەنە قسەو بیرو بۆچوونەکانی ڕێکخراوە غەیرە دەوڵەتی‌یەکانو لە کاتی سیاسەتگوزاریو بەرنامەڕێژیدا، نەزەری ئەوان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بە گرنگو پڕبایەخ لەقەڵەم دەدەن. کە چی لە ڕێژیمە دیکتاتۆر سەرەڕۆکاندا بەتوندی دەخرێنە ژێر فشارو پاڵەپەستۆو تەنانەت کارو چالاکی‌یەکانیان بەرتەسکو بگرە قەدەغەش دەکرێن. کەم نین ئەو ئینسانە تێکۆشەرانەی ساڵانە لە وڵاتە دیکتاتۆر لێدراوەکاندا لەسەر تێکۆشان بۆ دابین کردنی مافەکانی هاووڵاتیانیان زیندانیو ئەشکەنجە دەکرێن، یان لەگەڵ ئێعدامو سێدارەو قەنارە بەرەوڕوو دەبن.

## بۆ لێدوانو فێر بوونی زۆرتر:

❋ مامۆستا بەشدارنی کۆڕسەکە بەسەر چەند گروپدا دابەش دەکات، هەرکام لە گروپەکان ڕێکخراوێکی غەیرە دەوڵەتی هەڵدەبژێرنو کاری لەسەر دەکەن. ئەوان تێدەکۆشن وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە.

❋ ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوە چین؟

❋ چۆن ڕێکخراوەکە کار دەکا؟

❋ ئەندامەکانی لە کێ پێک دێن؟

❋ ڕێکخراوەکە پووڵو یارمەتی لەکوێ وەردەگرێ؟

❋ ئایا ڕێکخراوی لەو جۆرە هەن کە لە شار یان شارۆچکەکەی ئێوەدا بەو جۆرە کار بکەن؟

❋ ئایا ئەوان تا ئێستا توانیویانە کەمێک لە ئامانجەکانیان نزیک بنەوە؟ چیان کردوە؟

## هەندێک زانیاری

ڕێکخراوە غەیرە دەوڵەتی‌یەکان لەلایەن کەسانی خەباتکارو لایەنگری مافەکانی مرۆڤەوە دادەمەزرێن‌و بەڕێوە دەچن. ئەو جۆرە ڕێکخراوانە لە کۆمەڵدا وەک دەنگ‌و پارێزەری سەرەکی دەستەو تاقمە لاوازو بێدەسەلاتەکان وەک منداڵان، کەم‌ئەندامان، زیندانیان هتد کار دەکەن. ئەو جۆرە ڕێکخراوانە پێوەندی‌یەکی باش‌و زیندوویان لەگەڵ کەسان‌و خەڵکی ئاسایی‌دا هەیە. زۆر لەوان ئەندام‌و لایەنگرو پشتیوانیان لەنێو جەماوەری خەڵکدا هەن. زۆربەی ئەو ڕێکخراوانە لە کارو تێکۆشانی خۆیان‌دا شارەزاو لێوەشاوەن. هەر بۆیە لەلایەن بیرو ڕای گشتی، ڕاگەیەنە گشتی‌یەکان‌و تەنانەت کاربەدەستانیشەوە قسەو هەڵوێست‌و ڕاگەیانراوەکانیان بەجیددی وەردەگیرێن. ئێستا کارو خەبات بۆ دابین‌و دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ تەنیا هەر بە ئەرک‌و کاری هەندێک کەس‌و لایەن‌و دەستەو تاقم دانانرێ. بەڵکوو هەموو کەسێک لە هەر شوێن‌و مەوقعییەتێکی کۆمەڵایەتی‌و جوغرافیایی دابێ، دەتوانێ بۆ دابین‌و بردنە پێشی ماف‌و ئازادییەکانی مرۆڤ کار بکات‌و لە یەکێک لەو ڕێکخراوە مرۆڤدۆستە غەیرە دەوڵەتی‌یانەدا تێکۆشانی خۆی دەست پێ بکا.

## تێکۆشەری ڕێگای ماف‌و ئازادی‌یەکانی مرۆڤ

**بابەت:** چالاکان‌و تێکۆشەرانی ڕێگای دابین کردنی مافەکانی مرۆڤ

**ئامانج:** ئاشنا کردنی بەشدارانی کۆڕسەکە لەگەڵ ئەو ڕۆڵە گرنگ‌و پڕبایەخەی کە چالاکان‌و تێکۆشەرانی ڕێگای ماف‌و ئازادی‌یەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵدا دەیگێڕن.

## چۆنەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

لەسەرەتادا قوتابیەکان لەسەر بابەتەکە بە قووڵی بیر دەکەنەوە. دواتر کارەکانیان بەشێوەی گرووپی دەبەنە پێش‌و سەرەنجام لە پلێنۆمێکدا ئاکامی لێکۆڵینەوەکانیان پێشکەش دەکەن. پێویستە وەختێکی باش بدرێتە بەشدارانی کۆڕسەکە تا بتوانن بەشێوەی گروپ پێکەوە کار بکەن. دەکرێ ئەو چالاکی‌یە بەشێوەی کاری پڕۆژەیی بۆ ماوەیەکی درێژخایەنیش بەڕێوە بچێ. ئامانج ئەوەیە قوتابیەکان لەو بارەوە لێکۆڵینەوەیەکی باش‌و پوخت‌و پڕنێوەرۆک بەدەستەوە بدەن.

**کات:** ٤٥ خولەک.

**پێدوایستەکان:** کاغەزو قەڵەم، تووش‌و کاغەزی گەورە، مەقەست‌و چەسپی ئاوی، دەست ڕاگەیشتن بە زانیاری، ڕۆژنامەو گۆڤارو ئەنتەرنێت‌و کتێبخانە.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ لە سەرەتادا مامۆستا هەندێک پرسیار لە قوتابیەکان دەکا تا ناچار بن لەسەر بابەتەکە بیر بکەنەوە.

* چالاكی مافه‌كانی مرۆڤ كێیه‌؟
* تێكۆشه‌ری ڕێگای مافه‌كانی مرۆڤ كێیه‌؟

"كه‌سێك كه‌ كار بۆ دابین‌و ده‌سته‌به‌ر كردنی ماف‌و ئازادی‌یه‌كانی مرۆڤ به‌ گشتی ده‌كا، به‌ چالاكی مافی مرۆڤ ده‌ناسرێ. كه‌سێك كه‌ ژیان‌و شاره‌زایی‌و تواناكانی خۆی بۆ بردنه‌ پێشی مافه‌كانی كه‌سان‌و ده‌سته‌و تاقمه‌ لاوازو چه‌وساوه‌كانی نێو كۆمه‌ڵ وه‌ک منداڵان، كه‌م‌ئه‌ندامان، ئاواره‌كان، زیندانیان‌و هتد ته‌رخان ده‌كا، به‌ تێكۆشه‌ری مافه‌كانی مرۆڤ داده‌نرێ».

زۆرن ئه‌و كه‌سانه‌ی له‌ وڵاتان‌و كۆمه‌ڵگا جۆراوجۆره‌كان‌دا له‌ پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ كارو خه‌بات بۆ ماف‌و ئازادی‌یه‌كانی مرۆڤ‌دا ناوبانگیان ده‌ركردوه‌، وه‌ک: هێنری دوونات، مارتین لۆته‌ر كینگ، نێلسۆن ماندێللا، دایه‌ ته‌رێسا، فلۆرێنس نایتینگڵ، داو ئاونگ سان سوشی، شیرین عیبادی، مهاتمان گاندی، ڤاسلاڤ هاڤێل، بۆب گیڵدۆڤ، وانگاری ماتای‌و زۆر كه‌سی دیكه‌ش بۆ نموونه‌ وه‌ک ئه‌و كه‌سانه‌ی كه‌ ڕێكخراوه‌ غه‌یره‌ ده‌وڵه‌تی‌یه‌ به‌ناوبانگه‌كانیان بۆ داكۆكی له‌ مافی مرۆڤ دامه‌زراندووه‌. بۆ ناسینی كه‌سانی دیكه‌ی له‌و چه‌شنه‌ ده‌توانین زانیاری له‌ ڕێكخراوی نێونه‌ته‌وه‌یی لێبوردن وه‌رگرین. هه‌ر ئێستاش له‌ ئاستی دنیا له‌ هه‌موو وڵاتان‌دا، زۆرن ئه‌و كه‌سانه‌ی كه‌ له‌ پێناو ماف‌و ئازادی‌یه‌كانی مرۆڤ‌دا خه‌بات ده‌كه‌ن‌و له‌و ڕێگایه‌دا تووشی زیندان، یان ده‌ستبه‌سه‌ری‌و ئاواره‌یی بوون.

٢ـ ئێستا به‌شداره‌كان به‌سه‌ر چه‌ند گروپ‌دا دابه‌ش ده‌بن‌و هه‌ركام له‌وان یه‌كێک له‌و كه‌سانه‌ هه‌ڵده‌بژێرن و كاریان له‌سه‌ر ده‌كه‌ن. به‌شێوه‌یه‌كی كورت بیۆگرافیی ئه‌وان په‌یدا ده‌كه‌ن. وا باشه‌ له‌ پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ ئه‌وان‌دا وه‌ڵامی ئه‌م پرسیارانه‌ بده‌نه‌وه‌: كه‌ی له‌دایک بووه‌؟ كه‌ی بۆته‌ چالاكی مافی مرۆڤ؟ بۆ چ ئامانجێک كارو خه‌باتی كردوه‌؟ بۆ كام ئامانج‌و مه‌به‌ستی سیاسی تێكۆشاوه‌؟ گه‌وره‌ترین كاری چیه‌؟ به‌چی زۆر به‌ناوبانگه‌؟ گه‌وره‌ترین سه‌ركه‌وتن‌و ده‌سكه‌وتی له‌ خه‌باتكه‌ی‌دا چ بووه‌؟

٣ـ سه‌ره‌نجام هه‌موو گروپه‌كان كۆ ده‌بنه‌وه‌و ئاكامی كارو لێكۆڵینه‌وه‌كانیان به‌شێوه‌ی پلێنۆم پێشكه‌ش ده‌كه‌ن.

### لێره‌دا فێر بووین كه‌:

زۆرن ئه‌و كه‌سانه‌ی ژیانی خۆیان بۆ خه‌بات‌و تێكۆشان له‌ پێناوی ئازادی‌و مافه‌ ڕه‌واكانی هاووڵاتیان‌و هاونه‌وعه‌كانی خۆیان‌دا ته‌رخان كردوه‌. هه‌ندێک له‌و كه‌سانه‌ به‌هۆی كارو خه‌بات‌و زه‌حمه‌ت‌و ماندوو بوونه‌كانیان له‌و ڕێگایه‌دا ناوبانگی نێونه‌ته‌وه‌یی‌یان وه‌ده‌ست هێناوه‌. ئه‌وانه‌ ئێستا بوونه‌ته‌ سه‌رمه‌شق‌و ئیده‌و سه‌رچاوه‌ی ئیلهام بۆ هه‌موو مرۆڤایه‌تی‌و بۆ خه‌ڵكانی دیكه‌ كه‌ له‌ پێناو ئازادی‌و مافه‌كانی مرۆڤ‌دا خه‌بات ده‌كه‌ن. شایانی باسه‌ كه‌ له‌ هه‌موو كۆمه‌ڵگاكان‌دا ، له‌ هه‌مو شارو شارۆچكه‌و ته‌نانه‌ت گونده‌كانیش‌دا، زۆر كه‌س هه‌ن كه‌ وه‌ک قاره‌مانی ڕۆژانه‌ی خه‌بات بۆ ماف‌و ئازادی‌یه‌كانی مرۆڤ ده‌ناسرێن. ئه‌وانه‌ ڕۆژانه‌ به‌ كارو خه‌باتیان شوێنه‌وارێكی زۆر له‌سه‌ر بردنه‌ پێشی مافه‌كانی مرۆڤ

دادەنێن‌و چرای هیواو هومێد بە ئایندەیەکی گەش لەنێو خەڵکدا دادەگیرسێنن. دیارە هەمیشە ناوی ئەوانە ناکەوێتە سەر زارو زمانان یان ناویان لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان‌دا بڵاو نابێتەوە، بەڵام ئەوە هیچ لەو ڕاستی‌یە ناگۆڕێ کە ئەوان لە شوێنی خۆیان‌دا سەبارەت بەو کارو خەباتەی بۆ ئازادی‌و مافەکانی مرۆڤ بەڕێوەی دەبەن، بۆخۆیان قارەمانێکن کە لەنێو دڵی میللەتی خۆیان‌و خەڵکی دەوروبەری خۆیان‌دا، جێگای شایستەی خۆیان کردۆتەوە.

## بۆ لێدوانی زیاتر:

* ئایا کەسێک دەناسن کە هەر چەند لەو بارەوە زۆر نەناسراوە بەڵام لەو شوێنەی کە ئێوەی تێ دان بە خاتری کارو خەبات بۆ مافەکانی مرۆڤ خەڵک بیناسن‌و ڕێزی لێ بگرن؟
ئایا لە وڵاتەکەی خۆمان‌دا و لە کۆمەڵگاکەی خۆمان‌دا کەسانی ئەوتۆ هەن کە خەڵک وەک تێکۆشەری ڕێگای خەبات بۆ دابین کردنی مافەکانی مرۆڤ ناوی بەرن؟
بۆ چی بەوانە دەڵێین قارەمانانی ژیانی ڕۆژانە؟ مەبەست لەو زاراوەیە چی‌یە؟
* جیاوازی‌و وێکچوونەکانی نێوان تێکۆشەرانی ڕێگای مافەکانی مرۆڤ‌و ئەوانەی کە پێیان دەوترێ قارەمانانی رۆژانەی ڕێگای مافەکانی مرۆڤ کامانەن؟

## بۆ زانیاری:

لە ساڵی ١٩٩٨ی زایینی‌دا ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەیاننامەیەکی تایبەتی لەسەر مافەکانی تێکۆشەرانی مافەکانی مرۆڤ پەسندو بڵاو کردەوە. ئەو بەیاننامەیەی دەریدەخا کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی کارو خەباتی ئەو کەسانەی کە لێرەو لەوێ لە پێناو مافەکانی مرۆڤدا تێدەکۆشن، بەرزو پڕبایەخ دەنرخێنێ. هەر بۆیە دەیهەوێ بیانخاتە ژێر چەتری پارێزگاریی خۆیەوە.
مێشوولەیەک لە ژووری نوستن‌دا بە هازوهوز دەتوانێ گرفت و سەرئێشەیەکی زۆر بنێتەوە.

## مافەکانی منداڵان

**بابەت:** مافەکانی منداڵان

**ئامانج:** ئاشنا بوون لەگەڵ ئەو ڕاستی‌یە کە منداڵان لە کۆمەڵدا گرووپێکی لاوازن‌و پێویستیان بە پارێزگاریی تایبەتی هەیە.

دەکرێ منداڵی قۆناخێکی خۆشی تەمەنی مرۆڤ بێ. منداڵێک کە لە ئەمنییەت‌و ئاسایش‌دا، لە سێبەری خۆشەویستی‌و موحیببەتی دایک‌و باوکی‌دا دەژی، منداڵێک کە هەل‌و دەرفەتی باشی بۆ دەڕەخسێ‌و دەتوانێ بێ هیچ نیگەرانی‌یەک لەگەڵ هاواڵەکانی یاری بکاو کەڵک لە منداڵیی خۆی وەرگرێ، بە شێوەیەکی سروشتیش مەیدانی گەشەو هەڵدان‌و گەورەبوونی بۆ

پێک دێ. منداڵێک کە لە پڕۆسەیەکی ئاوادا گەشە دەکا، کە گەورەش بوو بەهێزو  پتەو و ساخ دێتە دەر. زۆر وڵات هەن هەلومەرجێکی لەو چەشـــنەیان بۆ گەشـــەو خوێندنو پەروەردەو فێر کردنـــی منداڵان پێک هێناوە. نۆرویژ یەکێک لەوانە. بەو حاڵـــەش لە زۆر وڵاتاندا، تەنانەت لە وڵاتە دەوڵەمەندو پێشـــکەتووەکانیشدا زۆرن ئەو منداڵانەی لە هەلومەرجێکی سەختو دژواردا بەسەر دەبەن. دەچەوسێنەوە، لە مەینەتبەشیو مەحروومییەتو بێبەشیدا گەورە دەبن، دایکو باوکیان هەژارو بێپەنان، یان لە ئاکامی شـــەڕو ئاوارەیـــیو گیرو گرفتە جۆراوجۆرەکانی دیکەدا، بنەماڵەکانیان هەڵدەوەشێنو بەم جۆرە ژیانیان لێ دەشێوێ. لە زۆر شوێن منداڵان ناتوانن بڕۆنە قوتابخانە، لە سێبەری توندوتیژیو شەڕوماڵوێرانیدا دەژین، دەستدرێژیی جینسییان دەکرێتە ســـەر، لە بەر بێماڵو حاڵی لەسەر شـــەقامەکان بەســـەر دەبەن یان ناچارن لە هەلومەرجێکی ســـەختو بە حەقدەستێکی زۆرکەم کار بکەن. بەکورتی چونکە منداڵان بێهێزترینو لاوازترین گروپی نێو کۆمەڵن، پێویستە لەسەرمان بۆ پاراستنی ئەوانو دابینو دەستەبەر کردنی مافەکانیان تێکۆشـــین، لە بەرامبەر پەلامارو توندوتیژیو چەوســـانەوەو مەینەتبەشـــیدا، ئاگاداریyan لێ بکەینو بیانپاریزین. ســـەرمایەگوزاری لەسەر منالان،  بەسەرمایەگوزاری لەسەر ئایندەی کۆمەڵ بە حیساب دێ!

### چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

ئەم ڕاهێنانە بەشـــێوەی کاری گروپی دەڕواتە پێشو سەرەنجام بە پلێنۆم کۆتایی دێ. لە کۆتاییدا مامۆســـتا بە شێوەیەکی تێروتەسەل باسێکی پڕ لە زانیاری لەسەر بابەتەکە پێشکەش بە بەشدارانی کۆرسەکە دەکا.

**کات:** ۴۵ تا ۹۰ خولەک.

**پێداویســـتی:** قەڵەمو کاغەز، کاغەزی گەورەو قەڵەمی تووش، کۆپیەک لە کۆنڤانســـیۆنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ منداڵان.

ئامادەکاریی پێشوەخت: ئامادەکردنی باسێکی تێروتەسەلو پڕ لە زانیاری لەسەر مافەکانی منداڵان.

### جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

۱ـ بەشـــدارانی کۆرسەکە بەســـەر چەند گروپی بچووکدا دابەش دەکرێن. هەر گروپە تێدەکۆشێ نموونەیەک لـــە هەلومەرجێک بێنێتەوە کە لەوێدا منداڵان دەچەوســـێنەوە، یان کەڵکی خراپیان لێ وەردەگیردرێ، یان دەســـتدرێژیو پەلاماریان دەکرێتە سەر. دەکرێ ئەو نموونانە هی سەردەمە کۆنەکان یان هی ســـەردەمی تـــازە بن. دەکرێ نموونەکان لە وڵاتی خۆمـــان یان لە وڵاتانی دیکە بێنینەوە. مامۆســـتا قوتابیەکان هان دەدا کە لە باســـەکانیاندا ســـرنج بدەنە ئەو منداڵانەی کە لە

هەلومەرجێکی سەختتریش‌دا بەسەر دەبەن، وەک منالآنی کەم‌ئەندام، یا ئەو منداڵانەی ناچارن کار بکەن، یا ئەو منداڵانەی لەســـەر جادەکان دەژین، یا منداڵانی ئاوارە، یا منداڵانی شەڕلێدراو. هەموو ئەو جۆرە نموونانە بە خەتێکی جوانو گەورە لەســـەر کاغەزێکی گەورە دەنووسرێنو هەڵدەواسرێن. ٢٠ تا ٣٠ خولەک.

٢ـ گروپـــەکان لە دەوری یەک کۆدەبنەوەو ئاکامی کارەکانیان بە شـــێوەی پلێنۆم پێشـــکەش دەکەن. پێویســـتە مامۆســـتا قوتابیەکان هان بدا بە گەرمی لە باســـەکان‌دا بەشدار بنو هۆیەکانی ئـــەوە ڕوون کەنەوە کە بۆچی منداڵان لە وەزعێکی ســـەختو دژواردا دەژین. یانی کاتێک باس لە نموونەیەک دەکەن کە منداڵان لەوێ‌دا لە هەلومەرجێکی دژوار دان، دەبێ هۆیەکانی ئەو وەزعەش ڕوون کەنەوە. دواتر مامۆســـتا دەپرســـێ ئایا پێشنیاری بەشـــدارەکان بۆ باشتر کردنی وەزعی ژیانی منداڵان چیە؟

٣ـ لە کۆتایی‌دا مامۆســـتا باسێکی پڕنێوەڕۆک سەبارەت بە مافەکانی منداڵان پێشکەش دەکات. بەتایبەتی زۆر گرنگە بەندەکانی کۆنڤانسیۆنی مافەکانی منداڵ شی کاتەوەو ئەرکەکانی دەوڵەت لەو بارەوە دەستنیشان بکا.

## فێر بووین کە:

منداڵان لە نێو کۆمەڵ‌دا گروپێکن کە بە لاوازو بێ‌هێز دادەنرێن. ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە بۆ خۆیان ناتوانن هیچ شتێک بکەنو لەو بارەوە چاو لەدەستی گەورەکانن. هەم لە ڕابردوو و هەم لە سەردەمی ئێستادا، زۆرن ئەو منداڵانەی لە ژیانێکی سەخت‌دا ژیاونو دەژین. هەندێک لەوان لە پێداویستی‌یە هەرە ســـەرەتایی‌یەکانی ژیان وەک خواردن، دەواو دەرمانو جلوبەرگو جێگایەک بۆ ژیان بێبەشن. زۆر لەوان دەکەونە بەر پەلامارو دەســـتدرێژیو چەوسانەوە. زۆریشن ئەو منداڵانەی لە ئاکامی شەڕو کێشـــەکان‌دا، زێدو تەنانەت کەسو کاریش لەدەست دەدەن. ئاوارەو پەڕیوە دەبن. ئێستاشی لەگەڵ بێ لە زۆر شوێن منداڵان لە خوێندنو ئیمکاناتی پەروەردەو فێر بوون بێبەشن.

بە مەبەستی پاراستنی منداڵان، ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٨٩دا، پەیماننامەی مافەکانی منداڵانی پەســـند کرد. ئەو پەیماننامەیە ئەو ڕێوشـــوێنو پرنسیپانەی دیاری کردوون کە دەوڵەتـــەکان دەبێ بەگوێرەی ئەوان هەڵســـوکەوت لەگەڵ منداڵان بکەن. ئەو کۆنڤانســـیۆنە ئەرک دەخاتە ســـەر دەوڵەت کە پێویســـتە هەموو هەنگاوێکی پێویســـت بۆ پاراستنی منداڵانو دەستەبەر کردنی مافەکانیان هەڵگرێ.

یەکێک لە بەندەکانی ئەو کۆنڤانســـیۆنە دەڵێ: لەو کارو مەســـەلانەدا کە پێوەندی‌یان بە ژیانو چارەنووســـی منداڵەوە هەیە لە کاتـــی بڕیاردان‌دا دەبێ ڕوانگەو نەزەرو بیـــر بۆچوونی منداڵەکەش وەبەرچاو بگیردرێ.

**بۆ فێربوونی زۆرتر:**

لە زۆر ڕێگاوە دەتوانین کار لەسەر مافەکانی منالاَن بکەین. بۆ نموونە دەتوانین بڕۆین لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوە بکەین کە چۆنو کەیو لە سەر چ بنچینەیەک پەیماننامەی مافەکانی منداڵان پەسند کرا. یان دەتوانین لەسەر هەندێک بواری دیکەی تایبەتی کارو لێکۆڵینەوە بکەین کە لێرەولەوێ منداڵان بەدەستیانەوە گیرۆدەن وەک: برسیەتی، کەمخۆراکیو بەدخۆراکی، کاری منداڵان، پۆرنۆگرافیی منداڵان، کەڵکی جینسی وەرگرتن لە منداڵان، منداڵانی سەر شەقامەکانو منداڵانی ئاوارەو شەڕلێدراو و هتد.

دەکرێ باسێکی تایبەتیش لەسەر پێداویستی‌یە سەرەتایی‌یەکانی منداڵ بکەین. واتە باس لەو فاکتۆرە بنەڕەتی‌یانە بکەین کە بۆ گەشەو هەڵدانو پەروەردەبوونی منداڵان پێویستن.

وا باشە باسێک لەسەر باشتر بوونی وەزعی منداڵان لەچاو ڕابردوو بکرێ. لێرەدا پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە بۆچی بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو، ئێستا وەزعی ژیانو گوزەرانو بارودۆخی منداڵان باشترە. ئەم ئاڵوگۆڕانە لە ئاکامی چی‌دا پێک هاتوون“ کام لە ئەکتەرەکانی نێو کۆمەڵ بۆ باشتر کرانی وەزعی منداڵان کاریان کردوە؟ ئەوان لە کارو خەباتی خۆیان‌دا، کەڵکیان لە چ ئامرازێک وەرگرتوە؟

دەکرێ بۆ نموونە باس لە بارودۆخی منداڵانی کەمئەندام بکەین. وەزعی ئەوان لە کۆمەڵ‌دا چۆنە؟ چ ئیمکاناتێکی تایبەتیان بۆ تەرخان کراوە؟ کۆمەڵ چ ئاسانکاری‌یەکی بۆ ژیانو پەروەردەبوونو باشتر کردنی گوزەرانیان دابین کردوە؟ یا بۆ نموونە دەکرێ باسی ئەو منداڵانە بکەین کە دایکو باوکیان لەدەست داون. گیروگرفتەکانی ئەوان چن؟ چۆن دەتوانین کار بۆ کەم کردنەوەی گیروگرفتەکانی ئەوان بکەین؟ هەر بەو جۆرە دەتوانین باسەکە درێژە بدەین.

**بۆ فێر بوونی زیاتر:**

بەشدارانی کۆرسەکە دەتوانن لەسەر چیرۆکی ژیانی Eglantyne Jebb ئەو خاتوونە بەریتانیایی‌یە کە بۆ یەکەم جار بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی منداڵانی ئامادە کردو دواتریش ڕێکخراوی پارێزگاری لە منداڵانی لە بەریتانیا دامەزراند کارو لێکۆڵینەوە بکەن.

**بۆ فێر بوونی زۆرتر:**

زانیاری لەسەر ڕێکخراوی پارێزگاری لە منداڵان کۆکەنەوە. ئامانجی ئەو ڕێکخراوە چیە؟ چۆن کار دەکات؟ ئایا ڕێکخراوی دیکەی لەو جۆرە هەن کە بەتایبەتی بۆ مافەکانی منداڵان کار بکەن؟ دەکرێ نوێنەری یەکێک لە ڕێکخراوەکانی چالاک لە بواری مافی منداڵان‌دا بۆ پێشکەش کردنی باسێکی تایبەت لەسەر کارو چالاکی‌یەکانی خۆیان بانگهێشن بکرێ.

گرینگترینـــی ئـــەو دۆکیۆمێنتانەی لە ئاســـتی نێونەتەوەیی دا لە پەیوەنـــدی لەگەڵ مافەکانی منداڵاندا پەســـند کراون بریتیین لە: بەیاننامەی مافەکانـــی منداڵان ١٩٢٤ـ١٩٢٣، ڕاگەیەندراوی ڕێکخـــراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ســـەبارەت بە مافەکانی منـــداڵان ١٩٥٩، پەیماننامەی مافەکانی منداڵان (پەسند کراوی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان) ١٩٨٩.

لێکۆڵینەوەیەکی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەریدەخا کە ئێستاشـــی لەگەڵ بێ لە زێدەتر لە٩٥ وڵاتدا منداڵان بەشێوەی جەستەیی لە قوتابخانەدا سزا دەدرێن. ئەمە زیاتر لە نیوەی منداڵانی سەر ڕووی دنیا دەگرێتەوە. واتە لانی کەم یەک ملیاردونیو منداڵ لە سەرانسەری دنیادا بە شێوەی جەستەیی لە قوتابخانەدا ئازار دەدرێن.

لە ٣٦ وڵاتی دنیادا، بە مەبەستی سزادانی منداڵانو تەمبێ کردنیان، قامچیکاریو شەللاق‌کاری، وەک بەشـــێک لە سیســـتەمی قەزایی بەکار دێت. لە ٤٣ وڵاتی دنیا منداڵان لە زینداندا بەشێوەی جەستەیی سزا دەدرێن. زۆربەی ئەو منداڵانە لەگەڵ یاسادا لە کێشە دان، تەنیا لەبەر ئەوە دەگیرێن یان گیراون کە تاوانێکی بچکۆڵەیان کردوەو ئەگەر سیســـتەمێکی دروست بۆ پەروەردە کردنەوەیان لە ئارا دابێ، زوو دەکەونەوە ســـەر ڕێگای ئاســـایی هەڵدانو گەشە کردن. لە هەر پێنج منداڵ کە لە زیندان دان چوار کەســـیان تەنیا یەک جار لە ژیانیاندا قانوونیان شـــکاندوە. ئەوە بەو مانایەیە کە ئەگەر بارودۆخی کۆمەڵگاو ژینگەکەیان دروستو لەبار بێ، تووشی ئەم وەزعە نابن.

## خۆزگە توانیبام لەو بارەوە لەگەڵ کەسێک قسەو دەردی دڵم کردبا.

**بابەت:** پاراستنی منداڵ لە بەرامبەر توندوتیژیو ملهوڕیدا.

**ئامانج:** وەرگرتنی وشیاریو زانیاری لەسەر هۆیەکانی زۆرەملیو ئاکامەکانیو هاودەردی کردن لەگەڵ قوربانیانی ملهوڕی وزۆرەملیو چۆنیەتیی نیشاندانی ئێمپاتی لەگەڵیان.

هەموو منداڵان دەزانن مەبەست لە ملهوڕی و زۆرەملی چییە. زۆربەی منداڵانو مێرمنداڵان لەو بارەوە ئەزموونیان هەیەو دەتوانن داستانی جۆراوجۆر سەبارەت بەو بابەتە بگێڕنەوە. جا ئەوە چ بەسەر خۆیان هاتبێ یان لە قوتابخانەو لە گەڕەکو لە شوێنە گشتی‌یەکانی دیکەدا شاهیدی ڕووداوی لەو جۆرە بووبن، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ.

زۆرەملـــی دەکرێ ڕاســـتەوخۆ بێو دەکرێ ناڕاســـتەوخۆش بـــێ. زۆرەملی ڕاســـتەوخۆ لێدان، پاڵپێوەنان، شـــان لە شـــان دان، جوێنو قسەی ناشـــیرین، هەڵگرتنی کەلوپەلو شمەک بە زۆری، لێســـتاندنی شتەکان، پەلامار، هەڕەشە، خۆ سوور کردنەوە، مۆڕەو ئەزیەت کردنو هەڵسوکەوتی لەو جۆرە دەگرێتەوە. زۆرەملی و ملهوڕی ناڕاســـتەوخۆش ناوزڕاندن، بوختان بۆهەلبەســـتن، دوورەپەرێز خســـتنەوەی کەســـێک، وەخۆنەکردنو دووری لێکردنو کردەوەی لەو جـــۆرە دەگرێتەوە. زۆر جار زۆرەملی بەهۆی جیاوازیدانانو هەڵاواردنی ڕەگەزی، مەزهەبی، ئیتنیکی، ئایینی، کۆمەڵایەتیو شتی

دیکەی لەو جۆرەوە ڕوو دەدات. جیاوازی‌یە فەرهەنگی‌یەکان، عاداتو ڕێوشوێنە کۆمەڵایەتی‌یەکانو جاری واشـــە کەم‌ئەندام بوون دەبنە مایەی ئـــەوە کە ملهوڕیو زۆروێژیت دەرحەق بکرێ. زۆروێژی چ ڕاســـتەوخۆبێ یا نا بە کارێکی نارەوا بەحیســـاب دێ. بە تایبەت ئەگەر ئاگاهانەو بە وشیاری‌یەوە بەڕێوە بچێ. دەبێ بزانین کە ئەگەر زوو لە کاتی خۆی‌دا پێش بە زۆروێژیی ســـیتەماتیک نەگیرێ، ئاکامی زۆر خراپی بۆ قوربانی‌یەکە بەدواوە دەبێ.

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

ڕاهێنانەکە بەشێوەی شانۆو تیئاتر بەڕێوە دەچێو دواتر باسو گفتوگۆ لەسەر بابەتەکە دەکرێ. دەبێ بگوترێ کە شانۆکە پێویستە بەجۆرێک ئامادە بکرێ کە لەگەڵ وەزعی تایبەتی بەشدارانی کۆرسەکەو گروپەکانو بارودۆخی ئەوان‌دا بگونجێ. مامۆســـتا دەبێ بزانێ کە هەندێک لە منداڵانو مێرمنداڵان بۆخۆیان ئەزموونی تایبەتیان لە زۆروێژی هەیە. وا باشـــە لە کاتی ئامادەکاری‌یەکان‌دا ئەو مەسەلەیە لەبەرچاو بگیرێ.

**کات:** ٦٠ خولەک.

**پێداویســـتی:** ژوورێکی گەورە کە بکرێ شـــانۆی تـــێ‌دا بەڕێوە بچێ. کۆپی ئامادەکـــراو لە هەموو بەشەکانی شانۆکەو نێوەرۆکەکەیان ئەگەر بکرێ هەر گروپەی یەکێک لە پەردەکانی شانۆکە بەڕێوە بەرێ. ئەگەر ئیمکانی هەبێ شانۆکان لەسەر بناخەی ئەو چیرۆکانە ئامادە بکرێن کە لە حەقیقەت‌دا ڕوویان داوە.

١ـ لەپێش‌دا بەشـــداربووەکان دەست بە بەڕێوەبردنی شـــانۆکە بکەن، وا باشە هەموویان لەگەڵ زۆرەملی و ملهوڕی ئاشنا بووبنو لەو بارەوە زانیاریی پێویستیان هەبێ. دەبێ بزانن کە زۆروێژی ڕەنگە لە هەموو قوتابخانەیەک‌دا لە قوتابخانەی ســـەرەتایی، ناوەندیو تەنانەت لە قوتابخانەی ئامادەییش‌دا ڕوو بـــدات. لەوەش زیاتر ملهوڕی لە شـــوێنی کار، لە زانکۆ لە کلوبەکانـــی لاوان، لە نێو تیمەکانی وەرزشو مەیدانە جۆراوجۆرەکانی ژینگەی نزیکو گەڕەکو هتددا دەشـــێ ڕوو بدات. بۆیە وا باشـــە مامۆســـتا لەســـەرەتادا داوا لە قوتابیەکان بکات کە لەو بارەوە بیر بکەنەوەو لە خۆیان بپرســـن کە زۆروێژی چی‌یە؟ تێکۆشن خۆشیان وەڵامی ئەو پرسیارە بدۆزنەوە.

پاشـــان قوتابی‌یەکان دەبنە ســـێ گروپ کە هەر گروپەی پەردەیەک لە شانۆکە ئامادەو بەڕێوە دەبەن (١٥ خولەک).

٢ـ هەرکام لە گروپەکان نمایشـــێک دەکەن. لەو حاڵەتەدا کەس قسە ناکا، تەنیا تەماشا دەکەن. تا هەموو گروپەکان نمایشەکانیان تەواو نەکەن، هیچ چەشنە باسێک سەبارەت بە بابەتەکان ناکرێ. پاشـــان هەموو گروپەکان بەشێوەی پلێنۆم دادەنیشنو شـــانۆکان هەڵدەسەنگێنن. مامۆستا جڵەوی باسەکان دەگرێتە دەستو گفتوگۆکان دەباتە پێش. وا باشە ئەم پرسیارانە بێنێتە گۆڕێ:

* نمایشەکان چۆن بەڕێوە چوون؟

* نێوەرۆکی شانۆکان لە کوێڕا هاتبوون؟

ئایا لە فیلم یان ڕۆمان یان لە حەقیقەتەکانی ژیانی ڕۆژانەوە وەرگیراون؟ ئایا لە واقع نزیک بوون؟

* ئایا لە پەردەی یەکەمدا شتێک گوترا کە کۆمەک بە باشتر بوونی وەزعەکە بکات؟ ئایا قسەیەک یان شتێکی وا گوترا کە وەزعەکەی بەرەو خراپی‌و گرژیی زۆرتر بردبێ؟

* لە پەردەی دووهەمدا ئاسانە مرۆڤ لەگەڵ هاوڕێ‌یەکی خۆی قسە بکا کە زۆرەملی‌و ملهوڕی دەگەڵ کەسانی دیکە دەکا؟ چۆن دەتوانین کەسێکی ئاوا لەو کارە بگێڕینەوە؟ چ جۆرە تکنیکێک باشترە بەکاری بەرین بۆ گێڕانەوەی کەسێکی ئاوا بۆ سەر ڕێگای دروست؟

* لە پەردەی سێهەمدا ئایا قسە کردن لەگەڵ کەسێک کە بۆتە قوربانیی قولدوری‌و زۆرویژی ڕاحەتە؟ چۆن دەتوانین قسە لەگەڵ کەسێکی ئاوا بکەین‌و یارمەتیی بدەین؟ چ تکنیکێک باشە بۆ ئەوەی ناوبراو قسەمان لەگەڵ بکاو دەردی دڵی خۆیمان بۆ هەڵڕێژێ.

٣ـ دوای ئەم گفتوگۆیانە مامۆستا داوا لە سێ کەس لە بەشداربووەکان دەکا کە سێ داستان یان کورتە چیرۆکی ڕاستەقینە بهێننەوە کە لەوێدا کەسێک زۆرویژیی لێ دەکرێ یان زۆرویژی دەکا. دیارە مامۆستا خۆشی دەتوانێ ئەو کارە بکات.

دوایە مامۆستا داوا لە هەموو بەشداربووەکان دەکا کە بە گشتی لەسەر شانۆکان‌و ئەو داستانانە قسەو باس بکەن. وا باشە چەقی قورسایی باسەکان بخەنە سەر ئەوە کە مرۆڤ چۆن دەتوانێ لە حاڵەتی هاتنە پێشی وەزعێکی ئاوادا گیروگرفتەکە چارەسەر بکات.

**بۆ لێدوانی زیاتر:**

* ئەو کەسەی زۆرەملی لەگەڵ دەکرێ چ هەستێکی لەلا دروست دەبێ؟

* ئایا ئەو کەسانەی زۆرەملی‌یان لەگەڵ دەکرێ خۆشیان لەو بارەوە تاوانبارن؟

* ئایا ئەوانەی زۆرەملی و ملهوڕی دەکەن دەیانەوێ لەو ڕێگایەوە چ نیشان دەن؟ چ مەبەستێکیان لەو کارە هەیە؟

* ئایا زۆرەملی بۆخۆی جۆرێک توندوتیژیێ‌یە؟

* ئایا دەکرێ کەسێک نائاگاهانەو بێ مەبەست ملهوڕی بکات؟

*ئایا زۆرەملی پەیوەندی‌یەکی بە دەسەڵاتەوە هەیە؟

* ئایا زۆرەملی شتێکی ئاسایی‌یەو دەبێ قبووڵی بکەین؟

* ئایا ئەگەر هاوڕێکەت زۆرویژی لەگەڵ دەکرێ‌و لەبەر ئەوەی متمانەی بە تۆ بووە بە تۆی وتوە، دروستە کە تۆش کەسێکی گەورە لەو مەسەلەیە ئاگادار کەی؟

* چ شتێک دەبێتە هۆی ئەوەی کەسانێک زۆرەملی‌یان لەگەڵ بکرێ؟

* کێ بەرپرســـایەتیی ئەوەی لەسەر شانە کە لە حاڵەتی ڕوودانی ملهوڕیو زۆرەملەیدا لە قوتابخانە بۆ چارەسەر کردنی هەنگاو هەڵگرێ؟

**فێر بووین کە:**

زۆرەملیو ملهوڕی بریتی‌یە لە پەلامار دانی بایەخی ئینســـانیو کەرامەتی مرۆڤ. زۆرەملی شـــتێکی ئاســـایی نیـــەو نابێ قبووڵ بکـــرێ. دەتوانین بە باس کـــردنو لێدوانو گفتوگۆ کردن لەســـەر ئەو دیاردەیە لەنێوی بەرین یان کەمی کەینەوە. ئەگەر خۆمان دەکەوینە بەر زۆرەملیو ملهوڕی پێویستە لە بەرامبەری‌دا ڕاوەســـتینو قبووڵی نەکەین. یا کاتێک کەســـێک دەبینین یان شـــاهیدی ئەوەین کە یەکێک زۆرەملیو ملهوڕی لە کەســـێکی دیکە دەکات، پێویســـتە هەڵوێســـت بگرین. بچین بە مامۆستاکەمان یان بە کەسێکی گەورە بڵیین. زۆرەملی لە ژێرپێنانی مافەکانی مرۆڤە. بەندی یەکەمی بەیاننامـــەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ دەڵێ مرۆڤەکان لەســـەریانە بە گیانێکی برایانە لەگەڵ یەکتر ڕەفتارو هەڵسوکەوت بکەن.

**بۆ فێربوونی زۆرتر:**

* ئەگەر چەند کەس لە قوتابی‌یەکان بیانەوێ شانۆیەک لەسەر زۆرەملی بنووسنو نمایشی کەن، وا باشە مامۆستا پشتیوانی‌یان لێ بکات.
* بەشـــدارانی کۆڕسەکە دەتوانن بە هێنانە گۆڕی مەسەلەی زۆرەملی لە قوتابخانە یان لە کلوبێکی لاوان‌دا باسەکە گەرمتر کەن.
* قوتابی‌یەکان دەتوانن ڕێکخراوێک دروســـت کەن کە یارمەتی بە قوربانیانی زۆرەملی لە مەدرەسە یان لە گەڕەک‌دا بکات. ئەرکو کارەکانی ئەو ڕێکخراوە چ دەبن؟
* ئایـــا لە قوتابخانە یان لە گەڕەکەمان‌دا هیچ جۆرە پرۆژەو بەرنامەیەک بۆ ڕاهێنانی لاوان لەســـەر چۆنیەتیی چارەســـەری کێشـــەکان هەیە؟ ئایا بەشـــدارانی کۆرســـەکە ناتوانـــن پرۆژەیەکی ئاوا لە گەڕەکەکەیان‌دا بۆ یارمەتی دانی لاوانو ڕاهێنانیان لەسەر چارەسەر کردنی کێشەکان وەرێ بخەن؟
* ئایـــا لـــە قوتابخانەدا، لە شـــوێنی کارو لە ژینگـــەی نزیکمان‌دا، لە گەڕەکەکەمـــان‌دا کەس یان ڕێکخراوێک هەیە کە کار بۆ پێشـــگیری لە زۆرەملی و ملهوڕی بکا، یان یارمەتی بە قوربانیانی ئەو دیاردەیە بکات؟

**چەند شانۆیەک بۆ نمایش کردن**

**پەردەی یەکەم:**

قوتابی‌یـــەک دەچێتە لای یەکێک لە کاربەدەســـتانی قوتابخانەو پێـــی ڕادەگەیەنێ کە یەکێک لە

هاوڕێکانی زۆرەملی لەگەڵ دەکرێ. مامۆستاکە لەو کەسانەیە کە زۆر بڕوا بە قسەی قوتابیەکان ناکاتو گوێ ناداتە ڕەفتاری قوتابیان. قوتابیەکە دەچێتە لای مامۆستای پۆلو مەسەلەکەی پێڕادەگەیەنێ. ئەویش لەو بارەوە هیچ بەرپرسایەتی‌یەک قبووڵ ناکاو شتەکە بەجیددی وەرناگرێ. هەندێک مامۆستای دیکەش شتەکە بەجیددی ناگرنو گوێی نادەنێ. هەر لە ڕاستی‌دا مامۆستاکان هیچ سەر لە دیاردەی زۆرەملی دەرناکەن. ئەمە دەبێتە هۆی نیگەران بوونی کاربەدەستانی بەشی تەندروستی لەو ناوچەیەدا. ئەوان لە گرنگیی مەسەلەکە تێدەگەن، بەلام لەبەر ئەوەی وەختو ئیمکاناتیان نیە، ناتوانن بۆ چارەسەر کردنی ئەو دیاردەیە هەنگاو باوێن.

### پەردەی دوهەم:

کۆمەڵێک قوتابی دێنو ڕاستەوخۆ دەچنە پێش قوتابی‌یەکی دیکە کە زۆرەملی لەگەڵ قوتابی‌یەکی هاوڕێیان دەکات. داوای لێ دەکەن دەست لەو کارە هەڵگرێ.

### پەردەی سێهەم:

چەند قوتابی پێکەوە لەسەر هاوڕێ‌یەکیان قسە دەکەن کە بۆتە قوربانیی زۆرویژی. ئەوان دەیانەوێ بەجۆرێک یارمەتیی ناوبراو بدەن. لەو بارەوە دەگەڵ یەکتر قسە دەکەن کە لە چ ڕێگایەکەوە دەکرێ یارمەتی بەو هاوڕێ‌یە بکەن؟ چ ئیمکاناتێکیان لەبەردەست دایە. دەتوانن چ یارمەتی‌یەکی پێ بکەن.

## هەندێک کورتە چیرۆک:

### چیرۆکی یەکەم:

من تەمەنم ١٤ ساڵە. هەمیشە زۆرەملیم لەگەڵ کراوە. هەمیشە بەتەنیامو بە تەنیاش دادەنیشم. کەس لە هاوپۆلەکانم حەز ناکەن لەلای من دانیشن یان لەگەڵم بن. هاوڕێکانم زۆر کەمن. ئەوانیش زۆرتر لەگەڵ کەسانی ترن. ئەگەر بیشیانەوێ لە لام بن، ناوێرن چونکە لەوە دەترسن کە ئەوانیش بکەونە بەر زۆرویژیو وەک من هەڵاواردرێن. تکایە یارمەتییم بدەن. من زۆر دەترسم. خەریکە دڵم شەق دەبا لەو وەزعە. هەندێک جار پێمخۆشە کۆتایی بەژیانی خۆم بێنم، ئاخر مردن لەو ژیانە خۆشترە. لەو دواییانەدا ناچار بووم سەردانی دوکتۆر بکەم.

### چیرۆکی دووهەم:

من قوتابیی قۆناخی ناوەندییم. پێنج ساڵە زۆرەملیم لەگەڵ دەکرێ. من هەرگیز بیرم لەوە نەکردۆتەوە کە ڕۆژێک بێو ئازاری خەڵک بدەم. بەلام لەبەر ئەوەی کە زۆرم زۆرەملی لەگەڵ کراوە، بۆ دژکردەوە لەم دواییانەدا خۆشم دەستم کردوە بە ملهوڕی کردن. ئەودەم کە زۆرەملیم لەگەڵ دەکرا، حەزم لێ

بوو کەسێک هەبایە لەو بارەوە قسەم لەگەڵ کردبا. بەڵام هێندە شەرمن بووم لە ڕووم هەڵنەدەهات لەگەڵ کەس لەو بارەوە قسە بکەم. من پێم وابوو ئەوە کە زۆرەملیم لێ دەکەن، تاوانی خۆمە. لەبەر ئەوەیە کە من بەڕاستی گێلۆکەمو حەقیانە وام لێ بکەن. ئێستاش هەر لەسەر ئەو بڕوایەم. پێموایە ئەوە کە زۆرەملیم لێ دەکرێ بەشێکی زۆر لەبەر ئەوەیە کە شایانی ئەوەم.

**کورتە چیرۆکی سێهەم:**

لە قوتابخانەی ئێمەدا هەندێک کە زۆرەملی س دەکەن. یەکێک لەوان ملهوڕی بە دژی دۆستێکی من دەکات. من بەزەییم بەو هاوڕێیەم دا دێتەوە. ئەو لەڕووی هەڵنایە لەو بارەوە لەگەڵ کەس قسە بکات. ئەو کەسانەی زۆرەملی لەگەڵ دەکەن پارەکانی لێ دەدزن، ناچاری دەکەن بگری. جارێک چاویلکەکانیان لێستاند، لێیان شکاندو فڕێیان دایە توالێتەوە. چۆن دەتوانم یارمەتیی ئەو دۆستەم بکەم؟ لەبیرتان بێ من نامەوێ بەهەمان شێوەی ئەوان ڕەفتارو هەڵسوکەوت بکەم. واتە نامەوێ بەو مێتۆدە بچمە مەیدان کە ملهوڕەکان زۆرەملی پێ دەکەن.

**بۆ فێر بوونی زیاتر:**

مامۆستا داوا لە قوتابیەکان دەکا کە لەسەر ئەوە بیر بکەنەوە کە چۆن دەتوانن بەجۆرێک زۆرەملی لە کەسێک بکەین کە خەڵکانی تر هەستی پێ نەکەن. دەکرێ بەشدارانی کۆرسەکە ئەم بابەتە بەشێوەی شانۆ یان تیئاتر نمایش بکەن. بەجۆرێک بجووڵێنەوە بە دژی کەسێکی تر کە زۆر بە زەحمەت بزانرێ مەبەست لەو کارە چیە.

**بۆ باس‌و گفتوگۆ:**

چۆن دەتوانین کەسێک ئەزیەت کەین بەبێ‌ئەوەی کەس پێ بزانێ؟ لە وەزعێکی ئاوادا مرۆڤ دەتوانێ چ بکا؟ چۆن دەزانین کە ئەو کارە ئەزیەت کردنی ناڕاستەوخۆیە؟

**بۆ فێربوونی زۆرتر:**

مامۆستا ڕووداوێکی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە کە کاتی خۆی لە تەمەنی گەنجی‌دا ئەزیەت کراوە. دەکرێ بەشدارانی کۆرسەکە لەگەڵ یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەیەک قسە بکەن کە یەکێک لە منداڵەکانیان زۆروێژی لەگەڵ کراوە یان لەگەڵی دەکرێ. مەبەست لەوە ئەوەیە کە وەزعی ناوبراو زۆرتر ڕوون بێتەوە کە چی بەرسەر هاتووەو چۆن ژیانی منداڵیی لێ کراوەتە دۆزەخ. دەکرێ کەسێکی بەتەمەن بانگهێشتن بکەن تا بێتو لەو بارەوە قسە بۆ بەشدارانی کۆرسەکە بکات. لەسەر ئەوە بدوێ کە چۆن بە منداڵی زۆروێژیی لێکراوەو چی بەسەر هاتووەو ئەزمونەکانی خۆی لەو بارەوە

بگێڕێتەوە.

**بۆ گفتوگۆ:**
چۆن خەڵک ئەزیەت دەکرێ؟ لە ڕابردوودا خەڵک چۆن ئەزیەت دەکرا؟ جیاوازیی ئەمڕۆ لەو بارەوە لەگەڵ ساڵانی پێشوودا لە چ دایە؟ ئایا منداڵانی ئەم سەردەمە لە منداڵانی سەردەمەکانی پێشووتر لەگەڵ یەک نامێهرەبانترن؟ جاران ئەگەر کەسێک ئەزیەت کرابا چیی دەکرد؟ ئێستا ئەگەر کەسێک ئەزیەت بکرێ، زۆروێژی لەگەڵ بکرێ چ دەکا؟ ئایا جیاوازی‌یەک لە نێوان ئەزیەت کران‌و قوڵدوری‌دا هەیە؟

**بۆ فێر بوونی زۆرتر:**
بەشداربووەکانی کۆرسەکە لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە زانیاری لەسەر ملهوڕی زۆرەملی کۆ دەکەنەوە. هەر بەو پێیە زانیارییش لەسەر توندوتیژی وەدەست دەخەن. دەکرێ بەدوای ئەوەدا بگەڕێن کە ئایا ئیمکانی هەیە قوتابیان زۆرەملی‌و ملهوڕی بە دژی مامۆستاکانیان بکەن؟ ئایا کەس لە بەشدارانی کۆرسەکە بۆخۆی زۆرەملی‌و ملهوڕی لەگەڵ کراوە، چۆن؟ دەکرێ لەو بارەوە بۆ ئەوانی تر قسە بکات.

**چۆن دەتوانین بۆ کەم کردنەوەو بنەبڕ کردنی ئەو دیاردەیە کار بکەین؟**
کچێکی ١٣ ساڵە:
هەرکات دەبینین کە کەسێک زۆرەملی لەگەڵ دەکرێ برۆ ڕابگەیەنە. ئاخر لەقاودانی زۆرەملی‌و ملهوڕی بە فزوولی‌و دووزمانی‌و قسەگێڕانەوە لەقەڵەم نادرێ.

## مافەکانی ژنان

**بابەت:** مافەکانی ژنان
**ئامانج:** زانیاری پەیدا کردن لەسەر ئەوە کە ژنان جیاوازی‌یان لەگەڵ دەکرێ‌و هەر بۆیە پێویستە لە بەرامبەر جیاوازیدانان‌و هەڵاواردن‌دا پارێزگاری‌یان لێ بکرێت.
ژنان وەک پیاوان ئینسانن، با بەشێوەیەکی گشتییش لە باری فیزیکی‌یەوە کەمێک لاوازتر بن. هەر بۆیە ئەوە بێعەداڵەتی‌یە ئەگەر ئیمکانات‌و شانس‌و دەرفەتی وەک ئەوانیان بۆ دەستەبەر نەکرێ. بەداخەوە وایە. لە هەموو بوارەکان‌دا و لە زۆربەی دنیادا ژنان لەگەڵ جیاوازیدانان بەرەوڕوون. لەیەک وشەدا دەتوانین بڵێین کە بەشێوەیەکی گشتی ژنان لەگەڵ جیاوازیدانان‌و هەڵاواردنێکی سیستەماتیک‌دا بەرەوڕوون. ژنان ٧٠٪ی خەڵکی هەژاری دنیا، ٦٠٪ی خەڵکی نەخوێندەواری دنیا پێک دێنن. تەنیا خاوەنی ١٪ی سەرجەمی موڵکەکانی دنیان. کەمتر لە ١٥٪ی سەرجەمی داهاتی

دنیا دەڕژێتە گیرفانی ئەوانەوە. تەنانەت لە دیمۆکراسی‌یە مۆدێرنەکانیش‌دا ڕادەی حەقدەستی ژنان لە چاو پیاوان کەمترە. ڕادەی حزووری ژنان لە پۆستەکانی ڕێبەرایەتیی کارگەو کارخانەکان‌دا لە چاو هی پیاوان زۆر لە خوارترە. لەوەش زیاتر ژنان لە سەرتاسەری دنیا دا لەگەڵ توندوتیژیی بنەماڵەیی بەرەوڕوون. سەرەڕای ئەوە کە ژنان لە هەموو جێ‌یەک‌و لە سەرتاسەری مێژوودا جیاوازی‌یان پێ ڕەوا دیتراوە، وەزعی ژنان لەو سەد ساڵەی دوایی‌دا لەسەر یەک بەرەو باشی ڕۆیشتوەو مافو ئازادی‌یەکانی ژنان پەرەیان گرتوە. ئەوە بەو مانایەیە کە بەرەبەرە ئاکامەکانی خەبات بۆ مافو ئازادی‌یەکانی ژنان دەردەکەون.

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

بەشدارانی کۆرسەکە لە سەرەتادا کاری گرووپی دەکەن. دواتر لە پلێنۆمدا باسەکە شی دەکەنەوەو لە ئاکامدا مامۆستا بابەتێکی پڕ زانیاری لەسەر مافەکانی ژنان پێشکەش بە بەشداربووەکان دەکا.

**کات:** ۴۵ تا ۹۰ خولەک.

**پێداویستی:** قەڵەمو کاغەزی ئاسایی، کاغەزی گەورە بۆ لەسەر نووسینو هەڵواسین بە دیوارەوە. تووش، کۆپی‌یەک لە کۆنڤانسیۆنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مافەکانی ژنان بۆ هەر کام لە بەشدارنی کۆرسەکە. ئامادە کردنی باسێکی پڕ زانیاری لەسەر مافەکانی ژنان کە مامۆستا دوایە پێشکەشی قوتابیانی بکات.

## جێبەجێ کردن:

۱ـ مامۆستا قوتابی‌یەکان بە سەر چەند گروپ‌دا دابەش دەکا. هەرکام لە گروپەکان، نموونەیەک لە پێشێل کرانی مافەکانی ژنان باس دەکەن. تێدەکۆشن ئەو جیاوازی‌و بێعەداڵەتی‌یانە بدۆزنەوە کە بە ژنان‌و کچان ڕەوا دەبینرێن. ئەو زوڵمو زۆرو ستەمە دەستنیشان دەکەن کە لەسەر ژنان‌و کچان هەیە. دەکرێ ئەو نموونانە لە مێژوودا، لە کۆمەڵگا ئینسانی‌یەکانی قەدیم، یان لە کۆمەڵگا ئینسانی‌یە هاوچەرخەکان‌دا بدۆزنەوە. ئایا لەو نێوەدا ژنان‌و کچانێک هەن کە لە وەزعێکی سەخت‌و دژوارتردا بژین؟ (ژنانی ئاوارە، کەم‌ئەندام، هەژار، کەمایەتی‌یەکان، شەڕلێدراوەکان). ئەو نموونانەی کە گروپەکان ئیشارەیان پێ دەکەن لە سەر کاغەزی گەورە بە خەتێکی جوان دەنووسین‌و هەڵیانداوەسین.

۲ـ پاشان گروپەکان ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانیان لە پلینۆمدا پێشکەش دەکەن. مامۆستا پێویستە باسەکان ڕێبەری بکات‌و داوا لە بەشداربووەکان بکات کە زەمینەو هۆیەکانی ئەو جیاوازیدانانە کە بەرانبەر ژنان‌و کچان دەکرێ دەسنیشان کەن. پاشان وا باشە مامۆستا داوایان لێ بکات کە بیرو بۆچوونەکانی خۆیان سەبارەت بە چۆنیەتیی باشتر کردنی وەزعی ژنان‌و کچان لە کۆمەڵ‌دا دەربڕن.

۳ـ سەرەنجام مامۆستا باسێکی تێروتەسەل لە پەیوەندی لەگەڵ مافەکانی ژنان‌دا پێشکەش بە

بەشداربووەکانی کۆرسەکە دەکا. وا باشە مامۆستا لە باسەکەی‌دا ئیشارە بەو ڕاستی‌یە بکا کە وەزعی مافو ئازادی‌یەکانی ژنان ڕۆژبەڕۆژ بەرەو باشی دەڕوات.

**فێر بووین کە:**

لە زۆر وڵاتی دنیادا ئەمڕۆ کچانو ژنان هەمان ئەو مافو ئازادی‌یانەیان هەن کە بۆ کوڕانو پیاوان لەبەرچاو گیراون. هەر چەند ژنان ئەمڕۆ بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو لە هەلومەرجێکی باشتر دان، بەڵام سەرتاسەری مێژوو شاهیدە کە ئەوان هەمیشە لە هەموو کۆمەڵگاکان‌دا لەگەڵ جیاوازی‌دانانو هەڵاواردن‌دا بەرەوڕوو بوون. دەتوانین بڵێین کە ژنان بە شێوەیەکی سیستەماتیک بێعەداڵەتی‌یان لەگەڵ کراوە. هەمیشە دەسەڵات لە کۆمەڵ‌دا بەدەست پیاوانەوە بووە. سترەکتوری کۆمەڵگا بە جۆرێک بووەو هەیە کە دەسەڵات بەدەست پیاوانەوەیە. بەداخەوە ئێستاشی لەگەڵ بێ هەر وایە. بەتایبەتی ئەو ڕاستی‌یە لە وڵاتانی لە حاڵی گەشە کردن دا زۆر زەقو بەرچاوە. دەبێ بگوترێ کە لە هەموو دنیادا خەباتێکی بەرین بە دژی جیاوازیدانان لەگەڵ ژنان لەگۆڕێ دایە. ئەو خەباتە کەم کەم ئاکامەکانی وەدەر دەکەون. لە هەموو شوێنێک کۆمەڵگا لەو بارەوە بە قازانجی ژنانو مافەکانی ئەوان دەڕواتە پێش. ئەوە بۆخۆی گەشە سەندنێکی ئەرێنیە. قەت لەمێژوودا بە ئەندازەی ئێستا کچان نەچوونەتە قوتابخانە، قەت بە ئەندازەی ئێستا ژنان لە بازاڕی کاردا نەبوون. قەت بە ئەندازەی ئێستا ژنان لە کاروباری سیاسی‌دا بەشداریان نەکردوە. هیچ وەخت وەک ئێستا ژنان لە مافی دەنگ دانی خۆیان کەڵکیان وەرنەگرتووە. ئەو خەباتە دەبێ بڕواتە پێش. کارو تێکۆشانی ئێمە بۆ دابینو دەستەبەر کردنی مافو ئازادی‌یەکانی کچانو ژنان پێویستە بەردەوام بێ.

**گرینگترین بەڵگەنامە نێونەتەوەیی‌یەکان سەبارەت بە مافەکانی ژنان:**

١٩٧٨ ڕاگەیەنراوی مافەکانی ژنانو ژنانی هاووڵاتی ( لەلایەن Olympe Gouges)

١٩٥٣ کۆنڤانسیۆنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەر مافە سیاسی‌یەکانی ژنان.

١٩٦٧ ڕاگەیەنراوی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە ڕیشەکێش کردنی هەموو جۆرە شکڵو شێوەکانی جیاوازیدانان بەرامبەر بە ژنان.

١٩٧٩ کۆنڤانسیۆنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە لەنێوبردنو ڕیشەکێش کردنی هەموو جۆرە فۆرمو شکڵو شێوەکانی جیاوازیدانان بەرامبەر بە ژنان.

**هەندێک زانیاری:**

لەو ساڵانەی دوایی‌دا وەزعی ژیانی کچانو ژنان لە سەرتاسەری دنیادا بەرەو باشی چووە. تا دێ ژمارەی ئەو کچانەی قوتابخانە تەواو دەکەن زۆرتر دەبێ. لە هەموو وڵاتانی دنیادا ژنان مافی

دەنگدانیان هەیەو تا ڕادەیەکی بەرچاو لە کاروباری سیاسی‌دا بەشداری دەکەن، کەچی سەرەڕای هەموو ئەو پێشکەوتنە ئەرێنیانە، هێشتاش بەداخەوە ئامارەکان ئەوە دەردەخەن کە ژنان لەچاو پیاوان لە هەموو بوارەکانی ژیان‌دا لەسەریەک لەدواترن.

* پتر لە یەک ملیارد مرۆڤ لەسەر ڕووی زەوی لە هەژاری‌دا دەژین. بەشی هەرەزۆری ئەوان ژنانن.

* ۱۶٪ی ئەندامانی پارلەمانەکانی دنیا ژنن. جیا لەوە لە هەمو پۆستە ئیداری‌و حکوومەتی‌یەکانی دیکەدا ڕادەی نوێنەرانی ژن زۆر زۆر لە خواریێە.

* سالآنە بەملیۆن ژن‌و کچ دەبنە قوربانیی بازرگانی بەمرۆڤەوەو دەبنە سووتەمەنیی هەڵسووڕانی چەرخەکانی سەنعەتی سێکس.

* ۸۰٪ی ئاوارەکانی دنیا لە ژنان‌و کچان پێک دێن. ئەو کچو ژنە ئاوارانە بەتایبەتی لەگەڵ توندوتیژی‌و مەینەتبەشی‌و ستەمو چەوسانەوەی جۆراوجۆر بەرەوڕوو دەبن.

* لە هەر دەقیقەیەک‌دا ژنێک بەهۆی دووگیانی، منداڵ بوون‌و منداڵ لەبارخۆ بردن گیانی لەدەست دەدا. ئەگەر ئیمکاناتێکی لەش‌ساخیی دروست هەبێ دەتوانین پێشگیری لە ڕوودانی بەشی زۆری ئەومەرگ و مردنانە بکەین.

## ژن‌و پیاو

**بابەت:** بەرابەری‌و یەکسانیی نێوان ژنان وپیاوان

**ئامانج:** دەرخستنی وێکچوونەکانی نێوان ژنان‌و پیاوان. ڕەنگە وێکچوونەکانی نێوان ژنان‌و پیاوان زۆر لەوە زۆرتر بێ کە ئێمە بیری لێ دەکەینەوە.

## چونیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

لەسەرەتادا بەشدارانی کۆرسەکە دوو دوو پێکەوە لەسەر ئەو بابەتە قسە دەکەن. پاشان لە شێوەی پلێنۆم دا باسەکان درێژە دەدرێن‌و قوتابی‌یەکان لەو بارەوە پێکەوە گفتوگۆو دیالۆگ دەکەن.

**کات:** ۲۰ تا ۳۰ خولەک.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

۱ـ بەشدارانی کۆرسەکە پێکەوە دوو دوو ڕێک دەکەون‌و قسە لەسەر تایبەتمەندی‌یەکانی خۆیان دەکەن. واباشە هەر کچێک‌و کوڕێک پێکەوە لەو بارەوە قسە بکەن‌و ئەوان لەسەر تایبەتمەندی‌یەکانی خۆیان وەک کوڕ، وەک کچ بۆ یەک بدوێن. حەزیان لە چی‌یە؟ بەتایبەتی باسی ئەو شتانە دەکەن کە وەک کچو ژن یان وەک کوڕو پیاو حەزیان لێ دەکەن یان سەروکاریان لەگەڵیان هەیەو هتد

(٥ خولەک).

٢ـ هەموو کۆ دەبنەوەو بەشـــێوەی پلێنۆم لەدەوری یەک دادەنیشن وباس لەو تایبەتمەندی‌یانە دەکەن کە ژن‌و پیاو هەیانە. ئەو تایبەتمەندی‌یانە کە لێکیان جیا دەکاتەوە. هەموو بەشـــداران هان دەدرێن کە چالاکانە لە باســـەکان‌دا بەشـــداری بکەن. مامۆســـتا لێرەدا تەنیا کلاسەکە بەڕێوە دەباو بۆخۆی جاریَ بەقووڵی ناچێتە نێو باسەکەوە. واتە لە پێش‌دا پێویستە قوتابی‌یەکان هەموو قسەکانی خۆیانیان کردبیَ، پاشان مامۆستا باسەکە قووڵ کاتەوە.

٣ـ بەشدارانی کۆرسەکە باسەکانیان پوختە دەکەنەوەو ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانیان بەشێوەیەکی سیستەماتیک ڕێکوپێک دەکەن. ئایا جیاوازی‌یەکانی نێوان ژنان‌و پیاوان زۆرن؟ ئایا خاڵە هاوبەشەکان‌و تایبەتمەندیی‌و سیفاتە هاوبەشەکانیان لەگەڵ یەکتر زۆرترن لەو شتانەی کە لێکیان جیا دەکاتەوە؟ ئایا ئەوە نیشـــانەی ئەوە نیە کە ئێمە کچ‌و کوڕو ژن‌و پیاو تایبەتمەندی‌یە هاوبەشـــەکانمان زۆر زۆر زۆرترن لەوەی کە بیری لیَ دەکەینەوە؟

## فێر بووین:

مرۆڤـــەکان وەکوو یەک نین. هەموو مرۆڤەکانی ســـەرڕووی زەوی لێک جیاوازن. هەر بەو جۆرە کە هەمـــوو پیـــاوان وەک یەک نین، هەموو ژنانیش وەک یەک نین. ئـــەوە کە پێمان وایە هەموو ژنان یـــان هەموو پیاوان وەک یەکن، لەوەڕا دیَ کە جنســـیەتی جیاوازمان هەیە. واتە پیاوین یان ژنین. کچیـــن یان کوڕین. بەڵام هەموو کچان وەک یەک نین. زۆرن ئەو کچانەی حەزیان لیَ نیە لەگەڵ بووکە شووشـــە یاری بکەن. بەڵام حەزیان لیَ‌یە فووتباڵ بکەن یان بەسەر داران‌دا هەڵگەڕێن. ئەوە سەبارەت بە پیاوانیش هەر ڕاستە. زۆرن ئەو کوڕانەو ئەو پیاوانەی پێیان وایە تەماشا کردنی فوتباڵ لە تەلەفزیۆن‌دا وەخت بەفیڕۆدانە. کەچی حەزیان لیَ‌یە لەسەر بەفر خلیسکێن بکەن.

**بابەت** جێندەر

**ئامانج:** زانیاری وەدەست هێنان سەبارەت بە جێندەر.

هەر کاتێک جنســـیەتی کۆرپـــە ڕوون بۆوە، جا چ لە زگی دایکی دابیَ یـــان دوای لە دایک بوون، بەگوێـــرەی ئەوە کە کچ یان کوڕە ئێمە چاوەڕوانیی تایبەتیمان بە پێی جنســـیەتەکەی لێی دەبیَ‌و هەر بەو جۆرەش سیفاتە تایبەتی‌یەکانی بۆ دیاری دەکەین. ئەگەر منداڵە ساواکە کچێکەو دێتە سەر ڕووی دنیا، جلوبەرگی گوڵ‌گوڵی‌و ســـووری بۆ هەڵدەبژێرین. ئەگەر کوڕە، جلوبەرگی شینی بۆ حازر دەکەین. بەمجۆرە هەر لە ســـەرەتاوە منداڵان بەگوێرەی ئـــەو کولتوورەی کە تێی‌دا لەدایک دەبن‌و لە نێوی‌دا گەشـــە دەکەن، سیفات‌و چوارچێوەکانیان تا ڕادەیەک بۆ دیاری دەکریَ. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەجۆرێکی جیاواز ژیان‌و دەوروبەر تاقی کەنەوە. هەموو ڕۆژیَ لە ڕێگای فەرهەنگ‌و کولتوورو داب‌و نەریتە جۆراوجۆرەکانەوە، کۆمەڵگا درێژە بە پتەو کردنی ئەو سیفەت‌و چاوەڕاونیانە لە

ئێمەدا دەدا کە بە گوێرەی ڕەگەزو بیۆلۆژیکیەکەمان بۆی دیاری کردووین. بەمە دەڵێن جێندەر. واتە جنسیەتی کۆمەڵایەتی، جنسیەتێک کە کۆمەڵ ئێمەی پێ پێناسە دەکا. جنسیەتی بیۆلۆژیکی ئێمە سەرچاوەکەی سروشتە. واتە شتێکی سروشتییە. بەڵام جێندەر ئەو جنسیەتەیە کە کولتوورو کۆمەڵو فەرهەنگ، دابو نەریتەکانی نێو کۆمەڵ لە ئێمەیاندا خەڵق کردوە.

دەچینە دووکانێکو دەمانەوێ دیارییەک بۆ منداڵێک بکڕین دەست بەجێ کابرای دووکاندار دەپرسێ ئەوەی دیارییەکەی بۆ دەکڕی کوڕە یان کچ؟ ئەو لەوە ناپرسێ کە ئەو منداڵە حەزی لە چیە؟ چ یارییەکی پێ خۆشە؟ ئارەزووی چی دەکات؟ یان چیی داوا کردوە؟ بەم جۆرە جنسیەتی کۆمەڵایەتەیی جێندەر، شوێنەواری خۆی لەسەر ژیان، بیرکردنەوە، فەرهەنگ، ڕەفتارو هەستانو دانیشتنمانو چۆنیەتیی تێگەیشتنمان دادەنێ. چۆن وەک پیاو یا وەک ژن ڕەفتار دەکەین؟ چۆن دەڕۆین؟ چۆن قسە دەکەین؟ چی لەبەر دەکەین؟ چۆن پێدەکەنین؟ چۆن پێوەندی دەگرین؟ تا ڕادەیەکی زۆر بەگوێرەی ئەو کولتوورە دیاری دەکرێ کە تێیدا گەورە دەبین. جنسیەتی کۆمەڵایەتی یەکێک لەو ڕێگایانەیە کە کۆمەڵگای پێ ڕێک دەخرێ. دەتوانین بڵێین یەکێک لە گرنگترین ڕێگاکانی خۆڕێکخستنی کۆمەڵ بەحیساب دێو لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوێزرێتەوە. جنسیەتی کۆمەڵایتی، واتە جێندەر، تا ڕادەیەکی زۆر سنوورەکانی ئازادیی تاک دیاری دەکا. هەر بۆیە نیگەتیڤە. ئەو جیاوازیو هەڵاواردنەی کە لە کۆمەڵدا ژنان لەگەڵی بەرەوڕوون لەو جنسیەتە کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرن کە باسمان کرد. هەر بۆیەشە پێویستە بە دژی ئەو جیاوازیدانانە خەبات بکەین. لە سەرتاسەری مێژوودا ئەو جیاوازیدانانەی کە پیاوان بە ژنانیان ڕەوا دیتوە، سەرچاوەکەی لێرەڕا دەست پێدەکا.

## جێندەر:

جێندەر ئاکامو بەرهەمی کولتوورو دابو نەریتە کۆمەڵایەتییەکانە. بە سەرجەمی ئەو چاوەڕوانیو عاداتو ڕەفتارو کاروکردەوانەی کە لە پێوەندی لەگەڵ جنسیەتی بیۆلۆژیکی مرۆڤەکان لە کۆمەڵدا لەگۆڕێ دان، دەوترێ جێندەر یان جنسیەتی کۆمەڵایەتی.

"مرۆڤ وەک ژن نایەتە سەرڕووی دنیا، بەڵام دواتر فۆرمو شکڵی ژنی پێ دەدرێ" Simone de beauvoir.

## چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

لە سەرەتادا بۆ ماوەی ١٠ خولەک قوتابییەکان لەسەر ئەو بابەتە قسە دەکەن. واتە هەر قوتابییەک بە نۆرەی خۆی کەمێک لەو بارەوە دەدوێ. پاشان هەموویان بە شێوەی پلێنۆم کۆ دەبنەوەو باسەکەیان درێژە دەدەن. پلێنۆمەکە بە نەتیجەگیری لە باسەکان تەواو دەبێ. هەوڵ دەن بە ئارامیو

لەســـەرخۆیی ڕاهێنانەکە ئەنجام دەن. پەلـــە مەکەن. لە کاتی نەتیجەگیـــریو پوختە کردنەوەی باســـەکەش‌دا زۆر گرینگە لە جەوهەری بابەتەکە تێبگەن. مەبەســـت لەو ڕاهێنانە ئەوەیە کە بایەخو ڕۆڵـــی جێندەر لە ژیانو کۆمەڵ‌دا ڕوون کەینەوە. دیارە مەبەســـت ئـــەوە نیە بکەوینە کێبەرکێ کە کامیان ژن یان پیاو گرنگتر یان جوانترە؟

هەتـــا مرۆڤ جیاوازیو هەڵاواردنی لەگەڵ نەکرێ، نازانێ مانای جیاوازیدانان چیە. وا باشـــە لە کاتی باسو گفتوگۆکان‌دا ڕێز لە هەموو ڕوانگەکان بگرین. جا چ ڕوانگەی پیاوانە بن یان هی ژنانە.

**کات:** ١ تا ٣ کتژمێر.

**پێداویستی:** هەر کام لە بەشدارانی کۆڕسەکە دەبێ کاغەزو قەڵەمیان پێ بێ تا شتەکانیان بنووسن.

## جێبەجێ کردن:

١ـ مامۆستا لەسەرەتادا باسێکی کورت سەبارەت بە جیاوازیی نێوان جنسیەتی بیۆلۆژیکیو جنسیەتی کۆمەڵایەتی پێشکەش دەکاو جیاوازی‌یەکانیان دەردەخات.

٢ـ مامۆســـتا داوا لە قوتابی‌یەکان دەکات لەســـەر کورســـی‌یەکانیان دانیشن ، ئارامو لەسەرەخۆ هەناسە بدەن، لەشیان بخەنە پشوودانەوەو چاوەکانیان لێک نێن. دواتر مامۆستا داوا لە قوتابی‌یەکان دەکا کـــە هەرکامیان خۆی لەم وەزعەدا بدۆزێتـــەوە کە بۆیان باس دەکات: "ڕۆژێکی بەیانی زوو لە خەو هەڵدەستیو بۆت دەردەکەوێ کە جنسیەتی بیۆلۆژیکیی تۆ گۆڕاوە. جگە لەوە هەموو شتەکانی دیکەی دەوروبەرت وەک جاران ماونو هیچ ئاڵوگۆڕیان بەسەردا نەهاتوە".

* پێنج شت بنووسە کە پێویستە لە ژیانتدا ئاڵوگۆڕیان تێدا پێک بێنی.
* بیر لەوە بکەوە کە بنەماڵەو دۆستو ڕەفیقو هاواڵانت چ دژ کردەوەیەک نیشان دەدەن.
* ئایا ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە پێگەو نفووزو مەوقعییەتی تۆ ئاڵوگۆڕی بەسەر دابێ؟
* بە وشـــە یان بە وێنە نیشـــان دە کە چ هەســـتێکت هەبوو. ئەوە چ هەســـتێکی تێدا پێک هێنابووی؟

(١٥خولەک)

وا باشە کاتی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکەدا بەشداربووەکانی کۆڕسەکە لەگەڵ یەک قسە نەکەن.

٣ـ مامۆســـتا لە قوتابی‌یەکان دەپرســـێ کە کێ لە پیاوەکان کە جنســـیەتەکەی گۆڕابوو بۆ ژن پێـــی خۆشـــە ئەزموونی خۆی بۆ ئەوانی دیکە باس بکا؟ چ هەســـتێکی تێـــدا پەیدا بوو؟ دەبوایە چ بگۆڕێو چ ئاڵوگۆڕێک بەسەر ژیانو ڕەفتاری خۆی‌دا بێنێ؟ دەبێ بگوترێ لە کاتی قسە کردنی ئەو کەسەدا، ئەوانی تر نابێ قسە بکەنو دەبێ تەنیا گوێی لێ بگرن. پاشان پێویستە هەموو ئەو پیاوانەی جنسیەتیان گۆڕابوو، ئەزموونی خۆیان بۆ بەشداربووەکان باس کەن. دوای تەواو بوونی پیاوەکان، ئەو جار نۆرەی ژنەکانە کە جنسیەتیان بۆتە جنسیەتی پیاو. ئەوانیش بەو جۆرە هەموویان چیرۆکەکەی

خۆیان باس دەكەن‌و وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە كە چ هەستێكیان تێدا پێک هاتبوو. پێویستە لەسەرەخۆو بە ڕێزەوە گوێ لە قسەكانی هەمووان بگرین. پێویستە بەشدارەكان وەختی تەواویان بۆ قسەكانیان پێ بدرێ (٣٠خولەک یان بەگوێرەی ژمارەی ئەو كەسانەی لە كۆرسەكەدا بەشدارن. ئەگەر ژمارەیان زۆر بێ دەكرێ وەختی كەمتریان بدرێتێ).

**بۆ لێدوان:**

* بەشداربووەكانی كۆرسەكە لەسەر ئەم ڕاهێنانە دەڵێن چی؟
* ئایا شتێک هەبوو كە سرنجراكێش بێ؟
* ئایا بیرۆكەی تازەتان بۆ هاتنە پێش كە پێشتر بیرتان لێ نەكردبوونەوە؟
*چۆن جێندەر شوێن لەسەر ژیانی ئێمە دادەنێ؟
* پیاوەكان چۆن توانیان باسەكانی خۆیان بگێڕنەوە كە ببوونە ژن؟
* ژنەكان كە بوونە پیاو چۆن داستانی خۆیان گێڕایەوە؟
* جێندەر چۆن دەمانخاتە ژێر فشارو پاڵەپەستۆ؟ چۆن دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمە ژنان جیاوازی‌مان لەگەڵ بكرێ؟
* جێندەر چۆن ئێمە پیاوان دەخاتە ژێر فشار تا جیاوازیدانان لەگەڵ ژنان بكەین؟

**فێر بووین كە:**

بەگوێرەی جنسیەتی كۆمەڵایەتیمان، كۆمەڵ چاوڕوانیی لە ئێمە هەیەو سنوورو چوارچێوەمان بۆ دیاری دەكا. كە واتە جنسیەتی كۆمەڵایەتیی ئێمە بەپێچەوانەی جنسیەتی بیۆلۆژیكیمان، نەک لەلایەن سروشت بەڵكوو لەلایەن كولتوورو دابو نەریتەكانەوە دیاری دەكرێ. واتە فیزیكیو سروشتی نیە، بەڵكوو شتێكی كولتووریو كۆمەڵایەتی‌یە. جنسیەتی كۆمەڵایەتی لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تر دەگۆیزرێتەوە. ئەو گویزرانەوەیە لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە وەک بە كۆمەڵایەتی بوون، فەرهەنگو كولتوور، دابو نەریت، دین‌و مەزهەبو ئەو كۆدانەوە كە بەگوێرەی ئەوان ژن‌و پیاو یان كوڕو كچ دەبێ هەڵسوكەوت بكەن، جێبەجێ دەبێ. لەبەر ئەوەی جێندەر یا جنسیەتی كۆمەڵایەتی یانی لە ڕابردوودا، لە ئێستاو لە داهاتووش‌دا لە كۆمەڵگادا ڕیشەی داكوتاوە، بەزەحمەت گۆڕانی تێدا پێک دێ. بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە كە نەتوانین ئاڵوگۆڕی تێدا دروست كەین. خەبات بۆ ئازادیو یەكسانیی ژنان لەو سەد ساڵەی دوایی‌دا نیشانی داوە كە دەكرێ ئاڵوگۆڕ بەسەر ئەو ڕوانگانەدا بێنین‌و پەیوەندی‌یەكانی نێوان ژن‌و پیاو ئینسانیترو عادڵانەتر بكەین. لە بەر ئەوەی كە جێندەر چوارچێوەی ڕەفتارو هەڵسوكەوتمان بۆ دیاری دەكا، دەبێتە هۆی سنووردار كردنی ئازادی‌یەكانمان. هەر بۆیەشە دەبێتە ئامرازو وەسیلە بۆ جیاوازی‌دانان بە دژی ژنان یان كەسانی دیكە. لێرەدایە

کــە گرنگیو بایەخـــی کارو خەباتی ئێمە بۆ کەم کردنەوەو ڕیشـــەکێش کردنـــی جیاوازیدانان لە کۆمەڵدا دەردەکەوێ. ڕاســـتی‌یەکەی ئەوەیە کە یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکانی ئەو جیاوازیدانانە کــە لە کۆمەڵدا کوڕانو پیاوان بە دژی کچانو ژنـــان بەڕێوەی دەبەن، بریتی‌یە لە جێندەر، یا ئەو چاوەڕوانی‌یانەی کە کۆمەڵ بە گوێرەی جێندەر لێمانی هەیە.

## بۆ فێر بوونی زۆرتر:

بەشـــدارانی کۆرسەکە بەســـەر چەند گروپی بچکۆلەدا دابەش دەبن. مامۆستا تێدەکۆشی هەندێک ڕۆژنامەو گۆڤاری تایبەت بە مۆدو جلوبەرگی پیاوانەو ژنانەیان بخاتە بەر دەست. ئەرکی قوتابی‌یەکان ئەوەیە کە نیشـــان بدەن چۆن "پیاوەتی"و "ژنایەتی" لە ڕێکلامەکاندا بەرجەستە کراوە. قوتابیەکان ئـــەو وێنە جۆراوجۆرانە بە مەقەســـت دەقرتێننو هەڵیاندەبژێرن. پاشـــان تێدەکۆشـــن لایەنە زەقو بەرچاوەکانی ژن بوونو پیاو بوون لە ڕێکلامەکاندا بدۆزنەوە.

١ـ ئایا جیاوازی لە نێوان لەشولاری ژنو پیاواندا هەیە لە کاتی وەستانو دانیشتنو نووستن دا؟

٢ـ ئایا جیاوازی هەیە کە چۆن ژنانو پیاوان ســـەری خۆیان ڕادەگرن؟ دەموچاویو ڕوخساریان چۆنە؟

٣ـ چۆن جلوبەرگ لەبەر دەکەن؟

٤ـ لە وێنەکاندا پەیوەندی‌یەکانی نێوان ژنانو پیاوان بە چ جۆرێکە؟

٥ـ چۆن ژنو پیاوەکە وەک ئامرازێک بۆ ڕێکلامەکە بەکار هاتوون؟ ئایا چاک بەکار هێنراون؟

واباشە هەر گروپە وەڵامی پرسیارێک لەو پرسیارانە بداتەوە. (١٥ خولەک)

دواتر هەموو بەشـــدارەکان کۆ دەبنەوەو باســـەکانیان و وەڵامی پرســـیارەکان بە شکڵی پلێنۆم پێشکەش بە یەکتر دەکەن.

چیمان بۆ ڕوون بۆوە؟ ئەو چالاکی‌یە چیمان بۆ دەردەخات؟

## بۆ فێر بوونی زۆرتر:

مامۆستا باسێکی کورت سەبارەت بە جێندەر پێشکەش بە قوتابیان دەکا. جیاوازیی نێوان جنسیەتی بیۆلۆژیکیو جنســـیەتی کۆمەڵایەتی ڕوون دەکاتەوە. دواتر مامۆستا داوا لە قوتابی‌یەکان دەکا بیر لە ژیانی ڕابردووی خۆیان بکەنەوە. پێویســـتە قوتابی‌یەکان بە ئارامیو لەســـەرخۆیی دانیشینو بکەونە بیرکردنەوە.

١ـ یەکەم جار کە وەبیرمان دێ کە منداڵ بووین چ جلێکمان لەبەر دابوو؟ ئایا شـــین، بۆر یان گوڵگوڵیو سوور بوو؟

٢ـ لە جەژنی لەدایک بوونماندا دیاریمان بۆ دەهاتن. ئایا ئەو دیاری‌یانە بە گوێرەی جنسیەتەکەمان

هەڵدەبژێردران یان بەگوێرەی ئارەزووکانمان؟

* حەزت لێیە چ بخوێنی یان چ کارێک بکەی؟ ئایا جنسیەتی بیۆلۆژیکت لەو بارەوە بڕیار دەدا یان جێندەرەکەت؟ یا هیچ کامیان لەو بارەوە ڕۆڵێک ناگێڕن؟

* چ وەختێـــک هەســـتت کرد کە وەک ژن یـــان وەک پیاو بیر بکەیەوە؟ بۆ؟ ئایا جنســـیەتی بیۆلۆژییت لەو بارەوە بڕیاردەر بوو یان جنسیەتی کۆمەڵایەتیت؟

## ژیانی تایبەتیو خسووسی

**بابەت:** مافەکانی ژنان

**ئامانج:** وەدەســـت هێنانی زانیاری لەســـەر توندوتیژی لەماڵەوە. یانی ئاساییترین توندوتیژی کە لە ئاستێکی بەریندا بەڕێوە دەچێو زۆر بەکەمی باس دەکرێ.

زۆرترینی ئەو توندوتیژییەی کە بە دژی ژنان لە ئارا دایە، ئەوەیە کە لە چوارچێوەی دیوارەکانی ماڵەوە واتە لە ژیانی خسووســـیو تایبەتیی ئەواندا بەڕێوە دەچـــێ. هەمووومان کەمو زۆر لەو جۆرە توندوتیژییە ئاگادارین. ئاســـاییترین لایەنی ئەو توندوتیژییەش کە لە ماڵەوە بە دژی ژنان بەڕێوە دەچێ، توندوتیژیی فیزیکییە. ڕاپۆرتی ئەو شـــاهیدانەی لـــەو چالاکییەدا بەکار دەبرێن هەموویان حەقیقەتیان هەیەو لە کەسانێک وەرگیراون کە شاهیدی زیندووی ئەو ڕووداوانە بوونە.

"توندوتیژی بە دژی ژنان بە گەورەترین پێشـــێل کاریی مافەکانی مرۆڤ دادەنرێ. تا ئەو کاتەی ئەو چەشـــنە توندوتیژییە لەگۆڕێ دایە، ناتوانین ئیددیعا بکەین کە هەنگاومان بەرەو پەرەسەندنو بەرامبەریو ئاشتی هەڵێناوەتەوە".

کوفی ئەننان، سکرتێکری پێشووتری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان.

## چونیەتی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

چالاکییەکە لەســـەرەتا بەوە دەســـت پێ دەکا کە بەشدارانی کۆرسەکە بەشـــێوەی گرووپی لەسەر توندوتیژی لە نێو خێزان و بنەماڵەدا قســـەو باس دەکەن. پاشـــان ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانیان بە شێوەی پلێنۆم لەگەڵ یەکتر باس دەکەن. دەبێ لەبیرمان بێ کە توندوتیژی بنەماڵەیی دیاردەیەکی بەربڵاوەو ڕەنگـــە هەموو کەس ئەزموونی کردبێ. بۆیە دەبێ بەشـــداربووەکان ئازادانەو بە دڵخوازی خۆیان قسە بکەنو ئەو شتە بڵێن کە پێیان خۆشە بیڵێن. هێندێک شت کە ڕەنگە بڕواتە نێو ژیانی خسووســـیو بنەماڵەیی ئەوان، پێویستە خۆی لێ دوور بگرین. ئەزموونەکان ئەوە دەردەخەن کە لە کاتی ئەو جۆرە قسەو باسانەدا، ئەو بەشدارانەی کە کوڕ یا پیاون تۆزێک دژکردەوەی هەڵنەسەنگێراو لە خۆیان نیشـــان دەدەن. بۆیە لەکاتی بەڕێوە بردنی ڕاهێنانەکەدا نابێ بە جۆرێک کار بکەین کە وا نیشان دەین کە ئەوە پیاوانن لەو بارەوە هەموو جۆرە بەرپرسایەتییەکیان دەکەوێتە سەر شان. یانی

نابێ ئەو کوڕ یا پیاوانەی لەو کلاسەدا بەشدارن، بە بەرپرسی هەموو ئەو کارو کردەوانە دانرێن کە لە کۆمەڵدا پیاوانی دیکە ئەنجامیان دەدەن. بەڵام دەبێ بە شێوەیەکی شیاو و مەنتقی ئەوە باس بکرێ کە پیاوان بەشـێک لەو سیستەمە کۆمەڵایەتیەن کە بەو جۆرە توندوتیژی لە چوارچێوەی بنەماڵەدا بەسەر ژناندا دەسەپێنێ. واتە دەبێ بزانرێ کە لەو بوارەدا ئەوە پیاوانن کە ئەو توندوتیژیەیە بەرێوە دەبەنو پێویستە بەجیددی بەخۆیاندا بێنەوە.

**کات:** یەکونیو تا دوو کاتژمێر

**پێداویستی:** کاغەزی گەورەو تووش، چەند بەڵگەنامەی شاهیدان، راپۆرتی شاهیدی دان، کە پێشتر ئامادە کرابێ. دیارە قوتابیەکان دەشتوانن کە خۆیان بیاننووسن. جیا لەوە دەبێ هەرکام لە گروپەکان نوسخەیەکی ئەو ڕێنوێنییانەشیان لەلا بێ کە بۆ بردنە پێشی ئەو باسو لێداونو موناقەشانە ئامادە کراون.

ئامادەکاریی پێشـوەخت: چەند نوسـخەیەک لە ڕاپۆرتەکانی شـاهیدانو ڕێنمایی سەبارەت بە چۆنیەتیی بردنە پێشی باسو گفتوگۆکان.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ مامۆسـتا داوا لە قوتابیان دەکا کە بیر لەو شـکڵو شێوە ئاساییانەی توندوتیژی بکەنەوە کە لە گەڕەکی خۆیاندا لە گۆڕێ دایە. دوایە مامۆستا ئەو شتانەی قوتابییەکان باسی لێوە دەکەن لەسەر تەختەڕەش یان وەرەقی گەورە دەنووسـێ. لەو قوناخەدا بەشداربووەکان وشەو تێبینییەکانی یەکتر تەفسیر ناکەن. (١٥ خولەک).

٢ـ مامۆستا بەشداربووەکان دەکاتە چەند گروپ. بە هەر کام لە گروپەکان ڕاپۆرتێک لەو ڕاپۆرتانە دەدا کە پێشـتر لە پەیوەندی لەگەڵ توندوتیژی نواندن بە دژی ژنان ئامادە کراون. قوتابییەکان لە گروپەکانیاندا ئەو ڕاپۆرتانە دەخوێننەوەو دواتر باسو موناقەشەیان لەسەر دەکەن. واتە ئەو ڕاپۆرتانە وەک زەمینەی قسـەو باسو گفتوگۆ لەسەر توندوتیژیی بنەماڵەیی بەکار دێنن. سێ راپۆرت ئامادە کـراون کە هەرکامیان ئاوێنەی وەزعێکی تایبەتین. بەڵام دەکرێ هەر سـێ جۆری ڕاپۆرتەکان بە مەبەستی گەرمتر بوونی باسەکان بدەینە هەموو گروپەکان. هەرگروپەش نوسخەیەک لەو ڕێنماییە وەردەگرێ کە لە پەیوەندی لەگەڵ چۆنیەتیی بردنە پێشـی باسـەکاندا ئامادە کراون. کەس نابێ زۆری لێ بکرێ کە قسە بکات، یان شتێک بڵێ کە پێی خۆش نیە.

٣ـ هـەرکام لە گروپەکان دەسـت بەکاری خۆیان دەکەن. لەپێـشدا ڕاپۆرتەکە یا ڕاپۆرتەکان دەخوێننەوە. پاشان قسەیان لەسەر دەکەن. شییان دەکەنەوە. هەرکامیان نەزەرو بیرو بۆچوونەکانی خۆیان سەبارەت بەو ڕووداوانە دەردەبڕن. (باسەکان بە گوێرەی ڕێنماییەکە دەڕۆنە پێش). ١ کاتژمێر.

٤ـ سـەرەنجام هەمـوو گروپەکان کۆ دەبنەوەو بە شـکڵی پلێنـۆم باسـەکانیان، ئاکامی کارو

لێکۆڵینەوەکانیان پێشکەشــی یەکتر دەکەن. پاشــان مامۆســتا نەتیجەگیری‌یەک لە ســەرجەمی باسەکان دەکات.

## بۆ باس لێدوان:

* کارە گروپی‌یەکە چۆن بەڕێوە چوو؟ ئایا ئەو ڕاپۆرتانەی لەبەر دەســتتان دابوون، لە ڕاســتی‌یەوە نزیک بوون؟ ئایا ئەو جۆرە ڕووداوانەتان پێشتر دیتوون یان بیستوون؟ ئایا دەتوانن رووداوی دیکەی لەو جۆرە باس بکەن کە لە ژیانی واقعی‌یەوە نزیک بن؟

* ئایا ئەو جۆرە رووداوانەتان پێشتر دیتوون یان بیستوون؟ ئایا دەتوانن ڕووداوی دیکەی لەو جۆرە باس بکەن کە لە ژیانی واقعی‌یەوە نزیک بن؟

* ئایا لە کۆمەڵگای ئێوەدا توندوتیژیی بنەماڵەیی تا چ ڕادەیەک بە شتێکی ئاسایی دادەنرێ؟

* توندوتیژیی بنەماڵەیی کام مافو ئازادیی مرۆڤ دەخاتە ژێر پێ؟

* هۆیەکانی سەرهەڵدانو ڕوودانی توندوتیژیی بنەماڵەیی چین؟

* ئایا بۆ چی زۆرتر پیاوان توندوتیژی بە دژی ژنان بەڕێوە دەبەن؟ واتە بۆ ئەو توندوتیژی‌یە کە ژنان بە دژی پیاوانی بەڕێوە دەبەن کەمترە؟

* چۆن دەکرێ پێش بە توندوتیژیی بنەماڵەیی بگرین؟

ـ ئایا دەبێ دەوڵەت ئەو کارە بکا؟

ـ ئایا دەبێ کاربەدەستانی دەوڵەت لە شارو لە گەڕەکدا ئەو کارە بکەن؟

ـ ئایا ئەوانەی کە بۆخۆیان بەجۆرێک بەشێک لە قەزیەکەن دەبێ تێکۆشن بە خۆیان دا بێنەوە؟

ـ ئایا دراوسێ‌کانو دۆستو هاوالآن دەتوانن لەو بوارەدا بەکەڵک بن؟

* ئایا لە کاتی باسو گفتوگۆ لەسەر توندوتیژیی بنەماڵەیی‌دا، قوتابی‌یەکان باسی جۆرێکی دیکە لە توندوتیژی کە لە گەڕەکو لە ناوچەو شارو گوندەکانیان‌دا هەیە، کردوە؟

## فێر بووین کە:

توندوتیــژی بــە دژی ژنان یەکێک لە باوترین گیروگرفتەکانی کۆمــەڵ لە دنیای ئەمڕۆ دایە. لەبەر ئــەوەی ئەو توندوتیژی‌یــەی لە چوارچێوەی دیوارەکانــی بنەماڵــەدا ڕوو دەدا، کۆمەڵگا لە ڕادەی چەندیو چۆنیو قەبارەکەی بەڕوونی ئاگادار نیە. ئامارەکان بە زمانی خۆیان گۆشەیەکی ئەو ڕاستی‌یە دەردەخەن کە لەو پەیوەندی‌یەدا لەگۆڕێ دایە. لەســەریەک یەک لەســەر چواری ژنان لە ماڵەوەدا لەگەڵ توندوتیژی بەرەوڕوو دەبن. توندوتیژی لە ماڵەوە وەک شــتێکی بنەماڵەیی و تایبەتی تەماشا دەکرێ. بەڵام بەگوێرەی کۆنڤانســیۆنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کە لە ســاڵی ۱۹۷۹داو لە پەیوەنــدی لەگەڵ مافەکانی ژنان‌دا پەســندا کرا، توندوتیژیی بنەماڵەیی بە پێشــێلکرانی مافەکانی

مرۆڤ بەحیساب دێو بە کردەوەیەکی جینایەتکارانە لە قەڵەم دەدرێ کە کۆمەڵگا دەبێ بەرامبەری ڕاوەستێو دژکردەوە لە خۆی نیشان بدات.

کۆنڤانسیۆنی لەنێو بردنو خاشەبڕ کردنی هەر چەشنە توندوتیژی‌یەک بەرامبەر بە ژنان کە لە ساڵی ١٩٩٣دا لەلایەن کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە پەسند کرا، توندوتیژی بە دژی ژنان بەم جۆرە پێناسە دەکا:

"مەبەسەت لە دەستەواژەی (توندوتیژی دژی ژنان) هەر توندوتیژییەک دەگرێتەوە کە کە لە سەر بناخەی جنسیەت ببێتە هۆی ئازاردانو زیان گەیاندنی جەستەیی، جینسی یان دەروونیی بە ژنان . هەڕەشە یان کردەوەی هاوشێوە، زۆری کردن لە ژنان، بێبەش کردنی زۆردارانەی ئەوان لە ئازادی کە لە بەرچاوی خەڵک یان لە چوارچێوەی ژیانی تایبەتیدا ڕوو دەدەن، هەر دەچنە چوارچێوەی ئەو پێناسەوە".

لێکدانەوەی توندوتیژی دژی ژنان ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتەوە، بەڵام هەر بەم نموونانەشەوە نابەستریتەوە. ئەلف توندوتیژیی جەستەیی، جینسیو دەروونی کە لە بنەماڵەدا ڕوو دەدەن، بۆ وێنە لێدان، ئازاردانی جینسی کچانی مێرمنداڵ لە ماڵدا، دەستدرێژی لەلایەن مێردەوە، خەتەنە کردنی ژنانو ئەو دابونەریتانەی زیان بە ژنان دەگەیەنن، توندوتیژی لە پێوەندی بەدەر لە ژنو مێردایەتی‌داو توندوتیژی تایبەت بە ژنان. ب توندوتیژیی جەستەیی، جینسی، ئازادرانی جینسیو ترساندن لە شوێنی کار، لە ناوەندە فێرکاری‌یەکانو شوێنەکانی دیکەدا، کڕینو فرۆشتنی ژنانو لەشفرۆشی بە زۆرەملی. پ توندوتیژیی جەستەیی، جینسیو دەروونی کە بە هۆی دەوڵەتەوە ئەنجام دەدرێ یان لەلایەن دەوڵەتەوە پشتگوێ دەخرێ".

چەند زانیاری‌یەک سەبارەت بە توندوتیژی دژی ژنان.

* ١٩٪ی ئەو ژنانەی لە وڵاتانی پیشەسازی‌دا بە دەست گیروگرفتی تەندروسیتی‌یەوە گیرۆدەن، لە ئاکامی توندوتیژیی پیاوانەوە ئەو گیروگرفتانەیان تووش بوون.

* توندوتیژیی بنەماڵەیی، یەکێک لە هۆیە هەرە سەرەکی‌یەکانی مردنو زیان پێگەیشتنی ژنانە لە سەرتاسەری دنیادا.

* ساڵانە ٥٠٠٠ ژنو کچ لەلایەن نزیکترین کەسانی بنەماڵەکەیانەوە لەگەڵ قەتڵی نامووسی بەرەوڕوو دەبنەوە.

* ساڵانە چوار ملیۆن کچو ژن لە سەرتاسەری دنیادا کڕینو فرۆشتنیان پێ دەکرێ. جا ئەوە چ بەشێوەی بەشوودان بێ یان بەشێوەی ناچار کردنیان بە کۆیلەتیو لەشفرۆشی‌یەوە بێ، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ.

* ساڵانە ٧٠٠٠٠٠ کچو ژن لە بازاڕەکانی سەنعەتی سێکسی ئۆرووپادا دەفرۆشرێن.

* بە کەمی ڕاپۆرتی دەستدرێژیی جینسی بۆ سەر ژنان بڵاو دەبێتەوە. ئاماری ڕاستەقینە لەو

بارەوە پەنجا بەرامبەری ئەو ئامارەیە كە بڵاو دەكرێتەوە. تەنیا لە نۆرویژ ساڵانە ۸۰۰۰ تا ۹۰۰۰ ژن‌و كچ دەكەونە بەر پەلامارو دستدرێژیی جینسی.

* ئەزموونەكان ئەوە دەردەخەن كە ژنان‌و كچانی كەم‌ئەندام زۆرتر دەكەونە بەر پەلامارو دەستدرێژیی جینسی.

## ڕاپۆرتی ۱ Ester

لە نۆڤەمبەری ساڵی ۱۹۹۵دا مێردی Ester گەڕایەوە ماڵێ. كەمێک سەرخۆش بوو. بۆی دەركەوت كە ئێستەرو كچەكەیان لە ماڵی دراوسێ‌كەیانن. داوای لێكردن دەستبەجێ بگەڕێنەوە ماڵەوە. كاتێک گەیشتنەوە دەرگای داخستو بە كچەكەی وت: "ئێستا كەمێک لەگەڵ دایكت قسان دەكەم". تەپشۆیەک، گەسێكی درێژو چەقۆیەكیشی هەڵگرتن. دەستی بە شەڕ كردن لەگەڵ ژنەكەی كرد. بە سەری دادەینەڕاند كە ماڵەكەی پاک نەكردۆتەوە، خواردنی حازر نەكردوە، كاروباری نێو ماڵی بەڕێوە نەبردوە. لەو ماوەیەدا كە ئەو قسانەی دەكردن، بێوچان لێشی دەدا. بە سەری‌دا دەدا، بە كوڵەمستە لە دەم‌وچاوی دەدا، سەروپرچی دەكێشاو، هەموو جارێ موویەكی زۆری سەری ژنەكەی لەگەڵ دەست هەڵدەقەند. دواتر جلوبەرگەكانی لەبەر داكەندن‌و فڕێی دایە سەر قەرەوێڵەكە بۆ ئەوەی زۆرتری لێ دا. هەموو ئەوە لەبەرچاوی كچە هەشت ساڵانەكەیان ڕووی دا. سەرەنجام كچەكەی دەچێتە سەرچۆكان‌و داوا لە باوكی دەكاو لەبەری دەپاڕێتەوە كە بەسە هیچی دیكە لە دایكی نەدا. سەرەنجام دەست ڕادەگرێ. ژنەكەی لەسەر قەرەوێڵەكە فڕێ دەداتە دەرەوەو بۆخۆی دەچێتە سەر تەختەكەو خەوی لێدەكەوێ. هەمان شەو ئیستەر دەمرێ.

## ڕاپۆرتی ۲: Kati

Kati هەوڵی دەدا لەدەست دەزگیرانەكەی كە بەرەبەرە دەستی كردبوو بە توندوتیژی نواندن بە دژی وی ڕابكا. توانی ئاپارتمانێک لە شارێكی دیكە بدۆزێتەوە. بەڵام دەزگیرانەكەی ئەوی دۆزیەوەو بەردەوام زەنگی بۆ لێ دەداو ئەزیەتی دەكرد. ئەمە بوو بە هۆی تێكچوونی وەزعی ڕەوانی‌و ڕوحیی كەتی. ڕۆژێک كاتێک كەتی لە كار دەهاتەوە ماڵ، لەسەر ڕێگا تووشی دەزگیرانەكەی دەبێ‌و داوای لێ دەكا لەگەڵی بگەڕێتەوە بۆ ماڵی ئەو. دەیگرێ‌و دەیباتە نزیكترین جەنگەڵی ئەو دەوروبەرە. بلوزەكەی خۆی دەردێنێ‌و دەیخاتە ملی‌و دەیەوێ بیخنكێنێ. ڕۆژی دوایی كەتی لەسەر كارێ بە هاوكارەكانی دەڵێ كە ئەو زۆر لەوە دەترسێ. ڕۆژێک دەزگیرانەكەی تۆزێک مەستی بكاو دیسان بێتەوە سەر ڕێگای كەتی. ئاخر ئەو هەر كە كەتی دەبینێ دەسبەجێ دەست دەكا بە توندوتیژی نواندن بە دژی ئەو. ئێوارەكەی داوا دەكا كە پێكەوە با سەری خزم‌و كەس‌و كاریان بدەن. لە ڕێگادا چەند جار ماشێنەكەیان ڕادەگرن. كەتی كە هەستی بە خراپیی وەزعەكەی كردبوو، بەوە ڕازی بوو

کە ڕێگای بدات سێکسی لەگەڵ بکات، بەڵام ئەو زۆر مەست بوو توانای شتێکی ئاوای نەبوو. کەتی بە دەزگیرانەکەی وت کە ئەو ئیدی حەز ناکا لەگەڵ ئەو بژی. ئەمە بوو بە هۆی ڕق هەستانی کابرا. قایشێکی درێژی کردە ملیو خنکاندی. تەرمەکەی لەتوپەت کردو شاردیەوە.

## ڕاپۆرتی ۳: Sara

سارا ژنێکی جیرانی تۆیە. مێردی کردوەو دوو منداڵی بچکۆڵەی هەن. جارجار مێردەکەی زۆر تووڕە دەبێو لێی دەدا. بە مستو پێلاقە لێی دەدا. لەم دوایی‌یانەدا بە قایشی پشتێنو گۆپاڵ لێی دەدا. دوو مانگ لەمەوبەر بوتری‌یەکی لەسەری‌دا شکاند. سارا دەیەوێ ئەو ماڵە بەجێ بێڵێ. بەڵام مێردەکەی دەڵێ ئەگەر ئەو کارە بکات دەیکووژێ. لەو لاشـــەوە دوو کوڕی چکۆڵەی هەن کە لەوە دەترسێ کە چیان بەسەر دێ. زۆریان بیر لێ دەکاتەوە. دڵی نایە بەجێ‌یان بێڵێ. دوێنێ بۆ دەرمان کردنی لووتی کە لە ئاکامی لێدان‌دا شکابوو، سەردانی نەخۆشخانەکەی کرد. خوێن لە لووتی وشک نەدەبوو. لەوێ نەیگوت مێردەکەم لێی داوم، وتی لە پلیکانەکان بەسەر لووتم داکەوتمو وام بەسەر هاتووە.

### ڕێنمایی سەبارەت بە چۆنیەتیی بردنە پێشی باسو گفتوگۆکان

۱ـ شی کردنەوەی پەلاماری جینایەتکاران:

* بیروبۆچوونی تۆ لەسەر ئەو جینایەتانە چیە کە ڕاپۆرتیان لەسەر ئامادە کراوە؟
* جینایەتی لەو چەشنە چۆن ڕوو دەدەن؟
* ئایا ئیمکانی هەیە لە گەڕەکی ئێوەش ئەوە ڕوو بدا؟
* بۆچی ئەو پەلامارانە ڕوویان دا؟
* ئایا شتێک هەیە کە پاکانە بۆ ئەو جۆرە کردەوە جینایەتکارانەیە بکات؟
* قوربانی‌یەکە چۆن دەیتوانی بەرگری لە خۆی بکات؟ دەبوایە چی کردبا؟

۲ـ گواستنەوەی ئەو ڕووداوانە بۆ مەیدانی حەقیقەتی ژیانی کۆمەڵایەتی ڕۆژانەمان.

* ئایا دەزانی کەسانی وا هەن لە ماڵی خۆیان‌دا توندوتیژییان لەگەڵ کراوە؟
* چ جۆرە توندوتیژی‌یەک لە ماڵێ، لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆرتر باوە؟
* ئایا قوربانی‌یەکان دەتوانن پەنا بۆ کوێ بەرن؟ ئەگەر هەست بکەن کە پێویستی‌یان بە یارمەتیو هاوکاری هەیە دەبێ چی بکەن؟
* پێت وایە پۆلیس پێویستە لە حاڵەتی لەو چەشنەدا ئەگەر بزانێ توندوتیژی بە دژی کەسێک لە گۆڕێ دایە تەنانەت ئەگەر لە ماڵەوەش بێ بۆ پێشگیری کردنی هەنگاو هەڵگرێ؟
* ئایا لە وەزعێکی ئاوادا هەوڵی پۆلیس بۆ پێشـــگیری کردن لە کردەوەی لەو چەشـــنە نابێتە هۆی لە ژێرپێنانی مافی ژیانی تایبەتی و بنەماڵەیی هاووڵاتیان؟

* لە وەزعێکی ئاوادا ژن چ دەسەڵاتێکی هەیە؟ پیاو چ دەسەڵاتێکی هەیە؟
* ئایا پێت شک دێ کە لە ماڵەوە توندوتیژی بە دژی پیاوێک ڕووی دابێ؟
* وا هەیە پیاو ببێتە قوربانیی توندوتیژیی بنەماڵەکەی؟
* چۆن پێش بە توندوتیژی لە ماڵەوە، لەنێو خێزانو بنەماڵە دەگرین؟
* دەبێ چی بکەین؟
* کاربەدەستان ئەرکیان چیە؟
* خەڵکی گەڕەک، ژینگەی نزیک ئەرکیان چیەو دەبێ چ بکەن؟
* دۆستو رەفیقو هاوسێکان پێویستە لەو بارەوە چی بکەن؟

بۆ فێربوونی زۆرتر:

* بگەڕێن زانیاری لەسەر ئەو ناوەندو ڕێکخراوانە پەیدا کەن کە یارمەتی بەو کەسانە دەکەن کە دەبنە قوربانیی توندوتیژی لە ماڵەوەی خۆیان. ئایا ئەو ناوەندانە لە گەڕەکی ئێوە یان لە کۆمەڵگای ئێوەدا گرینگترین ئەرکیان چیە؟
* مامۆستاو قوتابیەکان لە کاتی پرسیار کردندا دەبێ زۆر لەسەرخۆ بنو وریا بن قسەیەک نەکەن کە کەسانی دیکەو بەشدارانی دیکەی کۆرسەکە بریندار بکەن. هەندێک لە بەشدارنی کۆرسەکان ئەزموونی تاڵیان لە ژیانی خۆیان هەیە، بۆیە نابێ کارێک بکەین برینیان بکولێنینەوە.
* داوا لە بەشداربووەکان بکەن کە ئایا کەسێک لەوان حەزی لێیە زۆرتر لەسەر ئەو مەسەلە کارو لێکۆڵینەوە بکات. بۆ نموونە لەسەر ئەوە قسە بکا کە چۆن دەتوانین پێش بە توندوتیژی لە بنەماڵەدا بگرین.
* دەتوانن داوا لە پۆلیس بکەن کە باسێکی تێروتەسەل لە سەر چۆنیەتیی کار کردنی خۆیان بۆ پێشگیری کردن لە توندوتیژی لە نێو بنەماڵەکاندا پێشکەشی کۆرسەکە بکا. یان دەتوانن لەگەڵ یەکێک لە ناوەندەکانی پەنادان بە قوربانیانی توندوتیژی پێوەندی بگرنو دەعوەتیان کەن کە بێن قسەتان بۆ بکەن.
* دەتوانن سەردانی ماڵپەڕەکانی ئامنستی بکەن. ئەوان ناوبەناو پرۆژەی گەورەو بەرین بۆ بنەبڕ کردنی توندوتیژیی بنەماڵەیی بەڕێوە دەبەن. دەتوانن داوایان لێ بکەن نوێنەرێکیان بێتە لاتانو لەسەر کارەکانی خۆیان قسەتان بۆ بکات.

## مافی هێمۆفیلییەکان

**بابەت:** مافەکانی هێمۆفیلییەکان.

**ئامانج:** ئاشنا بووون لەگەڵ هێمۆفیلییەکانو هاوپەیوەندیی نیشان دان لەگەڵیان.

بەخۆشیەوە تا دێ پتر چاومان بە کەسانی هێمۆفیلی دەکەوێ کە شادو سەری حاڵن. ئەوان وەک

هەر کەسێکی دیکە شانازی بە سروشتو شوناسی خۆیان دەکەن. ئەوە کە لە هەندێک وڵاتدا، وەزعی ژیانو گوزەرانی هۆمۆفیلەکان باش بووە، ئاکامی کارو خەباتێکی درێژخایەنە. هەرچەند لە چاوخشاندنێکی گشتیدا، باری گوزەرانی ئەو بەشە لە کۆمەڵگادا لە چاو ڕابردوو لە زۆر وڵاتان باش بووە، بەڵام هێشتاش لە زۆربەی وڵاتانی دنیاداو تەنانەت لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکانیشدا زۆرن ئەو هۆمۆفیلانەی کەندو کۆسپو گیروگرفتی جۆراوجۆریان لەسەر ڕێیە. شەرمێ دەکەن یان ناوێرن هەویەتی جینسیی خۆیان ئاشکرا بکەن. دەترسن کە بە چاوێکی دیکەوە تەماشایان بکرێ، یان وەرنەگیردرێن یا لە شوێنی کارو خوێندنو چالاکییەکانی وەختی ئازاددا جیاوازییان لەگەڵ بکرێ. چونکە هێشتا بەشێکی هەرە زۆری کۆمەڵگا وەک تاوان سەیری هۆمۆفیلی دەکات.

## چۆنیەتیی جێبەجێ چالاکییەکە:

ئەم چالاکییە بەشێوەی گفتوگۆ جێبەجێ دەکرێ. پێویستە مامۆستا لەکاتی جێبەجێ کردنی ئەم ڕاهێنانەدا زۆر وریا بێ. زۆر قوتابی هەن بە شکو گومانەوە دەڕواننە مەسەلەکەو هەندێک لەوان بۆخۆیان هێشتاش لەسەر شوناسی جنسیی خۆیان شارەزاییەکی تەواویان نیە.

**کات:** ۴۵ خولەک

**پێداویستی:** تووشو کاغەزی گەورە.

**ئامادەکاریی پێشوەخت:** پێویستە مامۆستا باسێکی تێروتەسەلی لەسەر هۆمۆفیلەکانو مافەکانی ئەوان ئامادە کردبێ لە کاتی خۆیدا پێشکەشی بکات.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

۱ـ مامۆستا دەرسەکە بەوە دەست پێدەکا کە لای زۆربەی خەڵک، واتە بۆ زۆربەی مرۆڤەکان، هەویەتی جینسیو سیکسوالیتی شتێکی خسووسیو تایبەتییە. ئەوە کە بەهۆی هەویەتی جنسییەوە جیاوازیو هەڵاواردن لەگەڵ مرۆڤەکان نەکرێ بە یەکێک لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بەحیساب دێ. ئێستا لە زۆر وڵاتاندا هومۆسیکسۆلەکان لەلایەن قانوونەوە پارێزگارییان لێ دەکرێ. بەو حاڵەش لە زۆر وڵاتی دنیادا ئەوان جیاوازییان لەگەڵ دەکرێو تەنانەت ناچارن هەویەتی ڕاستەقینەی خۆشیان بشارنەوە.

۲ـ مامۆستا قوتابییەکان بەسەر چەند گروپدا دابەش دەکا. ئەرکی گروپەکان ئەوەیە کە لە ڕێگای ئینتەرنێتو سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی دیکەوە زانیاری لەسەر هۆمۆفیلەکانو وەزعی ئەوان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی دنیادا پەیدا بکەن.

۳ـ دواتر گروپەکان زانیارییەکانیان بە شێوەی پلێنۆم لەگەڵ یەکتر باس دەکەن. لە کۆتاییدا مامۆستاش لەو بارەوە باسێکی تێروتەسەل پێشکەش دەکات.

**بۆ لێدوان:**

* بۆچی هێشتاش لە زۆر شوێن هۆمۆفیلەکان ناتوانن هەویەتی خۆیان ئاشکرا بکەن؟
* ئایا لە کولتووره مۆدێرنەکاندا` هۆمۆفیلی وەک شتێکی سروشتی وەردەگیرێ؟ لە کولتووره سوننەتی‌یەکان‌دا چی؟ بۆ وایە؟
* زۆرتر کەسانی بەساڵاچوون کە دژایەتی هۆمۆفیلەکان دەکەن تا لاوان‌و گەنجان. ئەوە لەبەر چی وایە؟
* بۆ لە ناوەندە مەزهەبی‌و ئایینی‌یەکان‌دا زۆرتر دژایەتی هۆمۆفیلی دەکرێ؟ بۆ نموونە لە وڵاتانی ئیسلامی‌دا هۆمۆفیلەکان ناوێرن هەویەتی خۆیان ئاشکرا بکەن؟
* هۆمۆفیلەکان چۆن بۆ ماف‌و ئازادی‌یەکانی خۆیان خەبات بکەن؟ لە چ ڕێگایەک پێویستە کەڵک وەرگرن؟ ئێمە لەو بارەوە چ ئەرکێکمان لەسەر شانە؟
* ئەگەر دیتان هۆمۆفیلەکان جیاوازی‌و هەڵاواردنیان لەگەڵ دەکرێ دەبێ چ بکەین؟

**فێربووین کە:**

زۆرن ئەوانەی دەڵێن گرنگترین شت لە ژیانی مرۆڤدا عیشق‌و خۆشەویستی‌یە. هەر بۆیە توانای خۆشەویستی کردن، عاشق بوون، دڵداری کردن‌و خۆشەویستی لەگەڵ کەسانی دیکە بە یەکێک لەگەورەترین خەسڵەت‌و گرنگترین تایبەتمەندی‌یەکانی مرۆڤ دادەنرێ. زۆربەی مرۆڤەکانی سەر ڕووی دنیا هێترۆفیلن. واتە هەستی عیشق‌و خۆشەوسیتی‌و جینسی‌یان بۆ لای کەسانێک دەجووڵێ کە لە جنسی بەرامبەرن. بەڵام سێ لەسەدی خەڵک هۆمۆفیلن. واتە هەستی خۆشەویستی‌و جنیسی‌یان بۆ لای کەسانێک تێدایە کە لە هەمان جنسی خۆیانن. پێویستە بزانین کە هۆمۆفیلی نەخۆشی نیە. لادانیش نیە. بەڵکوو یەکێکی دیکە لە وەزعە هەرە سروشتی‌یەکانی مرۆڤە. واتە شتێکی سروشتی‌یە. هەر بۆیە جیاوازیدانان‌و هەڵاواردنی هۆمۆفیلەمان، لەگەڵ پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ نایەتەوە. بۆیە پێویستە نەک هەر خۆمان جیاوازیدانان‌و هەڵاواردنیان لەگەڵ نەکەین، بەڵکوو لە هەرکوێ کە دەبینین ئەوان جیاوازی‌یان لەگەڵ دەکرێ، بەرگری‌یان لێ بکەین.

هێشتاش لە زۆر وڵات دا، هۆمۆفیلەکان ناوێرن هەویەتی خۆیان ئاشکرا بکەن. بۆ نموونە هۆمۆفیلەکان لە ئێران، یەمەن، سعودیە، سوودان، ئەفغانستان‌و پاکستان‌و زۆر شوێنی دیکەدا لەگەڵ سزای ئیعدام بەروڕوو دەبن.

**ڕێگام دەدەن بێمە ژوور؟**

**بابەت:** ئاوارەکان.

**ئامانج:** شارەزایی پەیدا کردن لەسەر وەزعی خەڵکی ئاوارەو پەنابەرو ئاشنا بوون لەگەڵ مافەکانیان.

تێگەیشتن لە ڕەوشی پەنابەرانو خولڤاندنی هاوپێوەندیو هاوسۆزیی لەگەڵیان.
بە گوێرەی کۆنڤانسیۆنی ئاوارەکان کە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە پەسند کراوە، ئاوارە کەسێکە کە بە ناچاری زێدو ماڵو حاڵو نیشتمانی خۆی بەجێ هێشتووە. واتە بە هۆی ڕەگەز، نەتەوە، دینو مەزهەب، بیروباوەڕێکی سیاسی یان بەهۆی ئەوە کە سەر بە گروپێکی تایبەتی‌یە لە کۆمەڵدا کەوتۆتە بەر ڕاونانو لە ترسی لەدەستدانی گیانی ڕای کردوە. بەگوێرەی کۆنڤانسیۆنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئاوارە، کەسێک کە بە ئاوارە دەناسرێ، هەندێک مافی بۆ لەبەرچاو دەگیردرێن کە لە هیچ هەلومەرجێکدا نابێ بخرێنە پشت گوێ. وەک مافی سەفەر کردن بە ئازادیو یەکگرتنەوە لەگەڵ بنەماڵەی خۆی. ئەمڕۆ پتر لە دوازدە ملیۆن خەڵکی ئاوارە لە دنیادا دەژین. ئەوانە ئەو کەسانەن کە لە ئاکامی ڕاونانو شەڕو کێشەکاندا ناچار بوون وڵاتی خۆیان بەجێ بێڵن. زۆربەی هەر زۆری ئەو حەشیمەتە ژنو منداڵن. جگە لەوە ٢٤ ملیۆن کەس خەڵکی دیکە هەن کە لە چوارچێوەی وڵاتەکەی خۆیاندا ماڵو حاڵو شوێنی ژیانی خۆیان لەدەست داوەو پەڕیوەی جێگایەکی دیکە بوون، بەڵام هەر لە وڵاتەکەی خۆیان دان. مەوقعییەتی قەزاییو قانوونیی ئەوانە زۆر لاوازە. چونکە بەگوێرەی یاسا نێونەتەوەیی‌یەکان ئەو بەشە لەو ئاوارانە کە هەر لە چوارچێوەی وڵاتی خۆیاندا ئاوارەن، وەک ئەوانە کە لە دەرەوەی وڵاتی خۆیانن، ناکەونە ژێر چەتری پاراستی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی‌یەوە.

ئاوارە پێی خۆشە بڕواتەوە ماڵی خۆی بەڵام ناتوانێ
ئەگەر ترس لە ڕاوکەری بەدفەڕ نەبێ، باڵدار هێلانەی خۆی بەجێ ناهێڵێ.

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

بەشدارانی کۆرسەکە بە سەر چەند گروپدا دابەش دەبن کە چالاکی‌یەکە بەشێوەی شانۆ نمایش دەکەن. مامۆستا وا باشە بپرسێ کە ئایا لە نێو بەشداربووەکاندا کەسانێک هەن کە ئاوارە بن. ئەگەر کەسانی وا هەبن، ڕەنگە ئازارو ژانەکانی خۆیانو ئەزموونەکانی خۆیان بیر کەوێتەوە. بۆیە دەبێ بە وریایی‌یەوە هەڵسوکەوت بکرێ. دەکرێ سێ گروپ دروست بکرێن. پێویستیش نیە کە گروپەکان قەبارەیان بە ئەندازەی یەک بن. جاری وایە تەماشاکەرەکان زۆر کەمترن لە وانەی شانۆکە بەڕێوە دەبەن.
**وەخت:** ٦٠ خولەک.
**پێداویستی:** قەڵەمو کاغەز، شانۆنامەکان، ...
**ئامادەکاریی پێشوەخت:** کۆپیەک لە شانۆنامەکە بۆ هەرکام لە بەشداران. ژوورێکی گەورەو ئامادە بۆ نمایش، کێشانەوەی خەتێک لە ژوورەکەدا بە نیشانەی سنوور. کورسی‌و مێزێک هەبێ بەنیشانەی ئۆفیسی پەنابەران. وا باشە مامۆستا ئاشنایەتیی تەواوی لەگەڵ کۆنڤانسیۆنی مافەکانی پەنابەران هەبێو لە کاتی بەڕێوەبردنی چالاکی‌یەکەدا کەڵکی لێ وەرگرێ.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

۱ـ مامۆســـتا لــە پێش‌دا داوا لە قوتابی‌یەکان دەکا کە بیـــر بکەنەوە کە ئاوارە کێ‌یە؟ بە کێ دەڵێن ئاوارە؟ بۆ ئاوارەیی ڕوودەدا؟ مامۆســـتا وەڵامی پرســـیارەکان لە ســـەر کاغەز یان کارتۆنێکی گەورە دەنووسێنەوەو دواتر لە باس‌و گفتوگۆکانی داهاتوودا کەڵکیان لێ وەردەگرێ.

۲ـ مامۆســـتا باس لەوە دەکا کە قوتابی‌یەکان شـــانۆیەک نمایش دەکەن لەو شانۆیەدا بەشێک لە بەشـــداربووەکان دەبنە ئاوارە کە ناچارن بە هۆی شـــەڕو کێشەی خوێناوی‌یەوە وڵاتیX بەجێ بێڵن‌و ڕوو لە وڵاتیY بکەن. ئەو ئاوارانە دەیانەوێ لە ســـنوور بپەڕنەوەو لە وڵاتێکی دیکەدا پەنایان بدرێتێ. وا باشـــە بەشداربووەکان بکرێنە سێ گرووپی بە ئەندازەی یەک. گرووپێک لە بەشداربووەکان ڕۆڵی ئاوارەکانی X لە وڵات‌دا دەبینن. گرووپی دووهەم ڕۆڵی ئۆفیســـی ئاوارەو پەنابەران لە وڵاتیY دەبینین. گرووپی سێهەمیش تەماشاچین.

۳ـ مامۆســـتا ئەم تایتلە دەخوێنێتەوە: ئێوارەیەکی ساردو بارانی‌و تاریکە. لە سەر سنووری وڵاتی Y خەڵکێکی زۆری ئاوارە کۆبوونەتەوە. ئەوانە لە وەزعێکی زۆر دژوار دان‌و برسی‌و تینوو، نەخۆش، لە ئاکامی شـــەڕ لە وڵاتی X دا، ئاوارەو پەرێوەی ئەو سنوورە بوونەو دەیانەوێ بێنە نێو سنووری وڵاتی Y. پووڵ‌و پارەیەکی زۆر کەمیشیان پێیە. جگە لە پاسپۆرت بەڵگەیەکی دیکەی ئەوتۆیان پێ نیە کە نیشانی دەن. بەرپرسانی کاروباری پەنابەرانی وڵاتی Y بۆچوونی جۆراوجۆریان لەسەر وەزعەکە هەیە. هەندێکیان لەســـەر ئەو بڕوایەن کە ئیجازە بدرێ ئەو ئاوارانە بێنە ژوور، بەڵام بەشێکی دیکەیان بەو کارە ڕازی نیـــن. ئاوارەکانیش نارەحەت‌و تـــوورەو بێزار، داوای هاتنە ژوورەوە دەکەن‌و بەڵگە بۆ ئەوە دێننەوە کە ناچار بوون هەڵێن‌و ڕێگای گەڕانەوەیان نیە. لەو ڕێگایەوە دەیانەوێ کاربەدەستانی وڵاتی Y ڕازی بکەن کە ڕێگای چوونە ژووریان بدەنێ.

لێرەدا مامۆســـتا داوا لە گرووپەکان دەکا کە خۆیان بۆ نمایـــش کردنی ئەو حاڵەتە ئامادە بکەن. وا باشـــە شـــانۆنامەکەیان لە پێش‌دا حازر کردبێ. هەر کام لە گرووپەکان بەڵگە بۆ قسەو باسەکانیان دێننەوە. (۱۵ خولەک).

۴ـ شـــانۆکە دەســـت پێ دەکەن. قوتابیەکان ۱۵ـ۱۰ خولەکیان دەدرێتێ کە شانۆکەیان بەڕێوە بەرن. دیارە مامۆستا ئەگەر بیهەوێ دەتوانێ داوایان لێ بکات زووتریش تەواوی کەن.

۵ـ مامۆســـتا داوا لە تەماشـــاچی‌یەکان دەکات کە ئەوانیش لە ماوەی ۵ خولەک‌دا ڕوانگەو بیرو بۆچوونەکانی خۆیان لەسەر شانۆکە دەرببڕن.

## بۆ لێدوان:

* ئایا بە شێوەیەکی عادڵانە ڕەفتار لەگەڵ ئاوارەکان کرا؟

* بەگوێـــرەی بەنـــدی ۱۴ی بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ‌و هەروەها بەپێی کۆنڤانســـیۆنی

ئاوارەکان، ئەو ئاوارانە حەقی ئەوەیان هەیە بپارێزرێن‌و پشتیوانی‌و هاوکاری بکرێن؟ ئایا ئەو مافەیان بۆ دابین کرا؟ بۆ؟ بۆ نا؟

* ئایا دەکرێ وڵاتێک ڕێگا نەدا کە خەڵکی ئاوارە بچنە ناو سنوورەکانی‌یەوە؟

* ئەگەر ئەتۆ کارمەندی ئیدارەی کۆچو کۆچبەران بی چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئاوارەکان دەکەی؟

* پێت وایە ئەو ئاوارانە دوای ئەوەی کە دەچنە نێو سنوورەکانی وڵاتی Y کێشەکانیان چارەسەر دەبن؟ لەو وڵاتەدا کام گیروگرفتیان بۆ دێتە پێش؟

* دەتوانین بۆ چارەسەر کردنی کەمێک لەو گیروگرفتانەی ئاوارەکان لەگەڵیان بەرەوڕوون چی بکەین؟

* دەتوانین چ بکەین تا پێش بە ئاوارەو پەڕیوە بوونی خەڵک بگرین؟ چۆن دەتوانین کارێک بکەین کە خەڵک ناچار نەبن وڵاتی خۆیان بەجێ بێڵن؟

### فێربووین کە:

ئەمڕۆ خەڵکێکی زۆر لە دنیادا ئاوارەن. ئەوانە بەهۆی شەڕو کێشەی جۆراوجۆرەوە وڵاتی خۆیان جێ هێشتووە. زۆر کەس لەوانەی کە ئاوارەو پەنابەرن، لە ڕاستی‌دا قارەمانانی ڕێگای دابین کردنی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتەکانی خۆیان دان. هەر بەو هۆیەوەشەوە کەوتوونەتە ژێر فشارو پاڵەپەستۆو ناچار کراون هەڵێن. هەموو ئەوانەی وڵاتی خۆیان بەجێ دێڵن، لە بارودۆخێکی سەختدا دەژین. بۆیە حەقە ڕێزیان لێ بگیردرێ‌و لەلایەن خەڵک‌و کاربەدەستانی ئەو وڵاتانەوە کە پەنایان بۆ بردوون، هاوکاری‌و یارمەتی بکرێن.

### شانۆنامەی ئاوارەکان

ئەو بەشە لە بەشدارانی کۆڕسەکە کە ڕۆڵی ئاوارەکان دەبینن، ئەم شانۆیە نمایش دەکەن. لەو شانۆیەدا زۆرتر لەسەر ئەوە قسە دەکرێ کە کاربەدەستانی ئەو وڵاتەی تر ڕازی کەن کە ڕێگای چوونە ژوورەوەیان بدرێتێ. دەتوانن وەک گروپ هەرکەس بۆخۆی قسەو باسەکانی بکات.

دەتوانن بۆ ڕازی کردنی کاربەدەستانی ئیدارەی کۆچو کۆچبەرانی وڵاتی Y لەم قسەو باسانە کەڵک وەرگرن تا ڕێگای چوونە ژوورتان بۆ بکەنەوە. دیارە بەشداربووەکان دەتوانن قسەی دیکەش بکەن. ئەگەر لەو بارەوە نەزەرو بیرو بۆچوونێکی دیکەشیان هەیە باشتر.

* مافی خۆمانە بێینە ژوور.

* منداڵەکانمان برسین، لەسەرمان ڕەق هەڵدێن، ئێوە بەرپرسایەتیی ئەخلاقیتان بۆ یارمەتیدانی ئێمە لەسەر شانە.

* ئەگەر ڕێگامان نەدەن بێینە ئەو دیوی سنوور گیانمان لەدەست دەدەین، دەمانکووژن.

* هیچ پووڵو پارەیەکمان نیە. ناتوانین ئاوا لێرە بژین.

* من لە شاری خۆمان دوکتور بووم، ئەگەر ناچار نەبام چۆن هەڵدەهاتم؟

* ئێمە تەنیا دەمانەوێ بەشێوەیەکی کاتی پارێزگاریمان لێ بکەن. ئەگەر شەڕ تەواو بێ دەچینەوە سەر مڵکو ماڵی خۆمان.

* خۆ هەر ئێمە ئاوارە نەبووین، پێش ئێمەش خەڵک ئاوارە بوونەو هاتوونو ڕێگاتان داون بێنە ژوورێ. بۆ ڕێگای ئێمە نادەن؟

پێش نمایش کردنی شانۆکە لەسەر ئەو مەسەلانەی خوارەوە بیر بکەنەوە:

* ئایا ئەگەر بیانەوێ بتاننێرنەوەو زۆریتان لێ بکەن دەگەڕێنەوە؟ یان ئایا کەسانێک هەن ئەگەر ڕێگایان نەدان بڕۆنە ژوور، واز بێنن‌و بگەڕێنەوە؟

* ئایا ئیمکانی ئەوە هەیە ببنە دوو دەستە؟ دەستەیەک بچنە ژوورێ، دەستەیەکیش بگەڕێنەوە یان هەر لەسەر سنوور بمێننەوە؟ وا باشە ئەو گروپەی کە ڕۆڵی ئاوارەکان دەبینن لە پێش‌دا هەموو بەرنامەڕێژی‌یەکیان کردبێت. بۆ نموونە با تێکەڵاوێک بن لە ژن‌و پیاوو منداڵ، تەمەنی جۆراوجۆر هەبێت. لە باری کارو پێشینەی پیشەیی‌یەوە جیاوازی‌یان هەبێ. چ پەیوەندی‌یەکیان لەگەڵ یەک هەیە، خزمن یا هاوشارییەن‌و هتد. ئەگەر ئەو شتانە لەپێش‌دا ڕوون کرابنەوە شانۆکە باشتر جێبەجێ دەبێ.

شانۆنامەی کاربەدەستانی ئیدارەی کۆچبەران: ئەفسەرەکان بەم جۆرەی خوارەوە قسە دەکەن‌و لەبەر ڕووناکایی ئەم قسانەش‌دا ڕەفتار دەکەن.

دەکرێ وەک گروپ قسە بکەن‌و یەکیان نوێنەرایەتیی هەموویان بکات. دەکرێ هەر کامەشیان لەلای خۆیەوە قسە بکاتو تێکۆشێ ئاوارەکان بدوێنێ.

* ناتوانین بیانگێڕینەوە؟

* ئەگەر بیانگێڕینەوەو لە ئاکامدا بگیرێن، شکەنجە بدرێن یان بکووژرێن ئێمە بە بەرپرس دەناسرێین؟

* ئەرکێکی قانوونی‌و ئینسانیمان لەسەر شانە کە ئەو ئاوارانە وەرگرین‌و یارمەتی‌یان بدەین.

* ئاخر هیچ پووڵو پارەیەکیان پێ نیە. پێویستە دەوڵەت یارمەتی‌یان بدات. وڵاتی ئێمەش توانای کارێکی ئەوتۆی نیە.

* چۆن بڕوا بکەین کە ئەوانە بەڕاستی ئاوارەن؟ ڕەنگە ئەوانە تەنیا بەدوای باشتر کردنی وەزعی ژیان‌و گوزەرانی خۆیانەوە بن. کێ دەڵێ لەبەر بێکاری‌و گیروگرفتی ئابووری ڕایان نەکردوە؟

* وڵاتی ئێمە لەگەڵ وڵاتی ئێوە لە باری ئابووری‌و لەشکری‌یەوە هاوکاری دەکات. بۆیە ناتوانین ڕێگاتان بدەین بێنە وڵاتی ئێمەوە. ناتوانین پارێزگاریتان لێ بکەین.

*هەر ئێستا ژمارەی ئاوارەکان لە وڵاتی ئێمە زۆر چۆتە سەر. ناتوانین هیچی دیکە وەرگرین

جێگاوڕێگامان نیە. ئاخر ئێمەش دەبێ بە خەڵکی خۆمان ڕابگەین. ئەرکی ئێمە لە پێش‌دا ئەوەیە بە هاووڵاتیانی خۆمان ڕابگەین. بۆ ئێوە باشترە بڕۆنە وڵاتە دەوڵەمەندەکان.

* ئاخــر ئەگەر ڕێگا بە ئێوە بدەین بێنە ژوورەوە لەگەڵ لافاوی ئاواران بەرەوڕوو دەبین. خەڵکی دیکەش بەدوای ئێوەدا دێ‌و داوای پەنا دەکەن.

* ئەوانــە زمانیان جیاوازە، دین‌و مەزهەبیان جیاوازە، کولتوورو فەرهەنگیان جیاواز. بۆیە ناتوانن لە وڵاتی ئێمەدا خۆیان بگونجێنن‌و گیروگرفت دروست دەکەن.

* ئاخر ئەوانە ئەگەر بێنە ژوورەوە کێشەی سیاسی بۆ ئێمەش دروست دەکەن.

* ڕەنگە ئەوانە تێرۆریســت بــن. ڕەنگە جینایەتکاری جەنگی بن‌و بیانەوێ لە دەســتی حەق‌و عەداڵەت رابکەن‌و خۆ بشارنەوە.

بۆ ئەوەی شــانۆکە بەباشی بەڕێوە بەرن وا باشە لەســەر ئەم خاڵانەی خوارەوە پێکەوە ڕاوێژتان کردبێ:

* ئایــا ڕێگا دەدەن هەموو ئاوارەکان بڕۆنە ژوور، یا تەنیا بــە هەندێکیان ئیجازەی پەڕینەوە لە سنوور دەدەن؟

* ئایــا بەگوێرەی ڕەگەزو تەمەن لێکیان جیا دەکەنەوە؟ ئایا تەنیا ژن‌و منداڵەکان ڕێگا دەدەن‌و نایەڵن پیاوەکان بێنە ژووری؟

## شانۆنامەی تەماشاچی‌یەکان:

کاری تەماشــاچی‌یەکان ئەوەیــە تەماشــاچی بن. لە کۆتایــی‌دا داوایان لێ دەکرێ کە ســەرنج‌و تێبینی‌یەکانی خۆیان ســەبارەت بە هەر دوو کورتە شانۆکەی دیکە ڕوون کەنەوە. کاتێک تەماشای کورتە شانۆکان دەکەن وا باشە سرنج بدەن کە:

* چۆن ئاوارەکان‌و کاربەدەستانی ئۆفیسی کۆچو کۆچبەران ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن؟

* چ بەڵگەو پاکانەیەک بۆ قسەو بڕیارو هەڵوێستەکانیان دێننەوە.

* بەوردی سرنج بدەن کە قسە لە کام مافی مرۆڤ یان مافەکانی پەنابەران دەکرێ.

بۆ فێر بوونی زیاتر

* جارێکی دیکەش کورتەشانۆکان نمایش بکەنەوە، بەڵام با بەشداربووەکان ڕۆڵەکانیان بگۆڕنەوە. تەماشــاچی‌یەکان دەتوانن ئەو جیاوازی‌یانە دەست نیشان کەن کە لە نێوان نمایشی جاری یەکەم‌و نمایشی جاری دووهەم‌دا هەن.

* دەتوانن داوا بکەن کە ئەفسەر یان تیمێکی کۆمیساریای بەرزی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بــۆ کاروباری ئاوارەکان بێ‌و ســەبارەت بە چۆنیەتیــی ئەرکەکانی ئەو ڕێکخراوەیە لە وڵاتە شــەڕ لێدراوەکان‌دا قسەتان بۆ بکات.

* تیمێک لە بەشداربووەکانی کلاسەکە دەتوانن سەردانی ماڵپەڕی (www.unhcr.org) بکەنو زانیاریی جۆراوجۆر لەسەر مافەکانی پەنابەران کۆ کەنەوەو پاشان ئەو زانیارییانە پێشکەش بە بەشدارانی کۆرسەکە بکەن.

یەکێک یان گروپێک لە بەشدارانی کۆرسەکە دەتوانن ڕاپۆرتێک سەبارەت بەوەی ڕوویدا ئامادە بکەن. زۆر گرنگە ئەو مەسەلانە لە ڕاپۆرتەکەدا باسیان لێ کرابێ.

* قسەو باسەکانی ئاوارەکان. بۆچی هەڵاتوون؟ بۆ ناوێرن بگەڕێنەوە؟ حاڵو گوزەرانیان چۆنە؟ چۆن بەرگرییان لە مافەکانی خۆیان دەکرد؟

* هەڵویستو ڕەفتاری کاربەدەستانی ئیدارەی کۆچبەران لەسەر سنوور لەگەڵ پەنابەران چۆن بوو؟ ئایا ڕەفتارێکی نەشیاو، ناپەسندو نابەجێیان لە خۆیان نیشان دا؟ ئایا کەمتەرخەم بوون؟ ئایا هەستی هاودەردی یان بەرامبەر بە ئاوارەکان تێدا بوو؟

* لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەدا ئەو پێشنیارانە بنووسن کە پێتان وایە کاربەدەستان دەبێ لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو پەنابەرانەدا یان ئەو جۆرە حاڵەتانەدا وەبەرچاویان بگرن.

بۆ فێربوونی زۆرتر:

* ئایا لە وڵاتەکەماندا ئاوارە هەن؟ ئەو ئاوارانە لەگەڵ چ گیروگرفتێک بەرەوڕوون؟ وەزعی ژیانو گوزەرانی ڕۆژانەیان چۆنە؟ زۆر باش دەبێ کە چەند کەس لە بەشداربووەکانی کۆرسەکە وتووێژ لەگەڵ چەند کەس لەو ئاوارانە بکەن. تا لەگەڵ گیروگرفتو کەموکووڕییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان ئاشنا بن.

* بۆ ئاشنا بوونی زۆرتر لەگەڵ ئاوارەکان، گیروگرفتەکانیانو چۆنیەتیی ژیانو گوزەرانیان وا باشە یەک یان چەند کەس لە بەشدارانی کۆرسەکە بەوردی کۆنڤانسیۆنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مافەکانی پەنابەران بخوێنێتەوەو جەوهەرو پوختەی کۆنڤانسیۆنەکە پێشکەشی بەشدارانی دیکەی کۆرسەکە بکەن.

لەو بارەوە وا باشە چەقی قورسایی کارەکەیان بخەنە سەر ئەو مەسەلەیە کە بەگوێرەی ئەو پەیماننامە نێونەتەوەییە، ئاوارەکان چ مافێکیان هەیە.

* بەشدارانی کۆرسەکە دەتوانن زانیاری لەسەر ئەو ڕێکخراوانەش کۆ کەنەوە کە لە ئاستی دنیاو ناوچەو وڵاتەکەیاندا کار بۆ ئاوارەکان دەکەن. ناوی ئەو ڕێکخراوانە چیە؟ چ پرۆژەو پرۆگرامێک بەڕێوە دەبەن؟ چۆن کار دەکەن؟

## هەندێک بیرۆکەی تر بۆ کار لەسەر کردن:

* لەو شوێنەی کە ئێوەی لێ دەژین، ڕەنگە خەڵکی ئاوارە هەبن. هەر بەو جۆرە حەتمەن هەندێک ڕێکخراوی جۆراوجۆریش هەن کە یارمەتی بەو ئاوارانە دەکەن. بۆ نموونە مانگی سوور، یان دەزگا

خێرخوازی‌یەکانی دیکە. گومانی تێدا نیە کە ئەوان پێویستیان بە خەڵک هەیە کە لە کارەکانیان‌دا هاوکاری‌یان بکەن. ئێوەش دەتوانن پەیوەندی بەو ڕێکخراوانەوە بکەن‌و بەشێوەی جۆراوجۆر دڵخوازانە، بەشێک لە وەختو تواناکانتان بۆ خزمەت بەو ئاوارانە تەرخان کەن کە لەو مەڵبەندەدا دەژین کە ئێوەی تێدان. یارمەتی بە ئاوارەکان ئەرکی سەرشانی هەموو کەسێکە. هەر مرۆڤێک وەک تاکیش دەتوانێ لەو بارەوە کاری چاکو خێرخوازانە بکات. ئاخر ئاوارەکان هەزاران گیروگرفتیان هەیە. تۆ دەتوانی لانیکەم کەمێک لە باری قورسی ئاوارەیی‌یان سووک کەی.

## کاتێک ئایین‌و دابو نەریتەکان لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ دەکەونە ناتەبایی

**بابەت:** پەیوەندیی نێوان مافەکانی مرۆڤ، دین‌و کولتوورو فەرهەنگو دابو نەریتەکان

**ئامانج:** ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستی‌یە کە هەندێک جار دین، کولتوورو فەرهەنگو دابو نەرتیەکان لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ دەکەونە ناتەبایی‌یەوە.

دین‌و فەرهەنگو دابو نەریتەکان مێژوویەکی دوورو درێژیان هەیە. هەندێک لایەنی فەرهەنگو دین‌و دابو نەریتەکان بە سەدان ساڵە وەک خۆیان‌و هیچ ئاڵوگۆڕێکیان بەسەردا نەهاتووە. بەڵام ئەگەر تەماشای مافە نێونەتەوەیی‌یەکانی مرۆڤ بکەین، دەبینین تا ڕادەیەکی زۆر لە چاو دین‌و فەرهەنگ لە باری مێژوویی‌یەوە دیاردەیەکی تازەن. هەر بۆیە لە سەردەمی ئێستادا هەندێک جار، لێرەولەوێ هەندێک توخمی مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ دین‌و کولتوورو دابو نەریتەکان دەکەونە ناتەبایی. زۆر جاری وا هەیە لە ڕێگای دین‌و مەزهەبەوە پاکانە بۆ دابو نەریتە کۆنەکان دەکەین. ئەوە لە حاڵێک دایە ئەو جۆرە دابو نەریتانە هیچ پەیوەندی‌یەکیان بە دین‌و مەزهەبەوە نیە. ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە کە هەندێک جار هەندێک لایەنی مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ تێکستە ئایینی‌یەکان نایەنەوە. لەو تێکستانەدا هەندێک شتی وا هەن کە لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ لەم سەردەمەدا یەک ناگرنەوە. مێژوو شاهیدە کە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی لە زۆر شوێن‌و لە زۆر کات‌دا، دوگمی ئایینی‌یەکان بوونەتە هۆی کوژرانی بەملیۆن مرۆڤ. ئازادی ژنان‌و بەشداریی ئەوان لە کاروباری نێوکۆمەڵ، خەتەنە کردنی کچان، بەشوودانی زۆرەملی، هۆمۆفیلی، کۆرپە لەبارخۆبردن، لەو پرسانەن کە ئەمڕۆ لە پەیوەندیی نێوان دین‌و کولتوورو فەرهەنگو مافەکانی مرۆڤدا کێشەیان لەسەرە.

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

ڕاهێنانەکە بە کاری گروپی دەست پێ دەکا. دواتر بەشدارانی گروپەکان بە شێوەی پلێنۆم لە دەوری یەک کۆ دەبنەوەو باسەکانیان پێشکەش دەکەن. سەرەنجام هەموویان پێکەوە لەسەر بابەتەکە باسو گفتوگۆ دەکەن. ئەم ڕاهێنانە دەتوانرێ لە قوتابخانە ئاسایی‌یەکان‌دا کاری لەسەر بکرێ.

**کات:** ٢ کاتژمێر

**پێداویستی‌یەکان:** قەڵەمو کاغەز.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ مامۆستا لە پێش‌دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەم ڕاهێنانە، تیشک دەخاتە سەر پەیوەندیی نێوان ئایین، کولتوور، داب‌ونەریت‌و مافەکانی مرۆڤ. ئەرکی ئەم ڕاهێنانە ئەوەیە کە قوتابی لەگەڵ ئەو ڕاستی‌یە کە هەندێک توخمی مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ ئایین‌و کولتوورو داب‌و نەریتەکان ناتەباییان هەیە، ئاشنا بکات. پێویستە مامۆستا پێ لەسەر ئەوە داگرێ کە زۆر جار بەهۆی بەڕێوە بردنی داب‌و نەریت‌و کولتوورو فەرهەنگەوەیە کە مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکرێن. ئەوە داب‌و نەریت‌و کولتوورە لەگەڵ بیرو باوەڕو عەقیدە ئایینی‌یەکان تێکەڵاو کراوە. بۆیە لە ڕێگای دین‌و مەزهەبەوە پاکانە بۆ ئەو پێشێلکاری‌یەی مافەکانی مرۆڤ دەکرێ. ئەوە لە کاتێک دایە کە لە زۆربەی حاڵەتاکان‌دا هیچ تێکستێکی دینی‌و مەزهەبی یان هیچ دەستوورێکی ئایینی نیە کە بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ پشتیوانی لەو جۆرە کردەوانە بکات. بۆیە زۆرن ئەوانەی پێیان وایە ئەوە دین نیە کە دەبێتە هۆی پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤ، بەڵکوو کەڵکی خراپ وەرگرتن لە دین، یان تێنەگەیشتن لە دینە کە بۆتە هۆی ئەو کارەساتە.

مامۆستا بەشداربووەکان بەسەر چەند گروپ‌دا دابەش دەکات. وا باشە هەر گروپەی نوێنەرایەتیی ئایینێک بکەن. (ئەگەر یەکێک لە قوتابی‌یەکان پێی خۆش نەبوو، لە هیچ کام لە گروپەکان‌دا بەشدار بێ، نابێ بێ‌ڕەزامەندیی خۆی لە گروپێک‌دا دابنرێ) ئەرکی گروپەکان بەم جۆرەی خوارەوەیە:

* گەڕان بە دوای دۆزینەوەی هەندێک لایەن لە دین‌و مەزهەب‌و کولتوورو داب‌و نەریتەکان کە ناتەبایی‌یان لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ‌دا هەیە. ؟ ئەو دژایەتی‌یە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ‌و چۆن پاکانەی بۆ دەکرێ؟ ئایا دەتوانن نموونەیەکی کۆنکرێت لەو بارەوە بهێننەوە؟ ئەگەر لە وڵاتەکەی خۆشتان نموونەی لەو جۆرەتان پێ شک نایە، دەتوانن لە وڵاتانی دیکە نموونەی لەو چەشنە بهێننەوە.

* لێرەدا چ بەندێکی بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ پێشێل کراوە؟ واتە ئەو داب‌و نەریت‌و کولتوورو فەرهەنگە، ئەوجۆرە تێگەیشتنە لە دین و مەزهەب لەگەڵ کام بەندی بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ‌دا ناتەبایە؟ (٣٠ خولەک).

٢ـ گروپەکان کۆ دەبنەوەو ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانیان بە شێوەی پلێنۆم پشکەش دەکەن. دوایە باس‌و گفتوگۆ دەکەن.

## بۆ باس‌و لێدوان:

* ئایا بەزەحمەت دەتوانین هەندێک لایەن لە داب‌و نەریتە ئایینی‌یەکان‌دا بدۆزینەوە کە لەگەڵ

مافەکانی مرۆڤ ناتەبا بن؟
* ئایا نموونەی لەو جۆرە لە سەردەمە کۆنەکاندا زۆرتر بوون؟ یان ئەو جۆرە نموونانە لە سەردەمی ئێستاش لە کۆمەڵدا بەرچاو دەکەون؟ ئایا ئاڵوگۆڕ بۆ پێشەوە ڕووی داوە؟ هۆیەکانی ئەو ئاڵوگۆڕانە بەرە پێشەوە لە چدا کورت دەبنەوە؟
* ئەو توخمو لایەنانەی کە لە دینو کولتوورو دابو نەریتەکاندا، ناتەبایی‌یان لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا هەبووە، چۆن خەباتیان بە دژ کراوە؟ دەکرێ لەو بارەوە نموونەیەک باس بکەن؟
* ئایا شتی وا هەیە کە لە بوارێکدا هەموو ئایینەکان لە سەر مەسەلەیەک بە هاوبەشی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ ناتەباو ناکۆک بێنەوە. (بۆ نموونە لە پەیوەندی لەگەڵ هۆمۆفیلیو جیاوازی دانان بە دژی ژنان دا).
* ئەگەر لە جێگایەک لە بوارێکدا لەسەر مەسەلەیەک ناتەبایی لە نێوان دابو نەریت، کولتورو فەرهەنگو بایەخە ئایینی‌یەکان لەلایەکو مافەکانی مرۆڤ لەلایەکی دیکەوە هاتە پێش، پێویستە کامیان وەپێش بخەین؟ بۆ؟

**فێر بووین کە:**

تێکستە ئایینی‌یەکان بەشێوەی جۆراوجۆر لێک دەدرێنەوە. زۆرن ئەوانەی پێیان وایە تێکستە ئایینیو کتێبە ئاسمانی‌یەکان پێویستە سەر لەنوێ بەگوێرەی پێداویستی‌یەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخو ئەو کۆنتێکستە نوێ‌یەی کە مرۆڤی تێدا دەژی، لێک بدرێنەوە. هی واش هەن کە دەڵێن ئایینەکان موحافزەکارو زۆر کۆنسێرڤاتیڤن، هەر بۆیە ناتوانن لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵدا بڕۆنە پێشو لە ئاکامدا وەدوا دەکەون. لە هەندێک وڵاتی وەک نۆروێژدا ئێستا لە زۆر شوێن ڕێبەرانی ئایینی ژنن. ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئایین لەو بارەوە ئاڵوگۆڕی بەسەر ڕوانگەکانی خۆیدا هێناوە. بەو حاڵەش لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا هێشتاش مەسەلەی ئازادیی ژنان، بەرانبەریی نێوان ژنو پیاو، بەشداریی ژنان لە کاروباری کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابووریو مەسەلەی هۆمۆفیلەکان لەو کێشانەن کە دین، مەزهەبو کولتوور، لە پەیوەندی لەگەڵ ئەواندا ناتەبایی‌یان لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا هەیە. بەدرێژایی هەزاران ساڵ دینو مەزهەبو کولتوورو دابو نەریتەکان تێکەڵاوی یەکتر بوون. ئەمە لەلایەکو لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی نەبوونی زانیاریی پێویست زۆر جار ڕوون نیە کە کام مەسەلە پەیوەندیی بە دینەوە هەیەو کام مەسەلەش تەنیا هەر دابو نەریتو فەرهەنگەو بەس.

لە سەردەمی ئێمەدا مافەکانی مرۆڤ بریتیین لەو بایەخە جیهانی‌یە بنەڕەتی‌یانەو لەو یاساو قانوونە حقووقیو قەزایی‌یانەی کە بوونو مەوجودیەتی مرۆڤەکانیان لەسەر ڕاوەستاوە.

ڕاستە خەڵک مەزهەبین، بەڵام تا دێ ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتەکان بۆ بەڕێوە بردنی کاروباری وڵاتەکانیان سیستەمی سیکۆلارو لائیک هەڵدەبژێرن. مەبەست لەو سیستەمە ئەوە نیە

دین لە کۆمەڵگادا وەدەرنێین. مەبەســت ئەوەیە دەوڵەتو پەیوەندی‌یە سیاســیو قانوونیو قەزاییو حقووقی‌یەکان کە کاروباری ڕۆژانەی خەڵکیان پێ بەڕێوە دەچێ، لە ڕاســتی‌یەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە ســەرچاوە بگرن. جەوهەری سیکۆلاریزم بریتی‌یە لە ئازادیی دینو مەزهەب، بەڵام دینو مەزهەب، شتێکی خسووسیو ئەخلاقیو ویژدانیەو نابێ بۆ بردنی پێشی مەبەستە سیاسی‌یەکان یان بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی بەکار بهێنرێن.

ئەوە بەو مانایەیە کە دەوڵەتەکان دەبێ لە دینو مەزهەب سەربەخۆ بن. ئەمە ڕێگا خۆش دەکات کــە مافەکانی مرۆڤ جێگەو پێگەیەکی قورســتر لە یاســاو قانوونو ئیــدارە کردنی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵدا لە چاو ئایینو مەزهەب پەیدا بکەن. بۆ ئیدارە کردنی کۆمەڵگای هاوچەرخ پێویســتیمان بە یاســاو ڕێســای هاوچەرخ هەیە کە لە پێداویستی‌یەکانی ژیانی ڕۆژانەی ئەو کۆمەڵگا مۆدێرنانەوە ســەرچاوە بگرن. بۆیە لە هەر کوێ ناتەبایی دەکەوێتە نێوان کولتوورو دابو نەریتو ڕێو شــوێنە ئایینی‌یەکانو مافەکانی مرۆڤ، پێویستە مافەکانی مرۆڤ وەپێش بخرێن.

## کەیسی ئامینە لاوال

ئامینە لاواڵ لە مانگی مارســی ٢٠٠١ لە دادگایەکی شــەرعی لە نێجیریادا بە سەنگســار تا مردن مەحکــووم کــرا. تاوانی ئامینە ئەوە بوو کە لە دەرەوەی ژیانی هاوبەشــی ژنو مێردایەتی‌دا منداڵی ببوو. هەواڵی ئەو مەسەلەیە بە خێرایی لە سەرتاسەری دنیادا بڵاو کرایەوە، ئامنێستی ئینتەرناشناڵ دەستپێشــخەری کــردو کامپانیەکی بەرینی بۆ بەرگــری کردن لە ئامینە لە سەرتاســەری دنیادا وەڕێخست. ئەوە بوو بە هۆی ڕاکێشانی سرنجی بیروڕای گشتیی دنیا بۆ لای مەسەلەکە. لە ئاکامدا لە ساڵی ٢٠٠٣ ئامینە لە دادگایەکی بەرزی شەرعی‌دا بەبێتاوان ناسرا.

Petter Eide سەرۆکی ئەودەمی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە نۆروێژ لەو بارەوە وتی: ئامینە هــەر نەدەبوایە دادگایی کرابایە. بەگوێرەی بەندەکانی مافە نێونەتەوەیی‌یەکانی مرۆڤ، هەرچەشــنە پەیوەندی‌یەکی جینســی لە نێــوان دوو مرۆڤی ئاقڵو باڵغو گەورەدا بــەو مەرجەی دڵخوازانە بێو بەزۆریو لەڕووی ناچاری‌یەوە نەبێ، دەچێتە چوارچێوەی ژیانی خسووسیو تایبەتی‌یەوە، بۆیە گرتنو دادگایی کردنی ژنێک بە تاوانی ئەوە کە پەیوەندیی جینســی لەگەڵ کەســێک‌دا هەبووە، بریتی‌یە لە جیاوازیدانانو پەلامار بۆ ســەر ئەو ژنەو لەژێر پێنانی مافی ئازادیی بەیانو پەیوەندی‌یە تایبەتیو خسووسی‌یەکانی ئەو کەسە.

## دەربارەی بەجیهانی بوون (Globalization)

**بابەت:** بەجیهانی بوون.

**ئامانج:** دانی زانیاری لەســەر بەجیهانیبوون، ســەرچاوەکانی، هۆکارەکان، فۆڕمو شکڵو شێوەکانی،

خۆنیشان دانی.
ئەمڕۆ پتر لە هەر کاتێکی دیکە مرۆڤەکان سەفەر دەکەن. لەوەش زیاتر زۆر پتر لە ڕابردوو کۆچ دەکەن‌و لە جێگایەکی جیا لەو جێگایەی کە لێی لەدایک بوون، ژیان دەبەنە سەر. سنووری نێوان وڵاتانی یەکیەتیی ئۆرووپا لە کردەوەدا هەڵگیراوە. لەنێوان ئەو وڵاتانەدا پاسپۆرت‌و گومرکێک لە گۆڕێدا نیە. خەڵک لە سەرتاسەری دنیادا کەڵک لە کاڵا مەسرەفی‌یە جۆراوجۆرەکان وەردەگرن‌و تەماشای پرۆگرامە جۆراوجۆرە تەلەفزیۆنی‌یەکان دەکەن. شارو گوندەکان، وڵاتەکان، مرۆڤەکان، دین‌و کولتوورو دابونەریتەکان، بە هەزارویەک داوی دیارو نادیارەوە لێک گرێ دراون‌و پێکەوە لە حاڵی کار لێک کردن دان. بەمە دەڵێن بەجیهانی بوون. بەجیهانی بوون بۆتە هۆی ئەوەی کە خەڵک بە پێشینەی جۆراوجۆری کولتووری‌یەوە زۆر نزیکتر لە ڕابردوو پێکەوە بژین. پووڵ، پارە، سەرمایەو کاڵاکان خێراتر لە ڕابردوو دەگوێزرێنەوە. خێراتر دەستاودەست دەکەن‌و لە نێوان بازاڕو ناوچە جۆراوجۆرەکانی دنیادا دێن‌و دەڕۆن. ئەکتەرە دەوڵەتی‌و کۆمپانیا فرەنەتەوەیی‌یە گەورەکان لە زۆربەی وڵاتان‌دا کارو چالاکی‌یان هەیە. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە زۆر وڵات لە باری ئابووری‌یەوە بەوانەوە ببەسترێنەوە. بەم جۆرە بەجیهانی بوون بۆتە هۆی پێک هاتنی هەندێک هەلومەرجی سەخت‌و دژوار. هەر چەشنە ڕووداوێک، ئاڵوگۆڕێک، پەرەسەندنێک لە جێ‌یەک، دەست بەجێ شوێنەواری خۆی لەسەر ناوچەو شوێنەکانی دیکەش دادەنێ. ئەو کراسەی کە تۆ لێرە لەبەرت کردوە، ڕەنگە کچێکی چینی دروستی کردبێ. کچێک کە بەهۆی هەژاری‌یەوە ناچارە کار بکات‌و نەچێتە مەکتەب. هەر بۆیە بەجیهانی بوون وەزعێکی پێک هێناوە کە دەوڵەتەکان ڕێکخراوەکان‌و تەنانەت تاکەکەسەکانیش بەرپرسایەتی‌یەکی گەورەیان کەوتۆتە سەر شان.

"دۆستانی خۆشەویست: مەسەلەکە زۆر سادەیە. ئەگەر بەجیهانی بوون بە قازانجی هەمووان نەڕواتە پێش حەتمەن تاقمێکی کەمیش قازانجی لێ ناکەن". کوفی ئەننان سکرتێری گشتیی پێشووی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە کاتی قسە کردنی بۆ World Economic Forum. 28. Januer 2001.

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

چالاکی‌یەکە بەوە دەست پێ دەکا کە بەشداربووەکان لەپێش‌دا لەسەر بابەتەکە دەست دەکەن بە بیرکردنەوە. دواتر گروپەکان ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانیان لە پلینۆم‌دا پێشکەش دەکەن‌و سەرەنجام لەگەڵ یەکتر دەکەونە باس‌و گفتوگۆ بۆ دەوڵەمەندتر کردنی هەرچی باشتری باسەکە. لێرەدا ئەوەی گرنگە بریتی‌یە لەوە کە بەشداربووەکان چۆن پێکەوە کار دەکەن؟ چۆن زانیاری پەیدا دەکەن؟ چۆن پێکەوە دەدوێن؟ چۆن هاوکاری لەگەڵ یەکتر دەکەن؟ چۆن موناقەشە دەکەن؟ واتە گرنگ پرۆسەی چوونە پێشی ڕاهێنانەکەیە نەک ئاکامی ڕاهێنانەکە. بەشداربووەکان دەبێ فێر بن کە چۆن بەدوای

زانیاری‌دا بگەڕێن، چۆن زانیاری بدۆزنەوە، چۆن ئەو زانیاری‌یە شـــی کەنەوەو چۆن بۆ مەبەستەکانی خۆیان بەکاری بێنن؟

**کات:** یەک کاتژمێرو نیو.

**پێداویســـتی:** ژوورێکی گەورە، قەڵەمو کاغەز، کاغەزی گەورەو تووش، مقەســـت، چەســـپی ئاوی، ڕۆژنامە، گۆڤار وێنە نامیلکە، کتێب، ئینتەرنێتو کتێبخانە.

**ئامادەکاریی پێشـــوەخت:** پێوستە ماتریالێکی زۆرمان ســـەبارەت بە بەجیهانی بوونو گلۆبالیزاسیۆن لەبەردەست دابێ.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ مامۆســـتا ئـــەوە ڕوون دەکاتـــەوە کە مەبەســـت لـــەم ڕاهێنانـــە ئەوەیە کـــە نامیلکەیەک یان فەرهەنگۆکەیەک ســـەبارەت بە بەجیهانی بوون ئامادە بکەین. لەو فەرهەنگۆکەدا ئەو دەســـتەواژانە، باسو بابەت و ئامرازو تیکنۆلۆژی‌یانە، سەرمایەو سەرچاوانە، پێناسەو وشەو تێرامانانە کۆ دەکەینەوە کـــە بەجۆرێک پەیوەندی‌یان بە گلۆبالیزاســـیۆن یانـــی بەجیهانی بوونەوە هەیە. بۆ داگیرســـاندنی باســـەکە مامۆستا داوا لە یەک یەکی بەشداربووەکان دەکات کە بە بیستنی وشەی بەجیهانی بوون دەســـتبەجێ چیان بەبیردا دێ؟ وەڵامی هەموو قوتابیەکان دەنووســـێ. داوایان لێ دەکا بەجیهانی بوونو ئەو وشانەی کە بەجۆرێک پەیوەندی‌یان بەوەوە هەیە پێناسە بکەنو شی‌یان کەنەوە. مامۆستا پێناســـەکان یان وشەکان لەســـەر تەختەڕەشە یان لەســـەر کاغەزێکی گەورە دەنووسێتەوەو دوایە بەدیواری پۆلەکەدا،هەڵیانداوەسێ.

٢ـ مامۆســـتا دیسان داوا لە بەشـــداربووەکان دەکا کە بیر کەنەوە ئەو وشەو دەستەواژەو تێرمو تیئۆری‌و باســـانە کـــە بەجۆرێک پەیوەندی‌یان بـــە بەجیهانی بوونەوە هەیە، بدۆزنـــەوە. بۆ نموونە: دۆزینەوەی پێناســـەی هەندێک وشەو دەستەواژە وەک: ATTAc, WTO, IMF, Cocacola company, CCC, Nike و هتد.

- ❋ گرنگترینی ئەو پرسیارو بابەتانەی کە لە پەیوەندی لەگەڵ بەجیهانی بوون‌دا لە گۆڕێ دان.
- ❋ ئەو کەسانەی بەجۆرێک پەیوەندی‌یان بە بەجیهانی بوونەوە هەیە.
- ❋ ئەو کەسانەی بەجۆرێک بە دژی گلۆبالیزاسیۆن ڕاوەستاون.
- ❋ کۆمپانیا فرەنەتەوەیی.
- ❋ ڕێکخراوە سیاسی‌و ئابووری‌یە جیهانییەکان.
- ❋ ئەو وێنەو سەمبولانەی بە جۆرێک پەیوەندی‌یان بە بەجیهانی بوونەوە هەیە.
- ❋ ئەو قسانەی لە پەیوەندی لەگەڵ بەجیهانی بوون‌دا وتراون.

٣ـ بەشـــداربووەکانی کۆڕسەکە بەسەر چەند گروپدا دابەش دەکرێن. هەر گروپە لەو ماتریالەی

کە پێشـــتر ئامادە کراوە بەشـــی خـــۆی هەڵدەگرێ. هەر گروپە بەگوێرەی ئـــەوە کە بەدوای چی‌دا دەگەڕێ‌و چی بۆ گرنگە لە ماتریالەکە کەڵک وەردەگرێ. بەو حاڵەش هەم بەشدارەکان وەک تاک‌و هەم وەک گروپ مافی ئەوەیان هەیە بە بیرو بۆچوونی خۆشیان کار بکەن‌و ئیدەو ڕوانگەکانی خۆیان بەکار بەرن. وا باشە مامۆستا تەشویقیان کات کە بچنە کتێبخانە یان کەڵک لە ئینتەرنێت وەرگرن.

پێویســـتە گروپەکان‌و بەشداربووەکان ڕێگایان بدرێتێ خەللاقییەتی خۆیان بۆ دۆزینەوەو پوختە کردن‌و ڕێکوپێک کردنی زانیاری‌یەکان نیشان بدەن. ئەگەر کرا وا باشە وەختی پێویستیان بدرێتێ. ئـــەوان دەتوانن لەو ماوەدا زانیاری‌یەکانیان وەک نامیلکە یان وەک پلاکات ئامادە کەن. (٣٠ تا ٦٠ خولەک)

هـــەر کات گروپەکان کارەکەی خۆیان تەواو کرد، کۆدەبنەوەو بەشـــێوەی پلێنۆم پێشکەشـــی دەکەن.

## بۆ باس‌و لێدوان:

* ئایا ڕاهێنانەکە خۆش بوو؟ چی فێر بووی؟
* چ زانیاری‌یەکی سەرنجڕاکێشتان دۆزیەوە؟ بۆ سرنجڕاکیش بوو؟
* ئایا هەموو ئەو زانیاری‌یانەی دەتاندۆزینەوە بەکەڵک دەهاتن؟ ئایا زانیاری وا هەبوو هەڵە بێ؟
* لایەنە باش‌و خراپەکانی بەجیهانی بوون چین؟
* ئاکامەکانی ڕەوتی گلۆبالیزاسیۆن چن؟
* ئایا باشە یان دەکرێ پێش بە بەجیهانی بوون بگیردرێ؟
* ئایا ئاکامەکانی بەجیهانی بوون لەســـەر ژیانی ڕۆژانەی خۆتان هەست پێ دەکەی ؟ ئاکامەکانی ئەو دیاردەیە لەسەر ژیانی ئێوە ئەرێنی یان نیگەتیڤە؟
* چۆن بەجیهانی بوون دەبێتە هۆی بەرەوپێش بردنی مافەکانی مرۆڤ؟
* لاوان‌و ڕێکخراوەکانی لاوان دەتوانن لەسەردەمی بەجیهانی بوون‌دا چ نەخشێکیان هەبێ؟

٤ـ لە کۆتایی‌دا داوا لە قوتابی‌یەکان دەکەین کە ســـەر لەنوێ بیر بکەنەوە. ئایا گلۆبالیزاسیۆن چیە؟ لایەنە چاک‌و خراپەکانی چین؟ ئەو وشـــەو دەستەواژانەی پەیوەندی‌یان بەو باسەوە هەیە کامانەن؟ ئێمە لەو ڕاهێنانەدا چ فێر بووین؟ دواتر مامۆســـتا بۆخۆشـــی باســـێکی کورت‌و پوخت سەبارەت بە گلۆبالیزاسیۆن پێشکەش دەکات. لەو باسەدا وا باشە مامۆستا لایەنە گرنگەکانی ئەو دیاردە جیهانی‌یە ڕوون کاتەوە.

## فێر بووین کە:

ئێمە لە دنیایەک‌دا دەژین کە تا دێ پتر لێک گرێ دەدرێ. ئەمەش هەندێک ئاڵوگۆڕی تازەو دژواری

لەگەڵ دایە. ئەمڕۆ ئێمە مرۆڤەکان لە هەر کاتێکی تر پتر شـــوێن لەســـەر یەک دادەنێین‌و پێکەوە بەستراوینەوە. ئەو شتەی کە لێرە، لە جێگایەک ڕوو دەدا، ئاکامەکانی لە شوێنی دیکەوە دەردەکەون. ئەمەش هەلومەرجێکی پێک هێناوە کە بەرپرســـایەتیی زۆری خســـتۆتە ســـەر شـــانی دەوڵەتەکان، ڕێکخراوەکان‌و تەنانەت مرۆڤەکانیش وەک تاک. نابێ هەر بیر لەوە بکەینەوە کە لە دەوروبەری نزیکی خۆماندا ڕوو دەدات. پێویســـتە بزانین کە ئاکارو کارو کردەوەو ڕەفتارەکانمان ڕەنگە شوێنەوار لەسەر ناوچە دووردەســـتەکانیش دانێن. قســـەیەکی جوان هەیە دەڵێ: "جیهانی بیر بکەوە، بەڵام ناوچەیی عەمـــەل بکە!" ئەگەر ئـــەو جار چویتە بازاڕ بۆ جل کڕین لەبیرت بێ ئـــەو جلانە مەکڕە کە بەکاری منداڵان ســـاز کراون، بزانە لە کوێ‌و لە لایەن کام کۆمپانیاوە دوروان. ڕاســـتە گلوبالیزاســـیۆن ڕەنگە هەندێـــک ئاکامی نەخوازراوی بەدواوە بێ، بەڵام نابێ لەبیرمان بچێ کە گلوبالیزاســـیۆن زۆر لایەنی باش‌و ئەرێنیی هەن. یەکێ لەو لایەنە باشانەی گلۆبالیزاسیۆن بریتی‌یە لەوە کە دەبێتە مایەی گەشە ســـەندن‌و بەرەوپێش چوونی مافەکانی مرۆڤ. هەر ئێستا لە سەرتاسەری دنیادا ڕایەڵکەیەکی بەرین‌و گەورە بۆ بەرگری کردن لە ماف‌و ئازادی‌یەکانی مرۆڤ دروســـت بووە کە سەرتاسەری دنیای کردۆتە مەیدانـــی کارو خەبات. ئەوە پێی دەگوتـــرێ بزووتنەوەی جیهانیی خەبات بۆ دابین کردنی مافەکانی مرۆڤ. بێگومان بەجیهانی بوون لەگەڵ چوونە پێشی خۆی‌دا ئەم بزووتنەوەیەش دەباتە پێش.

## دنیا لە گوندێکی بچکۆڵەدا

## ٥١ـ٥٠

**بابەت:** مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌یەکان.

**ئامانج:** دەرخستنی جیاوازی‌یەکان لە پەیوەندی لەگەڵ چۆنیەتیی دابەش کردنی سەرەوت‌و سامان‌و سەرچاوە ئابووری‌یەکان لە سەردەمی بەجیهانی بوون‌دا.

یەکێک لە گەورەترین پارادۆکســـەکانی دنیای مۆدێرنی سەردەم ئەوەیە کە هێشتاش لە زۆر شوێن خەڵک برســـین. هەرچەند مرۆڤایەتی لە سەرتاسەری مێژووی خۆی‌دا بە ئەندازەی ئێستا سەروەت‌و سامانی لەبەر دەست دانەبووە، کەچی ئێستاش پتر لە ٨٠٠ ملیۆن کەس لەسەر ڕووی ئەم زەوی‌یە لـــە بێ خۆراکی‌و بەدخۆراکی‌دا ژیان بەســـەر دەبەن. پتر لـــە ١،١ ملیارد کەس لە خەڵک ڕۆژانە بە کەمتر لە یەک دۆلار دەژین.

Mathama Gandhi: "سەروەت‌و سامانی دنیا بەشی پێداویستی‌یەکانی هەموان دەکا، بەڵام بەشی چاچنۆکیی هەموان ناکات".

### چونیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

ڕاهێنانەکـــە لە ڕوانگەی مافەکانی مـــرۆڤ‌و بەجیهانی بوونەوە باس لە وەزعـــی هەژارانی دنیاو ئەو

بێعەداڵەتی‌یانە دەکا کە ئەمڕۆ لە دنیادا هەن.

کات: ١.٥ کاتژمێر.

پێداویستی: قەڵەمو کاغەز، قەڵەمی ڕەنگی‌و تووش. کۆپیی وێنە پێویستەکان بۆ ڕاهێنانەکە بە ئەندازەی هەموو بەشداران.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ مامۆستا بەسەر هەرکام لە بەشداربووەکان‌دا کۆپیەک لەو وەرەقەیە دابەش دەکات کە پێشتر بۆ ئەو مەبەستە ئامادە کراوە. دواتر داوا لە بەشداربووەکان دەکا کە هەرچی ئەو پێیان دەڵێ جێبەجێی بکەن.

* داوا لە قوتابیەکان دەکا وایدانێن کە هەموو دنیا بەو حەشیمەتە زۆرەوە کە هەیەتی بۆتە گوندێکی بچکۆڵەو تەنیا ١٠ کەسی تێدان. لە ستوونی یەکەمی وێنەکەدا دە مرۆڤ دەبینرێن. دەوڵەمەندترین کەس لە سەری سەرەوەیەو هەژارترینیش لە خواری خوارەوەیە. مامۆستا داوا لە قوتابیەکان دەکات هەر کەس یەکێک لەو وێنانە هەڵبژێرێ کە لەگەڵ وەزعی خۆی دێتەوە. واتە بازنەیەک بەدەوری ئەو وێنەیەدا بکێشێ کە پێی وایە وەزعی خۆی نیشان دەدا.

* پێنج کەس لە دانیشتوانی گوندەکەیان دەستیان وەخواردن ڕاناگا یان لە کەم خۆراکی‌و بەدخۆراکی‌دا دەژین. (٥٠٪ی خەڵکی دنیا) پێنج لەو قاپانەی کە لە ستوونی دووهەم دان لە لای خوارەوە ڕا بۆ سەرەوە دەیخەینە نێو بازنەوە.

* هەشت کەس لەوان لە خانوویەکی زۆر خراپدا دەژین. یانی ٨٠٪ی خەڵکی دنیا. ئەوە خەڵکی ئاوارە، پەنابەر، بێماڵو حاڵو زاخەنیشین دەگرێتەوە. لە خوارەوەڕا بۆ سەرەوە بازنە بەسەر هەشت خانوودا بکێشە لە وێنەکەدا.

* حەوت کەس لەوان ناتوانن بخوێننەوە. یانی ٧٠٪ی خەڵکی دنیا. لە خوارەوەڕا بۆ سەرێ بازنە بە دەوری حەوت کتێب‌دا بکێشە.

* یەک کەس ٦٠٪ی هەموو سەروەت‌و ئاسوودەیی دنیای هەیە. واتە خەتێک لە یەکەم نەفەری ستوونی یەکەم ڕابکێشە بۆ شەش بەستە پووڵی ستوونی پێنجەم. واتە یەک کەس لە خەڵکی ئەو دێیە شەش دانە لەو بەستە پووڵانەی لەلایە. باقی‌یەکەی بۆ خەڵکەکەی تر دەمێنێتەوە.

* ١٠٪ی خەڵکی دنیا خاوەنی کامپیۆتێرن. خەت بەسەر ٩ کامپیۆتێردا بکێشەو لەو کامپیۆتێرەش کە ماوە ١ لە ١٥ی دەست نیشان بکە.

* ١٠٪ی خەڵکی دنیا دەستیان وەخوێندنی بەرز ڕادەگا. خەت بەسەر نۆ دانە لە سیمبولەکانی خوێندکاری‌دا بکێشەو لەوەش کە ماوەتەوە ١ لە ١٥ی دەست نیشان بکە.

* جارێکی دیکە تەماشای کاغەزەکە بکەوەو شوێنی خۆت دەست نیشان کەوە. دوو بازنە بە

دەوری ئەو مەوقعیەتەدا بکێشە کە بۆخۆت دەست نیشانت کردوە لە جاری دووهەمدا.

۲ـ داوا لە قوتابیەکان دەکرێ کە گوێ لەم قسانە بگرن.

* ئەگەر ئەتۆ بۆ ژەمی داهاتوو خواردنت هەبێ، جلوبەرگ‌و کەوش‌و پێڵاوت هەبێ‌و شوێنێکیشت هەبێ لێی بخەوی، دەچیە ڕیزی ئەو سێ کەسەی کە لە گوندەکەدا لە هەموو کەس دەوڵەمەندترن.

* ئەگەر تۆ یان دایک‌و باوکت، پوڵتان لە بانک‌دا هەبێ‌و هەندێکیش پووڵتان لە گیرفان‌دا هەبێ ئەوە دێنە ڕێزی یەکەمین دەوڵەمەندی گوندەکە.

۳ـ بۆ وەدەست هێنانی زانیاریی زۆرتر لەسەر بارودۆخی ژیانی خەڵکی دنیا قوتابی‌یەکان دەتوانن سەردانی ماڵپەڕەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بکەن.

لەو بارەوە تازەترین ڕاپۆرتەکانی UNDP, Hyman Development Report و ڕاپۆرتەکانی بانکی جیهانی (World Development Report) دەتوانن یارمەتیی زۆر بکەن. لەو ڕاپۆرتانەدا بە شێوەی ئامار وەزعی هەموو وڵاتەکان لە باری چۆنیەتیی دەستڕاگەیشتنی خەڵک بە ئاو، خواردن، دەواو دەرمان، ژینگە، پەروەردەو فێرکردن، کولتوورو فەرهەنگ‌و هتد دەست نیشان کراوە. ئەگەر بە ئەندازەی پێویست کامپیوتێر لە بەردەستی بەشدار بووەکان‌دا بێ بۆ دۆزینەوەی ئەو زانیاری‌یانە ۴۰ خولەک بەسە. دوایە هەرکام لە گروپەکان دەتوانن ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانیان پێشکەش بە یەکتری بکەن.

۴ـ ئێستا قوتابی‌یەکان دەست دەکەن بە گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو زانیاری‌یانەی لەو ئامارانەدا وەدەستیان هێناون. باس لەو جیاوازی‌و بێعەداڵەتی‌یانە دەکەن کە لە ئامارەکان‌دا دەردەکەوێ. سەیری ئەو جیاوازی‌یە دەکەن کە لە باری ئاستی ژیانەوە لە نێوان خەڵکی وڵاتە جۆراوجۆرەکان‌دا هەیە. تێدەکۆشن لەو بارەوە پێکەوە قسە بکەن.

* دۆزینەوەی ئەو ناتەبایی‌یانەی ئامارەکان نیشانی دەدەن.

* وەزعی ژیانی بەشداربووەکان تا چەندە لەگەڵ ڕاستی‌یەکانی نێو ئامارەکان دێتەوە؟

* پەیوەندیی نێوان هەژاری‌و مافەکانی مرۆڤ لە کوێ دایە؟ هەژاری تا چەند کۆسپی سەر ڕێگای دابین بوونی مافەکانی مرۆڤە؟

* بەشداربووەکان چ ئاکامێک بۆ ڕزگاربوون‌و هاتنە دەری وڵاتە هەژارەکان لەو وەزعە دیاری دەکەن؟ واتە کام ڕێگاچارەو پێشنیاریان پێ شک دێ بۆ هاتنە دەری ئەو وڵاتانە لەو بارودۆخە نالەبارە.؟

مامۆستا پێویستە ڕێگا بدات کە قوتابی‌یەکان لەو بارەوە بیر بکەنەوە و پێکەوە گفتوگۆ بکەن. پاشان دەکرێ داوایان لێ بکرێ بێن نەزەرو بۆچوونەکانی خۆیان پێشکەش بکەن.

واتە پاش ئەوەی کە هەر کام لە گروپەکان کارو لێکۆڵینەوەی خۆیان لەسەر مەسەلەکان ئەنجام دا، هەموو بەشدارانی کۆرسەکە کۆ دەبنەوەو بەشێوەی پلێنۆم ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانیان

پێشکەش دەکەن. دەکرێ بەشداربووەکان بە سەر هەمان گروپەکانی جاری یەکەمدا دابەش بنەوە.

## فێر بووین کە:

سەروەتو سامانو سەرچاوە ماددی‌یەکان وەک یەک لە دنیادا دابەش نەکراون. لەوەش زیاتر تا دێ ئەو جیاوازی‌یانە زۆرو زۆرتر دەبن، تا دێ دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر دەبن. سەروەتی دەوڵەمەندەکان زۆرتر دەبێ. سەروەتی دەوڵەمەندە هەرە گەورەکانی دنیا پتر لە ١٨٤٠ ملیارد کرۆنە. ئەوە بە ئەندازەی داهاتی ساڵانەی یەک ملیارد کەسی فەقیرە. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەو سەروەتە بە تەنیا بەسە بۆ هێنانە دەری هەموو خەڵکی هەژاری دنیا لەو هەژاری‌یە کە بەدەستیەوە گیرۆدەن. ئەوە بەو مەرجەیە کە ئەو پارەو پووڵانە لە پرۆژەکانی پەرەسەندنو پەرەپێدان‌دا سەرمایەگوزاری بکرێن.

١،١ ملیارد کەس لە خەڵکی دنیا داهاتی ساڵانەیان لە ١٩٠٠ کرۆن تێناپەڕێ. واتە ٥ کرۆن لە ڕۆژێک دا. ئەوە شتێکە کە ئاماری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان باسی دەکا. ئەو بێعەداڵەتی‌یە گەورەیە لە بواری چۆنیەتیی دابەش بوونی سەروەتو سامان‌دا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی شەڕو کێشەو نائەمنی.

## بۆ فێر بوونی زیاتر:

## ئامانجەکانی هەزارەی تازە:

لە ساڵی ٢٠٠٠دا ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان هەندێک ئامانجو مێتۆدی بۆ خەباتو بەربەرەکانی لەگەڵ هەژاری دیاری کردن کە پێیان دەگوترێ ئامانجەکانی هەزارەی تازە. هەشت ئامانجی هاوبەش لەبەرچاو گیراون کە پێویستە تا ساڵی ٢٠١٥ وەدی‌بێنن. ئێستا ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، هەموو ڕێکخراوەکانی دنیاو دەوڵەتەکان بۆ جێبەجێ کردنی ئەو نەخشەیە کار دەکەن.

گرینگترینی ئەو ئامانجانە ئەمانەن. ئایا دەتوانین پێیان بگەین؟

١ـ کەم کردنەوەی ڕادەی هەژاری تا نیوەی ئەوەی کە ئێستا لەگۆڕێ دایە؟

٢ـ خوێندن بۆ هەمووان.

٣ـ دابین کردنی بەرانبەری‌و یەکسانیی نێوان ژنو پیاو.

٤ـ کەم کردنەوەی ڕادەی مەرگو مردنی منداڵان.

٥ـ کەم کردنەوەی ژمارەی ئەو منداڵانەی لە کاتی لەدایک بوون‌دا دەمرن.

٦ـ ڕیشەکێش کردنی مەلاریاو ئەیدز.

٧ـ پەرەسەندنێکی هاوسەنگ.

٨ـ هاوپەیوەندیی جیهانی لە نێوان وڵاتەکانو دەوڵەتەکان‌دا.



## دەستوێڕاگەیشتن بە دەواو دەرمان

**بابەت:** تەندروستی، بەجیهانی بوونو جیاوازیدانانو هەڵاواردن، قەزاوەتی بێجیو پێشوەخت.

**ئامانج:** دانی زانیاری لەسەر نەخۆشی HIV/AIDSو چۆنیەتیی دەستڕاگەیشتن بە دەواودەرمانو ناتەبایی نێوان مافەکان.

ئەگەر نەخۆشی‌یەکی کوشندەو پڕمەترسیت هەبێو توانای چارەسەریو کڕینی دەرمانیشت نەبێ چ دەکەی؟ ئەوە نێوەرۆکی کەیسێکە کە ساڵی ٢٠٠١ لە یەکێک لە دادگاکانی ئەفریقای باشووردا هاتە بەر باس. بڕیاری دادگا ئاکامی ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانو تەندروستیو داهاتووی بە سەدان هەزار مرۆڤی نەخۆشەوە هەبوو.

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

ئەو چالاکی‌یە لە دوو بەش پێک دێ. بەشی یەکەم پوختەو کورتکراوەی مەحکەمەیەکە کە لە ساڵی ٢٠٠١دا لە یەکێک لە دادگاکانی ئەفریقای باشووردا هاتۆتە بەر باس. بەشی دووهەم لەسەر بناخەی بەشی یەکەم بۆ فێربوونو دەرس وتنەوە دانراوە.

**کات:** سێ کاتژمێر.

**پێداویستی:** کاغەزی گەورە، تووش، کورتە نمایشنامەکانی دادگا، ڕێنوێنی بۆ کاری گروپە بچکۆڵەکانو وەڵامی ئامادەکراو بۆ هەرکام لە بەشداربووەکان. ژوورێکی گەورە کە هەم بتوانن کاری گروپیو هەم پلێنۆمی گشتیی تێدا بەڕێوە بەرین.

**ئامادەکاریی پێشوەخت:** بەشی یەکەم: ئامادە کردنی کۆپی واتە نوسخە لە کورتە نمایشنامەکانی نێو دادگا. هەر بەشدارێکو نمایشێک بەگوێرەی ئەو ڕۆڵەی کە هەیەتی.

بەشی دووهەم: ئامادە کردنی نوسخەی پێویست لەو ڕێنوێنی‌یانەی کە بۆ گروپە بچکۆڵەکان ئامادە کراون. هەر بەشدارێکو یەک ڕێنوێنی. بۆ هەر بەشدارێک کارتێکی ڕەش، کارتێکی پرتەقاڵی ئامادە کە.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە: (١ کاتژمێر)

### ١ـ ئامادە کردنی زەمینەی شانۆکە:

"ئەیدز نەخۆشی‌یەکی مەترسیدارە. ئەو ئیپێدیمیە زۆرتر بەرۆکی ئەفریقای گرتووە. لەو قارەیەدا بەمیلۆن کەسی هەژار بەدەست ئەم نەخۆشی‌یەوە گیرۆدەن. ئەمەش بۆتە جێگای قسەو باسێکی زۆر. ئەو خەڵکە لەلایەک هەژارنو لە لایەکی دیکەش دەرمانی پێویست بۆ ئەو نەخۆشی‌یە زۆر گرانە. ئەو خەڵکە نەخۆشە بەبێ ئەو دەرمانانە ناتوانن ژیانێکی کەمێک باش بەرنە سەرو لەگەڵ نەخۆشی‌یەکە بژین. تەنیا ئەڵتڕناتیڤێک کە لە بەرامبەریان دایە بریتی‌یە لەوە کە ئەو دەرمانانە بکڕن کە هەرزانترن.

لەبەر ئەوەی کۆپی دەرمانە ئەسڵییەکانن. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە کۆمپانیا دەرمانسازەکان، بە دژی ئەوە ڕاوەستن. ئەوان دەڵێن ئێمە مافی خاوەندارییەتیمان بەسەر ئەو دەرمانانەوە هەیە. ئێمە کارو زەحمەتمان کێشاوە. سەرمایەگوزاریمان کردوە تا ئەو دەرمانانەمان دۆزیونەتەوەو پەرەمان پێداون. بەو جۆرە ئەو کۆمپانیا دەرمانسازانە هێزو تواناکانی خۆیانیان کۆ کردۆتەوەو تێدەکۆشن پێش بەوە بگرن کە دەوڵەت کۆپیی ئەو دەرمانانەی ئەوان دروست کاتو بە قیمەتێکی هەرزانتر بیانفرۆشێ. هەر بۆیە شکایەتیان لە دەوڵەتی ئەفریقای باشوور کردو لەسەر ئەوە کە ئەو دەرمانانەی ئەوان کۆپی دەکاو بە قیمەتێکی هەرزان بەسەر نەخۆشەکانیاندا دابەش دەکا. مەسەلەکە گەیشتە دادگاو توانیان حکوومەت ڕاکێشنە مەحکەمە".

مامۆستا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بەشداربووەکانی کۆرسەکە کورتە شانۆیەک لەسەر ئەم مەسەلەیەو ڕووداوەکانی نێو دادگا، نمایش کەن. پرسیار ئەوەیە کە: ئایا پێویستە مافی خاوەندارییەتی وەپێش مافی ژیانو ژیانێکی پڕبایەخ بۆ مرۆڤەکان بکەوێ؟ کام لەو مافانە لەپێشدا دێ؟ کامیان گرنگترن؟ ئایا دەکرێ مافی خاوەندارییەتی ببێتە هۆی دروست بوونی کۆسپو تەگەرە لەسەر ڕێگای ژیان یان لەسەر ڕێگای ژیانێکی بێ دەردو ئازار بۆ کەسانی دیکە؟

۲ـ مامۆستا بەشداربووەکانی کۆرسەکە بەسەر چوار گرووپی وەک یەکدا دابەش دەکا. هەر گرووپەی نوێنەرایەتیی لایەنێک دەکا. حکوومەت، کۆمپانیاکان، دەواو دەرمان بۆ ئەندامانی ڕێکخراوێک کە پڕۆژەیەکیان بۆ خەبات لە پێناو وەدەست هێنانی دەواو دەرمان بۆ نەخۆشە هەژارەکان وەدەست خستوە. (Treatment Action Campain, TAC)و سەرەنجام قازییەکانی دادگا.

۳ـ پاشان مامۆستا ئەو کارتانە دابەش دەکا کە کورتە شانۆکانیان لەسەر نووسراون.

۴ـ ۴۵ خولەک وەخت بە هەرکام لە گرپەوکان دەدەین تا شانۆنامەکان بخوێننەوەو خۆیان بۆ نمایش کردنیان ئامادە بکەن. هەر گرووپە پێویستە وتەبێژێک بۆخۆی هەڵبژێرێ. جگە لەوە هەر گرووپە دوو کەسیش وەک هاوکارو یارمەتیدەری وتەبێژەکەیان دیاری دەکەن تا لە کارەکانیدا هاوکاریو پشتیوانی لێ بکەن. ئەو دوو کەسە یارمەتیی وتەبێژەکە دەدەن تا لە دادگادا بەباشی وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە.

۵ـ کاتێک هەموو گرووپەکان خۆیان ئامادە کرد، دێن لە دەوری یەکتر کۆ دەبنەوەو بەشێوی پلێنۆم دادەنیشن. پێویستە ئەندامانی هەرکام لە گرووپەکان بەدەوری یەکەوە دانیشن. واتە هەر گرووپەی پێکەوە لە نزیک یەکتری بن.

۶ـ ئێستا هەر کام لەوانە پێنج خولەکیان وەخت دەدرێتێ تا ڕوانگەو بۆچوونەکانی خۆیان لەسەر مەسەلەکە باس کەن. قازییەکانی دادگا جڵەوی کاروباریان بەدەستەوەیەو بە نۆرە هەموو لایەنەکان دەناسێنن. وەک باسمان کرد، گرووپەکان نوێنەریان هەیەو ئەو نوێنەرە قسەو باسەکان دێننە بەرباس.

۷ـ پاش ئەوەی کە گرووپەکان، ڕوانگەو بۆچوونەکانی خۆیانیان باس کردن، قازییەکان ۱۵

خولەکیان وەخت دەدرێتێ تا وەڵامی پرســـیارەکان بدەنەوە، قسەو بۆچوونی هەر کام لە گروپەکان پوختەو هەڵوێستو ئەرگیومێنتەکانیان شی کەنەوە.

## بەشی دووهەم: (١ کاتژمێرو ٤٥ خولەک)

مامۆســـتا داوا لە بەشداربووەکان دەکا کە ببنە چوار گروپو هەر گروپەی لە چوار کەس پێک دێ. هەر گروپەی یەکێک لە نوێنەرانی ئەو گروپانەی تێدا دەبێ کە لە بەشی یەکەمدا شانۆکەیان بەڕێوە برد. واتە دەوڵەت، گروپی کۆمپانیەکان، ڕێکخراوی پشتیوانی لە نەخۆشەکانو قازیەکان.

١ـ ڕێنوێنیە ئامادەکراوەکان بەسەر گروپەکاندا دابەش دەکرێن. پێویستە هەموو بەشداربووەکانو هەرکام لە گروپەکان بزانن کە دەبێ چ بکەنو چۆن لە کارتە سەوزو سوورەکان کەڵک وەرگرن. ٣٠ خولەک وەخت دەدرێتە گروپەکان تا لەسەر ئەو شتە بە تەوافوق بگەن کە داوایان لێکراوە.

٢ـ مامۆســـتا داوا لـــە گروپـــەکان دەکات بێن بەشـــێوەی پلێنۆم لە دەوری یـــەک کۆ بنەوەو مەسەلەکانیان بێننە بەرباس. هەرگروپە ٥ خولەک وەختی هەیە قسەو ڕاپۆرتەکانی خۆی پێشکەش بکات. مامۆســـتا پێشنیارو ڕێگاچارەکانی هەموو گروپەکان بە خەتێکی جوان دەنووسێتەوەو نیشانی دەدا یان هەڵیداوەسێ بە جۆرێک کە لە هەمووانەوە دیار بێ.

٣ـ هەر کات هەموو گروپەکان ڕێگا چارەکانی خۆیانیان باس کرد، بەرەبەرە بەرەو دیالۆگو قسە کردن لەســـەر بابەتەکان دەڕۆن. وا باشە مامۆستا باســـەکان هیدایەت بکا. بەجۆرێک کە سەرەنجام بتوانن بڕیارێک بدەن.

مامۆستا دەتوانێ ئەم پرسیارانە بکات:

* ئایا ئاسانە لەسەر مەسەلەیەکی ئاوا بە کۆدەنگی بگەین؟

* خاڵە لاوازو بەهێزەکانی ئەم شێوە کارە چن؟

* ئایا ناتەبایەک لە نێوان هەوڵدان بۆ بە تەوافوق گەیشتن لەلایەکو هاندانی بەشداربووەکان بۆ قسەو دیالۆگ لەلایەکی دیکەوە هەیە؟

* لایەنە هەرە سەختەکان، پرسیارە هەرە دژوارەکان لەو بوارەدا چن؟ چ شتێک زۆر ناخۆش بوو؟

٣ـ ســـەرەنجام مامۆستا دەتوانێ ئەم بەشە لە چالاکییەکە پوختە کاتەوە و بە خوێندنەوەی ئەم چەند ڕســـتەیە کۆتایی پێ بێنێ. ئەم قســـانە بەشـــێکن لەو بڕیارە کە دادگای ئەفریقای باشوور لە پەیوەندی لەگەڵ مەســـەلەیەکی لەو چەشنەدا لە ١٩ی ئاپریلی ٢٠٠١دا دەریکرد. "ئامانج لەوە کە دەوڵەت تێدەکۆشـــێ ئەم دەرمانانە بە هەرزانی بگەیەنێتە دەســـتی ئەو خەڵکەی کە تووشی ئەیدز بـــوون، کارێکی پڕبایەخە. ئێپیدێمی ئیدز بەرۆکی بەملیۆن کەســـی گرتوە. دەوڵەت بە پێی قانوون ئەرکی لەســـەر شـــانە کە ڕێز لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بگرێ، بیانپارێزێو بۆ دابینو دەستەبەر کردنیان هەنگاو هەڵگرێ. دابین کردنی مافی ژیانو هەروەها دەســـتەبەر کردنی ژیانێکی بێ ئێشو

ئازارو پڕبایەخ بەشێک لەو مافانەی مرۆڤن کە ئەرکی سەر شانی دەوڵەتە بیانپارێزیو دەستەبەریان بکات. پێویستە ئەوەش بزانین کە مافی ژیان بناخەو بنچینەی هەموو مافەکانی دیکەیە. مافی ژیان سەرەکیترین مافی مرۆڤە. هەر بۆیە لە حاڵەتێکی ئاوا سکاڵاو شکایەتی ئەو کۆمپانیایانە لە دەوڵەتی ئەفریقای باشوور، شتێکی بێبایەخە“. Compass. Amannal on. Human Rights Educatuion

**شانۆنامەی گرووپی کۆمپانیا درەمانسازەکان بۆ قسە کردن لە دادگا. Pharma Inc**

ـ ئێوە گرووپێکن لە بەڕێوەبەرانی کۆمپانیای Pharma Inc، کە یەکێک لە سەرەکیترین کۆمپانیاکانی دەرمانسازییە لە دنیادا. ئەو کۆمپانیایە مافی بازرگانی کردنو فرۆشتنی هەموو ئەو دەواو دەرمانانەی کە بە دژی ئەیدز بەکار دێن، کڕیوە. واتە پارەی داوە بۆ قۆرخ کردنی مافی فرۆشتنی ئەم دەرمانانە. ئێوە وەک بەڕێوەبەرانی ئەم کۆمپانیایە دەبێ تێکۆشن کۆمپانیاکە توانای کێبەرکێو ململانێ لە بازاڕدا لە دەست نەدا. خاوەن پشکەکانی کۆمپانیاکە دڵخۆش بنو پارەکانیان وەدەرنەخەن. لەولاشەوە دەبێ بتوانن لەگەڵ کەسانی دیکە کە ئەم دەرمانانە بەرهەم دێنن کێبەرکێ بکەن. هەر بۆیە ئێوە لەسەرتانە داکۆکی لە مافی کۆمپانیاکەتان بکەن. دەبێ بزانن ئێوە لە دیاریکردنی ئەو شرۆڤانەدا پێویستە تێچوو، بیمەو مووچەی کرێکارو کارمەندانی کۆمپانیاکەتان لەبەرچاو بێ. واتە خەرجی کڕینو گواستنەوەو بەرهەمهێانی کەرەسە خاوەکانو گواستنەوەیان بۆ بازاڕیش پێویستە وەبەرچاو بگرن. ئەگەر ڕێگا بدرێ کەسانی دیکە بێنو کۆپی ئەو دواودەرمانانە کە ئێوە سازتان کردوون، دروست کەنو بە قیمەتێکی هەرزان بیانبەنە بازاڕو بیانفرۆشن ئەوە جێ پێی کۆمپانیاکەی خۆتان لێژ دەکەنو لە ناوی دەبەن. چونکە ئیمکانی قازانج کردنی نامێنێو لە ئاکامدا مایەپووچ دێنە دەر. لەڕاستیدا شانسێکی بۆ درێژدان بە کارو مانەوە لە بازاڕدا نامێنێ. بۆ دیفاع لە قازانجو بەرژەوەندییەکانی خۆتان لەگەڵ چەندین کۆمپانیای دیکەش هاوپەیوەندییەکی بەهێزو ڕایەڵکەیەکی بەرینتان دروست کردوە تا نەیەڵن دەوڵەتێک بێو بەرهەمو کالاکانی ئێوە کۆپی بکاتو بە هەرزان بیانفرۆشێتەوە. ئەگەر دەوڵەتێک کاری وا بکات شکایەتی لێ دەکەنو ڕایدەکێشنە دادگا. لەسەر ئەو ئەساسەیە کە ئێوە ئێستا دەوڵەتی ئەفریقای باشوورتان پەلکێشی دادگا کردوە.

پێویستە بەوردی قسەو باسەکانتان تەنزیم کەنو بەڵگەکانتان بێننەوە. زۆر گرنگە ئەرگیۆمێنتی بەهێزو دادگاپەسند باس کەن. پێویستە ئامادەیی ئەوەتان تێدا بێ کە چاک دیفاع لە حەقو هەڵوێستەکانی خۆتان بکەن. ٥ خولەکتان کات هەیە لە دادگادا، قسەو نەزەرو بۆچوونەکانتان بێننە بەر باس.

**شانۆنامەی ئەو قسانەی کە دەوڵەتی ئەفریقای باشوور دەبێ لە دادگادا پێیان لەسەر داگرێ:**

ئێوە کاربەدەستو نوێنەری حکومەتی ئەفریقای باشوورن. حکوومەت لەلایەن هەندێک کۆمپانیای دەرمانسازییەوە شکایەتی لێ کراوەو ئێوەش دەبێ دیفاع لە هەڵوێستەکانی حکوومەت بکەن.

کۆمپانیـــای Pharma Inc دەیەوێ پێش بـــەوە بگرێ کە دەوڵەتەکان بتوانـــن کۆپیی ئەو دەرمانانە بەرهـــەم بێنن‌و بە قیمەتێکی هەرزان بیانفرۆشـــن کە ئەوان دۆزیویانەتـــەوەو پەرەیان پێداون. واتە نایانـــەوێ دەوڵەت ئەو دەرمانانە بە قیمەتێکی هەرزانتر بفرۆشـــێ. لەو قیمەتەی کە ئەوان لەســـەر دەرمانەکانیان داناوە. ئێوە وەک پرنسیپ لەگەڵ داخوازی‌یەکەی کۆمپانیای ناوبرا هاوڕا نین.

لەو لاشەوە ئێوە لەگەڵ بزووتنەوەیەکی بەرینی جەماوەری بەرەورووون کە ڕێکخراوی (Treatment Action Compain) واتە TAC، سەرپەرەستیی دەکات‌و دەڵێ بەپێی قانوون دەوڵەت ئەرکی لەسەرشانە کە ڕێز لە ژیانی خەڵک بگرێ، ژیانی خەڵک بپارێزێ‌و بۆ دابین‌و دەستەبەر کردنی ئەو ژیانە لە هیچ هەنگاوێک ســـڵ نەکاتەوە. لە کاتێک‌دا کە خەڵکێکی زۆر گیرۆدەی دەستی ئەیدزن، دەوڵەت دەبێ دەرمان‌و ئیمکاناتی پێویستی دیکە بە نرخێکی هەرزان بۆ ئەو نەخۆشانە دابین بکات. چونکە ئەیدز نەخۆشی‌یەکی کوشندەیەو خەڵکێکی زۆر بەدەستی‌یەوە دەناڵێنن.

ئێوە وەک دەوڵەت لە ژێر فشـــاری بیروڕای گشتی‌دا ڕێگاتان داوە کە کۆپیی ئەو دەواودەرمانانە بە هەرزانی لە ئیندۆنسیا بکرن‌و بیهێننە نێو خۆی وڵات‌و دابەشی کەن.  وا باشە بەرێکوپێکی قسەو باســـەکانتان بکەن. بەڵگەو ئەرگۆمێنتەکانتان بەشێوەیەکی سیستەماتیک بخەنە ڕوو. گرنگە شێلگیر بن لەســـەر هەڵوێستی خۆتان. ٥ خولەک کاتتان هەیە کە قســـەو باس‌و هەڵوێستەکانتان لە دادگا بخەنە بەر باس.

**شانۆ نامەی ڕێکخراوی (Treatment Action Compain) بۆ نمایش کردن لە دادگادا:**

ئێوە گروپێک کەسی چالاکن کە نوێنەرایەتیی ڕێکخراوی Treatment Action Compain لە باشووری ئەفریقـــادا دەکـــەن. ئێوە ڕادەگەیەنن‌و بە توندی پێ لەســـەر ئەوە دادەگرن کـــە دەوڵەت بەرامبەر پاراســـتن‌و دەســـتەبەر کردنی ژیانی هاووڵاتیان بەرپرسایەتیی لەسەر شـــانە. بەو پێیە ئەوە ئەرکی سەرشـــانی دەوڵەتە کە دەواو دەرمانی هەرزان بۆ ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشی ئەیدز بوون دابین بکات. دەوڵەت بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بەرپرسایەتی‌یەی کە لەو بارەوە دەکەوێتە سەر شانی، ڕێگای داوە دەواو دەرمانـــی هەرزان لـــە وڵاتانی دەرەوەڕا بهێنرێتە ژوورەوە، بە جۆرێک کە نەخۆشـــەکان دەســـتیان پێ ڕابگا. لەوەش زیاتر ئێوە پێویستە پێ لەســـەر ئەوە داگرن کە دەوڵەت بەرپرسایەتیی ئەوەی لەســـەر شـــانە کە یارمەتی‌و پشـــتیوانیی ماددی‌و ئۆکۆنۆمی لەو نەخۆشانە بکات کە تووشی نەخۆشیی ئەیدز بوون. هەر بەو پێیە ئەوە ئەرکی سەر شانی دەوڵەتە یارمەتی‌و کۆمەگی هەموو ئەو کەس‌و ڕێکخراوانەش بکات کە بەدژی نەخۆشیی ئەیدز کارو خەبات دەکەن.

ئێستا وەک دەبینن کە حکوومەتی ئەفریقای باشوور بەهۆی جێبەجێ کردنی ئەو بەرپرسایەتی‌یەی کە لەو بارەوە لەسەر شانیەتی لەلایەن هەندێک کۆمپانیای دەرمانسازی‌یەوە ڕاکێشراوەتە دادگا. ئەو کۆمپانیایانە دەیانەوێ پێش بە حکوومەت بگرن کە هیچی تر نەتوانێ ئەو دەواو دەرمانانە بە هەرزانی

بێنێتە نێوخۆی وڵات. دیارە ئەو دەرمانانە، کۆپیی ئەو دەواو دەرمانانەن کە ئەو کۆمپانیایانە سازیان کردوون یان پەرەیان پێ داون.

کاری گروپی ئێوە لە دادگادا پشتیوانی کردن لە کردەوەو سیاسەتەکانی حکوومەت لەو بوارەدایە. ئێوە شـــێلگیرانە بەرگری لەوە دەکەن کە دەوڵەت بەردەوام بـــێ لە کڕین‌و هێنانە ژوورەوەی دەواو دەرمانی هەرزان بۆ ئەو کەسانەی کە پێویستیان پێیەتی. وا باشە توندو قایم لەسەر هەڵوێستەکانتان سوور بن. بەڵگەو دۆکیۆمێنت‌و قسەو ئەرگوۆمێنتەکانتان بە ڕێکوپێکی لە ماوەی ٥ خولەکدا بێننە بەر باس.

کارتی ڕەش، کارتی پرتەقاڵی، کارتی ڕەش، کارتی پرتەقاڵی

## شانۆنامەی قازی‌یەکان کە لە دادگادا دەبێ بە کاری بێنن:

ئێوە کۆمەڵە قازی‌یەکن کە دەبێ لە دادگادا سەبارەت بە شکایەتێک کە لە لایەن چەند کۆمپانیای دەرمانسازی‌یەوە لە دەوڵەتی ئەفریقای باشوور کراوە. بڕیار بدەن. نێوەرۆکی کەیسەکە ئەوەیە کە ئەو کۆمپانیایانە دەڵێن دەوڵەتی ئەفریقای باشوور حەقی نیە کۆپیی ئەو دەواو دەرمانانە کە ئەوان سازیان کردووون، بکڕێ‌و لە نێوخۆی وڵاتدا بە نرخێکی هەرزان بەسەر نەخۆشەکانی‌دا بڵاو کاتەوە. پێویستە بگوترێ کە بیروڕای گشـــتیی خەڵک‌و ئەو ڕێکخراوانەی دیفاع لە مافەکانی نەخۆشـــەکان دەکەن، بـــە تایبەتی ڕێکخراوی Treatment Action Compain شـــێلگیرانە دیفاع لە هەڵوێســـتی حکوومەت سەبارەت بەو کارە دەکەن.

ئێوە وەک قازی لە دادگا کارتان ئەوەیە کە داوا لە هەر سێ لایەن بکەن کە بەڕوونی مەسەلەو قسەو باسەکانیان باس بکەن. دوای ئەوەی ئەوان هەڵوێستەکانی خۆیانیان دەربڕی ئێوە جارێ بڕیار نـــادەن یا جارێ نەتیجەگیری ناکـــەن. کاری ئێوە ئەوەیە بەڵگەو دۆکیۆمێنت‌و ئەرگۆمێنتەکانی هەر کام لەو لایەنانە لە پەیوەندی لەگەڵ کێشەکەدا ڕوون کەنەوە.

جەوهەری ئەو کەیســـە لەوە دایە کە دادگا چۆن دەتوانێ لەســـەر کەیسێک بڕیار بدا کە لەوێدا دوو حەق کە هەر دووکیان دەکەونە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤەوە بەرامبەر یەکتر ڕاوەستان. دەوڵەت‌و ڕێکخراوی TACو حکوومەت دیفاع لە مافی ژیانێکی پڕبایەخ بۆ ئەو خەڵکە دەکەن کە نەخۆشـــن. لەولاشـــەوە ئەو کۆمپانیایانە داوای مافی خاوەنداریەتیی خۆیان بەسەر ئەو دەواو دەرمانانەدا دەکەن کە خۆیان ســـازیان کردوون یان پەرەیان پێداون. بەگوێرەی مافەکانی مرۆڤ حەقی خاوەنداریەتی، یەکێک لە مافە بنەڕەتی‌یەکانی مرۆڤە.

سەرەنجام سەرۆکی دادگا بەو جۆرە قسە دەکات:

"مافـــی ژیان‌و مافی ژیانێکی پڕ بایەخ، بە گرینگترین مافی مـــرۆڤ دادەنرێ‌و هەموو مافەکانی دیکـــەی مرۆڤ دەکەونە دوای ئەو مافەوە چونکە مافـــی ژیان بنچینە و بناخەی مانونەمانی مرۆڤەو

مافەکانی تر لە سەر ئەو بناخەیەوە دەڕۆنە پێش. ئەگەر دەمانەوێ کۆمەڵگایەک دروست کەین کە لەسەر بناخەی مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ هەڵسووڕێ، پێویستە مافی ژیانو مافی ژیانێکی پڕبایەخ، بۆ هەمووان بخەینە پێش هەر مافو ئیعتبارێکی دیکەوە. ئەوە شتێکە کە حکوومەت پێویستە لە کردەوەدا بەڕێوەی بەرێو جێبەجێی بکات".

بەگوێرەی بەندی بیستوپێنجەمی قانوونی ئەساسیی ئەفریقای باشوور، دەوڵەت دەبێ مافی خاوەنداریەتیی هاووڵاتیان بپارێزێ. لەو بەندەدا هاتووە کە مافی خاوەنداریەتیی هیچ کەس پێشێل ناکرێ، مەگەر بۆ ئەوە کە بەشێوەیەکی گشتی بڕیارێکی ئاوا درابێت. هیچ قانوونێک ڕێگا نادا کە بەشێوەیەکی غەیرە قانوونی دەست بەسەر ملکو ماڵی کەسانی دیکەدا بگیردرێ. ئێوە وەک قازی دەبێ پرسیار لە هەر سێ لایەنی کێشەکە بکەن. دە خولەک وەختتان هەیە تا پرسیاریان لێ بکەنو گوێش بدەنە وەڵامەکانی ئەوان.

## ڕێنوێنی بۆ گروپە بچکۆڵەکان

ئێوە چوار گروپی بچکۆڵەنو هەر کامتان لە چوارکەس پێک هاتوون. هەریەکەتان یەکێک لەو لایەنانە نوێنەرایەتی دەکەن.

* کۆمپانیای Pharam Inc
* ئەفریقای باشوور.
* ڕێکخراوی Treatment Action Compain
* قازی‌یەکان، دادگا.

## ڕێنوێنی‌یەکان

١ـ لەسەرەتادا هەرکام لە ئێوە خۆی دەناسێنێو باسی ئەوە دەکا کە نوێنەرایەتیی کێ دەکاتو دەیەوێ چ ڕۆڵێک بگێرێ.

٢ـ هەرکام لە ئێوە لە پەیوەندی لەگەڵ کاری دادگادا هەستەکانتان دەردەبڕن. ئەگەر پێتان وایە دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک ئاسانە، کارتێکی پرتەقاڵی نیشان دەدەن. ئەگەر پێتان وایە کێشەکە دژوارە کارتێکی ڕەش نیشان دەدەن.

٣ـ ئەرکی ئێوە ئەوەیە کە بگەنە تەوافوقو کۆدەنگی‌یەک کە هەر چوار لا بە ڕەزامەندی بگەیەنن. ئێوە پێویستە کاتێک بڕیار بدەن کە گوێتان لە هەموو شانۆکان گرتبێو قسەو باسی هەموو لایەکتان گوێ لێ بووبێ. واباشە بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکە جڵەوی باسەکانی بەدەستەوە بێو خۆی دوای هەمووان نەزەرو بیرو بۆچوونەکانی بڵێ.

خولی ١ـ ڕۆڵی خۆت بڵێ! خۆت بناسێنە!

خولی ٢ـ بیروڕاو ڕێگاچارەکانت بێژە.

خولی ٣ـ لەسەر ڕێگاچارە جۆراوجۆرەکان قسەو دیالۆگ پێکەوە بکەن.

٤ـ گوێ لە یەکتر بگرن. پاشان ئەندامانی گروپەکان، لە سەر ئیمکانی گەیشتن بە ڕێگاچارەیەکی هاوبەش، هەستەکانیان دەردەبڕنو لە ڕێگای کارتەکانەوە بۆچوونەکانیان نیشان دەدەن. ئەگەر پێیان وایە ئیمکانی گەیشتنە چارەسەرێکی هاوبەش هەیە، کارتی پرتەقاڵی بەرز دەکەنەوە. ئەگەر نا کارتی ڕەش نیشان دەدەن.

٥ـ لە کۆتایی پرۆسەکەدا پاش ئەوە کە گروپەکە بە کۆدەنگی گەییشت، کەسێک بە نوێنەری خۆتان هەڵدەبژێرن کە لە پلێنۆمدا ڕاپۆرتێک لەسەر کارەکەیان پێشکەش بە هەموان بکات.

## ئاشنایەتی لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان

**بابەت:** نەتەوەیەکگرتووەکان.

**ئامانج:** ئاشنا بوون لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەرک و چوارچێوە و دەسەڵات و لێهاتوویی و توانایییەکانی.

لە بەندی ٢٦ی بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا هاتوە کە خوێندنو پەروەردەو فێر کردنی مرۆڤەکان دەبێ ببێتە هۆی چوونە سەری پشتیوانی لە کارو باری ڕێکخراوی نەتەویەکگرتووەکان بۆ سەقامگیر کردنی ئاشتی. دروست کردنی مۆدێلێک لە سیستەمی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کە بەشداربووەکان لەوێدا نوێنەرایەتیی وڵاتە جۆراوجۆرەکان بکەن، بۆ ئاشنا بوونی ئەوان لەگەڵ ڕێکخراوەکە ڕاهێنانێکی پێداگۆگی بەکەڵک دەبێ.

## چۆنیەتیی جێبەجێ بوونی ڕاهێنانەکە:

چالاکی‌یەکە بەجۆرێک سادە کردنەوەی مۆدێلی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە کە بەشێوەی شانۆیەک بەڕێوە دەچێ. ئەو چالاکی‌یە بە سێ قۆناخدا دەڕواتە پێش.

١ـ قۆناخی تەحقیقو لێکۆڵینەوە. لەو قۆناخەدا بەشداربوەکان لەسەر سێ بابەت کارو لێکۆڵینەوە دەکەن.

اـ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانو کاری ئەو ڕێکخراوە.

بـ دەوڵەتێکی ئەندامی ڕێکخراوەکە، حکوومەتو قازانجو بەرژەوەندی‌یە سیاسی‌یەکانی ئەو دەوڵەتە.

جـ گیروگرفتە جیهانی‌یە هاوچەرخەکان.

٢ـ قۆناخی دووهەم پیادە کردنی سیناریۆکە.

لەم قۆناخەدا بەشداربووەکان نوێنەرایەتیی وڵاتە جۆراوجۆرەکان دەکەن. وەک سەفیری وڵاتەکان،

لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا قسەو ڕفتارو هەڵسوکەوت دەکەن. گوێ لە ڕوانگەو نەزەری یەکتر دەگرن. پێشنیارو گەلاڵەکانی خۆیان لەسەر پرسە کاریگەرەکان دەخەنە بەر باس. ئەو بڕیارنامەو ڕاگەیەنراوانەی کە قسەیان لەسەر دەکرێ، هەڵدەسەنگێنن. وا باشە بە سەرنجێکی زۆرەوە کەڵک لەو کاتە وەرگرن کە لەبەر دەستیان دایە.

٣ـ هەڵسەنگاندن:

لە کۆتاییدا لایەنەکان کارەکانیان پوختە دەکەنەوەو ئاکامی پێویستیان لێوەردەگرن. هەرکام لە قۆناخەکان دەکرێ بۆ مەبەستی فێر بوونی زۆرتر، لێکۆڵینەوەی زۆرتر، بەرین بکرێتەوە. مامۆستا نابێ وا نیشان بدا کە ئەو هەموو شتێک لەو بارەوە دەزانێ. پێویستە ڕێگا بدا قوتابییەکان لە ڕێگای ئیشو لێکۆڵینەوەکانی خۆیانەوە زانیاری وەدەست بخەن. نابێ ڕۆڵی یارمەتیدەر ببینێ. لێگەڕێ با قوتابیەکان بۆخۆیان لەسەر بابەتەکە ئیش بکەن.

**کات:** دوو کاتژمێر.

**ئامادەکاریی پێشوەخت:** مامۆستا پێویستە ماتریالی پێویستی بۆ کارو لێکۆڵینەوە لەسەر گیروگرفتە هاوچەرخەکانی بەر دەم دنیاو مرۆڤایەتی ئامادە کردبێ تا بتوانن کاری پێویستی لەسەر بکەن.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە

١ـ هەندێک گیروگرفتی جیهانی هەڵبژێرێ کە بەرۆکی مرۆڤایەتیان گرتووە تا قوتابییەکان کاریان لەسەر بکەن وەک ئەیدز، پیس بوونی ژینگە، برسێتی، هەژاری، نەخوێندەواری، ئاوارەکان، چەکی کۆمەڵکوژ، گەرم بوونی ئاوو هەوا، لەنێوچوونی جەنگەڵەکان، پیس بوونی ئاوو هەوا، هتد. هەندێک لە قوتابییەکان دەست نیشان بکە کە نوێنەرایەتیی وڵاتە جۆراجۆرەکان لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بکەن. ئەرکی بەشداربووەکان ئەوەیە کە نوێنەرایەتیی وڵاتەکانی خۆیان لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووکاندا بکەنو ڕوانگەو بۆچوونەکانی ئەوان، بەرنە پێش. زۆر گرنگە قوتابیەکان شارەزای ئەرکەکانیان بنو لەو بارەوە ئاگاداریی تەواویان لەسەر هەڵوێستەکانی ئەو وڵاتانە هەبێ کە خۆیان بە نوێنەری ئەوان دەزانن.

٢ـ پاش ئەوەی کە هەموو وڵاتەکان، ڕوانگەکانی خۆیانیان لەمەڕ مەسەلەکە باس کردن، داوا لە هەرکام لە سەفیرەکان بکەن تا لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەدا کە باسیان لێ دەکرد، بڕیارنامەیەک بۆ کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئامادە بکەن. لە بڕیارنامەکەدا بەوردی هەموو لایەنەکانی گیروگرفتەکە باس دەکرێن. پاشان ئەوەش ڕوون دەکرێتەوە کە لەو بارەوە ڕێکخراوی نەتەوەکان دەتوانێ چ ڕۆڵێک بگێڕێ. هەرکام لە بەشدارەکان تێدەکۆشن قەناعەت بە ئەوانی تر بێنن کە ئەو بڕیارنامەی ئەوان ئامادەیان کردوە، قازانجو بەرژەوەندییە گشتییەکانی هەموو لایەکی لەبەر چاو گرتوونو وا باشە بەجیدیی بگیرێو دەنگی پێ بدرێ. هەرکام لەوان

تێدەکۆشێ پشتیوانیی ئەوانی تر بۆ بڕیارنامەکەی خۆیان ڕاکیشن. بەشداربووەکان پێویستە ئامادەیی ئەوەیان تێدا بێ کە بتوانن ئاڵوگۆڕ بەسەر بڕیارنامەکانیان‌دا بێنن تا بە پەسندی زۆربەی ئەنداماکانی ڕێکخراوەکە بگات.

٣ـ کۆبوونەوەیەکـــی ڕێکخراوی نەتەیەکگرتووەکان پێک بێنن. بەشـــێوەی بازنە لە دەوری یەک کۆ ببنەوە. هەر کەســـە نوێنەرایەتیی کام وڵات دەکا ناوی ئەو وڵاتە لە پێش خۆی دابنێ تا بزانرێ ســـەفیری کام وڵاتە. مامۆستا یان یەکێک لە بەشـــداربووەکان ڕۆڵی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەیەکگرتووەکان دەگێڕێ. وا باشە لەسەر هەندێک ڕێوشوێن بۆ بەڕێوەچوونی کارەکان بەکۆدەنگی بگەن‌و بەڕێوەیان بەرن. بۆ نموونە کەس مافی ئەوەی نیە بێ ئیزنی ســـکرتێری گشـــتی قسە بکات. پێویستە بە ناوی جەنابی سەفیری وڵاتی ... ناوی یەکتر بەرن‌و بەوجۆرە.

٤ـ ســـکرتێری گشـــتی داوا دەکا کە بڕیارنامەکە بخوێندرێتەوە و لە سەری بدوێن، پاشان هاوڕا و بەرهەڵســـتکارەکان قسەی لەســـەر بکەن. پرسیارە پێویســـتەکان بکرێن. دوایە ئەگەر وشە، یان دەســـتەواژە، یان ڕستەیەک هەیە کە پێویســـتە بگۆڕدرێ دەستنیشان بکرێ. سەرەنجام هەرکام لە وڵاتەکان دەتوانن داوا بکەن کە بڕیارنامەکە بخرێتە دەنگدانەوە. بەڵام بۆ ئەوەی پێشـــنیاری وڵاتێک بۆ خستنە دەنگدانی بڕیارنامەکە قبووڵ بکرێ پێویستە ئەو وڵاتە لەلایەن وڵاتێکی دیکەوە پشتیوانیی لێ بکرێ. دەبێ بگوترێ لەو جۆرە کۆبوونەوانەدا بەدەنگی زۆربە بڕیارنامەکان پەسند دەکرێن.

٥ـ چالاکی‌یەکە بە کۆبوونەوەیەکی بەرین لە دەوری یەک‌و باسێکی تێروتەسەل لەسەر بابەتەکە کۆتایـــی پـــێ دێ. زۆر گرنگە چۆنیەتیی کار کردنی هەر کام لە بەشـــداربووەکان باس بکرێ. چۆن کاریـــان کـــردوە، ڕازی بوون لـــە کار کردنی خۆیان؟ چـــی فێر بوون؟ چەندەیان زانیاری لەســـەر باســـەکە وەدەست هێناوە؟ چ لەســـەر ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان فێر بوون؟ ئایا ئەو ڕێکخراوە چۆن دەتوانێ لە چارەســـەری گیروگرفتە جیهانی‌یەکان‌دا ڕۆڵ ببینێ؟ گرینگترین گیروگرفتەکانی بەردەم مرۆڤایەتیی ئەمڕۆ چی‌یە؟ ئەو گیروگرفتانە چۆن چارەســـەر دەکرێن؟ کۆمەڵگای جیهانی چ هەنگاوێکی بۆ چارەسەری ئەو گیروگرفتانە هەڵگرتووە؟

**فێربووین کە:**

ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سیســـتەمێکی ئاڵۆزە. لەو سیســـتەمەدا هەمـــوو دەوڵەتەکانی دنیا نوێنەریـــان هەیە. دەوڵەتەکان نەتەوەکانی خۆیان نوێنەرایەتی دەکەن. ئەوان لەو ڕێکخراوەدا قازانج‌و بەرژەوەندی‌یە میللی‌یەکانـــی خۆیان لە ڕێگای باس‌و وتووێژو دیالۆگی چەند لایەنەوە دەبەنە پێش. لە کۆبوونەوەکانی ڕێکخراوەکەدا دەوڵەتەکان لەســـەر بوارو کێشـــە جۆراوجۆرەکان وتووێژ دەکەن تا بە کۆدەنگی‌و تەوافوق بگەن. شـــێوەی کار بریتی‌یە لە باس‌و دیالۆگ، بەڵگە هێنانەوە، ئەرگیومێنت کـــردن، وتووێژ لەگەڵ یەکتر، گوێگرتن، هەڵوێســـت گرتن، دژایەتی کـــردن، موافەقەت کردن‌و بە

کۆدەنگی گەیشتن. بڕیارنامەو پەسەندکراوە جۆراوجۆرەکانی ڕێکخراوی نەتەویەکگرتووەکان لەسەر کێشەو مەسەلە جۆراوجۆرەکان وەک ڕێنوێنو ڕێنیشاندەری وڵاتەکان لە کاروباری سیاسەتگوزاریدا کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. لەوەش زیاتر دەوڵەتەکانی دیکەی نێو گۆڕەپانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، لەو بڕیارنامەو پەسەندکراوانە کە نەتەوەیەکگرتووەکان پەسەندیان دەکەن، بۆ داڕشتنی سیاسەتو هەڵویستەکانیان بەهرە وەردەگرن.

## هەندێک زانیاری لەسەر ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان

بڕیارنامەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان تێکستێکە کە لەلایەن یەکێک لە ئۆرگانە سەلاحییەتدارو بڕیاردەرەکانی ئەو ڕێکخراوەوە پەسەند کراوە. هەر ئۆرگانێکی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەسەڵاتو سەلاحییەتی پەسەند کردنو دەرکردنی بڕیارنامەی هەیە. بەڵام لە کردەوەدا زۆربەی بڕیارنامەو پەسندکراوەکانی ئەو ڕێکخراوە لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایش یان لەلایەن کۆڕی گشتییەوە پەسند دەکرێن. پێگەو شوێنی قەزاییو قانوونی بڕیارنامەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، زۆری باس لەسەر کراوە، زۆر لە شارەزایان لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەو بڕیارنامانەی کە لە کۆڕی گشتیدا پەسەند دەکرێن، ئەرکی قانوونی ناخەنە سەر ئەستۆی دەوڵەتەکان. واتە هێزو قودرەتی قانوونی یان نیە . بەو حاڵەش ئەو بڕیارنامانە بایەخێکی گرنگو سیاسی زۆریان هەیە. چونکە بە ڕوانگەو دەنگی هاوبەشی کۆمەڵگای جیهانی لەسەر مەسەلەیەک یا لەسەر کێشەیەک دەزانرێن. واتە وەک ڕوانگەو بۆچوونی زۆربەی کۆمەڵگای جیهانی لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلە جۆراوجۆرەکان بەحیساب دێن.



## شەڕی عادڵانە

## ٧٤ـ٧٥

**بابەت:** مافەکانی مرۆڤ، شەڕ، دەستتێوەردانی ئینسانی.

**ئامانج:** زانیاریو وشیاری سەبارەت بە چۆنیەتیی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە کاتی ڕوودانی کارەساتە سروشتیو ئینسانییەکانی وەک قەتڵوعام، ژینۆسایدو, بەکارهێنانی هێزو دەسەڵاتی نیزامی بۆ پێشگیری کردن لە کارەساتی زۆرترو بۆ پارێزگاری لە خەڵکی مەدەنی و بێتاوان.

لەم ساڵانەی دواییدا شاهیدی ئەوە بووین کە بۆ پێشگیری کردن لە ڕوودانی کارەساتی گەورەی ئینسانی و بۆ پێشگیری کردن لە پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤ، کۆمەڵگای جیهانی ناچار بووە لە چەکو بەکارهێنانی هێزی نیزامی کەڵک وەرگرێو بچێتە شەڕەوە. بەو دیاردە تازەیە لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا دەوترێ دەست تێوەردانی ئینسانی.

لایەنگرانی دەست تێوەردانی ئینسانی لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی دیکەدا دەڵێن هەندێک جار شەڕ لە باری ئەخلاقییەوە پێویستە. واتە پاکانەی ئەخلاقی بۆ بردنە پێشی شەڕ دەکەن. بۆ نموونە ئەوان دەڵێن وەختێک لە جێیەک بەشێوەیەکی بەرین مافەکانی مرۆڤ دەکەونە ژێر پێو خەڵکی سڤیل دەکەونە بەر پەلامارو قەتڵوعام دەکرێنو کۆمەڵکوژی روو دەدات، ئەرکی سەرشانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیییە کە بۆ پارێزگاری لەو خەڵکە بێتاوانە لە هێزی نیزامی کەڵک وەرگرێ. ئاخر چۆن دەکرێ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دانیشێو دەست لەسەر دەست دانێو هیچ کردەوەیەک لە خۆی نیشان نەدا، لە کاتێکدا کە دەبینێ دەوڵەتەکان نایانەوێ یان توانایان نیە پارێزگاری لە هاووڵاتیانی خۆیان بکەن. ئێمە لە دنیایەکی هاوچەرخو مۆدێرندا دەژین. لەو دنیایەدا ئێمە هەموومان بەرپرسایەتیمان بەرامبەر یەکتر لەسەر شانە. لەجێیەک کاربەدەستانی وڵاتێک یان ناوچەیەک ناتوانن یان نایانەوێ ئەرکەکانیان بەرێوە بەرن، کۆمەڵگای جیهانی پێوستە بێتە مەیدانەکە.

زۆر کەسیش دەخاڵەتی ئینسانی لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی دیکەدا، بە سەرەتای هاتنە کایەی ئاڵوگۆڕێکی پڕمەترسی لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا، لە قەڵەم دەدەن. چونکە بەگوێرەی ئەو ئەسڵە یەکێک لە پرەنسیپە سەرەکییەکانی سیاسەتی جیهانیو قانوونی نێونەتەوەیی دەکەوێتە ژێر پرسیار. ئەویش بریتییە لە حەقی حاکمییەتی دەوڵەتان بەسەر خەڵکو خاکو ئاوو سنوورەکانی وڵاتەکەیاندا. پرنسیپێک کە ڕێگا نادات هیچ کەسو هیچ لایەنێک دەست لە کاروباری نێوخۆیی دەوڵەتەکانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان وەر بدات. لایەنگرانی ئەم بۆچوونە دەڵێن لێرەدا مافەکانی مرۆڤ وەک بەهانە بۆ شاردنەوەی مەبەستو نیەتە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی دیکە بەکار دەبرێن. واتە ئەوان دەڵێن دەوڵەتەکان بۆ بردنە پێشی قازانجو بەرژەوەندییە سیاسییەکانی خۆیان کەڵکی خراپ لەم ئەسڵە وەردەگرن. لەوەش زیاتر ئەوان باسی دێلێمایەک دەکەن کە کێ دەبێ سەبارەت بە پێویستیی دەست تێوەردانی ئینسانی بڕیار بدات. یانی ئەوان بە شکو گومانەوە دەڕواننە

ئەو دەوڵەتو دامەزراوە جۆراوجۆرانەی کە لەو بارەوە سەڵاحییەتی بڕیاردانێکی لەو چەشنە بەخۆیان دەدەن. هەر لەو پەیوەندی‌یەدا کەسانی واش هەن دەڵێن لە هیچ هەلومەرجێک‌دا پاکانە بۆ شەڕ ناکرێ. چونکە شەڕ دەبێتە هۆی لەدەستچوونی گیانی خەڵکی دیکە . واتە لە هیچ هەلومەرجێک‌دا شەڕ شتێکی ئەخلاقی نیە. هەروەک گوتمان دەستتێوەردانی ئینسانی گێرەوکێشەی خۆی هەیە. پاسیڤ بوونو دەست لەسەریەک دانانو چاوچووقاندن لە بەرامبەر قەتڵوعامو ژینۆسایدیش‌دا گیروگرفتی تایبەتی خۆی بەدواوەیە. لەو بارەوە کوفی ئەننان سکرتێری گشتیی پێشووتری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەڵێ: "ئەگەر دەست تێوەردانی ئینسانی بە لەژێر پێنانی پرەنسیپی مافی دەسەڵاتدارەتی دەوڵەتان، بە لەژێر پێنانی ئەسڵی خۆتێهەڵنەقوتاندن لە کاروباری نێوخۆیی دەوڵەتەکان لە قەڵەم بدرێ، چۆن دەتوانین وەڵامی ئەو کارەساتە ئینسانیو ئەو پەلامارە بەرینانە بدەینەوە کە بۆ نموونە لە ڕواندا، بۆسنیا، کۆسۆڤۆو سوودان‌دا شاهیدیان بووین؟"

**چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:**

ئەم ڕاهێنانە بەشێوەی کاری گروپی دەڕواتە پێشو پاشان بەشداربووەکان ئاکامی ئیشو لێکۆڵینەوەکانیان لە پلێنۆم‌دا پێشکەش دەکەن. بۆ بەڕێوە چوونی ئەم ڕاهێنانە بەشداربووەکان پێویستی‌یان بە هەندێک زانیاری لەسەر سیاسەتی نێونەتەوەیی هەیە.

کات: ١ تا ٢ کاتژمێر.

پێداویستی:کاغەزی گەورە، تووش، دەستڕاگەیشتن بە زانیاریو بۆ نموونە ئینتەرنێت یان کتێبخانە. جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە بە باسێکی کورت لەسەر شی کردنەوەی دەستەواژەی "دەخالەتی ئینسانی" دەست پێ دەکات. لەو بارەوە دەبێ بڵێین کە ئەو دەستەواژەیە لە سیاسەتی نێونەتەوەیی‌دا، زاراوەیەکی تازەیە. مەبەست لەو زاراوەیە ئەوەیە کە لە هەندێک وەزعی تایبەتی‌دا یەک یان چەند دەوڵەت بۆ پێشگیری کردن لە پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤو پاراستنی خەڵکی مەدەنیو بێدیفاع دەست لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتێکی دیکە وەردەدەن. بەم جۆرە دەخاڵەتی ئینسانی سەرەکی‌ترین پرەنسیپی سیاسەتی نێونەتەوەیی واتە ڕێزگرتن لە حەقی حاکمییەتی دەوڵەتانو دەخاڵەت نەکردن لە کاروباری نێوخۆیی ئەوان‌دا دەخاتە ژێر پێ. بەگوێرەی یاسای نێونەتەوەیی دەوڵەتەکان ئەکتەری سەربەخۆنو دەسەڵاتو سەڵاحییەتی ئەوەیان هەیە حاکم بەسەر وڵاتو خەڵکی خۆیان‌دا بکەن.

٢ـ قوتابی‌یەکان دەبنە چەند گروپ. هەرکام لە گروپەکان ئەرکیان ئەوەیە ئیشو لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوە بکەن کە لە کوێو چۆن کۆمەڵگای نێونەتەوەیی‌و ئەکتەرەکانی سیاسەتی جیهانی وەک ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووکانو ناتۆ ناچار بوون بۆ پێشگیری کردنی لە پێشێل کرانی بەرینی مافەکانی مرۆڤو بۆ پاراستنی خەڵکی سڤیل، دەست لە کاروباری نێوخۆی وڵاتان وەردەن. بۆ نموونە ئەوان دەتوانن کارو لێکۆڵینەوە لەسەر وەزعی ڕواندا لە ساڵی ١٩٩٥دا، سریبرێنیکا لە

بۆســـنیاهەرزەگۆڤینا لە ســـاڵی ١٩٩٥دا، کۆسۆڤۆ لە سێربیا لە ســـاڵی ١٩٩٩دا، لە سودان لە ساڵی ٢٠٠٦دا بکەن. یان دەست تێوەردانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە کاروباری نێوخۆیی عێراق‌دا بکەنە سووژەی کارو لێکۆڵینەوەکانیان. لەو بارەوە دەکرێ لەسەر ئەم خاڵانە کار بکەن.

* پێناسەی ئەو وەزعە بکەن لە ئەودەم لەو وڵاتانەدا هەبوو.
* پێشینەی ڕوودانی ئەم کارەساتو وەزعە چی بوو؟ بۆ ئەم ڕەوشە هاتە پێش؟
* کۆمەڵگای نێونەتەوەیی چۆن توانی کێشەکە کۆنترۆڵ یان ئیدارە بکات؟
* ئەو ئەکتەرانەی بە نوێنەرایەتیی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی هاتنە مەیدانەکە کێ بوون؟
* ئاکامی ئەو دەست تێوەردانە لەسەر ڕەوشی ژیانی خەڵکی بێدیفاعو مەدەنی چی بوو؟
* ئایا دەکرا بەجۆرێکی تر ڕەفتار بکرێ؟
* ئایا ئەو وڵاتانەی کە دەخالەتیان کرد لە ئاکامی کاری خۆیان ڕازی بوون؟

٣ـ بەم جۆرە هەرکام لە گروپەکان لە ســـەر یەکێک لەو نموونانەی سەرەوە کار دەکەنو پاشان ئاکامی باسو لێکۆڵینەوەکانیان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک لە پلێنۆمدا پێشکەش دەکەن.

## بۆ لێدوان:

* لایەنە ئەرێنییەکانی دەست تێوەردانی ئینسانی چن؟
* لایەنە نیگەتیڤەکانی ژێر پێ نانی حەقی حاکمییەتی وڵاتانی دیکە چن؟
* جیاوازیی نێوان شـــەڕێکی بەرگریکارانە کە لە قانوونی نێونەتەوەیی‌دا بە شـــتێکی ڕەوا دەزانرێ لەگەڵ دەست تێوەردانی ئینسانی چیە؟ ئایا هیچ وێک چوونێکیان هەیە؟
* ئایا پێویستە تەنیا ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەو سەڵاحییەتو دەسەڵاتەی هەبێ کە لەسەر پێویســـتی دەستتێوەردانی ئینســـانی لە کاروباری نێوخۆی وڵاتێک‌دا بڕیا بدا؟ قازانجی ئەمە لە چی دایە؟ لایەنە خراپەکانی ئەم کارە چن؟

## فێر بووین کە:

لەم ســـەد ســـاڵەی دوایی‌دا زۆر ئاڵوگۆڕی گەورە لە دنیادا پێک هاتوون. ڕۆژ نیە لە ڕێگای ڕاگەیەنە گشتی‌یەکانەوە ئاگاداری ڕوودانی شەڕو کارەساتی سروشتیو ئینسانیو کێشەی جۆراوجۆر لێرەولەوێی ئەم دنیایەدا نەبین. وەزعێک دروســـت بووە کە جگە لـــە دەوڵەتەکان، زۆر هێزو ئەکتەری دیکەش لە گۆڕەپانی سیاســـەتی نێونەتەوەیی‌دا چالاکنو تێدەکۆشـــن شـــوێنەواری خۆیان لەسەر ڕەوشەکە دانێن. هەموو دنیـــا بەجۆرێک پێکەوە گرێ دراوە کە گەلێک ڕێکخراوی غەیرە دەوڵەتی، ناوچەیی، نێونەتەوەیـــی ڕۆڵـــی تێ‌دا دەگێڕن. لە نێو ئـــەو ڕێکخراوانەدا، ڕێکخـــراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە گرینگترینـــی ئەوان لە قەڵەم دەدرێ. هەر بەو جۆرە لە ئاکامی بەجیهانی بوون‌دا خەریکە بەرەبەرە

هەندێک بایەخو نرخو پرەنسیپو ڕێوشوێنی هاوبەشیش پێک دێن. پەرەسەندنی مافەکانی مرۆڤو یاساکانی کاتی شەڕ، جۆرێک لەو بایەخو پرەنسیپە هاوبەشانەن کە هەروا دێو باشتر جێی خۆیان دەکەنەوە.

بەهۆی لێک گرێدرانی دنیاو شوێنەواری ئاڵوگۆڕو ڕووداوەکان لەسەر یەکترو لەسەر ناوچە جۆراوجۆرەکانی دنیا، ئیدی هەلومەرجێک هاتۆتە کایە کە کەس ناتوانێ بڵێ ئەو شتەی لە جێی تر ڕوو دەدات، هیچ پەیوەندی‌یەکی بە منەوە نیە. لەوەش زیاتر زۆرن ئەوانەی دەڵێن لەم دنیایەدا کە هەمووومان بە هەزارویەک داوی دیارو نادیارەوە لێک گرێ دراوین، بەرپرسایەتیمان بەرامبەر یەکتر لەسەر شانە. بۆیە ئەرکی سەرشانمانە سەبارەت بە ڕووداوەکانی دەوروبەرمان لەسەر هەست بینو دژکردەوە نیشان دەینو هەڵوێستمان هەبێ. بەتایبەتی لە جێ‌یەک لە شوێنێک کە کارەساتی ئینسانی لە حاڵی ڕوودان دان، ئەگەر بتوانینو یارمەتی نەکەین، کارێکی زۆر خراپمان کردوە. ئاخر ئێمە هەمووومان بەرپرسایەتیمان لەسەر شانە. بەم جۆرە دەتوانین بڵێین کە هاتنە کایەی پرەنسیپی دەست تێوەردانی ئینسانی لە سیاسەتی نێونەتەوەیی‌دا بە جێگیر بوونی ئەم بیرۆکەیە دادەنرێ کە لەسەرێ باسمان کرد. ئیتر ئێستا پێشێل کرانی بەرینی مافەکانی مرۆڤ لە جێ‌یەک، یا پاکسازیی ئیتنیکیی گەلێک یان کۆمەڵە خەڵکێک لە جێ‌یەکی دیکە هیچی دیکە بە کێشەی نێوخۆیی وڵاتێک بەحیساب نایە. یەکێک لە ئاکامەکانی ئەم وەزعە تازەیە لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا ئەوەیە کە هیچی دیکە پرەنسیپی مافی دەسەڵاتدارەتی دەوڵەتان ناتوانن ببنە پەردەیەک بۆ داپۆشینی جینایەتەکانی حکوومەتە زۆردارو دژی گەلی‌یەکان.

**بۆ زانیاریی زیاتر:**

مافی دەسەڵاتدارەتی نیشتمانی ئێستاشی لەگەڵ بێ، بە یەکێک لە گرنگترین پرەنسیپەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی بەحیساب دێ. چونکە تەنیا لە کاتێک‌دا ئاشتیو ئارامیو هێمنی جێگیر دەبێ کە دەوڵەتان ڕێز لە سنووری یەکتر بگرن. ئەمە بەو مانایەیە کە کاربەدەستانی وڵاتانو دەوڵەتە جیاجیاکان سەربەخۆنو دەسەڵاتو سەلاحییەتی تەواویان لە چوارچێوەی سنوورەکانی خاکی وڵاتی خۆیان‌دا هەیە. بەڵام کاتێک ئەو دەوڵەتانە پارێزگاری لە خەڵکی خۆیان ناکەن، یان لەوەش خراپتر خۆیان بەشێوەیکی بەرینو سیستەماتیک مافو ئازادی‌یەکانی خەڵک پێشێل دەکەن، گیروگرفت دروست دەبێ. لە بارودۆخێکی ئاوادا تەنیا ڕێگا بۆ پارێزگاری لە ژیانی خەڵکی سڤیل ئەوەیە کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەخاڵەت بکاتو بێتە مەیدانەکە. دیارە ئەوەش دەبێتە هۆی لەژێرپێنانی پرەنسیپی مافی دەسەڵاتدارەتی نیشتمانیی ئەو وڵاتە. یانی دەبێتە هۆی پەڕاندنی سنوورەکانی ئەم وڵاتە.

ئەمڕۆ مافی دەسەڵاتدارەتی نیشتمانی بۆتە جێگای باسو گفتوگۆیەکی زۆر. ساڵی ٢٠٠٤

گروپێکی نێونەتەوەیی کە بۆ ئامادە کردنی ڕاپۆرتێک لەو بارەوە ڕاسپێردرا بوو، گەیشتە ئەو قەناعەتە کە یەکێک لە لایەنە گرنگەکانی مافی دەسەڵاتدارەتی نیشتمانی بریتی‌یە لەوە کە دەوڵەت دەبێ بەرپرسایەتی قبووڵ بکات. لایەنێکی گرنگی ئەو بەرپرسایەتی‌یەش بریتی‌یە لە بەرپرسایەتی بۆ پاراستنی هاووڵاتیان (The responsibility to protect) کێ دەبێ ئەو بەرپرسایەتی‌یە جێبەجێ بکات؟ پێش هەموو کەس ئەوە ئەرکی سەر شانی کاربەدەستانی دەوڵەتە ئەو کارە بکەن. ئەم گروپە سەرەنجام بەو ئاکامە گەیشتن کە لە هەرجێ‌یەک کە بەشێوەیەکی بەرین مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکرێ، کارەساتی سروشتی‌و ئینسانیی گەورە لەگۆڕێ دان‌و دەوڵەتیش ناتوانێ یان نایەوێ بۆ پاراستنی خەڵکەکە هەنگاو هەڵگرێ، کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ئەرکی دەکەوێتە سەر شان کە لەو بارەوە کارێک بکات. لە حاڵێکی ئاوادا کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بەرپرسایەتیی گەورەی بۆ پاراستنی خەڵکی بێدیفاع دەکەوێتە سەر شان‌و ناکرێ هیچی دیکە تەماشاچی کارەساتەکە بێ، پرەنسیپی حەقی حاکمییەتی میللی‌و ئەسڵی دەخاڵەت نەکردن لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتان‌دا کەمرەنگ دەبێتەوەو بەم جۆرە ڕێگا بۆ دەست تێوەردانی ئینسانی لە کاروباری نێوخۆیی ئەو وڵاتانەدا خۆش دەبێ.

ئەم باسە زۆر لایەنی دیکەشی هەن‌و دیارە ئاکامی جۆراوجۆری دیکەشی بەدوادا دێن کە دەبنە هۆی ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتی نێونەتەوەیی‌دا کە دەبێ باس‌و گفتوگۆیان لەسەر بکرێ.

### هەندێک زانیاریی زیاتر:

- دەگوترێ کە ئەنارشیزم بەسەر سیستەمی نێونەتەوەیی‌دا زاڵە. ئەنارشی وشەیەکی یۆنانی‌یە کە ڕێشەکەی لە "anarkhos" سەرچاوە دەگرێ‌و بە مانای "بێ‌ڕێبەر" دێت. مەبەست ئەوەیە کە هیچ دەوڵەتێک یان کۆمەڵە دەوڵەتێک کۆنترۆڵ یان دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ئەو سیستەمەدا نیە. هیچ حکوومەتێکی ناوەندی نیە، هیچ دەسەڵاتێکی ناوەندی نیە کە کاروبارەکان هاوئاهەنگ بکات. هیچ دادگایەکی نێونەتەوەیی کە دەسەڵاتی تەواوی بەسەر دەوڵەتەکان‌دا هەبێ نیە. پۆلیسێک نیە کە بتوانێ دەسەڵاتی تەواوی خۆی بەسەر هەموو لایەک‌دا پیادە بکات. بە پێچەوانەوە لەو سیستەمەدا ئاغاو کوێخا بریتین لەو ئەکتەرانەی کە پێیان دەگوترێ "دەوڵەت" کە لە چوارچێوەی سنوورو خاکی وڵاتەکانی خۆیان‌دا ئۆتۆنۆمی واتە خودموختاری‌یان هەیە. بەو مانایەی کە ئەوان لە پەیوەندی لەگەڵ کاروباری نێوخۆیی خۆیان‌دا ئامادە نین وەڵامی هیچ دەسەڵاتێکی بەرزتر یان دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان بدەنەوە.

مافی دەسەڵاتدارەتی نەتەوەیی یان مافی دەسەڵاتدارەتی نیشتمانی مانای ئەوەیە کە دەسەڵاتێکی ناوەندی لە هەر وڵاتێک‌دا هەیە کە لەلایەن دەوڵەتەکانی دیکەوە بەفەرمی دەناسرێ، ئەو دەسەڵاتە ناوەندی‌یە دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو خەڵکی وڵات‌دا بەڕێوە دەباو لەلایەن خەڵکەوە بەفەرمی

وەردەگیرێ. بەڵام ئەوە کە دەوڵەتەکان ئەو دەسەڵاتە ناوەندی‌یە لە باری قانوونی‌یەوە بەفەرمی دەناسن، بە مانای دانپێداهێنانی کارو سیاسەتەکانی کاربەدەستانی ئەو دەوڵەتە لەقەڵەم نادرێ. لەلایەکی دیکەوە لە سیستەمێکی لەو چەشنەدا حکوومەتە دیکتاتۆرو دژی گەلی‌و نەوسیتراوەکانیش بەهەمان ئەندازەی حکوومەتە هەڵبژێراو و دێمۆکراتیکەکان ڕەسمی‌یەتیان هەیە. ئەمەش گیروگرفتێکە. بۆیە بەڕەسمی ناسین بەو مانەیەیە کە دەوڵەتەکان، دەسەڵاتی کاربەدەستانی ئەو وڵاتانە، بە دەسەڵاتێکی ڕەسمی دەزانن. بەڵام ئەوە بە مانای تەییدو بەڕەوا زانینی کارو کردەوەی کاربەدەستانی ئەو وڵاتە لێک نادرێتەوە.

مافی دەسەڵاتدارەتی نیشتمانی هیچ کات ناتوانێ ئازاد و ڕەها بێ. کاتێک دەوڵەتەکان دەچنە چوارچێوەی پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکانەوەو قبووڵو ئیمزایان دەکەن، کەمێک لەو سەربەخۆیی‌یەی خۆیان لەدەست دەدەن. چونکە کاتێک کۆنڤانسیۆن، یان پەیماننامەیەک ئیمزا دەکەن، ئەرکو بەرپرسایەتی‌یان بەرامبەر بەو پەیماننامەو بەرامبەر بە لایەنەکانی دیکەی ئەو پەیماننامەیە دەکەوێتە سەر شان.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا لایەنە ئەرێنییەکانی چوونە نێو پەیماننامەکان لە لایەنە نیگەتیڤەکانی ئەو کارە پڕبایەخترن. کۆمەڵگای نێونەتەوەیی" بەو کۆمەڵە دەوڵەتە دەوترێ کە قازانجو بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیەو پێکەوە بۆ بردنە پێشی قازانجە هاوبەشەکانیان لە ڕێکخراوێک یان چەند ڕێکخراوی نێونەتەوەیی‌دا لە دەوری یەک کۆ دەبنەوەو هاوکاری دەکەن. ئەمە بەجۆرێک پەیوەندی‌یەکانی نێوان دەوڵەتەکان ڕێکوپێک دەکات. واتە لێرەدا لەو ڕێکخراوانەدا دەوڵەتەکان ئەرکو بەرپرسایەتی‌و مافیان بۆ پەیدا دەبن. بەو مانایە کە ئیتر ئەوە هەر دەسەڵات نیە، بەڵکوو مافو دەسەڵاتیش لەو هاوکێشەدا دەبنە فاکتۆرێکی جیددی. هەر بۆیە هەمیشە جۆرێک ناتەبایی لە نێوان مافی دەسەڵاتدارەتی نیشتمانیی دەوڵەتەکان لەلایەکو بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکو بەرپرسایەتی‌یانەی بەهۆی پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکانەوە کە لەلایەکی دیکەوە دەکەوێتە سەر شانیان، هەیە.

ئایا کاتێک دەوڵەتەکان مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن، دەبێ لەو ئیمتیازانە کە یاسای نێونەتەوەیی دەیانداتێ کەڵک وەرگرن؟ بۆ نموونە ئەندام بوون لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان‌دا ئیمتیاز دەداتە دەوڵەتەکان. بەڵام دەوڵەتێک کە مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکا، ئایا دەبێ لەو ئیمتیازاتە کە بەهۆی ئەندام بوونی لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە دەیدرێتێ کەڵک وەرگرێ؟

کاتێک دەوڵەتێک ئامادە نیە بەرپرسایەتی‌یەکانی بەڕێوە بەرێ، ئایا کۆمەڵگای نێونەتەوەیی واتە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان یان ڕێکخراوێکی دیکە حەقی نیە بۆ پێشگیری لە ڕوودانی کارەساتی گەورەی ئینسانی لە هێزی نیزامی کەڵک وەرگرێ؟ ئەوەیە کە پاکانە بۆ دەست تێوەردانی ئینسانی لە کاروباری نێوخۆیی دەوڵەتەکان‌دا دەکات.

## تێرمۆمێتری مافەکانی مرۆڤ لە قوتابخانەکاماندا

**بابەت:** مافەکانی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەمان دا.

**ئامانج:** زانیاریو هۆشـــیاری پەیدا کردن ســـەبارەت بە وەزعی مافەکانـــی مرۆڤ لە ژینگەی نزیکو دەوربەری خۆماندا.

مافەکانی مرۆڤ شـــتێک نین کە تەنیا ئەو کەسانە بگرنەوە کە لە شوێنە جۆراوجۆرە دوورەکانی ئەو دنیـــا پانو بەرینە دان. بەڵکوو ئێمەش دەگرنەوە ئێمەش لە ژیانی ڕۆژانەی خۆماندا لە هەڵســـانو دانیشـــتنمان لەگەڵ کەســـانی دیکەدا، لە شـــوێنی کارو ژیانو بەرێچوونماندا پێویستە ڕێزیان لێ بگرین، وەبەرچاویان بگرینو لە ژێر پێیان نەنێین.

ڕێزگرتن لە مافو ئازادی‌یەکانی کەســـانی دیکەو وەبەرچاو گرتنیان، ئەرکێکی بنەڕەتیی ئێمەیە. پرســـیار ئەوەیە چۆن لە قوتابخانەکەماندا ڕێز لە مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ دەگرین؟ چۆن ژیانیان وەبەر دنێین؟

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

ئەم ڕاهێنانە بەشێوەی تەحقیقو لێکۆڵینەوە دەچێتە پێش. هەر بۆیە پێویستە بەڕێوەبەری قوتابخانەو مامۆســـتایان هەموو ئەوانەی بەجۆرێک لە قوتابخانەدا کار دەکەن کەمو زۆر هاوکاریی قوتابی‌یەکان بکەن. ئامانج ئەوەیە کە پێکەوە ئەو شـــوێنانە لە ژینگەی قوتابخانەدا بدۆزینەوە کە دەکرێ وەزعی مافی مرۆڤ لەوێدا بەرەو باشـــتر بەرین. واتە ئەو لایەنانەی ژیانی قوتابخانە دەســـت نیشان کەین کە لە ڕوانگەی مافی مرۆڤەوە کەموکووڕی‌یان تێدایەو پاشـــان بۆ باشـــتر کردنی ڕەوشـــەکە هەنگاو هەڵگرین.

**کات:** ١ تا ٣ کاتژمێر.

**پێداویستی:** کاغەزو تووشی گەورە، دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێتو کتێبخانە.

## جێبەجێ کردن:

١ـ مامۆستا قوتابی‌یەکان هان دەدات تا لە ڕێگای وەڵامدانەوەی فۆرمێکی پڕ لە پرسیارەوە چۆنیەتیی وەزعی مافی مرۆڤ لە قوتابخانەکەیاندا هەڵسەنگێنن. هەموویان پێویستە بە دیقەتەوە پرسیارەکان بخوێننـــەوە، تێیان بگەنو بزانن کە چەندە لەگەڵ وەزعـــی ژینگەی قوتابخانەکەی ئەواندا دێتەوە. بۆ وەڵامدانەوەی پرســـیارەکان لە ١ تا ٤ دادەنێین. ١ خراپترینو چوار باشترین نمرەیە. (٢٠ تا ٣٠ خولەک).

٢ـ بەشـــێوەی پلێنۆم لە دەوری یەکتر دانیشـــن. یان لەســـەر کاغەزێکی گەورە یان لەســـەر تەختەڕەش، خشـــتەیەک بکێشـــنەوە کە لەیەکەوە تا چوار بگرێتەخۆ. دواتـــر داوا لە قوتابی‌یەکان

بکە پرسیارەکان بخوێننەوەو بەگوێرەی بۆچوونو ئەزموونو زانیاریی خۆیان نمرەی بدەنێ. ڕەنگە هەندێک لە قوتابیەکان ئامادە نەبن لە بەردەم خەڵکی تر لەو بارەوە وەڵام دەنەوە. پێویستە زۆریان لێ نەکەینو هەر وەڵام دانەوەیەک لەو بارەوە دەبێ دڵخوازانە بێ. دەشکرێ داوا لە قوتابیەکان بکەین کە لەسەر کاغەز وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوەو کەسیش ناوی خۆی نەنووسێ. بەم جۆرە هەم وەڵامەکان دراونەتەوەو کەسیش نازانێ کێ چی وەڵام داوەتەوە.

٣ـ پاشان ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکەو دەرەنجامی پرسیارەکان پێکەوە شی کەنەوەو لەوەش زیاتر لە بەر ڕۆشنایی ئەم زانیارییانەی کە لەو لێکۆڵینەوەدا وەدەستمان کەوتوون، بەرنامەیەک بۆ کار دادەنێین تا لایەنە لاوازو خراپەکانی دۆخەکە بەرەو باشی بەرین.

دەکرێ لەسەر ئەو مەسەلانە کار بکەین:

* لە کام بواردا قوتابخانەکەمان و واقعییەتی ژیانی ڕۆژانەمان لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ یەکتر دەگرنەوە؟

* لە کوێدا گیروگرفتی مافی مرۆڤمان لە قوتابخانەدا هەیە؟

* ئایا تۆ یان هاوڕێکانت تا ئێستا بۆ باشتر کردنی ئەم وەزعە هەنگاوتان ناوە؟ بۆ نموونە ئایا تا ئێستا لەو بارەوە پێکەوە قسەتان کردوە؟ مامۆستاتان ئاگادار کردوە؟ شووڕای قوتابیانتان ئاگادار کردوە؟ ئایا قەت لەو بارەوە ڕاپۆرتێکتان نووسیوە؟

* ئایا ئەو پرسیارانەی کە وەڵامتان دانەوە، دەتوانن وێنەیەکی ڕوون لە ڕەوشی قوتابخانەکەتان دەرخەن؟

* دەتوانین بۆ باشتر بوونی دەرەنجامی مافی مرۆڤ لە قوتابخانەکەماندا چ بکەین؟ تۆ دەتوانی چی بکەی؟ هاوڕێکانت دەتوانن چی بکەن؟ پێکەوە بۆ کارێکی لەو چەشنە چیتان پێ دەکرێ؟

* چی بکەین تا لە قوتابخانەکەماندا ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگیردرێ؟

٤ـ بگەڕێنەوە سەر پرسیاری ژمارە ١ ئەو پرسیارە پەیوەندیی بەوە هەیە کە چۆن بەرپرسایەتی قبووڵ بکەینو چۆن بە بەرپرسایەتییەوە هەڵسوکەوتو ڕەفتار بکەین. وەک گرووپێک ئێوە دەتوانن بۆ باشتر بوونی وەزعی مافی مرۆڤ لە قوتابخانەدا چ بکەن؟

* وا باشە هەر گرووپەکە لیستەیەک لەو هەنگاوانە بگرێ کە بۆ باشتر کردنی وەزعی مافی مرۆڤ پێویستە هەڵگیرێن. واتە ئەو کارانەی کە لەو بوارەدا پێویستە بکرێن چن؟ ئیدەو بیرۆکە جۆراوجۆرەکان پێکەوە باس بکەن. پاشان وەک گرووپ بڕیارنامەیەک سەبارەت بەو کارانە کە دەتانەوێ بۆ باشتر کردنی مافەکانی مرۆڤ بیانکەن، ئامادە بکەنو بەشێوەی پلێنۆم پێشکەش بکەن.

فێربووین:

قوتابخانەش کۆمەڵگایەکی بچکۆلانەیە. لەوێشدا ئیمکانی ئەوە هەیە کە مافەکانی مرۆڤ ڕێزیان لێ بگیردرێ یان بخرێنە ژێر پێ. زۆر گرنگە لە قوتابخانەکەماندا دیمۆکراسی پیادە بکەینو ڕێز لە

مافەکانی مـــرۆڤ بگرین. ئەگەر لە ژینگەی قوتابخانەدا وەزعێکی باش بۆ مافەکانی مرۆڤ لە گۆڕێ دابێ، واتە مافەکانی مرۆڤ ڕەچاو بکرێنو ڕێزیان لێ بگیردرێ، هەلومەرجێکی چاکیش بۆ فێربوونو هاوکاریو گەشە کردنو هەڵدانو پەرەسەندن پێک دێ. بۆیە لەسەرمانە مافەکانی مرۆڤ فێر دەبین کە نەک لە داهاتوودا بەڵکوو هەر ئێستاو لێرەدا ڕێزیان لێ بگرینو ڕەچاویان بکەین.

## خشتەی پرسیارەکان:

ئەم پرســـیارانە لەبەر ڕووناکایی کۆنڤانسیۆنی ئۆرووپایی بۆ مافەکانی مرۆڤو ئەو پڕۆتۆکۆلە زیادییانە کە وەک پاشـــکۆی کۆنڤانسیۆنەکە دادەنرێ، ئامادە کراون. پرسیارەکان بە وردی بخوێننەوە. ئایا ئەو پرسیارانە لەگەڵ ڕەوشی قوتابخانەی ئێوە دێنەوە؟

نەخێر ، هەرگیز = ١

بەدەگمەن = ٢

زۆرجار = ٣

بەڵێ، هەمیشە = ٤

## پرسیارەکان:

١ـ قوتابخانەی ئێمە جێگایەکە کە لەوێدا قوتابی‌یەکان لە ئەمنییەتو ئاســـایش دانو پارێزگارییان لێ دەکرێ (بەندەکانی ٣.٢)

٢ـ لە قوتابخانەی ئێمەدا قوتابی‌یەکان بەهۆی شـــێوازی ژیانیان بۆ نموونە بە هۆی ئەو جلانەی کە لە بەری دەکەن، یان بەهۆی ئەو کەســـانەی کە لەگەڵیـــان دەگەڕێن یان ئەو چالاکی‌یانەی لە کاتـــی ئازاددا لـــە دەرەوەی قوتابخانە ئەنجامیان دەدەن، جیاوازی‌یان لەگـــەڵ ناکرێ. (بەندی ١٤: پڕۆتۆکۆلی ١٦)

٣ـ لە قوتابخانەی ئێمەدا ئیمکاناتو شانسو دەرفەتی وەک یەک بۆ هەمووان هەیە. هەموو وەک یەک دەتوانن لەسەرچاوە ماددیو ئینســـانیو تێکۆنۆلۆژی‌یەکانی قوتابخانە کەڵک وەرگرن. (بەندی ١٤و پڕۆتۆکۆلی ١٢)

٤ـ لە قوتابخانەی ئێمەدا هەر چەشنە کارو کردەوەیەک کە ببێتە مایەی جیاوازیدانانو هەڵاواردن لـــە نێوان قوتابی‌یەکانو مامۆســـتاکان‌دا، بە توندی دەکەوێتە بەر ڕەخنـــە. (ماددەکان ٢. ٩. ١٤ لە پڕۆتۆکۆڵی ژمارە ١٢).

٥ـ کاتێک کێشـــەو گیروگرفتمان بۆ ســـاز دەبن، تێدەکۆشین بەشـــێوەیەکی هێمنانەو دوور لە توندوتیژیی چارەسەریان کەین. (ماددەکانی ٢، ٣)

٦ـ ئەگەر پێویست بێ بەهۆی لەژێرپێنانی نەزمو دیسپلینی قوتابخانەوە کەسێک سزا بدرێ، ئەوە

دەبێ ئەو سزایە بە پرۆسەیەکی دروستو یاساییو عادڵانەو بێلایەنdا تێپەڕێو لەو بارەوە نابێ هیچ چەشنە جیاوازیدانانێک هەبێ. (بەندی ٦)

٧ـ کەسێک کە گومانی ئەوەی لێ دەکرێ کارێکی خراپی کردبێ، تا ئەو مەسەلەیە لە ڕێگای پرۆسەیەکی قانوونیو عادڵانەوە ڕوون نەبێتەوە، بە تاوانبار ناناسرێت.

٨ـ ژیانی خسوسی و تایبەتی کەسەکان، ڕێزیان لێدەگیرێ. (بەندی ٨ پرۆتۆکۆلی یەک).

٩ـ لە قوتابخانەی منداڵ خەڵک، قوتابیو مامۆستایان بە هەرچەشنە کولتوورو پێشینەیەکی فەرهەنگییەوە، جێگایان هەیە.

١٠ـ قوتابیانو مامۆستایان لە قوتابخانەی ئێمە دەتوانن بە شێوەیەکی دێمۆکراتیک لە پرۆسەی بڕیاردان دا بەشداری بکەنو شوێن لەسەر سیاسەتگوزاری و بەرنامەکانی قوتابخانە دانێن. (بەندی ٣و ١١ پرۆتۆکۆلی ١)

١١ـ لە قوتابخانەی ئێمەدا، قوتابیان وەختی پێویستیان بۆ کارو لێکۆڵینەوەو فێربوونو ئەنجامدانی دەرسەکانیان لە ئیختیار دایە. ژینگەی کارو خوێندنو فێربوونیان، ژینگەیەکی جێگای ڕەزامەندییە. (بەندی ٤)

١٢ـ لە قوتابخانەکەم دا، بەرپرسایەتیی ئەوەم گرتۆتە ئەستۆ بەجۆرێک هەڵسوکەوت بکەم کە نەبمە مایەی پێشێل کرانی مافو ئازادییەکانی کەسانی دیکە. لەوەش زیاتربۆ دروست کردنی ژینگەیەکی باشو پڕ لە ئەمنییەتو ئاسایش، بە بەرپرسایەتییەوە ڕەفتار دەکەم. (بەندی ١و ٢٩)

ئەگەر وەڵامی هەموو پرسیارەکان ٤ بێت، سەرجەمی نمرەکان دەبێتە ٤٨ کە بە باشترین نمرە دەزانرێ.

**(٥)**

## لێک تێگەیشتنی فرەفەرهەنگی و کولتووری

خەڵکانی سەربە کولتووره سوننەتی‌یەکان دەتوانن لە بەڕێوەبەرێکی نۆروێژی فێر بن کە لەپڕ کۆبوونەوە بەجێ دێڵێ، چونکە دەبێ بەوەخت بگاتە باخچەی ساوایانو منداڵەکانی بێنێتەوە.

کۆمەڵگای فرەکولتووری ئەرێنییە، چونکە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە بۆ فێربوونو گەشە کردن. چونکە ئوقیانووسێکە لە دابو نەریتو ڕوانگەو بیرو باوەڕو عەقیدەو ڕێگا چارەو کاڵاو بەرهەمو ئیمکاناتی جۆراوجۆر کە دەتوانین لەنێویاندا هەڵبژێرین. کۆمەڵگای فرەکولتووری، پوختەو کامڵمان دەکات، بەجۆرێک کە بتوانین باشتر گیروگرفتەکان چارەسەر کەین. بە جۆرێک کە بتوانین لە دەرەوەو لە نێوەوەڕا تەماشای کۆمەڵگاکەمان بکەین.

زۆر گرنگە جارجار لە دەرەوەڕا تەماشای خۆمان بکەین. بەو مانایە کە لە گۆشەنیگایەکی دیکەڕا خۆمان بدەینە بەر ڕووناکایی کامێرا. ئەگەر ئێمە لە جێگای کەسانی دیکە بوایەین، چۆن خۆمانمان هەڵدەسەنگاند؟ چۆن خۆمانمان دەدی؟ ئێمە بڕوامان وایە کە ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە ژیرترو وریاترمان دەکا. ڕەنگە ئەو کارە وامان لێ بکات کە خۆمان باشتر بناسینو زانیاری‌یەکی دروستتر لەسەر خۆمان پەیدا بکەین. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە دەکرێ ببێتە بناخەی تێگەیشتنی زیاتر لە خۆمانو دەرکێکی باشتر لەوە کە بۆچی ئەوە نین کە هەین؟ ئەگەر لە دەرەوەوڕا سەیری خۆمان بکەین، باشتر لەو هۆکارو هەلومەرجانە کە شوێنەواریان لەسەرمان هەیە تێدەگەین. لە وەزعێکی ئاوا دا، ڕەنگە وێنەیەکی ڕوونترو تەواوترمان لە خۆمان وەدەست کەوێ کە جیاواز بێ لەگەڵ ئەو

وێنەی کە پێشـــتر لە خۆمانمان هەبووە؟ ڕەنگە بۆمان دەرکەوێ کە ئێمە هێندەش ئازاد نین وەک ئەوەی بیرمان لێ دەکردەوە؟ لەوەش زیاتر ئەگەر لە گۆشـــەنیگایەکی دیکەوە، لە دەرەوەڕا سەیری خۆمان بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئێمە شـــوێنەواری ئەو بنەماڵە، گەڕەک، شار، وڵاتو کولتوور دینو فەرهەنگمان لەسەرە کە تێیدا دەژین، یا تێیدا گەورە دەبین. ئەگەر بەو جۆرە بیر بکەینەوە، دەگەینە ئەو ئاکامە کە: ئەگەر ئەمن لە جێگایەکی دیکەدا گەورە ببوبام، ئەوە نەدەبووم کە ئێســـتا هەم. ئەودەم لەگەڵ گەڕەکێکی تردا، شـــارێکی تر دا، وڵاتێکی تر دا، فەرهەنگو دینو کولتوورێکی دیکەدا ســـەرو کارم دەبوو، کە هەموو ئەوانە وایان لێ دەکردم ببمە کەســـێکی دیکەی جیاواز لەوە کە ئێســـتا هەم. چونکە ئەودەم هۆکاری دیکە دەبوون کە شوێنەوارو کاریگەرییان لەسەر من دەبوو. بەڵام خۆ مەســـەلەکە هەر بەوەندە تەواو نابێ کە باســـمان کرد. ئەو تێگەیشـــتنە نوێیە لە خۆمان، تواناو ئیمکانی ئەوەمان دەداتێ کە بەجۆرێکی تریش تەماشای کەسانو خەڵکانی دیکە بکەین. واتە زەمینەی ئەوەمان بۆ پێک دێنێ باشتر لە کەسانی دیکەو خەڵکانی دیکە تێ بگەین. لە بارودۆخێکی ئـــاوادا وێنەیەکی ڕوونترو باشتریشـــمان لەوانی تر وەدەســـت دەکەوێ کە جیـــاوازە لەو وێنەی کە پێشـــتر لە زەینی خۆماندا لەوانی ترمان هەبوو. چونکە ئەوانیش شوێنەوارو کاریگەریی ئەو بنەماڵە، گەڕەک، شـــار، وڵات، کولتورو فەرهەنگو مەزهەبو ئایینو خەڵکەیان بەســـەرەوەیە کە لەنێویاندا ژیاونو گەورە بوون. شوێنەواری ئەو ژینگە، خواردن، مووزیک، هونەر، ئەدەبو فۆلکلۆرو زمانو دابو نەریتانەیان بەســـەرەوەیە کە لەگەڵیان گەورە بوونەو بەشـــێک بوون لە ژیانی ڕۆژانەیان. بەو جۆرە دەگەینە ئاکامێکی ترو ئەویش ئەوەیە کە ئێمە مرۆڤەکان هەموومان بەرهەمی ئەو ژینگە سروشتیو فەرهەنگی کۆمەڵایەتین کە لە نێویدا دەژینو گەورە دەبین. ئەو ژینگەی کە دەورەی داوین.

ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە جەوهەری لێک تێگەیشتنی فرە کولتووری پێک دێنێو زانیارییەکی زۆر گرنگو بەکەڵکە. ئاخر ئێمە لەســـەر بناخەی ئەو زانیاریو زانستەوە کە هەمانە، ڕەفتارو هەڵسوکەوت دەکەین. واتە هەر کارو کردەوەیەکی کە دەیکەین، بەجۆرێک ڕەنگدانەوەی ئەو زانیاریو دابو نەریتو فەرهەنگو کولتوورەیە کە شـــکڵیان بە ئێمەو کەســـایەتیی ئێمە داوە. مەبەست لە لێک تێگەیشتنی فرەفەرهەنگـــی ئەوەیـــە کە مەیدانی مانۆڕو هەڵســـوکەوتو ڕەفتارمان بەرینو گـــەورە کەینەوە. ئەو زانیارییە ئامرازێکە توانای ئەوەمان دەداتێ کە باشتر بتوانین خۆمانو دەوروبەرمانو هەلومەرجەکان باشـــتر بناسینو لە ئاکامدا باشـــترو گونجاوتر کارو ڕەفتارو هەڵسەوکەوت بکەین. ڕاستە ئێمە لە ژێر شوێنەواری کولتوورو ژینگەی کۆمەڵایەتی داین، بەڵام لە هەر حاڵدا وەک مرۆڤ ئیمکانی ئەوەشمان هەیە هەلومەرجەکان لێک دەینەوەو ئەڵتەرناتیڤەکان بدۆزینەوەو باشـــترین ئەڵتەرناتیڤ هەڵبژێرین. واتە هەبوونی زانیاریو وشیاریی پێویست لەمەڕ خۆمانو ژینگەو کولتووری خۆمانو ژینگەو کولتووری کەســـانی دیکە، ئازادیی ئەوەمان دەداتێ کە لەنێو ئەڵتەرناتیڤە جۆراوجۆرەکاندا ئەوەیان هەڵبژێرین کە بە دروســـترو گونجاوتـــرو مەعقووڵتری دەزانین. ئاخر ئێمەش هەمیشـــە ئەکتەرێکی کاریگەری

مەیدانەکەین‌و توانای ئەوەمان هەیە شوێن دانێین‌و کاریگەرییمان لەسەر ژینگەو دەوروبەرمان هەبێ.

## مەبەست لە تێگەیشتنی فرەکولتووری چیە؟

مەبەست لە تێگەیشتنی فرەکولتووری بریتی‌یە لە توانای دەرک کردن‌و حاڵی بوون لەو پرۆسیسانەی کە لە کۆمەڵگایەکی فرە فەرهەنگی‌دا لەگۆڕێ دان. وەدەست هێنان‌و فێربوونی لێوەشاوەیی‌یەکی لەو چەشـــنەو توانایەکی لەو جۆرە دەبێتە هۆی گەشەســـەندنی هەموو لایەنەی ئێمە وەک مرۆڤ. ئاخر کاتێک زانیاری‌و لێوەشـــاوەیی‌یەکی لەو جۆرە لە خۆمان‌دا پەرە پـــێ دەدەین، تواناما‌ن بۆ پێوەندی گرتن‌و هەڵســـووڕان‌و ڕەفتار کردن لە کۆمەڵگایەکی فرەفەرهەنگی‌دا دەچێتە ســـەر. لە ســـەرەتای ئەو بەشـــەدا کۆمەڵگای فرەکولتووری پێناســـە دەکەین. پاشـــان زاراوەکانی کولتوورو ناسنامە لێک دەدەینەوە. ئەوانە هەندێک دیاردەی ئاڵۆزن کە شوێنەوارێکی زۆریان لەسەر ئێمە هەیە.

هەموو مرۆڤەکان خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیانن. خەســـڵەتی تایبـــەت بەخۆیان هەن‌و خاوەنی ئەزمـــوون‌و تاقیکردنەوەی تایبەتین. لەوەش زیاتر هەموو مرۆڤەکان بەجۆرێک بە هەندێک شـــوێن‌و ژینگەو کۆمەڵگاوە گرێ دراون کە جۆرێک پێگەو هەوییەتیان پێ دەبەخشـــێ. بەوحاڵەش زۆر جار وا ڕێک دەکەوێ کەســـانێک کە یەک پێشینەی کولتوری‌و فەرهەنگی‌یان هەیە، زۆر لێک جیاوازن. لە هەمان کات‌دا جاری واشە کەسانێک لە دوو کولتووری جیاوازن، بەڵام زۆر شتی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە. واتە زۆر وێک دەچن. ئەوە کە خەڵکانێک بە کولتوورو فەرهەنگی جیاوازەوە لە پەنای یەک دەژین، زۆر جار وەک کێشە دەبینرێ. بەڵام ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە کە جیاوازی‌یەکان، ژیان جوانترو دەوڵەمەندتر دەکەن. بۆیـــە زۆر گرنگە بزانین جیاوازی‌یە کولتووری‌یەکان چن؟ لە چی پێک دێن‌و چۆن کار دەکەن‌و چۆن شوێن لەسەر ئێمە دادەنێن؟ ڕاستە جاری وایە ئەو جیاوازی‌یانە چ بۆ تاک‌و چ بۆ کۆمەڵ وەک گیروگرفت دێنە بەر چاو، بەڵام ئەوە لە ئەســـڵی کولتوورەکان‌و جیاوازی‌یەکانی نێوانیانەوە سەرچاوە ناگرێ، بەڵکوو لەو وێنەو تێگەیشتنانەوە کە ئێمە لە پێش‌دا لە زەینی خۆمان‌دا لە وان‌و پەیڕەوانی کولتوورەکانی دیکەوە ســـازمان کردوون، ســـەرچاوە دەگـــرێ. ئەو گیروگرفتانە لەوەوە ســـەرچاوە دەگرن کە ناتوانین بە شـــێوەیەکی دروســـت کار تێکردنی کولتوورەکان لەگەڵ یەکتر تێبگەین، جیاوازیەکانیان ببینن و وەک خۆیان تەماشـــایان کەین‌و هەڵســـوکوتی گونجاویان لەگەڵ بکەین. پرســـیار ئەوەیە کە چۆن دەتوانین بەشـــێوەیەکی باش لـــە جیاوازی‌یە کولتووری‌و فەرهەنگی‌یەکان تێبگەین‌و ئیدارەیان بکەین؟

## کۆمەڵگای فرەکولتووری

پەرەســـەندنی مرۆڤایەتی لەو فرەکولتووری، فرە ئایینی‌و داب‌و نەریتە جۆراوجۆرانەدا خۆی نیشـــان دەدا کە کۆمەڵگای هاوچەرخیان پێ دەناســـرێتەوە. جوغرافیا، سەرچاوە سروشتی‌یەکان، ئاو و هەوا،

کۆچ کردنی خەڵک، دەسەڵاتی سیاسی، ئایینو زۆر فاکتۆری دیکە لەسەر پەرەسەندنی کولتوورو فەرهەنگەکان شوێنەواری کاریگەرو چارەنووس‌سازیان هەیە. زۆر زەحمەتە بزانین کە چەند کولتوور لەسەر ڕووی ئەم زەوی‌یە هەن. چونکە ئەوە پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە چۆن زاراوەی کولتوور پێناسە دەکەین، ئەگەر زمان بکەینە بناخەی تێگەیشتنی خۆمان لە کولتوورو فەرهەنگ، دەتوانین بڵێین کە نزیکەی ٥٠٠٠ کولتووری جۆراوجۆرمان هەن .

جا ئەگەر ئەو کولتوورانە بەسەر سەرجەمی دەوڵەتەکانی ئەمڕۆی دنیادا دابەش دەکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە زۆربەی وڵاتەکان فرەکولتووریین.

تایبەتمەندی‌یەکانی کۆمەڵگایەکی فرەکولتووری چن؟ گرینگترین تایبەتمەندیی کۆمەڵگای فرەکولتووری بریتی‌یە لەوەی کە کولتوورو فەرەهەنگە جۆراوجۆرەکان لەوێدا پێکەوە دەژین. واتە پەیڕەوانی کولتوورو فەرهەنگە جۆراوجۆرەکان پێکەوەو لە پەنای یەکدا لەگەڵ یەکتر دەژین. لە کۆمەڵگایەکی لەو چەشنەدا بارودۆخێکی فرەفەرهەنگی پێک دێ. بەو مانایە کە خەڵک بە کولتوورو فەرهەنگێ جیاجیاوە، پێکەوە ژیان بەسەر دەبەن. کە واتە ئەگەر بمانەوێ کۆمەڵگای فرەکولتووری پێناسە بکەین دەبێ بڵێین: کۆمەڵگای فرەکولتووری کۆمەڵگایەکە کە لەوێدا کولتووری جۆراوجۆر، هەلومەرجو بارودۆخی فرەکولتووری‌و خەڵکانی فرەکولتوورو فرەفەرهەنگ هەن.

ئێستا لە چاو ڕابردوو زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگاکانی جیهان فرەکولتوورین. ئەمەش بە یەکێک لە ئاکامەکانی بەجیهانی بوونو ئەو ئاڵوگۆڕە خێرایانە دادەنرێ کە لەم ساڵانەی دوایی‌دا ڕوویان داوە. دەگوترێ کە دنیای دەوروبەرمان لە چاو جاران زۆر زۆر نزیک بۆتەوە. پەرە گرتنی تێکنۆلۆژی‌یەکانی پەیوەندی گرتنو ئاڵوگۆڕی زانیاری، سیمایەکی تازەیان بە کۆمەڵگا بەخشیوەو شوێنەوارێکی بەرچاویان لەسەر ژیان داناوە. دنیا بۆتە گوندێکی بچکۆلە. واقعییەتەکان بەخێرایی دەگۆڕدرێن. ڕۆژانە هەواڵی ڕووداوە دوورو نزیکەکانمان پێ‌دەگەنو شوێنەوارمان لەسەر دادەنێن. لەوەش زیاتر وەزعێک پێک هاتوە کە بە ئاسانی‌و زۆر بە خێرایی ئیدەو بیرو باوەڕو کارلێکەری‌یە فەرهەنگی‌و کولتووری‌یەکان، کاڵاو پووڵ، هێزی کارو بەرهەمە جۆراجۆرە سەنعەتی‌و پیشەسازی‌یەکان، لەنێوان وڵاتەکان‌دا دێنو دڕۆنو دەستاودەست دەکرێن. خەڵک زۆر لە ڕابردوو زیاتر سەفەر دەکەن، دەگەڕێنو شوێنی ژیانو کاریان دەگۆڕن. سەد ساڵ لەمەوبەر خەڵکێکی زۆر کەم دەیانتوانی لە شاری خۆیان بچنە دەرەوە. سەفەرو سەردانی وڵاتانی دیکە شتێک بوو کە تەنیاو تەنیا دەوڵەمەندەکانو دەستڕۆیشتووەکان لەدەستیان دەهات. کەچی ئەمڕۆ ئێمە زۆر سەفەر دەکەین. زۆر دەگەڕێینو زیاتریش بۆ شوێنە دوورەکانی سەر ڕووی زەوی دەڕۆین. هۆیەکەی ئەوەیە کە بەدوای کاردا دەگەڕێین. تێدەکۆشین ژیانێکی باشتر بۆ خۆمان وەدەست بێنین. بەڵام لایەنێکی دیکەی ئەوەش ئەوەیە کە دەمانەوێ دنیا ببینین شتی تازە تاقی کەینەوە، بەسەرهاتی جۆراوجۆر ئەزموون بکەینو شارەزایی لەسەر ژیانو گوزەرانو کولتوورو فەرهەنگی خەڵکانی دیکە وەدەست بێنین. هەر کاتێک سەفەر دەکەین، بە تاقیکردنەوەو

ئەزموونی زۆرترو شارەزایی باشترەوە دەگەڕێینەوە. زۆر کەسی واش هەن ناچارن کۆچ بکەن. بڕۆن‌و شـــوێنی ژیان‌و زێدی باب‌و باپیرانیان بەجێ بێڵن. ئەوانە لەدەســـت شەڕو کێشەو ئاژاوەو کارەساتە نەخوازراوەکان ڕادەکەن. یان بە هۆی هەژاری‌و وەک وتمان بە ئومیدی باشتر کردنی وەزعی ژیان‌و گوزەرانیان دەچنە شـــوێنی دیکە. ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان لەچاو ڕابردوو پتر فرەکولتووری‌و فرەفەرهەنگی بێنە بەرچاو. وەزعێک هاتۆتە پێش کە لە زۆربەی کۆمەڵگاکان دا، ئێستا خەڵک بە پێشینەی جیاوازەوە، بە زمان‌و فەرهەنگی جیاوازەوە، بە ئیتنیسیتەی جیاوازەوە، بە هەوییەتـــی میللیی جیاوازەوە لە پەنا یەکدا دەژین. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوە کە فرەکولتووری ببێتە بابەتێکی گرنگی جێگای باس‌و لێدوان.

ئەمـــە کـــەمو زۆر لە هەموو وڵاتە جۆراوجۆرەکان‌دا ڕاســـتە. بەو پێیـــە دەتوانین بڵێین کە ئیتر ئێســـتا فرەکولتووری لە زۆربەی هەرە زۆری دنیادا بۆتە ڕاســـتی‌یەکی جێ‌کەوتووو حاشـــاهەڵنەگر. ڕاستی‌یەکەشی ئەوەیە کە فرەکولتووری‌و فرەفەرهەنگی دەبێتە مایەی دەوڵەمەندی‌و گەشەسەندنی باشـــترو خێراتر. دیتن‌و کار کردن‌و ڕەفتارو هەڵســـان‌و دانیشـــتن لەگەڵ خەڵکانێک بە پێشـــینەی کولتووری جیاوازەوە، دەبێتە هۆی بەرینتر بوونەوەی گۆشەنیگاو دنیای ڕوانینمان.

کاتێـــک خەڵکانێک بە کولتـــووری جیاوازەوە پێکەوە کار دەکەن‌و لـــە پەنا یەک دەژین، ئیدەو بیروبۆچوونـــە جیاجیاکانیـــان لەگەڵ یەک دەگۆڕنەوە، ئیلهام لە یەکتر وەردەگرن‌و باشـــتر دەتوانن گیروگرفتەکان چارەســـەر کەن. ئەمەش دەبێتە هۆی پەرەســـەندنی ئابووری، فەرهەنگی، فەلسەفی، سیاســـی‌و هونـــەری‌و تێکنۆلۆژیی زیاتـــرو خێراتر. لـــە کۆمەڵگایەکی فرەکولتووری‌دا ئێمە باشـــتر دەکرێینەوە، لەگەڵ داب‌و نەریتی خەڵکانی تر ئاشـــنا دەبین، لە گۆشـــەنیگای دیکەوە دنیاو دیاردەو مەسەلەکان دەبینین، دەســـتمان بە خواردن‌و خواردنەوەی جۆراوجۆر، جلوبەرگی جۆراوجۆر، فیلم‌و کاســـێت‌و شـــێوازی جۆراوجۆری ژیان ڕادەگا. هەروەها هەبوونی ڕوانگـــەو دین‌و مەزهەب‌و عەقیدە جۆراوجۆرەکان لە پەنا یەک، جۆرێک پلۆرالیزمی فەرهەنگی پێک دێنن‌و دەبنە مایەی ڕەنگاوڕەنگیی زۆرتر لە کۆمەڵ‌دا. زۆر نموونەی زیندوومان هەن کە ئەوە نیشان دەدەن. پێکەوە بوونی کولتوورەکان، تێکەڵاوبوونی فەرهەنگەکان، دەبێتە هۆی پێشـــکەوتنی خێراتری ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و تکنۆلۆژی‌و ژیانێکـــی دەوڵەمەندتـــری فەرهەنگی مان بۆ پێک دێنێ. ڕاســـتی‌یەکەی ئەوەیـــە کە ئەو دنیایەی ئەمـــڕۆ دەیبینین، ئاکامی پەرەســـەندنی فرەکولتووری‌یە. ئەگەر فرەکولتـــووری نەبوایە، ئاوا جوان‌و دەوڵەمەند نەدەبـــوو. بەڵام کۆمەڵگایەکی فرە کولتووری گیروگرفتی تایبەت بە خۆشـــی هەن. زۆر جـــار ئاڵوگۆڕەکان هێندە خێراتر ڕوو دەدەن کە بەزەحمەت دەکرێ تێیان بگەین یان ســـەریان لێ دەرکەین. هەندێک کەس ئەو ئاڵوگۆڕە خێرایانە بە هەڕەشە لەسەر خۆیان، کۆمەڵگای خۆیان‌و تەنانەت لەســـەر وڵاتەکەیان دەزانن. نەبوونی زانیاریی پێویست لەسەر کولتوورە جیاجیاکان، تێنەگەیشتن لە ڕووداوەکان‌و ئاڵوگـــۆڕە خێـــراکان، حاڵی نەبوون لە هۆکارەکانی کۆچ کردنـــی خەڵک‌و گیروگرفتی

جۆراوجۆر لەسەر ڕێگای پرۆسەی چوونە پێشی خەڵکانی تازە هاتوو بۆ وڵاتێک دەبنە هۆی ئەوە کە شـــوێنکەوتوانی ئەو کولتووره جیاوازانە بەزەحمەت بتوانن پێکەوە پەیوەندی بگرنو قســـە بکەن. لە بارودۆخێکی ئاوادا خەڵک بە گومانەوە تەماشای "ئەوانی تر" دەکەن. بەدبینیو ترسو خۆف لە یەکتر لەنێویاندا دەکەوێتەوە. بەڵام پێویستە بزانین کە ئەو ئاڵوگۆڕو کێشانە لە هەر ڕادەو قەبارەیەک دابن، دەبێ بە باشـــترین شێوە ئیدارە بکرێن. یەک شـــت ڕوونە: ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان، ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵ، ڕەوتی چوونە پێشـــی مرۆڤایەتی ئەوەمان بۆ دەردەخـــەن کە فرەکولتووریو فرەفەرهەنگی بۆتە دیاردەیەکی هاوچەرخو تا دێ پتر پەرە دەگرێو گەڕانەوەشـــی بۆ نیە. بۆیە نە جینۆســـاید، نە قەتڵوعام، نە پاکسازیو پاکتاو کردنی نەتەوەییو قەومیو ئایینیو مەزهەبی، نە کۆچی زۆرەملی، نە کیمیابارانو ئەنفالو سووتاندنی ڕەزو باغو بێستانو وێران کردنی گوندو شارو شارۆچکەکان، ناتوانن پێش بەو ڕەوتە بگرن. مێژوو نیشانی داوە کە ئەو سیاسەتو ستراتیژیانە کە دەوڵەتەکان بۆ سەرکوتی خەڵکانو فەرهەنگەکانی دیکە کەڵکیان لێ وەردەگرن، ســـەرەنجام تێکدەشـــکێن. کەواتە بۆ پێکەوە ژیانێکی بە ئاشـــتییانەو بۆ دابین کردنی ژیانێکی باشـــترو عادڵانەتر بۆ پەیڕەوانی هەموو کولتوورو فەرهەنگە جۆراوجۆرەکان پێویستە ڕێگاچارە ئەرێنیو باشەکان هەڵبژێرینو لەگەڵ ئەو ڕێگاچارانەش کە ســـەرکوتو زەبروزەنگ بەکار دەبەن، خەبات بکەین. بۆ مەبەســـتێکی لەو چەشنە پێویستیمان بە زانیاری، هۆشـــیاریو دیالۆگو هونەرەکانی وتووێژو ئیدارە کردنی کێشەکان هەیە. ئەوە زانیاریو وشیارییە کە بۆ هەموومان بەکەڵکەو یارمەتیمان دەدا لە کۆمەڵگای خۆمانو لەو دنیا پانو بەرینەدا کە ئێستا بۆتە گوندێکی چکۆڵە باشتر هەڵسووڕێینو چاکتر بژین.

## کولتوور

ئێمە لە ڕێگای چەمکەکانەوە دیاردەو ڕووداوەکان وەســـفو پێناســـە دەکەین. کولتوور یەکێک لەو کۆنسێپتانەیە کە بەزەحمەت دەتوانین مانایەکی ڕوونو دیاریکراوی بۆ دەست نیشان کەین. چونکە کولتـــوورو فەرهەنگ نێوەرۆکێکی زۆر دەگرێتەخۆو زۆر شـــتو زۆر لایەنی ژیان دەگرێتەوە. ئەگەر بمانەوێ بە شـــێوەیەکی زۆر ســـادە کولتوور پیناســـە بکەین، دەبێ بڵێین کە: "کولتوور ئەو شـــتە هاوبەشانەن کە کۆمەڵە کەسێک لەگەڵ یەک کۆ دەکەنەوەو لە هەمان کاتدا ئەو کۆمەڵە کەسانەش لە کۆمەڵە کەسانێکی دیکە جیا دەکەنەوە". ٣١

ئەو پێناســـەیە هیچ شتێک سەبارەت بە نێوەرۆکی وشـــەی کولتوور بەدەستەوە نادات. هەروەها ئەوەش ڕوون ناکاتەوە کە ئەو شـــتە هاوبەشـــانە کە ئەو کۆمەڵە خەڵکەیان پێکەوە کۆ کردوونەتەوە، چۆن پەیدا بوون. هەر بۆیە بە مەبەســـتی تێگەیشتنی باشتر لە نێوەرۆکی ئەو زاراوەیە، تێدەکۆشین لە گۆشـــەنیگای جۆراوجۆرەوە وتەی کولتـــوور بخەینە بەر باسو لێکۆڵینەوە. هەندێک کەس دەڵێن کولتوور بریتیە لە شـــتێک کە هی خەڵکێکی تایبەتییەو ســـنووری فیزیکی هەنو لە ڕابردووداو لە

پڕۆسەیەکی درێژخایەن‌دا دروست بووە. ٣٢

ئەگەر بمانەوێ نموونەیەک بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو پێناسـەیە لە کولتوور بێنینەوە، ئەو شـتەی کە پێـی دەگوترێ کولتووری نەتەوەیـی، یارمەتیمان دەدا وەک کولتووری سـوئێدی، کولتووری نۆروێژی، کولتووری سـۆمالی، کولتووری ئەمریکاییو هتـد. نۆروێژی‌یەکان لەبەر ئەوەی پێکەوە لە ژینگەو شوێنێکی تایبەتی‌دا دەژینو مێژوویەکی هاوبەشی زۆریان لەسەر ئەو خاکە هەیە و خاوەنی فەرهەنگو دابو نەریتو کولتوورێکی هاوبەشن کە لە پرۆسەیەکی دوورودرێژدا بۆیان پێک هاتووە. بەگوێـرەی ئـەو بۆچوونە، کولتوور جۆرە مۆدێلێکە کە ئێمە وەک تاک لە نێو زەین وبیری خۆمان‌دا هەمانـە کە لە ڕێگای ئـەوەوە چۆنیەتیی پێشـهاتەکانی دەوروبەر و حەقیقەتـەکان دەبینین. ئەو مۆدێلە بریتی‌یە لە هەندێک ڕێسـاو یاساو ڕێوشوێنی نەنووسراو کە بە هۆی ئەوانەوە هەڵسوکەوتو ڕەفتارەکانمان ڕێک دەخەین، هەڵسـانو دانیشـتنەکانمان دیاری دەکەینو چاکو خراپ لێک جیا دەکەینەوە. ئەو ڕێووشـوێنو یاساو ڕێسـایانە کە نێوەرۆکی ئەو مۆدێلە پێک دێنن، هەروا ئاسان لە زەینو بیری ئێمەدا جێ ناگرن. مرۆڤ تەنیا ئەو کاتە دەتوانێ ئەو یاساو ڕێسایانە فێر بێو وەدەستیان بێنێو لەگەڵیان ئاشنا بێ کە وەک ئەندام لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا بژی. هەربۆیە Øyvind Dahl کە یەکێک لە بەناوبانگترین شـارەزاکانی بواری کولتوورە دەڵێ: "کولتوور بریتی‌یە لەو کۆدو ڕەمزە جۆراوجۆرانەی کە ئێمە لە پشتی سەری خۆمان‌دا هەڵمان گرتوون".٣٣

بـۆ نموونـە دەکرێ باس لە کۆدو ڕەمـزە نۆروێژی‌یەکان بکەین. ئەوە ئـەو کۆدو ڕەمزانەن کە نۆروێژی‌یـەکان لە ڕێگای ئەوانەوە شـێوە ژیانو هەڵسـانو دانیشـتن وچۆنیەتیـی دابو نەریتە نۆروێژی‌یەکانـی لەگـەڵ یەکتر پێ بەیان دەکەنو هەمووشـیان لێیان حاڵـی دەبن. بەڵام ئەگەر کەسـێک لە دەرەوەڕا بێتە نێویان سـەر لەو کۆدو ڕەمزانە دەرناکاتو هـەر بۆیەش لە فەرهەنگو کولتـووری نۆرێژی تێ ناگا. ئاخر ئەو کەسـە تازە هاتووە ئـەو کلیلەی پێ نیە کە بتوانێ ئەو کۆدو ڕەمزانە بکاتەوە کە نۆروێژی‌یەکان بۆ پێکەوە ژیان بەکاریان دێنن. هەر بەو جۆرە کە نۆروێژی‌یەکان کـۆدو ڕەمزی تایبەت بـە خۆیان بۆ پێکەوە ژیـان هەن، گەلانو خەڵـکانو نەتەوەکانی دیکەش کـۆدو ڕەمزو کلیلی کولتووری تایبـەت بەخۆیان هەن. بەگوێرەی ئەو بۆچوونـە، کولتوورەکان لە نەتەوەیەکـەوە بۆ نەتەوەیەکی دیکـە، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، جیـاوازن. بۆ نموونە لە نۆروێژ تـەڵاق وەرگرتنو جیابوونەوەو لەگـەڵ یەکتر ژیانی ژنو پیاو بێ ئەوەی بەڕەسـمی زەماوەندیان کردبێ، شـتێکی زۆر سروشتین. کەچی ئەو دیاردەیە لە سۆماڵی، ڤیتنامو زۆر شوێنی دیکەدا وەک دیاردەیەکی ناسروشـتی دێتـە بەرچاو. کە واتە لەنێوان کولتوورەکان‌دا لـە نێوان "ئێمەو ئەوان"دا هەمیشە تا ڕادەیەک جیاوازیی فەرهەنگی هەیە.

ئـەوە کە دەگوتـرێ کولتوور بریتی‌یە لـەو کۆدو ڕەمزانەی کە لە پشـتی سـەری خۆمان‌دا هەڵمانگرتـوون، ئەوە دەگەیەنێ کە ئێمە وەک تاک ئەو کـۆدو ڕەمزانەمان هەنو بەکاریان دێنین.

واتە خاوەنی ڕێفێرانسـەیەکی فەرهەنگـیو کولتووری تایبەتین. لەبەر ڕووناکایی ئەو پێناسـەیەی سـەرەوەدا دەتوانین بڵێین کاتێک مرۆڤەکان بەیەکتر دەگەن، ئەوە کولتوورەکانن کە پێک دەگەن. دەشزانین کە کولتوور بریتی‌یە لەو کۆدو ڕەمزو ڕێساو یاساو ڕێوشوێنە جۆراوجۆرانەی کە لە زەین‌و پشـتی سـەری خۆمان‌دا هەڵمان گرتوون. کە واتە کاتێک کە مرۆڤەکان بەیەک دەگەن، ئەوە ئەو کۆدو ڕەمزو ڕێوشـوێنە جۆراوجۆرانەن کە پێک دەگەن. کاتێک نۆرێژی‌یەکان بۆ پشووی هاوینی یا زستانی لە نۆرویژ دەڕۆنە دەر، ئەوە ئەو کۆدو ڕەمزانە لەگەڵ خۆیان دەبەن کە لە پشتی سەریانەوەو لـە زەینیان‌دا جێگیر بوون. واتە کـۆدو ڕەمزە نۆرویژی‌یەکان دەگەڵ خۆیـان دەبەنە دەرەوە. هەر بۆیە کاتێک تووشـی خەڵکی دیکەی غەیرە نۆرویژی دەبن، لەجیاتی سێ جار ڕوومەتی یەکتر ماچ دەکەن، بەدەست سڵاویان لێ دەکەن. ئەو قسەیە بۆ خەڵکانی دیکەش هەر ڕاستە. ئێمە هەموومان بارگەی کولتووریمان لەسەرەو بەرهەمی ئەو فەرهەنگ‌و کولتوورەین کە لەنێوی‌دا گەورە بووین. هەر بۆیە کاتێک تووشی کەسانی دیکەی سەر بە کولتوورەکانی دیکە دەبین، ئاگاهانە یان نائاگاهانە لەو کۆدو ڕەمزانە کەڵک وردەگرین کە پێمانن. بەکورتی ئێمە هەمووومان، هەڵگری کولتوورو فەرهەنگین. ئەو جۆرە تێگەیشـتنە لە زاراوەی کولتوور، مانای زاراوەی وردەکولتووریشـمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. وردە کولتوور بریتی‌یە لەو ڕێسـاو یاسـاو ڕێوشـوێن‌و بایەخ‌و نرخە جۆراوجۆرانـەی کە بۆ کۆمەڵە خەڵکێکی تایبەتی تر هاوبەشـن. واتە وردە کولتـوورەکان لەنێو کولتورە گەورەکان‌دا خاوەنی کۆدو ڕەمزو کلیلی تایبەتیتر بەخۆیانن کە لە ڕێگای ئەوانەوە باشـترو چاکتر لێک تێک دەگەن‌و ئاسـانتر پێکـەوە دەحاوێنـەوە. ئەگەر بمانەوێ نموونەیەک بۆ وردە کولتـوورەکان بێنینەوە دەکرێ باس لە کولتووری لاوان، یا کولتـووری ناوچەیەکی تایبەتی وەک خەڵکی کەنار دەریا، یان خەڵکانی ناوچە شـاخاوی‌یەکان یان خەڵکانی گوندنشـین بکەین. کە واتە مەبەسـت لە وردە کولتوور بریتی‌یە لە گروپێکی بچکۆڵەتر لە نێو گروپێکی گەورەدا، یان بریتی‌یە لەو کولتورەی کە سنوورەکانی ئاشکراترو ڕوونتر دیارن‌و خاوەنی تایبەتمەندی‌یەکی زەق‌و بەرچاوە کە پێی دەناسـرێتەوە. لەبەر ڕۆشنایی ئەو باسـانەی سـەرەوەدا دەتوانین بڵێین کە مرۆڤ دەتوانێ لە یەک کات‌دا سـەر بە چەند کولتووری جیاواز بێ. ئێمە وەک هاووڵاتی لە هەر وڵاتێک‌دا بژین، پەیڕەوی کولتووری نەتەوەیی ئەو وڵاتەین. لەهەمان کاتیش‌دا بەگوێرەی ژیان‌و پێگەی کۆمەڵایەتی‌و شـوێنی ژیان‌و کارو ئیشـمان سـەر بە کولتوورە ناوچەییەکان جۆراوجۆرەکانیشـین. بەڵام لە هەندێک هەلومەرجی تایبەتی‌دا یەکێک لەو کولتوورانەمان چالاکترو زەقتر خۆی نیشـان دەدا، یان دەبێتە فەرهەنگی سەرەکی‌و ئەوانی دیکەش دەکەونە دواترەوە. وەک کەسێک کە حەزت لە فوتباڵە، تۆ بە لایەنگری تیپێکی تایبەتی دەناسرێیت. بەڵام ڕۆژی دواتر لەسەر کار، لە قوتابخانەدا مامۆستایت. جاری وایە لە ڕێگای ئەو کولتوورانەوە خۆت پیناسە دەکەی، یا خۆت دەناسێنی. جاری واشە ئەو کولتوورانە پێگەو مەوقعییەتت دیاری دەکەن. بۆ نموونە دەکرێ "کورد"، "موسوڵمان،" "مامۆستا"، "دهۆکی"و هتد بیت. دابەش کردنی مرۆڤەکان بە

سەر تایبەتمەندی‌یە هاوبەشەکان‌دا، شێوەو مێتۆدێکە بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە دنیاو لێک تێگەیشتنی باشتری مرۆڤەکان لە یەکتری. کە واتە مرۆڤەکان لە یەک کات‌دا دەتوانن سەر بە چەند کولتووری جۆراوجــۆر بن. پێشــتر وتمان کە کولتوور بریتی‌یە لەو کۆدو ڕەمــزو کلیلانەی کە لە زەین‌و بیری خۆمان‌دا هەڵمانگرتوون‌و لە ڕێگای ئەوانەوە دەوروبەری خۆمان دەخوێنینەوە. بەڵام دەبێ بزانین ئەو کۆدو ڕەمزانە هەمیشەیی‌و نەگۆڕ نین. ئەوان لە هەڵسان‌و دانیشتن لەگەڵ کەسانی دیکەی سەر بە کولتووره جۆراوجــۆرەکان‌دا دەگۆڕێن‌و جیگای خۆیان بە کۆدو ڕەمزی تازەتر دەدەن. پێکەوە ژیان، پێکەوە کار کردن، پێکەوە هەســتان‌و دانیشــتن‌و ژیان لە پەنا یەک‌و قسەو گفتوگۆ لەگەڵ یەکتر، دەبنە ســەرچاوەی فێر بوون‌و ئاڵوگۆڕ پێک هاتن لەو کۆدو ڕەمزانەدا. کە واتە کولتوور دیاردەیەکی دینامیکی‌یەو هەمیشە لە حاڵی ئاڵوگۆڕ دایە.

## دینامیکی بوونی کولتوور

تــا ڕادەیەکــی زۆر دەگوتــرێ کە کولتــوور بەو شــتە دەڵێن کە مرۆڤــەکان هەیانــە. بەڵام ئەو ئاڵوگــۆڕە خێرایانەی کە لــە ئاکامی بەجیهانی بوون‌دا هاتوونەتە کایــەوە، بوونەتە هۆی خێرابوونی گۆڕانکاری‌یەکان‌و پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە هەمو شــتێک‌دا، ئەوە کولتووریش دەگرێتەوە. ئیدی کولتوور بە شــتێکی سنووردارو نەگۆڕو دەق‌گرتوو دانانرێ. بەپێچەوانەوە دەگوترێ کە کولتوورەکان لە حاڵی گــۆڕان‌و ئاڵوگۆڕی بەردەوام‌و خێرا دان. ئەو شــتەی کە ئێمە بە کولتــووری نۆرویژی یان کوردیی دەزانین بەردەوام شــتی تازەی پێوە زیاد دەبێ. شــتی تازە لە کولتوورو فەرهەنگە جۆراوجۆرەکانی دیکەی دنیاو دەوروبەری خۆیان وەردەگرن‌و بەم جۆرە ئاڵوگۆڕیان بەســەردا دێ. ئەو کولتوورانەش وەک هەر کولتوورێکی دیکە لەژێر شوێنەواری میدیا، زانستو تکنۆلۆژی، بازرگانی، بازاڕ، خوێندن‌و پەروەردەو فێربوون، گلۆبالیزاســیۆن، ئەدەب‌و هونەر، فیلم‌و ســینەما، ئەنتەرنێت، مۆدو ...دا لەحاڵی ئاڵوگــۆڕ دان. بەو جۆرە ئەو پێناســەی کــە Thomas Hylland Ereksen بۆ کولتــووری دەکات، تا ڕادەیەکــی زۆر مانــاو نێوەرۆکی کولتوورمان بــۆ ڕوون دەکاتەوە، ناوبراو دەڵــێ: “کولتوور بەو ماناو تێگەیشتنە هاوبەشانە دەگوترێ کە لە نێوان مرۆڤەکان‌دا هەن‌و لە ئاکامی کارو هەڵسوکەوت کردنی ئەوان لەگەڵ یەکتری‌دا، جار لەگەڵ جار جێگیر دەبن‌و هەر بە هۆی ئەو شــوێنەوار لەسەر یەکتری دانانەشەوە، ئاڵوگۆڕیان تێدا پێک دێ.“٣٤

کــە واتە ئێمە ناتوانین مرۆڤەکان بخەینە نێو چوارچێوەیەکی کولتووری دیاریکراو و پێمان وابێ کــە ئەوان تەنیا دەبێ هەر لەو چوارچێوەیــەدا ببینرێن. چونکە کولتوور دیاردەیەکی دینامیکی‌یە و هەمیشــە لە ئاکامی هەڵســوکەوت‌و شوێنەواردانانی مرۆڤەکان لەســەر یەکتر، ئاڵوگۆڕی تێدا پێک دێ. لە ڕێگای پەیوەندی گرتن‌و یەکتر دیتن‌و هەڵســان‌و دانیشــتن لەگەڵ یەکتر، ئەزموونی تازەو تاقیکردنەوەی تازەمان دەســت دەکەوێ‌و بارگەو ڕەمزو کۆدی کولتووریی دیکە وەدەست دەخەین.

کە واتە کولتوور بریتی‌یە لە هەموو ئەو شـــتانەی کە پێکەوە پەیوەندی بگرن‌و هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکتر بکەن. ئەو جۆرە تێگەیشـــتنە لە زاراوەی کولتوور تواناو زەرفییەتی ئەوەمان دەداتێ کە باشتر لە دیاردەکان‌و ڕووداوەکانی دەوروبەرمان تێبگەین.

## ناسنامەو شوناس و چۆنیەتیی دروست بوونی

کاتێک کار لەســـەر تێگەیشـــتنی فرەکولتوری دەکەین، دەبێ ناســـنامەو چۆنیەتیی دروست بوونی ناســـنامە بخەینە بەر باس‌و لێکۆڵینەوە. ئەگەر زانیاری‌و وشـــیاری‌یەکی باشـــمان لەســـەر خۆمان‌و سەبارەت بە خۆمان هەبێ، باشتریش دەتوانین لە کەسان‌و خەڵکانی دیکە تێ بگەین. ئاخر کەسێک خۆی نەناسێ ناتوانێ خەڵکی دیکەش بناسێ. من کێم؟ ژنم، تەمەنم ۳۵ ساڵە، دایکی سێ منداڵم، زۆر مەزهەبی نیم. مۆسیقارم، لە دەنگداندا دەنگ بە چەپەکان دەدەم. کوردو زۆر شتی تریش. ئەگەر لە کەســـانی دیکەش دەپرســـی کە من کێم، ڕەنگە ئەوان من بەجۆرێکـــی دیکە ببینن. بەو جۆرە ناسنامەو شوناس و بریتی‌یە لەوەی کە یەکێک چۆن خۆی پێناسە دەکاو چۆن خۆی دەبینێ. بەڵام لەوەش زیاتر ئەوەش گرنگە کە داخوا کەسانی دیکەش ئەتۆ ئاوا وەردەگرن یان نا؟ ئایا ئەوانیش تۆ بەو شـــێوەیە دەبینن کە بۆخۆت خۆتی پێ پێناســـە دەکەی. کە واتە دەتوانین بڵێین کە هەوییەت یان ناسنامە ئەو شتەیە کە پێناسە دەدات بە مرۆڤەکان‌و دەبێتە هۆی دروستبونی جیاوازی لە نێوان ئەوان‌و کەسانی دیکەدا.

ناسنامەی ئێمە زۆر لایەنی هەن‌و لە ئاکامی کار لێک کردنی زۆر فاکتوردا دروست دەبێ. لێرەدا تەنیا باس لە گرینگترینی ئەو فاکتۆرانە دەکەین کە لە شکڵ پێدانی هەوییەتی ئێمەدا ڕۆڵیان هەیە. لە کام دایک‌و باوک لەدایک بووین؟ لە چ هەلومەرج‌و بارودۆخێک‌دا گەورە بووینە؟ جینەکان‌و بۆماوە ویراسییەکان کە لەدایک‌و باوکمانەوە بۆمان هاتوون، تایبەتمەندی‌یە فیزیکی‌یەکانی ئێمە وەک ئەوە کە ڕەنگی چاومان شینە یان قاوەیی، کوڕین یان کچ، دەستنیشان دەکەن. ئایا حەزمان لە وەرزشە یان لە باس‌و بابەتە تیئۆری‌یەکان؟ ئەوەش بەجۆرێک هەر پەیوەندیی بە هەوییەتی ئێمەوە هەیە.

پێویستە بگوترێ کە کولتوور لە شکڵ پێدان‌و دروست کردنی ناسنامەی ئێمەدا ڕۆڵێکی گرینگ دەبینێ. ئەوە کە دەگوترێ مرۆڤەکان خاوەنی هەندێک کۆدو ڕەمزن کە لە پشـــتی ســـەری خۆیان‌و لە نێو زەینیان‌دا هەڵیانگرتوون، مانای ئەوەیە کە ئێمە لە ژێر شـــوێنەوارو کاریگەریی ئەو کولتوورە داین کە لە نێوی‌دا دەژین. ئەو زمانەی قسەی پێ دەکەین، لە ڕێگای دایک‌و باوک، قوتابخانەو ئەو کۆمەڵگا گەورەیەوە فێری بووین کە دەورەی داوین. ئایا لە ئەمریکا لەدایک بووم یان لە کوردستان؟ لە سوودان دەژیم یان لە چین؟ سەر بە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندم یان هەژار؟ ئایا لە کۆمەڵدا سەر بە زۆرایەتییم یان بە کەمایەتی؟ ئایا لەو کۆمەڵگایە کە من دەژیم یەک یان چەند ئایینی سەرەکی تێدان؟ ئایا بنەماڵەکەی من مەزهەبین یان نا؟ ئەوانە هەموو کاریگەری‌یان لەســـەر دروســـت بوونی

ناســـنامەی من هەیە. ئەفریقاییەکان دەڵێن تۆ چۆن لەســـەر منو ســـەبارەت بە من بیر دەکەیەوە، چۆنم دەبینی، چۆن هەڵسوکەوتو ڕەفتارم لەگەڵ دەکەی، چۆن گوێم لێ دەگری، من دەبمە ئەوە. لە مێژە زاناکان لەســـەر ئەوە کارو لێکۆڵینەوە دەکەن کە ئێمە وەک مرۆڤ تا چ ڕادەیەک بەرهەمی ئـــەو ژینگەیەین کە تێیدا گـــەورە بووین؟ تا چە ڕادەیەک بەرهەمی ئـــەو بۆماوانەین کە لەدایکو باوکمانەوە بۆمان هاتوون؟ تا چ ڕادەیەک بەرهەمی ئەو ئەزموونو تاقیکردنەوەو هەوڵو کۆششانەین کە بۆخۆمان هەڵمان بژاردوون؟ تا چ ڕادەیەک بەرهەمی کارو کردەوەکانی خۆمانین؟ ئەوە بابەتێکی گرنـــگو پڕبایەخە کە دەبێ کارو لێکۆڵینەوەی زۆرتری لەســـەر بکـــرێ. "من" لە کوێ کۆتاییم پێ دێو "ئێمە" لە کوێ دەســـت پێ دەکا؟ بەهۆی پەیوەندی گرتن لەگەڵ کەســـانی دیکەوە شکڵ بە کەســـایەتیی یەکتر دەدەین. زۆرن کە دەڵێن ناتوانین بە تەنیا باس لە "من" بکەین کە ســـەربەخۆ بـــێو هیچ پەیوەندیی‌یەکـــی بە ئەوانی دیکەوە نەبێ. چونکە مرۆڤ وەک تـــاک تەنیا لە نێو کۆمەڵ داو لە پەیوەندی لەگەڵ کەســـانی دیکە دروســـت دەبێو پێ دەگا. لەخۆڕا نیە کە Martin Buber ی فەیلەســـووف دەڵێ: "هەموو شـــتێک لە پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکانەوە دەســـتی پێ کردوە". کە واتە دەتوانین بڵێین کە ناســـنامەو هەوییەتی مرۆڤەکان بریتی‌یە لە بەرهەمی ئەو بۆماوەو جینانەی کـــە لەدایـــکو باوکمانەوە بۆمان هاتوون، ئەو ژینگەی تێیدا دەژینو ئـــەو کارو کردەوەو ئەزموونو تاقیکردنەوانەی کە خۆمان لە پرۆســـەی ژیانو کارو هەڵدانو گەشە کردن‌دا وەدەستیان دێنین. لەو هاوکێشـــەدا زۆر فاکتۆر هەن کە ئێمە کۆنترۆڵمان بەســـەریان‌دا نیە، بەڵام مەیدانێکی زۆریشمان بۆ بڕیاردانو هەڵبژاردن هەیە.

ئایـــا لە گروپێکی شـــانۆیی‌دا کار دەکەم یان تۆپێن دەکەم؟ ئایـــا دەبمە میکانیک یان دوکتۆر؟ دەچمـــە نێو پارتی یـــان یەکیەتی و... دەچمە نێو چ پارتێکەوە؟ ئایا شوناســـی ڕەگەزی خۆم وەک هۆمۆسیکسۆل ئاشکرا دەکەم یان بۆ تەریک نەکەوتنەوە دەیشارمەوە؟ ئایا شکو گومانەکانم سەبارەت بە دینو مەزهەبم دەرەوێنمەوە یان نا؟ لە شاری دەژیم یان لە گوندی؟ لەگەڵ ئەحمەدی زەماوەند دەکەم یان لەگەڵ کنووت؟ لە هەموو ئەو مەســـەلانەدا ئێمە بەگوێرەی ئەو نرخانە بڕیار دەدەین کە بۆ ئێمە گرنگو پڕبایەخن.

لە کۆمەڵگادا زۆر جار کەســـانێک دەبینین کە بە پێچەوانەی ڕووبارەکە مەلە دەکەن. واتە ڕێگاو مێتۆدو شـــێوە نائاســـاییو ناباوەکان دەگرنە بەر. بۆیە زۆر لەوان لەلایـــەن بنەماڵەو لەلایەن ژینگەو ناوەندە مەزهەبی‌یەکانەوە لەگەڵ کەندو کۆســـپو بەرهەڵســـت بـــەرەوڕوو دەبن. بەڵام بەو حاڵەش ئازایەتیو دلێری لە خۆیان نیشان دەدەنو بەو ڕێگایەدا دەڕۆنە پێش کە خۆیان هەڵیانبژاردوە. ئەگەر تۆ کێشەیەکی جیددیت لەگەڵ دایکو باوکت‌دا بۆ بێتە پێش، ناتوانی پەیوەندیی بیۆلۆژیکیی خۆت لەگەڵ وان ببچڕی. بەڵام دەتوانی ئەوە هەڵبژێری کە لە باری کۆمەڵایەتی‌یەوە سەروکارت لەگەڵیان نەبێو خۆتیان دوور لێ بگری.

لە کاتی بڕیاردانو هەڵبژاردن‌دا یەک شت زۆر گرنگە ئەویش ئەوەیە کە دەبێ بەرانبەر ئەو بڕیارو هەڵبژاردن‌و کارو کردەوانەی کە ئەنجامیان دەدەین بەرپرسایەتی قبووڵ بکەین. ناسنامەی ئێمە وەک مرۆڤ بەرهەمی بۆماوەکان، ژینگەو ئەو کارو کردەوانەیە کە خۆمان ئەنجامیان دەدەین. هەر بۆیە زۆر گرنگە باس لەو فاکتۆرانە بکەین کە لە دروست کردنی ئەو ناسنامەیەدا کاریگەرن. گرنگ نیە کە لەسەر ئەوە بە کۆدەنگی بگەین کە کام فاکتۆر لەوانە دەوری سەرەکیی لە دروست بوونی شوناس و ناسنامەی ئێمەدا هەیە. گرنگ ئەوەیە کە بزانین‌و بۆمان دەرکەوێ چ فاکتۆرگەلێک لەسەر گەشەو دروست بوون‌و هەڵدانی ئێمە وەک مرۆڤ کاریگەرن‌و چۆن دەبینە مرۆڤو بۆچی جیاوازیمان لەگەڵ یەکتردا هەیە. وەک وتمان لەو پرۆسەیەدا، گەلێک فاکتۆرو هۆکار ڕۆڵ دەگێرن. Thomas Hylland Eriksen باس لە گرینگترینی ئەو فاکتۆرانە کە لە دروست بوون‌و شکڵ پێدانی ناسنامەی مرۆڤدا کارتێکەری دەکاتو بەم جۆرە ناویان دەبا. جنسیەت، زمان، زێدو شوێنی ژیان، پەیوەندی‌یە خزمایەتی‌یەکان، نەتەوە، ئیتنیسیتە، بنەماڵە، تەمەن، خوێندن، فەردیەتو ئیندیڤیدیۆلیتەت، سیاسەت، شێوازی ژیان، دین‌و مەزهەبو چینی کۆمەڵایەتی. سەرەڕای هەموو ئەوانە ئەزموون‌و بەسەرهاتو تاقیکردنەوەکانی خۆمان لە پرۆسەی ژیان‌و هەڵدان‌و گەشە کردن‌دا نەخشێکی کاریگەر لەو بوارەدا دەبینن. لەبەر ئەوەی ئەو هەموو فاکتۆرو هۆکارانە لە شکڵ پێدانی ناسنامەی ئێمەدا وەک مرۆڤ نەخشیان هەیە، ئێمە لە یەکتر جیاوازین. تەنانەت ناتوانین دوو کەسیش پەیدا کەین کە سیفاتو تایبەتمەندی‌و ئەزموون‌و تاقیکردنەوەی وەک یەکیان هەبێ. هەر بۆیە لە ڕاستی‌دا هەرکام لە ئێمە وەک مرۆڤ تاکێکی ئاڵۆزو بێ‌وێنەو تاقانەین‌و هیچ کەسێک ناتوانێ جێگامان بگرێتەوە. لەبەر ڕووناکایی ئەو باسەی سەرەوەدا دەگەینە ئەو ئاکامە کە ئەگەر بێین‌و تەنیا تەکیە لەسەر لایەنێکی کەسایەتی‌و ناسنامەی کەسێک پێ داگرین‌و لایەنەکانی دیکەی وەبەرچاو نەگرین، تووشی هەڵە دەبین. بۆیە کاتێک کە خەڵک دەستە دەستەو کاتەگۆریزە دەکەین، ڕەنگە تووشی هەڵەیەکی لەو چەشنە بین. دابەش کردنی خەڵک بەسەر دەستەو تاقمی جۆراوجۆردا بەگوێرەی تایبەتمەندی‌یە هاوبەشەکانیان، خۆی لە خۆی‌دا هەڵە نیە. بەپێچەوانەوە ئەو کارە شتێکی سروشتیەو لەو ڕێگایەوە دەکرێ باشتر خەڵک لەگەڵ دنیای دەوروبەری خۆیان سەروکاریان هەبێ. بەڵام پێویستە بە زانیاری‌و وشیاری‌یەکی تەواوەوە خەڵک بەو جۆرە دابەش کەین. چونکە ڕەنگە دابەش کردنێکی ئاوا بێ وشیاری‌و زانیاری پێویست، ئاکامی زۆر نیگەتیڤی بۆ تاکو بۆ کۆمەڵگا لێ بکەوێتەوە. وەک وتمان شوناس و ناسنامەی مرۆڤ زۆر لایەنی جۆراوجۆری هەن. بۆیە دروست نیە تەنیا لایەنێکی ئەو ناسنامەیەی زەق کەینەوەو باقی خەسڵەت و تایبەتمەندی‌یەکانی ئەو کەسە بخەینە پشت گوێ. ئەوەش گیروگرفت دروست دەکات کە بمانەوێ تایبەتمەندی‌یەک لە کەسێک‌دا زەق کەینەوە کە پەیوەندی‌یەکی بەو مەسەلەیەوە نیە کە ئێمە بەدوای‌دا دەگەڕێین. بۆ نموونە کەسێکی ئەندازیار داوای کار لە کۆمپانیایەک دەکا، هیچ پێویست نیە لەوە بپرسین کە چ دین‌و مەزهەبێکی هەیەو

ڕەنگی پێســـتو قژی چۆنە. لە هەندێک هەلومەرجی تایبەتی‌دا زەق کردەنەوەو پێداگرتن لەســـەر هەندێک تایبەتمەندی لە مرۆڤەکان دەبێتە هۆی جیاوازیدانان‌و هەڵاواردن. "ســـەرڕەش"، "پەنابەر"، "هۆمۆســـیکۆئێل"، "موسوڵمان"، "جوولەکە"، "مەســـیحی"و زۆر تایبەتمەندیی دیکە، ئەگەر بێجێ زەق بکرێتەوەو لە شوێن‌و پەیوەندی‌یەکی نەگونجاودا پێیان لەسەر داگیرێ، ئاکامی نیگەتیڤیان لێ دەکەوێتەوە. بۆ نموونە کاتێک میدیاکان لە ئۆرووپا هەواڵی جینایەتێک بڵاو دەکەنەوەو ڕادەگەیەنن کە کابرای قاتڵ موسوڵمانە، بەجۆرێک هەموو موسوڵمانەکان دەکەنە شەریکی ئەو جینایەتە. گومانی تێـــدا نیە کە ئـــەوەش دەبێتە هۆی خولقاندنی هەســـتێکی ناخۆش لەلای ئەو موســـوڵمانانەی کە گوێیان لەو هەواڵە دەبێ. لەوەش زیاتر بڵاو کردنەوەی ئەو هەواڵە بەو جۆرە رقو بێزاریی خەڵکیش بە دژی هەموو موســـوڵمانان پێک دێنێ. ئەوە لە کاتێک دایـــە میدیاکان دەتوانن بەجۆرێکی دیکە قاتڵەکە بناســـێنن کە تەنیا وەک خۆی بکەوێتە بەر ڕووناکایی بیروڕاوی گشـــتی. بۆیە جاری وایە دانـــان‌و دابەش کردنی مرۆڤەکان لە گروپ‌و دەســـتەو تاقمە جۆراوجۆرەکان‌دا دەبێتە هۆی ونبوونی تاکەکان وەک مرۆڤ. وەک کەســـایەتی‌یەکی ســـەربەخۆو خاوەن خدسڵەت و شوناسی تایبەتی. جا ئەگەر بەشـــێوەیەکی کراوەتر ڕەفتار بکەین‌و مرۆڤەکان وەک خۆیان‌و بە ناسنامەو هەویەتی تایبەت بە خۆیانەوە ببینین‌و هەڵســـوکەوتیان لەگـــەڵ بکەین، وێنەیەکی ڕوونتـــرو تەواوترو جوانترمان لە حەقیقەت‌و ڕاستی‌یەکان دەست دەکەوێ. بۆیە نابێ لایەنێکی کەسایەتی‌و ناسنامەی کەسێک لەسەر حیسابی لایەنەکانی دیکەی کەسایەتەیی‌و هەویەتی ئەو کەسە بەشێوەیەکی نیگەتیڤ زەق کەینەوە. ئەو کارە هەڵەیە. وێنەیەکی دروستمان لە ڕاستی‌یەکان ناداتێ‌و تووشی هەڵوێستێکی هەڵەمان دەکا.

## ناسنامەو ژینگەی کۆمەڵایەتی

بەگوێرەی ئەو وەزعو بـــارودۆخو ژینگەیە کە مرۆڤەکان تێی دان، یان بەنێوی‌دا تێدەپەڕن لایەنێک لە لایەنەکانی ناســـنامەی ئەوان زەق دەبێتەوەو ڕۆڵی سەرەکی بەخۆوە دەگرێ‌و چالاک دەبێ. واتە ئەو ژینگە کۆمەڵایەتی‌یەی کە تێی داین بڕیار لەســـەر ئەوە دەدا کە کام لایەنی ناســـنامەی ئێمە لەو هەلومەرجەدا دەبێتە لایەنی سەرەکی. ئاخر بەپێی ئەو هەلومەرجە کە تێی داین، ئەو لایەنە لە هەوییەتـــی ئێمە چالاک دەبێ کە لەگەڵ ئـــەو هەلومەرجە دێتەوە. لە ماڵەوە دایکین یان باوک، لە ســـەر کار مامۆستاین، پەرســـتارین، کرێکارین، بەڕێوەبەرین، وەزیرین، پۆلیسین، قازیین، هاوکارین. دوای تەواوبوونـــی ئیش لە کاتـــی تێپەڕاندنی وەختی ئازادمان‌دا وەرزشـــکار یان هاوڕێ یان خزم‌و دۆستین. بە واتایەکی تر ئەو پێگەیەی کە تێی داین لایەنی سەرەکیی ناسنامەی ئێمە دەستنیشان دەکات. لە لایەکی دیکەشـــەوە هەندێک لایەنی ناسنامەو شـــوناس مرۆڤ لە هیچ هەلومەرجێک‌دا ناگۆڕدرێن. ژن لە هەر بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی‌و لە هەر هەلومەرجێکی‌دا بێ هەر ژنە.  پیاویش هەر بەو چەشـــنە.هەر بەو جۆرە تەمەن، لە هەر بارودۆخێک‌دا بین، تەمەنمان هەر ئەوەیە کە هەیە، کە

چی لایەنەکانی دیکەی ناسنامەی ئێمە بەگوێرەی ئەو کۆنتێکستە کۆمەڵایەتی‌یە دەگۆڕدرێن کە لە نێوی داین. ئەگەر منداڵێک لە دایکو باوکێکی کورد لە نۆرویژ لەدایک بێ، ئەوە بەبێ ئەوەی بۆخۆی بیهەوێ سەر بە کەمایەتی‌یە. هەر بەو جۆرە ئەگەر منداڵێک لە دایکو باوکێکی نۆرویژی لەدایک بێ بێ ئەوەی بۆخۆی هەڵیبژاردبێ سەر بە زۆرایەتی‌یە، ژیانی ڕۆژانەی ئەو دوو منداڵە لە نۆرویژ، ئەو ناسنامەیەی ئەوان تەئیدو بەهێز دەکات. بێ وەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەو منداڵە کوردە چەندە لە نۆرویژ ژیاوە، لە هەر هەلومەرجێکدا هەر وەک کەسێکی سەر بە کەمایەتی سەیری دەکرێ. بەڵام تەنانەت ئەو واقعییەتەش بەگوێرەی ئەو ژینگەیەی کە ئەو منداڵانە تێی دان دەگۆڕدرێ. ئەگەر ئەو منداڵە کوردە بە سەفەر لەگەڵ بنەماڵەکەی بچێتەوە کوردستان، لەوێ لە ژینگەیەکدا کە هەمووی کوردن، دەبێتە کەسێکی سەر بە زۆرایەتی. هەر بەو جۆرە ئەو منداڵەش کە لەدایکو باوکێکی نۆرویژی لە دایک بووە، ئەگەر لەگەڵ دایکو باوکی بۆ پشووی هاوینی بچێتە وڵاتێکی دیکە کە ژمارەی نۆوریژی‌یەکان لەوێ کەمە، دەبێتە کەسێکی سەر بە کەمایەتی. کە واتە هەندێک لایەنی ناسنامەی ئێمە بەگوێرەی ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی‌یانەی کە تێیان داین ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێ. جاری وایە کە دەچینە نێو هەلومەرجێکی تازەی کۆمەڵایەتی، یان ژینگەیەکی نوێی کۆمەڵایەتی، هەندێک لایەنی ناسنامەی ئێمە زەق دەبنەوە کە پێشتر بۆخۆشمان ئاگاداری‌یەکی زۆر کەممان لەسەر ئەوان هەبووە. چەند ساڵ لەمەوبەر دووژنی نۆرویژی دەچنە چینو لەوێ سەردانی چەند گوندی دوورەپەرێز دەکەن. خەڵکی ئەو گوندانە ئەو ژنانە بە لووتدرێژ ناو دەبەن. ئاخر ئەو خەڵکانە بۆخۆیان هەموویان لوت کورتن. بۆیە کاتێک دەچینە نێو کەسانێک کە زۆر جیاوازن، ئەو لایەنەی ناسنامەی ئێمە کە پێچەوانەی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتی‌یە زەق دێتە بەرچاو. جاری وایە ئەوە شتێکی ئەرێنیە. بەڵام جاری واشە ئەوە ئاکامی نیگەتیڤی بەدواوەیە. بەڵام ئێمە دەکرێ بچینە ئەو ژینگە کۆمەڵایەتیانە کە لەگەڵ ئێمە باشتر دێنەوەو هەستی ناخۆشمان تێدا دروست ناکەن. ڕوونە کە ئەو دوو ژنە نۆرویژی‌یە بەو ئەزموونەوە کە لەو گوندانە هەیانە، جارێکی تر ڕوو لەوێ ناکەنەوە. بەو حاڵەش جاری واشە ناتوانین خۆ لە هەندێک ژینگەی کۆمەڵایەتی نەدەینو نەچینە نێویان، تەنانەت ئەگەر هەستی ناخۆشیشمان تێدا دروست کەنو ئاکامی نیگەتیڤیشیان بۆ ئێمە لێ بکەوێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر لە شوێنی کار یان لە قوتابخانەدا، ئەزیەتیش بکرێین، ناتوانین واز لە کار یان لە قوتابخانە بێنین، بەڵام کاتێک دەبینین کە ئەو ئەزیەتو ئازارە زۆرەو ناتوانین تەحەممولی کەین، دەکرێ شوێنی کارو قوتابخانەکەمان بگۆڕین.

کەسێکی ئاوارەش ئاوارەیی هەڵنەبژاردوە. ئەو بەهۆی ئەو هەلومەرجە سەختو دژوارە کە لە وڵاتەکەیدا هەیە، ناچار بووە ئاوارە بێ هەر بۆیە کە دێتە نۆرویژ ئاوارەیی تەنانەت ئەگەر نەشیهەوێ، دەبێتە لایەنی هەرە زەقی ناسنامەی ئەو. چونکە زۆرایەتیی کۆمەڵ بەو جۆرە تەماشای دەکەن. جارێک قوتابی‌یەکی خەڵکی بۆسنی لە قوتابخانەدا لێی دەپرسن کە چەند ساڵە ئاوارەیە. ئەو دەڵێ

نیوەی تەواوی تەمەنی خۆمم لە نۆرویژ بردۆتە سەر مەگەر چەند ساڵ دەبێ لێرە بم تا ئاوارە سەیر نەکرێم؟ ئەگەر ئەو کوڕە بگەڕێتەوە بۆسنیاش لەوێش وەک بۆسنی‌یەکی ئەسڵ سەیر ناکرێ، چونکە بەشێک لە ناسنامەی ناوبراو نۆروێژی‌یە. جاری وایە هەندێک سیفاتو تایبەتمەندیت لە لایەن کەسانی دیکەوە دەدرێتێ کە تەنانەت ئەگەر ئەرێنییش بن، بۆ تۆ دڵخواز نین. بۆ نموونە ئەگەر خەڵک بە"کچە زیرەکەکە" ناوت بەرن یان وەک کەسێک کە "هیچ هەڵەو کەموکووڕی‌یەکی تێدا نەبێ" پێناسەت بکەن، هێشتاش هەر بۆت ناخۆشە. ئەو تایبەتمەندی‌یانە تەنانەت ئەگەر ئەرێنییش بن، چوارچێوەو مەیدانت بۆ دیاری دەکەن. ئەوەش بۆخۆی جۆرێک سنووردار کردنی تۆیە.

بەو جۆرە بۆمان دەردەکەوێ کە لە کۆمەڵگا فرەکولتووری‌یە هاوچەرخەکانی ئەمڕۆدا مەسەلەی هەوییەتو ناسنامە، بەشێکی زۆر گرنگ بەحیساب دێ. هەبوونی زانیاری لەسەر ناسنامەو ئاگادار بوون لەسەر چۆنیەتیی کارکردنی ناسنامە لە هەلومەرجە جۆراوجۆرەکان‌دا، نەک هەر بۆ دۆزینەوەو ناسینی خۆمان لە هەلومەرجە جۆراوجۆرەکان‌دا، بەڵکوو بۆ تێگەیشتن لە کەسانی سەر بە کولتوورو فەرهەنگەکانی دیکەش زۆر پێویستە. هەر کاتێک تووشی کەسانێک دەبین کە بە شێوەیەکی جیا لە ئێمە هەڵسوکەوتو ڕەفتار دەکەن، یان بەجۆرێکی جیا لە ئێمە بیر دەکەنەوە، پێویستە تێبگەین کە ئەوان کولتوورێکی دیکەیان هەیە. واتە بۆ تێگەیشتن لەو جیاوازیانە، پێویستە پەنا بۆ کولتوور بەرین. لە پەیوەندی لەگەڵ ناسنامەش‌دا، وتمان کە ناسنامە لایەنی جۆراوجۆری هەن‌و زۆر فاکتۆر لە شکڵ پێدان‌و دروست بوونی‌دا ڕۆڵیان هەیە. بەڵام ئەو کارو کردەوەو ئەزموون‌و تاقیکردنەوانەی کە مرۆڤ لە پرۆسەی ژیانی‌دا ئەنجامیان دەدا، لە دروست کردنی ناسنامەی ئەودا ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕن. لەگەڵە ئەوەش کە مرۆڤەکان خاوەنی ئەزموون‌و تاقیکردنەوەو ژینگەو پرۆسەی جۆراوجۆری هەڵدان‌و گەشە کردنن، تەنانەت ئەگەر یەک پێشینەی کولتووریشمان هەبێ، لە یەکتر جیاوازین. جاری واشە کەسانی سەر بە یەک کولتوور، زۆر لێک جیاوازن‌و کەسانی سەر بە دوو کولتووری جیاوازیش زۆر شتی هاوبەش پێکەوە کۆیان دەکەنەوە. چالاکێکی مافی مرۆڤ لە نۆرویژ، خاڵی هاوبەشی لەگەڵ چالاکێکی مافی مرۆڤ لە کوردستان‌دا زۆرترن تا لەگەڵ کەسێکی ماسیگر لە نۆرویژ. بۆیە پێویستە بزانین کە کاتێک مرۆڤەکان دەگەنە یەک ئەوە ئەوان وەک تاک دەگەنە یەک نەک وەک کولتور. واتە هەمیشە مرۆڤەکانن پێک دەگەن نەک کولتوورەکان.

## ئاوارەکان‌و چۆنیەتیی دروست بوونی ناسنامە

بە هەزاران نۆروێژی پێشینەی دیکەیان هەیەو لە دەرەوەڕا کۆچیان بۆ ئەو وڵاتە کردوە. لەبەر ئەوەی ئەوان پێشینەی دیکەیان هەیەو ڕەگیان لە هەندێک کولتووری دیکە دایە، دەگوترێ کە ناسنامەی ئەوان شتێکی تێکەڵاوە. ئەو خەڵکە کە لە سەرتاسەری دنیاڕا هاتوونەتە نۆرویژ، هەربۆیەش جۆراوجۆرن. هەندێک لەوان نەخوێندەوارن. هەندێکیان لە گوندەکان‌ڕا هاتوون. هەندێکیان خەڵکی

شـــارن‌و هەڵگری بڕوانامەی خوێندی بەرزن. کەســـانی وایان تێدایە لە وڵاتەکانی خۆیان‌دا لە پلەی هەرە بەرزی کارو پێگەی کۆمەڵایەتی‌دا بوون.

ئەوە کە مرۆڤ ســـەروکاری لەگەڵ چەند کولتووری جیا جیادا هەبێ، شـــتێکی باش‌و پڕبایەخە. لە حاڵەتێکی ئاوادا، دنیای ڕوانینی مرۆڤ مەزنترە، مەیدانی بیرکردنەوەی زۆرترەو گۆشـــەنیگایەکی ڕوونترو بەرینتری هەیە. هەندێک لەوانە لەو فرەکولتووری‌یە کەڵکی زۆر باش وەردەگرن‌و تێکەڵاوێک دروســـت دەکەن کە یارمتیان دەدا بەباشی لە نێوان ژینگە جیاوازە کولتووری‌و کۆمەڵایەتی‌یەکان‌دا هاتوچۆ بکەن‌و هیچ گیروگرفتێکیشیان نەیەتە سەر ڕێ. بەڵام ڕەنگە ئەوە بۆ هەموو کەس وا نەبێ. هەندێک کەس هەن ژیانێکی لەو چەشنە بۆیان دەبێتە مایەی گیروگرفت. واتە ئەو پێشینەیەی کە وەک خەڵکی غەیرە نۆروێژی‌و کۆچ کردوو هەیانە، وەک بەشـــێک لە ناســـنامەکەیان دەبێتە مایەی دەردە سەری بۆیان.

زۆرن ئەو ئاوارەو پەنابەرانەی کە هەست دەکەن ناسنامەیان لەو وڵاتە تازەدا کە تێی‌دا نیشتەجێ بوون، تووشـــی کەمڕەنگ بوونەوە دەبێ. ئەوان هەســـت دەکەن لە وڵاتەکانی خۆیان‌دا باشتر بەسەر ژیـــان‌و کاروباری ڕۆژانەدا زاڵ بوون. بەو مانایە کە لەوێ باشـــتر دەیانتوانی هەڵســـووڕێن‌و خۆیان‌و بنەماڵەکانیـــان بەڕێوە بـــەرن. مەوقعییەتی ئەوان لەوێ لە پەیوەندی لەگەڵ ماڵ، هاوســـەر، خزم‌و کەس‌و کار، دۆســـت‌و هاوڕێ، کار و هتددا بەهێز بوو، کە چی لێرە وا نیە. ئیتر ئەو پێگەیە نامێنێ. ئێســـتا لێرە لە دنیایەکی تەواو بێگانە دایە کە دەبێ ســـەر لەنوێ کەشـــف بکرێتەوە. پێویستە سەر لەنوێ جارێکی دیکە فێربیەوەو لەگەڵ دەوروبەرت ئاشنا بی. زۆر لەو غروورو شانازی‌یەی کە مرۆڤ هەیەتی، جاری وایە ون دەبێ. کەســـێک کە هەموو تەمەنی کاری کردوەو بە ئارەقی ڕەنجی شـــانی خۆی ژیانی خۆی‌و بنەماڵەکەی دابین کردوە، ئیستا ناچارە دەبێ بۆ وەرگرتنی یارمەتی‌و دابین بوونی پێداویستی‌یە ســـەرەتایی‌یەکانی ژیان بچێتە بەر دەرگای ئۆرگانە دەوڵەتی‌یە پەیوەندی‌دارەکان. زۆر کەس هەست دەکەن کە لەم وڵاتە تازەدا تواناو لێوەشاوەیی‌و شارەزاییەکانیان بۆ ژیان‌و هەڵسووڕان لـــە کۆمەڵ‌دا تا ڕادەیەکی زۆر، کـــەم بوونەتەوە. ئاخر ئەو کۆدو ڕەمزە جۆراوجۆرانەی کە بۆ ژیان لە کۆمـــەڵ‌دا لە کۆمەڵگاکەی پێشـــوویان‌دا فێریان ببوون لێرە ئیتر بەکەڵـــک نایەن. واتە ڕەمزو کۆدە کۆمەڵایەتی‌یەکانی ڕابردوو لەو کۆمەڵگا تازەیەدا کاریان پێ ناکرێ. ئاخر سەخت‌و دژوارە سەرلەنوێ دەســـت پێ بکەیەوە بۆ ئەوەی ببیەوە بە بەشێک لە کۆمەڵگا. زۆر شت دەبێ سەر لەنوێ فێر بیەوە. هەر چەند مرۆڤ هەموو تواناکانی خۆشی بۆ فێربوونی زمانی ئەو کۆمەڵگا تازە دەکار بکا، هێشتاش ئەگەر تەمەنی لەســـەرێ بێ، یان فێری نابێ یان وەک پێویست فێری نابێ. بەڵام یەک شت ڕوونە ئەگەر کەســـێک بتوانێ لەو کۆمەڵگا تازەدا زمان بەباشـــی فێر بێ ئەوە هیچ گیروگرفتێکی دیکەی گەورەی بۆ ژیان‌و کار کردن لەبەر دەم‌دا نامێنێ. واتە زمان کلیلی چوونە نێو ئەو کۆمەڵگا تازەیەیە.

هەروەها پەنابەر یا ئاوارە دێلێمای دیکەشی لەسەر ڕێ دان. لەسەر بناخەی کام نرخو بایەخ؟ بە

کام پێوانە هەڵوێستو ڕەفتارو هەڵسانو دانیشتنەکانی خۆی لە پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەری‌دا ڕێک بخــات؟ ئایا نرخو بایەخەکانی رابردووی خۆی بکاتە پێوانــە؟ یان ئەو نرخو بایەخانەی لەو کۆمەڵگا تازەدا هەن؟ جاری وایە ئەو دوانە ڕاســت لە بەرامبەر یەکتردا دەوەستن. بۆیە بریاردانو هەڵبژاردن لە هەلومەرجێکی ئاوادا زۆر سەختو دژوارەو تەنانەت ئازاری لەگەڵە.

ئەوەی لە سومالی ڕێزو ئیحترامو نرخو بایەخ دەدا بە کچێکی لاو، بریتی‌یە لەوە کە گوێڕایەڵ بێ، ئاگای لە خوشــکو برا چووکەکانی بێ، لە کاروباری ماڵی‌دا یارمەتیی دایکی بدا، پەردەی کچێنیی لەدەست نەدا، خەتەنە کرابێو ڕێز لە دایک وباوکو نەنکو باپیرو خزمو کەسو کار بگرێ. کە چێ لێــرە ئەوانە هیچیان نرخو بایەخ نینو نابنە هۆی ڕێــزو حورمەت. تەنانەت بەپێچەوانەوە، ئەو نرخو بایەخانە کە شــکڵیان بە ناسنامەی ئەو کچە ســۆمالیە لاوە داوە، لەو کۆمەڵگا تازەیەدا دژە بایەخو بێنرخیشن.

## گەشەو پەرەئەستاندن لە کۆمەڵگایەکی فرەکولتووری‌دا

کاتێــک باس لــە کۆمەڵگایەکــی فرەکولتووری دەکەین دەســبەجێ بیرمان بــۆ لای جیاوازی‌یە کولتووری‌یەکان دەچێ. بەڵام لە ڕاســتی‌دا تیئۆری‌یەکە ئەوەیە کە لە کۆمەڵگایەکی فرەکولتووردا خەڵکانێــک بە پێشــینەی کولتووری جیاوازەوە پێکــەوەو لە پەنا یەک‌دا دەژیــن. هەوڵ دەدەین جیاوازی‌یــە فەرهەنگــیو کولتووری‌یەکان بخەینە بەربــاسو ئەوە ڕوون کەینــەوە کە بۆچی ئەو جیاوازی‌یــە فەرهەنگــیو کولتووری‌یانە دەبنە مایەی هەڵدانو چوونە پێــش. لە پیش‌دا باس لەوە دەکەین کە چۆن کولتورە جۆراوجۆرەکان پێک دەگەن. چونکە هەموو شــتێک لێرەوە دەســت پێ دەکا. کاتێــک کولتــوورەکان پێک دەگەن، لێک وەردەگرنو لێک فێر دەبنو ســەرەنجام ئەو پێک گەیشتنو لێک وەرگرتنە، دەبێتە مایەی چوونە پێشو گەشە کردنیان.

## پێکگەیشتنی کولتوورەکان

خــۆی لەخۆی‌دا هەموو مرۆڤێک هەڵگری کولتــورە. بەو پێ‌یە دەتوانین بڵێین هەر کات دوو کەس پێک دەگەن، ئەوە دوو کولتوور پێک دەگەن. ئێمە لە شوێنی کار، لە قوتابخانە، لە زانکۆ، لە ئیدارەو لە شــوێنە جۆراوجۆرەکان‌دا پێک دەگەینو بە کورتی لە هەموو شوێنێک‌دا ئێمە لە هەلومەرجێکی فرەکولتــووری داین. جا ئەگەر لەگەڵ خەڵکانێک پێک بگەین کە پێشــینەی کولتووریی جیاواز لە ئێمەیان هەبێ، زۆر بەکەڵکترو سرنجڕاکیشتریشە. چونکە ئەوە دەبێتە هۆی فێربوونو گەشەکردنمان، دەبێتە مایەی بەرین بوونەوەی گۆشــەنیگاو ڕوانگەکانمان. بەڵام جاری واشە چونکە ئێمە لە پێش‌دا پێوانەو چوارچێوەیەکی دیاریکراومان بۆ دەست نیشان کردنی ئەو شتانە هەیە "ئاسایی" دێنە بەرچاو، پێکگەیشــتن لەگەڵ کەسانی دیکە بە پێشــینەی کولتووریی جیاوازەوە، بە شتێکی سەختو دژوار

دادەنێین. ئەوە لە بەر ئەوەیە کە خەڵکانی دیکە کە سەر بە کولتوورو فەرهەنگەکانی دیکەن، پێوانەو چوارچێوەی جیا لە هی ئێمەیان بۆ ڕەفتارو هەڵسوکەوت هەیەو خاوەنی دابونەریتی تایبەت بە خۆیانن کە لەگەڵ ڕەفتارو هەڵسوکەوتو دابو نەریتو چوارچێوەی نرخو بایەخەکانی ئێمە نایەنەوە. بۆیە تووشی وەزعێکی لەو جۆرە دەبین. بە کورتی لە ڕەوشێکی ئاوادا ئێمە تووشی هەلومەرجێک دەبین کە لەگەڵ چاوەڕوانی‌یەکانی ئێمە نایەنەوە. جا تا جیاوازی‌یە کولتووری‌یەکانی نێوانی ئێمەو ئەو کەسانەی کە پێیان دەگەین زۆرتر بن، ئەو پێکگەیشتنانە دژوارتر دەبن. جاری وایە سەر لە هەلومەرجەکە دەرناکەین. جاری وایە هیچ لە وەزعەکە حاڵی نابین، جاری وایە شکو گومانمان بۆ دروست دەبێ کە ئایا بڵێی ئەوە بێ یان ئەمە. جاری واشە تووشی تووڕە بوونو ناڕەحەتیی جۆراوجۆری دیکە دەبین. زۆر جاریش چونکە پێشتر هەندێک زانیاریی کرچو کاڵ یان ناتەواو یان هەڵەمان لەسەر لایەنی بەرانبەرمان هەیە، دەستبەجێ کە تووشی دەبین لەسەر بناخەی ئەو زنیاری‌یە ناتەواو و کرچو کاڵانە لەسەر ناوبراو قەزاوەت دەکەینو هەڵوێست دەگرین. ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە. لە حاڵەتێکی ئاوادا پێویستە دان بەخۆمان دابگرینو بەسەر هەستو سۆزی خۆمان‌دا زاڵ بینو ڕاوەستینو کارێک نەکەین کە ئەو دەرفەتەی بۆ فێربوونو گەشە کردنو دیالۆگ بۆمان هاتۆتە پێش، تێکی دەینو خراپی بکەین. چونکە وەک باسمان کرد پێک گەیشتنی کولتوورەکان دەرفەتێکە بۆ گەشە کردنو هەڵدانو چوونە پێش. کاتێک خەڵکانێک بە کولتووری جیاوازەوە دەگەنە یەک، لێک وەردەگرنو لە یەکتر فێر دەبن. بۆیە دەبێ پێکگەیشتنێکی لەو چەشنە بە شتێکی پڕبایەخ لە قەڵەم بدەین. چونکە هەمیشە بەشێکی زۆری ئەو کولتوورەی ئێمە هەڵمانگرتووە، نابینرێ. تەنیا لە حاڵەتی بەیەکگەیشتنو دیدارو کار لێککردن‌دا، هەموو لایەنەکانی ئەو کولتوورە دەردەکەون کە وەک کۆڵەپشتی بە کۆڵیانەوەیە. دەتوانین بە هێنانەوەی نموونەیەک ئەوە باشتر ڕوون کەینەوە لە دەریا گەورەکان‌دا، کێوە سەهۆڵینەکان تەنیا بەشی سەرەوەو لووتکە هەرە بەرزەکانیان دێتە بەر چاوان. بەڵام لە ڕاستی‌دا ئەو کێوانە هەر ئەوە نین. ئەو کێوە سەهۆڵینانە، بەشی هەرە زۆریان لەنێو ئاوی دەریاکە دایە کە ئێمە نایبینین. کولتووریش هەر بەو جۆرەیە. تەنیا بەشێکی کەم لە کولتور دیارە، بەشی هەرە زۆری نایەتە بەرچاو. خواردنو خواردنەوە، ئەدەبو گۆرانیو مۆسیقا، جلوبەرگ، خانووبەرەو کەرەسەکانی بیناسازی، فیلمو کتێبو گۆڤارو ڕۆژنامە، هونەری وێنەکێشان، شیعرو پەخشان، زمانو دیالێکتەکانی، شاییو زەماوەندو دابونەریتە جۆراوجۆرەکان، ئەوانە هەموویان بەشێکن لە کولتوور کە دەکرێ ببینرێن، بەڵام ئەو بەشە نەدیتراوەی کولتوور زۆر لەوانەش پتر دەگرێتەوە. مێژووی پەرەسەندنی ئەو کۆمەڵگایە، دینو مەزهەب، گۆشەنیگاو ڕوانگەکان، بایەخو نرخو نۆرمەکان چۆنیەتیی هەڵسوکەوت لەگەڵ زەمانو مەکان. چۆنیەتیی کەڵک وەرگرتن لە سروشتی دەوروبەرو ژینگەو هتد.

وەک باسمان کرد ئێمە بۆخۆمان خاوەن هەندێک نرخو پێوانەی دیاری کراوین کە بەگوێرەی

ئەوان شـــتو دیاردە ئاسایی‌یەکان دەست نیشـــان دەکەین. لەلایەکی دیکەشەوە بۆمان دەرکەوت کە بەشـــێکی زۆری کولتوور شـــاراوەیەو نابینرێ. هەر بۆیە لە کاتی پێکگەیشتنی خەڵکانی سەر بە کولتوورە جیاوازەکان، جاری وایە لێک تێنەگەیشـــتن یان خراپ تێگەیشتن دروست دەبێ. کاتێک خانمێکی ئۆرووپایی بەڕێزەوە بە مەبەســـتی ســـڵاو کردن دەســـت بۆ لای پیاوێکی موسوڵمان درێژ دەکاو دەیەوێ دەســـتی لە نێودەست بنێ، بەڵام کابرا ئامادە نیەو خۆی دەکێشێتەوە دوایە، تووشی سەرســـوڕمان دەبێ. لەوەش زیاتر ڕەنگە هەســـتێکی زۆر ناخۆشـــی تێدا پێک بێ. بەڵام ئەگەر ئەو خانمە لە پێش‌دا بزانێ کە لە نێو هەندێک لە موسوڵمانان‌دا ژنو پیاو بۆ سڵاو کردن دەست لە نێو دەســـتی یەکتر نانێن، باشتر دەتوانێ لە وەزعێکی ئاوادا هەڵوێست بگرێ. یان باشتر لە بارودۆخەکە تێـــدەگاو بەگوێرەی ئەو بارودۆخە چاوەڕوانی لە دەوروبەرەکەی دەبـــێ. ئەگەر ئەو خانمە ئاگاداری لەسەر ئەو ڕێوشوێنە فەرهەنگی‌و کولتووری‌یە نەدیتراوانە هەبوایە، کاتێک کابرا دەستی دەکێشایەوە دواوە، ئەو کارەی وەک بێحورمەتی‌یەک بەخۆی لەقەڵەم دەدا.

جاری واشـــە مرۆڤـــەکان بەگوێرەی ئەو ژینگەو ئەو کولتوورەی تێـــی‌دا گەورە بوونە، نێوەرۆکی وشـــەو زاراوە جۆراوجۆرەکان شـــکڵ پێ دەدەن. زۆر لایەنی فەرهەنگ‌و کولتوور لەو وشـــەو ڕستەو دەســـتەواژە جۆراوجۆرانەدا حەشـــار دراون کە بەگوێرەی مەوقعییەتی زەمانی‌و مەکانی دەردەکەون یان مانای جیاجیایان هەیە. بۆ نموونە وشەکانی بنەماڵە، شەرەف، وەفاداری، شەرمو حەیا لە هەموو کولتـــوورەکان‌دا ماناو نێوەرۆکی وەک یەک نابەخشـــن. لە نۆروێژ دوو ژن کـــە پێکەوەو هاوژیانن‌و کیسەلێکیشیان هەیە وەک بنەماڵە لە قەڵەم دەدرێن.

کـــە واتە کاتێـــک ئێمە لێک تێناگەین، یان خراپ لێک تێدەگەین لەبـــەر ئەوە نیە کە ڕوانگەو بۆچوونی جیاوازمان هەن، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە بەشێک لە کولتووری ئێمە "شاراوە"یەو نایبینین تـــا بە گوێرەی ئەو خۆمان ئاراســـتە بکەین. جا ئەگەر بۆ ماوەیەکـــی زۆر لە پەنا یەک بین‌و لە پەنا یەک بژین، وردە وردە ئەو لایەنە شـــاراوانەی کولتووری یەکترمان بۆ دەردەکەوێ تا زۆرترو پتر لە یەکترو لەســـەر یەکترو لەسەر کولتوورو فەرهەنگی یەکتر فێر بین، لێک تێنەگەیشتن‌و خراپ لێک تێگەیشتنی ئێمە لە یەکتر کەمتر دەبێتەوە.

### ئیتنۆسێنتریزم‌و نیسبیەتی فەرهەنگی‌و کولتووری

کاتێک لەگەڵ کەســـێک پێک دەگەین کە پێشینەیەکی کولتووری جیا لەوەی ئێمەی هەیە، یا بە چاویلکەی نســـبیەتی فەرهەنگی‌و کولتووری یا بە پێوانە نژادی‌و ئیتنیکی‌یەکانی خۆمان تەماشـــای دەکەین.

Øyvind Dahl بەم جۆرەی خوارەوە مانای ئەو دوو زاراوەیە لێک دەداتەوە:

ئێمە بە کەســـێکی ئیتنۆسێنتریســـت لە قەڵـــەم دەدرێین ئەگەر پێمان وابـــێ نرخەکانی ئێمە

بایەخەکانی ئێمە، پێوانەکانی ئێمە، کولتوورو فەرهەنگی ئێمە، ڕەفتارو ڕوانگەو بۆچوونەکانی ئێمە بۆ ژیانو دیاردە جۆراوجۆرەکان، لە هی هەموو کەسانی دیکە باشترن. لەوەش زیاتر لایەنێکی دیکەی ئیتنۆسێنتریست بوون ئەوەیە کە کاتێک خەڵکانی سەر بە کولتوورو فەرهەنگەکانی دیکە ئەو شتەمان لێ قبووڵ ناکەن، یان ئاوا وەرمان ناگرن، سەرمان سووڕ دەمێنێ کە بۆچی ئەوان لێمان تێناگەنو بە پێوانەو ڕێوشوێنو نۆرمەکانی ئێمە ڕەفتارو هەڵسوکەوت ناکەن.

بەڵام بە وتەی Dahl نیسبەتی کولتووری ڕاست بەپێچەوانەوەیە. لەو پێرسپێکتیڤەدا هەموو شتێک نیسبیە. واتە هیچ شتێک موتڵەق نیە. ئەوە بەو مانایەیە کە کاتێک دەگەینە خەڵکانی دیکەی بە پێشینەی کولتووریو فەرهەنگیی جیا لە هی خۆمان یان کەسانی نائاشنا پێویست ناکات بەو پێوانەو چوارچێوەو نرخو بایەخە دیاریکراوانەوە سەیریان بکەین کە خۆمان بە شێوەیەکی ئاسایی بەکاریان دێنین. بەگوێرەی ئەو تیئۆرییە هەموو شتەکان، دیاردەکان، قسەو ڕەفتارو هەڵسوکەوتو هەڵوێستەکان، پێویستە لەو بارودۆخەدا هەڵسەنگرێن، لەو کۆنتێکستەدا ببیسرێنو لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا شی بکرێنەوە کە تێی دان. بەڵام ئەگەر تەنیا بەو گۆشەنیگایەوە سەیری دنیاو دەوروبەرو دیاردەکان بکەین، یانی ئەگەر بەشێوەیەکی لەسەداسەد موتڵەق تەنیا ئەو تیئۆرییە بکەینە بناخەی تێگەیشتنو حاڵی بوونمان لە دیاردەو لە شتە جۆراوجۆرەکان، ئەو دەم ڕوانگەکەمان دەبێتە ڕوانگەیەکی لیبراڵیو ناتوانین لە شی کردنەوەو هەڵسەنگاندنی کولتوورو فەرهەنگە جۆراوجۆرەکاندا چۆنایەتی ئەخلاقو ڕادەی پەرەسەندوویيو گەشە سەندوویی ئەوان وەک پێویست دەست نیشان کەین. ٣٦

Dahl لە درێژەی باسەکەیدا بەو ئاکامە دەگات کە بۆ تێگەیشتنو هەڵسەنگانی دیاردەو ڕووداوەکان، نابێ تەنیا بە یەکێک لەو پێرسپێکتیڤانەی سەرەوە ڕازی بین. بەکارهێنانی هەرکام لەوان وەک پێوانەیەکی موتڵەقو نەگۆڕ لە کردەوەدا بە ستراتیژییەکی دروست نازانرێ. ئەوە شتێکە کە بۆ هەموو لایەک ڕوون بۆتەوە. بۆیە وەک لە سەرەتای ئەم فەسڵەدا وتمان کەسێکی ئیتنۆسێنتریست وا باشە جارجار لە دەرەوەشڕا سەیری خۆی بکات. ئەوە ستراتیژییەکی عاقڵانەو بەجێیە. ئاخر ئێمە هەموومان لە ژێر شوێنەوارو کاریگەرییەکانی ژینگەی دەوروبەری خۆمان داین. هەر بۆیە پێویستە بە چاوێکی ئاواڵەوە، بە سینگێکی فرەوانەوە سەیری کەسانی دیکە بکەینو تا ئەو جێیەی دەکرێ بێ تەعەسوبو دەمارگرژی لە مەوقعییەتێکی بێلایەنانەوە، بەڕێزەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەین.٣٧

لەو بارەوە شتێکی دیکەش گرینگە ئەویش نیشان دانی ئێمپاتیو هاودەردیو هاوپەیوەندییە. کاتێک لەگەل کەسانو خەڵکانی نوێو نائاشنا پێکدەگەین، زۆر گرنگە هاودڵی و ئیمپاتیان لەگەڵ نیشان دەین. واتە تێکۆشین خۆمان لە جێگای ئەوان دانێینو دەرکیان بکەین. پەروەردە کردنی تواناو زەرفیەتێکی لەو چەشنە لە خۆماندا بۆ ژیانو کارو چالاکی نواندن لە کۆمەڵگایەکی

فرەکولتووری‌دا زۆر پێویســـتە. ئەوە بەو مانایەیە کە بتوانین لە دەرەوەی چوارچێوەی بیرو ئەندێشە دیاریکراوەکانمان‌دا بیر بکەینەوە، بتوانین لەو ئەشکەوتانە بڕۆینە دەر کە لەنێویان داین. واتە بتوانین بێجگە لەو سەرزەوی‌یەی کە لەگەڵی ئاشناین لە سەر خاکو زەویی دیکەش‌دا یاری بکەین‌و هەنگاو باوێین. لێرەدایە کە گەشە دەکەین‌و وەک مرۆڤ گەورە دەبین، هەڵدەدەین‌و دەڕۆینە پێش. تێپەڕین بەو پرۆســەیەدا کامــڵو پوختەمان دەکات. ئەگەر بتوانین خۆمان لە جێی کەســانی دیکە دانێین، باشتر لێیان تێدەگەین. لە حاڵەتێکی ئاوادا ئەو شتەی کە پێشتر بۆمان بێگانەو نائاشنا بوو، لەگەڵی ئاشـــنا دەبین‌و دەتوانین تێی بگەین. بەم جۆرە جیاوازیەکان کەمڕەنگو تەنانەت وێدەچێ بێڕەنگو کاڵیش بنەوە.

لە وەزعێکی ئاوادا ڕوانگەکانمان، عەقیدەو بیرو باوەڕەکانمان، نرخو بایەخو پێوانەکانمان، ڕوانگەو پێرســپێکتیڤەکانمان دەکەونە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی ســەختو دژوار. ئەگەر لەو تاقیکردنەوانە دەرچین، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی پوختەتر بین، باشـــتر خۆمان بناسین، جێ‌یەکی بەهێزتر پەیدا کەیـــن، لە خۆمـــان دڵنیاتر بین‌و بڕواو متمانـــەی زۆرترمان بە خۆمان تێ‌دا پەیـــدا بێ. ئەگەر لەو تاقیکردنەوانەش دەرنەچووین، ئەوە مانای وایە دەبێ ئاڵوگۆڕ بەســـەر ڕوانگەو بۆچوون‌و هەڵوێســـتو پێوانەو نرخو بایەخەکانی خۆمان دابێنین. واتە دەبێ ئامادەیی لەخۆمان‌دا دروست کەین کە جێگای ئـــەوان لـــە زەین‌و بیرو ناســـنامەی خۆمان‌دا بە ڕوانگـــەو بیرو بۆچوون‌و نـــرخو بایەخی تازەو نوێ پـــڕ بکەینەوە. ئـــەو جۆرە ئاڵوگۆڕ پێکهاتن‌و فێربوونە لە پرۆســـەیەکی درێژخایـــەن‌و بەردەوام‌دا، لە هەلومەرجێکی فرەکولتووری‌دا پێک دێ.

ئـــەوە کە دەڵێین پێویســـتە کراوەو ســـینگفرەوان بین، بەو مانایە نیە کە ئێمە بە شـــێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەموو ڕەفتارو هەڵســـان‌و دانیشـــتن‌و ڕوانگەو بیرو بۆچوون‌و پێوانەو نرخو بایەخەکانی خەڵکانـــی دیکەو هەموو لایەنەکانی کولتورەکانی دیکە وەربگریـــن‌و قبووڵیان بکەین یان ڕێزیان بۆ دانێین. ئاخر کارێکی لەو چەشـــنەش بە ستراتیژی‌یەکی دروستو حیسابی لەقەڵەم نادرێ. چونکە هەڵوێســـتێکی لەو چەشـــنە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەموو شتێک هەموو دیاردەیەک، هەموو نرخو بایەخو پێوانەیەک، هەموو بیرو عەقیدەو ڕوانگەیەک بەشـــتێکی نۆڕماڵو ئاســـایی تێبگەین. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە جیاتی ئەوە کە جیاوازی‌یەکان ببینین‌و دەرکیان بکەین‌و تێیان بگەین‌و بایەخیان بۆ دانێین، ڕاست بێ سێ‌ودوو قبووڵیان بکەین. ئەمە ئاکامی زۆر نالەباری لێ دەکەوێتەوە. بە تایبەتی ئەو جۆرە تێگەیشـــتنە ئاکامی زۆر خراپی لە پەیوەندی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ‌دا بەدوادا دێ. ئاخر لە هەندێک شـــوێن‌و لە هەندێک کولتوورو فەرهەنگ بۆ نموونە مافەکانی منداڵان‌و ژنان بـــە هێند ناگیرێن. ئایا ئێمە دەبێ ڕاســـت ئەوە قبووڵ بکەین‌و بەرامبەری بێ‌هەڵوێســـت بین؟ کە وایە پێویســـتە تێکۆشـــین تا ئەو جێگایەی دەلوێ لە جیاوازیە کولتـــوورەکان، لە فەرهەنگەکان تێبگەیـــن، بەڵام نابێ بە شـــێوەیەکی ئۆتۆماتیکی وەریان بگرین. لێرەدا مافەکانی مرۆڤ باشـــترین

پێوانەو ڕێنیشـــاندەرن کە بەرچاومان ڕووناک دەکەنەوە کە چ قبووڵ بکەین‌و چ قبووڵ نەکەین. ڕێز لە کام نرخ‌و بایەخ دانێین‌و لەگەڵ کام بیرو عەقیدەو بۆچوون‌و ڕوانگە خەبات‌و بەربەرەکانی بکەین. بۆ نموونە شکەنجە، خەتەنەی ژنان، جیاوازیدانان‌و هەڵاواردن، بەشوودانی زۆرەملی، قەتڵی ناموسی، پەلامار، بەکارهێنانی زەبروزەنگ‌و توندوتیژی لەو شـــتانەن کە نابێ لە ژێر هیچ بیانوویەک‌دا لە ژێر هیچ عینوانێکی کولتووری‌و فەرهەنگی‌و سیاســـی‌و ئیدەئۆلۆژیکی‌دا قبووڵ بکرێن. کە واتە پێویستە هـــەوڵ دەین لە جیاوازی‌یە کولتووری‌و فەرهەنگی یەکان تێ‌بگەین، بەڵام نابێ هەموو شـــتێک لە خۆوە قبووڵ بکەین. هەر نرخ‌و بایەخ‌و پێوانەو ڕەفتارو ڕوانگەو هەڵســـوکەوتێک کە لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ‌و بایەخە ئینســـانی‌یەکان‌و بایەخەکانی نێو کۆمەڵگای دێمۆکڕاتیک ناتەبا بێ، نابێ تەحەممول بکرێ و تۆلێڕانسەمان بۆی هەبێت.

## وێکچوونە کولتووری‌یەکان

زۆرتر وایە کە پێ لەســـەر جیاوازی‌یەکانی نێوان کولتوورو فەرهەنگەکان دادەگرین. ئەوە شـــتێکی سروشـــتی‌یە. چونکە هەمیشـــە جیاوازی‌یەکان باشـــتر دەردەکەون‌و زەقترو ڕوونتر خۆیان نیشـــان دەدەن. بەڵام ئەگەر هەر لەو گۆشەنیگایەوە سەیری کولتوورەکان‌و پەیوەندی‌یەکانی نێوانیان بکەین، لایەنێکی گرنگی ڕاســـتی‌یەکانمان بۆ دەرناکەوێ. چونکە ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە کە وێکچوونی زۆر لە نێـــوان کولتوورو فەرهەنگە جۆراوجۆرەکان‌دا هەیە. هەر بۆیە ئەگەر دەمانەوێ جیاوازی‌یەکانی نێوان کولتوورەکان لە ئەندازە بەدەر گەورەو زەق نەکەینەوە، پێویستە خاڵە هاوبەشەکانیان دەست نیشان بکەین. لە ڕاستی‌دا هەموو کولتوورو فەرهەنگ‌و داب‌ونەریتەکان زەمینەو خاکێکی هاوبەشیان هەیەو هەرکامیـــان بەجۆرێک ڕەنگدانەوەیەکن لەو بناخە هاوبەشـــە. ئەویش بریتی‌یە لە ئینســـانی بوونی هاوبەش.

جلوبەرگـــی کوردی لەگەڵ جلوبەرگی میللیی نۆرویژ یان فیلیپین یان تایلەند یان میســـر، یان ئیســـپانیا جیاوازیی هەیە. بەڵام هەموو ئەو نەتەوانە لەو بارەوە خاڵێکی هاوبەشـــیان هەیە. ئەویش ئەوەیە کە هەموویان خاوەنی جلوبەرگی میللیی تایبەت بەخۆیانن. ڕاســـتە هەر وڵاتەو هەر ناوچەیە خاوەنی گۆرانی‌و مۆسیقاو داب‌ونەریت‌و سەماو هەڵپەڕکێی تایبەت بەخۆیانن، بەڵام هەموویان لەوەدا هاوبەشن کە هەر کام لە وڵاتەکان‌و ناوچە جۆراجۆرەکان، خاوەنی گۆرانی‌و مۆسیقاو سەماو هەڵپەڕکێ‌و داب‌ونەریتن. ئەو دیاردە کولتووری‌و فەرهەنگیانە بە هەموو جیاوازی‌یەکانیانەوە پێداویستی‌یەکی ژیانی کۆمەڵایەتین‌و هەموو مرۆڤەکان بۆ بەیان کردنی هەســـت‌و ســـۆزو خۆشی‌و ناخۆشی‌و خەم‌و پەژارەو هەڵوێســـت‌و ڕوانگەکانیان، بەکاریان دێنن. ئەوە لە هەموو کۆمەڵگا ئینســـانی‌یەکان‌دا هەر وایە. هەر گەل‌و نەتەوەیەک هونەری تایبەت بە خۆی بۆ بیناســـازی‌و خانووبەرە دروست کردن هەیە. بەڵام لە ئەسڵ‌دا هەموو گەل‌و میللەتانی دنیا بە مەبەستی پاراستنی خۆیان لە باو باران‌و ئاو وهەوای ناخۆش

خانوو دروست دەکەنو لە نێوی‌دا دەژین. هەر بەو جۆرە هەموو گەلانو میللەتان، دینو مەزهەبیان هەن، بەڵام ئەو دینو مەزهەبانە جۆراوجۆرن. کە چی مەبەست لە دینو مەزهەب لە هەموو ناوچەو وڵاتــە جۆراوجۆرەکانی دنیادا، ئەوەیە کە خەڵک هەندێک نرخو بایەخو پێوانەی هاوبەشــیان هەبن. هەروەها دینو مەزهەب لایەنێکی دیکەی ژیانی مرۆڤەکانو کۆمەڵگاش دەگرێتەوە. ئەویش بریتی‌یە لە دابین کردنی پێداویستی‌یە مەعنەوی‌یەکانی ئەوانو لێکدانەوەی دیاردە ئاڵۆزەکان بۆیان. بەو جۆرە دەتوانین بڵێین کە فەرهەنگو کولتوورە جۆراوجۆرەکان لە هەر ناوچەو وڵاتێک‌دا شکڵو نێوەرۆکێکی تایبەتی بەخۆوە دەگرن، بەڵام لە بنەڕەتڕا هەموویان پێداویســتی‌یە ئینســانی‌یەکان دابین دەکەن. ئەوەش بناخەو گەورەترین کۆڵەکەی هاوبەشی نێوان هەموو فەرهەنگو کولتوورەکانە.

## جیاوازی‌یە کولتووری‌یەکانو ئاکامەکانیان

هەر چەند جیاوازی‌یە کولتووری‌یەکان فۆرم و بێچمێکی تایبەتی بۆ دەربڕینی ئەو شــتە هاوبەشەی کــە هەموومان وەک مرۆڤ هەمانە نیشــاندەدەن، بەو حاڵەش ئەوە ئــەو جیاوازی‌یانەن بوونە هۆی ئەوەی ئێمە وێک بچینو سفاتو تایبەتمەندیی تایبەت بەخۆمان بۆ پەیدا بن.

زۆر جار جیاوازی‌یە کولتووری‌یە زەقەکان ئەوانەن کە دەبینرێنو دەبیســرێن یان بۆن دەکرێن. خەڵکانی ســەر بە کولتوورەکانی دیکە، بەجۆرێکی جیا لە ئێمە جلوبەرگ دەپۆشــن، دانس و سەما دەکەن، خواردمەنی دەخۆن، گوێ لە مۆسیقایتر دەگرن و لە کاتی پشوودانشدا یاری جیاواز لە یاری ئێمە دەکەن. بەڵام هەندێک جیاوازی دیکەی نێوان ئێمەو ئەوان بە شــێوەیەکی ناڕاســتەوخۆ خۆیا دەبن.

ژنو مێردێکــی نۆروێژی دەچنە گامبیا. لەگەڵ دوو پیاوی خەڵکی ئەو وڵاتە ســاخ دەبنەوە کە یەکتر ببینەنو پێکەوە بڕۆنە قەراخ دەریا. هەموو ساخ دەبنەوە کە سەعاتی دوو لە فلان جێگا ئامادە بن. ســەری ســەعاتی دیاریکراو ژنو مێردە نۆروێژی‌یەکە لەو شــوێنە حازر دەبن. کەچی دەبینن کــە ئەو دوو کەســەی دیکە کە قەرار بوو لەوێ ئامادە بن، دیار نیــن. تا وەخت پتر دەڕوات ئەوان تووڕەتــرو ناڕەحەتتر دەبن. کاتێک پاش ماوەیەکی زۆر لە وەختی دیاریکراو ئەو پیاوانە دەگەنە جێ، ژن ومێردە نۆروێژی‌یــەکان بە تووڕەیی‌یەوە ڕوویان تێدەکەنو دەڵێن: بۆچی وا درەنگ هاتن؟ ئێوە کاتێکی زۆری ئێمەتان بەفیڕۆ دا. کە چی ئەوان بە هێواشیو لەسەرخۆیی وەڵام دەدەنەوە کە ئێمە هیــچ وەختێکی ئێوەمان بەفیڕۆ نەداوە. وەختی خۆتان بۆخۆتانەو ئێوە خۆتان ئازادو موختارن چۆن کەڵکی لێوەردەگرن.

ئەوە کە مرۆڤەکان هەڵوێســتی جیاو ڕەفتاری جیاوازیــان لە پەیوەندی لەگەڵ کات‌دا هەیە، بە یەکێک لە جیاوازی‌یە کولتووری‌یەکان لە قەڵەم دەدرێ. ئەو حکایەتەی ســەرەوە ئەوەمان بەباشی بــۆ دەردەخا کە کاتێک چاوەڕوانی‌یەکەمان جێبەجێ نابێو ئەوەی ئێمە پێمان شــتێکی ئاســایی‌و

نۆڕماڵە، بۆ خەڵکێکی دیکە ڕەنگە وانەبێ، هەست بە نارەحەتی‌و تووڕەیی دەکەین. هەر ئەو نموونەیە ئەوەشـــمان بۆ دەردەخا کە پێک گەیشـــتن‌و دیداری نێوان کەسانی ســـەر بە کولتووە جیاوازەکان پێرسپێکتیڤی تازەمان دەداتێ‌و دەبێتە هۆی فێربوون‌و گەشەو پەرەسەندن. هەر بەو جۆرە کولتوورە جۆراوجۆرەکان، لە پەیوەندی لەگەڵ کاتدا هەڵســـوکەوتێکی دیکەی جیایان لەوە هەیە کە وشەکە مانای دەداتێ. بۆ هەندێک گروپ‌و دەســـتەو تاقم‌و گەل، مێژوو فاکتۆرێکی گرنگی دروســـت بوون‌و شکڵ پێدانی ناسنامەیە.

لاوانـــی نۆرویژی ڕەنگە جگە لە دایـــک‌و باوکیان زانیاری‌یەکی دیکەی ئەوتۆیان ســـەبارەت بە شەجەرەنامەی بنەماڵەیان نەبێ. بەڵام لاوێکی سۆماڵی تا چەند پشتی دوور، زانیاریی لەسەر بنەماڵەو هۆزو عەشـــیرەتەکەی خۆی هەیە. بۆ هەندێک کەس ئەو پێشینەیە زۆر گرینگەو ڕەنگ‌و هەوییەتی دەداتێ کەچی بۆ هەندێک کەسی دیکەو لە هەندێک کولتووردا ئەوە هیچ بایەخێکی نیە.

مەســـەلەیەکی دیکە کە هەر لەو پەیوەندی‌یەدا دەبێ باســـی بکەین بریتیـــە لە کۆلیکتیڤیزم‌و ئیندیڤیدوالیـــزم. واتە فەردییەت‌و فەردگەرایی لە لایەک‌و ژیانـــی بە کۆمەڵ‌و بایەخ دان بە پێکەوە بوونی دەســـتەجەمعی لە لایەکی دیکەوە. کولتوورەکان لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو دوو دیاردەیەش‌دا لێک جیاوازن. ئایا مرۆڤەکان زۆرتر بایەخ بە دابینکردن و دەستەبەر بوونی پێداویستی‌یەکانی خۆیان دەدەن؟ یا ئەوەیکە بۆ ئەوان گرینگە بریتیە لە وەفادار بوون بەرانبەر بە بایەخ‌و نرخە گشـــتی‌یەکان و جێبەجێ کردنی چاوەڕوانی‌یەکانی کۆمەڵگای دەوروبەریان؟

لەلایەکی دیکەشەوە مەسەلەی پەیوەندیی نێوان ژن‌و پیاو لە کولتورە جۆروجۆرەکان‌دا گرنگەو تا ڕادەیەکی زۆر شوێنەوار لەسەر کولتوورەکان دادەنێ. ئایا ڕۆڵی ژنان‌و پیاوان جیاوازە؟ ئایا ڕۆڵەکانیان بەتەواوی دەستنیشـــان کراون؟ ئایا لەو کۆمەڵگایەدا ژنان‌و پیاوان شـــانس‌و دەرفەت‌و ئیمکانی وەک یەکیـــان بۆ بەشـــداری کردن لە کارباری کۆمەڵ‌دا هەیە یان نـــا؟ ئەوانە هەموو لە کولتوورێکەوە بۆ کولتوورێکی دیکە تا ڕادەیەکی زۆر جیاوازن. جیا لەو جیاوازی‌یە کولتووری‌یانەی کە لێرەدا باسمان کردن، جیاوازیی کولتووری‌و فەرهەنگیی دیکەش هەن.

خەڵک چ هەڵوێســـت‌و ڕەفتارو هەڵوســـکەوتێکیان بەرامبەر بە دین هەیە؟ ئایا یاســـاو ڕێســـاو ڕێوشوێنە ئایینی‌یەکان بەسەر کۆمەڵ‌دا زاڵن یان نا؟ ئایا لەو کۆمەڵگایەدا خەڵک ئەوە قبووڵ دەکەن کە دەسەڵات دابەش بکرێ؟ یا ئایا خەڵک بە ئاسانی دەسەڵاتێکی تۆتالیتارو سەرەڕۆ قبووڵ دەکەن‌و دەگەڵی دەحاوێنەوە؟ ئایا تا چ ڕادەیەک لەو کۆمەڵگایەدا، لەو کولتوورەدا خەڵک بە توندی هەست‌و سۆزو ئیحساسەکانیان دەردەبڕن؟ ئایا وەک تاک لەو کۆمەڵگایەدا مرۆڤ دەتوانێ ببێتە خاوەن پێگەو ڕێوشـــوێن؟ ئایا چ شـــتێک پێگەو مەوقعییەتمان لەو کۆمەڵگایەدا پێ دەبەخشێ؟ داهات، بڕوانامەی خوێندن، خانووو ماشـــێن، فرەژنی، منداڵی زۆر، بنەماڵەی گەورە، بەشـــداری لە کاروباری هونەری‌و وەرزشی‌و هتد یا شتی دیکە؟ کاتێک مرۆڤەکان دەگەنە یەک هەموو ئەو شتانەی باسمان لێ کردن

چالاک دەبن‌و مەوزووعییەت پەیدا دەکەن.

ئەوە کە چۆن مرۆڤەکان بەرامبەر بەو جیاوازی‌یانە دژکردەوە لەخۆیان نیشان دەدەن پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئەوان چەندە عادەتیان بەوە گرتووە کە لەگەڵ خەڵکانی جیا لە خۆیان هەڵسوکەوت‌و ڕەفتار بکەن. لێرەدا مەسەلەیەکی دیکەش گرنگە، ئەویش ئەوەیە کە دەوڵەتەکان چۆن ئەو جیاوازی‌یە فەرهەنگـی‌و کولتووری‌یانـە ئیدارە دەکەن‌و چ بەرنامەیەکیان بۆ ئیـدارە کردنی ئەوان هەیەو چۆن شوێن لەسەر ڕەفتاری خەڵکیش دادەنێن. هەروەها ڕادەی پێشکەوتنی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و ئاستی خوێندەواری‌و پەروەردەی خەڵکیش فاکتۆرێکی دیکەن کە لەو بارەوە دەوری خۆیان هەیە.

## کۆمەڵگایەکی دەوڵەمەندتر

کۆمەڵگایەکی فرەکولتوور زەمینەو ئیمکانی ئەوەمان بۆ دەرەخسێنێ کە دەستمان بە گەلێک ئیدەو عەقیـدەو ڕوانگەو بۆچوون‌و ڕێگاچارەی جۆراوجۆر ڕابگا. بۆ نموونە لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا دەتوانین هەڵبژێرین کە ئەم ئێوارەیە بۆ نان خواردن بچینە ڕێستۆرانێکی ژاپۆنی، چینی، هیندی یان تورکی. هەر بەو جۆر دەتوانین گوێمان لە مۆسـیقاو گۆرانیی گـەلان‌و میللەتانی جۆراوجۆر بێ. ئەوە تەنیا نموونەیەکە لەو ئیمکاناتە بەرین‌و جۆراوجۆرەی کە کۆمەڵگایەکی فرەکولتووری دەتوانێ بۆمان دابین بکا. ژیانی ڕۆژانەی ئێمە ڕەنگدانەوەیەکە لەو فرەکولتووری‌یە کە جاری وایە بەدەگمەن هەستی پێ دەکەین.

بەیانی کە هەڵدەسـتم تەماشای ڕۆژژمێر دەکەم تا بەرنامەی ئەو ڕۆژەم بزانم. ڕۆژژمێر لە ڕۆمی قەدیـمدا دۆزراوەتەوە. ژمارەکانمان لە عەرەبەکان وەرگرتوون. ئەو پانتۆڵە جینەی کە لەبەرم دایە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دروست کراوە. بلووزەکەی بەرم هی ڕووسیەیە. ئەو شاڵەی لە گەردنم دایە لە هیندوسـتان ڕا هاتووە. لە ماڵێ دانیشـتووم لە ڕێگای رادیـۆوە گوێم لە پارچە موزیکێکی ئەفریقایی راگرتووە. لەسـەر مێزی نان خواردنم‌و خەریکـی بەرچاییم. ئەو چایەی دەیخۆمەوە هی چینـە. ئەو پەنیرەی دەیخۆم هی فەڕانسـەیە. ئـەو ڕۆژنامەیەی بەو بەیانی‌یە لە ڕێگای پۆسـتەوە بـۆم هاتووەو هەمـوو هەواڵەکانی دەرەوەو ناوەوەی تێدایە، لە چاپخانـەدا چاپ کراوە کە لە لایەن گۆتەنبۆرگـی ئاڵمانی‌یەوە دۆزراوەتەوە. لەو ڕۆژنامەیەدا وتارێک دەخوێنمەوە کە ڕۆژنامەنووسـێکی فەلەسـتینی نووسـیویەتی. ئەمڕۆ بڕیار وایە دایک‌و باوکی قوتابی‌یەکەم ببینم کە خەڵکی چیچانن. ئەو کۆبوونەوەیە چۆن دەڕواتە پێش؟ نابێ لەبیرم بچێ، یانی نێوەڕۆش کە هاتمەوە دەبێ بلیتەکانی چوونە سەفەر بۆ پشووی هاوینی بۆخۆم‌و بنەماڵەکەم لە تورکیە بکڕم. ئەوە کە خەڵک جۆراوجۆرن، بەگوێرەی پرنسـیپ هیچ گیروگرفتێک دروسـت ناکات. ئێستا ئەوە ئیدی بۆتە شتێکی ئاسایی کە خەڵک جلی جۆراوجۆر لەبەر کەن، گوێ لە گۆرانی‌و مۆسیقای جۆراوجۆر بگرن، کاتی ئازادیی خۆیان بـە چالاکیی جۆراوجۆر تێپەڕ کەن. واتە ئەو جیاوازی‌یانە وەک شـتێکی نیگەتیف لەقەڵەم نادرێن.

لەوەش زیاتر ئەو جیاوازی‌یەنا نابنە کۆسپ لەسەر ڕێگای پێکەوە بوون‌و لەپەنا یەک ژیان. کاتێک کۆمەڵە کیژێکی هاوڕێ دەیانەوێ بڕۆنە دەرێ پیتزا پێکەوە بخۆن، یەکێک لەوان بەهۆی پێشینەی کولتووریی خۆی دەڵێ لەبیرتان بێ ئەوەی من نابێ گۆشتی بەرازی تێدا بێ. دەستەخوشکەکان ئەوە وەک شتێکی ئاسایی وەردەگرن. وەک ئەو کێشەو ناکۆکی‌یانەی ڕۆژانە لە نێوان مرۆڤەکان‌دا هەن کە ئیمکانی چارەسەر کردنیان هەیە. ئەو کچانەش ئەو مەسەلەیە چارەسەر دەکەن. هیچ گومانی تێ‌دا نیە کە ئەو کۆمەڵە دەستەخۆشکە بەرنامەکانیان لەسەر ئەوە تێک نادەن‌و دەڕۆن باشترین ئەڵتەرناتیف بدۆزنەوەو ئەو گیروگرفتە چارەسەر دەکەن.

ئەگەر مرۆڤەکان بەشێوەیەکی کراوەو بە ڕێزو حورمەتەوە هەڵسوکەوت‌و ڕەفتار لەگەڵ یەکتر بکەن، پێکگەیشتنی کەوانی سەر بە کولتووره جیاجیاکان شتێکی زۆر باش‌و ئەرێنیە. خەڵکی وڵاتانی ڕۆژئاوا کە هەمیشە لە ژێر سترێس دان‌و سەعات هەڵیاندەسووڕێنێ، کاتێک کەسێکی ئەفریقایی دەبینین کە بە شێوەیەکی زۆر هێدی‌و لەسەرەخۆ لەگەڵ کات هەڵسوکەوت دەکا، دەتوانن مانای کەیفییەتی ژیانی لێ فێر بن. زۆرن ئەو دایک‌و باوکانەی دڵیان بەوە خۆشە کە کوڕو کچەکانیان دەبنە دۆست‌و هاواڵی کوڕو کچانی سەر بەو بنەماڵانەی کە وەک ئاوارەو پەنابەر هاتوونەتە ئەم وڵاتە. چونکە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەمتر ئەلکهول سەرف بکەن. ٣٨

## کاتێک کولتوورەکان لە بەرامبەریەک دەوەستنەوە

جاری وایە جیاوازی‌یەکانی نێوان کولتووره جۆراوجۆرەکان چ بۆ تاک‌و چ بۆ کۆمەڵ دەبنە مایەی کێشە، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکان‌دا ئەو کێشانە، بە تێگەیشتن لە هۆکاری کێشەکان‌و جیاوازی‌یە فەرهەنگی‌یەکان، بە ئاسانی چارەسەر دەکرێن. ئەگەر لە هۆکاری کێشەکان‌و چۆنیەتیی کار کردنی ئەوان‌و ئەو جیاوازی‌یە فەرهەنگیانە تێبگەین کە دەبنە مایەی سەرهەڵدانیان، ئەوە ڕێگاش بۆ دۆزینەوەی چارەسەری بۆیان پەیدا دەبێ. هەندێک قوتابخانە لە نۆرویژ ئەوەیان بە گیروگرفت دەزانی کە بەشێک لە قوتابی‌یەکانی ئەوان ئامادە نەبوون پاش تەواو بوونی دەرسی وەرزش، لەگەڵ هاوپۆلەکانیان دووش بگرن و خۆیان بەڕووتی بەوان نیشان بدەن. بەڵام دواتر لە ڕێگای دیالۆگ‌و وتووێژەوە توانیان ئەم گیروگرفتە بەجۆرێکی زۆر دروست چارەسەر بکەن. ئەوە بەو مانایەیە ئەگەر لە جیاوازی‌یە فەرهەنگی‌یەکان حاڵی بین، دەکرێ ئیدارەیان بکەین. هەر بەو جۆرە داخوازی موسوڵمانە نۆرویژی‌یەکان بۆ دیاریکردنی جیگایەک بۆ نوێژ کردن لە شوێنی کاردا قسەو لێدوان‌و دیالۆگێکی زۆری لە ئاستی سەراسەری نۆرویژدا لێکەوتەوە. لە سەرەتا خەڵکێکی زۆر بە شێوەیەکی نیگەتیف بەرامبەر ئەو داخوازە هەڵوێستیان گرت. ئەوان دەیانگوت نوێژو تاعەت شتێکی مەزهەبی‌و ئایینی‌یە، مەزهەب‌و ئایینیش مەسەلەیەکی تەواو شەخسی‌یە، هەر بۆیە داخوازێکی لەو چەشنە هیچ پەیوەندی‌یەکی بە کۆمپانیاو کارگە و کارخانە و ئیدارەکانەوە نییە. واتە دەیانگوت ئەو داخوازی‌یە

تاکەکەسی و تایبەتییە نابێ لەسەر حیسابی دەوڵەت، یان کارگەو کارخانەکان دابین بکرێ و دەستەبەر بێ. بەڵام دواتر لە ئاکامی باسو لێدوانێکی زۆردا، پاش ڕوون بوونەوەی هەموو لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو مەسەلەیە، بیروڕای گشتی بەو ئاکامە گەیشت کە داخوازیەکی لەو چەشنە دەکەوێتە چوارچێوەی مافو ئازادییەکانی مرۆڤ. ئێستا لە زۆربەی کارگەو کارخانەو ئیدارەو شوێنە جۆراوجۆرەکانی کاردا، ئەو مەسەلەیە وەبەرچاو گیراوە.

هەر لەو پەیوەندییەدا کاتێک هەندێک لە مزگەوتەکان داوایان کرد کە دەیانەوێ ڕۆژانی هەینی لەسەر بڵنگۆی مزگەوتەکان بانگ بدرێ، لە سەرەتادا ئەو داوایە کێشەی لێکەوتەوە. بەڵام دواتر کاتێک ئەو مەسەلەیە لەگەڵ زەنگی کلیساکان بەراورد کرا، بە داخوازییەکی نامەعقووڵ لەقەڵەم نەدراو ڕێگا چارەیەکی بۆ دۆزرایەوە کە هەموو لایەک پەسندی بکەن. سەرەنجام ڕێگا بە مزگەوتەکان درا کە بانگی نوێژی هەینی لەسەر بڵنگۆکان بدەن. بەڵام ڕادەیەک بۆ دەنگی بڵنگۆکان دیاری کرا بە جۆرێک کە نەبێتە هۆی بێزار بوونی خەڵکی دەوروبەر.

ئەزموونی کۆمەڵگای نۆرویژ وەک کۆمەڵگایەکی فرە فەرهەنگی ئەوە دەردەخا کە ئەو گیروگرفتانە کە لە سەرەتادا لە ئاکامی جیاوازییە کولتوورییەکاندا سەختو دژوار دێنە بەرچاو، سەرەنجام بە شێوەیەکی زۆر دروست چارەسەر دەکرێن. ئەمڕۆ ئێمە لە نۆرویژ زۆر سەربازمان هەن کە توربانیان لەسەرە. هەر بەوجۆرە لە زۆر فرۆشگاو دووکانو بازاڕیشدا ژنانێک دەبینین کە حیجابیان هەیەو کاریش دەکەن. هیچ گومانی تێدا نیە ئەو شتانەش کە ئەمڕۆ وەک جیاوازیی کولتووری دەبینرێنو بوونەتە مایەی کێشە، لە داهاتوودا ڕێگاچارەیان بۆ دەدۆزرێتەوە.

## کۆمەڵگای مۆدێرنو کۆمەڵگای سوننەتی

زۆر جار ئەو کێشانەی لە ئاکامی جیاوازییە کولتورییەکاندا سەرهەڵدەدەن، بەوە لێک دەدرێنەوە کە خەڵکانێکی سەر بە کۆمەڵگا مۆدێرنەکانو خەڵکانێکی سەر بە کۆمەڵگا سوننەتییەکان لە پەنا یەک پێکەوە دەژین بۆیە ئەم کێشانە سەر هەڵدەدەن. نێوەرۆکی ئەو قسەیە ئەوەیە کە کولتوورەکان لەگەڵ یەکتر ناتەبان.

مەبەست لە مۆدێرنیزاسیۆن بریتییە لەو پەرەسەندنەی کە لە ئاکامی پێشکەوتنە پیشەسازیو تکنۆلۆژییەکانەوە بەسەر کۆمەڵدا دێت. یەکێک لە ئاکامەکانی ئەو مۆدێرنیزاسیۆنە ئەوەیە کە کۆمەڵگای سوننەتیو کشتوکاڵی، جێگای خۆی دەدا بە کۆمەڵگایەکی پیشەسازیو سەنعەتی. لەو کۆمەڵگایەدا هێزی کاری مرۆڤەکانو پووڵ کە ئیدی ئێستا خسڵەتێکی نێونەتەوەیییان هەیە، دەورێکی کاریگەر دەگێڕن. لە ئاکامی ئەو پەرەسەندنانەشدا، شێوەی ژیانی مرۆڤەکانیش ئاڵوگۆڕی تێدا پێک دێ. گرینگترینی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە ژیانی خەڵکدا پێک دێن، بریتین لە پەرەگرتنی فەردگەرایی، دوورکەوتنەوەی وردە وردە لە کۆلیکتیڤیزمو ڕۆیشتن بەرەو ئیندڤیدوالیزم. هەروەها

ژنانو پیاوان ڕۆڵە قەدیمیيە سوننەتیيەكانیان لەدەست دەدەنو بەرانبەریی ژنو پیاو دەبێتە پێشهاتێكی حاشاهەڵنەگرو ماف و ئازادیيەكانی ژنان تا ڕادەیەكی زۆر دابین دەبن. یاساو ڕێسا ناوچەیی و ناوچەییيەكان، كە لە زۆربەی حاڵەتەكاندا پیاوسالاریو عەشیرەتین، جێگای خۆیان دەدەن بە سیستەمو یاساو قانوونە نەتەوەییو نێونەتەوەییەكان. بەرەبەرە بنەماڵە ڕۆڵو ئەركە سوننەتیيەكانی لەدەست دەدا. وەک ئەوە كە ئاگای لە منداڵان بێ، پەروەردەیان بكات، یان چاوەدێری پیرو پەككەوتووەكان بكات. یان لە قوناخانەكانی سەرەتاییدا، دەستی لاوەكان بگرێ بۆ زەماوەندو كڕینی خانووو شتی دیكەی لەو جۆرە. لە كۆمەڵگای مۆدێرندا هەموو ئەو ئەركانە لە بنەماڵە وەردەگیردرێنەوەو دەدرێنە ئۆرگانە دەوڵەتیو حكوومەتیو دامودەزگا كۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەكانو شیركەتە خسووسیو كۆمپانیاكانی كەرتی تایبەتی. عورفگەرایی واتە سێكۆلاریزمیش یەكێكی دیكە لە ئاكامەكانی مۆدێرنیزاسیۆنە. مەبەست لە سیكۆلاریزاسیۆن بریتییە لەوە كە ڕۆڵی دینو مەزهەب لە كۆمەڵدا كەمڕەنگتر دەبێتەوە. دینو مەزهەب زۆرتر وەک شتێكی تاكەكەسی لەقەڵەم دەدرێ و پەیوەندییە سیاسیو حقووقیو قانوونییەكان سكۆلاریزە دەبن واتە دەبنە نەریتێكی باو لە كۆمەڵگادا.

جیاوازیی زۆر گەورە لە نێوان وڵاتو كۆمەڵگا جۆراوجۆرەكاندا لە پەیوەندی لەگەڵ چۆنیەتیی تێپەڕینی ئەوان بە پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆندا هەیە. لە هەندێک شوێن ئەو پرۆسەیە لە سەرەخۆ دەڕواتە پێش. لە هەندێک شوێن خێراترو بە بازی گەورە گەورە، لە هەندێک شوێن بە شێوەی هارمۆنیکو لە هەندێک جێگاش كێشەو ململانێی زۆری لەگەڵە. جاری وایە ئەو جۆراوجۆریو ڕەنگاوڕەنگییە لە چوارچێوەی تەنانەت یەک وڵاتیشدا خۆی نیشان دەدات. لە زۆر كۆمەڵگادا دابونەریتە سوننەتیيەكان، شان بەشانی دامودەزگا مۆدێڕنو هاوچەرخەكان دەبینرێن.

ئەو پێرسپێكتڤەی كە بە چاویلكەی مۆدێڕنیتەو سوننەت دەڕوانێتە دیاردەكان تاڕادەیەكی زۆر جێگای ڕەخنەیە. ئەو ڕوانگەیە كۆمەڵگای مۆدێڕن بە پێشكەوتووترو باشتر لەقەڵەم دەداو پێی وایە كۆمەڵگایەكی مۆدێڕن بە بەراورد لەگەڵ كۆمەڵگایەكی سوننەتی زۆرتر پەرەی سەندوە. لە ئاكامدا بەشێوەیەكی نیگەتیڤ تەماشای دابو نەریتە سوننەتیيەكانو پەیڕەوانی ئەوان دەكا. ئێمە بەشێوەیەكی ئەتوماتیک ئەو بۆچوونە پەسند ناكەین. واتە لەگەڵ ئەوەدا نین كە دابونەریتە كۆنو سوننەتیيەكان هەموویان هەر دواكەوتووانەو نیگەتیڤن، ئاخر هەمیشەش مۆدێرنیزاسیۆن نەبۆتە مایەی پێشكەوتنو پەرەسەندن. زۆر لایەنی ئەرێنیو باشی فەرهەنگو كولتووره جۆراوجۆرەكان لە پرۆسەی چوونە پێشی مۆدێرنیزاسیۆندا لە بەین دەچن. لەو لاشەوە ئەوەش ڕاست نیە كە هەموو لایەنەكانی فەرهەنگو كولتوورو دابونەریتە سوننەتیيەكان باشنو پێویستە بیانپارێزین. هەرچەند جاری وایە ڕوانینێكی لەو چەشنە بۆ دیاردەو ڕووداوە كۆمەڵایەتیيەكان ڕەنگە زیادەڕۆیی لەگەڵدا بێ، بەڵام ئەو جۆرە تێگەیشتنە یارمەتیمان دەدات كە باشتر بتوانین لە كێشەو ململانێ

جۆراوجۆرەکان، بەتایبەت ئەوانەی لە ئاکامی جیاوازیە کولتووری‌یەکانەوە سەر هەڵدەدەن، باشتر حاڵی بین.

بۆ کەسانێک کە هەڵگری دابونەریتو کولتووره سوننەتی‌یەکانن، ژیان لە کۆمەڵگایەکی مۆدێرندا پڕ لە کێشەو ئاڵۆزی‌یە. زۆرن ئەو ژنانەی کە لە وەزعێکی ئاوادا لە هەر دوو لاوە دەکەونە بەر فشارو پاڵەپەستۆ. واتە لەلایەک لە قەیدو بەندی دابونەریتە سوننەتی‌یەکانی خۆیانو بنەماڵەکەیان دان، لەلایەکی دیکەشەوە کۆمەڵگای مۆدێرن چاوەڕوانی‌یەکی دیکەی لێیان هەیەو ژیانی هاوچەرخ هەڵسانو دانیشتنو ڕەفتاری دیکەی لێیان دەوێ. ئاخر کاتێک ئەوان دەبینن کە ئەو نرخو بایەخو پێوانانەی کە ئەوان لەگەڵیان گەورەو پەروەردە بوونەو بوون بە بەشێک لە کەسایەتی‌و ناسنامەی ئەوان، ئێستا لەلایەن کۆمەڵگاوە بە شتێکی باش دانانرێن، تووشی کێشەو گیروگرفت دەبن. ئاخر لە کۆمەڵگای مۆدێرندا، چاوەدێری کردنی منداڵ لە ماڵەوە، نەچوونە دەر لە ماڵەوەو کارنەکردن لە دەرەوە، هیچ پێگەو مەوقعییەتێک بە ژن نادات. لەلایەکی دیکەشەوە زۆرن ئەو ژنانەی کە ئەو ئازادی‌و بایەخە نوێ‌یانەی کە کۆمەڵگای مۆدێرنی هاوچەرخ لەگەڵ خۆی هێناون، بە شتێکی باش دەزانن‌و حەزیان لێیە ئەوانیش وەک کەسانی سەربەخۆ بڕۆنە دەرەوەو لەو پاوان و کۆتوبەندانە رزگاریان بێ. کە دابونەریتە سوننەتی‌یەکان بۆیان دیاری کردووون. جا لە حاڵەتێکی ئاوادا، ئەو داخوازی‌یەی ژنان لەگەڵ بەربەرەکانی سەختی بنەماڵەکانیان کە لە ژێر هێژمۆنیی پیاوسالاری دان، بەرەوڕوو دەبێ. پیاوانی کەس‌و کاری ئەو ژنانە لەوە دەترسن کە ئەو ڕەوتە ببێتە هۆی ئەوە کە ژنان بەرەو فەرهەنگی ڕۆژاوایی بڕۆن‌و لە ئاکامدا ببێتە هۆی لەدەستچوونی خۆیان‌و لێکهەڵوەشانی بنەماڵەکانیان. هەروەها پیاوان هەست بەوە دەکەن کە لە کۆمەڵگای مۆدێرندا بەجێ گرتنی نرخو بایەخو پێوانە تازەکان ڕۆڵی سوننەتیی ئەوان لە بنەماڵەو لە کۆمەڵگەدا دەکەوێتە بەر هەڕەشە.

هەر بەو جۆرە ئەوە بۆ منداڵان‌و لاوانیش هەر ڕاستە. ئەوان دەکەونە نێوان دوو دنیای جیاواز. ئەو منداڵ‌و لاوانەی لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا سەر بە کەمایەتی‌یەکانن یان سەر بەو بنەماڵانەن کە پێشینەی کولتووری دیکەیان هەیەو پەیڕەوی لە دابونەریتە سوننەتی‌یەکان دەکەن، دەبێ بەردەوام لە نێوان هەر دوو کولتووردا لە هاتوچۆدا بن.

لەلایەک ئەوان لە قوتابخانەدا فێری ئەوە دەکرێن کە پێویستە کەسێکی ئازادو سەربەخۆ بن‌و تێکۆشن لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستن، لەلایەکی دیکەشەوە بەگوێرەی نرخو بایەخەکانی دابونەریتی بنەماڵەکانیان پێویستە لەسەریان گوێڕایەڵ بن، لە ئیتاعەتی دایک‌و باوکیاندا بن‌و ڕێزیان لێ بگرن‌و هەموو شتێکیان لێ قبووڵ بکەن. ئەمە گیروگرفتی لێ پەیدا دەبێ. ئەو لاوانەش پێیان خۆشە وەک هاوڕێ‌و هاپۆلەکانی دیکەیان، عیشق‌و خۆشەویستی ئەزموون‌و تاقی کەنەوە، کەچی لەولاوە لەگەڵ هەندێک ڕێوشوێن‌و دابونەریتو چاوەڕوانی بەرەوڕوون کە ڕێگای ئەوەیان

پی نادات. جاری وایە قوتابخانە بەرنامەی هەیە هەموو پۆلەکە بۆ ماوەی هەفتەیەک بڕۆنە سەفەرو گەڕان، کەچی لەولاوە دایکو باوکی بەشـێک لەو مندالانە بە شکو گومانەوەسەیری بەرنامەیەکی لەو چەشـنە دەکەن. جاری وایە ئەو لاوانە دەچنە جەژنو فێستیوالو کۆڕو کۆبوونەوەکانی دیکەی تایبەت بە لاوان. لەوێ دۆسـتو هاوالەکانیان چاوەڕوانیان لێیـان هەیە کە وەکو ئەوان بخۆنەوەو دانسو سـەماو هەڵپەڕکێ بکەن. کەچی لە هەمان کاتدا ئەوان لە ژێر زەخت وپاڵەپەستۆی دینو فەرهەنـگو کولتووری بنەماڵەکانیان دان کە چاوەڕوانی ئەوەیان لێیان هەیە خۆ لەو شـتانە دوور بگرن.

لـەو کولتوورو فەرهەنگانەدا بەشـوودانی زۆرەملی باوە، ئەو لاوانە توشـی کێشـەی زۆر لەوە ئالۆزتریش دەبن. ئایا ئەوان دەبێ بەو کەسـە ڕازی بن کە دایکو باوکیان بۆیان دەسـت نیشـان کردوون؟ یان دەبێ لە بەرامبەر ئەو داوایەی ئەواندا ڕاوەستنو لەگەڵیان بکەونە کێشەو ململانێوە؟ ئەوە دێلیمایەکە کە چارەسەر کردنەکەی زۆر سەختو دژوارە. کام شت دروستە؟ کامیان هەڵەیە؟ ئایا وەدوای ئاواتو ئارەزووەکانی خۆت کەوی باشترە یان بە قسەی بنەماڵەکەت بکەی؟ ئەو لاوانە لە قوتابخانەدا فێر دەبن کە قەت نەچنە ژێر هیچ شـتێکی زۆرەملیو نامەعقوولو غەیرە مەنتقی. کەچی لەو لاوە دایکو باوکیان بڕیار لەسەر ژیانو داهاتوو و چارەنووسیان دەدەن. ئەمە کێشەیەکی ئالۆزە بۆ ئەوان.

ئەو نموونانەی باسمان کردن، تەنیا گۆشەیەکی ژیانی ئەو کەسانەمان نیشان دەدا کە لە نێوان دوو کولتـووردا دەژین. بەم جۆرە دەتوانین بڵێین کە بەکارهێنانی دەسـتەواژەکانی "سـوننەت"و "مۆدێرنیزم" بۆ لێکدانەوەی ئەو دیاردە جۆراوجۆرانە تا ڕادەیەکی زۆر جێگای ڕەخنەیە. چونکە ئەو جۆرە لێکدانەوەیە حەقیقەتو ڕاستی‌یەکان زۆر سادەو ساکار دەکاتەوە.

ئەو جۆرە لێکدانەوەیە هەمیشـە هەموو لایەنەکانی ڕاستی‌یەکان نیشان نادات. جاری وایە ئەو جۆرە لێکدانەوە ڕاسـت دەرنایەت. زۆر کەس هەن کە سـەر بە کولتوورو دابونەریتو فەرهەنگە سوننەتی‌یەکانو هیچ کێشەیەکیشیان لەگەڵ ئازادیی ژنو مافو ئازادی‌یەکانی ژنان نیە. لەولاشەوە زۆر کەس هەن کە بە جۆرێک سەر بە کولتوورو فەرهەنگی مۆدێرنو هاوچەرخن کەچی لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەکانی وەک دینو هۆمۆفیلیو مافو ئازادی‌یەکانی ژناندا زۆر موحافەزەکارن.

بۆیە لە کۆمەڵگایەکی فرە کولتووری‌دا پێویستە بەچاوێکی ئاوالاوە بڕوانین، کراوە بینو لەپێشدا لە پەیوەندی لەگەڵ خەڵکو هەڵسـانو دانیشتنو ڕەفتاریاندا قەزاوەت نەکەین. نابێ لە خۆمانەوە بێ زانیاریی پێویسـت خەڵک بەسـەر ئەم یان ئەو دەسـتەو تاقمو گروپدا دابەش کەین. دەبێ لەبیرمان بێ کە هەمیشـە کارلێککردنێکی بەردەوام لە نێوان مرۆڤو کۆمەڵگادا هەیە. هەردوکیان کاریگەرییان لەسـەر یەک هەیەو یەکتربەرەوپێش و پەرە پێدەدەن. بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە کاتێک مرۆڤەکان دەگەنە یەک، ئەوە مرۆڤەکانن دەگەنە یەک نەک کولتوورە جیاوازەکان.

## ڕێزگرتن لە جیاوازی‌یەکان

لە کۆمەڵگا فرەکولتووری‌یەکان‌دا دیاردە فەرهەنگی‌و کولتووری‌یەکان بە شـــکڵ‌و شێوەی جۆراوجۆر خۆیان نیشان دەدەن. جاری وایە هەندێک لەو دیاردە کولتووری‌یانە، یان شێوەی بەیان‌و خۆنیشان دانیان، بۆ ئێمە ســـەیر دێنە بەرچاو. واتە لەگەڵیان موافق نین. بەو حاڵەش بەشـــێوەیەکی ئاشتیانە لەگەڵیان دەژین‌و تەحەممولیان دەکەین. بۆ نموونە لە نۆرویژ زۆرن ئەو نۆروێژی‌یانەی کە هەر چەند بەچاوێکی نیگەتیڤەوە دەڕواننە ئەوەی کە پیاوانی موسوڵمان بۆ سڵاو دەست لە دەستی ژنان نانێن، یان ژنانی موســـوڵمان حیجاب بەکار دێنن، بـــەڵام وەک دیاردەیەکی کولتووری وەریدەگرن‌و هیچ دژایەتی‌یەکیان لەگەڵ ئەوە دا نیە. هەر بەو جۆر هەندێک شێوەو فۆرمی پیاوسالاری‌و دەسەڵاتدارێتیی پیاو لە ماڵەوە، ڕێ‌و شـــوێنە ئایینی‌و مەزهەبی‌یە توندەکان، هاوســـەرگیری لە ڕێگای دەسنیشـــان کردنی دایک‌و باوکەوە، لەلایەن بەشێکی زۆر لە خەڵکی نۆروێژەوە بە گومانەوە سەیریان دەکرێ. کە چی بەوحاڵەش وەک دیاردەیەکی فەرهەنگی دەبینرێن‌و وەردەگیرێن. لەنێو کەمایەتی‌یە کولتووری‌و فەرهەنگی‌یەکانـــی دیکەی ئەو وڵاتەش‌دا ئەوە هەر ڕاســـتە. زۆر دیـــاردەی فەرهەنگی‌و کولتووری نۆروێژی هەن کە خەڵکانی ســـەر بە کەمایەتی‌یەکان، بە شـــک‌و گومانەوە سەیریان دەکەن. بەڵام تەحەممولیان دەکەن‌و لەگەڵیان دەژین. بۆ نموونە ئەوان بە چاوێکی نێگەتیڤەوە دەڕواننە ئەو هەموو تەڵاق‌و جیابوونەوەیەی لەو کۆمەڵگایەدا ڕوو دەدا، بەشـــکەوە دەڕواننە ئەو ڕادە زۆرەی خواردنەوەی ئالکۆڵ لەو کۆمەڵگایەدا، بە گومانەوە دەڕواننە ســـیکۆلاریزم‌و عورفگەرایی کە لە کۆمەڵگای نۆروێژدا دیاردەیەکی زاڵە، بە شـــکەوە دەڕواننە شـــێوەی جلوبەرگ لەبەر کردنی لاوانی نۆروێژی کەچی بەو حاڵـــەش لەگەڵیان دەحاوێنەوەو وەک دیاردەیەکی کولتووری‌و فەرهەنگی ســـەیریان دەکەن. بەڵام ئەو جیاوازی‌یە کولتووری‌یانە شتێک نین کە تەنیا هەر لە نێوان نۆروێژی‌یەکان‌و ئەو خەڵکانەدا کە وەک ئاوارەو پەنابەر لە دەرەوەڕا بە پێشـــینەی کولتووریی جیاوازەوە هاتوونەتە نۆرویژ، هەبن. زۆرن ئـــەو ژینگەو بنەماڵـــە نۆروێژی‌یانەی کە بەهۆی پەیڕەو کردنی دیـــن‌و مەزهەبەوە تا ڕادەیەکی زۆر موحافەزەکارانە هەڵســـوکەوت دەکەن. بۆ نموونە نایەڵن کچەکانیان پانتۆڵ یان شاڵوار بکەنە بەریان، لە کۆڕو کۆبوونەوە جۆراوجۆرەکان‌دا قسە بکەن، یا سێکس لە پێش شووکردن‌و ژن هێنان‌دا لەلای ئـــەوان قەدەغەیە. هەر بەو جـــۆرە لەنێو هەندێک لە ژینگە نۆروێژی‌یـــەکان‌دا بەکارهێنانی ئالکۆڵ‌و پراکتیزە کردنی هۆمۆفیلی قەدەغەیە.

جگـــە لەوە لـــە نێو لاوەکان دا، زۆر دەســـتەو تاقم‌و گروپی جۆراوجۆر هـــەن کە هەر یەکەیان بە جۆرێک کە زۆریش ســـەیرو ســـەمەرەن، قژیان دادێنن، یان جلی ســـەیرو سەمەرە دەکەنە بەر، یان خۆیان دەکوتن، یان هەڵســـوکەوتی ســـەیر لە خۆیان نیشـــان دەدەن. کەچی خەڵک لەگەڵیان دەحاوێنەوەو وەریشیان دەگرن.

دیارە واش نیە کە هەموو شتێک لەو پەڕی باشی دابێ و ئەو کۆمەڵگایە بێ کێشەو کەموکووڕی

بێت. لەو کۆمەڵگایەش‌دا جیاوازیدانان‌و هەڵاواردن هەســـتی پێ دەکرێ. هەر چەند ئەوە بەو مانایە نیە کە بڵێین نۆرویژ کۆمەڵگایەکی ڕاسیســـتی‌یە. کەچی بەو حاڵەش یەک لە پێنجی ئەو کەسانەی لێیان دەپرسن کە ئایا نۆرویژ کۆمەڵگایەکی راسیستی‌یە وەڵامی ئەرێ بەو پرسیارە دەدەنەوە.۴۱

دیـــارە لە وەزعێکی ئاوادا ئەو کەســـانەی وەک ئاوارەو پەنابەر لـــە دەرەوەڕا هاتوونەتە ئەو وڵاتە، زۆرتر لە کەسانی بە ئەسڵ نۆرویژی لەسەر ئەو بڕوایەن کە نۆرویژ کۆمەڵگایەکی ڕاسیستی‌یە. یەک لە ســـێی ئەو کەسانەی پێشینەی کولتووریی جیایان هەیەو لە دەرەوەڕا هاتوونەتە نۆرویژ دەڵێن لە شـــوێنی کاری خۆیان‌دا هەســـتیان بە جیاوازیدانان‌و هەڵاواردن کردوە. هەر بۆیە هەوڵدان بۆ کەم کردنەوەو هێنانە خواری ئاســـتی ئەم گیروگرفتە هەم بـــە قازانجی ئەو خەڵکەیە کە وەک موهاجیر دەناسرێن‌و هەم بەشێوەیەکی گشتی لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگای نۆرویژیش دایە.

لـــەو پەیوەندی‌یەدا پێویســـتە بەرنامەکانی دەوڵـــەت تەنیا بەرەو لایەک ئاراســـتە نەکرێن. ئەو سیاســـەت‌و بەرنامەو پرۆگرامانەی دەوڵەت کە بە مەبەستی چارەسەری ئەم گیروگرفتە دادەڕێژرێن پێویســـتە هەم موهاجیرەکان‌و هەم نۆرویژی‌یەکان بگرنەوە. چونکە مەسەلەکە یەکلایەنە نیە. جاری وایە هەردوکیان ڕەفتاری ڕاسیستی لەخۆیان نیشان دەدەن.

بەخۆشـــی‌یەوە زۆربەی هەرە زۆری خەڵک نەزەریان وایە کە کۆمەڵـــگای نۆرویژ کۆمەڵگایەکی ڕاسیســـتی نیە. یا لانیکەم ڕاسیسزم‌و هەڵاواردن لەو کۆمەڵگایەدا گیروگرفتێکی زۆر گەورەو بەرچاو نیە ۴۳. ڕاســـتە لەو بارەوە زۆر لە ڕاگەیەنە گشتی‌یەکان‌دا قسەو باس دەکرێ، بەڵام لە کردەوەو لە ژیانی ڕۆژانەدا زۆربەی هەرە زۆری خەڵک بە هەر پێشـــینەیەکی کولتووری‌یەوە کە هەیانە، بە ڕێزو حورمەتەوە ڕەفتار لەگەڵ یەکتر دەکەن. مرۆڤەکان جیاوازن. ئەوە شـــتێکی زۆر سروشتی‌یە خەڵک ئازادن کە نرخو بایەخو پێوانەو شـــێوازی ژیانیان هەڵبژێرن تا ئەو جێ‌یەی ئەو هەڵبژاردنەی ئەوان نابێتە هۆی پێشـــێل کردنی مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ پێویســـتە ڕێزی لێ بگیرێ. هەر بۆیە زۆر بەجێ‌یە ڕێگا بدەین خەڵک شـــێوە ژیانێکی دیکـــە هەڵبژێرن کە لەگەڵ هی ئێمە جیاوازیی هەبێ. ئەوە مافێکی سروشتیی هەموو مرۆڤێکە.

لەو شوێنەی لەسەر ئەو مەسەلەو بابەتانە کێشەو ناتەباییمان بۆ دێتە پێش، پێویستە بەشێوەیەکی ئـــازادو کراوە لـــە پەیوەندی لەگەڵ ئەوان‌دا لەگـــەڵ یەکتر دیالۆگ‌و باس‌و گفتوگـــۆ بکەین. ئێمە حەقـــی ئەوەمان هەیە بە ئازادی ڕوانگەو بیرو بۆچوون‌و عەقیدەکانمان دەربڕین، حەقی بەشـــداری‌و موشـــارەکەتمان لە بەڕێوەچوونی کاری کۆمەڵ‌دا هەیە، حەقـــی ئەوەمان هەیە لە بڕیاردان‌دا، ڕۆڵ‌و نەخشـــمان هەبێ. کە واتە پێویستە لە پەیوەندی لەگەڵ چارەســـەری کێشەو ناتەبایی‌یەکان‌دا لەو مافانەی خۆمان بە باشـــترین شێوە کەڵک وەرگرین. دێمۆکڕاسی لەسەر بناخەی ئەوە دامەزراوە کە هاووڵاتیان ئەکتەرێکی ئاگاو وشـــیارن‌و دەتوانن هەڵوێستی دروست بگرن‌و بڕیاری بەجێ‌و مەعقووڵ بدەن. بۆ مەبەســـتێکی لەو چەشـــنەش پێویستە دەســـتمان وەزانیاری ڕابگاو وشیارو ئاگا بین. هەر

بۆیە نابێ لە باس‌و گفتوگۆو دەمەتەقەو وتووێژو کۆمیونیکاســیۆنی سەخت‌و دژوارو تەنانەت توندیش بترســین. ڕاســتە ئاشــکرا کردنی کێشــەو ناتەبایی‌و ناکۆکی‌یەکان جاری وایە ئازاری لەگەڵەو زۆر ناخۆشە، بەڵام تەنیا ئەو کاتە دەتوانین گیروگرفتەکان‌و کەموکووڕی‌یەکان چارەسەر کەین‌و ئاڵوگۆڕی ئەرێنی‌و پێویســت دروست کەین کە ڕاســتی‌یەکان وەک خۆیان ببینین‌و باس‌و گفتوگۆیان لەسەر بکەین. لەو جێ‌یەش کە ناتوانین لەســەر مەســەلەیەک قەناعەت بە یەکتر بێنین وا باشە فێر بین کە بزانین خەڵک جیاوازن‌و بە شێوەی جۆراوجۆر بیر دەکەنەوەو دەبێ قبووڵ بکەین کە مەسەلەکە ئاوایە. واتە ئەگەر لە جێ‌یەک نەمانتوانی لەســەر بابەتێک بە کۆدەنگی بگەین، دەبێ لەســەر ئەوە تەوافــوق بکەین کە ناتوانین بــە تەوافوق بگەین. ئەوەش بۆخۆی جۆرێک بــە کۆدەنگی‌و تەوافوق گەیشــتنە. مەگەر جەوهەری دێمۆکڕاسی بریتی نیە لە تەحەممول‌و قبووڵ کردنی جیاوازی‌یەکان؟ بەڵێ ڕاســت وایە. جەوهەری دێمۆکڕاســی بریتی‌یە لە ڕێزگرتن لە ئەو شــتانەی کە جیاوازن، ڕێز گرتنە لە جیاوازی‌یەکان.

## دابونەریتە کولتووری‌و ئایینی‌یەکان‌و پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ

ئاڵوگۆڕە فەرهەنگی‌و کولتووری‌یەکان بەشێکن لەو پەرەسەندنە مێژوویی‌یە کە لە ئاکامی کار تێکردنی فاکتــۆرە جیاوازەکانی وەک تکنۆلۆژی‌و گەلێک هۆکاری دیکــەدا ڕوو دەدەن. دنیا لە حاڵی گۆڕانی بەردەوام دایە. هەر بەو پێیە مرۆڤیش لە ئاڵوگۆڕو پێشکەوتنی بەردەوام دایە. ئەو شتانەی کە هەزار ساڵ یا تەنانەت سەد ساڵ لەمەوبەر بە دابونەریتێکی ئاسایی دادەنران ئێدی ئەمڕۆ شوێنەوارێکیان لێ نەماوە.

جیاوازیدانان بەرانبەر ژنان‌و هەڵاواردنی هۆمۆفیلەکان، بەشوودانی زۆرەملی، قەتڵ‌و توندو تیژیی ناموســی، دیاردەگەلێک بوون لە هەموو کولتووره جۆراوجۆرەکان دا، لە رابردوودا بە شــێوەیەکی بەربــڵاو هەبوون. بۆ نموونە لەو نۆروێژەدا تا ســاڵی ١٨٦٨ی زایینی، پیــاو بەگوێرەی قانوون مافی ئەوەی هەبوو کە لە ژنەکەی بدات یان توندوتیژیی لەگەڵ بکات٤٤.

هەر بەو جۆرە بەشــوودانی زۆرەملییش شــتێکی نائاسایی نەبوو. ئێســتا وەزعەکە گۆڕاوە. ئەم دابونەریتانە نەماون‌و جێگای خۆیان داوە بە هەندێک نۆرم‌و نرخو بایەخ کە لە ئاســتی نەتەوەیی‌و نێونەتەوەیی‌دا پەســند کراون. بۆ نموونە مافەکانی مرۆڤ. ئەمڕۆ ئیتر کۆدەنگیی نێونەتەوەیی لەسەر ئەوە هەیە کە خەتەنە کردنی ژنان، قەتڵی ناموســی، توندوتیژیی ناموســی، بەشوودانی زۆرە ملی، هەموویــان بە پێشــێل کردنی مافەکانی مرۆڤ لەقەڵەم دەدرێن. بــەڵام چونکە دیاردە فەرهەنگی‌و کولتووری‌یەکان درەنگ ئاڵوگۆڕیان بەســەردا دێ، دەبینین کە هێشتاش لە زۆر وڵات‌و ناوچەدا ئەو دیاردە ناحەزو کۆن‌و دواکەوتووانە هەر ماون. ڕاســتە ئێســتا ئەو دیــاردەو دابونەریتانە قەدەغەن، بەڵام وەختی دەوێ تا لە هەموو جێگایەک ڕیشەکێش‌و بنەبڕ دەکرێن‌و نۆرم‌و نرخو بایەخە تازەکان

جێگایان دەگرنەوە. هێشتاش لە پاکستان، ئەفغانستانو گەلێک وڵاتی دیکەدا، توندوتیژیی ناموسی بە ژنان ڕەوا دەبینرێ٤٥.

کاتێک خەڵک لەو وڵاتانەوە دەچنە نۆرویژ یان وڵاتانی دیکە، ئەو دابونەریتو نرخو بایەخە کولتووری‌یانە لەگەڵیان دێننە ئەو وڵاتانەش. ئاکامی ئەوەش دەبێتە ئەوە کە تەنانەت لەو وڵاتانەش‌دا ئەو بنەماڵانە، ڕێوشوێنو قەیدو بەندی جۆراوجۆری توند بەسەر ژنو کچانی خۆیان‌دا بسەپێنن. بۆ نموونە ڕێگا بە کچەکانیان نادەن کە پێش شوو کردن حەز لێکردنو خۆشەویستی بکەن. یان ناچاریان دەکەن بە بەشووودانی زۆرەملی. دیارە لە زۆربەی هەرە زۆری حاڵەتەکان‌دا قوربانیانی ئەم دابونەریتە ناحەزانە کچانن. بەڵام زۆر جار تەنانەت پیاوانیش دەکەونە بەر ئەو زولمو زۆری‌یە. کاتێک کچو کوڕە لاوەکان دەیانەوێ بەرانبەر ئەو دابونەریتانەو ئۆتۆریتە پیاوسالاری‌یەی نێو بنەماڵەکانیان ڕاوەستن، لەگەڵ هەڕەشەو مەترسیی جۆراوجۆر بەرەوڕوو دەبن. ئەگەر ماڵێ بەجێ بێڵن بۆ هەتاهەتایە لە پشتیوانیو کۆمەگو یارمەتیی بنەماڵەکانیان بێبەش دەبن. بەو حاڵەش زۆر جار دێتە پێش ئەو ژنو کچانەی کە لە لایەن بنەماڵەکەیانەوە توندوتیژی‌یان لەگەڵ دەکرێ ناچارن ماڵێ بەجێ بێڵنو بڕۆنە دەرەوە. لەو پەیوەندی‌یەدا جارجار کچانو ژنانێک هەن کە دەکووژرێن. بەوە دەوترێ قەتڵی ناموسی.

زۆربەی هەرە زۆری خەڵک لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەو دابونەریتانەی لەسەرەوە باسمان کردن، کۆنو دواکەوتووانەن. یا وەک نوعمان موبەشیر نووسەری بەناوبانگی نۆرویژیـ پاکستانی دەڵێ بێفەرهەنگین٤٦. هەربۆیەشە نابێ قبووڵ بکرێن. دیارە بەخۆشی‌یەوە ئێستا زۆر کەمن ئەو بنەماڵانەی ئەو جۆرە دابونەریتە دواکەوتووانە بەڕێوە دەبەن. هەر بۆیە زۆر بەدەگمەن بەرچاو دەکەون.

لەلایەک ئەو دابونەریتانە ڕەگو ڕیشەیان لە فەرهەنگو کولتوورەکان‌دا هەیەو لەلایەکی دیکەشەوە پەیڕەوی لێکردنو بەڕێوەبردنیان سزای قانوونیو یاسایی بەدواوەیە. بۆیە تەنانەت ئەگەر لە جێیەک ئەو دابونەریتانە بەڕێوەش بچن، بە هەزار جۆر پەردەپۆش دەکرێن تا ئاشکرا نەبن.

زۆرن ئەو دامودەزگا جۆراوجۆرانەی لە پەیوەندی لەگەڵ خەبات بە دژی ئەو جۆرە پێشێلکاری‌یانەی مافەکانی مرۆڤ‌دا ئەرکیان لەسەر شانە. لەپێش هەر کەسو لایەنێک‌دا ئەوە ئەرکی کاربەدەستانی دەوڵەتە کە سەبارەت بەو جۆرە پێشێلکاری‌یانە تەحقیقو لێکۆڵینەوە بکەنو تاوانباران بە سزای خۆیان بگەیەنن. دادگایی کردنو سزادانی تاوانباران زۆر گرنگە. چونکە لەلایەک سیگناڵ بۆ ئەو کەسانە دەنێرێ کە بواری ئەوەیان هەیە ئەو پێشێلکاری‌یانە بکەن. لەو ڕێگایەوە حاڵی دەبن کە ئەگەر کارو کردەوەیەکی لەو چەشنە بکەن لەگەڵ سزای پێویست بەرەوڕوو دەبن. لەلایەکی دیکەشەوە دادگایی کرانو سزادانی تاوانباران دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەسانی دیکە تەشویق بن تا لە حاڵەتی ڕوودانی ئەو جۆرە تاوانانەدا پۆلیسو دامودەزگا پەیوەندیدارەکان ئاگادار کەنەوە. لەلایەکی دیکەشەوە پێویستە وشیاریو ئاگایی پێویست سەبارەت بەو بابەتە لەنێو خەڵک‌دا، بەتایبەتی لە

نێو ئەو دەستەو تاقمانە کە زەمینەی ئەوەیان تێدایە، بڵاو کرێتەوە. هەر بەو جۆرە پێویستە کاری پەروەردەیی جۆراجۆریش لەسەر ئەو خەڵکانە بکرێ تا لەگەڵ نرخو بایەخە هاوچەرخو مۆدێڕنەکان ئاشنا بن‌و بتوانن ئاسانتر لە داوی ئەو داب‌ونەریتە دواکەوتووانە ڕزگار بن. لەو بارەوە دەوڵەتەکان ڕەخنەی ئەوەیان لەسەرە کە ئیمکانێکی زۆر کەمیان بۆ کار کردن لەسەر ئەو بابەتانە تەرخان کردوە. هەروەها ڕەخنەی ئەوەیان لێ دەگیرێ کە ئەوان بەشێوەیەکی خراپ لە دەستەواژەی نیسبەتی کولتووری تێدەگەن. جاری واشە بەوە تاوانبار دەکرێن کە چاو لەو جۆرە پێشێلکاری‌یانەی مافەکانی مرۆڤ دەپۆشن‌و خۆیانی لێ گێل دەکەن. شایانی باسە لەو چەند ساڵەی دوایی‌دا زۆر جار لە نۆرویژ، دانمارک‌و سوئێد و زۆر وڵاتی دیکەدا دۆسیەکانی پەیوەندیدار بە قەتڵ‌و توندوتیژیی نامووسی دروانەتە دادگاو بڕیاری پێویستیان لەسەر دراوە.

شایانی باسە کە زۆر گرنگە کەمایەتی‌یەکان خۆشیان تێبکۆشن لەو داب‌ونەریتە دواکەوتووانە دوور کەونەوە. ئەگەر ژینگە جۆراوجۆرەکانی کەمایەتی‌یەکان، ئەو داب‌ونەریتە دواکەوتوانەو ئەو پێشێلکاری‌یانەی مافەکانی مرۆڤ مەحکووم کەن، سیگناڵێکی ڕوون‌و ئاشکرا بۆ ئەو کەسانە دەنێرن کە ئەو کارو کردەوانە ئەنجام دەدەن‌و پێیان دەڵێن کە ئەوان لێیان بێبەرین. واتە هیچ پشتیوانی‌یەکیان لێ ناکەن. ئەوە قازانجێکی دیکەشی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە کاتێک پێشێلکاری‌یەکی لەو چەشنە ڕوو دەدا، بیروڕای گشتی یان خەڵک پەنجەی تاوان بۆ هەموو خەڵکانی سەر بە کەمایەتی‌یەکان ڕاناکێشن بەڵکوو تەنیا ئەو کەسە بە تاوانبار دەزانن کە ئەو کارە دزێوەی کردوە٤٦. دەبێ بگوترێ کە ڕاگەیەنە گشتی‌یەکانیش ئەرکێکی زۆر گرنگیان لەو بارەوە دەکەوێتە ئەستۆ. ئەوان پێویستە ئەو پێشێلکاری‌یانەی مافەکانی مرۆڤ، بەرێوەچوونی ئەو داب‌و نەریتە دواکەوتووانە لەقاو دەن‌و ڕووناکایی‌یان بخەنە سەر. ئەگەر بەشێوەیەکی ئازادو کراوە لە کۆمەڵ‌دا باس لەسەر ئەو جۆرە گیروگرفتانە بکەین، ئەو کەسانەی لە تەنگانەدان، ڕەنگە ئەگەر بزانن کۆمەڵگا پشتیوانی‌و کۆمەگیان دەکا باشتر ڕاوەستن‌و لە ئاکامدا بڕیاری دروست بدەن. لەلایەکی دیکەشەوە ڕاگەیەنە گشتی‌یەکان، نابێ کارێکی وا بکەن کە وێنەیەکی ناڕوون‌و نادروست لە حەقیقەتەکە نیشان دەن. ئەگەر ڕاگەیەنە گشتی‌یەکان بەشێوەیەکی زۆرو بێجێ لەسەر بابەتەکە قسە بکەن‌و لە ئەندازەی پێویست زیاتر گەورەی کەنەوە، ئەوە سەرنجی بیروڕای گشتی بەشێوەیەکی نیگەتیف دەکەوێتە سەر ئەو کەمایەتی‌یەی کە ئەو ڕووداوە بەجۆرێک دەیگرێتەوە تا خودی کەیسەکە یان ئەو کەسە کە ئەو کارە ناحەزو بێ‌جێ‌یەی ئەنجام داوە.

هەر بەو جۆرە جاری وایە داب‌ونەریت‌و ڕێوشوێنە مەزهەبی‌و ئایینی‌یەکانیش دەبنە مایەی پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤ. لە مێژوودا گەلێک نموونەی ئەوتۆ هەن کە بەگوێرەی ڕێوشوێنە ئایینی‌یەکان جیاوازی‌و هەڵاواردن لەگەڵ ژنان‌و کەسانی هۆمۆفیل کراوە. دەبێ بگوترێ کە ڕێوشوێنە ئایینی‌و مەزهەبی‌یەکان ناتوانن بەشێوەیەکی سەربەخۆو جیا لە ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی‌یەکان، خوێندنەوەیان

بۆ بکرێ. ئێستا لە نۆرویژو لە زۆر وڵاتی دیکەدا خەبات بۆ مافەکانی ژنانو مافەکانی هۆمۆفیلەکان، تا ڕادەیەکی زۆر چۆتە پێشو تەنگی بەکلێسا هەڵچنیوە. هەر بەو جۆرە لە ئاکامی ئەو پێشکەوتنە کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو ئاڵوگۆڕە جۆراوجۆرانەدا، دۆخێک هاتۆتە ئاراوە کە کۆمەڵگا پتر لە ڕابردوو توانا و تاقەتی ڕەخنەی لە کلیساو لە ڕێوشوێنە ئایینییەکان هەیە. ئەمڕۆ لە کلیساکاندا ژنان وەک ڕێبەری ئایینی، وەک پریستو قەشە کار دەکەن. شتێک کە چل ساڵ لەمەوبەر تەنانەت بە خەیاڵیشدا نەدەهات. لەوەش زیاتر ئەمڕۆ تەنانەت کەسانێک لە کلیساکاندا کار دەکەن کە هۆمۆفیلن. یانی ئیتر ئەوەش بە شتێکی نائاسایی لەقەڵەم نادرێ کە هۆمۆفیلەکان وەک ڕێبەرانی کلیسا کار بکەن. هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانە لەخۆڕا پێک نەهاتوون. خەڵکێکی زۆر بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ کارو خەباتیان کردوە تا بەرانبەریی نێوان ژنو پیاوان لەم وڵاتەدا جێی گرتووە. بەو حاڵەش هێشتاش لە هەندێک ژینگەی مەسیحی لە نۆرویژو زۆر وڵاتی دیکەدا جیاوازی لەگەڵ ژنانو هۆمۆفیلەکان دەکرێ. بەڵام ئاڵوگۆڕێکی لەو چەشنە لە پەیوەندی لەگەڵ مافەکانی ژنانو هۆمۆفیلەکاندا لەنێو ژینگە ئیسلامیو هەندێک لە ژینگە ئایینییەکانی دیکەدا نەهاتۆتە پێش. لە زۆر شوێن ڕێوشوێنە ئایینیو مەزهەبییەکان لەگەڵ بایەخو دابونەریتە فەرهەنگیو کولتوورییەکان وا پێکەوە ئاوێتە بوون کە هێشتاش دینو مەزهەب وەک ئامرازێک بۆ پاکانە کردن بۆ جیاوازیدانان بەرانبەر ژنانو هۆمۆفیلەکان کەڵکی لێ وەردەگیرێ. ئاکامی ئەو وەزعە ئەوەیە کە لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا ژنان چ لە نێو بنەماڵەو چ لە دەرەوەی بنەماڵەدا ئازادییەکی کەمتریان لە چاو پیاوان هەیە. لەوەش زیاتر تەنانەت لەو کۆمەڵگایانەدا هۆمۆفیلەکان نەک هەر جیاوازیو هەڵاواردنیان لەگەڵ دەکرێ، تەنانەت ئەگەر ناسنامەی خۆیان ئاشکرا بکەن، دەکەونە بەر هەڕەشەو ڕەنگە گیانیشیان لەدەست بدەن. لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەردەخەن کە هۆمۆفیلەکان چ لە ژینگە مەسیحیو چ لە ژینگە ئیسلامییەکاندا لە وەزعێکی زۆر دژواردا بەسەر دەبەن. لە ترسی ئەوە کە سووکایەتیان پێ بکرێ یان جیاوازیو هەڵاواردنیان لەگەڵ بکرێ، یان وەلا بنرێن، ناوێرن ناسنامەی خۆیان ئاشکرا بکەن. کەسێک کە نەتوانێ ناسنامەو هەوییەتی خۆی ئاشکرا بکاو ناچار بێ بیشارێتەوە هەست بەوە ناکا کە لەگەڵ کەسانی دیکە هاوبایەخە. زۆر لاوی هۆمۆفیل دەڵێن ئەو وەزعە هێندە سەختو دژوارە کە ئەوان زۆر جار بیریان لەوە کردۆتەوە کە کۆتایی بە ژیانی خۆیان بێنن.

بۆ بەشێکی زۆر لە خەڵک ئایین بەشێکە لە ناسنامە. لە یەکێک لە کۆرسەکانی ئێمەدا کوڕێکی ۱۷ ساڵە بە ناوی عەلی گوتی "هەموو مافەکانی مرۆڤ لە دینەکەی مندا هەن، تەنیا ئەوەی دەوێ کە وەبەرچاویان بگرینو پەیڕەویان لێ بکەین". بێ وەبەرچاو گرتنی ئەوە کە مرۆڤ چ دینێکی هەیە، زۆرن ئەوانەی وەک عەلی بیر دەکەنەوە هێزو توناو ئیلهام لە ئایینەکەیانو ڕێوشوێنو نۆرمە ئایینییەکان وەردەگرن. بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە ئایینو مەزهەبەکان جێگای ڕەخنە نین. ڕەفتارو کارو کردەوەی کەسانی مەزهەبییش وەک ڕەفتارو کارو کردەوەی کەسانی دیکە پێویستە

بخرێتە بەر ڕەخنەو هەڵسەنگاندن. هەر بۆیە هەرچەشنە پراکسیسێکی ئایینیو مەزهەبی کە ببێتە مایەو هۆکاری پێشێل کردنی مافو ئازادییەکانی مرۆڤ پێویستە بەربەرەکانیی لەگەڵ بکرێ، لەقاو بدرێو قبووڵ نەکرێ. جاری وایە دینو مەزهەب وەک پاکانە بۆ پێشێل کرانی مافو ئازادییەکانی مرۆڤ کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤ لە ژێر هیچ بیانوویەکدا نابێ تەحەمووڵو قبووڵ بکرێ.

کاتێک ناتەبایییە کولتورییەکانو پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، وەک جیاوازیی کولتووری لێک دەدرێنەوە، ئەو کێشەو ناکۆکییانەش لە ئاستی کۆمەڵو لەنێو دەستەو تاقمە جۆراوجۆرەکاندا ڕەنگ دەدەنەوە. بۆ نموونە کاتێک پراکسیسێکی پڕ لە هەڵاواردنو جیاوازیدانان بە دژی ژنان لە جێگایەک بەڕێوە دەچێ، دەبێتە هۆی قووڵ بوونەوەی ناکۆکیو ناتەبایی لە نێوان ئەو کەسو گروپانە کە ئەو پراکسیسە بەڕێوە دەبەن. لەگەڵ ئەو ناوەندو ژینگە سیکۆلارانەی کە بەرگری لە مافو ئازادییەکانی ژنانو منداڵانو هۆمۆفیلەکان دەکەنو ئاڵای خەبات بۆ یەکسانیی نێوان مرۆڤەکانیان بەرزو شەکاوە ڕاگرتووە. پرسیار ئەوەیە کە کاربەدەستانی دەوڵەت چۆن دەبێ ئەو جۆرە کێشەو ناتەباییيانە ئیدارە بکەن؟

کاتێک مەسەلەکە بریتییە لە پێشێل کرانی مافو ئازادییەکانی مرۆڤ وەڵامەکە زۆر ڕوونە. پێشێل کردنو پەلاماردانی مافو ئازادییەکانی مرۆڤ لە ژێر هیچ بیانوویەک داو لە هیچ کەس ولایەنێک نابێ قبووڵ بکرێ. لە هەر جێیەک مافو ئازادییەکانی مرۆڤ دەکەونە بەر پەلامارو پێشێل دەکرێن، دەبێ سیستەمی قەزاییو حقووقیی کۆمەڵگا چالاکانە ئەرکی خۆی بەڕێوە بەرێ. جگە لەوە دەبێ گەلێک ڕێکارو میکانیزمی جۆراوجۆر بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریو هوشیاری سەبارەت بە مافو ئازادییەکانی مرۆڤو ڕوونکردنەوەی خەڵک لە پەیوەندی لەگەڵ دابونەریتە دواکەوتووەکاندا پیادە بکرێن. دێلیماو گیروگرفتی گەورە ئەو کاتە ڕوو دەدا کە کێشە کولتوورییەکان لە ئاکامی ناتەبا کەوتنی مافو ئازادییەکانی مرۆڤ لەگەڵ یەکتر سەر هەڵدەدەن. ئەو کێشەی کە لە ساڵی ٢٠٠٦دا، لە ئاکامی چاپو بڵاوکردنەوەی کاریکاتێرەکانی حەزرەتی محەممەد (د.خ) سەری هەڵدا، لەو بارەوە نموونەیەکی زۆر باشە. لەلایەک ئەو مەسەلەیە پەیوەندیی بە ئازادیی بەیانەوە هەبوو. ئازادیی بەیان لایەنێکی گرنگی مافو ئازادییەکانی مرۆڤە. هەر بۆیە ناوەندە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژئاوا لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە چاپو بڵاوکردنەوەی ئەو کاریکاتێرانە شتێکی ڕەوا بووە. لەولاشەوە موسوڵمانان ئەوە بە حەقی خۆیان دەزانن کە ڕێز لە پێغەمبەری ئەوانو بنەما ئایینییەکانی ئەوان بگیردرێ. ئەوەش بۆ خۆی دەچێتە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤەوەو بە داخوازییەکی ڕەوا دەزانرێ. هەر بۆیە دیتمان ئەو مەسەلەیە بوو بە مایەی کێشەو هەرایەکی گەورە، لەوەڕا بۆمان دەردەکەوێ کە جیاوازییە فەرهەنگیو کولتوورییەکان زۆر مەسەلەیەکی گرنگنو پێویستە بەجیدی بگیردرێن. ئەوەی لەو بارەوە زۆر گرنگەو نابێ فەرامۆشی بکەین ئەوەیە کە لەو جۆرە بارودۆخانەدا، پێویستە بە ئازادیو بە

شێوەیەکی کراوە لەسەر مەسەلەکان دیالۆگو گفتوگۆ بکرێو کۆمیونیکاسیۆنێکی باش وەرێ بخرێ. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە پێویستە هەموو لایەک تێبکۆشن تا زانیاریو هوشیاری لەسەر مافەکانی مرۆڤو تێگەیشـــتنی فرەکولتووریو پێکەوە ژیانـــی دێمۆکراتیکو بایەخو نرخە دێمۆکراتیکەکان لە کۆمەڵدا لە هەموو ئاستەکاندا بڵاو بێتەوە.

## قەزاوەتی پێشوەختو بیرکردنەوەی کلێشەیی

هـــەر چەند جیاوازیی‌یە کولتووری‌یـــەکان قووڵو جیددین، بەڵام دەتوانین ئەوە نیشـــان بدەین کە بەشێکی زۆری ئەو کێشانەی لەوانەوە سەرچاوە دەگرن هیچ پەیوەندی‌یەکیان بەو جیاوازی‌یانەوە نیەو لەو قەزاوەتە پێشوەختو بیرکردنەوە کلێشەیی‌یانەوە دروست دەبن کە ئێمە خۆمان سەرچاوەیانین. ئەو بابەتە کەمێک ســـەختو دژوارە. بەڵام ئەگـــەر فێری بینو تێی بگەین، دەبێتە هۆی ئەوەی کە بتوانین لە خاڵە لاوازو کەموکووڕی‌یەکانی خۆمان باشـــتر حاڵی بین. ئەوە لێوەشـــاوەیی‌مان دەداتێ هەلومەرجەکان باشـــتر بناســـینو لە پێشـــەوە خۆمان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵیان ئامادە بکەین. هەمیشـــەش وایە کە ئەگەر بە ئاگاهیو وشیاریو زانیاریی پێویستەوە بەرەو شتێک بچین، ئامادەیی پێویستمان بۆ ئەو کارە تێدا پێک دێ، کە ئەوە بۆخۆی زۆر گرنگە.

مەبەســـت لە Stereotyper یا بیر کردنەوەی کلێشـــەیی ئەوەیە کە ئێمـــە تایبەتمەندی‌یەک یا ســـیفەتێکی تایبەتی بەسەر کۆمەڵە کەســـێک، یان گروپێک لە خەڵکدا ببڕین. واتە بەشێوەیەکی گشـــتی قەزاوەت لەســـەر کۆمەڵە خەڵکێک بکەین. وەک ئەوە کە دەڵێین: نۆروێژی‌یەکان دەچن بۆ خلیســـکێنی سەر بەفر، فەڕانسەیی‌یەکان حەزیان لە شـــەڕابە، ئەفریقایی‌یەکان زۆر سێکس دەکەن یـــا ئەوە کە دەگوترێ پیاوانـــی هۆمۆفیل ڕەگی مێیینەیی‌یان زۆرتر تێدایە. کە واتە مەبەســـت لە بیرکردنەوەی کلێشـــەیی ئەوەیە کە ئێمە ســـیفاتێکی تایبەتی بە شێوەیەکی گشتی بەسەر کۆمەڵە خەڵکێکدا ببڕینو هەموو ئەو خەڵکە بەو پیوانەیە هەڵســـەنگێنین. ئێمە پێشـــتر باســـی ئەوەمان کرد کە کولتوور بریتی‌یە لەو ڕەمزو کۆدانەی کە لەپشـــتی ســـەرو زەینی خۆماندا هەڵمانگرتوون. Walter Lippmann کە لە باری کۆمەڵناســـی‌یەوە ئەو زاراوەیەی هەڵسەنگاندوە دەڵێ بیر کردنەوەی کلێشـــەیی بریتی‌یە لەو وێنانەی سەبارەت بە مەســـەلەو بابەتەکان لە پشتی سەرو زەینی خۆماندا هەڵمانگرتوون. ئەو دەڵێ ئێمە بە دەگمەن زانیاری لەســـەر شتەکانو دەستەو تاقمە جۆراوجۆرەکان ڕاســـتەوخۆ لە ڕێگای تاقیکردنەوەکانی خۆمانەوە وەدەســـت دێنین. زۆرتر ئـــەو زانیاری‌یانەمان لە کەسانو ســـەرچاوەکانی دیکەوە وەردەگرین. ئەو جۆرە زانیاری‌یانە لە زەینو بیری ئێمەدا جێگایان گرتووەو هەرکات تەماشـــایان دەکەین، لەچوارچێوەی ئەو وێنەو کلێشـــەیەدا دەیانبینین کە پێشتر لـــە وانمان هەیە. واتە ئەو شـــتەمان بەرچاو دەکەوێ کە خۆمان بۆ دیتنـــی ئامادە کردوە. ئەوەش وێنەیەکی درووستمان لە حەقیقەتەکە ناداتێ. چونکە تەنانەت ئەگەر ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو دیاردەیە

بەرەوڕووش دەبین بە هۆی ئەو وێنەی پێشتر سەبارەت بەو لە زەینی ئێمەدا هەیە ناتوانین بە جۆرێکی دیکە بیبینین ٤٨.

ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە هەم بیرکردنەوەی کلێشەیی بەشێوەی ئەرێنی لەسەر دەستەو تاقمێکو هەم بیرکردنەوەی کلێشەیی بەشێوەی نیگەتیڤ لەسەر دەستەو تاقمێکی دیکە دەگرێتەوە. دەگوترێ "هەموو دایەگەورەکان مێهرەبانن" یا "ڤیتنامی‌یەکان چاک کار دەکەن"و هتد.

ئەوە کە مرۆڤەکان بەسەر گروپو دەستەو تاقمی جۆراوجۆردا دابەش کەین، شتێکی نۆرماڵو سروشتی‌یە. هەمووومان ئەو کارە دەکەین. ئەوە بۆخۆی ڕێگایەکە بۆ سادە کردنەوەو ڕێکوپێک کردنی واقعییەت یان ئەو حەقیقەتەی کە لەگۆڕێ دایە. کە واتە مەبەستی ئێمە لەو باسە ئەوە نیە کە دەبێ واز لە دابەش کردنی مرۆڤەکانو دیاردەکان بەسەر گروپو دەستەو تاقمی جۆراوجۆردا بێنین. چونکە کارێکی ئەوتۆ نەک هەر مومکین نیە بەڵکوو ئێمە بێ ئەو جۆرە ڕێکوپێک کردنو کاتەگۆری کردنەی شتەکان، ناتوانین سەر لە واقعییەتەکان دەرکەین. مەبەست ئەوەیە کە بزانین ئەو جۆرە دابەش کردنە جارجار ئاکامی نێگەتیڤیشی هەیە. بۆیە پێویستە لەپێش‌دا لەسەر ئەو لایەنە نێگەتیڤە ئاگادار بین، بۆ ئەوەی تووشی هەڵوێستی بێ‌جێو نامەعقووڵ نەبین. بەم جۆرە ئەگەر سرنج نەدەینە مرۆڤەکانو تایبەتمەندی‌یەکانیان وەک تاک، بیرکردنەوەی کلێشەیی دەبێتە مایەی کێشەو زیانی زۆرمان لێ دەدات.

هەرچەند ئەو بیرکردنەوە کلێشەیی‌یانە بەهێزیش بن، ئەگەر وەک تاک لەگەڵ مرۆڤەکان بەرەوڕوو بینو سیفاتو تایبەتمەندی‌یە شەخسی‌یەکانیان ببینین، بەرەبەرە ئەو وێنەی کە لەو بارەوە لە پشتی سەری خۆمان‌دا هەڵمانگرتووە کاڵ دەبێتەوەو ئاڵوگۆڕی تێدا پێک دێ.

مەبەست لە قەزاوەتی پێشوەخت ئەوەیە کە ئێمە لە پێش‌دا لەسەر کۆمەڵە کەسێک قەزاوەتی خۆمان کردووە. واتە وێنەیەکی فیکس و نەگۆڕمان لەوان لەزەین دایە. لە حاڵێکی ئاوادا تەنانەت ئەگەر تووشی کەسێکی سەر بەو گروپە بین، ئەگەر بەوجۆرە نەبێ کە بیرمان لێ کردۆتەوە ئامادە نین بۆچوونی خۆمان بگۆڕین. سەرۆکی ڕێکخراوی ڕووسی بۆ مافەکانی مرۆڤ دەگێڕێتەوە کە جارێکیان ئەو چاوی بە لاوێکی ڕووسی کەوتووە ئەو پیاوە ڕووسی‌یە پێی وابووە کە چیچانی‌یەکان خەڵکانێکی زۆر خراپن. هەر بۆیە دەبێ ئەو چیچانی‌یانەی لە دەرەوە دەژین دەربکرێنو بنێردرێنەوە چیچان. لەوەش زیاتر ئەو پێی وابووە کە لە چیچانیش‌دا دەبێ شوورەیەکی بەرزو ئەستوریان بەدەوردا دروست بکرێ تا لە خەڵکی دیکە جیا بکرێنەوە. ناوبراو دەڵێ کە لێم پرسی ئەتۆ قەت چیچانیت دیتوون؟ لە وەڵامدا وتی بەڵێ. ئەودەم کە لە سەربازی بووم، ڕەفیقێکی چیچانییم هەبوو. لێم پرسی ئایا ئەو ڕەفیقە چیچانی‌یەت چ جۆرە کەسێک بوو؟ لە وەڵامدا دەڵێ وەڵا کوڕێکی زۆر زۆر باش بوو. ئەو جار پێی دەڵێ باشە ئەدی ئەتۆ لە کوێڕا دەزانی کە چیچانی‌یەکان خەڵکانێکی خراپن؟ لە وەڵامدا دەڵێ ئەوە شتێکە کە من بۆخۆم دەیزانم. شتێکە کە هەر لەمێژە دەیزانم.

بەم جۆرە بیركردنەوە كلێشـــەیی‌یەكان‌و قەزاوەتە نابەجیٚ‌یەكان لەلایەن ئێمەوە دروست دەبن‌و پاشان لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە دەگوێزرێنەوە بۆ نەوەكانی دیكە. لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە بیركردنەوانە كاریگەری‌یان لەسەر ژیانی ئێمە هەیە، پێویستە وشیاری‌و زانیاریمان لەسەر ئەوان هەبیٚ‌و ئەو جۆرە بیركردنەوانە كاریگەری‌یان لەســـەر چۆنیەتیی بیركردنەوەو ڕەفتاری ئێمە هەیە. بۆیە پێویســـتە بە وشیاری‌یەوە هەڵسوكەوتیان لەگەڵ بكەین. قەزاوەتە بیٚ‌جیٚ‌و بیركردنەوە كلێشەیی‌یە نیگەتیڤەكان، دەبنــە هۆی لێک دووركەوتنەوەی خەڵک‌و دەســـتەو تاقمە جۆراوجۆرەكانی نێو كۆمەڵ. جا كاتێک خەڵک ناتوانن ســـەبارەت بەو مەســـەلانە پێكەوە ڕاوێژو گفتوگۆو دیالۆگ بكەن، ئیمكانی ئەوە پێک نایە كە ئەو بیركردنەوە چەوتانە ڕاست بكرێنەوە. لە بارودۆخێكی ئاوادا ئیمكانی ئەوە كە ئەو قەزاوەتە نابەجیٚ‌یەو ئەو بیركردنەوە كلێشەیی‌یە ببێتە دوژمنایەتی، زۆرە.

### ئێمەو ئەوان

كاتێک خەڵكانی دیكە بەســـەر گروپ‌و دەســـتەو تاقمی جۆراوجۆردا دابەش دەكەین، خۆشمان لە گروپێک‌دا ڕێک دەخەین. یەكێک لە سروشـــتی‌ترین جۆرەكانی ئەو جۆرە دابەشكردنە بریتی‌یە لەوە كە گروپی "ئێمە"و "ئەوان" پێک دێنین. ئەوە ئێمەین بەو جۆرە خەڵكانی تر لە گروپی لەو جۆرەدا ڕێـــک دەخەین‌و دەیانكەینە "ئـــەوان" نەک خۆیان. ئاخر ئەوان نازانن كێن‌و ئێمە بە تێگەیشـــتنی خۆمان لەوان سیفات‌و تایبەتمەندی‌یەكانیان دەسنیشان دەكەین. بەم جۆرە بە دابەش كردنی ئەوان بەســـەر تاقمێكی لەو چەشنەدا خۆشمان لە تاقمێكی دیكەی بەرانبەری ئەوان‌دا دادەنێین. لەڕێگای باس‌و قسەكردن لەسەر ئەوانی ترو تایبەتمەندی‌و سیفاتەكانیان شكڵ بە فۆرم‌و نێوەرۆكی خۆشمان دەدەین.

ئەگەر ســـەیری مێژوو بكەین گەلێک نموونەی لەو چەشنەمان دێنە بەرچاو كە خەڵكان خۆیان بەســـەر "ئێمە"و "ئەوان"دا دابەش كردوە. ئەو جۆرە دابەشـــكردنە لە هەموو كۆمەڵگاكان‌دا بەرچاو دەكەویٚ‌و هەمیشـــەش نیگەتیڤ نیە. هەر جۆرە كێبەركیٚ‌یەكی وەرزشی جۆرێک لە دابەش كردنی خەڵكە بەســـەر "ئێمەو "ئەوان"داو بە كارێكی ئەرێنییش لەقەڵەم دەدریٚ. بۆ نموونە لە كاتی یاریی فوتبـــاڵ‌دا كاتێک چەپڵە بۆ تیپی میلیی نۆروێژ لە بەرامبەر ئیتالیادا لێدەدەین ئەوە "ئێمە"ین. لەو جـــۆرە حاڵەتانەدا "ئێمە"و "ئەوان" بەشـــێوەیەكی زۆر زەق‌و بەرچاو خۆیان نیشـــان دەدەن. چونكە دەبێتە هۆی ئازاد بوونی وزەیەكی گەورەو پێک هاتنی  تین‌و گوڕێكی زۆر. بەڵام پێویستە سەبارەت بە لایەنە سیكۆلۆژیە نیگەتیڤەكانی ئەو جۆرە دابەشكردنەی خەڵک وشیارو ئاگادار بین. دابەشكردنی خەڵک بەســـەر "ئێمە"و "ئێوە"دا، زۆر جار بە مەبەســـت‌و بە ئاگاهی‌یەوە لەلایەن سیاســـی‌یەكان، ڕاگەیەنە گشـــتی‌یەكان‌و هەندێک كەس‌و لایەنی دیكەوە، بۆ جـــاڕدان‌و هاندانی خەڵک بۆ پەلامارو هێرش كردنە سەر دەستەو تاقمەكانی دیكە بەكار دیٚ. مێژوو زۆر نموونەی لەو جۆرەی لەبیرن كە

چۆن جوولەکەکان، سامەکان، کوردەکان، تاتەرەکان، قەرەجەکان، تونسییەکان، بۆسنییەکانو زۆر دەستەو تاقمی دیکە وەک "ئەوان" پێناسە کراونو بوونەتە قوربانیی هێرشو پەلامارو قەتڵوعامو جینۆساید.

ئەمڕۆ لە نۆرویژو لە زۆر وڵاتی دیکەی ئۆرووپاییدا موسوڵمانەکان وەک "ئەوانی تر" لە قەڵەم دەدرێن. بۆ نموونە دەگوترێ کە ئەوان کەسانێکن کە لە دایکو باوکێکی غەیرە نۆرویژی لەدایک بوون، دینێکی دیکەیان هەیە، بە زمانێکی دیکە قسە دەکەنو لە ئێمە جیاوازن. هەرچەند لە نۆرویژو لە هەموو وڵاتە ئۆرووپاییەکاندا موسوڵمانەکان دەستەو تاقمو گرووپی جۆراوجۆرن، بە زمانی جۆراوجۆر قسە دەکەن و پێشینەی کولتووریو فەرهەنگی جۆراوجۆریان هەیە، پەیڕەوی لە مەزهەبی جۆراوجۆر دەکەن، هەموویان هەر بە "ئەوان" دادەنرێن.

کاتێک هەڵسوکەوتی تاکەکەسێک وەک نموونە بەکار دەبەینو ئەو هەڵسوکەوتە بەسەر گرووپێکدا دادەبڕین، ئەوە بە شێوەی کلێشەیی بیر دەکەینەوە. چونکە ئەو ڕەفتارە تایبەتییە دەکەینە پێوانەیەک بۆ پێناسەکردنی هەموو گرووپەکە بە گشتی. ئەوە پێی دەوترێ بیرکردنەوەی کلێشەیی. کاتێک پیاوێکی ئالبانی لە ژنەکەی دەدا، دەستبەجێ دەگوترێ کە "ئەوە بەشێک لە کولتوورەی ئەوە" یان دەگوترێ کە "توندوتیژی نیشان دان لەگەڵ ژنان نائاسایی نیە". بەڵام کاتێک پیاوێکی نۆرویژی هەمان کار دەکات، ئەوە بە هەڵسوکەوتو ڕەفتاری شەخسیی خۆی لە قەڵەم دەدەین. دەڵێین ناوبراو بۆیە لە ژنەکەی دەدات چونکە "سروشتێکی ناهاوسەنگی هەیە". لەو ڕێگایەوە دەمانەوێ ئەو لە نۆرویژییەکانی دیکە کە "ئێمە"نو هەموو شتێکیان هەر ئەرێنیە، جیا کەینەوە.

بەو جۆرە ئەو پیاوە نۆرویژییە هەر نوێنەرایەتیی خۆی دەکات. کەچی کابرای ئالبانی، نوێنەرایەتیی گرووپێک دەکا کە سەرتاسەر نیگەتیڤن. لێرەدا کولتوور دەبێتە ئامرازێک لە ڕێگای ئەوەوە خەڵک بەسەر دەستەو تاقمی جۆراوجۆرادا دابەش دەکەین. وەک ئەو نموونەی باسمان لێکرد. "ئێمە"ی نۆرویژی ئەرێنیو "ئەوان"ی دیکەی نیگەتیڤ.

هەروەها کەمایەتییەکانیش بە نۆرەی خۆیان قەزاوەتی پێشوەختو نابەجێو بیرکردنەوەی کلێشەییان هەیە. ئەوان لە ڕێگای ئەو نموونانەی کە لە تەلەفزیۆنو فیلمو هەندێک شتی دیکەی لەو چەشنەدا دەیانبینن بەئاسانی دەگەنە ئەو بڕیارە کە ئورووپاییەکان و نۆرویژییەکان هەموو ئەلکهول مەسرەف دەکەن یا مۆڕاڵیان لاوازە. قسە ئەوەیە کە ئەگەر هەمیشە بەو جۆرە شتی نیگەتیڤ لەسەر یەکتر ببیستینو ڕێگا نەدەین ئەو بیر کردنەوە کلێشەییانەو ئەو قەزاوەتە نابەجێیانە ڕاست بکرێنەوە، شوێنەوارێکی زۆرمان لەسەر دادەنێنو وێنەیەکی تەواو ناڕاستمان لە حەقیقەتی یەکتر پێ نیشان دەدەن. لە بارودۆخێکی ئاوادا ئەو قەزاوەتە بێجێو بیرکردنەوە کلێشەییانە فۆرمو نێوەرۆکی دنیای ئێمە دروست دەکەن. کۆمیونیکاشون، پەیوەندیو دیالۆگو باسو گفتوگۆ لەگەڵ یەکتر

دەبێتە هۆی ڕاستکردنەوەی ئەو بۆچوونە چەوتانەی کە لەسەر یەکترمان هەن. هاتوچۆو پەیوەندیی کۆمەڵایەتی زۆر گرنگە. پەیوەندیـــی کۆمەڵایەتیو هاتوچۆی یەکتر کردن ئەو دیوارانە دەڕووخێنێ. ئـــەو نۆروێژیانەی پەیوەندییان لەگەڵ خەڵکی دیکەی بەپێشـــینەی کولتووریی جیاوازەوە زۆرترە، بۆچوونیشیان لەسەر ئەوان دروستترە. تا پەیوەندیمان لەگەڵ خەڵکی سەر بە کەمایەتییەکان زیاتر بێ، تا لە بوارو مەیدانی زۆرترو بەرینتردا پێکەوە کارو تێکەڵاویمان هەبێ ، زۆرتر ئەزموونی ئەرێنی لەسەر یەکتر پەیدا دەکەینو باشتر لەسەر یەکتر قەزاوەت دەکەین ٤٩.

بۆیە زۆر گرنگە هەر کاتێک خۆمان یان کەسانی دیکە و خەڵک بەسەر کاتەگۆریی جۆراوجۆردا دابـــەش دەکەیـــن، پیویســـتە گفتوگۆیەکی هەموو لایەنەمـــان لەگەڵ یەکتردا هەبـــێ. لەو جۆرە دابەشـــکردنەدا مرۆڤەکان دەخەینە قوتوویەکی گەورەو لەئاکامدا شتێک بە ناوی فەردییەت نامێنێ. ئاخر هەندێک لە مرۆڤەکان ڕەنگە لە شتێکدا هاوبەش بن ، بۆ نموونە موسوڵمان، نۆروێژی، جوولەکە، مەســـیحی، موهاجیر، قەرەج... بن، بەڵام هەر ئینســـانە بۆخۆی خاوەنی کاراکتـــەرو تایبەتمەندیی تایبەت بەخۆیەتی کە لە هی کەســـانی دیکەی جیا دەکاتەوە. هیچ کەس وەک کەســـێکی تر نیە. زۆر نۆروێژی هەن حەز لەوە ناکەن بچنە خلیســـکێن، زۆر موســـوڵمانیش هەن کە سیکۆلارن وهەر لە بنەڕەتڕا مەزهەبی نین. بەو جۆرە ئەم شـــێوە دابەشکردنە ڕاستییەکانمان لێ دەشارێتەوە. وامان لێدەکا دنیا تەنیا بە ڕەشو ســـپی ببینین. بۆیە دەبـــێ بزانین کە هەر کاتێک پێک دەگەین، وەک مرۆڤ پێک دەگەین نەک وەک دو کولتوور. Loveelen Brennas دەڵێ هەوڵ مەدە ئەوی تر پێناسە بکەی، لێگەڕێ با خۆی بناسێنێ.

## جیاوازیدانان

بیرکردنەوەی کلیشـــەیی و قەزاوەتی بێجێو پێشـــوەخت دەبنە مایەی هـــەڵاواردنو جیاوازیدانان. مەبەســـت لە جیاوازیدانان بریتییە لە هەڵسوکەوتو ڕەفتاری نارەواو ناعادلانەو بێئینسافانە لەگەڵ کەســـێک، گروپێک، گەلێک، تاقمێک یان کەمایەتییەک لەسەر بناخەی ڕەگەز، ئیتنیسیتە، دین، ڕەنگی پێســـت، نەتەوە، تەمەن، حەزی سیکسی یا بەهۆی کەمئەندام بوونی فیزیکی یا ڕەوانییەوە. جیاوازیدانانێک کە لە ڕەنگی پێستو ڕەگەزەوە سەرچاوە بگرێ، پێی دەوترێ ڕاسیزم٥٠.

مەبەســـت لە جیاوازیدانان ئەوەیە کە ڕەفتارو هەڵســـوکەوتی جیاواز لەگەڵ کەســـانێک بکەی بەجۆرێـــک کـــە کەمتر لە خەڵکانی تر حیســـابیان بۆ بکـــەی. جیاوازیدانان ئاکامی ڕاســـتەوخۆی بەڕێوەبردنی سیاسەتێکی ئاگاهانەیە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە هەمیشە هەروا بێ٥١.

لـــە نۆروێژو لە زۆر وڵاتی تـــردا، جیاوازیدانەنان لە نێوان خەڵـــکدا، وەک ئیدەئالێکی زۆر بەرز تەماشـــا دەکرێو بەگوێرەی قانون جیاوازیدانـــان قەدەغەیە. جاری واشـــە جیاوازیدانان لە ئاکامی چۆنیەتیی ڕێکخســـتنی کۆمەڵگاوە، یان لە ئاکامی ڕاستییە حاشا هەڵنەگرەکانی نێو کۆمەڵگاوە ڕوو

دەدا. هەندێک جار، جۆرە ڕێکخستنێک ئاکامەکەی دەبێتە جیاوازیدانان لەنێوان خەڵکدا هەر چەند ڕەنگە لە بنەڕەتڕا مەبەستیش ئەوە نەبووبێ.

ســاڵی ١٩٩٨ ڕۆژنامەی داگبلادەی نۆرویژی نووسیبووی کە کوڕێکی سەرڕەش تەنیا لە ماوەی یەک هەفتەدا حەڤدە جار لە ئۆسـلۆ لەلایەن پۆلیســەوە ڕاگیرابوو. هۆیەکەی ئەوە بوو کە ئەو کوڕە پایسکیلێکی زۆر جوان‌و بەنرخی لێدەخوڕی. پۆلیس پێی وابوو حەتمەن ئەو پاسکیلەی دزیوە. ئاخر چۆن دەبێ کوڕێکی سەرڕەش دووچەرخەیەکی ئاوا جوان‌و بەنرخی هەبێ؟ هەرچەندە ڕەنگە پۆلیس هەموو جارەکان بە مەبەســتی ڕاسیســتی ئەو کارەی نەکردبێ، بەڵام ئاکامی شــتەکە هەر یەکەو دەکرێ بە ڕەفتارێکی ڕاسیستی لێک بدرێتەوە.

ئەگەر ئەو کەس‌و لایەن‌و دەستەو تاقمانەی دەسەڵاتی زۆرتریان هەیە، هەڵاواردن‌و جیاوازیدانان بە دژی خەڵکانی دیکەی کەم دەسەڵات یان بێدەسەڵات بەڕێوە بەرن، ئەوە ئاکامی ئەو جیاوازیدانان‌و هەڵاواردنە زۆر زەق‌و کاریگەر دەبێ. واتە جیاوازیدانانەکە شکڵێکی جیددی بەخۆوە دەگرێ‌و ئاکامی زۆر نالەباری لێدەکەونەوە. سیاســەتمەدارەکان، ڕۆژنامەنووسەکان، ڕێبەرانی سیاسی، کاربەدەستانی دامــودەزگا دەوڵەتی‌یەکان وەک پۆلیس، یــان بەڕێوەبەران‌و کارمەندانی دامــەزراوە پەروەردەیی‌و تەندروستی‌و خزمەتگوزاری‌یەکانی دیکە وەک ئیدارەی کار، زیندانەکان‌و هتد، دەتوانن لە دەسەڵات‌و مەوقعییەتی خۆیان کەڵکی خراپ وەرگرن‌و جیاوازیدانان لەگەڵ خەڵک بکەن. لەوەش زیاتر کەسێکی ئاســاییش لەسەر شــەقام دەتوانێ جیاوازیدانان بەرامبەر بە خەڵک بەڕێوە بەرێ. جیاوازیدانان بە لە ژێرپێنانی مافەکانی مرۆڤ‌و پێشــێل کردنی بایەخە ئینســانی‌یەکان دادەنــرێ. ئەگەر گروپێک لە کۆمەڵدا بەشــێوەیەکی سیستەماتیک جیاوازیدانانی لەگەڵ بکرێ، ئاکامەکەی دەبێتە سەرهەڵدانی کێشــەو نائارامی. کاتێک کەمایەتی‌یەکان لە نێو کۆمــەڵدا، بەبەراورد کردن لەگەڵ زۆرایەتیش، لە بوارەکانی خوێندن‌و کارو نیشــتەجێ بوون‌و لایەنەکانی دیکەی ژیــاندا، خۆیان لە هەلومەرجێکی نالەبارو خراپدا دەبینن، هەســت بە ناڕەحەتی‌یەکی زۆر دەکەن‌و ئەوەش سەرەنجام دەبێتە مایەی ســەرهەڵدانی ناڕەزایەتی‌و کێشە. ئەگەر هەمیشەو بەردەوام ئەوان وەک "ئەوانی تر" قسەیان لەسەر کراو بە چاوێکی لەو چەشنە تەماشا کران، سەرەنجام ئەوانیش هەر بەو جۆرە خۆیان پێناسە دەکەن. ئاکامی ئەوەش دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی زۆرتری ئەوان. واتە کردەوەیەکی لەو چەشــنە دەبێتە هۆی لێــک دوورکەوتنەوەی گروپــە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵ. یا بــە واتایەکی تر دەبێتە لێک دوورکەوتنەوەی زۆرتری زۆرایەتی‌و کەمایەتی.

جــاری وایە ڕەفتارێــک ئەگەرچی واش نیە، بــە جیاوازیدانان تێدەگەیــن. کاتێک چالاکێکی سیاســی نابینا لە هەڵبژاردنی شــارەوانی‌دا بۆ دەســتەی بەڕێوەبەری دەنگ ناهێنێتەوە، وای لێک دەداتەوە کە ئەوە جیاوازیدانانی لەگەڵ کراوە. بەڵام ڕاستی‌یەکی وا نیە. لێرەدا زۆر هۆکاری دیکەش هــەن کە ڕۆڵیان هەیە. لەو جۆرە هەلومەرجانەدا هــەر جۆرە دیاردەیەکی ئاوا بە جیاوازیدانان لێک

دەدرێتـــەوە. واتە جیاوازدانان وەک ئامرازێک بۆ لێکدانەوەیەکی ســـادەی ئـــاوا بەکار دێ. ئەمەش تواناو لێوەشـــاوەیی‌یەکانی ئێمە بۆ شـــکڵ پێدانی ژیانی خۆمان کەم دەکاتەوە. چونکە هەوڵنەدان‌و کارو کۆشـــش نەکردن بۆ چوونە پێش‌و پەرەسەندن بەوە پاکانە دەکەین کە جیاوازیدانانمان لەگەڵ دەکـــرێ. بۆیە زۆر گرنگە لـــەو جۆرە هەلومەرجانەدا بە دیققەتێکی زۆرەوە هۆیەکانی ئەو جۆرە کارو ڕەفتارانە شی کەینەوە تا بزانین ئایا بەڕاستی ئەوە لە جیاوازیدانان‌و ڕاسیزمەوە سەرچاوە دەگرن یان هۆکاری دیکەیان لە پشتە.

بـــۆ خـــۆ ڕزگار کردن لە داوی بیرکردنەوە کلێشـــەیی‌و قەزاوەتە بێ‌جـــێ‌کان نابێ تەنیا هەر بە ئەزموون‌و تاقیکردنەوەکانی خۆمان ڕازی بین. وەدەست هێنانی زانست‌و زانیاری‌و هوشیاری شتێکەو بەکارهێنانی ئەو زانســـت‌و هۆشیاری‌و شـــارەزاییەش شـــتێکی دیکەیە. لە زۆرترین کاتەکان‌دا ئەو فێربوون‌و چوونە پێش‌و ئاڵوگۆڕ پێک هاتنە پرۆسەیەکی درێژخایەنە.

## ئاوێتە بوون

بۆ دامەزراندنـــی کۆمەڵگایەکی فرەفەرهەنگی، ئاوێتە بوون، میتۆدێکی گرنگ‌و بەکەڵکە. مەبەســـت لـــە ئاوێتە بوون بریتی‌یە لـــە پێکهێنانی زەمینـــەو هەلومەرجێکی لەبار بۆ تێکـــەڵاو بوون‌و ئاوێتە بوونی کەمایەتی‌یەکان لـــە نێو دامودەزگاو دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگادا. بەجۆرێک کە هەم بتوانن ئاوێتەی کۆمەڵگا بن‌و هەم هەوییەت‌و ناسنامەو تایبەتمەندی‌یە فەرهەنگی‌و کولتووری‌یەکانی خۆشـــیان بپارێزن‌و بەرەو پیشـــیان بەرن. زۆربەی دەوڵەتەکان بەتایبەتی لە ئۆرووپا، ئاوێتەبوون بە ئامانج دەزانن‌و تەنانەت کەمایەتی‌یەکان خۆشیان وەک ئامانج تەماشای ئاوێتەبوون دەکەن.

پرســـیاری ســـەرەکی ئەوەیە کە تا چ ڕادەیەک چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ کە کەمایەتی‌یەکە وەک زۆرایەتی بێت‌و تا چ ڕادەیەکیش ڕێگای ئەوەی پێ دەدرێ کە جیاواز بێ؟ لە کوێ‌دا دەوڵەت داوا دەکا کە کەمایەتی بە هەمان ئاراستەی زۆرایەتی‌دا بڕواو لە کوێ‌دا ڕێگای پێ دەدا کە جیاواز بمێنێتەوە؟ پێشتر باسمان کرد کە لەو بوارەدا پرنسیپ‌و پەسند کراوەکانی مافی مرۆڤ، پێوانەو ڕێنیشاندەرێکی زۆر باشن. هەر جۆرە کارو کردەوەو ڕەفتارێک کە دەبێتە مایەی پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤ یان دەکەوێتـــە دەرەوەی چوارچێوەی ئەو مافو ئازادی‌یانە، یان بـــە پێچەوانەی ئەوانەیە، نابێ دەگەڵی هەڵبکـــرێ و قبـــووڵ بکرێ. لەبنەڕەتڕا پێویســـتە مەیدانێکی بەرین بۆ جۆراوجـــۆری‌و ڕەنگاوڕەنگ بوونی کۆمەڵگا ئینســـانی‌یەکان دەســـتەبەر بکرێ. واتە تا ئەو جێیەی دەکرێ پێویســـتە مەیدان بە ڕەنگاوڕەنگی‌و جۆراوجۆری کۆمەڵگای ئینســـانی بدرێ. ئەوە ئەسڵێکی بنەڕەتی‌یە. بەڵام جاری وایە دێلیمـــاو وەزعێکـــی تایبەتی دێتە پێش کە مافەکانی مرۆڤ ناتوانـــن وەڵامدەر بن، یان جاری وایە کێشـــەیەک لە ئاکامی ناتەبا کەوتنی مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ یەکتردا ســـەر هەڵدەدا. لە حاڵەتێکی ئاوادا پێویستە لە ڕێگای دیالۆگ‌و باس‌و گفتوگۆو تووێژو بەڵگەهێنانەوەی مەنتقی‌یەوە ڕێگاچارەیەک

بۆ گیروگرفتەکە بدۆزرێتەوە. لەوەش زیاتر پێویستە هەموو لایەنەکانی کێشەکە لەو باس‌و گفتوگۆو دیالۆگ‌و وتووێژانەدا بەشداری بکەن. دەوڵەتە ئۆرووپاییەکان ڕەوش‌و مێتۆدی جیاواز وەک ڕێگاو ئامراز بۆ ئاوێتە بوون بەکار دێنن. لە کاتێکدا لە نۆرویژ کەمایەتی‌یەکان مافی ئەوەیان هەیە کە لە قوتابخانەدا کەڵک لە سیمبولە ئایینی‌یەکانی وەک حیجاب‌و توربان وەرگرن لە فەڕانسەدا ڕێگای ئەوەیان پێ نادرێ ٥٢.

کاتێک لە ساڵی ٢٠٠٦دا پاش بڵاوبوونەوەی کاریکاتێری وێنەکانی حەزرەتی محەممەد (د.خ)، کاربەدەستانی دانمارک ڕایانگەیاند کە ئەوان بەرگری لە ئازادیی بەیان دەکەن کەچی کاربەدەستانی نۆرویژ تا ڕادەیەکی زۆر هەڵوێستیان ئەوە بوو کە پێویستە ڕێزو حورمەتی دین‌و مەزهەب وەبەرچاو بگیردرێ.

ئەوە کە چ شتێک دەبێ وەک "جیاوازی" دەگەڵی هەڵبکرێ و قبووڵ بکرێ، هەمیشە مایەی قسەو باس‌و لێدوانە. جاری وایە ئەو باس‌و گفتوگۆیانە تەنانەت کێشەو ناخۆشیشیان لێ دەکەوێتەوە. ئەگەر دەمانەوێ شتێک جێ بگرێ‌و قبووڵ بکرێ‌و وەرگیرێ دەبێ کاری بۆ بکەین‌و هەر کاتێک هەبوونی جیاوازی‌یەک بوو بە هۆی ئەوەی کە لەگەڵ ململانێ بەرەوڕوومان کات، پێویستە ئازایەتی‌و دلێریی ئەوەمان تێدا بێ کە تەحەممولی کەین. ئەو ئازایەتی‌و دلێری‌یە بۆ تەحەممول کردنی جیاوازی‌یەکان پێویستە لەنێو هەموو لایەن‌و گروپەکانی نێو کۆمەڵگادا واتە لە نێو زۆرایەتی‌و کەمایەتی‌دا هەبێ. واتە دەبێ هەر دوو لا ئامادەی تەحەممول کردنی ئەو جیاوازی‌یانە بن.

هەموو کۆمەڵگاکان، کولتوورەکان دین‌و مەزهەبەکان‌و تەنانەت مرۆڤەکانیش بەردەوام لە حاڵی گەشەو هەڵدان‌و چوونە پێش دان. هەر بەو جۆرە شێوەی چۆنیەتیی بیرکردنەوەو لێکدانەوەو تێگەیشتن لە دنیاش لە هەموو جێ‌یەک لە حاڵی ئاڵوگۆڕ دایە. ئەمڕۆ زۆربەی کۆمەڵگا ئینسانی‌یەکان، فرەکولتووری‌و فرەئایینی‌و فرەمەزهەبیین.

لە ساڵی ١٩٦٠ی زایینی‌دا تەنیا یەک‌و نیو لەسەدی خەڵکی نۆرویژ پێشینەی کولتووریی جیا لە نۆروێژیان هەبوو، کەچی ئێستا ئەو ڕێژەیە پتر لە هەشت لەسەد دایە ٥٣. زۆرتر باس لەوە دەکرێ کە ئەو خەڵکەی لە دەرەوەڕا هاتوونەتە نۆرویژ پێویستە تێکۆشن لەو کۆمەڵگایەدا ئاوێتە بن. بەڵام هەر ئەوە بەس نیە. نۆروێژی‌یەکانیش دەبێ تێکۆشن خۆیان لەگەڵ ئەو وەزعە تازەیە بگونجێنن‌و لەو کۆمەڵگا نوێیە فرەفەرهەنگی‌یەدا ئاوێتە بن. بۆ ئەو مەبەستە پێویستە ئەوە قبووڵ بکەین کە واقعییەتێکی تازە هاتۆتە کایەو هەلومەرجەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. زۆر لەو وێنەو ڕەمزو کۆدانەی کە لە پشتی سەرو زەینی خۆمان‌دا هەڵمان گرتوون، پێویستە نوێ بکرێنەوە. لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەردەخەن کە زۆربەی هەر زۆری خەڵک لە وڵاتانی دیکەڕا بۆ ئەو وڵاتە، بە مایەی دەوڵەمەند بوونی فەرهەنگ‌و کولتوورو وەزعی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری وڵاتەکەیان دەزانن. هەشتاوپێنج لەسەدی خەڵک ئەوەیان پێ باشە کە لەو کۆمەڵگایەدا خەڵکانی سەر بە کولتوورو فەرهەنگە جۆراوجۆرەکان

پێکەوەن. سێ لە چواری خەڵکی نۆرویژ لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەو خەڵکەی لە دەرەوەڕا هاتوونەتە نۆرویـــژ ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بازاڕی کارو ژیانی ئابووریی نۆروێژدا هەیەو زۆر چاک کار دەکەن٥٤. هەر بۆیە سەرەڕای ئەوەی کە ڕەنگە گیروگرفتو چالێنجمان لەو پەیوەندی‌یەدا لەپێش دابن، بەڵام نابێ کێشەکان لە ڕادەبەدەر گەورەو سەختو دژوار نیشان دەین.

خەڵکانی موهاجیرو کۆچبەریش، ئەوانەش کە لە دەرەوەش‌ڕا هاتوونەتە ئەم وڵاتە دەبێ تێکۆشن خۆیان لەگەڵ ئەو هەلومەرجە نوێ‌یە بسازێنن. لە کۆمەڵگا فرەکولتووری‌و فرەفەرهەنگی‌یەکان‌دا ئەو خەڵکانەی پێشـــینەی کولتووری وەک یەکیان هەیە هەوڵ دەدەن بۆ ژیان‌و نیشـــتەجێ بوون یان بۆ بەســـەر بردنی کات‌و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەســـمە کۆمەڵایەتی‌یەکان لە دەوری یەک کۆبنەوە. ئەوە شـــتێکی تەواو سروشتی‌یە. مرۆڤ بەپێی سروشـــتی خۆی حەزی لێ‌یە لە جێگایەک بێ کە وەک غەریـــبو بێگانە نەیەتە بەرچاو. گیروگرفت ئەو کاتە دەســـت پێ دەکات کە ئەوە ببێتە کۆســـپو تەگەرە لەسەر ڕێگای بەشداری کردن لە کاروباری کۆمەڵدا. ئەوە گیروگرفتە کە کەمایەتی‌یەکان لە بەشـــداری لە کاروباری کۆمەڵ‌و لە چالاکی نواندن لە ئیدارەی کاروباری وڵاتدا خۆیان دوورەپەرێز بگـــرن. واتە خۆیـــان بۆ فێربوونی زمان مانـــدوو نەکەن، لە هەڵبژاردنەکان‌دا بەشـــداری نەکەن، لە کۆبوونەوەو ڕێوڕەسمە جۆراوجۆرەکانی قوتابخانەو باخچەی ساوایان‌دا ئامادە نەبن، یان نەتوانن ژیان‌و کاروباری ڕۆژانەی خۆیان بەڕێوەبەرن٥٥. دەبێ بگوترێ کە هەندێک داب‌ونەریت هەن لەسەر ڕێگای ئاوێتەبوون‌و تێکەڵ بوونی کەمایەتی‌یەکان لەنێو کۆمەڵگای گەورەدا کۆسپ دروست دەکەن. یەکێک لەو داب‌ونەریتانەی کە لەو پەیوەندی‌یەدا زۆری باس لێ کراوە، بریتی‌یە لە هێنانی ژن لە دەرەوەی وڵاتڕا. لە پێش هەموو شتێک‌دا دەبێ لەوە بترسین کە ڕەنگە ئەو کچە بە زۆرەملی لەلایەن کەس‌و کاری‌یەوە ناچار بە شـــووکردن کرابێ. لەلایەکی دیکەشـــەوە هەندێک کەس لەسەر ئەو بڕوایەن کە پێشـــینەی کولتووری سوننەتی دەبێتە مایەی ســـەرهەڵدانی کێشە. بۆیە بە شک‌و گومان‌و ترسەوە دەڕواننە کارێکی لەو چەشـــنە٥٦. لێکۆڵینەوەکان ئەوە نیشـــان دەدەن کە زۆربەی لاوانی سەر بەو کەمایەتی‌یانـــە کە لە دەرەوەڕا هاتوونەتە ئەو وڵاتانە، حەز بەوە دەکەن لەگەڵ کۆمەڵگای تازە ئاوێتە بن. ئەوان پێیان خۆشە ببنە بەشێک لەو کۆمەڵگایە. پێیان خۆشە زمان‌و فەرهەنگ‌و کولتووری ئەو وڵاتە فێر بن‌و دۆست‌و هاواڵەکانیان لە خەڵکی ئەو وڵاتانە بن. لە هەمان کات‌دا حەزیان لەوەشە کە ناسنامەو هەوییەتی کولتووری تایبەت بەخۆشیان بپارێزن‌و پەرەی پێ بدەن. لەو ڕێگایەوە ناسنامەی ئـــەوان بەهێز دەبێ. ڕاســـتی‌یەکەش ئەوەیە کە لە نێو ئەوان‌دا ئەو کەســـانە زۆرتر ســـەرکەوتوون کـــە تێکەڵاوێکن لە هەر دوو کولتوور. هەم ئەون‌و هەم ئەم. ئەوانە لێوەشـــاوەیی‌یەکیان وەدەســـت هێناوە کە دەتوانن لە هەر دوو کولتووردا هەڵســـووڕێن. باشترین لایەنەکانی ئەم کولتوورو باشترین لایەنەکانی ئەم کولتوورەی تر وەردەگرن‌و بەگوێرەی ئەو هەلومەرجەی کە بۆیان دێتە پێش کەڵکی لێ وەردەگرن. ئەوانە هەر لەو کاتەدا کە تا ڕادەیەکی زۆر بەرز ڕێز لە دایک‌و باوکیان دەگرن، بڕواو

متمانەیەکی زۆریشیان بە خۆیان هەیەو کەسانێکی سەربەخۆن‌و توانای چارەسەری گیروگرفتەکانی خۆشـــیان هەیە. ئەوان چاک دەتوانن خۆیان بگونجێنن‌و چۆنیەتیی ئاستی ژیانیان بەرنە سەرێ٥٧. کە واتە ســـەرکەوتووترین ســـتراتیژی بۆ ئاوێتە بوون ئەوەیە کە بتوانی لە کۆمەڵگای گەورەدا ئاوێتە بی‌و ناســـنامەو تایبەتمەندی‌یە کولتووری‌و فەرهەنگی‌یەکانی خۆشت بپارێزی‌و بەرەو پێشیان بەری. زۆر بـــە کەمی هەڵدەکەوێ کە نۆرێژی‌یەک بیەوێ واز لـــە دابونەریتەکانی خۆی بێنێ. هەر بەو جۆرە پێویستیش بەوە ناکا کەسانی سەر بە کەمایەتی‌یەکان دەست لە دابونەریتە کولتووری‌یەکانی خۆیان هەڵگرن. راســـت بە پێچەوانەوە، پاراســـتن‌و ڕاگرتنی نرخو بایەخە کولتووری‌یەکانی خۆمان، هێزو تواناو زەمینەیەکی باشمان دەداتێ تا بتوانین لە باری ڕووحی‌و کۆمەڵایەتی‌یەوە بەسەر وەزعی تازەدا زاڵ بین‌و خۆمان بسازێنین‌و زووترو باشتر لەو کۆمەڵگا تازەدا جێ بگرین. لەوەش زیاتر ئەمە دەبێتـــە هۆی ئەوەی کە پێگەو جێگەمان لە کۆمەڵگادا بەهێزترو قایمتر بێ. بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە هەر چەند ڕاگرتن‌و پاراســـتنی نرخو بایەخە کولتووری‌یەکانی خۆمان سەرچاوەو دەسمایەیەکی گەورەن بۆ ســـەرکەوتنی پرۆســـەی ئاوێتە بوونمان لە کۆمەڵگای تازەدا، نابێ ئەو چوارچێوە گشتی‌و یاساو ڕێسایانەی کە کۆمەڵگا بەشێوەیەکی گشتی لە سەریان بەڕێوە دەچێ، نادیدە بگیردرێن.

دەبێ ئەوەش بزانین کە ڕەنگە کەسانی سەر بە کەمایەتی‌یەکان جارجار لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیـــان‌و کارو خوێنـــدن‌دا هەلومەرج‌و دەرفەتی وەک کەســـانی ســـەر بە زۆرایەتیـــی کۆمەڵیان بۆ هەڵنەکەوێ. ئەو کچ‌و کوڕە لاوانەی کە پێشـــینەی کولتووری دیکەیان هەیەو لە ڕێگای تەلەفۆنەوە شـــت بۆ کۆمپانیاکان دەفرۆشـــن، دەڵێن ئەوان ئەگەر خۆیان وەک ئولە یا وەک ئۆڵس بناســـێنن، باشـــتریان گوێ لێ دەگیردرێ. وەزعەکە بە جۆرێکە کە لە بازاری کارو لە شـــوێنەکانی دیکەش‌دا ئەوان هەمیشـــە لە دواوەی ریزەکەوەن. دیارە ئەوەش ئاکامـــی زۆر خراپی بەدواوەیە. چونکە ئەوان وەک خۆیـــان وەرناگیردرێن. وەک خۆیان ڕێزیان بۆ دانانرێ. لە ئاکامدا هەســـت بەوە ناکەن کە لە ماڵی خۆیانن، واتە هەست بە غەریبی‌و بێگانە بوون دەکەن.

لە کۆمەڵگایەکی فرەکولتووری‌دا پێویســـتە هەموومان ئامادەیی ئەوەمان تێدابێ کە بە چاوێکی کراوەو بە ســـینگێکی فراوانەوە لەگەڵ دیاردەو ڕووداوەکان بەرەوڕوو بین. پێویستە تێکۆشین یەکتر بناســـین‌و زانیاری لەسەر یەکترو کولتوورو فەرهەنگی یەکتر وەرگرین‌و لەگەڵ دنیای یەکتر شارەزا بیـــن. ئەوە بەو مانایەش نیە کە ئێمە بە بازاڕدا ڕاکەین‌و هەر کەس تووش بووین ئامێزی لێ دەین‌و باوەشـــی پێداکەین. مرۆڤەکان جیاوازو جۆراوجۆرن. مرۆڤ حەز ناکا پەیوەندی‌و هەڵسان‌و دانیشتنی لەگەڵ هەموو کەس هەبێ. گرنگ ئەوەیە کە کراوە بین‌و توانای دیالۆگو باس‌و گفتوگۆمان لەســـەر مەســـەلەو بابەتە جۆراوجۆرە پەیوەندیدارەکان تێدا بێ‌و نابێ بیرکردنـــەوەی چەندپاتەکراو و بڕیارە پێشـــوەخت و بێ‌جێکان ببنە کۆســـپی سەر ڕێگای تێکەڵاو بوون و ئاوێتە بوون و پێک گەیشتنمان لەگەڵ کەسانی دیکە و ڕێگای پەرەسەندن و پێشکەوتنمان لێ بەربەست بکەن.

## کاتێک فرەکولتووری دەبێتە پێشهاتێکی حاشاهەڵنەگر

ئێســـتا کۆمەڵگا فرەکولتووری‌یەکان بوون بە هەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگر. لەو کۆمەڵگایانەدا خەڵکانی جۆراوجۆر بە پێشـــینەی جیاوازی کولتوری‌یەوە لە پەنا یەک دەژین. بەجیهانی بوون ئەم دیاردەیە پەرە پێدەداو ڕۆژبەڕۆژ خێراتریش دەبێ.

ژیان لـــە کۆمەڵگایەکی فرەکولتووری‌دا گەلێک ئیمتیازو دەرفەتمـــان دەداتێ. بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین لەو ئیمتیازو شـــانس‌و دەرفەت‌و ئیمکاناتە کـــە لە کۆمەڵگایەکی فرەکولتووریدا هەن کەڵک وەرگرین، پێویســـتە تواناو لێوەشـــاوەیی ئەوەمان هەبێ کە پێکەوە بە ئاشـــتی بژین. واتە مەرجی ســـەرەکی بۆ کەڵـــک وەرگرتن لەو شـــانس‌و دەرفەتانە ئەوەیە کـــە بتوانین بە ئاشـــتی بەیەکەوە هەڵبکەین‌و بژین. بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە ئەو ئامرازو ڕەوش‌و شێوازو مێتۆدانە بەکار بەرین کە لە ئیدارەکردنی کێشـــەو ناتەبایی‌و جیاوازی‌یـــە کولتووری‌یەکان‌دا یارمەتی‌و کۆمەگمان دەکەن. ئەو کێشـــەو جیاوازی‌یانەی کە لە کۆمەڵگایەکی فرەکولتووری‌دا بەشـــێوەی سروشتی هەن، جاری وایە ئێمـــە دەخەنە بەر تاقیکردنەوەیەکی گەورە. لەو جۆرە هەلومەرجانەدا مافەکانی مرۆڤ، لەبەر ئەوەی جێ متمانەی نێونەتەوەیی‌و جیهانی‌یانە، باشـــترین پێوانەو ڕێنیشـــاندەرن بۆ ئەوەی کە بزانین چی دەبێ تا کوێ تەحەممول بکرێ. پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤ نابێ لە ژێر هیچ بیانوویەک‌و بەهیچ پاساوێک تەنانەت ئەگەر پاکانەی کولتووری‌و ئایینی‌و مەزهەبییشی بۆ بکرێ، قبووڵ بکرێ. مافەکانی مرۆڤ ئەرکی ئەوەمان دەخەنە سەرشان کە لە پەیوەندی لەگەڵ پێشێل کرانی ماف‌و ئازادی‌یەکانی مرۆڤدا، بێ‌هەڵوێســـت نەبین. هەر بۆیە کاتێک دەبینین کە ماف‌و ئازادی‌یەکانی کەسێک دەکەونە بـــەر پەلامار یان هەڵاواردن‌و جیاوازیی پێ ڕەوا دەبینرێ، تەنانەت ئەگەر پێشـــینەیەکی کولتووریی دیکەشی هەبێ، پێویستە وەدەنگ بێین.

"تـــۆ نابێ زوڵم‌و بێعەداڵەتی تەنانەت ئەگەر ڕووشـــی لە خۆت نەبێ تەحەممول بکەی". Arunlf Øverland

پێویســـتە مەیدانێکی بەرین بۆ پلۆرالیزمی فەرهەنگی وجۆراوجۆری‌و ڕەنگاوڕەنگی لە کۆمەڵ‌دا لـــە گۆڕێ دابێ. مرۆڤـــەکان جۆراوجۆرن هەر بۆیـــە دەبێ ڕێگا بدرێ لە کۆمەڵـــگاش‌دا جۆراوجۆر بمێننەوە. ئەگەر دەمانەوێ خەڵکانی دی ڕێز لە خۆمان‌و ئەو نرخو بایەخو ڕێگاچارانە بگرن کە ئێمە هەڵیاندەبژێرین، پێویســـتە خۆشـــمان ڕێز لە خەڵکی ترو ئەو نرخو بایەخو ئەڵتەرناتیڤانە بگرین کە ئەوان هەڵیاندەبژێرن. یەکێک لە گرنگترین ئەو ڕێگاو مێتۆدانەی کە بەهۆیەوە دەتوانین کۆمەڵگایەکی فرەکولتووریی باش‌و دەوڵەمەندو سەرکەوتوو بنیات بنێین، بریتی‌یە لەوە کە جیاوازیی‌یەکان ببینین‌و تەحەممول‌و قبووڵیان بکەین. پاشـــان دیالۆگ بۆ خســـتنە بەر باســـی جیاوازی‌و کێشەو ناتەبایی‌و ناکۆکی‌و لایەنە ناڕوونەکانی مەسەلەکان زۆر گرنگە. دیالۆگێکی سەرکەوتوو ئەوەیە کە هەموو لایەک بتوانن تێیدا بەشـــدار بن‌و بۆ هەمووشـــیان یەک جۆرە ڕێساو یاســـاو چوارچێوە هەبێ کە لەسەری

ڕێککەوتبن‌و بەڕێوەشی بەرن. ئەگەر لایەنە پەیوەندیدارەکان نەتوانن لەگەڵ یەک پەیوەندی بگرن‌و کۆمیونیکاشیۆن بکەن، ئەوە زەمینە بۆ گەشەسەندنی بیرکردنەوە چەندپاتەکراوەکان و بڕیارە بێ‌جێ‌و پێشوەختەکان پێک دێ. دەرفەت‌و ئیمکانی دیالۆگ کردن لە هەمووی ئێمەدا هەیە، واتە هەموومان بەپێی سروشت توانای وتوویژو دیالۆگمان تیدایە، بەڵام ئەو ئیمکان‌و دەرفەتە کاتێک گوڵ دەکاو خۆی نیشان دەدا کە بڕوامان بە یەکتر هەبێ‌و لە نیەت پاکیی یەکتر دڵنیا بین. ئەوە کە ئەمڕۆ چۆن کێشە جۆراوجۆرەکانمان چارەسەر دەکەین، فۆڕم‌و نێوەڕۆکی سبەینێ‌و کۆمەڵگای داهاتوومان دەستنیشان دەکەن.

چەندە جۆراوجۆری‌و ڕەنگاوڕەنگیی بیۆلۆژیکی لە سرۆشتدا گرنگ‌و پێویستە، هەر بەو ئەندازەیەش جۆراوجۆری‌و ڕەنگاوڕەنگی لە کۆمەڵگای ئینسانی‌دا، بۆ پێشکەوتن‌و پەرەسەندنی مرۆڤایەتیش پێویستە. بۆیە دەبێ جیاوازییە فەرهەنگی‌و کولتووری‌یەکان بە میرات‌و سەروەت‌و سامانی هاوبەشی هەموو مرۆڤایەتی بزانین. هەر بۆیەش پێویستە ئەو جیاوازی‌و ڕەنگاوڕەنگی‌یە بپارێزین‌و ڕایبگرین‌و ڕێزی بۆدانێین‌و بەرەوپێش تری بەرین. کاتێک دەبینین لە کۆمەڵگایەکی فرەکولتووری‌دا خەڵک بەشێوەی جۆراوجۆرو بە میتۆدو ڕەوشی جۆراوجۆرە، بەستایلی جۆراوجۆرەوە، بەشێوەی بیرکردنەوەو ڕێگاچارەی جۆراوجۆرەوە دەژین، دەرفەتی ئەوەش بۆ ئێمە پێک دێ تا بتوانین هەڵبژێرین. ئەو جیاوازی‌یە فەرهەنگی‌و کولتووری‌یانە شانس‌و دەرفەتی ئەوەمان بۆ پێک دێنن کە لە نێو ئەوان‌دا باشترینیان هەڵبژێرین‌و ئەڵتەرناتیڤە هەرە باشەکان بۆ پێشکەوتنی تازەو بنیاتنانی زۆرتر بەکار بێنین.

### ئەو خاڵانەی کە لە کاتی وانە گوتنەوە لەسەر بابەتی فرەکولتووری و تێگەیشتنی فرەفەرهەنگیدا پێویستە پشتگوێ نەخرێن:

* تا ڕادەیەکی هەرە زۆر، ئەمڕۆ هەموو وڵاتانی دنیا فرەکولتوورین. واتە ئەمڕۆ فرەکولتووری دیاردەیەکە لە هەموو وڵاتەکانی دنیادا بەرچاو دەکەوێ.

* نۆرویژ زۆر لەمێژە کۆمەڵگایەکی فرەکولتووری‌یە. لەو وڵاتەدا، تەنانەت پێش ئەو دەورانە مۆدێرنەی ئێستاش کە خەڵکی دیکە لە وڵاتانی جۆراوجۆرەوە هاتوونەتە ئێرە، هەمیشە لەو کۆمەڵگایەدا، نۆرویژی‌یەکان، جوولەکەکان، سامەکان، قەرەجەکان، تاتێرەکان، کڤێەرەکان‌و فینلاندی‌یە جەنگەڵنشینەکان پێکەوە ژیاون.

* مەبەست لە تێگەیشتنی فرەکولتووری ئەوەیە کە بتوانین لەو پرۆسە جۆراوجۆرانە کە لە کۆمەڵگا فرەکولتووری‌یەکان‌دا لە گۆڕێ دان تێبگەین‌و ئیدارەیان بکەین.

* ئێمە مرۆڤەکان هەموومان هەڵگری کولتوورین. واتە زادەی ئەو فەرهەنگ‌و کولتوورەین کە لە نێوی‌دا گەورە بووینە.

* كولتووره ناوچەییەكان، ئــەو كولتوورەیە كە لە كۆمەڵگای گەورەدا گروپێكی بچكۆڵەتری خەڵک لــە دەوری یەكتر كۆ دەكاتەوە. ئێمە مرۆڤەكان دەتوانین لە یەک كاتدا ســەر بە چەند كولتووری جیاواز بین.
* ناسنامەو شوناسی ئێمە ڕەنگاوڕەنگ و تێكچندراوە. ئەو ناسنامەیە لە ئاكامی كار لێككردنی گەلێک فاكتــۆری جیاجیادا، وەک ژینگە، بۆمــاوە ژێنێتیكییەكانو ئەزمــوونو تاقیكردنەوەكانی خۆماندا دروست بووە.
* ئێمــە وەک مرۆڤ هەموومـــان تێكچندراو و بێوێنە و تاقانەین و كەس ناتوانێ جێمان بگرێتەوە. واتــە هەموو مرۆڤەكان لێک جیاوازنو هەر كامەیان خاوەن خەســڵەت و تایبەتمەندیی خۆیەتی و وەهیچ كەسێكیتر ناچێ. هەر بۆیە دروست نیە مرۆڤەكان لە ڕێگای یەک سیفاتو تایبەتمەندییەوە پێناسە بكەین چونكە ئەوە ئاكامی نیگەتیڤی لێ دەكەوێتەوە. مرۆڤەكان لە هەر حاڵدا مرۆڤنو وەک مرۆڤیش پێک دەگەنو ڕەفتار لەگەڵ یەكتر دەكەن، نەک وەک كولتوور.
* لەبەر ئەوەی وەک باســـمان كرد مرۆڤەكان هەڵگری كولتوورن، هەموو جۆرە پێک گەیشـــتنێكی مرۆڤەكان لەگەڵ یەكتر پێویســـتە بە پێكگەیشتنێكی فرەكولتووری دابنرێ. بەڵام لەبەر ئەوەی كە ئێمە پێوانەی خۆمان بۆ دەست نیشان كردنی شتە ئاساییو نۆرماڵەكان هەیەو هەروەها لەبەر ئەوەش كە زۆر لایەنی كولتوورو فەرهەنگ شـــاراوەن، ڕەنگە ئەو پێكگەیشتنانەمان لەگەڵ یەكتر ململانێ و كێشەو گرفتیان لێ بكەوێتەوە. جاری وایە چاوەڕوانی مەنفیمان هەیە. واتە لەپێشدا چاوەڕوانییەكی نیگەتیڤمان لە بارودۆخەكە هەیە.
* ئیتنۆستێنتریسمو نیسبەتی فەرهەنگی دوو میتیۆدن كە ئێمە لە كاتی دیتنو پێكگەیشتن لەگەڵ كەسانی سەر بە كولتوورەكانی دیكەدا بەكاریان دێنین. ئەو دوو مێتۆدە تەواو پێچەوانەی یەكترن. لەكاتی پێكگەیشتن لەگەڵ كەسانی سەر بە كولتوورەكانی دیكەدا، پێویستە ئامادەیی ئەوەمان تێدا بێ بە ســـنگێكی فراوانەوەو بە چاوێكی ئاوالاوە لەگەڵیان بەرەوڕوو بینو ئەوان لەو گۆشـــەنیگاو لەو جێگایەوە ببینین كە ئەوانی تێدان. دیارە ئەوە بەو مانایە نیە كە هەموو شتێک قبووڵ بكەین. هەر شتێک دەكەوێتە دەرەوەی مافەكانی مرۆڤ بەهیچ جۆر نابێ قبووڵ بكرێ.
* جیاوازییە كولتـــووریو فەرهەنگییەكان دەبنە مایەی دەوڵەمەندیو ڕەنگاوڕەنگیی كۆمەڵ، بەڵام ڕەنگە لە نێوان هەندێک لە مرۆڤەكاندا ببنە مایەی سەرهەڵدانی كێشەش.
* زۆرجـــار لـــە مێژوودا جیاوازییـــە كولتووریو فەرهەنگـــیو دابونەریتە مەزهەبیو ســـوننەتیو ئایینیـــەكان، بوونەتە مایەی هەڵاواردنو جیاوازیدانان بەرامبەر هەندێک كەسو دەســـتەو تاقمی جۆراوجۆر. ئەمڕۆش لە زۆر شـــوێن دەبینین كە كولتوورو دابونەریتو سوننەت بۆ پاكانە كردن بۆ ئەو پراكسیسانە بەكار دێ كە لەگەڵ مافو ئازادییەكانی مرۆڤدا ناتەباییان هەیە.
* مرۆڤەكانو كولتوورەكان جیاوازن. چۆن دەمانەوێ خەڵک ڕێز لە ئێمەو ئەو نرخو بایەخو ڕێگاچارانە

بگــرێ کە هەڵیان دەبژێرین، پێویســـتە ئێمەش ئاوا ڕێز بۆ ئەو نــرخو بایەخو ڕێگاچارانە دانێین کە خەڵکانی دیکە هەڵیاندەبژێرن. ڕێزگرتن لە جیاوازی‌یەکان جەوهەری دێمۆکڕاسی‌یە.

* مەبەست لە قەزاوەتی پێشوەختو بیرکردنەوەی کلێشەیی ئەوەیە کە خەڵک بەگوێرەی هەندێک ســیفاتو تایبەتمەندیی هاوبەش، گروپ گروپ بکەین. دابەشکردنی خەڵک بەسەر دەستەو تاقمی جۆراوجۆردا بۆ سادە کردنەوەی حەقیقەتە. بەڵام ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاکەکەس بەو هەموو ئاڵــۆزیو تایبەتمەندی‌یــە جۆراوجۆرانەی خۆیەوە، لە گروپدا ون بێ. ئاکامی دابەشــکردنێکی لەو چەشـــنەی خەڵک دەبێتە هۆی لێک دوورکەوتنەوەی زیاتری گروپــەکان، کەمبوونەوەی دیالۆگو گفتوگۆ، پەیدا بوونی هەڵاواردنو جیاوازیدانانو سەرهەڵدانی کێشەو ناتەبایی لە بەینی ئەوان‌دا.

* لــە ڕێــگای دیالۆگو کۆمیونیکاســیۆنەوە دەتوانیـــن بیرکردنەوە کلێشـــەیی‌و قەزاوەتە بێ‌جێ‌و پێشوەختەکان ڕاست کەینەوە. هەر بۆیە دەبێ کار لەسەر خۆمان بکەین تا هوشیاری‌و زانیاریی زۆرتر وەدەست خەین. تا باشترو چاکتر لە خەڵکانی دیکەو کولتوورو دینو مەزهەبو ئایینە جۆراوجۆرەکان تێبگەین. پێویســـتە کراوەو چاوئاوەڵاو سنگ فراوان بین، بڕواو متمانە بە خۆمانو بە کەسانی دیکە لە خۆماندا پەروەردە کەین، ڕێز لە جیاوازی‌یەکان بگرینو تێکۆشـــین تێیان بگەین. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە پێویســـتە وەک هاوڵاتی‌یەکی چالاک لە کاروباری کۆمەڵ‌دا بەشـــدار بینو تێکۆشین لە ڕێگای جۆراوجۆری قانوونی‌یەوە شـــوێنەواری لەســـەر کۆمەڵگا دانێینو قازانجو بەرژەوەندی‌یەکانی خۆمان لە چوارچێوەی قازانجو بەرژەوەندی‌یە گشتی‌یەکان‌دا بەرینە پێش.

## ڕاهێنانەکانی بەشی پێنجەم

### تێگەیشتنی فرەکولتووری
### کۆمەڵگای فرەکولتووری

**بابەت:** کۆمەڵگای فرەکولتووری

**ئامانج:** ئاشـــنا بوون لەگەڵ زاراوەی کۆمەڵگای فرەکولتووریو شـــارەزا بوون لەگەڵ فۆڕمو شـــکڵە جۆراوجۆرەکانی خۆنیشاندانی فرەکولتووری لە کۆمەڵگاو وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا. بە هەزاران گروپو دەســـتەو تاقمی ئیتنیکی لە دنیادا هەن کە بەســـەر دووســـەد دەوڵەتدا دابەش کراون. زۆر جار ئێمـــە دەڵێین کە فرەکولتووری ئەمڕۆ بۆتە واقعییەتێکی حاشـــاهەڵنەگر. زۆر کەمن ئەو دەوڵەتانەی دەتوانن بڵێن تەنیا یەک کولتوورین. بەڵام مەبەســـت لە فرەکولتووری چیە؟ مەبەست لە کۆمەڵگای فرەکولتـــووری ئەوەیە کە لەوێ چەند کولتووری جیـــاواز پێکەوە هەن. واتە خەڵک لە واقعییەتێکی فرەفەرهەنگـــیدا دەژین. مانایەکی دیکەی ئەو چەمکە ئەوەیە کە خەڵک بە پێشـــینەی کولتووری جیاجیاوە پێک دەگەنو لە پەنا یەک بەســـەر دەبەن. مانای ســـێهەمی ئەو چەمکەیەش ئەوەیە کە خەڵک لە کۆمەڵگایەکدا دەژین کە لەوێدا دەستیان وە کولتوورو فەرهەنگی جۆراوجۆر ڕادەگا. واتە خەڵکانێـــک هەن کە فرەفەرهەنگیـــن. ئەم فرە فەرەهەنگییە چ بۆ مرۆڤەکان، چ بۆ کۆمەڵگاکانو چ بۆ دنیا ململانەیەکی بەرفراوانە. مەبەســـت لە تێگەیشـــتنی فرەفەرهەنگی ئەوەیە کە توانای ئەوەمان هەبێ لەو پرۆسیسە جۆراوجۆرانە کە لە کۆمەڵگایەکی فرەکولتووریدا کارکردیان هەیە تێبگەین.

### چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

لەسەرەتادا مامۆستا بە پێشکەش کردنی باسێکی کورت دەرسەکە دەست پێ دەکا. پاشان قوتابی‌یەکان بەسەر چەند گروپدا دابەش دەبن‌و بەشێوەی گروپی کار لەسەر بابەتەکە دەکەن. ئەوان تێدەکۆشن زانیاریی پێویست لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە لەسەر مەسەلەکە پەیدا کەن‌و خۆیان بۆ پێشکەش کردنی باسێکی پڕنێوەرۆک لەسەر بابەتەکە ئامادە کەن. ڕاهێنانەکە بە قسەو باس‌و لێدوان‌و گفتوگۆ لەسەر بابەتەکە لە پلێنۆمدا کۆتایی پێ دێ.

**کات:** یەکو نیو تا دوو و نیو کاتژمێر.

**پێداویستی:** ژوورێکی گەورە کە بۆ کاری گروپی بشێ. دەستڕاگەیشتن بە کتێبخانە یان ئینتەرنێت. ئەتڵەس، کاغەزی گەورە، مەقەست، چەسپی ئاوی، قەڵەمی تووشی ڕەنگاوڕەنگ.

### جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ مامۆستا زۆر بەکورتی نێوەرۆکی وشەی فرەکولتووری لێک دەداتەوە. بەوە دەست پێ دەکا کە زۆربەی وڵاتان‌و کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆی دنیا فرەکولتوورین. واتە لەو وڵاتانەدا خەڵکانێک بە کولتووری جۆراوجۆرەوە لە پەنا یەک دەژین‌و خەڵکەکەیان فرەکولتوورین.

٢ـ دواتر قوتابی‌یەکان بەسەر چەند گروپدا دابەش دەکرێن. هەر گروپە وڵاتێک بۆ کار هەڵدەبژێرێ‌و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکا. گروپەکان تێدەکۆشن وەڵامی ئەم پرسیارانە پەیدا بکەن:

چەند گەل‌و نەتەوە لەو وڵاتەدا دەژین؟ خەڵک بە چەند زمان لەوێ‌دا قسە دەکەن؟ پەیڕەوانی چەن دین‌و مەزهەب لەو وڵاتەدا هەن؟ خەڵکی ئەو وڵاتە چ جۆرە جلوبەرگێک دەپۆشن؟ چ جۆرە خواردنێک دەخۆن؟ چ خواردنەوەیەک زۆر مەسرەف دەکەن؟ چ جۆرە ئاوازو گۆرانی‌و سەماو مۆسیقایەکیان هەیە؟ چ هونەرو شێعرو ئەدەبیاتێکیان هەیە؟ و هتد.

هەر کام لە گروپەکان لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا کە هەڵیانبژاردوە، ڕۆژنامەیەکی دیواری ئامادە دەکەن (١ تا ١.٥ سەعات)

٣ـ پاشان گروپەکان بەشێوەی پلێنۆم لە دەوری یەک کۆ دەبنەوەو ئاکامی لێکۆڵینەوەکانیان پێشکەشی یەکتر دەکەن. دوای ئەوەی کە هەر گروپێک باسەکەی خۆی پێشکەش کرد، گروپەکانی دیکە ڕێگایان پێدەدرێ لە پەیوەندی لەگەڵ بابەتەکەدا پرسیار لەو گروپە بکەن.

### بۆ باس‌و لێدوان:

* مەبەست لە کۆمەڵگای فرەکولتووری چیە؟

* ئایا ئەو وڵاتەی ئێمەی لێ دەژین وڵاتێکی فرەفەرهەنگی‌یە؟ ئایا وڵاتێک هەیە لە سەداسەد یەک کولتووری بێ؟

❊ ئایا گروپەکەی ئێوە فرەکولتووری بوو؟ چۆن ئەو فرەکولتووری‌یە لە گروپەکەی ئێوەدا ڕەنگی دەدایەوە؟

❊ ئایا بۆ ساز کردنی کۆمەڵگایەکی فرەکولتووری پێویستە خەڵک لە وڵاتەکەی خۆیانەوە بۆ وڵاتانی دیکە، یا لە ناوچەکەی خۆیانەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە کۆچ بکەن؟

❊ چۆن کولتوورەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر کۆچ دەکەن؟ (شەڕ، گیروگرفتە ئابووری‌یەکان،گەشتیاری و توریزم، هونەرو ئەدەبو گۆرانیو مۆسیقا، ئینتێرنێتو ڕاگەیەنە گشتی‌یەکانو هتد)

❊ بۆچی جارجار کێشە لە نێوان کولتوورە جۆراوجۆرەکان سەر هەڵدەدا؟

❊ ئایا کولتووری باشو خراپ هەن؟ یا لە هەر کولتوورێکدا لایەنی باشو خراپ هەن؟

❊ لایەنە ئەرێنیەکانی کۆمەڵگایەکی فرەکولتووری چین؟

❊ ئایا مرۆڤێک دەتوانێ ببێتە کەسێکی فرەکولتووری؟ چۆن؟

❊ ئایا ئێوە خۆتان فرەکولتوورن؟ ئایا دایکو باوکو باپیرانتان ڕیشەیان لە چ کولتوورێک دایە؟

## فێربووین کە:

کۆمەڵگای فرەکولتووری کۆمەڵگایەکە لەوێدا خەڵک بەپێشینەی کولتووری جۆراوجۆرەوە لە پەنا یەک دەژین. ئەو جۆراوجۆریو ڕەنگاوڕەنگی فەرهەنگیو کولتووری‌یە لە زۆر بارەوە دەبێتە هۆی دەوڵەمەندتر بوونی کۆمەڵگا. بەڵام ڕەنگە جار جار ببێتە مایەی کێشەش. لە سەردەمی ئێمەدا، زۆربەی کۆمەڵگاکانی جیهان فرەکولتوورین. لەو کۆمەڵگایانەدا خەڵک بە کولتوورو فەرهەنگو دینو مەزهەبو دابونەریتی جۆراوجۆرەوە لە پەنا یەک دەژین. پێویستە فێر بین بەشێوەیەکی ئەرێنی ژیانی ڕۆژانەی خۆمان لەو کۆمەڵگا فرەکولتووری‌یانەدا ئیدارە بکەین.

## بۆ فێربوونی زۆرتر:

دەتوانین ئەو ڕاهێنانە لە پەیوەندی لەگەڵ ناوچەیەکی جوغرافیایی دیاریکراو یان لەگەڵ ناوچەیەکی محەللی کەم ڕووبەرتردا بەڕێوە بەرین. یان دەتوانین ئەو ڕاهێنانە لە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتەکەی خۆماندا بەڕێوە بەرین.

## نۆرویژ وەک کۆمەڵگایەکی فرەکولتووری

**بابەت:** کۆمەڵگای فرەکولتووریی نۆرویژ (٢٠٩_٢٠٧)

**ئامانج:** ئاشنا بوون لەگەڵ نۆرویژ وەک وڵاتێک کە نەک هەر ئێستا بەڵکوو هەمیشە فرەکولتووری بووە.

هەرچەنـــد هەندێک کەس لە خەڵکـــی نۆرویژ پێیان وایە کە ئەم وڵاتە پێشـــتر وڵاتێکی یەک کولتووری بووە، بەڵام ڕاست نیە. ئەو کۆمەڵگایە هەمیشە جگە لە نۆرویژی‌یەکان خەڵکانی دیکەشی تێدا ژیاون. لەوەش زیاتر کولتووری نۆرویژی لە دەرەوەشـــڕا کاریگەریی لەســـەر بووە. ئێســـتا ئێمە خواردنی جۆراوجۆری وەک ســـپاگێتی، تاکو، پیتـــزا، کەبابو هتد دەخۆین کە لە بنەڕەتڕا نۆرویژی نین. زۆربەی ئەو فیلمانەی کە تەماشـــایان دەکەین لە دەرەوە دروســـت دەکرێن. هەرچەند ئێمە لە زۆر بوارەوە لە ژێر کاریگەریو شـــوێنەواری دنیـــای دەرەوە داین، کەچی کە باس لە فرەکولتووری دەکەین، زۆر کەس لە ئێمە دەست بەجێ بیری بۆ لای ئەو خەڵکە دەچێ کە لە دەرەوەڕا بە هۆی جۆراوجۆرەوە هاتوونەتە ئەم وڵاتە. ئایا ئەمە ڕاســـتە؟ بۆ وایـــە؟ کۆمەڵگای نۆرویژی لە حاڵی گەورە بوونو پەرەســـەندنی بەردەوام دایە. هەموو خەڵکی ئەم وڵاتە لە پرۆسەی پەرەسەندنو پێشکەوتنی نۆرویژدا بەشدارن.

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

مامۆســـتا دەرسەکە بە باسێکی کورت سەبارەت بە بابەتەکە دەست پێ دەکات. پاشان قوتابی‌یەکان بەشـــێوەی گروپی کارو لێکۆڵینەوە لەســـەر بابەتەکە دەکەن. ئەوان زانیاریی پێویســـت دەدۆزنەوەو پاشان باسەکەیان بەشێوەی پلێنۆم پێشکەش دەکەن. شایانی باسە لە پلێنۆمەکەدا ڕێگایان پێدەدرێ لەسەر بابەتەکە پێکەوە باسو گفتوگۆ لەگەڵ یەکتر بکەن.

**کات:** یەکونیو تا دوو کاتژمێر.

**ئـــەو شـــتانەی کـــە پێویســـتمانن:** ژوورێکـــی گـــەورە بـــۆ کاری گروپـــی، دەستڕاگەیەشـــتن بـــە ئیتێرنێـــت، کتێبخانـــە، ئەتڵـــەس، ڕۆژنامـــەو گۆڤـــاری جۆراوجـــۆر، کاغـــەزی گـــەورە، مقەســـت، چەســـپی ئـــاوی، قەڵەمـــی ڕەنگاوڕەنـــگ بـــۆ نووســـین لەســـەر کاغـــەزی گـــەورە.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ مامۆســـتا بە باسێکی کورت لەســـەر بابەتەکە، دەرسەکە دەست پێ دەکات. پاشان قوتابی‌یەکان بە سەر چەند گروپدا دابەش دەکا. هەر گروپە تێدەکۆشێ زانیاری لەسەر یەکێ لەو گەلو خەڵکە جیاجیایانە پەیدا بکا کە لە نۆرویژ دەژین. هەر گروپە یەک یان چەند گەل یان کۆمەڵە خەڵک بۆ کار لەســـەر کردن هەڵدبژێرن. وەک سامەکان، کڤێنەرەکان، قەرەجەکان، تاتەرەکان، خەڵکانی هاتوو لە وڵاتانی ڕۆژاواییو غەیرە ڕۆژئاواییو ئەوانەی کە لە باری ئیتنیکی‌یەوە نۆرویژین. قوتابی‌یەکان بەدوای ئەو زانیاری‌یانەدا دەگەڕێن. ژمارەی خەڵکانی ســـەر بەو گروپە یان گروپانە چەندە؟ کام ســـیفاتو تایبەتمەندیـــی کولتووریان هەیە؟ چ داب‌ونەریتێکی تایبەت بەخۆیان هەیە؟ چ دینو مەزهەبێکیان هەیە؟ چ جۆرە جلوبەرگێک لەبەر دەکەن؟ کام گۆرانیو مۆســـیقایان هەیە؟ چ خواردنێک دەخۆنو

هتد.

مامۆستا قوتابی‌یەکان هان دەدا کە تێکۆشن باسێکی زۆر بەنێوەۆرک لەسەر بابەتەکە ئامادەو پێشکەش کەن (٩٠ خولەک).

٢ـ لە کۆتاییدا قوتابی‌یەکان ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانیان بەشێوەی پلێنۆم پێشکەش دەکەن.

بۆ باسو لێدوان:

* ئایا نۆروێژ هەمیشە وڵاتێکی فرەکولتووری بووە؟

* بە چ شێوەیەک نۆروێژ بۆتە وڵاتێکی فرەکولتووری؟

* ئایا هەندێک کولتوور هەن کە ئێمە، ئەوان لە خۆمان بەنزیکتر بزانین لەوانی دیکە؟ لەبەرچی؟

ژمارەی ئەمریکایی‌یەکان لە نۆروێژ زۆر کەمە، کەچی دەگوترێ نۆروێژ بووە بەئەمریکا ؟ مەبەست لەو قسەیە چیە؟

* بە چ شێوەیەک کولتوورەکانی نێوکۆمەڵگای نۆروێژ شوێنەوارو کاریگەری‌یان لەسەر ئەو خەڵکانە هەیە کە لە دەرەوەڕا هاتوونەتە ئەم وڵاتە؟ ئایا دەتوانین بڵێین کە ئەوان لە یەکتری فێر دەبنو شوێن لەسەر یەکتر دادەنێن؟ دەتوانی نموونەیەک بێنیەوە؟

* لایەنە ئەرێنیو نیگەتیڤەکانی فرەکولتووری لە نۆروێژ لەچی دان؟

* بە چ شێوەیەک ئەو فرەکولتووری‌یە دەبێتە مایەی دەوڵەمەندیو پەرەسەندنی وڵاتی نۆروێژ؟

## فێر بووین کە:

نۆروێژ کۆمەڵگایەکی فرەکولتووری‌یە. لەو کۆمەڵگایەدا کولتووره جۆراوجۆرەکان شوێن لەسەر یەکتر دادەنێن. ژیان لە کۆمەڵگایەکی فرەکولتووریدا زۆر لایەنی ئەرێنیو باشی هەن. بەڵام هەر لەو کاتەشدا جاری وایە فرەکولتووری، کێشەو گیروگرفتی لێ پەیدا دەبێ. هەموو ئەو خەڵکانەی لە نۆروێژ دەژین، لە پەرەسەندنو پێشکەوتنی نۆروێژدا بەشدارو کاریگەرن.

## بۆ فێربوونی زیاتر:

ئەگەر لە نێو گروپەکاندا کەسانێکی تێدان کە پێشینەی کولتووریی جیا لە نۆروێژیان هەیە، دەکرێ لەسەر کولتوورو پێشینەی خۆیان بابەتێک ئامادە کەن. دەتوانن لەسەر مێژووی خۆیان، زمانو دینو مەزهەبی خۆیان، جلوبەرگو خواردنی خۆیان، گۆرانیو فەرهەنگو مۆسیقای خۆیان، تایبەتمەندی‌یەکانی خۆیانو هتد، کارو لێکۆڵینەوە بکەن؟ دەتوانن لە کۆڕسەکەدا نوێنەرانی گەلو خەڵکە جۆراوجۆرەکانی دانیشتووی ئەو وڵاتەش بۆ کۆڕسەکەتان بانگهێشتن بکەن تا لەسەر کولتوورو فەرهەنگی خۆیان قسەتان بۆ بکەن. زۆر ڕێکخراوی فەرهەنگیو کولتووری هەن کە دەتوانن لەوبارەوە یارمەتیتان بدەن. هەموو خەڵکو کولتووره جیاوازەکان لەم وڵاتەدا ڕێکخراوی تایبەت بەخۆیان

هەن، دەتوانن بانگیان کەن تا سەبارەت بە کولتووری خۆیانو چۆنیەتیی ژیانوگوزەرانی خۆیانو ئەزموونو تاقیکردنەوەیان لە نۆرویژ قسەتان بۆ بکەن. زۆر سرنجڕاکێشە گوێت لە کەسێک بێ کە ئەزموونی خۆی لە پرۆسەی ئاوێتەبوون لە کۆمەڵگای نۆروێژدا بگێڕێتەوە. کەندوکۆسپەکان چن؟ لایەنە ئەرێنیەکانی ئەو پرۆسەیە چن؟ چ شتێک سەیرو تازەیە بۆ کەسێک کە لە دەرەوەڕا دێتە ئەم وڵاتە؟ جیاوازی‌یەکانی نێوان کولتووری نۆروێژو کولتووری ئەو وڵاتە کە لێ‌یەوە هاتووی لەچی دایە؟

## هەندێک زانیاری سەبارەت بەو خەڵکانەی لە دەرەوەڕا هاتوونەتە نۆرویژ

لە سەرەتای ساڵی ۲۰۰۵ی زایینی‌دا ۳۰۱۰۰۰ کەس لە نۆرویژ هەبوون کە لە دەرەوەڕا ڕاستەوخۆ کۆچیان بۆ ئەو وڵاتە کردوە. هەروەها ۶۴۰۰۰ کەسیش لەو وڵاتەدا هەبوون کە دایکو باوکیان لە دەرەوەی نۆرویژ لەدایک ببوون. ئەو خەڵکە هەشت لە سەدی سەرجەمی حەشیمەتەی نۆرویژ پێک دێننو لە دووسەد وڵاتی جۆراوجۆرەوە هاتوون. زۆرترین ئەو کۆمەڵە خەڵکانەی لە دەرەوەڕا هاتوونەتە نۆرویژ بەپێی ژمارەیان بریتیین لە پاکستانی‌یەکان، سوئێدی‌یەکان، دانمارکی‌یەکان، عێراقی‌یەکان، ڤێتنامی‌یەکان، سۆمالی‌یەکان، بۆسنی‌یەکان، ئێرانی‌یەکان، تورکەکان، سێربەکانو مۆنتێنێگرۆکان. دەبێ بگوترێ کە ژمارەیەکی زۆریش کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستانەوە بۆ نۆرویژ هاتوونو لەو وڵاتەدا نیشتەجێ بوون.

دەکرێ ئەو ڕاهێنانە بەکەمێک ئاڵووگۆڕەوە، لەگەڵ وەزعی وڵاتانی وەک ئێران، عێراق و تورکیەو سوریەدا، سازگار بکرێ. واتە قوتابیەکان دەکرێ لەسەر وڵاتێکی وەک ئێران یا عێراق کاربکەن کە یایا ئەو وڵاتانە تا چ ڕادەیەک فرەکولتوری و فرەفەرهەنگن.

## کولتوور چی‌یە؟

## ۲۱۹_۲۰۹

**بابەت:** کولتوور چیە، فرەکولتووری چیە؟

**ئامانج:** ڕوونکردنەوەی نێوەرۆکی وشەی کولتوور، وەک دیاردەیەکی ئاڵۆزو پڕنێوەرۆک کە لە حاڵی ئاڵوگۆڕی بەردەوام دایە.

وشەی کولتور زۆر دەکاردەکرێ. گوێمان لە دەستەواژەکانی کولتووری نۆروێژی، کولتووری چینی، کولتووری ئەفریقاییو هتد دەبێت. بەو پێیە کولتوور دەستەواژەیەکە شێوە ژیانی کۆمەڵە خەڵکێک لە چوارچێوەیەکی جوغرافیایی دیاریکراودا دەست نیشان دەکا. بەڵام وشەی کولتوور لە زۆر بواری دیکەش دا، بە زۆر مانای دیکەش بەکار دێ. بۆ نموونە کولتووری لاوان، کولتووری خواردن، کولتووری موهاجیرەکان، کولتووری فوتباڵ، کولتووری شەڕاب خواردنەوەو هتد. کە واتە دەتوانین بپرسین بەڕاستی مەبەست لە کولتوور چیە؟

**چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:**

لەســـەرەتادا بەشداربووەکانی کۆرســـەکە هەرکامیان بەتەنیا بۆخۆیان کار دەکەن. دواتر ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانیان بەشـــێوەی پلێنۆم لەگەڵ یەکتر باس دەکەن. ئەگەر کەسانێک لەنێو بەشداراندا هەن کە سەر بە کەمایەتی‌یەکانن وا باشە ڕێگاو دەرفەتی ئەوەیان بدرێتێ لەسەر کولتووری خۆیان قسە بکەن.

**وەخت:** یەکوو نیو تا دوو کاتژمێر.

**پێداویستی:** ژوورێکی گەورە، قەڵەمو کاغەز.

**ئامادەکاریی پێشـــوەخت:** پێویســـتە مامۆستا لەپێش‌دا باســـێکی کورت، بەڵام پڕنێوەرۆکو زانیاری لەسەر وشەی کولتوور ئامادە بکا تا دواتر کەڵکی لێ وەرگرێ.

**چۆنیەتیی جێبەجێ بوونی ڕاهێنانەکە:**

١ـ کاغەزێکی گەورە کە لە نێوەڕاستی‌دا وشەی کولتوور نووسراوەو دە خەت بە هەر چوار دەوری‌دا درێژ کراونەتەوە، بەسەر هەرکام لە بەشداربووەکانی کۆرسەکەدا دابەش دەکرێ. قوتابی تێدەکۆشێ لەســـەر هەر کام لە خەتەکان وشـــەیەک بنووســـێ کە بەجۆرێک پەیوەندیی بە کولتوورەوە هەبێ. واتە قوتابی دە زاراوە یان وشـــە دەدۆزێتەوە کە لە ڕێگای ئەوانەوە مانای کولتوور بەیان بکاتو لە دەوری زاراوەی کولتوور کۆیان دەکاتەوە. (١٠ خولەک). پاشان هەرکام لە بەشداربووەکان کارەکەی خۆیان لەگەڵ هاوڕێکەی تەنیشـــتیان بەراورد دەکەن. دواتر مامۆستا داوا لە قوتابی‌یەکان دەکا لەو بارەوە بیروبۆچوونەکانیان ســـەبارەت بە کولتوور لەگەڵ یەکتر باس بکەن. ســـەرەنجام مامۆستا ئەو وتانە لەســـەر تەختەڕەش دەنووسێتەوە کە قوتابی‌یەکان لە پەیوەندی لەگەڵ کولتووردا بە بیریان‌دا هاتوون.

٢ـ لە قوناخی دووهەم‌دا مامۆســـتا باســـێکی کورت بەڵام پڕزانیاریو نێوەرۆک لەسەر کولتوور پێشکەش دەکات. لەو باسەدا مامۆستا باس لە ئاڵۆز بوونی وشە کولتورر دەکاو تێدەکۆشێ پێناسەی بـــکات. زۆربەی خەڵک پێیان وایە کولتوور بریتی‌یە لەو ڕەمزو کۆدانەی کە لە زەینی ئێمەدا هەن. پاشـــان پێویستە باس لەوە بکرێ کە کولتوور هەمیشە لە حاڵی ئاڵوگۆڕ دایەو بەگوێرەی تێپەڕینی زەمان فۆڕمو نێوەرۆکی دەگۆڕدرێ. دەکرێ مامۆستا بەم شێوەیە وشەی کولتوور پێناسە بکات:

"کولتوور ئەو کۆدو ڕەمزانەن کە ئێمە لە زەینو پشـــتی ســـەری خۆمـــان‌دا هەمانو کەمو زۆر سابیتنو لەڕێگای ئەوانەوە دنیای دەوروبەرمان بە شێوەیەکی تایبەتی لێک دەدەینەوە. بەڵام پێویستە ئەوەش بزانین کە کولتوور دیاردەیەکە بە تێپەڕینی زەمان فۆرمو نێوەرۆکەکەی دەگۆڕدرێ.

٣ـ دواتر مامۆستا وشەی وردەکولتوور شی دەکاتەوە. پاشان گروپەکان پێکەوە لەسەر وردەکولتوورە جیاجیاکان قسە دەکەن. تایبەتمەندی‌یەکانی وردەکولتوورەکان چن؟ (١٥ خولەک).

## بۆ باسو لێدوان

* ئایا باسو گفتوگۆ لەسەر وشەی کولتوور زەحمەت بوو؟ بۆ؟
* دەگوترێ مرۆڤەکان هەڵگری کولتوورن. مەبەست لەو قسەیە چیە؟
* ئایا مرۆڤ دەتوانێ لە یەک کاتدا سەر بە چەند کولتوور بێ؟
* ئایا کەسانێک لە کۆرسەکەدا هەن کە سەر بە وردە کولتوورەکان بن؟
* ئایا دەتوانن نموونەیەک لەوە باس بکەن کە نیشان بدا کولتوور لە حاڵی گۆڕان دایە؟
* ئایا دەتوانن باس لە کولتوورێک بکەن کە توانیویەتی هەندێک توخمی کولتوورەکانی دیکە وەربگرێ؟

## فێر بووین کە:

یەکێک لەو پێناسە ئاساییانەی کولتوور ئەوەیە کە دەڵێ کولتوور شتێکە هی کۆمەڵە خەڵکێکن کە سنووری فیزیکیی تایبەت بەخۆیان هەیەو لە مێژووداو بە تێپەڕینی زەمان دروست بووە. بۆ نموونە کولتووری نەتەوەیی شتێکە لەگەڵ ئەم پێناسەیە دێتەوە. بەو جۆرە دەتوانین بڵێین کە کولتوور ئەو میراتە جۆراوجۆرانەن کە لە دایکو باوکو بابو باپیرانەوە بۆمان بەجێ دەمێننو ئێمەش بە کەمێک ئاڵوگۆڕەوە بۆ منداڵەکانمانی بەجێ دێڵین. دەبێ بگوترێ کە جگە لە کولتووری نەتەوەیی یان کولتوری سەرەکی، وردە کولتووریش لە نێو کۆمەڵدا بەرچاو دەکەون. وردە کولتوورەکان ئەو تایبەتمەندیو خاڵە هاوبەشانەن کە کۆمەڵە خەڵکێکی بچکۆلەتر لە دەوری یەکتر کۆ دەکەنەوە وەک کولتووری لاوان، کلوبەکانی ماتۆڕسواریو هتد.

جیا لەوە پێویستە بگوترێ کە مرۆڤ دەتوانێ لە یەک کاتدا سەر بە چەند کولتور بێ. تێگەیشتنێکی دیکە لە کولتوور ئەوەیە کە کولتوور لە ئاکامی پێکگەیشتنی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتریدا بەردەوام لە حاڵی ئاڵوگۆڕ دایە. کە کاتێک مرۆڤەکان پێک دەگەن، کولتووریشیان پێیە. ئێمە هەموومان هەڵگری کولتوورین. بۆیە هەر کاتێک پێک دەگەین، چ بزانینو چ نەزانین کولتوورمان لەگەڵ خۆمان هەڵگرتووە.

## پێناسەکان

### کولتوور چیە؟

Øyvind Dahl لە کتێبی پێکگەیشتنی مرۆڤەکاندا (٢٠٠٤) بەم شێوەیە وشەی کولتوور شی دەکاتەوە (Johansen 1999: 9F)

١ـ کولتوور بەرهەمی ژیانی عەقڵانیو چالاکیە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤە کە هەم "کولتووری بەرزو هەم فەرهەنگیش" دەگرێتەوە. ئەدەبیات، هونەری وێنەکێشان، موزیک، تیئاترو شانۆ، تەلەفزیۆنو مێدیاو

هتد بەشێکن لەو چالاکی‌یە عەقڵانی‌یە.

۲ـ ئەگەر کولتوور بەو چالاکی‌یانە بزانین کە مرۆڤ بەڕێوەیان دەبا، ئەوە مانای کولتوور بەرینتریش دەبێتەوەو لایەنە فەرهەنگی‌یەکانی هەموو ئەو شـــتانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ ئەنجامیان دەدات وەک وەرزش، کاری کۆمەڵایەتی، چالاکی‌یەکانی وەختی ئازاد، دەرس وتنەوە، فێربوون، خواردن جلوبەرگ لەبەر کردنو هتد.

۳ـ کولتوور ئەو سەروەتو سامانە جۆراوجۆرەش دەگرێتەوە کە وەک میرات لە بابو باپیرانمانەوە بۆمـــان ماوەتەوە وەک: داب‌ونەریتەکان، کەلوپەلو ئامرازو ئامێـــرە جۆراوجۆرەکانی ژیان، فەرهەنگە جۆراوجۆرەکان، دیاردەو ڕێوشـــوێنە کولتووری‌یەکان، ڕێوڕەسمەکان، شـــتومەکە جۆراوجۆرەکان، هەروەها ئەو شـــتانەی پەیوەندی‌یان بە ناســـنامەی دەســـتەجەمعی‌یەوە هەیە وەک زمان، ناسنامە، دینو مەزهەب، چیرۆکو داســـتانو ئەفســـانە فۆلکلۆری‌یەکان، گۆرانیو مۆســـیقاو ســـەما، وشەی نەستەقو پەندی پێشینیان، عیلمو زانست، کڵێساو مزگەوتو ناوەندو شوێنە موقەدەسو پیرۆزەکان، جلوبەرگو هتد.

۴ـ کولتوور بە ســـتایلو شـــێوەی ژیانیش دەگوترێ. وەک کولتووری چاخی بەردین، کولتووری هیندیە ســـوورەکان، کولتووری ژاپۆنی، کولتووری بازرگانیو بازاڕ، کولتووری کلوبە جۆراوجۆرەکانی ماتۆڕ سواری و... .

۵ـ کولتوور بە شـــێوە بیرکردنەوەو مانا هاوبەشـــەکانی وەک نۆرمە هاوبەشـــەکان، کۆدو ڕەمزە هاوبەشەکان، نرخو بایەخە هاوبەشەکان، ماناو ئیدەو بیرو عەقیدە هاوبەشەکان، هەویەتو ناسنامەش دەگوترێ.

وردە کولتوور بریتی‌یە لەو تایبەتمەندی‌یە هاوبەشانەی کە لە نێو کۆمەڵگایەکی گەورەدا گروپێکی بچوکتر لە خەڵک لە دەوری یەکتر کۆ دەکاتەوەو ئەوان لە خەڵکانی تر جیا دەکاتەوە. بۆ زۆر کەس وردە کولتوورەکەیان لە پەیوەندی لەگەڵ ناســـنامەو هەویەتیان‌دا زۆر لە کولتوورە سەرەکی‌یەکەیان گرنگتـــرو پڕبایەخترە. چونکە کولتوورە تایبەتی‌یەکەی خۆیـــان هەوییەتو چوارچێوەیەکی ڕوونترو تۆختریان دەداتێ کە خۆیانی پێ دەناسنەوە.

## تۆ زۆر گەورەو بەنرخی

۲۱۲ـ۲۱۶

**بابەت:** ناسنامەو شوناس

**ئامانـــج:** ڕوونکردنەوەی ئەوە کە ناســـنامەی هەر کەس لە ئاکامی باندۆری زۆر فاکتۆردا دروســـت دەبێ. هەر بۆیە ناســـنامە نێوەرۆکێکی تێکچندراوی هەیەو زۆر لایەنی جۆراوجۆر دەگرێتەوە. لە زۆر تایبەتمەندیی فیزیکی، ڕووحیو ڕەوانیو هەســـتی هۆگری جۆراوجۆرەوە دروســـت دەبێ. مرۆڤەکان

کەسایەتیی تایبەت بە خۆیان هەیە کە ئالۆزو هەمە لایەنەیە. هەڵەیەکی گەورەیە مرۆڤێک تەنیا لە ڕێگای یەک تایبەتمەندی‌یەوە پێناسە بکەین.

ئایا دەزانی هۆگریت بە چەند شوێنەوە هەیە؟ لە پێشدا کوڕ یا کچی دایکو باوکتی. لە قوتابخانەدا دۆستو هاوڵی هاوپۆلەکانتیو قوتابی مامۆستاکەتی. بۆ خۆشەویستەکەت دڵبەر یان دڵداری. لە لایەکی دیکەشەوە چینی، نۆروێژی یا سوئێدیت. دەشتوانی فوتبالیست، گیتاریست، سەماکار، پەیکەرتاش بیت. بۆیە دەڵێین کە ئەتۆ گەورەی هەڵە نیە. هەرکام لەو تایبەتمەندیو لایەنی هۆگریەکانت لە هەلومەرجێکی تایبەتی‌دا زەقو چالاک دەبن. تۆش وەک هەموو مرۆڤەکانی ئەم سەر زەوی‌یە کەسایەتی‌یەکی هەمەلایەنەو تێکچندراوت هەیە.

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

ئەم ڕاهێنانە خۆشو سرنج ڕاکێشەو هەموو قوتابی‌یەکان بەشداریی تێدا دەکەن.

**کات:** ٣٥ خولەک

**پێداویستی:** ژوورێکی گەورە کە بۆ هاتوچۆو چالاکیی فیزیکی بەکەڵک بێ.

ئامادەکاریی پێشوەخت: مامۆستا پێویستە لەپێش‌دا لیستەیەکی لەو هۆگریە جۆراوجۆرانە کە مرۆڤێک پێناسە دەکەن، ئامادە کردبێ.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ قوتابی‌یەکان بە دەوری مامۆستاکەیان‌دا لە نێوەڕاستی ژوورەکەدا بەشێوەی بازنە ڕادەوەستن.

٢ـ مامۆستا ناوی تایبەتمەندی‌یەک، خەسڵەتێک، یان ئاوەڵناوێک کە بەشێک لە ناسنامەو شوناسی مرۆڤ پێک دێنن دەڵێ. ئەو تایبەتمەندیو ئاوەڵناوانە دەکرێ بوارەکانی وەک ڕەگەز، نەتەوە، دینو مەزهەب، ئارەزوو، پێگەو جێگەی کۆمەڵایەتی، کارو پسپۆڕی، تایبەتمەندی‌یە فیزیکی‌یەکانو هتد بگرنەوە. بۆ نموونە کاتێک مامۆستا دەڵێ "کچ!" هەموو کچەکان لە ڕیزەکە دێنە دەرەوە بەرەو چەقی بازنەکە دەچن. کاتێک هەموو بەشدارانی دیکە، چاویان بەوان کەوتو زانیان کێن، دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان. چالاکی‌یەکە بەم جۆرە دەڕواتە پێش. پێویستە مامۆستا گەلێک سیفاتو تایبەتمەندیی جۆراوجۆر هەڵبدا تا قوتابی‌یەکان بە باشی لە فەلسەفەی وانەکە تێبگەن. بۆ نموونە دەکرێ ئەم سیفاتو تایبەتمەندی‌یانە بانگ بکا. وەرزشکار، برا، خوشک، چاوشین، قژڕەش، قژ زەرد، فوتبالیست، دوو کولتوور، چالاکی سیاسی، چالاکی ژینگە، چالاکی مەدەنی، عەینەک لەچاو، گوێ بەگوارە، باڵا بەرز، عاشقو هتد. هەر کاتێک مامۆستا ناوی یەکێک لەو تایبەتمەندی‌یانە دێنێ، ئەوانەی کە پێیان وایە ئەو تایبەتمەندی‌یە دەیانگرێتەوە، دێتە نێو بازنەکەو دوای ئەوەی خۆیان نیشان‌دا دەچنەوە جێگای خۆیان.

**بۆ باس‌و لێدوان:**

* ڕاهێنانەکەتان پێ چۆن بوو؟ بۆ ئەو ڕاهێنانەمان ئەنجام دا؟
* ئایا لە ئاکامی ئەو ڕاهێنانەدا شتێکی تازە لە یەکتر فێر بوون؟
* ئایا تۆ خۆت شتێکی تازە فێر بووی؟
* ئایا هەندێک ناسنامەو شوناس هەن کە بایەخی زۆرتریان بۆ ئێمە هەبێ؟ ئەو هۆگری و تایبەتمەندی‌یانەی ئێمە لە چ کاتێک‌دا تۆخ دەبن و باشترو زەقتر خۆیان نیشان دەدەن؟ بۆ وایە؟ ئاکامی ئەوە چیە؟ ئایا عادلانەیە کەسێک تەنیا بە یەک تایبەتمەندی‌یەوە بناسین؟
* ئاخۆ هۆگرییێکت هەیە کە حەزت دەکرد نەتبا؟

**فێربووین کە:**

مرۆڤەکان کەسانێکی بێ‌وێنەو تێکچندراو و فرەرەهەندن. لە یەک کات‌دا چەند هۆگرییان هەیەو خاوەنی زۆر سیفاتی ڕووحی‌و ڕەوانی‌و فیزیکی‌و تایبەتمەندیی دیکەن. ئەوانە هەموو لەسەر ناسنامەو شوناسی ئێمەدا کاریگەری‌یان هەیەو ناسنامەی ئێمە دیاری دەکەن. هەر یەک لەو لایەن‌و هۆگرییە جۆراوجۆرانەی ناسنامەی ئێمە لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا زەق دبنەوەو تۆختر خۆیان نیشان دەدەن. جاری وایە ڕەنگە تایبەتمەندی یان سیفاتێکی ئێمە زەق بێتەوە کە حەزی لێ ناکەین. جاری واشە ئێمە خۆمان سیفات‌و تایبەتمەندیی کەسێک زەق‌و بەرچاو دەبینین کە ڕەنگە ئەو کەسە خۆی حەزی لێ نەکات. ئەو سیفات‌و تایبەتمەندی‌و تەعەللوقاتە جۆراوجۆرەی ئێمە، کەسایەتیی ئێمەیان بەجۆرێک دروست کردوە کە کەسایەتی‌یەکی تاقانە بێ. واتە مرۆڤەکان هەموویان لە یەکتر جیاوازن‌و کەس ناتوانێ جێگای ئێمە خۆمان بگرێتەوە.

**بۆ فێر بوونی زۆرتر:**

شانۆ: دەتوانن قوتابی‌یەکان بە شێوەی شانۆ ئەو سیفات‌و هەویەت‌و تایبەتمەندی‌یانە نیشان دەن کە حەزیان لێ ناکەن.

شانۆ: قوتابی‌یەکان دەتوانن بەشێوەی تیئاتر حاڵەتێک نمایش بکەن کە لەوێ‌دا یەکێک لەوانی تر جیاوازەو هەموویان حەز لەو جیاوازی‌یە واتە لەو تایبەتمەندی‌یە جیاوازە دەکەن.

کوڕێکی لاو کە باسی دەورانی منداڵیی خۆی لە قوتابخانەدا دەگێڕێتەوە دەڵێ: "لە هەر کوێ بام‌و هەر چیەکم کردبا خەڵک تەنیا سرنجیان بەوە دەدا کەمن قەڵەوم".

**ئایا تۆ تەنیا خۆت هەوییەت‌و ناسنامەی خۆت دیاری دەکەی؟**

**بابەت:** شوناس و ناسنامە

**ئامانج:** نیشـــاندانی ئەو ڕاستی‌یەی کە گەلێک فاکتۆر پێکەوە لە دروست کردنی ناسنامەی مرۆڤدا ڕۆڵ دەگێڕن.

مرۆڤەکان ئەزموونو تاقیکردنەوەی جیاوازیان هەیە، هەر بۆیە بە شـــێوەی جۆراوجۆریش لە ژیانو دنیـــای دەوروبەریان تێدەگـــەن. ئێمە لێک جیاوازین چونکە لە شـــوێنی جیاجیادا لەدایک بووین، پێشـــینەی کۆمەڵایەتیو ئۆکۆنۆمیی جیاجیامان هەیە، پەیرەوی دینو مەزهەبی جیاجیاین، ڕوانگەو بۆچوونـــی جیاوازمـــان هەیە. هەروەها ئێمـــە لێک جیاوازین چونکە بۆ شـــوێنو جێگای جۆراوجۆر چوویـــنو ئەزمووونی تازەمان وەدەســـت هێنـــاون. هەموو ئەوانە وەک ئەو ڕەگـــەزەی کە هەمانە، یا ئەو زمانە کە قســـەی پێ دەکەین، شوێنەواریان لە ســـەرمان هەیە. هەر کەس لە ئێمە بە دەورانی منداڵی‌دا تێپەڕیوە کە بۆ هەر کاممان دەورانێکی تایبەت بەخۆیەتی. لە هەر کاممان‌دا منداڵی هەیە ئەگەر تێکۆشـــین لەســـەر چۆنیەتیی قۆناخی منداڵیی کەســـانی دیکە فێر بین، باشتر دەیانناسینو چاکتر دەتوانین ڕێز لەو جیاوازی‌یانە بگرین کە لە نێوانمان‌دا هەن.

## چۆنەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

ئـــەم ڕاهێنانە بەشـــێوەی دیالۆگ لە گروپی بچـــووک بچووک‌دا پیادە دەکرێ. ئەگەر بەشـــدارانی کۆڕســـەکە پێشتر یەکتریان ناسیبێ، زۆر باشـــتر. واتە ئەگەر قوتابی‌یەکان لە پێش‌دا یەکتر بناسنو بڕواو متمانەیان بە یەکتر هەبێ، ڕاهێنانەکە باشتر جێبەجێ دەبێ. مەبەست لەو ڕاهێنانە ئەوەیە کە لێکدانەوەو شیکردنەوەیەکی سایکۆلۆژی ئەنجام دەین. زۆر گرنگە ڕێز بۆ کەسایەتیی یەکترو سیفاتو تایبەتمەندی‌یەکانی یەکتردا بێنین. پێویست نیە قوتابی‌یەکان وەڵامی هەموو پرسیارێک بدەنەوە.

**کات:** ۴۵ خولەک.

**پێداویستی:** ژوورێکی گەورە کە قوتابی‌یەکان بتوانن کاری گروپیی تێدا بەڕێوە بەرن.

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

۱ـ مامۆســـتا بەشـــدارانی کۆرســـەکە بەســـەر چەند گروپی بچووک‌دا دابەش دەکات. هەرکام لە قوتابی‌یەکان لە گروپی خۆیان‌دا باســـی دەورانی منداڵیی خۆیان دەکەن. ئەگەر قوتابی‌یەکان بۆیان سەخت بێو نەزانن لەکوێوە دەست بە قسە بکەن، دەکرێ بەم جۆرەی خوارەوە پرسیاریان لێ بکرێ:

* ئێوە لە بنەماڵەی خۆتان‌دا چەند کەس بوون؟
* کاتێک منداڵ بووی حەزت لە چ یاری‌یەک بوو؟ وەختی ئازادی خۆت چۆن بەسەر دەبرد؟
* چ جۆرە یاری‌یەکت دەکرد؟ حەزت لە چ جۆرە یاری‌یەک بوو؟
* ئایا دایکو باوکت لەگەڵت توند بوون؟ مەبەست ئەوەیە کە زۆر کۆنترۆڵیان دەکردی؟ ئەگەر هەڵەت دەکرد، چ ڕووی دەدا؟

* ئایا هاوڕێو دۆستو ڕەفیقت لە گەڕەکی خۆتاندا زۆر بوون؟
* چ خواردنێکت پێ خۆش بوو؟
* چەند ساڵە بووی کە چویتە قوتابخانە؟ قوتابخانەت پێ خۆش بوو؟
* ئایـا ڕۆژانی شـەممەو یان هەینـی دەچوویتە قوتابخانەی دینی، مزگەوت یان کلێسـا؟ ئایا بەمنداڵی هیچ جۆرە پەروەردەیەکی ئایینیو مەزهەبییت هەبووە؟ واتە چویەتە قوتابخانەیەکی دینی؟
* ئایا بە منداڵی کارت دەکرد؟
* ئایا ناچار بووی ئاگات لە خوشکو براکانت بێ؟
* ئایا ئەو شـتانەت هەبوون کە پێویسـتت پێیان بوو؟ ئایا شتێک هەبوو کە پێویستت پێ بوو بەڵام نەتبوو؟
* لە پەیوەندی لەگەڵ هەسـتو سۆزو حاڵەتە ناخۆشەکانی ژیانتدا لەگەڵ کێ قسەت دەکرد؟ دردی دڵت لەگەڵ کێ دەکرد؟
* گەورەترین جەژنو ڕێوڕەسـمە ئایینیو نیشتمانیو نەتەوەییەکانتان چی بوون؟ چۆن ئەو جەژنانەتان دەکرد؟
* ئایـا لەو جێیەی تۆی تێدا دەژیای خەڵکی بە پێشـینەی کولتـووریو فەرهەنگیو ئایینیو ئیتنیکی جۆراوجۆرەوە دەژیان؟ پەیوەندیت لەگەڵ ئەوان هەبوو؟
* ئایا لە گەڕەکی ئێوە خەڵکی ئاوارەو پەنابەر هەبوون؟ وەزعیان چۆن بوو؟
* چ سیسـتەمێکی سیاسـی وڵاتی بەڕێوە دەبرد؟ ئەوە چ شـوێنەوارێکی لەسەر ژیانی خۆتو بنەماڵەکەت هەبوو؟

## بۆ باسو لێدوان

* ڕاهێنانەکەت پێ چۆن بوو؟
* ئایـا دەورانـی منداڵیی ئێـوە زۆر وێک دەچوو یـان لێک جیاواز بوو؟ لێکچوونـەکان چ بوون؟ جیاوازیەکان چن؟
* ئایا وا هەبوو کە کەسـانێک خەڵکی یەک شـوێن بـن، بەو حاڵەش ئەزمـوونو تاقیکردنەوەی جیاوازیان هەبێ؟ ئەوە چۆن لێک دەدەنەوە؟
* ئایـا پێت وایـە منداڵانی گەڕەکێک یەک جۆرە ئەزمـوونو تاقیکردنەوەیان لە دەورانی منداڵیی خۆیان هەیە؟

## فێر بووین کە:

مرۆڤـەکان لە بارودۆخـی جیاجیادا لەدایک دەبن، گەشـە دەکەنو گەورە دەبـن. جگە لە دینو

مەزهەب، ڕەگەز، بنەماڵە، ڕەنگی پێســـتو ناسنامە، گەلێک هۆکاری دیکەش هەن کە شوێنەواریان لەسەر ئێمە هەیەو دەبنە هۆی ئەوەی لێک جیاواز بین. کەسانێک کە خەڵکی یەک شوێنن دەکرێ ئەزموونو تاقیکردنەوەی جیاوازیان هەبێ. جاری وایە خەڵک لە هەندێک شــوێن، شانسو دەرفەتو ئیمکاناتــی وەک یەکیان بۆ هەڵدەکەوێ، بەڵام هەرکامیان بەشــێوەی خۆیو بەگوێرەی ویســتو بەرژەوەندیی‌یەکانی خۆی، لەو شانسو دەرفەتانە کەڵک وەردەگرێ کە بۆی دێنە پێش، واتە خەڵک بە شێوەی جۆراوجۆرە کەڵکیان لێ وەردەگرن.

ئەو شــتە هەرە گرنگانەی کە کەســمان ناتوانێ هەڵیانبژێرێ بریتیین لەوە کە لەکوێ لەدایک دەبیــن؟ لــە کام دایکو باوک لەدایک دەبیــن، کوڕین یان کچ؟ ئێمە خۆمان لــەو بوارانەدا هیچ دەسەڵاتێکمان نیە.

## وێکچوون یا وێکنەچوون

**بابەت:** وێکچوونەکانو جیاوازیی‌یەکان. (٢١٦ـ٢١٢)

**ئامانج:** دەرخستنی وێکچوونو جیاوازیی‌یەکانی نێوان مرۆڤەکان.

تۆ باڵابەرزیو من بچکۆڵە. بەڵام هەردوکمان لەسەر زەوین. تۆ کەسێکی مەزهەبیو منیش بڕوام بە هیچ دینو مەزهەبێک نیە. تۆ کوردی قســـە دەکەیو من نۆروێژی. بەڵام هەردوکیشمان ئینگلیسی دەزانین. تۆ حەزت لە فوتباڵەو من حەزم لە هۆندباڵە، بەڵام هەردوکیشـــمان حەز لە مەلە دەکەین. ئێمــە هەموومان بێ‌وێنەینو کەس ناتوانێ جێگامان بگرێتەوە. هەموو مرۆڤەکان وان. جاری وایە لە هەندێک هەلومەرجدا شانازی بە خۆمانو بەوەوە دەکەین کە هەین، کەچی جاری واشە هەلومەرجی وامان بۆ دێتە پێش پێمان خۆشە عەرز قووتمان دا. ئەوە بۆ هەموو کەس ڕاستە.

**کات:** ٣٠ خولەک

**پێداویستی:** ژوورێکی گەورە، کورسی بۆ هەموو قوتابیی‌یەکان بۆ لەسەر دانیشتن.

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ قوتابیی‌یەکان لە دەوری یەک بەشێوەی بازنە لەسەر کورسی دادەنیشن. هەرکام لەوان لە ماوەی نیوخولەکدا سیفاتو تایبەتمەندیی‌یەک لەخۆیاندا دەدۆزنەوە کە پێیان وایە هەر ئەوان هەیانەو لە هاوپۆلەکانی دیکەیاندا نیە. دەکرێ ئەوە شتێک بێ کە مرۆڤ بەسەری هاتبێ یان سیفاتێکی فیزیکی یان کارێک بێ کە پێشتر ئەنجامی دابێ.

٢ـ لە جێگایەکڕا واتە لە یەکێک لە قوتابیی‌یەکان ڕا دەســت پێ دەکەین. ئەو ســیفەتێک یان تایبەتمەندیی‌یەکــی خۆی بە دەنگی بەرز دەڵێ کە پێی وایــە ئەوانی تر نیانە. بۆ نموونە ڕەنگە بڵێ "من ســێ جار چوومەتە تورکیە" ئەگەر کەس ئەو تایبەتمەندیی‌یەی نەبێ، نۆرەی ئەو کەســە دێ

کە لە تەنیشتی ئەو دانیشتوە، هەر کاتێک یەکێک لە بەشداربووەکان پێی وابێ کە ئەویش ئەو تایبەتمەندی‌یەی هەیە کە گوێی لێ دەبێ دەسبەجێ هاوار دەکا "منیش هەروەها"و دەچێتە لای ئەو کەسە کە هەمان ئەزموون‌و تاقیکردنەوەی وەکوو ئەوی هەیە. ئەگەر ژمارەی ئەو کەسانە لە چەند کەس تێپەڕی کە یەک ئەزموون یان تایبەتمەندیی هاوبەشیان هەیە، دەکرێ وەک گروپێکی بچووک لە دەوری یەک دانیشن. کاتێک هەموو قوتابی‌یەکان نۆرەی خۆیان تەواو کرد، سەرلەنوێ دەچنەوە سەر کورسی‌یەکانیان‌و لە جێگای خۆیان دادەنیشنەوە. هەر کات هەموو قوتابی‌یەکان تەواو بوون، ئاخر کەس کە نۆرەی هاتبوو ئەم جار دەبێتە یەکەم کەس‌و سەرلەنوێ دەست پێ دەکەنەوە. ئەویش سیفەتێک دەڵێ کە پێی وایە تەنیا ئەو هەیەتی‌و ئەوانی تر لە گروپەکەدا نیانە. بەم جۆرە سیفات‌و ئاوەڵناوی جۆراوجۆری زۆر هەڵدەدا. هەر کاتێک توانی تایبەتمەندی‌یەک بڵێ کە لەوانی تردا نیە، نۆرەی تەواو دەبێ‌و نۆرەی قوتابی‌یەکەی تەنیشتی دێ. هەر کات هەموو قوتابی‌یەکان توانیان سیفەتێک ناو بەرن کە تەنیا لە خۆیان‌دا هەیە، ئەوە خولی یەکەمی ڕاهێنانەکە تەواو دەبێ. بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێ کە هەموویان لێک جیاوازن.

٣ـ ئێستا مامۆستا خولی دووهەمی ئەم ڕاهێنانە دەست پێ دەکا. لەو خولەدا، مەبەست ئەوەیە کە تا دەکرێ سیفات‌و تایبەتمەندی‌و ئەزموون‌و تاقیکردنەوەی هاوبەش لە نێوان قوتابی‌یەکان‌دا بدۆزینەوە. مامۆستا کورسی‌یەک دەباو داوا لە یەکێک لە قوتابی‌یەکان دەکا، لە نێوەڕاستی هەموان ڕاوەستێ. ئەو سیفەتێک، تایبەتمەندی‌یەک، ئەزموونێک ناو دەبا کە لە بەشدارانی دیکەی کۆرسەکەش‌دا هەیە. بۆ نموونە دەڵێ "من حەزم لە موزیکە". هەموو ئەوانەی حەزیان لە موزیکە، پێویستە هەڵنەستنە سەر پێ‌و لەسەر کورسی‌یەکی تر دانیشن. ئەو کەسەی لە نێوەڕاستی بازنەکەدا دەمێنێتەوەو کورسیی نیە لەسەری دانیشێ، نۆرەی دەگاتێ. بەو جۆرە ئەویش ناوی تایبەتمەندی‌یەک دەبا کە پێی وایە لە خۆی‌و لەوانی دیکەدا هاوبەشە. تا ئەو کاتەی هەموو قوتابی‌یەکان بۆیان دەردەکەوێ کە زۆر شتی هاوبەشیان پێکەوە هەیە، درێژە دەکێشێ.

### بۆ باس‌و لێدوان:

* چ شتێک ئاسان بوو بیدۆزینەوە، ئەو شتانەی کە هاوبەش بوون؟ یا ئەو شتانەی کە لێکمان جیا دەکاتەوە؟

* شتە هاوبەشەکانی نێوانمان چۆن دەناسینەوە؟

* ڕەنگە ئەو شتانەی کە لەو گروپەدا تۆی لەوانی تر جیا دەکردەوە لە گروپێکی تر ببێتە شتێکی هاوبەش؟ ئایا وایە؟

* ئایا دەکرێ هەندێک لەو تایبەتمەندی‌و سیفاتانەی لەنێوان ئێوەدا هاوبەش بوون، لەگەڵ هەموو مرۆڤەکانی سەر زەوی‌دا هاوبەش بن؟

* ئایــا ئێمە دەبێ جیاوازی‌یەکانی نێوانمان لەبەین بەرین یان تەحەممول‌و قبووڵیان بکەین‌و وەک خۆیان سەیریان بکەین؟
* چۆن دەتوانین بەشێوەیەکی ئەرێنی کەڵک لە جیاوازی‌یەکان وەرگرین‌و بەکاریان بێنین؟
* ئایــا لە کۆمەڵدا ئێمە پێویســتی‌مان بە وێکچوون‌و لێکچوونی زۆرتر هەیــە؟ یا بە هاوبایەخی‌و هاونرخیی زۆرتر لە نێوان مرۆڤەکان دا؟

### فێربووین کە:

لەم دنیا پان‌و بەرینەدا بە هەزاران فەرهەنگ‌و کولتووری جۆراوجۆر هەن. تەنانەت لەنێوان خەڵکانی ســەر بە یەک فەرهەنگ‌و کولتووریش‌دا مرۆڤەکان لێک جیاوازن. هیچ مرۆڤێک لە سەداسەد وەک مرۆڤێکی تر ناچێ. تا زانیاریمان لەســەر یەکترو شــێوەی ژیان‌و ڕەفتاری یەکتر زۆرتر بێ، باشــتر تێدەگەین کە خاڵی هاوبەشی زۆرترمان پێکەوە هەن‌و پتر وێک دەچین. هەموو ئێمە وەک ئینسان هەندێک پێداویســتیی سەرەتاییمان هەن وەک پێویستی بە خواردن، خەو، پارێزگاری‌و ئەمنییەت، عیشــق‌و موحیببەت‌و خۆشەویستی‌و هتد. ســەرەڕای هەموو ئەو جیاوازیی‌یانەی لە نێوانمان دان، زۆر خاڵ‌و ســیفات‌و کاراکتەرو تایبەتمەندیی هاوبەشــمان لەگەڵ یەکتردا هەن. تا ئەو جێ‌یەی ئەو جیاوازی‌یانــەی نێوانمان ناتەبایــی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ پەیدا ناکــەن‌و نابنە هۆی لەژێر پێنانی مافەکانی مرۆڤ، پێویســتە تەحەممولیان بکەین‌و قبووڵیان بکەین‌و ڕێزیان لێ بگرین‌و بەرانبەریان ڕانەوەستین. دنیا بەو جۆراوجۆری‌و ڕەنگاوڕەنگی‌یانەوە جوانە. ئەو جۆراوجۆری‌و ڕەنگاوڕەنگی‌یە ژیان‌و دنیای دەوڵەمەندتر کردوەو کردوویەتە جێگایەکی باشــتر بۆ ژیــان. ئێمە هەموومان لەگەڵ یەکتر جیاوازین. یەک شــت ڕوونە، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە هەموومان وەک مرۆڤ کەسێکی ئاڵۆزو جیاواز لەوانی دیکەین‌و هیچ کەس ناتوانێ ببێتە ئێمەو ئێمەش ناتوانین ببینە کەسێکی تر.

### بایەخەکان

**بابەت:** نرخ‌و بایەخەکان (۲۳۷ـ۲۳۶)

**ئامانج:** ئاشــنا بوون لەگەڵ بەهاو نرخە ئەخلاقی وئیتیکــی یە جۆراوجۆرەکان کە بناخەی ڕەفتارو کردارەکانمان پێک دێنن. شارەزا بوون لەسەر ئەو ڕاستی‌یەی کە پەیڕەوانی کولتوورە جۆراوجۆرەکان بەشێوەی جۆراوجۆرە بەهاو نرخەکان لێک دەدەنەوە.

ئێمە لەســەر ئەساســی بەهاو نرخە ئیتیکی‌و ئەخلاقی‌یەکانمان کردارو ڕەفتارو هەڵسوکەوتەکانمان ڕێک دەخەین. بەهاو بایەخە ئەخلاقی‌یەکان، شێوەیەک لەخۆ بەیان کردن‌و خۆنیشاندانی هەوییەت‌و ناسنامەی ئێمەن‌و ئەوە دەردەخەن کە ئێمە چۆن دنیاو دەوروبەری خۆمان‌و دیاردە جۆراوجۆرەکان دەبینین. لە ڕێگای ئەوانەوە پاکانە بۆ ڕەفتارو هەڵوێستەکانمان دەکەین. ئەو نرخ‌و بایەخە ئەخلاقی‌یانە

لایەنێکی گرنگی کولتووری هاوبەشی ئێمەن. واتە نرخو بەها ئەخلاقی‌یەکان، ڕەنگدانەوەی کولتووری ئێمەن. باسی ئەوەمان کرد کە نرخو بەها ئەخلاقی‌یەکان‌و ڕەفتارو کردەوەکانی ئێمە دیاری دەکەن، بەڵام دەبێ بزانین کە ئەو قسەیە هەمیشە ڕاست نیە جاری وایە لە نێوان نرخو بایەخو ڕەفتارو کردەوە جۆراوجۆرەکانمان‌دا مەودایەکی زۆر هەیە. با هەر بڵێین کە ڕێز لە جیاوازی‌یەکان‌و ئەو کەسانە کە پێشینەی کولتووریی جیا لە ئێمەیان هەیە دەگرین. ئەگەر ئەوە لە کردەوەداو لە ژیانی ڕۆژانەمان‌دا نیشان نەدەین، تەنیا قسەیەکی بێ نێوەرۆکەو بەس. لەلایەکی دیکەشەوە ئەوە بۆخۆی شتێکی باشە کە بیرو بۆچوونە نێگەتیڤەکان نەبنە کردەوە. چونکە ئەودەم ئاکامی زۆر خراپیان بەدوادا دێ.

## چەند پێناسەیەک

مۆڕاڵ" لە ئەسڵ‌دا وشەیەکی لاتینی‌یە. لە "Moralis"ەوە هاتووەو بووە بە Mos. جەمعەکەی دەبێتە Mores بە مانای داب‌ونەریت دێ. مۆڕاڵ بریتی‌یە لە سیستەمێک یان کۆمەڵە سیستەمێک لە نۆرم‌و ڕێوشوێن‌و یاساو ڕێساکە وەک پێوانە بۆ دیاریکردنی چاک‌و خراپ لە کۆمەڵگایەک‌دا یان لە نێو گرووپێک لە کۆمەڵگادا بەکار دەبرێن. لەو کۆمەڵگایانەدا خەڵک ئەو نۆرم‌و ڕێ‌وشوێنانە بۆ ڕاستی‌و دروستیی کارو کردەوەو هەڵسان‌و دانیشتنی خۆیان دەکەنە پێوانە.

ئیتیک: لە ئەسڵ‌دا وشەیەکی یونانی‌یەو لە ethos ەوە دێت. ئیتیک ئەو زانستەیە کە لەو نۆرم‌و ڕێوشوێن‌و یاساو ڕێسایانە دەدوێ کە وەک پێوانە بۆ دەرخستنی باشی‌و خراپیی ڕەفتارو کارو کردەوەکانمان بەکاریان دەبەین. کاتێک دەڵێین کە ئەو کردەوەیە کردەوەیەکی ئیتیکی‌یە واتە کردەوەیەکە لەگەڵ پێوانەو ڕێ‌و شوێنە ئەخلاقی‌یەکان دێتەوە.

مرۆڤەکان بەهایەکی زۆر بۆ ئەو نرخو بایەخانە دادەنێن کە بڕوایان پێیان هەیە. لەوەش زیاتر بە هەموو تواناوە پارێزگاری‌یان لێ دەکەن‌و لە پێناو پیادە کردن‌و جێبەجێ بوونیان‌دا کارو خەبات دەکەن.

## چونیەتیی جێبەجێ بوونی ڕاهێنانەکە:

لەسەرەتادا بەشدارانی کۆڕسەکە دوو دوو دابەش دەکەین. ئەوان پێکەوە لەسەر بابەتەکە کار دەکەن. دواتر دوو لەو گرووپانە تێکەڵ دەبن‌و گرووپێکی چوار کەسی دروست دەکەن‌و پێکەوە کار دەکەن. یا سەرەنجام هەموو گرووپەکان ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانیان لە پلێنۆم‌دا لەگەڵ یەکتر دەخەنە بەرباس.

**کات:** ١ تا یەکونیو کاتژمێر

**پێداویستی:** ژوورێکی گەورە کە ئیمکانی ئەوەمان بداتێ بەشێوەی گرووپی کار بکەین. کاغەز،

چەسپی ئاوی، قەڵەم، گۆڤارو ڕۆژنامە. زۆر باش دەبێ بەشدارەکانی کۆرسەکە دەستیان وەئینتێرنێتو کتێبخانە ڕابگا.
ئامادەکاریی پێشوەخت: لیستەیەک لەو بایەخو بەها جۆراوجۆرانەی کە بەشدارانی کۆرسەکە نرخیان بۆ دادەنێن.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە.

١ـ مامۆستا لە سەرەتادا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە لەم ڕاهێنانەدا کار لەسەر نرخو بایەخە ئیتیکییەکان دەکەین. دواتر ئیتیک پێناسە دەکات. پاشان لیستەیەک لەو نرخو بەها ئیتیکیانە بەسەر قوتابییەکاندا دابەش دەکرێ کە بیست دانە لەو نرخو بەها جۆراوجۆرانەی گرتوونەتە خۆ کە بۆ قوتابییەکان گرنگن. وەک لێک تێگەیشتنی فرەکولتووری، خۆشەویستی، ئابڕوو، نەزمو دیسیپلینو ڕێکوپێکی، هاوکاری، بیروڕاو عەقیدە، خواپەرستی، سەرکەوتن، ڕێکوپێک بوون، بەڕێزو خاوێنی، ئازادیی بەیان، ئازادیی عەقیدەو بیروڕا، ڕێزو حورمەت، بەرابەریو یەکسانی، عەداڵەت، بایەخی ئینسانی، کێبەرکێ، نیشتمانپەرستی، ئازادیخوازی، دێمۆکراسی، سەروەتو سامان، خوێندنو هتد. قوتابییەکان لەو قۆناغەدا دوو دوو کار دەکەن. هەر گروپە دە نرخو بایەخ لەو لیستەدا هەڵدەبژێرن. پێنج نرخو بایەخ کە بۆ ئەوان لە پلەی یەکەمدا دێنو پێنج نرخو بایەخیش کە لە لای ئەوان دەچنە پلەی دووهەمەوە. (١٠ خولەک).

٢ـ پاشان دوو گروپ تێکەڵاوی یەکتر دەبنو گروپێکی چوار کەسی پێک دێنن. ئەو گروپە چوار کەسییانە، یەکێک لە بایەخەکان هەڵدەبژێرنو کاری لەسەر دەکەن. وا باشە ئەو نرخەی کە هەڵیدەبژێرن بۆ هەموو گروپەکە گرنگو پڕبایەخ بێ. مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکا کە لە کاتی باس لەسەر ئەو نرخەدا کە هەڵیانبژاردوە لە ئەزموونەکانی خۆیان بدوێن. هەر گروپە کارو لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو نرخەی کە هەڵیانبژاردوە درێژە دەدا. بۆ قووڵبوونەوە لە باسەکەدا دەکرێ وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە:

ا- بۆچی ئەو نرخەتان هەڵبژاردوە؟

بـ ئەو نرخەی هەڵتان بژاردوە چ مانایەکی بۆ ئێوە هەیە؟

جـ ئەم نرخە لە ژیانی ڕۆژانەدا لە نێو کۆمەڵگادا چۆن خۆی نیشان دەدا؟ چۆن لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەدا دەردەکەوێ؟

دـ ئەگەر ئەو بایەخە وەبەرچاو بگیرێ چ شتێک دابین دەبێ؟

هـ چ شتێک دەبێتە کۆسپ لەسەر ڕێگای پیادە بوونی ئەم بایەخە؟

٣ـ پاشان هەموو گروپەکان کۆ دەبنەوەو بە شێوەی پلێنۆم ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانیان

پێشکەش دەکەن.

## بۆ باس‌و لێدوان:

ـ باس‌و گفتوگۆ لەسەر نرخو بایەخەکان چون بوو؟ ئایا سەخت بوو لە نێوان ئەو هەموو بایەخە گرنگانەدا پێنج دانە هەڵبژێرن؟ لەبەرچی؟

ـ هەر کولتوورێک هەندێک نرخو بایەخی تایبەت بەخۆی هەن، هەر مرۆڤێکیش هەندێک نرخو بایەخی تایبەت بە خۆی هەن. ئایا جیاوازی‌یەک لە نێوان ئەوان‌دا نیە؟

ـ لە نێوان کولتوورەکان‌دا جیاوازی هەیە. ئایا نرخو بایەخەکانیش لە نێوان ئەوان‌دا جیاوازن؟ ئایا پێتان وایە کە لاوان لە چین، ئەمریکا یا پاکستان‌دا هەمان ئەو نرخو بایەخانە هەڵدەبژێرن کە ئێوە هەڵتانبژاردوون؟

ـ ئایا دەتوانین نرخو بایەخەکان بەسەر دوو دەستەدا دابەش کەین؟ ئەو نرخانەی دەبنە هۆی پێشکەوتن و ڕەفاه لە کۆمەڵ دا؟ ئەو نرخو بایەخانەش کە تەنیا لە قازانجو بەرژەوەندیی خودی خۆمان دان؟ ئایا دەتوانن لەو بارەوە چەند نموونە بێننەوە؟

ـ بۆ گرنگە بە وشیاری‌و دڵنیایی‌یەوە نرخو بایەخەکانمان هەڵبژێرین؟

ـ ئایا هەر بەو ئەندازە کە ڕێزمان بۆ نرخ وبایەخەکانی خۆمان هەیە، ڕێز لە نرخو بایەخەکانی خەڵکانی دیکەش دەگرین؟

ـ ئایا نموونەیەکتان لەو بارەوە هەیە کە نیشان بدا نرخو بایەخە جۆراوجۆرەکان لە کۆمەڵ‌دا بە تێپەڕینی زەمان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێ؟

ـ چۆن ئەو نرخو بایەخانە هەڵدەبژێرین کە دەبنە بەشێک لە ناسنامەی ئێمە؟

ـ ئایا ڕەفتارو کارو کردەوەکانمان لەو نرخو بایەخانەوە سەرچاوە دەگرن کە بڕوامان پێیان هەیە؟

ـ ئایا پیادە کردنی ئەو نرخو بایەخانەی کە بەگرنگیان دەزانین سەخت‌و دژوارە؟

ـ ئایا نرخو بایەخێک هەیە کە پێشتر بۆت گرنگ بووبێت بەڵام دواتر کە زانیاریی تازەت وەرگرتووە، وەلات نابێ؟

## فێربووین کە:

ئێمە بەگوێرەی ئەو نرخو بایەخانە ڕەفتار دەکەین کە بۆمان گرنگن. بەو حاڵەش مرۆڤەکان بە هۆی ئەوەی کە لێک جیاوازن، بەشێوەی جیاوازیش لە نرخو بایەخەکان تێدەگەن‌و لێکیان دەدەنەوە. جاری وایە تەنانەت لە نێو خەڵکانی سەر بە یەک کولتووریش‌دا خەڵک تێگەیشتنی جۆراوجۆریان بۆ نرخێکی دیاریکراو هەیە. ئەوەش زۆر جار کۆمەڵگای فرەکولتووری لەگەڵ ململانێ بەرەوڕوو دەکات. مافەکانی مرۆڤ ئەو نرخو بایەخانەی کە لە قازانجو بەرژەوەندیی هەموو مرۆڤایەتی دان، دەپارێزن.

## بۆ فێربوونی زیاتر:
## پۆنێری بایەخەکان

ئامانج لەو ڕاهێنانە ئەوەیە کە نیشـــان بدرێ نـــرخو بایەخە ئیتنیکیی‌یەکان بناخەی مافەکانی مرۆڤ پێک دێنن. مامۆســـتا بەشدارانی کۆڕســـەکە بەچەند گروپدا دابەش دەکا. هەر گروپە لەسەر نرخو بایەخێکی دیاریکراو کار دەکەن‌و پۆنێرێکی بۆ دروست دەکەن.

ـ وا باشە پۆنتێرەکە ئەم خاڵانە لەخۆی بگرێ:

* پێناسەیەکی کورت لەو نرخەی کە گروپەکە هەڵیبژاردوە.

* وێنە یان سیمبولێک کە ئەو نرخو بایەخە نیشان بدات.

* یەک یان چەند بەند لە بەندەکانی بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ کە ئەم نرخو بایەخە دەستەبەر دەکەن.

* شیکردنەوەیەکی کورت لەو ماف یان مافانەی مرۆڤ کە بەجۆرێک ئەم بایەخە بەیان دەکەن. ئەو مافە چ دەگرێتەوە؟ کێ ئەو مافەی هەیە؟ چۆن دابین‌و دەستەبەر دەکرێ؟

* چەند نموونەیەک لە پێشێلکرانی ئەم مافە لە ئاستی دنیاو وڵاتەکەی خۆمان‌دا.

پاشان گروپەکان کۆ دەبنەوەو پۆنێرەکانی خۆیان بە شێوەی پلێنوم پێشکەش یەکتر دەکەن.

## من دەتوانم هەڵبژێرم

**بابەت:** ناسنامەو ئازایەتی

**ئامانج:** دەرخســـتنی ئەو ڕاستی‌یە کە خۆمان دەتوانین ئەوە هەڵبژێرین کە ببینە چی. پەیدا کردنی هوشیاری لەسەر ئەوە کە ئێمە دەبێ بەرپرسایەتیی کارو کردەوەکانی خۆمان بگرینە ئەستۆ.

هەرچەند زۆر فاکتۆر هەن کە شـــوێنەوارمان لەســـەر دادەنێن، هەرچەند ئێمە لە ژێر شـــوێنەواری کەسانی دیکەی دەوروبەرمان داین، بەڵام هەمیشە ئیمکانی ئەوەمان هەیە کە هەڵبژێرین‌و ئەوە ئێمە خۆمانین کە دەتوانین ببینە ئەوە کە خۆمان دەمانەوێ. بۆ هەندێک کەس ئەوە زۆر ئاســـانە. چونکە ئەوان بەئاگاهی‌و وشـــیاری‌یەکی تەواوەوە هەڵوێســـت‌و هەڵســـوکەوت‌و ڕەفتارەکانیان هەڵدەبژێرن‌و خەڵکـــی دیکەش بەو جۆرە کە هەن وەریاندەگرن. بـــەڵام بۆ هەندێک کەس زۆر زەحمەت‌و دژوارە کـــە ڕێگای خۆیان هەڵبژێرن. ئەوە لەبەر ئەوەیە کە ئەو کەســـانە لەوە دڵنیا نین چیان دەوێ؟ یان لەبـــەر ئەوەیە کە خەڵک هەڵبژاردنەکانی ئەوان پەســـند ناکەن‌و قبـــووڵ ناکەن. لە حاڵەتێکی ئاوادا دروست کردن‌و شکڵ پێدانی شوناس و ناسنامە بۆ ئەو کەسانە دەبێتە پرۆسەیەکی سەخت‌و دژوار. ئەوە بەتایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو لاوانەدا ڕاستە کە لە قۆناخەکانی سەرەتایی خوێندن‌و شکڵ پێدانی ناسنامەی خۆیان دان. تەواوی هەڵسوکەوت‌و ڕەفتارو هەڵسان‌و دانیشتنی ئێمە، هەموو کارو کردەوەکانمان چ بچووک‌و چ گەورە ئەوە نیشان دەدەن کە ئێمە کێین‌و دەمانەوێ ببین بە چی؟

ئێمە زۆرتر ئەو کارانە دەکەین کە ئەو کەسانەی ئۆتۆریتەیان لەسەرمان هەیە داوامان لێ دەکەن ئەنجامیان بدەین:

ـ چیت پێ خۆشە بیکە، بەڵام لەبیرت نەچێ کە تۆ کوڕی منی. دەزانی ئەوە مانای چیە؟ کابرا لە کوڕەکەی پرسی.

ـمەبەست ئەوەیە کە هەرچی تۆ دەیکەی، نایەتەوە سەر تۆ. کەس ناڵێ کە تۆ ئەو کارەت کردوە. هەموو خەڵک دەڵێن کوڕی من ئەو کارەی کردوە. تۆ بەشێک لە شوناس و ناسنامەی منی.

لە کتێبیDjulaha av Lovelen Kumar کە لە ساڵی ٢٠٠١دا چاپ کراوە، وەرگیراوە.

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە

لەم ڕاهێنانەدا بەشدارانی کۆڕسەکە لە سەرەتادا هەرکامیان بە تەنیا بۆخۆیان لەسەر بابەتەکە بیر دەکەنەوە. پاشان لە پلێنۆمدا پێکەوە نەتیجەگیری لە باسو کارو لێکۆڵینەوەکانیان دەکەن.

پاش بەڕێوەچوونی خولی یەکەمی ڕاهێنانەکە، قوتابییەکان بەسەر چەند گروپدا دابەش دەبن. لەو گروپانەدا قوتابییەکان پێکەوە باسو گفتوگۆ لەسەر بابەتەکە دەکەن. مەبەست ئەوەیە کە زانیاریی پێویست لەسەر مەسەلەکە بدۆزنەوەو ئەو زانیارییانە ڕێکوپێک کەن بەجۆرێک کە دواتر بتوانن پێشکەشیان بکەن. دەتوانن وێنەو تێکستو کورتەوتارو بابەتی جۆراوجۆر لەسەر نێوەرۆکی دەرسەکە حازر بکەن.

**کات:** ٤٠ خولەک یان زۆرتر.

**پێداویستی:** ئەگەر ئەو ڕاهێنانە بەشێوەیەکی سادە بەڕێوە بەرین، پێویستیمان بە هیچ شتێک نیە. بەڵام ئەگەر دەمانەوێ بەشێوەیەکی بەرین کاری گروپی لەسەر بابەتەکە بکەینو دواتر ئاکامی کارەکان پێشکەش کەین، پێویستیمان بە قەڵەمو کاغەزو سەرچاوەی جۆراوجۆری وەدەستهێنانی زانیاری وەک ڕۆژنامە، کتێبخانەو ئینتێرنێت هەیە.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ مامۆستا دەرسەکە دەست پێ دەکا. داوا لە قوتابییەکان دەکات بیر لەوە بکەنەوە کە ئایا قەت وابووە جارێک بابەتێکی بە نرخو بایەخ هەڵبژێرنو لەو بارەوە لەگەڵ کەسانی دیکەدا تووشی ناکۆکیو ناتەبایی بووبن. واتە خەڵکانی دیکە هاوڕا ئەو هەڵبژاردنەی ئێوە نەبووبن؟ چۆن لەو حاڵەتەدا بەرامبەر ئەو کەسانە ڕاوەستای کە هاوڕات نەبوون؟ ئایا قەت وابووە شتێک یان بابەتێکی بە نرخو بایەخ هەڵبژێریو خەڵکانی دیکە لەگەڵت هاودەنگ بووبن؟ کامیان ئاسانترە. (٥ تا ١٠ خولەک).

مامۆستاو قوتابییەکان کۆ دەبنەوەو بەشێوەی پلینۆم ئاکامی قسەو باسەکانیان هەڵدەسەنگێنن.

٢ـ ئێستا مامۆستا بەشدارانی کۆڕسەکە بەسەر چەند گروپی سێ تا چوارکەسیدا دابەش دەکا

کــە قووڵبوونەوەی زیاتــر لە بابەتەکەدا پێک بێ. مرۆڤەکان بە خاتــری هەڵبژاردنی هەندێک نرخو بایەخو پێداگرتن لەسەریان لەگەڵ دەوروبەر، بنەماڵە یا کۆمەڵگا یان لەگەڵ کولتوورەکەیاندا تووشی گیروگرفت بوونە.

نیوەیەکی دیکەی گروپەکان کار لەســەر ئەوە دەکەن کە چــۆن نرخو بایەخە جۆراوجۆرەکان لە کۆمەڵدا بە تێپەڕبوونی زەمان ئاڵوگۆڕیان بەســەردا دێ. ئەوان تێدەکۆشن لەو بارەوە نموونەی زینــدوو بێننەوە. بۆ نموونە دەتوانن باســی ئەو ئاڵوگۆڕانە بکەن کە لــە پەیوەندی لەگەڵ ژنان لە کۆمەڵدا پێک هاتوونو بوونەتە مایەی پێشــکەوتنو سەعادەتی زیاتر بۆ کۆمەڵگا. یا دەتوانن باسی ئەو ئاڵوگۆڕانە بکەن کە لەپەیوەندی لەگەڵ کەمایەتی‌یەکان، کەمئەندامان، خەڵکانی بیانیو هتد لە کۆمەڵدا ڕوویان داوە. وا باشــە قوتابی‌یەکان تێکۆشن ناوی ئەو کەسانە بدۆزنەوە کە لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەدا کارو خەباتێکی بەرچاویان کردوەو شوێنەواریان لەسەر ئەو ئاڵوگۆڕانە داناوە. ئایا خەباتو تێکۆشــان لە پێناوی ئەو مەســەلانەدا بە قیمەتێکی گران بۆ ئــەوان تەواو بووە؟ ئایا خەبات لە پێناوی مەســەلەیەکدا پێویســتیی بە لەخۆبردوویيو فیداکاری‌یەکی زۆرە؟ هەر گروپە ئاکامی باسو لێکۆڵینەوەی خۆی بە نووسراو یان بە شێوەی شەفاهی ئامادەو ڕێکوپێک دەکا. (٤٥ ولەک یا زۆرتر)

٣ـ گروپەکان لە دەوری یەک کۆ دەبنەوەو بە شێوەی پلینۆم باسەکانیان پێشکەش دەکەن.

## بۆ باسو لێدوان

* ئایا ســەختو دژارە لە پەیوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنی نرخو بایەخەکاندا خۆت هەڵسەنگێنی؟ ئەو داســتانەی باسمان کردن چمان لەســەر خۆمان پێ دەڵێ؟ چمان لەسەر کەسانی دیکە پێ دەڵێ؟ چمان لەسەر ئەو کەسانە پێ دەڵێ کە موافقمان بوون یا دژایەتی‌یان لەگەڵ دەکردین؟

* لەسەر چ پێوانەیەک ئەو نرخو بایەخانە هەڵدەبژێرین کە بۆمان گرنگن؟

* کاتێک نرخو بایەخێک هەڵدەبژێرین کە دەوروبەرمان لەگەڵمان موافق نین، چ ڕوودەدا؟ لەو بارەوە لە چ دەترســین؟ ئایا لەوە دەترسین کە بەو هۆیەوە خەڵک وەرمان نەگرن؟ یان لەوە دەترسین کە بەو هۆیەوە دوورەپەرێز بکەوینەوە؟ یان لە شتێکی تر نیگەرانین؟

* چ ڕوو دەدا کە پێ لەســەر عەقیدەو بیروڕاکانی خۆمان داگرینو بەپێچەوانەی ئاراســتەی ڕووبار مەلە بکەین؟

* کاتێک توانای کارێکی ئەوتۆمان نیەو لەلایەکی دیکەشــەوە پێمان خۆشە ئەنجامی بدەین، چمان بەسەر دێ؟

* دەگوترێ کە ئێمە بەرهەمی ئەو کارو هەڵبژاردنانەین کە ئەنجامیان دەدەین. مەبەست لەو قسەیە چیە؟

**فێربووین کە:**

ئێمە هەموو ڕۆژی لەماڵێ، لە قوتابخانە، لە شوێنی کارو لە هەر جێیەک کە هەین، بڕیاری گەورەو بچـــووک دەدەینو لە نێوان زۆر ئەلترناتیڤدا هەڵدەبژێرین. زۆر زەحمەتە نرخو بایەخێک هەڵبژێری کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ناتەبایی لەگەڵ دەوروبەرتو ئەو کەسانەی لەگەڵ ئەو هەڵبژاردنەی تۆ موافق نین. ئەگەر ئەو کارەی تۆ بەدڵی کەســانی نزیکت نەبێ، زۆر سەختترو دژوارتریشە. هەندێک جار زۆر گرنگە لەســەر هەڵوێستو ڕوانگەو هەڵبژاردنەکانی خۆت ڕاوەستیو تەنانەت ئەگەر تووشی زەحمەتو کێشـــەش بی، پاشەکشە نەکەی. لە هەلومەرجێکی ئەو جۆرەدا ئەو ڕاوەستانو پاشەکشە نەکردنــە دەبێتە مایەی بەهێز بوون، پوختەبوونو پەرەســەندنی مرۆڤ. زۆربەی ئەو کەســانەی لە مێژوودا بوونەتە مایەی پێک هێنانی ئاڵوگۆڕ، چ لە باری عیلمیو چ لە پەیوەندی لەگەڵ عەداڵەتدا، ئەوانەن کە توانیویانە بەپێچەوانەی ئاڕاســتەی ڕووبار مەلە بکەن. واتە ئەو کەســانە بوون کە لەسەر ئەو نرخو بایەخو هەڵوێستو هەڵبژاردنانە پێیان داگرتووە کە بڕوایان پێیان هەبووە. ئێمە هەموومان بەرانبەر هەڵســوکەوتەکانمان، قســەو ڕەفتارو کارو کردەوەکانمان، هەڵوێســتو هەڵبژاردنەکانمانو ئاکامەکانیان بەرپرسین. واتە دەبێ لە بەرامبەر ئاکامی کارو کردەوەکانی خۆمان بەرپرسایەتی بگرینە ئەستۆ.

جگە لە خۆم کەس ناتوانێ بەرپرسایەتیی ئەو کارو کردەوەو هەڵبژاردنانە وەئەستۆ بگرێ کە من ئەنجامیان دەم.

**بۆ فێر بوونی زۆرتر:**

**چەند کورتەشانۆ**

* حاڵەتی کەســێک کــە بەهۆی هەڵبژاردنی بایەخێک لەگەڵ دەوروبەری خۆی کەوتۆتە کێشــەو ناتەبایییەوە، بە شانۆ نیشان بدەن.

* حاڵەتی کەســێک نیشان بدەن کە لەبەر ئەوەی "جیاواز"ە، کەسانی دەوروبەری خۆشیان دەوێ. واتە خەڵک حەز لە جیاوازییەکە دەکەن.

**بۆ فێربوونی زۆررتر**

**فرشتەو شەیتان**

مامۆستا قوتابییەکان هان دەدا کە یەک یان چەند کەس لەوان داستانی حاڵەتێک لە ژیانی خۆیان بگێڕنەوە کە فرشتەئاسا یان شەیتانسفەت جوڵاونەتەوە. دەتوانن ئەو حاڵەتانە بە وێنە بکێشنەوە یان لە ڕێگای وشەو بەشێوەیەکی شەفاهی نیشانیان بدەن.

قوتابییەکان دەتوانن داستانەکانیان بەوە دەست پێ بکەن کە بۆ نموونە جارێک لە بارودۆخێکدا

زۆر زیرەک، میهرەبان یان یارمەتیدەری کەسانی لێقەوماو بووە. دواتریش چیرۆکێک بگێڕنەوە کە لەوێدا حاڵەتێکی پێچەوانەی پێشوو نیشان بدات کە کردەوەیەکی ناحەزو نابەجێیان ئەنجام داوە.

پێویستە قوتابی‌یەکان لەو بارەوە سەرپشک بن کە داستانەکانیان لە پەیوەندی لەگەڵ ئاژەڵاندا، یان لە پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤەکانی دەوروبەریاندا بگێڕنەوە. گرنگ ئەوەیە نیشان بدرێ هەموو مرۆڤەکان سیفاتو تایبەتمەندی‌یە جۆراوجۆرو تەنانەت ناتەبا لەگەڵ یەکتریان هەن. جاری وایە هەستو ڕەفتاری جۆراوجۆرو ناتەبا لەگەڵ یەک لە خۆیان نیشان دەدەن. ئێمە لە پرۆسەی گەشە کردنو پەروەردەبوونی خۆماندا فێر دەبین کە هەستو سۆزو سیفاتو تایبەتمەندی‌یەکانمان بە شێوەو ڕێگای جۆراوجۆر ئیدارە بکەین. واتە لە ڕێگای ئەو کارو کردەوەو هەڵبژاردنانەوە کە ئەنجامیان دەدەین مەیدانی ئەوەمان هەیە ببینە ئەو شتە کە خۆمان حەزمان لێیە.

## بۆ فێربوونی زۆرتر

بەشدار بووەکانی کۆڕسەکە دەتوانن هەندێک کورتەشانۆ نمایش بکەن کە لەواندا ئەو حاڵەتە نیشان بدرێ کە مرۆڤەکان لە هەندێک شوێن ڕێگایەکی جیاواز لە ڕێگای زۆربەی خەڵکی دەوروبەریان گرتۆتە پێشو سەرەنجام ئەوە بۆتە هۆی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕو ژیانێکی باشتر بۆ ئەوانو تەنانەت بۆ کۆمەڵگاش بەگشتی. بۆ نموونە کەسانی چەوساوە بۆ ڕزگار بوونی خۆیان خەباتو بەربەرەکانی دژی زۆرایەتی دەکەنو سەرەنجام لەو ڕێگایەوە ژیانی خۆیانو پەیوەندی‌یە سیاسیو کۆمەڵایەتی‌یەکان لە کۆمەڵدا بەرەو گۆڕان دەبەن.

## بۆ فێر بوونی زۆرتر

دادگای نۆرێنبەرگ لە ئاڵمان لە ساڵی ۱۹۴۵ی زایینی‌دا، بۆ دادگایی کردنو سزادانی ئەو کەسانە کە لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی‌دا تاوانیان بەرامبەر مرۆڤایەتی ئەنجام دابوو، پێک هات. زۆر کەس لەوانەی لەو دادگایەدا موحاکەمە کران، دانیان بەو جینایەتو کوشتارە جۆراوجۆرانەدا هێنا کە ئەنجامیان دابوون وەک قەتڵو شکەنجەو هتد. بەڵام دەیانگوت ئەوان لەو بارەوە تاوانبار نین چونکە تەنیا دەستوورو فەرمانی کەسانی سەرەوەی خۆیانیان بەڕێوە بردوون. بەڵام دادگا هیچ کام لەو بڕوبیانووانەی قبووڵ نەکرد. واتە دادگا ڕێگای نەدا ئەو تاوانبارانە لە ڕێگای ئەوەی کە ئەوان دەستووری کەسانی سەرەوەی خۆیانیان ئەنجام داوە، پاکانە بۆخۆیانو کارو کردەوە نابەجێو نادروستەکانیان بەکەن.

Tore Forst کە فەیلەسوفێکی بەناوبانگە دەڵێ مرۆڤ بەو شکڵو فۆرمەی کە هەیە پێویستە گوێڕایەڵی ئەو ئۆتۆریتە ئیتیکیو ئەخلاقی‌یە بێ کە بەپێی سروشتی خۆی وەک مرۆڤ هەیەتی. لەو حاڵەتەدا لە کاتی ئەنجامدانی کارو کردوەکانی‌دا ئیرادەو هەڵبژاردەنەکانی خۆمانن کە بڕیاردەرن

نەک فاکتۆرەکانی دیکە. بەو پێیە سەربازە ئاڵمانی‌یەکان دەبوایە دەستوری فەرماندەکانیان بۆ قەتڵو کوشتارو شکەنجەی خەڵک بەڕێوە نەبەن. هەر بۆیە دادگا ئەوانی بە بەرپرسیار دانا. Forst دەڵێ هەموو مرۆڤەکان لە نێوخۆیان‌دا بە پێی سروشت، هێزێکی گەورەی ئیتیکی‌و ئەخلاقییان تێدایە کە دەتوانن وەک پێوانە بۆ جیاکردنەوەی چاکەو خراپەو هەڵبژاردنی کاری دروستو بەجێ لە کاری نابەجێ کەڵکی لێوەرگرن. کە واتە مرۆڤ پێویستە بۆخۆی لە کاتی ئەنجامدانی هەر کارو کردەوەیەکدا وەزعەکەو ئاکامەکانی هەڵسەنگێنی‌و بەپێی ئەخلاق‌و ئیتیک بڕیار بدا.

## هەندێک فیلم

* American History X فیلمێکە لەوێدا بەڕوونی نیشان دەدرێ کە چ هۆکارو فاکتۆرێک لەسەر شکڵ پێدانی مرۆڤ شوێنەواریان هەیە. بەڵام فیلمەکە ئەوەش نیشان دەدا کە لە هەر هەلومەرجێکدا مرۆڤ توانای هەڵبژاردنی هەیە.
* Tre historier fra Helvete فیلمێکی نۆرویژی‌یە داستان‌و بەسەرهاتی نۆرویژی‌یەکان، جوولەکەکان‌و خەباتکارانی ڕێگای ئازادیی وڵات لە ئۆردووگاکانی ئاڵمانی نازی‌دا دەگێڕێتەوە. ئەو دوو فیلمانە باشتر قوتابی‌یەکان لەگەڵ ئەو جینایەتانە ئاشنا دەکەن کە لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی‌دا ڕوویان دا.

## دیالۆگ

**بابەت:** دیالۆگ، بەڵگەهێنانەوەو چۆنیەتیی دروست کردنی مانا.
**ئامانج:** شارەزا بوون لەگەڵ ئەو ڕاستی‌یەی کە ئێمە لە کاتی دیالۆگ‌و قسەو باس‌و گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی دیکەدا، بیرو بۆچوون‌و ڕوانگەو عەقیدەکانی خۆمان شکڵ پێدەدەین. کۆمیونیکاشۆن لەگەڵ کەسانی دیکەدا، دەبێتە هۆی پەرەسەندن‌و پێشکەوتن.
بیرو عەقیدەکانمان ڕەفتارو کارو کردەوەکانمان دیاری دەکەن. ئێمە لە ڕێگای فێربوون، خوێندنەوە، ئەزموون‌و تاقیکردنەوەو بەسەرهات، هەروەها لە ڕێگای باس‌و گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی دیکەدا شکڵ بە بیرو ئەندێشەو عەقیدەکانمان دەدەین. ئێمە دەتوانین لە هەموو ئەو کەسانەی کە لە دەوروبەرمانن فێر بین. بەڵام کاتێک دەگەینە کەسانێک کە لە بوارێک‌دا شارەزایی‌و لێوەشاوەیی‌و زانیاری‌یان زۆرە، دەرفەتێکی باش بۆ فێربوون دەڕەخسێ. هەر بەو جۆرە کاتێک لەگەڵ کەسانێک کە بیرو باوەڕو عەقیدەو ڕوانگەی جیا لە ئێمەیان هەیە، پێک دەگەین شانسێکی باشمان بۆ فێربوون‌و گەشەکردن بۆ هەڵدەکەوێ. چونکە لە وەزعێکی ئاوادا ناچار دەبین کە قووڵتر بیر کەینەوەو بە بیرو بۆچوونەکانمان‌دا بچینەوەو تەنانەت ڕەنگە ناچار بین ئاڵوگۆڕیشیان تێدا پێک بێنین. کاتێک ئاڵوگۆڕ بەسەر بیرو بۆچوون‌و ڕوانگەکانمان‌دا دێنین مانای ئەوەیە شتی تازە فێر بووین. واتە چووینەتە پێش‌و

کەمێک ژیرتر بووین. ئەگەر گوێم لە بەڵگەو ئەرگیۆمێنتەکانی تۆ نەبووبێ، چۆن بزانم ئەمن لەسەر حەقم. دیالۆگ لە نێوان دوو کەسدا بچووکترین کولکەکەی هاوبەشی کۆمەڵگایەکە کە لەوێدا کولتوورەکان لێک فێر دەبن.

## چونیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

لەم ڕاهێنانەدا قوتابیەکان بەڵگەو ئەرگیومێنت بۆ بەرگری لە هەندێک ئیددیعا دێننەوە. لە کاتی باسو گفتوگۆکاندا دەرفەتی ئەوەیان پێ دەدرێ کە ڕوانگەو بۆچوونو هەڵوێستەکانیان بگۆڕن. ئەم ڕاهێنانە کاتێک سەرکەوتووتر جێبەجێ دەبێ کە قوتابیەکان لەپێشدا کەمێک یەکتر بناسنو بڕواو متمانەیان بە یەکتر هەبێ. کات: ۴۵ خولەک.

**پێداویستی:** ژوورێکی گەورە، سێ کاغەزی گەورەی لەسەر نووسین (لە وەرەقەی یەکەم دەنووسرێ بەڵێ. لە وەرەقەی دووهەم دەنووسرێ نەخێر. لە وەرەقەی سێهەم دەنووسرێ نازانم).

**ئامادەکاریی پێشوەخت:** مامۆستا لە پێشدا پێویستە لیستەیەکی لە کۆمەڵێک ڕوانگەو هەڵوێستو ئیددیعای جۆراوجۆر ئامادە کردبێ.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ مامۆستا هەرکام لە وەرەقە گەورەکان بە یەکێک لە لا دیوارەکانی ژوورەکەوە هەڵدەواسێ. واتە هەر وەرەقەیەو لەلایەک، بەجۆرێک کە ئەو وەرەقەی لەسەری نووسراوە نازانم بکەوێتە نێوەڕاستی دوو وەرەقەکەی دیکە. مامۆستا داوا لە قوتابیەکان دەکا بێنە پێشەوەو لەسەر ئەرزەکە دانیشن. پاشان مامۆستا لەو لیستەیە کە بەدەستەوەیەتی هەندێک داخوازی و قسەو بیرو بۆچوون دەخوێنێتەوەو داوا لە قوتابیەکان دەکا لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوانەدا بیروبۆچوون و هەڵوێستەکانی خۆیان دەربڕن. ئەو کەسانەی لەگەڵ ئەو داخوازیانەن دەچنە بن ئەو دیوارەی کە ئەو وەرەقەی '' بەڵێ'' ی پێهەڵواسراوە. ئەوانەش کە لەگەڵ ئەو قسەیە نین، دەچنە بن ئەو دیوارەی کە وەرەقەی '' نەخێر''ی پێهەڵواسراوە. هەر بەو جۆرە ئەوانەش کە زۆر دڵنیا نین دەچنە لای ئەو وەرەقەی کە: نازانم"ی لەسەر نووسراوە. بەم جۆرە قوتابیەکان بەگوێرەی هەڵوێستو بیرو ڕاکانیان دەبنە چەند گروپ. پاشان مامۆستا داوا لە قوتابیەکان دەکا کە لەسەر بابەتەکان پێکەوە باسو موناقەشە بکەن. بەم جۆرە ئەو قوتابییانەی لەگەڵ فلانە قسە یان داخوزییەن، دەست دەکەن بە بەڵگە هێنانەوە بۆ قسەو هەڵوێستەکانی خۆیان. پێویستە ڕێگا بە لایەنی بەرانبەریش بدرێ کە ئەویش بەڵگەو ئەرگیومێنتەکانی خۆی بۆ دژایەتی کردن لەگەڵ ئەو قسەیە، بەیان بکا. هەموو لایەنەکانی کێشەکە پێویستە ڕێگای ئەوەیان پی بدرێ ڕوانگەکانی خۆیان لەسەر مەسەلەکە دەربڕن. تەنانەت ئەو کەسانەش کە دەڵێن نازانین پێویستە ئەوانیش لەو بارەوە قسەکانی خۆیان بێننە بەرباس. کاتێک

لە ئاکامی ئەو باسو گفتوگۆیانەدا کەسانێک ئاڵوگۆڕ بەسەر هەڵوێستو ڕوانگەکانیاندا دێنن، وا باشە مامۆستا داوای ڕوونکردنەوەیان لێ بکات کە لەبەرچی نەزەری خۆیان دەگۆڕن؟ بەم جۆرە ئەم ڕاهێنانە ئاوا دەڕواتە پێش. (٥ تا ١٥ خولەک).

وا باشە کار لەسەر ٥ تا ٦ ئیدیعا زیاتر نەکرێ. هەر کات مامۆستا بۆی دەرکەوت کە قوتابی‌یەکان دەیانەوێ لەو بارەوە زۆر قسەو گفتوگۆ بکەن، وا باشە بڵێ لێرەدا کۆتایی بەم ڕاهێنانە دێنین.

## بۆ لێدوان:

* ڕاهێنانەکەتان چۆن بوو؟
* ئایا بۆتان سەخت بوو یەکێک لە لایەنەکان هەڵبژێرن: بۆچی؟
* ئایا دەتانتوانی ڕوانگەو بۆچوونەکانی خۆتان ڕێکوپێک بکەن؟
* ئایا کەسانێک لە ئێوە هەبون چونکە لەو لایە بە تەنیا بوون لە بەر ئەوەی ژمارەیان کەم بوو، چوونە لایەکی تر؟
* ئایا توانیتان بە قسەو دیالۆگو باسو گفتوگۆ کارێک بکەن کە هەندێک کەس هەڵوێستەکانی خۆیان بگۆڕنو بێنە سەر هەڵوێستی ئێوە؟
* بۆچی پێمان خۆشە خەڵکی دیکە بێنینە سەر نەزەرو بیروبۆچوونی خۆمان؟
* ئایا ئێمە لە ڕێگای دیالۆگو گفتوگۆوە دەتوانین شوێنەوار لەسەر یەکتر دانێین؟
* ئایا دەتوانین بڵێین کە دیالۆگ باشترین ڕێگاو مێتۆدە بۆ چارەسەر کردنی کێشەو ناکۆکی‌یەکان؟

## فێر بووین کە:

لە ڕێگای دیالۆگو گفتوگۆوە دەتوانین لە یەکتر فێر بین لەسەر یەکتر زانیاری پەیدا کەینو تەنانەت خۆشمان باشتر بناسین. ئێمە هەموومان کاریگەریمان لەسەر یەکتر هەیە. هەر بەو ئەندازەیەی کە قسەو ڕوانگەو بۆچوونەکانی خەڵکی تر شوێن لەسەر ئێمە دادەنێن، قسەو ڕوانگەو بیروبۆچوونەکانی ئێمەش باندۆریان لەسەر کەسانی دیکەدا دەبێ. دیالۆگو گفتوگۆ ئەو ئامرازەیە کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بۆ گۆڕینەوەی بیرو ڕوانگەو ئەزموونو تاقیکردنەوەی کولتووری خۆمان لەگەڵ یەکتر کەڵکی لێوەردەگرین. دیالۆگ باشترین شێوازو ڕێگایە بۆ چارەسەر کردنی کێشەو ناکۆکی‌یەکان.

ئەو قسەو ئیدیعایانەی کە دەکرێ لە ڕاهێنانەکەدا کاریان لەسەر بکەین:

١ـ وا باشە کەسانێک کە لە دوو کولتووری جیاوازن بە یەکەوە ژیانی هاوبەش پێک نەهێنن.

٢ـ بەختەوەریو سەعادەتی تاک لە بەختەوەریو سەعادەتی بنەماڵە گرنگترە.

۳ـ دایکان پێویستە دوای منداڵبوون تا سێ ساڵان لە ماڵێ بن‌و ئاگایان لە منداڵەکەیان بێ.

۴ـ هۆمۆفیلەکان پێویستە مافی ئەوەیان هەبێ پێکەوە بچنە پرۆسەی هاوسەرگیری‌یەوەو منداڵانی کەسانی تر بە منداڵی خۆیان وەربگرن.

۵ـ کاتێک شەڕ تەواو بوو، پێویستە ئاوارەکان بگەڕێنەوە سەر جێگاو ڕێگای خۆیان.

۶ـ نابێ هیچ سنوورێک بۆ ئازادیی بەیان هەبێ؟

۷ـ ئیسلام‌و دێمۆکڕاسی لەگەڵ یەک نایەنەوە.

۸ـ دەکرێ ڕێگا بدرێ تێرۆریستەکان ئەشکەنجە بکرێن.

۹ـ پێویستە سزای ئیعدام لە کۆمەڵدا بەڕێوە بچێ.

۱۰ـ ژنان دەبێ مافی ئەوەیان هەبێ کە سەبارەت بە منداڵ لەبەرخۆبردن خۆیان بڕیار بدەن.

## قۆناخی دووهەم

ئەگەر هەموو قوتابی‌یەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە دیالۆگ باشترین ڕێگای چارەسەری کێشەکانە، دەتوانن بۆ قووڵ بوونەوەی زیاتر لە بابەتەکەدا، پاش پشوویەکی پازدە دەقیقەیی، قۆناخی دووهەمی ڕاهێنانەکە جێبەجێ بکەن. مەبەست لە بەشی دووهەمی ڕاهێنانەکە ئەوەیە کە فێر بین ئەو نرخو بایەخو ڕوانگەو بۆچوونانەی کە بۆمان گرنگن، ئەگەر پیادەیان نەکەین‌و لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەڕێوەیان نەبەین، دەبنە قسەو ئیدیعایەکی بێ نێوەرۆک.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

۱ـ هەموو قوتابی‌یەکان بەسەر دوو گروپدا دابەش دەبن. بەشدارانی هەر کام لە گروپەکان بەدوای یەکتردا ڕیز دەبن. هەر دوو ڕیزەکەش ڕووبەڕووی یەکتر دەوەستن. مەودای نێوانمان پێویستە میترێک بێ. پاشان مامۆستا داوا لە قوتابی‌یەکان دەکا کە بەرەو لای ئەو دیوارەی کەوتۆتە پشتیانەوە، یەکتر پاڵ دەن. کاتێک مامۆستا لە یەکەوە تا سێ دەژمێرێ قوتابی‌یەکان دەست پێدەکەن. یەک، دوو، سێ، ئەگەر هەموو شتێک وەک خۆی بڕواتە پێش، زۆری ناخایەنێ کە ئاڵۆزی و بێسەرەوبەرەیی پەیدا دەبێ. چونکە هەموو بەشدارانی گرووپەکان هەوڵدەدەن بە هەموو تین و تاقەتەوە پاڵ بە یەکترەوەنین بۆ بن دیوارەکە و لە ئاکامدا ڕیزەکان تێکدەچن و ئاڵۆزی پەیدا دەبێ.

۲ـ پاش ماوەیەکی کورت مامۆستا داوا لە قوتابی‌یەکان دەکا کە بوەستن. واتە واز لە پاڵدانی یەکتر بێنن. کاتێک وەزعەکە تۆزێک ئارام بۆوە، مامۆستا یەکێک لە قوتابی‌یەکان دێنێتە دەرو لەگەڵ ئەو دا، جارێک بەرەو ئەم لا دیوارو جارێکی تر بەرەو ئەو لای دیوار بە سەما کردنەوە دەڕۆنە پێش.

۳ـ پاشان قوتابی‌یەکان لە دەوری یەک کۆ دەبنەوەو بەشێوەی پلێنۆم لەگەڵ یەک پێکەوە

قسەو گفتوگۆ دەکەن. بۆچی لەو ڕاهێنانەی دووهەمدا لە جیاتی بەکاربردنی دیالۆگ بۆ چارەسەری کێشــەکە بەشداربووەکان هەوڵیان دەدا کەڵک لە هێزو قودرەت وەرگرن. ئێمە دەتوانین کێشەکان لە ڕێگای دیالۆگەوە چارەسەر کەین نەک توندوتیژی. باشە ئەی بۆچی وامان نەکرد. خۆ پێشتریش ئەوە فێر ببووین، کەواتە لەبەرچی کەڵکمان لەو زانیاری‌یەی خۆمان ورنەگرت؟

## فێربووین کە:

ئێمــە بەگوێرەی ئەو عادەتانە ڕەفتار دەکەین کــە لەگەڵیان ڕاهاتووین‌و خوومان پێوەگرتوون. بۆیە زۆر جار بێ بیرکردنەوە، بە قســەی ئەو کەســانە دەکەین کە ئۆتۆریتەیان بەسەرمان‌دا هەیە. واتە هیچ قســەو داواو ڕەفتارو داخوازەکانیان ناخەینە ژێر نیشانەی پرسیار. قەت ناپرسین بۆ دەبێ ئەو فەرمان یان ئەو دەســتوورەی ئەوان جێبەجێ بکەین. ئێمە تا ڕادەیەکی زۆر گوێڕایەڵ ڕاهاتووین‌و ئەو کارو کردەوەیە ئەنجام دەدەین کە داوامان لێ دەکرێ بیکەین. بەبێ ئەوەی بپرســین بۆ؟ ئەو دوو راهێنانــە ئەوە دەردەخەن کە مەودایەکی زۆر لە نێوان زانیــاری‌و ڕەفتارکردن بەگوێرەی ئەو زانیاری‌یانە هەیە. بەشــێک لە کەســایەتیی ئێمە ئەوەیە کە بەپێی ئەو عادەتانە ڕەفتار دەکەین کە خوومان پێوە گرتووە. کە واتە پێویستە بۆ پیادەکردنی ئەو نرخو بایەخانەی بڕوامان پێیانە لە ژیانی ڕۆژانەمان‌دا بەردەوام کار بکەین.

## بۆ فێربوونی زۆرتر

دەتوانین بۆ کار کردن لەســەر هەندێک بابەت بەشــێوەیەکی قووڵ‌و بنەڕەتی لەو دوو ڕاهێنانەی ســەرێ کەڵک وەرگرین. پێویستە مامۆستا لەپێش‌دا لیســتەیەکی لەو ئیدیعاو هەڵوێستانە ئامادە کردبێ کە قوتابی‌یەکان دەبێ باس‌و گفتوگۆیان لەســەر بکەن. لەخوارەوە لیستەیەکمان لەو باس‌و بابەتانە ئامادە کردوە کە دەکرێ مامۆســتاکان لە کۆرســەکان‌دا کاریان لەسەر بکەن. ڕوانگەو بیرو ڕاکانی من لەسەر گیروگرفتەکانی پێکەوە ژیانێکی فرەکولتووری چن؟

* پێویســتە کەمایەتی‌یەکان ڕێگایان پێبــدرێ کولتوورو فەرهەنگی خۆیــان بپارێزن‌و بەرەو پێشەوەی بەرن.
* لە کاتی کار پێدان‌دا پێویستە ژنانی سەر بە کەمایەتی‌یەکان بخرێنە پێشەوە.
* میدیاکان بەشێوەیەکی ناعادلانە قسە لەسەر کەمایەتی‌یەکان دەکەن.
* داب‌ونەریت‌و کولتووری موهاجیرەکان دەبێتە هۆی دەوڵەمەندتر بوونی کۆمەڵگاکەمان.
* دین‌و مەزهەب دەبێتە هۆی ئاســانتر بوونی پێکگەیشــتنی خەڵکانێک کە کولتووری جیا لە یەکتریان هەیە.
* دەوڵەت‌و دین پێویستە لێک جیا بن.

* پێویستە ڕێوشوێنە مەزهەبیو ئایینییەکان بخرێنە پێش یاساو قانوونەکانی دەوڵەتەوە.

**هەڵوێست گرتن.**
**۲۱۹ـ ۲۱۶**
**۲۲۶ـ۲۲۲**

**بابەت:** هەڵوێست گرتن

**ئامانج:** هاندانو تەشویق کردنی بەشدارانی کۆرسەکە تا فێر بنو بتوانن لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلە فرەکولتووریەکاندا هەڵوێست بگرنو بڕیاری خۆیان بدەن.

لە نۆرویژ زۆر کەس بە پیشینەی ئیتنیکیی غەیرە نۆرویژی دەژین. هەندێک لە وان بەهۆی ئەوە کە جیاوازن، تووشی کەندو کۆسپو گیروگرفت دەبن. عەلیو ئیدا نموونەیەکن لەو کەسانە.

**چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:**

ئەم ڕاهێنانە بەشێوەی باسو گفتوگۆ درێژەی دەبێ، بەشدارانی کۆرسەکە ڕێگایان پێ دەدرێ لەسەر ئەو گیروگرفتانە کە عەلیو ئیدا لەگەڵیان بەرەوڕوون، بۆچوون و ڕوانگەی خۆیان دەربڕن و هەڵوێست بگرن.

**کات:** یەک کاتژمێر.

**پێداویستی:** ژوورێکی گەورە کە ئیمکانی ئەوەمان بداتێ لەوێدا بتوانین باش هەڵسووڕێین.

**جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:**

مامۆستا باسی ئەو گیروگرفتانە دەکا کە ئیدا لە پەیوەندی لەگەڵ لێچکەی سەری کە لە قوتابخانەدا لەگەڵی بەرەڕوویە. پاشان چوار کاغەزە گەورەکە بە چوار ئەلترناتیڤی جیاوە، هەر یەکەی لە گۆشەیەکی ژوورەکە هەڵداوەسرێن. مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکا کە لەو پەیوەندییەدا هەڵوێست بگرن. هەر کەس بەگوێرەی بۆچوونی خۆی یەکێک لەو چوار ئەلترناتیڤە هەڵبژێرێ کە پێی وایە لەوانیتر باشترەو بەرەو لای ئەو بچێ.

۲ـ کاتێک هەموو قوتابییەکان توانیان لەسەر ئەو ئەڵتەرناتیڤە ساخ بنەوە کە پێیان لەوانی-تر باشترە، مامۆستا بە نۆرە داوایان لێ دەکا ئەوە ڕوون کەنەوە لەبەر چی ئەو ئەڵتەرناتیڤەیان هەڵبژاردوە. واتە داوایان لێ دەکا ئەرگیومێنت بۆ هەڵوێستەکەی خۆیان بێننەوە. پێویستە ڕێگا بە قوتابییەکان بدرێ هەر کات ویستیان شوێنی خۆیان واتە هەڵوێستەکەیان بگۆڕن.

۳ـ ئەگەر وەخت هەبێ قوتابییەکان لە پەیوەندی لەگەڵ داستانو بەسەرهاتی عەلیشدا دەتوانن هەمان کار بکەن.

## گیروگرفتی ئیدا:
## قوتابخانە

ئیدا سێ ساڵ لەمەوبەر لە چینەوە هاتۆتە نۆرویژ. ئیدا سەر بە بنەماڵەیەکی موسوڵمانی چینی‌یە کە لە وڵاتەکەی خۆیان ڕێگایان پێ نادرێ ڕێوڕەسمە ئایینیو مەزهەبی‌یەکانی خۆیان بەڕێوە بەرن. ئیدا ئەوە دەزانێ کە لە وڵاتی دیکەش‌دا موسوڵمانان لەگەڵ جیاوازیدانانو گرتنو ڕاونانو تەنانەت شەڕو کوشتو کوشتاریش بەرەوڕوون، بەڵام ئیدا دەزانێ کە نۆرویژ وڵاتێکی دێموکڕاتیکە کە لەوێدا خەڵک ڕێز لە مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ دەگرن. ئیدا بەپێی نەریتی خۆیان سەری دادەپۆشێ. ئەم دەسماڵە کە ئیدا سەری پێ دادەپۆشێ، سیمبولێکە ناسنامەو هەوییەتی ئەو نیشان دەدا. جگە لەوە ئیدا ئەو دەسماڵە بەکار دێنێ بۆ ئەوەی هاودەردیو هاوپەیوەندیی خۆی لەگەڵ ئەو موسوڵمانانە کە لە وڵاتانی دیکەدا لە ژێر ستەمو چەوسانەوەو سەرەڕۆیی‌دا بەسەر دەبەن، نیشان بدا.

کەچێ ئیدا سەبارەت بە بەکارهێنانی ئەم ڕووسەری‌یە لە قوتابخانەکەی‌دا لەگەڵ دژکردەوەی نیگەتیڤ بەرەوڕوو دەبێ. زۆرن ئەو قوتابیو مامۆستاو دایکو باوکی قوتابی‌یانەی کە پێیان وایە ئیدا بە زۆری ناچار کراوە ئەو ڕووسەری‌یە بکاتە سەری.

هەر بۆیە وا بیر دەکەنەوە کە ئیدا قوربانیی ئەو تەبعیزو جیاوازیدانانو هەڵاواردنەیە کە ئەوان پێیان وایە لە کولتووری ئیسلامی‌دا بە ژنان ڕەوا دەبینرێ. ئەو تیئۆری‌یەی ئەوان لەسەر ئەو بناخەیە دانراوە کە دەبینن ئیدا لە جەژنو سەفەرو گەشتو سەیرانەکانی قوتابخانەدا لەگەڵ هاوڕێکانی بەشداری ناکا. لەوەش زیاتر ئەوان لەو بڕوایەدان لە کاتی وەرزشو مەلە کردن‌دا ئەو ڕووسەری‌یە کۆسپ بۆ ئیدا ساز دەکا. مامۆستاش ئەم گیرو گرفتەی لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانە هێناوەتە گۆڕ. بەڕێوەبەر ئەم ڕێگاچارانەی خوارەوەی بۆ چارەسەری کێشەکە پێشنیار کردوون:

١ـ ئیداو کچە موسوڵمانەکانی دیکە ڕێگایان پێدەدرێ ڕووسەری بەکار بێنن.

٢ـ ئیداو کچە موسوڵمانەکانی دیکە ڕێگایان پێدەدرێ ڕووسەری‌یان هەبێ، بەڵام نەک لە کاتی وەرزشو مەلەکردن دا.

٣ـ هەوڵ دەین بە شێوەیەکی نەرمو دۆستانە قەناعەت بە ئیدا بێنین کە ڕووسەری‌یەکەی لە قوتابخانە بەکار نەیەنێ.

٤ـ بەکارهێنانی ڕووسەری لە قوتابخانە قەدەغەیە.

## گیروگرفتی عەلی

تۆو عەلی پێکەوە لە زانکۆ هەندەسەتان دەخوێند. عەلی کوڕێکە لە سومالی‌ڕا هاتۆتە ئەو وڵاتەو زۆر زیرەکەو هەمیشە لە تاقیکردنەوەکان‌دا نمرەی زۆر باشی وەردەگرت. عەلی وەک بولبول بە نۆرویژی قسە دەکاو لەمێژە لێرە دەژی. بەوحاڵەش عەلی بەشێکی زۆر لە دابونەریتە

سـ‌ـۆمالی‌یەکانی خۆی پاراستوون. عەلی بۆخۆی دەڵێ ئەو مەسـ‌ـ‌ـەلەیە بۆ ئەو زۆر گرنگە. چونکە ڕەگی ئەو لە کولتووری سـ‌ـ‌ـومالی دایەو ئەو کولتووره بەشێکی گرنگی ناسنامەی وی پێک دێنێ. ئەو موسـ‌ـ‌ـوڵمانێکی ئیمانـ‌ـدارە. عەلی داوای ژمارەیەکی زۆر کاری کردوە، کەچی تا ئێسـ‌ـ‌ـتا هیچ کات بۆ وتووێژو موسـ‌ـ‌ـاحەبە بانگ نەکراوە. بەپێچەوانـ‌ـ‌ـەی عەلی‌یەوە، تۆ پاش تەواو کردنی زانکۆ دەسبەجێ کارت وەدەست کەوت. ئەوە لە کاتێک دایە کە ئەو نمرەی زۆرتری لە تۆ هەیە. عەلی زۆر لەو وەزعە نارەحەتە. هەر بۆیە خەریکە ناوی خۆی بگۆڕێ بۆ بیۆرن ئۆڵسـ‌ـ‌ـن. ئەگەر ئەتۆ لە جێگای عەلی بوایەی چیت دەکرد؟

١ـ بە بێکاری دەمامەوە، بەڵام قەت ئامادە نەدەبووم ناوی خۆم بگۆڕم. ناوگۆڕین هەسـ‌ـ‌ـتێکی نیگەتیڤ لە من‌دا دروست دەکا چونکە ناو بەشێک لە کەسایەتیی منە.

٢ـ من لە جێگای عەلی بوایەم ناوی خۆم دەگۆڕی.

٣ـ بەشێوەیەکی کاتی ناوی خۆم دەگۆڕی‌و پاشان کە کارم پەیدا کرد، ناوەکەی پێشووم سەر لەنوێ بەکار دێنمەوە.

۴ـ دەچمەوە وڵاتی پێشوومو لەوێ کارم بۆخۆم پەیدا دەکرد.

## بۆ لێدوان:

* ڕاهێنانەکەتان پێ چۆن بوو؟
* ئایا لە بارودۆخێکی ئاوادا سەختە مرۆڤ هەڵوێست بگرێ؟
* ئایا توانیت ڕوانگەو هەڵوێسـ‌ـ‌ـتەکەی خۆت بەشـ‌ـ‌ـێوەیەکی جوان‌و ڕێکوپێک فۆرمۆڵەو بەیان بکەی؟
* ئایا کەسێک لە ئێوە هەبوو چونکە لە هەڵوێستەکەی‌دا بە تەنیا بوو پێی خۆش بوو بیگۆڕێ؟
* ئایا پێتان وایە ئێمە لە ڕێگای باس‌و دیالۆگەوە دەتوانین شوێنەوار لەسەر یەکتر دانێین؟
* ئایا ئەو ئەلترناتیڤە جۆراوجۆرانەی وەک ڕێگاچارە پێشـ‌ـ‌ـنیار کراون، لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ دێنەوە.

## فێربووین کە:

بۆ دۆزینەوەی باشـ‌ـ‌ـترین ئەڵترناتیڤ‌و ڕێگاچارەکان‌و بۆ چارەسـ‌ـ‌ـەرکردنی دێلێماکان، پێویسـ‌ـ‌ـتە بەشـ‌ـ‌ـێوەیەکی بنچینەیی‌و قووڵ‌و هەمـ‌ـ‌ـوو لایەنە بیر بکەینەوە. لەوەش زیاتر پێویسـ‌ـ‌ـتە گوێ لە ڕاوبۆچوونی کەسانی دیکەش بگرین. قسەو باس‌و دیالۆگیان دەگەڵ بکەین. ئەوە بەو مانایەشە کە ئامادەیی ئەوەمان تێدا بێ بەرگری لە ڕاوبۆچوونەکانی خۆمان بکەین. پێویسـ‌ـ‌ـتە بزانین هەڵوێست گرتن‌و سـ‌ـ‌ـاخ بوونەوەو هەڵبژاردنی لایەک بەو مانایە نیە کە مرۆڤ دەسـ‌ـ‌ـتی خۆی بۆ هەمیشـ‌ـ‌ـە

ببەستێ. واتە قسەی پیاوان هەر یەک نیە. ڕاست بە پێچەوانەوە ئەوە دروستترە کە لە کاتی ڕوونبوونەوەی لایەنە تاریکو نادیارەکانی مەسەلەکەدا، ڕوانگەو هەڵویستی خۆمان بگۆڕین. دەبێ لەبیرمان بێ ئێمە بەردەوام دەتوانین لە هەلومەرجی جۆراوجۆردا شوێن لەسەر کەسانی دیکە دانێین. ئەوەش بەرپرسایەتی‌یەکی گەورەمان دەخاتە سەر شان. یەک شت لێرەدا گرنگە ئەویش ئەوەیە کە ئەو ڕێگاو مێتۆدو ئەڵترناتیڤانەی هەڵیان دەبژێرین، نابێ ناتەباییان لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا هەبێ.

## پرسیارو وەڵام سەبارەت بە کۆمەڵگای سوننەتی‌و کۆمەڵگای مۆدێڕن.

بابەت: ئاشنا بوون لەگەڵ جیاوازی‌یەکانی نێوان کۆمەڵگای سوننەتی‌و کۆمەڵگای مۆدێڕن.
لە کۆمەڵگایەکی فرەکولتووریی وەک نۆرویژدا خەڵکانێک لە پەنا یەک دەژین کە هەندێکیان سەر بە کولتووری سوننەتی‌یەکان‌و هەندێکیشیان سەر بە کولتووری هاوچەرخو مۆدێڕنن. مەبەست لە مۆدێڕنیزاسیۆن ئەو ئاڵوگۆڕانەن کە لە ئاکامی پێشکەوتنە تێکنۆلۆژی‌یەکان بە تایبەت لە بواری تێکنۆلۆژیی ڕاگەیاندن‌دا هەروەها لە ئاکامی سیکۆلاریزە بوونی کۆمەڵو زۆر هۆکاری دیکەدا، ڕوو دەدەن. لە کۆمەڵگایەکی مۆدێڕن‌دا کولتوورو فەرهەنگە سوننەتی‌یەکانیش بەشێوەی جۆراوجۆر خۆیان نیشان دەدەن. هەر بەو جۆرە لە کۆمەڵگایەکی سوننەتیش‌دا مۆدێرنیتە بە زۆر شێوە خۆی نیشان دەدا. لە کۆمەڵگایەک‌دا هەموو مرۆڤەکان بە یەک شێوە ناژین. پرسیار ئەوەیە کە کولتووره مۆدێڕن‌و کولتووره سوننەتی‌یەکان چۆن خۆیان نیشان دەدەن؟

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

ئەو ڕاهێنانە کاتێک باشتر بەڕێوە دەچێ کە بەشێک لە بەشدارانی کۆڕسەکە سەر بە کەمایەتی‌یەکان یان ئەو کولتوورانە بن کە لە وڵاتانی دیکەوە هاتوونەتە ئەم وڵاتە. هەموو بەشدارەکان لەپێش‌دا فۆرمێک پڕ دەکەنەوە. پاشان بە شێوەی پلێنۆم بیرو بۆچوونەکانیان لەسەر بابەتەکە لەگەڵ یەکتر باس دەکەن. نابێ ڕاهێنانەکە ببێتە جۆرێک کێبەرکێ‌و ململانێ لە نێوان پەیڕەوانی کولتوورەکان دا.

**کات:** ١ تا ١.٥ کاتژمێر.

**پێداویستی:** ژوورێکی گەورە، پرسیارنامەیەک کە هەموو بەشداران دەبێ پڕی بکەنەوە، قەڵەمو کاغەزو تەختەڕەش.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ مامۆستا پرسیارنامەکە بەسەر قوتابی‌یەکان‌دا دابەش دەکا. لەو پرسیارنامەدا بەشێک لە

تایبەتمەندی‌یەکانی کولتووره ســوننەتی‌و مۆدێڕنەکان دەسنیشان کراون. هەر قوتابی‌یەی بەگوێرەی بیروبۆچوون‌و تواناکانی خۆی تێدەکۆشێ پرسیارەکان وەڵام داتەوە. وەڵامی هیچ کەس لە هی کەسێکی تر ڕاستو دروستتر نیە. کەس ئیجازەی نیە لە کاتی پڕ کردنەوەی پرسیارنامەکەدا قسە بکات.

٢ـ دواتر قوتابی‌یەکان کۆ دەبنەوەو ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانیان بەشێوەی پلێنۆم پێشکەش دەکەن.

بۆ لێدوان:

* وەڵامدانــەوە بە پرســیارەکان چۆن بوو؟ ئایا هەندێک لەو پرســیارانە ئاســان بوون؟ واتە وەڵامدانەوە بەوان ئاسان بوو؟ بۆ؟

* ئایا ئەوانەی پێشــینەی کولتووری هاوبەشــیان هەیە، وەک یەک وەڵامی پرســیارەکانیان داوەتەوە؟ چ شــتێک ئەوە نیشــان دەدا؟ "جــاری وایە هەر چەند مرۆڤەکان یەک پێشــینەی کولتووری‌یان هەیە، بەڵام ڕوانگەو بۆچوونی جیاوازیان لەسەر مەسەلەکان هەیە".

* لایەنە ئەرێنی‌و نەرێنییەکانی کولتووره سوننەتی‌یەکان چن؟ لەبەرچی؟

* لایەنە ئەرێنی‌ونەرێنییەکانی کولتووره مۆدێڕنەکان کامانەن؟ بۆچی؟

* ئەوە کە لە کۆمەڵگای نۆرێژدا هەم کولتووری سوننەتی‌و هەم کولتووری مۆدێڕن بەشێوەی جۆراوجۆر خۆیان نیشــان دەدەن، چ شوێنەوارێکی لەســەر ئێمە هەیە؟ لە قوتابخانە، لە شوێنی کار، لە فرۆکەخانەو هتد.

* ئایا هیچ لایەنی کولتووره ســوننەتی‌یەکان لە ســەردەمی پێشوودا، لە کۆمەڵگای نۆروێژدا هەبوون؟ بۆ نموونە پەنجا تا سەد ساڵ لەمەوبەر؟

* ئەمە چیمان بۆ دەردەخا؟

**فێربووین کە:**

جیاوازی‌یەکــی زۆر لە نێوان کولتــوورەکان‌دا بەتایبەتــی کولتووره ســوننەتی‌و مۆدێڕنەکان‌دا هەیە. لەوەش زیاتر پێویســتە بزانین کە تەنانەت لــە نێو یەک جۆره کولتووریش، جۆراوجۆری‌و ڕەنگاوڕەنگی‌یەکی زۆر بەرچاو دەکەوێ. لــە نۆروێژو زۆربەی وڵاتە ئۆروپایی‌یەکان‌دا خەڵکانێک دەژیــن کە لە وڵاتانی جۆراوجۆرڕا کۆچیان کــردوە بۆ ئەم وڵاتانە. ئەو خەڵکانە زۆر نرخو بایەخو کولتــوورو دابونەریتیــان هەن کە لە هی خەڵکی ئەم وڵاتانە جیــاوازن. ئەو خەڵکانە لەنێو دوو کولتــووردا دەژین. کولتووری خۆیان‌و کولتووری کۆمەڵگای گەورەکە. ڕاســتی‌یەکەی ئەوەیە کە هەموو کولتووره ئینســانی‌یەکان لایەنی جوان‌و باش‌و چاکیــان تێدایە. هەر بەو جۆره لە هەموو کولتوورێکدا ڕەنگە لایەنی نیگەتیڤ هەبن.

## نموونەیەکی پێشنیاری بۆ پرسیارنامەکە:

| | | |
|---|---|---|
| لە کولتووری وڵاتی مندا مەبەست لە خێزان بریتییە لە | دایکو باوکو منداڵەکان | دایکو باوک منداڵەکان، داپیرە، مامو خاڵو پوورو ئامۆزاو پوورزاو خاڵۆزاکان |
| وەک لاوێک کە کەسێکی بێگانە یا نائاشنا دەبینم بانگی دەکەم بە | دۆستو هاوڕێ | خاڵە، مامە یا پووریّ |
| لە ماڵی ئێمە برا گەورە بەرپرسایەتیی زۆرتر لە خوشکو براکانی تر لەسەر شانە | نەخێر | بەڵێ |
| لە کولتووری ئێمەدا ئەگەر لەگەڵ کەسێکی گەورەتر لە خۆت موافق نەبی | شتێکی ئاساییە | بە بێڕێزی لەقەڵەم دەدریّ |
| ئەگەر کەسێک نەتوانیّ بگاتە کۆبوونەوەیەک کە پێشتر بۆی دیاریکراوە | زوو زەنگ لێدەداو خەڵکەکە ئاگادار دەکاتەوە | زەنگ لیّ ناداو مەسەلەکەی زۆر لا ئاساییە. |
| ئەگەر کەسێک بیەویّ خانوو دروست کات | قەرز لە بانک وەردەگریّ | پووڵ لە بنەماڵەو دۆستو ڕەفیقان قەرز دەکا. |
| کاتێک کەسێک نەخۆش دەکەویّ یارمەتی وەردەگریّ لە | ئیدارەی بیمە کۆمەڵایەتییەکان | بنەماڵە |
| کاتێک دایکو باوکەکان پیر دەبن لە ... دەژین | خانەیساڵمەندان یا نەخۆشخانە | لای بنەماڵە |
| لە وڵاتی من دا | تاکەکەس گرنگە | بنەماڵە گرنگە |
| لە وڵاتی من دا | یەکسانی لە نێوان لاوانو گەورەکاندا هەیە | گەورەکان ڕێزی زۆرتریان لیّ دەگیریّ |
| لە وڵاتی من دا | لاوەکان دەتوانن خۆیان لەسەر کاروباری خۆیان بڕیار بدەن | لاوانو مێرمنداڵان دەبیّ گوێڕایەڵی گەورەکان بن. |
| لە وڵاتی مندا کچان | لەگەڵ کوڕان بەرانبەرن | لەگەڵ کوڕان بەرانبەر نینو ناتوانن بە ئازادی بڕیار بدەن |
| لە وڵاتی مندا کوڕو کچ پێکەوە | وەرزش دەکەن | ناتوانن پێکەوە وەرزش بکەن |
| باوکو دایکو خاڵو پوور | بڕیار لەسەر ئەوە نادەن ئەمن لەگەڵ کیّ هاوڕیّ بم | ئەو کەسە یان کەسانە دیاری دەکەن کە من لەگەڵیان بم |

| هۆمۆفیلی لە وڵاتی من دا | قبووڵ دەکریۆ ڕێزی لێ دەگیرێ | قبووڵ ناکرێ |
|---|---|---|
| کچان دەتوانن | پێش شووکردن سێکس بکەن | پێش شوو کردن سێکس ناکەن |
| کوڕان دەتوانن | پێش ژن هێنان سێکس بکەن | پێش ژن هێنان سێکس ناکەن |
| کاری ماڵێ | لەلایەن ژنو پیاوەوە ئەنجام دەدرێ | تەنیا لەلایەن ژنانەوە ئەنجام دەدرێ |
| کاتێ بوومە حەڤدە ساڵ | کوێم پێ خۆش بێ دەتوانم بچمو شەوانەش تا درەنگ دەتوانم نەیەمەوە | پێویستە بۆ هەرکوێ دەچم ئیزن لە دایکو باوکم وەرگرمو شەوانە زوو بێمەوە ماڵێ |
| ئەگەر ژنم هێنا یا شووم کردو تووشی گیروگرفت بووم | دەچینە لای دامودەزگا پسپۆڕەکان بۆ ڕێنوێنی وەرگرتن | دەچینە لای بنەماڵەکەمان بۆ ڕێنوێنیو یارمەتی وەرگرتن |
| کاتێک گەورە دەبم | هیچ بەرپرسایەتی‌یەکم بەرامبەر دایکو باوکم نیە | بەرپرسایەتیم بەرامبەر دایکو باوکم لەسەر شانە |

## ئەم یا ئەو یا هەر دووکیان

**بابەت:** سەبارەت بە دووکولتووری بوون. ۲۲۴-۲۱۲

**ئامانج:** ئاشـــنا بوون لەگەڵ ئەو ڕاستی‌یەی کە زۆر کەس هەن هەوییەتو ناسنامەکەیان ئاوێتەیەکە لە کولتووری نەتەوەییو هەندێک وردەکولتووری دیکە. جاری وایە ئەوە دەبێتە مایەی کێشە، بەڵام دووکولتووری یان فرەکولتووری بوون خۆی لە خۆیدا سەرچاوەیە ومایەی هێزە.

زۆر کەس لەم وڵاتە بە پێشـــینەی کولتووری دیکەوە دەژین. ئەو کەســـانە شوناس و ناسنامەیەکی تێکەڵاویان هەیە. بۆ ئەوەی لەو قسەیە تێبگەین، پێویستە وا بیر بکەینەوە کە ئەوانە خەڵکانێکی دوو کولتوورین واتە دوو فەرهەنگین. بۆ نموونە نۆروێژیو سـۆمالین، بەڵام هەر بەوە تەواو نابێ. ئەو دوو کولتووریەی ئەوان لە ژیانی ڕۆژانەیان لە نۆرویژ تێکەڵاو دەبنو لایەنی سـێهەمی ناســـنامەی ئەوان پێـــک دێنن کە بریتی‌یە لە ژیان کردن لـــە واقعییەتی فرەکولتووریی نۆروێژدا. دوو کولتووری بوون شـــتێکی باشو ئەرێنیە کە بابەتی‌یەو ناســـنامەی مرۆڤ پوختەترو بەهێزترو کامڵتر دەکا. مەیدانی مانۆڕدانی مـــرۆڤ گەورەترو بەرینتر دەکاتەوە. هەندێک کەس دەتوانـــن تێکەڵاوێکی کولتووری لە خۆیان دروست بکەن. بەجۆرێک کە بۆیان سەختە سنووری نێوان ئەو دوو کولتوورەی لێی دروست بـــوون دیـــاری بکەن. واتە هـــەر دوو کولتوورەکەیان پێکەوە ئاوێتە بوونو لێـــک جیا ناکرێنەوە. بۆ هەندێک کەســـیش فرەکولتووری بوون جاری وایە دەبێتە مایەی کێشەو جێگیر نەبوون. بەتایبەتی لەو هەلومەرجانەدا کـــە ئەو دوو کەلتوورانە دەکەونە خاڵی بەرانبەری یەکترو پێچەوانەی یەک. ئەو کەســـانە لە بارودۆخێکی ئاوادا توشـــی گومانو دڵەڕاوکێ دەبنو نازانن ســـەر بە کام یەک لەو دوو کولتوورەن.

دیارە ئەوە هەر تەنیا خەڵکانی ئاوارەو پەنابەر نین کە هەست بەوە دەکەن لەنێوان دوو کولتووردا ماونەتەوە. هەموو ئەو کەسانەی سەر بە دوو ژینگەی جیاوازو جۆراوجۆرن، هەستێکی وایان لەلا دروست دەبێ. ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە ئاڵوگۆڕو پێشکەوتنەکان بەخێرایی با و بەرق ڕوو دەدەن. هەر بۆیە هەموومان کەمو زۆر دەکەوینە هەلومەرجی جۆراوجۆری دژوارەوە کە ناچارمان دەکەن لە نێو ئەو هەموو نرخو بایەخە جۆراوجۆرانەدا کە دێنە گۆڕێ هەڵبژێرینو ناسنامەو شوناسی خۆمان شکڵ پێ بدەین.

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

قوتابییەکان لە سەرەتادا بەشێوەی گروپ کار دەکەن. پاشان ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانیان لە پلێنۆمدا پێشکەش دەکەن. ڕاهێنانەکە زۆر سەرکەوتووتر دەبێ ئەگەر بەشدارەکانی کۆڕسەکە لە کولتوورو فەرهەنگی جۆراوجۆر بن.

کات: ٤٥ تا ١،٥ کاتژمێر.

پێداویستی: قەڵەمو کاغەز.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ مامۆستا بابەتەکە دەست پێ دەکاو قوتابییەکان بەسەر چەند گروپدا دابەش دەکا. گروپەکان هەوڵ دەدەن کەسێک پەیدا بکەن کە سەر بە دوو کولتوور بێ. گرنگ نیە ئەو کەسە ناسراوە یان نا، نۆرویژییە یان لە دەرەوەی وڵاتە. بەڵام پێویستە دوو فەرهەنگی بێ. ئەگەر لە نۆرویژ بێ پێویستە پێشینەیەکی دیکەی کولتووریی هەبێ. بۆ نموونە هی ئەو وڵاتەی کە لێیەوە هاتووە. یان دەکرێ کەسێکی نۆرویژی بێ کە وێڕای نۆرویژی بوون، سەر بە وردە کولتوورێکی دیکەش بێ. پرسیار ئەوەیە بە چ شێوەیەک فرەکولتووری بوون بۆ ئەوان بەشتێکی ئەرێنی لە قەڵەم دەدرێ؟ بە چ شێوەیەک ئەو فرەکولتووری بوونە بۆ کۆمەڵگا بە شتێکی ئەرێنی دادەنرێ؟ لایەنە نەرێنییەکانی فرەکولتووری بوون چن؟ بەشدارانی کۆڕسەکە چۆن لەسەر ئەو خەڵکە دوو کولتوورییانە بیر دەکەنەوە؟ ئایا ئەوان لە ناسنامەی خۆیان دڵنیان؟ خەڵک لە ئاستی کۆمەڵگای گەورە و لە ئاستی کۆمەڵگای ناوچەییدا چۆن سەبارەت بەو خەڵکە دوو کولتوورییانە بیر دەکەنەوە؟ (٣٠ خولەک)

٢ـ سەرەنجام گرووپەکان ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکەیان بەشێوەی پلێنۆم پێشکەش دەکەن.

## بۆ لێدوان:

* دووفەرهەنگی بوون چۆنە؟ چۆن لە دووکولتوری بوون تێدەگەن؟ ئایا دەبێتە مایەی دەوڵەمەندیو پوختەبوون یان دەبێتە گیروگرفت؟

* بە چ شێوەیەک فرەکولتووری بوون دەبێتە سەرچاوەو مایەی پوختەبوونو کامڵ بوونی زۆرتر؟ چۆن بەشـــێوەیەکی ئەرێنی کەڵک لە فرەکولتووری بوون وەردەگرین؟ ئایا فرەکولتووری بوون هێزو توانای زۆرمان دەداتێ؟

* ئایـــا چاوەڕوانییەکی تایبەتیمان لە لاوانی ســـەر بە کەمایەتی‌یەکان هەیە کە چۆن لە نۆرویێژ پێویســـتە هەڵسوکەوت بکەن؟ ئەگەر وەڵام بەڵێ‌یە ئەو چاوەڕوانی‌یانە چن؟ ئایا نۆرویێژی بوون تەنیا یەک شێوەیە؟ یا بە گەلێک شێوە دەتوانین نۆرویێژی بین؟ بە گەلێک شێوە دەتوانین عێراقی بین؟ بەگەلێک شێوە دەتوانین پاکستانی بین؟ ئایا ناتوانین تێکەڵاوێک بین لە دوو کولتوور؟ ئایا ناتوانین شوناسێک بۆخۆمان دروست کەین کە ئاوێتەیەک بێ لە هەر دوو کولتوور؟

* چی لەسەر خۆمان فێر بووین؟

## فێر بووین کە:

فرەفەرهەنگـــی بوون، فرەکولتـــووری بوون چ بۆ تاکو چ بۆ کۆمەڵ مایەی دەوڵەمەندیو گەشـــەو پەرەسەندنە. کە چی ڕەنگە جارجار ببێتە مایەی کێشەو گیروگرفتیش. زۆرن ئەو لاوانەی کە سەر بە کەمایەتی‌یەکانو ڕۆژانە لە نێوان دوو کولتووردا لە هاتوچۆ دان. کولتوورێکی سوننەتیو کولتوورێکی مۆدێڕن. ئەمەش وەک کۆسپێک لەسەر ڕێگای شکڵ گرتنی شوناسی ئەوان دەژمێردرێ. بۆ هەندێک کەس لەوان ئەوە پڕۆسەیەکە تەواو نابێ. دەبێ بزانن کە مرۆڤ هەمیشە لە حاڵی پەرەسەندنو گەشە کردنو هەڵدانو پوختەبوونی زیاترو زۆرتر دایە هەتا ژیان هەیە، چوونە پێشو گۆڕانو پەرەسەندنیش هەیە.

کۆمەڵگای مۆدێڕن هەلومەرجی تازە بۆ کولتوورو ناســـنامە پێک دێنێ. کۆمەڵگای ســـوننەتی تا دێ کەمتر دەتوانێ وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە ئێمە کێینو چۆن دەمانەوێ بژین. بەرپرسایەتی ســـەبارەت بە شوناس و ناسنامەی خۆمان، مەسەلەیەکی تاکەکەســـی و تایبەتییە. ئێمە خۆمان لە بەرانبەر بە شکڵ گرتنی ژیان و ناسنامەی خۆمان بەرپرسین.

## لاوانی ئاوارەو پەرنابەر
## ۲۲۹ـ۲۱۶

**بابەت:** ناسنامەو کولتوور، جیاوازی‌یە کولتووری‌یەکان

**ئامانج:** شی کردنەوەی جیاوازی‌یە کولتووری‌یەکانو ئاشنا بوون لەگەڵ ئەو بارودۆخەی لاوانی ئاوارەو پەنابەر لەنێوی‌دا دەژین.

زۆربەی لاوانی ئاوارەو پەنابـــەر ڕۆژانە لە هەلومەرجێکی دووکولتووری‌دا دەژین، کولتووری بنەماڵەو دایکو باوکیان، واتە ئەو وڵاتەی کە لێ‌یەوە هاتوون. جاری وایە کولتووری بنەماڵەکانیان، کولتوورێکی

سوننەتی‌یەو هەر بۆیە زۆر جار لاوان‌و منداڵانی ئاوارەو پەنابەر بە سەختی‌و دژواری دەتوانن باڵانسێک لە نێوان ئەو دوو واقعییەتەی ژیانی ڕۆژانەیان‌دا دروست کەن. واتە بەزەحمەت دەتوانن هارمۆنی لە نێوان ژیان لە کولتووری بنەماڵەو ژیان لە کولتووری سەرەکیی کۆمەڵگادا، دروست بکەن.

## چۆنیەتیی جێبەجێ بوونی ڕاهێنانەکە:

ئەم ڕاهێنانە لە بنەڕەتڕا بۆ ئەو قوتابی‌یانە باشە کە پێشینەی کولتووری جیایان هەیەو بنەماڵەکانیان لە وڵاتێکی دیکەڕا هاتوونەتە ئەم وڵاتە. بەڵام دەکرێ لاوان‌و خەڵکانی دیکەش کە لە نێو کولتوورێکی سەرەکی‌دا سەر بە وردە کولتوورە مەزهەبی‌و فەرهەنگی‌و زمانی‌یەکانی دیکەن کەڵکی لێ وەرگرن. باشترە بەشداربووەکان سەر بە کولتوورو وردە کولتووری جۆراوجۆر بن. لە هەلومەرجێکی ئاوادا دەکرێ قوتابی‌یەکان بەگوێرەی پێشینەی کولتووری جیاجیا، بەسەر چەند گروپدا دابەش بکرێن. مامۆستا پێویستە بەردەوام حزووری هەبێ‌و ئەگەر پێویستە بوو ڕێنوێنیی قوتابی‌یەکان بکات.

**کات:** ١ تا ١،٥ کاتژمێر.

**پێداویستی:** ژوورێکی گەورە بۆ کاری گروپی، قەڵەم‌و کاغەز.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ قوتابی‌یەکان بەسەر چەند گروپدا دابەش دەکرێن. هەرکام لە گروپەکان کاغەزێکی گەورەیان دەدرێتێ کە بەشێوەی ستوونی کراوەتەوە دووبەش. مەبەست لە ڕاهێنانەکە ئەوەیە قوتابی‌یەکان لەگەڵ ئەو جیاوازی‌یانەی کە لە نێوان کولتووری ماڵەوەو کولتووری قوتابخانە واتە کۆمەڵگای سەرەکی‌دا هەیە ئاشنا بن. لاوان‌و منداڵانی ئاوارەو پەنابەر لە لایەک لە ماڵەوە لە کولتووری بنەماڵەدا فێری هەندێک شت دەبێ‌و لە لایەکی دیکەشەوە لە دەروەی ماڵ لە قوتابخانەو لە کۆمەڵگای گەورەدا فێری زۆر شتی تر دەبن.

پێویستە شتە ئەرێنی‌و نەرێنیەکانی دەست نیشان بکرێن. لەلایەکی کاغەزەکە ئەو شتانە دەنووسین کە لە قوتابخانەو لە کولتووری سەرەکیی کۆمەڵدا فێریان دەبین. لە لاکەی دیکەشەوە ئەو شتانە دەنووسین کە لە ماڵێ‌و لەنێو کولتووری بنەماڵەمان‌دا فێریان دەبین. (٢٠ تا ٣٠ خولەک)

## بۆ لێدوان:

* ڕاهێنانەکەتان پێ چۆن بوو؟ چ هەستێکتان هەبوو؟ ئایا پێشتر بیرتان لەم گیروگرفتانە کردبۆوە، بۆ، بۆچی نا؟

* ئایا شتێکی باشە سەر بە دوو کولتوور بی؟ ئایا دووفەرهەنگی دیاردەیەکی ئەرێنیە؟

* ئایا دەتوانن نموونەیەک لە باشی‌یەکانی دوو فەرهەنگی بوون باس بکەن؟

* ئەگەر دووکولتووری بوون سەرچاوەیەو شتێکی ئەرێنیە چۆن لە ژیانی ڕۆژانەمان‌دا دەتوانین کەڵکی لێ وەرگرین؟
* ئایا جاری وایە ناخۆشە ڕەگت لە چەند کولتووردا هەبێ؟
* لە چ وەزعێک‌دا دوو کولتووری بوون ناخۆشە؟
* بۆ جاری وایە ئەو شتەی لە ماڵێ فێری دەبین جیاوازە لەو شتەی کە لە قوتابخانە فێری دەبین؟ ئایا ئەوە هەستی ناخۆشمان لەلا دروست ناکات؟
* مافی ئەوەم هەیە هەڵبژێرم چۆن لەو بارەوە لەو مافەی خۆم کەڵک وەردەگرم؟

## فێر بووین کە:

زۆرن ئەو منداڵ و لاوانەی ڕۆژانە لە نێوان دووکولتووردا لە هاتوچۆ دان. کاتێک جیاوازیو ناتەبایی‌یەکی زۆر لە نێوان ئەو کولتوورانەدا هەبێ، گیرو گرفت بۆ ئەوان دەخولقێ. جاری وایە هەر کام لەو کولتوورانە چاوەڕوانی پێچەوانەو ناتەبا لەگەڵ یەکتریان لەو کەسانە هەیە. هەر بۆیە جارجار ئەوان ناچار دەبن لە نێوان ئەو دوو کولتوورانەدا هەڵبژێرن. ئەمەش زۆر جار سەختو دژوارە. یا کارێکی هێندە ئاسان نیە. چونکە هەندێک جار ئەو هەڵبژاردنانە، ناتەبا لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ دەکەون. ئەگەر بە وشیاری‌یەوە سەیری ئەو واقعییەتە بکەین کە خەڵکانی دووکولتووری لەنێوی‌دا دەژین ڕەنگە باشتر لەوان تێبگەین. ئەوە یارمەتیمان دەدا کە لە خۆشمان باشتر تێبگەین واتە باشتریش خۆمان بناسین.

## ڕوانگەی لاوێکی کە هەست دەکا نیوە نۆروێژیو نیوە ئێرانی‌یە.

ئەو نامەیە لە لاپەڕەی تایبەتی لاوان، لە ڕۆژنامەی Aftenposten، ٢١ی مانگی مارسی ساڵی ٢٠٠٦دا بڵاو کراوەتەوە:

هەر چەند ژمارەی موهاجیرەکان لەم وڵاتەدا زۆر بووە، بەڵام مرۆڤ دەبێ لە نێوان دوو داب‌ونەریت، دوو کولتوورو زمان‌دا هاتوچۆ بکات. ئەزموونی من ئەوە نیشان دەدا چونکە من خۆم کەسێکی دوو فەرهەنگی‌م. تۆزێک ئێرانی‌و تۆزێک نۆروێژی. دیارە تۆزێکیش ئەمریکاییم. چونکە لە ڕێگای میدیاکانەوە زۆر دەکەومە ژێر کاریگەریی فەرهەنگی ئەمریکایی. بەڵام لێرەدا باسی ئەو مەسەلەی ناکەم. زۆرم گوێ لێ بووە کە نۆروێژی‌یەکان لە پەیوەندی لەگەڵ کەسانی وەک من‌دا دەڵێن: "پێویستە زمان فێر بن‌و کارێک بۆخۆیان پەیدا کەن". یا "بەبێ کارو بەبێ بڕوانامەو خوێندن، توانای خواردنی کەبابیان هەیە، سواری ماشینی مۆدێل باڵا دەبن‌و لە تازەترین مۆبیل تەلەفۆن کەڵک وەردەگرن". ڕاستی‌یەکەی چۆن مرۆڤ دەتوانێ ئاوا بەرچاوتەنگ بێ؟ زۆرن ئەو نۆروێژی‌یانەی زانیاری‌یان لەسەر پێشینەی ئێمەی موهاجیر نیە.

ئەوان لە توندوتیژی، شەڕو هەژاریو قاتو قڕیو بۆمباران تێناگەن. ئاخر ئەوان ئەزموونی ئەو شـــتانەیان نیە. بازاڕی کار لەم وڵاتەدا جەنگەڵێکی چڕوپڕە کە کەسێکی تازەهاتوو بەزەحمەت ســـەری لێ دەردەکا. زۆرن ئـــەو ئاوارەو پەنابەرانەی کە لە وڵاتی خۆیـــاندا خاوەنی بڕوانامەو خوێندنی بەرز بوونو لێرە ناچار بوون ســـەر لەنوێ بخوێننەوە. من کەســـانێک دەناســـم کە بڕوانامەی بەرزیان هەیە، کەچی لەم وڵاتە خەریکی خاوێن کردنەوەی شوێنە جۆراوجۆرەکانو تەوالیتی هۆتیل و ناوەندەکانی دیکەی لەو چەشـــنەن. بەڕاستی کار پەیدا کردن لەم وڵاتە بۆ کەســـێک کە ناوی محەممەدعەبدوولعەزیز بێ زۆر زەحمەتـــە. نامەوێ هەموو نۆروێژیەکان بە ڕاسیســـت تاوانبار بکەم. مەبەستیشـــم ئەوە نیـــە بڵێم نۆروێژ وڵاتێکی ناخۆشـــە بۆ ژیان. مەبەستم ئەوەیە کە پێویستە ئەو جیاوازیە کولتووریانە کەمڕەنگ بنەوە. لە جیاتی ئەوەی پاکســـتانیەکان بەوە تاوانبار بکەین کە زۆر پیواز لەگەڵ خواردن دەخۆن، با بچین میوانیان بینو نەهاریان لەگەڵ بخۆین.

من بە دایکو باوکی خۆمەوە شانازی دەکەم. ئەوان خوێندنی بەرزیان هەیەو ئەو پووڵەی لێرە پەیدای دەکەن بەرهەمی کارو زەحمەتی خۆیانە. من حەز ناکەم خەڵک بڵێ "ئەو ماشـــێنەیان بەچی کڕیوە؟ پووڵیان لە کوێ بووە خانووی پێ بکرن؟" ئەو جۆر پرسیارانە هەستو شعووری ئێمە بریندار دەکەن. خەڵک زۆر کەم لەسەر کولتووری یەکتر دەزانن. ئێمە هەموومان پێکەوە لەسەر ڕووی زەوی دەژین. ئەوە چاوچنۆکیو خۆپەرەستیە ئێمەی وا دابەش دابەش کردووەو بۆتە هۆی ئەوەی لە یەکتر بترســـین. ئەگەر ئەوە نەبوایە ڕەنگە ئێمە گیرۆدەی شـــەڕ، ڕاسیزم، فاشـــیزمو شـــێوە جۆراوجۆرەکانی دیکەی تەبعیزو هەڵاواردن نەدەبووین. ئەگەر ئاوا جیاوازیی ڕەگەزپەرســـتانە لەگەڵ یەکتر نەکەین، دنیا بەخێراییەکی زۆرترەوە دەڕواتە پێشو ئاســـتی هاوکاریی نێوان خەڵک لەگەڵ یەکتر دەڕواتە سەرتر.

ئەیدا سولەیمانپوور

## وەزعی تایبەتی کچانی سەر بە بنەماڵە موهاجیرو ئاوارەو پەنابەرەکان

**بابەت:**

٢١٦_٢٢٩

**ئامانج:** شـــارەزابوون لەگەڵ ئەوەی کە پێشـــێل کردنی مافەکانی مرۆڤ لەژێر هەر بیانوویەکە دابێ، قبووڵ ناکرێ.

کولتووره جۆراوجۆرەکان چاوەڕوانیـــی جۆراوجۆریان لە کچانو کوڕان هەیە. لە هەندێک کولتووردا کچـــان حەقی بـــاسو گفتوگۆو ئەرگویمێنت هێنانەوەیان لە پەیوەنـــدی لەگەڵ کاروباری کۆمەڵدا نیـــە. چاوەڕوانیی ئەوەیان لێ دەکرێ کاریان بـــە کاروباری دەرەوەی ماڵێ نەبێ. چاوەڕوانی ئەوەیان

لێ دەکرێ لەســەر ئەزمــوونو تاقیکردنەوەکانی خۆیان وەک کــچ، بەتایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ دینو مەزهەبدا باســی هیچ نەکەن لەو جۆرە کولتوورانەدا، هەموو ئەو باسو بابەتو موناقەشــەو گفتوگۆیانەی کە جیددی بەحیســاب دێن لە پاوانو دەســەڵاتی پیاوان دان. ئەو جۆر کولتوورانە، سوننەتیین. کاتێک کچان لەو جۆرە کولتوورانەوە دێنە نێو کولتووره مۆدێرنەکان، دایکو باوکیان بە پێوانەی دابونەرتیەکانی خۆیان تێدەکۆشــن سنووریان بۆ بکێشنو لەسەر ڕێگای بەشداریی ئەوان لە کاروباری کۆمەڵدا کۆســپ دروســت کەن. لەلایەکی دیکەشــەوە ئەو کچانە لە قوتابخانەدا فێر دەبن کە ئەوانیش وەک هەر کەســێکی دیکــەو وەک پیاوانو کوران مافی ئەوەیان هەیەو دەبێ لە بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵدا بەشــداری بکەن. بەو جۆرە هەرکام لەو دوو کولتوورانە چاوەڕوانیی تایبەتی بەخۆیان لەو کچانە هەیە کە تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ یەکتر جیاوازیو تەنانەت ناتەباشــن. دیارە ئەمەش زۆر جار ئەو کچانە تووشی کێشەو وەزعێکی سەختو دژوار دەکا.

"کچانــی موهاجیرو پەنابەر لەو کۆمەڵگایەدا وەک وەرەقەیەکی ســپی وان. هەر کات هەڵەیەک بکا دەســبەجێ خاڵێکی ڕەش لەســەر ئەو وەرەقە ســپییە دەردەکەوێ. خەڵکیش تەنیا ئەو خاڵە ڕەشــە دەبینن نەک هەموو وەرەقە ســپییەکە. ئەگەر تووشــی هەڵەیەک بم، باوکم داوام لێ دەکا کە ســەر لەبەر خۆم نێمو لەو ڕێگایەوە حورمەتی خۆم بۆ ئەو نیشــان دەم! کەچی مامۆستاکەم لە هەلومەرجێکــی ئاوادا، چاوەڕوانی ئەوەی لێمە چاو ببڕمە چاوەکانیو بەو جۆرە ڕێزو حورمەتی خۆی بۆ نیشان دەم".[٥٩]

## چۆنیەتیی جێبەجێ بوونی ڕاهێنانەکە:

ئەم ڕاهێنانە لە بنەڕەتڕا بۆ ئەو لاوانەیە کە پێشینەی کولتووری دیکەیان هەیە. واتە وەک موهاجیرو ئــاوارەو پەنابەر دێنــە ئەم وڵاتە. بەڵام دەکرێ بە جۆرێکی دیکــەش کەڵکی لێ وەرگیرێ. لە هەر کولتوورێکدا، کولتووری سەرەکیو وردەکولتووری جۆراوجۆری دیکە هەن.

مامۆســتا دەتوانێ ڕاهێنانەکە بەجۆرێکی دیکە داڕێژێو کەڵکی لێ وەرگرێ. وا باشە بەشدارانی کۆرســەکە پێشــینەی کولتووری جیاجیایان هەبێ. مامۆستا پێویســتە لە کاتی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکەدا زۆر وشــیارو لەسەر هەســت بێ. نابێ کارێک بکرێ کە شعوورو ئێحساساتی کەسێک بریندار بکرێ. ڕەنگە لەنێو بەشدارانی کۆرسەکەدا کەسانی وا هەبن لەگەڵ ئەو جۆرە گیروگرفتانەدا دەستەویەخە بن. مامۆستا پێویستە بەردەوام حزووری هەبێو لە کاتێکدا کە قوتابییەکان بەشێوەی گرووپی کار دەکەن، زوو زوو سەریان بداو ئەگەر پێویست بێ یارمەتیو ڕێنوێنییان بکات.

**کات:** ١ تا ١،٥ کاتژمێر.

**پێداویستی:** ژوورێکی گەورە بۆ کاری گرووپی، قەڵەمو کاغەز.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

* قوتابی‌یەکان بەشـــێوەی پلێنۆم لە دەوری یەکتر دادەنیشن. مامۆستا باسەکە بەو پرسیارە دەست پـــێ دەکا کە پەنابەر، ئاوارەو موهاجیر بوون، یان ســـەر بە کولتـــووری کەمایەتی بوون لە وڵاتێکی وەک نۆروێژدا چ گیرو گرفتێکی بەدواوەیە؟ چ ســـەختی‌و دژواری‌یەکی لەگەڵە؟ ئایا دەتوانن باســـی نموونەیەک بکەن کە تووشـــی کێشـــەو سەختی بووبن؟ ئایا دەتوانن باســـی نموونەیەک بکەن کە کەوتبنە نێوان بەرداشی هەر دووک کولتورەکە؟ واتە کەوتبنە هەلومەرجێک کە هەرکام لە کولتووری ســـەرەکی‌و کولتووری بنەماڵەکەتان چاوەڕوانیی تایبەت بەخۆیانیـــان لێتان هەبووبێ؟ ئایا لە ژیانی ڕۆژانەتان‌دا شتی واتان بۆ هاتۆتە پێش؟ ئایا لە هەلومەرجی ئاوادا کچان دەبێ چ بکەن؟

٢ـ مامۆستا بەشـــدارانی کۆڕسەکە بەسەر چەند گروپدا دابەش دەکا. ئەرکی گروپەکان ئەوەیە ســـەبارەت بەو مەســـلەیە کە لە سەرێ باســـمان کرد، کارو لێکۆڵینەوە بکەن‌و نموونەی جۆراوجۆر بدۆزنەوە. گروپەکان تێدەکۆشـــن زانیاری لەسەر وەزعی ژنان‌و کچان لە ژینگەی پەنابەرو موهاجیرو ئاوارەکان‌دا یا لە ژینگە جۆراوجۆرە ئایینی‌و مەزهەبی‌و ئیتنیکی‌یەکانی دیکەدا پەیدا بکەن. بۆ نموونە لەسەر ئەو پرسیارانە کار دەکەن:

١ـ ئایا لەو ژینگانەدا خەتەنەی کچان یان بەشوودانی زۆرەملی هەیە؟

٢ـ ئایا لەو ژینگانەدا کچان حەقی ئەوەیان نیە لە سەفەرو سەیران‌و جەژنەکانی قوتابخانەدا یان جەژنی لەدایک بوونی هاوڕێکانیان‌دا بەشدار بن؟

٣ـ ئایا حەقیان نیە کە وەرزش بکەن؟

٤ـ مافی ئەوەیان نیە لە کارو باری کۆمەڵ‌دا بەشدا بن، یان لە دەرەوەی ماڵەوە کارو چالاکی‌یان هەبێ؟ ئایا ئەمە لە ماڵی ئێوە گیروگرفتێکە؟ ئایا لەو بارەوە شـــتێک دەزانی؟ ئایا ئامارێک هەیە کە بەڕوونی ئەو گیروگرفتە لە کۆمەڵ‌دا نیشان بدا؟ ئایا نموونەیەکی زیندووتان لەو بارەوە هەیە؟ هەوڵ دەن بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە لە ئینتێرنێت، لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان‌دا بگەڕێن.

٣ـ ســـەرەنجام گروپەکان کۆ دەبنەوەو ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانیان بە شێوەی پلێنۆم لەگەڵ یەکتر باس دەکەن.

## بۆ لێدوان:

* ئایا مافەکانی مرۆڤ ســـەبارەت بەو جۆرە گیروگرفتانە چ دەڵێن؟ بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ بخوێننەوەو تێکۆشن ئەو بەندانەی بەیاننامەکە بدۆزنەوە کە پەیوەندی‌یان بەم گیروگرفتانەوە هەیە.

* ئایا کاربەدەستانی دەوڵەت لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم مەسەلانەدا بەرپرسایەتی‌یان لەسەر شانە؟ ئایا دەبێ بۆ خاشەبڕ کردنی ئەم گیروگرفتانە دەوڵەت بەرنامەی تایبەتی هەبێ؟

* دەوڵـــەت دەتوانێ چ بکا؟ دەبێ چ مێتۆدو ئامرازو شـــێوازێک بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم دیاردانە

کەڵک وەرگریّ؟ پۆلیس، بەڕێوەبردنی یاســاو ڕێساکان، قەدەغە کردنی ئەو دیاردانە، دانی زانیاریو شارەزایی، سزادانی ئەو کەسانەی ئەو جۆرە کارانە دەکەن، پەروەردەکردنی خەڵک، فێر کردنو شارەزا کردنــی ژنان لەگەڵ مافو ئازادییەکانی خۆیــان، بەهێز کردنو ڕاهێنانی ژنان بۆ بڕوا بەخۆهێنانو هتد.

پەنابەرانو ئاوارەکان خۆیان لەو بارەوە دەتوانن چ بکەن؟ ژنان لەو جۆرە ژینگانەدا دەبیّ چ بکەن؟

### فێربووین کە:

بەرانبەریی نێوان ژنو پیاو تەنانەت لە کۆمەڵگا دیمۆکراتو مۆدێرنو پێشــکەوتووەکانیشدا هێشتا بەتەواوی جێگیر نەبووە. پێشــێل کرانی مافەکانی ژنان، زۆرتر لە دابونەریتو کولتوورو ڕێوشــوێنە ئایینیو مەزهەبییەکانەوە سەرچاوە دەگریّ. ئەوانەی مافو ئازادیی ژنان پێشێل دەکەن، لە زۆرترین حاڵەتدا کەســانی هەرە نزیکی ئەو ژنانەن. وەک باوکو براو دۆســتو ڕەفیق، خزمو کەسو کارو هاوسەر. پێویستە هەموو ئەوانەی مافو ئازادییەکانی ژنان پێشێل دەکەن، بخرێنە ژێر لێپرسینەوە. ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵک فێر بن کە پێشێل کردنی مافو ئازادییەکانی ژنان بەرپرسایەتییان دەخاتە ســەر شانو لە ئاکامدا تووشی سزاو لێپرســینەوە دەبن. لەوەش زیاتر دەبیّ لە کۆمەڵدا لە هەموو ئاســتە جۆراوجۆرەکاندا کار بۆ ئەوە بکریّ کە خەڵک تێبگەن ژنو پیاو مافی وەک یەکیان هەیەو لە هەموو بوارەکانی ژیاندا لەگەڵ یەک بەرانبەرن. ئەرکی سەر شانی دەوڵەتو هەموو کۆڕو کۆمەڵە جۆراوجۆرە فەرهەنگیو سیاسیو مەدەنییەکانە لەو بارەوە چالاکو هەڵسووڕ بن.

## من هەڵگری کولتوورم

**بابەت:** کولتوورو ناسنامە

**ئامانج:** ئاشنا بوون لەگەڵ چۆنیەتیی خۆنیشان دانو خۆ دەرخستنی جیاوازییە کولتوورییەکان. فێر بوونی ئەو ڕاستییە کە لە هەرکویّ بینو بچینە هەر کویّ کولتوورمان هەڵگرتووە.

هەموومان گوێمان لە دەستەواژەی "تیپیک نۆروێژی" بووە. ئەگەر بەوردی بیری لیّ بکەینەوە مانای ئەو قسەیە ئەوەیە کە هەموو نۆروێژییەکان تا ڕادەیەکی زۆر لە هەندێک شتدا هاوبەشن. ئەوە شتێک نیــە تایبەت بیّ بە نۆروێژییەکان، بەڵکوو بۆ هەموو کولتوورەکان ڕاســتە. زۆرن ئەو خەڵکانەی لەو بڕوایە دان هەندێک شتی تایبەتی لە کولتووری واندا هەن کە بیّ وێنەنو لە کولتوورەکانی دیکەدا نابینرێن. ڕەنگە بۆیەش بیّ کە دەبینین چینییەکان، عێراقییەکان، هیندییەکان، ئەمریکاییەکان، ئیتالیاییــەکان، هەندێک ڕەفتارو هەڵسوکەوتی تایبەت بەخۆیان هەن؟ چ بمانەویّو چ نەمانەویّ ئێمە لە ژێر کاریگەریو باندۆری ئەو کۆمەڵگایە داین کە تێیدا دەژین. بۆیە چ دەکەینو دەچینە هەر کویّ، چ زۆر چ کەم کولتوورمان پێیە. هەر بۆیەشە دەگوتریّ ئێمە مرۆڤەکان هەڵگری کولتوورین.

بێ وەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە لە کوێین‌و دەچینە کوێ، پێ بزانین یان نا، هەڵگری کولتوورین. کاتێک بۆ سەفەرو سیاحەت دەچینە دەرەوەی وڵات، کولتووری خۆمان لەگەڵ خۆمان دەبەینە ئەو جێیەی ڕووی تێ دەکەین. هەر بەو جۆرە ئەو گەشتیارو توریستانەی دێنە ئەم وڵاتەش، کولتووری خۆیان لەگەڵ خۆیان دێننە ئێرە.

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

ڕاهێنانەکە بە کاری گروپی دەست پێ دەکا. پاشان بەشدارانی کۆرسەکە لە پلێنۆمدا ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانیان پێشکەش دەکەن‌و لەمەڕ بابەتەکان پێکەوە قسەو گفتوگۆ دەکەن. ئەگەر بەشداربووەکانی کۆرسەکە فرەکولتوورییبن، ڕاهێنانەکە باشتر جێبەجێ دەبێ.

**کات:** ١ تا ١،٥ کاتژمێر.

**پێداویستی:** کاغەزی گەورەو قەڵەمی تووش بۆ جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ داوا لە بەشداربووەکانی کۆڕسەکە دەکەین بەگوێرەی پێشینەی کولتووری خۆیان بەسەر چەند گروپدا دابەش بن. (کولتووری سەرەکی، ناوچەیی، زمانی، ئێتنیکی، ئایینی، مەزهەبی‌و هتد)

پاشان گروپەکان هەوڵ دەدەن لایەنە ئاشکراو شاراوەکانی کولتووری خۆیان بدۆزنەوە. واتە ئەو خاڵە هاوبەشانە بدۆزنەوە کە ئەوان لێک کۆ دەکەنەوە. لەوەش زیاتر پێویستە ئەوەش دەست نیشان کەن کە ئەو تایبەتمەندی‌یە کولتووری‌یانەی ئەوان بە چ شێوەیەک خۆیان نیشان دەدەن. مەبەست لە تایبەتمەندی‌یە دیارەکان بریتی‌یە لە: خواردن‌و خواردنەوە، جلوبەرگ، بیناسازی، جەژن‌و ڕێوڕەسمەکان، زمان‌و دیالێکتیک‌و هەموو ئەو شتانەی دەکرێ ببینرێن. مەبەست لە تایبەتمەندییە نادیارەکان بریتین لە: نرخ‌و بەهاکان، داب‌ونەریتەکان، چ شتێک بە باش دادەنرێ، چ شتێک بە خراپ دەزانرێ، کولتووری بنەماڵەیی، پەیوەندیی نێوان لاوان‌و گەورەکان، پەیوەندیی نێوان ژنان‌و پیاوان، چۆنیەتیی بیرکردنەوە سەبارەت بە وەخت، ئادابی سەر مێزو سفرەی نان خواردن، کێ دەسەڵاتی هەیەو چۆنیان دەسەڵات وەدەست هێناوە، دین‌و مەزهەب چ ڕۆڵێکی هەیەو هتد. (٣٠ تا ٤٥ خولەک)

٢ـ سەرەنجام بەشدارانی کۆڕسەکە ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانیان لە پلێنۆمدا پێشکەش دەکەن. (٣٠ تا ٤٥ خولەک).

## بۆ لێدوان:

* چی زۆر دژوار بوو؟ دۆزینەوەی تایبەتمەندی‌یە دیارو ئاشکراکان یا تایبەتمەندی‌یە نادیارەکان؟
* مەبەست لەو وشەیە چیە کە دەڵێ ئێمە هەڵگری کولتوورین؟
* کاتێک دەچینە وڵاتێکی تر باشتر لە کولتووری خۆمان تێدەگەین، بۆچی وایە؟

* کاتێک لە دەروەی وڵاتی خۆمانین پێمان خۆشە چ شتێکی کولتووری خۆمان بە خەڵکی تر بناسێنین؟
* دەڵێن هەندێک کەس بەتایبەتی کەسانی زۆر بەناوبانگ زۆرتر لە خەڵکی ئاسایی هەڵگری کولتوورن، ئایا کەسێکتان پێ شک دێ کە لەو بارەوە وەک نموونە بۆ کولتووری خۆتان باسی لێ بکەن؟ ئایا کەسێک دەناسن کە سەر بە کولتوورێکی تر بێو لە ناساندنی کولتووری وڵاتەکەی بە خەڵکانی دیکەدا جێ پەنجەی دیار بێ؟ بۆ چی ئەو کەسانە دەتوانن ڕۆڵێکی ئاوا ببینن؟
* ئایا تایبەتمەندی‌یە بەرچاوەکانی کولتوورێک بۆ زۆربەی خەڵکانی سەر بەو کولتوورە هاوبەشن؟ ئایا نموونەیەکتان پێ شک دێ کە وانەبێ؟
* ئایا کەسانێک هەن کە لەو تایبەتمەندی‌یە سەرەکی‌یانەدا لەگەڵ زۆربەری خەڵکەکە نەیەتەوە؟
* ئایا شتی وا هەیە لە کولتوورەکانی دیکەدا ببێتە مایەی تووڕەیی ئێمە؟
* ئایا شتی وا لە کولتووری ئێمەدا هەیە کە ببێتە مایەی تووڕەیی خەڵکانی دیکە؟
* بۆچی هەندێک لەو کەسانەی لایەنە دیار یا نادیارەکانی کولتووری خۆیان وەبەرچاو ناگرن، گیروگرفتیان بۆ دروست دەبێ؟

## فێربووین کە:

کولتوورەکان بەشێوەی جۆراوجۆر خۆیان نیشان دەدەن. ئێمە هەموومان چ بزانین چ نەزانین هەڵگری کولتوورین. هەر کاتێک لەگەڵ کەسانی دیکە بە پێشینەی کولتووری دیکەوە پێک دەگەین، پێویستە بزانین کە ئێمەش کولتووری خۆمانمان لەگەڵ دایە. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە دیدارو پێکگەیشتنی فرەکولتووری دەوڵەمەند بکا. بەڵام ڕەنگە ببێتە مایەی لێک تێنەگەیشتنو خراپ لێک تێگەیشتنیش. هەر بۆیە ڕەنگە تووشی ململانێمان بکا. ڕاستە زۆرن ئەو تایبەتمەندی‌یە هاوبەشانەی کە لە کولتوورێکدا هەن. بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە هەموو تاکەکانی سەر بەو کولتوورە ئەو تایبەتمەندیانەیان تێدا بن. پێویستە بزانین کە ڕەنگە لە کولتووری ئێمەدا شتی وا هەبێ کە بۆ خەڵکی تر مایەی تووڕەییو ناڕەحەتی بێ. هەر بەو جۆرە لە کولتوورەکانی دیکەشدا، ڕەنگە شتی وا هەبن کە ببێتە مایەی تووڕەییو ناڕەحەتیی ئێمە.

## ئاوارەکان

**بابەت:** پەنابەرانو ئەو منداڵانەی بەتەنیا لە ئاوارەیی‌دا دەژین.

**ئامانج:** ئاشنا بوون لەگەڵ واقعیەتی ژیانی ئاوارەو پەنابەران، گیروگرفتو کەندو کۆسپەکانی سەر ڕێگایان بۆ تێکەڵ بوون لەگەڵ ئەو کۆمەڵگا تازەیەی هاتوونەتە نێوی.

زۆربەی ئاوارەو پەنابەرەکان بە دەست گیروگرفتی جۆراوجۆرەوە دەناڵێنن. ئایا ئێمە بە ڕادەی

پێویســـت ئاگاداریمان لەســـەر ئەوان‌و گیروگرفتەکانیان هەیە؟ ئایا دەزانین ئەوان چ کارەساتێکیان بەســـەر هاتووەو لەبەرچی ناچار بوون زێدو وڵات‌و نیشـــتمانی باوک‌و باپیرانیـــان بەجێ بێڵن؟ ئایا تێگەیشـــتنێکی دروستمان لەو هۆکارانە کە بوونە هۆی ئەوەی ئەوان دارونەداری خۆیان وێڵ کەن‌و بێنە وڵاتێک کە بەشێک لە خەڵکەکەی پێیان ناخۆشە، هەیە؟

## چەند پێناسەیەک:

**پەنابەر:** کەسێکە لە ڕووی ناچاری‌یەوە داوای پەنا لە وڵاتێکی دیکە دەکا. هەرکات ئەو کەسە ڕێگای پێ درا لەو وڵاتە کە داوای پەنابەریی کردوە بمێنێتەوە، ئەوە ئیتر بە پەنابەر دانانرێ. ئەگەر کەسێک لەلایەن کاربەدەستانی ئەو وڵاتەوە کە داوای پەنای لێکردوە، ئیقامەی بدرێتێ، مانای وایە وەک ئاوارە ناسراوە، یا لەبەر تێبینی‌یە ئینسانی‌یەکان، ڕێگای ژیان‌و مانەوەی لەو وڵاتەدا پێ دراوە.

**ئاوارە:** بە کەسێک دەگوترێ کە بەگوێرەی کۆنڤانسیۆنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئاوارەکان، وەک ئاوارە دەناسرێ.

ئەو خەڵکەی لەم وڵاتەدا پێشـــینەی غەیرە نۆروێژی‌یان هەیە، ئەوانەن کە ڕاســـتەوخۆ لە دەرەوەڕا بەهـــۆی جۆراوجۆر هاتوونەتە نۆروێژ، یا لەدایـــک‌و باوکێک بوون کە هەر دووکیان لە دەرەوەی ئەم وڵاتە هاتوونەتە سەر دنیا.

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

ئەم ڕاهێنانە بۆ ئەو کەســـانە لەبەرچاو گیـــراوە کە فرەکولتوورییـن‌و لە یـــەک ناوچەی دیاریکراودا دەژین. ڕاهێنانەکە بەشـــدارانی کۆڕســـەکە بۆ پەیوەندی گرتن پێکەوە، بۆ هاوپەیوەندی نیشان دان لەگەڵ یەکترو بۆ یارمەتی‌و هاوکاری کردنی یەکتر هان دەدات. پێویستە مامۆستا ئامادەو وشیار بێ‌و حزووری بەردەوامی لە پۆلەکەدا هەبێ.

**کات:** ١ تا ١،٥ کاتژمێر.

**پێداویســـتی:** ژوورێکـــی گەورە کـــە ئیمکانی چالاکیـــی فیزیکیمان پێ بدا. قەڵەم‌و تەختەڕەشـــەو ئامرازەکانی نیشان دان.

**ئامادەیی پێشوەخت:** مامۆستا وا باشە باسێکی سەبارەت بە بارودۆخی ئەو مێرمنداڵانە ئامادە کردبێ کە بەتەنیاو بێ دایک‌و باوک هاتوونەتە ئەم وڵاتە.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ مامۆستا دەرسەکە بە باسێکی کورت لەسەر ئەو هۆیانە دەست پێ دەکا کە دەبنە مایەی ئەوەی خەڵک وەک پەنابەر یا ئاوارە یان بە شـــێوەی دیکە ڕوو بکەنە ئەم وڵاتە. پاشـــان مامۆســـتا باســـی

ئاکامەکانی ئەو ئاوارەیی‌یە لەسەر ژیانی ئەو کەسانە دەکات کە ئەو ئاوارانە چ لەدەست دەدەن‌و لەم وڵاتەدا تووشی چ گیروگرفتێک دەبن.

٢ـ پاشان مامۆستا چیرۆکی مێرمنداڵێکی ئاوارە بۆ بەشدارانی کۆڕسەکە دەخوێنێتەوە. وەک ئەم نموونەیە "ڕەئووف یەکێک لەو ئاوارانەیە لە شـاری ئێمەدا دەژی. حەڤدە ساڵەیەو لە ئەفغانستانەوە هاتووە. ئەوە بۆ دوو ساڵ دەچێ لە کەمپی پەنابەران دەژی. لەوەتەی ڕەئوف وەبیری دێ لە وڵاتەکەی ئەوان شـەڕە. باوکی کوژراوە، دایکی خانووەکەی خۆیانی فرۆشتوەو داویەتە ئەو کەسانەی ڕەئوفیان بە قاچاغی بۆ گەیاندۆتە ئێرە. ئەودەم کە ڕەئووف لە ئەفغانسـتان بوو، لەوە دەترسـا کە بیبەنە شەڕ. شـتێک کە بۆ بەشێکی زۆر لە دۆستو هاواڵەکانی ئێسـتا بۆتە چارەنووس. ئەو بێ ئەوەی بیهەوێ شـاهیدی زۆر کارەسـاتی دڵتەزێن بوو، کە گێڕانەوەیان لەرزە وەگیانی مرۆڤ دەخەن. ڕەئووف کەم چۆتە قوتابخانە، بۆیە زۆر خۆشحاڵە کە لێرە شانسی ئەوەی بۆ ڕەخساوە بچێتە مەدرەسەو بخوێنێ.

٣ـ بەشـدارانی کۆڕسەکە بەسـەر چەند گروپدا دابەش دەبن. هەر گروپە بە جیا لەسەر ژیان‌و گوزەرانی ڕەئوف قسەو گفتوگۆ دەکەن. باس لەوە دەکەن کە ناوبراو لە ئەفغانستان لە چ وەزعێکدا بووە؟ چۆن‌و لەبەرچی ناچار بووە ئەفغانستان بەجێ بێڵێ‌و چۆن گەیشتۆتە ئەم وڵاتە؟

**بەشداربووەکان دەتوانن لەسەر ئەو بابەتانە بیر بکەنەوە:**

* چۆن ڕەئوف گەیشتۆتە ئەم وڵاتە؟
* بە هاتنی بۆ ئێرە چ شتێکی لەدەست داوە؟
* ئایا پەیوەندیی لەگەڵ دایکی هەیە؟
* ژیانی ڕەئووف لێرە چۆنە؟
* لێرە لەگەڵ چ گیروگرفتێک بەرەوڕوویە؟
* ئایـا زمانـی ئێرە فێر بووە؟ ئەودەم کـە زمانی نەدەزانی چۆن گیروگرفتەکانی خۆی چارەسـەر دەکردن؟
* ئایا دەچێتە مەدرەسە؟
* ئەو هێشتاش منداڵە. ئایا هەمان ئەو مافانەی هەن کە منداڵانی ئەم وڵاتە هەیانن؟

ڕەئوف موسوڵمانە. ئایا لەو بارەوە هەست دەکا کە ڕێزی لێ دەگیرێ؟
* ئایا ئاسانە بۆ ئەویش وەک زۆر لە هاوتەمەنەکانی هەندێک کاری سادە بکا؟
* ئەو دوو ساڵە لە کەمپی ئاوارانʼدا دەژی. ئایا دۆستو هاواڵی خەڵکی ئێرەی پەیدا کردوون؟
* ڕەئووف هیچ شـتێکی ڕوون سـەبارەت بە داهاتووی خۆی نازانێ. ئەوە چۆن شوێن لەسەر ژیانی ڕۆژانەو کەسـایەتی‌و ئـەو وێنەیە دادەنێ کە ناوبـراو لەخۆی هەیەتی؟ پێگەو شـوێنی خۆی لەم کۆمەڵگایەدا چۆن دەبینێ؟

* داهاتووی ئەو لەم وڵاتەدا چۆنە؟
* ئایا وا باشە ڕەئووف واز لە کولتووری خۆی بێنێ؟
٤ـ سەرەنجام مامۆستا داوا لە گروپەکان دەکا ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانیان لە پلێنۆمدا پێشکەش بکەن.

**بۆ لێدوان:**

* ئایا وشەی ئاوارە مانایەکی نیگەتیف دەبەخشێ یان بارێکی ئەرێنیی هەیە؟
* ئایا کەسێک دەناسن کارەساتی وەک ڕەئووفی هەبێ؟
* ئایا قەت بیرت لەوە کردۆتەوە کە تۆش شتێکی ئاوات بەسەربێ؟
* ئایا خەڵکی ئەم وڵاتە قەت شتی وایان بەسەر هاتووە؟

مامۆستا دەرسەکە بەوە کۆتایی پێ دێنێ کە بەشداربووەکان تەشویق دەکا هەرکەس لە ئاستی خۆیەوە بەو جۆرە کە دەتوانێ یارمەتیی خەڵکانی ئاوارەو پەنابەر بدا.

**فێربووین کە:**

خەڵکێکی زۆر وەک ئاوارەو پەنابەر لەم وڵاتەدا دەژین. ئەوانە بە هۆکاری جۆراوجۆرەوە ناچار بوون زێدو وڵاتی خۆیان بەجێ بێڵنو ڕوو لێرە بکەن. ئەو خەڵکە ئاوارەو پەنابەرە کارەساتی زۆر دڵتەزێنیان بەسەر هاتوون. هەر بۆیە تەنانەت لێرەش زۆر جار لەگەڵ ئاکامی ئەو کارەساتانەی بەسەریان هاتوون، دەستەویەخە دەبن. لێرەش هەست دەکەن کە لە بارودۆخێکی سەختو دژوار دان. هەندێک لەوان هەست دەکەن کە تەبعیزو جیاوازییان لەگەڵ دەکرێ.

**بۆ فێربوونی زۆرتر**

بەشداربووەکان بەسەرهاتی رەئوف بەشێوەی کورتەشانۆ ئامادەو پێشکەش بکەن.

**بۆ فێربوونی زۆرتر:**

دەتوانن مێرمنداڵێکی پەنابەر یان ئاوارە کە بە تەنیا ڕووی کردۆتە ئەم وڵاتە بانگهێشتن کەن کە بێتە کلاسەکەتانو سەردانتان بکات. دەتوانن داوای لێ بکەن کە داستانی خۆیتان بۆ بگێڕێتەوەو وەڵامی ئەو پرسیارانەتان بداتەوە کە لەو بارەوە ئاراستەی دەکەن. چۆن هاتۆتە ئێرە؟ وەزعی وڵاتەکەیان چۆنە؟ لە ڕێگا چی بەسەر هاتووە؟ لێرە چۆن دەژی؟ چ گیروگرفتێکی لەسەر ڕێیە؟ چ بەرنامەیەکی بۆ داهاتووی خۆی هەیە؟

## بە هۆی ئاوارەیی‌یەوە چی لەدەست دەدەین

**بابەت:** ئاشنا بوون لەگەڵ گیروگرفتەکانی ئاوارەیی (۲۱۶).

**ئامانج:** تێگەیشتنی باشترو زیاتر لە بارودۆخی ئاوارەو پەنابەران.

ئەو ئاوارانەی دێنە ئەم وڵاتە لەگەڵ زۆر ململانێ و گیروگرفت بەرەوڕوو دەبن. ئەوان ناچارن لە نێوان ڕابردووی خۆیان‌و ئێستاو داهاتوودا پردان دروست کەن. لە وڵاتەکەی خۆیان سەر بە زۆرایەتیی کۆمەڵ بوون. کەچی لێرە بوونەتە کەمایەتی. ئاوارەیی دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ هەموو ئەو کۆدو ڕەمزو وێنە کولتووری‌و فەرهەنگییانە لەدەست بدا کە بۆ ژیان لە کۆمەڵدا فێریان بووەو سەرلەنوێ دەبێ ئەو کۆدو ڕەمزو وێنانە فێر بێ کە لەگەڵ کۆمەڵگای ئێرە دێنەوە بەڵام پێویستە بزانین کە هەر چەند ئاوارەیی دەبێتە هۆی لەدەست دانی زۆر شت، بەڵام دەرگای زۆر شانس‌و دەرفەتی تازەش دەکاتەوە. ئەوە بەتایبەتی بۆ کەسانی منداڵ‌و مێرمنداڵ زۆر ڕاستە.

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

بەشداربووەکانی کۆڕسەکە بەشێوەی بازنە لەدەوری یەک دادەنیشن. چالاکی‌یەکە بەوە دەست پێ دەکا کە هەر کام لە قوتابی‌یەکان لەسەرەتادا تەنیا بۆخۆی کار لەسەر بابەتەکە دەکا، بەڵام دواتر لەسەر باسەکە پێکەوە گفتوگۆ دەکەن.

کات: ۱ تا ۱،۵ کاتژمێر.

پێداویستی: ژوورێکی گەورە، کاغەز، قەڵەم، هەندێک پارچە وەرەقە کە بکرێ تێبینی‌یان لەسەر بنووسرێ‌و دواتر چەسپ بکرێن (Post-itnotes)

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە

۱ـ مامۆستا پێنج (Post-itnotes) بەسەر هەر کام لە بەشدارانی کۆڕسەکەدا دابەش دەکا. ئەوان پێنج شت کە حەزیان لێیانە، لەسەر وەرەقەکان دەنووسن هەروەرەقەو شتێک. ئەوان لەسەر ئەوە ساغ دەبنەوە کە تەنانەت ئەگەر ڕۆژێک ئاوارەش بن، ئەو پێنج شتانە لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن‌و دەیانبەن بۆ ئەو وڵاتەی کە بۆی دەچن. (۲ تا ۱۰ خولەک)

۲ـ مامۆستا داوا لە قوتابی‌یەکان دەکا لە پلێنۆمدا ناوی ئەو شتانە بڵێن کە هەڵیانبژاردوون تا لەگەڵ خۆیانی بەرن. هەروەها ئەوەش ڕوون بکەنەوە کە بۆچی ئەو شتانەیان هێندە لەلا ئازیزن؟ لەو شتانەڕا دەست پێ دەکەن کە بۆیان گرنگترینەو بەم جۆرە بەرەو خوارتر دەڕۆن تا دەگەنە ئەو شتەی کە کەمترین گرنگی بۆیان هەیە. زۆر گرنگە ئەو شتە وەبەرچاو بگیردرێ.

۳ـ دوای ئەوەی هەموویان تەواو بوون، وەرەقەکانی نێو دەستیان بەجۆرێک دەنووشتێننەوە کە کەس نەزانێ چیان لەسەر نووسراوە. دواتر، بەبێ ئەوەی بزانرێ کامیانە، یەکێک لەوان ڕادەکێشن.

ئەوانی تریش فڕێی دەدەینە سەر زەوی. هەموو قوتابی‌یەکان بەم جۆرە، یەک لەدوای یەک، ئەم کارە دەکەن. دواتر هەموویان ئەو وەرەقانە دەخوێننەوە کە هەڵیانبژاردوون واتە ڕایانکێشاون.

٤ـ مامۆستا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە خەڵکانی ئاوارەو پەنابەریش ناچارن لەنێو ئەو هەموو شتانەی کە بۆیان ئازیزن تەنیا هێندێک شت لەگەڵ خۆیان هەڵگرن‌و باقیی شتەکانی دیکە فڕێ بدەن یان بەجێ‌یان بێڵن.

## بۆ لێدوان:

* ئەم چالاکی‌یەتان پێ چۆن بوو؟ ئایا هەڵبژاردنی پێنج شتەکە زەحمەت بوو؟
* ئایا سەخت نیە کە سەرەنجام مرۆڤ لە نێو ئەو هەموو شتانەدا تەنیا یەک شت لەگەڵ خۆی هەڵگرێ؟
* کاتێک مرۆڤ ئاوارە دەبێ چ لەدەست دەدا؟
* کەسێکی ئاوارە لە وڵاتەکەی خۆی‌دا سەر بە زۆرایەتیی کۆمەڵەو هەموو ئەو کۆدو ڕەمزە کولتووری‌یانە دەزانێ کە بۆ ژیان لە کۆمەڵگادا پێویستی پێیان هەیە. لێرە دەبێتە کەسێکی سەر بە کەمایەتی، لەحاڵەتێکی ئاوادا مرۆڤ چ هەستێکی بۆ دێتە پێش؟
* ئایا لە کۆمەڵگایەک‌دا کە مرۆڤ زمان نەزانێ دەتوانێ خۆی وەک مرۆڤێکی تەواو لەو کۆمەڵگایەدا لەقەڵەم بدا؟ ئایا کەسێک کە زمانی ئەو کۆمەڵگایە نازانێ خەڵک چۆنی تەماشا دەکەن؟
* ئەو دۆست‌و هاوالانەی کە مرۆڤ یاریی لەگەڵ دەکردن چیان بەسەر دێ؟ خاڵ‌و مام‌و پوورو ئامۆزاو پوورزاو خاڵۆزاو خزم‌و کەس‌و کار چی؟ ئەوانە دڵنیایی‌و سەبات بە مرۆڤ دەبەخشن. ئایا کاتێک مرۆڤ ئەوانە لە دەوروبەری خۆی نابینێ، تووشی بێ ئۆقرەیی‌و گومان نابێ؟
* ئایا خەڵکانی ئاوارەو پەنابەر کۆنترۆڵیان بەسەر واقعییەتی ژیانی خۆیان‌دا هەیە؟ بە سەر چشتێکدا کۆنترۆڵیان هەیەو بەسەر چشتێکدا کۆنترۆڵیان نیە؟

## فێربووین کە:

ئاوارەیی‌و دەربەدەری دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ بەشێکی بەرچاو لە هەوییەت، ناسنامەو پێگەو شوێنی خۆی لەدەست بدا. بەشێکی زۆری لێوەشاوەیی‌و شارەزایی‌یە کولتووری‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانی مرۆڤی ئاوارە لەو وڵاتە تازەیەدا کە بۆی هاتوە کەڵکیان لێ وەرناگیرێ. ئاوارەکان ئەو ڕایەڵکە کۆمەڵایەتی‌یە کە لە وڵاتی خۆیان‌دا بە دەوروبەریانەوەیە، لەو وڵاتە تازەدا لەدەستی دەدەن. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەستی ئەوەیان لا دروست بێ کە ناتوانن کۆنترۆڵیان بەسەر ژیانی خۆیان‌دا هەبێ. هیچ ئاوارەیەک نیە داستان‌و حیکایەتی پڕکارەساتی لە ژیانی خۆی‌دا نەبێ. ئاوارەکان پێش ئەوەی لەو وڵاتە تازەدا کە بۆی هاتوون، زمان‌و کۆدە کولتووری‌و فەرهەنگی‌یەکان فێر بن،

لەگەڵ زۆر گیروگرفتو سەختیو دژواری بەرەورِوو دەبن. لەو قۆناخەدا ناتوانن هەستو سۆزو داواو پێداویستییەکانیان وەک پێویست دەربرِن. ئەمەش بۆ ئەوان و کەسانی دەوروبەریان زۆر جار دەبێتە گیروگرفت.



## سەردانی کەمپێکی پەنابەران

**بابەت:** ئاشنا بوون لەگەڵ پەنابەرانو گیروگرفتەکانیان (٢١۶)

**ئامانج:** ئاشنا بوون لەگەڵ پەنابەرانو ژیانو گیروگرفتەکانیان

کەمپی پەنابەران ئەو شوێنەیە کە پەنابەران لەوێدا تا هاتنەوەی وەڵامی داخوازییەکەیان بۆ وەرگرتنی ئیقامەت دەمێننەوە. دەتوانین بڵێین کە ئێستگەکەیە لە نێوان رِابردووو ژیانی تازەیان لەم وڵاتەدا. زۆر خەڵکی ئاوارە لەگەڵ بنەماڵەکانیان لەو کەمپانەدا دەژین. بەڵام زۆریشن ئەو کەسانەی کە بەتەنیانو کەسو کارو بنەماڵەیان لەگەڵ نیە. هەندێک لەوان خەریکی فێربوونی زمانن. کەچی هی واشیان تێدایە دەرفەتی کارێکی ئەوتۆی پێ نادرێ. هەندێک لەو ئاوارەو پەنابەرانە تەنیا چەند مانگ لەو کەمپانەدا دەژین. کەچی کەسانو بنەماڵەی وا هەن بۆ ساڵانێکی زۆر لەواندا دەمێننەوە. بەرِاستی دەزانی ژیان لە کەمپی پەنابەراندا چۆنە؟

## هەندێک زانیاری سەبارەت بە پرِۆسەی چوونە پێشی داخوازیی پەنابەریو مافەکانی پەنابەران لە نۆروێژ:

پرِۆسەی پەناخوازی بە تۆمارکردنی داخوازینامەی پەناخواز لەلایەن پۆلیس لە شاری ئۆسلۆ دەست پێ دەکا. پاشان لە کەمپێکی پەنابەراندا قسەو وتوویژ لەگەڵ پەنابەر دەکرێ. لەو قۆناغەدا رِێکخراوی نۆروێژی بۆ بەرگری لە مافەکانی ئاوارەو پەنابەران "NOAS" زانیاریو رِێنوێنیی پێویست سەبارەت بە پرِۆسەی پەناخوازیو مافەکانی ئاوارەو پەنابەرانو چۆنیەتیی داوای پارێزگاری بە پەنابەران دەدا.

دواتر پەناخواز کەیسـەکەی خۆی فۆڕمۆلە دەکاو پێشکەشی ئیدارەی موهاجەرەت واتە UDI دەکا. لە کاتی وتوویژ لەگەڵ کاربەدەسـتانی UDIدا، هەمیشـە وەرگێڕ ئامادەیە. ئەو پەنابەرانەی شـکو گومانێک لەسەر شوناسیان نیە، دەستبەجێ بەشێوەیەکی کاتی ئیجازەی کاریان دەدرێتێ. بەو جۆرە تـا وەڵامی داخوازییەکەیـان بۆ وەرگرتنی پەنا دێتەوە، دەتوانن بـە قانوونی بۆخۆیان ئیش بکەن. شایانی باسە لە ڕۆژەکانی سەرەتای پرۆسەکەدا هەموو پەنابەرێک لە باری تەندروستییەوە کۆنترۆڵ دەکرێ. لەوەش زیاتر پەنابەر مافی ئەوەیە هەیە لە ئیمکاناتی پزشکیو دەرمانیو لەشساغی کەڵک وەربگـرێ. ئەگەر وەڵامـی نیگەتیڤی وەرگرت، مافی ئەوەی هەیە سـکاڵاو داوای پێداچوونەوە بەو بڕیارەدا کە سـەبارەت بە کەیسـەکەی دەرچووە بکا. لەو پەیوەندییـەدا دەوڵەت خەرجی گرتنی پارێـزەر واتە موحامیی بۆ دابیـن دەکا. ئەگەر ئەو جاریش وەڵامـی نیگەتیڤی وەرگرت بەگوێرەی قانـوون دەبێ ناوبراو ئەم وڵاتە بەجێ بێڵێ. ئەگەر کەسـێک بیـەوێ دڵخوازانە بگەڕێتەوە دەتوانێ بچێتـە لای IOM واتـە (International organization for Migration) ئـەوان لە پەیوەندی لەگەڵ سـەفەرو گەڕانەوەکەیدا یارمەتیی پێویسـتی دەدەن. ئەگەر نا پۆلیس زۆری دەینێرێتەوە، ئەودەم خەرجی سـەفەرەکەش دەبێ بۆخۆی بیدات. ئەگەر وەڵامی ئەرێنی وەرگرێ، پەنابەر بۆ نیشـتەجێ بوون دەدرێتە یەکێک لە کۆمۆنەکان. ئەو منداڵانەی لە سەرەوەی حەوت ساڵن حەقی ئەوەیان هەیە UDI گوێیان لێ بگیرێ، بەو مەرجەی دایکو باوکیان ڕازی بن، ئەو لاوانەی لە ژێر تەمەنی قانوونی دانو بەتەنیا دێنە ئەم وڵاتە هەندێک مافو ئیمتیازاتی تایبەتییان هەن. ئەوانە ئەو کەسـانەن کە تەمەنیان لە نێوان ١٦ تا ١٨ سـاڵ دایە. ئەوان لە کەمپێکی تایبەتیدا نیشتەجێ دەکرێن. ئەوانەی لـە تەمەنێکی کەمتر لەوە دان لەلایەن ئیدارەی پارێـزگاری لە منداڵانەوە چاوەدێری دەکرێن. ئەو کەسانە دەسبەجێ هەموو یارمەتییەکی قانوونییان دەدرێتێو پارێزەری تایبەتیان بۆ دیاری دەکرێ. لەوەش زیاتر کەسـێک وەک سەرپەرسـت بەرپرسایەتیی سەرپەرسـتی کردنی ئەوان بە درێژایی پرۆسـەی پەنابەری دەگرێتە ئەسـتۆ. منداڵانو لاوان مافی ئەوەیان هەیە بچنە قوتابخانە تا وەڵامی داخوازییەکەیان دەدرێتەوە.

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

ئەم ڕاهێنانە لە سـێ قۆناخدا جێبەجێ دەبێ. لە پێشدا لە پەیوەندی لەگەڵ سـەردانی کەمپێکی پەنابەراندا ئامادەکاریی پێویست دەکرێ. قۆناخی دووهەم بریتییە لە سەردانی کەمپەکەو سەرەنجام قۆناخی سـێهەم بریتییە لە هەڵسـەنگاندنو باسو لێدوانو وتوویژ لەسەر سەردانەکەو ئەو شتانەی کە بەشدارانی کۆڕسەکە بۆیان پرسیارە یان دیتوویانە.

کات: بەرنامەڕێـژیو ئامـادەکاری یەک تا دوو سـەعات. چوونە کەمپەکە ڕۆژێک، شـی کردنەوەو هەڵسەنگاندنی باسو بابەتەکان دوو تا سێ سەعات.

پێداویستی: قەڵەمو کاغەز، چەند کامێرای وێنەگرتن.
ئامادەکاریی پێشوەخت: ئامادەکاری سەبارەت بە چۆنیەتیی سەردانی کەمپێکی پەنابەران. ئامادەکردنی باسێکی پڕ لە زانیاری سەبارەت بە مافەکانی پەنابەران.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ مامۆستا باسێکی کورت سەبارەت بە وەزعی پەنابەرانو مافەکانیان پێشکەش دەکا.
٢ـ قۆناخی پلاندانان. مامۆستا پێویستە لە پێشدا لەگەڵ سەرۆکی کەمپەکە قسە بکاتو لەسەر کاتێکی دیاریکراو بۆ سەردانی کەمپەکە ساخ بنەوە. چونکە بەشێک لە پەنابەرەکان هێشتا زمانی ئەم وڵاتە فێر نەبوون، وا باشە وەرگێڕێکیش بۆ ڕۆژی دیاریکراو لە کەمپەکە ئامادە بێ.
دواتر مامۆستا بەشدارانی کۆرسەکە بەسەر پێنج گروپدا دابەش دەکا کە وتوویژ لەگەڵ پەنابەرەکان دەکەن. گروپێک لەوان وتوویژ لەگەڵ یەک یا دوو کەس لە پەنابەرە گەورەساڵەکان دەکەن. گروپێکی تریان وتوویژ لەگەڵ یەک یا دوو کەس لەو ژنانە کە لە کەمپەکەدا دەژین دەکەن. گروپێکی تریان وتوویژ لەگەڵ کارمەندانی کەمپەکەدا دەکەن. گروپێکی تر وتوویژ لەگەڵ خەڵکی هاوسێو دەوروبەری کەمپەکە دەکەن. گروپی ئاخریش وتوویژ لەگەڵ چەند کەس لە لاوەکانی نێو کەمپەکە دەکەن. پرسیارەکان پێویستە بە شێوەیەکی باش ئامادەو فۆرمۆلە کرابن. (٤٥ خولەک). پێویستە پرسیارەکان وا فۆرمۆڵە بکەین کە نەبنە مایەی نارەحەتیو بریندار بوونی هەستی پەنابەران. گرنگترینی ئەو لایەنانەی کە پێویستە لە پرسیارەکانمان ڕووناکییان بخەینە سەر بریتیین لە:

* چەند پەنابەر لێرەدا دەژین؟
* ستانداری ژیان لەم کەمپەدا چۆنە؟
* ژیانی رۆژانەی خەڵکەکە چۆنە؟ ڕۆژانە بە چییەوە خەریکن؟
* لە کاتی چاوەڕوانی کردنی وەڵامی داخوازییەکەتان بۆ وەرگیران لەم وڵاتەدا بیر لە چی دەکەنەوە؟
* چ چاوەڕوانییەکتان لەو وڵاتە هەیە؟
* وەزعی منداڵەکان چۆنە؟ ئایا گیروگرفتی تایبەت بە خۆیان هەن؟
* ئایا ئیمکانی فێر بوونی زمانتان بۆ تەرخان کراوە؟
* دەچنە مەدرەسە؟
* ئایا لە دەروەی کەمپەکە کەسانێک دەناسن هاتووچۆیان بکەن؟
* بۆ ناچار بوونە بێنە ئەو وڵاتە؟
* ئایا پەیوەندیتان لەگەڵ وڵاتی خۆتانو کەسو کارتان هەیە؟

* کار کردن لە کەمپی پەنابەران چۆنە؟ لایەنە ئەرێنیو نیگەتیڤەکانی چن؟

* هاوسێ بوون لەگەڵ کەمپێکی پەنابەران چۆنە؟

٢ـ سەردانی کەمپەکە:

زۆربەی ئاوارەو پەنابەرەکان بەهۆی ئەو بەســـەرهاتە ناخۆشانەی بەسەریان هاتووە بەهۆی شەڕو کێشـــەی جۆراوجۆرو بەهۆی تاقیکردنەوە تاڵەکانی خۆیانەوە، زۆر جار بڕواو متمانە بەخەڵک ناکەن کە قسەی دڵی خۆیانی بۆ بکەن. بۆیە زۆر گرنگە بۆیان ڕوون کەنەوە کە مەبەستی ئێوە لە سەردانی ئەوانو باسو وتوویژ لەگەڵ ئەوان چیە؟ ئەگەر دەتانەوێ وێنەی کەســێک یان کەسانێک بگرن، لە بیرتان بێ پرسیان پێ بکەن.

٣ـ هەڵسەنگاندنی سەردانەکە:

پاش ئەوەی بەشـــدارانی کۆڕسەکە لە ســـەردانی کەمپەکە دەگەڕێنەوە، پێویستە کاتی ئەوەیان پـــێ بدرێ ئەو زانیاریيانەی لەم ســـەردانە وەدەســـتیان کەوتوون، فۆرمۆڵـــەو ڕێکوپێک بکەن. بۆ نموونە دەکرێ لە ماڵەوە ئەو کارە بکەن. ســـەرەنجام هەر گروپە ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانی خۆی بەشـــێوەی پلێنۆم پێشکەش دەکا. دەکرێ وتووێژەکان بە شـــێوەی نووسراوە ئامادە بکرێنو پاشان بەسەر بەشـــداربووەکاندا دابەش بکرێن تا بیانخوێننەوە. یا دەتوانن بە شێوەی شەفاهی پێشکەشی یەکتریان بکەن.

پێویستە مامۆستا ڕێگا بە بەشداربووەکانی کۆڕسەکە بدا تا پرسیارو تێبینیيەکانی خۆیان لەسەر بابەتەکەو باسەکانی پلێنۆم لەگەڵ یەکتر بێننە گۆڕێ. (٢ تا ٣ کاتژمێر)

### بۆ لێدوان:

* سەردانی کەمپەکەتان پێ چۆن بوو؟

* سەبارەت بە بەسەرهاتی پەنابەرەکان دەڵێن چی؟

* پێداویستیيەکانی ئەوان لە کەمپەکەدا چیە؟

* ئایا پەنابەرەکان ئەو مافانەیان بۆ دابین دەکرێن کە بەگوێرەی قانوون بۆیان لەبەرچاو گیراوە؟ کێ بەرامبەر بە مافەکانی ئەوان بەرپرسە؟

* ئایا سەردانەکەی ئێوە لە کەمپەکە لەگەڵ ئەو زانیاریيانە دێنەوە کە پێشتر سەبارەت بە پەنابەران لە ڕاگەیەنەکانەوە پێتان درابوو؟

* چی لەو پەنابەرانە فێر بووین؟

* چی لەسەر کۆمەڵگای خۆمان فێر بووین؟

* ئایا هیچ سەبارەت بە خۆمان فێر بووین؟

* دەتوانین بۆ باشتر کردنی وەزعی پەنابەران چی بکەین؟

## فێر بووین کە:

ژیانــی ڕۆژانەی پەنابەران زۆر ناڕوونە. ئەوان لە دڵەڕاوکێو گوماندا دەژین، ئاخر هێشــتاش نازانن کە ڕێگای مانەوەیان لەم وڵاتە پێدەدرێ یان نا؟ ئەوان لە حاڵەتی چاوەڕوانیدا بەســەردەبەن. جگە لەوە ئاوارەییو پەنابەرییش بۆتە هۆی ئەوەی زۆر شتی خۆیان لەدەست بدەن. نەبوونی ڕایەڵکەیەکی کۆمەڵایەتــی بەدەوریانەوەو نەزانینی زمـــان وەزعەکەی بۆ ئەوان هێنــدەی دیکەش دژوار کردوە. بەو حاڵەش ئومێدیان بە پاشــەڕۆژو ژیانێکی باشــتر هەیە. بۆ زۆربەی پەنابەران ژیان لە کەمپێکی پەنابەراندا زۆر ناخۆشــە. لەوەش خراپتر ئەوەیە کە هەندێک لە پەنابەرەکان وەک پێویســتو بەو جۆرە کە دەبێ یارمەتیان بدرێ، لەلایەن کاربەدەســتانی ئەم وڵاتەوە یارمەتی نادرێنو پارێزگاریان لێ ناکرێ.

## بۆ فێر بوونی زۆرتر:

بەشــدارانی کۆرســەکە بۆ فێربوونی زیاتر لەســەر پەنابەرانو مافەکانی ئەوان دەتوانن ڕۆژنامەیەکی دیواری ئامادە بکەنو لە پۆلەکەیاندا هەڵیواســن. دەتوانن لەو وتووێژانەو لەو وێنانە کەڵک وەرگرن کە لە کاتی ســەردانی کەمپەکەدا ئامادەیان کردوون. زۆر گرنگە ڕووناکی زۆرتر بخەنە سەر وەزعی تایبەتی ئەو لاوە پەنابەرانەی کە لە خوار تەمەنی ١٨ ســاڵییەوەن. لە لایەکی دیکەشــەوە دەتوانن چەند پەنابەر بۆ کلاسەکەتان بانگهێشتن بکەن تا بێنو سەبارەت بە وەزعی خۆیان، ژیانو گوزەرانیان، هۆیەکانی ئاوارەبوونیان، چاوەڕوانییەکانیان، گیروگرفتەکانیانو هتد قسەو باستان بۆ بکەن.

## نامەیەکی تایبەتی

دوای ئەوەی بەشــدارانی کۆڕســەکە لە ســەردانی کەمپەکە دەگەڕێنەوە وا باشــە تەشویق بکرێن تا نامەیەک ســەبارەت بە وەزعی پەنابەرەکان بۆ دۆســتو هاوالان، کاربەدەســتان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ڕێبەرانی ئایینیو مەزهەبی، یان ڕۆژنامەو ڕاگەیەنە گشــتییەکان بنووسن. لەو نامەیــەدا دەتوانن ئەو شــتانە کە لە کەمپەکەدا چاویان پێکەوت، وەزعــی ژیانی خەڵکەکە، وەزعی ژنانو منداڵانی نێو کەمپەکە، پێداویســتییە دەرمانیو تەندروســتیو کۆمەڵایەتییەکانی پەنابەران، ئەو داستانو چیرۆکانەی بەسەر پەنابەرەکان هاتوون باس بکەن. لەم ڕێگایەوە قوتابییەکان بۆخۆیان زۆرتر فێر دەبن هەستو سۆزی خۆیان باشتر فۆرموڵە دەکەنو لەوەش زیاتر ئەو کارەی ئەوان دەبێتە هۆی ئاگادار کردنەوەی بیروڕای گشــتیی خەڵک لەســەر وەزعی ئــەو پەنابەرانەو لە ئاکامدا ڕەنگە کاربەدەســتان ناچار بن بۆ باشــتر کردنی وەزعی ئەوان هەنگاو هەڵگرن. زۆر گرنگە ئەو جۆرە نامانە لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە بنووســرێن. هەروەهــا دەتوانن دوای گەڕانەوەیان نامە بۆ هەندێک لە

پەنابەرەکان، بەڕێوەبەرانو کارمەندانی کەمپەکە بنووسنو ڕوانگەو نەزەری خۆیانیان لەسەر وەزعی نێو کەمپەکە لەگەڵ بخەنە بەرباس. ئەوەش بەنۆرەی خۆی ڕەنگە یارمەتی بە باشتر بوونی ژیانی پەنابەرەکان بکات.

## بارنگە (پێنج...) ٢١٨ـ٢١٦

**بابەت:** ئاخافتنێکی جیا لە هی خۆمان

**ئامانج:** ئاشنا بوون لەگەڵ هەلومەرجێک کە لەوێدا کۆد و ڕەمز و نۆڕم و بایەخەکان جیاواز لەوانەن کە تۆ پێشتر لەگەڵیان ڕاهاتووی.

ئایا بیرت لەوە کردۆتەوە کە لە ژیانی ڕۆژانەتدا زۆر شت دەکەی بێ ئەوەی بیریان لێ بکەیەوە. چ شتێک یارمەتیت دەدا لە کۆمەڵگادا هەڵسووڕو چالاک بیو ئەو کارانە ئەنجام بدەی بێ ئەوەی پێشتر بیرت لێ کردبنەوە؟ ئەتۆ لەو کۆمەڵگایەدا ئاوا بێ گیروگرفت هەڵدەسووڕێیو کارەکانی خۆت جێبەجێ دەکەی چونکە لێرە لەدایک بوویو لێرە گەورە بووی. چ ڕوو دەدا ئەگەر لەپڕ بچیە شوێنێک کە لەوێدا نرخو بایەخو نۆڕمو کۆدو ڕەمزو سیمبولی دیکەی جیا لەوانەی تۆ لەگەڵیان ڕاهاتووی، حوکم بکەن؟ واتە شارەزاییو لێوەشاوەییەکی دیکە بۆ ژیانو هەڵسووڕان پێویست بێ؟ لە جێیەک کە ئەو شارەزاییو لێوەشاوەییانە ئیتر بە کەڵک نایەنو کار ناکەن؟ زۆربەی ئەو کەسانەی ئاواه دەبنو لە وڵاتی خۆیانەوە دەچنە وڵاتێکی دیکە، ئاوایان لێ بەسەر دێ، تووشی بارودۆخێکی ئاوا دەبن. ئێمە خۆشمان کاتێک بۆ سەفەر دەچینە وڵاتانی دیکە تا ڕادەیەک وەزعێکی ئاوا بە تاقی دەکەینەوە، زۆر ناخۆشە. بچینە نێو کۆمەڵگایەک کە هەموو ئەو لێوەشاوەییە کۆمەڵایەتییەی تۆ لە سەرتاسەری تەمەنتدا وەدەستت هێناوە، ئیتر بەکەڵک نەیات. زۆر کەس بە زەحمەت ئەوەی بۆ قبووڵ دەکرێ، چونکە ئەو هەست بەوە دەکا ئیتر کەس ئەوەی بۆ گرنگ نیە کە ئەو کێیەو چییە. لەوەش زیاتر زۆر دژوارە سەرلەنوێ ئەو کۆدو ڕەمزو وێنەو نۆڕمو بایەخانە فێر بیو لێکیان دەیەوە کە لەو کۆمەڵگا نوێیەدا باون. یا خۆت لەگەڵ ئەو چاوەڕوانییانە سازگار کەی کە کۆمەڵگای تازە لێی هەیە. وەختێکی زۆری دەوێ تا حاڵی دەبیو تێدەگەی کە ئەو شتەی بۆتۆ "سروشتی"یە، بۆ هەموو خەڵک سروشتی نیە، بەسەرهاتو مێژووی تۆ بەسەرهاتو مێژووی هەموو کەس نیە، قارەمان مۆدێلو ئیدۆلەکانی تۆ، قارەمانو ئیدۆلی هەموو کەس نینو تەنانەت ئەو خوایەش کە لە لای تۆ "سروشتیترین" شتە، بۆ هەموو خەڵک خوا نیە. (Leo Eitinger 1981)

### چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

ئەم ڕاهێنانە بە شێوەی یاری وەرەق جێبەجێ دەبێ. بەشدارانی کۆرسەکە بێ ئەوەی بۆخۆیان ئاگادار بن، هەر کامیان بە یاساو ڕێسایەکی تایبەتی، یارییەکە دەکەن. واتە هەرکەس بە ڕێوشوێنو

یاســای تایبەت بە خۆی یاری‌یەکە دەکا. ئەم ڕێوشــوێنە جۆراوجۆرانە لە یاری‌یەکەدا بە جیاوازیی نێوان کولتوورەکان لێک دەدرێتەوە. پاشــان کە یاری‌یەکە دەڕواتــە پێش‌و قوتابی‌یەکان ماوەیەک پێکەوە خەریکی یاری کردن دەبن، هەندێک لە بەشــداربووەکان لەوە حاڵی دەبن کە لەو یاری‌یەدا ئەوان یاســاو ڕێسای جیا بەکار دێنن. واتە لە یەک ڕێســاو یاسا بۆ چوونە پێشی یاری‌یەکە کەڵک وەرناگرن. پێویســتە بگوترێ کە ئەوان لە کاتی یاری‌یەکەدا، حەقی ئەوەیان نیە پێکەوە قسە بکەن. بۆیە دەبینین پاش ماوەیەک کێشــەو ناحاڵی بوون لێک تێنەگەیشتنیان بۆ دروست دەبێ. مامۆستا پێویســتە ئامادەیــی ئەوەی تێدا بێ کە ڕەنگــە ئەم وەزعە ببێتە هۆی تــووڕە بوونی هەندێک لەو کەســانەی پێکەوە یاری دەکەن. بۆیە پێویستە هەمیشە حزووری بەردەوامی لە نێو پۆلەکەدا هەبێ. دوای ئەوەی بەشــدارنی کۆڕسەکە ماوەیەک یاری‌یان کرد، پشــوویەک دەدەن. پاشان کۆ دەبنەوە پێکەوە ئاکامگیری لە ڕاهێنانەکە دەکەن.

**کات:** یەک کاتژمێر

**پێداویســتی:** مێزێکی گەورە بۆ هەر کام لە گروپەکان کە یاری دەکەن. وەرەقەکان ۲ تا ۷ بەســتە، لەگەڵ تاس لە هەموو ڕەنگەکان (خاچ، خشــت، دڵ‌و پیک) هەروەها قەڵەم‌و کاغەزو کۆپی‌یەک لەو ڕێنوێنی‌یەی کە پێشتر بۆ ئەوانەی یاری دەکەن، ئامادە کراوە. دەبێ هەر گروپەی هی خۆی بدرێتێ.

ئامادەکاریی پێشوەخت

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە

۱ـ بەشــداربووەکان دەبنە چەند گروپ‌و هەر گروپە لە دەوری مێزێک دادەنیشــن. هەرکام لەوان بەستەیەک وەرەق‌و کۆپی‌یەکی ڕێنوێنی سەبارەت بە چۆنیەتیی بردنە پێشی یاری‌یەکەی دەدرێتێ. بەشــداربووەکان چەند خولەکێک کاتیان دەدرێتێ تا تەماشــای شێوەی یاساو ڕێساکانی یاری‌یەکە بکەن. پاش ئەوە مامۆستا ئەو وەرقانەیان لێ وەردەگرێتەوە کە ڕێساکانی یاری‌یەکەیان تێدا نوسراوەو داوایان لێ دەکا دەســت پێ بکەن. لێرەدا مامۆســتا بە قوتابی‌یەکان دەڵێ کە کەســیان مافی قسە کــردن و بە نووســین یەکتر حاڵی کردنیان نیــە. واتە هیچ کۆمیونیکاســیۆنێک نابێ بە دەم و بە نووسراوە لە نێوان ئەوان هەبێ.

۲ـ مامۆستا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەم ڕاهێنانە بەشێوەی تورنێرینگ بەڕێوە دەچێ. هەرکام لە گروپەکان پاش ماوەیەک دەبێ مێزەکەیان جێ بێڵن‌و بڕۆنە سەر مێزێکی دیکە. هەر گروپەی پێنج دەقیقە لەسەر هەر مێزێک یاری دەکا.

۳ـ کاتێــک خولــی یەکەمی یاری‌یەکە تەواو دەبــێ، بەرەبەرە نائارامی لە نێــو قوتابی‌یەکان‌دا دەردەکەوێ. ئەوان بەرەبەرە حاڵی دەبن کە گیروگرفتێک هەیە. دواتر دەزانن ئەو گیروگرفتە ئەوەیە کە ئەوان لە ڕێســاو یاســای وەک یەک بۆ یاری‌یەکە کەڵک وەرناگرن. بەڵام چونکە ناتوانن قســە

بکەن یان پێکەوە بدوێن، ناتوانن کێشەکەشیان چارەسەر کەن. ئەو وەزعە بۆ هەموو گروپەکان هەر ڕاستە. فەلسەفەی ڕاهێنانەکەش ئەوەیە کە قوتابی‌یەکان ئەوە فێر بن کە بەهۆی لەگۆڕێدا نەبوونی کۆمیۆنیکاسیۆن گیروگرفتەکان چارەسەر ناکرێن.

٤ـ مامۆستا لە کاتی پێویستدا پاش ئەوەی قوتابی‌یەکان ماوەیەک یاری‌یان کرد، دەتوانێ داوا بکا یاری‌یەکە تەواو بکەن.

بۆ لێدوان:

* یارییەکەتان پێ چۆن بوو؟ چۆن پەیڕەویتان لە یاساکانی یاری‌یەکە دەکرد؟
* ئایا ئەم یاری‌یە دەتوانێ هیچ وێنەیەک لە حەقیقەتمان بداتێ؟
* ئایا دەتوانێ نموونەیەک بێنیەوەو باسی بکەی؟
* هۆکاری سەرهەڵدانو درێژەکێشانی ئەو گیروگرفتانە چی بوو کە لە یاری‌یەکەدا هاتنە کایەوە؟
* چۆن دەتانتوانی بەو گیروگرفتانەشەوە یاری‌یەکە درێژە بدەن؟
* چ شتێکی ئەرێنیت لە یاری‌یەکەدا لەخۆت نیشان دا؟
* کاتێک بۆت دەرکەوت کە بە هۆی جیاوازیی ڕێساکانی یاری‌یەکە ئیدامەدانی یاری‌یەکە مومکین نیە چیت کرد؟ ئایا بێ ئومێد بووی؟ ئایا ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەش‌دا وا هەیە تووشی نائومێدی بین؟

### فێر بووین کە:

زۆر سەختو دژوارە بچیتە نێو کۆمەڵگایەک کە لەوێدا هەرچی ئەو شارەزاییو لێوەشاوەیی‌یە بەدرێژایی تەمەنت وەدەستت هێناوە بەکەڵک نەیەت. جێگایەک کە بۆ ژیانو هەڵسووڕانو چوونە پێش پێویستی بە کۆدو ڕەمزو سیمبولو لێوەشاوەییو شارەزایی جیا لەوانە بێ کە تۆ لەگەڵیان ڕاهاتووی. ڕوونە لە بارودۆخێکی ئاوا لەگەڵ ململانێی گەورەو کەندو کۆسپ بەرەوڕوو دەبین. بۆ ئەوەی بتوانین بمێنینەوەو لەو کۆمەڵگایەدا هەڵبکەین، دەبێ ئامادەیی ئەوەمان تێدا بێ کە فێر بین بەسەبرو حەوسەلەیەکی زۆرەوە تێکۆشین لە واقعییەتەکە تێبگەینو خۆمانی لەگەڵ بگونجێنین.

ڕێساکانی یاری‌یەکە:

"هەر گروپە جۆرە یاسا ورێسایەک بۆ بردنە پێشی یاری‌یەکە وەردەگرێ. گروپەکان نابێ بزانن کە یاساو ڕێساکانیان لەگەڵ یەکتر جیاوازن"

١ـ "ئاس" نزمترینو "سپار" براوەیە، "ترومف" تەنیا کاتێک بەکار دێ کە ئەو ڕەنگەت نەمابێ کە یاریی پێدەکەی.

٢ـ ئاس نزمترینە، هیچ ترومفێک نیە.

٣ـ ئاس بەرزترین، سپار ترومفە، ترومف تەنیا کاتێک بەکار دێ کە ئەو ڕەنگەت نەمابێ کە

یاریی پێدەکەی.

٤ـ تاس بەرزترین، سپار ترومفەو هەر کات بتەوێ دەتوانی ترومف بەکار بەری.

٥ـ ئاس نزمترینە، سپار ترومفەو هەرکات بتهەوێ دەتوانی ترومف بەکار بێنی.

٦ـ ئاس نزمترینە، ڕووتەر ترومفە، ترومف چۆنت بوێ ئاوا دەتوانی لە ترومف کەڵک وەرگری.

٧ـ ئاس نزمترینە، ڕوتەر ترومفە، دەتوانی بە کەیفی خۆت ترومف بەکار بێنی.

٨ـ ئـــاس بەرزترینە، ڕووتەر ترومفـــە، ترومف تەنیا ئەو کاتە بەکار دێ کە ئەو ڕەنگەت نەبێ کە یاریی پێ دەکەی.

٩ـ ئاس بەرزترینە، هیچ ترومف نیە.

١٠ـ ئـــاس نزمترینە، ڕووتەر ترومفە، ترومف تەنیا کاتێک بەکار دەبەی کە ئەو ڕەنگەت نەمێنێ کە یاریی پێ دەکەی.

ڕێنوێنی کێبەرکێ‌کە:

* هەرکەس حەقی هەیە پێنج دەققەی وەخت بدرێتێ تا ســـەیری ڕێســـاکانی یاری‌یەکە بکاو بەتاقی‌یان کاتەوە.

* دواتر ئەو یاساو ڕێسایانە لە قوتابی‌یەکان وەردەگیردرێتەوەو لە کاتی بەڕێوەچوونی یاری‌یەکەدا قوتابی‌یەکان حەقی ئەوەیان نیە بە هیچ جۆرێک پێکەوە قسە بکەن.

* کێبەرکێ‌یەکە دەست پێدەکا. چەند دەقیقە لەسەر مێزەکەی خۆت یاری دەکەی.

* ئەو کەســـە یاری‌یەکە دەباتەوە کە زۆرترین نیش وەدەســـت دێنێ. هەرکات یاری‌یەکە پێش تەواو بوونی هەڵوەشێتەوە، ئەو کەسە براوەیە کە زۆرترین نیشی هەن.

* هەر خولەی نزیکەی ٥ دەقیقەیە. لەو بارەوە مامۆستا ئاگادارتان دەکاتەوە.

* قوتابی‌یـــەکان بەو جۆرە لە مێزێکەوە دەچنە مێزێکیتر. کەســـی براوە لە مێزی یەکەمەوە بۆ دووهەم دەڕواو دواتر ســـێهەمو هەر بەو جۆرە... دەچێتە پێش. دۆڕاوەکان (ئەوانەی کەمترین نیش وردەگرن) بەپێچەوانەی براوەکانەوە دەڕۆنە پێش. بۆ نموونە لە مێزی ژمارە پێنج بۆ چوارو سێو بەو جۆرە. ئەو کەسەی دۆڕاندوویەتی‌و لەسەر مێزی خوارترین ژمارەیە، لەگەڵ ئەو کەسەی بردوویەتەوەو لەسەر میزی بەرزترین ژمارەیە لە جێگای خۆیان دەمێننەوە.

* ئاکامی بڕیار لەسەرنەدراوەکان بەشێوەی ئەلفو بێ چارەسەر دەکرێن.

## من بەرپرسایەتی وەئەستۆ دەگرم

**بابەت:** لاوانی ئاوارەو گیروگرفتەکانیان (٢٢٩ـ٢٢٢ـ٢١٦).

**ئامانج:** ئاشـــنا کردنی لاوانی ئاوارەو پەنابەر بە گیروگرفتەکانی ســـەر ڕێگای تێکەڵاو بوونیان لەگەڵ کۆمەڵگای خانەخوێ.

ئاوارەو پەنابەران کە دێنە وڵاتێکی نوێ، تووشـــی گەلێک کەندو کۆسپ دەبن. ئەوان بۆ یەکەم جار لەگـــەڵ ئەزموونێکی لەو جۆرە بـــەرەڕوو دەبن. ئەو وەزعە بۆ لاوانی ئـــاوارە زۆر دژوارتر نیە. ئەوان ســـەرەڕای ئەوەی کە دەبێ لەگـــەڵ ئەو گیروگرفتانە هەڵکەن کە بۆ هەمـــوو لاوێک و مێرمناڵێک لەگۆڕێ دان، لەگەڵ ئەو ناخۆشیو کەموکووڕیو گیروگرفتانەش دەستەویەخە دەبن کە لە ئاکامی ئاوارەیـــیدا بۆیان دێنە پێش. چەند ســـەختە زمان نەزانیو بچیە مەدرەســـەش. ئایا ئەوە توشـــی گیروگرفت ناکا؟

ئایا ئەوە نابێتە کۆســـپی ســـەر ڕێگای فێربـــوونو بە کۆمەڵایەتی بوون؟ ئاخـــر لە بارودۆخێکی ئاوادا چۆن مرۆڤ دەتوانێ هاوڕێو دۆســـتی تازە پەیدا کات؟ لەخۆڕا نیە لاوانو منداڵانی ئاوارە لە قوتابخانەشدا زۆرتر لەگەڵ منداڵانو لاوانی سەر بە کەمایەتییەکانن. ئاخر پەیوەندی گرتن بۆ ئەوان لەگەڵ منداڵانی سەر بە لایەنی زۆرینەی کۆمەڵگا بە هۆی نەزانینی زمانەوە زۆر زۆر سەختو دژوارە. ئەدی وەزعی دایکو باوکی ئەو منداڵانە چۆنە؟ ئایا دایکو باوکیان کاریان هەیە؟ ئایا تێدەکۆشـــن ئـــازادی بدەنە منداڵەکانیان یا هـــەوڵ دەدەن کۆنترۆڵیان بکەن؟ ئایا منداڵانی ســـەر بەو بنەماڵانە هەســـت ناکەن کە لە نێوان دوو کولتووردا گیریان کردوە. کولتووری ماڵەوەو کولتووری قوتابخانەو کۆمەڵـــگای گەورە؟ دوو کولتوور کە هەر یەکەیـــان چاوەڕوانی تایبەتی بەخۆیان لەو منداڵانە هەیە. لەوەش زیاتر هەر یەکەیان جاری وایە چاوەڕوانی ناتەباو پێچەوانەی یەکتریان لەو منداڵانە هەیە.

**پێناسە:**

ئاوێتەبوون: بریتییە لە تێکەڵاوبوون لەگەڵ گشت یان لەگەڵ یەکەیەک. لێرەدا مەبەست تێکەڵاوبوونو ئاوێتەبوونـــی کەمایەتییەکان لەگەڵ کۆمەڵـــگای گەورەیە. پێچەوانەکـــەی دەبێتە هەڵاواردن واتە (Segregasjon)

هەر لەو کاتەدا کە ئاوارە لەگەڵ کۆمەڵگای نوێدا خۆی دەگونجێنێ، سەرلەنوێ دەبێ خۆی لەگەڵ ئـــەو وەزعە تازەیەی کە تێی کەوتووە بگونجێنێ. دەتوانین ئەو پرۆســـە نـــاو بێنین خۆ بنیات نانەوەی ســـەرلەنوێ. ئاخر ئاوارە دەبێ ســـەر لەنوێ لەگەڵ ناسنامەی تازەی خۆی لەو وڵاتەدا خۆی بگونجێنێ. پێویســـتە ئەوەش بزانین کە ئەوە هەر ئاوارەکان نین کە دەبێ تێکۆشن خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگای نوێ بگونجێنن. خەڵکانی تریشو خانەخوێش پێویستە تێکۆشن خۆیان لەگەڵ ئەو پێشهاتە نوێیە بگونجێنن کە بەهۆی ئاڵوگۆڕە هاوچەرخەکان هاتونەتە ئاراوە. پێشهاتێک کە هەموومان لە ناخیدا دەژین.

**چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:**

ئەو چالاکییە بەتایبەت بۆ لاوانی پەنابەر دەشێ. پێویستە مامۆستا وریا بێ. لاوانی ئاوارەو پەنابەر زۆر دڵ ناسکن. نابێ کارێکی وا بکەین هەستو شعووریان بریندار بێ. بۆیە پێویست ناکا ناچاریان کەین

قسەیەک بکەن یا شتێک لەسەر ژیانی خۆیان بڵێن کە حەز ناکەن باسی لێ بکەن. ڕاهێنانەکە دوو قۆناخە. قۆناخی یەکەم بریتی‌یە لەوە کە قوتابی‌یەکان فۆڕمێک واتە پرسـیار نامەیەک پڕ دەکەنەوە. پاشان لە پلینۆمدا بەیەکەوە باسو گفتوگۆ دەکەن. دەشتوانن هەرکام لەو دوو قۆناخە وەک ڕاهێنانی سەربەخۆو جیا لە یەکتر جێبەجێ بکەین.

**کات:** دوو کاتژمێر

**پێداویستی:** ژوورێکی گەورە، قەڵەمو کاغەزو وێنە.

**ئامادەیی پێشوەخت:** باسێکی کورت لەسەر لاوانی پەنابەرو گیرو گرفتەکانیان (۱۵ تا ۲۰ خولەک)

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

۱ـ مامۆسـتا دەرسەکە بە باسێکی کورت لەسـەر لاوانی ئاوارەو گیروگرفتەکانیان پێشکەش دەکا. پاشان بەشدارانی کۆرسەکە بەسەر چەند گروپی بچووکدا دابەش دەکا. بەشدارانی کۆرسەکە هەوڵ دەدەن ئەو کەندوکۆسـپو گیروگرفتانە کە لەسـەر ڕێی لاوانی ئاوارەو پەنابەر دان دەسـت نیشان بکەن. باسی ئەو چاوەڕوانی‌یانە بکەن کە کۆمەڵگای تازە لەوانی هەیە. دەتوانن بۆ نموونە باسی ئەوە بکەن کە لاوانی ئاوارە چۆن زمان فێر دەبن. چۆن ناسنامەی تازە بۆخۆیان دروست دەکەن؟ چۆن پرد لە نێوان ڕابردووی خۆیانو ئێستاو داهاتوویاندا ساز دەکەن؟ چۆن دەتوانن ئەو شتانە فەرامۆش بکەن کە بەهۆی ئاوارەیی‌یەوە لەدەسـتیان داون؟ چۆن لە قوتابخانەدا دەڕۆنە پێش؟ چۆن دۆستو هەڤاڵ پەیدا دەکەن؟ چۆن خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگای مۆدێرن سازگار دەکەنو چۆن لەگەڵ ڕاسیزمو جیاوازیدانانو هەڵاواردن بەرەوڕوو دەبن؟ بەشدارانی کۆرسەکە ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر کاغەزێکی گەورە بە خەتێکی جوان دەنووسـنو دواتر پێویسـتە لە پلێنۆمدا پێشکەشی بکەن (۳۰ خولەک).

۲ـ سـەرەنجام هەموو گروپەکان کۆ دەبنەوەو ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانی خۆیان لە پلێنۆمدا پێشـکەش دەکەن. پێویستە هەموو بەشدارانو هەموو گروپەکان چالاکانە بەشداریی ڕاهێنانەکە بن. مامۆستا دەبێ تێکۆشێ بزانێ ئایا بابەتی وا هەیە کە لەنێوان هەموو گروپەکاندا هاوبەش بێ. ئەگەر گروپەکان ویسـتیان شتی تازە بە نووسـراوەکەی خۆیانەوە زیاد کەن، پێویستە ڕێگایان پێ بدرێ. کاتێک هەموو گروپەکان، باسـەکانی خۆیان پێشکەش کردو لەسەر هەرکام لەوان باسو گفتوگۆی پێویست کرا، مامۆستا کۆتایی ڕاهێنانەکە ڕادەگەیەنێ.

## بۆ لێدوان:

* ئەو ڕاهێنانەتان پێ چۆن بوو؟
* ئایا لە نێوان گروپەکاندا ناکۆکیی گەورە سـەبارەت بـەو گیروگرفتانە کە بۆ ئاوارەکان لە گۆڕێ

دان، هەبوو؟ ئەو مەسەلەیە چۆن لێک دەدەنەوە؟

* ئایا هیچ شـــتێک لە کولتووری ئاوارەکاندا هەیە کە ببێتە کۆســـپی ســـەر ڕێگای خۆ ڕێکخستن لەگەڵ کۆمەڵگای تازە؟

* ژیان لە نێوان دوو کولتووری جۆراوجۆردا چ دەگەیەنێ؟ مانای چیە؟

* ئەگەر دایک و باوکتان حەز بکەن کۆنترۆڵی زۆریان لەسەرتان بێ چ دەکەن؟

* ڕەنگە جارجار لاوانی ئاوارە بگەنە جێگایەک کە بەشێوەیەکی نیگەتیڤ بڕواننە کۆمەڵگای تازەو بە شێوەیەکی ئەرێنی بیر لە کۆمەڵگای ڕابردووی خۆیان بکەنەوە؟ ئەوە لەبەرچێ ڕوو دەدا؟

* ئایا لەو کۆمەڵگا تازیەدا باش وەرگیراوین؟

* ئێمە چ چاوەڕوانی‌یەکمان لە خەڵکی ئەم وڵاتە هەیە؟ ئەوان دەتوانن چ بۆ ئێمە بکەن؟

* ئایا باشترە ئاوارەکان لێرەش هەر زۆرتر پێکەوە بن؟

* ئێمە وەک ئاوارە دەتوانین بۆ باشتر بوونی وەزعی خۆمان چ بکەین؟

## جێبەجێ کردنی بەشی دووهەمی ڕاهێنانەکە:

مامۆستا داوا لە قوتابی‌یەکان دەکا کە هەرکام لەوانە پرسیارنامەیەک پڕ بکەنەوە. ئەو پرسیارنامەیە بە جۆرێک ئامادە کراوە کە قوتابی‌یەکان بتوانن لایەنە جۆراوجۆرەکانی گیروگرفتی خۆیان وەک ئاوارەو پەنابەر دەســـت نیشـــان کەنو دواتریش باسو گفتوگۆیان لەسەر بکەن. قوتابی‌یەکان یەک سەعات وەختیان بۆ بیرکردنەوە وپڕکردنەوەی پرسیارنامەکە دەدرێتێ. پێویستە مامۆستا داوا لە قوتابی‌یەکان بکا تا ئەو جێ‌یەی دەکرێ بەشێوەیەکی ڕاستو دروستو ژیرانە وەڵام دەنەوە.

## پرسیارنامەکە:

* ئاوارەیی چی لەدەست داوم؟

* لەو وڵاتە تازەدا چ دەرفەتێکم بۆ ڕەخساوە؟

* دەتوانم چی بکەم بۆ ئەوەی وەزعی ژیانو داهاتووی خۆم باشتر کەم؟

* چۆن دەتوانم لە هێزو تواناکانم بۆ پێشکەوتنی خۆم کەڵک وەرگرم؟

* چ چاوەڕوانی‌یەکم لە خۆم هەیە؟ تا پێنج ساڵی تر دەبێ بگەمە کوێ؟

* چۆن دەگەمە ئەو جێ‌یەی دەمەوێ؟

## بۆ لێدوان:

مامۆستا لەگەڵ قوتابی‌یەکان پرسیارەکان تاوتۆی دەکات. هانیان دەدا چالاکانە بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکان هەوڵ بدەن. شایانی باسە نابێ کەس ناچار بکرێ قسە بکات یان شتێک بڵێ کە بۆخۆی حەزی لێ نیە.

## فێربووین کە:

لاوانی ئاوارە لەگەڵ زۆر کەندو کۆسـپ بەرەوڕوون. ئەوان دەبێ لەگەڵ ئەو سـەختی‌یانە هەڵکەن. هەرچەند زۆر شتیان لەدەست داوە، بەڵام دەبێ بسازێن. ناچارن لە نێوان دوو کولتووردا لە هاتوچۆی بـەردەوام دابن. ئەوان چاوەڕوانی جۆراوجۆریان لێ دەکرێ. لەماڵەوە دایکو باوکو بنەماڵەو خزمو کەسو کار چاوەڕوانی‌یەکی تایبەتیان لەوان هەیە. لەولاشـەوە قوتابخانەو کۆمەڵگا چاوەڕوانی‌یەکی دیکەی لێیان هەیە.

فێر بوونو خۆگونجاندن لە کۆمەڵگای تازەدا پێویسـتی بە شارەزاییو لێوەشاوەیی‌یەکی زۆرە کە زۆر جار هێزو وزەیەکی زۆری ئەو لاوانە بەخۆیەوە خەریک دەکا. یەک شـت گرنگە ئەویش ئەوەیە کە ئەو لاوانە خۆیان دەبێ بەرپرسایەتی بۆ فێربوونو چوونە پێشو پەرەسەندنو ئاوێتەبوونی خۆیان لەو کۆمەڵگا نوێیانەدا بگرنە ئەستۆ.

پێویستە تێکۆشن ژیانو چارەنووسی خۆیان دیاری بکەنو بە هەوڵو خوێندنو کارو زەحمەتو تێکۆشان، ئێستاو داهاتوویەکی باشتر بۆخۆیان دابینو دەستەبەر بکەن.

## بۆ فێر بوونی زیاتر:

زۆر کـەس لە لاوانی ئـاوارە لەم وڵاتانەدا کە بـۆی هاتوون، تاڕادەیەکی زۆر بـاش چوونە پێشو سـەرکەوتوو بوونە. دەکرێ فیلمێک سەبارەت بە یەکێک لەوان پێشانی بەشدارانی کۆرسەکە بدرێ تا ببێتە سـەرچاوەی ئیلهام بۆ ئەوان. یا دەتوانن یەکێک لەو لاوە سـەرکەوتوانە بانگ کەن بێ لە کلاسەکە قسە بۆ قوتابی‌یەکان بکا.

## ئیدۆلی من

**بابەت:** ڕۆڵی ئیدۆل و قارەمان لە ژیانی مرۆڤەکاندا.

**ئامانج:** ئاشـنا بوون لەگەڵ ڕۆڵی ئیدۆلو سەرمەشـقەکانی ژیانو ئەو نرخو بایەخانەی لە کۆمەڵگادا جێگایەکی بەرزو بلندیان هەیە.

ئێمە هەمووومان ئیدۆلو سەرمەشقمان هەن کە تێدەکۆشین لە ژیانماندا ئیلهام لەوان وەرگرین. بەڕاستی بۆ چی ئێمە ئەو سەرمەشقو قارەمانو ئیدۆلانەمان هەن؟ چ نەخشێکیان لە ژیانی ئێمەدا هەیە؟

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

لەسـەرەتادا بەشدارانی کۆڕسـەکە هەر کامیان بە تەنیا بۆخۆیان لەسەر بابەتەکە کار دەکەن. دواتر بە شـێوەی پلێنۆم لە دەوری یەک کۆ دەبنەوەو پێکەوە باسو گفتوگۆ دەکەن. چالاکی‌یەکە زۆرتر سرنج ڕاکێشتر دەبێ ئەگەر قوتابی‌یەکان لە پێشدا خۆیانی بۆ ئامادە بکەن. واتە وێنە یان بابەت یان

وتارێک لەسەر ئەو کەسە لەگەڵ خۆیان بێنن کە بە سەرمەشقو ئیدۆلی دەزانن. کات: ٤٥ خولەک

پێداویستی: قەڵەمو کاغەز، ژوورێکی گەورە.

ئامادەکاریی پێشوەخت: کاغەز یان وەرەقەیەکی گەورە کە کرابێتە دوو بەش. لەلایەک نووسرابێ "زۆرترین حەزم لێیەتی"، لە لایەکەی تریش نووسرابێ "کەمترین حەزم لێیەتی".

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ مامۆستا داوا لە قوتابی‌یەکان دەکا پێش ئەوەی ئیدۆلی خۆیان هەڵبژێرن، چاک بیری لێ بکەنەوە. ئەو کەسەی کە ئەوان وەک قارەمان، ئیدۆڵو سەرمەشقو سەرچاوەی ئیلهام هەڵیدەبژێرن، دەکرێ کەسایەتی‌یەکی مێژووی بێ، دەکرێ کەسێکیش بێ کە ئێستا لە حاڵی ژیان دایە. پێویست ناکا ئەو کەسە حەتمەن بەناوبانگو ناسراو بێ. گرنگ ئەوەیە کەسێک بێ قوتابی‌یەکان وەک سەرمەشق تەماشای بکەن. بەشدارانی کۆرسەکە ناوی ئیدۆلەکەیان وەک سەردێڕی بابەتەکە لە وەرقەیەک دەنووسنو پاشان بە کورتی ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە چ تایبەتمەندی‌یەکیان لەو قارەمانەدا لا پەسندە. قوتابی‌یەکان ناوی خۆیان لەسەر کاغەزەکە نانووسن. دواتر هەموو وەرەقەکان بە دیوارەکانی پۆلەکەدا هەڵدەواسرێن. (١٠ خولەک).

٢ـ دوای هەڵواسرانی کاغەزەکان بە دیواری پۆلەکەوە، قوتابی‌یەکان دەچن دەیانخوێننەوە. (١٠ تا ١٥ خولەک).

هەر قوتابی‌یەک بۆخۆی بێ ئەوەی بە کەس بڵێ ناوی ئەو ئیدۆلە کە لە هەموان زیاتر حەزی لێ‌یەتی‌و ناوی ئەو ئیدۆلەش کە کەمترین حەزی لێ دەکا لەسەر وەرەقەیەکی بچکۆڵە لای خۆی دەنووسێ، کە تەواو بوون دەچن ئەو ناوانە لەسەر ئەو وەرەقە گەورە تۆمار دەکەن کە پێشتر مامۆستا لە پۆلەکەدا هەڵیواسیوە. ناوی ئەو کەسەی کە زۆریان لا پەسندە لەو ستوونەدا کە بۆ ئەو مەبەستە دانراوەو ناوی ئەوشتە کە کەمتر پەسندی دەکەن لە ستوونەکەی دیکەدا دەنووسن.

## بۆ لێدوان:

* حەزت لەو ڕاهێنانە بوو؟ بۆچی پێت خۆش بوو؟
* ئایا پاش ئاشنا بوون لەگەڵ ئیدۆلەکانی قوتابی‌یەکانی تر، کەسانی وا هەبوون ئیدۆلی خۆیان بگۆڕن؟
* کام لەو ئیدۆلانە لەوانی تر کەمتر جێگای پەسند بوو؟ ئەو کەسانەی ئەویان هەڵبژاردبوو چ هەستێکیان هەیە؟
* کام ئیدۆل لەوانی تر زیاتر جێگای پەسندە؟ ئەوانەی ئەویان هەڵبژاردوە چ هەستێکیان هەیە؟
* ئایا ئیدۆڵو سەرمەشقی وا هەبوون کە پێشتر ناوتان نەبیستبن؟ چ هەستێکت هەبوو کە دەتدی

کەس ناوی قارەمانەکەی تۆی نەبیستوە؟

* ئایا خاڵی هاوبەش لە نێوان ئەو کەسانەدا هەبوو کە وەک مۆدێلو قارەمان دەست نیشان کرابوون؟ ئایا ئیدۆڵەکان زۆرتر پیاو بوون یا ژن؟ ئایا ئەو ئیدۆڵانە نوێنەرایەتیی کەمایەتی‌یەکانیان یان نوێنەرایەتی زۆرایەتی‌یان لە کۆمەڵدا دەکرد؟

* ئایا لە نێو ئەو ئیدۆڵانە کەسانێک هەبوون کە ئیدۆلی هاوچەرخ بوون؟ یا کەسانێک بوون کە لە ڕابردوودا ژیابوون؟ ئایا ئەو ئیدۆڵانە بەجۆرێک ئاڵوگۆڕەکانی نێو کۆمەڵ نیشان دەدەن؟

* ئایا هەڵبژاردنی ئەو ئیدۆڵانە لە ژێر کاریگەریی ئەو نۆرمو بایەخانە دایە کە کۆمەڵگای سەرەکی برەویان پێ دەدا یان لە ژێر کاریگەریی ئەو نۆرمانە دایە کە کەمایەتی‌یەکان لە کۆمەڵدا بایەخیان بۆ دادەنێن؟

* ئایا قوتابخانەو مێدیاکان لە هەڵبژاردنی ئیدۆڵو قارەمانەکان‌دا شوێنەواریان لەسەر ئێمە هەیە؟

* ئایا ئیدۆڵو قارەمانەکانی سەربە بەکەمایەتی پێویستە لە کۆمەڵدا دەرکەونو بدرەوشێنەوە؟ چۆن کارێکی ئاوا دەکرێ؟

## فێربووین کە:

گرنگە باس لە ئیدۆڵو قارەمانو سەرمەشقەکانی خۆمان بکەین. لەوەش زیاتر پێویستە باس لەوەش بکەین کە بۆچی ئەوان بۆ ئێمە گرنگو پڕبایەخن. قارەمانەکان، سەرمەشقەکان، ئیدۆڵەکان ئەو کەسانەن کە نوێنەرایەتیی ئەو نرخو بایەخانە دەکەن کە بۆ ئێمە گرنگن. ئەو نرخو بایەخو سیمبولانەی لە ڕێگای قوتابخانەو کۆمەڵگاو لە ڕێگای مێدیاکانەوە لە زەینو بیری ئێمەدا جێ دەگرن.

ئەو کەسەی بۆ منو تۆ سەرمەشقو ئیدۆلە ڕەنگە بۆ کەسێکی دیکە ئەوە نەبێ. هەر گەلو نەتەوەیەک ئیدۆڵو قارەمانی خۆی هەن کە لە ڕێگای قوتابخانەو بە کۆمەڵایەتی بوونەوەو لە ڕێگای مێدیاکانەوە لەگەڵیان ئاشنا دەبین. هەندێک جار ئەوان بۆ ئێمە دەبنە سەرمەشقو مۆدێلو ئەو نرخو بایەخە کولتووری‌یانە بەیان دەکەن کە بۆ ئێمە گرنگو پڕبایەخن. کە واتە قارەمانەکانمان، ئیدۆلەکانمان، مۆدێلەکانمان بە جۆرێک نوێنەرایەتیی نۆرمو پرسو بەها کولتووری‌یەکانی ئێمە دەکەن. هەر بۆیە چاوەڕوانیمان وایە کە قارەمانەکانی ئێمە لەلایەن خەڵکانی دیکەشەوە ڕێزیان لێ بگیردرێ. خۆت لە جێگای قوتابی‌یەک دابنێ کە پێشینەی کولتوورێکی دیکەی هەیەو لەو وڵاتەدا لە هیچ جێ‌یەک باسێک لەو قارەمانانە ناکرێ کە لە وڵاتی ئەو بۆ ئەو و بۆ خەڵک قارەمانن. ئایا ناخۆش نیە کەس ڕێزو نرخێک بۆ قارەمانەکانی تۆ، ئیدۆلەکانی تۆ، سەرمەشقەکانی تۆ دانانێ؟ لەلایەکی دیکەشەوە پێویستە بزانن کە لە ڕێگای ناسینو ئاشنا بوون لەگەڵ ئیدۆڵو قارەمانی کەسانو گەلانی تر، لەگەڵ کولتوورو بایەخو نۆرمو بەهاکانی ئەوان ئاشنا دەبین.

**بۆ فێربوونی زیاتر:**
بەشدارانی کۆرسەکە بەسەر چەند گروپدا دابەش دەکەین. هەر گروپەی کەسێک وەک مۆدێلو قارەمان دەناسێنن کە کەمتر ناسراوە. ئەوان وەختێکی زۆریان دەدرێتێ تا زانیاری لەسەر ئەو کەسە کۆکەنەوەو پاشان بەشێوەیەکی زۆر جوانو سرنجڕاکیش بە بەشدارانی دیکەی کۆرسەکەی دەناسێنن.

## کاریگەریی ڕاگەیەنەگشتی‌یەکان لەسەر ڕەفتارو هەڵسوکەوتی خەڵک

**بابەت:** ڕۆڵی مێدیاکان لە دروست کردنی بیرکردنەوەی چەندپاتەکراو و بڕیاردانی بێ‌جێو پێشوەخت لە نێو خەڵکدا.

**ئامانج:** ڕوونکردنەوەی نەخشی مێدیا لە دروست کردنی بیرکردنەوەی چەندپاتەکراو لە نێو خەڵکو شوێن دانان لەسەر ڕەفتارو کارو کردەوەکانیان.

زۆربەی خەڵک لە ڕێگای مێدیاکانەوە زانیارییان لەسەر دنیاو ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆیان پێ دەگات. واتە ئەوە ڕۆژنامەکان، ڕادیۆکان، تەلەفزیۆنەکان، ڕۆژنامەنووسو هەواڵدەرو وێنەگرەکانن کە واقعییەتەکانمان بۆ وێنا دەکەن. لەبەر ئەوە ئەوانەی کە ئەو بابەتانە هەڵدەبژێرن کە دەبنە ئەجێندای ڕۆژ، نفووزو دەسەڵاتیان لەسەر ئێمەش هەیە. ئەو شتانەی دەیانبینین، گوێمان لێیان دەبێ یان دەیانخوێنینەوە، شکڵ بە دنیای ڕوانینو تێگەیشتنی ئێمە لە واقعییەتەکان دەدەن. یانی کاریگەریو شوێنەوار لەسەر هەڵسوکەوتو ڕەفتارو کارو کردەوەکانمان دادەنێن.

فەروخ یەلماز، ڕۆژنامەنووسی دانمارکیتورکی لە ساڵی ١٩٩٦دا لەگەڵ هاوکارێکی خۆی دەچنە تورکیە. ئەوان دەچنە شارێکی توریستی، دەچنە نێو شارو سەردانی بازاڕێک دەکەن کە لەوێدا ژنان بە جلوبەرگی سوننەتی‌یەوە خەریکی فرۆشتنی کەلوپەلن. ئەو وێنەگرە دەست دەکا بە وێنەگرتنی ئەو ژنانە کە بە جلی سوننەتی‌یەوە لە بازاڕەکەدا شت دەفرۆشن. یەک وێنەش لەو ژنانە کە بە جلوبەرگی مۆدێرنەوە لەو بازاڕەدا دێنو دەچن هەڵناگرێ. ئەوە لە کاتێک دایە کە ژمارەی ئەوان لەو ژنانە کەمترە کە بە جلوبەرگی سوننەتی‌یەوە لە بازاڕەکە دان. دواتر کە یەلماز لە هاوکارەکەی دەپرسێ بۆ چی تەنیا وێنەی ئەو ژنانەت هەڵگرتووە کە بە جلوبەرگی سوننەتی‌یەوە لە بازاڕەکەدان؟ لە وەڵامدا هاوکارەکەی پێی دەڵێ: بۆ ئەوەی بزانرێ کە وێنەکان لە تورکیە گیراون. ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخا کە چۆن مێدیاکانو ڕاگەیەنە گشتی‌یەکان دەتوانن باندۆڕیان لەسەر شکڵ پێدانی حەقیقەتەکاندا هەبێ. ٦٢

**چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:**
ئەم ڕاهێنانە کارێکی زۆری دەوێ، بەشدارانی کۆرسەکە پێویستە بۆ ماوەی هەفتەیەک لەسەر

بابەتەکە کارو لێکۆڵینەوەیەکی جیددی بکەن‌و پاشـــان بەشـــێوەی پلێنۆم پێشکەشی بکەن. لێرەدا ڕووناکایی زۆرتر خراوەتە ســـەر کەســـانی ئاوارەو پەنابەرو موهاجیر. بۆیە ڕەنگە لە پەیوەندی لەگەڵ گروپەکانی دیکەدا وەک ژنان، هۆمۆفیلەکان، موســـوڵمانەکان، بەهاییەکان، مەسیحی‌یەکان‌و هتد زۆر گونجاو نەبێ.

**کات:** بەشی یەکەم یەک حەوتوو. بەشی دووهەم: ٢.٥ کاتژمێر.

**پێداویستی:** بەشی یەکەم: قەڵەمو کاغەزی گەورەو تووش بۆ نووسین، ماتریاڵی پێویست بۆ وەرگرتنی زانیاری وەک ڕۆژنامە، گۆڤار، تەلەفزیۆن، ئیتەرنێت‌و هتد. دەکرێ تەنیا لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان کەڵک وەرگرین.

## چۆنیەتیی پیادە کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ کۆکردنـــەوەی زانیاری. قوتابی‌یەکان بەســـەر چەند گروپدا دابـــەش دەبن. هەرکام لەو گروپانە تێدەکۆشـــن زانیاری سەبارەت بە چۆنیەتیی نیشـــاندانی ئاوارەو پەنابەرو موهاجیرەکان لە ڕاگەیەنە گشـــتی‌یەکانی کۆ کەنەوە. مامۆســـتا دەتوانێ خۆی بڕیار بدا کە قوتابی‌یەکان لە کاری خۆیان‌دا لە یەک مێدیا یان چەند مێدیا کەڵک وەرگرن. بۆ نموونە یەک ڕۆژنامە یان یەک تەلەفزیۆن یا زۆرتر. هەروەها وا باشە لە هەموو ڕۆژنامەکان بە ڕوانگەی سیاسیی جۆراوجۆریانەوە کەڵک وەرگرن. ڕاست، چەپ، لیبراڵ‌و هتد.

## ئەو پرسیارانەی دەکرێ کاریان لەسەر بکرێ ئەمانەن:

* چ زمانێک بەکار دەبەن؟
* چۆن قسە لەسەر ئاوارەو پەنابەرەکان دەکەن؟
* ئایا بۆ وێنا کردنی ئەوان‌و خەڵکانی نۆرویژی لە یەک زمان‌و شێواز کەڵک وەردەگرن؟
* لە پەیوەندی لەگەڵ چ باس‌و بابەتێک ناوی ئاوارەو پەنابەران دەبەن؟
* ئایا ئەو مەسەلانەی لە پەیوەندی لەگەڵ ئاوارەو پەنابەران‌دا باسیان دەکەن ئەرێنین یان نیگەتیڤن؟
* چـــۆن ئەو بابەتانە ڕووماڵ دەکرێن‌و بەدواداچاوونیان بۆ دەکرێ؟ لە چ وێنەیەک کەڵک وەردەگرن؟ لە چ شوێنێکی ڕۆژنامەکان‌دا لە کام لاپەڕەدا ئەو بابەتانە بڵاو دەکەنەوە کە پەیوەندی‌یان بە ئاوارەو پەنابەرانەوە هەیە؟
* ئایا مێدیاکان بە شێوەیەکی گشتی ئاوارەکان‌و پەنابەران‌و موهاجیرەکان وێنا دەکەن؟
* چۆن لە مێدیاکان‌دا باسی دین‌و مەزهەبی ئاوارەو پەنابەرو موهاجیرەکان دەکرێ؟
* ئایا نموونەی وا لە مێدیاکان‌دا هەیە کە تەبعیزو هەڵاواردن لەگەڵ ئاوارەو پەنابەرەکان بکرێ ؟
* ئاخـــۆ نموونەی وا هەیـــە کە مێدیاکان بڕیاری بێجێ بدەن و بیری کلیشـــەیی لەســـەر ئاوارەو

پەنابەرەکان لە نێو خەڵکدا بڵاو بکەنەوە؟

### قۆناخی دووهەم:

قوتابی‌یەکان بە شێوەی پلێنۆم ئاکامی باسو لێکۆڵینەوەکانیان پێشکەش دەکەن. (٢٠ خولەک).

٢ـ کاتێک هەموو گروپەکان باسەکانی خۆیان پێشکەش کرد، مامۆستا بە کورتی دەرەنجامی باسەکان رادەگەیەنێ. مامۆستا لە سەرەتادا ئەو شتانەی کە لەنێوان هەموو گروپەکان‌دا هاوبەشن باس دەکا ، پاشان ئەو شتانەی جیاوازن دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

### بۆ لێدوان:

* ئایا دەتوانین بڵێین کە مێدیاکانی ئەم وڵاتە بە شێوەیەکی گشتی چۆن باسی خەڵکی ئاوارەو پەنابەرو موهاجیر دەکەن؟

* ئایا ڕۆژنامەنووسەکان لە باسەکانی خۆیان‌دا لەسەر ئاوارەکان، پشت بە فاکتو زانیاریی واقعی یان بە قسەو باسو بڕیاردان و بیرکردنەوە کلیشەیی‌یەکان دەبەستن؟

* ئایا چۆنیەتی ئەو زانیاری‌یانە چۆنە کە ئێوە لە لێکۆڵینەوەکەتان‌دا دەستتان کەوتووە؟ ئایا نموونەی واتان دۆزیەوە کە لەوان‌دا ڕۆژنامەکان بایەخی ئینسانیو کەرامەتی ئینسانیی ئاوارەو پەنابەرو موهاجیرەکانیان بە هێند گرتبێ؟ یان بە جۆرێک باسیان کردبن کە لەگەڵ بێلایەنیو ئەخلاقی ڕۆژنامەوانی یەک نەگرێتەوە؟

* ئایا نموونەی واتان دۆزیەوە کە ڕۆژنامەنووسەکان لە باسو بابەتەکانی خۆیان‌دا کەڵکیان لە بریاردانی بێ‌بەڵگەو بیرکردنەوەی کلیشەییو ئیدیعای بێجێ وەرگرتبێ؟

* ئایا لە ڕۆژنامەکان‌دا مەیلێکی ئاوا دەبینرێ کە لە پەیوەندی لەگەڵ کێشە جۆراوجۆرەکان‌دا گروپێکی تایبەتی بە تاوانبار بناسرێ؟ ئایا نموونەیەکمان لە "تاوان"ێکی لەو چەشنە هەیە؟

* زۆربەی ئاوارەو پەنابەرو موهاجیرەکان دەڵێن ئەوان ڕۆژ نیە بەجۆرێک لەسەرخۆیان لە ڕۆژنامەکان‌دا بابەتو مەتڵەبی جۆراوجۆر نەخوێننەوە. لەو بارەوە بۆخۆت نموونەیەکت پێ شک دێ؟

میدیاکانی ئەم وڵاتە کاتێک هەواڵی کردەوەیەکی ناحەز یان جینایەتکارانە بڵاو دەکەنەوە، ئەگەر لە لایەن کەسێکی غەیرە نۆرویژی‌یەوە ئەنجام درابێ پێشینەی کولتووری ئەو کەسەش بەبێ ئەوەی کە هیچ پەیوەندی‌یەکی بە باسەکەوە هەبێ، دەسنیشان دەکەن. کە چی ئەگەر هەمان کاری ناحەزو ناڕەوا لە هەمان هەلومەرجدا لەلایەن کەسێکی نۆرویژی‌یەوە ئەنجام بدرێ، باسێک لە پێشینەی ئیتنیکی ئەو کەسە ناکەن. ئایا پێت وا نیە ئەو جۆرە ڕووماڵ کردنەی هەواڵەکان، وێنەیەکی تەواو نادروست لە ئاوارەکانو موهاجیرەکان لە بیرو ڕای گشتیی نۆرویژدا دروست دەکا؟

**فێربووین کە:**

ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ پێ بزانین یان نا، بمانەوێ یان نا، مێدیاکان کاریگەرییان لەسەر ئێمە هەیە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە مێدیاکان بتوانن بڕیاردانی بێجێو بیرکردنەوە کلیشەییەکان لە نێو کۆمەڵ دروســـت بکەنو پەرەیان پێ بدەن. هەر بۆیە کاتێک ڕۆژنامەکان دەخوێنینەوە، یان گوێ لە ڕادیۆو تەلەفزیۆن دەگرین، نابێ بڕوا بە هەموو شـــتێک بکەین. لەوەش زیاتر پێویســـتە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە ئەو باسو بابەتو ڕیپۆرتاژو وتارانە هەڵســـەنگێنین کـــە لە مێدیاکاندا بڵاو دەبنەوە. چونکە ڕۆژنامەکان هەموو بابەتێک بە شێوەیەکی سەربەخۆو بێلایەن باس ناکەن. زۆر جار لایەنگری دەکەنو لە ڕوانگەو پێرسپێکتیڤی ڕۆژنامەنووسەکانەوە دیاردەو ڕووداوەکان دەبینن. هەر بۆیە وا باشە بۆ وەرگرتنی زانیاریو هەواڵو ڕیپۆرتاژ لەسەر دنیاو ڕووداوەکانی دەوروبەرمان لە کاناڵی جۆراوجۆرو ناتەبا لەگەڵ یەکتر کەڵک وەرگرین. تەنیا لەم ڕێگایەوە دەتوانین وێنەیەکی تا ڕادەیەک دروستمان لە حەقیقەتەکان وەدەست کەوێ.

**بۆ فێر بوونی زۆرتر:**

قوتابییەکان دەتوانن گروپێک بۆ چاوەدێری کردنی مێدیاکان دروست کەن کە کاریان ئەوە بێ مێدیا جۆراوجۆرەکان بخەنە ژێر چاوەدێری تا بزانن چۆنو بە چ شـــێوەیەک هەواڵو ڕاپۆرت لەسەر ئاوارەو موهاجیـــرەکان یا هەر گروپێکی دیکە لە کۆمەڵدا بڵاو دەکەنەوە. بۆ ئەوەی بزانن کە ئاخۆ مێدیاکان لـــە باسو بابەتەکانی خۆیاندا پشـــت بە زانیاریی واقعیو بەڵگـــەو دۆکۆمێنت یا بە بڕیاردانی بێجێو بیرکردنەوە کلیشەییەکان دەبەستن. ئایا جیاوازیدانانو هەڵاواردن لەگەڵ پەنابەرو ئاوارەکان دەکەن.

دوای ماوەیـــەک دەتوانـــن ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانیان بە شـــێوەی وتارێـــک لە یەکێک لە ڕۆژنامـــەکاندا بڵاو کەنەوە یـــا دەکرێ بۆ ماوەیەک ڕۆژنامەیەکی ناوچەیـــی بخرێتە ژێر چاوەدێری کـــە ئاخۆ لە پەیوەندی لەگـــەڵ ئاوارەو موهاجیرەکاندا چی بڵاو دەکاتـــەوە؟ ئایا تەنیا باسو بابەتە نیگەتیڤەکان ڕووماڵ دەکا یان ڕووداوە ئەرێنییەکانیش نیشـــان دەدا؟ کاتێک قوتابییەکان لەو بارەوە بە ئاکامێکی دیاریکراو دەگەن، دەتوانن پەیوەندی بە سەرنووســـەری ڕۆژنامەکەوە بگرنو لەو بارەوە ڕوانگەو بۆچوونەکانی خۆیانی لەگەڵ باس کەن.

**بۆ فێربوونی زۆرتر:**

پێتـــان وایە خاوەن ئیمتیازو سەرنووســـەری ڕۆژنامەیەک تا چ ڕادەیەک دەتوانێ شـــوێن لەســـەر نێوەرۆکـــی ئەو باسو بابەتانە دانێ کـــە لە ڕۆژنامەیەکدا بڵاو دەکرێنـــەوە؟ ئایا پێوەندیو نزیکیی ڕۆژنامەیەک لە حیزبێکی سیاســـی چەندە کاریگەریی لەســـەر نێوەرۆکـــی بابەتە بڵاوکراوەکانی نێو لاپەڕەکانی ڕۆژنامەیەک هەیە؟ لەو بارەوە یاساو ڕێساکانی ڕۆژنامەوانی دەڵێن چی؟ بنچینە ئەخلاقیو

ئیتیکی‌یەکانی کاری ڕۆژنامەوانی چن؟ پرنسیپە نێونەتەوەییەکانی ڕۆژنامەگەرییەکی پرۆفیشنالْو بێلایەن‌و سەربەخۆ کامانەن؟ مامۆستا دەتوانێ بە هاوکاریی قوتابی‌یەکان کار لەسەر دۆزینەوەی ئەم پرسیارانە بکات.

## گوێگرتن لە بەسەرهاتی خەڵکانی تر

**بابەت:** تێگەیشتن لە کەسانی دیکەو هاودەردی نیشان دان لەگەڵیان.

**ئامانج:** فێربوونی ئەوەی کە مرۆڤەکان بە شێوەی جۆراوجۆر دیاردەکان دەبینن‌و لێکیان دەدەنەوە. کولتوورو ناسنامەو قازانجو بەرژەوەندی‌و ئەو ژینگەی کە تێیدا دەژین، شوێنەواریان لەسەر ئەوە هەیە کە چۆن حەقیقەتی مەسەلەکان دەبینن. کاتێک منالێک‌و جووتیارێک پێکەوە چاویان بە کوژران‌و بەربوونەوەی بالْدارێک لەلایەن ڕاوکەرێکەوە لە باخچەی جووتیارەکەدا دەکەوێ ڕووداوەکە وەک یەک نابینن. حەقیقیەت زۆر سیماو روخساری هەن‌و بە زۆر شێوە لێک دەدرێنەوە، هەر بۆیە تێگەیشتنی جۆراوجۆریش لە حەقیقەت هەیە.

## چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

مامۆستا حکایەتێک، داستانێک، ئەفسانەیەک بۆ قوتابیەکان دەخوێنێتەوە. ئەو داستانە وەک سەرچاوەیەک بۆ باس‌و گفتوگۆی دواتر بە شێوەی تیبگەین ی پلێنۆم کەڵکی لێوەردەگیرێ. واتە مامۆستا داستانەکە دەخوێنێتەوەو قوتابی‌یەکانیش لە پلێنۆمدا باس‌و گفتوگۆی لەسەر دەکەن.

**کات:** یەک کاتژمێر.

**پێداویستی:** ژوورێکی گەورە. داستانی گورگ‌و کراسی سوور.

## جێبەجێ کردنی داستانەکە؟

١ـ مامۆستا داستانەکە دەخوێنێتەوەو دواتر قوتابی‌یەکان لە پلێنۆمدا باس‌و گفتوگۆی لەسەر دەکەن.

## بۆ لێدوان:

* داستانەکەتان پێ چۆنە؟
* ئایا بیرۆکەی تازەتان بۆ هاتنە پێش کە پێشتر لەو بارەوە بەبیرتان دا نەهاتبوو؟ بۆ چی؟
* ئەگەر هەولْدەین لایەنە جۆراوجۆرەکانی وەزعێک یا مەسەلەیەک ببینین چ قازانجێکی هەیە؟
* لەو بارودۆخانەدا کە خەڵکانی جۆراوجۆر دەبینن‌و تەنیا جۆرێک تێگەیشتنی یەکلایەنەمان لە بارودۆخەکان هەیە، تووشی کێشە دەبین؟ لەبەرچی؟
* ئایا ئەگەر خۆمان لە جێی کەسانی دیکە دانێین، لە گۆشەنیگای کەسانی دیکەوە سەیری

مەسەلەکان بکەین؟ حەقیقیەتی شتەکان باشتر نابینین؟ ئایا ئەوە کە لە گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە مەسەلەکان تەماشا کەین، زیرەکترمان ناکات؟

**فێربووین کە:**

مرۆڤــەکان ڕووداوەکانو هەلومەرجەکان بە شــێوەی جۆراوجۆر دەبینن. ئەمەش جاری وایە دەبێتە هۆی ســەرهەڵدانی کێشەو گیروگرفتو لێکتێنەگەیشتن، یان خراپ لێکتێگەیشتن. ئەوە شتێکە کە پێویستە بیزانینو ئاگاداری بین. هەر بۆیە وا باشە هەوڵ بدەین ڕووداوەکانو دیاردەکان لە ڕوانگەی کەســانی دیکەشــەوە ســەیر بکەین. تەنیا لە وەزعێکی ئاوا دایە کە دەتوانین باشتر لە مەسەلەکان حاڵی بین.

**داستانی گورگو کراسی سوور.**

ئەم جارە گورگەکە داستانەکە دەگێڕێتەوە

ـ من لە جەنگەڵدا دەژیام. لەبەر ئەوەی جەنگەڵ زێدو ماڵی منە هەمیشە هەوڵم دەدا کە سروشتی شوێنی ژیانم جوانو خاوێن ڕاگرم. ڕۆژێکی زۆر خۆش کاتێک خەریک بووم زبڵو پاشماوەکانی ئەو ئینسانانەم کۆ دەکردەوە کە بۆ سەیران هاتبوونە ئەوێو ئەو ناوەیان پیس کردبوو، گوێم لە دەنگێکی ســەیر بوو. خۆم لە پشــتی دارێکدا حەشــار داو دەنگو هەســتم لە خۆم بڕینو چاوەڕێ مامەوە. کچێکی چکۆلە بوو کە سەبەتەیەکی بەدەستەوە بووو بەرەو لای من دەهات. ئەو جلوبەرگێکی سوورو ســەیری لەبەردابوو. هەر بۆیە من دەســبەجێ لێی وەگومان کەوتم. کڵاوێکی سووری لەسەرنابوو، دەموچاویشی بە پەڕۆیەک داپۆشیبوو. دەتگوت بۆیە وای لەخۆ کردوە کە خەڵک نەیناسنەوە. ئەمن دەزانــم کە مرۆڤ نابێ تەنیا دەموچاو بکاتە پێوانەی قەزاوەت کردن لەســەر خەڵک، بەڵام چونکە ئەو لەو جەنگەڵەدا کە ماڵی من بوو میوان بوو، هەســتم بەوە کرد کە ئەوە مافی خۆمە لەســەر وی زۆرتر بزانم. بۆیە لە حەشارگەکەم هاتمە دەرو بەرەولای چوومو لەسەر بەردێک ڕامگرت. لێم پرسی ئەتۆ کێی؟ لە کوێوە هاتووی؟ هەندێک پرســیاری دیکەش لەو جۆرە پرسیارانەی کە مرۆڤ کاتێک بۆ یەکەم جار یەکتر دەبینێ دەیانپرســێ. بە شــێوەیەکی زۆر ناحەز وەڵامی دامەوە کە "من حەقم نیە قســە لەگەڵ کەسانی نائاشناو بێگانان بکەم! تەماشــای چۆن قسە دەکات! ئەویش لەگەڵ من. ئاخر ئەگەر ئێرە زێدی بابو باپیرانی با دیســان قســەیەک بوو. دوایە بەرەبەرە بە ڕێزو حورمەتێکی زۆرترەوە قسەی لەسەر خۆی کرد. دایە گەورەی نەخۆش بوو، ئەو دەچووە لای نەنکی تا خواردنی بۆ بەرێ. پاش کەمێک بڕوام پێکرد کە ئەو ڕاست دەڵێ، بەڵام بەو حاڵەش پێم وابوو کە ئەو دەبێ فێر بێ ئاگای لەدەمی خۆی بێو جوانو بەڕێزەوە قســان بکاتو بەو شێوە و بەو جۆرە جلانەوە بەڕێگادا نــەڕوا. ڕێگامدا بڕوا. پاش ماوەیەک بیرکردنەوە بڕیارمدا کە بە ڕێگایەکی کورتدا بڕۆمە ســەردانی

نەنکی. کە چووم ژنێکی دەم بە پێکەنین‌و بەساڵاچووم بینی. بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە. ئەو لەگەڵ من هاوڕابوو کە نەوەکەی دەبوایە بە شێوەیەکی جوان‌و ژیرانە و بە حورمەتەوە هەڵسوکەوتی کردبا. بەتایبەت نەدەبا لەگەڵ خەڵکی نائاشنا بێ ئەدەبانە بجووڵێتەوە. بۆیە ساخ بووینەوە کە پەندی دادەین. داوام لە پیرێژن کرد کە ئەمن بچمە سەر جێگاکەی‌و لەسەر تەختەکەی وی ڕاکشێم. ئەویش خۆی لە ژێرەوە بشارێتەوەو تا بانگی نەکەم نەیەتە دەرەوە.

کاتێک کچەکە لە دەرگای‌دا داوام لێکرد کە بێتە ژوورەوە بۆ شوێنی نووستنی دایەگەورە. من جلوبەرگی دایە گەورەم لەبەر کردبوون، چوومە نێو جێگاکەو وام خۆ نیشان‌دا کە نەنکی ئەوم. بەڵام پێش ئەوەی دەرفەتی قسە کردنم بداتێ، دەستی کرد بە قسەی سووک‌و جوێن پێم. باسی گوێچکەکانی منی دەکردن‌و پرسی کە بۆچی هێندە گەورەن! من زۆر تووڕە بووم. ئاخر ئەو پێشتریش جارێک زۆری تووڕە کردبووم‌و جوێنی پێ دابووم. بەو حاڵەش هەوڵم‌دا کە وەڵامی بدەمەوە. پێم وت گوێچکەکانم یارمەتییم دەدەن تا باشتر ببیستم. دەزانن مەبەستم لەو قسە چ بوو؟ دەمەویست حاڵیی کەم کە پێویستە گوێ لە ئامۆژگاری‌یەکانم بگرێ. واتە پێویستە بەئەدەب‌و ڕێزەوە لەگەڵ کەسانی دیکە ڕەفتار بکا. لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا پێویستە ئاگای لە قسەکانی بێ. پێتان وایە ئەو بە قسەی کردم؟ گوێی دایە ئامۆژگاری‌یەکانم؟ نەخێر. ئەو درێژەی بە ڕەفتاری خۆی دا. پاشان دەستی کرد بە باس کردنی چاوە گەورەکانم. باسی چاو منی دەکرد. ئێوە خۆتان لە جێی من دانێن بزانن لەو کاتەدا من چ هەستێکم هەبووە. بەو حاڵەش دانم بەجەرگی خۆم داگرت‌و نەمهێشت ئەو قسەو ڕەفتارە ناحەزەی ئەو تووڕەم بکات. سەیر بوو هیچ سنوورێکی نەدەناسی. هەرچی بەسەر زاری‌دا دەهات دەیگوت‌و پێم گوت ئەو چاوە گەورانەم یارتمەتییم دەدەن کە ئەو باشتر ببینم. پێتان وایە ئەو وازی هێنا؟ نەخێر درێژەی بە ڕەفتاری خۆی‌داو قسەی زۆر ناحەزی کردن. ئاخر ئێوە دەزانن کە من ددانی زۆر گەورەشم هەن. ئەو وەزعە بۆ من زۆر سەخت‌و دژوار بوو. ئەو کچە ئەو جار پرسیاری سەبارەت بە ددانە گەورەکانی من دەکرد. دەتگوت هیچ کاری دیکەی نیە. ئەمن دەزانم کە دەبوایە دان بەخۆم دابگرم، بەڵام لەپڕ لە جێ‌یەکەی خۆم ڕاپەڕیم‌و ڕووم تێکرد کە ددانە گەورەکانم یارمەتیم دەدەن کە بە ئاسانی ئەتۆ بکەمە یەک پاروو.

لەو شوێنە لە بەسەرهاتەکەدا پێم لەسەر ئەوە داگرت کە هیچ گورگێک حەز ناکا کچێکی بچکۆڵە بخوات. کاتێک کچەکە منی دیت بە ژوورەکەدا دەستی بە ڕاکردن‌و هاتوهاوار کرد. منیش وەدوای کەوتم تا ئارامی کەمەوە. بەڵام لەو لەحزەدا گوێم لێ بوو دەرگا کرایەوە، پیاوێکی باڵابەرز هاتە ژووریَ کە تەورێکی تیژی بەدەستەوە بوو. ئەو پاسەوانی جەنگەڵ بوو. زانیم لە هەلومەرجێکی پڕمەترسی دام. پەنجەرەیەک لە پشتەوە بوو دەسبەجێ لە پەنجەرەکەوە خۆم فڕێ‌دا دەرەوە. دەزانم دایە پیرە قسەو داستانی من ناگێڕێتەوە. بەپێچەوانەشەوە من بە کەسێک دەناسێ کە بۆ ئەوە نابێ بڕواو متمانەی پێ بکرێ. ناشزانم دواتر کچە کراس سوورەکە پاش ئەو ڕۆژە چی بەسەر هات. بەڵام

یەک شـــت دەزانم: من لەو ڕۆژەوە تا ئێســـتا ئۆقرەو ئارامیم بەخۆمەوە نەدیوەو ژیانێکی زۆر ناخۆش بەسەر دەبەم.

## چۆن لە کولتوورەکانی تر تێدەگەین؟

**بابەت:** کولتوور ڕێلەتیفیزمو ئیتنۆسێنتریزم.

**ئامانج:** ئاشنا بوون لەگەڵ کولتوور ڕێلەتیفیزمو ئیتنۆسێنتریزم.

کاتێـــک پێمان وایە ڕوانگەو بۆچوون ڕێگاچارەو شـــێوە ژیانی ئێمە، پێوانـــەی بۆ ڕوانگەو بۆچوونو ڕێگاچارەو شـــێوە ژیانێکی نۆڕماڵو ئاســـایی، ئەوە دەبینە ئیتنۆسێنتریست. واتە خۆمان هێندە پێ بەرحەقە کە دەچینە ســـەر لووتکەی کێوی خۆ بە حەق زانی. واتە کولتووری خۆمان بە باشـــترین کولتوور دەزانین. لەوەش زیاتر کەســـێکی ئیتنوسێنتریست زۆریشی پێ سەیرە کە بۆچی خەڵکانی دیکە ئەو ڕاســـتی‌یە قبووڵ ناکەن کە کولتووری وی باشـــترین کولتوورە. نیسبیەتی فەرهەنگی واتە کولتوور ریلەتیڤیزم ڕاســـت بە پێچەوانەی ئیتنۆســـێنتریزمە. لەو پێرسپێکتیڤەوە هەموو شتێک بە جۆرێکی نســـبی دەبینرێت. ئەمە بـــەو مانایەیە کە نابێ کولتووری خۆمان وەک پێوانەی ڕاســـتیو دروســـتی کولتووری خەڵکانی تر تەماشـــا بکەین. بەڵکوو دەبێ هەر کولتوورە لە جێگای خۆیو لەو کۆنتێکســـتەدا ببینین کە تێی دایە. بەو مانایە کە هیچ شـــتێک موتڵەق نیە. لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر لەسەداســـەد بە چاویلکەی نیســـبەتی کولتوری بڕوانینە دیاردەو شتەکانی دەوروبەرمان، ئەو دەم تووشـــی بێتەفاوەتی دەبین. واتە وەک کەســـێکی بێ‌هەڵوێســـتو بێ‌تەفاوەت سەیری شتەکان دەکەین. لە حاڵەتێکی ئاوادا توانای هەڵســـەنگاندنی کولتـــوورەکان، بەگوێرەی چۆنیەتی، ئەخلاقو ڕادەی پێشکەوتنی ئەوان، لەدەست دەدەین.

لە خۆڕا نیە Øyvind Dahl دەڵێ:

"لە کردەوەدا ناتوانینو ئیمکانی ئەوەمان نیە کە لەسەداســـەد ئیتنۆسێنتریســـت یان لەسەداسە کولتوور ریلەتیڤیست بین". (Møte mellom Kulturer, 2004, s29)

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

چالاکی‌یەکە بە شێوەی کاری گرووپی دەست پێ دەکا سەرەنجام بە پلێنۆم کۆتایی دێ.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ مامۆستا قوتابی‌یەکان بەسەر چەند گروپ دا دابەش دەکا. هەر گروپە بە جیا تێدەکۆشن هەندێک شـــت دابو نەریت، نرخو بەها، خواردنو ... لە کولتـــوورە جۆراوجۆرەکان‌دا بدۆزنەوە کە لای ئەوان ســـەیرو سەمەرەو نائاشـــنا و نائاسایی دێنە بەرچاو. بۆ نموونە وەک: ژن و پیاو لە کاتی سڵاو کردندا

تۆقە ناکەن، بە دەستی نانی دەخۆن، قاچی بۆق و گوشتی بەراز دەخۆن. ژنان شاڵوار دەبەر ناکەن، کاتێک کەسانی بەتەمەن دێنە ژوور بۆ حورمەت نیشان دان دەبێ لەبەریان هەستن. ژنان پەچە دەبەستن و چارشێوە بەخۆدادەدەن. پیاو هاوکات دەتوانێ چەند ژنی هەبێ، ژنان بەتەنێ ناگەڕێن و لە کۆڕو کۆبوونەوەو جەژن‌و ڕێوڕەسمەکانیشدا دەبێ خزمەت بکەن و پیاوانیش دانیشن. هەرکام لە گرووپەکان هەوڵدەدەن لێکدانەوەی خۆیان بۆ ئەو چەشنە داب و نەریتانە هەبێ، بەو جۆرەی کە هەنە. (٣٠ خولەک)

٢ـ دواتر گروپەکان ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانیان لە پلێنۆمدا پێشکەش دەکەن. بەشداربووەکان دەرفەتی ئەوەیان پێ دەدرێ کە بە باس‌و گفتوگۆو پرسیارو تێبینی‌یەکانی خۆیان دەرسەکە دەوڵەمەندتر کەن.

٣ـ لە کۆتایی‌دا مامۆستا بەکورتی هەر دوو زاراوەی کولتوور ڕێلەتیڤیزم‌و ئیتنۆسێنتریزم بۆ قوتابیەکان شی دەکاتەوە.

### بۆ لێدوان:

* بۆچی بۆ هەندێک کەس هەندێک داب‌ونەریت نۆرماڵ‌و بۆ هەندێک کەسی تریش نۆرماڵ نین؟
* ئایا ئێمە بەگوێرەی پێشینەی کولتووریی خۆمانەوە دیاردەکان هەڵدەسەنگێنین؟ دەتوانین چی لەمە فێر بین؟
* ئایا قبووڵ کردنی هەندێک داب‌ونەریت لە هەندێک داب‌ونەریتی دیکە دژوارترە؟
* ئایا دروستە بە پێوانەی کولتووری خۆمان خەڵکان‌و کولتوورەکانی دیکە هەڵسەنگێنین؟
* چی لە کولتوری ئێمەدا هەیە کە بۆ خەڵکانی دیکە سەیرو نائاسایی بێتە بەرچاو؟
* دەبێ تا چ ڕادەیەک هەوڵ بدەین کە لە داب‌ونەریتەکانی خەڵکان‌و کولتوورەکانی دیکە تێبگەین؟
* ئایا دەتوانین دیاردەیەکی کولتووری کە بەپێچەوانەی مافەکانی مرۆڤ بێ قبووڵ بکەین؟

### فێربووین کە:

ئێمە خەڵکان‌و کولتورەکانی دیکە بەگوێرەی ئەو پێوانە کولتووریانە هەڵدەسەنگێنین کە خۆمان بۆ دەست نیشان کردنی چاک‌و خراپ‌و جیاکردنەوەی شتی ئاسایی‌و نائاسایی بەکاریان دێنین. پێویستە بزانین کە ئەو شتەی بۆ ئێمە وەک شتێکی غەیرە نۆڕماڵ دێتە بەرچاو، ڕەنگە لە پێشهاتە مێژوویی، جوغرافیایی، کولتووری‌و سروشتییەکانەوە سەرچاوە بگرێ. دەبێ ئەوەش بزانین شتێک کە بۆ ئێمە زۆر نۆرماڵ‌و ئاساییە، ڕەنگە بۆ خەڵکانی دیکە نائاسایی‌و سەیرو غەیرە نۆڕماڵ بێتە بەرچاو. تا شارەزایی لەسەر کولتوورو داب‌ونەریتە جۆراوجۆرەکان زیاتر پەیدا بکەین، پتر ڕێزو حورمەت بۆ کولتووری یەکتر دادەنێین. هەر بۆیە پێویستە لەسەرمان، جیاوازییە کولتووری‌و فەرهەنگییەکان

ســـەرەڕای ئەوەی کە ڕەنگە هەندێک نائاشنا بێنە بەرچاو، قبووڵ بکەین. پێویستە جارێکی دیکەش پێ لەســـەر ئەوە داگرین کە هەر دیاردەیەکی کولتووری کە پێچەوانەی مافو ئازادییەکانی مرۆڤ بێ نابێ قبووڵ بکرێ.

## چ وێنەیەکمان هەیە؟

کاتێک پیاوێکی ڕۆژئاوایی کە لە کولتووری شارستانیەتی ڕۆژئاوادا گەورە بووە، کاتێک ژنێکی موسوڵمان دەبینێ کە حیجابی هەیەو هەموو گیانی خۆی داپۆشیوە، دەست بەجێ بیری بۆ ئەوە دەچێ کە ئەو ژنە دەچەوسێتەوە، سەر بەخۆ نیە، لە ترسو خۆفدا دەژی. بەڵام پیاوێکی تر کە لە کولتووری ڕۆژهەڵاتیدا گەورە بووە. کاتێک ژنی ناوبراو دەبینێ دەسبەجێ پێی وایە کە ئەو کەسێکی بەڕێزو حورمەتەو ئابڕووی خۆیو بنەماڵەکەی دەپارێزێ. هەر بەو جۆرە پیاوێکی ڕۆژئاوایی کاتێک ژنێک دەبینێ کە بە شـــێوەی ڕۆژئاوایی جلوبەرگ لەبەر دەکا، بە کەسێکی ئازادو سەربەخۆو بە هێزی تەماشا دەکا. کەچی ئەو پیاوە ڕۆژهەلاتییە کە لە کولتوورێکی سوننەتیدا گەورە بووە، پێی وایە ژنی ناوبراو خۆویستە، زۆرتر خۆی بۆ گرنگە تا بنەماڵەکەیو لەو لاشەوە لە دەستان خۆشو ئاسانە و دڵی کەس ناشکێنێ.

## ئەستێرە دەبێتە هەڤاڵی ئەستێرە

**بابەت:** دروست بوونی گروپ ٢٢٢ـ٢٢٩

**ئامانج:** ئاشنا بوون لەگەڵ ئەو ڕاستییە کە مرۆڤەکان بە شێوەی جۆراوجۆر گروپ دروست دەکەن. هەندێک لەو گروپانە ئاسانتر خەڵک دەگرنەخۆ، هی واشیان تێدایە خەڵک هەڵداوێرن.

مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە. منداڵ بە تەنیاییو بەبێ پێ ڕاگەیشـــتنی گەورەکان، ناتوانێ بـــژی. ژیانی کۆمەڵایەتی هاوپەیوەندیی لە نێوان مرۆڤەکاندا دروســـت دەکا. ئەمەش دەبێتە هۆی دروســـت بوونی گروپـــی جۆراوجۆر لە هەموو کولتـــوورەکان دا. ئەم گروپســـازییە واقعییەتەکانی دەوروبەرمان بەشێوەیەکی ســـادەتر وێنا دەکا. چونکە لە ڕێگای هەندێک تایبەتمەندیی هاوبەشەوە کۆمەڵـــە خەڵکێک لێک کۆ دەکەنەوە. بەڵام ئەو گروپانە هەر لەو کاتەدا کە هەندێک کەس دەگرنە خۆ، هەندێک کەســـی تریش هەڵداوێرن. بۆیە ئەگەر ئەو پرۆســـەیە لەلایەک دەبێتە هۆی دروست بوونی هاوپەیوەندیی کۆمەڵایەتی، لەلایەکی دیکەوە دەبێتە هۆی جیاوازیدانانو لێک جیاکردنەوەی خەڵک. ئێمە گروپی جۆراوجۆرو سنووران بە دەوری خۆماندا دروست دەکەین. ئەمە دەتوانێ لە یەک کاتدا هەم ئەرێنی بێو هەم نیگەتیڤ، هەم چاک بەحیساب بێو هەم بە خراپ لە قەڵەم بدرێ.

## چۆنیەتیی جێبەجێ بوونی ڕاهێنانەکە:

ئەم ڕاهێنانە بەشـــێوەیەکی سرنجڕاکیش دەڕواتە پێش. بەشـــدارانی کۆرسەکە بەبێ ئەوەی خۆیان

بزانن لەنێو خۆیاندا بەرەبەرە گروپ دروست دەکەن.

**کات:** ٤٥ خولەک

**پێداویستی:** ژوورێکی گەورە، هەندێک سیمبولو ئەستێرەی ڕەنگاوڕەنگ کە بکرێ بەنێوچاوانی بەشداربووەکانیەوە بچەسپێنین.

### جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ بەشداربووانی کۆرسەکە لە نێوەڕاستی ژوورەکە ڕادەوەستن. مامۆستا داوایان لێ دەکا کە لە کاتی بەڕێوەبردنی چالاکییەکەدا حەقیان نیە بەیەکەوە قسە بکەن. مامۆستا ئەستێرەیەک لەنێوچاوانی هەرکام لە بەشداربووەکاندا دەچەسپێنێ، بەبێ ئەوەی خۆیان بزانن کە ئەستێرەکە چ جۆرو چ ڕەنگە. ئەستێرەکان چوار تا پینج ڕەنگی جۆراوجۆرن، هەندێک لە بەشداربووەکان ڕەنگی وەک یەک وەردەگرن. بەڵام یەک دوو کەسیان ئەستێرەکانیان بێوێنەن واتە تایبەت بە خۆیانو ئەوانی تر ئەو ڕەنگانەیان نین.

٢ـ پاش ئەوەی هەموویان ئەستێرەی خۆیان وەرگرت مامۆستا داوایان لێ دەکا پێکەوە بىنە گروپ گروپ. مامۆستا نابێ پێیان بڵێ کە چۆن ئەو کارە بکەن. بە شێوەیەکی ئاسایی پاش ماوەیەک بۆمان دەردەکەوێ کە بەشداربووەکانی کۆرسەکە بەگوێرەی ڕەنگی ئەستێرەکانی خۆیان، بەرەبەرە لە دەوری یەک کۆ دەبنەوەو گروپ دروست دەکەن. هەر چەند ئەوان ڕەنگی ئەو ئەستێرانە نازانن کە خۆیان هەیانە، بەڵام سەرەنجام یەکتر حاڵی دەکەن کە ئەوان دەتوانن ببنە یەک چونکە ئەستێرەی وەک یەکیان هەیە. ئەوانەی ئەستێرەکەیان شینە دەچنە لای یەک، ئەوانی ئەستێرەی سووریان هەن لە دەوری یەکتر کۆدەبنەوەو ئەوانی تریش هەر بەو جۆرە. ئەوانەش کە ڕەنگی ئەستێرەکەیان بێوێنەیەو تەنیا ئەوان هەیانە، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بەتەنیاو لە دەرەوەی گروپ دەمێننەوە.

### بۆ لێدوان:

* ئایا ڕاهێنانەکە دژوار بوو؟

* بۆچی ئێوە بەم شێوەیە گروپ گروپ بوون؟ ئایا لەبەر ئەوە بوو کە ڕەنگی ئەستێرەکانتان وەک یەک بوو کە وەک تایبەتمەندییەکی هاوبەش لە نێوانتاندا کۆی دەکردنەوە؟

* ئایا یارمەتیی یەکترتان کرد؟

* کاتێک گروپەکانتان دروست دەکردن بیرتان لەچی دەکردەوە؟

* کاتێک زانیتان ئێوە سەر بە گروپێکی دڵخوازن، هەستێکی خۆشو ئەرێنیتان بۆ دروست بوو؟

* ئایا لە گروپەکەتاندا هەستتان بە هاوپێوەندیو هاودەردیو هاوچارەنووسی لەگەڵ یەکتر دەکرد؟ بۆچی لە گروپێک دابوون ،ئاسایشو سەباتمان دەداتێ؟

* ئایا ڕەنگەکان ئێوەیان لێک جیا دەکردەوە؟ ئایا شانازیتان بە ڕەنگەکانی خۆتانەوە دەکرد؟
* ئەوانـــەی ڕەنگەکەیان تاقانـــە بوو چۆن بوون؟ ئایا ئەوان بوونە چەنـــد گروپی تەنیا؟ واتە بەتەنیا مانەوە؟ ئەگەر مرۆڤ بە تەنیا بێ چۆنە؟ بۆچی کاتێک بەتەنیایو لەگەڵ هیچ گروپێک نی، هەست بەتەنیایی دەکەی؟
* ئایا لە مەدرەسەی ئێمەدا هیچ گروپ هەن؟ پێمان خۆشە کە گروپی جۆراوجۆر هەن؟
* کەس دەچێتە نێو گروپێک؟ کەس واز لە گروپێک دێنێ؟ ئایا بەڕاســـتی پێویســـتیمان بە گروپ هەیە؟ بۆچی؟
* بۆچی جاری وایە کاتێک لە گروپێک داین، ناتوانین ڕوانگەو بیرو بۆچوونی خۆمان بڵێین؟ ئایا ئەوە شتێکی نیگەتیڤ نیە؟ دەبێ چ بکەین تا تووشی حاڵەتێکی لەو جۆرە نەبین؟
* ئایا مانەوە لە گروپدا وامان لێ دەکا بەشێک لە کەسایەتیی خۆمان لەدەست بدەین؟ چۆن؟
* ئایا ئەوانەی سەر بە هیچ گروپێک نین باشترە لە گروپەکاندا جێیان بۆ بکرێتەوە؟

## فێر بووین کە:

مرۆڤەکان بەشـــێوەی ئاگاهانە یان نائاگاهانە گرووپ دروســـت دەکەن. ئەو گرووپانە لەسەر بنەڕەتی تایبەتمەندییە هاوبەشـــە ئاشکراو نائاشـــکراکان پێک دێن. کاتێک ئێمە گرووپ دروست دەکەینو هەندێـــک کەس دەخەینـــە چوارچێوەی هاوپێوەندیـــی کۆمەڵایەتیو ئاســـوودەیی و هۆگریان پێ دەبەخیشـــین، هەندێک کەســـیش دەخەینە دەرەوەی ئـــەو چوارچێوەیە، ئـــەوەش هەندێک جار هەستێکی نیگەتیڤ لەو کەسانەدا دروست دەکا کە وەخۆمانیان ناکەین. ئایا ئەگەر خەڵکی تر بێنینە ناو ئەو بازنەیە بۆ ئێمەش باشـــتر نییە؟ کاتێک دەچینە نێو گرووپێک، یان لە گرووپێک داینو جار جار ناچار دەبین هەڵســـوکەوتو ڕەفتارو بیرو ڕوانگەکانمان لەگەڵ ئەو گرووپە سازگار بکەین کە لە نێوی داین، ئەوەش زۆر جار ئاکامی نیگەتیڤی بەدواوەیە. چونکە لە هەندێک حاڵەتدا بەشـــێک لە کەسایەتیی خۆمان لەدەست دەدەین.

## یەکەم خوێندنەوە (خوێندنەوەیەکی سەرپێیی)

**بابەت:** تەعەسووب و دەمارگرژی، بڕیاردانی پێشوەخت.

**ئامانج:** لەســـەر چ بناخەیەک لە یەکەم ڕوانینماندا قەزاوەت لەسەر شتێک دەکەین؟ گفتوگۆ کردن لەسەر تەعەسووبو دەمارگرژی و زەینکوێری.

یەکەمین بەرداشت و خوێندنەوەی ئێمە لەسەر مرۆڤەکان لەو ڕوانگەو بۆچوونانەوە سەرچاوە دەگرێ کە ســـەبارەت بە یەکتر هەمانە. بەڵام ئایا ئەوە دروســـتە؟ ئایا قەزاوەتێکی لەو چەشـــنە وێنەیەکی دروستمان لە واقعیەتەکە دەداتێ؟ وا باشە بە پەلە هەڵوێست نەگرین و هەر وا لە خۆمانەوە قەزاوەت

نەکەین. پێویستە ڕابوەستین تا زۆرتر لەگەڵ یەکتر و لایەنە جۆراوجۆرەکانی کەسێک ئاشنا دەبین. ڕەنگە ئەو زانیاری‌یەی پێشتر لەسەر کەسێک هەمانە دروست نەبێ. رەنگە ئەو کەسە کەمێک ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتبێ. باشتر وایە بە زانیاری‌و ئاشنایەتی‌یەکی تەواوەوەو لەسەر مرۆڤەکان قەزاوەت بکەین. مرۆڤەکان ئاڵۆزن. نە شەیتانن نە فرشتە.

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

بەشدارانی کۆرسەکە دوو دوو پێکەوە سەبارەت بە بابەتەکە قسە دەکەن. لە گفتوکاندا لەسەر ئەوە دەدوێن کە ئێمە لەسەر بناخەی زانیاریی پێشوەخت، سیما و ڕوخسارو جلوبەرگ قەزاوەت لەسەر یەکتر دەکەین.

**کات:** ٤٥ خولەک.

**ئامادەیی:** لە پێشدا پرسیارەکان ئامادە دەکەین.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ هەر کەس لە قوتابی‌یەکان هەڤاڵێک لەنێو بەشدارانی کۆرسەکەدا بۆخۆی دەدۆزێتەوە. مامۆستا پرسیارێک دەکا بۆ نموونە «هەرکام لەو دوو کەسە کە پێکەوەن، بیر لەوە دەکەنەوە کە ئایا هەڤاڵەکەیان حەزی لە پیاسەیە یا نا؟ پاشان لەو بارەوە نەزەری خۆیان دەردەبڕن. سەرەنجام ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە ئایا بۆچوونی هەڤاڵەکەیان سەبارەت بەو مەسەلەیە ڕاستە یا نا. ئەوەش بۆ یەکتر ڕوون دەکەنەوە کە بۆ چی لەسەر یەکتر بەو جۆرە بیریان دەکردەوە.

٢ـ هەموو بەشدارەکان، پارتنەر واتە هەڤاڵەکەیان دەگۆڕن. مامۆستا پرسیارێکی تر دەکا. بەم جۆرە ئەم پرۆسەیە زۆر جاری تریش دووبارە دەبێتەوە. هەر جارەی پرسیارێکیتر و پارتنەرێکیتر. دەکرێ پرسیارەکان مەسەلە خسووسی‌یەکانیش بگرنەوە. وەک ئەوە کە هەڤاڵەکەت سیگار دەکێشێ یان نا؟ لایەنگری لە کام حیزبی سیاسی دەکا؟ حەزی زۆر لە چیە؟ دۆستی هەیە یان نا؟ حەزی لە چ موزیکێکە؟ ١٠ تا ٢٠ خولەک.

٣ـ پاش ماوەیەک هەموو گروپەکان بە شێوەی پلێنۆم دادەنیشن و لەسەر بابەتەکە و ڕاهێنانەکە پێکەوە قسە و باس دەکەن. مامۆستا داوا لە قوتابیەکان دەکا کە بیر لەوە بکەنەوە کە نەزەرەکەیان لەسەر هەڤاڵەکەیان چەند جار ڕاست و چەند جار هەڵە دەرچووە؟ چۆن و لەسەر چ بناخەو پێوانەیەک دەگەیشتنە بڕیاردان و قەزاوەت کردن؟ چ سیفات یا تایبەتمەندیەکی رواڵەتی و کردەیی لە بڕیاردانی ئێوەدا کاریگەر بووە؟ ئایا تایبەتمەندیە رواڵەتی و کردەییەکان پێوانەیەکی باش بوون بۆ ئەوەی بڕیارەکەتان وەڕاست گەڕێ؟

## بۆ لێدوان:

* یەکەم خوێندنەوەمان بۆ مرۆڤەکان لە چیەوە سەرچاوە دەگرێ؟

* ئەگەر یەکەم خوێندنەوەمان لەسەر کەسانی تر لەسەر بناخەی تایبەتمەندی‌یە فیزیکی‌یە ئاشکراکانی وەک دەموچاو، تەمەن، ڕەگەز، قەدوبالا، جلوبەرگ، پێشینەی کولتووری بێ، نابێتە بڕیاردانێکی پێشوەخت و بیرکردنەوەیەکی کلیشەیی؟

## فێربووین کە:

وا نیە کە خوێندنەوەی یەکەمی ئێمە لەسەر کەسانی تر هەمیشە ڕاست دەرچێ. واتە ئەو جۆرە ڕاونینە وێنەیەکی تەواومان لە ڕاستی و دروستیی مەسەلەکە ناداتێ. لەوەش زیاتر ئەو جۆرە خوێندنەوەیە زۆرتر لە بڕیاردانی پێشوەخت و بیرکردنەوە کلیشەیی‌یەکانمانەوە سەرچاوە دەگرێ. بۆیە وا باشە بەشێوەیەکی هەموو لایەنی لەگەڵ خەڵکان ئاشنا بین جا قەزوەتیان لەسەر بکەین. واتە نابێ زاهیربین بین. بەڵکوو لە هەڵسەنگاندنی خەڵکانی دیکە و بڕیاردان‌و قەزاوەت کردن لەسەر ئەواندا، دەبێ زۆر وردبین و لەسەرەخۆ و بە تێبینی‌یەوە بجووڵێینەوە.

## بیرکردنەوە کلێشەیی‌یەکان یا ئەو وێنانەی لە زەینمان دان.

**بابەت:** بڕیاری پێشوەخت و بێ‌جێ، بیرکردنەوە و وێنە چەندپاتەکراوەکان.

**ئامانج:** ئاشنا بوون لەگەڵ ئەوە کە بڕیاری بێجێ و بیرکردنەوەی سواو چۆن دروست دەبن و لە کۆمەڵدا بەکار دەبرێن؟

بیر کردنەوەی کلیشەیی بریتییە لەدابەش وبە کاتەگۆری کردنی مرۆڤەکان یان کۆمەڵە خەڵکێک لەوان لەسەر بناخەی تایبەتمەندیەکی هاوبەش. ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئەمریکایی Walter Lippamnn دەڵێ: مەبەست لە بیرکردنەوەی کلیشەیی ئەو وێنانەن کە لە زەینی ئێمەدا هەن. ئەو دەڵێ بۆچوونەکانی ئێمە لەسەر خەڵکانی تر نەک لە ئەزموونی ڕاستەوخۆ بەڵکوو لەو زانیاریانەوە کە لە شوێنەکانی ترەوە پێمان دەگەن سەرچاوە دەگرن. لەوەش زیاتر تەنانەت کاتێک کە بۆخۆمان ڕاستەوخۆش لەگەڵ ئەوان پێوەندی دەگرێن و ئەزموونی تر تاقی دەکەینەوە کە بە پێچەوانەی خوێندنەوەی پێشووی ئێمەیە لەسەر ئەوان، ڕا و بڕیاری خۆمان ناگۆڕین. چونکە پێشتر وێنایەکیتر لەوان لە زەینی ئێمەدا نەخشاوە. هەر بۆیەیە کە دەگوترێ (بڕیاری پێشوەختە). ئەو قەزاوەتە بێ جێ‌یەیە کە کەسێک لەخۆڕا و بێ زانیاری و بێ لێکدانەوەی هەموو لایەنی مەسەلەکە، سەبارەت بە کەسێک هەیەتی. "زۆر جاری وایە ئەو قەزاوەتە پێشوەخت‌و نابەجێیانە گرووپێک خەڵک دەگرێتەوە. قەزاوەتی پێشوەخت دەکرێ ئاڵوگۆڕی تێدا پێک بێ، بەڵام بیرکردنەوە کلیشەیی‌یەکان دەرگای کرانەوەیان بەسەر خۆیاندا داخستووە".۶۴

"جاران پێم وابوو هەموو ئەو کەسانەی قژیان درێژە موعتادن، کەچی ئێستا خۆشم قژم درێژە".
Dino

## چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

چالاکییەکە بە کاری گروپی دەست پیدەکا. دواتر ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکان لە پلینۆمدا پێشکەش دەکرێ‌و دەخرێتە بەر باس‌و لێکۆڵینەوە. دواتریش بەشدارانی کۆڕسەکە لەسەر گیروگرفتی دیکە کارو لێکۆڵینەوە دەکەن.

**کات:** ٢ تا ٤ کاتژمێر.

**پێدوایستی:** ژوورێکی گەورە. وەرەقی گەورەو قەڵەمی تووش بۆ لەسەرنووسین. قەڵەمو کاغەزی ئاسایی.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە بەشی ١

١ـ مامۆستا قوتابیەکان بەسەر چەند گروپدا دابەش دەکا. هەر گروپەی لەسەر کۆمەڵە خەڵکێکی تایبەتی وجیاواز بۆ نموونە ئەمریکایی، کورد، هیندی، موسوڵمان، مەسیحی، جوولەکە، عەرەب، تورک، فارس، پەنابەر، ئاوارە، ژنان، بەساڵاچووان و هتد دا کار دەکا. ئەوان پێویستە ٥ تایبەتمەندیی ئەرێنی و ٥ تایبەتمەندیی نیگەتیڤ لەو خەڵکەدا بدۆزنەوە کە کاریان لەسەر دەکەن. پێویستە هەموو ئەندامانی گرووپەکە لەسەر ئەو تایبەتمەندییانە بە کۆدەنگی بگەن. تایبەتمەندی‌یەکان لەسەر کاغەزێکی گەورە لە دوو ستوونی جیاوازدا دەنووسرێن. (٢٥ خولەک).

٢ـ هەرکام لە گروپەکان ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی خۆیان لە پلێنۆمدا پێشکەش دەکەن. لەوەش زیاتر ئەمەش ڕوون دەکەنەوە کە چۆن بەو ئاکامە گەیشتوون کە ئەو تایبەتمەندییانە لەو خەڵکانە دان کە ئەوان هەڵیانبژاردوون. لە کاتی پێشکەش کردنی باس‌و لێکۆڵینەوەکان‌دا، هەموو بەشداران مافی ئەوەیان هەیە قسەو گفتوگۆ لەسەر ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانی یەکتر بکەن‌و باسەکانی یەکتر دەوڵەمەندتر بکەن.

## بۆ لێدوان:

* چۆن لەسەر ئەو تایبەتمەندییانە بە کۆدەنگی گەیشتن؟ چ شتێک ئاسان بوو کە بدۆزرێتەوە؟ چ شتێک بەزەحمەت دەدۆزرایەوە؟ ئایا لایەنە ئەرێنیەکان ئاسانتر دەستنیشان دەکران یا لایەنە نیگەتیڤەکان؟

* ئایا بەشدارانی گروپەکان بە ئاسانی بە کۆدەنگی دەگەیشتن؟

* چۆن دەتانزانی ئەو تایبەتمەندییانە لەو خەڵکە دا هەن؟ ئایا قەت کەسێکی سەر بەو خەڵکەتان

دیتوە؟ ئەگەر نا، چۆن پێتان وایە ئەوان ئەو تایبەتمەندیانەیان تێدان؟

* پێتان وایە کە هەموو کەسـێکی سـەر بەو خەڵکە ئەو سـیفاتانەیان تێدایە کە ئێوە باستان کردوون؟

* ئایا هیچ کام لەو خەسڵەتانە بە بیرکردنەوەی کلیشەیی دانانرێن؟

* ئایا وێنە کلێشـەیی‌یەکان نابنە هۆی ئەوەی کە خەڵک لەسـەر ئەساسی هەندێک زانیاریی ناتەواو بەسەر دەستەو تاقمی جۆراوجۆردا بەش بکەین؟

* ئایا قەت وا هەبوە کەسانی تر لە سەر بناخەی زانیاریی ناتەواو هەڵسوکەوتت لەگەڵ بکەن؟

* قەزاوەتـی پێشـوەختو بێجێ چیە؟ بۆ چی ئێمە عادەتمانە قەزاوەتی پێشـوەخت لەسـەر مرۆڤەکان و خەڵکانی دیکە بکەین؟

* دەتوانـی چەنـد نموونەیەکـی نیگەتیڤ لە قـەزاوەت کردنی پێشـوەختو نابەجێ و وێنە کلێشەیی‌یەکان باس بکەی؟

* دەتوانـی چەنـد نموونەیەکـی ئەرێنی سـەبارەت بە قەزاوەتـی پێشـوەختو بیرکردنەوە کلێشەیی‌یەکان بێنیەوە؟

* ئایا دروستە لە خۆمانەوە بێ ئەوەی کەسێک یان خەڵکانێکمان دیتبێ، هەندێک ناووناتۆرە و خەسڵەتی جۆراوجۆری لێ هەڵدەین؟

* ئایا قەت وا هەبووە کەسـانێک خەسـڵەتی نەرێنی وات بدەنەپاڵ کە ئەو قسـەی ئەوان لە بنەڕەترا ڕاست نەبووبێ؟ چ هەستێکت هەبوو؟

* ئایا قەت وا بووە کە کەسانێک تایبەتمەندییەکی ئەرێنی لە تۆدا باس بکەنو تۆ بۆخۆت پێت وانەبووبێ کە ئەو سیفەتەت تێدایە؟ چ هەستێکت هەبوو؟

دواتر لە کۆتایی ئەم باسو لێدوانانەدا مامۆسـتا باسـێکی چڕوپڕ بەڵام بەکورتی لەسـەر وێنە کلێشەیی‌یەکانو قەزاوەتی پێشوەختو تەعەسـوبو دەمارگرژیو زەین کوێری بۆ قوتابیەکان باس دەکا.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە بەشی ۲

۱ـ ئەندامانی گروپەکان سەرلەنوێ لە یەک کۆ دەبنەوە. ئەم جار کار لەسەر ئەوە دەکەن کە بڕیارە پێشـوەختو بیرکردنەوە کلیشەیی‌یەکان لە چیەوە سـەرچاوە دەگرن. واتە تێدەکۆشن وەڵامی ئەم پرسـیارە بدەنەوە. بۆ نموونە زانیاری پێشـووتر، ئەزموونو تاقیکردنەوەی شەخسـی، ڕاگەیەنەکان، دایکو باوکو بنەماڵە، مەدرەسـە، سیاسەتمەدارەکان، کەسـانی بەناوبانگ، هونەرو شێعرو مۆسیقا وئەدەب و هتد. باشـتر دەبێ لە قسەکانیاندا نموونەی زیندوویان بۆ سەلماندنی ئیدعاکانیان هەبێ. (۱۵ خولەک).

٢ـ هەموو بەشدارانی کۆرسەکە بۆ جارێکی دیکەش بەشێوەی پلێنۆم کۆ دەبنەوەو ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانیان بە شێوەی پلێنۆم پێشەکەش دەکەن. مامۆستا گرینگترین ئەو شتانەی کە قوتابیەکان لە قسەکانیان دا باسی دەکەن، لەسەر کاغەزێکی گەورە دەنووسێت بە چەشنێک کە لە هەموانەوە دیار بێ.

## بۆ باسو لێدوان:

* بڕیاری پێشوەخت و وێنە کلیشەییەکانی نێو زەینی ئێمە لەسەر کەسانو خەڵکانی دیکە لە کوێوە سەرچاوە دەگرن؟

* ئایا دەتوانن چەند نموونەیەک بێننەوە کە بنەماڵەو مەدرەسە، ڕاگەیەنە گشتی‌یەکان، کتێبەکان بووبن بە سەرچاوەی قەزاوەتێکی بێجێو دروست بوونی وێنەیەکی کلێشەیی لەسەر کەسانێک یان خەڵکانێک لە زەینی ئێوە یان لە زەینی کەسانی تردا؟

* ئایا تەنانەت کاتێک کە مرۆڤ بۆخۆی ئەزموونو تاقیکردنەوەی ڕاستەوخۆشی لەسەر کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک هەیە، پێویستە هەر وا لەسەر ئەو قەزاوەتە بێجێو پێشوەختە بڕواتە پێش کە پێشتر لەو خەڵکەی هەبووە؟

* بۆچی سیاسی‌یەکان حەز دەکەن لە کۆمەڵدا پەرە بە قەزاوەتی پێشوەختو بێجێو بڵاوکردنەوەی بۆچوونو ڕوانگە کلیشەیی‌یەکان بدەن؟

* ئایا دەتوانی نموونەیەک بێنیەوە کە حیزبێک یا سیاسەتمەدارەکان یا دەوڵەتەکان لە مێژوودا یان لە سەردەمی نوێدا لەسەر بناخەی قەزاوەتی بێجێو پێشوەخت هەروەها لەسەر ئەساسی وێنە کلێشەیی‌یەکان سیاسەتێکی تایبەتیان بەرانبەر خەڵکێک گرتبێتە بەر؟ ئایا لە وڵاتی خۆماندا ئەزموونێکی لەو چەشنە هەیە؟

* ئایا قەزاوەتە پێشوەختەکانو بیرکردنەوە کلێشەیی‌یەکان دەتوانن جێگای ترسو نیگەرانی بن؟

* ئایا قەزاوەتە بێجێو بیرکردنەوە کلێشەیی‌یەکان دەتوانن ببنە کۆسپی سەر ڕێگای ئاوێتە بوونو پەرەسەندنی کۆمەڵ؟

## جێبەجێ کردنی بەشی ٣

١ـ ئێستا هەر هەمان ئەو گروپانە کار لەسەر ئەوە دەکەن کە چۆن دەتوانرێ دژی بڕیارە پێشوەختەکان، تەعەسوبو دەمارگرژیو وێنە کلیشەییەکان خەباتو بەربەرەکانی بکەین (١٥ خولەک).

٢ـ گروپەکان کۆ دەبنەوەو ئاکامی کارو قسەو باسەکانیان لە پلێنۆمدا پێشکەش دەکەن.

## بۆ باسو لێدوان:

* دیتمان کە قەزاوەتە بێجێ‌کانو دەمارگرژیو وێنە کلێشەیی‌یەکان لە کۆمەڵدا کەڵکی خراپیان

لێوەردەگیرێ. لەو بارەوە چی فێر بووین؟
* بۆچی زەحمەتە قەزاوەتە بێجێو وێنە کلێشەیی‌یەکان لە کۆمەڵگادا بنەبڕ بکەین؟
* ئەگەر لە داهاتوودا لەگەڵ وێنەی کلیشەیی، دەمارگرژیو تەعەسووبو بڕیاری پێشوەخت بەرەوڕوو بووین چی دەکەین؟
* چۆن دەتوانین بە دژی دەمارگرژی، تەعەسوب، قەزاوەتی بێجێو پێشوەخت لە کۆمەڵدا کارو خەبات بکەین؟ لە ماڵەوە لە قوتابخانە، لە گەڕەک، لە کۆمەڵدا چۆن دەتوانین ئەو دژایەتی‌یەمان نیشان بدەین؟ چۆن دەتوانین بە دژی جیاوازیدانانو هەڵاواردن کار بکەین؟ ئەی ئەگەر خۆمان جیاوازیدانانو هەڵاواردنمان لەگەڵ کرا دەبێ چ بکەین؟
* ئایا بۆ کارو خەبات بە دژی قەزاوەتی بێجێ، تەعەسوب، دەمارگرژی، جیاوازیدانانو هەڵاواردن چیمان پێویستە؟ ئازایەتی، دلێری، نەترسی، وشیاری، زانیاری و ئەخلاقیاتی ئینسانیو جورئەتی مەدەنیانە؟
* ئەگەر هەوڵ نەدەین بە دژی تەعەسوب و دەمارگرژی و قەزاوەتی بێجێو کارو خەبات بکەین چی ڕوو دەدا؟ ئایا دەبێ بەرانبەر ئەو دیاردە ناپەسندانە بێ‌تەفاوەت بینو دەست لەسەر دەست دانێین؟

## فێربووین کە:

تەعەسوبو دەمارگرژیو قەزاوەتی نابەجێو وێنەکلێشەیی‌یەکانی نێو زەینی ئێمە سەبارەت بە خەڵکانی تر، لەوەوە سەرچاوە دەگرن کە ئێمە حەز دەکەین خەڵک بەسەر کاتەگۆریی جۆراوجۆردا لەسەر ئەساسی تایبەتمەندی‌یەکی هاوبەش دابەش بکەین. لە ڕێگای دانانو دروست کردنی گروپ، مرۆڤ وەک تاک زۆر لایەنی خۆی ون دەکا. ئێمە تاک نابینینو زۆرتر وەک بەشێک لە گروپەکە سەیری دەکەین.

تەعەسوبو قەزاوەتی بێجێو بیرکردنەوەی کلێشەیی دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی جیاوازیدانانو هەڵاواردنو ڕاسیسزمو ڕەگەزپەرستی. لەوەش خراپتر ئەگەر حیزبو ڕێبەرانی سیاسی کەڵکی خراپ لەو تەعەسوبو قەزاوەتە بێجێو بیرکردنەوە کلێشەیی‌یانە وەرگرنو بۆ بردنە پێشی ئامانجە سیاسی‌یەکانیان دەکاریان کەن، ئەوە گیروگرفتو کێشەی گەوەیان لێ دەکەوێتەوە. وەک قەتڵوعام، شەڕ، جینۆساید و کۆمەڵکوژی. پێویستە بزانین کە هەموو مرۆڤەکان ، تەنانەت ئێمە خۆشمان، ئەو تەعەسوبو دەمارگرژیو قەزاوەتە پێشوەختو بیر کردنەوە کلێشەیی‌یانەمان لە زەین دان. هەر بۆیە پێویستە فێر بین کە بە شێوەیەکی باش بەسەریان دا زاڵ بینو نەیەڵین بۆ ئێمە خۆمان و دەوروبەرمان ببنە مایەی کێشەو هەرا. لە زۆر ڕێگاوە دەتوانین بە دژی دەمارگرژی، تەعەسوب، قەزاوەتی بێجێو بیرکردنەوە کلیشەیی‌یەکان کار و خەبات بکەین. پێویستە بزانین کە لە هەر دەرفەتێکدا کە هەلمان بۆ هەڵدەکەوێ وا باشە بە دژی تەعەسووبو دەمارگرژیو قەزاوەتی بێجێو

بیر کردنەوە کلێشەیی‌یەکان خەبات بکەین.

خەون بە دنیایەکەوە ببینە کە لەوێدا کەس بێگانەو نائاشنا نەبێ. بەو مانایە ناڵێم کە لەوێ‌دا هیچ چەشنە جیاوازی‌یەک نەبێ. ڕاست بە پێچەوانەوە مەرجی دروست بوونی دنیایەکی ئەوتۆ ئەوەیە کە ئێمە فێر بین ڕێـــزو حورمەت بۆ ئەو جیاوازییانە دانێین کە لەنێو مرۆڤەکان‌و خەڵکانی جۆراوجۆردا هەن. فێر بین بەسەر ئەو دژکردەوە پڕ لە ڕق ودوژمنایەتیەدا زاڵ بین کە بەرانبەر بەو جیاوای‌یانەی لە نێو خەڵک‌و مرۆڤەکان‌دا هەن، لە خۆمانیان نیشان دەدەین.

Julia Kristeva: Framlingar for oss sjælva, 1991. 64

## خالید و بیۆرن

**بابەت:** قەزاوەتی بێجێ، دەمارگرژی، تەعەسووب، بیرکردنەوەی کلێشەیی. ٢٣٢ـ٢٢٩

**ئامانج:** ئاشـــنا بوون لەگەڵ ئەو ڕاستیەی کە چاوەڕوانیی ئێمە لە مرۆڤەکان‌و خەڵکانی دیکەی سەر بە کولتووری جیاجیا لەو قەزاوەتە بێجێ‌و تەعەســوب‌و بیرکردنەوە کلێشـــەییانە وە سەرچاو دەگرن کە لەوانمان هەیە.

ســاڵی ١٩٩٦ی زایینی کوڕێکـــی لاو کاری هاوینی لە یەکێک لە ڕۆژنامــە ناوچەییەکانی نۆروێژدا وەردەگرێ. ئەو دەچێتە نووسینگەی ڕۆژنامەکەو لەوێ لەگەڵ پێشوازییەکی گەرمی خانمێک کە لە پرسگەی ڕۆژنامەکەدا کار دەکا، بەرەوڕوو دەبێ. پێش ئەوەی ئەو خۆی بناسێنێ کە ڕۆژنامەنووسەو هاتــوە لــەو ڕۆژنامەیەدا ئەم هاوینە کار بکات، ئەو خانمە بەدەســت ئیشــارە بــەو جێیە دەکا کە ڕۆژنامەکان لەوێ بۆ بڵاوکردنەوە دادەنرێن. چونکە ئەو کوڕە مووی ســەری ڕەش دەبن، ئەو خانمە دەستبەجێ ئاکام وەردەگرێ کە ئەوە کەسێکی تازەیە کە ڕۆژنامە بڵاو دەکاتەوە.٦٥

"موختــار دۆمبۆیــا، لە یەک هەفتەدا ١٧ جار لەلایەن پۆلیســەوە لە ئۆســلۆ پایتەختی نۆروێژ ســەبارەت بە پاســکیلە نوێ‌و بەنرخو جوانەکەی ڕادەگیرێ. ئەو ئێســتا هیچی دیکە ئەو قەزاوەتە بێجێ‌یەی پۆلیسی پێ قبووڵ ناکرێ. پۆلیس لە خۆوە پێی وایە ئەو پاسکیلە هی موختار نیە. موختار داوا دەکا پۆلیس وازی لێ بێنێ". Dagbladet. 1 september 1998

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

هەموو بەشــدارانی کۆرســەکە چالاکانە لە ڕاهێنانەکەدا بەشــدار دەبن. ئەو ڕاهێنانە داستانی ژیانی بیۆرن لە نۆروێژو خالید لە فەلەستینە. ڕاهێنانەکە بەوە کۆتایی دێ کە هەموو قوتابیەکان بە گەرمی لە پلێنۆمدا بەشداری دەکەن‌و ڕوانگەو نەزەری خۆیان سەبارەت بە بابەتەکە دەردەبڕن. ئەم چالاکییە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو دەرسانە باشە کە پەیوەندییان بە جیاوازیدانان‌و هەڵاواردنەوە هەیە. بۆ نموونە ئاپارتاید، جیاوازیدانانی جنســی لە نێوان ژن‌و پیاوو کچ‌و کوڕ، کەم ئەندامو هتد. کاتێک مامۆســتا

چیرۆکەکە لەسەر نەفەری دووهەم دەست پێ دەکا، بە جۆرێک ئەو گروپە دەست نیشان دەکا کە بەراورد دەکرێ. بۆ نموونە "ئەو داستانە لەسەر ئارلیدە کە کوڕێکی هۆمۆفیلە". یا دەڵێ: ئەم داستانە لەسەر ماریایە، کە کچێکی کەمئەندام واتە خاوەن پێداویستیی تایبەتییە.

**کات:** ۴۵ خولەک

**پێداویستی:** ژوورێکی گەورە، کاغەزی گەورە، تووشو قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ بۆ نووسین. قەڵەمو کاغەزو تۆپێکی بچکۆڵە.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

قوتابییەکان بە شێوەی بازنە دادەنیشن، مامۆستا دەڵێ داستانێک لەسەر کوڕێکی نۆرویژی دروست دەکەین. بەشدارانی کۆرسەکە یەک یەک هەرکامیان ڕستەیەک یان دوو ڕستە بە داستانەکەوە زیاد دەکەن. داستانەکە پەیوەندیی بە ژیانی ڕۆژانەی بیۆرنەوە دەبێ. مامۆستا بەم جۆرە دەست پێ دەکا:

"ئەمە داستانێکە لەسەر بیۆرن کە کوڕێکی حەڤدە ساڵەیەو لە ئۆسلۆ دەژی". پاشان تۆپەکە بۆ کەسی دواتر لە نێو قوتابییەکان دەهاوێ. ئەویش یەک یا دوو ڕستەی تر بە داستانەکەوە زیاد دەکا. دواتر ئەو کەسەش تۆپەکە بۆ کەسێکی تر داوێو ئەویش ڕستەیەکی تر زیاد دەکا. بەم جۆرە دوای ۲ تا ۴ خولەک وێنەیەک لە بیۆرن لەلای قوتابییەکان دروست دەبێ. ئەو جار مامۆستا تۆپەکە وەردەگرێتەوە. مامۆستا داستانەکە بەم جۆرە درێژە دەدا:

"بیۆرن کوڕێکی فەلەستینی دەناسێ بە ناوی خالید. ئەویش داستانێکی خۆی هەیە کە پێی خۆشە بیگێڕێتەوە". مامۆستا تۆپەکە بۆ یەکێک لە قوتابییەکان داوێ کە تێدەکۆشێ یەک یا دوو ڕستە لەسەر خالید قسە بکا. دواتر ئەویش تۆپەکە بۆ یەکێکی تر داوێو ئەویش رستەیەک یان دوو ڕستە بە داستانەکەوە زیاد دەکا. ئەم چالاکییە ۱۰ تا ۱۵ خولەک دەکێشێت.

۲ـ قوتابییەکان لە دەوری یەک کۆ دەبنەوەو بە شێوەی پلێنۆم گفتوگۆ لەگەڵ یەکتر دەکەن. مامۆستا دەپرسێ ئایا داستانی بیۆرنو خالید چیمان پێ دەڵێ؟ چیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە؟

* ئایا ئەو بۆچوونانەی ئێمە لەسەر بیۆڕنو خالید لەو زانیارییانەوە سەرچاوەیان دەگرت کە پێشتر لەسەر لاوانی نۆرویژیو فەلەستینی هەمانبوو؟ گرینگترینی ئەو ڕستانەی قوتابیەکان لە پێوەندی لەگەڵ خالیدو بیۆڕندا باسیان کردن، مامۆستا لەسەر تەختەڕەش دەیاننووسێتەوە.

* ئەو ڕوانگەو بۆچوونانە لە کوێوە سەرچاوە دەگرن؟ بنچینەیان چیە؟ ئایا لە ئەزموونی خسووسیی خۆتانەوە دێن یا لەو زانیارییانەوە کە لە ڕێگاکانی دیکەوە وەدەستتان کەوتوون؟

## فێربووین کە:

کاتێک دەگەینە خەڵکانی نائاشنا، دەستبەجێ لەو سندووقانەیان دەخەین کە لە زەینی خۆماندا

بۆ بە کاتەگۆری کردنی خەڵک هەمانن. واتە دەســـتە دەستەیان دەکەین. ئێمە بۆچوونو ڕوانگەو بیرۆکەی خۆمان ســـەبارەت بە وانو ســـیفاتو تایبەتمەندییەکانی ئـــەوان هەیە. هەر بە گوێرەی ئـــەوەش چاوەڕوانیمان لێیان هەیە. دیارە دەکرێ ئەو بۆچوونو ڕوانگەو بیرۆکانەی ئێمە لەســـەر ئـــەوان نیگەتیڤ یا ئەرێنی بن. هەر بەو جۆرە چاوەڕوانیەکانیشـــمان لەوان دەتوانرێ ئەرێنی یان نیگەتیڤ بن.

قەزاوەتە پێشـــوەختەکانو وێنەو بیرۆکە کلێشـــەییەکانمان لەســـەر خەڵکانی تر لەو زانیاریو مەعلووماتـــەوە ســـەرچاوە ناگرن کە بۆخۆمان لـــە ئاکامی ئەزموونی ڕاســـتەخۆمان لەگەڵ واندا وەدەستمان هێنابن. بەڵکوو لەسەر بناخەی ئەو شکو گومانو حەدسەوە بنیات نراون کە بۆخۆمان پێمان وایە لەواندا هەن. بۆیە زۆر گرنگە ئاگاداری ئەو مەسەلەیە بینو بتوانین بە شێوەیەکی ڕاستو دروست ڕەفتار بکەین. ڕەفتاری دروست ئەوەیە کە ڕامێنین، لێکدانەوەمان هەبێ، هەڵسەنگاندنمان هەبێو هەموو کەسێک وەک تاک هەڵسەنگێنین، نەک تەنیا لەسەر بناخەی ئەو کولتوورو گروپەی کە ئەو کەســـە یەکێکە لە وان. پێویســـتە بزانین کە مرۆڤەکان هەموویان جیاوازن، تەنانەت لەنێو یەک کولتووریشدا مرۆڤەکان جیاوازیی زۆریان لەگەڵ یەکتر هەیە. بۆیە هەڵوێســـتێکی دروست ئەوەیە لەسەر کەس لە خۆمانەوە بێزانیاریو مەعلووماتی پێویست، بێ هەڵسەنگاندنو لێکدانەوەو بێ شیکردنەوەی هەموو لایەنەکانی ئەو کەسە قەزاوەت نەکەین.

## ئێمەو ئەوان

**بابەت:** دروســـت کردنی گروپ، ســـەر بە گروپ بوون، ژیان لە نێو گروپدا. ئێمەو ئەوان، خۆمانو ئەوانی تر.

(۲۱۶ـ۲۱۴، ۲۳۲ـ۲۲۹)

**ئامانج:** ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییە کە ئێمە هەموومان مەیلی ئەوەمان تێدایە مرۆڤەکانی دەوروبەرمان بەسەر کاتەگۆرییەکانی خۆمانو ئەوانی تر، یان ئێمەو ئەوانی تردا دابەش بکەین.

فێر بین مرۆڤەکان زۆرتر وەک خۆیان واتە وەک تاک ببینین نەک تەنیا لە گروپ داو بەس.

ئێمە مرۆڤەکان بەســـەر کاتەگۆریی جۆراوجۆردا دابـــەش دەکەین تا دنیای کۆمەڵایەتی دەوروبەری خۆمـــان ڕێـــک بخەین. ئەمە بە جۆرێکە کە هەمیشـــە بەهاو نرخو بایەخێکـــی زۆرتر بۆ گروپ یان گروپەکانی خۆمان لەوانی تر دادەنێین. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی بیرکردنەوەیەکمان لەلا دروســـت بێ کە لەســـەر بناخەی ئەو پێوانەیەوە دامەزرابێ. پێوانەیەک کە هەرچی هی «ئێمە»یە باشـــترە لە هی «ئەوان»ی تر.

### چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

ئەم ڕاهێنانە بە شێوەی باسو وتوویژ دەڕواتە پێش. بەشدارانی کۆڕسەکە لەسەر ڕوانگەو بۆچوونەکانی

خۆیان سەبارەت بە "ئێمە"و "ئەوان" قسە دەکەن، تێگەیشتنی خۆیان لەو جۆرە دنیابینی‌یە لەگەڵ یەک دەخەنە بەرباس. پێویستە بگوترێ کە ئەگەر بەشدارانی کۆڕسەکە بڕواو متمانەیان بە یەکتر هەبێ، چالاکی‌یەکە باشتر دەڕواتە پێش‌و چاکتریش لێک فێر دەبن. لەو ڕاهێنانەدا ئێمە "نۆروێژی"یەکان‌و "موهاجیر"ەکان وەک نموونە دێنینەوە. بەڵام ئەو ڕاهێنانە دەکرێ بۆ گروپەکانی دیکەش کەڵکی لێ وەرگیرێ. لەو حاڵەتەدا تەنیا جێگای "نۆروێژ"و "موهاجیر"ەکان دەگۆڕێ، ئەگینا میتۆدی کارەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە.

**کات:** ۴۵ خولەک

**پێداویستی‌یەکان:** قەڵەم‌و کاغەز.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

۱ـ مامۆستا بەشدارانی کۆڕسەکە بەسەر چەند گروپدا دابەش دەکا کە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەنەوە. (۳۰ خولە)

* ئایا دەتوانن نموونەیەک لە کاتەگۆریەکانی "ئێمە"و "ئەوان" لەم وڵاتە بدۆزیەوە؟ لە مەدرەسە؟ لە شارەکەتان؟ لە گەڕەکەکەتان؟ بۆچی ئەو شێوە دابەش کردنە لە کۆمەڵدا هەیە؟

* دەگوترێ کە کولتووری موهاجیرەکان، شوێنەواری خراپ لەسەر کولتووری نۆروێژی دادەنێ. لەوبارەوە ئێوە دەڵین چی؟

* ئایا کەمایەتەییەکانیش، موهاجیرەکانیش هەر بەو جۆرە بیر لە کولتووری نۆروێژی دەکەنەوە؟ ئەوانیش پێیان وایە کە کولتووری نۆروێژی کاریگەریی نیگەتیڤی لەسەر فەرهەنگی ئەوان دەبێ؟ لەو بارەوە قسە بکەن‌و نموونەش بێننەوە!

۲ـ سەرەنجام هەموو گروپەکان لە دەوری یەک کۆ دەبنەوەو بەشێوەی پلێنۆم باسەکانیان پێشکەش دەکەن.

## بۆ لێدوان:

* ئایا ئێوە خۆتان بیرتان لەوە کردۆتەوە کە خەڵکانی دەوروبەرتان بەسەر «ئێمە»و «ئەوان» یان «خۆمان»و ئەوان»ی تردا دابەش بکەن؟ لە چ پێوەندی‌یەکدا ئەوەتان کردوە؟

* مەبەست لە زاراوەکانی «کۆمەڵگای زۆرایەتی»و «کۆمەڵەگای کەمایەتی» چیە؟

* ئایا دەتوانی نموونەیەک لەو خەڵکانە بێنیەوە کە لە کاتەگۆری "کۆمەڵگای زۆرایەتی"دا جێگایان دەبێتەوە؟ کوڕ یان کچێکی سەر بە زۆرایەتیی کۆمەڵگا چۆن کاتەگۆری دەکرێ؟ چۆنی پێناسە دەکەین؟ ئەو جۆرە ڕوانگەیە چ شوێنەوارێکی لەسەر ئەوان دەبێ؟

* زۆرایەتی چۆن کەمایەتی کاتەگۆری دەکا؟ کامانەن ئەو تایبەتمەندیانەی زۆرایەتی کەمایەتیەکانی

پێ پێناسە دەکا؟ دەتوانی نموونەیەک لەو بارەوە بێنیەوە؟ ئایا دەبێ مرۆڤەکان لەسەر بناخەی کەسایەتیو شەخسییەتی خۆیان وەک تاکی ئینسانی هەڵسەنگێنین یان لەسەر بناخەی ئەو گروپە کە ئەوان لە نێوی دان؟

* ئایا وشیار بوونەوەمان لەسەر ئەو مەسەلەیە دەبێتە هۆی ئەوەی فێر بین باشتر لە کۆمەڵگادا ڕەفتارو هەڵسوکەوت بکەین؟ ئایا پێویست نیە جارجار خۆمانو هەڵسانو دانیشتنمان لە دەرەوەڕا تەماشا بکەین؟ ئایا نابێ لە بڕیاردانو هەڵوێستەگرتنو قەزاوەت کردن لەسەر مرۆڤەکاندا وردبینیەکی بەرفراوان و هەمە لایەنەمان هەبێ؟ دەتوانین بە چ پێوانەیەک سەبارەت بە خەڵک قەزاوەت بکەین؟

## فێربووین کە:

ئێمە مرۆڤەکان مەیلی ئەوەمان تێ دایە کە هێندێک کەس لە کۆمەڵگادا بە «جیاواز» ببینینو هەر بەو جۆرەش کاتەگۆریان بکەین. ئەوە کە خەڵک بەسەر گروپو دەستەو تاقمی جۆراوجۆردا دابەش بکەین، شتێکی سروشتییە. بەڵام ئەوە کە پێمان وابێ هەموو ئەو تاکەکەسانەی سەر بەو گروپانەن، بەشێوەیەکی ئەتۆماتیکی ئەو سیفەتو تایبەتمەندیانەیان هەن کە گروپەکەی پێ دەناسرێتەوە، ئاکامی زۆر نالەباری لێ دەکەوێتەوە. ئاخر ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو کەسە بەشێک لە کەسایەتی، ئەزموونو تاقیکردنەوەو لێوەشاوەیی‌و شارەزاییەکانی خۆی لەدەست دەداو لە نێو گروپدا ون دەبێ.

تا ئەو جێیەی کە ئەو «جیاواز»یە زیان بە ئازادیو جیاوازبوونی کەسانی دیکە ناگەیەنێو دژایەتی مافەکانی مرۆڤ ناکات، دەبێ هەوڵ دەین قبووڵی کەینو لێی حاڵی بینو تەحەممولی بکەین. بەڵام هەر کاتێک ئەو جیاوازییە سنووری خۆی ببەزێنێو هەڕەشە لە مافو ئازادییەکانی خەڵکانی دیکە بکاتو بە پێچەوانەی پەسند کراوە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ بێ، دەبێ بە دژی ڕاوەستینو خەباتی لەگەڵ بکەین. پێویستە ئەوەش بزانین کە مرۆڤەکان دەبێ وەک تاک ببینین نەک تەنیا وەک بەشێک لەو گروپە کە تێیدان.

لە مێژوودا زۆر نموونەی جۆراوجۆرمان هەن کە ڕێبەرانی سیاسی کەڵکی خراپیان لەو جۆرە کاتەگۆری کردنەی خەڵک وەرگرتووە. ئەوان.............................لەو جۆرە دابەشکردنەی خەڵک بە «ئێمە»و «ئەوان» بۆ بردنە پێشی ئامانجە سیاسییەکانی خۆیانو جیاوازیدانانو ڕاسیزمو هەڵاواردن کەڵکیان وەرگرتوە. بۆ نمونە هیتلەر، پۆلپۆت، سەدام، ستالین، مائۆ، میلۆسۆڤیچوخومەینی هتد. ئەو جۆرە سیاسەتانە بوونەتە هۆی شەڕو کێشەو قەتڵوعامو کوشتو کوشتاری بەملیۆن کەس لە خەڵکی بێتاوانو سڤیل. ئەو سیاسەتمەدارانە بۆ بردنە پێشی سیاسەتەکانیان بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی بۆ جاڕدانو هاندانی لایەنگرانیان «ئەوان»ی تریان بە پیس، نەحس، کافر، نەخۆش، بێنرخ، بێمۆراڵ، گێلو گەلحۆ، دواکەوتوو، نانەجیب، بێئەسڵو نەسەبو هتد پێناسە کردوون. بە جۆرێک کە لە کۆمەڵگای پەسندی ئەواندا جێگایەک بۆ ئەو خەڵکە نەبێتەوە. ئەو جۆرە بۆچوونو قەزاوەتە

نابەجێیانـــە بەوە کەم دەبنەوەو کاریگەریی خۆیان لەدەســـت دەدەن کە فێر بین زۆرتر ڕووناکایی بخەینە سەر سیفاتو تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی نێوان مرۆڤەکان تا جیاوازییەکانی نێوانیان. ئەمە دەبێتـــە هۆی ئەوەی لە نێوان کولتوورو کۆمەڵگاو دیـــنو مەزهەبو خەڵکە جۆراوجۆرەکاندا پردان دروست کەینو دیوارەکان خشت خشتو چین بە چین نەوی بکەین.

## جیاوازیدانانو هەڵاواردن

**بابەت:** جیاوازیدانان

**ئامانج:** ئاشنابوون لەگەڵ جیاوازیدانانو هەڵاواردن

ســـاڵی ٢٠٠٠ی زایینی کلوبی Torggate Bar og nattklub AS، لە ئۆسلۆی پایتەختی نۆرویژ بەهۆی کردەوەی ڕاسیستی بەپێی بڕیاری دادگا ٣٠٠٠٠ کرۆن جەریمە کرا. ئەوە یەکەم بڕیاری لەو جۆرە بوو کە لەلایەن دادگایەکەوە سەبارەت بە کردەوەیەکی ڕاسیستی لە نۆرویژدا، دەرکرا. ئەو کلوبە بۆ ماوەیەکی زۆر لەســـەر بناخەی ڕەنگی قژو پێشینەی ئیتنیکییەوە نەیدەهێشت هەندێک لە خەڵک بچنە ژوورەوە. ئەو کەســـانەی پێشـــینەی کولتووریی خاریجییان هەبوو دەبوایە پێناسە یان کارتی ئەندامەتیی خۆیان لەو کلوبەدا نیشان دابا، کەچی بۆ کەسانی دیکە مەرجێکی ئاوا لە گۆڕێ دانەبوو.

## پێناسەی جیاوازیدانان:

جیاوازیدانان یـــا Discrimination، وشـــەیەکی لاتینییە بە مانای جیاوازیدانـــانو هەڵاواردن دێ. مەبەست ئەوەیە کە جیاوازی لەگەڵ هەندێک کەس بکەیو بە چاوێکی کەمتر لەوانی تر تەماشای کەی، یا نرخو بەهایەکی کەمتری بۆ حیساب بکەی.

لە ئەدەبیاتی سیاسیدا، جیاوازیدانان ئەو جۆرە ڕەفتارانە دەگرێتەوە کە بێ ئەوەی هیچ پاکانەیەکی بەجێو مەعقوولی لە پشـــت بێ، کەسێک یان کۆمەڵە کەســـێک لەوانی تر کەمتر بەحیساب دێو هەڵسوکەوتێکی نابەجێی لەگەڵ دەکرێ. کەمایەتییە نەتەوەییەکان، کەمایەتییە ئیتنیکی، مەزهەبی، ئایینیو زمانیو جنســـییەکان لەو دەســـتەو تاقمانەن کە تا ڕادەیەکی زۆر لە هەموو وڵاتانی دنیادا جیاوازیو هەڵاواردنیان پێ ڕەوا دەبینرێ.

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

ئەم ڕاهێنانە بەشێوەی باسو گفتوگۆ بەڕێوە دەچێ. وا باشە لە سەرەتادا کورتە فیلمێک سەبارەت بە جیاوازیدانانو هەڵاواردنە جۆراوجۆرەکان نیشـــان بدەین کە لە مێژوودا بە دژی گەلانو کەمایەتییە جۆراوجـــۆرەکان لەلایەن دیکتاتۆرەکانەوە ئەنجام دراون. یا دەکـــرێ لەو بارەوە لەو وێنەو ڕیپۆرتاژە جۆراوجۆرانـــە کەڵک وەرگرین کە لـــە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا چاپو بـــڵاو کراونەتەوە. دواتر داوا لە

قوتابیـیـەکان دەکەیـن لەو بارەوە ئەزموونەکانـی ژیانی خۆیان یا ئەو زانیاری‌یانەی سـەبارەت بە جیاوازیدانـان لەگەڵ کـۆڕو کۆمەڵە جۆراوجۆراوەکان هەیانە لەگـەڵ یەکتر باس بکەن. دیارە نابێ کەس بخرێتە ژێر فشار تا ناچار بێ قسەو باسێک بکا کە بۆخۆی حەزی لێ نیە.

**کات:** ٢ کاتژمێر.

**پێداویستی:** ژوورێکی گەورە، تەختەڕەش، کاغەزی گەورەو تووش، قەڵەمو کاغەز.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ مامۆستا داوا لە قوتابیەکان دەکا کە بیر بکەنەوە کە ئایا بۆخۆیان قەت جیاوازییان لەگەڵ کراوە، یا شاهیدی ئەوە بوون کە کەسێک جیاوازیی لەگەڵ بکرێ؟ یا بیستوویانە کەسێک یان گروپێک لە خەڵک هاڵاواردنیان لەگەڵ کرابێ؟ (٣ تا ٥ خولەک)

مامۆستا ئەو وشە کلیلییانە لەسەر تەختەڕەش دەنووسێتەوە کە قوتابی‌یەکان باسیان لێ دەکەن. واتە خاڵە گرنگەکانی قسـەو باسـی قوتابی‌یەکان لەسـەر تەختەڕەش دەنووسـێ. پاش ئەوەی کە هەموو بەشـداربووەکان قسەکانیان تەواو کردن، مامۆستا داوا دەکا وەزعێکی تایبەتی هەڵبژێرن کە بە شـێوەیەکی قووڵتر کاری لەسـەر بکەین. پاش ئەوەی کە قوتابی‌یەکان ئەو نموونەیان هەڵبژارد، مامۆستا داوایان لێ دەکا بە وردی قسەو باس لەسەر بابەتەکە بکەن. قوتابیەکان لەسەر ئەو پرسیارانە کار دەکەنو تێدەکۆشن وەڵامیان دەنەوە:

* ئەم کارەساتە، ئەم وەزعە چۆن ڕووی دا؟ کەی ڕووی دا؟

* ئایا بەڕاستی ئەوە جیاوازیدانان بوو؟ یا شتێکی تر؟

* ئەو کەسـەی جیاوازیی پێ ڕەوا بینراوە، چ دژکردەوەیەکی لە خۆی نیشان دا؟ چ هەستێکی هەبوو؟

* ئەگەر ئەوە بەسەر تۆ هاتبا ئاوا جیاوازییت لەگەڵ کرابا چت دەکرد؟ ئاکامەکەی بە جۆرێکی تر بوایە؟

* ئایا ئەگەر ئێمە شاهیدی ئەو ڕووداوە بوایەین، چیمان دەکرد تا نەیەڵین ئەو وەزعە بێتە پێش؟ ئایا ئەوە کارێکی ئاسان دەبوو، یا دژوارو سەخت؟ ئایا پێت وا نیە کە لە سەرمانە لە هەر کوێ هەین دژی جیاوازیدانانو هەڵاواردن کارو خەبات بکەین؟

بۆ باسو لێدوان:

* ئایا جیاوازی هەیە لە نێوان هەڵاواردنو جیاوازیدانانو لە ژێر پێنانی کەرامەتی مرۆڤو بایەخی ئینسانی؟

* ئـەو هۆکارانـە چن کە دەبنە هۆی ئەوەی مرۆڤەکان جیاوازییـان لەگەڵ بکرێ یان بایەخی ئینسانییان بخرێتە ژێر پێ؟

* بۆچی زۆرتر وایە ئەو کەسانەی کە کەمایەتین یا جیاوازن، هەڵاواردن‌و جیاوازیدانیان لەگەڵ دەکرێ؟

* دەگوترێ کە مرۆڤەکان جیاوازیان لەگەڵ دەکرێ چونکە ئەوە لە قازانجی ئەوانە. ئایا نموونەیەکی لەو چەشنە هەیە؟ بۆ چی وایە؟

* مرۆڤەکان لە کوێ فێر بوون کە جیاوازی‌و هەڵاواردن لەگەڵ کەسانی تر بکەن؟ چۆن؟ بۆچی؟

* لە وڵاتانی رۆژئاوادا موهاجیرەکان‌و ئەو کەسانەی لە کولتوورەکانی دیکەڕا هاتوون تا ڕادەیەکی زۆر ئەوانەن کە جیاوازییان لەگەڵ دەکرێ. کەچی بەو حاڵەش خەڵکی ئەو وڵاتانە زۆر حەز لەو شتانە دەکەن کە ئەو خارجییانە لەگەڵ خۆیان هێناویانن. وەک خواردنی چینی، خواردنی هیندی، خواردنی گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، مۆسیقاو هەڵپەڕکێ و سەماو دانس، جلوبەرگ، هونەرو لەوەش زیاتر خەڵکی رۆژئاوا زۆر حەز دەکەن بۆ خۆیان وەک توریست بچنە ئەو وڵاتانەو سەردانیان بکەن. ئایا ئەوە شتێکی پێچەوانە نیە؟ ئەمە چۆن لێک دەدرێتەوە؟

* کاتێک کەسێک بەشێوەیەکی خراپ هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێ‌و بە کەمتر بەحیساب دێ، دەگوترێ بە شێوەیەکی نیگەتیڤ جیاوازی لەگەڵ کراوە. ئەی مەبەست لە جیاوازیدانانی ئەرێنی چیە؟ ئایا ئەوە شتێکی باشە؟ کاتێک سەهمییەی پێویست بۆ ژنان یان کەمایەتی‌یەکان، لە بازاڕی کار، یان لە پۆستەکانی ئیداری‌و سیاسی‌دا یان لە زانکۆکان‌دا وەبەرچاو دەگیرێ، جۆرێک جیاوازیدانانی ئەرێنیە. ئایا لایەنگری ئەوەیت؟

* بۆچی گرنگە بە هەر جۆرێک کە بۆمان دەکرێ دژی جیاوازیدانان‌و هەڵاواردن کارو خەبات بکەین؟

## فێربووین کە:

جیاوازیدانان بریتیە لە هەڵسووکەوت و ڕەفتاری نادادپەروەرانەو نابەجێ لەگەڵ مرۆڤەکان. جیاوازیدانان کارێکە بەپێچەوانەی مافەکانی مرۆڤ‌و کەرامەتی ئینسان. هەر بۆیە دەبێتە مایەی کێشەو هەرا لە کۆمەڵ‌دا.

## بۆ فێربوونی زۆرتر:

مامۆستا داوا لە قوتابی‌یەکان دەکا کە کورتەشانۆیەک لەسەر حاڵەتێکی جیاوازیدانان بەڕێوە بەرن. دوو کەس لەوان وەزعێکی لەو چەشنە نمایش دەکەن‌و ئەوانی تریش تەماشایان دەکەن. دوای ئەوەی شانۆکە تەواو بوو، بەشداربووەکان پێکەوە شانۆکەو ڕووداوەکانی دەخەنە بەر باس‌و لەوە دەدوێن کە ئایا دەکرا کارێک کرابا کە ئەوە ڕووی نەدابا؟ واتە ئەو جیاوازیدانانە ڕووی نەدابا؟

ئەو جار بۆ جاری دووهەم شانۆکە نمایش دەکەینەوە بەجۆرێک ڕەفتار دەکەین کە نەبێتە هۆی

ئەوە کە جیاوازیدانانی لێ بکەوێتەوە.

تا ساڵی ٢٠٠٠ پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لە نێوان سپیپێستەکانو ڕەشپێستەکاندا لە Albama، یەکێک لە ویلایەتەکانی ئەمریکادا قەدەغە بوو. ٤١٪ی دەنگدەران بە دژی لابردنی ئەو قانوونە دەنگیان دا.

## یاسای جۆراوجۆر(Diffrnet rules)

**بابەت:** زۆرایەتیو کەمایەتی ٢٣٣٤_٢٢٣

**ئامانج:** ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییەی کە لەو شوێنەی هەندێک کەس دەسەڵاتدارن، کەسانی دیکە هەست بەبێدەسەڵاتی دەکەن.

هەر کۆمەڵە خەڵکێک بگرین یاساو ڕێسای تایبەت بە خۆیان هەن کە پەیڕەویان لێ دەکەنو بۆ ئەوان جێگای بڕواو متمانەن. بەڵام ئایا هەمیشە ئەو یاساو ڕێسایانە بۆ هەمووان عادڵانەن؟ ئایا بۆ ئەوانەی زۆرایەتینو بۆ ئەوانەش کە «جیاواز»ن یاساکان وەک یەکن؟ مەبەست لە کەمایەتی لەو کۆمەڵگایەدا بریتییە لەو خەڵکانەی کە لە زۆرایەتیی نێو کۆمەڵگا کە جیاوازن. وەک کەمایەتییە ئایینییەکان، کەمایەتییە ئیتنیکییەکان، کەمایەتییە زمانییەکان، کەمایەتییە جنسییەکانو کەمایەتییە سیاسییەکانو هتد.

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

ئەم چالاکییە هاوتەریب لەگەڵ هەندێک چالاکیی دیکە لە ماوەی چەند سەعات یان ڕۆژێکدا بەڕێوە دەچێ. مەبەست لە ڕاهێنانەکە ئەوەیە قوتابییەکان لەگەڵ جیاوازیدانانو هەڵاواردن ئاشنا بن. قوتابییەکان لە هەندێک هەلومەرجی جۆراوجۆردا یاساو ڕێساو ڕێوشوێنی جیاواز بەکار دێنن. لە ڕێگای بەکارهێنانی ئەو یاساو ڕێسایانەوە دەستیان وە هەندێک خزمەتگوزاریو ئیمکاناتی جۆراوجۆر ڕادەگا. دواتر بە کردەوە بۆیان دەردەکەوێ کە ئەوان وەک یەک مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێو بەم جۆرە بە ئێسکو پێستەوە هەست دەکەن کە جیاوازییان لەگەڵ دەکرێ. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەست بە بێعەداڵەتیو هەڵاواردنو زوولمو ستەم بکەن. بۆیە پێویستە لە کاتی بەڕێوەچوونی ڕاهێنانەکە مامۆستا حزوورو کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر وەزعەکەدا هەبێ. وا باشە لە جێبەجێ کردنی ئەم ڕاهێنانەدا، کەڵک لە کەسانو قوتابیانی بەتەمەنو پوختەو ئەو کەسانەی پێوەندییەکی باشیان پێکەوە هەیە، کەڵک وەرگیرێ.

**کات:** ٢ تا ٣ کاتژمێر تا یەک ڕۆژی تەواو.

**چیمان دەوێ:** ژورێکی گەورە بۆ کاری گروپی، قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ، چەسپ، کاغەزی گەورە، قەڵەمو کاغەزی ئاسایی بۆ چاوەدێرەکان، هەروەها هەندێک لاپ کە بکرێ بە شتی دیکەوە چەسپ

بکرێن کە لە سێ ڕەنگی جیاواز بن. (Po stift lapper)

**ئامادەکاریی پێشوەخت:** مامۆستا دەبێ لە سەر وەرەقەیەکی گەورە ئەو یاساو ڕێسایانەی نووسیبن کە بۆ هەرکام لە گروپەکان لەبەرچاو گیراون. گروپەکان جۆراوجۆرن، هەر بۆیە ئەو یاساو ڕێسایانەش جۆراوجۆرن. هەر گروپە لەسەر کاغەزێکی تایبەت، ئەو یاسایانەی بۆ دەست نیشان دەکرێن کە دەبێ پەیڕەویان لێ بکات.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ مامۆستا ئەوە بۆ قوتابییەکان ڕوون دەکاتەوە کە پاش ماوەیەکی کورت هەموویان بەسەر چەند گروپی جیاجیادا دابەش دەبن. گروپێکی سوور، گروپێکی سەوزو گروپێکی زەرد. ئەو ڕەنگانە بە کوتەکاغەزێک بەسەر گروپەکاندا دابەش دەکاو داوایان لێ دەکا کە هەمیشە ڕەنگەکەی خۆیان پێ بێ. پاشان هەر گروپە ئەو یاسایانەش وەردەگرێ، کە پێویست ناکا یاساکان زۆر بن. دەبێ بەجۆرێک ڕێکخرابن کە قوتابییەکان بتوانن وەبیریان بن وبەکاریان بەرن. مامۆستا ئەو یاساو ڕێسایانە، هی هەرکام لە گروپەکان ،لەسەر کاغەزێکی گەورە دەنووسێتەوەو بە دیواری پۆلەکەدا هەڵیانداوەسێ.

**گروپی سەوزەکە:**

مافی ئەوەیان هەیە هەرچی پێیان خۆش بێ بیکەن.

* دەستیان بە هەر چەشنە ئیمکاناتو تەداروکاتێکی پێویستو داتاو ئینتێرنێت ڕادەگا.
* دەتوانن بخۆنو بخۆنەوە.

گروپە سوورەکە:

* مافی ئەوەیان نیە لەسەر کورسی دانیشن.
* حەقیان هەیە تەنیا بە ئینگلیسی قسە بکەن.
* هەر جارێک قسەیان کرد دەبێ بڵێن سوپاس، واتە بڵێن (Thank you).
* ئیجازەیان نیە لەگەڵ سەوزەکان قسە بکەن مەگەر ئەو کاتە نەبێ کە سەوزەکان خۆیان لە پێشدا بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ وان هەنگاویان نابێ.
* هەمیشە دەبێ بۆ کەڵک وەرگرتن لە کامپیوتێر، گوێگرتن لە موزیک، ئینتەرنێت، میزی تێنسو هتد پرس بە سەوزەکان بکەنو ئیجازەیان لێ وەرگرن.
* ئیجازەیان نیە مۆبیل تەلەفۆن بەکار بێنن.
* حەقی خواردنو خواردنەوەیان نیە.

**گروپە زەردەکە:**

( ٢ تا ۴ کەس کە ئۆبزێرڤاتۆرن، واتە ڕۆڵی چاوەدێریان هەیە)

* تێدەکۆشن هەموان ناچار کەن کە یاساو ڕێساکان وەبەرچاو بگرنو بەڕێوەیان بەرن.

* چاودێری وەزعەکە دەکەن تا بزانن ڕووداوەکان چۆن دەچنە پێش‌و چ ڕوودەدا.
* ئەو قسەو کردارو ڕەفتارانە تۆمار دەکەن کە دەگوترێن یان ئەنجام دەدرێن.
* بیروبۆچوونەکانی خۆیان لەسەر وەزعەکە فۆرمۆلەو بەیان دەکەن.

دەبێ بگوترێ لەو ڕاهێنانەدا گروپە سەوزەکە ئەوانەن کە ئیمتیازیان هەیە. بەگوێرەی ئەو وەزعە کە مامۆستا دەیەوێ بەرجەستەی بکا، دەتوانێ ژمارەی ئەندامەکانی گروپەکان دیاری بکات. سەوزەکان هەمیشە نوێنەرایەتیی زۆرایەتی لە کۆمەڵدا دەکەن.

٢ـ پاشان مامۆستا خەریکی چالاکی‌یەکی تر دەبێ.

٣ـ کاتێک ئەو وەختە دیاریکراوە کە بۆ جێبەجێ کردنی چالاکی‌یەکە درابوو بە گروپەکان، تەواو بوو، هەموویان لە دەوری یەک کۆ دەبنەوەو بەشێوەی پلێنۆم باس‌و گفتوگۆ دەکەن. لێرەدا کاتێک لە پلێنۆمدا قوتابی‌یەکان پێکەوە گفتوگۆ دەکەن، پێویستە لەو ڕۆڵە بێنە دەرەوە کە لە ڕاهێنانەکەدا هەیانبوو.

لە سەرەتادا مامۆستا داوا لە گروپی زەرد واتە چاوەدێرکان دەکا تا ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەش بکەن. ڕاپۆرتەکە ئەوە دەگرێتە خۆ کە ئایا بەشدارەکان یاساو ڕێساکانیان بەڕێوە بردوون؟ چ دژکردەوەیەکیان نیشان داوە؟ سەوزەکان چۆنیان ڕەفتار کردوە؟ ئایا کەسانێک لەوان هەبوون کە لە دەسەڵاتی خۆیان کەڵکی خراپ وەرگرن؟ سوورەکان چۆن دەجووڵانەوە؟ چ دژ کردەوەیەکیان هەبوو؟ ئایا کەسانێک هەبوون کە تووڕە بن‌و لەو وەزعە بێزار بن؟

**بۆ باس‌و لێدوان:**

* پەیڕەوی کردن لە یاساکان چۆن بوو؟ چۆن جێبەجێ دەبوو؟ بە چ شێوەیەکی یاساکان جێبەجێ دەکران؟
* بەشداربووەکان چ هەستێکیان هەبوو؟ لە کاتی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکەدا چ هەستێکیان بۆ دەهاتە پێش؟
* ئایا کەسیان هەستی بە جیاوازیدانان دەکرد؟
* ئایا کەسانێک هەبوون کە پێیان خۆش بوو ڕەنگەکەیان بگۆڕن یا فڕێی دەن؟
* لە ژیانی ڕۆژانەدا چ جۆرە جیاوازیدانانێک ڕوو دەدا؟
* ئایا دەتوانن نموونەیەک لە وەزعێک، هەلومەرجێک باس بکەن کە لەوێدا زۆرایەتی بڕیار بەسەر کەمایەتی‌دا دەدا؟
* کێ دەسەڵاتی دانانی ڕێ‌شوێن‌و قانوونەکانی هەیە؟
* ئایا مەدرەسەکەی ئێوە یان ڕێکخراوەکەی ئێوە بەشێوەیەکی دیمۆکڕاتیک بەڕێوە دەچێ؟
* چۆن دەتوانین یارمەتی بە کەمایەتی بکەین کە بتوانن پێداویستی‌یەکانی خۆیان دابین‌و دەستەبەر

بکاتو لەگەڵ زۆرایەتی بەرانبەرواتە یەکسان بێ؟

**فێربووین کە:**

لــە کۆمەڵدا هەموو خەڵک وەک یەک دەســتیان بــە ئیمکانات ڕاناگا. هەندێک خەڵک بە شــێوەیەکی سیســتەماتیک جیاوازیو هاڵاوردنیان لەگــەڵ دەکرێ. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە کەســانی دیکەی جیا لەوان یاســاو ڕێســاو قانوونەکان دیاری دەکەنو لێکیان دەدەنەوە. واتە کەســانی دیکەی دەســەڵاتدار بۆخۆیان یاســاکان دادەڕێژنو هەر بۆ خۆشــیان لێکدانەوە و خوێندنەوەیان بۆ دەکەن. کاتێک مرۆڤ لە کۆمەڵگایەکدا وەک خەڵکانی تر دەســتی بە ئیمکاناتو خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان ڕاناگا، هەست بە بێعەداڵەتیی گەورە دەکاو ئەمەش دەبێتە مایەی ڕقو تووڕەییو بێزاری. هەربۆیە پێویستە کۆمەڵ دەرفەتو شانسو هەلومەرجی وەک یەک بۆ هەموان دابین بکاو مەیدانی گەشەو هەڵدانی هەموان دەستەبەر بکات.

**بۆ فێربوونی زۆرتر:**

قوتابییەکان پێکەوە باسی یاسا و ڕێساکانی کۆمەڵگا و گرووپە جۆراوجۆرەکان دەکەن. لە حیزبەکان و ڕێکخراوەکان و کلووپەکان و تیپە وەرزشــییەکاندا، ڕێوشوێن و یاساو ڕێسا هەن؟ ئایا ئەو یاساو ڕێســایانە بۆ هەموان وەک یەکن؟ ئایا دادپەروەرانەن؟ کێ یاســا و ڕێســاکان دادەنێ؟ چۆن یاسا و ڕێساکان لە کۆمەڵدا دادەنرێن و پەسند دەکرێن؟ کۆمەڵگایەکی عادڵانە چۆناوچۆن دادەمەزرێ؟

Puzzles about reality

**تێگەیشتنی شتەکان**

**بابەت:** جیاوازیدانانو هەڵاواردن.

**ئامانج:** تێگەیشــتن لە دادپەروەری و جیاوازیدانان، تێگەیشتن لەو ڕاستییە کە هاوپێوەندیی نێوان مرۆڤەکان و خەبات دژی زوڵمو نادادپەروەری و جیاوازیدانان بەهێز دەکا.

ئایا لە ژیانتدا لە دۆخێکی وادابوویە کە پێویست بێ شتێک بکەی کە بۆت سەختو ناخۆشو دژوار بووبێ؟ لە حاڵێکدا کەسانی دیکە لەوپەڕی ڕاحەتیو خۆشگوزەرانیدا بن؟ ئایا ئەوە نادادپەروەری نییە؟ وا نییە؟

**چۆنیەتیی جێبەجێ بوونی ڕاهێنانەکە:**

قوتابییەکان بەســەر چەند گرووپی بچکۆڵەدا دابەش دەبن. ئەوان لەو گرووپانەدا پێکەوە لەســەر ئەو بابەتە کار دەکەن. دواتر کۆ دەبنەوەو بە شێوەی پلێنۆم لەگەڵ یەک باسو گفتوگۆ دەکەن.

**کات:** کاتژمێرو نیوێک.

**پێداویستی:** ژوورێکی گەورە بۆ کاری گرووپی، وەرەقی گەورە بۆ لەسەر نووسین، تووشی تەختەڕەش،

قەڵەمو کاغەز، کۆپی هەندێک وێنەو هەندێک زەرف واتە پاکەتی نامە.
**ئامادەکاریی پێشوەخت:** هەندێک وێنەی گەورە پەیدا بکەین کە لەوێدا جیاوازیدانان دەرکەوێ، یان وێنەکان حکایەت لە هەڵاواردنو تەبعیز و ئاپارتاید بکەن. دەکرێ قەبارەی وێنەکان لەسەر فۆرماتی A3 بن.
دوایە هەرکام لەو وێنانە دەکرێنە پارچە پارچەی بچووک (٢٠ پارچەی بچووک) بۆ ئەوەی بۆ یاریی Puzzles یا Puslespill دەست بدەن.

## جیبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ مامۆستا قوتابییەکان دەکاتە چەند گرووپ. هەر گرووپە زەرف یا پاکەتێکی نامەی دەدرێتێ کە ئەو پارچە وەرەقانەی تێدان کە لە وێنەکان بۆ Puzzles بڕدراون. یەکێک لە گروپەکان هەموو پارچەکانی وێنەیەک لە پاکەت یا زەرفێکدا وەردەگرێ. دوو گروپەکەی تر، لە پاکەت نامەکەی خۆیاندا ئەو پارچە وەرەقانە وەردەگرن کە هی دوو وێنەکەی ترن. واتە تێکەڵاوێکن لە دوو وێنەکەی تر. نیوە لەم وێنەو نیوەش لەو وێنە. گروپەکانی تر لە پاکەتە نامەکانیاندا ئەو پارچە وەرەقانە وەردەگرن کە تێکەڵاوێکن لە هەموو وێنەکانی تر.
٢ـ پێش ئەوەی گروپەکان دەست پێ بکەن کە پارچە وێنەکان تێک کەنەوەو بیانخەنە پاڵ یەک، مامۆستا ڕێوشوێنو ڕێساکانی ئەو یارییەیان بۆ ڕوون دەکاتەوە. گروپی یەکەم یەک دەقیقە پێش لەوانی تر دەست پێ دەکا. گروپی دووهەم تەنیا مافی ئەوەیان هەیە کە دەستی چەپ بۆ وەسەریەک خستنەوەی پارچە وێنەکان بەکار بێنن. گروپەکانی تر چیان پێ خۆش بێ دەیکەن. واتە ئازادن چۆنیان پێ خۆش بێ کارەکەیان بکەن.
ڕاهێنانەکە ئەوەیە کە هەر گروپە هەرچی زووتر بتوانێ وێنەکەی خۆی بخاتەوە سەریەک.
٣ـ جیا لە گروپی یەکەم، گروپەکانی تر دەسبەجێ هەست دەکەن کە ئەوان پارچە وەرەقەی پێویستیان بۆ تەواو کردنی وێنەکەو خستنەوە سەریەکی نیە. بۆیە هەندێکیان تێدەگەن کە ئەگەر دەست بکەن بە هاوکاری لەگەڵ گروپەکانی تر، دەتوانن ڕاهێنانەکە تەواو کەنو وێنەکەی خۆیان بخەنەوە سەریەک. بۆیە ئەگەر گروپێک داوای کرد کە دەیەوێ ڕێگای پێ بدرێ لەگەڵ ئەوانی تر هاوکاری بکا، پێویستە پێشنیارەکەی وەبەرچاو بگیردرێ. هەر کاتێک گروپەکان وێنەکانی خۆیانیان وەسەر یەک خستنەوە، ڕاهێنانەکە تەواو دەبێ. یا کاتێک کە بەشدارانی کۆرسەکە تووڕەو بێزار بوونو بە هۆی هەست کردن بە بێعەداڵەتی نارەزایەتییان لێکەوتەوە، ڕاهێنانەکەش تەواو دەبێ.

## بۆ لێدوان:

* ڕاهێنانەکەتان پێ چۆن بوو؟ بۆچی ئەو ڕاهێنانەمان ئەنجام دا؟
* چ هەستێکتان هەبوو کاتێک دەتاندی گروپەکان لەگەڵ گیروگرفتی وەک یەک بەرەوڕوو

نەدەبوون؟

* ئایا ئەو جۆرە شتانە لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕوو دەدەن؟

* ئایا بۆخۆتان قەت لەگەڵ نادادپەروەری بەرەوڕوو بوونە؟ ئایا هەلومەرجێکتان وەبیر دێ کە لەوێدا خۆتان یان کەسانێک کە دەیانناسن بێعەداڵەتیی لەگەڵ کرابێ؟

* ئایا بیستووتانە یان دیتووتانە کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک جیاوازیی لەگەڵ بکرێو وەک ئەاونی تر دەستی بە ئیمکاناتی وەک قوتابخانە، ئاوی خواردنەوە، دەواو دەرمان، خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، کار، پەروەردەو فێر بوون، یەکەی نیشتەجێ بوونو هتد ڕانەگا؟

* ئایا وەزعی کەمئەندامانو ئەو کەسانەی کە خاوەن پێداویستیی تایبەتین لە کۆمەڵدا چۆنە؟ ئایا بەڕاستی وەک خەڵکی تر دەستیان بە خزمەتگوزارییەکان ڕادەگا؟

* ئایا ئەوە تاوانی کۆمەڵگایە کە لەوێدا هەندێک کەس جیاوازیدانانیان لەگەڵ دەکرێ؟

* کۆمەڵگاو کاربەدەستان چۆن دەتوانن خەڵک لە بەرامبەر جیاوازیدانانو هەڵاواردندا بپارێزن؟

* چۆن ئەو کۆمەڵگایە هەڵدەسەنگێنن کە لەوێدا تەبعیزو جیاوازیدانان بەڕێوە دەچێ؟

* جیاوازیدانانو هەڵاواردن چ ئاکامێکی بۆ تاکەکانو بۆ کۆمەڵگا لێ دەکەوێتەوە؟

* ئایا وا هەبووە تۆ خۆت هەندێک جار جیاوازیدانان بە کەسانی دیکە ڕەوا ببینی یان هەڵیانئاوێرێو بە شێوەیەکی نادادپەوەری ڕەفتاریان لەگەڵ بکەی؟

### فێربووین کە:

لە کۆمەڵگادا هەموو مرۆڤەکان شانسو دەرفەتی وەک یەکیان نیە. ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر لە هەموو دنیادا هەر ڕاستە. هەندێک کەس باشترو ئاسانتر لە کەسانی دیکە دەستیان بە ئیمکاناتو شانسو دەرفەتو سەرچاوە جۆراوجۆرەکان ڕادەگا. هەڵاواردنو جیاوازیدانانو تەبعیز ڕەوا دیتن بە مرۆڤەکانو دەستەو تاقمە جۆراوجۆرەکان پێی دەگوترێ جیاوازیدانان واتە Discrimination. جیاوازیدانان بە پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤو کەرامەتی ئینسانی لەقەڵەم دەدرێ. ئەرکی دەوڵەتە کە هاووڵاتیان، بێ هیچ جیاوازیدانانێک وەک یەک لە بەرامبەر تەبعیزو هەڵاواردنو ڕەفتارو هەڵسوکەوتی ناعادڵانەدا بپارێزێ. لەوەش زیاتر ئەرکی دەوڵەت ئەوەیە کە دەرفەتو شانسو هەلومەرجی گەشە کردن بۆ هەموو هاووڵاتیان وەک یەک دابینو دەستەبەر بکات. پێویستە بزانین کە ئێمەش وەک تاک جاری وایە جیاوازیو تەبعیزو هەڵاواردن لەگەڵ خەڵکانی تر دەکەین. بۆیە دەبێ بزانین کە بۆ بنیات نانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووو عادڵانە کە لەوێدا هیچ کەس بێعەداڵەتیو جیاوازیی لەگەڵ نەکرێ هەمووومان بەرپرسایەتیمان لەسەر شانە.

### ناوی ئەو کەسانە بزانین کە بۆ نانخواردنی ئێوارە بانگهێشتن کراون

**بابەت:** جیاوازیدانانو بڵاوکردنەوەی بیرۆکە کلیشەییەکان ٢٣٤ـ٢٢٩

**ئامانج:** ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستی‌یە کە ئێمە لە قەزاوەت کردن لە سەر خەڵکی تردا لە ژێر شوێنەواری بیروبۆچوون‌و هەڵوێستەکانی بنەماڵەو خزم‌و کەس‌وکارو دۆست‌و ئاشناو نزیکانی خۆمان داین.

پێ بزانین یان نا، وێنەو بیرۆکەی کلیشەیی‌و چوارچێوەی دیاریکراومان سەبارەت بە کەسانی دیکە لە زەین دان. واتە ئاگاهانە یا نائاگاهانە لە پێوەندی لەگەڵ خەڵکانی تردا چاویلکەی دیاریکراو بەکار دەبەین‌و بەو جۆرە دەیانبینین کە ئەوچاویلکە دیاریکراوانەمان، ئەوانمان نیشان دەدەن. هەر بۆیە بیرۆکە کلیشەییەکان، وێنەو سەمبول‌و ڕوانگەو هەڵوێستە کلیشەیی‌و بڕیارە بێ‌جێکان زۆرتر لەلایەن بنەماڵەو دۆست‌و ئاشناو قوتابخانەو کۆمەڵگاوە بۆ ئێمە دەگوازرێنەوە.

بە تێپەڕینی زەمان جاری وایە قەزاوەتە بێجی‌و وێنەو بیرۆکە کلێشەییەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێ. ڕۆژگارێک خەڵکی ئۆسلۆ وێنەیەکی زۆر خراپیان لە خەڵکی شیمالی نۆروێژ لە زەین دابوو. هەر بۆیە ئامادە نەبوون خانوو بەوان بەکرێ بدەن. ئەوان لە ئۆسلۆ ناچار بوون دیالێکت‌و ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆیان بشارنەوە تا خانوویان بەکرێ دەست کەوێ. بەڵام ئێستا ئەم وەزعە گۆڕاوە.

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

ڕاهێنانەکە بەشێوەی کورتەشانۆ بەڕێوە دەچێ‌و سەرەنجام بەشدارانی کۆرسەکە لە پلێنۆمدا پێکەوە لە سەر بابەتەکە گفتوگۆ لەگەڵ یەکتر دەکەن.

مامۆستا دەتوانێ بەگوێرەی قوتابی‌یەکان‌و بارودۆخەکە ڕۆڵەکان بگۆڕێ. دیارە ئەگەر خۆی بیهەوێ.

**کات:** یەک کاتژمێر.

**پێداویستی:** ژوورێکی گەورە بۆ کاری فیزیکی‌و نمایشی شانۆ. قەڵەم‌و کاغەز بۆ چاوەدێرەکان واتە ئۆبزەرڤاتۆرەکان.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ مامۆستا ڕوونی دەکاتەوە کە ڕاهێنانەکە بریتی‌یە لە کورتەشانۆیەک. مەبەست ئەوەیە کە ڕۆڵی بنەماڵە لە گواستنەوەی نرخو بایەخو بەها جۆراوجۆرەکان‌و وێنە کلێشەیی‌و قەزاوەتە بێ‌جێکاندا لە پێوەندی لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکەو خەڵکانی دیکەی سەر بە گروپ‌و کولتووری جۆراوجۆرەکانی دیکەدا نیشان بدەین.

٢ـ مامۆستا چوار کەس لە بەشداربووەکانی کۆرسەکە هەڵدەبژێرێ بۆ ئەوەی کورتە شانۆکە نمایش بکەن. (دیارە دەبێ خۆیان ئامادە بن‌و پێیان خۆش بێ). چوار کەسیش لە قوتابی‌یەکان وەک چاوەدێر دیاری دەکرێن تا ئەو چوار کەسەی تر کە شانۆکە نمایش دەکەن بخەنە ژێر چاوەدێری‌و هەموو ئەو بەڵگەو هەڵوێست‌و ئەرگیومێنتەکانی ئەوان بەوردی یادداشت بکەن. ئەوانی تر تەماشاچی

دەبن.

۳ـ ئەو کارتانە بەســەر چوار کەسەکە دابەش دەکرێن کە ڕۆڵی هەرکام لەوانیان تێدا نووسراوە. واتە هەر کەسێک لەوان ئەو کارتە وەردەگرێ کە چۆنیەتیی ڕۆڵی ئەوی تێدا نووســراوە. مامۆستا داوا لــەوان دەکا بۆ ماوەی پێنج دەقیقە کارتــەکان بخوێننەوەو خۆیان بەرنە نێو دنیای ئەو ڕۆڵەی کە دەبێ بیگێڕن.

۴ـ مامۆســتا لەگەڵ قوتابیەکانی دیکە ســێنەکە ئامادە دەکەن. سێنەکە بریتی‌یە لە دیوەخانی ماڵێکی ئاســایی. پاشان مامۆســتا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەوەی ئێستا نمایش دەکرێ بریتی‌یە لە گفتوگۆ لە نێوان ئەندامانی بنەماڵەیەکدا.

۵ـ کورتەشــانۆکە دەســت پێ دەکا. قوتابیەکان بۆ ماوەی ۱۰ تا ۱۵ خولەک خەریکی نمایش کردن دەبن.

## بۆ لێدوان:

پرسیار لەو کەسانە کە شانۆکەیان نمایش کرد: چۆن ڕۆڵەکانی خۆتانتان گێڕا؟ چۆن ئەو دەورانەتان نمایش کرد کە بۆتان دانرابوو؟

پرســیار لە چاوەدێرەکان: ئەوان چ ئەرگیومێنتێکیان لە قســەکانیان‌دا بــەکار دەهێنا؟ واتە ئەو کەسانەی شانۆکەیان نمایش دەکرد چۆن بەڵگەیان دەهێنایەوە؟ چۆن ئیستدلالیان دەکرد؟

پرسیار لە هەمووبەشدارانی کۆرسەکە:

* ئایا ئەرگیۆمێنتی لەو جۆرەتان پێشتر لە نێو بنەماڵەی خۆتان یان لە کەسانی تر بێستوون؟

* ئایا ئەوە ڕووی دەدا ئەگەر ئاستی کوڕەکەش هەمان ئاستی کچەکە بوایە؟

* ئایا وەزعەکە جۆرێکی تر دەبوو ئەگەر لەجیاتی کچەکە کوڕێک بوایەو ویستبای لە ماڵ بچێتە دەرو بڕوا لەگەڵ خۆشەویستەکەی بژی؟

* چ ڕووی دەدا ئەگەر کچەکە وتبای دۆستەکەی کچێکەو دەیهەوێ بڕواو لەگەڵی بژی؟

* چ ڕووی دەدا ئەگەر کوڕێک بوایەو بە بنەماڵەکەی گوتبا دەیەوێ بڕواتە دەرو لەگەڵ دۆســتە کوڕەکەی بژی؟

* ئایا ئەگەر ئەوە لە بنەماڵەیەکی موســوڵمان‌دا هاتبوایە پێش چ دەقەوما؟ ئایا موســوڵمانێک دەتوانێ دۆستە نۆروێژی‌یەکەی لەگەڵ خۆی بەرێتەوە ماڵێ؟

* ئایا لەم وڵاتەدا گیروگرفتی وامان ڕۆژانە بۆ دێتە پێش؟

## فێربووین کە:

قەزاوەتــی بێجێو بیرۆکە کلێشــەییەکان لە ڕێگای بە کۆمەڵایەتی بوونــەوە، لە ڕێگای پەروەردەو

فێـــر کردنەوە، لە ڕێگای ئەزموونی ژیانـــی ڕۆژانەوە دەگوێزرێنەوە. هەر بۆیە مرۆڤ کاتێک قســـەو باســـی خەڵکی لەسەر خەڵکانو کەسانی دیکەی ســـەر بە گروپە ئیتنیکیەکانی دیکەو چینو توێژە کۆمەڵایەتی‌یەکانی تر گوێ لێ دەبێ، پێویســـتە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە هەڵیانســـەنگێنێو لێیان ورد بێتەوە. واتە نابێ لە خۆڕا ئەو قســـەو ئیدیعایانە قبووڵ بکەین. پێویســـتە ئەوەش بزانین کە بە تێپەڕینی زەمان هەندێک لەو قەزاوەتە بێجێو بیرۆکە کلێشەییانەی کە لەسەر خەڵکانی تر هەمانن ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێن.

کارتەکان ( ئەو کارتانەی ڕۆڵەکانیان تێدا نوسراوەتەوە، واتە نمایشنامەکەیان لەسەر نووسراوە)

کچ

تۆ بڕیارت داوە بنەماڵەکەت لەوە ئاگادار کەی کە کوڕێکی موســـوڵمانت خۆش دەوێو دەتەوێ بڕۆیە دەرو بچیە ماڵی ئەوانو لەگەڵی بژی.

گفتوگۆ: ڕۆڵەکەت بەوە دەست پێدەکەی کە بە بنەماڵەکەت دەڵێی دۆستێکی موسوڵمانت گرتووە کە دەتەوێ بڕۆیە دەرو لەگەڵی بژی. هەوڵ بدە تا ئەو جێیەی بۆت دەکرێ لەسەر بڕیارەکەت سوور بەو بەڵگەو ئەرگۆمێنت بێنەوە بۆ ڕازی کردنی بنەماڵەکەت. ئەوەش بڵێ کە دەتەوێ ڕێکخراوێک بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ قەزاوەتی بێجێو بیرۆکە کلێشەییەکان دامەزرێنی.

دایک

کچەکەی تۆ کوڕێکی موسوڵمانی بە دۆستی خۆی هەڵبژاردوە واتە حەزی لێ دەکا.

گفتوگـــۆ: تۆ کچەکەی خۆتت خۆش دەوێ، بەڵام ســـەر لەوە دەر ناکەی کە ئەو چۆن کوڕێکی موســـوڵمانی خۆش دەوێ. تۆ بۆخۆت لە ئیســـلام بە شـــکو گومانیو پێت وایە کە ئیسلام دینێکە دوژمنی ژنانە. ئەتۆ پێت وایە موســـوڵمانەکان ســـەروکاریان لەگەڵ تیرۆریزم هەیە. لەوە دەترســـێ کە کوڕێکی موســـوڵمان بێو ئەو دەرفەتو ئیمکاناتە کە لە پێش کچەکەت دان ســـنوورداریان بکاو مەیدانـــی لێ تەنگەبەر کاتەوە. بیکاتە کابانی ماڵێو ژیانی لێ ســـەختو دژوار بکا. تۆ لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلە بنەماڵەییەکان‌دا هەمیشە لایەنگری لە مێردەکەت دەکەی. لە قسەکانت‌دا تێدەکۆشی کچەکەت حاڵی بکەی کە بەو بڕیارەی کە داویەتی دەردەسەریو گیروگرفتو ئەزیەتو ئازارێکی زۆر بۆ دایکو باوکی دەخولقێنێ.

برا گەورە

خوشکەکەت حەز لە کوڕێکی موسوڵمان دەکا.

گفتوگۆ: تۆ هیچ دژایەتی‌یەکت لەگەڵ ئەوە نیە کە خوشـــکەکەت حەز لە کوڕێکی موســـوڵمان دەکا یا دۆســـتی موســـوڵمانی هەیە. لەوەش زیاتر ئەتۆ پێت وایە کە مرۆڤەکان دەبێ مافی ئەوەیان هەبێ بۆخۆیان شـــەریکی ژیانی خۆیان هەڵبژێرن. کەچی کاتێک گوێت لە قســـەکانی دایکت دەبێ بەرەبەرە شـــکو گومانت بۆ پەیدا دەبێو دێیە ســـەر ئەو قەناعەتە کە ئەو کوڕە موسوڵمانە ڕەنگە لە

خۆشەویسـتی‌یەکەی‌دا لەگەڵ خوشکت ڕاسـتگۆ نەبێو بیەوێ دەستخەرۆی بکاتو ژیانی لێ تاڵ کات. لە قسـەکانی خۆت‌دا نیگەرانیی خۆت دەردەبڕی، بەڵام بەو حاڵەش پشـتیوانی لە خوشکت دەکەی.

باوک

کچەکەت حەز لە کوڕێکی مەسوڵمان دەکات.

گفتوگـۆ: تۆ بە هیچ جۆر قبـووڵ ناکەی کچەکەت پێوەندیی خۆشەویسـتیی لەگەڵ کوڕێکی موسـوڵمان هەبێ. بۆ تـۆ بنەماڵەکەت گرنگەو لەوە دەترسـی خەڵکی گەڕەکو خزمو ئاشـنایانی بنەماڵەکـەت بەو مەسـەلەیە بزانن‌و خراپی وەرگرن. ئەتۆ خۆت بە ڕاسیسـت نازانی، بەڵام کاتێک بیـر لە پێوەندیی کچەکەت لەگەڵ کوڕێکی موسـوڵمان‌و زەماوەندی ئەوان لە داهاتوودا دەکەیەوە، تێدەکۆشـی کچەکەت لەو بڕیارە پەشـیمان کەیەوە. ئەتۆ وەک باوکێکی توند ڕەفتارو هەڵسوکەوت دەکـەی. ئەرگۆمێنتەکانت ئەوە نیشـان دەدەن. هەر بەو جۆرە ئەتۆ دژی ئەوەش ڕادەوەسـتی کە کچەکـەت ئۆرگانێکی تایبەتی بۆ خەبـاتو بەربەرەکانی لەگەڵ بیرۆکە کلێشـەییەکان‌و قەزاوەتە بێ‌جێکان دامەزرێنێ.

## ستاتوس (Status) یا پێگەی کۆمەڵایەتی

**بابەت:** پێگەی کۆمەڵایەتی

**ئامانج:** تێگەیشـتن لەو ڕاستییە کە سـتاتوس یا پێگەی کۆمەڵایەتی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی‌یەو کاریگەریی لەسەر ڕەفتارو هەڵوێستی مرۆڤ هەیە.

Thandi Rankoe، سـەفیری ئەفریقای جنووبی بەسـەرهاتێکی خۆی کە چەندین سـاڵ لەمەوبەر لـە Botswanaدا بەسـەری هاتووە دەگێڕێتەوە. ناوبراو دەڵێ ئەودەمـە کە بە هۆی خەبات بە دژی ئاپارتاید هەڵاتبوو بۆ دەرەوەو وەک پەنابەرێکی سیاسی لە Botswana کارم دەکرد، ڕۆژێک لە شوێنی کارەکەم‌دا لە NORAD، کابرایەکی نۆرویژی لە پڕ هاتە ژووریو چاوێکی بە ژوورەکە داگێڕاو پرسی (is nobody here?) واتە ئایا کەس لێرەیە؟ ئەوە لە کاتێک دابوو کە من لە ژوورەکە دابووم‌و لەسەر کورسی‌یەک دانیشتبووم‌و کارم دەکرد.٦٧ بەو جۆر کابرای نۆرویژی ئەو نابینێ، یان ئەگەر بیشیبینێ وەک "کەس" تەماشای ناکات. بەو جۆرە ڕەفتارە دەگوترێ "نەدیتن" یان حیساب بۆ نەکردن. ئێمە هەموومـان ڕەنگە لە ژیانی خۆمان‌دا ئاوا لە جێگایەک کەوتبینە هەلومەرجێکی لەو چەشـنەوە کە یەکێک یان کەسانێک حیسابمان بۆ نەکەن‌و نەیانەوێ بمانبینن.

## چۆنیەتیی جێبەجێ بوونی ڕاهێنانەکە:

لە سەرەتادا قوتابی‌یەکان یاری‌یەک دەکەن کە لە ڕێگای ئەوە دەیانەوێ هەندێک لێکۆڵینەوە لەسەر

بابەتەکە بکەن. پاشان دەست دەکەن بە بیرکردنەوەیەکی قووڵو هەموو لایەنەو دواتر پێکەوە دەست دەکەن بە باسو گفتوگۆ.

**کات:** ٤٥ خولەک

**پێداویستی:** ژوورێکی گەورە، قەڵەمو کاغەزو لاپی جۆراوجۆرو ڕەنگاوڕەنگ واتە کوتە کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ کە چەسپ بکرێ.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ بەشدارانی کۆرسەکە بەشێوەی بازنە لە دەوری یەک ڕادەوەستن، بەڵام پشتیان لە چەقی بازنەکە دەبێو چاویشیان دەنووقێنن. پاشان مامۆستا کوتە کاغەزێکی زەرد کە ژمارەیەکی لەسەر نووسراوە بە نێوچاوانی هەر یەک لە بەشداربووەکانەوە دەنووسێنێ. ژمارەکان لە یەکەوە دەست پێدەکەنو لە پێنج تەواو دەبن. پێویستە قوتابیەکان بۆخۆیان نەزانن کە چ ژمارەیەکیان دراوەتێ. دوای ئەوەی هەموو قوتابی‌یەکان ژمارەی خۆیان وەرگرت، مامۆستا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە هەر کام لەوان ژمارەیەکیان لەسەر نێوچاوانی خۆیان هەیە کە پلە وپێگەو ئەوان نیشان دەدا. ژمارەکان لەنێوان یەک تا پێنج دان. تا ژمارەکە لە سەرتر بێ، پێگەی ئەو کەسە بەرزترە. دەبێ بگوترێ کە قوتابی‌یەکان هێشتاش نابێ چاویان بکەنەوە. ڕاهێنانەکە ئەوەیە کە هەر یەک لەوان بەگوێرەی ئەوە کە چەند کەس دێنە لایو حەزیان لێیە لەگەڵی بن، پێگەو ستاتوسی خۆی دەستنیشان دەکا. بەڵام مافی ئەوەیان نیە کە لە کاتی ڕاهێنانەکەدا پێکەوە قسان بکەن. ئێستا قوتابی‌یەکان چاویان دەکەنەوە. دەبێ بە ئیشارەی چاو و لە ڕێگای ئاماژە واتە زمانی لەشەوە سیگناڵ بۆ یەکتر بنێرن کە چ ژمارەیەکیان هەیە. واتە دەبێ سیگناڵ وەرگرنو سیگناڵ بۆ یەک بنێرن بۆ دەست نیشان کردنی پێگەی خۆیانو یەکتر. پاش ٤ تا شەش خولەک دوای ئەوەی کە بیرۆکەیەکیان سەبارەت بە پێگەی خۆیانو یەکتر لەلا دروست بوو یارییەکە تەواو دەبێ.

مامۆستا داوا لە بەشداربووەکان دەکا کە ئەوانەی پێیان وایە سەر بە گرووپی ژمارە یەکن بچنە لایەکەوە. پاشان هەر بەو جۆرە گروپەکانی تریش لە دەوری یەکتر کۆ دەبنەوە. دواتر کوتەکاغەزەکان لە نێوچاوانیان دەکەنەوە تەماشا دەکەن کە ئایا بۆچوونەکەیان لەسەر پێگەی خۆیان وەڕاستگەراوە یان نا.

* ئایا دژوار بوو کە بزانن چ ستاتوس یا پێگەیەکتان هەیە؟
* ئەوانەی کە پێگەیەکی بەرزیان هەبوو چ سیگناڵێکیان لەوانی ترەوە بۆ دەهات؟
* ئەوانەی پێگەیەکی خوارتریان هەبوو چ سینگاڵێکیان بۆ دەهات؟
* ئایا لە ژیانی واقعیی ڕۆژانەماندا هەر وایە؟ ئایا بەگوێرەی پێگەی خۆمان لە کۆمەڵدا سیگناڵی جۆراوجۆرە وەردەگرین؟

* کەی مرۆڤ ســەبارەت بەو کەســانەی پێگەیەکی بەرزیان هەیە سیگناڵ دەنێریٚ؟ ئایا خۆت وات کردوە؟

* چۆن سیگناڵ سەبارەت بەو پێگەیانە دەنێرن کە پێمان وایە نزمن؟

٢ـ مامۆستا داوا لە قوتابیەکان دەکا دوو دوو پێکەوە سەبارەت بەو پێگەو ستاتوسانە قسە بکەن کە لە کۆمەڵگادا هەن. پێویستە لە کاتی هێنانەوەی نموونەدا هەم باس لەو نموونانە بکەن کە پێگەی بەرز نیشان دەدەن، هەم ناوی ئەو نموونانە بەرن کە پێگەی نزم نیشان دەدەن. کار، سەروەت، خانوو، ماشێن، بڕوانامە، کولتوور، بنەماڵە، جوانی، بالاَبەرزی، زیرەکی، پلەو پێگەی ئایینی، دینداری، سیفاتە شەخسیو جەستەییەکان، بەهێزیو هتد (١٠ تا ١۵ خولەک).

٣ـ پاشــان مامۆســتا ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەی قوتابیەکان لەسەر تەختەڕەش دەنووسیٚ. یا ئەو شتانەی قوتابیەکان ناویان دەبەن لەسەر کاغەزی گەورە دەنووسیٚو بە دیواری پۆلەکەدا هەڵیانداوەسیٚ.

## بۆ لێدوان

* لە ژیانی رۆژانەدا چۆن ڕەفتار لەگەڵ ئەو کەسانە دەکەی کە ستاتوسێکی بەرزیان هەیە؟

* ئایا سرنجو بایەخێکی کەمتر بەو کەسانە دەدەین کە ستاتوسێکی نزمتریان هەیە؟ بۆچی؟

* کــیٚ لــە کۆمەڵدا پێگەو پلەی بەرزی هەیە؟ کیٚ پێگەی نزمی هەیە؟ بۆ وایە؟ ئایا لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەو گروپانە ستاتوســی بەرزیــان هەیە یا نزم: پەنابەران، خــاوەن کارگەکان، کەمئەندامان، هۆمۆفیلەکان، کەسانی سەر بە کەمایەتییەکان.

* ئایا هەمیشــە پێگە و پلەی بەرز ئاکامی کارو زەحمەتی ئەو کەســەیە کە ئەو پلەی هەیە؟ ئایا دەتوانی نموونە بێنیەوە؟

* ئایا ئێمە پێویســتە مرۆڤەکان لەسەر بناخەی پێگەو پایەی کۆمەلاَتییان هەڵسەنگێنین یا لەسەر بناخەی ڕەفتارو کارو کردەوەکانیان؟

* ئایا ئێمە پێویستە وەک یەک ڕێزو حورمەت بۆ هەموو مرۆڤەکان نیشان دەین؟

هەر کولتوورەی پێوانەی خۆی بۆ دانی پێگەو پلەو پایە هەیە. شتی جیاواز لە کولتوورە جیاوازەکاندا پلــەو پایەی جیاوازیان هەیە. ژنان، مندالاَنو بەســالاَچوان دەتوانن لە کولتوورە جیاوازەکاندا پلەو پێگەی جیاوازیان هەبیٚ. کەســانێک کە لە ولاَتێکدا ستاتوسو پێگەیەکەی زۆر بەرزیان هەبوویٚ، ڕەنگە لە ولاَتێکی دیکەو لە کۆمەڵگایەکی دیکە ئەو پێگەو ڕێوشوێنەیان نەبیٚ.

## فێربووین کە:

زۆر گرنگــە هەوڵ دەین مرۆڤــەکان وەک مرۆڤ ببینینو وەک مرۆڤیش هەڵســوکەوتیان لەگەڵ بکەین. پلەو پایەی کۆمەلاَیەتی ئەوە دەســت نیشــان ناکات کە ئێمە چ جۆرە کەســێکینو چۆن

ڕەفتارو هەڵسوکەوت دەکەین. ئینسانێکی باشین یان خراپ. بۆیە پێویستە لە ژیانی ڕۆژانەماندا ڕێزو حورمەت بۆ هەموو کەس دانێین‌و کەس وەلا نەنێین.

**بۆ فێربوونی زیاتر:**

سەفەری چینایەتی چەمکێکی تازەیە لە کۆمەڵناسی‌دا. دەتوانی ئەوە ڕوون بکەیەوە کە ئەم چەمکە چ پێوەندی‌یەکی بە پلەو پایەی کۆمەڵایەتی‌یەوە هەیە؟

تێبینی: مەبەست لە سەفەری چینایەتی ئەوەیە کە کەسێک بەپێی کار یان داهات یا خوێندن، پێگەی و پلەو پایەی لە کۆمەڵدا دەگۆڕێ‌و دەچێتە چینێکی دیکەوە.

بۆ فێربوونی زۆرتر:

بەشدارانی کۆڕسەکە دەتوانن وتار، وێنە، بابەت، فیلم، ڤیدیۆ، شیعر، چیرۆک‌و ... بدۆزنەوە کە نیشان بدەن هیچ پێوەندییەک لە نێوان ستاتووس‌و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی‌و چاکی‌و خراپیی مرۆڤێکدا نیە. کەسانی وا هەن‌و هەبوون کە لە پلەو پایەیەکی زۆر بەرز دابوون بەڵام ڕەفتارو کارو کردەوەی زۆر نابەجی‌یان لە خۆیان نیشان داوە. بەپێچەوانەشەوە جاری وایە کەسانێک پلەو پایەیەکی زۆر نزمیان بەڕواڵەت هەیە، بەڵام ئینسانی زۆر باش‌و شایستەو لێوەشاوەن.

## **وێکهەڵکردن** Tolerance

**بابەت:** وێکهەڵکردن:

**ئامانج:** شیکردنەوەی نێوەرۆک‌و سنوورەکانی هاوسەنگی.

لە بەیاننامەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە وێکهەڵکردن‌دا هاتووە کە: وێکهەڵکردن بریتی‌یە لە ڕێزگرتن‌و قەبووڵکردنی جۆراوجۆریی کولتوورەکانی جیهانی ئێمەو جۆرەکانی دەربڕین‌و شێوە جیاوازەکانی مرۆڤ بوونی ئێمە. گەشە کردنی وێکهەڵکردن لە ڕێگای ئاگایی، ڕاشکاوی، پێوەندی، ئازادیی بیروڕاو ویژدان‌و دەربڕینەوە مەیسەر دەبێ. وێکهەڵکردن بریتییە لە هاوئاهەنگی لە ناکۆکی‌دا. ئەمە هەر تەنیا ئەرکێکی ئەخلاقی نیە، بەڵکوو هەروەها پێویستییەکی سیاسی‌و قانوونیشە. وێکهەڵکردن ئەو تایبەتمەندییەیە کە ئاشتی مسۆگەر دەکا، دەبێتە هۆی جێنشین کردنی کولتووری ئاشتی لە جیاتی کولتووری شەڕ (...) وێکهەڵکردن بەرپرسایەتیەکە کە ددان بە مافەکانی مرۆڤ، پلۆرالیزمی کولتووری، دێمۆکراسی‌و ڕۆڵی قانوون دادەنێ. ئەمەش بە مانای پەیڕەوی کردن لە ستاندارده دیاریکراوەکانی نێو بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤە دادەنرێ".

**پێناسە:**

تۆلێرانسە بە مانای وێکهەڵکردن، پێکەوە حەوانەوە، تەحەممول‌و دەرک کردن، نیشاندانی تێگەیشتن

لە شـــتێک یا دیاردەیەک لێک دەدرێتەوە. ڕیشـــەی ئەم وشـــەیە لاتینیەو بریتییە لە Tolerance. کەســـێک کە تۆلێرانسەی نیە، توانای وێکهەکردن‌و تەحەممولی نیە، کەسێکە کە ئازاد نیەو لەوەش زیاتر دەتوانین بڵێین کە زانیاریشی نیە.

### چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

چالاکی‌یەکە بەوە دەســـت پێ دەکا کە قوتابیەکان دوو دوو پێکەوە لەســـەر بابەتەکە قسە دەکەن. پاشان هەموو گروپەکان کۆ دەبنەوەو بەشێوەی پلێنۆم لەگەڵ یەکتر باس‌و گفتوگۆ دەکەن.
**کات:** ٢ کاتژمێر.
**پێداویستی:** ژوورێکی گەورە، کاغەزی گەورەو قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ بۆ نووسین.

### جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ قوتابی‌یەکان دوو دوو دابەش دەبن‌و پێکەوە لەسەر ماناو نێوەرۆکی تۆلێرانسە قسە دەکەن. دەتوانن بیر لەوەش بکەنەوە کە بزانن خەڵکانی تر چیان لەســـەر تۆلێرانسە وتووە. (٥ تا ١٠ خولەک). دوایە قوتابی‌یەکان کۆ دەبنەوەو لە پلێنۆمدا باســـەکانیان لەگەڵ یەک باس دەکەن. مامۆستا نەتیجەگیری دەکا. قسەو باسەکانی قوتابیەکان لەسەر کاغەزێکی گەورە بەشێوەی کلیلەوشە دەنووسێ‌و بە دیواردا هەڵیانداوەسێ. دەشتوانێ لەسەر تەختەڕەش بیاننووسێتەوە.
٢ـ دواتر مامۆستا وەرەقەیەکی گەورە هەڵداوەسێ کە بەسەر دوو کەرتدا دابەش کراوە. وێکهەڵکردن‌و وێکهەڵنەکردن. واتە تۆلێرانس و ناتۆلێرانس. داوا لە بەشـــدارانی کۆرســـەکە دەکا نموونە بۆ هەر کام لەوان بێننەوە. مامۆســـتا هەموو ئەو قســـەو باســـانە بەشـــێوەی کلیلەوشـــە لە ژێر ئەو دوو باسەدا دەنووسێ‌و پاشان بەسەر دیوارەکانی پۆلەکەوە هەڵیانداوەسێ.

### بۆ لێدوان:

* ئێمە بەرامبەر کێ‌و چی تۆلێرانسمان هەیە؟
* کاتێک لەگەڵ کەســـێک یا شتێک هەڵدەکەین، چ هەستێکمان تێدا دروست دەبێ؟ واتە کاتێک تۆلێرانس لە خۆمان نیشان دەدەین چ هەستێک داماندەگرێ؟
* کاتێک هەست بە تۆلێرانس دەکەین، چ هەستێکمان بۆ پێک دێ؟
* ئایا جیاوازی لە نێوان ڕێز لێگرتن‌و تۆلێرانسەدا هەیە؟
* ئێمە دەکرێ بەرانبەر بە چی‌و کێ تۆلێرانسەمان نەبێ؟ بۆچی جاری وایە تۆلیرانسەمان تێدا نیە؟
* کاتێک ناتوانین کەســـێک یا شـــتێک تەحەممول بکەیـــن‌و تۆلێرانســـەمان بەرانبەری هەبێ چ هەستێکمان لەلا پێک دێ؟

* لە چ وەختێکدا گرنگە تۆلێرانس لە خۆمان‌دا نیشان بدەین؟
* ئایا گرنگە تۆلێرانست تێدا نەبێت؟
* ئایا مرۆڤ دەتوانێ فێر بێ کە تۆلێرانسی هەبێ و تاقەتی هەڵکردن‌و وێکهەڵکردن لە خۆیدا پەرە پێ بدا؟

## فێربووین کە:

بێ‌تەحەممولی، ناتۆلێرانسەو وێکهەڵنەکردن کاتێک سەرهەڵدەدا کە مرۆڤ زانست‌و زانیاریی لەسەر خەڵکانی تر، کەسانی تر، کولتوورو فەرهەنگ‌و شێوە ژیانەکانی تر نەبێ. لەو جۆرە هەلومەرجانەدا نەبوونی تۆلێرانس بە شتێکی نیگەتیڤ حیساب دەکرێ. چونکە بێ ئەوەی هیچ پێویست بێ دەبێتە هۆی لێک دوور کەوتنەوەو سەرهەڵدانی ناکۆکی‌و دوژمنایەتی لە نێوان خەڵکە جۆراوجۆرەکان‌دا. بۆ ئەوەی بتوانین لە ئاشتی‌و هێمنی‌و سەبات‌و ئیستقراردا بژین، تا ئەو جێ‌یەی دەکرێ دەبێ تۆلێرانسە لە نێوان مرۆڤەکان‌و خەڵک‌و کولتوورو دین‌و مەزهەبە جیاجیاکان، سەرەڕای هەموو جیاوازییەکانیان، پەرە پێ بدەین‌و بەهێزی بکەین. لێرەدا پێویستە پێ لەسەر ئەوە دابگرین کە تۆلێرانسە بە مانای ئەوەش نیە کە مرۆڤ دەبێ هەموو شتێک تەحەممول‌و قەبووڵ بکا.

تەحەممول نەکردنی هەندێک شت‌و کەس‌و دیاردە جاری وایە کارێکی باش‌و ئەرێنیە. چونکە دەبێتە مایەی ئاڵوگۆڕی بەکەڵک. بۆیە ڕاوەستان بەرامبەر پێشێلکارییەکانی ماف‌و ئازادییەکانی مرۆڤ ئەرکی سەر شانمانە. کە واتە سنووری تۆلێرانسەو تەحەممول لەو جێیە تەواو دەبێ کە دەبینین ماف‌و ئازادییەکانی مرۆڤ‌و کەرامەت‌و بایەخە ئینسانییەکان دەخرێنە ژێر پێ یان وەبەرچاو ناگیردرێ.

## بۆ فێربوونی زیاتر:

مامۆستا قوتابیەکان بەسەر چەند گروپدا دابەش دەکا. هەرکام لەو گروپانە نوێنەرایەتیی کەمایەتی‌یەکی ئایینی، مەزهەبی یا نەتەوەیی یا سیاسی لە کۆمەڵگادا دەکەن کە لە ژیانی ڕۆژانەیان‌دا لەگەڵ ناتۆلێرانسە (Intolerance) بەرەوڕوو دەبن. قوتابیەکان پێویستە تێکۆشن کە تا ئەو جێیەی بۆیان دەکرێ ئەو ڕەفتارو کارو کردەوانە دەستنیشان کەن کە ئەو کەمایەتی‌یانە لە خۆیانی نیشان دەدەن. بۆ نموونە هۆمۆفیلەکان، گروپە توندڕەوە مەزهەبییەکان، نیۆنازیستەکان، فێمێنیستەکان، موسوڵمانەکان، بەهایی‌یەکان. بۆ نیشان دانی ڕەفتاری ئەوان دەتوانن لە کورتە شانۆو شانۆی بێدەنگ کەڵک وەرگرن. یان وێنەی جۆراوجۆر لە ژیان‌و هەڵسان‌و دانیشتنی ئەوان نیشان دەن. ٤٥ خولەک.

٢ـ قوتابیەکان ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکەیان بە شێوەی پلێنۆم دەخەنە بەر باس‌و لێکۆڵینەوە.

**بۆ لێدوان:**

* چ ڕەفتارێکی ئەو کەمایەتی‌یانەتان حەز لێ بوو؟ چیتان حەز لێ نەبوو؟

* ئەودەم ئاسـانتر دەتوانین دەگەڵ کەمایەتیەکان هەڵکەین، کە زانیاریمان لەسەر ئەوان وەدەست هێنا بێ و باشتریان بناسین. ئەوە هیچ ڕاستییەکی تێدایە؟ بۆچی؟

* ئایا گرنگە جارجار تۆلێرانسـە بەرامبەر هەندێک شـتو دیاردەو کەس نیشـان نەدەی؟ بۆچی؟ هەڵوێستێکی ئاوا بەچی پاکانەی بۆ دەکرێ؟

**دیالۆگ‌و گفتوگۆ لەسەر:**

**جیاوازیەکان تا کوێ دەکرێ تەحەممول بکرێن؟ سنووری تۆلێرانسە لە کوێ تەواو دەبێ؟**

**بابەت:** تۆلێرانسەو سنوورەکانی، تا کوێ جیاوازی تەحەممول دەکرێ؟

۲۲۹_۲۲۴، ۲۳۷_۲۳۶

مێژوو شاهیدە کە زۆر جاران پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ بەهۆی هەبوونی جیاوازی لە نێو خەڵکە جۆراوجۆرەکاندا، ڕووی داوە. بە واتایەکی دیکە زۆر جار جیاوازی بۆتە هۆی پێشـێلکرانی مافەکانی مرۆڤ‌و کارەسـاتی گەورەی لێکەوتۆتەوە. هەر بۆیە بە مەبەسـتی پاراسـتنی ئاشتی لە دنیاو لە نێو کۆمەڵدا پێویسـتە تا ئـەو جێگایەی دەکرێ جیاوازییەکان تەحەممـول بکەین‌و لە بەرامبەریاندا تۆلێرانسە لە خۆمان نیشان بدەین.

نووسـەری بەناوبانگی فەرانسـەوی Voltaire دەڵێ: “هەرچەند هاوڕای بیروباوەڕت نیم، بەڵام تا مردن داکۆکی لە مافی تۆ بۆ دەربڕینی بیرو باوەڕت دەکەم“.

دەتوانیـن ئەو بیرۆکەیە بەرفراوانتر کەینەوەو بڵێین: «لە جیاوازبوونی تۆ تێناگەم، بەڵام تا مردن داکۆکی لە مافی تۆ بۆ «جیاواز» بوون دەکەم».

بەڵام ئایا ئەو قسـەیە بەو مانایەیە کە دەبێ هەموو شـتێک قەبووڵ بکەین. ئایا دەبێ تۆلێرانسە بەرامبەر هەموو شتێک نیشان بدەین؟ یا تۆلێرانسەو تەحەممولیش سنوورێکی هەیە؟

ئەگەر شـێوە ژیانی ئێمە دەبێتە هۆی دەوڵەمەندیو پشـتیوانی‌یەک بۆ کەسـانی تر، ئایا نابێ تەحەممول بکرێ؟ ئایا دەبێ جیاوازییەکان لە گۆشەنیگای نیسبیەتی فەرهەنگییەوە ببینین؟ یا ئەوە کە تۆلێرانسەو تەحەمولیش سنوورێکی دیاریکراوی هەیە؟

کاتێک جیاوازییەکان دەبنە مایەی ژان‌و ئازار، هاوکات دەبنە ململانێو مایەی گەشەو پەرەسەندنیش.

**چۆنیەتیی جێبەجێ بوونی ڕاهێنانەکە:**

ئەم چالاکی‌یە بەشێوەی پانێل بەڕێوە دەچێ. بۆ ئەوەی گفتوگۆکان دەوڵەمەند بن، وا باشە قوتابی‌یەکان

چەند ڕۆژ لەگەڵ مافەکانی مرۆڤو لێکتێگەیشتنی فەرهەنگی کاریان کردبێو زانیاریان لەسەریان هەبێ. ئەوە یارمەتی‌یان دەدا کە زانیاری لەسەر بابەتەکە کۆ کەنەوە، پرسیار بکەن، ئەرگۆمێنت بێنن، بەڵگەو فاکت پەیدا کەنو لە یەک قسەدا خۆیان بۆ باسەکان ئامادە بکەن. دەبێ بگوترێ چونکە مامۆستاش باسەکانو کۆبوونەوەکان بەڕێوە دەبا، دەبێ زۆر باش خۆی ئامادە کردبێ. دەکرێ خەڵکی تریش بۆ پانێلەکەو گوێگرتن بانگهێشتن بکرێن.

**کات:** یەکونیو تا دوو کاتژمێر.

**پێداویستی:** ژوورێکی گەورە کە بۆ پانێلو باسو سیمینارگرتن بشێ.

## جێبەجێ کردنی بەشی ١

١ـ قۆناخی خۆئامادەکردن (١،٥ تا ٢ کاتژمێر)

ا- هەڵبژاردنی بابەتێک بۆ باسو گفتوگۆ لەسەر کردن:

مامۆستا داوا لە قوتابیەکان دەکا کە پێویستە خۆیان بۆ باسو گفتوگۆ لەسەر بابەتێک ئامادە بکەن کە پێوەندیی بە «جیاوازی»و جیاوازی هەبوونەوە هەبێ.

قوتابیەکان خۆیان بابەتەکەو ئەو جۆرە «جیاوازی»یە هەڵدەبژێرن کە دەیانەوێ باسی لەسەر بکەن. دەکرێ دوو بابەتیش هەڵبژێرن. واتە دەتوانن دوو تەوەرە بۆ باسو گفتوگۆ لەسەر کردن دیاری کەن. ئایا پێویستە لە مەدرەسەکان‌دا ژوورێک بۆ نوێژ کردن جیا بکرێتەوە؟ ئایا پێویستە کەم‌ئەندامان شوێنی تایبەتیان بۆ پارک کردنی ئۆتۆمبیلەکانیان بۆ دیاری بکرێ؟ یا بابەتێکیتر.

## ب- جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

چوار کەس بۆ باسو گفتوگۆو بەشداری لە پانێلەکەدا هەڵدەبژێردرێن. کەسێک وەک بەڕێوەبەری پانێلەکە هەڵدەبژێرین. بەشدارانی پانێلەکە پێکەوە مەشوەرەت دەکەن کە چ لایەنێکی مەسەلەکە باس بکەنو هەرکامیان کام لایەنی بابەتەکە بۆخۆی هەڵبژێرێ. واتە ئەرکەکان لە نێو خۆیان‌دا بەش دەکەنو بەو جۆرە خۆیان بۆ باسەکە ئامادە دەکەن. بەڕێوەبەری پانێلەکەش تێدەکۆشێ خۆی بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکانو هیدایەت کردنیان ئامادە بکات. یەک شت گرنگە: بەشدارانی پانێلەکە دەبێ وەختی تەواویان بۆ خۆ ئامادە کردن بدرێتێ.

ج- ئەو کەسانەی بانگهێشتن دەکرێن بەتایبەتی ئەگەر دایکو باوکی قوتابی‌یەکان بن دەبێ لەپێش‌دا ئاگادار بکرێن. دەتوانن قوتابیانی پۆلەکانی دیکەش بۆ بەشداریو گوێگرتن بانگهێشتن بکەن. بۆیە دەبێ زوو ئاگادار بکرێن تا مامۆستاکانیان بتوانن بەرنامەڕێژی بکەن، وا باشە دەعوەتنامەکان بە نووسراو بن. لەوێ‌دا هەمموو شتێک ڕوون کرابێتەوە.

## بەشی ۲

## بەڕێوەبردنی پانێلەکە:

بەڕێوەبــەری پانێلەکە بەخێرهاتنی میوانــەکان دەکا. بەکورتی پرۆگرامی ڕۆژەکەو چۆنیەتیی چوونە پێشــی بەرنامەکە بە ئاگاداریی هەموو بەشــداربووەکان دەگەیەنێ. یەکێک لە بەشــدارانی پانێلەکە مەوزووعەکە دەکاتەوە. لایەنە جۆراوجۆرەکانی کێشــەکە بۆ ماوەی ۵ تا ۱۰ خولەک شی دەکاتەوە. پاشان بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکە داوا لە خەڵکەکە دەکا کە ئەگەر نەزەرو تێبینییەکیان هەیە بیڵێن. تــا ئەو جێیــەی دەکرێ دەبێ ڕێگا بدرێ کە خەڵکەکە بەشــداری لە باســەکاندا بکەنو ڕوانگەو بیروبۆچوونەکانیــان بخەنە بەر باس. لەو بارەوە وا باشــە بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکە لیســتەیەک لەو کەسانە بنووسێ کە دەیانەوێ قسە بکەنو وەختیان بەسەردا دابەش بکات. پاش ئەوەی هەموو ئەو کەســانەی قسەیان هەیە، تەواو بوون نۆرە دەگاتە یەکێکی تر لە بەشداربووانی پانێلەکە. ئەویش لە ماوەی ۵ تا ۸ دەقیقەدا نەزەرو ڕوانگەکانی خۆی ســەبارەت بە مەسەلەکە دەردەبڕێ. دوایە دیسان بەڕێوەبــەری کۆبوونەوەکە داوا لە خەڵکەکە دەکا ئەگەر قســەو تێبینیو لێکدانەوەیەکیان لەســەر قسەکانی ناوبراو هەیە باسی کەن. بەم جۆرە لیستەیەکی تر ئامادە دەکاو وەختیان دەداتێ. پانێلەکە بەو جۆرە دەڕواتە پێش. وا باشە لە کاتی باسەکاندا ئەم لایەنە جۆراجۆرانەی تۆلێرانسەو جیاوازبوون بخرێنە بەر ڕووناکایی:

* مێژوو شــاهیدی ئەوەیە کە کەســانێکو دەســتەو تاقمی جۆراوجۆر لە ڕابردوودا مافەکانیان پێشــێل دەکرانو بەهۆی جیاوازبوونیان دەچەوســانەوە، بەڵام ئاکامی پەرەسەندنی زانیاری لەسەر ئــەوانو خەبات بۆ مافو ئازادییەکانیان ئەمڕۆ مافی بەرانبەریان لەگەڵ خەڵکانی تر هەیە. بۆ نموونە ژنان...

* ئەگــەر خۆمان یان یەکێک لە کەســانی نزیکی خۆمان جیــاواز بوایە، چیمان دەکرد؟ چۆن ڕەفتارمان دەکرد؟

* باشــترین پێوانە بۆ قەبووڵ کردنی جیاوازییەکانو نیشاندانی تۆلێرانسەو دەستنیشان کردنی تۆلێرانســە بریتیــە لە مافەکانی مرۆڤ. هــەر جیاوازییەک کە دژایەتەیی لەگــەڵ مافەکانی مرۆڤ نەبێ، دەتوانرێ تەحەممول بکرێو تۆلێرانســەی بەرانبەر نیشان بدەین. هەر شتێکی بە پێچەوانەی مافەکانی مرۆڤ بێ، دەبێ نەک هەر تەحەممول نەکرێ، بەڵکوو خەباتو بەربەرەکانیی لەگەڵ بکرێ.

فێر بووین کە:

ســنووری تۆلێرانسە دیاری نەکراوە. بۆیە تۆلێرانســەو نێوەرۆکو سنوورەکانی پێویستە هەمیشە بخرێنــە بەرباسو گفتوگۆو دیالۆگ. پێویســتە لە کۆمەڵدا بەشــێوەیەکی کراوەو ئازاد باســی لێ بکرێ. پێویســتە هەموو ئەو شــتو دیاردەو جیاوازییانەی دژایەتییان لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا نیە تەحەمووڵ بکرێنو تۆلێرانســەیان بەرانبەر نیشان بدەین. ڕەنگە خەڵک بایەخ بۆ ئەوە پتر دانێن کە

وەک خۆیان قبووڵ بکرێن لەوەی کە تەنیا هەر تەحەممول بکرێن.

## ئیدی بەیاننامەی تایبەتی خۆمان بۆ لێک تێگەیشتنی فرەکولتووری ئامادەو پەسند دەکەین.

**بابەت:** لێکتێگەیشتنی فرەکولتووری

**ئامانج:** گفتوگۆ لەسەر ئەو پرەنسیپو ڕێوشوێنانەی بۆ لێک تێگەیشتنی فرەکولتووری پێویستن.

ئەو دنیا فرە فەرهەنگیو فرەکولتووریەی ئێمە تێیدا دەژین، لە کۆمەڵگای خۆشماندا خۆی نیشان دەدا. یانی کۆمەڵگای خۆمان ئاوێنەیەکە فرەفەرهەنگیو فرەکولتووریی دنیای هاوچەرخ نیشان دەدا. ژیانی ڕۆژانەمان فرەکولتووری‌یە. لەوەش زیاتر هەموو فاکتۆرەکان ئەوە نیشان دەدەن کە لە داهاتوودا کۆمەڵگای ئێمەش پترو پتر بەرەو فرەکولتووری بوونو فرەفەرهەنگی بوون دەچێ. لە ساڵی ١٩٤٨ی زایینی، ئەندامانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤیان پەسند کرد. ئەو بەیاننامەیە هەموو ئەو مافو ئازادییانەی کە بۆ مرۆڤێک لەبەرچاو گیراونو دەوڵەتەکان وەک ئەرکی سەر شانیان دەبێ وەبەرچاویان بگرنو دابینو دەستەبەریان بکەن، تێدا گونجاون. ئەو بەیاننامەیە بە گشتی مافەکانی تاکو ئەرکەکانی دەوڵەت لە بەرامبەر هاووڵاتیاندا ڕوون دەکاتەوە. بەڵام ئێمە مرۆڤەکان چۆن لەگەڵ یەکتر ڕەفتار بکەین؟ چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ جیاوازییە فەرهەنگیو کولتووریو ئایینیو مەزهەبیو زمانیو فیزیکیو سیاسیو ئیدەئۆلۆژیو کۆمەڵایەتی‌یەکانی یەکتر بکەین؟ وا باشە لەسەر مۆدێلی بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ بەیاننامەیەک بۆ لێک تێگەیشتنی فرەکولتووری ئامادەو پەسند بکەین.

تێبینی: بەیاننامە چیە؟ بەیاننامەیەک چۆن ئامادەو پەسند دەکرێ؟ ئایا دەبی پێشەکی‌یەکی هەبێو دواتریش مەبەستەکانی بە شێوەی مادده و بڕگە و خاڵ و بەند پۆلێنبەندی بکرێن؟

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

ئەم ڕاهێنانە کاتێک سەرکەوتوو دەبێ کە قوتابی‌یەکان بۆ ماوەیەکی باش لە پێوەندی لەگەڵ فرەکولتووری‌دا کاریان کردبێو زانیاریو شارەزاییان لەسەر ئەو بابەتەو مافەکانی مرۆڤ هەبێ. بۆیە وا باشە ئەو ڕاهێنانە دوا ڕاهێنانی کۆڕسەکە بێ. واتە ئەگەر کۆرسێکمان سەبارەت بە مافی مرۆڤو فرەفەرهەنگیو چۆنیەتیی ئیدارەی کێشەکان بەڕێوەبرد، ئەم ڕاهێنانە دوا ڕاهێنان بێ کە قوتابی‌یەکان کاری لەسەر دەکەن.

**کات:** ٣ خولەک

**پێداویستی:** ژوورێکی گەورەو قەڵەمو کاغەز

**جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:**

١ـ مامۆســـتا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بەیاننامە چیەو چۆن دێتە بەر چاو. لەچیو چی پێک دێ. بۆ نموونە دەبێ پێشـــەکیی هەبێ، مەبەسەتەکەی ڕوون کاتەوەو دواتر نێوەرۆکەکەی بە شکڵی ماددەو برگەو خاڵ دارێژرا بێ. پاشـــان داوا لە قوتابیەکان دەکرێ کە بەیاننامەیەک بۆ لێک تێگەیشـــتنی فرەکولتووری ئامادەو پەسند بکەن.

قوتابیەکان هان دەدرێن قووڵو هەموو لایەنە سەبارەت بە نێوەرۆکو بەندەکانی بەیاننامەکە بیر بکەنەوەو ئیدەو بیروبۆچوونو ڕوانگەو مەبەســـتەکانی خۆیان لەگەڵ باس بکەن. پاشان ڕێکوپێکیان بکەن دایانڕێژن. ئایا مەبەســـت لە بەیاننامەیەکی ئەوتۆ چیە؟ بۆ پێویســـتە؟ پێشـــەکییەکەی چۆن بێ؟ چەند ماددە بێ؟ ماددەکان چ بگرنە خۆ؟ مامۆســـتا هەموو ئەو ڕوانگەو نەزەرو پێشـــنیارانە کە قوتابییەکان باسیان دەکەن، لەســـەر تەختەڕەش یا وەرەقەیەکی گەورە دەنووسێ. نەزەری کەسو ڕوانگەو بیروبۆچوونی کەس بەکەم ناگیرێ. ۵ تا ۱۵ خولەک.

٢ـ مامۆســـتا قوتابییەکان بەسەر دوو گروپدا دابەش دەکا. هەر یەک لەوان ئەرکێکی تایبەتی دەبێ. گروپی یەکەم پێشەکیی بەیاننامەکە ئامادە دەکا. لە پێشەکییەکەدا مەبەست لە بەیاننامەکە ڕوون دەکرێتەوە، گروپی دووهەمیش ئەو ڕوانگەو بیرو بۆچوونو نەزەرو پێرسپێکتیڤانە ڕێکوپێک و فۆرمۆلە دەکا کە قوتابیەکان لە پێشنیارەکانی خۆیاندا باسیان کردوون. ۴۵ خولەک.

٣ـ مامۆستا قوتابیەکان هان دەدا بەیاننامەکە بەشێوەی نووسراو دارێژن. پاش دارێژران پێویستە بخوێنرێتەوە. چاک بکرێو ئاڵوگۆڕی تێدا پێک بێو دیســـانیش دارێژرێتەوە. ڕەنگە ئەو ئاڵوگۆڕ پێک هێنانە لە بەیاننامەکەدا چەند جار بێتە پێش. ســـەرەنجام لـــە پلێنۆمێکدا بەیاننامەکە دەخەنە بەر باسو گفتوگۆو پەسندی دەکەن.

۴ـ لە کۆتاییدا قوتابییەکان خەڵکێکی زۆر لە خزمو کەسوکارو دایکو باوکو دۆستو هاواڵو قوتابیانی پۆلەکانی تر بانگهێشتن دەکەنو بەیاننامەکەی خۆیان کە لەسەر تێگەیشتنی فرەکولتووری ئامادە کردوە، لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا ڕادەگەیەنن. دیارە ئەوان دەڵێن کە ئەو ڕاگەیەنراوەی ئەوان لە پێوەندی لەگەڵ قوتابخانە، شار، ناوچە یان وڵاتەکەی خۆیان دایە.

## فێربووین کە:

قوتابیـــەکان دەکرێ شـــانازی بەوە بکەن کـــە توانیویانـــە بۆخۆیان بەیاننامەیەک ســـەبارەت بە لێکتێگەیشـــتنی فرەکولتووری ئامادەو پەســـند بکەن. بەڵام دەبێ تێ بگەن کە ئەگەر ئەو ماددەو برگەو خاڵانەی نێو بەیاننامەکە لە ژیانو کردەوەی ڕۆژانەدا نەبنە ڕەفتارو هەڵوێستو ڕوانگەو مێتۆدو شـــێوازی کارو هەڵسانو دانیشتنمان لەگەڵ یەکتر، لە قســـەیەکی جوان بەولاوە بایەخێکی تریان نابێ. واتە لەسەرمانە تێکۆشین نێوەرۆکی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤو پرنسیپە جیهانییەکانی پێکەوە ژیانو تۆلێرانسە لە کردەوەدا وەبەرچاو بگرین. ئەگینا لەسەر کاغەز بایەخێکیان نیە.

**(٦)**

## کێشەو ئیدارەی کێشەکان

ڕەنگە ئیمکانی ئەوە هەبێ کەسێک ژیانێکی بێ گێرەوکێشە بەرێتە سەر، بەڵام ژیانێکی لەو جۆرە دژوار، بێ قووڵاییو بێ مانایەو وا لە مرۆڤ دەکا ئارەزووی مردن بکا. ٦٨

لە هەر شوێنێک مرۆڤەکان هەبن، کێشەش هەیەو کێشەکان لە هەموو فەرهەنگو کولتوورەکاندا بەشێکی سروشتیی ژیانن. لە نێوان خوشکو براکاندا، لە نێوان دایکو باوکەکانو منداڵەکانیان دا، لە نێوان خزمو ئاشناکاندا، لە نێوان دراوسێکاندا، لە قوتابخانەو شوێنەکانی کاردا، کێشەکان سەر هەڵدەدەن. ئێمە هەموومان بەجۆرێک لەگەڵ کێشەکان ئاشنایەتیمان هەیە. زۆر جار ئەو کێشانە ژیان ناخۆش دەکەنو دەبنە هۆی دروست بوونی گەلێک گیروگرفتو هاتنە پێشی نێوانناخۆشیو وەزعی دژوار لە هەندێک دەورانی ژیاندا.

مرۆڤی مۆدێرن نەک هەر دەبێ بتوانێ لەگەڵ کێشەکانی نێوان مرۆڤەکان، بەڵکوو پێویستە لەگەڵ ئەو کێشانەش کە لە ئاستی نێونەتەوەییدا دێنە پێش هەڵبکا. ڕۆژ نیە لە ڕاگەیەنە گشتییەکانەوە زانیاریمان سەبارەت بە شەڕ، ئەشکەنجە، توندوتیژی، نادادپەروەری، کوشتنو کوشتار، خەمو پەرژارەو ناڕەحەتی، جیاوازیدانانو هەڵاواردن، پەلامارو سەرکوتو زەبرو زەنگ پێ نەگا. لێرەدا گرنگ ئەوەیە لەو ڕووداوانە ورد بینەوەو حاڵی بین کە چ شوێنەوارێک لەسەر ئێمە دادەنێن. جارێک لە کۆرسێک دا، کاتێک سەبارەت بە گێرەو کێشە نێونەتەوەییەکان دەدوایinو باسمان لەوە دەکرد کە ئەو کێشانە چ ئەرکێک دەخەنە سەرشانی ئێمە، کچێکی پازدە- شازدە ساڵە کە لە کۆرسەکەدا

بەشـــدار بوو، وتی: هەرچی ئێمە لەو بارەوە بیکەین بێکەڵکە، چونکە هەرچۆنێک بێ دنیا بە ڕێگای خۆیدا دەڕواو دەبێتە دۆزەخ!

ئێمە نامانەوێ باســی ئەو هۆیانە بکەین کە ئەو کچە لاوەیان هێناوەتە ســەر ئەو بڕوایەو بەڵگە بێنینـــەوە کە ئاوا بیر نەکاتەوە. باســی ئەوەش ناکەین کە لە دنیای ســەردەمی گلۆبالیزاســیۆنو تەکنۆلۆژیی پێشــکەوتووی ڕاگەیاندندا، خەڵک ئاگایان لەو برسێتیو هەژاریو نادادپەروەری هەیە کە لێرەو لەوێی جیهاندا بەرچاو دەکەوێ. بەڵام خەڵکێکی زۆر لەســەر ئەو بڕوایەن کە هەرچۆنێک بێ ئەوە ئەرکی ســەر شانی ئێمەیە، ســەبارەت بەو نادادپەروەری و ناحەقییانە کە لە دنیادا هەن، بەتایبەتی لەو شــوێنەی مرۆڤەکان ئــازار دەدرێنو ژیانو ئازادیو کەرامەتیــان دەخرێتە ژێر پێ، دژکــردەوە لە خۆمان نیشــان دەین. تەنیا لە حاڵەتێکی لەو چەشــنەدا دەتوانیــن ڕووبەڕووی ئەو دژواریو تەنگو چەڵەمانە بینەوەو کارێک بۆ کەم کرانەوەیان بکەین.

کاری ئێمە ئەوەیە سەرەڕای باسکردن لە دژواریو نادادپەروەرییەکان، پێ لەسەر ئەوە داگرینو هیواو هومێد دروست کەین کە ئیمکانی ئاڵوگۆڕی ئەرێنی هەیەو دەکرێ کار بۆ ئەو ئاڵوگۆڕانە بکەین. بە وتەی ئینگە ئەیدسل فۆگ «پڕ مەترسیترین شت ئەوەیە کە باسی ئەو دژواریو مەینەتبەشییانە بکەیــن کە لە دنیادا هەن، بەڵام باس لەوە نەکەین کــە ئیمکانی کار بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی باش هەیە. ئیمکانی ئەوە هەیە کە جارجار ئاســمانی ژیانی منداڵان بە هەوران داپۆشرێ، بەڵام هەمیشە دەبێ لەبیرمان بێ هەوری واش هەن کە دەرفەتو هەلو شانسیان پێوەیە. ۶۹

ئەگەر بتوانین منداڵانو لاوان، فێری چۆنیەتیی چارەســەر کــردن، بەڕێوەبردنو ئیدارە کردنو کەمکردنەوەی کێشــەکان بکەین، ئامرازێکی گرنگمان بۆ شــکڵ پێدانی حەقیقەتی ژیانو بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ واقعییەتەکان داوەتە دەستیان. ئەو قسەیەی ئەو کچە لاوە لەو کۆرسەدا کردی، ئەوە دەردەخا کە ئێمە مرۆڤەکان هەمیشــە لە بەرامبەر ڕووداوەکانو کارەســاتە نالەبارەکاندا هەست بە بێدەسەڵاتی دەکەین.

وا دێتــە بەرچاو کە ئێمــە بەرامبەر بەو کارەســاتو بێعەداڵەتییانەی کە لێــرەو لەوێی دنیادا ڕوو دەدەن جگە لە تەماشــاچییەکی بێدەســەڵاتو نابەدڵ شــتێکی دیکە نین. ئەگەر وشــیاری، لێوەشاوەیی، ئاگایی، ئاشــنایەتیو شارەزایی سەبارەت بە چۆنیەتیی ئیدارەو چارەسەریی کێشەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆمان پەیدا کەین، ئەوە توانیومانە گەنجینەیەکی گەورە لە زانیاریو زانست بۆ بردنە پێشی ژیانی خۆمان وەدەست خەین. لەو ڕێگایەوە فێر دەبین چۆن ئەو کێشانە ئیدارە بکەین کە لە ژیانی ڕۆژانەدا لە وەزعی جۆراوجۆردا بۆمان دێنە پێش. لەو ڕێگایەشــەوە بڕوامان بە خۆمانو هێزو تواناکانی خۆمان زۆرتر دەبێو لە ئاکامدا باشــتر دەتوانین ڕەفتار بکەین، کارو کردەوەکانمان جوانتر ڕێک خەینو ژیرانەتر هەڵسوکەوت بکەین. وەختێک فێر دەبین کە بتوانین گیروگرفتو کێشەکانی ژیانی خۆمان بە شــێوەیەکی ژیرانەو دروســت ئیدارەو چارەســەر کەین، بڕوامان بە هێزو تواناکانی

خۆمان‌و کەسانی دیکەش بۆ چارەسەری کێشەکان‌و ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەو گیرو گرفتانەش کە پێوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ئێمەوە نیە، زۆرتر دەبێ.

گرنگترین پەیامی پێداگۆیی چارەسەرکردنی کێشەکان ئەوەیە کە بزانین دەتوانین کێشەکان ئیدارە بکەین. واتە بزانین دەکرێ هەموو کێشەیەک ئیدارە بکرێ. واتە ئێمە دەتوانین شوێن لەسەر ئاکامی کێشەکان دانێین‌و کۆنترۆڵیان بکەین. ئەوە کە کێشەکان ئاکامی ئەرێنی، یان نیگەتیڤیان هەبێ، پێوەندیی بەوەوە هەیە کە ئێمە چۆن ئەوان بەڕێوە دەبەین، چۆن ئیدارەیان دەکەین‌و چۆن هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەین. ئەگەر ئێمە فێر بین بە شێوەیەکی کاریگەرو دروست هەڵسوکەوت لەگەڵ کێشەکان بکەین، تێدەگەین کە سەرەڕای ئەوەی ئەوان زۆر جار هێزو ئێنێرژی‌یەکی زۆری ئێمە بەخۆیانەوە خەریک دەکەن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش پڕمانان‌و ماناش بە ژیان دەبەخشن.

«کێشەکان دەرفەتی ئەوەمان بۆ دەڕەخسێنن تا لەگەڵ لایەنە شاراوەو دیارەکانی خۆمان‌و کەسایەتیی خۆمان ئاشنا بین. کێشەکان بە گرنگترین مەیدانەکانی خەبات‌و تێکۆشان‌و ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ کەندو کۆسپ‌و نەهامەتی‌یەکان لەقەڵەم دەدرێن‌و سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ گەشە کردن‌و پەرەسەندنی هەمەلایەنەی ئێمەو پوختە بوونمان. کێشەکان وێککەوتن‌و لێکخشان دروست دەکەن. لێکخشان‌و وێککەوتنیش گەرمییان لێ پەیدا دەبێ. گەرمییش ئینێرژی‌و وزە دەخولقێنێ. ئێنێرژی‌و وزەیەک کە دەبنە مایەی جووڵەو بزووتن. ئەوەش دەزانین کە هیچ گەشەسەندن‌و پێشکەوتن‌و پەرەسەندنێک بەبێ بزووتنەوەو جووڵە ڕوو نادات. کە واتە ژیانی بێ کێشە ژیان نیەو ژیانیش بەبێ کێشە ئیمکانی نیە. ناتوانین بژین‌و خۆ لە کێشەکان بشارینەوە» ٧٠

لەم بەشەی کتێبەکەمان‌دا لە پێشدا، زاراوەی کێشە شی دەکەینەوەو دەبینین کە لە ڕاستیدا کێشە زۆر لایەنی ئەرێنیی هەیە. پاشان لەو هەلومەرجە دەدوێین کە یارمەتی بە گەورەبوون‌و پەرەسەندنی کێشەکان دەکەن واتە لەو فاکتۆرانە دەدوێین کە یارمەتی بە پەرەسەندنی کێشەیەک دەکەن. هەر لە درێژەی ئەو باسەدا بە وردی دوو دانە لەو فاکتۆرانە باس‌و شی دەکەینەوە کە دەبنە هۆی چوونە سەری ئاستی کێشەکان. واتە کۆمیونیکاشیۆنی خراپ‌و هەست‌و ئیحساسە تووندەکان. ئەگەر زیرەک بین‌و بتوانین بە شێوەیەکی جوان‌و باش پێکەوە بدوێین‌و قسە بکەین، هەروەها بتوانین هەست‌و سۆزو ئیحساساتی خۆمان کۆنترۆڵ کەین‌و بە شێوەیەکی دروست ئیدارەو بەیانیان کەین، ئەوە دەتوانین دڵنیا بین کە کێشەکان با ئاقارێکی باش‌دا دەڕۆنە پێش. پاشان باسی پرۆسەی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ کێشەکان دەکەین. مەبەست لە هەمووی ئەوەش بریتی‌یە لەوەی کە فێر بین کێشەکان کۆنترۆڵ‌و ئیدارە بکەین.

## کێشە چیە؟

وشەی کێشە یان کۆنفلیکت Conflict، سەرچاوەکەی بریتی‌یە لە Conflictus، کە زاراوەیەکی

لاتینیەو بە مانای وێک‌کەوتن دێ. بۆ ئەوەی وێککەوتن روو بدا، پێویستە جۆرێک پێکەوە کارکردن‌و لــە پەنــا یەک کار کردنی دڵخوازانە یــان بە نابەدڵی، بە گوێرەی بەرنامە یــان هەر وا بە رێکەوت لەگۆڕێدا بێ. بە واتایەکی تر، کاتێک کێشــە ســەر هەڵدەدا کە ئینسانەکان پێوەندی‌و سەروکاریان پێکەوە هەبێ. لەوەش زیاتر لە هەر جێیەک مرۆڤەکان ناچارن پێکەوە کار لەسەر پرۆژەو بەرنامەیەک لەگەڵ یەک هاوکاری بکەن، زەمینەی دروســت بوونی کێشــە پێک دێ. بۆیە تەنیا ئەو کەســانە تووشیان بە تووشی کێشەوە نابێ، کەخۆ لە خەڵک نادەن، دوورەپەرێز دەوەستن‌و لە کارو هاوکاری لەگەڵ کەســانی دیکە خۆ دەبوێرن یان خۆ دوور دەگرن. بەڵام ئەو جۆرە کەســانە دەبێ نرخێکی زۆر بۆ ئەو جۆرە ژیانە بدەن. ئاخر ژیانی بێ کێشە، ژیانێکە کە بێ پێوەندییە. ئەو کەسەی کێشەی نیــە، یانــی پێوەندیی بە دەوروبەری خۆیەوە نیــە. یانی لە کۆمەڵدا دوورەپەرێــز کەوتۆتەوە. یانی رۆڵێکی ئەوتۆی نیەو کاریگەری لەسەر رەوتی بەرەو پێش چوونی کۆمەڵ نیە. راستی‌یەکەی ئەوەیە کە پێناســەیەکی ئەوتۆ بۆ کێشــە نیە کە هەموو لایەنەکانی مەبەســتەکە بگرێتەوەو هەموو لایەک کۆدەنگییان لەسەری هەبێ. لەو بارەوە پێناسەی جۆراوجۆر هەن‌و هەر کام لەو پێناسانەش لایەنێکی دیاردەکە زەقتر دەخەنە بەر باس.

«کێشە بریتی‌یە لە وێککەوتنی قازانج‌و بەرژەوەندییە جیاجیاکان، هەڵسەنگاندنە جیاجیاکان، کارو کردەوەو هەڵوێستە جۆراوجۆرەکان» (De Bono 1986)

“لە هەر کێشــەیەکدا لانیکــەم دوو ئامانج هەن. یەکێک لەو ئامانجانە، رێگا لە چوونە پێشــی ئامانجەکەی دیکە دەگرێ. لە ئاکامدا هەلومەرجی پێوەندیدار بەو ئامانجەوە کە بۆتە کۆســپی سەر رێگای چوونە پێشــی ئامانجەکەی دیکە، شــوێنەوار لەسەر ئەو کەســەش دادەنێ کە خاوەنی ئەو ئامانجەیەو سەرەڕای ئەوەی کە بۆتە کۆسپی سەر رێگای چوونە پێشی ئامانجی لایەنەکەی تر، هەر پێی لەسەر دادەگرێ“ (Galtung 2003)

«کاتێــک ناکۆکی‌و ناتەبایی لە نێوان مرۆڤــەکان‌دا بێتە پێش‌و ئەو ناکۆکی‌و ناتەباییانەش لەگەڵ هەست‌و سۆزو ئیحساساتی توند ئاوێتە بن، ئەوە کێشە دروست دەبێ». (Hotvedt 1997)

«کێشە کاتێک دروســت دەبێ کە ئەو کەسانەی پێکەوەن، پێکەوە کار دەکەن، یان پێوەندییان پێکــەوە هەیە، هەســت بەوە بکەن کە ناکۆکی‌و ناتەباییەکی زۆریــان لەگەڵ یەک هەیەو هەر کام لەوان بەو ئاکامە بگا کە قازانج‌و بەرژەوەندی‌و پێداویســتییەکانی لەلایەن ئەوی ترەوە کەوتۆتە بەر هەڕەشــە. ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی هەست‌و ســۆزو ئیحساساتی توند لەلایەن هەر دوو لاو لە ئاکامدا جۆرێک کەڵەوەکێشــی لە نێوانیان‌دا سەر هەڵدەدا. هەر کام لە لایەنەکان پێیان وایە لایەنی بەرامبەر دەیەوێ دەســەڵات بەکار بێنێ تا بە قازانجی خۆی شــوێن لەسەر هەلومەرجەکە دابنێ». (Ekeland 2004)

“کێشــە بە شــێوەیەکی گشــتی بریتییە لە پرۆســەیەک کە لەوێدا رێزو حورمەت بۆ مرۆڤو

بایەخی ئینسانیی مرۆڤ وردە وردە کەم دەبێتەوەو دەگاتە جێگایەک کە لایەنەکانی کێشەکە لە جیاتی ئەوەی وەک ئینسان یەکتر ببینن، وەک شت تەماشای یەکتر دەکەنو لە ئاکامدا هەرواش هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکتر دەکەن. هەتا کێشەکە گەورەترو ناتەبایی‌یەکە زۆرتر بێ، لایەنەکان پتر ڕێگا بە خۆیان دەدەن وەک شت هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکتر بکەن." (Hans Brodal/Lif Nilsson 1999)

هەروەک دەبینین لەو پێناسانەیەدا زۆر خاڵی هاوبەش هەن. لە پێشدا باس لەوە دەکرێ کە لە کێشەیەکدا چەند لایەن هەن کە ئامانجو قازانجو بەرژەوەندیو هەڵوێستی ناتەباو جیاواز لەگەڵ یەکتریان هەیە. ٧١

جیا لەوە زیاتر واشە کە لایەنەکانی کێشە، پێوەندییان پێکەوە هەیەو بە جۆرێک پێکەوە بەستراون. سەرەڕای هەموو ئەوانە لە کێشەدا کانیی هەستو سۆزو ئیحساساتی توند دەتەقێتەوەو لە ئاکامدا کەڵەوەکێشیو لاساریو دڕدۆنگیو نەبانیو ڕوو لێک وەرگێڕان دروست دەبن. لە یەکێک لەو پێناسانەدا باس لەوە دەکرێ کە لایەنێک لە لایەنەکانی کێشەکە، هەست بەوە دەکا یان لە ڕاستیدا بە هەموو وجوودیەوە ئەوە ئەزموون دەکا لایەنەکەی دیکە، هێزو دەسەڵات بۆ بردنە پێشی بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکار دێنێ. مەسەلەیەکی دیکەش لەو پێناسانەدا هاتووە کە پێویستە سەرنجی بدرێتێ. ئەویش ئەوەیە کە کێشەکان دینامیکینو گەشە دەکەن، پەرەدەستێننو گەورە دەبنو دەچنە ئاستێکی بەرزترەوە. وەک باسمان کرد، هەتا کێشەکە گەورەترو ناتەبایی‌یەکە زۆرتر بێ، لایەنەکانی کێشەکە پتر وەک شت هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکتر دەکەنو بایەخی ئینسانیی یەکتریان لە لا کەمترو کەمتر دەبێتەوە. بەو پێیە بۆمان دەردەکەوێ کە زاراوەی کێشە زۆر لایەنو نێوەرۆکو چوارچێوەیەکی بەرینی هەیە. تا پتر ئەو لایەنە جۆراوجۆرانەی دیاردەی کێشە شی کەینەوەو باسیان لی بکەین، باشتر دەتوانین لە کێشەو ڕەوتی پەرەسەندنو چۆنیەتیی هەڵسوکەوت لەگەڵ کێشەکان تێبگەین.

کێشەکان لە نێوان تاکەکەسەکان دا، لە نێوان گروپو دەستەو تاقمە جۆراوجۆرەکانو لە نێوان دەوڵەتەکاندا سەر هەڵدەدەن. جاری وایە کێشەکان دیارو ئاشکرانو لایەنەکانی کێشەکە بە شێوەی جۆراوجۆر ئەوە نیشان دەدەن کە ناتەباییو کێشەیان پێکەوە هەیە. جاری واشە کێشەکان شاراوەو لە ژێر بەرە دان. واتە زەمینەو فاکتۆرەکانی دروست بوونی کێشە ئامادەن، بەڵام هێشتا مەسەلەکە هێندە نەچۆتە پێش کە ببێتە کێشە.

هێندێک کێشە زوو دروست دەبنو زۆر زووش دەتەقنەوەو گەشە دەکەن. بەڵام کێشەی دیکەی وا هەن کە وەختێکی زۆریان دەوێ تا گەشە بکەنو بگەنە حاڵەتێکی ئەوتۆ کە بتەقنەوە. زۆر هۆکار بۆ سەرهەڵدانو دروست بوونی کێشەکان هەن. هەندێک لەو هۆیانە ئەوەن کە مرۆڤەکانو گروپو دەستەو تاقمە جۆراوجۆرەکان، ڕوانگەو بۆچوونو هەڵوێستو بیروڕاو بایەخو شێوە بیرکردنەوەی

جۆراوجۆریان هەن. زۆر جاری دیکەش کێشـــەکان لەوەڕا ســـەرچاوە دەگرن کە تاکەکەسەکان یان دەســـتەو تاقمو گروپە جۆراوجۆرەکان ناتوانن لەســـەر دابەشکرانی ســـەرچاوە سروشتیو سەرچاوە ماددیيەکانو چۆنیەتیی کەڵک وەرگرتن لەوان، پێک بگەن.

بە واتایەکی دیکە لەو جۆرە حاڵەتانەدا، کێشـــەکان بۆیە ڕوو دەدەن چونکە مرۆڤەکان دەســـتەو تاقمەکان، بۆ تێر کردنی پێداویستییەکانیان وەک پێویست دەستیان بە سەرچاوە ماددییەکان ڕاناگاو لە ئاکامدا لەســـەر ئەوان لەگەڵ یەکتر دەکەونە ململانێوە. جاری وایە کێشەکان شکڵێکی توندوتیژ بەخۆوە دەگرنو جاری واشە بە شێوەیەکی ئارامو دوور لە توندوتیژی دەڕۆنە پێش.

لە ســـەرەتای ئەم باسەدا وتمان دوو جۆرە کێشـــەمان هەن. ئەو کێشانەی هەمووومان لە ژیانی ڕۆژانەمان لەگەڵیان بەرەوڕوو دەبینو ئەو کێشـــانەش کە بە کێشە گەورەکان دەناسرێنو لە ئاستی نێونەتەوەیـــیدا لـــە گۆڕێ دان. لێرەدا ئێمە باســـی ئەو کێشـــانە دەکەین کە لـــە پێوەندیی نێوان ئینســـانەکانو لە ژیانی ڕۆژانەماندا بۆمان دێنە پێشـــێ. بەڵام چونکە کێشە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژانە خاڵی هاوبەشـــی زۆریان لەگەڵ کێشـــە گەورەکانی دیکە هەیە، بەرە بەرە ســـەبارەت بەوانیش فێر دەبین. هەندێک کەس دەڵێن تا فێر نەبینو توانای ئەوە لە خۆماندا دروست نەکەین کە کێشەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆمان چارەســـەر کەین، ناتوانین ڕێگاچارە بۆ کێشـــە گەورەو گیرو گرفتەکانی دنیا بدۆزینەوە.

## ئایا کێشەکان تەنیا هەر لایەنی نەرێنییان هەیە؟

کاتێک لە خەڵک دەپرســـین کە کێشـــە چ شـــتێکیان خاتەوە بیر، زۆربەیان وەڵام دەدەنەوە کە ئەم وشـــەیە تووڕەیی، پێکهەڵپڕژان، دەنگ لێک گۆڕین، نێوان ناخۆشـــی، نادۆســـتایەتی، نائارامیو ترسو نیگەرانییان وەبیر دێنێتەوە. ئەوەش شتێکی سروشتییە چونکە کێشە هەستە نەرێنییەکانمان وەخەبەر دێنێ. هەر کاتێک تووشـــی کێشـــە دەبین، هەســـت بە ناخۆشـــی دەکەیـــن، نیگەرانیو بێئۆقرەیـــی داماندەگرێو جاری وایە گیرو گرفتی ئەوەمان بۆ پەیدا دەبێ کە خەومان لێ ناکەوێ. زۆریشـــن ئەوانەی کە بە بیستنی وشەی کێشـــە، ململانێی چەکدارانە، شەڕ، توندوتیژی، کوشتو کوشتار، چەوسانەوەو سەرکوتو زەبروزەنگیان دێتەوە بیر. ڕاستییەکەشی ئەوەیە هەر کاتێک کێشەو ناکۆکیـــیە نەتەوەییو نێونەتەوەییيە جیددییەکان ڕێگاچارەیەکیـــان بۆ نەدۆزرێتەوە، دەبنە مایەی ســـەرهەڵدانی شەڕو توندوتیژی، کوشتو کوشـــتار ئاوارەییو دەربەدەری. دیارە ئەوەش لە ڕاگەیەنە گشـــتییەکاندا ڕەنگ دەداتەوەو لە ئاکامدا شوێنەواری خۆی لەسەر ئێمە دادەنێ. کەچی سەرەڕای هەموو ئەو لایەنە مەنفیيانە کە کێشـــەکان هەیانە، کاتێک بە وردیو قووڵی تەماشـــای مەسەلەکە دەکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە زۆر لایەنی ئەرێنیشیان هەیە.

ڕاســـتییەکەی ئەوەیـــە کە ئەو کێشـــانەی لە ژیانـــی ڕۆژانەماندا دێنە پێش، زۆر پێویســـتنو

بەبێ هەبوونی ئەوان ناتوانین وەک مرۆڤ گەشـــە بکەین. ئەگەر بتوانین بە شـــێوەیەکی دروســـت هەڵســـوکەوتیان لەگەڵ بکەین، دەتوانن ببنە فاکتۆرێکی ئەرێنیو ســـەرچاوەیەکی گەورە بۆ گەشە کردنی تاکەکەسو کۆمەڵ بە گشتی. لێرەدا ئێمە باسی لایەنە ئەرێنییەکانی کێشەکان دەکەین.

## لایەنی ئەرێنیی کێشەکان

ئێمە بەشێوەی کۆو بە کۆمەڵ دەژین. بۆیە مرۆڤەکانی دەوروبەرمان دژکردەوە سەبارەت بە چۆنیەتیی قسەو رەفتارو کردارو هەڵسوکەوتی ئێمە نیشان دەدەن. جاری وایە کێشەکان لەوەڕا سەر هەڵدەدەن کە قسەو کردەوەو هەڵویستو ڕوانگەکانی کەسێک دەبنە هۆی ئەوەی کەسانی دیکەی دەوروبەری بەشێوەیەکی نەرێنی دژکردەوە لە خۆیان نیشان بدەن. مەبەست لەو قسەیە ئەوە نیە کە مرۆڤ نابێ ڕوانگەو بیرو بۆچوونەکانی خۆی بەیان بکا تا تووشـــی کێشە نەبێ. راست بەپێچەوانەیەوە زۆر گرنگە کە مرۆڤ ڕوانگەو بیروبۆچوونەکانی خۆی ســـەبارەت بە مەســـەلەو ڕووداوەکان دەربڕێ، بۆ ئەوەی شوێن دانیو کەمێک لە کەسانی تر جیاواز بێ.

منـــداڵان لە پرۆســـەی هەڵدانو گەورە بوونیـــاندا بەوە کە لەگەڵ دایکو باوکیان، خوشـــکو براکانیان، دراوســـێو هاوڕێو دۆســـتەکانیان دەکەونە ناکۆکیو ناتەباییەوە، ناسنامەی تایبەت بە خۆیان بۆ دروست دەبێو بەم جۆرە بەرە بەرە کەسایەتیان شکڵ دەگرێ. «ئەم خواردنە ناخۆم» یان «یاری بە بووکەشووشە ناکەم- دەمەوێ فووتباڵ بکەم». ئەمە لەو جۆرە قسانەن کە زۆر جار منداڵان لە ژیانی رۆژانەیاندا بەکاریان دەهێننو لەو ڕێگایەوە هەڵوێستی خۆیان دەردەبڕن. ئەوان لە ڕێگای ئەم قســـانەو لە ڕێگای لەشیانەوە هەڵوێستەکانیان نیشـــان دەدەن، یان داخوازیەکانیان دێننە گۆڕ، یان ناڕەزایەتی ســـەبارەت بەشـــتی تر دەردەبڕنو بەم جۆرە زۆر جار لەگەڵ کەســـانی دەوروبەریان دەکەونە کێشەوە. راستە ئەو جۆرە هەڵوێستو ناڕەزایەتی دەربڕینانە ناخۆشن، بەڵام زۆر پێویستنو دەربڕینیان باشترە لەوەی کە خۆ بخۆینەوەو ڕوانگەو هەڵوێستەکانمان بشارینەوە. ئاخر لەو ڕێگایەوە بە کەســـانی تر نیشـــان دەدەین کە ئێمە کێینو کەســـایەتیی تایبەت بە خۆمان بنیات دەنێینو دەوروبەریشمان حیسابمان بۆ دەکا. بەم جۆرە ناسنامەو هەویەتی تایبەتی خۆمان بۆ دروست دەبێ.

ڕێبەرانو ئەو کەســـانەی تواناو لێوەشـــاوەییەکی باشـــیان بۆ ئیدارە کردن هەیە، هەمیشە ئەو کەســـانەن کە بە ڕاشکاوی و بە ڕوونی ڕوانگەو نەزەری خۆیان سەبارەت بە مەسەلە جۆراوجۆرەکان دەردەبڕن. کەســـانێک کە هەڵوێستیان نیەو ڕوانگەی خۆیان سەبارەت بە مەسەلەکان دەرنابڕن، بەو کارەیان ڕێگا بۆ کەســـانی دیکە خۆش دەکەن تا بڕیاریان بۆ بدەن. ئەو جۆرە کەســـانە مەترســـیی ئەوەیان لەسەرە کە بە کەسانێکی ئەوتۆ بناسرێن کە بە هەر لایەکدا بای بێ بەو لادا دەشەکێنەوەو لـــە ئاکامدا دەوروبەریـــان کەمتر متمانەیان پێدەکەنو ناتوانن جێـــگای خۆیان بدۆزنەوە. بەم جۆرە دەتوانین بڵێین کە کێشەکان، شوناس و ناسنامەی مرۆڤەکان دروست دەکەن.

کاتێـــک خەڵک ڕوانگەو بیـــرو بۆچوونی جیاوازیان پێکەوە هەیە، کێشەشـــیان لەگەڵ یەکتر بۆ پەیدا دەبێ. زۆر جار ئەو باسو موناقەشـــە جۆراوجۆرانە دەکێشـــرێنە جێگایەکی ناســـکو باریک، بەڵام ســـەرەنجام ئاکامی باشیان لێ وەردەگیرێ. ئاخر لە کاتێکدا کە خەڵک ڕوانگەو بیرو بۆچوونی جیـــاواز لە یەکتریان هەیەو لەگەڵ یەکتر دەکەونە باسو ڕاوێژەوە، ڕوانگە جیاوازەکان دەردەکەونو دەرفەت بۆ فێربوونی شتی تازەو دەرکەوتنی ڕوانگەو بیرە تازەکان پێک دێو ڕێگا بۆ ئاڵوگۆڕو چوونە پێش دروســـت دەبێ. راســـتییەکەی ئەوەیە کە بەبێ جیاوازیو ناکۆکیو بیرو بۆچوونەکانو باسو وتووێژی نێوان ڕوانگە جۆراوجۆرەکان، نە پەرەسەندنو نە چوونە پێش ڕوو نادەن. کە واتە ناکۆکیو ناتەباییەکان، شتێکی سروشتیین، بە قازانجن، بنیاتنەر و کارسازو پێویستن. لە باسو وتووێژ لەگەڵ کەسانی دیکەدا، لە کاتی هێنانە گۆڕی ڕوانگەو بۆچوونە تایبەتییەکانی خۆماندا، لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلە جۆرراوجۆرەکان دا، لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا گەشە دەکەین، دەڕۆینە پێشو  پێدەگەین. لەو ڕێگایەوە کەسایەتیی خۆمان دروست دەکەینو گەنجینەی فەرهەنگیو کولتووریی خۆمان دەوڵەمەند دەکەین. بەو شێوەیە بێ ئەوەی پێ بزانین، لە پرۆسەی ژیانی گەلەکۆمە و تێکەڵاوی لەگەڵ کەسانی دیکەداو لە ئاکامی باسو موناقەشـــەی جۆراوجۆردا، گەشە دەکەین. ئەوە کە دەگوترێ «وەک مرۆڤ گەشـــە بکەین» لەو راستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە مرۆڤ مەوجوودێکی کۆمەلایەتییەو لە ئاکامی ژیانو کارکردن لەگەڵ کەسانی دیکەدا پوختە دەبێ. ژیانو کار کردن لەگەڵ کەسانی دیکە، هەلی ئەوەمان بۆ دەڕەخسێنێ تا بایەخەکانی ژیان بناسینو بتوانین کەڵکی لێ وەرگرین.

Reiulf Steen دەڵـــێ "... گرنگترین شـــت لـــە ژیاندا ئەوەیە کە توانای ئەوەت هەبێ بە شـــتە جۆراوجۆرەکانی ژیان وەک منداڵ، سروشت، باسو موناقەشە لەگەڵ کەسانی  دیکە ،کە مانا بە ژیان دەبەخشن، دڵ خۆش کەیو لەززەتیان لێ بەری."۷۳

ئـــەوە کە بتوانین لـــە ئاکامی باسو موناقەشـــە دا، ڕوانگەو رەفتارو هەڵوێســـتەکانمان بگۆڕین، نیشـــانەی ئەوەیە کە گەشـــەمان کردوەو پوختەتر بووین. کە واتە کێشەکان دەبنە سەرچاوەیەک بۆ وەرگرتنی زانیاریی تازەو پوختەبوونو گەشەسەندن.

بەشـــێوەیەکی ئاســـایی وایە کە مرۆڤ زۆرتر لەگەڵ ئەو کەســـانە دەکەوێتە کێشەوە کە زۆرتر خۆشـــی دەوێنو لێیەوە نزیکن. هەر بۆیە دەکرێ کێشـــەکان بە هەوڵ و دەرفەتێکی لەبار بۆ نیشان دانی نزیکایەتیو دۆســـتایەتیو پێکەوە بوون، بزانین. ئاخـــر ئێمە وەک مرۆڤ ئاوڕ لێک دەدەینەوە، هاودەردی لەگەڵ یەک دەکەین، هاوخەمی بۆ یەک دەردەبڕین. جاری وایە خەفەت داماندەگرێ کە دەبینین کەسێکی نزیکمان ڕوومان لێوەردەگێڕی و لە کارو ڕوانگەو هەڵوێستەکانی خۆی سەبارەت بە مەســـەلەکان ئاگادارمان ناکاتەوە. خۆ لە خۆڕا نیە کە هەمیشـــە کێشـــە توندەکان لە نێوان ئەو کەسانەدا ڕوو دەدەن کە زۆر لێک نزیکو دۆستن. وەک دۆستو ئاشنا، یان ژنو مێردەکان، دڵداران، دایکو باوکو منداڵەکانیان. بە واتایەکی دیکە کێشـــەکان دەتوانن توندترین پێوەندییەکانی نێوان

مرۆڤەکان بەیەکەوە نیشان بدەن.

لایەنێکی دیکەی ئەرێنیی کێشەکان ئەوەیە کە دەستەو تاقمو تاکەکەسەکان، لە ڕێگای ئەوانەوە هەڵوێستو ڕوانگەکانی خۆیان نیشان دەدەن. کەسانێک کە تەواو بۆ یەکتر نائاشنان، لە ڕێگای کێشەکانەوە دەتوانن یەکتر بدۆزنەوەو بۆیان دەرکەوێ کە ڕوانگەو بۆچوونی وەک یەکیان هەیەو بەم جۆرە دەبنە ئاشنا. لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی کێشەکانەوە جیاوازی‌یەکان دەردەکەونو دەبنە هۆی بەهێزکردنی ناسنامەو شوناس تاکەکەسەکانو دەستەو تاقمو گروپە جیاجیاکان. دیارە ئەوەش هەر چەند ڕەنگە لایەنی نەرێنیشی هەبێ، بەڵام بە شتێکی باشو ئەرێنی دەژمێردرێ. کە واتە "کێشەکان دەتوانن ببنە هۆی دروست بوونی پێوەندیی تازەو پێکهاتنی دۆستایەتی".

لایەنێکی دیکەی ئەرێنیی کێشەکان ئەوەیە کە لە پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکانو پێوەندییەکانی نێوان میللەتانو وڵاتەکان‌دا دەتوانن ببنە بنچینەیەک بۆ پێشکەوتنو پەرەسەندنی ئەرێنیانە. کێشەکان لە هەلومەرجی سەختو دژوارو پڕ لە ناتەبایيو گرژی‌دا سەر هەڵدەدەنو وەک شتێکی پێویست بۆ ڕێگاچارەو کاناڵێک بۆ چارەسەری گیرو گرفتەکان خۆ نیشان دەدەن. بۆیە زۆر گرنگە پێش ئەوەی سەبارەت بە وان کارێک بکەین دەبێ زانیاریی تەواومان لەسەریان هەبێت. کاتێک کوڕە چکۆڵەی ماڵێ، سەبارەت بەوە کە دادپەروەرانە هەڵسووکەوتی دەگەڵ ناکرێو بە ڕادەی خوشکو براکانی دیکەی خەرجی ڕۆژانەی نادرێتی، هاواری لێ بەرز دەبێتەوە، دایکو باوکی دەست دەکەن بە چارەسەر کردنی وەزعەکەو خەرجی ڕۆژانەی ئەویش دەبڕنەوە. بۆیە کێشەکان هەمیشە دەبنە مایەی دروست بوونو پەرەسەندنو چوونە پێشو گۆڕانکاری. بەشێکی زۆری ئەو ئاڵوگۆڕو دیاردە تازانەی کە لە ئاستی نێونەتەوەییو نەتەوەیی‌دا دەیانبینین، لە ئاکامی کێشەو ناتەبایی‌یەکان‌دا هاتوونەتە پێش. بۆ نموونە ئەو سەندیکاو ڕێکخراوە پیشەیی‌یانەی بۆ خەبات لە پێناو باشتر کردنی ژیانی کرێکاران‌دا پێک هاتوون، لە ئاکامی کێشەی نێوان کرێکارانو خاوەن کارگەو کارخانەکان‌دا دروست بوون. بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤیش لە ئاکامی پێشێل کرانی بەرینی مافەکانی مرۆڤ لە یەکێک لە قۆناغەکانی مێژوو، واتە شەڕی جیهانیی دووهەمەوە هاتە کایەوە. بەم جۆرە دەبینین کێشەکان ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ وەک کاتالیزاتۆر بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەو ئامرازی تازەی چارەسەر کردنو چوونە پێش بەکار دەبرێن.

**کە واتە کێشەکان دەبنە هۆی ئاڵوگۆڕی ئەرێنیو بەرەوپێش چوونی کۆمەڵ.**

ئایا هەرگیز بیرت لەوە کردۆتەوە کە دێمۆکراسی بە گەورەترین پرۆژەی ئیدارە کردنی کێشە دەژمێردرێ؟ دێمۆکراسی سیستەمێکە بۆ ئیدارە کردن، بەڕێوەبردنو چارەسەر کردنی کێشەو ناتەبایيو دژوارییەکانی نێو کۆمەڵ بە شێوەیەکی هێمنانەو بە ڕێگایەکی ئاشتیخوازانە. لەو سیستەمەدا هەموو تاکەکەسەکانو دەستەو گروپە جۆراوجۆرەکان نەزەرو بیروڕاکانی خۆیان دەردەبڕنو مەیدانیان

دەدرێتێ تا بە شێوەیەکی هێمنانە قازانجو بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەرنە پێش.

بـەم پێیە بۆمان دەردەکەوێ کە کێشـەکان زۆر لایەنی ئەرێنییان هـەن. ئەوان دەبنە مایەی شکڵگرتنو دروست بوونی ناسـنامەو هەویەتی مرۆڤو دەستەو تاقمە جۆراوجۆرەکان، دەبنە مایەی پێشـکەوتنو پەرەسەندنی تاکەکەسەکان، دەبنە هۆی دروسـت بوونی دۆستایەتیو پێوەندیی تازەو دەبنە ماتۆڕی چوونە پێشو گەشەسـەندنو پێکهاتنـی ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵ دا. هەر بۆیە نابێ زۆر لە کێشـەکانو لە گۆڕێ دابوونی کێشە بترسێین. ئەگەر بتوانین بە شێوەیەکی ڕاستو دروست ئەوان ئیدارە کەینو هەڵسـوکەوتیان لەگەڵ بکەین، دەتوانین لایەنە ئەرێنیەکانیان بەهێزترو زۆرتر کەینو لایەنە نیگەتیڤەکانیشیان کەم کەینەوە.

"کێشە هەمیشە لایەنەکانی کێشەکە فێری شتی تازە دەکات".۷۶

## دەتوانین هەڵبژێرین

من هیچ ڕێگای دیکەم نەبوو دەبوایە لەو کچە حەڤدە ساڵانەیەم دابایە.

زۆر جار لە پێوەندی لەگەڵ کێشـەی توندی نێوان دوو کەسدا دەبیستین کە "یەکەمیان بەرۆکی ئـەوی دیکەی گرتو یەکتریان دایە بەر شـەقو زللـە بە جۆرێک کە لێککردنـەوەو ڕاگرتنیان ئیمکانـی نەبوو". زۆر جار ئیدارە کردنی کێشـەکان لە سـەرەتای کار دا، دژوار دێتە بەرچاو. هەر کام لە لایەنەکانی کێشـەکە تێدەکۆشـێ بە ڕێگای خۆیدا بڕواتە پێش. ئیدارە کردنی کێشەکە لە حاڵەتێکی ئاوادا زەحمەتە، بەڵام واش نیە کە ئیمکانی ئیدارەکردنی نەبێت. هەر بۆیە گرنگترین شت لە پێوەندی لەگەڵ چۆنیەتیی هەڵسـوکەوت کردنو ئیدارە کردنی کێشـەکاندا ئەوەیە بڕوات بەوە هەبـێ کە ئیمکانی ئەوەمان هەیە لە نێـوان چەند ڕێگاچارەو ئاڵترناتیڤدا یەکیان هەڵبژێرین. چ بۆ منداڵان، چ بۆ لاوانو چ بۆ گەورەکان لە هەر هەلومەرجو وەزعێکدا، ئیمکانی ئەوە هەیە کە بتوانین هەڵبژێرین. واتە وا نیە کە تەنیا یەک ڕێگامان بۆ ڕەفتارو هەڵوێسـت گرتنو دژکردەوەو چارەسەری گیروگرفتەکان هەبێ. هەر واشە لە ڕەوتی چوونە پێشی ژیانی ڕۆژانەمان دا، ئێمە هەمیشە لە نێوان ڕێگاچارەو شـێوەو مێتۆدی جۆراوجۆردا، بێوچان خەریکی هەڵبژرادنین. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوە کە وەک مرۆڤ گەشە بکەینو پێشکەوینو بەرپرسایەتی بگرینە ئەستۆ. هەر بۆیە واباشە جۆرێک ڕەفتار بکەین لە جیاتی ئەوەی کێشەکە ئێمە هیدایەت و ئیدارە بکا، ئێمە بیخەینە ژێر کۆنترۆڵی خۆمانو ئیدارەی بکەین.

لە ڕەوتی پەرەسەندنو چوونە پێشی هەر کێشەیەکدا ئەم ئاڵترناتیڤانە وەک ڕێگاچارە لە گۆڕێ دان کە دەکرێ کەڵکیان لێوەرگرین:

* دەتوانی تێکۆشی نەبیتە لایەنێکی کێشەکە.
* دەتوانی هەوڵ بدەی خۆ لە کێشەکە لادەی.

* دەتوانی ڕێگا بدەی کێشەکە بە ڕێگای ئاسایی خۆیدا بڕواتە پێش.
* دەتوانی دەسەڵاتی فیزیکیو سایکۆلۆژی، ئاوێتە لەگەڵ هەستو سۆزی نیگەتیف بەکار بێنی.
* دەتوانی لە ڕێگای بەکارهێنانی توندو تیژییەوە دژکردەوە لە خۆت نیشان دەی.
* دەتوانی تێبکۆشـی کێشەکە ئیدارەو کۆنترۆڵ کەیو بە شێوەیەکی ڕاستو دروست مامەڵەی لەگەڵدا بکەی.

بەشـێوەیەکی ئاسـایی تەنیا خاڵی ئاخر دەتوانـێ ئەڵترناتیڤێک بێ کە کێشـەکە بە ئاقارێکی دروستدا بەرێو ئاکامی ئەرێنی بەدەستەوە بداو ببێتە هۆی پەرەسەندنو پێشکەوتن.

واتە ئێمە دەرفەتی هەڵبژاردنمان هەیەو دەتوانین خۆمان بڕیار بدەین چۆن لەگەڵ کێشـەیەک مامەڵەو هەڵسوکەوت بکەین.

## ئاست یا مەیدانو چوارچێوەی گەشەسەندنی کێشەکەن

جاری وایە چارەسەری کێشەیەک زۆر سەختو دژوارە. ئەوە لەبەر ئەوەیە کە ئەو گیروگرفتەی بۆتە سـەرچاوەی کێشـەکە، بۆ ئێمە زۆر گرنگە. لە بارودۆخێکی ئاواشدا هەستو سۆزو ئیحساساتمان تێکەڵاوی مەسەلەکە دەبێو شوێنەواری خۆی لەسەر دادەنێ. ئەگەر نەتوانین کێشەیەک لە قۆناخە سـەرەتاییەکانی خۆیدا چارەسـەر کەین، بەرەبەرە پەرەدەسـتێنێو بە ئاقاری نێگەتیڤدا دەڕواتە پێش. بەم جۆرە لەگەڵ کێشەیەک بەرەوڕوو دەبین کە چۆتە ئاستێکی دژوارەوە.

ئەگەر بزانینو لەوەش بگەین کە کێشەکان قۆناخی جۆراوجۆریان هەیەو لە حاڵی چوونە پێشو پەرەسەندن دان، دەتوانین لە کاتی خۆیدا لە قۆناخە سەرەتاییەکانیاندا پێش ئەوەی بگەنە حاڵەتی تەقینەوەو کۆنترۆڵو ئیدارەیان کەینو بۆ چارەسـەرکردنیان بەرپرسایەتی وەئەستۆ بگرین. دەتوانین فێر بین کە پێشـبینیی لایەنە نەرێنیو خراپەکانی کێشـەکان بکەینو بـۆ کەمکردنەوەو پووچەڵ کردنەوەیان هەنگاو هەڵگرین.

کێشـەکان دەتوانن وەک زەنگی سەعات ئاگادارمان کەنەوە کە پێش ئەوەی ئاکامە خراپەکانیان بمانخەنە ژێر شـوێنەواری خۆیـان، بەجۆرێک ڕەفتار بکەین کە لانی کەمـی زیانو زەرەرمان پێ بگەیەنـن. لە هەلومەرجێکی ئاوادا، ئەوە ئێمەین کە کێشـەکان کۆنترۆڵو ئیدارە دەکەین نەک بە پێچەوانەوە.

## قۆناخەکانی پەرەسەندنی کێشەکان

### ناکۆکی

کاتێـک دوو کەس، یان چەندین کەسو دەسـتەو تاقمو گروپ لەگەڵ یەکتـر دەکەونە ناتەباییو ناکۆکییەوە، کێشە سەرهەڵدەدا. سەرچاوەی ئەو جۆر ناکۆکییانە جۆراوجۆرن. ڕەنگە ناکۆکی لەسەر

سەرچاوە ماددییەکان بێت. واتە ڕەنگە ناکۆکی لەسەر دەستڕاگەیشتن بە شتێک یان شتگەلێکی ماددی بێ کە بۆ ژیانو بەرێچوون پێویستن. ڕەنگە ناکۆکی‌یەکە لەسەر بەهاو بایەخە جۆراوجۆرە فەرهەنگی، ئایینیو مەزهەبی‌یە جۆراوجۆرەکان بێ. ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ کە هەر کام لە لایەنەکانی کێشەکە ڕوانگەو هەڵوێستو بیرو بۆچوونی جیاوازیان سەبارەت بە مەسەلەیەک هەبێ.

## لێکدانەوەو بڕیاری یەکلایەنە

لە قۆناخی دووهەمی کێشەکەدا، هەرکام لە لایەنەکان ڕوانگەو بۆچوونەکانی خۆیان باس دەکەنو پاکانە بۆ هەڵوێستەکانیان دەکەنو خۆیان بە حەقدارو لایەنی بەرامبەر بە ناحەق دادەنێن. هەرکام لە لایەنەکان تێدەکۆشێ ڕوانگەو هەڵوێستو بەرژەوەندی‌یەکانی خۆی بەرێتە پێشو بەسەر ئەوی تریدا بسەپێنێ. ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە لایەنەکانی کێشەکە گوێ لە یەکتر ناگرنو دیالۆگێکی ڕاستەقینەیان لە نێواندا نیە. بەم جۆرە هەر دوولا هەست دەکەن کە لە هەلومەرجێکی سەختو دژواردانو کێشەکەیان لەگەڵ یەکتر کەوتۆتە بنبەست. ئەمەش هەردوولا ناڕەحەتو تووڕەو بێزار دەکا.

## هەستو ئیحساساتی توند دروست دەبن

لە بارودۆخێکدا کە لایەنەکانی کێشەکە گوێ لە یەکتر ناگرنو دیالۆگێکی ڕاستەقینەیان لەگەڵ یەکتردا نیە، هەرکامیان پێ لەسەر قسەو بۆچوونو بەرژەوەندیو هەڵوێستەکانی خۆیان دادەگرنو هەستو ئیحساسی توندیش لەگەڵ هەڵوێستو ڕوانگەکانیان تێکەڵاو دەکەن. بەمجۆرە هەر دوو لایەنی کێشەکە لەم قۆناخەدا دەکەونە دژایەتی‌یەکی زۆر توندو لە یەکتر تووڕە دەبنو هەر کام لە لایەنەکان دەگەنە ئەو قەناعەتە کە ڕوانگەو بۆچوونو هەڵوێستو بەرژەوەندی‌یەکانی لەلایەن لایەنی بەرامبەرەوە بە هێند ناگیرێو بە شێوەیەکی ناعادڵانەو بێ‌ئینسافانە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ. لێرەدا:

مەسەلەو شتە لاوەکی‌یەکان کە هیچ پێوەندی‌یەکیان بەیەکەوە نیە، تێکەڵاوی کێشەکە دەکرێن.

لەو قۆناغەدا، زۆر جار شەڕو کێشەکانی رابردوو، رووداوەکانی پێشووتر، ناکۆکیو نالێکی‌یەکانی کۆن زیندوو دەکرێنەوەو تێکەڵاوی کێشەکە دەکرێن. ئەوە لە حاڵێک دایە کە هیچ کام لەوان پێوەندی‌یەکان بە کێشەکەوە نیەو بە حەوت پشتیان ناگەنەوە یەکتر. هەر لەو قۆناغەدا لایەنەکانی کێشەکە لە جیاتی ئەوەی لەسەر ئەسڵی کێشەکە پێکەوە باسو موناقەشە بکەن. لەسەر تایبەتمەندی‌یە شەخسیو خسووسی‌یەکانی یەکتر قسە دەکەن. بەم جۆرە لایەنە نەرێنیو نیگەتیڤەکانی یەکتر شەنوکەو دەکەن.

«ئەتۆ وای»، «ئەتۆ ئەو شتەی»، «ئەتۆ هەمیشە ئاوا ناماقووڵانە قسە دەکەی»و شتی دیکەی لەو

جۆرە شـــتانە بە یەکتر دەڵێن. بەم شـــێوەیە ئەم جۆرە شتانە کێشـــەکە بەرینترو مەسەلەکە ئاڵۆزتر دەکەن. بەم جۆرە کەندوکۆسپی زۆرتر لەسەر ڕێگای چارەسەر کردنی کێشەکە دروست دەبێ.

## پچڕانی دیالۆگ

زۆر جار کێشەیەک، دەگاتە قۆناخێکی هێندە دژوار کە لایەنەکانی کێشەکە ئیتر ناتوانن پێکەوە قسە بکەن. لە ئاکامدا ڕوو لێک وەردەگێڕنو پشـــت لە یەکتر دەکەن. لە وەزعێکی ئاوادا کە لایەنەکانی کێشـــەکە ناتوانن پێکەوە قســـە بکەن، هیواو هومێدێک بە دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ کێشـــەکە نامێنێو لە ئاکامدا بنبەستو تەنگەژەیەکی گەورە پێک دێ.

## تێبینی:

زۆر گرنگە لە حاڵەتێکی ئاوادا هەندێک جار مرۆڤ پاشەکشـــە بکاو ڕێگا نەدا کێشەکە بگاتە حاڵەتی پێکهەڵپڕژانی فیزیکیو لێکدانو دەســـتەویەخە بوون لەگـــەڵ یەکتر. دەکرێ بیر لەوە بکەینەوە کە دەتوانین لە دەرفەتێکی دیکـــەدا پێکەوە دیالۆگ بکەینو جارێکی دیکە هەڵو زەمینەی کارکردنی هاوبەش بۆ چارەسەری کێشەکە بدۆزینەوە.

پچڕانو نەمانی دیالۆگ گەورەترین دوژمنی مامەڵەکردنی دروستو مەعقوولانە لەگەڵ کێشەکانە. واتە نەمانی دیالۆگ لە پرۆسەی ئیدارە کردنی کێشەکان دا، گەورەترین مەترسییەو وەک دوژمنی هەوڵو تێکۆشان بۆ چارەسەری کێشەکە بەحیساب دێ.

## پێکهەڵپرژانی فیزیکیو دەستەویەخە بوون لەگەڵ یەکتر

جاری وایە کێشـــەیەک دەکێشرێتە حاڵەتی شەڕو لێکدانی فیزیکی واتە لایەنەکانی کێشەکە لەگەڵ یەک دەســـتەویەخە دەبنو بەردەبنـــە گیانی یەکترو توندوتیژی بە دژی یەکتر لە خۆیان نیشـــان دەدەن. شەڕو لێکدانی فیزیکیو توندوتیژی نیشاندان لەگەڵ یەکتر دەبنە هۆی ئاڵۆزبوونی زۆرتری کێشەکەو ئومێدی دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ کێشەکە دەخەنە بنبەستی ڕاستەقینەوە.

## قۆناخەکانی گەشەسەندنی کێشەیەک بەم جۆرەن:

ناکۆکی.

قەزاوەتی یەکلایەنە.

تێکەڵاوبوونی هەستو سۆز لەگەڵ کێشەکە، مەسەلە لاوەکییەکان دێنە نێو کێشەکەوە.

پچڕانی دیالۆگ

لیکدانو پێکهەڵپڕژانی فیزیکیی

ئەم قۆناخە جۆراوجۆرانەی پەرەسەندنی کێشەکە بۆمان دەردەخەن کە تادێ کێشەکان ئاڵۆزتر دەبن. تا ڕێگا بدەین پتر پەرە بگرن‌و برۆنە پێش، چارەسەری‌یان قورسترو زەحمەتتر دەبێ. هەر بەو جۆرە تا زووتر بۆ چارەسەر کردنیان هەوڵ بدەین، ئاسانتر چارەسەر دەکرێن. هەمیشە دوو شت، دوو فاکتۆر، دوو هۆکار هەن کە دەبنە مایەو سەرچاوەی ئاڵۆزتر بوونی کێشەکان‌و دژوار بوونیان. یەکەم ئەوەی کە ئێمە زیرەکی‌و لێوەشــاوەیی تەواومان نیە تا بتوانین بە شێوەیەکی دروست بدوێین. واتە نازانین قســەو باسی دروســت لەگەڵ یەک بکەین. لە ئاکامدا کۆمیۆنیکاسیۆنێکی خراپمان لەگەڵ لایەنی بەرامبەر هەیە. هۆکاری دووهەم بریتی‌یە لەوە کە هەســتو ســۆزو ئیحساســەکان سواری سەرمان دەبن، ئیدارەمان دەکەن، بەری چاومان دەگرن‌و نایەڵن بە شێوەیەکی دروست بیر کەینەوە. کە واتە بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی راستو دروست کێشەیەک چارەسەر کەین، دەبێ فێر بین جوان‌و رێکوپێک پێکەوە بدوێین‌و بە شــێوەیەکی دروســتو جوان پێکەوە گفتوگۆ بکەین. لەوەش زیاتر دەبێ بتوانین بەسەر هەستو سۆزو ئیحساساتەکانمان‌دا زاڵ بین‌و کۆنترۆڵیان کەین. سەرەڕای هەموو ئەوانە پێویستە ڕێزو ئیحترامی خۆمان‌و لایەنی بەرامبەر بپارێزین، خەللاقییەتو لێوەشاوەیی‌و پوختەیی‌و کامڵ بوون لە خۆمان نیشــان دەین‌و ئەوەش نیشــان دەین کە خوازیاری چارەســەری کێشەکەین‌و حەزمان لەوەیە کە ناکۆکی‌و ناتەبایی‌یەکەمان لەگەڵ لایەنی بەرامبەر تەواو بێ.

## گفتوگۆ یان پێکەوە قسەکردن Comunocation

گرینگترین، بەڵام لە هەمان کات‌دا پڕزەحمەت ترین  شت لە پرۆسەی ئیدارە کردنی کێشەیەک‌دا بریتی‌یە لە گفتوگۆو پێکەوە دوان (Comunocation). تا باشــتر هونەرەکانی گفتوگۆو قســەکردن‌و پێکەوە دوان فێر بین، باشتر دەتوانین کێشەکان چارەسەر بکەین.

لەو بەشــەی ئەم کتێبەدا کە تایبەتە بە مێتۆدەکانی پێداگۆگی، باسی جیاوازیی نێوان دیالۆگو باس‌و موناقەشــەمان کرد. کاتێک لەســەر بابەتێک لەگەڵ کەســێک یان لایەنێک باس‌و موناقەشە دەکەین، مەبەســتمان ئەوەیە کە ڕوانگەو بۆچوونەکانی خۆمان بەرینە پێش‌و بەرامبەرەکەمان وا لێ بکەین قەناعەت بە قســەکانمان بێنێ. واتە مەبەســت ئەوەیە کە کەسانی دیکەش هان دەین، ڕازی بکەین کە وەک ئێمە بیر بکەنەوە.

زۆربــەی مرۆڤەکان کاتێک دەچنە نێو باس‌و موناقەشــەیەکەوە، لەوە دڵنیان کە ئەوان حەق‌و قسەی حەق لە لای ئەوانە! ئاخر ئێمە ئاوا فێر بووین‌و پەروەردە کراوین. جا ئەگەر لایەنی بەرامبەر ڕوانگەو بۆچوونەکانی وەک ڕوانگەو بۆچوونەکانی ئێمە نەبوون، ئەوە دەسبەجێ بڕیاری ئەوە دەدەین کە ناوبراو تێناگا. بۆیە جارێکی دیکە ســەرلەنوێ هەر ئەو قسانە دەکەینەوە کە پێشتر کردبوومانن. واتە دیسان پێ لەسەر قسەو بۆچوونەکانی خۆمان دادەگرینەوە. ۷۶

دەبێ بڵێین کە زۆر جار لە ئاکامی باس‌و موناقەشــەدا، کێشــە دروست دەبێ. ئێمە پێمان وایە

ئەوە تەنیا ئێمە حەقین‌و ئێمە دروست بیر دەکەینەوە، بۆیە ئەوانی تر دەبێ بێنە سەر قسەی ئێمە. جا ئەگەر لەوبەریشـــەوە لایەنەکەی دیکە هەر بە هەمان شێوە بیری کردەوەو تەنیا خۆی پێ حەق بوو، واتە تەنیا قســەی خۆی پێ دروســت بوو، ئەوە بە ئاســانی کێشە دروست دەبێ. بەپێچەوانەی باس‌و موناقەشە، مەبەست لە دیالۆگ ئەوەیە کە پێکەوە وتووێژو گفتوگۆ بکەین، قسە پێکەوە بکەین، گوێ لە یەکتر بگرین‌و لە یەکتر فێر بین. کە واتە بۆ ئەوەی بتوانین کێشەکان باشتر ئیدارە بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین باشـــتر مامەڵە لەگەڵ کێشـــەکان بکەین، وا باشە فێری هونەری دیالۆگ‌و گفتگۆ پێکەوە کردن بین.

مەرجی ســـەرەکی بۆ دیالۆگێکی ســـەرکەوتوو ئەوەیە کە لە پێشدا بزانین مەرج نیە کە لایەنی بەرانبەر وەک ئێمە بیر کاتەوەو نەزرەو ڕوانگەکانی ئێمەی قبووڵ بێت. مرۆڤەکان جیاوازن. پێشینەی جیاوازیـــان هەیە، لە هەلومەرجو بارودۆخی جیـــاوازدا گەورە بوون، تەمەنیان جیاوازە، بەشـــێوەی جیـــاوازو لە ژینگەی جۆراوجۆردا پەروەردە کراون. هەر بۆیە بیرو بۆچوون‌و ڕوانگەی جیاوازیشـــیان لەســـەر مەســـەلەکان هەیەو سیســـتەمی بەهاو بایەخەکانیشـــیان جیاوازە. واتە شـــتگەلێک کە بۆ یەکێکیـــان پڕ بایەخو بەهایـــە، ڕەنگە بۆ ئەوەی تریان وا نەیەتە بەرچاو. جـــا ئەگەر بەو قەناعەتەوە بڕوانینە مەســـەلەکان‌و بەو جۆرە بیر کەینەوە کە مرۆڤـــەکان جیاوازن‌و لە ئاکامدا ڕوانگەو بۆچوونی جیاوازیشـــیان هەیە، بەشێوەیەکی ئاسانتر لە مرۆڤەکان‌و پێشینەو سیستەمی بایەخەکانیان ودنیای ڕوانینیـــان حاڵی دەبین. هـــەر بۆیە لە دیالۆگدا، هەر دوولا، بە ڕێزەوە هەڵســـوکەوت لەگەڵ یەکتر دەکەن‌و نیشـــان دەدەن کە خوازیاری ئەوەن لێک تێبگەن. ئەگەر ڕێزو حورمەت بۆ لایەنی بەرانبەر دانێین‌و پێداویستی‌و نیازەکانی دەرک بکەین‌و نیشان دەین کە کێین، تێدەگەین لە بەرانبەر ئەوەدا ئەویش هەر ئاوا هەڵسوکەوت دەکاو بە ڕێزو حورمەت‌و تێگەیشتنەوە ڕەفتارمان لەگەڵ دەکا.

دیارە جاری وایە بەزەحمەت دەتوانین کە لە لایەنی بەرانبەرمان تێبگەین. چونکە بە شێوەیەکی تەواو جیاواز لەوە کە ئێمە عادەتمان پێکردوە، دژکردەوە نیشـــان دەدا. لە وەزعێکی ئاوادا، لە پێشدا دەبێ تێبکۆشـــین کە هەست‌و سۆزو شـــعووری ناوبراو بریندار نەکەین، هەست‌و سۆزو ئیحساساتی ناوبراو بەکەم نەگرین‌و حوکمی بەســـەردا نەدەین وەک ئەوە کە "تۆ ناتوانی وا هەســـت بکەی" یا "بەو شـــێوە بیر مەکەوە". چونکە ئەو جۆرە ڕەفتارە مانای ئەوەیە کە تۆ هەســـت‌و سۆزو ئیحساساتی ناوبراو بەکەم دەگری. ڕاســـتە ئێمە لە نیەتی باشـــەوە ڕەنگە ئەو قسەیە بکەین. بەڵام ناوبراو، لایەنی بەرانبەر ئەوە بە ســـووکایەتی بەخۆی دەزانێ. بۆیە ئەگەر تێکۆشـــین پێوەندی‌یەکی باشمان لەگەڵ هەست‌و ســـۆزو ئیحساســـاتەکانی خۆمان هەبێ‌و جڵەویان کەین‌و لە هەمان کاتیشدا تێبگەین کە مەرج نیە کەســـانی دیکەش هەر هەمان هەســـت‌و سۆزو ئیحساساتیان هەبێ کە ئێمە هەمانە، ئەوە لێوەشـــاوەیی‌یەکی زۆرو توانایەکی گەورەمان بۆ ئیدارەکردن‌و چارەسەر کردنی کێشەکان لە خۆماندا پەروەردە کردوە.

ئەوە کە بتوانی کەسانی دیکە دەرک بکەی، تێیان بگەی‌و تەحەممولی بیروبۆچوونەکانیان بکەی، نیشـــانەی ئەوەیە بڕوات بەخۆیەو هەویەت‌و ناسنامەیەکی بەهێزو چەسپاوت هەیە. کەسانێک کە لە خۆیان‌و هەویەت‌و کەسایەتیی خۆیان دڵنیان‌و لە نێو خۆیان دا، کامڵ‌و پوختە بوون، باشترو ئاسانتر دەتوانن جیاوازی‌و ناهەموارییەکان تەحەمول کەن. بەپێچەوانەوە کەسێک کە بڕوای بەخۆی نیەو لە خۆی‌و هەویەت‌و ناسنامەو بیرو بۆچوون‌و سیستەمی بایەخەکانی خۆی دڵنیا نیە، بە ئاسانی دەتوانێ جیاوازی‌یەکان بەرەو کێشەو شەڕو هەڵڵا بەرێ.

ئەو منداڵانەی بڕوایان بەخۆیەو لە خۆیان‌و هەست‌و سۆزو ڕوانگەو بۆچوونەکانیان دڵنیان، ئەگەر کەسێک وەریشیان نەگرێ، ئەوە بە هەڕەشەو مەترسی لەسەر خۆیانی دانانێن. ئاخر ئەوان لە خۆیان‌و چۆنیەتیی پێوەندییان لەگەڵ دەوروبەری خۆیان دڵنیان‌و هەر بۆیەش لە ڕوانگەو بیرو بۆچوونەکانی خەڵکی دیکە تێدەگەن. ئەوان ئارام‌و لەســـەرخۆ بێ ئەوەی هەســـت بەوە بکەن کە ئەوە هەڕەشەیە لەسەر خۆیان یان بیرو بۆچوونەکانیان، گوێ لە کەسانی دیکەو ڕوانگەو بیرو بۆچوونە جیاوازەکانیان دەگرن". ۷۷

کە واتە هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە لایەنی بەرانبەر، بە مەرجێکی گرنگی دیالۆگی باش دادەنرێ. ئەوەش بۆخۆی لە پرۆســـەی چارەسەری کێشـــەکان‌دا پێویستی‌یەکی حاشـــاهەڵنەگرە. واتە بەبێ دیالۆگێکی باش، ناتوانین بەشێوەیەکی ڕاست‌و دروست کێشەیەک ئیدارە بکەین.

لە کاتی لەگۆڕێ دابوونی هەر کێشـــەیەکدا، زۆر گرنگە کە گوێ‌یەکی باشمان بۆ بیستن هەبێ‌و توانایەکی زۆریش بۆ گوێگرتن لە خۆمان نیشـــان دەین. ئەوە بەو مانایەیە کە نەک هەر دەبێ باش گوێ لە قســـەو راوێژو باســـەکانی لایەنی بەرانبەر بگرین، بەڵکوو دەبێ توانای خوێندنەوەی هەموو ئەو ســـیگناڵ‌و هێماو ئیشارانەشـــمان هەبێ کە لایەنی بەرانبەر بە قسە یان لە ڕێگای زمانی لەش‌و سەرو سیماو رووخساریەوە دەیاننێرێ. ئاخر زۆر جاری وایە نێوچاوانێکی نیگەران‌و تێکنراو، شێوەی قسەکردن‌و گفتوگۆ، هاتوچۆی چاوەکان‌و جموجۆڵ‌و حەرەکەتی لەش دەتوانن بە ئەندازەی هەزاران وشە مانا ببەخشن. ئەوە کە دەڵێین دەبێ بە شێوەیەکی چالاک گوێ بگرین، بەو مانایەیە کە دەبێ توناو لێوەشـــاوەیی خوێندنەوەو دەرک کردن‌و شـــیکردنەوەی هەموو ئەم پەیام‌و ئیشارەو سیگناڵ‌و ڕەمزانەمان هەبێ کە لایەنی بەرامبەر بە شـــێوەی جۆراوجۆر بۆمان دەنێرێ. گوێگرێکی باش سرنج دەداتە ســـیماو روخســـاری ئەو کەسەی کە قســـەی بۆ دەکاو لە هەمان کاتدا تەماشای چۆنیەتیی حەرەکەتی لەش‌و دەموچاویشـــی دەکاو چاو دەبڕێتە چاوەکانیەوە. ئەگەر لە شتێکیشی حاڵی نەبوو، یان باش تێنەگەیشت، پرسیار دەکاو داوای ڕوونکردنەوەی زۆرتر دەکا.

هەر بۆیە زۆر گرنگە ئەگەر لە کاتی باس‌و گفتوگۆدا لە شـــتێک باش تێنەگەیشـــتین، پرســـیار بکەین‌و داوای ڕوونکردنەوەی زۆرتر بکەین.

بەپێچەوانەی ئەوە، گوێگرێکی خراپ کەســـێکە ڕووی لەو کەسە نیە کە قسەی بۆ دەکاو چاوی

بڕیوەتـــە جێگایەکی دیکە. ئەمەش پرۆســـەی گفتوگۆکە بەرەو جێگایەک دەبـــا کە زوو تەواو بێو ئاکامێکی دڵخواز بەدەستەوە نەدا. هەر بۆیە دەتوانین خۆمان لەسەر ئەوە ڕابێنین کە ببینە گوێگرێکی زۆر باش. ئەگەر لە قوتابخانە، یان لە زانکۆ فێر بی کە ســـرنج بدەیە مامۆســـتاکەتو لە کاتی دەرس گوتنەوەدا چاو ببڕیە چاوەکانی، زۆر زوو تێدەگەی کە تۆش دەکەویە بەر ســـرنجی مامۆســـتاکەتو ئەویـــش حاڵـــی دەبێ کە تۆ بە تامو چێژێکی تایبەتی‌یـــەوە گوێی لێ دەگری. هەر بۆیە ئەوە کە لە کاتی لەگۆڕێ‌دا بوونی کێشەیەکدا بتوانین گوێ لە یەکتر بگرین، زۆر گرنگەو بەبێ ئەوە ناتوانین بە شێوەیەکی دروست کێشەکە چارەسەر کەین.

لـــە دیالۆگێکی راســـتەقینەدا چەندە گرنگە کە بتوانی باش گوێ بگـــری، هەر بەو ئەندازەیەش گرنگـــە کە بتوانی پەیامەکەت بەجۆرێک بنێری کە لایەنـــی بەرانبەر بتوانێ لێت تێ‌بگا. واتە دەبێ ڕوونو بێ پێچو پەنا قســـە بکەیو مەبەســـەکانت دەربڕی. کە واتە گرنگ ئەوە نیە کە تۆ چ دەڵێی، گرنگترین شت ئەوەیە کە لایەنی بەرانبەر چۆن لە قسەکانت حاڵی دەبێو چۆن تێیان دەگا. لە هەر گفتوگۆیـــەکدا کە لە نێوان مرۆڤەکان لە گۆڕێ دایە، گرنگترین شـــت ئەوەیە کە لایەنی بەرامبەر چۆن لە قســـەکانت تێدەگاو چۆن لێکیان دەداتەوە. کە واتە زۆر گرینگە بە شـــێوەیەکی ڕەوان قسە بکەین، وشـــەو ڕســـتەو دەســـتەواژەکان بەڕوونیو بێ کەموکووڕی دەربڕین. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە لە کاتی قســـە کردندا لەشو ســـیماو ڕوخسارو جووڵەی لەشـــمان بەجۆرێک بێ کە لەگەڵ ئەو پەیامو قسەیە بێتەوە کە بۆ بەرامبەرمانی دەنێرین. هەر کاتێک وەک گوێگر بۆمان دەرکەوێ کە ئەو کەسەی قسەمان بۆ دەکا، پەیامەکەی لەگەڵ ئەو سیگناڵانە نایەتەوە کە بە زمانی لەشو بە شێوەی ڕوخساری‌دا دەیاننێرێ، ئەوە پەیامەکەشی وەرناگیرێ.

لە کاتی لەگۆڕێدا بوونی کێشـــەدا، زۆر گرنگە کە توانای گوێگرتنمان هەبێ. بەڵام دەبێ بزانین کە ئەوە زۆریش ســـەختو دژوارە. ئاخر هەموومان پێمان خۆشـــە بەڵگە بۆ نەزەراتو بیروبۆچوونو هەڵوێســـتەکانی خۆمان بێنینەوەو بە قازانجی خۆمان مەسەلەکە بەرینە پێش. بۆیە زۆر ناخۆشە کە گـــوێ لە نەزەرو بۆچوونی لایەنی بەرانبەر بگری کە تەواو بەپێچەوانەی هی تۆیە. بەڵام هونەر لەوە دایە کە بتوانین  ئەم ســـەختیو دژواری‌یە قبـــووڵ کەینو تەحەممولی وەزعێکی ئەوتۆ بکەین. زۆر جار هەست دەکەین کە لایەنی بەرامبەر حیساب بۆ ئێمەو ڕوانگەو بۆچوونەکانمان ناکا، هەر بۆیە لەو جۆرە بارودۆخانەدا ڕەنگە کانیی هەســـتو سۆزەکانمان بتەقێتەوەو کۆنتڕۆڵی خۆمان لەدەست دەینو تووڕە بین. بەڵام هونەر لەوە دایە کە ڕاست لەو جۆرە حاڵەتانەدا دان بەخۆمان دابگرینو لەسەرەخۆ بینو کۆنترۆڵی خۆمان لەدەســـت نەدەینو نەیەڵین ئەسپی ئیحساسات هەڵمانگرێ. ئەگەر بتوانین لەو جۆرە هەلومەرجانەدا وەزعەکە کۆنترۆڵ کەینو بە خۆمان بوەســـتین، ئەوە لە ڕاستیدا دەتوانین ئومیدەوار بین کە بتوانین کێشەکە بە شێوەیەکی باش ئیدارە کەینو گرەوەکەش بەرینەوە.

ئەگەر بتوانین بەسەر هەستو سۆزەکانی خۆماندا زاڵ بین، ئەگەر بتوانین بە خۆمان بوەستینو

نەیەڵین فاکتۆری لاوەکیی دیکە بێتە نێو کێشەو قسەو باسەکانمان، ئەگەر لێبوردەیی‌و دڵگەورەیی‌و سنگفراوانی‌و پوختەیی لە خۆمان نیشان دەین، دەتوانین دیالۆگێکی باش لەگەڵ لایەنی بەرامبەر بەرینە پێش‌و زۆریش ئومیدەوار بین کە گرەوەکە بەرینەوە.

توندوتیژی بریتییە لە دیالۆگێک کە هەرگیز دەرفەتی ئەوەی پێنەدراوە دەست پێبکا، بە واتایەکی دیکە توندوتیژی دیالۆگێکە کە پێش دەستپێکردن، پچڕاوەو کۆتایی پێهاتووە.

ئەگەر یەکێک لە لایەنەکانی کێشەکە تواناو لێوەشاوەیی بۆ گوێگرتن لە لایەنی بەرانبەر لە خۆی نیشان بداو ئەوەش نیشان بدا کە خوازیاری گفتوگۆو دۆزینەوەی ڕێگاچارەیە، شوێن لەسەر لایەنەکەی دیکەش دادەنێ‌و زەمینەی ئەوە پێک دێنێ کە ئەویش هەر بە هەمان شێوە بجووڵێتەوە. ئەگەر کەسێک لە کاتی قسە کردن‌و گفتوگۆدا هەست بکا کە لایەنی بەرانبەر گوێی لێ دەگرێ، بەحورمەتەوە سەرنج دەداتە قسەو باسەکانی، بۆخۆشی هەر وا دەکاو قسە بە خەڵک یان لایەنی بەرانبەر نابڕێ‌و بەڕێزەوە گوێی لێدەگرێ.

بەو پێیە دەگەینە ئەو ئاکامە کە لە کاتی لەگۆڕێدا بوونی هەر کێشەیەکدا، ئەگەر لایەنەکان بە ڕێزو حورمەتەوە مامەڵە لەگەڵ یەک بکەن، گوێ بۆ یەکتر ڕاگرن، نیشان دەن کە خوازیاری چارەسەری کێشەکەن‌و دەیانەوێ لە یەکتر تێبگەن، ئیمکان‌و دەرفەتی ئەوە هەیە کە هەر لەجێوە بتوانن کێشەکە چارەسەر کەن. بەم جۆرە لە ڕێگای دیالۆگێکی دروست‌و راستەقینەوە هەردوو لایەنی کێشەکە دەتوانن بەڵگەو سەنەدو فاکتی بەهێز بۆ بردنە پێش‌و چەسپاندنی ڕوانگەو بۆچوونەکانی خۆیان بێننەوەو سەرەنجام پێکەوە لە خاڵێکدا پێک بگەن‌و ڕێگا چارەیەک بدۆزنەوە کە هەر دوو لا قبووڵی کەن‌و بتوانن لەگەڵیدا بژین.

بۆ ئەوەی بتوانین لێوەشاوەیی‌و توانای باشمان بۆ دیالۆگ‌و گفتوگۆو کۆمیونیکاشیون لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا هەبێ، پێویستە مەشق‌و راهێنان لەسەر ئەو مەسەلانەی خوارەوە بکەین:

* بزانین کە مرۆڤەکان جیاوازن، وەک یەک نین‌و هەر بۆیەش وەک ئێمە بیر ناکەنەوە.

* پێوەندیمان لەگەڵ هەست‌و سۆزو ئیحساساتی خۆماندا هەبێ‌و کۆنترڵیان کەین. لە هەمان کاتدا تێکۆشین لە هەست‌و سۆزی کەسانی دیکەش تێبگەین‌و بایەخ بۆ ئیحساساتی ئەوان دانێین.

* توانای گوێگرتنمان لەلایەنی بەرانبەر هەبێ‌و هەوڵدەین لێی تێبگەین تا بزانین چ دەڵێ‌و چیی دەوێ.

* بەجۆرێک قسە بکەین کە کەسانی دیکە لێمان تێبگەن‌و بزانن چ دەڵێین‌و مەبەستمان لەو قسانەمان چیە.

* لە گرنگی‌و بایەخی زمانی لەش‌و ئەو سیگناڵ‌و هێماو ئیشارانە تێبگەین کە مرۆڤەکان لە کاتی قسەو باس‌و دیالۆگ‌و کێشەکان دا، لە ڕێگای لەش‌و سیماو روخساریانەوە دەیاننێرن.

## بایەخو گرنگیی هەستەکان

لە کاتی لە گۆڕێ دابوونی هەر چەشـــنە کێشـــەیەکدا، ئەگەر نەتوانین دیالۆگێکی دروستو کارساز پێکەوە بەرینە پێش، هەســـتو ســـۆزو ئیحساســـاتەکانمان بەهێز دەبنو بەم جۆرە کێشـــەکە پەرە دەگرێو ئاڵۆزتر دەبێ.

شـــتێکی زۆر سروشـــتی‌یە کە مرۆڤ تووڕە بێ. زۆر جار گوێمان لێ دەبێ کە ئەو کەســـانەی زۆر تـــووڕە دەبن دەڵێن نازانن چی دەکەن. ئەوە راســـتە چونکە کێشـــەکان دەبنە هۆی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕی فیســـیۆلۆژی لە نێو لەشـــی مرۆڤ داو بـــەم جۆرە دژکردەوەی توند دروســـت دەبێ. لە کاتی تووڕەبوونمان‌دا لەشـــمان لە حاڵی ئاســـایی دێتە دەرو خەریکی تێپەڕینە بۆ حاڵەتی نائاسایی. ماســـوولکەکانمان گرژ دەبنو ئامادەی نیشـــاندانی دژکردەوەن. دڵمان خێراتر لێدەداو ســـیەکانمان توندتر هەناســـە دەدەن. بەم جۆرە ئەم ئامادەیی‌یە فیســـیۆلۆژیە، بەرەبـــەرە هانمان دەدا بۆ ئەوەی کردەوە لە خۆمان نیشان دەین. جا ئەو کردەوەیە رەنگە بە شێوەی هاوارو قیژەیەکی کۆنترۆڵ نەکراو بـــێ، یا رەنگە حەرەکەتو جووڵەیەکی ئەوتۆ لە خۆمان نیشـــان دەین کە بیرمان لێ نەکردبێتەوە، رەنگە قسەیەکمان لە دەم بێتە دەرەوە کە بیرمان لێ نەکردبێتەوە، یا رەنگە راستو رەوان بکەوینە حاڵەتی توندوتیژی لەخۆ نیشاندان، وەک ئەوە کە لەگەڵ بەرانبەرەکەمان دەستەویەخە بین، پەلامار بەرین، لێی دەینو بیخەینە بەر شەقو مستەکۆڵە.

تا کێشەکە سەختترو دژوارترو توندتر بێ، ئیمکانی ئەوە هەیە کە ئەو ئاڵوگۆڕە فیزیۆلۆژی‌یەی نێو لەشـــمان خێراترو توندتر بڕواتە پێش. بەڵام راستی‌یەکەی ئەوەیە ئەگەر ئەو تووڕەیی‌یە لە ئاستێکی باش و گونجاو واتە مام ناوەندی دا بمێنێتەوەو نەیەڵین لە کۆنترۆڵ دەرچێ، شـــوێنەواری ئەرێنیی هەیەو بە شـــتێکی باش دادەنرێ، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی کێشەکە زەق بێتەوەو لایەنی بەرانبەر مەسەلەکە بەجیددی بگرێ. بەڵام ئەگەر ئەو گرژیو ئاڵۆزیو تووڕەیی‌یە لە حەددی نێوەنجیی خۆی دەرچێو بڕواتە پلەیەکی سەروتر، مەترسیی ئەوەی لێدەکرێ لە کۆنترۆڵ بڕواتە دەرو بکێشرێتە شتی زۆر ناخۆشو نەویستراوو سەرجەمی کێشەکە ئاڵۆزترو دژوارتریش بکا. ئەزموونەکان ئەوە دەردەخەن کـــە تووڕەییو گرژییەکی کۆنترۆڵ نەکراو، هەرگیز ئاکامی بـــاشو دڵخوازی چ بۆ تاکەکەسو چ بۆ ژینگەو دەوروبەر لێ ناکەوێتەوە.

ڕۆژ نیە لە ڕۆژنامەو ڕاگەیەنە گشـــتی‌یەکان‌دا چاومان بە ئاکامی ئەو جۆرە تووڕەبوونانە نەکەوێ کە لە کۆنترۆڵ چوونە دەرو ئاســـەواری زۆر خراپیان لێ کەوتۆتەوە. هەموو ئەو ڕووداوانە لە ئاکامی ئەوەدا ڕوو دەدەن کە مرۆڤەکان ناتوانن بەســـەر هەســـتو ســـۆزو ئیحساساتی خۆیان‌دا زاڵ بنو لە ئاکامدا ئەوان بەسەریان‌دا زاڵ دەبنو سەرەنجامەکەشی دەبێتە ئەوە کە دەیبینین.

بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێ کە لە کاتی ســـەرهەڵدانی کێشەکان‌دا زۆر گرنگە بەسەر هەستو سۆزو ئیحساساتی توندی خۆمان‌دا زاڵ بینو جڵەویان کەین. زۆر گرنگە بتوانین بە خۆمان بوێرین،

خۆمان کۆنترۆڵ کەین‌و نەیەڵین ئەسپی ئیحساسات سواری پشتی خۆیمان کات‌و هەڵمانگریٚ. زۆر گرنگە تووڕەیی‌و گرژی‌یەکانی خۆمان کۆنترۆڵ کەین. بەجۆرێک کە تووڕەیی نەتوانیٚ داگیرمان بکا، بەری چاومان تاریک بکا، ڕێگا نەدا بە شێوەیەکی دروست بیر بکەینەوەو دەوروبەری خۆمان ببینین. دیارە زۆر سەختە کە مرۆڤ لە کاتی کێشەکان‌دا بتوانیٚ پێشبینیی هەموو شتێک بکاو خۆی بۆ ئەوە ئامادە بکا کە هەستەکانی کۆنترۆڵ بکا، بەڵام باشتر وایە زوو بیر لەوە بکەینەوە کە ئەگەر کێشەکە گەیشتە جێگایەکی توند چی بکەین. هەموومان لەسەر ئەوە کۆکین کە کێشەکان لە ڕێگای هێمنی‌و ئاشتی‌و ئارامی‌و بیٚ بەکارهێنانی توندوتیژی، باشتر چارەسەر دەبن. بیر لەو ئاڵتەرناتیڤ‌و ستراتیژی‌یانە بکەینەوە کە دوورن لە توندوتیژی، واتە وا باشە ڕێگاچارەیەک هەڵبژێرین کە بەکارهێنانی توندوتیژیی تێدا نیە.

## چۆنیەتیی مامەڵەو هەڵسوکەوت لەگەڵ کێشەکان

مرۆڤەکان لە کێشەو هاوکاری لەگەڵ کەسانی دیکەداو بە هۆی ژیان لە کۆمەڵ‌دا کەسایەتیی خۆیان گەشە پێدەدەن. کێشەکان بەشێکی سروشتیی ئەو پرۆسەیەن. مەسەلە ئەوەیە کە چۆن ئێمە دەتوانین کێشەکان بکەینە هەل‌و دەرفەتێکی لەبار بۆ کەڵک لێوەرگرتن. بە واتایەکی دیکە چۆن دەتوانین جۆرێک لەگەڵ کێشەکان مامەڵە بکەین کە دەرفەتی ئەرێنیمان بۆ بڕەخسێنن.

زۆربەی مرۆڤەکان ئەزموونێکی باشیان لە چۆنیەتیی هەڵسوکەوت‌و مامەڵە کردن لەگەڵ کێشەکان‌دا هەیە. ژیانی ڕۆژانەمان پڕە لە کێشەو هەر بۆیە ڕۆژانە بەردەوام کێشەکان چارەسەر دەکەین. لە ڕێگای دوان‌و وتوویژ لەگەڵ کەسانی دەوروبەر، لە ڕێگای مامەڵەو هەڵسوکەوت‌و سازان لەگەڵ خەڵکی دەوروبەرمان، لە ڕێگای پێوەندی گرتن‌و دانوستانەوە بەردەوام لە حاڵی چارەسەری کێشەکان داین. بەمجۆرە زۆربەی ئێمە بەهۆی ئەوە کە دەتوانین کێشەو مەسەلەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆمان چارەسەر کەین، بەشێوەیەکی ئاسایی ژیانیش تێپەڕ دەکەین. چونکە فێر بووین هەر زوو لە قۆناخە سەرەتایی‌یەکانی کێشەکان‌دا بۆ چارەسەرکردنیان تێکۆشین، خۆمان لە ئاکامە نالەبارەکانی کێشەکان لا دەدەین. زۆر جاری وایە هێندە چوست‌و چالاک لەو بارەوە دەچینە پێش و هەڵدەدەین کە خۆشمان نازانین لە کێشەدا بووین. چونکە هەمیشە وایە ئەگەر کێشەکان لە قۆناخە سەرەتایی‌یەکانیاندا چارەسەر بکرێن، ئاسانترو بیٚ‌زیانتر تێدەپەڕن. بۆیە وا باشە پاش ئەوەی لە کێشەیەک دێینە دەر، بیری لیٚ بکەینەوەو جارێکی دیکە بەوەدا بچینەوە کە چۆن توانیمان ڕێگاچارەیەکی دروستی بۆ بدۆزینەوە. بپرسین کە چی بوو بە هۆی ئەوەی بتوانین کێشەکە چارەسەر کەین؟ ئایا ئەوە شێوە هەڵسوکەوت‌و مامەڵەی ئێمە بوو یان هی کەسانی تر کە بووە هۆی چارەسەر کرانی کێشەکە؟ بەکورتی ژیانی مرۆڤ هەمووی کێشەو ململانیٚ‌یەو ئێمە ڕۆژانە بێوچان لە حاڵی چارەسەر کردنی کێشەکانمان داین.

لێرەدا باسی ئەو قۆناخانە دەکەین کە بە شێوەیەکی ئاسایی پرۆسەی ئیدارەو چارەسەر کردنی کێشەکانیان پێدا تێدەپەڕێ. ڕاستە کێشەکان جۆراوجۆرن، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری ئەوان پێش ئەوەی چارەسەر بکرێن، بەم قۆناخانەدا تێدەپەڕن کە لێرەدا لێیان دەدوێین. تەنانەت ئەوە بۆ ئەو کێشانەی کە لە ئاستی نێونەتەوەییش‌دا لە گۆڕێ دان هەر ڕاستە.

## دان بەوە دابنێین کە کێشەمان هەیە

یەکێک لە هەنگاوە بنەڕەتی‌یەکان هەوڵدان بۆ ئیدارە کردن‌و چارەسەر کردنی کێشەیەک ئەوەیە کە دان بەوە دابنێین کە لە کێشە داین. واتە قبووڵ بکەین کە کێشەمان هەیە. ئاخر کاتێک قبووڵ بکەین کە گیروگرفتێک یا کەموکووڕی‌یەک لە گۆڕێ دایە، ئەوەش قبووڵ دەکەین کە پێویستە چارەسەری بۆ بدۆزینەوەو لەوەش زیاتر ویستی خۆمان بۆ گەڕان‌و کار کردن بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک نیشان دەدەین. لەو ڕێگایەوە زەمینەی کار بۆ هەوڵدان بۆ چارەسەری کێشەکە پێک دێ‌و ئێمەش ئامادەیی پێویستمان بۆ کارێکی لەو چەشنە لە لا دروست دەبێ. ئەو کەسەی بۆ مەبەستێکی لەو چەشنە دەستپێشخەری دەکاو دێتە پێشەوەو هەنگاوی یەکەم داوێ‌و ئیرادەی خۆی نیشان دەدا، نەک هەر بۆی بە نیشانەی لاوازی دانانرێ، بەڵکوو ڕاست بەپێچەوانەوە، بە نیشانەی بەهێزی‌و بڕوابەخۆ بوونی ناوبراو لە قەڵەم دەدرێ.

## پێناسە کردن‌و ڕوون کردنەوەی گیروگرفتەکە

زۆر گرنگە ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە کێشەکە لەسەر چیە. زۆر جار ئەوە کارێکی زەحمەت نیە. بەڵام جاری واشە ڕوونکردنەوەی ئەوە کە کێشەکە لەسەر چی‌یە زۆر دژوارە. لایەنەکانی کێشەکە گیروگرفت‌و کێشەی شاراوەی زۆریان پێکەوە هەیە کە هێزو وزەی ئەوان بەخۆیەوە خەریک دەکاو لە ئاکامدا ویستی ئەوان بۆ تێکۆشان بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک کەم دەکاتەوە. بۆ ڕوون بوونەوەی ئەو حاڵەتە دەتوانین کێوی سەهۆڵین وەک نموونە بێنینەوە. لە هەندێک دەریاو ئۆقیانووسە گەورەکان‌دا جار جار لوتکە کێوی سەهۆڵین دەبینین کە لە نێو ئاوەکەوە سەریان بەرز کردۆتەوە بۆ ئاسمان. ئەوەی ئێمە بە چاو دەیبینین تەنیا ئەو بەشەی کێوە سەهۆڵینەکەیە کە لەسەر ئاوەکەوە دیارەو لە ڕاستیدا بەشی ژێرەوەو پایەو بنچینەکانی کێوە سەهۆڵینەکەمان لێ دیار نیە. ئەوەی دیارە تەنیا بەشێکی زۆر بچووکی کێوەکەیە. لەڕاستیدا ئەو لوتکەی کە لە سەر ئاوەکەوە دیارە، لەسەر ئەو بناخەو چوارچێوە ئەسڵی‌یە ڕاوەستاوە کە ئێمە لێمانەوە دیار نیە.

ئەوە لە پێوەندی لەگەڵ کێشەکانیش‌دا هەر ڕاستە. زۆر جار ئەو گیروگرفت‌و ناتەبایی‌و ناکۆکی‌و گرژی‌و ئاڵۆزی‌یانەی لە نێوان دوو کەس، دوو گروپ، یان دوو لایەن‌دا هەن، هێندە زۆرو تێکهاڵاون‌و بە چەشنێک لێک گرێ دراون کە ئێمە ناتوانین بەڕوونی کاکڵی کێشەکە بدۆزینەوە. یان لە ڕاستیدا

ئەســڵی کێشەکە لە نێو تەمومژو شــتی دیکەی لاوەکی‌دا شــاردراوەتەوە کە تێگەیشتنی ئێمە لە کێشەکە سەختو دژوار دەکا.

بۆ ئەوەی بتوانین کێشــەکە چارەســەر کەین، دەبێ هەردوو لایەنی ناکۆکی‌یەکە، ئەو قســەو قســەڵۆکانەی لە پشــتمەلە گوتراون، ئەو جنێوو بوختانانەی لەولاولا بۆ یەکتریان هەڵبەســتوون، ئەو داســتانو حکایەتانەی بۆ پاکانە کردنی هەڵوێســتی خۆیان دروســتیان کردوون، بخەنە پشت گوێ‌و وازیان لێ بێنن‌و لەســەر ئەســڵی کێشەکەو کاکڵی مەسەلەکە قســەو باس‌و گفتوگۆ بکەن. لێرەدا یاســایەکی زۆر بــاش هەیە کە دەتوانین بــەکاری بێنین. ئەویش ئەوەیــە کە جیاوازی لە نێوان کەســەکەو گیروگرفتو کێشــەکە دانێین. واتە دەبێ کارمان بە گیروگرفتو کێشــەکەوە بێ نەک بە کەســەکەوە. بەو مانایەی کە ئەســڵی کێشەکە بخەینە ژێر زەڕڕەبین‌و کارمان بە کەسەکەو تایبەتمەندی‌و کاراکتێری تایبەتی ئەوەوە نەبێت.

### دیالۆگ:

نیشاندانی ڕێز بۆ لایەنی بەرانبەرو تێگەیشتن لەو بارودۆخە کە ئەوی تێدایە.

کاتێک دوو لایەنی کێشــەیەک دان بەوە دادێنن کە لەگەڵ یەکتر لە کێشە دان، هەنگاوی دووهەم ئەوەیە کە تێبکۆشــن پێکەوە ســەبارەت بە مەسەلەکە قســە بکەن. لێرە دایە کە بایەخی دیالۆگو تایبەتمەندی‌یەکانی‌و گرینگیی ڕەچاو کردنی ڕێوشــوێنەکانی دیالۆگێکی دروســت خۆی نیشــان دەدا. نیشــاندانی ڕێزو حورمەت بۆ لایەنی بەرامبەرو نیشــاندانی ویستو ڕەغبەت بۆ پێکگەیشتن‌و دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ کێشــەکە، بە گرنگترین کۆڵەکەکانی دیالۆگ بەحیساب دێن. لەوەش زیاتر پێویســتە تێکۆشــین بچینە دنیای تێگەیشــتنی لایەنی بەرانبەر لە کێشەکەدا. واتە پێویستە لە لایەنی بەرانبەرمان‌و ئەو وەزعە کە ئەو تێی دایە حاڵی بین‌و جارجار لە گۆشــەنیگای ئەویشــەوە تەماشای کێشەکە بکەین. ئەوە یارمەتیمان دەدا پێکەوە بسازێین‌و بتوانین ویستو داخوازو ڕوانگەکانی یەکتر قبووڵ بکەین. دەبێ چاک بزانین کە ئەو بایەخو مەســەلەو بەها جۆراوجۆرانەی کە بۆ ئێمە گرنگن، ڕەنگە بۆ کەسانی دیکە ئەو گرنگی‌یەیان نەبێ. ئەوە کە بتوانین لە کاتی لە گۆڕێ دا بوونی کێشــەیەکدا، دەست بکەین بە دیالۆگ، کارێکی هێندەش ئاسان نیە. ئەو کارە زۆر سەختو دژوارە .هەر بۆیە وەڕێخســتنی پڕۆسەی دیالۆگێکی باش، پێویستیی بە ئازایەتی‌و لەخۆبردوویی‌و جورئەتو ئیرادەی بەهێزو پوختەیی‌و وشیاریی پێویست هەیە.

لــە هەلومەرجێکی ئاوادا، ویدەچێ کە دانەواندن بۆ لایەنــی بەرانبەر زۆر ناخۆش بێ‌و تەنانەت ئازارو ژانیشــی لەگەڵ بێ، بەڵام دیســان زۆر گرنگە لەو حاڵەتانەدا جڵەوی ئەسپی غرووری خۆمان توند کەیــن‌و لە لوتکەی کێوی خۆبەزلزانی‌یــەوە بێینە خوار. ئەوەی لێــرەدا یارمەتیمان دەکاتو کۆمەک بە چارەســەری کێشەکە دەکا، پێداگرتن لەسەر خۆبەحەق زانین نیە. ڕاست بە پێچەوانەوە

جاری وایە داوای لێبوردنێک یارمەتی‌یەکی زۆر بە چارەسەری کێشەکە دەکاو هەم لەو کاتەش‌دا بەرز کردنەوەی ئەو چڵە زەیتوونە دەتوانێ لە تیژایی زۆر شیرو خەنجەر کەم کاتەوەو تەنانەت بیانگێڕێتەوە نێو کالانیش.

## لەسەر ئەو خالانەی کەپێکەوە کۆکین؟

بە شێوەیەکی گشتی هەمیشە وایە کە ئێمە مرۆڤەکان ئەو خالانەی کە لەسەریان کۆکین زۆر زرۆترن لەو خالانەی کە ناکۆکیمان لەسەریان هەیە. واتە هەمیشە خاڵە هاوبەش‌و بەها هاوبەشەکانمان زۆرترن لەو شتانەی کە ناکۆکیمان لەسەریان هەیە. بۆیە ئەم بەها هاوبەشانە، لە پرۆسەی ئیدارەو چارەسەر کردنی کێشەکاندا، دەتوانن یارمەتیدەرێکی زۆر باش بن. کە واتە زۆر گرنگە لە کاتی لەگۆڕێدا بوونی هەر کێشەیەکدا، ئەو خاڵە هاوبەشانە، ئەو بەها هاوبەشانە بدۆزینەوەو دەسنیشانی کەین کە ئێمە هەردوو لای کێشەکە پێکەوە دەبەستێتەوە.

بە واتایەکی تر، پێویستە ئەو شتە هاوبەشە دەستنیشان کەین کە هەردووکمان لەسەری کۆکین. بۆ نموونە ئەوە کە ئێمە وەبیر خۆمانی بێنینەوە کە نزیکایەتی‌و پێوەندییەکی زۆر گەرموگوڕمان پێکەوە هەیەو نابێ کێشەی نێوانمان بە ئاقارێکدا بڕوا کە هیندە وزەی نیگەتیف دروست بکا کە بتوانێ ئەو نزیکایەتی‌و دۆستایەتی‌یەمان تێک دا. ئەوە نموونەیەکە بۆ چۆنیەتیی بەکارهێنانی خاڵە هاوبەشەکانی نێوان لایەنەکانی کێشەیەک. ئەگەر بتوانین لەو بەهاو بایەخە هاوبەشانەی کە لە نێوانمان دا هەن وەک پرد کەڵک وەرگرین، یارمەتی‌و کۆمەگێکی زۆرمان دەکەن.

دیارە زۆر جار بۆ ئێمە مرۆڤەکان، کارێکی لەو چەشنە زەحمەت دێتە بەرچاو. بەڵام ئەگەر بتوانین ئازایەتیی ئەوە لە خۆمان‌دا پەروەردە کەین کە قازانج‌و بەرژەوەندی‌و بەهاو بایەخە هاوبەشەکانمان زیاتر زەق کەینەوەو لە جیاتی بیر کردنەوە لە بەرژەوەندی‌یە کاتی‌و بچوکەکان، بەرژەوەندی‌و بایەخە درێژخایەن‌و گەورەکان ببینین، ئەوە ڕێگامان بۆ ئەوە خۆش کردوە تا کێشەکە بە پرۆسەیەکی ئەرێنی‌و هاوسەنگ‌دا بڕواتە پێش‌و زەمینەی دیالۆگێکی کاریگەرو کارسازمان پێک هێناوە.

## چارەسەری‌یەکان:

دەتوانم چ قبووڵ بکەم؟ لەگەڵ چی دەتوانم هەڵبکەم؟ تا کوێ دەتوانم بڕۆمە پێش؟

بۆ ئەوەی هەر دوو لای کێشەیەک پێکەوە بتوانن ڕێگاچارەیەکی باش بدۆزنەوە، دەبێ هەردوو لا لە ویست‌و داخوازی‌یەکانی یەکتر تێبگەن. واتە پێویستە هەردوولا لە پێداویستی‌یەکانی یەکتر حاڵی بن. لەوەش زیاتر وا باشە هەر دوو لای کێشەکە تێبگەن کە ناتوانن لەو دانوستانەدا بە هەموو ویست‌و داخوازی‌یەکانیان بگەن. هەر بۆیە زۆر گرنگە لە کاتی باس‌و دیالۆگی نێوان خۆیان‌دا مەسەلە گرنگ‌و کەمتر گرنگەکان ڕوون کەنەوەو دەسنیشانیان کەن.

شتێکی ئاسایی‌یە ڕێز لەوە بگرین کە لایەنی بەرانبەریش هەندێک ویستو داخوازی ڕەوای هەن. زۆر جار ئەوە کردەوەیەکی ژیرانەو ئاقلانەیە کە واز لە هەندێک داخوازی خۆت بێنی تا بتوانی بگەیە لایەنی بەرانبەرو هەلومەرجێک دروست کەن کە بتوانن یەکتر ببینن یان لەگەڵ یەکتر قسە بکەن. زۆر گرنگە لە کاتی باسو وتووێژدا، هەردوولا ئەوە بۆ یەکتر ڕوون کەنەوە کە گرنگترین مەسەلەو داخوازی ئەوان لە یەکتر چی‌یە؟ چ چاوەڕوانیەکیان لە یەکتر هەیە؟ زۆر گرنگە ئامادەیی دانوستان لە خۆیان‌دا پێک بێنن. زۆر گرنگە جوان گوێ لە یەکتر بگرنو تێکۆشن لە یەکتر تێبگەنو ئەوەش نیشان دەن کە لە وەزعی یەکتر تێدەگەن. لە هەمووی ئەو پرۆسەیەدا نابێ لەبیرمان بچێ کە ڕاگرتنو پاراستنی ڕێزو حورمەتی یەکتر پرەنسیپێکی نەگۆڕەو پێویستە هەردوولا توند خۆیانی پێوە ببەستنەوەو بە هیچ جۆر لەبیری نەکەن.

لە پرۆسەی چوونە پێشی ئیدارەو چارەسەرکردنی کێشەکان دا، زۆر گرنگە بە شێوەیەکی ڕوونو ڕاشکاوانە قسە بکەی، بۆچوونو نەزەراتەکانی خۆت دەربڕی، لە هەمان کات‌دا بە چاکیش گوێ لە نەزەرو ڕوانگەکانی لایەنی بەرانبەر بگریو هەوڵ دەی لێی تێ بگەی.

ئەگەر مرۆڤ بەڕوونیو بەبێ پێچوپەنا قسەو داخوازیو نەزەرەکانی خۆی نەخاتە بەرباس، لایەنی بەرانبەر بە ئاسانی تووشی ناحاڵی بوون یان خراپ حاڵی بوون دەبێو لە جەوهەری داخوازو ویستەکانی تۆش تێناگا. ئاکامی ئەم وەزعە ڕەنگە ئەوە بێ کە مرۆڤ وا تێبگا کە ئێمە هەردوو لایەنی کێشەکە پێک گەیشتووینو سازاوین. بەڵام لەڕاستیدا مەسەلەکە بە هیچ جۆر وا نیە. زۆر جار ئەوە هەر دیزە بە دەرخۆنە کردنی کێشەکەیە. یان بە شێوەیەکی تر بڵێین کارێکی لەو چەشنە تەنیا هەر خۆ فریودانەو بەس. چونکە چارەسەری‌یەکی لەو چەشنە ریشەیی نیەو هەر لەحزە ئیمکانی ئەوە هەیە جارێکی تر کێشەکە سەر هەڵداتەوەو پشکۆیەکە هەر پشووە بایەک دەتوانێ جارێکی دیکە بیگەشێنێتەوەو ببێتە مایەی ئاگرکەوتنەوەیەکی گەورە. چارەسەری‌یەک کە ویستو داخوازە ڕەواکانی هەر دوو لا دابین بکا، وەک ئەسڵ، باشترین چارەسەرەو دەتوانێ درێژخایەنیش بێ. بۆ دۆزینەوەی چارەسەری باش، پێویستیمان بەوە هەیە هەر دوو لامان خەللاقییەتو لێوەشاوەییو پوختەییو ئازایەتی لە خۆمان نیشان دەین. ئەگەر بە ئەندازەی پێویست پوختەییو خەللاقییەت لە خۆمان نیشان دەین، هەردوو لای کێشەکە دەبنە براوەو هیچ لایەک خۆی بە دۆڕاو نازانێ.

با ئەوەش بڵێین کە هەڵبژاردنی ڕێگا چارەی هێمنانەو ئاشتیخوازانە، هەمیشە چارەسەری‌یەکی باش نیە. لە لایەکی دیکەشەوە، ئەگەر یەکێک لە ژێر فشارو پاڵەپەستۆ لە بێدەسەڵاتی‌دا ناچار بە سازان بێ، ئەوەش هەر بە ڕێگا چارەیەکی باش لە قەڵەم نادرێ. چونکە لە وەزعێکی ئاوادا، لایەنێک کە دەسەڵاتی هەیە، لە دەسەڵاتی خۆی کەڵک وەردەگرێو ڕوانگەو بۆچوونەکانی بەسەر لایەنی دیکەدا کە بە ئەندازەی ئەو دەسەڵاتی نیە، دەسەپێنێ. بەمە دەوترێت کەڵکی خراپ وەرگرتن لە دەسەڵات. ئەگەر لایەنێک لەبەر بێدەسەڵاتیو لە ئاکامی زوڵمو زۆی لایەنەکەی دیکەدا ناچار بە

سازان بکرێت، ئەو هۆکارانەی کێشەکەیان پێک هێناوە هەر لە جێگای خۆیان دەمێننو بە واتایەکی دیکە کێشەکە لە ڕاستیدا بە چارەسەر نەکراوی ماوەتەوەو ئیمکانی ئەوە هەیە لە داهاتوودا، جارێکی دیکە سەر هەڵداوتەوە. هەر بۆیە زۆر گرنگو ژیرانەیە کە تێکۆشین ڕێگاچارەیەک بۆ کێشەکە بدۆزینەوە کە عادڵانە بێو هەردوو لای کێشەکە پێی ڕازی بنو بشتوانێ دەوام بێنێ. واتە دەبێ بیر لەوە بکەینەوە ڕێگا چارەیەک بدۆزینەوە کە عادڵانەو درێژخایەن بێو هەردوو لای کێشەکە ڕازی بکا.

کە واتە گرنگترین قۆناخەکانی پرۆسەی ئیدارەو چارەسەرکردنی کێشەکان بریتیین لە:

* دان نان بە هەبوونی کێشەدا.
* پێناسە کردنو ڕوونکردنەوەی کێشەکە.
* دەستپێکردنی دیالۆگو ڕێزگرتن لە لایەنی بەرانبەرو هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە ویستو داخوازەکانی.
* دۆزینەوەی خاڵو بەها هاوبەشەکان.
* دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک کە بۆ هەر دوو لا قبووڵ بێو ڕازییان بکا و دەوامی هەبێت

## کێشەو پەلامار

کاتێک لە پێوەندی لەگەڵ کێشەکاندا، دەرس بە منداڵانو لاوان دەڵێینەوە، وا باشە جیاوازیی نێوان کێشەو پەلاماریان بۆ ڕوون کەینەوە. دەتوانین پەلامار وەک هێرش بۆ سەر مافەکانی کەسانی دیکە پێناسە بکەین. بە واتایەکی دیکە پەلامار بریتییە لەوە کە مافو ئازادییەکانی کەسانی دیکە بخەینە ژێر پێ.

کەڵکی خراپ وەرگرتن لە دەسەڵاتیش بە جۆرێک هەر بە پەلامارو هێرش بۆ سەر لایەنی دیکە دادەنرێ. لە حاڵەتی پەلاماردا لایەنێک دەسەڵاتو هێزی لە لایەنەکەی دیکە زۆرترە. ئەگەر باڵانسی هێزو دەسەڵات لە گۆڕێدا بێ، زۆر کەم ڕێ دەکەوێ یەکێک لە لایەنەکان، پەلاماری ئەوی دیکە بدا. جاری وایە بێ ئەوەی هیچ کێشەیەک لە گۆڕێدا بێ، لایەنێک پەلاماری لایەنێکی دیکە دەدا. بەم جۆرە کێشەیەک سەر هەڵدەدا کە لە پەلامارێکەوە سەرچاوەی گرتوە کە خۆی لە ئاکامی گەشەسەندنی کێشەیەکدا رووی نەداوە، لەبەر ئەوەی زۆر جار لە کاتی هەبوونی کێشەدا، ناکۆکیو ناتەبایییەکانی نێوان دوو لایەنی کێشەکە زۆر زەق دەبنەوەو لەوەش زیاتر هەستو سۆزو ئیحساساتی توندیش لەگەڵیان تێکەڵ دەبێ، یەکێک لە لایەنەکان پەلاماری ئەوی دیکە دەداو بەم چەشنە کێشەکە دەچێتە قۆناخێکی ئاڵۆزترو دژوارترەوە.

کاتێک کێشەیەک هێندە گەورە دەبێتەوە کە پەرە دەگرێو لە ئاکامدا یەکێک لە لایەنەکان پەلاماری ئەوی دیکە دەدا، مانای وایە ئەوان لەوە کە لەسەر مەسەلەیەک ناکۆکییان لەگەڵ یەکتر

هەبێ، تێپەڕیون‌و ئیتر ئێستا پێوەندیی نێوانیان بریتییە لە پێوەندیی نێوان دوو لایەن کە یەکیان پەلاماردەرەو ئەوی تریش بۆتە قوربانی. بۆیە لە کاتی هەبوونی کێشەدا، هەردوو لا ئەرکیان لەسەر شانە تێکۆشن بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی هاوبەش پێکەوە بدوێن‌و هاوکاری بکەن. شتێکی تر کە لە پێوەندی لەگەڵ کێشەدا پێویستە باسی لێ بکەین بریتییە لە بەکارهێنانی توندوتیژی.

باسی ئەوەمان کرد کە جاری وایە لە ئاکامی پەرەرسەندنی کێشەیەکدا، لایەنێک هێرش دەباتە سەر لایەنێکی دیکە. لە کاتێکی ئاوادا هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ کێشەکە دژوارتر دەبێ. چونکە بە پەلامارەکە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی کێشەکە لەنێو نەچوون. بە واتایەکی دیکە ئەو هۆکارانەی کێشەو ناکۆکی‌یەکەیان دروست کردوە، هەر لە جێگای خۆیانن. سەرەڕای ئەوەش پەلامارێک هاتۆتە گۆڕێ کە وەک بایەکی توند، کەشتیی چارۆکەداری کێشەکە بەرەو قووڵایی دەریای پڕ لە تۆفان‌و گەردەلووول پاڵ پێوە دەنێ. بۆیە زۆر گرنگە کە لە پێشدا جیاوازی لە نێوان کێشەو پەلاماردا بکەین. واتە دەبێ جیاوازیی نێوان ئەو دوانە ڕوون کەینەوە. چونکە هێرش‌و پەلامار نە کارێکی دروست‌و پەسندەو نە کەسیش پێی قبووڵ دەکرێ. لایەنێک کە دەسەڵاتی زۆرتری هەیە، دەبێ لەو دەسەڵاتە کەڵکی خراپ وەرنەگرێ‌و هێرش‌و پەلاماری فیزیکی‌و ڕەوانی‌و سایکۆلۆژی نەباتە سەر لایەنەکەی دیکە.

وا باشە بۆ منداڵان‌و لاوان‌و مێرمنداڵان ئەوە ڕوون کەینەوە کە هەر کاتێک دەبینن کەسێک یان کەسانێک پەلاماری لایەنێکی دیکە دەدا، ئەگەر نەیانتوانی پێشی پێ بگرن پێویستە دەستبەجێ بە گەورەکان بڵێن. ئێمەش وەک گەورەکان لە هەر جێیەک شاهیدی ئەوە بین کە کەسێک پەلامار دەباتە سەر کەسێکی دیکە، پێویستە پێشی پێ‌بگرین. پێشگرتن بە توندوتیژی ئەرکی سەر شانی هەموو لایەکمانە. مەسەلەیەکی دیکە کە لەو بارەوە پێویستە ڕوون بکرێتەوەو هەموو لایەک بیزانن ئەوەیە کە لە حاڵەتی پەلاماری کەسێک بۆ سەر کەسێکی دیکەدا، تەنیا پەلاماردەر بە بەرپرسیار دەزانرێ. ئەو کەسەی قوربانی‌یە پێویستە بزانێ لە هیچ هەلومەرجێکدا ئەو لەو پێوەندی‌یەدا کە لایەنەکەی دیکە هێرشی کردۆتە سەر وەک تاوانبار ناناسرێ گوناهێکی لەو بارەوە لە پێ‌دا نیە.

نموونەیەک لە حەوشەی قوتابخانەوە: مامۆستایەک کە لە کاتی پشوودا ئەرکی چاوەدێری قوتابی‌یەکانی لە گۆڕەپانی قوتابخانەدا بە ئەستۆوەیە، لەپڕ چاوی بە قوتابی‌یەک دەکەوێ کە لەسەر ئەرز کەوتووەو قوتابی‌یەکی تریش سواری سەری بووەو خستوویەتە ژێر خۆی‌و ژمارەیەک قوتابیی دیکەش بە دەوروبەریانەوەن. کاتێک مامۆستا دەپرسێ بۆ وا دەکەن، وەڵام دەدەنەوە کە یاری پێکەوە دەکەن. ئەوە لە حاڵێک دایە کە لەڕاستیدا ئەو قوتابی‌یەی سەرەوە ئەوی تری لە ژێر خۆی ناوەو دەسەڵاتی زۆرتری هەیە. ئەو وەزعەش بۆ ئەوەی تر زۆر ناخۆشەو تەواو هەست بە بێدەسەڵاتی دەکا، بەڵام لە ناچاری‌یەوە قبووڵی دەکاو دەڵێ پێکەوە یاری دەکەن.

ئەگەر مامۆستاکە وەک کێشە سەیری بارودۆخەکە بکا، داوا لە هەردوو لا دەکا کا واز بێنن‌و

دەســـت لەو کارە هەڵگرن. لە وەزعێکی ئاوادا مامۆستاکە بەرپرسایەتیی کێشەکە دەخاتە سەرشانی هــەر دوو لا. بۆیــە قوتابی‌یەکەی کە لە ژێــرەوە بوو، زۆر نارەحەت دەبێ، چونکە لە راســـتیدا ئەو تەنیا قوربانیی مەســـەلەکە بووەو تاوانێکی نیە. بەڵام بەم هەڵوێســـتەی مامۆســـتا ڕەنگە بێتە سەر ئەو باوەڕە کە لەو مەســـەلەیەدا ئەویش کەموزۆر تاوانبارە. بەڵام ئەگەر مامۆســـتاکە مەسەلەکە وەک پەلامار ببینێ، بە جۆرێک بجووڵێتەوە کە پەلاماردەرەکە بە بەرپرس بزانێو داوای لێ بکا واز بێنێ، پەیامێکی ڕوون بۆ ناوبراو دەنێرێ کە ئەو لە کردەوەدا تاوانبارەو لایەنەکەی دیکەش هەســـت دەکا کە بێگوناهە.

## لەبڕی هەڵاتن، بەرپرسایەتی وەئەستۆ بگرە.

ئەگەر بتوانین بە شـــێوەیەکی دروســـت لەگەڵ کێشـــەکان مامەڵە بکەین، واتە ئەگەر کێشەکان بە ئاقاری دیالۆگو ڕوونکردنەوەو پێکەوە دوان‌دا بەرینە پێش، نەک چارەســـەر دەکرێن، بەڵکوو دەبنە مایەی دروســـت بوونی پێوەندیی نوێو وەدەســـت هێنانی زانیاریو ئەزموونی زۆرترو تێگەیشـــتنی باشـــتریش. پێویســـت نیە لەگەڵ هەموو کەس دۆســـت بین، بەڵام زۆر پێویســـتە توانای ئەوە لە خۆمـــان پەروەردە کەین کە بتوانین لەگەڵ کەســـانی دیکە کە ڕوانگـــەو بایەخەکانیان لە هی ئێمە جیاوازن، ژیانو هاوکاری بکەین. ئەگەر حەزمان لەو شـــتەیە، پێویستە بە چاوێکی ئەرێنی تەماشای جیاوازییەکان بکەین. چونکە جیاوازییەکانی نێوانمان لە شـــوێنی کارو لە قوتابخانەو لە ماڵەوە دەبنە تەواوکەری یەکترو مەیدانی گەشەو پەرەسەندنو فێر بوونمان بۆ دەرەخسێنن.

ئەگەر وشیاریی ئەوەمان هەبێ کە بەو مەرجەی بە شێوەیەکی دروست مامەڵە لەگەڵ کێشەکان بکەین، دەتوانین زۆر شت ببەینەوە، لە جیاتی ئەوەی خۆمانیان لێ لادەین، بەرپرسایەتی بۆ ئیدارەو چارەســـەرکردنیان دەگرینە ئەســـتۆی خۆمانو بەم جۆرە قازانجێکی زۆر دەکەین. زۆر گرنگە وەک بەشـــێکی سروشتیی ژیان، تەماشای کێشەکان بکەین. بەڵام هەرگیز نابێ بهێڵین بایەخی ئینسانیی ئێمە ئینســـانەکان، لەنێو جەرگەی کێشـــەکان‌دا ون بێو ببێتە قوربانی. کە واتە نابێ لە کێشەکان بترســـین. پێویستە بەرپرســـانە لەگەڵیان مامەڵە بکەینو بۆ ئیدارەو چارەسەر کردنیان لێوەشاوەیی‌و ســـەبرو حەوسەلەو وشـــیاری لە خۆمان نیشـــان دەینو بیانکەینە هەلو دەرفەت بۆ چوونە پێش‌و گەشەســـەندنو فێربوونو پوختە بوونی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر. ئاخر ڕێگای گەشـــە کردن، پوختە بوونو کامڵ بوون دوورو درێژەو لە ڕاستیدا تەواویش نابێ.

## ئەو خاڵانەی پێویستە لە کاتی دەرس گوتنەوە سەبارەت بە چۆنیەتیی مامەڵەو هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ کێشەکاندا، لەسەریان بدوێین بریتیین لە:

* کێشەکان بەشێکی سروشتیی ژیانن.

* کێشـــە زۆر لایەنی جۆراوجۆری هەن، هەر بۆیە پێناســـەی جۆراوجۆریش بۆ کێشە هەیە. زۆرتر ئێمە وا لە کێشـــە دەگەین کە بریتییە لە ناکۆکیی نێوان دوو لا لەســـەر قازانجو بەرژەوەندییە دژ بە یەکەکانیان. لە کێشەدا هەمیشە هەندێک خاڵو لایەنی هاوبەش لە نێوان هەر دوو لای کێشەکەدا هەن کە پێکیانەوە دەبەستنەوە. هەروەها دەبێ ئەوەش بزانین کە کێشەکان زۆر جار لەگەڵ هەستو ئیحساساتی توندی ئێمە ئاوێتە دەبن.

* زۆر جار کێشـــەکان هەستو ئیحساســـاتی نەرێنیو لایەنە نیگەتیڤەکانی کەسایەتیی ئێمە زەق دەکەنەوە.

* کێشەکان زۆر لایەنی ئەرێنییان هەیە.

- دەبنە مایەی پەرەپێدانو شکڵ گرتنی شوناس و ناسنامەی مرۆڤەکان.
- دەبنە مایەی گەشەسەندنو پەرەسەندنی کەسایەتیی مرۆڤەکان.
- دەبنە مایەی دروست بوونی دۆستایەتیو دامەزراندنی پێوەندیی تازەو نوێ لە نێوان ئینسانەکان دا.
- دەبنە مایەی گەشەسەندنو چوونە پێشی پێوەندییە ئینسانییەکانی نێوان خەڵکو کۆڕو کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان، چ لە ئاستی میللیو چ لە ئاستی نێونەتەوەیی دا.

* دەتوانیـــن هەڵبژێرین. هەمیشـــە دەرفـــەتو ئیمکانی ئەوە هەیە کە لە کاتـــی لە گۆڕێدا بوونی کێشەکاندا بتوانین ئەلتەرناتیڤێک هەڵبژێرین.

* بێ ئەوەی بزانین ڕۆژانە بەردەوام خەریکی چارەسەر کردنی کێشەکانین.

* کێشە هەمیشە مایەی ئەوەی تێدایە کە بە لای نیگەتیڤدا بکشێو بەرەو خراپیو ئاڵۆزیو دژواری بڕوا. ئەگەر شارەزاییو وشیاریمان سەبارەت بە پێچەڵاوپێچی کێشەکانو قۆناخەکانی گەشە کردنو چوونە پێشی ئەوان هەبێ، دەتوانین، کۆنترۆڵو ئیدارەیان بکەینو نەیەڵین بگەنە ئاستی تەقینەوە.

* ئەگەر نەتوانین بەشێوەیەکی جوانو دروست پێکەوە قسەو باسو وتووێژ بکەین، هەمیشە ئیمکانی ئەوە هەیە کێشـــەکان بەرەو ئاڵۆزیو دژواری بڕۆن. ئەگەر نەتوانین هەستو ئیحساساتەکانی خۆمان کۆنترۆڵ کەینو لە کاتی پێویستدا دان بە خۆمان دانەگرینو بە خۆمان نەوەستین، کێشەکە سواری سەرمان دەبێو لەگەڵ خۆی دەمانبا.

* کێشە هەمیشە بە چەند قۆناخدا تێدەپەڕێ کە گرینگترنیان ئەمانەن:

- ناکۆکی
- قسەو باسو لێدوانی یەکلایەنە.
- سەرهەڵدانو هاتنە کایەی هەستو سۆزو ئیحساساتی توند لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەکەدا.
- باسو بابەتو شتی لاوەکی دێنە نێو کێشەکەوە.
- پچڕانی دیالۆگو ئیمکانی پێکهەڵپڕژانی فیزیکی.
- بۆ ئەوەی بتوانین بە شـــێوەیەکی دروســـت مامەڵە لەگەڵ کێشـــەکاندا بکەین، دەبێ فێر بین بە

شێوازێکی جوان لەگەڵ یەک بدوێین‌و توانای ئەوەش لە خۆماندا پەروەردە کەین کە هەست‌و سۆزو ئیحساساتەکانمان کۆنترۆڵ کەین. ڕێزو حورمەتی لایەنی بەرانبەر بپارێزین‌و تێکۆشین جار جار بە چاویلکەی لایەنی بەرانبەریش تەماشای مەسەلەکە بکەین‌و خۆمان لە جێگای ئەو دانێین. لەوەش گرنگتر توانای زۆرمان دەبێ بۆ گوێ گرتن لە لایەنی بەرانبەر هەبێ.

* هەرچەند کێشەکان جیاوازن، بەڵام پێش ئەوەی بگەنە چارەسەرکردن، هەموویان کەم‌و زۆر بەم قۆناخەدا دەڕۆن.

- دان نان بەوەدا کە کێشەیەک لەگۆڕێ دایە. واتە هەر دوو لایەنی کێشەکە دەبێ قبووڵ بکەن کە کێشەیان هەیە.

- کێشەکە پێناسە کەن‌و جەوهەرو کاکڵی مەسەلەکە ڕوون کەنەوە.

- دەست بکەن بە دیالۆگ‌و باس‌و وتوویژ لەگەڵ یەکترو ڕێزو حورمەتی یەکتر بپارێزن‌و تێکۆشن خۆیان لە جێگای یەکتر دانێن.

- هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی بابەت‌و خاڵ‌و بناخە هاوبەشەکان.

- دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک کە هەردوو لا پێی رازی بن‌و بتوانن لەگەڵی بژین.

- زۆر جار کێشە دەکێشرێتە پەلامار. پەلامار بریتییە لە هێرش بردنە سەر ماف‌و ئازادی‌یەکانی کەسانی دیکە. دەبێ بزانین کەس هێرش‌و پەلامار قبووڵ ناکرێ. ئەگەر مرۆڤ شاهیدی هێرش‌و پەلاماری کەس‌و لایەنێکە بۆ سەر کەس‌و لایەنێکی دیکە پێویستە تێکۆشێ پێشی بگرێ. منداڵان‌و لاوان ئەگەر نەیانتوانی ئەو کارە بکەن، پێویستە زوو گەورەکان ئاگادار کەنەوە.

* ئەگەر مرۆڤ زانی کە لە حاڵی کێشە لەگەڵ کەس یان لایەنێک دایە، وا باشە بەرپرسایەتی قبووڵ بکاو بۆ ئیدارەو چارەسەری کێشەکە، هەنگاو باوێ. تەنیا لەم ڕێگایەوە دەتوانین زەرفییەت‌و ئاکامە نیگەتیڤەکانی کێشەکە کەم کەینەوەو بە ئاقارێکی ئەرێنی‌و دروستیاندا بەرین. کە واتە با هەوڵبدەین کاتێک کە کێشەکان لە گۆڕێدانە بەرپرسایەتی وەئەستۆ بگرین.

## راهێنانەکانی پێوەندیدار بە چۆنیەتیی مامەڵەو ئیدارە و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ کێشەکان دا

### کێشەکان بەشێکن لە ژیانی واقعیی ڕۆژانەمان

ڕاهێنانی ٢٥٢-٢٥١

**بابەت:** کێشە چیەو واتەی کێشە چ مانایەکی هەیە؟

**ئامانج:** ڕوونکردنەوەی ماناو نێوەرۆکی کێشەو دانی زانیاری سەبارەت بەوە کە کێشەیە چیە؟

کێشەکان بەشێکن لە ژیانی ڕۆژانەی ئێمە. هەندێک لە کێشەکان زۆر بچوکن‌و زوو تێدەپەڕن. وەک ئەوە کە ئەگەر حەزمان لە خواردنێک نەبێ تووڕەو کاتێک دایک‌و باوکمان خەرجی گیرفانمان نادەنێ قەڵس‌و نارەحەت دەبین. جاری واشە کێشەکان ئاکامی هێندە نالەبارو گەورەو ناخۆشیان بەدواوەیە کە دەبنە هۆی ئەوەی مرۆڤەکان هیچ چەشنە پێوەندی‌یەکیان بەیەکەوە نەمێنێ. لەوەش زیاتر کێشەکە پەرە دەگرێ‌و ئاڵۆزتر دەبێ‌و دەگاتە حاڵەتێکی تراژیدی. زۆربەی هەرەزۆری ئەو جینایەت‌و تاوانانەی ڕوو دەدەن، لە لایەن کەسانێکەوە ئەنجام دەدرێن کە پێوەندیەکی زۆر نزیکیان بە قوربانیەکەوە هەیە. گێرەو کێشە نێونەتەوەیی‌یەکانیش شوێنەواریان لەسەر ئێمە هەیە. شەڕو کێشە نێونەتەوەیی‌یەکان، دەبنە هۆی ئاوارەو پەڕەوازە بوونی خەڵک. بەشێک لە ئاکامەکانی ئەوەش بەجۆرێک بەرۆکی وڵاتەکەی ئێمەش دەگرێ. جیا لەوە شەڕو کێشە نێونەتەوەیی‌یەکان لە ڕێگای بڵاوبوونەوەی هەواڵ‌و ڕیپۆرتاژ سەبارەت بە توندوتیژی، تیرۆر، بۆمباران‌و کوشتار لە ڕاگەیەنە گشتی‌یەکانەوە، شوێنەوار لەسەر ئێمەش دادەنێن‌و ژیانمان دەشێوێنن. کاتێک لەگەڵ کەس‌و

لایەنێک لە حاڵی کێشە داین، کێشەکە هەموو هەستو لەشو بیرو زەینی ئێمە دادەگرێ. پێویستە بزانین کە هیچ پێویست نیە حەتمەن پێش بە ڕوودانی کێشەکان بگرین. چونکە ئەوان دەرفەتێکن بۆ لێ فێربوونو پوختەبوونو گەشـــە کردنو پەرەسەندنمان. بەڵام بۆ ئەوەی کێشەکان ببنە مایەی گەشـــە کردنو پەرەســـەندنمان، دەبێ کۆنترۆڵیان کەینو فێر بین بە شـــێوەیەکی ڕاستو دروست هەڵسوکەوتو مامەڵەیان لەگەڵ بکەین. دەبێ بتوانین ئیدارەیان کەین. ئەگەر وا نەکەین کێشەکان هێزو تواناو وزەو ئینێرژیەکی زۆری ئێمە بە فیڕۆ دەدەن. جاری وایە کۆنترۆڵی خۆمان لەدەســـت دەدەینو بە شـــێوەی فیزیکی یان بە شێوەی زارەکی یان بە هەردووک شێوە توندوتیژی لە خۆمان نیشان دەدەین.

بۆ ئەوەی بتوانین کێشەکان بە شێوەیەکی ڕاستو دروست ئیدارە کەین، وا باشە سەبارەت بەوان فێر بین. فێر بین کە چۆن مامەڵەیان لەگەڵ بکەین. کە واتە بەو پرســـیارە دەســـت پێدەکەین کە: کێشە چیە؟

## ڕاهێنانی بەکردەوە

چالاکیەکە بەوە دەســـت پێدەکا کە هەر کام لە قوتابیەکان، بەشدارەکان لە ڕوانگەی خۆیانەوەو بۆخۆیان بیر لە کێشـــە دەکەنەوە. هەر کام لەوان بە تەنیا هەوڵدەدا وەڵامی ئەو پرســـیارە بداتەوە. پاشـــان هەموویان پێکەوە بە شێوەی پلینۆم باس لە کێشە دەکەنو ڕوانگەو بیروڕاکانیان سەبارەت بە کێشە لەگەڵ یەکتر دێننە بەرباس.

کاتی پێویست: ۴۵-۳۰ خولەک.

پێداویســـتی: کاغـــەز یان وەرەقـــەی گەورە بۆ نووســـین لەگەڵ ژمارەیەک تـــووش یا قەڵەمی ڕەنگاورەنگ.

## پیادەکردن، جێبەجێ کردن

۱ـ مامۆستا دوو وەرەقەی گەورەی بۆ لێ نووسین لە پێشدا ئامادە کردوون.

سەردێڕی وەرەقەی یەکەم بریتیە لە "کێشە چیە؟" سەردێڕی وەرەقەی دووهەم بریتیە لە "نموونەیەک لە ژیانی خۆتدا کە کێشەت بۆ هاتبێتە پێش بێنەوە".

دواتر مامۆســـتا داوا لە بەشـــدارانی کۆرســـەکە دەکا بۆخۆیان بیر لەوە بکەنەوە کە کێشە چیەو لەبەرخۆیانەوە باسی لێ بکەن.

نموونەیەک ســـەبارەت بە کێشـــە بێننەوە (۱ تا۳ خولەک). دوای ئەوە مامۆســـتا داوا لە هەموو بەشداربووەکان دەکا کە هەرکامیان بە نۆرەی خۆیان ڕوانگەو بۆچوونەکانیان زۆر بە کورتی سەبارەت بە کێشە بێننە گۆڕێ. لە کاتێکدا کە قوتابیەکان قسە دەکەن، مامۆستا گرنگترین وشەو ڕستەکانی

ئەوان لە وەرەقەکان‌دا دەنووسێتەوە.

٢ـ پاشان مامۆستا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە کێشە لایەنی جۆراوجۆری هەن‌و هەر بۆیە بە شێوەی جۆراوجۆریش پێناسە دەکرێن. یەکێک لە پێناسەکانی کێشە دەکرێ بەم جۆرە بێ: «کێشە وەزعێکە کە لەوێدا ناکۆکی لە نێوان چەند لایەن دا، دێتە پێش‌و هەســـتو سۆزو ئیحساساتی لایەنەکانیشی تێکەڵ دەبێ. لایەنەکانی کێشـــە هەمیشـــە بە جۆرێک پێکەوە بەستراون‌و شتی هاوبەشیان پێکەوە هەیە».

دواتر مامۆســـتا داوا لە قوتابی‌یەکان دەکا لەبەر ڕووناکایی ئەم پێناسەیەی سەرەوەدا ئەو کێشانە لێک دەنەوە کە خۆیان وەک نموونە باسیان لێ کردن‌و ببینن کە تا چ ڕادەیەک نموونەکانیان لەگەڵ نێوەرۆکی ئەم پێناسەیە دێتەوە.

## دوان‌و گفتوگۆ

* ئایـــا بۆت زەحمەت بـــوو نموونەیەک لە ژیانی خۆت‌دا بێنیەوە کە جارێک کێشـــەت بۆ هاتبێتە پێش؟ بۆ؟ بۆ نا؟

* ئایا ئەو نموونەیەی تۆ بۆ کێشەت هێنایەوە لەگەڵ ئەو پێناسەیە دێتەوە کە لێرەدا کێشەمان پێ ناساندوە؟ ئەگەر بەڵێ، بۆ؟ ئەگەر نا، بۆچی؟

* ئایا ئێوە بەو پێناسەیە ڕازین کە لێرەدا کێشەمان پێ پێناسە کرد؟

* ئایا هەندێک لە کێشەکان پێویستن  بۆ؟ لەبەرچی؟

* ئایا هەندێک لە کێشەکان پێویست نین؟ بۆ؟ لەبەرچی؟

* ئایا دەتوانن نموونەیەک بێننەوە کە لەســـەر مەسەلەیەک لەگەڵ یەکیک ناکۆکیتان هەبێ، بەڵام ئەوە بە کێشە نەژمێردرێ؟ بۆ چی ئەوە بە کێشە دانانرێ؟

* ئایا ئەو قسەیە ڕاستە کە دەڵێ ئێمە ڕۆژانە بێوچان خەریکی چارەسەر کردنی کێشەکانین؟

* بۆچی گرنگە کە لە بیرمان بێ‌و لە کاتی لە گۆڕێ‌دا بوونی کێشەدا وەبیر خۆمانی بێنینەوە کە لە حاڵی چارەسەر کردنی کێشەیەک داین؟

## ئەمە فێر دەبین:

کێشـــەکان بەشـــێکن لە ژیانی مرۆڤ. مرۆڤ بێ کێشە نیە. ژیانی ڕۆژانەمان پڕە لە کێشەی گەورەو بچووک. جاری وایە کێشـــەکان زۆر بچووکن‌و ئێمە قەت بیریان لێ ناکەینەوە .چونکە بە ئاســـانی بۆمان چارەسەر دەکرێن. ئێمە هەمیشە لە حاڵی «دانوستان» داین. لەو ڕێگایەوە کێشەکان چارەسەر دەکەین‌و گیروگرفتەکانمان ڕوون دەکەینەوەو کەندو کۆســـپەکانی سەر ڕێمان تەخت دەکەین. هەر کاتێک لە بەرامبەر چارەســـەری  ئەو کێشانەدا دەستەوەستان بووین، هەست دەکەین کە کێشەمان

هەیە. بەم جۆرە ناخۆشـــیو نارەحەتیمان بۆ دروســـت دەبیو تووشی دژواریو سەختی دەبین. بۆیە لـــەو حاڵەتـــەدا زۆر گرنگە بە جۆرێک بجووڵێینەوە، بە جۆرێـــک مامەڵە لەگەڵ وەزعەکە بکەین کە نارەحەتیو سەختیو دژواری‌یەکەو ئەو کۆسپە لابەرین کە هاتۆتە سەر ڕێگامان. بەم جۆرە کێشەکان دەبنە مایەی پەرەسەندنو گەشە کردنی ئێمەی مرۆڤ.

"کێشـــە بریتی‌یە لە وێککەوتنی قازانجو بەرژەوەندیو بەهـــاو کردارە ناتەباکان لەگەڵ یەکتر لە بارودۆخێکی دیاریکراو دا" (de Bone 1986)

"کێشـــە بریتیە لە ناتەباییو ناکۆکیی نێوان مرۆڤەکان کە هەستو سۆزو ئیحساساتی توندیشی تێکەڵ دەکرێ". (Hotvedt 1997)

## ئایا کێشەکان تەنیا هەر لایەنی نەرێنی‌یان هەیە؟

ڕاهێنانی ۲۵۵-۲۵۲

**بابەت:** کێشەکان

**ئامانج:** ڕوونکردنەوەی ئەوە کە کێشـــەکان لایەنی ئەرێنیشـــیان هەیەو دەرفەت بۆ گەشەســـەندنو پەرەگرتنی تاکەکەسو کۆمەڵ دەخوڵقێنن؟

## وشەی کێشە چیمان بیر دەخاتەوە؟

زۆربەمان بە بیســـتنی وشـــەی کێشە هەستی ناخۆشمان لە لا دروســـت دەبیو شتی نەرێنی‌یمان بیر دەکەوێتەوە. کێشـــە دەستبەجێ ناکۆکی، شـــەڕو ئاژاوەو هەلومەرجی سەختو دژوارمان وەبیر دێنێتەوە. ئەوەش شـــتێکە کە بە شێوەیەکی ئاسایی حەزمان لێی نیەو تا ئەو جێگایەی بۆمان بلوێ خۆمانی لێ لا دەدەین. بەڵام ئەگەر تۆزێک بە قووڵی بیر بکەینەوە تێدەگەین کە کێشەکان لایەنی ئەرێنیو نەرێنیشیان هەیە. هەروەک وتمان کێشەکان بەشێکی سروشتیی ژیانی ئێمەن.

ئێمە مرۆڤەکان جۆراوجۆرین. پەروەردەو ئەزموونو ژینگەو پێشـــینەی جۆراوجۆرمان هەیە. هەر بۆیە ڕوانگەو تێگەیشتنی جۆراوجۆریشمان سەبارەت بە مەسەلەو دیاردە جیاجیاکان هەیە. بەو پێیە کێشـــەکان دەتوانن ببنە دەرفەتێک بۆ ئەوەی لە قوتابخانە، لە شـــوێنی کارو لە ژیانی ڕۆژانەمان‌دا ببینە تەواوکەری یەکتر. ئەگەر وشیاریی ئەوەمان هەبێ کە هەڵسوکەوتی دروست لەگەڵ کێشەکان بکەین دا بکەین، دەبێتە هۆی ئەوەی زۆر شت بەرینەوە و بە شێوەیەکی باشو ڕێکوپێک مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئیمتیازی زۆرمان وەدەست کەوێ.

## مەشق یا ڕاهێنانی بەکردەوە

لە ســـەرەتای چالاکی‌یەکەدا بەشـــدارەکان هەرکامیان بۆخۆیان وەڵامی ئەو پرســـیارە دەدەنەوە کە

کێشــە چیان بیر دەخاتەوە. پاشـــان بە گەلەکۆمە سەبارەت بەو مەسەلەیە دەدوێن‌و باس‌و وتووێژی لە سەر دەکەن. دواتریش بە شێوەی پلینۆم لە دەوری یەکتر کۆ دەبنەوەو لەسەر ئەو مەسەلە قسە دەکەن و باسەکانیان کورت دەکەنەوە و دەرەنجامێک لە باسەکان وەردەگرن.

کات: ٦٠-٤٥ خولەک

پێداویستییەکان: تەختەرەش، تەباشیر، وەرەقەی گەورەو قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ بۆ نووسین (تووش)

جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە

١ـ مامۆستا داوا لە قوتابی‌یەکان دەکات کە بیر بکەنەوە بە بیستنی وشەی کێشە چ هەستێکیان لە لا دروست دەبێ؟

پـــاش ئەوەی بۆ مـــاوەی دوو خولەک قوتابی‌یەکان بیریان لەو مەســـەلەیە کـــردەوە، دەبێ بە شێوەی پلینۆم لە دەوری یەکتر دانیشن باسەکانیان پوختە کەنەوەو بگەنە ئاکامێک. وا باشە هەموو بەشداری بکەن، هەموو قسە بکەن، هەموو ڕوانگەو بۆچوونەکانیان دەربڕن. لە ئاکامی وەڵامدانەوەی پرســـیارەکان‌دا بۆمان دەردەکەوێ کە وشەی کێشە بۆ زۆربەیان هەستێکی ناخۆشی لەگەڵە و باری نیگەتیڤی هەیە.

٢ـ لە قۆناخی دووهەم‌دا مامۆســـتا داوا لە بەشدارانی کۆرسەکە دەکا بیر لەوە بکەنەوە کە کێشە دەتوانێ لایەنی ئەرێنیشی هەبێ. کێشە دەتوانێ ببێتە هۆی پەرەسەندن‌و پێشکەوتن. کێشە دەتوانێ ئاکامی زۆر باشی بەدواوە بێ. بەشداربووەکان دەبنە چەند گروپ‌و هەرکام لە گروپەکان تێدەکۆشن پێنج لایەنی ئەرێنیی کێشەکان بدۆزنەوەو لەسەر وەرەقەیەک بیاننووسن. (١٠ـ٥ خولەک)

٣ـ لە کاتێکدا کە گروپەکان بە شـــێوەی پلێنۆم پێکەوە باس‌و وتووێژ دەکەن، مامۆســـتا هەموو ئەو لایەنە ئەرێنیانەی کێشەکان کە قوتابی‌یەکان باسیان دەکەن، لەسەر تەختە رەشە دەنووسێتەوە. ئەگەر قوتابی‌یەکان لە قسەو باسەکانیان‌دا باسیان لەم خاڵانەی خوارەوە نەکرد، وا باشە مامۆستا لە کاتی کورت کردنەوەی باسەکەدا، باس لەم خاڵانەش بکات. کێشە دەتوانێ ئەم لایەنە ئەرێنی‌یانەشی هەبێ:

❋ هەویەت‌و ناسنامەمان بۆ دروست دەکەن.

کێشـــەکان دەبنە هۆی ئەوەی کە پێناسەو هەویەت بۆ مرۆڤەکان دروست کەن. منداڵان‌و لاوان لە پرۆســـەی گەورەبوونی خۆیان بە هۆی ناکۆکی‌و ناتەبایی‌یەکانیان لەگەڵ خوشـــک‌و براو دایک‌و باوکیان، بەهۆی کێشەکانیان لەگەڵ دەوروبەریان‌دا خۆیان دەناسن‌و هەویەتیان بۆ دروست دەبێ.

«نامەوێ بێمە دەرەوە»، نامەوێ بێمە ماڵی نەنکم»، «ئەو کراســـە سوورەم پێ جوانە»، «ئەو کراسە سەوزەم ناوێ»، «پێم خۆشە فوتباڵ بکەم».

ڕوانگەو بۆچوونە جۆراوجۆرەکان لە ڕێگای کێشەکانەوە خۆیان دەردەخەن. هەویەت‌و پێناسەش بۆ مرۆڤ زۆر گرنگە. ئەو کەســـەی پێناســـەی هەیە، خۆی دەناسێ، خەڵکی تریش دەناسێ‌و ڕێز لە

هەویەتی کەســـانی دیکەش دەگرێ. کەسێک کە هەویەتی هەیەو خۆی دەناسێ، لە خۆشی دڵنیایە ڕوانگەو بیرو بۆچوونەکانی خۆشی بێپەرواو ڕاشکاوانەو بە ڕێزو حورمەتەوە دەردەبڕێ.

* کێشەکان بە سەرچاوەی گەشەکردنی کەسایەتیی مرۆڤەکان دادەنرێن. کێشەکان لەسەر ئەوە دروســـت دەبن کە ناتەباییو ناکۆکیمان لەســـەر هەندێک شت لەگەڵ کەسانی دیکە بۆ دێتە پێش. ڕەنگە ڕوانگەو بۆچوونەکانی ئەوان لە هی تۆ راســـتو دروســـتتر بن؟ پێت وا نیە؟ ڕەنگە زانیاریو ئەزموونەکانی ئەو زۆرتر بن؟ ڕەنگە لایەنی بەرانبەرت پتر ســـاردو گەرمیی ڕۆژگاری دیتبێ؟ ئەگەر کراوە بین، گوێ بگرینو بە نەرمیو حەوســـەلەو ســـەبرو ســـنگ فراوانیەوە گوێ بدەینە لایەنی بەرانبەر، دەتوانین زۆر شت فێر بینو لە ئاکامدا گەشە بکەینو بڕۆینە پێش.

* کێشەکان دەتوانن ببنە دەرفەت بۆ نیشاندانی پێوەندیی توندی نێوان مرۆڤەکان.

هەمیشـــە وایە مرۆڤ زۆرتـــر لەوانە توورە دەبێ کە زۆری خۆش دەوێن. ئەگەر راســـتو ڕەوان قســـە لەگەڵ یەکتر بکەینو ڕوانگەو بۆچوونەکانمان بێنینە بەرباسو نیشان دەین کە لەگەڵ لایەنی بەرانبەر جیاوازیمان هەیە، دەرفەتی ئەوەمان بۆ دەڕەخسێ پێوەندیی توندوتۆڵ دروست کەین. بۆیە زۆر گرنگە کراوەو راستگۆ بینو قسەکانمان لەگەڵ یەکتر باس کەین.

* کێشەکان دەبنە مایەی دروست بوونی دۆستایەتیو پێوەندیی تازە لە نێوان مرۆڤەکاندا.

زۆر جـــار مرۆڤـــەکان وەک تاکەکـــەسو وەک گروپو دەســـتەو تاقمیش، لە ڕێگای کێشـــەو ناکۆکیەکانی نێوانیانەوە پێوەندیو دۆستایەتیان بۆ دروست دەبێ. پێوەندیو دۆستایەتییەک کە لە کێشـــەی نێوانیان بەهێزترو درێژخایەنترە. کێشەکە دەبێتە هۆی ئەوەی زۆرتر یەکتر ببینن، لەگەڵ یەک بدوێن، چاویان پێک بکەوێو پێوەندیی تازە درروست کەن. زۆر جار گروپەکانو تاکەکەسەکان لە ڕێگای کێشەکانەوە خاڵە هاوبەشو بەرژەوەندیە هاوبەشەکانیان دەدۆزنەوە.

* کێشـــەکان دەبنە مایەی ئاڵوگۆڕو پێشـــکەوتنی ئەرێنی لە کۆمەڵ دا. تەنیا لە ڕێگای کێشەو گیروگرفتەکانـــەوە ڕێگاچارەو داهێنانی تازە دەدۆزینەوە. سەرتاســـەری پرۆســـەی دێمۆکراســـیو هەڵســـووڕانی چەرخەکانی کۆمەڵگایەکـــی دێمۆکراتیک بریتیە لە پرۆژەی ئیدارە کردنی کێشـــەو گیروگرفتەکان. دەســـەڵاتی قانوون، پارلمان، دەزگای دادوەری، دادگاکان، مێدیای ئازاد، هەڵبژاردن، ڕێکخراوە جەماوەریو غەیرە دەوڵەتیەکان ،هەموویان بەشـــێکن لە سیســـتەمی دێمۆکراسی. لەو سیستەمەدا هەر ئەکتەرە، هەر لایەنە، دەیەوێ بەپێی یاساو قانوونە پەسندکراوەکان، ڕوانگەو قازانجو بەرژەوەندیەکانی خۆی بەرێتە پێش. لەو ڕێگایەوە کێشـــەو گیروگرفتەکان بەشێوەیەکی هێمنانەو ئاشتیخوازانە چارەسەر دەکرێن.

بەم جۆرە لە دێمۆکراسیدا کێشەکانو گیروگرفتەکان ئیدارە دەکرێنو ڕێگاچارەی خۆیان پەیدا دەکەن. گرنگترین لایەنی دێمۆکراســـی ئەوەیە کە لایەنەکان ناچار دەکا پێکەوە بســـازێنو لەگەڵ یەکتر هاوکاری وهاوهەنگاوی بکەن.

بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ بۆخۆی بەرهەمی ئەو کێشانەیە کە لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی لە ئاستی دنیادا هاتبوونە گۆڕ. واتە شەڕ یانی گەورەترین کێشەی مێژووی مرۆڤایەتی لە سەدەی رابردوودا.

## پێکەوە راوێژ کردن

* ئایا دێتە بیرت کە کێشەیەک بۆ تۆ بووبێتە مایەی شتێکی ئەرێنی؟ دەتوانی باسی بکەی؟

* ئایا تا ئێستا هەلت بۆ رەخساوە لە کێشەکان فێر بی؟ ئایا وا بووە کە کێشە بووبێتە مایەی فێر بوون و چوونە سەری ئەزموون و تاقیکردنەوەو لێوەشاوەیی‌یەکانت؟

ئەوەی لێرەدا فێری بووین و لە ژیانی رۆژانەمان‌دا کەڵکی لێوەردەگرین بریتییە لە:

راستە کێشە ناخۆشی و سەختی و دژواریی لەگەڵە، بەڵام زۆر لایەنی ئەرێنی و باشیشی هەن. کێشە دەبێتە مایەی پەرەسەندنی مرۆڤ و دروست بوونی دۆستایەتی و پێوەندیی تازە. لە ئاستی کۆمەڵگاش‌دا کێشەکان دەبنە مایەی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕو داهێنان. دەبنە هۆی ئەوەی یاساو قانوونی تازەو رێوشوێنی نوێ لە کۆمەڵ‌دا دروست بن. لە رێگای کێشەکانەوە خەڵک فێر دەبن بە رێگای هێمنانەدا گیروگرفتەکانیان چارەسەر کەن. هەر کات ناکۆکی و ناتەبایی و گیروگرفت و کەموکووڕی‌یەکان خۆیان نیشان دا، بۆ چارەسەرکردنیان تێدەکۆشین. ئەگەر وایدانێین کە کێشەیەک نیەو تێکۆشین خۆمانیان لێ گێل کەین، ماوە ماوە سەر هەڵدەدەنەوەو خۆیان نیشان دەدەن. هیچ کێشەو گیروگرفتێک لەخۆوە چارەسەر ناکرێ. بۆیە زۆر گرنگە بە وشیاری و شارەزایی و لێوەشاوەیی‌یەوە لەگەڵ کێشەکان هەڵسوکەوت بکەین.

ئەگەر بەشێوەیەکی دروست و حیسابی مامەڵە لەگەڵ کێشەکان بکەین، دەگەینە رێگاچارەیەکی باش و دەبنە مایەی گەشەسەندن و پێشکەوتن. بۆیە زۆر گرنگە بە چاوێکی ئەرێنی‌یەوە تەماشای کێشەکان بکەین و وەک دەرفەتی چوونە پێش و ئاڵوگۆڕی ئەرێنی سەیریان بکەین.

“چینی‌یەکان دەڵێن ئەگەر کەسانێک هەبن کە لە ژیان‌دا بێ کێشەو گیروگرفت بن، ئەوە کەسانی بێ‌هەڵوێست و بێ‌تەفاوەتن. ژیان ئەگەر ئامانج و هەدەفی تێدا بێ، کێشەشی تێدایە. ژیانی بێ کێشە، ژیانێکی بێ‌مانایە. ناتوانین پێش بە سەرهەڵدانی کێشەکان بگرین، بەڵام دەتوانین پێش بە توندوتیژی بگرین. ئەوە شتێکی پڕ مانایەو بایەخێکی زۆر گرنگی هەیە. (Johan Galtung)

## درەختی کێشە

**بابەت:** باسێکی کورت سەبارەت بە چۆنیەتیی تێگەیشتن لە کێشەکان.

**ئامانج:** تێگەیشتن لە سروشت و جیاوازی و هۆکارو شێوازەکانی خۆ نیشان دانی کێشەکان.

وشەی کێشە لە Conflictusەوە دێ کە وشەیەکی لاتینی‌یەو بە مانای لێکدان و پێکهەڵپڕژان دێ.

بە زمانی ڕۆژانە کێشـــە بریتیە لە ناکۆکی، ناتەبایـــیو دژایەتیی یەکتر. ئایا بیرت لەوە کردۆتەوە کە کێشەکان هۆکارو شـــێوەی جۆراوجۆریان بۆ خۆنیشاندان هەیە؟ ئەوە کە جارجار لە کاتی ناکۆکیو ناتەبایی لەگەڵ کەسـێکدا هاوارمان لێ بەرز دەبێتەوەو دەنگ هەڵدەبڕین، بە هۆکاری کێشـــەکە ناژمێـــردرێ، بەڵکوو بۆخۆی بە ئاکامی کێشـــەکە لە قەڵەم دەدرێ. بەڵام ڕوونـــە ئەم جۆرە ئاکامە نەرێنییانە بە نۆبەی خۆیان کێشـــەکان ئاڵۆزترو دژوارتر دەکـــەن. ئەگەر بتوانین جیاوازی لە نێوان هۆکارو ئاکامەکانی کێشـــەکان دانێینو تێکەڵیان نەکەین، باشتر دەتوانین مامەڵەیان لەگەڵ بکەینو ئیدارەکردنیان ئاسانتر دەبێ.

## ڕاهێنانی بەکردەوە

ئەمە چالاکییەکە کە پێویستە هەموو قوتابییەکان بە شێوەی پلینۆم بەشداریی تێدا بکەن. ئاکامی چالاکییەکـــە واتە وێنەی درەختی کێشـــە، کە ئاکامی کاری هاوبەشـــی قوتابییەکانە، بە دیواری پۆلەکەوە هەڵدەواسـرێ، بە جۆرێک کە هەموو بەشـــدارانی کۆرسەکە بتوانن لە کاتی ڕاهێنانەکانی دیکەشدا ببیننو کەڵکی لێوەرگرن.

**کات:** ۳۰ خولەک

**پێداویستی:** وەرەقەیەکی گەورەو قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ.

**ئامادەکاری:** مامۆســـتا وێنەی درەختێکی گەورە دەکێشێتەوە کە گەڵێک لقوپۆپی هەن. درەختەکە گەڵای پێوە نیەو تەنیا لقوپۆپەکانی دیارن. زۆر گرنگە لەســـەر قەدی دارەکە بنووسین کێشە. دەبێ لەبیرمان بێ بەشێک لە وەرەقەکە بۆ کێشانەوەی ڕەگی درەختەکە بێڵینەوە.

## جێبەجێ کردن واتە پیادە کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ مامۆستا وێنەکە پێشانی قوتابییەکان دەداو بۆیان ڕوون دەکاتەوە کە ئەم وێنەیە پێی دەگوترێ درەختی کێشە. پاشان ڕوو دەکاتە قوتابییەکانو ئەم پرسیارانەیان لێ دەکا:

ئەمە چیە؟ ئایا وەک کێشـــە دەچێ؟ وا باشـــە مامۆســـتا بەجۆرێک پرسیار بکا کە قوتابییەکان تێبگەن کە ئەوان بەدوای دۆزینەوەی شێوازەکانی خۆنیشاندانی کێشەکاندا دەگەڕێن نەک هۆکاری سەرهەڵدانیان. ئەو شتانەی قوتابییەکان لە وەڵامی پرسیارەکاندا باسیان دەکەن، بە شکڵی گەڵای دارەکە دەیانکێشـــنەوە. بەشـــێک لە وڵامەکان ڕەنگە بەم جۆرە بن: لێکدان، شـــەڕ، جنێودان، هاوار کردن، قیژە کردن، گریان، دەربڕینی جۆراوجۆر لە ڕێگای زمانی لەشـــەوە وەک: ســـوورهەڵگەڕان، تووڕەبوون، گرژ بوون، نێوچاوان تێکنان.

لێرەدا زۆر گرنگە مامۆستا جیاوازیی نێوان کێشەو سەرخستنە سەرو وقولدووڕی و پەلامار ڕوون کاتەوە. شـــارەزایان پێیان وایە کاتێک قولدووڕی و سەرخســـتنە ســـەر لەگەڵ کێشە ئاوێتە دەبێ.

ئاکامەکەی دەبێتە پەلامار.

٢ـ لە قۆناخی دووهەمدا مامۆستا دەپرسێ: ئەم گەڵایانە خۆراکی خۆیان لە کوێ وەردەگرن؟ ئینجا مامۆستا دەست دەکات بە کێشانەوەی وێنەی ڕەگەکانی درەختەکە. قوتابی‌یەکان لێرەدا ئەو هۆیانە دێننە بەرباس کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی کێشەکان. مامۆستاش پێشنیارەکانی ئەوان، بە شکڵی ڕەگی درەختەکە دەکێشێتەوەو دەیاننووسێتەوە.

ڕەنگە قوتابیەکان ئەم بابەتە وەک سەرچاوەی کێشەکان دەست نیشان کەن. دەسەڵات، حەسوودی، ناتەبایی، خۆبەزلزانی، خۆ پێ حەق بوون، قەزاوەتی یەکلایەنە، لێک دڕدۆنگ بوون، جیاوازیی فەرهەنگیو مەزهەبیو کولتووری، ناکۆکی لەسەر شتێک یا ئیمکاناتی مادیی جۆراوجۆر.

٣ـ لە قۆناخی سێیەمدا مامۆستا ئەم پرسیارانە ئاراستەی قوتابیەکان دەکا: "پاییزان گەڵای دارەکان چیان بەسەر دێ؟"، "پاییزان گەڵاکان دەوەرنە سەر زەویو بەم جۆرە خۆراکی زۆرتر دەدەنە ڕەگو ڕیشەی درەختەکەو سەرەنجام لقوپۆپی درەختەکە زیاتر گەشە دەکەنو گەڵای زۆرتریش دەردەکەن."

بەم جۆرە بە شێوەی هێڵکاری ئەوە ڕوون دەکەینەوە کە درەختی کێشەکە تا دێ بەهێزتر دەبێ. ڕەگەکان خۆراک بۆ قەدو لقو چڵو گەڵاکان دابین دەکەن، گەڵاکانیش دەوەرنە سەر زەویو دیسان دەبنە خۆراکو لقو چڵو گەڵاکان بەهێزترو زۆرتر دەکەن. لێرەدا وا باشە مامۆستا بەجۆرێک وێنەی درەختەکە بکێشێتەوە کە پێوەندیی نێوان هۆکارو ئاکامەکانیان ڕوونو دیار بێ.

لە کۆتایی ئەم قۆناخەدا وا باشە مامۆستا ئەوە بۆ قوتابی‌یەکان ڕوون کاتەوە کە باشترین ڕێگاچارە بۆ پێشگیری لە گەورە بوونەوەی کێشەکە ئەوەیە پێش بە پەرەسەندنی ئەم سووڕە بگرینو لە قۆناخە سەرەتایی‌یەکان‌دا چارەسەری کەین یان بیخەینە ژێر کۆنترۆڵی خۆمانەوە.

ئەو شتەی لێرەدا فێری بووین بریتی‌یە لە: جیاوازیی زۆر لە نێوان هۆکارو ئاکامو شێوەی خۆنیشاندانی کێشەکان‌دا هەیە. بەڵام لە هەر کێشەیەک دا، ئەو فاکتۆرانە شوێن لەسەر یەکتر دادەنێنو یەکتر بەهێز دەکەن. لە ئاکامدا کێشەکە گەشە دەکاو دەڕواتە پێش و خۆی هێزو تەکانو گوڕو تین بە خۆی دەبەخشێ. باشترین مێتۆدی مامەڵە کردن لەگەڵ کێشەکان ئەوەیە کە وشیاریو شارەزاییمان سەبارەت بە فاکتۆرە جیاجیاکانی کێشەکانو هۆکارو ئاکامەکانیان هەبێو بتوانین پێوەندیی نێوانیان بپچڕین.

## درەختی کێشەو درەختی تێهەڵپێچان و ملهوڕی

دەتوانین لەبڕی دروست کردنی وێنەی درەختی کێشەیەک، وێنەی درەختی تێهەڵپێچان بکێشینەوە. پرۆسەکە وەک یەکە. بەڵام لێرەدا جیاوازی‌یەکی گەورە لە پێوەندی لەگەڵ کێشەکەدا هەیە. ئەگەر بە شێوەیەکی دروست مامەڵەی لەگەڵ‌دا بکرێ، ئیمکانی ئەوەی هەیە ببێتە زەمینەیەک بۆ

پەرەسەندنی ئەرێنی. بەڵام تێهەڵپێچان و ملهوڕی و هێرش‌و پەلامار بۆ سەر کەسێکی دیکە، دەبێ دەســـبەجێ ڕاگیرێ. چونکە بە هیچ جۆر ئاکامی ئەرێنیی بەدوادا نایەو دەبێ چاوەڕوان بین ئاکامی نیگەتیڤی زۆریشـــی لێ بکەوێتـــەوە. ئەگەر قوتابیەکان وێنەی درەختی ملهـــوڕی و تێهەڵپێچانیان کێشـــابێتەوە، دەکرێ مامۆســـتا داوایان لێ بکا درەختەکە ڕەش کەنەوە. بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ وێنەی درەختی کێشەدا، ناتوانین داوایەکی ئەوتۆ لە قوتابی‌یەکان بکەین. چونکە کێشەکان بەشێکی سروشـــتیی ژیانی ئێمەن‌و ناتوانین خۆمانیان لێ لادەین. دەبێ فێر بین بە شـــێوەیەکی دروســـت‌و حەکیمانە مامەڵەیان لەگەڵ بکەین.

## کێشەو پەلامار

**بابەت:** کێشەو پەلامار

**ئامانج:** تێگەیشـــتن لە جیاوازیی نێوان کێشـــەو پەلامارو وەدەســـتهێنانی لێوەشاوەیی‌و شارەزایی بۆ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ کێشەکان.

جاری وایە کێشەکان لە کۆنترۆڵ دەچنە دەر. لەو جۆرە حاڵەتانەدا هەمیشە مرۆڤ کارێک دەکا کە پاشان لیی پەشیمان دەبێتەوە.

هەندێک جار قســـەیەک دەکەین، یان وشـــەیەکمان لە زار دێتە دەرەوە کە لە ڕاســـتیدا مەبەستەکەشـــمان ئەوە نەبووە کە قســـەکە دەیگەیەنێ، یان کردەوەیەک لە خۆمان نیشـــان دەدەین کە نەدەبوایە بیکەین وەک ئەوە کە شـــەق داوێین یان مســـت دەوەشێنین. هەر لەو جۆرە حاڵەتانەدا زۆر جار ئەو لایەنەی کە دەســـەڵاتی زۆرترە، بۆ زیان گەیاندن‌و لەنێو بردنی لایەنەکـــەی دیکە لەو دەســـەڵاتە کەڵک وەردەگرێ. هەر کاتێک لە کێشـــەیەکدا یەکێک لە لایەنـــەکان، بۆ شـــکاندن‌و لەنێو بردنـــی لایەنەکەی دیکە کەڵکی خراپی لە هێزو دەســـەڵات وەرگـــرت ئەوە بە پەلامـــار لەقەڵەم دەدرێ. هەر بۆیە زۆر گرنگە لە جیاوازیی نێوان کێشـــەو پەلامار تێبگەین.

لە کێشەدا پێویست نیە حەتمەن وەزعەکە بگاتە حاڵەتی پەلامار. بەڵام دیارە ئەگەر بە شێوەیەکی دروســـت هەڵســـوکەوتی لەگەڵ نەکەین، مەترســـیی ئەوەی لێدەکرێ پەرە بگـــرێ‌و بگاتە قۆناخی تەقینەوە.

لەحاڵەتی لە گۆڕێدا بوونی پەلاماردا، دەبێ تێکۆشـــین دەستبەجێ پەلامارەکە بوەستێنین. یانی پێویســـتە مەیدان بـــە پەلامار نەدەین‌و لە یەکەمین دەرفەتدا پێشـــی پێ بگریـــن. بەڵام ئەوە لە پێوەندی لەگەڵ کێشەدا وانیە. پێویست نیە کێشەکان دەسبەجێ خەفە بکەین. بەڵکوو پێویستە فێر بین ئیدارەو کۆنترۆڵیان کەین. بەو جۆرە کێشەکان، ناکۆکی‌و ناتەبایی‌یەکان دەردەخەن‌و ڕەنگە ببنە سەرچاوەی ئاڵوگۆڕی گەورەو ئەرێنی‌و پەرەسەندنی زۆرتر.

## راهێنانی بە کردەوە

لە سەرەتای چالاکی‌یەکەدا مامۆستا بە وردی جیاوازیی نێوان کێشەو پەلامار بۆ قوتابیەکان ڕوون دەکاتەوە. پاشان بەشدارانی کۆرسەکە بە شێوەی کورتە شانۆ جیاوازیی نێوان کێشەو پەلامار نیشیان دەدەن. دواتر قوتابیەکان سەبارەت بەو مەسەلەیە زۆرتر پێکەوە قسە دەکەن‌و ئەزموونەکانی خۆیان دێننە بەرباس. وا باشە هەموو قوتابی‌یەکان چالاکانە لە راهێنانەکەدا، بەشداری بکەن‌و ڕوانگەو بۆچوونەکانی خۆیان لەگەڵ یەکتر بگۆڕنەوە.

**کات:**

بەشی یەکەم ٣٥ خولەک

بەشی دووهەم ٣٥ خولەک

**پێداویستیەکان:** وەرەقی گەورەو قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ بۆ نووسین لەسەر وەرەقەکە.

## جێبەجێ کردنی راهێنانەکە:

١ـ لە سەرەتای ڕاهێنانەکەدا مامۆستا جیاوازیی نێوان کێشەو پەلامار ڕوون دەکاتەوە. لە کێشەدا هەمیشە وایە کە دوو یان چەند لایەن کە لەگەڵ یەکتر لە ناکۆکی دان ئەو لایەنانە قازانج‌و بەرژەوەندی‌و ڕوانگەی ناتەباو دژبەیەکیان هەیە. بەو حاڵەش لایەنەکان پێکەوە بەستراونەتەوەو زۆر جاری وایە مەسەلەی هاوبەشی زۆریان پێکەوە هەیە. زۆر گرنگە بزانین زۆر جار هەست‌و سۆزو ئیحساساتی توند تێکەڵ بە کێشەکان دەبی‌و مەسەلەکە ئاڵۆزتر دەکا.

زۆربەی ئەو فاکتۆرو توخمانەی لە کێشەدا دەیانبینین لە پەلاماریش‌دا هەن. بەڵام خاڵی هەرە زەق کە پەلامار لە کێشە جیا دەکاتەوە بریتییە لەوە کە لە پەلاماردا لایەنێک کە دەسەڵاتی هەیە، کەڵکی خراپ لە هێزو دەسەڵاتی خۆی وەردەگری‌و دەیەوێ لایەنەکەی دیکە لەبەین بەرێ یان زیانی پێ بگەیەنێ. بۆیە پەلامار بە هێرش بۆ سەر مافەکانی لایەنەکەی دیکە دادەنرێ‌و راستەوخۆ بایەخو کەرامەتی ناوبراو دەخاتە ژێر پێ. لە هەلومەرجێکدا کە پەلامار لەگۆڕێ دایە، لایەنێک هێزو دەسەڵاتی لە لایەنەکەی دیکە زۆرترە. واتە هاوسەنگی هێز لە نێوان لایەنەکانی کێشەکە دانیە.

٢ـ پاشان مامۆستا هەندێک لە بەشدارانی کۆرسەکە بە سەر دوو گروپی پێنج کەسی‌دا دابەش دەکا. یەکێک لە گروپەکان کار لەسەر کێشە دەکەن‌و گروپەکەی دیکەش کار لەسەر پەلامار دەکەن. لێرەدا وا باشە قوتابی‌یەکان ئیمکانی ئەوەیان بدرێتێ خۆیان ئەو گروپە هەڵبژێرن کە دەیانەوێ کاری تێدا بکەن. وا باشە لەو بارەوە بەگوێرەی ئەزموونەکانی خۆیان دابەش بکرێن. دوای ئەوە هەرکامیان کورتە شانۆ، یان وێنەیەکی بێدەنگ، یان بە جۆرێک کە خۆیان دەزانن کار لەسەر ئەو بابەتە کە بۆیان دیاریکراوە دەکەن. کەسانێک کە بۆخۆیان ئەزموونی شەڕو پەلاماریان هەیە، نابێ ڕێگایان پێ

بدرێ ئەوە نمایش کەنەوە.

(ئەم بەشە ۲۰ـ۱۵ خولەکی کات پێویستە)

۳ـ هەموو بەشـــدارانی کۆرســـەکە بەشـــێوەی پلێنۆم لە دەوری یەکتر کۆ دەبنەوە. هەر گروپە کورتەشـــانۆیەک لە کارەکەی خۆی نیشان دەداو ئەوانی تریش پێکەوە مەسەلەکان شی دەکەنەوەو ڕوانگـــەو بۆچوونەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ کێشـــەو پەلاماردا دەگۆڕنـــەوەو کاری گروپەکان ڕاڤە دەکەن.

۴ـ مامۆســـتا لە قوتابیەکان دەپرســـێ چۆن مرۆڤ هەڵســـوکەوت لەگەڵ کێشەو پەلامار بکات؟ قوتابی‌یەکان دەتوانن پێکەوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدۆزنەوە. دەشتوانن دوو دوو پێکەوە سەبارەت بەو پرسیارە قسە بکەن. (۲ تا ۳ خولەک).

مامۆســـتا ڕێگا بە قوتابیان دەدا لە پێوەندی لەگەڵ وەڵامی ئەم پرسیارەدا پێشنیارەکانی خۆیان فۆرمۆڵە کەن‌و لە پلینۆمدا بیانهێننە گۆڕێ.

زۆر گرنگە قوتابیەکان ئەوە تێبگەن کە لە کاتی لە گۆڕێ دابوونی کێشەدا، هەر دوو لا پێویستە پێکەوە دیالۆگ‌و قســـە بکـــەن‌و دەرفەت بە یەکتر بدەن تا ڕوانگـــەو بۆچوونەکانیان بێننە بەرباس‌و پێکەوە تێکۆشـــن ڕێگاچارەیەک بدۆزنەوە کە هەردووکیان پێی ڕازی بن. بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ پەلاماردا، مەسەلەکە بە جۆرێکی ترە. پەلامار نابێ مەیدانی پێ بدرێ‌و دەبێ دەست بەجێ ڕاگیرێ.

بۆ هەڵســـوکەوت لەگەڵ پەلامار، تەنیا یەک ڕێگامان لە پێشـــە، ئەویـــش بریتی‌یە لەوە کە ئەو لایەنەی دەســـەڵاتی زۆرترە بە بەرپرسیار دابنرێ. واتە ئەو لایەنەی دەسەڵاتی هەیەو کەڵکی خراپ لە هێزو دەســـەڵات وەردەگرێ، پێویستە بەرپرسایەتی بخرێتە سەر شان. واتە پێویستە حاڵی بکرێ کە دەبێ بەرپرسایەتیی پەلامارەکانی خۆی بۆ سەر لایەنی بەرانبەر وەئەستۆ بگرێ.

۵ـ ئەگەر بمانەوێ وەک کێشە هەڵسوکەوت لەگەڵ پەلامار بکەین یان وەک پەلامار هەڵسوکەوت لەگەڵ کێشە بکەین دەبێ بەم جۆرەی خوارەوە بجووڵێینەوە:

اـ دوو کورتە شـــانۆ هەڵدەبژێرین، یەکیان بۆ نیشـــاندانی کێشـــەو ئەوی تریش بۆ نیشان دانی پەلامار. لە هەر یەک لەو دوو شانۆیەدا گروپێک قوتابی ڕۆڵی پێویست دەگێڕن.

بـ لەنێو بەشدارانی کۆرسەکەدا چەند کەس بە دڵخوازی خۆیان رادەگەیەنن کە ئەوان دەیانەوێ لـــە کاتی بەڕێوە چوونی کورتە شـــانۆکان‌دا بپەڕنە نێو شـــانۆکان‌و بەگوێـــرەی بەرنامەی دیاریکراو هەڵسوکەوت بکەن.

جـ هەم ئەو گروپە کە کورتەشانۆکان بەڕێوە دەبەن‌و هەم ئەو کەسانەی کە بڕیار وایە بپەڕنە نێو شانۆکان، خۆیان بۆ گێڕانی ئەو ڕۆڵە ئامادە دەکەن کە پێیان ئەسپێردراوە.

ـ لە کاتی نمایش کردنی ئەو کورتەشـــانۆیەدا کە ســـەبارەت بە کێشە ئامادە کراوە، ئەو گروپەی تر دەچێتە نێو شـــانۆکەوەو وەک پەلامار هەڵســـوکەوت لەگەڵ بابەتەکـــە دەکا. دواتر نۆرە دەگاتە

گرووپەکـــەی تر. ئەویش ئەو کورتە شـــانۆیە بەڕێوە دەبا کە بۆ نیشـــاندانی پەلامار ئامادەیان کردوە. لەولاشەوە ئەوانی تر لە کاتی نمایش کرانی شانۆکەدا دەچنە نێو شانۆکەو وەک کێشە هەڵسوکەوت لەگەڵ بابەتەکە دەکەن.

د- مامۆستا لە ئەکتەرەکان دەپرسێ کە چ هەستێکتان لە کاتی نمایش کردنی شانۆکەدا هەیە، چ ئیحساســێکتان لە لا دروست دەبێ؟ دواتر ئەو پرسیارە لەو کەسانەش دەکا کە لەنێو بەشدارانی کۆرسەکەدا دڵخوازانە ئامادەیی خۆیان بۆ چوونە نێو شانۆکان ڕاگەیاندبوو. پاشان مامۆستا لە هەموو بەشـــدارانی کۆرســـەکە دەپرســـێ کە ئاخۆ بیروڕای ئەوان سەبارەت بە مەســـەلەکە چیە؟ ئەوان چ هەستێکیان هەیە؟

زۆر گرنگە کاتێکی باش بۆ باس‌و لێدوان لەســـەر ئەو بابەتە تەرخان بکرێ. ئایا ئەوانەی چوونە نێو شانۆکانەوە چیان کرد؟ بۆ ئاکامەکە بەم جۆرەی لێهات؟ ئەگەر ئاوا نەکرابا، چ ئاکامێکی دیکەمان دەست دەکەوت؟ بۆ وا بوو؟ بۆ ئاوا نەبوو؟

## باس‌و لیدوان

* خاڵی هاوبەشی نێوان کورتە شانۆکان چی بوو؟
* ئایا زەحمەت بوو کە جیاوازی لە نێوان ئەم یان ئەویان بکەی؟
* ئایا دژوار بوو جیاوازی لە نێوان کێشەو پەلاماردا بکەی؟
* جیاوازیدانان لە نێوان کێشەو پەلاماردا دژوارە؟ بۆ بە زەحمەت بۆمان لە یەکتر جیا دەکرێنەوە؟

ئەو شتەی لێرەدا فێری بووین‌و پێویستە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکاری بەرین بریتییە لە:

جیاوازی لە نێوان کێشەو پەلاماردا هەیە. دەبێ لە هەوەڵین کاتدا پێش بە پەلامار بگرین. پەلامار نابێ مەیدانی پێ بدرێ. بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ کێشـــەدا مەسەلەکە جیاوازە. پێویست نیە کێشە ڕاگیرێ. لە جیاتی ئەوەی کە هەوڵبدەین بەر بە کێشەکە بگرین یا بیشارینەوە، پێویستە هەوڵبدەین بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ئیدارەی کەین و بە چەشنێکی مەعقوول هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەین. واتە پێویستە کێشـــەکە بە ئاقاری دیالۆگ‌و وتووێژدا بەرین‌و لە ڕێگای پێکەوە دوان‌و باس‌و موناقەشەی بەبەڵگەوە ،لە ڕێگای گوێ لێک گرتن‌و پێکەوە قسە کردنەوە، بۆ دۆزینەوەی چارەیەک کە هەر دوولا پەسندی بکەن تێکۆشین.

دەبێ لەبیرمان بێ لە کاتی هەبوونی کێشەدا هەموو لایەنەکانی کێشەکە کەموزۆر بەرپرسایەتیان هەیە. هەر بۆیە کێشـــە دەبێ بە جۆرێک ئیدارە بکرێ، بەجۆرێک مامەڵەی لەگەڵ بکرێ کە هەموو لایەنەکانی کێشـــەکە بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک خۆیان بە بەرپرس بزانن. واتە تێکۆشـــن لەگەڵ لایەنەکەی دیکە بۆ گەیشتن بە ڕێگاچارەیەک کە بۆ هەموان قبووڵ بێ، هاوکاری بکەن.

بـــەڵام لە کاتـــی لەگۆڕێ دابوونی پەلامـــاردا تەنیا ئەو لایەنە بە بەرپـــرس دەزانرێ کە پەلامار

دەبــا. لەو حاڵەتــەدا زۆر گرنگە ئەو لایەنەی کە دەبێتە قوربانیی پەلامارەکە، بە تاوانبار نەناســرێو وەک بێ گوناح لەقەڵەم بدرێ. کێشــە بەشــێکی سروشتی‌یە لە ژیانمان. ئەگەر فێر بینو بزانین بە شێوەیەکی دروست مامەڵە لەگەڵ کێشەکان بکەینو نەیەڵین لە کۆنترۆڵمان بڕۆنە دەر، دەتوانن ببنە سەرچاوەی پێشکەوتنو ئاڵوگۆڕی ئەرێنی.

## گوێگرتن

۲۵۸ـ۲۶۱

**بابەت:** کۆمیونیکاشیۆنو قسە کردن پێکەوە.

**ئامانج:** ڕوونکردنەوەی نێوەرۆکی کۆمیونیکاشــیۆن. کۆمیونیکاشــیۆن چ دەگرێتەوە؟ گوێگرتن چیە؟ ڕاهێنان لەسەر چۆنیەتیی پێکەوە دوانو قسە کردنو چۆنیەتیی گوێ لێگرتن.

ئەگەر بەدڵەوە باســی هەســتو ئیحساساتی خۆت بۆ کەســێک بکەیو چاوەڕوانی ئەوە بی ناوبراو لێت تێبگاو هاودەردییت لەگەڵ نیشــان دا، بەڵام ئەو گێرەی لە جێیەکی دیکە بگەڕێو ئاگای لە تۆ نەبێ، چ دژکردەوەیەکت لەلا دروســت دەبێ؟ بۆ نموونە ئەگەر لە کاتی قســەکانی تۆدا ناوبراو خەریکی خوێندنــەوەی ئەو پەیامە بێ کە هاتۆتە سەرســەفحەی تەلەفۆنەکەی؟ زۆر وێدەچێ لەو حاڵەتەدا ناڕەحەت بیو ئەو هەستەت بۆ بێتە پێش کە لە چاوی ناوبراوەوە تۆ کەسێکی بێ‌بایەخی، هەر بۆیە ڕەنگە تووڕەش بی. ئاخر کەس پێی خۆش نیە بەکەم بگیردرێ. کەس حەز ناکا حیسابی بۆ نەکرێ. کەس حەز ناکا بە چاوی ســووک ســەیری بکرێو بایەخی بــۆ دانەنرێ. کە وایە چۆن لەگەڵ خەڵک هەڵسوکەوت دەکەی؟ چۆن لەگەڵ خەڵک مامەڵە دەکەی؟ دەبێ چ بکەی بۆ ئەوەی خەڵکو کەســانی دەوروبەرت هەســت بکەن کە بایەخیان پێ دەدەی؟ دەبێ چ بکەی تا ئەوانەی دەیانبینی هەســت بکەن کە حیســابیان بۆ دەکەیو دەرکیان دەکــەی؟ دەبێ چ بکەی تا لایەنی دیکەی گفتوگۆکەت هەست بکا کە دەیبینیو لێی تێدەگەی؟

ڕەنگە نەتوانی هەمیشە کراوە بیو سرنجو بایەخ بدەیتە لایەنەکەی دیکە. چۆنیەتیی گوێگرتنمان ئــەوە ڕوون دەکاتەوە کە چەندە بە ڕێزەوە دەڕووانینە کەســانی دیکە. چۆنیەتیی گوێگرتنمان لەو کەسەی کە قسەمان بۆ دەکا، ڕادەی ڕێزو حورمەتی ئەو لە لای ئێمە نیشان دەداو ئەوەش دەردەخا کە ئێمە چەندە بەپەرۆشەوەین تا لە مەبەستو قسەو باسەکانی تێبگەین.

## ڕاهێنان

لەم چالاکی‌یەدا بەشدارانی کۆرسەکە دوو دوو لەگەڵ یەکتر کار دەکەن. ئەم چالاکی‌یە تایبەتە بەوە کە فێر بین چۆن پێوەندی لەگەڵ یەکتر بگرین؟ چۆن پێکەوە قســە بکەین؟ لە کاتی قسە کردنو باسو وتوویژ لەگەڵ یەکتر دا، چ بکەین تا هەست بە ئەمنییەت و ئاسایشو ڕێزو حورمەت بکرێ؟

دەکرێ ئەو چالاکی‌یە بۆ دەست پێکردنی هەر ڕاهێنانێک بەکار بێنین کە قورسایی دەخاتە سەر کاری زارەکی‌و ڕاهێنان لەسەر باس‌و قسەو وتووێژ کردن پێکەوە.

## جێبەجێ کردن

١ـ بەشدارانی کۆرسەکە دوو دوو پێکەوە ڕێکدەکەون. "بۆ ئاسایتر کردنی باسەکە یەکیان ناو دەنێین "ئا"و ئەوی تریش "ب".

مامۆستا ڕێگا دەدا کە هەر کام لە گروپەکان، لە پێش‌دا قۆناخی یەکەم، دواتر قۆناخی دووهەم‌و پاشان قۆناخی سێیەم‌و لە کۆتایی‌دا قۆناخی چوارەمی ڕاهێنانەکە بەڕێوە بەرن.

مامۆستا ڕێنوێنیی قوتابیەکان دەکا کە چی بکەن‌و ناوبراو تا کۆتایی هاتنی هەموو قۆناخەکانی ڕاهێنانەکە، سەبارەت بە چۆنیەتیی کاری قوتابیەکان، هیچ تەفسیرو لێکدانەوەیەک ناکا.

قۆناخی یەکەم "ئا"و "ب" سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو پێکەوە قسە دەکەن "بۆ نموونە شتێک کە لەم هەفتەیەدا کردوویانە".

"ئا"و "ب" پێکەوە قسە دەکەن‌و نۆرە نادەن بە یەکترو هەر لایەکیان هەوڵ دەدا قسەکانی خۆی بکاو بۆشی گرینگ نیە لایەنەکەی دیکە دەڵێ چی. هەر کام لەوان لە هەوڵی ئەوە دایە ئامانجی خۆی بەرێتە پێش کە بریتیە لەوەی قسەکانی خۆی بکا. (سێ خولەک)

قۆناخی دووهەم:

ئەو جارەش هەردوولا قسە دەکەن‌و نۆرە نادەن بە یەکتر، بەڵام تێدەکۆشن لە قسەکانی یەکتر تێبگەن. "ئا"و "ب" لەسەر بابەتێکی تازە قسە دەکەن. (بۆ نموونە سەبارەت بە بەرسەهاتێکی خۆش دەدوێن کە هەردووکیان تێیدا بەشدار بوون). ٣ خولەک

قۆناخی سێهەم:

لەم قۆناخەدا "ئا"و "ب" گوێ لە یەکتر دەگرن. "ئا" دەست دەکا بە قسە کردن لەسەر بابەتێکی دیاریکراو. (نموونە شتێک کە هەر دووکیان حەزی لێ دەکەن). "ب" بەوردی‌و لەسەرەخۆ گوێ لە "ئا" دەگرێ‌و جارجار بە نیشانەی ئەوە کە گوێی لە قسەکانیەتی سەری بۆ دەلەقێنێ. پاش دوو خولەک ڕۆڵەکانیان دەگۆڕن. واتە ئەمجار "ب" قسە دەکاو "ئا" گوێی لێدەگرێ. دواتر مامۆستا داوا لە هەردووکیان دەکا سەبارەت بە وتەکانی یەکتر بدوێن‌و قسەکانی یەکتر بگێڕنەوە. (٢ خولەک "ئا"و ٢ خولەک "ب")

قۆناخی چوارەم:

لەم قۆناخەدا «ئا»و «ب» لەسەر بابەتێک پێکەوە باس‌و موناقەشە دەکەن. ئەوان دەتوانن لە سەر ئەم بابەتە ساخ بنەوە کە بە دژی مەسەلەکە قسە بکەن، یان لە گەڵی هاوڕابن.

بەم جۆرە هەر دوو لا باس‌و موناقەشەکەیان لەسەر مەسەلەکە دەبەنە پێش. «ئا» ڕوانگەو

بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە مەسەلەکە دەخاتە بەرباس. بەڵام پێش ئەوەی لەو بارەوە قسە بکات، قسەو باسەکانی «ب» کورت دەکاتەوەو پوختەی بۆچوونەکانی «ب» دەست نیشان دەکات. ئەو جار نۆرەی «ب» دێ. ئەویش بە هەمان شێوە دیسان جەوهەری قسەکانی «ئا» دەست نیشان دەکاتو دواتر لە پێوەندی لەگەڵ باسەکەدا قسەو باسە تازەکانی خۆی دێنێتە گۆڕێ. (بەشدارانی ئەم ڕاهێنانە وا باشە بابەتێک بۆ موناقەشە هەڵبژێرن کە مەسەلەی ڕۆژە. ماوەی دیاریکراو بۆ بەڕێوەچوونی ئەم ڕاهێنانە ٥ـ٤ خولەکە).

## باسو لێدوان

* ڕاوبۆچوونی ئێوە سەبارەت بەم چالاکی‌یە چیە؟
* ئایا وا هەبووە کە لە ژیانی ڕۆژانەتاندا حاڵەتەکانی وەک قۆناخەکانی یەکەمو دووهەمتان بۆ هاتبێتە پێش؟
* کاتێک دەبینن لە کاتی قسە کردندا گوێمان لێ ناگیرێ، چ هەستێک دامانده‌گرێ؟
* ئەگەر لە کاتی قسە کردندا گوێت لێ بگرنو قسەت پێنەبڕن چ هەستێکت لەلا دروست دەبێ؟
* چۆن لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەیەکدا موناقەشە دەکەی؟
* ئایا پێت باشە کە لە کاتی باسو موناقەشەدا، لایەنی بەرانبەر ڕوانگەو بۆچوونەکانی تۆ پوختە بکاتەوە؟
* چ بکەین بۆ ئەوەی ببینە گوێگرێکی باش؟

## پوختەی ئەم شتەی لەم ڕاهێنانەدا فێری بووین:

کاتێک قسە دەکەینو دەمانەوێ شتێک بڵێین بەڵام گوێمان لێناگیرێ، هەست بە ناخۆشی‌یەکی زۆر دەکەین. هەربۆیە زۆر گرنگە بۆخۆشمان لەبیرمان بێ کە کاتێک کەسانی دیکە قسە دەکەن، گوێیان لێبگرین. بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی باش باسو وتوویژ لەگەڵ یەک بکەینو کۆمنیوکاشیۆنێکی باشمان پێکەوە هەبێ، پێویستە فێر بین بەڕوونیو لەسەرخۆ قسە بکەینو توانای ئەوەش لە خۆماندا پەروەردە بکەین کە گوێ لە کەسانی دیکە بگرینو لە کاتی قسە کردنی کەسانی دیکەدا، بە شێوەیەکی چالاک گوێ بگرین تا لە ڕوانگەو نەزەراتی کەسانی دیکە تێبگەین.

کاتێک کەسانی دیکە قسە دەکەنو ئێمە گوێیان لێناگرین، زانیاریی زۆر بەنرخمان لەکیس دەچێ. ڕەنگە ئەمە بۆخۆی ببێتە سەرچاوەی هەڵدانی کێشە. ئاخر بۆ چارەسەر کردنی کێشە، زۆر گرنگە لە ڕوانگەو بیروبۆچوونەکانی لایەنی بەرانبەر حاڵی بێ. زۆر ڕێگاو میتۆد هەن کە دەکرێ بەکاریان بێنین تا ببینە گوێگرێکی چالاکو باش. دەکرێ تەماشای ئەو کەسە بکەین کە قسەمان بۆ دەکات. دەکرێ جارجار بە نیشانەی ئەوە کە گوێمان کە قسەکانیەتی، سەر بجووڵێنین. کاتێک

یەکێک قســـەمان بۆ دەکاو ئێمە گوێی لێدەگرین، ئەوەش نیشـــان دەدەین کە ڕێزو ئیحترامامان بۆ ناوبـــروا هەیە. ئەمەش بەنۆرەی خۆی فەزایەکی پڕ لە دۆســـتایەتیو خۆشەویســـتیو متمانەمان لە نێواندا دروست دەکا.

گوێگرتن لە کەسێک کە قسە دەکا، هەوەڵین هەنگاوە بۆ نیشاندانی ڕێزو حورمەت لەو کەسە. چۆن دەبیتە گوێگرێکی باش؟ ئێمە نەک هەر بە مێشک، بەڵکوو بە هەموو لەشمان گوێدەگرین؟

* تەماشای ئەو کەسە بکە کە قسە دەکا.
* چاو ببڕە چاوەکانی ئەو کەسەی کە قسە دەکات.
* شەففافو کراوە بە.
* بەڕێزەوەو بە هەموو وجوودەوە گوێ لەو کەسە بگرە کە قسە دەکا.
* ئاسوودەو لەسەرەخۆ بە. گوێ بگرەو بزانە چ دەگوترێ.
* سرنج بدە ئەو بابەتە کە باس دەکرێ. بزانە بابەتەکە چیە؟
* بە کراوەییو سنگ فراوانی‌یەوە گوێ بدە ئەو بابەتەی کە باسی لێدەکرێ.
* دوور بڕوانە. قووڵ بیر بکەوەو سرنج بدە قووڵایی قسەکانی ناوبراو.
* قسەو باسەکانی ناوبراو هەڵسەنگێنەو شی‌یان کەرەوە.
* گوێ بگرە بزانە چۆن ڕوانگەو بیروبۆچوونەکانیان دەردەبڕن.
* ســـرنج بدە ســـیگناڵە زارەکی‌یەکان. (شێوەی دەربڕین  بە دەم وچاو، زمانی لەش، چۆنیەتیی دانیشتن یان وەستان)
* چۆنیەتیو رادەی بەرزیو نزمیی دەنگ.

زۆر گرنگە کاتێک لە قســـەیەک یان مەبەستێک حاڵی نابین، وانیشان نەدەین کە حاڵی بووین. میتۆدێکی زۆر باش بۆ پرســـیار کردن ئەوەیە کە ئەگەر لە مەســـەلەیەک حاڵی نەبووی، بپرسی کە ئایا مەبەســـتی بەڕێزتان بریتی‌یە لە... بەم جۆرە هەم ڕێز لە ناوبراو دەگریو هەم مەسەلەکەشت بۆ ڕوون دەبێتەوە.

## کۆمیۆنیکایشیۆنی دوو لایەنە

٢٥٨_٢٦١

**بابەت:** دیالۆگ

**ئامانـــج:** ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاســـتییەی کە دەکرێ چەندە ئاســـان خراپ لێکتێگەیشـــتن ڕوو بدا. تێگەیشـــتن لە بایەخو گرنگیی چۆنیەتیی بەکارهێنانی زمانو هەڵبژاردنی وشـــەکان لە کاتی قسەو گفتوگۆدا.

قســـە کردنو باسو گفتوگۆ لە گەڵ یەک کردن، وەرزشـــێکی پڕمەترسییە. واتە قسە کردن لەگەڵ

یەکتر کارێکی هێندە ئاسان نیە. بەپێچەوانەوە سەختو دژوارو پڕمەترسییە. جاری وایە بەهۆی خراپ لێک تێگەیشتن، دروست لێک حاڵی نەبوونو بەهەڵە لێک تێگەیشتن، کێشەی جۆراوجۆر سەر هەڵدەدەن. لە زۆربەی هەرە زۆری حاڵەتەکان‌دا ئەو کێشانەی کە لەو جۆرە بارودۆخانەدا دێنە پێش، دەکرێ هەر لە بنەڕەتڕا ڕوو نەدەن. واتە شتێکی پێویست نین. بۆیە دەبێ فێر بین‌و خۆمان لەسەر ئەوە ڕابێنین کە بە شێوەیەکی ڕوون‌و بێگرێ‌وگۆڵ قسە بکەین. بە جۆرێک کە خەڵک تێمان بگەن‌و بزانن چ دەڵێین‌و مەبەستمان چیە. دیارە ئەوەش پێویستی بە کارو خۆڕاهێنان‌و تەمرین‌و وشیارییەکی زۆر هەیە.

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

لەسەرەتادا بەشدارانی کۆڕسەکە دووبەدوو پێکەوە کار دەکەن پاشان هەموویان کۆ دەبنەوەو لەپلێنۆم‌دا ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانیان لەگەڵ یەکتر دەخەنە بەر باس‌و ئاکامی پێویستی لێوەردەگرن. ئەم ڕاهێنانە چالاکییەکە کە لەوێدا قوتابی‌یەکان پێویستە خۆیان ئەزموون‌و تاقیکردنەوە لەسەر بابەتەکە وەدەست بێنن. هەر بۆیە زۆر باشە ئەو کەسانەی لە کۆرسەکەدا بەشدارن پێوەندییەکی دۆستانەیان لەگەڵ یەکتر هەبێ. نێوەرۆکی ڕاهێنانەکە زۆرتر قسەو باس‌و گفتوگۆی زارەکییە. کات ۳۰ خولەک.

پێداویستی: کاغەزو قەڵەم.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

۱ـ مامۆستا داوا لە قوتابی‌یەکان دەکات بەسەر چەند گروپی دوو کەسی‌دا بەش بن‌و پشت لە یەکتر دانیشن.

کەسی یەکەم واتە (A) لەسەر داوای کەسی دووهەم واتە (B) وێنەیەک دەکێشێتەوە کە شکڵەکەی لە پێش چاوی (B)یە. واتە وێنەی ئەو شتەی کە کەسی یەکەم (A) دەیکێشتەوە لە بەردەمی (B)یە. هەردوکیان مافی ئەوەیان هەیە پێکەوە قسە بکەن. بەڵام ئیجازەیان نیە بڵێن کە ئەو وێنەیە چۆن دێتە بەرچاو یان چۆنە. ئەو کەسەی وێنەکە دەکێشێتەوە دەتوانێ بەکەیفی خۆی هەرچی پێی خۆش بپرسێ. بەڵام ئەوەی تر نابێ پێی بڵێ وێنەکە چۆن دێتە بەرچاو. شایانی باسە تا کەسی یەکەم تەواو نەبێ حەقی دیتنی ئەو وێنەیەی نیە کە لەبەردەم کەسی دووهەمە.

## بۆ لێدوان:

* مەبەستی ئێمە لەو چالاکیە چی بوو؟
* چۆن ئەم چالاکییە دەتوانین لە ژیانی ڕۆژانەمان‌دا بەکار بەرین؟
* ئایا خۆتان ئەوەتان بەسەر هاتووە کە خەڵک لێتان حاڵی نەبێ، یان لێتان تێنەگا؟ ئەوە چی لێ

پەیدا دەبێ؟
* بۆچی جاری وایە سەختو دژوارە، ڕاستو ڕەوان مەبەستێک دەرببڕین؟

## فێربووین کە:

جاری وایە سەختو دژوارە بە جۆرێک قسە بکەین کە خەڵک تێی بگەن یا لێی حاڵی بن. بەتایبەتی ئەوە کاتێک ڕاسترە کە مرۆڤەکان سەر بە فەرهەنگو کولتووری جیاواز بنو یەکتر نەناسنو شارەزاییشیان لەسەر کولتوورو نرخو بایەخە فەرهەنگییەکانی یەکتر نەبێ. هەر بۆیە لە گفتوگۆو کۆمیونیکاسیۆنی خۆمان لەگەڵ مرۆڤەکان داو لە هەڵسوکەوتو ڕەفتارمان‌دا لەگەڵ ئەوان، پێویستە هێندە بەدیققەتو لەسەرخۆو هەڵسەنگێنرا قسە بکەین کە نەیەڵین بچووکترین خراپ لێکتێگەیشتن ڕوو بدا. بۆیە لە جیاتی ئەوەی لەوە تووڕەو عەسەبی بین کە بەرامبەرەکەمان لێمان تێناگا، دەتوانین بەجۆرێکی دیکە بیر بکەینەوە بپرسین: ئایا بە ئەندازەی پێویست مەبەستی خۆمان بەیان کردوە؟ ئایا لە مەبەستەکەم حاڵی دەبی؟ یا بۆت ڕوون کەمەوە؟ لە هەر کۆمیۆنیکاشۆنێکی نێوان مرۆڤەکان‌دا لایەنی بەرامبەر زۆر گرنگەو پێویستە وەبەرچاو بگیردرێ. واتە ئەگەر بەرامبەرەکەت حاڵی نەبێو لێت تێنەگا. نەک هەر پەیامەکەت ناگا، بەڵکوو ڕەنگە نالێکحاڵی بوونیش ڕوو بداو ببێتە مایەی کێشەش. بۆیە زۆر گرنگە لە کاتی قسەو گفتوگۆدا بەرانبەرەکەت بە هێند بگریو بەڕوونی پەیامی خۆتی پێ بگەیەینی.

## دروست کردنی شتێک بەیەکەوە.

**بابەت:** کۆمیۆنیکاسیۆنو قسەو گفتوگۆ لە نێو گروپ دا، لە نێو کۆمەڵە خەڵکێک‌دا.
**ئامانج:** ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی کۆمیۆنیکاسیۆنی نێوان گروپێک کە بە یەکەوە ئەرکێک بەڕێوە دەبەن. هەروەها ڕوونکردنەوەی چۆنیەتیی ڕەفتاری تاکەکەس لە کاتی کار کردنی بەکۆمەڵو لە کاتی هاوکاری کردن لەگەڵ گروپێک‌دا.
زۆر میتۆدو شێوازو ڕێگا بۆ کاری بەکۆمەڵو چۆنیەتیی هاوکاریی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر بۆ گەیشتنە ئامانجێکی هاوبەش هەن. یەکێک لەوان بەو مەرجەی ئەندامانی دیکەی گروپەکە بڕواو متمانەی پێ بکەن، ڕێبەرایەتی وەئەستۆ دەگرێ و ئەوانی تریش ئەرکی جۆراوجۆری دیکە بەڕێوە دەبەن. لە حاڵەتێکی ئاوادا تا ڕادەیەکی زۆر شیمانەی ئەوە دەکرێ کە ئەوان لە کارو پرۆژەکەیان‌دا سەرکەون. جاری واشە کەس بەرپرسایەتی قبووڵ ناکا. ئەمەش دەبێتە هۆی دژوار بوونی کارەکە. جاری وایە تەواو بێ سەرەوبەرەیی دروست دەبێ. ئەگەر بەشدارانی گروپەکە بتوانن بە شێوەیەکی باشو ڕوون پێکەوە قسەو وتووێژو کۆمیونیکاسیۆن بکەن، بە ڕێبەر یان بێ‌ڕێبەری دەتوانن کارەکانیان بەرەوپێش بەرنو بە ئامانجەکانیان بگەن. بەڵام کار لە گروپ‌دا کاری بەکۆمەڵ،

دینامیزمو گیروگرفتو ســـایکۆلۆژی تایبەت بە خۆی هەن. چونکە مرۆڤەکان جۆراوجۆرن، هەر بۆیە پاشـــخانی پەروەردەیی‌و لێوەشاوەیی جۆراوجۆریان هەیە. هەر بۆیە لە گۆشەنیگای جۆراوجۆریشەوە دەڕواننە دیاردەکان‌و ئاستی تێگەیشتن‌و دنیای ڕوانینیشیان جیاوازە.

کـــە واتە کاری بەکۆمەڵ چۆن دەڕواتـــە پێش؟ کاری گروپی چۆن دەڕواتە پێش؟ گروپ چۆن کاروباری خۆی جێبەجێ دەکا؟ چۆن هەڵدەسووڕێ؟

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

قوتابی‌یەکان هەموو لە چالاکییەکەدا بەشـــدار دەبن‌و دەچنە سەر عەرزەکە ڕادەوەستن. مامۆستا لە نێوەوڕاســـتی ئەوان ڕادەسوەســـتێ‌و ســـرنج دەدا تا بزانێ چ ڕوو دەدا. مامۆستا پێویستە کارێک بکا کە هەموو قوتابی‌یەکان جێگایان بێتەوەو کەس لەســـەر کورســـی‌و مێزەکان دانەنیشـــێ یان پاڵیان پێوەنەدا. لەم ڕاهێنانەدا قوتابی‌یەکان دەبێ خۆیان ئەزموون‌و تاقیکردنەوەی عەمەلی لەسەر بابەتەکە وەرگرن. هەر بۆیە زۆر گرنگە لە یەکتر دڵنیا بن‌و پێوەندییەکی باشیان لەگەڵ یەک هەبێ. دەکرێ ئەم ڕاهێنانە بکرێتە ســـەرەتایەک بۆ کردنەوەی باس وگفتوگۆیەکی چڕوپڕی شەفاهی سەبارەت بە بابەتەکە.

کات: ۱۵ خولەک.

پێداویستی: ژوورێکی گەورە.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ مامۆســـتا داوا لە قوتابی‌یەکان دەکا بەشـــێوەی بازنە لە دەوری یەک کۆ بنەوەو دەســـتی یەکتر بگرن. پێویستە چاوەکانیان داخەن. تا مامۆستا پێیان نەڵێ چاویان بکەنەوە، کەس مافی ئەوەی نیە چاوەکانی بکاتەوە. بەڵام دەتوانن پێکەوە قســـە بکەن. مامۆستا لە نێوەڕاستی ئەوان‌دا ڕادەوەستێ تا بتوانێ چاک چاوەدێرییان بکا تا بزانێ چ ڕوو دەدات.

٢ـ مامۆســـتا داوا لە قوتابیەکان دەکا کە چوار گۆشـــەیەک دروســـت کەن واتە لەســـەر شکڵی چواگۆشـــە لەگەڵ یەک ڕیز بن. پێویســـتە مامۆســـتا ســـرنج بدا کە قوتابیەکان چ دەکەن. چۆن کۆمیۆنیکاســـیۆن لەگەڵ یەک دەکەن. ئایا کەســـێک لەوان چاوی هەڵدێنێ؟ کاتێک قوتابی‌یەکان بۆخۆیان گەیشتنە ئەو قەناعەتە کە چوارگۆشەکەیان دروست کردوە، ڕاهێنانەکە تەواو دەبێ‌و ئەوان دەتوانن چاوەکانیان بکەنەوە. وا باشـــە لێرەدا ڕێگا بدەین کەمێک لەگەڵ یەکتر قســـە بکەن. ڕەنگە قوتابی‌یـــەکان بیانەوێ ئـــەوە ڕوون کەنەوە کە چۆن توانیان ئەرکەکەیان بەڕێوەبەرن‌و ئیشـــەکەیان تێپەڕێنن. مامۆستا جارێ لەو بارەوە هیچ قسەیەک ناکا.

٣ـ مامۆســـتا داوا لە قوتابی‌یەکان دەکا کە جارێکی دیکە چاوەکانیان داخەن. ئێستا سێ گۆشە

یا شکڵێکی دیکە دروست دەکەن. کاتێک تەواو بوون چاوەکانیان دەکەنەوە.

بۆ لێدوان:

* ئەندامانی گروپەکە چۆن لەنێو خۆیاندا کۆمیۆنیکاسیۆنیان دەکرد؟ چۆن پێکەوە قسەیان دەکرد؟

* چۆن توانیان ئەرکەکەیان بەڕێوە بەرن؟ بۆ نەیانتوانی ئەرکەکەیان بەڕێوە بەرن؟

* ئایا کەسێک لە نێو ئەواندا هەبوو کە کارو بەرپرسایەتی ڕێبەرایەتی وەئەستۆ بگرێ؟ گروپەکە چۆن ڕێبەرایەتی ئەویان قەبووڵ کرد؟

* ئایا کەسێک یان کەسانێک هەبوون کە پاسیڤ بن؟ چالاک نەبن؟ هەڵسووڕ نەبن؟ هۆیەکەی چی بوو؟

* ئایا کە چاوتان دادەخست، چ هەستێکتان هەبوو؟ ناخۆش بوو؟ ئایا هەستتان بە نائەمنی نەدەکرد؟

* چ هەستتێکتان هەبوو کاتێک لەگەڵ یەک قسەو باستان دەکرد ؟ ئایا بڕواو متمانەتان بەیەک هەبوو؟

## فێربووین کە:

هەوڵماندا کارێکی بەکۆمەڵ بەیەکەوە بکەین تا ئاکامێکی هاوبەش بەدەستەوە بدەین. لەو جۆرە پڕۆژانەدا کاری هەر تاکەکەسێک گرنگەو ئەگەر ئەو کەسە کارەکەی خۆی بەڕوونیو بەوەخت جێبەجێ نەکا، پڕۆژەکە لەنگ دەبێو ناڕواتە پێشو تەنانەت سەریش ناگرێو بە ئامانجیش ناگا. لەو کارە هاوبەشەدا لەو ئەرکەدا بەشداربووەکان زۆر شتی هاوبەشیان هەبوو، زۆر کێشەشیان لەگەڵ یەک هەبوون. ئەوەی لێرەدا فێری بووین ئەوەیە کە لە کاری گروپیو بەکۆمەڵدا پێویستە بەشێوەیەکی جوانو ڕوونو پڕ لە ڕێزەوە لەگەڵ یەکتر قسەو کومیونیکاسیۆن بکەین. لەسەرەخۆو بە ڕێکوپێکی ئەرکەکانمان بەڕێوەبەرین. تۆنی دەنگو زمانی لەشو هەڵسوکەوتەکانمان بە جۆرێک ڕێکوپێک کەین کە لەگەڵ دۆخەکە و کارو ئیشو هاوکارەکانماندا بێتەوە. جاری وایە زۆر گرنگە لە پێوەندی لەگەڵ جێبەجێ کردنی ئەرکێکی هاوبەشدا پێکەوە قسە بکەینو هەموو ڕوانگەو نەزەراتی خۆمان دەربڕین. لەو حاڵەتەدا پێویستە کەسێک دیاری بکەین کە بەڕێوەبەرایەتیی کۆبوونەوەکە وەئەستۆ بگرێ و بە جۆرێک کە ڕێگا بدا هەموو لایەک قسەکانیان بکەن. دەبێ بزانین هەتا ڕوانگەو بیرو بۆچوونو ئیدەو پێشنیارەکان زۆرتر بن، دەکرێ بڕیارێکی چاکتر، هەمەلایەنەترو شیاوتر و هەڵسەنگێندراوتر بدەین. ئەگەر لەو جۆرە حاڵەتانەدا نەتوانین پێکەوە قسە بکەین، توانای ئەوەمان تێدا نەبێ لەگەڵ یەک کۆمیۆنیکاسیۆن بکەینو هەموو لایەک بەشداری نەکەن، حەتمەن وەزعێک دەخولقێ کە نایەڵێ هەموو بە یەک ئاڕاستەدا بڕۆینە پێشو بەڕێگاچارەیەکی باشو جێگای پەسندی هەمووان بگەین.

واتە هەڵاواردنی هەندێکان لە گروپەکەداو پشـــت گوێ خســـتنیان، یان بە هێند نەگرتنیان کێشەی لێ دەکەوێتەوەو لەو لاشـــەوە نەبوونی کۆمیونیکاســـیۆن لەگەڵ یەکتر دیســـان هەر دەبێتە مایەی لێک تێنەگەیشـــتن‌و خراپ لێک حاڵـــی بوون لە گروپەکەدا. بۆیە لە کاری گروپدا دوو شـــت زۆر گرنگن، یەکەم ئـــەوە کە هەموو ئەندامانی گروپەکە لە کارو چالاکی‌و بەرنامەڕێژی‌و جێبەجێ کرانی کێشەکان‌دا بەشدار بکرێن. دووهەمیش بریتییە لەوە کە لە هەموو قۆناخەکان‌دا بەشدارانی گروپەکە، پێویستە کۆمیۆنیکاشیۆنی باش‌و ڕوونیان لە نێو خۆیان‌دا هەبێ. بتوانن گوێ لە یەکتر بگرن‌و نەزەرو بۆچوونی یەکتر بە هێند وەرگرن. تا ئاستی بەشداریی ئەندامانی گروپەکە لە ڕاپەڕاندنی کارەکان‌دا لە سەرێترو ڕادەی کۆمیۆنیکاشیونی نێوانیان باشترو چاکترو ڕوونتر بێ، سەرکەوتنی پرۆژەکەو بە ئامانج گەیشتنی گروپەکەو دۆزینەوەی ڕێگاچارەی باشترو سەرکەوتووتر، حەتمیترو مسۆگەرترە.

## کورسیەکان

**بابەت:** هاوکاری

**ئامانج:** ڕوونکردنەوەی ئەوە کە چۆن دەتوانین پێکەوە هاوکاری بکەین؟ چۆن دەتوانین کێشـــەکان بەڕێوە بەرین؟ چۆن بیرو هۆش‌و خەللاقییەتەکانمان بۆ چارەسەری کێشەکان بەکار بێنین؟

کێشەکان زۆرتر لەوەڕا سەرچاوە دەگرن کە لەلایەک ئێمە جیاوازین‌و ناتوانین پێکەوە وەک پێویست کۆمیۆنیکاســـیۆنمان هەبێ. لەلایەکی دیکەشـــەوە پێداویستیی جیاوازو شـــێوەی جیاوازیشمان بۆ ئەنجامدانی شتەکان هەیە.

پرســـیار ئەوەیە کە چۆن بێ ئەوەی پێکەوە بەشـــەڕ بێین، بەتوندی لەگەڵ یەک قسە بکەین‌و کارێـــک نەکەین کە بگاتە توندوتیژیـــی فیزیکی، دەتوانین پێکەوە هاوکاری بکەین؟ زۆرتر ســـرنج ڕاکێشە کە بزانین لە کاتی هاوکاری‌و کارکردن لە گروپدا چۆن مرۆڤ هەڵسوکەوت دەکاو ڕەفتارو هەڵسوکەوتی ئێمە چ شوێنەوارێکی لەسەر ڕەوتی چوونە پێشی کارەکان هەیە.

ئـــەوە کـــە چۆن ڕەفتـــار دەکەین، زۆر گرنگـــە. ئایا ڕەفتـــاری ئێمە لە پێشـــینەی کولتووری‌و فەرهەنگیمانەوە ســـەرچاوە دەگرێ؟ ئایا حەزمان لەوەیە کە سوکانی ڕێبەرایەتیمان بەدەستەوە بێ؟ ئایا کە دەبینین کەســـانی تر گوێمان لێ ناگرن تووڕە دەبین؟ ئایا کاتێک دەبینین کە کەســـانی تر بەجۆرێکـــی تر کارەکان ڕادەپەڕێنن، تووڕە دەبین؟ یەک شـــت ڕوونە، بێ وەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ئێمە چۆن ڕەفتار دەکەین، کۆمیونیکاشۆن شەرتی بنەڕەتیی دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی هاوبەش بۆ گیروگرفتەکان بە شێوەیەکی هێمنانەیە.

### چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی ڕاهێنانەکە:

لەم ڕاهێنانەدا ڕووناکی دەخەینە ســـەر کومیۆنیکاشـــۆن‌و بایەخی گفتوگۆو چۆنیەتیی قســـە کردن

لەگەڵ یەکتر. لەوەش زیاتر باس لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی چۆنیەتیی چارەسەر کردنی کێشەکان دەکەین. چالاکییەکە بە جۆرێکە کە قوتابییەکان لە کردەوەدا دەبێ فێر بن‌و بایەخی ئەو دوو شتەیان بۆ دەرکەوێ. هەر بۆیە گرنگە پێوەندیەکی باشیان لەگەڵ یەک هەبێ. چالاکیەکە وەک سەرەتایەک بۆ باس‌و گفتوگۆی شەفاهی کەڵکی لێوەردەگیرێ.

**کات:** ٣٥ خولەک.

**پێداویستی:** ژوورێکی گەورە کە مێزی لێ نەبێت، بەڵام کورسیەک یان چەند کورسیی بۆ هەر یەک لە بەشداربووەکانی کۆرسەکە پێویستە هەبن.

پێداویستی: سێ ڕێنوێنی نامە کە لەواندا داوا لە قوتابیەکان کراوە کە چی بکەن. هەرکەس لە قوتابیەکان کۆپییەکی دەدرێتێ. گروپەکە دەکرێتە سێ بەش‌و هەر بەشەی جۆرێکی تایبەتی لەو ڕێنوێنی نامانەی پێ دەدرێ.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ مامۆستا داوا دەکا کە پێویستە هەرکام لە بەشدارانی کۆرسەکە کۆپیەک لەو ڕێنوێنی‌یە وەرگرن کە لە پێشدا دیاریکراوە. بەڵام هیچ کامیان نابێ پێشانی ئەوانی تری بدەن، واتە کەس حەقی نیە ئەوەی خۆی نیشانی بەشداربووەکانی تر بدا. دوایە مامۆستا بە هەریەک لە قوتابیەکان کۆپیەک لە ڕێنوێنییەکان چ A یا B یا C دەدا. بەڵام گرنگە دەبێ لە هەرکام لە جۆرەکان بە ئەندازەی یەک دابەش بکرێن. واتە قوتابی‌یەکان بکرێنە سێ بەشی بە ئەندازەی یەک. دواتر مامۆستا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ڕاهێنانەکە بریتییە لە دانانی کورسی لە ژوورەکەدا.

A: هەموو کورسیەکان لەسەر شێوەی بازنە لە دەوری یەک دانێ. تەنیا دە دەقیقە وەختت هەیە بۆ ئەو کارە.

B: هەموو کورسییەکان لە نزیکی دەرگاکە دانێ. تەنیا دە دەقیقە وەختت هەیە بۆ ئەو کارە.

C: هەموو کورسییەکان لە نزیک پەنجەرەکە دانێ. تەنیا دە دەقیقە وەختت هەیە بۆ ئەو کارە.

٢ـ مامۆستا داوا لە قوتابی‌یەکان دەکا دەست بە جێبەجێ کردنی ئەو کارە بکەن کە داوایان لێ کراوە. قوتابی‌یەکان زوو بۆیان ڕوون دەبێتەوە ئەگەر هاوکاری لەگەڵ یەکتر نەکەن، کارەکەیان بۆ ناڕواتە پێش‌و کێشەو هەراو ئاژاوەیان لەنێودا پەیدا دەبێ. گەلێک جۆرە ڕێگاچارە هەن کە دەکرێ کەڵکیان لێوەرگیرێ.

١ـ هەموو کورسییەکان لەسەر فۆرمو شکڵی بازنەیەک ڕیز کەن. بەجۆرێک کە هەم لە دەرگاکەو هەم لە پەنجەرەکەوەش نزیک بن.

٢ـ بە نۆرە هەموو کورسییەکان جارێک لەسەر شکلێ بازنە، جارێک لە نزیک پەنجەرەکەو جارێک لە نزیکی دەرگاکە ڕیز کەن.

٣ـ هەمـــوو ڕێنوێنیی‌یەکـــە وەبەرچاو نەگریٚو تەنیا هەر بە شـــێکی کورســـییەکان ڕیز کا. واتە کورســـییەکان بکرێنە ســـێ بەش. بەشێک لەو سێ بەشە لەسەر شکڵی بازنە، بەشێکی تر لە نزیکی پەنجەرەکەو بەشی ئاخریش لە نزیکی دەرگاکەوە ڕیز بکرێن.

۴ـ ئێستا دەکرێ هەلومەرجەکە بەجۆرێکی دیکە لێک دەینەوە. هەموو کورسیەکان لەسەر شکڵی بازنە لە دەوری یەکتر ڕیز کەین. پاشـــان لەســـەر وەرەقەیەک بنووسین دەرگا. لەسەر وەرەقەیەکی تریش بنووســـین پەنجەرەو هەردووک وەرەقە لە نێوەڕاستی بازنەکەدانێین. ئەوەش بۆخۆی جۆرێک ڕێگاچارەیە.

۵ـ ڕێگاچـــارەی بنچینەیـــش ئەوەیە کە هیچ کام لەو ڕێنوێنییانـــە وەبەرچاو نەگرین‌و خۆمان ڕێگاچارەیەکی تر پێشنیار بکەین. یا ئەسڵەن لە بنەڕەتڕا واز لەو کارە بێنین.

ئەم ڕاهێنانە دەرفەتێکی باشـــمان دەداتێ بۆ خەللاقییەت نیشـــان دان لە چۆنیەتیی چارەسەر کردنی کێشەکان دا.

لەســـەرەتادا قوتابی‌یەکان بەوە دەست پێ‌دەکەن کە هەرکەس دەیەوێ بە سەلیقەی خۆی کار بکا. تێدەکۆشـــێ هێزو دەســـەڵات بەکار بەرێ. هەندێک لەوان پڕ دەدەنە کورســـیەکانی ئەوانی تر. هەر کەســـە دەیەوێ بۆخۆیو بە شـــێوەی خۆی کارەکە بکا. دواتر هەندێک لە قوتابی‌یەکان بۆیان دەردەکەوێ کە ئەگەر هاوکاری لەگەڵ یەکتر بکەن باشـــترە. بەو جۆرە دەست دەکەن بە هاوکاری کردن لەگەڵ یەکتری. بەڵام هەندێکی تر لەوان هەر درێژە بە شـــێوەکاری خۆیان دەدەن. ئەمەش دەبێتە هۆی توورە بوونی ئەوانەی کە ساخ بوونەتەوە پێکەوە هاوکاری بکەن. لە کاتی بەرێوە بردنی چالاکییەکەدا ڕەنگە هەندێک لە قوتابی‌یەکان زۆر چالاک‌و هەندێکی تر لەوان زۆر پاسیڤو ناچالاک بن. ڕەنگە هەندێکیان نائومێد بن. ئەمەش هەموو لەبەر ئەوە ڕوو دەدا کە قوتابی‌یەکان قسە لەگەڵ یەک ناکەن. چونکە پێیان وایە ئیجازەیان نیە پێکەوە قسە بکەن.

٣ـ هەرکات مامۆســـتا زانی ڕاهێنانەکە کەم‌و زۆر تـــەواو بووە، داوا لە قوتابی‌یەکان دەکا کۆتایی پێ بێنن.

**بۆ لێدوان:**

* ڕاهێنانەکەتان پی چۆن بوو؟

* پێت وابوو کە کورسیەکەی خۆت هی خۆتەو چۆنت پێ خۆشە دەبێ وا بەکاری بێنی؟

* چـــۆن لەگەڵ ئەوانە ڕەفتارت دەکرد کە دەیانەویســـت شـــتێکی تر بکەن نـــەک ئەوەی تۆ؟ ئایا هاوکارییت دەکرد؟ هەوڵت دەدا ئەوانیتر ڕازی بکەی؟ ئایا بەڵگەو ئەرگیۆمێنتت دەهێناوە؟ یا زۆرتر شەڕت دەکرد؟ دەتەوێ بە زۆری کارەکە بکەی؟

* بۆ بەشـــداربووەکان پێکەوە قســـەیان نەدەکرد؟ ئایا پێیان وا بوو کە قسە کردن قەدەغەیەو نابێ

لەگەڵ یەک قسە بکەن؟

* ئەگەر قســـەت لەگەڵ ئەوانیتر دەکرد، چۆن دەدوای لەگەڵیان؟ بەتوندی؟ لەسەرەخۆ؟ بەڕێزەوە؟ یا دەتقیژاند؟

* ئایـــا ڕێنوێنی‌یەکانت بەڕێوە بردن؟ چۆن لێیان حاڵی بووی؟ پێت وابوو کە دەبێ بێ ئەولاو ئەملا جێبەجێیان بکەی؟ پێت وابوو دەبێ موو بەموو لێیان لانەدەی؟ سەرەنجام چت کرد؟

* ئایا پێشینەی کولتووریی تۆ کاریگەریی هەبوو لەسەر چۆنیەتیی تێگەیشتنی تۆ لە ڕێنوێنی‌یەکەو شـــێوەی بردنە پێشی کارەکەت؟ کولتوور چۆن شوێن لەسەر چۆنیەتیی ڕەفتاری ئێمە دادەنێ؟ ئایا کولتوور شوێنەواری لەسەر چۆنیەتیی ڕەفتارو هەڵسوکەوتی تۆ هەبوو؟

* ئەگەر ئەوجار ئەو ڕاهێنانە بکەینەوە چۆن ڕەفتار دەکەی؟

* ئایا لە ژیانی ڕۆژانەت‌دا شتی وات بۆ هاتۆتە پێش وەک ئەوەی لە ڕاهێنانەکەدا هەبوو؟

* ئەم چالاکییە چ پێوەندییەکی بە چۆنیەتیی چارەسەر کردنی کێشەکانەوە هەیە؟

## فێربووین کە:

زۆر جار کە پێویســـتە کێشـــەو گیروگرفتەکان چارەســـەر کەین، ناچارین خەللاقییەت لە خۆمان نیشـــان دەین‌و بەشـــێوەیەکی قووڵ‌و هەموو لایەنە بیر بکەینەوە. پێویســـت نیە حەتمەن بەشێوەو ڕێگا قەدیمی‌و بـــاوەکان ئەو کارە بکەین. دەکرێ لە قودرەتی فانتازی کەڵک وەرگرین‌و ڕێگاچارەی دیکە بدۆزینـــەوە. هەر بۆیە کێشـــەکان مەیدانی تەقینەوەی خەللاقییەتی ئێمـــەو وەگەڕ کەوتنی تواناو هەســـت‌و لێوەشاوەییەکانی ئێمەن. چاک دەزانین کە بۆ چارەسەری‌و ئیدارەکردنی کێشەکان، کۆمیونیکاشـــیۆن‌و باس‌و دوان‌و گفتوگۆ شـــاکلیلی مەســـەلەکەیە. هەر بەو جـــۆرە لە هەر کارێکی هاوبەش‌و دەستەجەمعی‌دا، هاوکاری کردنی یەکتر، مەرجی سەرەکیی سەرکەوتنی پڕۆژەکەیە. بۆیە پێویســـتە لە کاتی بەڕێوە بردنی کاری بەکۆمەڵدا هێدی‌و لەســـەرخۆ ڕەفتار بکەین. شـــێوەو تۆنی دەنگمـــان لەگەڵ وەزعەکـــەو ئەو بارودۆخە تەنزیم بکەین کە کاری تێدا دەکەین. جاری وایە کە لە گرووپێکی گەورەدا کار دەکەین، پێویســـتە یەکێک وەک بەڕێوەبەر دیـــاری کەین. کاری بەڕێوەبەر ئەوەیـــە کە تێکۆشـــێ هەموو لە کاروباری پڕۆژەکەدا بەشـــدار بن، چالاک‌و هەڵســـووڕ بن‌و نەزەرو ڕوانگەی هەموانیش بخرێتە بەرچاو یان گوێی لێ بگیردرێ. لەو جۆرە کارانەدا تا ئیدەو بیروبۆچوون‌و پێشنیارەکان زۆرتر بن، بڕیارێکی باشترو مەعقووڵتری لێ دەکەوێتەوە. وا باشە لێکدەینەوە کە ئەگەر کارێکـــی ئێمە ئاکامی نیگەتیڤی لێ دەکەوێتەوە، وازی لێ بێنیـــن‌و خۆی لێ ببوێرین. جاری وایە کاتێک کەسێک یان دەسەڵاتێک یان مەقامێک دەستوورمان پێدەدا کە کارێک بکەین، بەڵام ئەنجام دانـــی ئـــەو کارە ئاکامی نالەبارو نیگەتیڤی هەیە. ئایا ناکرێ خۆ لە ئەنجام دانی ببوێرین؟ ئایا ناکرێ پرسیار بکەین کە بۆ دەبێ ئەو کارە بکەین؟ مەبەست لەو کارە چیە؟ ئەو جۆرە پرسیارانە بەرچاومان

ڕوون دەکەنەوە. پوختەترمان دەکەن.

ئێمـــە عادەتمان گرتووە کە هەر بەو جۆرە بجووڵێینەوەو ڕەفتار بکەین کە لەســـەری ڕاهاتووین یان خوومان پێوە گرتوە. ئایا ناکرێ جارجار بیر بکەینەوە بەجۆرێکی تر ڕەفتار بکەین؟ بە جۆرێکی تر هەڵســـوکەوت بکەین؟ بە جۆرێکی دیکە بڕوانینە مەسەلەکان؟ بەشێوەیەکی تر تەماشای دیاردەو ڕووداوەکان بکەین؟ مرۆڤ سەرچاوەی خەڵاقییەتە. دەبێ لە تواناو فانتازیو ئەزموونو زانیارییەکانی خۆمان بۆ چارەسەری کێشەکان کەڵک وەرگرین. یەک شتمان نابێ لەبیر بچێ، ئەویش ئەوەیە کە نابێ هەموو ئەو دەســـتوورو فەرمانانە بەڕێوە بەرین کـــە پێمان دەدرێن. نابێ بێ لێکدانەوە هەرچی پێمـــان دەگوترێ یان داوامان لێدەکرێ ئەنجامی دەین. لەوەش زیاتر کارێک کە پێمان وایە ئاکامی نالەبارو نیگەتیڤی لێ دەکەوێتەوە، نابێ بە هیچ جۆر ئەنجامی دەین. بە کورتی هەموو ئەو دەستوورو فەرمانانە بەڕێوە مەبە کە پێت دەدرێن.

## ڕێنوێنییەکان:

A: هەمو کورسییەکان بە شکڵی بازنە ڕێک کە. ۱۰ خولەکت وەخت هەیە.

B: هەموو کورسییەکان لە نزیک پەنجەرەکە ڕیز کە. ۱۰ خولەکت وەخت هەیە.

C: هەموو کوروسییەکان لە نزیک دەرگاکە ڕیز کە. ۱۰ خولەکت کات هەیە.

## ئاڵاسوورەکان

۲۶۱ـ۲۵۸

**بابەت:** قسە کردن لەسەر ئەوە کە چۆن دژکردەوە لە خۆمان نیشان دەدەین.

**ئامانج:** لێکۆڵینەوە لەو بارودۆخو هەلومەرجانەی کە دەبنە هۆی ئەوەی بە توندی دژکردەوە لە خۆمان نیشان دەین. چۆن لەو بارودۆخانەدا ڕەفتارو هەڵسوکەوت بکەین؟ ڕەفتاری دروست چیە؟

دژکردەوەی ئێمە لەو بارودۆخو هەلومەرجانەدا کە بۆمان دێنە پێش نەک هەر ئەوە دەردەخا کە ئێمە کێین، بەڵکوو ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە پێمان وایە چۆن خەڵک وەرمان دەگرێ. واتە دژکردەوەی ئێمە لە هەلومەرجە جۆراوجۆرەکاندا ئاوێنەیەکە کە کەســـایەتیی ئێمەو بۆچوونی ئێمە سەبارەت بە پێگـــەی خۆمان لەلای خەڵکانی تر دەردەخا. زۆر جـــار ئێمە لەو هەلومەرجانەدا کە وێک دەچن تا ڕادەیەکی زۆر وەک یەک هەڵسوکەوتو ڕەفتار دەکەین. هەر بۆیە قسە کردن سەبارەت بەو بارودۆخ و پێگەیە، لێکدانەوەو شـــی کردنەوەی زۆر بەکەڵکە. لە هەندێک بارودۆخدا تووڕە دەبین. بۆ نموونە کاتێک لەگەڵ بێعەداڵەتی بەرەوڕوو دەبین تووڕە دەبین. مەگەر ژنومێردێک دەکرێ بەبێ هۆ لێک جیا بنەوە؟ جاری واشە کاتێک لە جادەدا ئۆتۆمبیل لێدەخوڕینو کەسێکی تر بێ ئەوەی سیگناڵمان بداتێ مەســـیرەکەی خۆی دەگۆڕێ تـــووڕە دەبین. بەهەر حاڵ نابێ ئـــەوە لەبیر کەین کە لە هەر

هەلومەرجێکدا بەرپرسی ئەو دژکردوەیەین کە لە خۆمانی نیشان دەدەین. واتە بێ وەبەرچاوگرتنی ئەوە کە چ شتێک وامان لێدەکا بەو جۆرە دژکردەوە نیشان دەین، دەبێ بەرپرسایەتیی کارو ڕەفتارو هەڵسوکەوتو دژکردەوەکانمان وەئەستۆ بگرین. ئایا کاتێک تووڕە دەبین لەبەر ئەوەیە کە سەری حاڵ نین؟ یان لەبەر ئەوەیە کە لەگەڵ بارودۆخێک بەرەوڕوو دەبین کە لەگەڵ ئەو نرخو بایەخو پرەنسیپو ڕێوشوێنانە نایەتەوە کە ئێمە بڕوامان پێیانە؟

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

لەو ڕاهێنانەدا قوتابی‌یەکان لەپێش‌دا بەتەنیا بۆخۆیان لەسەر بابەتەکە فکر دەکەنەوە . پاشان دوو دوو یان بەشێوەی گروپی پێکەوە کار دەکەن تا وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە کە لەو پێوەندی‌یەدا دێنە گۆڕێ. ئەگەر بمانەوێ کاتێکی کەمتر بەکار بەرین، دەتوانین قۆناخەکانی دووهەمو سێهەمی ڕاهێنانەکە بەرێوەبەرین. واتە دەتوانین شانۆکە جێبەجێ نەکەین‌و ڕاستەوخۆ دەست بکەین بە باس‌و قسە کردن لەسەر بابەتەکە.

**کات:** ٣٥ خولەک

**پێداویستی:** چەندین قەڵەم.

ئامادەکاریی پێویست: هەرکام لە قوتابی‌یەکان قەڵەمێک‌و وەرەقەیەکیان بەسەردا دابەش دەکرێ. وەرەقەکە پێی دەگوترێ ئاڵا سوورەکان. ئەو وەرەقەیە چەند ئەڵتەرناتیڤی جۆراوجۆری لەخۆ گرتووە کە قوتابی پێویستە پڕیان بکاتەوە. واتە وەڵامیان داتەوە.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ نوسخەیەک لە "ئاڵا سوورەکان" بەسەر هەرکام لە بەشدارانی کۆرسەکەدا دابەش کەو داوایان لێ بکە پڕی بکەنەوە. (٥ تا ١٠ خولەک)

٢ـ دواتر داوا لە قوتابیەکان بکە دوو دوو پێکەوە لەسەر ئەوە قسە بکەن کە چ جوابێکیان داوەتەوە. دیارە هەر کەس بۆخۆی ئازادە کە تا چ ڕادەیەک چۆنیەتیی وەڵامەکانی خۆی لەگەڵ هەڤاڵەکەی باس دەکات. پاشان داوا لە هەرکام لەو گروپە دوو کەسیانە دەکەین حاڵەتێک لەو حاڵەتانە هەڵبژێرن‌و بەشێوەی کورتەشانۆ نمایشی بکەن. ١٥ خولەک.

٣ـ سەرەنجام داوا لە قوتابیەکان دەکەین کە چەند گروپی دیکە دروست کەن‌و پێکەوە چەند حاڵەت لەو حاڵەتانە نمایش بکەن کە لەسەر وەرەقەکان واتە ئاڵاسوورەکان نووسراون. ١٥ خولەک.

## بۆ لێدوان:

* چی لەسەر خۆت فێر بووی؟ ئایا باشتر خۆت ناسی؟

* چـۆن خۆئامادەکردنی عاتفی بۆ ڕووبـەڕوو بوونەوە لەگـەڵ دۆخ و هەلومەرجە جۆراوجۆرەکان یارمەتیمان دەدا سەرکەوتووتر لە ئەزموونەکە بێینە دەر؟

## فێر بووین کە:

وا باشـە پێش ئەوەی لەگەڵ بـارودۆخو هەلومەرجێک ڕووبەڕوو بین لە پێشـدا خۆمانی بۆ ئامادە بکەین. ئەوە وامان لێدەکا ئامادەیی ئەوەمان تێدا بێ کە بەشێوەیەکی دروست هەڵسوکەوت بکەین. ئەگەر پێشـتر بیر بکەینەوە، باشتر خۆمان هەڵدەسـەنگێنینو لە ئاکامدا چاکتر ڕووبەڕووی وەزعە جۆراوجۆرەکان دەبین. ئاستی خۆمانو تواناو زەرفییەتو خاڵە لاوازو خاڵە بەهێزەکانمان یارمەتیمان دەدەن ڕەفتارمان لەگەڵ هەلومەرجە جۆراوجۆرەکاندا بەشێوەیەکی گونجاو هاوئاهەنگ بکەین. جاری وایە بیرکردنەوە لە خۆمانو ناسـینی خۆمان، هانمان دەدا کە بە ئاگاهییەوە تێکۆشـین لایەنێک یا چەند لایەنی وەزعی خۆمان بگۆڕین.

بەکورتی ئەگەر فێر بین هەڵسوکەوتو ڕەفتارو دژکردەوەکانمان لە هەلومەرجە جۆراوجۆرەکاندا هەڵسـەنگێنینو بیانخەینە بەر زەرڕەبینی باسو گفتوگۆ، ئامادەیی ئەوەمان تێدا دروسـت دەبێ کە ئەگەر جارێکی تر کەوتینە بارودۆخێکی لەو چەشنە، باشترو چاکتر بجووڵێینەوە.

## ئالا سوورەکان:

کام لە مرۆڤەکان، شتەکان، بارودۆخەکان وام لێ دەکەن تووڕە بم؟

چ شتێک وام لێدەکا نیگەرانو بێئۆقرەو نائارام بم؟

چ ڕەفتارێک، قسەیەک واملێدەکا پاسیڤ بم، بێتەفاوەت بم، ڕاوستم.

چ شتێک، کەسێک، وەزعێک وام لێدەکا بترسم؟

چ شتێک، وەزعێک رقم هەڵدەستێنێ؟

چ کەسێک، شتێک، هەلومەرجێک وام لێدەکا نائومێد بم؟

## چوار قۆناخەکانی ڕقهەستانو تورە بوون.

**بابەت:** قسە کردن لەسەر چۆنیەتیی نیشاندانی دژکردەوەو هەستو سۆزی خۆمان.

**ئامانج:** هاندانی قوتابیەکان تا فێر بن بیر لەو هەسـتو سـۆزو فاکتەرانە بکەنەوە کە دەبنە مایەی ڕقهەڵسانو تووڕە بوون.

ترسو تووڕەیی، دوو ڕووی دراوێکن بۆیە پێویسـتە تێکۆشـین بزانین لە پشـتی پەردەی تووڕەیی ئێمەوە چ شـتێک خۆی حەشار داوە. واتە وا باشـە بەدیققەتەوە هۆیەکانی تووڕەبوونی خۆمان شی کەینەوەو بیانناسین. لەو ڕێگایەوە دەتوانین باشتر خۆمان بناسین، شتی تازە لەسەر خۆمان فێربین.

ڕەنگە خەڵکی دیکەش لە کاتی تورەبوون‌دا هەمان هەستیان هەبێ کە لە کاتی تووڕەبوون‌دا بۆ ئێمە دێنــە پێش. ئەوەش وامــان لێدەکا لە خەڵکانی دیکەش تێبگەین. ئەم ڕاهێنانە هەندێک لەو ترس‌و خۆف‌و پێداویســتی‌و هەستە بریندار بووانەمان بۆ ئاشکرا دەکا کە لە کاتی تووڕەبوونمان دێنە پێش. ئەگەر هەســتو سۆزە ناســک‌و برینداربووەکانی خۆمان بناسین، ئەگەر لە سەرچاوەکانی ئەو ترس‌و خۆفە بگەین کە بۆمان دێنە پێش، دەشــتوانین باشــتر کۆنترۆڵ‌و ئیدارەیان بکەین‌و نەیەڵین بگەنە حاڵەتی تەقینەوەو هەڵچوونێکی تێکەڵ لەگەڵ هەڕەشەو پەلامارو توندوتیژی.

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

لەم چالاکیەدا هەرکام لە قوتابی‌یەکان ڕســتەیەک دەنووسن. پاشان ئەم ڕستەو قسانە دەبنە مایەی وتووێژی باس‌و گفتوگۆ لە پلێنۆمدا.

**کات:** ٣٠ خولەک.

**پێداویستی:** قەڵەم‌و کاغەز.

ئامادەکاریی پێشــوەخت: هەرکام لە قوتابی‌یەکان وەرەقەیەکی سپی‌و قەڵەمێکیان بەسەردا دابەش دەکرێ.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ قۆناخی یەکەم: مامۆســتا داوا لە بەشدارانی کۆرســەکە دەکا کە هەرکام لەوان لە ڕستەیەکدا وەســفی هەلومەرجێک بکەن کە بۆتە هۆی تووڕە بوونیان‌و ڕســتەکە لەســەر کاغەز بنووســن. بۆ نموونە: "جارێک کە لە قوتابخانەدا بەشێوەی گرووپی کارمان دەکردو ئاکامی کاری منیان بەحیساب نەهێنابوو، تووڕە بووم". (٣ خولەک)

قۆناخی دووهەم: مامۆســتا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە زۆر جار هەســتو ســۆزە بریندار بووەکان دەکەونە پشتی پەردەی تووڕەبوونەوە، واتە لەژێر پەردەی تووڕە بوون‌دا، زۆر هەست‌و سۆزی بریندار بوو هەن کە شاردراونەتەوە.

ئێستا داوا لە قوتابی‌یەکان دەکرێ کە ڕستەیەک سەبارەت بەو هەستە برینداربووانەیان بنووسن کــە لە کاتی تووڕەبوونیان‌دا بۆیان هاتبووە پێش. مەبەســت لــەو حاڵەتەیە کە لە قۆناخی یەکەمدا قوتابی‌یەکان لە ڕســتەیەکدا باســیان لێکردوە. بۆ نموونە: "تووڕەبووم چونکە هەستم بەوە کرد کە ڕوانگەو بۆچووبەکانی من بە گرنگ وەرناگیردرێن". ٣ خولەک

قۆناخی ســێهەم: هۆیەکانی ئەوەی کە کە بەو جۆرە هەســتمان، شعورمان بریندار دەبێ ئەوەیە کە هەندێک لە پێداویســتییەکانمان جێبەجێ‌و دابین‌و دەســتەبەر ناکرێن. لێرەدا مامۆستا داوا لە قوتابی‌یەکان دەکا بەڕســتەیەک ئەوە ڕوون کەنەوە کە لەو حاڵەتەدا کە باسیان لیکردو تووڕە بوون،

چ پێویستییەکیان دابین نەکرابوو کە بوو بە هۆی بریندار بوونی هەستو شعووریان؟ بۆ نموونە: "من پێم خۆشە لەلایەن هاوپۆلەکانم، لەلایەن هاوکلاسەکانم وەربگیرێمو نرخو بایەخی خۆم بۆ دابنرێ". ۳خولەک.

قۆناخی چوارەم: جگە لە پێداویستی، مەسەلەیەکی دیکەش لێرەدا فاکتۆرێکی زۆر گرنگە. ئەویش بریتییە لە ترس. مامۆستا داوا لە قوتابیەکان دەکا کە چ ترسێکیان لەو حاڵەتەی سەرەوەدا هەبوو کە بوو بە هۆی تووڕە بوونیان، واتە چ ترسو خۆفێکیان هەبوو؟ لە چی دەترسان؟ بە ڕستەیەک ئەو ترسەی خۆیان دەنووسن. بۆ نموونە: «من لەوە دەترسام کە شایانی ئەوە نەبم بتوانم ڕێزو حورمەتی هاوڕێ قوتابیەکانم بۆ لای خۆم ڕاکێشم. واتە لەوە دەترسام شایانی ڕێزو حورمەتی هاوڕێکانم نەبم.» ۳ خولەک.

۵- ئەگەر بەشدارانی کۆرسەکە لێکتر دڵنیا بنو پێوەندیی دۆستانەیان لەگەڵ یەک هەبێ دەتوانن ئەم چالاکییانەش بکەن. هەرکام لەوان هاوڕێیەک بۆخۆی دەبینێتەوەو ئەو ڕستانە لەگەڵ یەک باس دەکەن کە نووسیویانن.

## بۆ لێدوان:

* بۆچی پێویستە سەبارەت بە تووڕە بوونو هۆکارەکانی تووڕە بوونو ئەو شتانە کە دەکەونە پشتی پەردەی تووڕەییەوە قسە بکەین؟
* ناسینی زەمینەو هۆکارەکانی تووڕەبوون لە چ هەلومەرجێکدا بەکەڵکمان دێن؟ ئایا دەتوانین وەک شارەزاییو لێوەشاوەییەک لە کاتی چارەسەری کێشەکاندا کەڵکیان لێوەرگرین؟

## فێربووین کە:

* ناسینو تێگەیشتنی ئەو هۆکارو هەستو ترسو پێداویستییانەی کە دەوکەنە پشتی پەردەی تووڕە بوونەوە، یارمەتی ئەوەمان دەدەن کە بتوانین بەسەر خۆمانو هەڵسوکەوتو ڕەفتارماندا زاڵ بینو لە کاتی پێویستدا کۆنترۆڵو ئیدارەیان بکەین. کاتێک بزانین کە ڕەنگە پەلامار لە ئاکامی بڕوا بەخۆ بوونێکی کەمەوە ڕوو دەدا، یان لە ترسو خۆفەوە سەرچاوە دەگرێ، یا لە ئاکامی بریندار بوونی هەستو شعوورەکانەوە ڕوو دەدا، دەگەینە ئەو ئاکامەش کە پەلامار بردنو دەستدرێژی، تەجاوز کارێکی هێندە باشو بەجێ نیە. دژکردەوەی ئێمە لە بەرانبەر شتێکدا ڕەنگە نەرمترو هەڵکسەنگێنراوتر بێ ئەگەر بزانین ئەو دژکردەوەیەمان شوێنەواری لەسەر کەسانی تریش هەیە. ئاخر ڕەنگە کەسانی دیکەش وەک ئێمە ترسیان هەبێ، خۆفیان هەبێ، هەستو سۆزیان بریندار بێ، پێداویستییەکیان هەبێ کە پێویستە دەرکی بکەین یان ترسێکیان هەبێ، جا ئەگەر لە کاتی دژکردەوە نیشاندان‌دا لەو شتانە حاڵی بینو وەبەرچاویان بگرین، دژکردەوەکەمان

نەرمترو هەڵسەنگێنراوتر دەبێ. ئێمە مرۆڤەکان هەر لەو کاتەدا کە لە یەکتر جیاوازین، لە زۆر شتی بنەڕەتییش‌دا وەک یەک دەچین. باشترین ڕێگای دژکردەوە نیشان دان بەرامبەر خەڵکانی تر ئەوەیە کە ڕێزو حورمەت نیشـــان بدەین، بە حەوســـەلەوە گوێ بگرین، بە زمانێکـــی جوان‌و ئەدەبیاتێکی سەنگین بدوێین، بایەخو ڕێزیان بۆ دانێین‌و وەریان بگرین. بەکارهێنانی ئەو شارەزاییانە یارمەتییەکی زۆرمان دەدەن بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانەو ئیدارە کردنیان کە لە ژیانمان‌دا بۆمان دێنە پێش.

## سەبارەت بە تووڕەبوون

**بابەت:** قسە کردن لەسەر هەست‌و سۆزو تووڕەبوونمان. ٢٦١-٢٥٦

**ئامانج:** ئاشنا بوون لەگەڵ ئەوەی کە کاتێک تووڕە دەبین چ ڕوودەدا.

تووڕە بوون، بە دژکردەوەیەکی تەواو سروشـــتیی ئینسانەکان لەقەڵەم دەدرێ. بەڵام هەر لەو کاتەدا کە تووڕەبوون بەشـــێکی سروشتی لە کەســـایەتیی مرۆڤە، زۆر گرنگ‌و پێویســـتە بتوانین لە کاتی تووڕەبوون‌دا بەســـەری‌دا زاڵ بین‌و نەیەڵین ئەو بەســـەرمان‌دا زاڵ بێ. بەو مانایە کە دەبێ بتوانین تووڕەیـــی ئیدارە بکەین. زۆر جار دەبینین کە هەندێک کەس هێندە تووڕە دەبن کە دەگوترێ دۆو دۆشـــاوی تێکەڵ دەکەن‌و لە ئاکامدا نازانن چیان وتووە یان چیان کردوە. بە واتایەکی تر تووڕەیی بەری چاویان دەگرێ‌و ئیتر هیچ نابینن. تووڕەیی هەوسار نەکراو، تووڕەبوونێکی کۆنترۆڵ نەکراو، نە بۆ ئەو کەســـە خۆی‌و نە بۆ دەوروبەرەکەی ئاکامێکی باشـــی بەدواوە نابێ. هەر بۆیە زۆر گرنگە ڕق‌و تووڕەیی کۆنترۆڵ‌و ئیدارە بکرێ. کێ دەبێ ئەو کارە بکا؟ دەبێ شـــارەزایی‌و تکنیکەکانی کۆنترۆڵ‌و ئیدارە کردنی تورەیی فێر بین. ئێســـتا پرســـیار ئەوەیە کە بەڕاستی کاتێک تووڕە دەبین چ شتێک، چ ئاڵوگۆڕێکـــی فیزیکی‌و ڕەوانی لە لەشـــماندا ڕوو دەدا؟ چۆنیەتیی جێبەجـــێ کردنی ڕاهێنانەکە: چالاکییەکە ســـەرەتا بە نمایش کردنی کورتە شـــانۆیەک دەســـت پێ دەکا. پاشـــان قوتابی‌یەکان بەشێوەی پلێنۆم پێکەوە لەسەر بابەتەکە باس‌و گفتوگۆ دەکەن. کات ٤٥ تا ٦٠ خولەک.

پێداویستی: ژوورێکی گەورە.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ مامۆســـتا قوتابیەکان بەســـەر چەند گرووپی بچکۆڵەدا دابەش دەکا. پاشـــان داوایان لێدەکا هەر گرووپەی کورتەشـــانۆیەک نمایش بکەن کە لەوێدا وەزعییەتێک، حاڵەتێک نیشـــان بدرێ کە ببێتە مایەی تووڕەبوونی یەک یان چەند کەســـی بەشـــداربووەکان. پێویستە جۆرێک بێ کە وەزعەکە لەو جێگایەوە دەســـت پێ بکاو پاشان بەرە بەرە بەرەو خراپتر بوون‌و بە لایەنی نیگەتیڤدا بڕواتە پێش. بەجۆرێک کە لە ئاکامی قســـەو باســـەکان‌دا هەست‌و سۆزی ئەو کەسە یان ئەو کەسانە بریندار بێ‌و کانیی تووڕەبوونیان بتەقێتەوە. واتە تووشی هەڵچوون بن. ١٠ تا ١٥ خولەک.

۲ـ کاتێک گروپەکان کورتەشـــانۆکانیان نمایش کرد، بەشدارانی کۆرسەکە لە دەوری یەکتر کۆ دەبنەوەو لە پلێنۆمدا قســـە لەسەر شـــانۆکانیان دەکەن‌و نەتیجەگیری دەکەن. واتە باسەکە پوختە دەکەنەوە. وا باشە لەسەر ئەو پرسیارانە قسە بکەن:

* کورتە شانۆکان چۆن بوون؟ ئایا باش جێبەجێ کران؟

* ئەو کەســـە یان ئەو کەســـانەی تووڕە بوون چ هەستێکیان تێدا دروســـت بوو؟ ئەوانی تر چ هەستێکیان هەبوو؟

* چ شتێک وامان لێدەکا لە کوورە دەرچین؟ چ شتێک دەبێتە هۆی ڕاسان‌و هەڵچوونمان؟

۳ـ مامۆســـتا ئەم پرســـیارە دەکا: کاتێک تووڕە دەبین چ لە نێو لەشی ئێمەدا ڕوو دەدا؟ داوا لە قوتابیەکان دەکا لەســـەر ئەو مەســـەلەیە بیر بکەنەوە. ئەزمـــوون‌و تاقیکردنەوەکانی خۆیان لە کاتی توڕەبـــوون‌دا لەگەڵ یەکتر باس بکەن. واتە ئەگەر یەکێک یان چەند کەس لەوان حەزیان لێیە لەو بارەوە قســـە بکەن دەبێ ڕێگایان پێ بدرێ. قســـە بۆ هاوەڵاکانیان بکەن. پاشـــان مامۆستا دەڵێ: لە کاتی تووڕەبوون‌دا بەرەبەرە ئاڵوگۆڕی فیزیکی‌و ڕەوانی لە نێو لەشمان‌دا ڕوو دەدەن. ماسوولکەکانمان گرژ دەبن‌و بۆ دژکردەوە نیشان دان ئامادە دەبین. دڵمان بەهێزو خێراییەکی زۆرتر خوێن دەنێرێ‌و هەناســـەدانمان خێراتر دەبێ. ئەو ئاڵوگۆڕە ئۆرگانیکە واتە فیولۆژییە لە لەشـــمان‌دا سەرەتای ئامادە بوونمانە بۆ ئەنجام دانی کردەوە کە ڕەنگە دەستبەجێ خۆی نیشان بدا. ئەو ئەنجامدانی کردەوەیە بە شێوەی جۆراوجۆری خۆی نیشان دەدا، وەک: بێ ئەوەی ئاگامان لێ بێ دەقیژێنین‌و هاوار دەکەین‌و دەزیرپێنین، دەست دەوەشێنین‌و شەق دەوەشێنین یا بەرەبەرە توندوتیژییەکی زۆر لەخۆمان نیشان دەدەین.

ئەو ئاڵوگۆڕە فیســـیۆلۆجیەی کە لە کاتی تووڕەبوون لە لەشمان‌دا ڕوو دەدا، پێویستە بە جۆرێک ئازاد بکرێ، بۆ ئەوەی لە باری تەندروستییەوە تووشی زیان‌و زەرەرمان نەکا. بەڵام وا باشە بۆخۆمان بە وشیاری‌و ئاگاهییەوە ئیدارەی بکەین‌و بەرەو ئەو جێیە ئاراستەی بکەین کە خۆمان دەمانەوێ.

ئەگەر بڕیارمان داوە کە کێشـــەکان، بێ بەکارهێنانی توندوتیژی چارەسەر کەین، دەبێ لەپێشدا بزانین چۆن تووڕەیی‌و گرژبوونی لەشـــمان‌و پێویستیی لەشمان بۆ دژکردەوە نیشان دان، ئاڕاستە و هیدایەت دەکەین‌و تا کوێ مەیدانی پێ دەدەین؟

۴ـ مامۆستا داوا لە قوتابی‌یەکان دەکا جارێکی دیکە لە گروپەکانی پێشووی خۆیان‌دا لە دەوری یەکتر کۆ بنەوە. هەر گروپە ئەو کورتە شـــانۆیەی پێشـــووی خۆی وەبیر دێنێتەوەو قســـەی لەسەر دەکـــەن. هەوڵ دەدەن مێتۆدو شـــێوازی دیکە بدۆزنەوە کە بەجۆرێـــک دژکردەوەکە نەگاتە ڕادەی تەقینەوەو توندوتیژی‌و لە کورە دەرچوون. بۆ نموونە لە ڕێگای بەکارهێنانی زمان‌و باس‌و قسە کردن پێکـــەوە، دەکرا تووڕەییەکەی خۆیان دەرببڕن، بەڵام بەشـــێوەیەکی کۆنتـــرۆڵ‌و هیدایەت کراو. ۱۵ خولەک.

لەو قۆناخە لە ڕاهێنانەکەدا ئەگەر وەخت هەبێ قوتابی‌یەکان دەتوانن جارێکی تر کورتە شانۆکان نمایـــش بکەنەوە. بەڵام بە جۆرێک کە ئەو جار نەگاتە حاڵەتی توندو تیژیو تووڕەییەکی زۆر. وەک باسمان کرد دەکرێ لە ڕێگای قسە کردن لەگەڵ یەکتر، نەیەڵن کێشەکە بگاتە ئاستێکی مەترسیدار. ١٥ تا ٢٠ خولەک.

٥- هەمـــوو گروپەکان کۆ دەبنەوەو لە پلێنۆمدا ئاکامی باسو گفتوگۆکانیان لەگەڵ یەکتر دێننە بەرباس. سەرەنجام مامۆستا باسەکە پوختە دەکاتەوە.

## چی فێر بووین؟

لە کاتی تووڕەبوون‌دا ئاڵوگۆڕی فیۆلۆژیی جۆراوجۆر لە لەشمان‌دا ڕوو دەدەن. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی زۆر خێراتر لەوە کە لەســـەری ڕاهاتووین دژکردەوەو کردەوە لە خۆمان نیشـــان بدەین. وەک دەڵێـــن: «بێ ئەوەی بیری لێ بکەینەوە کردەوەیەک ئەنجام دەدەین». شـــتێک کە حەتمەن ئاکامی بیگەتیڤـــی بـــەدوادا دێ. هەر بۆیە زۆر گرنگە ئاگامان لە خۆمان بـــێ. ئاگامان لەو ئاڵوگۆڕانە بێ کە لە کاتی تووڕەبوون‌دا لە لەشـــمان‌دا ڕوو دەدەنو شارەزاییمان لەســـەریان هەبێ. خۆمانو هەستو سۆزمان بناسین. هەوڵ دەینو کار بکەین بۆ کۆنترۆڵو هیدایەتو ئیدارە کردنیان ئەگەر لەو بارەوە وشـــیار بین دەتوانین میتۆدو شێوازو ســـتراتێژی دیکە بدۆزینەوە کە ئەو هەستو سۆزانەمان نەبنە مایـــەی ئەنجام دانی کارو کـــردەوەی نابەجێ کە زیانو ئاکامی خراپیان بـــۆ خۆمانو دەوروبەرمان بەدواوە بێ. ئەگەر بتوانین پێکەوە بەشـــێوەیەکی نەرمو لەسەرخۆ قسە بکەین، دەتوانین پێش بەوە بگرین کە کێشـــەکەمان بگاتە حاڵەتێکی پڕ لە گرژی. یا دەتوانین ســـتراتیژییەکی تر بەکار بەرین. بۆ نموونە کاتێک  هەســـت دەکەین خەریکە تـــووڕە دەبین، لە یەکەوە تا دە بژمێرین. لەو ماوەیەدا تووڕەییەکەمان دێتەوە خوار. دەتوانین پێ بە ئەرز دادەین، دەتوانین فێر بین خۆمان کۆنترۆل کەین، دان بە خۆمان دابگرین. یا دەتوانین تۆزێک خۆ لا دەین بڕۆینە لاوە، کەمێک لەو مەوقعییەتە دوور کەوینەوەو دواتر کە هێمن بووینەوە بێینەوە. با لە کیســـەڵ فێر بین. کیســـەڵ ستراتیژییەکی هەیە کە ئەگەر پێویســـت بوو، دەچێتەوە نێو قاپیلکی خۆی. واتە هەموو لەشی دەباتەوە نێو قاپیلکەکەی. ئێمەش دەتوانین ئەو ســـتراتیژییە فێر بین. ئەگەر پێویست بێ جار جار دەبێ بچینەوە نێو قاپیلکی خۆمان. واتە بەخۆمان بوەستین. بەخۆمان بوێرین. خۆمان کۆنترۆڵ کەینو نەیەڵین تووڕەیی سوکانی ئێمەو هەڵسوکەوتو کردارو ڕەفتارەکانمان بەدەستەوە بگرێو بەدوای خۆمان دابەرێ.

## پەلامارو خۆلالێدان

**بابەت:** ئاشنا بوون لەگەڵ هەستو سۆزو دژکردوەکانی خۆمان. ٢٦١ـ٢٥٨

**ئامانج:** تێگەیشتنی باشتر لە ڕەفتاری نابەجێو زمانی لەش.

ئەو شتەی دەیلێین، بێ ئەوەی خۆمان پێ بزانین لە ژێر شوێنەوارو کاریگەریی زمانی لەشمان دایە. ئەگەر بڕواو متمانەیەکی زۆرمان بەخۆمان هەبێ، ئەوە ئەو پەیامەدا ڕەنگ دەداتەوە کە بۆ دەوروبەری خۆمانی دەنێرین‌و پەیامەکە بەهێزتر دەکا. ئەگەر زمانی لەشـــمان لە حاڵەتی بەرگری‌و دیفاع دابێ، زۆر کەم وایە بە دڵنیایی‌و ئیتمینان‌و متمانەبەخۆبوونەوە قسە بکەین. زمانی لەش، بە ئەندازەی ئەو وشـــەو ڕستەو دەستەواژانە کە مرۆڤ بەکاریان دەبا، ڕادەی بڕوا بەخۆ بوون‌و متمانە بەخۆ بوونی ئەو دەردەخەن. دژکردەوەیەکی تێکەڵ لە بڕوا بەخۆ بوون‌و متمانە بەخۆ بوون، ئەو دوو دژکردەوەیەیە کە هەڵســـەنگێنراو بێ، ژیرانە بێ، عەقلانی بێ، وشیارانەو ئاگاهانە بێ. ئەگەر باڵانسمان هەبێ دەتوانین وەزعەکە لێکدەینەوەو ســـتراتیژییەکی ئەخلاقی‌و گونجاو هەڵبژێرین. دەبێ بتوانین خۆمان کۆنترۆڵ کەین‌و نەکەوینە حاڵەتی هەڕەشـــە کردن‌و پەلاماردان. لەولاشەوە ئەوەش زۆر گرنگە کارێک بکەین کە نەکەوینە بەر هەڕەشەو پەلاماریش. ئەم دوو شتە زۆر گرنگن.

هەرچەنـــد زۆربەی ڕووبەڕوو بوونەوەکانـــی ئێمە لەگەڵ یەکتر بەشـــێوەی زارەکین، بەڵام زۆر نیشـــانەش هەن ئەوە دەردەخەن کە خەریکە لەشمان بۆ هێرش‌و پەلامار یان بۆ بەرگری‌و پاراستن ئامـــادە دەبێ. زمانی لەش هەر دووکی ئەو حاڵەتانە بەشـــێوەیەکی زۆر ڕوون بەیان دەکا. دیارە ئەو نیشـــانانە زۆر بچووکن، بەڵام دەتوانرێ ببینرێن. هەر بۆیە پێویستە تواناو لێوەشاوەیی خوێندنەوەی ئەو نیشـــانانەمان هەبێ. پێویستە ئەنتینێکی بەهێزمان هەبێ بۆ وەرگرتن‌و خوێندنەوەو لێکدانەوەی ئەو ســـیگناڵانەی کە زمانی لـــەش دەیاننێرێ. چ هی خۆمان‌و چ هی لایەنـــی بەرامبەرمان. ئەگەر لێوەشـــاوەییەکی بەو جۆرە لە خۆماندا دروســـت کەیـــن‌و ئەگەر ئەنتینێکی ئـــاوا بۆ خۆمان پەیدا کەین، دەتوانین لە جیاتی ئەوەی بەشـــێوەیەکی ئەتۆماتیک دژکردەوە نیشان دەین، بۆخۆمان پاش بیرکردنەوەو لێکدانەوە هەڵبژێرین کە چی بکەین‌و چۆن دژکردەوە نیشان دەین.

هەر قســـەیەک دەکەیـــن‌و هەر کردەوەیەک ئەنجام دەدەین، پێویســـتە لە پێشـــدا بیرمان لێ کردبێتـــەوەو ئاکامەکانمان لەبەرچاو گرتبێ. لەوەش زیاتر پێویســـتە بەرپرســـایەتیی کارو کردەوەو قسەکانی خۆشمان وەئەستۆ بگرین. لەبەر ئەوەی هەر قسەو هەر کردەوەیەکی ئێمە بەرپرسایەتیمان دەخاتە سەر شان، پێویستە زۆر بەوردی لە پێشدا بیریان لێ بکەینەوە.

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

ڕاهێنانەکە بەوە دەست پێ دەکا کە قوتابی‌یەکان لەسەرەتادا وەڵامی هەندێک پرسیار دەدەنەوە کە پێشتر بە شێوەی پرســـیارنامە ئامادە کراوە. پاشان قوتابیەکان بۆخۆیان بیر لە بابەتەکان دەکەنەوە، بەشـــێوەی گروپ گروپ قسەو باس لەگەڵ یەکتر دەکەن، کورتە شانۆ بەڕێوە دەبەن‌و سەرەنجام لە پلێنۆمدا ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانیان دەخەنە بەر باس. کات ۱/۵ کاتژمێر.

پێداویســـتی: پرســـیارنامەکان بەســـەر قوتابی‌یەکان‌دا دابەش دەکرێن. هەربۆیە پێویستە ئەم

پرسیارنامانە لە پێشدا چاپو ئامادە کرابنو هەرکامیان کۆپیەکیان بدرێتێ. دوو جۆرە پرسیارنامەمان هەیە. ئەوەی دووهەمیان بۆ قوتابیانی قۆناخەکانی خوارەوەتری پەروەردەو فێربوونە، ئەوەی یەکەمیش بۆ کەسانی گەورە بەکەڵک دێ.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ مامۆستا داوا لە قوتابیەکان دەکا پرسیارنامەکە پڕ کەنەوە.

٢ـ مامۆستا جیاوازیی نێوان ڕەفتاری پەلاماردەرانەو ڕەفتاری خۆپارێزانەو خۆلادان ڕوون دەکاتەوە. مامۆستا داوا لە قوتابیەکان دەکا کە ئایا ڕەفتاری ئەوان زۆرتر بەکام لا دایە؟ پەلامار یان خۆلادان؟ ئایا قوتابیەکان کام بەشیان زۆرتر خەت لێداون؟ لای سەرەوەی پرسیارنامەکە یان لای خوارەوەی پرسیارنامەکە؟

٣ـ مامۆستا داوا لە قوتابیەکان دەکا بیر لە ماناو نێوەرۆکی وشەی "هێرشو پەلامار" بکەنەوە. بیهێننە نێو زەینی خۆیان. دواتر داوایان لێ دەکات هەر بەو جۆرە بیر لە وشەی "خۆلادان" بکەنەوەو لە زەینی خۆیاندا بەرجەستەی بکەن. دواتر داوا لە قوتابیەکان بکە هەرکامیان بە یەک وشە مانای پەلامار یان مانای خۆلادان ڕوون کەنەوە. مامۆستا قسەو وەڵامی هەموو قوتابیەکان لەسەر کاغەزێکی گەورە دەنووسێتەوە. بۆ هەرکام لەو دوو زاراوەیە کاغەزێک بەکار دەبا. ئەو وشانەی قوتابیەکان کە پێوەندیان بە پەلامارەوە هەیە لەسەر ئەو کاغەزە دەنووسێ کە عینوانی پەلاماری لەسەرە. هەر بەو جۆرە ئەو قسانەش کە پێوەندییان بە "خۆلادان"ەوە هەیە لەسەر ئەو کاغەزە دەنووسێت کە پێوەندییان بەوەوە هەیە. پێویستە نیوەی وەرەقەکان بهێڵرێتەوە کە دوایە دیسان کارمان پێیان دەبێ. ئەو وشانەی کە پێوەندییان بە پالامارەوە هەیە وەک: شێلگیری، ڕاسان، ڕاشکاوی، بەرگری. ئەو وشانەش کە پێوەندییان بە "خۆلادان"ەوە هەیە وەک: ترس، فێڵو تەڵەکە، خۆپاراستنو هتد ئەوانە تەنیا بۆ نموونە باس دەکەین.

٤ـ ئێستا قوتابیەکان دەزانن کە مانای ئەو وشانە چینو هەرکامیان تەعبیر لە چ ڕەفتارێک دەکەن. مامۆستا داوا لە قوتابیەکان دەکا کە بۆچی ئەوان لە "پەلامار" یان لە "خۆلادان" کەڵک وەردەگرن. چ ڕوونکردنەوەیەکیان بۆ ئەو هەڵبژاردنەی خۆیان، ئەو کردەوەیەی خۆیان هەیە؟ وەڵامی قوتابیەکان لەسەر ئەو کاغەزە بنووسە کە پێشتر لەو بارەوە ئامادەکرابوون. ئەگەر ژمارەی قوتاییەکان زۆر بێ پێوست ناکا هەموو وەڵامەکان بنووسین. ئەوانەی هەڵدەبژێرین کە زۆرتر بابەتەکە ڕوون دەکەنەوە.

٥ـ داوا لە قوتابیەکان بکە کە بیر بکەنەوە چۆن ئەو شێوە ڕەفتارانە دەکرێ بەیانو تەعبیر بکرێن؟ نیشان بدرێن؟ واتە بە زمانی لەش بەیان بکرێن؟ وەڵامەکان لەسەر کاغەزە گەورەکان دەنووسرێن.

٦ـ داوا لە قوتابیەکان بکە بیر بکەنەوە کە ئەوان لە هەرکام لەو دوو حاڵەتەدا چ وشە یا ڕستەیەک بەکار دەبەن. پێویستە ئەو وشەو ڕستانە ناو بەرن کە بەشێوەکەی ئاساییی لەو جۆرە حاڵەتانەدا

بەســـەر دەمیان دادێن. پێویســـتە بیر لەوەش کەنەوە کە چۆن ئەو وشانە دەردەبڕن؟ زمانی لەشیان لەو حاڵەتانەدا چۆنە؟ چ ئاڵوگۆڕێکیان بەســـەردا دێ؟ بـــۆ نموونە کاتێک مرۆڤ دەیەوێ خۆی لادا دەبێ " هیچ نیە قەی ناکا"، "گوێ مەدەرێ" لە کاتی ئەم قســـانەدا ڕوو لە لایەکی تر دەکا، شـــانی هەڵدەتەکێنـــێ، هەموو ئەوانە بۆ ئەوە ئەنجـــام دەدرێن کە حاڵەتەکە بەرەو لای خراپ بوون نەڕواتە پێش. ئەگینا لە ڕاســـتیدا مانای ئەو قســـەیە پێچەوانەیە. واتە کە دەڵێ هیچ نیە راســـت مانای وایە مەسەلەیەک هەیە، بەڵام دەیەوێ خۆی لێ لادا.

٧ـ مامۆستا داوا لە یەک یان چەند کەس لە قوتابی‌یەکان دەکا کە بێن‌و نموونەکەی خۆیان نیشان بدەن. پێویســـتە ئەوە ڕوون کەینەوە کە ئەو شتەی بەسەر زارمان دادێ پێوەندیی زیندووی لەگەڵ ڕەفتارو زمانی لەشـــمان هەیە. هەر بەو جۆرە زمانی لەشیشـــمان بە جۆرێکی زیندوو پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ئەو قسانە هەیە کە لەو حاڵەتانەدا لە دەممان دێنە دەرەوە.

٨ـ قوتابی‌یەکان بەسەر چەند گروپی سێ کەسیدا دابەش دەبن. مامۆستا دەرفەت بە هەر کام لەوان دەدا کە نموونەیەک لەو هەڵســـوکەوتو ڕەفتارانە نیشـــان بدەن کە لە کاتی دژکردەوەدا لەخۆیانی نیشـــان دەدەن. لە هەر کام لە گروپەکان‌دا یەکێک لە قوتابیەکان ڕەفتارو دژکردەوەیەکی خۆی بۆ ئەوانی تر نمایش دەکا، دوو کەسەکەی تریش پێشنیاری جۆراوجۆر بەو هاواڵەیان دەکەن کە چۆن ئاڵوگۆڕ بەسەر زمانی لەشی دابێنێ. بەجۆرێک کە زمانی لەشیان زۆرتر بڕواو متمانە بەخۆبوون نیشان بدات تا خۆئامادە کردن بۆ حاڵەتی پەلامار یان حاڵەتی "خۆلادان". ١٠ خولەک.

## بۆ لێدوان:

* چ نیشـــانەیەک یارمەتیمان دەدا کە ڕەفتارو هەڵسوکەوتی کەسانی تر بخوێنینەوەو بیانناسینەوە یان پێشبینی بکەین؟

* چ نیشـــانەیەک لە خۆماندا دەناســـینەوە کە پێمان دەڵێ خەریکە بە شێوەیەک دژکردەوە نیشان دەدەین کە تەعبیر لەکەم باوەڕبەخۆبوونی ئێمە دەکا؟

* ئایا عەقڵانی‌و ژیرانەیە جار جار حاڵەتێکی پەلاماردەرانە بەخۆمانەوە بگرین؟ کەی؟

* چۆن دەتوانین ئەو شـــێوەو مێتۆدانە، کە لە ڕێگای ئەوانەوە دژکردەوە لە خۆمان نیشان دەدەین، بۆ شێوەو میتۆدی تازەو باشترو مەعقوولترو هەڵسەنگێنراوتر بگۆڕین ؟

* ئەگەر زمانی لەشت بگۆڕی چ هەستێکت تێدا دروست دەبێ؟

## فێربووین کە:

زمانی لەشـــمان گرینگـــی‌و بایەخێکی زۆری بۆ ئـــەو پەیامە هەیە کە دەینێرین. بـــە واتایەکی تر پێوەندییەکـــی زینـــدوو لە نێوان زمانی لـــەش‌و ئەو پەیامەدا هەیە کە دەینێریـــن . ئەگەر بڕوامان

بەخۆمـــان نەبێ‌و ئەو بڕوابەخـــۆ بوون‌و لە خۆدڵنیا نەبوونە لە زمانی لەشـــمان‌دا خۆی بەیان بکات، شوێنەوارو کاریگەریشی لەسەر ئەو پەیامە دەبێ کە دەمانەوێ بەدەم بۆ دەوروبەرمانی ڕەوانە بکەین. ئەگەر ڕەفتارو هەڵســـوکەوت‌و چۆنیەتیی قسە کردنی خەڵکانی تر بناسینەوەو بتوانین بیانخوێننەوەو تێیان بگەین، دەتوانین پێشبینیی ئەوەش بکەین کە چ ڕوو دەدا یان چی دێتە پێش. واتە ناسین‌و تێگەیشـــتنی حاڵەتە فیزیکی‌یەکانی لەشی خەڵک‌و شێوەی قسەکردنیان، دەتوانن پێمان بڵێین کە چی ڕوو دەدا. هەر بەو جۆرە ئەگەر زیرەک بین‌و بتوانین ئەو نیشـــانانە لە خۆشـــمان‌دا بناسینەوەو بیانخوێنینەوە، دەتوانین بەئاگاهی‌و وشـــیاری‌و لێزانینەوە دژکردەوەش لە خۆمان نیشان دەین. یانی دەتوانین کارو کـــردەوەو دژکردەوەکانی خۆمان کۆنترۆڵ‌و هیدایـــەت‌و ئیدارە بکەین. لەوەش زیاتر ئـــەوە هانمان دەدا کە کار لەســـەر خۆمان بکەین. زمانی لەشـــمان بەجۆرێـــک پەرە پێ بدەین کە متمانـــە بەخۆبـــوون و لە خۆ دڵنیا بوون و بڕوا بەخۆ بوونی زۆرتری ئێمە نیشـــان بدا. هەموو ئەوانە یارمەتیمان دەدەن کە لە کاتی دژکردوە نیشان دان‌دا، لێوەشاوەیی‌و وشیاری‌و توانای ئەوەمان هەبێ کـــە لە جیاتی هێرش‌و پەلامارو یا خۆلادانی بێجێ، ئەڵتەرناتیوی باشـــتر هەڵبژێرین کە تەعبیر لە بڕوابەخۆبوون ، نەک لە لاوازیی‌و بێ ئیرادەییمان بکات.

## پرسیارنامەکان:

کاتێک دەکەومە کێشە بەکام جۆرە لەو جۆرانەی خوارەوە دژکردەوە لە خۆ نیشان دەدەم.

| ڕەفتار | بەدەگمەن | جاروبار | زۆرتر |
| --- | --- | --- | --- |
| هاوار دەکەم | | | |
| قسە بە بەرامبەرەکەم دەڵێم | | | |
| لە کوورە دەردەچم | | | |
| ئاگاداری دەکەمەوە ئەگەر... | | | |
| قسەکانی ڕەد دەکەمەوە | | | |
| پێ لەسەر قسەکانم دادەگرم | | | |
| جوێنی دەدەمێ | | | |
| تانەی لێدەدەم | | | |
| هەڕەشەی لێ دەکەم بۆ تۆڵە کردنەوە | | | |
| خۆم لا دەدەم لە کێشەکە | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بێدەنگ دەبم | | | |
| ددان بە جەرگم دادەگرم | | | |
| بەسەر کەسێکی دیکەی دادێنم | | | |
| ڕادەگەیەنم کە من لە هەڵەدا بووم | | | |
| ڕادەگەیەنم کە من بە شێوەیەکی ناعادڵانە هەڵسوکەوتم لەگەڵ کراوە. | | | |
| لە پشت سەری کەسێک قسە دەکەم | | | |
| هەوڵ دەدەم کێشەکە لەبیر بەرمەوە | | | |
| هەست بە نەخۆشی دەکەم | | | |
| دەترسم خەڵکی تر بریندار بکەم | | | |
| هەست بە خەمۆکیی دەکەم | | | |
| تووڕەم، بەڵام بە ئەدەبەوە ڕەفتار دەکەم | | | |

پرسیارنامەی دووهەم (بۆ قوتابیانی قۆناخەکانی سەرەتایی)

کاتێک دەکەومە کێشەوە، کام لەو شێوە ڕەفتارانە بەکار دەبەم؟

| ڕەفتار | بەدەگمەن | جاروبار | زۆرتر |
|---|---|---|---|
| شەڕدەکەم | | | |
| لێ دەدەم | | | |
| قسەی پێدەبڕم | | | |
| هەڵدەچم | | | |
| هەڕەشە دەکەم | | | |
| پێ لەسەر قسەکانم دادەگرم | | | |
| جوێن دەدەم | | | |
| تف داوێم | | | |
| هەڕەشەی تۆڵە دەکەم | | | |
| بێدەنگ دەبم | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| مات دەبم | | | |
| بەسەر کەسێکی دیکەی دادێنم | | | |
| خۆ لە کێشەکە لا دەدەم | | | |
| دەڵێم کە من پێموایە بە شێوەیەکی ناعادڵانە ڕەفتارم لەگەڵ کراوە | | | |
| لە پشت سەری کەسێک قسان دەکەم | | | |
| کێشەکە فەرامۆش دەکەم | | | |
| نەخۆش دەبم | | | |
| نارەحەتو غەمبار دەبم | | | |
| تووڕە دەبم، بەڵام بە ئەدەبەوە دەجووڵێمەوە | | | |

## تکنیکو هونەری وتوویژ کردنو بدەوبستان

**بابەت:** چۆن بە شێوەیەکی شیاو پێداویستییەکانی خۆمان دابین بکەین؟

**ئامانج:** فێر بین هەر لەو کاتەدا کە پێداویستیەکانی خۆمان وەدەست دەخەین، پێوەنییەکانیشمان لەگەڵ خەڵکی تر ڕادەگرینو پەرەیان پێ بدەین.

جاری وایە دەگەڵ کەسانێک دەکەوینە بەرییَک کە زۆرمان خۆش دەوێن. لێرەدا تووشی دیلێما (مەتەڵێکی) قورس دەبین. ئایا دەبێ بۆ پاراستنی پێوەندییە باشەکانی خۆمان لەگەڵ ئەو کەسە دەست لە داواو بۆچوونو خواستو ویستەکانمان هەڵگرین؟ یا لەسەر داوای خۆمان سوور بینو ئەوە قبووڵ کەین کە ڕەنگە دۆستایەتیی نێوانمان تێک چێ؟ ئەو جۆرە هەلومەرجانە بۆ هەموو کەس دێنە پێشو بەڕاستی بڕیاردانیش لە بارودۆخێکی ئاوادا هێندە ئاسان نیە.

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

ئەم چالاکییە بەشێوەی دراما جێبەجێ دەبێو ڕەنگە ئەگەر قوتابی‌یەکان خەللاق بن ببێتە مایەی پێکەنینو خەندەی ئەوان. باش دەبێ ئەگەر مامۆستا هەندێک جار ڕابگەیەنێ کە Aو B دەیانەوێ پێوەندیی نێوانیان تێک نەچێ.

**کات:** ٤٥ خولەک.

**پێداویستی:** ژوورێکی گەورە کە بۆ چالاکیی فیزیکی بشێ، پێویستە بەشی هەموو قوتابی‌یەکان کورسی هەبێ.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ قوتابیەکان بەسەر چەند گروپێکدا دابەش دەکرێن. هیچ گروپێک نابێ لە شەش کەس زۆرتر بێ. مامۆستا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە لەم ڕاهێنانەدا کەسێک لە گروپی (A) لەسەر کورسیەک دادەنیشێ. کەسێکی تر لە گروپی (B) هەوڵ دەدا لە ڕێگای وتووێژو بدەو بستانەوە کورسییەکەی لێوەرگرێ. A لە ڕاستیدا حەزی لێ نیە کورسییەکەی بداتێ، بەڵام بەهەموو تواناوە تێدەکۆشێ کە نەیەڵێ پێوەندیی باشی نێوانیان تێکچێو دۆستایەتیان لەدەست بچێ. هیچ چوارچێوەیەک بۆ ئەم کارە لە گۆڕێدا نیە. تەنیا یەک شت بۆ هەر دوو لایان گرنگە. هەر دووکیان پێیان خۆشە پێوەندییەکانیان بپارێزن. کاتو وەختو چۆنیەتیی پێوەندیی نێوانیان لەلایەن (B)وە هەڵدەبژێردرێ. (B) هەموو شتێک بەکار دێنێ لە ڕێگای وتوێژەوە کە کورسیەکە وەدەست بێنێ . ئەگەر (B) توانی ئەو کارە بکات نۆرە دەگاتە کەسێکی تر بۆ ئەوەی لە ڕێگای وتووێژەوە ئەویش کورسیەک وەرگرێ لە کەسێکی تر لە گروپی بەرانبەر. ئەو کەسەی لە گروپی (B)دا خەریکی بدەوبستانە، دەتوانێ لە هاوڕێکانی گروپی خۆی داوای دۆزینەوەی ڕێگاچارەش بکا. هەر کات کەسێکی تازە دێتە نێو یارییەکەو دەست دەکا بە وتوێژ بۆخۆی دەشتوانێ زەمینەی دراماکەش بگۆڕێ، بۆ نموونە دەتوانێ چۆنیەتیی پێوەندیییەکان، شوێنو زەمانی ڕووداوەکە بۆخۆی هەڵبژێرێ. ئەم ڕاهێنانە کاتێک تەواو دەبێ کە هەر شەش کەسیان لە نۆرەی خۆیاندا ئەم چالاکییەیان بەڕێوە بردو بدەوبستانیان تاقی کردەوە.

## بۆ لێدوان:

بۆ نواندنی چالاکییەکە لە چ حاڵەتێک کەڵک وەرگیرا؟ لە کوێ؟ کەی؟ پێوەندیی نێوان ئەوان چ بوو؟

* چ شتێک باش جێبەجێ بوو؟ چ شتێک وەک چاوەڕوان دەکرا نەچووە پێش؟

* ئایا دوای ئەوەی کە (B) توانی کورسیەکەی لە (A) وەرگرێ، پێوەندیی نێوانیان وەک جاران مایەوە؟

*لە ژیانی ڕۆژانەماندا ئەو کورسیە دەتوانێ چی بێ؟ بچینە پیاسە، بڕۆینە دەروە نان بخۆین، پاسکیلت قەرز کەمو هتد...

## فێربووین کە:

جاری وایە هەندێک حەزو ئارەزوومان هەن کە بەزەحمەت دێنە دی. یانی بەزەحمەت جێبەجێ دەبن. چونکە پێمان وایە کەسانی دیکە لەسەر ڕێگاکە هەنو نایەڵن بەو خواستانەمان بگەین. جاری وایە ئەو کەسانە زۆریش لێمان نزیکنو تەنانەت خۆشیشمان دەوێن. حەزمان لێ نیە

دۆستایەتی‌و هاوڕێیەتیی نێوانمان تێک چێ. لە حاڵەتی ئاوادا دەبێ ئامادەیی ئەوەمان هەبێ، وەخت‌و وزەیەکی زۆر بەکار بەرین‌و هەموو لێوەشاوەییەکانی خۆمان دەکار کەین تا لە ڕێگای قسە لەگەڵ یەکتر کردن‌و باس‌و وتووێژەوە نەیەڵین کێشە سەر هەڵبدا یا کێشەکە چارەسەر کەین. یان بە جۆرێک ئیدارەی کەین کە نەبێتە مایەی تێکچوونی پێوەندیی دۆستانەمان لەگەڵ یەکتر. دەتوانین ڕێگاچارەیەک بدۆزینەوە کە بۆ هەر دوو لا جێگای ڕەزامەندی بێ. بەوە دەوترێ «لە نیوەی ڕێیە بگەینە یەک». ئەگەر کەمێک لە خواستی خۆمان بێینە خوارو کەمێکیش لایەنی بەرامبەرمان دەرک کەین، شانسێکی زۆر هەیە کە لەو لاشەوە لایەنی بەرامبەریشمان هەر ئەو جۆرە ڕەفتار بکا. دۆست ئەو کەسەیە کە لە هیچ کاتێکدا پشتت تێ نەکا.

## بۆ فێربوونی زیاتر:

هونەرو تکنیکەکانی وتووێژو بدەوبستان

ئەو ڕاهێنانە، کەمێک لە ڕاهێنانەکەی پێشتر ئاڵۆزترەو بۆ ئەو کەسانە لەبەرچاو گیراوە کە لە قۆناخێکی گەورەتری تەمەن دان.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ ئەم ڕاهێنانە لەلایەن دوو کەسەوە پیادە دەکرێ. کەسی (A) پێوەندیی لەگەڵ کەسی (B) دەگرێ‌و داوای لێ دەکا بۆ چەند ڕۆژ لەلای ئەو بژی. پێوەندی نیوان Aو B زۆر نزیکەو دۆست‌و خزمن پێکەوە. دەزانێ‌و بە تاقیکردنەوە بۆی دەرکەوتووە (A) تەنیا هەر چەند ڕۆژ نامێنێتەوە. ئەگەر بڵێ فەرموو بۆ ماوەیەکی زۆرتریش لەوێ خۆی بە عەرزێ دادەدا. جگە لەوە A هیچ خەرجێکیش ناکاو لەو ماوەیەدا کە لەوێ دەبێ B خەرجی بکێشێ. بێجگە لەوە لەو ماوەیەدا A هیچ کارێکیش ناکاو دەست لە ڕەش‌و سپی ناداو دەبێ B خزمەتیشی بکا. بۆیە B دەیەوێ بەجۆرێک پێش بە سەردان‌و میوان بوونی A بگرێ. هەروەها وەختەکەش بۆ B گونجاو نیە. Aو B هەردوکیان دەیانەوێ پێوەندیی نێوانیان تێک نەچێ. تێکچوونی نێوانی ئەوان ڕەنگە ببێتە هۆی پچڕانی پێوەندیی نێوان بنەماڵەکانیشیان.

٢ـ مامۆستا قوتابیەکان بەسەر چەند گروپی سێ تا چوار کەسی‌دا دابەش دەکا. گروپەکان یان A یان B دەبن. هەرکام لە بەشدارانی گروپەکان تێدەکۆشن لەسەر مەسەلەکە وتووێژو بدەوبستان بکەن. ئەگەر وەخت هەبێ وا باشە هەرکام لە قوتابیەکان هەر دوک ڕۆڵ نمایش بکەن. بەشێکیش لە قوتابی‌یەکان کە نایانەوێ نمایش بکەن، دەتوانن وەک تەماشاچی یا چاوەدێر بن. بزانن کام لە لایەنەکان بەشێوەیەکی ئەرێنی لەگەڵ کێشەکە بەرەوڕوو دەبن‌و چارەسەری دەکەن. کام لەوان بەشێوەیەکی نیگەتیف هەڵسوکەوت لەگەڵ وەزعەکە دەکەن.

**بۆ لێدوان:**

* شانۆکە چۆن بەڕێوە چوو؟
* چ شتێک باش نەچووە پێش؟
* ئایا پاش ئەوەی کە Aو B گەیشـــتنە ڕێگاچارە، پێوەندیی نێوانیان هەر وەک ڕابردوو مایەوە یان گۆڕانی بەسەردا هات؟ بەرەو باشی چووە یان نا؟
* ئایا بەشدارانی کۆرسەکە بۆخۆیان هەلومەرجێکی لەو چەشنەیان بۆ هاتۆتە پێش؟

دۆست ئەو کەسەیە کە لە هیچ کاتێکدا پشتت تێ نەکا.

## دژکردەوەی زنجیرەیی

**بابەت:** چۆن کێشەکان گەورە دەبن.

**ئامانج:** ئاشـــنا بوون لەگەڵ قۆناخەکانی پەرەسەندنی کێشـــەکان. فێربوونی ئەوە کە تا زووتر کێشە چارەسەر بکرێ، ئاسانتر چارەسەر دەکرێ.

قســە کردن لەســەر هەستەکان هەمیشە ســەختو دژوارە. بەڵام ئەوە کاتێک زەحمەتتر دەبێ کە لە حاڵی کێشــە دابین. ئەگەر زوو و لە کاتی خۆیدا هەســتو سۆزی خۆمان دەرنەبڕینو باسی ئەو ســەختیو دژواریانە نەکەین، تێپەڕینی کات دەبێتە هۆی بەهێزتر بوونی ئەو هەســتانەو بەرەبەرە سەرتاســەری وجوودمان دادەگرێ. سەرەنجام دەبینین کە هیچی تر توانای ڕاگرتنو ئیدارە کردنی ئەوانمــان نامێنیو دەگەنە حاڵەتی تەقینو هەڵچوونو لە کــوورە دەرچوون. ئەوە ئەو قۆناخەیە کە دەگوترێ هەســتەکان بەسەرماندا زاڵ دەبنو ئیدارەمان دەکەن. ئیتر خۆمان پێ ناگیرێو بەڕووی کەسی بەرامبەرماندا کە کێشەمان لەگەڵی هەیە هەڵدەبەزینەوە.

جاری واشە بەپێچەوانەوە کەسانی تر بەو جۆرە دەگەنە حاڵەتی هەڵچوون و لەڕووی ئێمەدا هەڵدەبەزنەوە و هەڵدەچن. ئێمەش دەڵێین "ئەمن لاموانەبوو ئەوە کێشـــەیە. من نەمزانیبوو تۆ بەو شتە ناڕەحەت و حەساس دەبی.

ئەگەر لە بارودۆخێکی ئاوادا لە حاڵەتی هەبوونی کێشــەیەک، زوو بتوانین هەســتە نیگەتیڤو ناخۆشەکانی خۆمان بەشێوەیەکی گونجاو دەربڕین، کێشەکە ناگاتە حاڵەتی تەقینەوەو هەڵچوون. چونکــە لایەنی بەرامبەریش دژکردەوەکەی لە ئاســتێکی گونجاوتردا دەبێ. پێویســتە بزانین لە حاڵەتی لەگۆڕێدا بوونو هەبوونی هەر کێشــەیەکدا ئێمە چەندین ئەلترناتیڤمان لەپیش دان کە دەتوانیــن لە نێو ئەواندا باشــترو گونجاوترینیان هەڵبژێرین. ئەگەر ئەڵترناتیڤ یا ســتراتیژیەکی دروســت هەڵبژێرینو بەشێوەیەکی دروســت کاری پێ بکەین، تووشی ئاکامی خراپو نەخوازراو نابین.

ئەمن چۆن بزانم کە تۆ لە چ حاڵێک دای کاتێک تۆ بۆخۆت لەم بارەوە هیچم پێ ناڵێی؟

**چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:**
ڕاهێنانێکی سەرنجڕاکێشەو هەموو قوتابیەکان بەشداریی تێدا دەکەن.
**کات** ٤٥ خولەک
**پێداویستی:** ژوورێکی گەورە بۆ چالاکیی فیزیکی بشێ.

**جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:**
١ـ مامۆستا داوا لە دوو کەس لە قوتابیەکان دەکا دڵخوازانە بێنە دەر.
٢ـ مامۆستا لەگەڵ قوتابیەکان هەلومەرجێک وەک نموونە دێننەوە کە لەوێدا کێشە لە نێوان دوو کەسدا هەیە. پێکەوە قسە لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەگەر ئەو کێشەیە پەرە بستێنێ ئاخرەکەی دەگاتە چ قۆناغێک، (بۆ نموونە لێدان، شەڕ یان قسەیەکی توندو ناحەز). پێویستە Aو B ناوێکی جیا لە ناوی خۆیان لێ بنرێ. ئەو ناوانە دەبێ لە ناوی بەشدارانی دیکەی کۆرسەکەش نەچن.
ئێستا مامۆستا داوا لە A دەکا بە شکڵی کورتە شانۆیەک قۆناخی هەرە بەرزی کێشەکە کە بۆ نموونە "لێدان"و... نمایش بکا. هەر لەو کاتەدا مامۆستا داواش لە B دەکا کە دژکردەوە لە خۆی نیشان بدا.
٣ـ مامۆستا داوا لە قوتابیەکانی تر دەکا کە تێکۆشن ئەو بیرۆکانە دەست نیشان کەن کە لە زەینی Aدا هەبوون پێش ئەوەی ئاخر بیرۆکە واتە "لیدان"ەکە بگاتە حاڵەتی پێگەیشتن. مامۆستا داوا لە قوتابیەکان دەکا ئەو هەستانە، بیرۆکانە بە وشەیەک دەرببڕن. هەموو ئەو کەسانەی شتێک پێشنیار دەکەن، دەچن لە پشتی Aوە لە ڕێزێکدا ڕادەوەستنو ڕیز دەبەستن. ئینجا مامۆستا داوا لەوان دەکا کە ئەو بیرو هەستانەی کە پێیان وایە A بەزەینیدا هاتوون تا گەیشتۆتە حاڵەتی لێدان، بە شکڵی وشەیەک یان ڕستەیەک فۆرمۆلە بکەن. ئەو بیرۆکانە بە دوای یەکتردا ڕیز دەبن. ئەگەر A لە ڕیزی پێشەوە دەبێ، نەفەری دوای ئەو دەبێتە دووهەم، دواتر دەبێتە سێهەمو بەم جۆرە تا چوارەمو تا ئەو کاتە کە قوتابیەکان پێشنیاری دیکەیان نامێنێ. یان تا ئەو کاتەی هەموو ئەو بیرو هەستانە باس دەکەن تا دەگەنە قۆناخی دەست پێکردنی شەڕولێدانەکە.
٤ـ دوای ئەوەی هەموو ئەو کەسانە کە پێشنیاریان هەبووە بە دووی یەکتردا ڕیز بوون، مامۆستا داوا لە ئاخرین کەس دەکا کە ئەو قسەیە یان ئەو وشەیە بڵێ کە هی خۆیەتی. دواتر بە دوای ئەودا هەموو ئەوانەی لە ڕیزەکەدان قسەکانی خۆیان بە نۆرە بەدوای یەکدا دەکەن تا دەگاتە خودی A.
ئێستا مامۆستا داوا لە A دەکا جارێکی تر ئەو کردەوەیە کە بە چڵەپۆپەی گەشە کردنی کێشەکە دەزانرێ نمایش بکاتەوە.

بەم جۆرە دەبینین کە هەستو بیرۆکەکان چۆن گەشە دەکەنو دوایە دەبنە کردەوە. فەلسەفەی ئەم ڕاهێنانە ئەوەیە کە قوتابیەکان بزانن هەستەکان دەبنە بیرۆکەو بیرۆکەکانیش دەبنە کردەوە. هەموو ئەوانە بە پرۆسەیەکدا بە شێوەی زەنجیرەیی بە دوای یەکدا ڕیز دەبن. دەبێ بگوترێ ئەو پرۆسەیە زۆر خێرایە.

٥- مامۆستا داوا لە A دەکا کە لە ڕیزەکە بڕواتە دەرەوە. ئێستا یەکەمین بیرۆکە ئەوەیە B گوێی لێ دەبێ. مامۆستا داوا لە B دەکا کە وەڵام یان دژکردەوە بەو بیرۆکەیە لە خۆی نیشان بدا. قوتابی‌یەکان دەتوانن پێشنیار بکەن. ئێستا ڕەوتەکە ئاوا دەڕواتە پێش تا دەگەینە ئاخرین بیرۆکە. مەبەست ئەوەیە کــە قوتابیەکان تێبگەن کە دژکردەوەی B بەرەبەرە نەرمترو لەســەرەخۆتر دەبێ. بە گوێرەی ئەو قســانەی کە بەر گوێ دەکەون، دەبێ دژکردەوەیان پێ نیشــان دا. ئەگەر A چڵەپۆپەی دژکردەوە نیشــاندانەکەی بریتییە لــە لێدان، ئاخرین کەس کە لە ڕیزی پشــتی Aدا ڕیز بووە، نوێنەرایەتیی ســەرەتاییترین قۆناخەکانی گەشــە کردنی ئەو هەستە یان بیرۆکەیە دەکا. بۆیە ئەگەر لەو قۆناخەدا مەسەلەکە دەرببڕین‌و بەیانی بکەین، Bش بەشێوەیەکی هێواش دژکردەوە نیشان دەدا.

## بۆ لێدوان:

* لە حاڵەتی هەبوونی کێشەدا ئەگەر ئەو بیرو هەستانە کە لە سەرەتاوە دروست دەبن، بەیان بکرێن چ ڕوو دەدا؟

* ئەگەر لە حاڵەتی هەبوونی کێشــەدا هەســتو بیرۆکەکان بەیان نەکرێن‌و ڕابگیرێن، ســەرەنجام کێشەکە بەکوێ دەگا؟

## فێربووین کە:

* ئەگەر کێشەمان هەیە ، ئەگەر لە حاڵەتی کێشە داین، تا زووتر ئەو هەستو سۆزو بیرۆکانە کە لە زەینمان‌دا دروســت دەبن بەیان بکەین باشــترە. ئەمە یارمەتی کەســی بەرانبەر یانی ئەو کەســەی کە کێشــەمان لەگەڵی هەیە دەکا کە ئەویش بەشێوەیەکی نەرمترو لەسەرخۆتر دژکردەوە نیشــان بدا و زووتر وەڵاممان بداتەوە. بەم جۆرە هەر لەســەرەتادا ئیمکانی چارەسەر بوونی کێشەکە دێتە کایەوە. تا کێشەیەک پتر بکێشێ، ئیمکانی ئەوە زۆرترە کە دژکردەوەکان توندترو ئاڵۆزتر بن. کاتێک کێشــەیەک زۆر لــە مێژە لە گۆڕێ دایەو باس نەکراوەو لایەنەکانی هەســتو بیرۆکەکانی خۆیان لەگەڵ یەکتر باس نەکردوە، سەرەنجامەکەی دەبێتە تەقینەوە، لە کوورە دەرچوون‌و هەڵچوونێکی هاوکات لەگەڵ توندوتیژی لە خۆنیشــاندان. کە واتە پێویســتە لە حاڵەتی هەبوونی کێشــەدا تا دەکرێ زووتر هەســتو ســۆزو بیرۆکەکانمان بەیان بکەین. ئەگەر دەبینین خەریکە ئاگر دەکەوێتەوە، پێوســتە هاوار بکەین. ئەو هاوارە دەبێە هۆی ئەوەی ئاگرەکــە زوو خەفە بکرێ‌و بکوژێتەوە. تا زووتر بۆ چارەســەری کێشــەکان هەنگاو هەڵگرین، ئاسانتر چارەســەر دەبن. تا درەنگتر بۆ چارەسەری کێشــەکان هەنگاو هەڵگرین، بەزەحمەتتر دەبــن و ئاکامی خراپتریان لێ دەکەوێتەوە. ئاگر دەبێ هەرچی خووتر خەفە بکرێ، دەنا دوایە بەزەحمەت دەکووژێتەوە.

## پێچەڵاوپێچی گەشە کردنی کێشەکان

**بابەت:** ئیدارەکردنی کێشەکان ٢٥٨ـ٢٥٦

**ئامانج:** ئاشـــنا بوون لەگەڵ چۆنیەتیی گەشە کردنی کێشەکان‌و ئەو شارەزاییانەی کە بۆ چارەسەری کێشەکان پێویستن.

زۆربەی مرۆڤەکان ئەو کاتە دەکەونە کێشـــەو دەمەتەقەو موناقەشـــە کە هەســـت بە لە سەر هەق بوون دەکەن. ئێمە هەمووومان خۆمان پێ بەحەقە، پێمان وایە لەبەر ئەوەی ئێمە زانیاریمان زۆرترەو ئەزموونـــی زۆرترمـــان هەیە، ئەوە ئێمەین دەزانین کە حەق‌و ناحـــەق لێک جیا کەینەوە. هەر بۆیە ئەوەی ئێمە دەیڵێین بەڕاســـتی دەزانین. لەوەش زیاتر کاتێک دەبینین کە خەڵکانی تر، کەســـانی تـــر، ئەو بۆچوونەی ئێمە قبووڵ ناکەن، دەســـبەجێ حوکمی ئەوەیان بەســـەردا دەدەین کە ئەوان تێناگەن‌و لە مەســـەلەکە حاڵی نابن. سەیر ئەوەیە کە لەولاشەوە لایەنی بەرامبەرمان هەر بەو جۆرە بیر دەکاتەوە. ئەویش پێی وایە کە ئەو دەزانێ حەق‌و ناحەق چیە. ئەو لەســـەر حەقەو ئێمە چونکە ڕوانگـــەی ئەو قبووڵ ناکەین، نەزانین یان حاڵی نابین. ئەمەش دەبێتە ســـەرەتای دروســـت بوونی پێچەڵاوپێچی کێشەکە.

### چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

ڕاهێنانەکە بە کورتەباسێک لەســـەر بابەتەکە لەلایەن مامۆستاوە دەست پێدەکاو پاشان قوتابیەکان بەشێوەی گرووپ کار لەسەر بابەتەکە دەکەن و سەرەنجام ئاکامی کار و لێکۆڵینەوەکەیان لە پلێنۆمدا پێشکەش دەکەن.

**کات:** ٤٥ تا ٥٠ خولەک.

**پێداویستی:** کاغەزێکی گەورەو تووش، قەڵەم‌و کاغەزی ئاسایی.

### جێبەجێ بوونی ڕاهێنانەکە:

١ـ مامۆستا کورتەباسێک لەسەر قۆناغەکانی پەرەسەندنی کێشەکان باس دەکا. ئەو هێزو فاکتۆرانەی کە دەبنە هۆی ئەوەی کێشەیەک بە لای نیگەتیڤدا بشکێتەوە، شی دەکاتەوە. کێشەکان چ کێشەی نێـــوان مرۆڤەکان بن یان کێشـــەی نێوان دەوڵەتەکان لە ئاکامی کار لێـــک کردنی چەند فاکتۆری جیـــاوازدا پەرە دەگرن. ئەو فاکتۆرانە یەکتر بەهێز دەکەن. هێـــزو گوڕو توانا دەدەن بە یەکترو بەم جۆرە دەکەونە سەر بازنەیەکی نیگەتیڤ کە بە تێپەڕینی زەمان بازنەکە بە دەوری خۆیدا خول دەخوا و پێچەڵاوپێچێکی گەورە پێک دێنێ. پێچەڵاوپێچی کێشـــەیەک ڕەنگە بە شێوەی جۆراوجۆر گەشە بکا، بەڵام هەمیشـــەو لە هەموو جێیەک بە هەندێک قۆناخـــی دیاریکراودا تێدەپەڕێ، کە بۆ هەموو کێشـــەکان وەک یەکن. مامۆستا ئەو قۆناخانە بەم شـــێوەی خوارەوە لەسەر تەختەڕەش یان لەسەر

کاغەزێکی گەورە دەنووسێتەوەو کەمێک ڕوونیان دەکاتەوە.

## ناکۆکی

هەر کێشـــەیەک لەو نوختەیەوە دەســـت پێـــدەکا کە دوو یان چەند لایەنی مەســـەلەیەک لەگەڵ یەکتر دەکەونە ناتەباییو ناکۆکی. ناکۆکی لەســـەر شتێک، بایەخێک، بەرژەوەندی‌یەک، قازانجێک، سیاســـەتێک، هەڵوێستێک، کالایەکی ماددی، پارە، خاک، زەمین، سنوور، دەسەڵات، دین مەزهەب و...

## باس‌و گفتوگۆ

لایەنەکانی کێشـــەکە لەگەڵ یەکتر دەکەونە باس‌و موناقەشـــە. هەر کەس تێدەکۆشێ ئەرگیومێنتی خۆی بێنێتەوەو بە قازانجی خۆی فاکتو بەڵگە بخاتە بەر دەم. هەر دوو لا خۆیان بە حەقدار دەزانن و ئامادە نین گوێ لە قسەو باسەکانی یەکتر بگرن. لە جیاتی ئەوەی کە تێکۆشن لە لایەنی بەرانبەر تێبگەن‌و خۆیان لە جێگای ئەو دانێن تا لێی حاڵی بن، بە هەموو تواناوە هەوڵدەدەین کە قەناعەتی پێ بکەن کە ئەو لەسەر حەقەو پێویستە ئەوە قبووڵ بکا. هەر دوو لا وا بیر دەکەنەوە.

## هەستە بەهێزەکان

لەبەر ئەوەی هەردوو لایەن لەسەر ڕوانگەو بۆچوونەکانی خۆیان پێ دادەگرن‌و گوێ بە قسەی یەکتر نادەن، بن‌بەســـتێک دروست دەبێ. لێرەدا هەردوو لا هەستو ســـۆزێکی زۆریان لەلا پێک دێ کە سەرتاســـەری وجوودیان دادەگرێ‌و دەیانخاتە ســـەر لووتکەی کێوی قافی خۆ بە حەق زانین‌و خۆ بەڕاست زانین. ئەمەش وایان لێدەکا بە زمانی لەش بەشێوەیەکی چالاک ئەم هەستو سۆزە بەهێزانە بەیان بکەن‌و لە شـــێوەی ســـیگناڵی جۆراوجۆردا بیاننێرن. یانی ئەو هەستو سۆزانە دەبنە جووڵەی جۆراوجۆری بەدەنـــی بۆ قەناعەت هێنان بە بەرامبەرەکەیان. ڕەنگە ئەوە تورەییو هەڵبەزینەوەو خۆ لێک سوورو شین هەڵگێڕانیش بگرێتەوە.

## کێشەکە بەهێزترو ئاڵۆزتر دەبێ.

لـــەو قۆناغەدا هەندێک توخم‌و فاکتۆری دیکە کە هیچ پێوەندییەکیان بە کێشـــەکەوە نیە دێنە نێو مەیدانەکەو گیروگرفتەکە ئاڵۆزتر دەکەن. ڕەنگە ئەو شتانە زۆر لاوەکی‌و بێ بایەخیش بن، بەڵام لەم جۆرە حاڵەتانەدا زەق دەبنەوەو کاریگەریی خۆیان نیشـــان دەدەن‌و ڕۆڵی نیگەتیڤی خۆیان دەگێڕن وەک: «تۆ هەمیشە ئاوای، قسە کردن لەگەڵ کەسێکی وەک تۆ بێ‌کەڵکە»، «من زۆر شتم پێشتریش لەسەر تۆ بیستبوو»و .. ئەو جۆرە قسانە خەڵکی دیکەش دێتە ناو کێشەکەوە. وەک «کاک حەسەن

زۆر شـــتی لەســـەر تۆ دەگوت بڕوام نەدەکرد»و «خەڵک دەیانگوت ئەتۆ کەسێکی بەو جۆرەی، بەڵام من بڕوام نەدەکرد».

بەڵام بەوەش ڕاناوەســـتیو دەگاتە هەڕەشە لێ کردنیش «ئەگەر ئەوە نەکەی کەمن پێت دەڵێم، واو وات بەســـەر دێنم، خۆت دەبینیەوە، ئەتۆ هێشـــتا ئەمنت نەناســـیوە.، پێت دەڵێم پووت چەند کیلۆیە...و لەم جۆرە قسانە کە هەڕەشەیان لە خۆ گرتووە.

## دوورکەوتنەوەی دوو لایەنی کێشەکە لە یەکتر.

بەم جۆرە فاسیلەیەکی زۆر گەورە لە نێوان هەر دوو لای کێشەکەدا پێک دێ. پێکەوە ناتوانن قسە بکەن. دیالۆگو وتووێژ دەپچڕێو ئیتر پشـــت لە یەکتری دەکەن. کێشـــەکە بە چارەسەر نەکراوی دەمێنێتەوە، پێوەندیی نێوان لایەنەکان کۆتایی دێ، یان شەڕو توندوتیژی دەست پێدەکا.

لێرەدا کێشـــەکە گەیشتۆتە قۆناخی هەرە بەرزی خۆی. لایەنەکان بڕیار دەدەن کە قسە پێکەوە نەکـــەن. پێوەندییـــەکان دەپچڕێن، ئەگەر یەک یان هەر دوو لا بکەونە ســـەر ئەو قەناعەتە کە ئەو وەزعە کە ناکرێ هەروا بمێنێتەوە، ناتوانن هیچی دیکە قبووڵ بکەن، کێشـــەکە دەکێشـــرێتە شەڕو پێک هەڵپڕژان.

٢ـ ئێستا مامۆســـتا داوا لە قوتابییەکان دەکا ببنە چەند گرووپی بچووک بچووک. هەر گرووپەی کێشەیەک هەڵدەبژێرێو وەک کورتەشانۆ نمایشی دەکا. پێویستە لە نمایش کردنی چۆنیەتیی گەشە کردنی کێشـــەکەدا، ئەو قۆناخانەی ســـەرەوە هەموویان نیشان بدرێن. دەکرێ وەک وتمان ئەمە لە ڕێگای کورتە شـــانۆوە نیشـــان بدرێ. دەکرێ قوتابییەکان بەشێوەی نووسینیش ئەمە نیشان دەن. واتە حاڵەتی کێشـــەیەک دەستنیشان کەنو پاشـــان ئەو قۆناخانەی کە کێشەکە پێیاندا تێدەپەڕێ لەســـەر کاغەز بینووســـن. وا باشە کێشەکان جۆراوجۆر بنو هەر گرووپە کێشەیەکی جیا لەوی تر بۆ کار لەســـەر کردن هەڵبژێرن. کێشەکانی نێو بنەماڵە، کێشەی قوتابیو قوتابخانە، کێشەی نێوان دوو دەوڵەت، کێشەی نێوان دوو ناوچەی جۆراوجۆرو هتد..

٣ـ قوتابییەکان ئاکامی کارو لێکۆڵینەوەکانی خۆیان بە شێوەی پلێنۆم پێشکەش دەکەن.

## بۆ لێدوان:

* ئایا پێشـــتر بیرتان لەو هێزو فاکتۆرانە کردبۆوە کە لە کاتی هەبوونی کێشـــەدا شـــوێن لەســـەر پەرەسەندنی کێشەکە دادەنێن؟ ئایا دەتانزانی شتێکی ئاوا هەیە؟

* ئایـــا لە ژیانی خۆتاندا لەو کێشـــانەدا کـــە بۆتان هاتوونەتە پێش، ئەو قۆناخانەی پەرەســـەندنی کێشەکانتان تاقی کردونەتەوە؟ چۆن؟

* گرنگترین ئەو خاڵە هاوبەشانە کامانەن کە لە نێوان پێچەڵاوپێچی کێشە جۆراوجۆرەکاندا بەرچاو

دەکەون؟ یا گرینگترین قۆناخەکانی پەرەسەندنی کێشەکان کامانەن؟
* لە چ قۆناخێکدا کێشەیەک ئاسانتر چارەسەر دەکرێ؟ بۆ چی؟
* چۆن بە باشترین شێوە دەتوانین کێشەیەک ئیدارە بکەین؟

## فێر بووین کە:

هەرچەند کێشەکان بە شێوەی جۆراوجۆر پەرە دەستێنن، بەڵام زۆر خاڵی هاوبەش کۆیان دەکەنەوە. لەسەرەتادا ناکۆکی لەسەر شتێک لە نێوان دوو لایەنی مەسەلەکەدا دروست دەبێ. هەر دوولا دەست دەکەن بە بەڵگەو دوکیۆمێنت هێنانەوە بە قازانجی خۆیان. بەڵام هیچ کام لە لایەنەکان ئامادە نین گوێ لە یەکتر بگرن. هیچ کامیان بایەخێک بۆ لایەکەی ترو قسەو ئەرگیۆمێنتەکانی دانانیو یەکتر بەجیددی ناگرن. لە جیاتی ئەوەی تێکۆشن لێک حاڵی بن، هەموو تواناکانیان بۆ بردنە پێشی مەبەستەکانی خۆیان بەکار دەبەن. هەر کەس خۆی پێ حەقەو دەیەوێ ئەوی تر لە مەیدان دەرکا. ئەمەش ماوەی نێوانیان لە یەکتر دوور دەخاتەوە. پێوەندییەکانی نێوانیان دەکەوێتە ژێر شوێنەواری هەستو سۆزو عاتیفە یان هەستەکان سوککانی ئەوان بەدەستەوە دەگرن. خۆ لێک سوورو شین دەکەنەوە. بە زمانی لەش سیگناڵی مەنفیو خراپ بۆ یەکتر دەنێرن. بەرەبەرە تۆخمو فاکتۆرو کەسانی تر دێنە نێو گیروگرفتەکەو ئاڵۆزتری دەکەن. ئاکامی ئەم وەزعە دەکێشرێتە پچڕانی پێوەندیی دۆستانەی نێوانیان. لە ئاستی نێونەتەوەییدا ئاکامی وەزعێکی ئاوا دەبێتە شەڕی نێوان دەوڵەتەکانو شەڕی چەکداری لێ دەکەوێتەوە. لە ئاستی پێوەندیی نێوان مرۆڤەکانیشدا، ڕەنگە ببێتە هۆی هەڕەشەو توندوتیژی نیشان دان بە دژی یەکتری. ئەگەر لەسەر قۆناخەکانی گەشە کردنی کێشەکان شارەزاییو زانیاریمان هەبێ، ئاسانتر دەتوانین پێش بە دژوار بوونو پەرەسەندنیان بگرین. دەتوانین نەیەڵین بگەنە حاڵەتی تەقینەوەو پڕمەترسی. ئەو زانیارییانە یارمەتیمان دەدەن باشتر وەزعەکە بخوێنینەوەو باشترو ئاسانتر کێشەکان ئیدارەو چارەسەر کەین. دەبێ بزانین کە گەورەترین دوژمنی ئیدارە کردنی کێشە بریتیە لە پچڕانی وتوێژو دیالۆگ. ئەگەر زانیاریو ئاشنایەتمان لەسەر پێچەڵاوپێچی پەرەسەندنی کێشەکان هەبێ، دەتوانین لە بارودۆخی هەبوونی کێشەیەکدا باشترو چاکتر مانۆڕ بدەینو هەڵسوکەوتی دروستتر بکەین.

## ئێمە دەتوانین هەڵبژێرین

**بابەت:** چۆنیەتیی ئیدارە کردنی کێشەکان

**ئامانج:** ئاشنا بوون لەگەڵ ئەو ڕاستییەی کە ئێمە هەمیشە دەتوانین خۆمان ئەوە هەڵبژێرین کە چۆن لەگەڵ کێشەیەک هەڵسوکەوت بکەین.

لە جیاتی بیر لەوە بکەیەنەوە کە چۆن کێشەکان ئیدارە دەکرێن، زۆرتر بیر لەوە دەکەینەوە کە بۆچی سـەر هەڵدەدەن‌و لە چیەوە سـەرچاوە دەگرن. کاتێک کێشەیەک کاریگەری‌و شوێنەوارێکی نیگەتیڤی لەسەر خۆمان‌و کۆمەڵگا هەیە، پێویستە هەموو هێزو توانامان بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەک تەرخان بکەین تا ئەوەی کە بیر لە ڕابردوو کەینەوەو بزانین سەرچاوەکەی کێشەکە چییە. ئاخر ئێمە دەتوانین خۆمان ئەوە هەڵبژێرین کە چۆن لەگەڵ کێشەیەک ڕەفتارو هەڵسوکەوت بکەین، ئەگەر بەو جۆرەو لەو گۆشـەنیگا ئەرێنیەوە تەماشای مەسەلەکە بکەین، زۆر شانس‌و دەرفەتی جۆراوجۆرەمان بۆ چارەسـەری گیروگرفتەکە بۆ دێنە پێش کە دەتوانین باشـترینی ئـەوان هەڵبژێرین. لەجیاتی ئەوەی ڕێگا بدەین کە کێشـەکان ئێمە ئیدارە بکەن، پێویسـتە هەوڵبدەین ئێمە ئەوان کۆنترۆڵ و هیدایەت و ئیدارە بکەین. پێویستە بزانین کە کێشەکان، تەنیا هەر گیروگرفت نین، بەڵکوو شانس‌و دەرفەت‌و هەلی جۆراوجۆریشمان بۆ دەخوڵقێنن کە دەتوانین بە باشترین شێوە بۆ گەشەو هەڵدان‌و پەرەسەندنی خۆمان‌و کۆمەڵگا کەڵکیان لێوەرگرین.

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

ڕاهێنانەکە بە شـێوەی گفتوگۆ بەڕێوە دەچێ. دەکرێ سەرەتای دەرسەکە بەو چالاکییە دەست پێ بکەین‌و پاشان بابەتەکە سەبارەت بە چۆنیەتیی ئیدارەی کێشەکان درێژە بدەین.

**کات** ١٥ خولەک.

**پێداویستی:** قەڵەم‌و کاغەزو کاغەزی گەورەو تووش.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ قوتابیەکان بە شێوەی پلێنۆم لە دەوری یەکتر دادەنیشن. مامۆستا ئەم پرسیارانە لە قوتابیەکان دەکا. ئەگـەر کێشـەیەکت بۆ بێتە پێش چۆن هەڵسـوکەوتی لەگەڵ دەکەی؟ بـۆ ئیدارە کردنی کێشەیەک چەند شێوازو مێتۆدو ئەڵترناتیڤمان هەن؟ ئەگەر شاهیدی سەرهەڵدانی کێشەیەک بووی لە نێوان دوو کەس‌دا چۆن ڕەفتار دەکەی؟ مامۆسـتا داوا لە قوتابیەکان دەکا بەوردی بیر بکەنەوەو وەڵام بدەنەوە. وا باشە هەر قوتابی‌یەک لەگەڵ ئەو کەسەی لای تەنیشتی خۆی پێکەوە قسە بکەن‌و بیروڕاکانیان بگۆڕنەوە (٣ تا ٥ خولەک).

٢ـ مامۆستا وەڵامی قوتابی‌یەکان بەجوانی لەسەر تەختەڕەش یان کاغەزێکی گەورە دەنووسێ. دواتر پێکەوە نەتیجەگیری لە باسەکە دەکەن. دەتوانن لەم خاڵانەی خوارەوە کەڵک وەرگرن:

بۆ ئیدارە کردن‌و ڕەفتار کردن لەگەڵ کێشەیەک گەلێک ئەلترناتیڤ هەن کە دەتوانین لە نێویان‌دا هەڵبژێرین.

١ـ مەیەڵە ببیتە بەشێک لە کێشەکە.

٢ـ گوێی مەدیە.
٣ـ دەتوانی ڕێگا بدەی کێشـــەکە بەشـــێوەیەکی نیگەتیڤ کارت لێ بکاو ســـەرەنجام هەستەکانت ببزوێنێ و لە ئاکامدا کێشەکە گەورەتر بێ.
٤ـ دەتوانی توندوتیژی بەکار بێنیو لەم ڕێگایەوە دژکردەوە لە خۆت نیشان دەی.
٥ـ دەتوانی تێکۆشی ئیدارەی بکەیو چارەسەری بکەی.

**بۆ لێدوان:**

* لە حاڵەتی لە گۆڕێ دابوونی کێشەیەکدا کام لەو ئەڵترناتیڤانەی سەرەوە کێشەکە بەرەو ئاڵۆزبوونو خراپتر بوون دەبەن؟ بۆچی؟
* کام لەو ئەلترنایڤانەی ســـەرێ کێشەکە بەرەو بارودۆخێکی ئەرێنی دەبەن بەجۆرێک کە بتوانین چارەسەری بۆ بدۆزینەوە؟ بۆچی؟

**فێربووین کە:**

زۆر لـــە ئێمـــە نازانین کە بـــۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هەر وەزعو کێشـــەیەکدا کـــە بۆمان دێتە پێـــش، گەلێـــک ئەڵترناتیڤمان هەن کە دەتوانیـــن لە نێو ئەوان‌دا یەکیان بۆ دژکردەوە نیشـــاندان هەڵبژێرین. ئەگەر دەمانەوێ کێشـــەکان وەک دەرفەتو شانسو هەلێک بۆ پەرەپێدانو پێشکەوتنی خۆمان دەکار بکەین، پێویســـتە ئەو ئەڵترناتیڤە هەڵبژێرین کە بۆ خۆمانو کۆمەڵگا ئاکامی ئەرێنیی بەدواوەیە. ئەڵترناتیڤێک کە نیشان دەدا ئێمە وەک تاک هەست بە بەرپرسایەتی دەکەین. دەتوانین هەڵســـوکەوتێکی پاســـیڤمان هەبێ، ئەوەش بۆخۆی ئاکامی هەڵبژاردنی یەکێک لە ئەڵترناتیڤەکانە. دەتوانین بە جۆرێک بجووڵێنەوەو بڕۆینە دەرەوەی کێشـــەکە. دەشتوانین وا هەڵسوکەوت بکەین کە کێشـــەکە ئاڵۆزترو گەورەتر بێ. یەک شـــت ڕوونە. تەنیا ئەو ئەڵترناتیڤە ئاکامی ئەرێنیی بەدواوەیە کە هەڵبژێرین بە شـــێوەیەکی چالاک کێشـــەکە ئیدارە بکەینو بۆ چارەسەر کردنی تێکۆشین. یانی باشـــترین ئەڵترناتیڤ ئەوەیە کە بڕیار بدەین کێشـــەکە ئیدارە کەینو بۆ چارەســـەر کردنی هەنگاو باوێین. شتێکی دیکەش زۆر گرنگە کە بزانین ئەویش ئەوەیە تا زووتر بۆ چارەسەر کردنی کێشەیەک دەســـت بەکار بین، ئاســـانتر چارەســـەر دەبێ. هەر بەو جۆرە تا لە چارەســـەر کردنی کێشەیەکدا کەمتەرخەمی زۆرتر لە خۆمان نیشـــان دەینو درەنگتر هەنگاو هەڵگرین، کێشـــەکە ئاڵۆزتر دەبێو چارەسەرەکەی دژوارترو پڕ زەحمەتتر دەبێ.

**یەک هەلومەرج - سێ ئاڵترناتیڤ**

**بابەت:** چۆنیەتیی ئیدارەکردنی کێشەکان. ٣٦٣ـ٣٥٥

**ئامانج** دۆزینەوەی باشترین ئاڵترناتیڤ بۆ چارەسەر کردنی کێشەیەک.
ئایا کەس هەیە تا ئێستا ئەوەی بۆ نەهاتبێتە پێش کە لەخۆی بپرسێ: بۆچی فلانە قسەم بە جۆرێکی دیکــە نەدەکرد؟ بۆچی لە فلان هەلومەرجدا بە جۆرێکی دیکە رەفتارم نەدەکرد؟ ئەوە هەســتێکی ناخۆشە کە پاش ماوەیەک داماندەگرێو خۆزگە دەخوازین کە بە جۆرێکی تر ڕەفتارمان کردبا و بە چەشــنێکی تر قسەمان کردبا و ئەڵترناتیڤێکی دیکەمان هەڵبژاردبا. ژیان پڕە لە کێشە. ئێمە هەموو ڕۆژێ دەکەوینــە هەلومەرجی جۆراوجۆرەوە. بۆیە زۆر پێویســتە فێر بین کە بتوانین بە باشــترین شــێوە خۆمان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئــەو بارودۆخاندا ئامادە بکەین کە بەرەوڕوویان دەبینەوە. فێر بوونو شــارەزا بوون و ئاشــنا بوون لەگەڵ هونەرەکانی کۆنترۆڵو ئیدارەکردنی کێشەکان، ئەو دەرفەتەمان بۆ دەخوڵقێنن لە داهاتوودا باشتر بتوانین ڕووبەڕووی وەزعو کێشە دژوارەکان بینەوە.

### چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

چالاکی‌یەکە بەوە دەســت پێدەکا کە هەر کام لە قوتابیەکان بەتەنیا بۆ خۆی لەســەر بابەتەکە بیر دەکاتەوەو پاشــان هەموویان بەسەر چەند گروپ دا دابەش دەبنو بەشێوەی گروپی پێکەوە کار دەکەن. کورتەشــانۆیەک بەڕێوە دەبەنو سەرەنجام بەشــێوەی پلێنۆم لە دەوری یەک کۆ دەبنەوەو پێکەوە بابەتەکە تاوتوێ دەکەن.

### جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ مامۆســتا داوا لە قوتابیەکان دەکا کە بیر لە وەزعییەتێک بکەنەوە کە لەم دواییانە بۆیان هاتۆتە پێشو بۆخۆیان لەســەر ئەو بڕوایەن کە نەیانتوانیوە بە شێوەیەکی باش لەگەڵی هەڵسوکەوت بکەن. ڕەنگە ئەو وەزعە لە مەدرەسە ڕووی دابێ، لەماڵەوە ڕووی دابێ یان لە جێگایەکی تر. ٥ خولەک.
٢ـ قوتابیەکان بە سەر چەند گروپ دا دابەش دەبن. هەرکام لە گروپەکان وەزعیەتێک بۆ کار لەسەر کــردن هەڵدەبژێرن کە لە ســەری بە کۆدەنگی دەگەن. لەو وەزعیەتانەی کــە ئەندامانی گروپەکە بۆخۆیان لەگەڵ یەک باســیان کردوە، یەکێکیان هەڵدەبژێرن. ئەوان لەســەر ئەم ئەڵترناتیڤانە کار دەکەن:

* لە بارودۆخێکی ئاوادا ئاسانترین ئەڵترناتیڤ بۆ دژکردەوە نیشان دان چیە؟
* کام ئەڵترناتیڤ لە هەمووان زیاتر ەزعەکە بەرەو ئاڵۆزی دەبا؟
* باشــترین و سەرکەوتووترین میتۆد بۆ دژکردەوە نیشــان دان لە بارودۆخێکی ئاوادا کامەیە؟ (٢٥ خولەک)

٣ـ لە کۆتایی دا هەموو بەشــدارانی کۆرســەکە بە شێوەی پلێنۆم لە دەوری یەکتر کۆ دەبنەوەو چەند وەزع لەو نموونانە بۆ کارکردنی بەکۆمەڵ هەڵدەبژێرن. دەکرێ گروپەکان دوو دوو ڕێک کەون

و گروپێکی گەورەتر دروست کەن‌و شانۆکان بۆ یەکتر نمایش بکەن.

### بۆ لێدوان:

* ئەڵترنایتڤە جیاوازەکان چ ئاکامێکی جیاوازیان لیٚ کەوتەوە؟
* چ شتێک لە چالاکییەکەدا باش چووە پێش؟ لەبەرچی؟
* بە چ شێوەیەک ئەم شتانە بۆ ئێوە ئاشنا یان بێگانە بوون؟
* ئایا ئاسانترین ڕێگای دژکردەوە نیشاندان، لە زۆرترین حاڵەتەکان دا وەزعەکە ئاڵۆزتر دەکا؟ یا باشترین چارەسەری بەدوادا دیٚ؟
* چ لێوەشاوەییەک، چ زانیاری‌و تاکتیکێک پێویستە تا بە جۆرێک دژکردەوە نیشان دەین کە نەبێتە هۆی ئالۆز بوون و خراپتر بوونی وەزعەکە؟

### فێر بووین کە:

دەبیٚ بزانین کە ئەو میتۆدو شێواز و تاکتیکانەی بۆ ئیدارەکردنی کێشەکان دەکاریان دەکەین، هەمیشە باشترین‌و کاریگەرترین ڕێگا و میتۆد نین. واتە هەمیشە باشترین ئاکام بەدەستەوە نادەن. بەڵا، ئەگەر فێر بین قسەو باس‌و گفتوگۆ لەسەر کێشەکان‌و بارودۆخە جۆراوجۆرەکان‌و چۆنیەتیی دژکردەوەکانمان بەرانبەر ئەوان بکەین، تواناو لێوەشاوەیی‌و شارەزایی خۆمان بۆ ئیدارە کردنی هەرچی باشتری ئەوان پەرە پیٚ دەدەین. ئەمەش یارمەتیمان دەدا کە لە داهاتوودا کە دەکەوینە ئەو جۆرە هەلومەرجانەوە، باشترو گورجوگۆڵتر مانۆڕ بدەین‌و سەرکەوتووتر لە مەیدانەکە بێینە دەر. لەو بارەوە دەتوانین لە خەڵکانی تر، لە ئەزموون‌و تاقیکردنەوەو شارەزایی‌و لێوەشاوەییەکانی ئەوانیش فێر بین. لەوەش زیاتر دەتوانین لە کەموکوڕییەکانی ئەوانیش فێر بین. زۆر گرینگە فێر بین هەلومەرجەکان، بەشێوەیەکی دروست و واقیعبینانە هەڵسەنگێنین‌و پاشان لەبەر ڕۆشنایی ڕاستییەکان‌و بە وەبەرچاوگرتنی هەموو لایەنەکانی مەسەلەکە، ئەڵترناتیڤێکی بونجاو هەڵبژێرین.

### قۆناخەکانی ئیدارەکانی کێشەکان

**بابەت:** ئیدارەکانی کێشەکان ٣٦٣ـ٣٦١

**ئامانج:** فێربوونی چۆنیەتیی ئیدارە کردنی کێشەکان بە شێوەیەکی خەللاق‌و کارساز.

دنیا پڕە لە کێشەی جۆراوجۆرو لە ئەژمارنەهاتوو. هەندێک لەو کێشانە بچکۆلەن، وەک ئەو کێشانەی ڕۆژانە لە نێو بنەماڵەدا لەگەڵ دۆستان و هەڤاڵان، لە شوێنی کارو ... بۆمان دێنە پێش. تا کێشەو ململانیٚ گەورەو نێونەتەوەیی‌و جیهانی‌یەکانی نێوان وڵاتان‌و گەلان‌و میللەتان.

کێشەکان جۆراوجۆرن، دەبیٚ بەشیوەی جۆراوجۆریش ئیدارە بکرێن‌و ڕێگاچارەی جۆراوجۆریشیان

بۆ بدۆزینەوە. هەر بۆیە ئیدارە کردنی کێشەکان کارێکی گرینگو پڕ لە خەللاقییەتە. بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە کێشــەکان جۆراوجۆرن، زۆر تایبەتماندیو شتی هاوبەشیشیان پێکەوە هەیە کە بۆ ئیدارە کردنی باشــتری ئەوان، پێویستە بیانناســین. با بزانین پرۆسەی ئیدارەکانی کێشەکان چۆن دەڕواتە پێش؟

## چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

چالاکی‌یەکە بەوە دەســت پێدەکا کە بەشدارانی کۆرسەکە خۆیان بۆ نمایش کردنی کورتەشانۆیەک ئامادە دەکەن کە دواتر دەبێ لە پلینۆمدا بەڕێوەی بەرن. پاشــان مامۆســتا باســێکی کورت لەسەر باسەکە پێشکەش دەکات. قوتابیەکان لەسەر کورتە شانۆکان و ئامادەکردنیان کار دەکەن. سەرەنجام بە باسو گفتوگۆی قوتابیەکان لەسەر بابەتەکە لە پلینۆمدا کۆتایی دێ.

کات: یەکو نیو کاتژمێر.

پێداویستی: کاغەزی گەورەو تووش، یا تەختەڕەشو گەچ.

ئامادەکاریی پێویســت: بابەتێکی ئامادەکراو لەسەر قۆناخەکانی ئیدارەکردنی کێشەکان کە مامۆستا دەبێ پێشکەشی بکات.

## جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکە:

١ـ مامۆســتا داوا لە قوتابی‌یەکان دەکا کە ببنە چەند گروپ. هەر گروپەی کورتەشــانۆیەک لەسەر کێشەیەکی تایبەتی واتە حاڵەتێک کە کێشە نیشان بدا، ئامادە دەکا. (وەک ئەو نموونانەی خوارەوە: پێویســتە کێشــەکە ڕوونو ئاشــکرا بێو لایەنەکانی کێشــەکەش دیار بن. قوتابیەکان بەجۆرێک کورتەشــانۆکان پیادە دەکەن کە کێشــەکان وردە وردە بەرەو خراپتربوونو ئاڵۆز بوونی زۆرتر بڕۆنو ســەرەنجام بگەنە بنبەســت و بەکارهێنانی توندوتیژی. (دیارە بە شێوەیەکی ئاسایی) یا ئەوەی کە لایەنەکان پشــت لــە یەکتر کەنو پێوەندی‌یەکانیان بپچڕن. (١٥ خولــەک). قوتابیەکان دواتر ئەم کورتەشانۆیانە لە پلینۆمدا نمایش دەکەن.

٢ـ مامۆســتا تێدەکۆشێ کاری قوتابیەکان هەڵســەنگێنێو شانۆکانی ئەوان لەگەڵ ئەو کێشانەی لە ژیانی ڕۆژانەدا دێتە پێش بەراورد بکات. واتە واقعییەتی ژیانی ڕۆژانە لەگەڵ ئەو کێشانە لێک گرێ بــدا تا قوتابییەکان فەلســەفەی بابەتەکە فێر بنو دەرسو پەندی لێوەرگرن. بەتایبەت مامۆســتا پێویستە پێ لەسەر ئەوە داگرێ کە ئەگەر بەشێوەیەکی ئاگاهانەو خەللاقانە کێشەکان ئیدارە نەکەین ئاکامەکانیان زۆر نالەبار دەبن. دواتر مامۆســتا باســێکی کورت سەبارەت بە قۆناخە جۆراوجۆرەکانی ئیدارەکردنی کێشەکان پێشکەش دەکا (١٠ تا ٢٠ خولەک)

مامۆستا دەبێ ئەوەش ڕوون بکاتەوە کە ئەوەی ئێمە لێرەدا باسی دەکەین مۆدێلێکی سادەکراوەی

ڕاســـتییەکانی ژیانی ڕۆژانەیە. بەڵام پێویســـتە لە هەموو قۆناغەکانی گەشەکردنی کێشەیەکدا، بە وشیاریو شارەزاییو بەرپرسایەتییەوە هەڵســـوکەوت بکەین. ئەمە باشترین ڕێنوێنییە سەبارەت بە چۆنیەتیی ئیدارەکردنی کێشەکان بە شێوەیەکی خەللاقو کاریگەر.

* ددان بەوە دابنێ کە کێشـــەیەک، گیروگرفتێک هەیە. کاتێک دو لایەنی مەســـەلەکە پێکەوە ددان بەوە دادێنن کە کێشـــەیەک لە نێوانیان دا هەیە، مانای ئەوەیە کە پێیان خۆشـــە کێشەکەیان چارەسەر کەن.

* کێشەکە پێناسە بکە،سنوورو چوارچێوەکانی کێشەکە دیار بکە.

جاری وایە هەندێک کەسو توخمو فاکتۆری کە هیچ پێوەندییەکیان بە کیشـــەکەوە نیە، دێنە نێو مەســـەلەکەو ئاڵۆزترو خراپتری دەکەن. بۆیە تێکۆشە کێشەکە پێناسە بکەی. سنوورەکانی ڕون کەیەوە نەیەڵی ئاڵۆزتر بێو قســـەو باسی کەسانی ترو لایەنەکانی تر خراپتری بکەن. لەو حاڵەتانەدا زۆر گرنگە جیاوازی لە نێوان گیروگرفتەکە خۆیو ئەو کەسەی کە کێشەمان لەگەڵی هەیە دانێین. کارمـــان بە تۆپەکە بێ نەک یاریزانەکە. لە فوتباڵدا دەبێ وەدوای تۆپەکە کەوین نەک یاریزانەکان. لـــەوەش گرنگتر ئەوەیە کە هەســـتە توندو بەهێزەکانی خۆمان، ئیحساســـاتی توندی خۆمان جڵەو بکەین. بەسەریاندا زاڵ بینو نەیەڵین خۆیان نیشان بدەن.

* تێکۆشـــە خۆت لە جێگای لایەنی بەرامبەر دانێ. مرۆڤەکان جیاوازن، پێشـــینەی جیاوازیان هەیە، هەر بۆیە ڕوانگەو گۆشـــەنیگای جیاوازیشیان هەیە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی تێگەیشتنی جیاوازیشیان لە شتەکانو دیاردە جۆراوجۆرەکان هەبێ. هەر بۆیە زۆر گرنگە ئەوە تێبگەین کە بۆچی لایەنی بەرانبەرمان بەو جۆرە بیر دەکاتەوە. ئەمە یارمەتیمان دەدا باشـــتر لە کێشـــەکە حاڵی بینو هەموو لایەنەکانی مەسەلەکە ببینین.

* ئامادەی باسو وتووێژو کۆمیونیکاشۆن بە لەگەڵ لایەنی بەرانبەر.

بۆ ئەوەی فەزاو کەشـــێکی باش دروست کەی پێویســـتە بە ڕێزو حورمەتەوە بەرانبەر بە لایەنی بەرانبەر هەڵسوکەوت بکەی. باشترین ڕێگاش بۆ ئەو کارە ئەوەیە کە بەشێوەیەکی چالاک گوێی لێ بگریو بزانی چ دەڵێ. ئەمە ئەوە نیشـــان دەدا کە تۆ خوازیاری چارەســـەری کێشەکەی. لە لایەکی دیکەشەوە دەبێتە هۆی ئەوەی لایەنی بەرانبەریش باشتر گوێ لە تۆ بگرێ.

## لەسەر چی پێکهاتن و هاوەدەنگیمان پێکەوە هەیە؟

لە هەر کێشـــەیەکدا زۆر شـــت هەن کە هەمووومان قەبووڵمانن. بۆ نموونە پێمان خۆشـــە کێشەکە چارەســـەر بکرێ. یا یەکترمان خۆش دەوێو حەز ناکەین کێشەکە ببێتە مایە تێکچوونی پێوەندیی دۆستانەی نێوانمان، یا حەز بەوە ناکەین ببێتە مایەی کێشەو دەردەسەریو ئێشو ئازار بۆ کەسانی تر. جا ئەگەر لە حاڵەتی لەگۆڕێدا بوونی کێشـــەیەکدا، بەو جۆرە بیر بکەینەوە، لەو چوارچێوەیەدا

بڕوانینە شـــتەکان، فەزایەکی ئەرێنی دروســـت دەبێ. ئەوەش بەنۆرەی خۆی یارمەتی بە دروســـت بوونی فەزایەکی باشـــتر بۆ چارەسەریی کێشـــەکە دەدۆزێتەوە. لەو قۆناخەدا ئەگەر هەست دەکەین کە کارێک یان قسەیەکمان کردوەو لێی پەشیمانین، پێویستە لەو قۆناخەدا داوای لێبوردن بکەین. پێداویستیی‌یەکەت دەست نیشان کە.

لایەنەکانـــی کێشـــەکە پێویســـتە ڕوانگـــەو بۆچوونەکانـــی خۆیان بـــاس کـــەن‌و گرینگترین پێداویســـتی‌یەکانی خۆیان بۆ یەکتر ڕوون کەنەوە. پێویســـتە ئەوەش بزانین ئەوە بەو مانایە نیە کە هەموو داوا و خواستەکانیان جێبەجێ بن، بەڵام ئەوە پڕۆسەکەیە و مرۆڤ دەبێ ئامادەی بدەو بستان بێ.

هـــەوڵ دەن ڕێگاچارەیەک بدۆزنەوە کە مرۆڤ بتوانێ لەگەڵـــی بژی واتە بۆی قبووڵ بکرێ. بۆ چارەسەری کێشەکە، زۆر گرنگە کۆمیونیکاسیۆنێکی باشمان هەبێ. زۆر ڕێگاچارەی جۆراوجۆر هەن. پێویستە پێ لەسەر لایەنە ئەرێنیەکانی ڕێگاچارە جۆراوجۆرەکان داگرین. شتێک زۆر گرنگە ئەویش ئەوەیـــە بزانیـــن هەرچەند ئیمکانی ئەوە نیە کە بە هەموو داخوازەکانمان بگەین، بەڵام باشـــتر وایە بگەینە ڕێگاچارەیەک.

٣ـ پاش تەواو بوونی باســـەکەی مامۆســـتا، قوتابیەکان دەچنەوە پاڵ گروپەکانی خۆیان‌و دەست دەکەن بە ئامادەکردنی شانۆکان. وا باشە قوتابیەکان پێیان بگوترێ کە پێویستە بەجۆرێک شانۆکان بـــە ڕێوەبەرن کـــە ئەو قۆناخە جۆراوجۆرانەی پرۆســـەی ئیدارە کردنی کێشـــەکان وەبەرچاو بگن‌و تێکۆشن ڕێگاچارەیەک بدۆزنەوە (١٥ خولەک)

٤ـ سەرەنجام هەموو گروپەکان کورتەشانۆکانیان لە پلینۆمدا پێشان دەدەن.

### فێربووین کە:

زۆر گرنگە بەشـــێوەیەکی خەللاق و کارساز کێشەکان ئیدارە بکەین. ئەوەش ئیمکانی هەیە. کاتێک بە نێو پرۆســـەی ئیدارەکردنی کێشـــەیەکدا تێدەپەڕین، وەک مرۆڤ هەست بە گەورەبوون‌و کامڵ بوون‌و پوختەبوون دەکەین. پێوەندی‌یەکانی نێوانمان باشـــتر  و بەهێزتر دەبن. چونکە باشتر یەکتر دەناسین‌و زۆرتریش لەسەر یەک فێر دەبین.

ئیدارە کردنی کێشـــەکان، هونەرێک نیە کە تەنیا هەندێک کەس بیزانن‌و لە پاوانی کەســـانێکی تایبەتی دابێ، شـــتێکە کە هەموومـــان دەتوانین‌و دەبێ فێری بین. کاتێ لە ســـەرەتاوە ددان بەوە دادێنین کە کێشـــەیەک هەیە، ئەوە بۆخۆی گەورەترین هەنگاوە بۆ چارەســـەر کردنی مەسەلەکەو پردێکە کە لە نێوان خۆمان‌و لایەنی بەرانبەردا دروستی دەکەین. پێویستە بزانین کە ئێمە هەمیشە دەتوانین کە بۆخۆمان ئەوە هەڵبژێرین کە چۆن هەڵســـوکەوت لەگە کێشەکە بکەین. قبووڵ کردنی بەرپرسایەتی، هەست کردن بە بەرپرسایەتی‌و هەست کردن بە بەرپرسایەتی بەرامبەر بە ئاکامەکانی

کێشـــەکە، هەڵسوکەوتێکی ژیرانەو مەعقووڵانەیە. لەبیرت بێ لەمەودوا ئەگەر کێشەت بۆ هاتە پێش لەو شـــارەزاییو لێوەشاوەییانە بۆ چارەسەری کێشەکە کەڵک وەرگرە کە فێریان بووی. واتە هەوڵبدە کێشەکە بە شێوەیەکی داهێنەرانە ئیدارە بکەی.

نموونەی ئەو کورتەشانۆیانەی کە قوتابیەکان دەتوانن کاری لەسەر بکەن:

١ـ لەگەڵ چەند هاوڕێت دەچنە بازاڕو ســەری دووکانێکی گەورە ەدەن کەCD دەفرۆشێ. لەپڕ بــۆت دەردەکەوێ کە هەریەک لە هاوڕێکانت ســیدییەک هەڵدەگرنو دەیخەنە گیرفانی خۆیان. تۆش ئەو کارەی ئەوان بە ناحەز دەزانیو داوا دەکەی سیدیەکان دانێنەوە. کەچی ئەوان بە قسەت ناکەنو پێت پێدەکەنن. لەوەش زیاتر ئەتۆ بە کەسێکی سادەو دەستو پێ سپیلکە لە قەڵەم دەدەن.

٢ـ کــوڕی خاڵت جێژنی لەدایک بوونی هەیە. بۆ تۆ زۆر ئازیزەو دەتەوێ لەو جەژنەدا بەشـــدار بی. بەڵام ئامادەییت نیە. لەلایەک جلی پێویســـتت بەو پەلەپەلە بۆ پەیدا نابێ، لەلایەکی دیکەشەوە ناسازی. لەوەش دەترسی کە خاڵۆزاکەت دڵی لێت بڕەنجێ.

٣ـ دو کچی موسوڵمان تازە لە هۆتێلکدا دەستیان بەکار کردوە. بەپێی دابو نەریتی مەزهەبیو ئیتنیکی خۆیان حیجابو ڕووسەری بەکار دەبەن. پاش مانگێک بەڕێوەبەری هۆتێلەکە بانگیان دەکاو دەڵێ کە لەبەرئەوەی حیجاب لەگەڵ یونیفۆرمی هۆتێل نایەتەوە دەبێ لەســـەر کار حیجابیان نەبێ، دەنا کارەکەیان لەدەســـت دەدەن. کچەکانیش پێ لەســـەر ئەوە دادەگرن کە هەبوونی حیجاب بۆ ئەوانو هەوییەتیان زۆر گرنگەو ناتوانن بێ حیجاب بن.

یا قوتابیەکان دەتوانن لەســـەر بناخەی ئەو نموونانـــە، نموونەی دیکە لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بێننەوە و کاریان لەسەر بکەن.

گرینگترین تکنیکەکانی ئیدارەکردنی کێشەکان بریتیین لە:

١ـ دان بەوە دابێنین کە کێشەیەک هەیە.

٢ـ گیروگرفتەکە پێناسە بکەین.

٣ـ هەوڵ دەین خۆمان لە جێگای لایەنی بەرانبەر دانێین.

٤ـ لەسەر چی تەوافوقمان هەیە؟

٥ـ کۆمیونیکاسیۆنێکی باش، گوێگرتنی چالاکانە لە لایەنی بەرانبە، بەڕوونیو بێ پێچو پەنا قسە کردن.

٦ـ پێداویستیەکانی خۆمان بەیان بکەین.

٧ـ ڕێگاچارەیەک بدۆزەوە کە مرۆڤ بتوانێ لەگەڵی بژیو ئامادەی دانوستان بە.

گرینگترینی ئەو وشە کلیلییانەی کە لە کاتی ئیدارەکردنی کێشەکاندا بەکارمان دێن بریتیین لە:

پێوەنـــدی، دیالۆگ، ڕێزو حورمەت، تێگەیشـــتن لە ڕوانگەکانی کەســـی بەرانبەر، دانوســـتان،

دۆزینەوەی ڕێگاچارە.

**بۆ فێربوونی زۆرتر: داوای لێبوردن.**

لە ئیدارە کردنی کێشەکان‌دا زۆر گرنگە لە بایەخو کاریگەریی وشەی لێم ببووره تێبگەین. بۆ داوای لێبـــوردن دەکەین؟ ئایا تەنیا لەبەر ئەوەیە کە دەمانەوێ بەئەدەب بین؟ یان دەمانەوێ لەو ڕێگایەوە سیگناڵێکی تایبەتی بنێرین؟ بیر لەو هەڵومەرجانە بکەوە کە لەوێ‌دا پیویستە داوای لێبوردن بکەین.

* کەی داوا لە کەسێک دەکەین کە لێمان ببوورێ؟
* مەبەستی ئێمە لە داوای لێبوورن چیە؟
* کاتێک داوای لێبووردن دەکەین چ هەستێکمان بۆ دێتە پێش؟
* دوای داوای لێبووردن چ هەستێکمان بۆ دێتە پێش؟
* ئەگەر خەڵکانی تر داوای لێبوردنم لێ دەکەن، چ هەستێکم تێدا دروست دەبێ؟

کاتێک داوای لێبووردن دەکەین، وشەی لێم‌ببووره، وەک کلیل دەرگامان بەڕووی سەرگرتنەوەی کۆمیونیکاسیۆن‌دا بۆ دەکاتەوە. واتە پێوەندی و کۆمیونیکاسیۆن دروست دەبێتەوە. ئەوەش پێویستیی هەرە بنەڕەتیە لە ئیدارە کردنی کێشـــەکان‌دا. ببووره، لێم ببوره وشـــەیەکی جوان‌و پڕ مانایە، دەبێ فێر بین زۆرتر بەکاری بەرین!

لێم ببوره!

I am sorry!

بمبەخشە!

## بەشی حەوتەم
## تیئاتر لە وانە وتنەوەدا

یەکێک لە مێتۆدە هەرە باشەکانی کار کردن لەسەر مافەکانی مرۆڤو راهێنانی منداڵانو لاوان بۆ ئاشنا بوون لەگەڵ ئەوان، بریتیە لە بەکارهێنانی تیئاتر لە کۆرسەکان دا. هەروەها شانۆ بۆ راهێنانی لاوانو منداڵان لەسەر چۆنیەتیی چارەسەر کردنی کێشەکانو پەروەردەکردنیان لەسەر بناخەی پرەنسیپەکانی پلۆرالیزمی فەرهەنگیو تێگەیشتن لە بەهاو نرخە جۆراوجۆرە کولتووریەکان، مێتۆدێکی زۆر باشو کارایە. ئێمە لە کارو چالاکییەکانی خۆماندا بەتایبەتی لە کاتی بەڕێوەبردنی کۆرسە درێژخایەنەکان دا، هەمیشە کەڵکمان لەو میتۆدە وەرگرتووەو ئاکامی زۆر باشیشی بەدەستەوە داوە.

لە کۆرسەکانی ئێمەدا هەموو جارێ لە لەکاتی پیادەکردنی دەرسەکاندا، مامۆستایەک کە شارەزایی لە شانۆدا هەبووبێ، بۆ ماوەی سەعاتونیوێک نێوەرۆکی ئەو بابەتانەی کە لە دەرسەکاندا باسیان لێکراوە، لەگەڵ بەشدارانی کۆرسەکان، بەشێوەی تیئاتر دەردەهێنا. مادده دەرسییەکانیان دەکرانە کردەوەو ئاکارو رەفتارێک کە لە ژیانی رۆژانەدا رەنگ بدەنەوە. دیارە هەمیشە دەبێ نێوەرۆکی تیئاترەکان ئیلهام لەو بابەتانە وەرگرن کە لە کۆرسەکاندا بە شێوەی تیئۆری دەگوترێنەوە.

لە ڕێگای بەکارهێنانی دراماو تیئاتر لە کۆرسەکاندا، زۆر بە ئاسانی دەتوانین بەشدارانی کۆرسەکان لەسەر ئەوە رابێنین کە ئەو شتانەی فێریان دەبن، لە کردەوەدا بەکاریان بێننو بیانکەنە بەشێک لە ئاکارو رەفتاری رۆژانەیان و لەگەڵ کەسایەتیی خۆیان ئاوێتەیان بکەن. لەم ڕێگایەوە قوتابییەکان هەستی باوەڕبەخۆبوونیان تێدا دروست دەبێ، توانای نیشاندانی هاوپێوەندییو هاودەردییو هاوخەمیو

متمانەیـــان تێدا پێک دێو بەهاو نرخە ئینســـانی‌یەکان لەگەڵ وجوودیان تێکـــەڵ دەبن. بەم جۆرە کەسایەتی‌یان گەشە دەکاو بۆ پێشەوە دەچێ.

بەشـــدارانی کۆرســـەکان بە شێوەی دراماو پانتۆمیم رۆڵی کەســـانی دیکە دەگێڕنو فێر دەبن کە "پێڵاوی کەســـانیتر" بکەنە پێ. بەو جۆرە نێوەرۆکی باســـەکان بە شێوەیەکی زیندوو دەگوێزرێتەوە بۆ دنیای راستی و ژیانی رۆژانە. ئەم شێوە دەرس گوتنەوەیە نەخشێکی گرینگیشی لە سۆسیالیزە بوونی بەشدارانی کۆرسەکەو ئاشنا بوونی پتری ئەوان لەگەڵ یەکتردا هەیە.

بۆیە ئەگەر بەشـــدارانی کۆرسەکە پێشتر، یەکتریان نەدیوەو ئاشـــنایەتیان لەگەڵ یەکتری‌دا نیە، باشـــتر وایە لەم مێتـــۆدە زۆرتر کەڵک وەرگیـــرێ. زۆرن ئەو قوتابییانەی کەمتر لـــەوەدا زیرەکن کە بەشـــێوەی قســـە بتوانن زانیاری‌یەکانی خۆیان دەربڕن. ئەو جۆرە کەســـانە بەکردەوە باشتر دەتوانن شـــارەزایی‌و لێوەشاوەیی‌یەکانیان نیشـــان دەن. دەبێ بگوترێ ئەگەر کەسێک لە بەشدارانی کۆرسەکە حەز ناکا لەو جۆرە چالاکی‌یانەدا بەشداری بکا، پێویست نیە زۆری لێبکرێ بۆ بەشدار بوون لەم جۆرە کارانەدا. بەڵام مامۆســـتا دەبێ لە بیری بێ کە لە جیاتی بەشـــداریکردنی لەم چالاکی‌یانەدا، ئەرکو راهێنانی دیکەیان پێبسپێرێو داواشیان لێ بکات کە جێبەجێیان بکەن. بۆ نموونە دەکرێ داوایان لێ بکەین سێنەکە برازێننەوە یان مانوسی تێئاترەکە بە خەتی خۆیان ئامادە بکەن.

لە پرۆســـەی چوونە پێشی کاری کۆرسەکەدا دەکرێ بەشداران زۆر پەردەی جۆراوجۆر لە شانۆکە دروست کەنو پاشان لە دەرفەتێک‌دا ئەگەر بیانەوێ هەموویان بەسەریەکەوە پێشان بدەن. لەو جۆرە کارانـــەدا چۆنیەتیی ئاکامی کار زۆر گرینگە، بەڵام راســـتی‌یەکەی ئەوەیە کە پرۆســـەکەش زۆر زۆر گرنگە. ئەگەر پرۆسەی چوونە پێشی کار چاک نەڕواتە پێش، دیارە ئاکامیشی زۆر باش نابێ. ئەو دوو لایەنە پێوەندییەکی دیالیکتیکیان پێکەوە هەیە. بۆیە چۆنیەتیی بەشـــداریو چالاک بوونی قوتابیان لە کاروباری کۆرسەکەدا زۆر گرنگەو لەسەر چۆنیەتیی ئاکامی کۆرسەکان بە فاکتۆرێکی بڕیاردەر دادەنرێ.

لێرەدا کورتەیەک لە وتارێکی کریســـتین یۆرگنســـن کە پســـپۆڕێکی بەناوبانگی تێئاترو درامایە سەبارەت بە بایەخی بەکارهێنانی دراما لەو جۆرە کۆرسانەدا دەخەینە بەرچاو. ناوبراو باس لە ئەزموونی خۆی لە بەکارهێنانی شـــانۆ لەو کۆرســـانەدا دەکا کە رێکخراوە مرۆڤدۆستەکانی نۆروێژی بۆ راهێنانی لاوانو مێرمنداڵان لەســـەر مافەکانی مرۆڤو ئاشنا کردنی ئەوان بە بایەخە ئینسانی‌یە بنەڕەتی‌یەکان بەکاری دێنن.

«لەو کۆرســـەدا هەموو شـــتێک باش بوو، بەڵام تێئاترەکە زۆر زۆر باش بوو». ئەمە دەقی وەڵامی لاوێکە بەو پرسیارە کە لە کۆرسەکە چیت پێ باش بوو. ناوبراو پاش تەواو بوونی کۆرسەکە بەم جۆرە وەڵام دەداتەوە:

«هەموو شتێک باش بوو،بەڵام تێئاترەکە زۆر زۆر باش بووو شوێنەوارێکی زۆری لەسەر من دانا».

لە هەلومەرجێکدا کە مامۆستا ناچارە زۆر بابەت وەک ماددەی دەرسی تێکەڵاو کاو لە ماوەی چەند

ســـەعاتێکی دیاریکراو دا، بیانڵێتەوە. تیئاتر ئامرازێکی زۆر باشـــە کە دەتوانێ ئەو مەبەستە وەدیبێنێ. لەو ڕێگایەوە مامۆستا دەتوانێ مەبەستەکانی خۆی باش بپێکێ، نێوەرۆکی وانەکان بگوێزێتەوە، زەوق‌و حەزی قوتابی‌یەکان بۆ فێربوون وەخەبەر بێنێ. لە حاڵەتێکی لەو جۆرەدا قوتابی‌یەکان گەشە دەکەن‌و فێر دەبن. لەو مێتۆدەدا قوتابی‌یەکان سۆســـیالیزە دەبن، هاوکاری پێکەوە دەکەن، لەگەڵ یەکتر ئاشنا دەبن‌و پێکەوە هەندێک ئەرک بەڕێوە دەبەن کە دەبێتە هۆی بەرفراوان بوونی سنوورەکانیان.

لـــە ڕێـــگای تیئاترو دراماوە مـــن لاوەکان‌و مێرمندالـــەکان لەگەڵ خۆم بۆ دنیایـــەک دەبەم کە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ئەو واقعیەتە هەیە کە تێیدان. دەیانبەمە دنیایەک کە لەوێدا شـــتی دیکە روو دەدا، مرۆڤ هەست دەکا گۆڕاوەو بۆتە کەسێکی دیکە. جاری واشە پێویستە هەر لە چوارچێوەی واقعیەتەکان‌دا بســـووڕێنەوەو خۆیان چۆنن هەرواش وەریانگرین. بەڵام ئەوە مەترســـییەکی تێدا نیە، چونکە ئێمە تەنیا شـــانۆ بەڕێوە دەبەین. کاتێک لە شـــانۆیەک‌دا یەکێک ڕۆڵێک دەبینێ کە لەو ڕۆڵەدا دەمرێ، ئەوە هەر لەســـەر ســـێنەکە شتێکی ئاوا روو دەدا، لە راســـتیدا ئەو نامرێ. ئاخر لەسەر شانۆ دەتوانین ڕۆڵی کەســـێکی تر ببینین، دەتوانین بە خەون بڕۆینە جێگا دوورەکان، دەتوانین هەویەت‌و ناسنامەیەکی دیکە پەیدا بکەین، یان هەویەت‌و ناسنامەی کەسانێکی تر قەرز کەین‌و ببینە کەسێکی تەواو جیاواز.

کاتێک مافەکانی مرۆڤ وەک دەرس دەڵێینەوەو لەگەڵ لاوەکان‌دا پێکەوە کاریان لەسەر دەکەین، زۆر بابەت‌و مەسەلە دێنە پێش کە قوتابی‌یەکان پێویستە خۆیانیان لەگەڵ ڕێک خەن. ناچارین پێکەوە باس لەو نادادپەروەریانە بکەین کە لە دنیای واقعی‌دا هەن‌و بیانخەینە بەر باس‌و لێدوان.

ئێمەو ئەو مامۆستایانەی کە لە قوتابخانەکانی ڕێکخراوی هێلسینکی بۆ فێربوونی مافەکانی مرۆڤ کار دەکەین، لە رەوتی کاری خۆمان‌دا زۆرتر پێ لەســـەر نۆرمەکان، پێداویســـتییەکان‌و یاساو ڕێساو ڕێوشـــوێنە پەسندکراوەکان دادەگرین. دەبێ بگوترێ کە هەمیشـــە وا نیە هەموو لایەک، یان هەموو بەشدارانی کۆرســـەکان وەک یەک لە مانای مافەکانی مرۆڤ تێبگەن. ڕوونە کە تێگەیشتنی کوڕێکی موســـوڵمانی سۆمالی لەگەڵ هی کچێکی نۆرویژی کە مەسیحی‌یە سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ لێک جیاوازن. هەر بەو جۆرە دەرکی لاوێک کە بیروباوەڕی کۆمۆنیســـتیی هەیە لەگەڵ کچێکی تر کە لە دەست ڕێژیمێکی کۆمۆنیستی رای کردوە سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ جیاوازە.

بـــۆم زۆر گرنگ بوو کە لـــە کاتی کار کردن لەگەڵ ئەو لاوانەدا، پارێـــزگاری لە ڕۆڵەکانی خۆیان بکـــەن. لایەنێکی زۆر گرنگی کۆرســـەکانی ئێمـــە ئەوەیە کە بتوانی نەزەرێک یـــان کردەوەو رەفتارو ئاکارێک لە خۆت نیشـــان دەی کە بۆ تۆ تازە بێ. لەو ڕێگایەوە ئێمە دەمانەوێ ئەو پەیامە بگەیەنین کە دەتوانین لە زۆر گۆشـــەنیگاوە تەماشـــای شتێک بکەین. واتە دەتوانین ڕۆڵی ئەوتۆ بە خۆوە بگرین کە جیاوازە لەو ڕۆڵەی لە حاڵەتێکی ئاسایی‌دا هەمانە. وەختێک ئێمە بەو جۆرە کار دەکەین‌و دەچینە ڕۆڵـــی جۆراوجۆری دیکەوە، با لە حەقیقەتیش‌دا وا نەبێ لە واقعییەت نزیک دەبینەوەو بەم جۆرە فێر

دەبین. چیرۆک‌و داســـتانی جۆراوجۆر دەکەینە مایەی درامـــاو تیئاترەکانمان، ئەو چیرۆکانە لە ژیانی راستەقینەی رۆژانە وەرگیراون. کاتێک ئەوان دەکەینە تیئاتر، دەچینە رۆڵی قارەمانەکانی ئەو داستانەوە جا با لە ئەســـڵدا ئەو رۆڵانە هی خۆشـــمان نەبن. ئاخر چوونە رۆڵی کەســـانی دیکەوەو ئەنجامدانی هەندێـــک کردەوەو ئاکار کە لە ژیانی رۆژانـــەدا نەتکردوون، بێئەندازە ئـــازادت دەکەن‌و باڵی فڕینت دەدەنـــێ. بەم جۆرە لەو قۆزاخە تەنگە کە خووت پێوەگرتووە رزگار دەبی‌و مەیدانی دیکەو ئاســـمانی دیکە بۆ فڕین‌و چوونە پێش دەدۆزییەوە.

## ئۆگۆستۆبۆڵ‌و تیئاتری چەوساوەکان

وەک تەماشـــاکەر راهاتووین کە لە سالۆنێکی تاریک‌دا دانیشین‌و تەماشا بکەین بزانین لەسەر شانۆ چ روو دەدا. لە هەلومەرجێکی ئاوادا، رۆڵی تەماشاچی‌یەکی پاسیف دەبینین. دوای رووداوەکانی نێو شانۆ دەکەوین. بە هێواشی‌و بە بێدەنگ دانیشتووین‌و ناتوانین سەبارەت بەو کارو کردەوانەی لەسەر شانۆکە نیشـــان دەدرێن، نەزەرو ڕوانگەکانمان دەربڕین، یان بەکردەوە هەڵوێستێک بەرامبەر بەوان لە خۆمان نیشان دەین.

ئۆگۆســـتۆبواڵ مۆدێلێکـــی لە تیئاتـــر داهێنا کە لەوێ‌دا تەماشـــاچی ناتوانێ پاســـیڤ‌و بێدەنگ‌و بێهەڵوێســـت بێ. لەو شـــێوە تیئاترەدا دیوارەکانی نێوان ئەکتەری چالاکی ســـەر شانۆو تەماشاچیی پاســـیڤی نێو سالۆنەکە نامێنن. ئۆگۆستۆبۆداڵ پێداگۆگی پسپۆڕی شانۆو خەڵکی برازیل بوو. ئەو توانی قوتابخانەیەکی نوێ لە شـــانۆدا دروست بکا. قوتابخانەیەک کە دواتر بە ناوی «تیئاتری چەوساوەکان» ناســـرا .ئەو بۆ داهێنانی ئەم جۆرە تیئاترە ئیلهامی لـــە کۆمەڵگای برازیل وەرگرتبوو. کۆمەڵگایەک کە خەڵک لەوێ‌دا بە شـــێوەی جۆراوجۆر دەچەوســـێنەوە. لە ســـاڵانی دەیەی ۱۹۹۰ دا، ئۆگستۆ بۆ ئەوە کاری دەکرد کە مۆدێلێک لە تیئاتر داهێنێ کە خەڵک بتوانن راستەوخۆ بەشداریی تێدا بکەن‌و بتوانن شوێن لەسەر رووداوەکانی سەر سێنەکە دانێن. پاش ئەوەی کە ناوبراو لە ساڵی ۱۹۶۱ دا، کتێبێکی با ناوی تیئاتری چەوساوەکان بڵاو کردەوە، لەلایەن کاربەدەستانەوە گیراو تەنانەت شکەنجەش کرا. ئاخر رێژیمی ئەو کاتی برازیل کە حکوومەتێکی نیزامی بوو، بیرو باوەڕەکانی ئەوی وەک مەترســـی‌یەک بۆ سەر دەسەڵات لە قەڵەم دەدا.

لە رەوتی کارکردن لەســـەر "تیئاتری چەوساوەکان"دا ئۆگستۆ بۆوداڵ بۆی دەرکەوت کە تیئاترو دراما شـــوێنەوارێکی زۆر گەورە لەســـەر مرۆڤەکان دادەنێن. ئەمە بوو بە هـــۆی ئەوە کە دواتر ناوبراو کتێبێـــک بە ناوی (Rainbow of Desire) دانێ کە ژمارەیەکی زۆر راهێنانی شـــانۆیی گرتوونە خۆ بۆ ئەو کەســـانەی دیانەوێ خۆیان بەرەوپێش بەرن، ئاڵوگۆڕ بەســـەر ئاکارو رەفتارو ڕوانگەکانیان‌دا بێنن‌و کەسایەتیی خۆیان پەرە پێ بدەن. لەو کتێبەدا هاتووە کە:

هەمووان دەتوانن لە تیئاتردا رۆڵ بگێڕن، تەنانەت شانۆکارەکانیش. دەتوانرێ لە هەموو جێگایەک

تیئاتر بەڕێوە ببردرێ، تەنانەت لەسەر شانۆش.

یەکێک لەو میتۆدانەی کە ئەو زۆر کەڵکی لێوەردەگرت بریتی بوو لە مێتۆدیForum Forumteates بە لاتینی دە بێتە "بازاڕ". لە سەردەمی ئێستادا ئەم وشەیە بە جیگایەک دەوترێ کە مرۆڤەکان لەوێ کۆ دەبنەوە بۆ باسو لێدوان لەسەر مەسەلە جۆراوجۆرەکان. بۆودال ئەم ئیدەیەی وەک ئامرازێک بەکار هێنا تا لە ڕێگای ئەوەوە گیروگرفتەکانی نێو کۆمەڵ بێنێتە نێو "بازاڕ".

لەم جۆرە تیئاترەدا لە پێشدا، پرۆگرام بۆ چوونە پێشی کارەکان دادەڕێژرێ. تیئاترەکە هەر لەو جێیە دروست دەبێوبەڕێوە دەچێولە ڕاستیدا ئەوە جەماوەرن کە خۆیان دروستی دەکەن، نێوەرۆکی پێدەدەنوبەڕێوەشی دەبەن. هەر بۆیە تیئاترێکی لەو جۆرە تەواو نەبووەو بێ کۆتاییە. هەمیشە جەماوەر، تەماشاچییەکان دەتوانن پێوەی زیاد کەنو شتی تازەتری بخەنە سەر.

گرنگترین توخمی ئەم جۆرە تیئاترە، بریتییە لە شیکردنەوەو لێکدانەوەی گیروگرفتێک، یا هێنانە بەر باسی مەسەلەیەک کە بۆکۆمەڵ گرنگە بریتییە لە مەشق کردنو خۆڕاهێنانو هەڵە کردنو ڕاست کردنەوەی هەڵەکانو چوونە پێشو کەوتنو هەستانەوەو دیسان چوونە پێشی زۆرتر.

لەو جۆرە تیئاترەدا شانۆیەک سەبارەت بە حاڵەتێک پێشان دەدرێ کە پێوندیی بە مافەکانی مرۆڤ، پلۆرالیزمی فەرهەنگی یان چۆنیەتیی چارەسەر کردنی کێشەکانەوە هەیە. لە پێشدا شانۆکە بە جۆرێک کە بە شێوەیەکی زۆر خراپ کۆتایی پێ بێ، پێشانی خەڵک دەدرێ. واتە شانۆکە بە ڕەوتێکدا دەڕواتە پێش کە دڵخواز نیەو ڕەوتی چوونە پێشی ئەو ڕووداوانە بە جۆرێک دەڕوا کە ئاکامی خراپی بەدواوە دەبێ. پاشان بۆ جاری دووهەم شانۆکە پێشان دەدرێ. لێرەدا خەڵک یان کەسانێک لە نێو خەڵکدا کە تەماشاچین، دەتوانن لە هەر جێیەکو لە هەر نوختەیەکی شانۆکەدا هاوار کەن "ڕاوەستە"و بێنە سەر سێنەکەو ڕەوتی ڕووداوەکان بە ئاقارێکی دیکەدا بەرنو بەجۆرێکی دیکە ڕۆڵ بگێڕن کە ئاکامێکی دیکەی جیا لەوەی پێشوو بەدەستەوە بدەن. ئەکتەرەکان بێوچان تیدەکۆشن خۆیان لەگەڵ وەزعی تازە بگونجێننو شتی تازەتر بە نێوەرۆکی شانۆکەوە زیاد کەنو ڕێگاچارەی تازە بۆ گیروگرفتەکان بدۆزنەوە. لێرەش مەسەلەی گرنگ ئەوە نیە کە مرۆڤ بتوانێ ڕێگاچارەیەک بۆ گیروگرفتەکە بدۆزێتەوە، گرنگ ئەوەیە کە فێر بینو هەوڵمان دابێ ڕێگاو شێوەو مێتۆدی جۆراجۆرمان بۆ چارەسەری کێشەیەک تاقیکردبێتەوە. لەو ڕێگایەوە بەشدارانی کۆرسەکان فێر دەبن کە ئیمکاناتو دەرفەتو مێتۆدی جۆراوجۆر بۆ چارەسەری کێشەیەک لە گۆڕێ دان. مەیدانی ئەوە هەیە کە مرۆڤ لە نێو ئەو دەرفەتو بوارانەدا ئەوەیان هەڵبژێرێ کە باشترەو ئاکامی باشتری بەدواوەیە. بەشداران ئەوەش فێر دەبن کە ئەگەر دەیانەوێ ئاڵوگۆڕ لە وەزعەکەدا بێتە پێش، خۆشیان دەبێ چالاکییەک لە خۆیان نیشان دەن. ئەگەر کەس لە تەماشاچییەکان هەڵوێستی نەگرتو نەهاتە نێو شانۆکەوە، ئەوە ڕێبەری شانۆکە دەتوانێ وەبیر جەماوەری تەماشاچی بێنێتەوە کە ئەگەر کەس لە تەماشاچییەکان نەیەتە سەر شانۆو ئاڵوگۆڕ دروست نەکا، دیسان ڕەوتی ڕووداوەکان هەر بە شێوەی جاری یەکەم دەڕۆنە پێش.

بەم جۆرە هەر کام لە بەشـــداران، لە تەماشـــاچی‌یەکان حاڵی دەبن کە بەرپرسایەتییان لەسەر شانە. ئەگەر دەیانەوێ وەزعەکە بگۆڕن، رووداوەکان بە جۆرێکی دیکە برۆنە پێش، دەبێ هەڵوێستیان هەبێ، دەخالەت بکەن، هاوار کەن‌و شـــوێنەوار لەســـەر رووداوەکان دانێن‌و مۆری خۆیانیانی پێوە نێن. ئەگەر من هەوڵ نەدەم، تێنەکۆشـــم، کارێک نەکەم بۆ گۆڕینی دنیا هیچ ئاڵوگۆڕێک پێک نایەو رووداوەکان هەروا بە شێوەی ئاسایی دەڕۆنە پێش‌و لە ئاکامدا وەزعەکە هەر ئەوە دەبێ کە هەیە.

## گرنگترین رێوشوێنەکانی ئەم جۆرە تیئاترە ئەمانەن:

* گۆڕینی کەســـی ئەســـڵی: لە کاتی پێشـــاندانی تیئاترەکەدا بۆ جاری یەکەم، تەنیا کەســـی یەکەم دەگۆڕدرێ.

* پابەند بوون بە چوارچێوەی ئەســـڵیی مەســـەلەکە. واتە ئەو کەسانەی دێن‌و رۆڵ دەگێڕن‌و جێگای کەسی یەکەم دەگرنەوە، پێویستە پابەند بن بە چوارچێوە ئەسڵی‌یەکانی بابەتەکەوە.

* رۆڵی جۆکەر. جۆکەر رێبەرایەتیی تیئاترەکە دەکا. دەشتوانێ یەکێک لە بەشدارانی تیئاترەکە بێ. ئەو پێویستە سەرپەرستیی راهێنانەکان بکات. رێ‌و شوێن‌و یاساورێساکان بۆ بەشداران ڕوون کاتەوەو جار جار ئەگەر پێویســـت بێ زانیاری‌و ئاگاداری بە جەماوەر بدا. جۆکەر دەبێ خەڵک واتە تەماشاچییەکان هان‌دا کە بەشداری بکەن، سەرنج بدەن، چەپڵە بۆ کارە چاکەکانی ئەکتەرەکان لێدەن‌و ئیلهام‌و شوورو شەوق لە نێو خەڵکدا بۆ تەماشا کردن‌و بەشداربوون دروست کا.

* ســـحرئامێز بوون: تەماشـــاچی‌یەکان بڕیار دەدەن ئەو ڕێگاچارەی پێشنیار دەکرێ سەرسوڕهێنەر و ماگیســـکە یان نا. بۆ نموونە ئەگەر مرۆڤ لاتاری بۆ دەرچێ‌و دەوڵەمەند بێ ئەوە بە کارێکی ماگیسک بەحیساب دێ.

* دۆزینەوەی ڕێگا چارە. تەماشاچییەکان دەتوانن لە دۆخێکی دژوارو تایبەتی‌دا بێنە نێو تیئاترەکەوەو ڕێگاچارەیەکی دیکە پێشنیار بکەن بۆ چارەسەری ئەو گیروگرفتە کە هەیە. بەو حاڵەش ئەو چارەسەری‌یە پێوندیی بەو وەزعەوە هەیە کە نێوەرۆکی شـــانۆکەی لەســـەر بنیات نراوە. ڕەنگە ئەو چارەسەرییە لە شوێنێکی دیکەو لە جێگایەکی دیکەو لە پێوەندی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا بە جۆرێکی دیکە بێ.

## تێبینی:

وا باشە پێش ئەوەی تیئاترەکە پێشان جەماوەر بدرێ، ئەو رێساو رێوشوێنە جۆراوجۆرانە بۆ خەڵکەکە ڕوون بکرێنەوە. هەروەها جۆکەر پێویســـتە ئەوەش بۆ خەڵکەکە ڕوون کاتەوە کە تیئاترەکە بۆ جاری دووهەمیش پێشان دەدرێ.

## بەشی هەشتەم
## ئاکتڤیزم یان ئەنجام دانی چالاکیی جۆراوجۆر بۆ پاریزگاری لە ماف و ئازادیەکانی مرۆڤ

هیچ کەسێک ناتوانێ هەموو شتێک بۆ هەمووان بکات. بەڵام هەموو دەتوانن شتێک بۆ کەسێک بکەن. ( یەک نەفەر ناتوانێ هەمان خەنی کات، بەڵام بە هەمان دەتوانن نەفەرێکی خەنی کەن)

لە دنیایەکدا دەژین کە ڕۆژ نیە شاهیدی لەژێرپێنانی مافەکانی مرۆڤ لێرەو لەوێ نەبین. ڕۆژ نیە نەبینین کە لەم یا لەو گۆشەی دنیادا بەهۆی نەبوونی سنگفراوانیو بایەخ دانەنان بۆ ئینسانەکان کارەساتی جۆراوجۆر دروست نەبن. هەر بۆیە هەبوونی زانیاری سەبارەت بە مافو ئازادییەکانی مرۆڤ بۆ هەمووی ئێمە زۆر پێویستە. بەڵام هەبوونی زانیاری بە تەنیا ناتوانێ دنیا بگۆڕێ. بۆیە زۆر گرنگە کە ئەو زانیارییانەی سەبارەت بە مافو ئازادییەکانی مرۆڤ وەدەستیان دەخەین، بەکاریان بەرین. لێرەدا ئەوە ڕوون دەکەینەوە کە چۆن منداڵان، لاوانو ئێمە گەورەساڵەکان دەتوانین کار بۆ پەرەپێدانی مافەکانی مرۆڤو ڕێز لێگرتنیان بکەین. کاتێک بیر، تیۆریو زانیاری دەکەینە کردەوەو ژیان وەبەر وشەو زاراوەکان دەنێین، هەستێکی زۆر خۆشمان لە لا دروست دەبێ، هەستێک کە لە دروست بوونی ناسنامەو هەویەتماندا ڕۆلی ئەرێنی دەبینێ. هەر چەند وا دێتە بەرچاو کە ئەوەی ئێمە تاکەکەسەکان بۆ باشتر بوونی ژیانو وەزعی مافی مرۆڤ دەیکەین، بە بەراورد لەگەڵ ئەو دنیا گەورەی دەوروبەرمان شوێنەوارێکی زۆر کەمی هەیە، بەڵام کاری ئێمە تەنانەت ئەگەر بچووکیش بێ بایەخێکی یەکجار زۆر گرنگو گەورەی هەیە.

هەمووو ئاڵوگۆڕێک ئەو دەم دەست پێدەکا کە کەسێک کارێک بکا. وا باشە مرۆڤ لە شتی بچووکەوە دەست پێ بکا. لەو شتە بچووکانەوە ئەزموون کۆ کاتەوەو پوختە بیو دواتر کاری گەورەتر، پرسی ئاڵۆزتر چارەسەر کاو پڕۆژەی گرنگتر وەرێ بخا.

## زانیاری سەبارەت بە کێشەکە

ئەگەر دەتانەوێ کار بۆ چوونە سەری ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، بردنە پێش و دابینو دەستەبەر بوونیان بکەن، یەکەمین هەنگاو ئەوەیە کە زانیاری سەبارەت بەوان وەدەست بێنن. بۆ ئەو مەبەستە دەکرێ ڕووداوەکانی ئەو کۆمەڵگایە کە تێیدا دەژی، یان کارەساتو ڕووداوەکانی ناوچەو شوێنە جۆراوجۆرەکانی دیکەی دنیا بخەیە ژێر چاوەدێرییەوەو کاریان لەسەر بکەی.

## لە ئاستی کۆمەڵگاکەی خۆت دا

* وەزعی مافەکانی مرۆڤ لە گەڕەکەکەتان، لە شارەکەتان، لە قوتابخانەکەتانو لە پۆلەکەتاندا چۆنە؟

* گرنگترینی ئەو باسو بابەتو ڕووداوانە چین کە ڕۆژنامەو گۆڤارو مێدیاکانی شارو ناوچەکەی خۆتان لەسەریان دەدوێن؟

* لەگەڵ ئەو کەسانە قسە بکەو بدوێ کە گیرۆدەی دەستی گیروگرفتی جۆراوجۆرن، یان وتوێژ لەگەڵ ئەو کەسانە بکە کار بۆ چارەسەری ئەو کێشەو گیروگرفتانە دەکەن کە خەڵک بە دەستیانەوە دەناڵێنن.

* لە گەڕەکەکەتان دا، لە شارەکەتان دا، لە گوندو دێهاتەکەتان داو لە هەر کوێ دەکرێ پێوەندی بەو ڕێکخراوە جۆراوجۆرانەوە بکە کە بۆ باشتر کردنی وەزعی مافی مرۆڤ، بۆ دابین بوونی مافو ئازادییەکانی مرۆڤ کار دەکەن.

## لە ئاستی وڵات دا

* وڵاتەکەت کام کۆنڤانسیۆنی مافەکانی مرۆڤی پەسند کردوون؟ ئەو کۆنڤانسیۆنەی وڵاتەکەتان پەسندی کردوون چی دەگرنەوە؟ باسی چی دەکەن؟ نێوەرۆکیان چییە؟

* ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکانی وڵاتەکەتان سەبارەت بە دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتەکاندا دەڵێن چیو پێیان وایە لەو پێوەندییەدا گیرو گرفتی هەرە سەرەکی چییە؟ کامانەن ئەو گیروفتانەی لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی مافی مرۆڤ لە وڵاتەکەتاندا لە گۆڕێ دان؟

* بۆ چارەسەر کردنی ئەو گیروگرفتانە کار بەدەستانی دەوڵەت چیان کردوە؟ یان دەیانەوێ چ بکەن؟ کام پڕۆژەو پلانیان بەدەستەوەیە؟

* ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافەکانی مرۆڤ لەو بارەوە بۆ چارەسەری ئەو گیروگرفتانە چ دەکەن؟
* ئایا هیچ ڕێکخرای لاوان لە ئاستی وڵاتو شارو ناوچەکەتان‌دا هەن کە کار بۆ باشتر بوونی مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ بکەن؟ ئەگەر هەن لە کام بواردا چالاکو هەڵسووڕن؟

لە ئاستی دنیا دا

* بەرامبەر بە پێشێلکرانی کام لایەنی مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ زۆر هەستیاری؟ پێشێلکرانی کام مافو ئازادی، سرنجی تۆ رادەکێشێ؟
* کام وڵات لە بواری پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤدا پەروەندەیەکی قورسی هەیە؟
* چاوێک بە نەخشەی دنیادا بگێڕەو ئەو وڵاتانەمان نیشان دە کە سەبارەت بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ زۆر بە ناوبانگن؟
* پێوەندی بە ڕێکخراوێکی مرۆڤدۆست یان ناوەندێکی لێکۆڵینەوە بگرە تا بزانی هۆیەکانی پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ لەو وڵاتانەدا کە تۆ دەتەوێ لەسەریان کار بکەی، چی‌یە؟

## لێکۆڵینەوە بە شێوەی پرسیار کردن

پرسیار کردن لە خەڵک، شێوەیەکی زۆر باشە بۆ وەدەستهێنانی زانیاری سەبارەت بەو مەسەلەی کە لیکۆڵینەوەی لەسەر دەکەی. دیارە زۆر گرینگە کە ئەو کەسانەی پرسیاریان لێ دەکرێ سەبارەت بە مەسەلەیەک، بە جۆرێک پێوەندی‌یان بەو مەسەلەیەوە هەبێ. ئەو شێوە پرسیار کردنە دەکرێ بە نووسراوە بێ یان بە دەم. زۆر جار فۆرمێک لە پێشدا ئامادە دەکرێو دواتر ئەو کەسەی کە وتووێژی لەگەڵ دەکرێ یان پرسیاری لێ دەکرێ، فۆرمەکە پڕ دەکاتەوە. ئاکامی لێکۆڵینەوەکە دەکرێ بکرێتە بەڵگەیەک بۆ دەسنیشان کردنی بارودۆخی مافی مرۆڤ لەو شوێنانەی کە مەبەست بووە. یان دەکرێ بکرێتە بنەما بۆ لێکۆڵینەوەی زۆرترو وەڕێخستنی پرۆژەی جۆراوجۆر، یان ئەنجام دانی پلانو چالاکیی دیکە لە پێوەندی لەگەڵ کار بۆ باشتر کردنی وەزعی مافی مرۆڤ دا.

## لە کێ پرسیار بکرێ؟

* کەسانێک کە پێشتر دەیانناسن وەک دایکو باوکەکان، دۆستو هاوڕێو ئاشناکان.
* هاوپۆلەکانتان، مامۆستاکانتان لە قوتابخانەو زانکۆکان دا.
* ڕێبوارانی سەر شەقامو جادەو کۆڵانەکان.
* کەسانی سەر بە گروپە کەمایەتی‌یەکان، یان کەسانێک کە جیاوازیو هەڵاواردنیان لەگەڵ دەکرێ.
* چالاکانی سیاسی.
* چالاکانی مافەکانی مرۆڤ.
* ڕۆژنامەنووسەکان.

* کەسانی دیکە کە خۆتان پێتان باشە پرسیاریان لێ بکەن.

## لەسەر چی لێکۆڵینەوە بکرێ؟

* خەڵک چ سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ دەزانن؟
* ئایا خەڵک یان هاوشاری‌یەکانت لەگەڵ مافو ئازادی‌یەکانی خۆیان ئاشنان؟
* ئایا خەڵک دەزانن وەزعی مافی مرۆڤ لە کۆمەڵگاکەی ئەوان‌دا چۆنە؟ ئایا دەزانن وەزعی مافی مرۆڤی هاووڵاتی‌یەکانیان لە چ حاڵێک دایە؟
* گەورەترین گیروگرفت لە کۆمەڵگای ئێوەدا، لە پێوەندی لەگەڵ وەزعی مافەکانی مرۆڤدا چی‌یە؟
* ئایا خەڵک دەزانن کە ئەگەر مافو ئازادی‌یەکانیان پێشێل کران، دەبێ چ بکەن؟
* دەزانن یارمەتی لە کوێ وەرگرن؟
* ئایا ئەوان واتە هاوشاری‌یەکانت تا ئێستا ناڕەزایەتی‌یان بەرامبەر بە پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ دەربڕیوە؟ ئایا بە دژی پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤی کەسانی دیکە یان خۆیان تا ئێستا دژکردەوەیان نیشان داوە؟
* هاوشاری‌و هاووڵاتی‌یەکانتان چ سەبارەت بە دادگای مافەکانی مرۆڤ دەزانن؟

## نامە نووسین

نامە نووسین بۆ کاربەدەستانی دەوڵەت لەو شوێنە کە تێیدا دەژی، بە شێوەیەکی زۆر باشی کار کردن بۆ باشتر کردنی وەزعی مافەکانی مرۆڤ دادەنرێ. نامە نووسین بۆ کاربەدەستانی شارەکەتان، ناوچەکەتان، پارێزگاکەتان، سیاسەتمەدارەکان، حیزبە سیاسی‌یەکان، ئەندامانی پارلەمان، وەزیرەکان‌و کەسانی دیکە دەتوانێ شوێنەوارێکی زۆر باش لەسەر بردنە پێشی کار بۆ زۆرتر کردنی ڕێزو حورمەت بۆ مافەکانی مرۆڤ هەبێ. لە نامەکانتان‌دا دەتوانن ڕوانگەو بیرو بۆچوونەکانی خۆتان سەبارەت بەو مەسەلەیە دەرببڕن کە نامەکەتان لەسەری نووسیوە. دەتوانن کۆپی‌یەک لە نامەکەشتان بۆ ڕۆژنامەو ڕاگەیەنە گشتی‌یەکان بنێرن. هەر بەو جۆرە دەتوانن نامەکەتان کۆپی کەن‌و لە گەڕەک‌و شارو ناوچەکەی خۆتان‌دا بڵاوی کەنەوە یان بیخەنە سندووقی پۆستیماڵەکانەوە. مەبەست لەوە ئەوەیە کە بیروڕای گشتی لە نێوەرۆکی نامەکانتان ئاگادار کەن تا لەو پێوەندی‌یەدا پشتیوانیتان لێ بکەن.

## وتار نووسین بۆ ڕۆژنامەکان

یەکێک لەو شێوە گرینگانەی کە بتوانن لە ڕێگایەوە سرنجی بیروڕای گشتی بۆ لای کێشەیەک ڕاکێشی، بریتی‌یە لە نووسینی وتار سەبارەت بە کێشەکە بۆ ڕۆژنامەو گۆڤارەکان. وا باشە ئەو جۆرە وتارانە زۆر کورت داڕێژرێن. مەبەست ئەوەیە کە بتوانی کێشەکە پێناسە بکەی. بەڕوونی کورتەیەک

ســەبارەت بەو گیروگرفتە دەنووســن کە لە گۆڕێ دایە. پاشانیش ڕوانگەو بۆچوونەکانتان دێننە بەر باسو بەڵگەیان بۆ دەهێننەوە. وا باشــە سەرەتای وتارەکانتان بە گێڕانەوەی ڕووداوێک، کارەساتێک، چیرۆکێک دەســت پێ بکەن کە خۆتان یان کەســانێکی دیکە دیتوویانە یان بەســەریان هاتووە. هەروەها زۆر باشــە لەو وتارانەدا کاربەدەســتانو خەڵک هان درێن کە بۆ گۆڕینی وەزعەکە هەنگاو هەڵگرن. دیارە ئەگەر ئەوەش ڕوون بکرێتەوە کە سیاســەتمەدارەکانو خەڵک دەتوانن لەو بارەوە چ بکەن تا یارمەتی بە باشتر بوونی وەزعەکە بکەن، یارمەتی‌یەکی زۆر بە چوونە پێشی کارەکە دەکا.

## بەشداری کردن لە باسو لێدوان لەسەر کێشەو مەسەلە جۆراوجۆرەکان

یەکێکی دیکە لەو مێتۆدانەی کە دەتوانین لە ڕێگایەوە شوێنەوار لەسەر کۆمەڵگا دانێین، بریتی‌یە لە پێکهێنانی کۆڕو کۆبوونەوە بۆ باسو موناقەشــە کردن لەسەر کێشە جۆراوجۆرەکان. بۆ مەبەستێکی لەو چەشنە، دەبێ لە پێشدا کێشەیەک، یان مەسەلەیەک هەبێ کە پێویست بێ باسی لەسەر بکرێو بۆ خەڵکیش گرنگ بێ. پاشان پێویستە کەسانی ئەوتۆ بانگ بکرێن بۆ باسو لیدوان لەسەر بابەتەکە کە شارەزایی‌یان لەسەر کێشەکە هەبێ، یان بەجۆرێک پێوەندی‌یان پێیەوە هەبێ، یان کەسانێک بن کە بە جۆرێک دەتوانن لەو بارەوە کارێک بکەن، یان بە جۆرێک ئەو کێشەیە دەکەوێتە چوارچێوەی بەرپرسایەتیی ئەوانەوە. وەک سیاسەتمەدارەکان، نوێنەرانی پارلەمان، پۆلیس، کارمەندانی دەوڵەوت، بەرپرســانی حکوومەت لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا، مامۆســتایانو کەســانی دیکە. لەبیرتان بێ کە حەتمەن ڕۆژنامەنووسو ڕیپۆرتەر بۆ ئەو جۆرە کۆبوونەوانە بانگهێشتن بکەن.

## خۆپێشاندان

یەکێکی دیکە لەو مێتۆدانەی کە دەکرێ بە هۆی ئەوانەوە شــوێن لەسەر کۆمەڵگا دانێین، بریتی‌یە لە ڕێکخســتنی خۆپێشــاندانو کۆڕو کۆبوونەوەی جۆراوجۆر بۆ نارەزایەتی دەربڕین یان پشــتیوانی کردن لە مەسەلەیەکی ڕەوا. ڕێکخستنی ئاکسیۆن، یان خۆنیشاندان، یان هەر جۆرە کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتی دەربڕین، دەبێتە هۆی ڕاکێشانی سرنجی خەڵک بۆ لای مەسەلەکە. لەبیرتان بێ لە کاتی ڕێکخستنی خۆنیشاندان‌دا دەبێ بەوردی بیر لەوە بکەنەوە کە دەتانەوێ چ بکەن؟ دەتانەوێ چ بڵێن؟ کام پەیامتان پێیە بە خەڵکی ڕابگەیەنن؟ ڕووی قســەو دروشمو پەیامەکانتان لە کێ‌یە؟ زۆر گرنگە لە پێش‌دا بەرنامەریزیتان کردبێ. لە کوێوە دەســت پێدەکەن؟ بە کوێ‌دا دەڕۆن؟ لە کوێ کۆتایی بە خۆپێشــاندانەکە دێنن؟ چۆن بەرنامەکەتان جێبەجێ دەکەن؟ هەندێک جار پێویســتە مۆڵەتی قانوونی بۆ بەڕێوە بردنی خۆپێشــاندان لە پۆلیس وەرگرن. ئەوەش گرنگە کە تا بۆتان دەکرێ هەوڵ دەن ژمارەیەکی زۆرتری خەڵک لە ڕیپێوانەکەدا بەشــدار بن. تا ژمارەی بەشدارانی خۆپێشاندانەکە

زۆرتر بێ، بایەخی سیاســیی مەسەلەکە پتر دەبێو کێشــەکە زۆرتر دەنگ دەداتەوە. هەر بەو پێیە کاربەدەستانیش پتر سرنجی دەدەنێ. پێویستە ئەوەش وەبەرچاو بگرن کە وێنەو دروشمو پلاکاتەکان، تا گەورەترو ڕوونترو جوانتر ئامادە کرابن، باشتر دەتوانن پەیامەکانتان بۆ دەوروبەر بنێرن.

## یارمەتیدانی گروپو دەستەو تاقمە لاوازو کەم دەسەڵاتو بێدەسەڵاتەکان

لە هەر کۆڕو کۆمەڵگایەک دا، هەندێک گروپو دەســـتەو تاقمی جۆراوجۆر هەن کە پێویستییان بە یارمەتیو دەستگیری هەیە. پیرو بە ســـاڵاچووەکان، کەم ئەندامەکان، منداڵانی نەخۆش، پەنابەرو ئاوارەکان، کەسانێک کە پێویستی‌یان بەوە هەیە سرنجی تایبەتییان بدرێتێ، کەسانی نێو زیندانەکان، نەخۆشـــانی نێو نەخۆشخانە ڕەوانی‌یەکان، منداڵانی بێ دایکو باوک، کەسانی هەژارو بێداهاتو هی دیکە. ئێوە دەتوانن زۆر کار بۆ یارمەتیدانی ئەو جۆرە کەســـانە بکەن. دەتوانن ســـەبارەت بە وەزعی نالەباری ئەوان، نامە بۆ کاربەدەســـتانو ڕۆژنامەو ڕاگەیەنە گشـــتی‌یەکانی دیکە بنووســـن. دەتوانن ســـەردانیان بکەن تـــا بزانن ئایا ئێوە خۆتـــان دەتوانن کارێکیان بۆ بکەن. بـــۆ نموونە ئەگەر ئەوان پێوســـیتی‌یان بە شتێک هەبێ، ئێوە دەتوانن پرۆژەیەک بۆ کۆ کرانەوەی ئەو شتانە وەڕێ بخەن کە ئەوان پێویستی‌یان پێیان هەیەو لەو ڕێگایەوە ئەو پێداویستی‌یانەیان دابین بکەن.

ئەگەر کەســـانێک لە کۆمـــەڵدا دوورەپەریزن، دەتوانن یارمەتی‌یان بـــدەن تا بێنە نێو کۆمەڵو چالاکیی جۆرراوجۆر لە خۆ نیشـــان بدەن. دەتوانن پارەو یارمەتیی جۆراوجۆری دیکە کۆ کەنەوە بۆ ئەو کەسانەی دەســـت تەنگن، یان لە هەلومەرجێکی تایبەتیو قەیرانی‌دا وەزعێکیان بەسەر هاتووە کە پێویســـتی‌یان بە یارمەتی هەیە. بۆ نموونە لە کاتی شەڕ یان سێڵاوو ئاگرکەوتنەوەو بوومەلەرزەو کارەساتە سروشتی‌یەکانی دیکەی لەو جۆرەدا.

## پشتیوانی کردن لەو ڕێکخراوە جۆراوجۆرانەی کار بۆ مافەکانی مرۆڤ دەکەن

زۆر ڕێکخـــراوی جۆراوجـــۆر هەن کە بەرنامـــەو پرۆگرامی تایبەت بە لاوانیـــان هەیە کە دەیانەوێ دڵخوازانە لە بوارە جیاجیاکان دا، کار بۆ دابینو دەستەبەر کردنی مافەکانی مرۆڤ بکەن. بۆ نموونە لە زۆر شـــاران‌دا ڕێکخراوەکانی خاچی ســـوور، مانگی ســـوور هەن کە پرۆژەی تایبەتی‌یان بۆ لاوان هـــەن تا بتوانن لە مەیدانە جۆراوجۆرەکان‌دا کارو چالاکـــی بکەن. بۆ نموونە یارمەتیدانی پەنابەران، ئاوارەکان، کردنەوەی کۆرسی تایبەت بۆ ئەو منداڵانەی کە لە هەندێک دەرسی تایبەت‌دا لاوازن، تا لاوان بتوانن دەرســـیان پێ بڵێن. ئەو کۆرســـانە هەمیشە پێویستی‌یان بە کەسانێک هەیە کە بتوانن دەرســـیان تێدا بڵێنەوە. لاوان دەتوانن دڵخوازانە لەو کۆرســـانەدا وەک مامۆستا کار بکەن. هەروەها ڕێکخراوی پاراستنی منداڵیش لە لقیکی تایبەتی بۆ لاوان هەیە. لاوان دەتوانن لەوێ خۆیان ناونووس کـــەنو بۆ جێبەجێ کردنی پرۆگرامەکانی ئەو ڕێکخراوە هاوکاری بکەن. زۆر ڕێکخراو هەن بۆ بردنە

پێشـــی کارو چالاکی‌یەکانیان پێویســـتی‌یان بە یارمەتیی پارەی خەڵکو کەســـانی خێرخواز هەیە. کۆکردنـــەوەی یارمەتی‌و پارە بەپێی بەرنامەیەکی دیاریکراو بۆ ئـــەو رێکخراوانە، کارێکی زۆر باش‌و بەجێ‌یە. بەڵام وا باشـــە هەر چەشـــنە پارە کۆکردنەوەیەک بۆ ئەو رێکخراوانە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەوان بێ‌و ئەوان لەو جۆرە پرۆژانە ئاگادار بن. رەنگە لەو بارەوە ئەو رێکخراوانە خۆشیان رێنوێنیتان کەن کە چۆن پارە کۆ کەنەوەو چ بکەن تا بتوانن خەڵک هان دەن تا پارەی زۆرتر بدەن. زۆر ڕێگا هەن بۆ کۆکردنەوەی پووڵ‌و پارە بۆ رێکخراوە مرۆڤدۆســـتەکان. ئێوە خۆتان دەتوانن شـــت دروست کەن‌و لە بازاڕو شوێنە گشتی‌یەکان‌دا بیانفرۆشنەوە. دەتوانن جەژن‌و کۆنسێرت‌و کێبەرکێ رێکخەن‌و بە فرۆشـــتنی بلیت پووڵێکی باش وەدەســـت خەن. دەتوانن هەندێک ئێوارەکۆڕ، ئێوارە هەڵپەڕکێ‌و ئێوارەدانس بۆ کچان‌و کوڕانی شارەکەتان رێک خەن‌و بلیتی هاتنە ژوور بفرۆشن‌و لەو ڕێگایەوە پووڵ بۆ رێکخراوە مرۆڤدۆستەکان کۆ کەنەوە.

دەتوانـــن کۆڕو کۆبوونەوەی فەرهەنگی‌و ئەدەبی‌و هونەریی دیکە رێک خەن‌و بۆ هەر کەســـێک کە بەشـــداری‌یان تێدا دەکا، کەمێک پووڵ دیاری کـــەن. بەم جۆرە پارەیەکی بەرچاو کۆ دەبێتەوە. دەتوانن پێوەندی لەگەڵ کۆمپانیاو شـــیرکەت‌و دەوڵەمەندەکان‌و کەسانی خێرخواز بگرن تا بۆ بردنە پێشی پرۆژەکانتان داوای یارمەتییان لێ بکەن. دەتوانن ساڵێ چەند جار بازاڕی کۆنەفرۆشی دانێن. داوا لـــە خەڵک بکەن ئەو شـــتانەی کە نایانهەوێن، بیاندەنە ئێـــوەو ئێوەش بە نرخێکی زۆر هەرزان بیانفرۆشنەوەو لەو ڕێگایەوە پارەیەکی چاک بۆ پرۆژەکانتان کۆ کەنەوە.

## دامەزراندنی رێکخراو یان وەرێختنی پرۆژەیەکی تایبەت بە خۆت

هەروەها دەشـــتوانی بۆ خۆت پرۆژەیەکی تایبەتی بۆ بردنە پێشـــی مافەکانی مرۆڤ وەرێ خەی یان رێکخراوێکـــی تایبەت بۆ کار لە یەکێک لە بوارەکانـــی خزمەت بە مافەکانی مرۆڤدا دامەزرێنی. بە جۆرێک کە بتوانی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لەو بوارەدا هەڵسووڕو چالاک بی. لێرەدا زۆر گرنگە کە لەسەر ئەوە ساخ بیەوە دەتەوێ چ بکەی‌و کام بوار بۆ پرۆژەکەت هەڵبژێری.

زۆر بوار هەن کە دەتوانی وەک مەیدانی کار هەڵیانبژێری‌و کاریان لەسەر بکەی وەک:

* مافەکانی کەمایەتی‌یەکان، جیاوازیدانان بە دژی کەمایەتی‌یەکان.

* راسیزم، جیاوازیدانان‌و هەڵاواردن.

* سەرخســـتنە ســـەر یا ئازاردانی سیســـتماتیکی کەسێک یان کەســـانێک لە شوێنی کار یان قوتابخانەو هتد.

* وەزعـــی زیندانیانـــی سیاســـی، وەزعی نێـــو زیندانەکان، وەزعـــی نەخۆشـــخانەو دامەزراوە تەندرووستی‌یەکان، وەزعی ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشی رەوانی بوون.

* بەشوودانی زۆرەملی، خەتەنە کردنی کچان، مافەکانی ژنان، مافەکانی منداڵان.

❊ ئازادیی بەیانو رادەربڕین.
❊ مافی بەشدار بوون لە کاروباری وڵاتو کۆمەڵ دا.
❊ هەژاریو نادادپەروەری.
❊ کاری منداڵان.
❊ لەشفرۆشی.
❊ ئیعتیادو گیرۆدەبوون بە مادده سڕکەرەکان.
❊ بازرگانی کردن بە ئینسانەوە.
❊ ئەخلاق لە بازرگانیو توجارەت دا.
❊ ژینگە.

زۆر گرینگـــە پێش ئەوەی پرۆژەکەت وەڕێ خەی یان رێکخراوەکە دامەزرێنی، تواناو ئیمکاناتو سەرچاوە ماددیو ئینســـانی‌یەکانی خۆت هەڵسەنگێنی. زۆر باش دەبێ کە سەبارەت بەو پرسیارانە بیرت کردبێتەوەو لە بەرنامەڕێژیو پلانەکانی خۆتدا وەڵامت بۆیان هەبێ.

❊ گروپەکەت یان رێکخراوەکەت چەند ئەندامی هەیە یان پێت وایە چەند ئەندامی دەبێ؟
❊ ئایا ئەندامەکان وەختی پێویستیان بۆ کار هەیەو پێیان خۆشە لەو بوارەدا کار بکەن؟
❊ ئایا لە نێو ئەندامەکان‌دا کەسانی وا هەن کە دایکو باوک، خوشکو برا، یان دۆستو ئاشنای ئەوتۆیان هەن کە بتوانن لە کاتی پێویستدا وەک سەرچاوەیەک کەڵکیان لێوەرگری؟ وەک ئەوە کە رۆژنامەنووس، سیاسەتمەدار، چالاکی مافەکانی مرۆڤ یان شتێکی دیکەی لەو چەشنە بن؟
❊ ئایا شوێنێک هەیە کە وەک بنکەو بارەگا بتوانن کەڵکی لێوەرگرن؟
❊ هەر کام لە ئەندامانی گروپەکە دەتوانێ چ بکاو چ بخاتە خزمەت رێکخراوەکە؟
❊ ئایا کامپیۆتێرو کەلوپەلی دیکەی پێویستتان هەن؟
❊ ئایا ئەزموونی ئەو جۆرە کارانەمان هەیە؟ ئایا پێشتر کاری لەو جۆرەمان کردووە؟
❊ ئایا ئێمە وەک گروپ چاک پێکەوە کار دەکەین؟ ئایا بەزەحمەت دەتوانین لەسەر مەسەلەکان پێک بێین؟
❊ ئایا پێوەندی‌یەکی باشـــمان لەگەڵ ئەو کەســـانە هەیە کە کاریان بۆ دەکەین؟ یا دەمانەوێ خزمەتیان بکەین؟
❊ ئایا پێوەندیمان لەگەڵ هیچ رێکخراوێک هەیە کە ئەویش هەر لەو بوارەداو بۆ هەمان مەبەست کار دەکا؟
❊ ئایـــا هیچ لایەنو کەسو رێکخراوێک هەن کە بتوانن لە باری مادی‌یەوە پشـــتیوانی لە کارو چالاکیو پرۆژەکانتان بکات؟
❊ ئایـــا دەکرێ لە راگەیەنە گشـــتی‌یەکان بـــۆ بڵاوکردنەوەی هـــەواڵو چالاکی‌یەکانتان کەڵک

وەرگرن؟

* ئامانجی بنەڕەتیی پرۆژەکەتان، ڕێکخراوەکەتان چی‌یە؟

* دەمانەوێ چ ئاڵوگۆڕێک پێک بێ؟ تا لەو بارەوە ڕوونتر بین، سەرکەوتووتر دەبین.

* ئایا دەتوانین کۆمەکو یارمەتی‌و پشـــتیوانی بۆ پرۆژەکەمان لە ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافەکانی مرۆڤ وەرگرین؟

* باشـــترین‌و گرینگترین مێتۆدی کاری ئێمە بۆ بردنە پێشی ئامانجەکانمان چی‌یە؟ فێر کردن، کۆرس دانان، نووســـینی وتارو بڵاوکردنەوەی نامیلکە، ناردنی نامەو ئیمزا کۆ کردنەوە بۆ بەرپرسان، سازدانی کۆڕو کۆبوونەوەو هەتا شتی دیکە؟

* ئایا هیچ شتێکی دیکە هەیە کە لەو بارەوە بیری لێ بکرێتەوە؟

پاش ئەوەی هەموو ئەو مەســـەلانەتان شـــی کردنەوە، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە پرۆگرامەکەتان بخەنە بواری جێبەجێ کردنەوە، بۆیە زۆر گرینگە پلانێک بۆ وەرێخستنی پرۆژەکەتان داڕێژن‌و پاشان دەست بە جێبەجێ کردنی بکەن. زۆر گرنگە ئەوە ڕوون بکرێتەوە چ بکرێ؟ کێ چ بکا؟ کەی دەست پێ بکەن؟ کەی تەواوی کەن؟

لە کۆتایی‌دا ڕێنوێنیی ئێمە بۆ ئێوە ئەوەیە کە بۆ بەڕێوەبردنی پرۆژەکەتان دەسبەکار بن.

نموونە: پلانێک بۆ وەرێخستنی خۆپێشاندان بۆ پشتیوانی کردن لە منداڵانی کەم‌ئەندام:

| ئەرک | کێ ئەو کارە بکا | چ کاتێک |
|---|---|---|
| ڕوونکردنەوەی گرنگترینی ئەو گیرو گرفتانەی منداڵانی کەم‌ئەندام لەم شارەدا لەگەڵیان بەرەڕوون | ئازاد | ٢ تا ٥ی مانگی مای |
| ڕوونکردنەوەی ئەوە کە منداڵانی کەم‌ئەندام چ مافێکیان هەیە بەگوێرەی کۆنڤانسیۆنی مافەکانی منداڵ | شەوبۆو رزگار | ٢ تا ٥ی مانگی مای |
| نووسین‌و دارشتنی داخوازەکان‌و بڕیارنامەی خۆپێشاندانەکە | هەوشین، ئاسۆو هێرش | ٢ تا ٥ی مانگی مای |
| ئامادەکردنی ئەو بەیاننامەیەی کە لە ڕێپێوانەکەدا بەنێو خەڵکدا بڵاو دەکرێتەوە | کەماڵ، دلۆڤان‌و هەڤاڵ | ١٠ی مانگی مای |

| | | |
|---|---|---|
| بانگهێشتن کردنی خەڵکو بنەماڵەکان بۆ بەشداربوون لە خۆپیشاندانەکە دا | هەڵاڵە، بانوو، گوڵاڵە | ٢ تا ١٠ مانگی مای |
| پێوەندی گرتن بە کاربەدەستانی دەوڵەت لەو شارەدا کە خۆپێشاندانەکەی تێدا بەڕێوە دەچێ | دانا، چنارو هەوشار | ٥ی مانگی مای |
| ئاگادار کردنی پۆلیس | گوڵانو چیا | ٢ی مانگی مای |
| بانگهێشتنی کەسایەتی‌یە سیاسیو حکوومیو ئەدەبیو هونەریو کۆمەڵایەتی‌یەکان بۆ پشتیوانی کردن لە خۆپێشاندانەکەو بەشداریکردن تێی دا | سروە، زەنوێرو سەفین | ٢ی مانگی مای |
| پێوەندی گرتن بە کۆڕو کۆمەڵە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو مەدەنی‌یەکانو ئاگادار کردنەوەو داوەت کردنیان بۆ بەشدار بوون لە خۆپێشاندانەکە. | ژیلوان، مەهاباد، شنروێ | ٢ی مانگی مای |
| ڕێکخستنی ناوی ئەو کەسانەی وتار دەدەن یان لە کۆبوونەوەکەدا قسە دەکەن. | میناو هیوا | ٥ی مانگی مای |
| ئامادەکردنی وتاری دەستەی بەڕێوەبەریی خۆپێشاندانەکە. | چالاکو ئازیزە | ٥ی مانگی مای |
| ئامادە کردنی چاو قاوەو هەندێک بسکویت | نازەو ئاکۆ | ١٢ی مانگی مای |
| بەڕێوەبردنی خۆپێشاندانەکە | هەموو | ١٢ی مانگی مای |
| خاوێن کردنەوەی شوێنەکانو بنکەو بارەگاکان | هەموو ئەندامان | ١٢ی مانگی مای |

## بەشی نۆهەم
## هەلسەنگاندنی پرۆژەکە

هەڵسەنگاندنی هەر پرۆژەیەکی پەروەردەیی‌و دەسنیشان کردنی ئەوە کە ئایا سەرکەوتوو بووە یان نا، کارێکی هێندە ئاسان نیە. لە پێوەندی لەگەڵ ئەم پرۆژەیەی ئێمە دا، ئەو کارە زۆر دژوارتریش دێتە بـــەر چاو. چونکە ئامانجی پرۆژەکەی ئێمە بریتی‌یە لە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی ئەرێنی لە بیروبۆچوون‌و هەڵســـوکەوت‌و رەفتاری قوتابی‌یەکان دا. لە راســـتیدا زۆر پێویســـت نیە کە ئـــەوە بپێوین کە ئایا قوتابی‌یەکان یان بەشـــدارانی کۆرســـەکان، چەندەیان زانیاری لەو کۆڕسانەدا وەدەست هێناوە. لەو بارەوە دەتوانین سەبارەت بە خاڵە سەرەکی‌و فاکتە گرینگەکانی هەر کام لە بابەتەکان پرسیاریان لێ بکەین. لەو ڕێگایەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوان تا کوێ باسەکانیان لەبیرن.

بـــەڵام کاری دژوارتر ئەوەیە کە بڵێین تا چ ئەندازە ئـــەوان توانیویانە لەو زانیاری‌یانە حاڵی بن. واتـــە ئەوە ڕوون کەینەوە کە تا چ ئەندازەیەک ئەوان ئـــەو زانیاری‌یانەیان هەزم کردوون‌و چۆن بە شکڵی بیری تازەو رەفتاری نوێ لە ژیانی رۆژانەدا بەکاریان دەهێنن. ئەو ئاڵوگۆڕە لە بیرو بۆچوون‌و هەڵســـوکەوت‌و رەفتاردا چۆن دەست نیشـــان دەکرێن؟ چ پێوانەیەکمان بۆ دەسنیشان کردنی ئەم ئاڵوگۆڕە هەیە؟

ئەزموونی ئێمە نیشـــان دەدا کە بەر لە هەر کەسێکی تر مامۆستاو بەشدارانی کۆرسەکە خۆیان دەتوانن ڕادەی سەرکەوتوو بوونی پرۆژەکە هەڵسەنگێنن. ئەو هەستەی کە پاش تەواوبوونی کۆرسەکە لە لای مامۆســـتا دروســـت دەبێ، زۆر گرینگە. ئایا مامۆستا هەســـت بەوە دەکا کە بە ئامانجەکانی

گەیوە؟ ئایا قوتابی‌یەکان چالاکانە لە دەرسەکان‌دا بەشدار بوون؟ ئایا بەشدارانی کۆرسەکە هێزو وزەی پێویستیان بۆ فێربوون‌و بەشداری کردن لە چالاکی‌یەکان‌دا بەکار دەهێنا؟ ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارانە ئەرێ‌یە، ئەوە پڕۆژەکە سەرکەوتوو بووە. ئەگەر مامۆستا هەستێکی باشی سەبارەت بە چۆنیەتیی کۆرسەکە لە لا دروست نەبووە، ئەوە بەو مانایەیە کە دەبێ بۆ باشتر بوونی پڕۆژەکەو چۆنیەتیی دەرس گوتنەوەو هاندانی بەشداران بۆ فێربوون، کاری زۆرتر بکرێ. بە تێپەڕینی کات مامۆستا بۆخۆی دێتە دەستی کە بۆ ئەوەی وانەوتنەکەو پڕۆژەکە شوێنەواری باشی لەسەر بەشداربووان دانێن، چ پێویستەو دەبێ چ بکرێ.

سەرەڕای ئەوە کە پێویستە هەستەکان بەهێند بگرین، وا باشە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕادەی فێربوونی بەشدارانی کۆڕسەکان ناوبەناو چ بە زارەکی‌و چ بە نووسراوە تاقیکردنەوەیان لێ وەرگرین. مەبەست لەو تاقیکردنەوانە ئەوەیە کە بۆمان دەرکەوێ کام فاکتۆر کاریگەرەو کام شت کاریگەریی کەمتری هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین لە داهاتوودا کەموکووڕی‌یەکان چارەسەر کەین‌و فۆڕم‌و نێوەرۆکی کۆرسەکان دەوڵەمەندتر کەین.

تا کاتی بەڕێوەچوونی کۆرسەکە زۆرتر بێ، قەبارەی مادده دەرسی‌یەکان ئەستوورتر بن، تا باس‌و بابەتەکان جۆراوجۆرترو زۆرتر بن، ئەم جۆرە تاقیکردنەوانە پێویستترن. بەتایبەتی کاتێک پرۆژەکە پێویستی بە یارمەتی‌و پشتیوانیی ماڵی هەیەو دەبێ لایەنێک کۆمەگی بکات، ئەو جۆرە هەڵسەنگاندنە زۆر پێویستە. چونکە دەکرێ لە کاتی داوا کردنی یارمەتی‌و کۆمەگی ماڵی‌دا لەو هەڵسەنگاندنانەو ڕادەی بەکەڵک بوونی ئەوان سوود وەرگرین‌و وەک بەڵگەیەک بۆ سەرکەوتنی پرۆژەکە بەکاریان بێنین. زۆر ڕێگامان بۆ هەڵسەنگاندنی رادەی کارایی وانە وتنەوەکان هەیە. لێرەدا ئێمە تەنیا باسی بەشێکیان دەکەین:

## هەڵسەنگاندن لە کاتی دەرس گوتنەوەدا

ئەگەر ماوەی کۆرسەکە درێژخایەنە، بۆ نموونە دوو یا سێ ڕۆژە، وا باشە مامۆستا پاش ماوەیەک بۆ نموونە پاش ڕۆژێک، یان دوو ڕۆژ هەڵسەنگاندنێک بکا. مەبەست لەو هەڵسەنگاندنە ئەوەیە کە بزانێ ڕاوبۆچوونی بەشداران سەبارەت بە بابەتەکان‌و چۆنیەتیی دەرس گوتنەوەکەو چالاکی‌یەکان چی‌یە. چ باش دەڕواتە پێش‌و چ پێویستە باشتر بکرێ؟ چۆن لە داهاتوودا ئەو کەموکووڕی‌یانە کەم بکرێنەوە؟ بۆ ئەو مەبەستە دەکرێ پرسیارەکان بەدەم ئاڕاستەی قوتابی‌یەکان بکەین، یان بە شێوەی پلێنۆم لە باس‌و بابەتەکان بدوێین. مامۆستا دەتوانێ داوای ئەوەش بکا کە قوتابی‌یەکان بە نووسراوە وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە.

بۆ هەڵسەنگاندنێکی لەو چەشنە ئەو پرسیارانە پێشنیار دەکرێن:

لەو بابەتانەی ئەمڕۆ، لەو چالاکی‌یانەی ئەمڕۆ چیتان زۆر پێ خۆش بوو؟

گرینگترین شت کە فێری بوون چیە؟

چ شتێکمان کرد کە دەمانتوانی باشتر جێبەجێمان کردبا؟

ئایا شتێک هەیە کە باش نارِواتە پێش؟

چ شتێک خراپ دەڕواتە پێش؟

## هەڵسەنگاندنی زارەکی بە شێوەی پلینۆم

یەکێک لە ڕێگاکانی هەڵسەنگاندنی ڕادەی کارابوونی کۆڕسەکان ئەوەیە کە پاش تەواو بوونیان لەگەڵ بەشدارانی ئەوان باسو گفتوگۆ بکرێ. ئەو هەڵسەنگاندنە زارەکی‌یە دەکرێ بە شێوەی پلینۆم بەڕێوە بچێ. واتە هەموو بەشداران بە دەوری یەکتردا دادەنیشنو سەبارەت بە باسو بابەتە پێوەندی‌دارەکان لەگەڵ یەک دەدوێن. مامۆستا کەڵکێکی زۆر لەم جۆرە هەڵسەنگاندنە وەردەگرێو زۆر ڕێنوێنیی بەنرخی دەست دەکەوێ.

ئەو پرسیارانەی لەو پلینۆمانەدا دێنە گۆڕ، دەکرێ بەم جۆرەی خوارەوە بن:

ئایا کۆرسەکە لە ئاستی چاوەڕوانی‌یەکانی تۆ دابوو؟ ئەگەر نا، بۆچی؟

بیروبۆچوونی ئێوە سەبارەت بە وانەکانو چونیەتیی دەرس گوتنەوەو ڕاهێنانەکان چی‌یە؟ نەزەرتان سەبارەت بە باسو گفتوکۆکان چی‌یە؟ مامۆستاکان چۆن بوون؟ ئامادەیی‌یان هەبوو؟ شارەزای بابەتەکان بوون؟ ڕاهێنانە گروپی‌یەکان چۆن بوون؟

چیتان زۆرتر پێ خۆش بوو؟

چیتان کەمتر پێ خۆش بوو؟

گرینگترین شت کە فێری بوون چی‌یە؟

ئایا شتێک فێر بوون کە لە ژیانی ڕۆژانەتان‌دا کەڵکی لێوەرگرن؟

کۆرسەکە چۆن بوو؟ قوتابی‌یەکان چۆن لەگەڵ یەکتر هاوکاری‌یان دەکرد؟

ڕۆڵی خۆتان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ تۆ بۆ خۆت چۆن بووی لە کاروباری خولەکە دا؟ چەندە چالاک بووی؟

ئایا شتێکی تازە سەبارەت بە خۆتان فێر بوون؟

ڕێنوێنیی ئێوە بۆ من وەک مامۆستا چی‌یە تا لە داهاتوودا لە کۆرسەکانی دیکەدا باشتر بەو چاکتر بتوانم دەرس بڵێمەوە؟

## هەڵسەنگاندنی کۆرسەکە بە نووسراوە

هەر بەو جۆرە دەکرێ بەشدارانی کۆرسەکە ڕوانگەکانیان سەبارەت بە کۆرسەکە بنووسن. بەتایبەتی ئەگەر کۆرسەکە ماوەی چەند ڕۆژێکی خایاندبێ پێویستە قوتابی‌یەکان بە نووسین وەڵامی

پرســـیارەکان بدەنەوە. کاتێک قوتابی‌یەک دەزانێ کە دەبێ بە نووســـین وەڵامی هەندێک پرســـیار بداتەوە، کۆرســـەکە بەجیددی دەگرێ. لە هەلومەرجێکی ئاوادا مامۆســـتاش باشتر دەتوانێ ئاکامی کۆرسەکە هەڵسەنگێنێ. جا چ خاڵە لاوازەکانی کۆرسەکە بێ، یان خاڵە بەهێزەکانی، هیچ لە شتەکە ناگۆڕێ. مامۆســـتا دەتوانـــێ داوای ئەوەش لە قوتابی‌یەکان بکا کە بـــا ناوێکی دیکەی جیا لە ناوی خۆیان وەڵامی پرســـیارەکان بدەنەوە. ئەوە رەنگە هانی بەشـــداربووەکان بدا تا باشتر بتوانن ڕوانگەو بۆچوونەکانی خۆیان سەبارەت بە کۆرسەکە، مامۆستاکانو نێوەرۆکی دەرسەکان دەرببڕن.

بەگوێرەی ئامانجو مەبەســـتی پرسیارەکان، فۆرمی پرســـیارەکانیش دەگۆڕدرێن. بە بڕوای ئێمە گرینگترین شت ئەوەیە کە ئایا کۆرسەکە لە وەدیهێنانی ئامانجەکانی‌دا سەرکەوتوو بووە یان نا؟ ئایا بەشداربووان زانیاری‌یان وەدەســـت هێناوە یان نا؟ ئایا دەرسەکان بوونە هۆی ئەوە کە بەشداربووان بکەونـــە بیرکردنەوە؟ ئایا بۆتە هۆی ئەوەی کە ســـرنجی قوتابی‌یەکان بـــۆ لای کۆمەڵگاو کاروباری کۆمەڵ ڕاکێشرێ؟

ئایا کۆرســـەکە بۆتە هۆی ئەوەی کە بەشـــداربووان ڕوانگەی تازەیان سەبارەت بە ژیانو مرۆڤو کۆمەڵ بۆ دروست بێ؟ لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە ئایا کۆرسەکە بۆتە هۆی ئەوەی کە بەشداربووەکان باشتر لە ژیان حاڵی بن؟ پتر بڕوا بە خۆیان بکەن؟ بەم جۆرە پاش تەواو بوونی کۆرسەکە وا باشە بە نووســـراوە هەڵسەنگاندنێک لە ڕادەی سەرکەوتنی کۆرسەکە بکرێ. ئەگەر بشمانەوێ بزانین کە ئایا کۆرسەکە بۆتە هۆی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە رەفتارو کرداری بەشداربووەکان دا، وا باشە پاش ماوەیەک بۆ نموونە شەش مانگ دواتر، بەشداربووەکان تاقی کرێنەوە. دەکرێ داوا بکەین کە بەشداربووەکان سەبارەت بەم لایەنانەی کۆڕسەکە بە نووسراوە وەڵام دەنەوە:

١ پرۆسەی فێر بوون چۆن چۆتە پێش؟ شێوەکانی دەرس گوتنەوە چۆن بووە؟ ژینگەی فێربوونو ئەتمۆسفێری کۆرسەکە چۆن بوو؟

٢ نێوەرۆکی بابەتەکان چۆن بوو؟ ئایا زانیاریی زۆری تێ دابوو؟ ئایا بەشـــداربووەکان لە زانیاریو زاراوەو باسو بابەتەکان تێدەگەیشتن؟

٣ چەندە کۆرسەکە شوێنەواری لەسەر قوتابی‌یەکان داناوە تا بتوانن ئاڵوگۆڕ لە خۆیانو ڕەفتاریان‌دا دروست کەن؟

## پاشکۆکان

### بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ

شـــوورای ئابووری و کۆمەڵایەتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ڕێکەوتی ٢١ی مانگی ژوئەنی ســاڵی ١٩٤٦ی زایینی کۆمیســـیۆنێکی پێک هێنا بەنێوی کۆمیســـیۆنی مافی مــرۆڤ. کاری ئەو کۆمیسیۆنە بریتییە لە:

١- ئامادە کردنی بەیاننامەی مافی مرۆڤ.

٢- ئامادە کردنی بەیاننامە و هاوپەیمانێتی سەربارەت بە ئازادی و مافی ئینسان.

٣- پشتیوانی لە کەمایەتییەکان.

٤- تێکۆشان بۆ لابردنی جیاوازیی ڕەگەزی، زایەندی، زمان، مەزهەب.

کۆڕی گشـــتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەســـەر پێشنیاری کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ لە ڕێکەوتی ١٠ی مانگی دیسامبری ساڵی ١٩٤٨ی زایینی، بەرانبەر بە ١٩ی مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٨ی هەتاوی، بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤی پەسند کرد.

ئـــەو بەیاننامەیە بریتییە لە پێشـــەکییەک و ٣٠ ماددە کە دەکرێ لەباری نێوەرۆکەوە بە ســـێ دەستە دابەش بکرێ:

دەســـتەی ١- «مافی مەدەنی»ی تاک لـــە خۆدەگرێت: مافی ژیان، ئازادی، ئاســـایش، ئازادیی بیروباوەڕ و مەزهەب، ئازادیی ڕادەربڕین، مافی پێکهێنانی بنەماڵە و . . .

دەســـتەی ٢- ئەو خاڵانەن کە مافی سیاســـیی تـــاک لە خۆ دەگرن وەک مافـــی تەبەعەبوون

(تابعیت)، مافی بەشداری لە ئیدارەکردنی وڵات، مافی بەشداری کردن لە هەڵبژاردن و هەڵبژێردران و...

دەستەی٣- ئەو خاڵانەن کە مافی ئابووری و کۆمەڵایەتیی تاک لە خۆدەگرێت: مافی کار کردن، مافی هەڵبژاردنی کار، مافی بەشداری لە یەکیەتیی کرێکاران، مافی کەڵک وەرگرتن لە مەرەخەسی و بیمە و ...

## دەقی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ

بەم هۆیەوە کە بەرەسمی ناسینی ئابڕوو و کەرامەتی زاتیی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و، مافی وەک یەکی و حاشا لێ نەکراوی ئەوان، بناعەی ئازادی، دادپەروەری و ئاشتی لە جیهاندا پێکدێنێ، بەم هۆیەوە کە وەبەرچاونەگرتن و سووکایەتیکردن بە مافەکانی مرۆڤ، کردەوەی دڕندانەی ئەوتۆیان بەدواوە بووە کە ویژدانی مرۆڤایەتییان ئازارداوە و، پێکهێنانی جیهانێک کە تیایدا مرۆڤ لە بیروڕا دەربڕیندا سەربەست و، لە ترس و هەژاری بە دوور بن، وەک بەرزترین ئارەزووی مرۆڤ ڕاگەیەندراوە؛

بەم هۆیەوە کە پێویستە مافەکانی مرۆڤ لە لایەن دەسەڵاتدارەتیی قانوونەوە پشتیوانییان لێ بکرێ تا مرۆڤ ناچار نەبێ لە دژی ستەم و بێدادی وەک دواچارە پەنا بباتە بەر یاخی بوون، بەم هۆیەوە کە پەرەگرتنی پێوەندیی دۆستانەی نێوان نەتەوەکان دەبێ پشتی بگیرێ، بەم هۆیەوە کە گەلانی نەتەوە یەکگرتووەکان جارێکی دیکە بڕوای خۆیان بە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و ئابڕوو و کەرامەت و بایەخی تاکەکانی مرۆڤ و، بەرابەریی مافەکانی ژنان و پیاوان، لە پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕاگەیاندۆتەوە و، بڕیاریان داوە یارمەتیی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بدەن و، لە بەر ڕووناکاییی ئازادی، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتردا باشترین هەلومەرج بۆ ژیان پێکبێنن؛

بەم هۆیەوە کە دەوڵەتانی ئەندام بەڵینیان بە خۆیان داوە بە هاوکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان، کار بۆ ڕێزگرتنی هەمەلایەنە، چاودێریی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەییەکان بکەن، بەم هۆیەوە کە تێگەیشتنی هاوبەش لە بارەی ئەم ماف و ئازادییانە بۆ ئەوەی بە تەواوی بەڕێوەبچن، گرنگییەکی تایبەتی هەیە؛

کۆمەڵەی گشتی ئەم جاڕنامە جیهانییەی مافی مرۆڤ وەک ئامانجی هاوبەشی هەموو خەڵکان و میللەتان ڕادەگەیەنێ تا هەموو تاکەکان و سەرجەمی بنیات و ئۆرگانەکانی کۆمەڵگە، هەموو دەم ئەم جاڕنامەیەیان لە بەرچاو بێ و هەوڵ بدەن بە هۆی فێرکردن و ڕاهێنانەوە، ڕەچاوکردن و بەڕێوەبردنی ئەم ماف و ئازادییانە پەرە پێ بدەن و، بە دیاریکردنی ڕێوشوێنی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ڕێگا بۆ بەرەسمی ناسران و باشتر بەڕێوەچوونیان چ لە نێو خەڵکی وڵاتانی ئەندام و چ لە نێو خەڵکی ئە و سەرزەوییانەدا کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندان، دابین بکەن.

**ماددەی ١:**

هەمـــوو مرۆڤان بە ئازادی لە دایک بوون و لە باری ئابڕوو و کەرامەت و مافەکانیانەوە لەگەڵ یەکدا بەرابەرن. هەموویان خاوەنی عەقڵ و ویژدانن و دەبێ بە گیانێکی برایانە لەگەڵ یەکدا بجوڵێنەوە.

**ماددەی ٢:**

١) هەر کەسێک دەتوانێ بێ هیچ جیاوازیدانانێک بەتایبەتی لە باری ڕەگەز، ڕەنگ، زایەند(جنس)، زمان، دین، بیروڕای سیاسی یان هەر بیروڕایەکی دیکەوە، هەروەها بێ وەبەرچاوگیرانی ڕەچەڵەکی نەتەوەیی یان کۆمەڵایەتی، ســامان، لە دایکبوون یان هەر بارودۆخێکی دیکەوە، هەموو ئە و ماف و ئازادییانەی هەبێ کە لە و جاڕنامەیەدا هاتوون.

٢) هەروەها نابێ هیچ چەشنە جیاوازییەک لەسەر بناغەی پایەی سیاسی، قەزایی یان نێونەتەوەیی وڵاتێک یان ســەرزەوییەک کــە مرۆڤێک پێیەوە بەســتراوەتەوە، ڕەچاو بکــرێ، چ ئەو وڵاتە یان سەرزەوییە سەربەخۆ بێ، یان لە سایە و لەژێر چاوەدێریی وڵاتێکی دیکەدا بێ یان خودموختار نەبێ، یان سەروەرییەکەی بە جۆرێک بەرتەسک کرابێتەوە.

**ماددەی ٣:**

هەر مرۆڤێک مافی ژیان، ئازادی و ئاسایش و تەناهیی تایبەتی خۆی هەیە.

**ماددەی ٤:**

هیــچ مرۆڤێک نابێ بکرێتە کۆیلە یان بندەســت و، کۆیلایەتی و کڕیــن و فرۆتنی کۆیلان بە هەر شێوەیەک بێ، پێشی پێ دەگیرێ.

**ماددەی ٥:**

هیچ کەســێک نابێ ئەشکەنجە بدرێ یان بکەوێتە بەر ڕەفتار و سزای زۆردارانە و دژی ئینسانی و، سووکایەتیی پێ بکرێ.

**ماددەی ٦:**

هەر مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە کەسایەتییە قانوونییەکەی لە هەموو جێیەک بەڕەسمی بناسرێ.

**ماددەی ٧:**

هەمـــوان لە بەرانبەر قانووندا یەکســـانن و مافی ئەوەیان هەیە بێ هیـــچ جیاوازیدانانێک لە لایەن قانوونەوە پشتیان بگیرێ. هەمووان مافی ئەوەیان هەیە لە بەرانبەر هەر جیاوازیدانانێکدا کە نێوەرۆکی ئەم جاڕنامەیە پێشـــێل بکاو، لە دژایەتی لەگەڵ هەر هاندانێکدا کە بە مەبەســـتی ئەو جیاوازیدانانە بەڕێوە بچێ، وەک یەک لە لایەن قانوونەوە پشتیوانییان لێ بکرێ.

**ماددەی ٨:**

لــە بەرانبــەر ئەو کردەوانەدا کە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ پێشــێل دەکــەن و، ئەو مافانە بەهۆی دەســتوور یان هــەر قانوونێکی دیکەوە دانیان پێدانراوە، هەر کەســێک مافی هانــا بردن بۆ دادگا

نەتەوەییە برواپێکراوەکان و داواکردنی پێراگەیشتنی کاریگەر بە سکاڵاکەی هەیە.

**ماددەی ۹:**

هیچ کەسێک نابێ لە خۆوە بگیرێ، زیندانی بکرێ یان دوور بخرێتەوە.

**ماددەی ۱۰:**

هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە بە ئەوپەڕی بەرابەری، لەگەڵ کەسانی دیکەدا لە دادگایەکی سەربەخۆ، بێلایەن، بەئینساف و ئاشکرادا بە کێشە و سکاڵاکەی ڕابگەن و، دادگایەکی ئەوتۆ دەبێ لە بارەی مافەکان و پێویستییەکانی وی یان هەر تاوانێک کە پێی تاوانبار کراوە، بڕیار بدا.

**ماددەی ۱۱:**

۱) هەر کەسێک بە هەر تاوانێک تاوانبار کرابێ، هەتا ئە و کاتەی لە دادگایەکی ئاشکرادا کە هەموو دەستەبەرێکی پێویست بۆ داکۆکی لەخۆ کردنی بۆ دابین کرابێ، تاوانباربوونی وی بە شێوەیەکی قانوونی دەرنەکەوتووە، بە بێ تاوان دەژمێردرێ.

۲) هیچ کەسێک سەبارەت بە جێبەجێکردنی کارێک یان ئەنجامنەدانی کارێک کە لە کاتی ئەنجامدانیدا بە گوێرەی مافە نەتەوەیی یان نێونەتەوەییەکان بە تاوان نەناسراوە، مەحکووم ناکرێ. هەروەها هیچ کەسێک نابێ بە سزایەکی توندتر لەو سزایەی کە لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا بۆ ئە و تاوانە دیاری کراوە، مەحکووم بکرێ.

**ماددەی ۱۲:**

هەر چەشنە خۆتێهەڵقورتاندنی لە خۆوە لە ژیانی تایبەتی، کاروباری بنەماڵەیی، ماڵ و شوێنی مانەوە و نامە نووسینی هیچ کەسێک، هەروەها هەر کار و کردەوەیەک کە زیان بە شەرەف، ناموس، ئابڕوو و ناوبانگی کەسێک بگەیەنێ، مەحکوومە. لە بەرانبەر ئەم جۆرە خۆتێهەڵقورتاندن و هێرشانەدا، مافی هەر مرۆڤێکە کە لە لایەن قانوونەوە پشتی بگیرێ.

**ماددەی ۱۳:**

۱) هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە لە نێو هەر وڵاتێکدا ئازادانە هاتوچۆ بکا و بە ویستی خۆی شوێنی ژیان هەڵبژێرێ.

۲) هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە هەر وڵاتێک بە وڵاتەکەی خۆشییەوە بەجێ بێڵێ یان بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی.

**ماددەی ۱۴:**

۱) لە بەرانبەر ستەم وچەوساندنەوەدا، هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە بە شوێن پەناگەیەکدا بگەڕێ و، پەنا بباتە بەر وڵاتێکی دیکە.

۲) کەسێک سەبارەت بە تاوانی گشتی و ناسیاسی و بەهۆی کردەوەی نەگونجاو و ناتەبا لەگەڵ ئامانج و ڕێوشوێنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەوێتە بەر لێکۆڵینەوە و ڕاوەدوونان، ناتوانێ لەم

مافەی کەڵک وەربگرێ.

**ماددەی ١٥:**

١) هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە (دەوڵەتنامە- مافی هاونیشتمانەتی) پێ بدرێ.

٢) هیچ کەس نابێ لە خۆوە لە "تابعیت" یان لە مافی گۆڕینی دەوڵەتنامە بێبەش بکرێ.

**ماددەی ١٦:**

١) هەر ژن و پیاوێک کە گەیشتنە تەمەنی خۆناسینەوە، مافی ئەوەیان هەیە بێ وەبەرچاوگرتنی هیچ سنوورێک لە باری ڕەگەز، نەتەوایەتی یان ئایینەوە، ببنە ژن و مێرد و، ژیانی هاوبەش پێک بێنن. لە تەواوی ماوەی ژن و مێردایەتی و هەروەها لە کاتی هەڵوەشاندنەوەیدا، ژن و پیاو لە کاروباری پێوەندیدار بە ژیانی هاوبەش، مافی وەک یەکیان هەیە.

٢) پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش دەبێ بە ڕەزامەندیی تەواو و ئازادانەی ژن و پیاو بێ.

٣) خێزان کۆڵەکەی سروشتی و بنەڕەتیی کۆمەڵگەیە و دەبێ لە لایەن کۆمەڵگە و دەوڵەتەوە پشتیوانیی لێ بکرێ.

**ماددەی ١٧:**

١) هەر کەسێک چ بە تەنێ یان بە شێوەی بەکۆمەڵ مافی خاوەنەتی (موڵکدار)ی هەیە.

٢) هیچ کەسێک نابێ لە خۆوە لە مافی خاوەنەتی بێبەش بکرێ.

**ماددەی ١٨:**

هەر کەسێک مافی ئازادیی بیرکردنەوە، ویژدان و دینی هەیە. ئەم مافە پێویستی بە ئازادیی گۆڕینی دین یان بیر و باوەڕ و، هەروەها ئازادیی دەربڕین و ئاشکرا کردنی بیروڕا لە چوارچێوەی فێرکردنی ئایینی، بەجێهێنانی ڕێوشوێنەکان و بەڕێوەبردنی ڕێورەسمە ئایینییەکاندا، چ بە شێوەی تەنیا یان بەکۆمەڵ، چ بە شێوەی تایبەتی یان گشتیی هەیە.

**ماددەی ١٩:**

هەر کەسێک مافی ئازادیی بیروڕا و ڕادەربڕینی هەیە و، ئەو مافەش پێویستی بەوە هەیە کە هیچ کەس لەوەی کە بیروڕایەکی هەیە نەترسێ و نیگەران نەبێ و، لە بەدیهێنان و وەرگرتن و بڵاوکردنەوەی زانیاری و بیروبۆچووندا، ئازادانە و بێ وەبەرچاوگرتنی سنوورەکان، دەستی بە هەموو ئامرازێکی گونجاوی بیروڕا دەربڕین و بڵاوکردنەوە ڕابگا.

**ماددەی ٢٠:**

١) هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە لە پێکهێنانی ئەنجومەن و کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆمەڵەی ئاشتیخوازانەدا ئازاد بێ.

٢) هیچ کەسێک نابێ بە زۆر لە هیچ کۆبوونەوەیەکدا بەشدار بکرێ.

**ماددەی ٢١:**

١) هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگای نوێنەرانێک کە ئازادانە هەڵیاندەبژێرێ، لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیی وڵاتی خۆیدا بەشدار بێ.

٢) هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە لە هەلومەرجێکی وەک یەک لەگەڵ کەسانی دیکەدا، پیشە گشتییەکانی وڵاتی خۆی بەدەست بێنێ.

٣) خواست و ویست و بڕیاری خەڵک، بناغەی دەسەڵاتی دەوڵەتە. ئەو بڕیارە دەبێ لە هەڵبژاردنی بێ فێڵدا کە بە شێوەیەکی دەورەیی بەڕێوەدەچن، خۆی دەربخا. هەڵبژاردن دەبێ گشتی بێ، بەرابەری و یەکسانیی تێدا ڕەچاو بکرێ، بە دەنگدانی نهێنی بێ یان بە شێوەیەکی ئەوتۆ بەڕێوە بچێ کە ئازادیی دەنگدان دابین بکا.

**ماددەی ٢٢:**

هەر کەسێک وەک ئەندامێکی کۆمەڵ، مافی بیمەی کۆمەڵایەتیی هەیە و، بۆی هەیە بەهۆی یارمەتی و هاوکارییە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکان، ئە و مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییانەی بۆ پاراستنی ئابڕوو و کەرامەت و گەشەکردنی ئازادیی کەسیەتیی خۆی پێویستنی، بە سەرنجدان بە ڕێکخراوە و سەرچاوەکانی وڵات، وەدەستیان بێنێ.

**ماددەی ٢٣:**

١) هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە کار بکا، کاری خۆی بە ئازادی هەڵبژێرێ، هەلومەرجێکی دادپەروەرانە و جێگای ڕەزامەندی بۆ کار تێدا کردن داوا بکا و، لە بەرانبەر بێکاریدا پشتیوانیی لێ بکرێ.

٢) هەمووان مافی ئەوەیان هەیە بێ جیاوازیدانان لە بەرانبەر کاری وەک یەکدا، هەقدەستی وەک یەک وەربگرن.

٣) هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە بۆ داکۆکی لە قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆی، لەگەڵ کەسانی دیکەدا سەندیکا و یەکیەتی پێک بێنێ، یان بچێتە نێویانەوە.

**ماددەی ٢٤:**

هەر کەسێک مافی حەسانەوە و پشوودان و کەڵکوەرگرتنی لە کاتی ڤالا هەیە و، بەتایبەتی مافی دیاریکردنی سەعاتەکانی کار و پشووی دەوریی بەمز هەیە.

**ماددەی ٢٥:**

١) هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە بە مەبەستی دابینکردنی سڵامەتی و ئاسوودەییی خۆی و بنەماڵەکەی، بەتایبەتی لە باری خواردن، جلوبەرگ، خانووبەرە، چاوەدێرییە پزیشکییەکان و خزمەتە کۆمەڵایەتییە پێویستەکانەوە، ئاستێکی باش لە ژیانی هەبێ. هەروەها مافی ئەوەی هەیە لە کاتی بێکاری، نەخۆشی، نەقوستانی، بێوەژنی یان بێوەمێردی، پیری و، لە تەواوی ئەم حاڵەتانەدا کە بێ ئەوەی خۆی ویستبێتی، کەرەسە و ئامرازەکانی ژیان و بەڕێوەچوونی لە دەست دەرچوون، لە باری

کۆمەڵایەتییەوە ژیانی دابین بکرێ.
٢) دایکان و منداڵان مافی ئەوەیان هەیە یارمەتی و چاوەدێریی تایبەتیان بۆ تەرخان بکرێ. هەموو منداڵێـک چ ئەوانەی بەرهەمی ژیانی شـەرعی بن، چ ئەوانەی بە ناشـەرعی هاتوونەتە دنیا، مافی ئەوەیان هەیە وەک یەک لە باری کۆمەڵایەتییەوە پشتیوانییان لێ بکرێ.

**ماددەی ٢٦:**

١) هەر کەسـێک مافی ئەوەی هەیە بخرێتە بەر خوێندن و پەروەردە بکرێ. پەروەردە و فێرکردن و لانی کەم خوێندنی سـەرەتایی و بناغەیی، دەبێ بەخۆڕایی بێ. خوێندنی سـەرەتایی ئیجبارییە. فێرکردنی تەکنیکی و پیشـەیی دەبێ بکرێتە گشتی و، دەستڕاگەیشتن بە خوێندنی بەرز دەبێ بە یەکسـانیی تەواوەوە بۆ هەمووان مسـۆگەر بکرێ تا هەموو بتوانن بە گوێرەی مایە و توانای خۆیان کەڵکی لێ وەربگرن.
٢) ئامانجی پەروەردە و فێرکردن دەبێ پێگەیاندنی هەموولایەنەی کەسایەتیی ئینسان و برەودان بە ڕەچاوکردنـی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییـە بنەڕەتییەکان بێ. پەروەردە و فێرکردن دەبێ لە خزمەت پەرەپێدانی لێکتێگەیشـتنی باشتر و، وێکهەڵکردن و دۆستایەتیی نێوان هەموو نەتەوەکان و گشت تاقـم و گرووپە ڕەگەزی یان ئایینییەکاندا بێ و، هەروەها یارمەتیی پەرەپێدانی تێکۆشـانی نەتەوە یەکگرتووەکان بدا لە پێناوی پاراستنی ئاشتیدا.
٣) دایک و باب لە هەڵبژاردنی جۆری پەروەدە و فێرکردن بۆ منداڵانی خۆیان، مافی ئەوەیان هەیە لە پێشەوەی کەسانی دیکە بن.

**ماددەی ٢٧:**

١) هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە ئازادانە لە ژیانی کولتووریی کۆمەڵدا بەشداری بکا و نەخشی هەبێ و چێژ لە هونەر وەربگرێ و بەشداری لە پێشکەوتنی زانستی بکا و سوود لە دەسکەتەکانی وەربگرێ.
٢) هـەر کەسـێک مافی ئەوەی هەیە لە پشـتیوانیی قازانجە مـاددی و مەعنەوییەکانی بەرهەمە زانستی، ئەدەبی و هونەرییەکانی خۆی کەڵک وەربگرێ.

**ماددەی ٢٨:**

هەر کەسـێک مافی ئـەوەی هەیە لە بواری کۆمەڵایەتـی و نێونەتەوەییـدا، داواکاری پێکهێنانی سیسـتەمێکی ئەوتۆ بـێ کە ماف و ئازادییەکانی گونجاو لەم جاڕنامەیـەدا بە تەواوی دابین بکا و، بەڕێوەیان ببا.

**ماددەی ٢٩:**

١) هـەر تاکێک تەنیـا لە بەرانبەر کۆمەڵگەیەکدا کە گەشـەکردنی ئازادانە و هەموولایەنەی ئەوی مسۆگەر کردووە، ئەرکی دەکەونە سەر شان.
٢) هەر کەسێک لە بەکارهێنانی مافەکان و کەڵکوەرگرتن لە ئازادییەکانی خۆیدا، تەنیا لە بەرانبەر ئەو

لەمپەرە قانوونییانەدا ملکەچە کە بە مەبەستی بەڕەسمی ناسین و ڕەچاوکردنی ماف و ئازادییەکانی کەسانی دیکە و، بە نیازی لەبەرچاوگرتنی پێداویستییە ئەخلاقییە دادپەروەرەکان، بە نیازی نەزمی گشتی و خێر و خۆشیی هەمووان لە کۆمەڵگەیەکی دیمۆکراتیکدا، پەسندکراون.
٣) ئەم ماف و ئازادییانە نابێ بەهیچ شـــێوەیەک لەگەڵ ئامانجەکان و ڕێوشوێن و بنەماکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە دژایەتیدا بن.

**ماددەی ٣٠:**

هیچ یەک لە خاڵە پەسندکراوەکانی ئەم جاڕنامەیە نابێ بە جۆرێک مانا بکرێنەوە کە مافێکی ئەوتۆ بدەن بە دەوڵەتێک، کۆمەڵەیەک یان کەســێک کە بە پێی ئەو، بۆ لە نێوبردنی ماف و ئازادییەکانی گونجاو لەم جاڕنامەیەدا تێبکۆشن.

## کۆنڤانسیۆنی مافەکانی منداڵ

### هەندێک لە بەندەکانی پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافەکانی منداڵ

**بەندی ١**

هەمـــوو منداڵان لەسەرتاســەری دنیــادا، ئەگەر تەمەنیان لەژێر ١٨ ســاڵەوەوە، ئــەو مافانەی لەو کۆنڤانسێۆنەدا بەڕەسمی ناسراون، ئەوانیش دەگرێتەوە.

**بەندی ٢**

هەمـــوو منداڵان هاوبایەخن، بەرانبەرن و مافی وەک یەکیان هەیە. هیچ کەس نابێ جیاوازی دانان و هەڵاواردنی لەگەڵ بکرێ.

نابێ بەهۆی ڕەنگی پێســت، زمــان ، دین و مەزهەب، بیروباوڕ و ڕەگەز و جنســیەتەوە، جیاوازی لەگەڵ کەس بکرێ.

**بەندی ٣**

هەموو ئەوانەی بڕیار بەدەســتن، کاتێک دەزانن کە بڕیارەکانیــان لە پێوەندیی دەگەڵ منداڵاندایە، پێویستە پێش هەر شتێکی تر، قازانج و بەرژەوەندیەکانی منداڵەکە لەبەر چاوبگرن.

**بەندی ۴**

هەموو منداڵێک مافی ژیان و هەڵدان و گەشەکردنی هەیە. لەسەر دەوڵەت و کۆمەڵگایە هەلومەرجی لەبار بۆ دابین و دەستەبەرکردنی ژیان و گەشەکردنی منداڵ دەستەبەربکات.

**بەندی ٧**

هەموو منداڵێک مافی ئەوەی هەیە خاوەن ناو و ناشناڵیتی بێت.

**بەندی ٨**

منـــداڵ مافی ئەوەی هەیە لەگەڵ دایک و باوکی خـــۆی بێ و لەگەڵ ئەوان بژی تا ئەوجێیەی ئەو

کاره زیان به سلامەتی و گەشه و هەڵدانی ناگرێ.

**بەندەکانی ١٢ تا ١٥**

هەموو منداڵان مافی ئەوەیان هەیه ڕوانگه و نەزەر و بیروبۆچوونی خۆیان دەربڕن. پێویسته پرس و ڕا به منداڵ بکرێ. ڕوانگەو بۆ چونەکانی منداڵ له کاتی بریارداندا دەبێ وەبەرچاو بگیردرێن. ئەوه چ له ماڵەوه بێ، چ له قوتابخانەدا بێ، یا له لایەن کاربەدەستانی دەوڵەوتەوه بێ هەر ڕاسته.

**بەندی ١٨**

دایک و باوک هەردووکیان بەرانبەر ژیان و گەشەکردنی منداڵ بەرپرسن و پێویسته هەمیشه قازانج و بەرژەوەندیەکانی منداڵ وەبەرچاو بگرن.

**بەندی ١٩**

منـــداڵ مافی ئەوەی هەیه که بەرانبەر هەر چەشـــنه توونودتیژیـــەک پارێزگاریی لێبکرێ. هەموو فۆڕمەکانی توندووتیژی و پەلامار وکەڵکی خراپ وەرگرتن له منداڵان قەدەغەیه.

**بەندەکانی ٢٠تا ٢١**

منداڵ هەرگیز نابێ به زۆر له دایک و باوک و بنەماڵەکەی دووربخرێتەوه و پێویســـته هەلومەرجی ژیان و پێڕاگەیشتنی بۆ دابین بکرێ و پارێزگاری لێبکرێ.

**بەندی ٢٢**

ئەگـــەر منداڵێـــک ناچار بێ وڵاتەکەی خـــۆی بەجێ بێڵێ، هەموو ئەو مافانـــەی هەن که منداڵانی ئـــەو وڵاته که پەنای بـــۆ هێناوه کەڵکیان لێوەردەگـــرن. ئەگەر بەتەنیای ناچـــار بووبێ بڕواو ئاواره بووبێ، ئەودەم پێویســـته پشـــتیوانی و پارێزگاریەکی زۆرتری لێبکرێ. مافی ئەوەشی هەیه دەگەڵ بنەماڵەکەی یەکبگرێتەوه.

**بەندی ٢٣**

هەموو منداڵێک مافی ئەوەی هەیه که لەژیانێکی شایستەدا بژی. منداڵانی کەم ئەندام مافی ئەوەیان هەیه پشتیوانی و هاوکاری و پارێزگاریەکی زۆرتریان لێبکرێ و ئیماکانی تایبەت بەخۆیان بۆ دابین بکرێ.

**بەندی ٢٤**

منداڵانـــی نەخۆش مافی ئەوەیان هەیه لەهەموو ئیمکاناتی پێویســـت بۆ دەواو دەرمان و موعالەجه وەرگرتن کەڵک وەرگرن. لەوەش زیاتر دەبێ هەل و مەرجی پێویست بۆ چاک بوونەوه و پێڕاگەیشتنیان بۆ دەستەبەر بکرێ.

**بەندەکانی ٢٨ تا ٢٩**

هەمـــوو منداڵان مافـــی ئەوەیان هەیه برۆنه قوتابخانه. خوێنـــدن و فێربوونی مافەکانی مرۆڤ و ئەو شارەزاییانه که بۆ ژیان و گەشه پێویستن، دەبێ بۆ منداڵان دابین بکرێن.

**بەندی ۳۰**

دین و عەقیدە و بیروباوەڕی منداڵ پێویستە ڕێزی لێبگیرێ. منداڵانی سەر بە کەمایەتیەکان حەقی ئەوەیان هەیە لە زمان و کولتوور و دینی خۆیان کەڵکوەرگرن و بۆ مەبەستێکی لەو چەشنە دەبێ هەموو یارمەتی و هاوکاریەکیان بۆ دابین بکرێ.

**بەندی ۳۱**

هەموو منداڵان مافیان هەیە، یاری بکەن، پێداویستیەکانی وەرزش و چالاکیەکانی دیکەی کاتی ئازادیان بۆ دابین بکرێ و لەوبارەوە ژینگەیەکی لەباریان بۆ دابین بکرێ.

**بەندی ۳۲**

کارکردن بە منداڵان قەدەغەیە. بە تایبەتی کارێک کە زیان بە تەندرووستیان بگەیەنێ یان پێش بە گەشە و چوونەپێشیان لە قوتابخانەدا بگرێ.

**بەندی ۳۴**

مندالان دەبێ لە بەرانبەر هەموو جۆرەکانی لەشفرۆشی،سوئی ئیستیفادەی جنسی و پەلامار و دەستدرێژیی جنسی دا پارێزگارییان لێبکرێ. ئەگەر بکەونە حاڵەتێکی لەو چەشنەوە دەبێ هەموو جۆرە هاوکاری و یارمەتیەکی پێویستیان بۆ دابین بکرێ.

**بەندی ۳۵**

هیچ کەس مافی ئەوەی نیە منداڵ بفرۆشی، بدزێ و بە زۆری لەگەڵ خۆی بیباو، یا بێسەر وشوێنێ بکات.

**بەندی ۳۷**

مندالان دەبێ لەبەرانبەر هەر چەشنە کردەوە و هەڵسوکەوتێکی نائینسانی و بەکەم زانین و سووکایەتی پێکردن، بپارێزرێن.

**بەندی ۳۸**

منداڵان نابێ لە ریزی لەشکر و سوپا، یان ڕێکخراوە چەکدارەکاندا سازمان بدرێن و لە شەڕو کێشە چەکداریەکاندا بەشدار بکرێن.

**بەندی ۴۲**

هەموو منداڵان و لاوان، مافی ئەوەیان هەیە لە گەڵ بەندەکانی کۆنڤانسیۆنی مافەکانی منداڵ، ئاشنا بن و لەوبارەوە زانیاری وەدەست بێنن.

## سەرچاوەکان

Andersen,Anette Aagaard,Torben Ulrik Nossen,Marinne Munis og Carsten Skjoldborg: Undervisning mod vold.Et idekatalog,Undevisnings-minsteriet (Danmark),1995

Amnesty International Norge (Folkvord red.) Skrit for skrit. Materiell til undervisning om menneskerettigheter Del 2a: undervisningsopplegg for grunn-skolen( Basert på Amnesty international, First steps, London 1996) oslo, Amnesty international Norge 2002

Amnesty International:SINIKO Towards a Human Rights Culture in Africa. Amanal for Human Rights, Lodon, Amnesty International Human Rights Education Team, 1998

Benedek,Wolfgang, Minna Nikolova (red): Undervisning Human Rights Manual on Human Rights Education, Graz, Federal Ministry for Foreign Affairs in Austria in Cooparation with European Training and Research Center for Human Rights and Democracy, 2003)

Bergem, Knut V, Gunnar M. Karelsen, Beate Slydal(red): menneskerettiheter- en innføring, Oslo, Humanist forlag, 2004

Brander,Pat, Carmen Cardenas, Rui Gomes, Mark Taylor,Juan de Vicente Abad: All different- All equal, Education pack, Strasborg, European Youth center, Council of Europe, 1995

Brander, Patricia, Ellie Keen, Marie- Laure Lemineur(ed) : COMPPAS A manual on Human Rights education with young people( 2nd edition), Strasbourg Cedex, Council of Europe

Publishing, 2003

Bordal, Hans og Leif Nilsson: Koflikter hva vil de lære oss? Oslo, Antroposof forlag.1999

Claude, Richard Pierre: Popular Education for human rights, Amsterdam/Cambridge Ma: human Rights Edycation Associates(HREA), 2000

Dahl,Oyvind: Møter mellom mennesker, Interkulturell kommunication, Oslo,Gyldendal Norsk Forlag,4.opplag,2004

Det kongelige Helse- og velferdsdepartement: Handlingsplan for integrering og inkludering av innvandrerbefolkningen, oktober 2006

Donnestad, Eva og Sanne, Marit: KreAtive, 40 metodr kommunikasjons øvelser for å la ulike grupper barn og unge medvirke, Redd Barnas Rettighets-senter. 2001

Eide, Elisabeth og Anne Hege Simonsen: Å se verden fra et annet sted, Olso, Cappelens Forlag, 2004

Eidsvåg, Inge: Mennesker først. Utdanningsdirektoratet, 2004

Eidsvåg, Inge: De gode gjerninger redderverden: Norges Røde kors,2005

Engelstad, Arne, De undertryktes teater: Når tilskueren blir deltaker: Augusto Boals metoder og praksis Oslo, Cappelen akademisk forlag, 2001

Eriksen, Thomas Hylland( Red): Flerkulturell Forståelse, Tano Aschehoug,1997

Eriksen,Thomas Hylland og Torunn Arntsen Sørheim: Kulturforskjeller i praksis, perspektiver på det flerkulturelle Norge, Oslo, Ad Notam Gyldendal As, 1997

Fjeldstad, Øyvind og Merete Lindstad: Pressen og de fremmede, Kristiansand, I-J Forlag 1999

Galtung, Johan: Både og: En innføring i konfliktarbeid,Oslo,Kaage forlag, 2003

Gule,Lars: Islam og det moderne, Oslo, Abstrakt forlag As, 2006

Hjorten, Lillian og Vigdis Hjorth: lesebok for levende, Oslo, Cappelen forlag, 2002

Ishay, Micheline R: The history of Human Rights, University of California press, Berkeley,Los Angeles, London, 2004

Kavil, Håkon: IMDI, Rapport 2/2006 Integreringsbarometeret 2005, Oslo,Integrerings og mangfoldsdirektoratet, 2006

Kumar,Loveleen: Djulaha! Om å forstå annerledeshet, Kristansand,Høyskoleforlaget, 2001, 2001,Andre Utgave, 2006

Mahr, John og Judy Groves: Introducing Chomsky, Icon Books Ltd, Grange Road, Duxford, Cambridge CB2 4QF, 1999

Martinell, Silvio, Mark Taylor: T-Kit No 4- Intercultural learning, Council of Europe,2004

Nordhelle, Grethe: Mekling: konfliktforstålse og konflekthåntering, Oslo,Gyldendal Norsk Forlag, 2006

Steger, Manfred B: Globalization A Very Short Introduction, New York. Oxford University Press Inc,2003

Tveten, Morten Smith(red): menneskeverd og fangeberetinge, Riøs, Aktive Fredsfolag, 2005

UN Office of the High Commissioner for Human rights(OHCHR): ABC: Teaching Human Rights, Practical activities for primary and secondery schools, United nations New York and Geneva, 2004

Wahlstrøm, Gunilla O: konflikthåntering for Pedagoger, Oslo, Ad Notam Gyldendal, 1996.